
فەرهاد عەونی

# ٣٦ نامە و
# چەند کەسایەتییەکی دیوانی من

چاپی یەکەم
٢٠١٩




# ٣٦ نامە و
# چەند کەسایەتییەکی دیوانی من

فەرهاد عەونی

٢٠١٩

- **ناوی کتێب/** ٣٦ نامه و چەند کەسایەتییەکی دیوانی من
- **نووسین/** فەرهاد عەونی
- **هونەرکاری و بەرگ/** عومەر شەهاب
- **چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین**
- **تیراژ/** ١٠٠٠ دانه
- چاپی یەکەم ٢٠١٩

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارەی سپاردنی (٩٩٧)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە**

# پێرستی کەسایەتییەکان


پێشەکی ........................................ ٧
عەبدوللا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) ........................................ ١٣
عومەر حەبیب ........................................ ٣١
دارا اتۆفیق ........................................ ٧٣
فەخریە عەبدولکەریم (زەینەب) ........................................ ١١٣
عزەدین مەلافەندی ........................................ ١٢٧
فرەنسۆ هەریری ........................................ ١٧٧
عەمیدی خانەنشین عەبدوللا سەعید ........................................ ٢٢٥
مەهدی خۆشناو ........................................ ٢٨٥
خەسرەو تۆفیق ........................................ ٢٩٥
عەبدوللا زێباری ........................................ ٣٤١
شەهاب ئەل تمیمی ........................................ ٣٦٥
محەمەد عارف ........................................ ٣٨١
عیسمەت شەریف وانلی ........................................ ٣٩٣
تاریق ئیبراهیم شەریف ........................................ ٤٣٥
د. کەمال فوئاد ........................................ ٤٤٣
ئەحمەدی قازی ........................................ ٤٦١
کەریم شارەزا ........................................ ٤٨٥
یۆنان هۆزایا ........................................ ٤٩٥
د. فائق بطي ........................................ ٥٠٧
عەزیز محەمەد ........................................ ٥١٧
فالح عبدالجبار ........................................ ٥٢٩
مستەفا ساڵح کەریم ........................................ ٥٤٣
سەعید یحیا خەتات ........................................ ٥٥٧
جەلالی عومەری سام ئاغا ........................................ ٥٧١
مومتاز حەیدەری ........................................ ٥٩١
عەدنان حسێن ........................................ ٦٠٥
پاشکۆی نامەکان دەدوێنم ........................................ ٦١٩

## بۆ پێشەکیی ئەم کتێبە.. چی دەڵێم

فەرهاد عەونی

لە بەهاری ساڵی ٢٠١١ دوو کتێبم بە زمانی عەرەبی بە ناوونیشانی (ذاكرة الأيام) و (من حقيبتي) بەچاپ گەیاندووە و بڵاوم کردوونەتەوە لەڕێی بەخشینی بە خوێندەواران لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان لەگەڵ کتێبی (ئەزموونی رۆژنامەوانیم) بە زمانی کوردی، پاشان کتێبی دوایی (ئەزموونی رۆژنامەوانیم) وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانی عەرەبی بە ناوی (تجربتي الصحفية) کە لە ساڵی ٢٠١٥ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

لە سەرەتادا پێش ئەوەی بچمە ناو کرۆکی بابەتەکە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەمەوە، بۆچی هێندێ جار بە زمانی عەرەبی دەنووسم، هۆکاری چین و مەبەست چییە و چیی لێ چاوەڕوان دەکرێ؟!

لە وەڵامدا دەڵێم بەندە دەمێکە بیر لەو بابەتە دەکەمەوە کە بۆ دەبێ هەندێ نووسەری کورد بە زمانی بێگانە لە چەند بوارێکدا بنووسێ لەکاتێکدا زمانی زگماکی خۆمان پێویستیی بە گشتاندن هەیە و بەرەوپێشەوە بردنی ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییە چونکە زمان ناسنامە و هێمای گەلێکە کە پێی دەناسرێ و مانەوەی هەر نەتەوەیەکیش بەندە بە مانەوەی زمانەکەی...

بۆ وەڵامی پرسیارەکەش دەڵێم بابەتی نووسین لەسەر زمان، دایلێکتیکی زمان، رێزمان، زمان لە چوارچێوەی مێژوو و جوگرافیا و شێوەزار و پەرەپێدانی و زمانی یەکگرتوو پێویست دەکات راستەوخۆ بە زمانی کوردی بنووسرێت سەرەڕای بابەتی شیعر و پەخشان و چیرۆك و رۆمان کە تێیدا زۆر جار وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی

بێگانە، کە ئەویش بە مەبەستی ناساندنی (غەیرە کوردە) بە بابەتە ئەدەبییەکان، بە مێژوو، جوگرافیا کە ماوەیەکە وەرگێڕان بۆ سەر زمانی بێگانە لە برەو دایە و دیاردەیەکی زێدە درووستە.

بیرکردنەوەکەی من لەوەدا سەرچاوە وەردەگرێ کە ئێمەی کورد لەو رۆژگار و قۆناغەدا پێویستمان بەوە هەیە و دەبێت رووداوە سیاسییەکانی خۆمان، کەسایەتییە سیاسی و نیشتمانپەروەرەکانمان، سەرکردەکانمان، رووداوە مێژوویەکان جوگرافیای خاك و ئامانج و داخوازییە نەتەوەییەکانمان بە زمانی بێگانە بنووسین (عەرەبی، فارسی، تورکی) هاوکات لەگەڵ نووسینیان بە زمانی کوردی چونکە قەدەری کورد بەهۆی رووداوە سیاسییەکان و بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز و لە ئاکامی رێککەوتن و پەیماننامەکان بەسەر چوار وڵات بە دابەشکراوی بۆتە واقیع حاڵێك لەم قۆناغەدا کە نازانرێ ماوەکەی چەندە و چەند دەخایەنێ، ناشکرێ چاوی لێ بپۆشین بۆیە ئاگادارکردن و پێدانی زانیاریی مێژویی و جوگرافیا بەو گەلانەی کە لەگەڵیان دەژین لەنێو قەوارەی سیاسی وڵاتانی دەوروبەر ئەرکێکی نیشتمانیی هەرە پێویستە، وا پێویست دەکات بە زمانی ئەو گەلانەی دراوسێ بنووسین تاکو راستییەکانی مێژوو، قەبارەی نەتەوەیی، خەبات و تێکۆشانی نیشتمانی، پەیمانە خەیانەتکراوەکان کە بەرامبەر نەتەوەی کورد کراوە، هەر لە رێککەوتننامەی (ئەرزەروم)ـەوە تاکو رۆژانی ئێستاکە بە (مەزڵومییەتی کورد) تەواو بووە بخرێتە سەر کاغەز و بە زمانی ئەوان بنووسرێ و بڵاوبکرێتەوە، چونکە ئەگەر خۆت نەینوسی و داکۆکیی لە خۆت نەکەیت و خۆت بە خاوەنی شەرعیی نەتەوەیەك نەزانی، زەحمەتە لە سرووشتی رۆژهەڵات کە پڕاوپڕە لە بیری رەگەزپەرستی، خۆ گێل کردن، بڕوا نەبوون بە مافی گەلان، ناشرینکردنی خەباتی رەوا، زاڵبوونی بیری تەسکی ئاینی لای کۆمەڵێك لە سەرکردە و لایەن کە دژ بە هەموو پرۆژەیەکی نەتەوەیی دەوەستن، لێرەدا کەسێك و لایەنێکی دیکە نایەت بۆت تۆمار بکات و لەپێناوی خودا (في سبيل الله) دان بە ماف و مێژوو و جوگرافیا و خەباتت دا بنێ، زۆر بە دەگمەن نەبێت. لێرەدا مەبەستی سەرەکی ئاگادارکردن و شارەزاکردنی بێگانەیە لە هەلومەرجی مێژویی گەل و نەتەوە و داخوازییەکانییەتی کاتێ کە (شەڕ)یش دەکەین لە پێناوی ئەو راستییانەیە کە بە زمانی خۆیان خستوومانەتە روو کە تا رادەیەك جۆرە گومانێك خراوەتە سەر

بیروبۆچوون و سیاسەتە چەوتەکانیان کە دژ بە ماف مرۆڤ و بنەما سەرەکییەکانی ئاینە ئاسمانییەکان و دۆستایەتیی نێوان گەلانە.
زۆر جار لە نووسین و دیمانە تەلەفزیۆنییەکانم گلەیی و گازندەم لە بەپرسانی ڕاگەیاندنی کوردی کردووە کە لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسك نەبێت گرنگی بە لایەنی دەوروبەر نادەن تەنها ئەوەی کە هەیە (بۆ خۆمانە).. لێرەدا تەنها بۆ (خۆمان)یش چ سوودێکی هەیە لە تێگەیاندنی هاوولاَتیانی گەلانی دەوروبەر کە لە چوارچێوەی ئەو ولاَتانەی کە بەسەریان دابەشکراوین و تێیدا دەژین، مێژوو و واقیعیش ئەوەی سەلماندووە کە لێکتێگەیشتن کلیلی چارەسەری کێشەکانە ئەویش نایەتە کایەوە ئەگەر ئێمەی کورد هەوڵی جدی نەدەین کە لە دەرگای گەورەی ماڵەکانیان بچینە ژوورەوە، چوونە ژوورەوەش لە دەرگای مالاَنی خەڵکی دیکە دەبێت بە بەردەوامی زانست و زانیاریی پێویستت بلاَوکردبێتەوە لە بارەی بارودۆخی کوردستان و ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە لەمپەر بەرامبەر تێپەڕاندنی ئەو غەدرە مێژوییەی کە لە کورد کراوە بەو زمانەی کە ئەوان ئاخاوتنی پێ دەکەن و لێی تێدەگەن.
ئەم کتێبەی بەردەستت بەشێکە لەو کتێبەی کە کاتی خۆی لە ساڵی ٢٠١١ بە زمانی عەرەبی بە ناوی (ذاكرة الأيام) بلاَوکراوەتەوە کە بریتییە لە (؟؟) بابەتی نووسراو بە زمانی عەرەبی، وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی لەگەڵ (؟؟) بابەتی دیکە کە هەندێکیان بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەکان بلاَوکراوەتەوە ئەویش وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکە بە زمانی کوردی کە هەندێکیان بلاَوکراونەتەوە و هەندێکیشیان تاکو ئێستاکە ڕووناکیی نەدیوە.
بابەتەکان تێکڕا (٢٥) بابەتن کە تێکڕای لە چواردەوری (؟؟) کەسایەتی لە کۆچکردوو (خودای گەورە بە بەهەشتیان شاد بکات) لەگەڵ دوو کەسایەتی (کورد) لەوانەی لە ژیاندان (هیوای لەشساغی و تەمەن درێژییان بۆ دەخوازم) دەسووڕێتەوە دور لە:

- پێناسەی نەتەوەیی
- بروباوەڕی سیاسی و ئاینی

کە تێیدا لەگەڵ ئەو دۆست و برا خۆشەویستانە لە بوارێك لە بۆنەیەك لە ڕۆژگارێك کارم لەگەڵیان کردووە و بابەتێك کۆیکردووینەتەوە و کاریگەرییان لەسەر بیر و دەروون و زانیاری و بۆچوونم هەبووە و تا ڕادەیەك سێبەریان لەسەر بیر و

یادەوەرییەکانم دروستکردووە کە تا رادەیەکی گەورە ناخیان هەژاندووم بێ گوێدانە دیاردە سەقەتەکان و گرێ کوێرەکانی بەرامبەر لێ تێگەیشتنم بە بارودۆخی سیاسی، کۆمەلایەتی کۆمەڵگای کوردستان کە ماوەیەکی دوورودرێژ (ئەو دیاردە سەقەتانە) مێشکی ئێمەی تەلبەند کردبوو.

لەنێوان ئەو کەسایەتییانەش ناوی دوو کەسایەتیمان بەرچاو دەکەون کە لە ژیاندا ماون و هیوای تەمەن درێژی و تەندروستی و لەش ساغییان بۆ دەخوازم کە یەکێکیان لە ساڵی ١٩٦٣ـوە دەناسم تاکو رۆژانی ئەمڕۆش زۆر قۆناغ کۆیکردووینەتەوە و دۆستایەتیمان بەردەوامە، دووەمیشیان لە ساڵی ١٩٧٤ لە ریزەکانی شۆڕشی ئەیلول یەکترمان ناسیوە و ئێستاکە وەکو باوە بە (پیاوە سپییەکە) ناوی دەهێنرێ ئەویش تاکو ئەم ساتە لە دۆستە نزیکەکانمە و رێزم هەیە بۆیان.
بەشی دووەمی ئەم کتێبە (              ) بریتییە لە (٢١) نامەی جۆراوجۆری کەسایەتیی سیاسی، ئەدەبی، مێژوونووس، رۆژنامەنووس، شاعیر، هونەرمەند، لە سالانی رابردوودا کە تیایاندایە لە چارەکە سەدەیەك زیاترە ئاراستەی (بەندە) کراوە و هەریەکەیان بە مەبەستێکە، کە بێگومان کەسایەتی و پێگەی (بەندە) هۆکاری نووسینی ئەم نامانە بوون، بلاوکردنەوەشیان وەك باوە لە (خانەی نامە و نامە گۆڕینەوە) دادەنرێ، هەروەها خەمخۆری و دڵسۆزی و بەتەنگەوەهاتنی (بەندەیە) بۆ نووسەرە بەڕێزەکانی نامەکان بەدیار دەخات ئەوجا هەریەکەیان بە جۆرێك کارم لەسەر کردوون و هەندێکیشیان بۆ شوێنی مەبەست نێردراون سەرەڕای را و بۆچوونی خۆم لەسەر نامەکان کە تێیدا بەندە بە شانازییەوە پاراستوونی و بۆتە بەشێك لە مێژوو و دیرۆکی من.

**خوێنەری بەڕێز**

هیوادارم کتێبەکانم کە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسراون لە ساڵی ٢٠١١وە چاپ و بلاوکراونەتەوە توانیبێتیان بایی ئەوەندە زانیاریی تێدا بێت کە خوێندەواران رازی بکات لەو کاروانەی کە (بەندە) تێیدا رێبوارێك بووە لە کاروانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لەنێو هەزاران خەڵکی ستەمدیدەی ئەم گەلە بەش

**خوراوه، به بیٚ وەستان، بیٚ سڵمینەوە، راستگۆیانە تا رادەیەك ئەركی نیشتمانی و نەتەوەییم بەپێی توانا جێبەجێم كردووە، هیوادارم لە ئایندەش دا ئەگەر تەمەن یار بێت و تەندرووستیم یارمەتیم بدات هەگبەی (دوا وتەم) بكەوێتە بەر دەیدەتان.**


**تێبینی**: سەرنجی خوێندەواران رادەكێشم بۆ:-

**١- بابەتەكان بەپێی رۆژ و ساڵی كۆچكردن و شەهیدبوونی كەسایەتییەكان دارنراون (رۆحیان شاد بێت)، بەنسبەت زیندووەكانیش (تەمەن درێژ بن) بەپێی مێژووی نووسینەكە دارنراون.**

**٢- سەبارەت بە نامەكانیش مێژووی نووسینیان كە بۆ (بەندە) هاتووە بۆتە بنەمای ریزبەندیی بڵاوكردنەوەیان.**

**هەولێر**

**٢٠١٩/٩/١٠**



**عەبدوللا ئیسحاقی-ئەحمەد تۆفیق**

**١٩٣١-١٩٧٣**

## ژیاننامە

- عەبدوڵڵا ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق ساڵی ١٩٣١ لە مهاباد و لە گەڕەکی ئەرمەنیان لەدایکبووە لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی، سەید ئەحمەدی باوکی لە سەرەتادا چێودار و دواتر لە مەیدانی (مەنگوڕان)ی شاری مهاباد دوکانی قەسابی هەبووە.

- ساڵی ١٩٣٨ لە خوێندنگەی پەهلەوی خراوەتە بەر خوێندن.

- ساڵی ١٩٤١ کاتێ ئەو لە پۆلی چواری سەرەتایی بوو سوپاکانی ئینگلیز و ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤییەت ئێرانیان داگیرکرد، بە هاتنی سوپای سۆڤییەت بۆ ئازەربایجان و مەهاباد بۆ ماوەیەك خوێندنگەکانی مهاباد داخران.

- عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) لە دوای کرانەوەی خوێندنگەکان بە شەو لە خوێندنگەی شەوانەی گەلاوێژ کوردی دەخوێند، بە رۆژیش لە خوێندنگەی پەهلەوی بە زمانی فارسی.

- لە سەرەدەمی کۆماری مهاباد ئەندامی رێکخراوی لاوانی حزبی دیموکرات و کۆمار و تەتەری تایبەتی پێشەوا قازی محەمەد بووە و هاوکاریی لە دانانی ئاڕمی (لۆگۆ) نیشتمانی بۆ حزبی دیموکرات کردووە.

- پاش هەرەسهێنانی کۆمار و دوای زیندووکردنەوەی ڕێکخستنەکانی حزبی دیموکرات لەلایەن (غەنی بلوریان، محەمەد شاپەسەند، قادر مەحمودزادە (دکتۆر ئاسۆ)، عەزیز فەرهادی) بە هاوکاریی حزبی تودەی ئێران لە ساڵی ١٩٤٨ ئەحمە تۆفیق دەستی بە خەباتی حزبی کردووە تاکو کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢-١٩٥٣/٨/١٩. لە بواری چالاکی سیاسی و مەدەنیدا بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی سەند، ئەوکات ئەحمەد تۆفیق ئەندامی هەرە لاوی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان بوو.

- دوای گەڕانەوەی دکتاتۆریەتی (شا) بۆ ئێران و رووخانی حکومەتی دکتۆر (مصدق) پولیس (حسێن فروهەر، ئەحمەد تۆفیق، خاتوو گوڵەڕێحان) و چەند کەسی دیکەی دەستگیر کرد.

- لەدوای ئازادکردنی لە زیندان خۆی گەیاندە ناوچەی مەنگوران کە هەندێ لە ڕێبەرانی حزبی دیموکراتی لێبوو.

- پێش شۆڕشی ١٩٥٨/٧/١٤ لە عیراق ئەحمەد تۆفیق ماوەیەك بوو بە نهێنی لە باشووری کوردستان دەژیا، بەڵام سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەموز و ئاشکرابوونی کاری سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و گەڕانەوەی سەرۆك (مستەفا بارزانی) بۆ عیراق (ئەحمەد تۆفیق)یش خۆی ئاشکرا کرد و کەوتە جموجۆڵییەکی بەرچاو و ماندوو نەناسانە لە هەوڵی دابینکردنی ژیانی ئەو (٣٣٠) پەنابەرەی رۆژهەڵاتی کوردستان دەدا کە پەنایان بۆ باشوور هێنابوو سەرەڕای نووسین و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی (کوردستان) ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان (دەورەی سێیەم) و کاری دیپلۆماتی.

- لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٦٢ ئەحمەد تۆفیق هەواڵنامەی (دیسان بارزانی) لە شەش لاپەڕەدا بڵاوکردەوە کە خۆی سەرنووسەری بوو و (٩) ژمارەی بە نهێنی لە سلێمانی بەچاپ گەیاندووە و بڵاوکردۆتەوە.

- لە دەوروبەری مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٢ بە پێشنیاری سەرۆك مستەفا بارزانی بۆ شکاندنی گەمارۆی رژێمی عیراق لەسەر گەیاندنی دەنگی شۆڕشی ئەیلول بە عیراق و بە جیهان بە نهێنی چوو بۆ تاران و چاوی بە (ویلیام ئیگڵتن) نووسەری کتێبی (کۆماری کوردستان ١٩٤٦) کەوت بە مەبەستی هێنانی بۆ باشووری

کوردستان و هەندێك لە هەواڵەکانی شۆڕش بگەیەنێتە دەرەوە، بەڵام لەبەر پیری و هەڵکشانی تەمەنی نەیتوانی بێت، بەڵام لە جیاتی خۆی پێشنیاری رۆژنامەنووسێکی ئەمەریکی کە ناوی (دانا ئادامز شمیدت) بۆ کرد کە لە لوبنان دەژیا کە هەوڵ بدات ئەو بێنێتە کوردستان، لەگەڕان و سووڕانێکی ماندوونەناسانە لە ڕێگایەکی سەخت و دژوار دا لە باکووری کوردستان و سووریا خۆی گەیاندە لوبنان و پەیوەندیی بە (شمیدت) کرد و رازیی کرد و بەنێو چیاکانی کوردستان بێتە باشووری کوردستان و گەشتەکەی لە ١٩٦٢/٧/٤ دەستی پێکرد و لە ١٩٦٢/٩/١ کۆتایی هات، دەربارەی ئەحمەد تۆفیق هەمان رۆژنامەنووس (دانا ئادامز شمیدت) لە کتێبەکەی (گەشتێك بۆ لای پیاوە ئازاکان) دەڵێ "ئەحمەد تۆفیق، وتار بێژ، قسەزانی مەزن و دەکرێ بڵێم وەزیری راگەیاندن بوو).

– لە کۆنگرەی دووەمی حزبی دیموکراتدا کە لە رۆژی ١٩٦٤/١١/١٩ لە گوندی (سونێ) بەسترا ئەحمەد تۆفیق بە بەڕێوەبەری حزب (سکرتێر) هەڵبژێردرا.

– لە پلینیۆمی یەکەمی دوای کۆنگرەی دووەم کە لە مانگی دووەمی ساڵی ١٩٦٥ لە (دیلو) بەسترا ئەحمەد تۆفیق بەهۆی کێشە ناوخۆیەکانی حزبی دیموکرات رایگەیاند بۆ ماوەیەك پشوو دەدات و لە ئەرکی حزبی دووردەکەوێتەوە.

– لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٦ سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول بە مەبەستی پاراستنی ئەحمەد تۆفیق لە رژێمی ئێران گوێزرایەوە بۆ دەڤەری بادینان و بۆ لای لەشکری یەکی شۆڕش کە خوالێخۆشبوو ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی بوو لە گوندی (قومری) بارەگای بۆ ئەحمەد تۆفیق دانا کە شەش پێشمەرگەشی لەگەڵ بوو پاشان گوازراوەتەوە بۆ کانی ماسی.

– ئەحمەد تۆفیق لە مانگی نۆیەمی ساڵی ١٩٦٩ لە ڕێگای قەزای (ئامێدی) چوو بۆ لای حکومەتی عیراق بە مەبەستی چوونی بۆ فەرەنسا، بەڵام حکومەتی عیراق لە گەڕەکی (تل محمد) لە بەغدا خۆی و هاوڕێکانی نیشتەجێ کرد.

– لە سەرەتای پایزی ساڵی ١٩٧٢ رژێمی عیراق ئەحمەد تۆفیقی دەستگیر کرد لە زیندانی ئەبو غرێب پاشان بۆ (قصر النهایه) بردرا.

– تاهیری مەلا حەسەن ئەو پێشمەرگەیەی کە لەگەل ئەحمەد تۆفیق بوو لە زیندان لە وتوێژێکدا بە درێژی باسی دڕندایەتیی رژێمی بەعس دەکات کە بە چ جۆرە ئەشکەنجەدانێکی وەحشیگەرانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق کردووە دوو لە هەموو پێوەرێکی ئینسانی بە مەبەستی ناچارکردنی بە هاوکاریکردنی لەگەڵ رژێمی بەعس و دژی شۆڕشی کورد و مستەفا بارزانی، بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەك ئەمەی قبووڵ نەکرد و لە ئاکامدا لە دووەم مانگی بەهاری ساڵی ١٩٧٣ بە ئەشکەنجە شەهیدیان کرد.

ئەم زانیاریانە بە دەق لە برای بەرێز و نووسەری بەتوانا کاك حامید گەوهەری بە نووسین وەرگیراوە.

## شەهید ( ئەحمەد تۆفیق )ـم کەی و چۆن ناسی

له ناوەڕاستی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٦٣ که ئەو کاتە لە تەمەنی (١٦) ساڵاندا بووم (کۆیه) لەگەڵ رووداوێکی زۆر گەورە و گرنگ دەژیا کە بریتی بوو لە بەستنی کۆنگرەیەکی زێدە فراوانی حزبی، میللی، کە تێیدا سەرۆك و مەکتەبی سیاسی و سەرکردە مەدەنی و سەربازییەکان و نوێنەری لق و ناوچەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردە سەربازییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرۆك عەشیرەت و چەندین کەسایەتیی کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی کوردستان و بەشداریی شاندێکی کەسایەتیی تورکمان کە لە کەرکووکەوە هاتبوون. کۆنگرەکە بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی جۆری پەیوەندی و وتووێژکردن بوو لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلولی مەزن و حکومەتی تازەی بەعس کە لە ئاکامی کودەتا خوێناوییەکەی (٨)ی شوباتی هەمان ساڵ (١٩٦٣) هاتبوونە سەر دەسەڵات کە بە رووخانی حکومەتی عبدالکریم قاسم کۆتایی هات کە تێیدا کودەتاچییەکان پێشووتر پەیمانی ئەوەیان بە کورد دابوو کە پاش ئەوەی جڵەوی دەسەڵات دەگرنە خۆ ئەوا لەگەڵ شۆڕشی کوردستان رێکدەکەون و ماف گەلی کوردستان بە تەواوی دەدەن، ئەوەبوو پاش هات و چوونی چەند جارێکی شاندی حکومەتی کودەتاچییەکانی بەعس بۆ لای بارزانی نەمر لە چەندین شوێنی جیاوازی (قەڵادزێ و رانیه) سەرکردایەتیی شۆڕش و

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان گەیشتنە ئەو رایەی کە پێویست بە بەستنی کۆنگرەیەکی فراوانی هەمە لایەنە دەکات بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی جۆری پەیوەندی و کۆی داخوازییەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان.

رۆژی ١٩٦٣/٣/١٤ کۆیە لەگەڵ لوتکەی رووداوەکە دەژیا ئەویش بە گەیشتنی سەرۆکی پارتی و سەرکردەی شۆڕشی ئەیلول نەمر مستەفا بارزانی بوو، رۆژانی پێشووتریش سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و نوێنەری لق و ناوچەکان و کەسایەتییە سەربازی و عەشایەری و میللییەکان پەیتا دەهاتن بەسەر ماڵ و خانەوادەکانی کۆیە دابەش دەبوون.

ئەو رۆژە بارزانی نەمر و یاوەرانی گەیشتنە کۆیە و یەکسەر لە ماڵی خوالێخۆشبوو (کاکە زیاد ئاغای غەفوری) دابەزین، ئاشکراشە ماڵی کاکە زیاد و ماڵی ئێمە (ماڵی عەونی) بە تەنیشت یەکەوەن تەنها دیوارێکی نزم نێوانمان دەکا.

دەمەو عەسرێکی درەنگ چەند کەسایەتییەك کە پێشووتر باوکمی لێ ئاگادار کرابوو لە لایەن کاکە زیادەوە، کە بریتی بوون لە میری ئێزیدیان شێخ تەحسین شێخ سەعید و شێخ جەلالی برا بچووکی و خوالێخۆشبووان عەباسی مامەند ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی ئاکۆ و ئیسماعیل سوار ئاغای سەرۆك عەشیرەتی بڵباس و واحید حاجی مەلوی سەرۆکی عەشیرەتی مزوری و مەلا برایمی یاوەری بارزانی کە هەمیشە لە رێگای رادیۆیەکی ترانزستۆرەوە گوێبیستی هەواڵەکان دەبوو، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی نزیکی چواردەوری بارزانی نەمر هاتنە ماڵی ئێمە بۆئەوەی زیاتر لە بارزانی نزیك بن، پاش نانخواردنی هەمان ئێوارە پێشمەرگەیەکی تفەنگ و خەریتە لەشانی چوست و چالاك بە باڵایەکی رێکوپێکەوە لەگەڵ پێشمەرگەیەك کە لەگەڵی دابوو بەزوور کەوتن و بە دەنگێکی دلێرانەوە سڵاوی لە دانیشتووان کرد، دیاربوو زۆربەیان دەیانناسی و یەکسەر خوالێخۆشبوو عەباس ئاغای ئاکۆ بەپیرییەوە چوو و فەرمووی لێکرد و بە باوکمی ناساند و گوتی (قوربان ئەمە کاك (ئەحمەد تۆفیق)ی هەمیشە پێشمەرگەی بارزانییە)، کاك ئەحمەد تۆفیقیش بە روویێکی خۆشەوە سڵاوی لە باوکم کرد و پاشان یەکە یەکە تەوقەی لەگەڵ ئامادەبووانی میوان کرد و باوکیشم فەرمووی لێکرد و دانیشتن.

به هاتنی کاك ئەحمەد تۆفیق دانیشتنەکە گەرم و گوڕتر بوو دەتوانم بڵێم جۆری قسەکردن و بابەتەکانی بە شێوازی موکریانی سەرنجی هەموو لایەکی راکێشابوو، ئەو شەوە تاکو درەنگانێك بابەتەکان لەنێوان وردەکارییەکانی رۆژانی سەختی شۆڕش دەگێڕدرایەوە کە تێیدا کاك ئەحمەد لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستان لەپشت بارزانی نەمرەوە جەنگاوە و لە هەمان کاتیشدا لەو دیو و لەو دیو (مەبەست باشوور و رۆژهەلاتی کوردستانە) خەریکی پەیداکردنی کۆمەك بووە و تەنانەت بە جۆرێك بارزانی بڕوا و متمانەی بە ئازایەتی و جگەرسۆزیی هەبووە و بە ئەرکێکی گەورەتریش سەرقاڵی کردووە، کە ئەویش بریتی بووە لە سەفەرکردنی بۆ بەیروتی پایتەختی وڵاتی لوبنان لە رێگا نادیار و سەختەکانی نێوان کوردستان و تورکیا و سوریا تاکو گەیشتووەتە بەیروت ئەوجا لەگەڵ خوالێخۆشبوو (عیسمەت شەریف وانلی) کە ئەویش ئەوکاتە نوێنەرێکی جەربەزەی شۆڕش بوو لە دەرەوەی کوردستان توانیویانە پەیوەندی بە رۆژنامەنووسانەوە بکەن و (دانا ئادەم سمیث) رۆژنامەنووس و پەیامنێری رۆژنامەی هەرە بەناوبانگی ئەمەریکا (نیویۆرك تایمس) و قەناعەتی پێ بێنن کە سەردانی کوردستان بکات تاکو دەربارەی ئەو شۆڕشە ئەفسوناوییە بنووسێ کە ئاکامەکەی بڵاوبوونەوەی چەند راپۆرتێکی رۆژنامەوانی بوو کە لە ئەمەریکا بڵاوکرایەوە دەربارەی شۆڕشی کوردستان و پارتی و بارزانی کە پاشان کۆی سەردانەکەی لە کتێبی (گەشتێك لەنێو جەنگاوەرە ئازاکاندا) کۆکردەوە و بڵاوکرایەوە.

زۆربەی شەوەکان کاك ئەحمەد تۆفیق لە ماڵی ئێمە دەمایەوە، پاش نانخواردنی ئێواران بۆ ماوەیەك سەردانی بارزانییان دەکرد لە ماڵی کاکە زیاد و بەگەڕانەوەشیان کۆڕی دانیشتنەکە لەنێوان ئامادەبووان گەرمتر دەبوو، بەندەش وەکو لاوێکی سەوداسەری سیاسەت کە چەند مانگێك بوو لە بازنەی ئەندامێتیی حزبی شیوعیی عیراقی هاتبوومە دەرەوە بە کاریگەریی بارودۆخی سیاسیی ناو خێزان و تەوژمی بیری نەتەوایەتی و گەورەبوونی قەوارەی سیاسی و ئیعلامیی شۆڕشی ئەیلول هیچ کاتێك چ بە رۆژ و چ بە شەو ئەو (مەجلیس)ـەم جێنەدەهێشت کە بۆ من بووە گەنجینەی زیاتری بیری کوردایەتی لەو کات و ساتەی ئەو رۆژانەدا.

شەوێکیان بۆ جاری دووەم لەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق و میوانەکان بەرەو ماڵی کاکە زیاد چووین تاکو بە خزمەت بارزانی بگەین (شەوێك پێشووتریش بە دەستپێشخەریی شێخ تەحسینی میری ئێزیدیان ئەم دیدارەم بۆ رەخسابوو، بەڵام دیداری دووەم کە پێشووتر باسم لێوە نەکردووە بەهۆی کاک ئەحمەد تۆفیقەوە بوو) چونکە ئەو رۆژە لە رووداوێکی دروستکراوی سیاسیدا کە گوایە بەندە حەز بە سەرکەوتنی ئاشتەوایی نێوانی شۆڕشی کوردستان و حکومەتی کودەتای (٨)ی شوبات ناکەم. یەکێ لە لێپرسراوە سەربازییەکانی شۆڕش (س.م) بە شێوازێکی زۆر توند مامەڵەی لەگەڵ کردم و هەتا توانای هەبوو زللەیەکی لێدام و پاشان بە قۆنداغە کلاشینکۆفەکەی کە بۆ سەرمی راوەشاند بەر لای راستی دەموچاوم کەوت و دانێکی شکاندم و ماوەی چەند کاتژمێرێکیش لە مزگەوتی مەلا ئەسعەد لە گەڕەکی بایز ئاغا کە ژوورێکیان تەرخان کردبوو وەکو حەپسخانە منیان هێشتەوە، چیرۆکەکە لێرەدا دوور و درێژە بەڵام جێگای باس نییە، بۆ عەسرەکەی هەمان رۆژ کاک ئەحمەد تۆفیق لە ماڵی ئێمە بە رووداوەکە دەزانێ و نیگەرانی دایدەگرێ و دەڵێ (لام سەیرە ئێمە لە ماڵێك میوانداری کراوین دەڵێی بارەگای بارزانییە و ئاشنای کاک عەونی خاوەن ماڵ بووم کە هەست و بیری کوردایەتی سەراپای ژیانی گرتووە تازە پاش نزیك لە دوو ساڵ زیندانی لە نوگرە سەلمان ئازاد کراوە ئەوجا کوڕە گەورەکەی کاک عەونی "لە راستیدا بەندە برایەکی لەخۆم گەورەترم هەیە بەناوی خەسرەو، بەڵام کاک ئەحمەد تۆفیق لەبەر حزوری هەمیشەییم لە دانیشتنەکانیاندا بە کوڕی گەورەی دەزانیم" لێیدەدرێ و ددانی دەشکێ و حەپس دەکرێ لەبەر ئەوەی گوایە حەز ناکات شۆڕش و دەوڵەت پێك بێن پەیمان بێت ئەم مەسەلەیە بە بارزانی بگەیەنم)، کاتێك کاک ئەحمەد منیشی بینی بە درەنگەوە (چونکە شەرمم دەکرد پاش ئەو رووداوە بچمە لایان) پێی گوتم (کاکی برا نابێت ئەم رووداوە هەستی کوردایەتی و خۆشەویستیت بۆ شۆڕش لاواز بکات ئەم کردەوەیە کرداری پیاوێکی هۆشمەند نییە دوورە لە ئازایەتی و پیاوەتی راوەستە کاکی خۆت ئەم مافەت بۆ دەسەنێتەوە)، منیش سپاسی بێ پایانم کرد و بێ کەم و زیاد رووداوەکەم وەکو خۆی بۆ گێڕایەوە.

لە نێوانی قسەکانمان و چوونە دەرەوەی کاک ئەحمەد بۆ لای بارزانی لەم ئێوارە عەسرەدا تەنها دوو کاتژمێرێکی پێچوو پاشان کە هاتەوە ماڵی ئێمە پاش نانخواردنی

ئێواره كه ویستیان وەكو عادەتی شەوانیان سەردانی بارزانی له ماڵی كاكه زیاد بكەن كاك ئەحمەد تۆفیق رووی له باوكم كرد و گوتی (كاك عەونی به ئیجازەی جەنابت فەرهاد دەبەم بۆ لای جەنابی بارزانی) باوكیشم له سەرەتادا گوتی (كاك ئەحمەد به باشی نازانم مەسەلەكه گەوره بكرێت)، بەڵام كاك ئەحمەد تۆفیق به زوبانه شیرینەكەی و بۆچوونه ئاقڵانەكەی به باوكمی گوت (بەڕاستی دەزانی یەكێ له لێپرسراوانی شۆڕش بەم دڕندایەتییه مامەڵه لەگەڵ كوڕێكی لاوی ئەم خانەوادەیه بكات؟ لەسەر چی! بۆچی هەتا ئەگەر ئەم قسەیەشی كردبێت كه حەز نەكات شۆڕش و دەوڵەت پێك بێن خۆ كفری دەرهەق به خودا نەكردووه).

مەجلیسی شەوانەی بارزانی ویقارێكی تایبەتیی هەبوو كه مرۆڤ له سەرەتاوه پێی سەرسام دەبوو هەڵسوكەوتی كاك ئەحمەد تۆفیقیش لەگەڵ بارزانی به هەڵسوكەوتی نێوانی باوكێكی میهرەبان و كوڕێكی زێده دڵسۆز دەچوو لەو دانیشتنەی ئەو شەوه چەند جارێك كاك ئەحمەد له شوێنی خۆیەوه دەهاته بەردەمی بارزانی و به دانیشتنەوه قسەی لەگەڵ دەكرد و بارزانی نەمریش وڵامی دەدایەوه ئەوجا كاتێك هاته سەر باسەكەی من زۆر به هێمنی له خزمەت بارزانی دا گوتی (قوربان تەنها دانێكیان شكاندووه به قۆنداغی كلاشینكۆف لەبەر ئەوەی گوایه حەز ناكات ئێمه و دەوڵەت ئاشتەوایی بكەین)، لێرەدا كۆتایی بەم بابەته و به چارەسەرییەكەی بارزانی نەمر بۆ ئەو مەسەلەیه دێنم كه كاك ئەحمەد تۆفیق رۆڵی خەمخۆریی خۆی بینی كه لەوانەیه ئەوەیان رووداوێكی زێده بچووكی رۆژگاری شۆڕش بێت كه لێپرسراوێكی سەربازیی دڵ رەق ئەنجامی داوه وه كاتێ گەڕاینەوه ماڵەوه پاش كەمێ دیسان كاك ئەحمەد تۆفیق رووی له باوكم كرد و گوتی (كاك عەونی نابێت ئەو جۆره هەڵسوكەوتانەی لێپرسراوێك بێ لێپرسینەوه بڕوات چونكه هەڵەی بچووك ئەگەر بێ لێپێچانەوه رۆیشت هەڵەی گەورەتر و گەورەتری بەدوادا دێت كه لەگەڵ رۆحییەتی شۆڕش و خەسڵەتی بارزانیدا ناگونجێ ئەوەی دیكەش دەربارەی لێبوردنتان لەو مرۆڤه دڵڕەقه بۆ جەنابت و فەرهادی جێدەهێڵم).

له سەرەتای مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ (١٩٦٣) خێزانی ئێمه به تەواوی كۆیەمان بەجێهێشت و بەرەو قەڵادزێ پاشان بۆ گوندی هەڵشۆی سەر سنوور و دووره

دەستی حکومەتی بەعس هەڵکشاین لە سەرەتای مانەوەمان لە شاری قەڵادزێ ئێوارەیەك بە رێککەوت لەگەڵ هەندێ لە برادەرانی کۆییم بەرەو (گردی حوسنی) دەچووین لە رێگەدا بەرامبەر شەهید فرەنسۆ هەریری هاتم کە بە جامانەیەکی سوور و تفەنگ و فیشەکدانەوە لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە بە پێ روو بە رووی قەڵادزێ دەهاتن کە لە سەرەتادا ئەم پێشمەرگەیەی دیکەم نەناسی ئەوجا لێرەدا لەو بابەتەی کە لە کتێبی (ذاکرة الأيام) کە بابەتێکم دەربارەی شەهید فرەنسۆ هەریری نووسیوە دەڵێم (هەریری رووی لە برادەرە پێشمەرگەکەی خۆی کرد و گوتی "فەرهادت پێ دەناسێنم کوڕی شاعیری نیشتمانپەروەر عەونی و خەڵکی کۆیەیە زانیومە کە هەموویان بە خێزانەوە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردووە فەرهاد گەنجێکە زۆر حەزیشی لە وەرزشە"). پێش ئەوەی شەهید فرەنسۆ قسەکانی تەواو بکات کاکی پێشمەرگەی برادەری نەیهێشت فرەنسۆ قسەکەی تەواو بکات و بە زەردە خەنەیەکەوە گوتی (نەفرەت لە سەرقاڵیی مێشك کاتێ ئێوە قسەتان دەکرد من بەخۆمم دەگوت من ئەو برایەم دیوە و لای من نامۆ نییە و دەمێکە دەیناسم، بەڵام کاتێ ناوی عەونیی شاعیر و شاری کۆیەت هێنا هاتەوە یادم کە ئێمە پێش چەند مانگێك کاتێك بارزانی میوانی شاری کۆیە بوو لە مانگی ئازاری رابردوو دا کە تێیدا سەرۆکایەتیی کۆنگرە حزبی میللییە کوردستانییەکەی دەکرد. ماڵی ئەوان میوانداریی کۆمەڵە کەسایەتییەکی لە خۆ گرتبوو وە ئەوکاتە فەرهادم ناسی کە هیچ کاتێك شەوانە کۆڕی دانیشتنەکانی ئێمەی جێنەدەهێشت).

پاش ئەو چەند قسەیە داوای لێبوردنم لە برادەرەکانم کرد و لەگەڵ شەهیدان ئەحمەد تۆفیق و فرەنسۆ هەریری گەڕامەوە بۆ نێو شاری قەڵادزێ و لەبەر ئەوەی کاتیان نەبوو کە بچینە ماڵەوە، بەڵام بۆ چەند دەقەیەك لە چایخانەی (چایخانەی مستەفا کوێر) کە لە دەستە چەپی سەرەتای شەقامەکەی ناو قەڵادزێ بوو دانیشتین پاش پشوودانێکی کورت و چا خواردنەوەیەك خواحافیزییان کرد و بەرەو شوێنێکی دیکە چوون بۆ ئەرکێك کە شۆڕش پێویستیی پێبوو.

بەندە لێرەدا ماف بە خۆی نادات بچێتە بنج و بنەوانی رووداوەکان و خیلافاتی نێو حزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران ی تێکۆشەر چونکە ئەم بابەتە هی ناو خودی

حزبێکە کە ماڤ ئێمە نییە بچینە نێوانی، بەڵام را و بۆچوونی شەخسیم بەرامبەر ئەم مرۆڤە شەهیدە کە زۆر بە دانایی و زانایی مامەڵەی لەگەڵ دەوروبەری دەکرد تا بڵێی هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانە و دڵسۆزانەبوو لە حزووری شۆڕش و هەمیشە بارزانی نەمری بە سومبڵێکی هەرە گەورەی نەتەوەیی کوردی دەزانی، بەڵام ئەوەی هەندێ جار من و خەڵکانی وەکو من نیگەرانیی لا درووست دەکا نەخوێندنەوەی بابەتیانەی رۆڵ و بۆچوون و هەڵسوکەوتی ئەو قارەمانانەیە کە رۆژێك لە رۆژان هیوا و ئامانجی خەڵکی ستەمدیدە بوون ئەوجا ئەگەر رۆژانێك لەو رۆژە سەخت دژوارانەدا ئەگەر هەڵەیەك یاخود خەتاشیان کردبێت ناکرێت سەراپای ژیان و خەبات و تێکۆشان و ئازایەتی ئەم مرۆڤانە بۆ نەتەوەکەیان لەبیر بکرێن و پێویستیشە هەمیشە ئەو فەرموودەیەی حەزرەتی مەسیح درودی خوای لێبێت کە دەفەرموێ (کێ لە ئێوە بێ گوناهە با بەردێکم تێبگرێت) لەبیرمان نەچێت.




سەرۆك مستەفا بارزانی و ئەحمەد تۆفیق، دهۆك-گەلی زاویتە، ١٩٦٢




لە راستەوە: ئەحمەد تۆفیق، مەلا سەید رەشیدی حوسێنی و ئەمیر قازی

گوندی سونێ، ١٩٦٤




**کتێبی (ئەحمەد تۆفیق سەرکردەیەکی ون لە مێژووێکی شێوێندراودا)**

**لە نووسینی حامید گەوهەری**




ژمارە ١ی گۆڤاری (دیسان بارزانی) کە لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٦٢ دەرچووە

کە تێیدا ئەحمەد تۆفیق و کۆمەڵێك لە سەرکردەکانی

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئەوکاتە دەریانکردووە



**عومەر حەبیب عەبدوڵڵا**

**١٩٧٦/٤/٩-١٩٢٣**

## ژیاننامە

- عومەر حەبیب عەبدوڵڵا کە بە (عومەرە سوور) ناوی دەهات، ساڵی ١٩٢٣ لە گەڕەکی بەفریقەندی لە شاری کۆیە لەدایکبووە و برا بچووکی (عەونی)ی شاعیرە.

- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندیی لە کۆیە تەواوکردووە.

- ساڵی ١٩٤٣ لە کۆلیژی حقوق لە بەغدا وەرگیراوە و ساڵی ١٩٤٧ کۆلیژی تەواوکردووە و بۆتە پارێزەر.

- لە سەرەتای لاوێتییەوە بە بیری کوردایەتی گۆش کراوە و چۆتە ریزی حزبی هیوا تا دوا ساتەکانی ژیانی ئەو حزبە و پاشان لەگەڵ برادەرە نەتەوەخوازەکانی چۆتە ریزی حزبی رزگاریی کورد.

- بە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد-پاشان کوردستان بۆتە ئەندامی ئەو پارتییە و لە کۆنگرەی یەکەمی پارتی لە بەغدا ئامادە بووە و ساڵی ١٩٤٧ بۆتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی لەنێوان ساڵانی ١٩٥١-١٩٥٣ لێپرسراوێتیی لیژنەی ناوچەی کۆیەی لە ئەستۆ بووە و پاشان لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی کە لە ساڵی ١٩٥٣ لە کەرکووك بەستراوە بۆتە ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی.

- لەسەر کاری پارتایەتی تووشی راونان و حەپس و خۆشاردنەوە بووە.

- ساڵی ١٩٥٤ دەبێتە (معاون تسوية الأراضي) لە کەرکووك.

- ساڵی ١٩٥٧ پاش ١٠ ساڵ لە دەرچوونی لە کۆلیژی حقوق بە دادوەر-حاکم دادەمەزرێت لە شاری پێنجوێن و ساڵی ١٩٥٩ دەگوێزرێتەوە سلێمانی وەکو دادوەری لێکۆڵینەوە پاشان بۆ شاری قەڵادزێ تاکو کودەتاکەی ١٩٦٣/٢/٨ لەوێ دەمێتەوە و رۆژی دوای کودەتاکە پەیوەندی بە شۆڕشی کورد دەکات.

- له هاوینی ساڵی ١٩٦٣ به فه‌رمانی مه‌کته‌بی سیاسی پارتی ده‌بێته سه‌رۆکی دادگای به‌رزی شۆڕش له ماوه‌ت تاکو رۆژانی پاش رێککه‌وتنی ئاگربه‌ست له‌نێوان شۆڕش و حکومه‌تی عبدالسلام عارف له ١٩٦٤/٢/١٠ که تێیدا به‌پێی بڕگه‌ی ئه‌م رێککه‌وتنه سه‌رجه‌م فه‌رمانبه‌رانی ده‌وڵه‌ت که په‌یوه‌ندییان به شۆڕشه‌وه کردبوو ده‌گه‌ڕێنه‌وه سه‌ر کاری پێشوویان، پاش گه‌ڕانه‌وه‌ی حاکم عومه‌ر له قه‌ڵادزێ یه‌کسه‌ر بۆ خوارووی عیراق ده‌گوازرێته‌وه تاکو ١٩٦٦/١٢/٢٦ پاشان کۆیه و دواتر بۆ دهۆك و دواجار ده‌کرێته جێگری سه‌رۆکی دادگای (کبری) له هه‌ولێر.

- ئێواره‌ی رۆژی ١٩٧٦/٤/٩ له ماڵه‌که‌ی خۆی له هه‌ولێر له ته‌مه‌نی ٥٣ ساڵیدا به جه‌ڵته‌ی دڵ ماڵئاوایی له خێزان و که‌سوکار و هه‌ڤاڵانی ده‌کات.
- رۆژی ١٩٧٦/٤/١٠ له قه‌برستانی خێزان له عاره‌بیان له کۆیه ده‌نێژرێ.

## عومەر حەبیب

وەرزەکە زستانێکی سارد بوو ئەو ڕۆژەش بارانێکی بەخوڕ دەباری، ساڵیش وەکو پاشان بۆم ڕوون بوویەوە ساڵی ١٩٥٢ بوو، سەر لە بەیانیی ڕۆژێکی ئەو سەردەمە نەنکم (دایکی باوکم پیرۆز عەبدوللا قادر) پاش نانخواردنی بەیانی دەستی گرتم بەرەو لایەنی دیکەی خانووە گەورەکەمانی بردم، ماڵمان لە گەڕەکی (بەفری قەندی) بوو لە کۆیە، خانووەکەشمان لە دوو بەش پێکهاتبوو، دەرگایەکی لەسەر کۆڵانی ڕوو لە ڕۆژئاوا و دەرگاکەی دیکەشی کە ڕووی لە ڕۆژهەڵات بوو ڕێك لەسەر ئەو شەقامە بوو کە سەرای کۆن و سەرای تازەی پێکەوە دەبەستەوە و ڕێگای سەرەکی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلی نێوان کۆیە–هەولێر، کۆیە–کەرکووك بوو، چونکە ئەوکاتە شەقامی ناوەندیی ئێستا نەبڕابوو، لەنێوان ئەو دوو بەشەی خانووەکەمان ژوورێکی گەورە هەبوو کە پێیان دەگوت (ژووری ناوەند) کە بە هەردوولا دەرگای هەبوو، هەردوو بەشی پێکەوە دەبەستەوە لەسەر ڕووی ئەم ژوورەش لە قاتی دووەم ژوورێکی گەورەتر هەبوو کە ئەویش ژووی پێشوازیی میوانان بوو ئەوش دوو دەرگای بۆ ئەملا و ئەلا هەبوو کە تێیدا تاخمێك قەنەفەی (دار گوێز) و کتێبخانەکەی باوکمی تێدابوو لەگەڵ مێزێکی بە قوماشی سەوز داپۆشرابوو و چەند کورسییەکی جۆرە (حەیزەران) چواردەوری گرتبوو.

ئەم پێشەکییە بە مەبەستی چاو روونیی خوێنەرە بۆ بارودۆخی خێزانی گەورەمان کە بریتی بووین لە خێزانی عەونی کە بریتی بوون لە دایکی و خوشکی و هاوسەری و کوڕ و کچەکانی.. خێزانی دووەمیش خێزانی (وەستا عەبدەی ئاسنگەر) بوو کە ئەویش ئامۆزای باوکمە و لە هەمان کاتیشدا مێردی پوورە شەمام-مە کە خوشکی باوکمە کە هەر لە زەمانی باپیرە گەورەمەوە (عەبدوللا) کە دوو کوڕی هەبوو (حەبیب) کە باوکی باوکمە و (یەحیا) باوکی وەستا عەبدەی ئاسنگەرە، پێکەوە وەکو نەریتی کۆن برا و برا و ئامۆزا و ئامۆزا لە یەك خانوو دەژیاین، خانووی ماڵی (عەونی) بریتی بوو لە (٦) ژوور و پاشکۆیەکانی، ماڵی (وەستا عەبدە)ش کە ئێمە بە (کاکە عەبدە) بانگمان دەکرد (٣) ژوور بوو سەرەڕای ژووری ناوەند کە وەکو کۆگا بۆ هەردوو خێزان تەرخان کرابوو.

نەنە پیرۆزم کاتێ دەستی منی گرت و بەرەو دیوی ماڵی کاکە عەبدەمی بردم، کاتێ گەیشتینە ژووری ناوەند بۆ چەند چرکەیەك رایگرتم و گوتی (کوڕم فەرهاد ئێستا دەتبەمە لای (مامە عومەرت) چونکە تۆی زۆر خۆشدەوێ، بەڵام نابێت لای کەس قسە بکەیت چونکە ئەگەر قسە بکەیت (پۆلیس) دێت و حەپسی دەکات). وابزانم لەو تەمەنە و لە بارودۆخی ماڵی ئێمە (حەپس، پۆلیس) بە دوو شتی زۆر خراپ و ناشرین دەهاتنە بەرچاو، منیش وەکو نەنکم زۆر جار دەیگێڕایەوە گوتبووم: (دایەکە "ئێمە هەموومان بە نەنە پیرۆزمان دەگوت دایەکە" دەزانم پۆلیس سەگبابن، بەخوای قسان ناکەم)، کاتێك لە حەوشە چیمەنتۆکراوەکە بەرەو یەکێ لە ژوورەکان چووین (نەنکم) دەرگای یەکێ لە ژوورەکانی کردەوە، بە کردنەوەی دەرگاکە (مامە عومەر)م دیت کە ئەوکاتە بەرامبەر (ئاوێنە)یەك کە لەسەر تاقی پەنجەرەیەکی لای شەقامی دانابوو و پەردەی پەنجەرەکەشی ژوورەکەی نەدیو دەکرد لە ریبوارانی شەقام، مامم خەریکی (ریش تاشین) بوو کاتێ ئێمە لێی چووینە ژوور رووی لە دایکی کرد و گوتی (دایە ئەمڕۆ حەزم لە هێلکەی بە رۆنە، بەشی فەرهادیش بێنن با لەگەڵ من نان بخوا)، نەنکیشم یەکسەر گوتی (فەرهاد نانی خواردووە و لەسەر داوای خۆت هێناومە و نەسیحەتیشم کردووە لای کەس قسە نەکات).

دیمەنی ئەو ژوورە و رووداوی چوونە قوتابخانەم لە پایزی ساڵی ١٩٥٣ کە تێیدا مامم عومەر دەستی گرتم و بردمیە (قوتابخانەی ئولای کوڕان) و بردمیە لای

**ماموستای خوالیخۆشبوو (جەلال حەویز حەویزی) بەڕێوەبەر، قەت ئەم دوو دیمەن و رووداوەم لەبیر ناچێت وادەزانم پێش چەند مانگێك روویداوە.**

**ئاشنایەتی مامە عومەر و من لە دوو دیمەن و رووداو سەرچاوە وەردەگریٚ کە تا دوا رۆژی ماڵئاوایی لە ژیان ریٚز و خۆشەویستی و دڵسۆزی پردی نێوان ئەو و من بوو.**

**دیمەنی ئەو رۆژەی کە ژوورەکەی ماڵەوەم دێتەوە بەرچاو کە تێیدا لە ماڵەوە خۆی شاردبۆوە (اختفاء) زۆر بە ئازا و بوێرم دەهاتە بەرچاو چونکە کاتیٚ نەنکم لە کاتی نانخواردنەکەی پێدەگوت (کوڕم عومەر قەت پەردەی پەنجەرەکان لامەدە، نەوەك سەگبابێك بتبینیٚ خەبەرت لیٚ بدا).. مامیشم ئەوکات کە لەبیرم ماوە بە نەنکمی گوت (دایە مەترسیٚ خۆت مشەوەش مەکە پۆلیس لەو دەرگایە بدات بە دەرگای ئەولا خۆم نەجات دەدەم، ئەگەر هەر مەجالیش نەبوو لە سەربان خۆم لەسەربانەوە بۆ ماڵی کاك ئەکرەم (ئەکرەم عەبدولقادر زیا دراوسێی دیوار بە دیوار بووین) دەردەچم).**

**عومەر حەبیب عەبدوللا کە زۆر جار بە (عومەرە سوور) ناوی دەهات لەبەرئەوەی سوورە و قژ زەرد بوو، ساڵی ١٩٢٣ لە کۆیە لە گەڕەکی بەفری قەندی لەدایك بووە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواوکردووە، بۆ خوێندنی دواناوەندیش ماوەیەك چووەتە کەرکووك و پاشان گەڕاوەتەوە کۆیە بە نمرەیەکی باش دەرچووە و ساڵی ١٩٤٣ لە کۆلیژی (حقوق) لە بەغدا وەرگیراوە و ساڵی ١٩٤٧ کۆلیژی تەواوکردووە و دەستی کردووە بە کاری پارێزەری.**

**قۆناغەکانی خوێندنی لە سەرەتاییەوە بۆ دواناوەندی و دەرچوونی لە دوا قۆناغی خوێندنی لە کۆیە کە ١٣ ساڵی خایاندووە (١٩٣٠-١٩٤٣) کە تێیدا وەکو قوتابییەکی چوست و چالاك و زیرەك بە هاوکاریی برای گەورەی (عەونی ١٩١١-١٩٩٢) توانیویەتی کە هەمیشە پشتیوانی بووە بەرەو ئاسۆی رووناکتر و بەرزتر هەنگاو بنێ، لە ئاخاوتنێکی ئەو و بەندە دا (یانی مامە عومەر و بەندە) لە هاوینی ساڵی ١٩٦١ لە سلێمانی کە ئەوکاتە دادوەری لێکۆڵینەوە بوو لە دادگای سلێمانی دەربارەی حەز و ئارەزووی خوێندنی بۆ قۆناغی زانکۆ گوتی: کاتیٚ بڕوانامەی دەرچوونی پۆلی پێنجەمی دواناوەندیم وەرگرت بە نمرەیەکی باش یەکسەر بەرەو دووکانەکەی کاکم (عەونی) چووم لەناو بازاڕ کە ئەو دووکانەش هەمان دووکانی باوکمان بوو کە لە**

ساڵی ۱۹۳۳ کۆچی دوایی کردبوو لەوکاتەدا خوالێخۆشبووان عومەر عەبدوللا ئەمین براگەورەی مامۆستا عەلی عەبدوللا جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ خوالێخۆشبوو (میرزای حاجی کەریم) دانیشتبوون منیان بەدی کرد، کاك عومەر عەبدوللا پێش ئەوەی من هیچ بڵێم رووی تێکردم و گوتی (عومەر خۆت سوورەی، بەڵام ئەمڕۆ خێرە سوورتر هەڵگەڕاوی؟).. میرزای حاجی کەریمیش لەسەرخۆ گوتی (کاك عومەر هەبێ و نەبێ عومەرە سوور خەبەرێکی خۆشی پێیە) کاکیشم عەونی رووی تێکردم و گوتی عومەر ئەم کورسییە راکێشە وەرە دانیشە، کاتێ دانیشتم دیسان کاك میرزای حاجی کەریم بەخێرهێنانی کردم و گوتی (سوورە خێرە! دونیا چ باسە) منیش لەسەرخۆ بڕوانامە کاغەزەکەم دەرهێنا و دامە دەست کاك میرزا، کاتێ کاك میرزا چاوی بە بڕوانامەکەدا خشاند (شهادە التخرج) رووی لە کاکم کرد و بە دەنگێکی بەرزتر گوتی (عەونی داوەتێك قەرزار بووی، ئەوا شکور سوورە بە نمرەیەکی باش دواناوەندیی بڕیوە) ئەوجا بڕوانامەکەی دا بە کاکم، کاتێ کاکیشم بڕوانامەکەی وەرگرت و خوێندییەوە زۆر لەسەرخۆ بە دەنگێکی لەسەرخۆ رووی لە هەردوو هاوڕێی دانیشتووی کرد گوتی (تەبریك، ئاواتی من و خۆتت بەجێ گەیاند، جەماعەت شاهێد بن عومەر دەبێت کۆلیژی حقوق تەواو بکات، وەعد بێت دەبێ لە بەغدا وا بکەم وەکو (کوڕی نوری سەعید) بژی). (مەبەستی عەونیی برا گەورە کە بەقەدەر هەموو دونیا عومەری برا بچووکی خۆشدەویست کە لە هیچی کەم نەبێت و بە تێر و تەسەلی بژێت وەکو چۆن کوڕی نوری سەعید دەژی) کە ماوەیەکی دوور و درێژ وەزیری دەرەوە و سەرۆك وەزیرانی عیراقی سەردەمی پاشایەتی بوو.. ئەم قسەیەم زۆر جار لە (عەونی)ی باوك گوێ لێبووە (کاتێك بەندەش لە زانکۆی بەغدا ساڵی ۱۹٦٦ وەرگیرام لەوکاتە لەناو چیمەنە گەورەکەی خانووە تازەکەمان دانیشتبووین دیسان هەمان قسەی بە ئامادەبوونی دایکم (زەکیە مەلا رەئوف مەلا رەسول بیتوشی) دووبارەی کردەوە بە دەق گوتی (فەرهاد کاتی خۆی عومەر کە بەرەو قۆناغی زانکۆ دەچوو لە بەغدا پێم گوت بخوێنە وەعد بێت نەهێڵم لە کوڕی نوری سەعید کەمتر بژیت، ئێستاش بەنسبەت تۆ و بارام (بەهرامی پورزام کە کوڕی وەستا عەبدەی ئاسنگەرە) هەمان وەعد دووبارە دەکەمەوە).

ژیانی سیاسی ئەو سەردەمەی کۆیە کە تێیدا (عومەر حەبیب)ی تێدا ژیاوە یانی لە سەرەتای لاوێتییەوە بەتایبەتیش لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی دا دەتوانم بڵێم سەردەمی قۆناغێکی زێڕینی ئەو شارە بوو کە خۆرسك بێئەوەی سەر بە هیچ ئیمارەتێکی کورد بێت توانیویەتی لە زۆرەبەی بوارەکاندا سیاسی، ئابووری، ئاینی، کۆمەڵایەتی، کە بە رای من ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دوور و درێژی دەوێ کە لێرەدا جێگای باسکردنی نابێتەوە، کە بۆتە هۆکاری تایبەتمەندێکی ئەو شارە کە تێیدا سەرەڕای بچووکی ئەو شارە لە رووی ژمارەی دانیشووان دەیان شاعیر و بازرگان و سەرکردە و کادری سیاسیی دیار و بەتوانا و مامۆستا و مامۆستای ئاینی بەتوانا و ژیر و گۆرانیبێژی دیار و مامۆستای نیشتمانپەروەری پێگەیاندووە سەرەڕای ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە تۆکەمەیەی کە لەو شارەدا هەبووە، لێرەدا و لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی (عومەر حەبیب) چەندین مامۆستا و فەرمانبەری کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر لەگەڵ منەوەر و رۆشنبیر و سیاسی کاری کۆیی رابەرایەتیی دۆخە گشتییەکەیان کردووە بوونەتە هاوکاری بەرەوپێشەوە چوونی بیری نیشتمانپەروەری کە تێیدا چەند ناوێك تێکەڵ بە ژیانی کۆیە و کۆییان دەبن وەکو خوالێخۆشبووان مامەند کەرکووکی، عەبدوڵڵا عەزیز ساڵح قەفتان، سەعدی جەلال، خالید سەعید، عەبدوڵڵا سامی...، ئەوانە وەکو (عەونیی شاعیر) دەڵێ (هەندێکیان خەڵکی سلێمانی و هەندێکیان خەڵکی هەولێر بوون لەگەڵ رووناکبیرە کۆییەکانی ئەو سەردەمە توانیویانە پەرە بە بارە سیاس و کۆمەڵایەتییەکان بدەن).. عومەر حەبیب یاخود عومەرە سوور سەرەڕای کاریگەریی (عەونی)ی براگەورەی کە نزیکەی ١٢ بۆ ١٣ ساڵ لەو بەتەمەنتر بووە زۆرتر بە حوکمی تەمەنی تێکەڵاوی لەگەڵ بیری کوردایەتی و نیشتمان پەروەری بووە تا رادەیەکی زۆر دەتوانم بڵێم یەکەم قوتابخانەی (مامە عومەرم) بوو لە ماڵەوە لە ئامێزی (عەونی) براگەورەی پێگەییوە پاشانیش وەکو لاوێکی خوێن گەرم و رووناکبیر لەگەڵ دەستەیەك لە لاوە خوێن گەرم و کوردپەروەرەکانی هاوڕێی ئەو سەردەمە وەکو خوالێخۆشبووان (عومەر مستەفا، عومەر دەبابە ١٩٢٣-١٩٩٢، کەریم تۆفیق ١٩٢٢-١٩٨٣، بەکر ئیسماعیل ١٩٢١- ، کە هەرچواریان دەرچووی کۆلیژی حقوق بوون لەگەڵ چەندان کەسایەتی دیکەی بەتەمەنتر یاخود بچوکتر وەکو مامۆستا تایەر سەعید و عەبدولمەجید شێخ نوری،

مەلا حەسەن سەعید، میرزا حاجی کەریم و کەمالی حاجی مەجید و حەمەد ئەمین مەعروف و کەمال سادق و عەبدولڕەحمان هەناری و محەمەد شوان و فەتاح حەکیم و عەبدولکەریم شێخانی و یونس ڕەئوف دڵدار و سابیر ئیسماعیل شێخ ئەنوەر بابە شێخ تاڵەبانی و کاکەسور تاڵەبانی لەگەڵ چەندان کەسایەتیی دیکەی بوارە جیاجیاکاندا تەوژمێکی بیری کوردایەتی خوڵقاند کە لە بەرامبەریشدا بیری چەپیش خۆی لە جووڵانەوەی حزبی (تەحەرور) و حزبی شیوعیی عیراقی خۆی دەدیتەوە کە تێیدا ئەوکاتە مامۆستا کەریم ئەحمەد کە ئەوکاتە لە کۆیە مامۆستا بوو پاشان لە وەزیفە دوور خرایەوە شان بە شانی خوالێخۆشبووان فاتح ڕەسول، ئەحمەد دڵزار، حەمەد ئەمین قادر، عوسمان مستەفا خۆشناو، محەمەد حەیدەری، مەولود ڕەسول، حەنا ئەنتوان، لەگەڵ چەندان کەسایەتیی دیکە کە بەداخەوە لێرەدا ناویان نەهاتووە بەهۆی لەبیرچوونەوە و هەڵکشانی تەمەن.

شوێنی بەیەك گەیشتنی ئەو کەسایەتییانە دوو کتێبخانەی (حاجی قادری کۆیی و کۆیسنجەق) بوو لە سەردەمی جیاجادا و هەندێ جاریش بەدەم پیاسە بۆ نێو باخ و باخچەکانی ناو ڕەزان و گۆڕستانی باسکی عارەبیان و کەکۆن دوور لە چاوی پۆلیس و چاودێریی سیخوڕان وەکو چەندین جار لەو سەردەمەدا بەتایبەتیش سەرەتای سییەکان و پاشان چلەکان تاکو ڕوودانی شۆڕشی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ کە گوێم لێبووە یاخود نووسراوە و یاخود هەندێکی خۆم هەستم پێکردووە (کۆیە) لە جۆش و خرۆشێکی هەمیشەیی دا بووە، سیاسەت بە هەردوو باڵی (چەپ و نەتەوایەتی) لەوپەڕی گەرمیی دابووە لەوانەیە ئەگەر زێدەڕۆیی نەبێت بڵێم کۆیە لە ڕیزی پێشەوەی ئەم شارانەدا بووە لەسەر ئاستی هەموو عیراق ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە چ لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی ڕژێمی پاشایەتی چ لە نەشونمای بیری کوردایەتی و چەپ خوازی کە تێیدا ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئاوڕدانەوەیەکە لە ڕۆڵ و بەشداریی (عومەر حەبیب) لە جووڵانەوەی کوردایەتی وەکو لە ساڵانی شەت و نیوەی حەفتاکاندا کە وەکو خۆی باسی لێوە دەکرد چەند هۆکارێك بوونەتە تێکەڵبوونی بە دونیای کوردایەتی:

**یەکەم**: کەشوهەوای خێزان کە کاکی (عەونیی شاعیر) ڕۆڵی باوکیشی بینیوە پێش ئەوەی باوکیان کۆچی دوایی بکات لە (١٩٣٣) عەونی بە حوکمی تەمەن و

تێکەڵبوونی بە ڕەوتی کوردایەتی ئەویش لەژێر کاریگەرێتی ئەو مامۆستا و کەسایەتییانەی کە هاتوچۆی کۆیەیان دەکرد (کە لە لاپەڕەکانی پێشووتردا ناویان هاتووە) سەرەڕای پەیوەندیی لەگەڵ هەندێ لە کەسایەتیی دیکەی دەرەوەی کۆیە وەکو خوالێخۆشبووان (فەتاح جەبار، ؟؟، ئەحمەد حەمەد ئەمین دزەیی، عەونی یوسف، ڕۆستەم، مەلا ئەسعەد مەحوی، بێکەسی شاعیر، مستەفا حەمە بۆر)، لەگەڵ هەندێکیان عەونی وەکو (حەمە بۆر) نووسیویەتی و ئاڵوگۆڕی شیعریشی کردووە لەگەڵ شاعیرانی سلێمانی، سەرەڕای ئەندامێتیی لە (کۆمەڵەی برایەتی، دارکەر، هیوا، رزگاری، پارتی دیموکراتی کوردستان) کە تێیدا (عومەر)ی برای کەم و زۆر ئاگاداری ئەو پەیوەندی و تێکەڵاوییە هەبووە.

**دووەم**: هاوپۆلی و برادەرایەتیی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە قوتابییە کە لەو سەردەمەدا بە جیاوازیی چەند ساڵێکی تەمەنی زیاتر یا کەمتر کە هەرهەموویان زیاتر لە ڕێڕەوی بیری کوردایەتییەوە نزیك بووم کە ئەوکاتە بە پێچەوانەی ئێستا ئەم جۆرە پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە ئەڵقەیەکی توندوتۆڵ، پیرۆز، ڕاستگۆ دەخولایەوە کە دەتوانم بڵێم پەیوەندییەکی پیرۆز (مقدس) بووە کە تێیدا (مامە عومەر)م تاکو ڕۆژی کۆچی دواییشی بە ڕێز و بەنرخەوە باسی لێوە دەکردن.

**سێیەم**: ڕۆڵی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی و شاعیرانی دیکەی نیشتمانپەروەر و هاتنی گۆڤاری (ڕوناهی، گەلاوێژ، دەنگی گێتی تازە، ڕۆژنامەی ژین) بۆ کۆیە بە جیاوازیی مێژووی دەرچوونیان ئەویش تا ڕادەیەکی گەورە بۆتە هۆکاری پەرەپێدانی ئاستی ڕۆشنبیریی.

**چوارەم**: دەنگوباس و گێڕانەوەی ڕۆژانی حکومدارێتیی شێخ مەحمودی حەفید و جووڵانەوەکانی بارزان هەر لە ساڵانی ١٩٣٢ و دەنگوباسی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی باکووری کوردستتان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد و ڕەنگدانەوەی لە شیعری شاعیرانی کوردستان ئەویش بە جیاوازیی مێژوو بۆتە هۆکاری حەماسەتێکی ڕادەبەدەر لەلایەن لاوان و قوتابییانی ئەو سەردەمە کە وەکو مامە عومەرم دەیگوت (ئاگری لێ دەباری).

جارێکیان بەدەم دانیشتنێکی (٣) قۆڵی لە سلێمانی کە ئەوکات مامە عومەرم دادوەری لێکۆڵینەوە بوو لە سلێمانی (١٩٦٠-١٩٦٢) و ماڵەکەشیان لە گەڕەکی

(مەڵکەندی) بوو، ڕێك کاتەکە ئێوارەیەکی هاوینی ساڵی ١٩٦١ بوو کە تێیدا (حاکم عومەر حەبیب و مامۆستا عبدالخالق عەلائەدین (کە ژن برای حاکم عومەرە) و بەندە) بەدەم قسەوە کە ئەوکاتە سەرەتای جووڵانەوەی شۆڕشی ئەیلول بوو لە مامم پرسی (کەی تێکەڵاوی ژیانی سیاسی بووی؟) مامم لە وەڵامدا گوتی (کە چوومە قۆناغی دواناوەندی لە ساڵی ١٩٤٠ زیاتر لەگەڵ کاکم بەتایبەتیش لە پشووی هاوین هاتوچۆی چەند کەسایەتییەکمان دەکرد چ لە کۆیە و چ لە هەولێر و کەرکووك بە ڕێژەیەکی کەمتریش بۆ سلێمانی، زۆر جاریش لە ماڵەوە هەندی لەو کەسایەتییانەمان دەدیت یاخود ئێمە سەردانمان دەکردن، تاکو لە کۆیە بوون یان کە ناوە ناوە دەهاتنەوە کۆیە ئاڵوگۆڕی سەردانمان لەگەڵ ماڵی (ئاسەف) براگەورەی (دڵدار) هەبوو کە ئەمیان تازە لە کۆلیژی حقوق وەرگیرابوو چەند جارێکیش سەرەڕای ئارەزووی خۆم منی هان دەدا کە منیش کۆلیژی حقوق هەڵبژێرم، ئەوەی بەبیرم دێت کاك (ئاسەف) کتێبخانەیەکی باشی هەبوو لەو سەردەمە تێیدا چەندین گۆڤاری عەرەبیی ئەو سەردەمەی تێدابوو، قسە و باسەکان هەموو باسی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە و بزووتنەوەی کوردایەتی بوو کە تێیدا زانیم کاکم (عەونی)یش ئەندامی ئەم حزبەیە کە ناوی (هیوا)یە، من پێشووتر گوێبیستی ناوی خۆییبوون، شیوعی، هیوا ببووم، بەڵام زیاتر بە کاکمەوە موتەعەلق بووم. خانەوادەی دووەم ماڵی خوالێخۆشبوو (عومەر عەبدوللا ئەمین) بووە کە براگەورەی (کاك عەلی عەبدوللا بوو) کاك عەلی بەتەمەن لە من گەورەتر بوو و لە (مەدرەسەی هەندەسە) پێش درووستبوونی کۆلیژی هەندەسە دەیخوێند لە ماڵی کاك (عومەر عەبدوللا ئەمین) زۆر جار بەدەم خواردن و خواردنەوە باس باسی نوری سەعید و سیاسەتی ڕژێمی پاشایەتی دەکرا، کاك عومەر هەمیشە بە دەنگە بەرزەکەیەوە دەیگوت (عەونی: شەو باش ڕۆژ باش لە جیاتی سلام علیکم و مەرحەبا باش بڵاوبۆتەوە، بەسەری تۆ بیدایەتێکی باشە، کورد دەگاتە ئامانجی خۆی، کاکە (ساڵح)ی قەسابی برادەریشمان فێرکردووە ناوە ناوە بەیانیان کاتێ لەلای دادەنیشم بەدەم گۆشت فرۆشتنەوە هاوار دەکات "ڕۆژتان باش، گۆشتی ناسکی مەڕمان هەیە ماری شفتە و کفتەیە"، بەڵام خاوەن دووکانەکەی بەرامبەری چەند جارێك پێی گوتووە "ساڵح ئەو باش و باشەت لە چییە، تۆ قەسابی دەبێت دەستنوێژت هەبێت کاتی حەیوان سەردەبڕی و دەیفرۆشی، دەبێت ناوی خوای لێ

بێنی و سەلام لە دیداری پێغەمبەر بدەیت" منیش فێری ساڵحم کردووە پێی بڵێت کاك (؟؟) ئێمە کوڕی موسوڵمانین "حب الوطن من الإیمان"، خوای گەورە (رب العالمین)ـە فەرقی کورد و عارەب ناکات). ئەم قسە و بابەتە سیاسی و کۆمەڵاتی ماڵی کاك ئاسەف و کاك عومەر و جموجۆڵی کاکم ناڵێم سەرەتای هۆشیاری سیاسیم بوو بەڵکو قووڵ بوونەوەی بیری سیاسی و کوردایەتیم بوو کە پێشووتر لە ماڵی خۆمانەوە لە کاکمەوە دەمبینی.

قۆناغی نێوان ساڵانی (١٩٤٠-١٩٤٣) منی بردە ئاستێکی دیکە کە لەسەرەتاوە بە (حەپس)کردنی کاکم دەستیپێکرد کە رۆژێك لە (قشلە)ی کۆیە لەگەڵ خوالێخۆشبووان عومەر عەبدوڵلا ئەمین و ساڵح شەمس و مەلا حەسەن... بە تۆمەتی پڕۆپاگەندە دژی ئینگلیز و ئەو سیاسەتەی کە لە عیراق پەیڕەوی دەکات، بەڵام چونکە هۆکاری گرتنەکە لەسەر راپۆرتی چەند سیخوڕێکی نەزاندراوەوە نووسرابوو تەنها ئەوەیان تۆمار کردبوو کە گوایە ئەو کەسانە لە (چایخانەکەی حەمە شین) جنێویان داوە و باسی دوو رویی سیاسەتی ئینگلیزیان کردووە و حکومەتی عیراقیان بە پاشکۆی ئینگلیز ناوزەد کردووە. لە باسی کات و ساتی بەرەو رێڕەوی رێکخستنی کوردایەتی مامم وای دەگێڕاوە..

قۆناغی خوێندنی ئامادەیی کە ئەوکاتە دوو ساڵە بوو سەرەڕای کۆششی دەرس و قوتابخانە ئێوارانی رۆژی پێنجشەممە بەرەو لاپالی گردی کەکۆن دەچووین کاتیٚ بەرامبەر شاخی هەیبەت سوڵتان رادەوەستاین ئەو شیعرەی حاجی قادری کۆییان دووبارە دەکردەوە کە دەفەرمیٚ:

**هەڵی کەن بەیرەقی کوردان لە دەوران**

**لە مابەینی کەکۆن و هەیبەت سوڵتان**

سەرەڕای ئەوە ئەو شوێنە (لاپالی کەکۆن) شوێنی تێکەڵاوبوونمان بوو بە بیری کوردایەتی لەسەر بنەمای فیکر و چوونە ناو ریزی ئەو رێکخراوەی کە ئەو سەردەمە کە مێشکی رۆشەنبیر و ئەفسەر و کاسبکارانی کوردستانی داگیر کردبوو کە بە نێوی (هیوا)وە لە گۆڕەپانی کوردستان گوزەری دەکرد، رۆژێکیان لەگەڵ یەکیٚ لە برادەرانی نزیکم کە ئەویش (کاك عەبدولکەریم تۆفیق) بوو باسمان لە دەنگۆی بڵاوبوونەوەی ناو

و ڕەنگدانەوەی حزبی هیوا دەکرد لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئەو ڕۆژە و خەڵکانی وەکو ئێمەی کە لە دوورەوە ئاشنای ناوی ببووین بیرمان لەوە دەکردەوە کە چۆن بە یەکێ لە لێپرسراوانی پەیوەندی بکەین، کاک (کەریم تۆفیق) پاش ماوەیەك پێی گوتم: (عومەر بۆ ئەم بابەتە لای کاکت عەونی باس ناکەی چونکە وەکو گوێم لێبووە شیعر دەنووسێ و باسی کوردایەتیی تێدا دەکات ئەکید سەرە داو لای ئەو دەست دەکەوێت). لە وەڵامدا منیش گوتم: (کەریم بەخوا من زۆر شەرم لە کاکم دەکەم لەوانەیە نەتوانم ئەم مەسەلەیەی لەگەڵ باس بکەم، باشە بۆ تۆ ناچیتە لای کاکم ئەو مەوزوعەی لەگەڵ باس بکەی). پاشان بڕیارمان دا (کەریم تۆفیق و بەکر ئیسماعیل و بەندە) بچینە لای کاکم لە ماڵەوە و ئەو بابەتەی لەگەڵ باس بکەین. وا ڕێککەوتین کاتێ کاکم هاتە ماڵەوە ئاگاداریان بکەم.

دەمەو عەسرێکی درەنگ خەبەرم بە هەردوو برادەر دا و پێشەکیش بە کاکم گوت فلان و فلان دێنە لات، لە قاتی سەرەوەی ماڵەوەمان کە کاکم کاتێ لە ماڵەوە دەبوو لەو ژوورە نەدەهاتە دەرەوە و هەمیشە خەریکی موتاڵەعە و شیعر نووسین بوو، کاتێ برادەرانم (کاك کەریم و کاك بەکر) هاتنە ماڵەوە یەکسەر بۆ لای کاکم چووین، کاکم بەخێرهێنانێکی گەرمی کردن و لە ئەحواڵی قوتابخانە و ئاستی خوێندنی ئێمەی پرسی، ئێمەش لە چاوەڕوانی ئەو دا بووین کە ساتێکی گونجاو هەڵکەوێت و کاك کەریم پرسیار لە کاکم بکات لەسەر دەنگۆی بڵاوبوونەوەی (هیوا)، بەڵام شەرم دایگرتبووین، پاش ماوەیەك (کاکم) ڕووی تێکردین و گوتی: (کوڕینە دەڵێی بۆ شتێك هاتوون ناتوانن بە منی بڵێن، کوڕی من شەرم مەکەن ئێوە هەردووکتان وەکو (عومەر)ن). ئەوجا کاك کەریم تۆفیق هاتە جەواب و گوتی: (قوربان لێرە و لەوێ باس لە هیوا دەکرێ کە تازە ڕێکخراوێکە و ڕێڕەوەکەی کوردایەتییە، گوایە خەڵکانێکی زۆری لەگەڵە، دەڵێن ئاڵای کوردستانیش هەیە، ئەو کۆمەڵە برادەرە نزیکە وامان بە باش زانی بێنە ماڵی ئێوە و قسەمان دەربارەی ئەو ڕێکخراوە بۆ بکەی). کاکیشم عەونی پاش قسەکانی کەریم تۆفیق هێندەك داما و پاشان جگەرەیەکی پێکرد و گوتی: (کوڕی خۆم بۆ ئێوەی قوتابی خوێندن و سەرکەوتن لە خوێندن ئەرکی سەرەکیی ئێوەیە بەتایبەتیش لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی، بەڵام کاتێ ئەم قۆناغە تەواو دەکەن ڕوو لە بەغدا دەکەن و دەچنە کولییە (کۆلیژ) من وەکو خۆم وای

بە پێویست دەزانم خوێندنتان گەورەترین خزمەت بە میللەتەکەمان دەکات، ئەوەی بەسەرمان هاتووە لە ئاکامی نەخوێندەواریمانە و بە ئاسانی فێڵمان لێکراوە، کورد پێویستیی بە خوێندەوار هەیە بۆئەوەی خوێندەوارانیش میللەت هۆشیار بکەنەوە، دەربارەی پرسیارەکەتان بەنسبەت حزبی هیوا، بەڵێ ماوەی ساڵێك زیاتر هیوا درووست بووە ئەویش لە ئاکامی پچڕ پچڕی جووڵانەوەی کوردایەتی، دەتوانم بڵێم تا رادەیەك سلێمانی ئاگای لە زاخۆ نییە، کۆیە ئاگای لە خانەقین نییە و هەروەها بە نسبەت شارەکانی دیکەی کوردستان تاکو پێش دامەزراندنی هیوا، نفوزی حکومەتی شێخ مەحمود نەگەیشتە کۆیە، حەرەکاتی بارزانییەکان بە تەواوی خەڵکانی دەرەوەی ناوچەکەیان لێیان ئاگادار نین، لێرە و لەوێ کۆمەڵە و رێکخراو هەبوون، بەڵام هەر یەکێکیان لە شوێنێك، من لە هەندێکیان کارم تێدا کردووە و ئەندام بووم، بەڵام لە کۆیە لە ٣٠–٣٥ کەس زیاتر ئاگاداری نەبوون وەکو ئەندام و پاڵپشت، راستە زۆربەی خەڵکانی خوێندەوار و کوردپەروەر پاڵپشتی هەر رێکخراوێك دەکەن کە بۆنی کوردایەتی نیشتمانپەروەری لێبێت، بەڵام ئێستا پاش دامەزراندنی هیوا وەزعەکە گۆڕاوە، هیوا لە خانەقینەوە تاکو زاخۆ وجودی هەیە، خەڵکانی نیشتمانپەروەر و ئازا و ئاگادار بەڕێوەی دەبەن، ئەفسەری کورد و پارێزەر و قوتابی مامۆستای زۆری تێدایە ئامانجی سەرەکیش (کورد و کوردستانە)، لەوە زیاتر ناتوانم زانیاریی زیاترتان پێبڵێم چونکە سوێندم خواردووە بە قەسەمی هیوا). کاك بەکر ئیسماعیل پرسی (باشە قەسەمی هیوا چییە؟) کاکیشم لە وەڵامدا گوتی: (کاتی بوونە ئەندام ئەو وەختە دەزانن قەسەمی هیوا چییە). پاش گفتوگۆیەکی زیاتر لەناکاو (عوسمان عەبدوڵڵا) برای کاك عەلی عەبدوڵڵا و عومەر عەبدوڵڵا، حەمید ساڵح بیتوشی هاتنە لای کاکم، وا پێدەچوو ئەوانیش بۆ کۆبوونەوەی شانەیەکی هیوا هاتبوون، بۆیە کاتێ ئێمەیان دیت کاك عوسمان عەبدوڵڵا هاتە قسە و رووی لە کاکم کرد و گوتی: (خێرە ئەو کوڕە باشانە لێرەن؟) کاکیشم بەدەم جگەرەکێشان و بە بزەیەکی نەرم گوتی (عەوداڵی دیتنەوەی (هیوا)ن)، پاش ماوەیەك ئێمە مەجلیسەکەمان بەجێهێشت.

پاش ماوەیەك لە چاوەڕوانی رۆژێك مامۆستا سابیر ئیسماعیل کە دەکاتە براگەورەی هاوڕێم بەکر ئیسماعیل لەبەردەم ئەو مزگەوتەی کە لەنێوان ماڵی ئێمە و ماڵی ئەوان بوو کە پاشان بە مزگەوتی (مەلا فەتحوڵڵا شوانی) دەناسرا بانگی کردم و

چووینە باخچەی مزگەوتەکە و لەسەرخۆ گوتی: (عومەر برادەرانی هیوا لە کۆیە زانیویانە کە تۆ و بەکری برام و کەریم تۆفیق و عومەر مستەفا کە هەرچوارتان برادەری گیانی بە گیانی یەکترن و رۆحی کوردایەتیتان بەرزە وەکو ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی کوردایەتی دەدرەوشێتەوە برادەران هاتوونەتە ئەو قەناعەتە کە پەیوەندیتان پێوە بکرێت بۆئەوەی بە رەسمی بێنە ناو (هیوا) قسەم لەگەڵ بەکری براشم کردووە سبەی شەو لە ماڵی (ساڵح شەمس) لە گەڕەکی قەڵات لە (سەرقازیلان)ـە سەعات (٨)ی شەو لەوێ ئامادە بن). منیش یەکسەر برادەران عومەر مستەفا کەریم تۆفیق و بەکر ئیسماعیل-م ئاگادارکردەوە و رێککەوتین هەریەکەمان لە لایەك بۆ ئەو ماڵە بچین و سەعات (٨)ی شەو لەبەردەرگای ئەوان یەکتری بگرینەوە.

سەعات (٨)ی شەو هەرچوارمان کە دەتگوت بۆ زەماوەند (شایی) دەچین بەرەو ماڵی کاك ساڵح شەمس چووین کۆڵانەکە زۆر تاریك بوو، ماڵەکەمان دیتەوە و دوو جار لە دەرگاکەمان دا و بەپێی رێککەوتن چووینە ژوورەوە، کاتێ چووینە ژوورەوە لە ژوورێکی مام ناوەندی پاك و خاوێن (لۆکس) پێکرابوو سەرەڕای کاك ساڵح شەمس خاوەن ماڵ و (محەمەد حەوێز) ناسراو بە حەمە رەش و عەبدولڕەحمان مەلا سادق لەوێ دانیشتبوون، پاش بەخێرهێنان کاك محەمەد حەوێز لە شوێنەکەی خۆی هەڵسا و چوو بۆ لای ئەو (مێز)ـە بچوکەی کە لە دەستە راستی ژوورەکە دانرابوو کاتێ لە پشت مێزەکە راوەستا دەستی بە قسە کرد و گوتی:

قوتابییە خۆشەویستەکان وەکو دەزانن ئێمەی کورد وەکو میللەت بە هیچ شێوەیەك ماف نەتەوایەتیمان نییە، دابەشکراوین، بەڵام (لا ضاع حق وراءه مطالب) حزبی هیواش لەپێناوی کورد و کوردستان هاتۆتە مەیدان و کەرەستەکەش روو لە کوردپەروەرە دڵسۆزەکانییەتی، هیوا حزبێکی نیشتمانیی کوردییە، بوون بە ئەندام تێیدا (ئیختیارییە) چاودێریی ئێوەمان کردووە و رای باش لەسەر ئێوە درووست بووە، برادەران بڕیاریان داوە وەکو ئەندام وەربگیرێن و لە شانەیەك رێکدەخرێن، ئەوجا داوای لە ئێمە کرد کە هەرچوارمان لەوبەری مێزەکەوە بەرامبەری بوەستین، کاتێ بەرامبەری راوەستاین، کاك ساڵح شەمس و عەبدولڕەحمان مەلا سادقیش لە شوێنی خۆیان راست بوونەوە ئەوجا محەمەد حەوێز (حەمە رەش) هاتە قسە و گوتی:

**حەمە رەش**: قسەکانی منتان باش گوێ لێبوو؟

**قوتابییەکان**: بەڵێ قوربان

**حەمە رەش**: ئارەزوومەندانە دێنە ناو هیوا؟

**قوتابییەکان**: بەڵێ رازین

**حەمە رەش**: یەکە بە یەکە لە دەستی راستەوە ئەم سوێندە بخۆن و دەست لەسەر مێزەکە دابنێن.

یەکەم کەس کاك (کەریم تۆفیق) چووە پێشەوە ئەوجا ئەمن (عومەر حەبیب) پاشان کاك عومەر مستەفا و دوا کەسیش کاك بەکر ئیسماعیل بوو.

لەسەر مێزەکە قورئانێکی پێچراو لەناو قوماشێکی سەوز کە لە ناوەڕاستی مێزەکە دانرابوو لەلایەك خەنجەرێکی کۆنی دەبان و لەلایەکەی دیکەش نەخشەیەکی کوردستانی کێشراوی سەر کاغەزێکی مقەوای مەیلەو زەرد بوو، بەڵام دیار ئەو دەست ئەو دەستی کردبوو نەختێ کۆن ببوو.

(حەمە رەش رووی لە کاك کەریم تۆفیق کرد و گوتی لەگەڵم ئەم سوێندە دووبارە بکەرەوە "سوێن بە قورئانی پیرۆز بە ئالای خۆشەویستی کوردستان و خەنجەری رەمزی مقاوەمەتی کورد دڵسۆزی کورد و کوردستان دەبم لەپێناوی ئازادیی میللەتەکەمدا هیچ کاتێك درێغی نەکەم و هەموو ئەسراری بپارێزم" کاتێ هەرچوارمان سوێندمان خوارد ئەوجا کاك (ساڵح شەمس) سینییەك چای بە شەکری (قەند) میوانداریی کردین و ماوەی سەعاتێك ماینەوە ئەوجا بەوپەڕی خۆشی و حەماسەتەوە گەڕاینەوە ماڵەوە).

مام عومەرم لە درێژەی قسەکانی لەسەر ئەم بابەتە دەیگوت: (هیوا بە تەواو وەزعی ئێمەی گۆڕی، وەکو ئاگرمان لێهاتبوو لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە لێمان نزیك بوون بە ئەفکاری هیوا شارەزامان دەکردن و پاش چەند رۆژێکیش کاك محەمەد تۆفیق وەردی (١٩٢٣-١٩٧٥) بووە بەرپرسی شانەکەمان تاکو ماوەیەك ئەوجا کاکم (عەونی) لێپرسراوێتییەکەی وەرگرت و دوو برادەری دیکەش هاتنە شانەکەی ئێمە کە بریتی بوون لە (کاك نامیق عەبدوللا حەوێزی و عەبدولسەمەدی حاجی تەها). وەکو خۆی دەیگوت (عومەر حەبیب) تاکو دوا رۆژانی لە هیوا مایەوە و هەمیشە لە خەمی

ڕێکخستنەکانی بووە، تەنانەت زۆر جار لەو سەردەمە دا یونس رەئوف (دڵدار) لە کۆیە یان لە کەرکووکم دیوە و باسنان لە تۆکمەیی ریزەکانی هیوا کردووە، جارێکیان ئەو پرسیارەی ئاراستەی دڵدار کردووە (راستە راست و چەپ لەناو هیوادا سەری هەڵداوە؟، باشە بزووتنەوی کوردایەتی کە ئێستا هیوا رابەریەتی دەکات ئەوە هەر دەگریٚ راست و چەپی تێدا درووست ببیٚ؟!).. لە درێژەی قسەکانی دەڵیٚ (دڵدار بە کەمیٚ سڵمینەوە پاشان لەسەر خۆ لە وەڵامی قسەکانمدا گوتی: براگیان تۆ دەزانی هەموو مرۆڤێك تووشی نەخۆشی دەبێت و بۆ چارەسەریش پێویستیی بە دکتۆر هەیە، لە هەمان کاتیشدا لە رۆژهەڵاتی گێتی دا مەسەلەی پەرتەوازە و دوو بەرەکی و لێك ترازان و درووستبوونی دوو جەمسەر و تەفسیر و تەئویلی جیاجیا هەیە و دەبێت وەکو ئاشکرایە لەناو خودی ئاینە ئاسمانییەکانیش روویداوە، تۆ تەماشاکە لەناو خودی ئیسلاما چەندەها بۆچوون و تەفسیری جیاجیا هەیە، باشە ئەگەر لە خودی ئاینێکی ئاسمانی ئەو دیاردەیە روو بدات بە مەحاڵی نازانم لەناو حزبی هیوا روونەدات، بەڵام لێرەدا ئێمەی کورد دەبێت لەوە زاناتر بین بەتایبەتی بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی میللەتی ئێمە کە نەیەڵین تەفسیری زەرەربەخش هیوا بخاتە مەترسییەوە مامۆستای گەورە (مەبەستی دڵدار مامۆستا رەفیق حلمی بوو) لە هەوڵی جدی دایە نەیەڵێت هیچ دەرزێك لە هیوادا روو بدات، هەمیشە سەردانی هەندیٚ شار و شوێنی کوردستا دەکات و چاوی بە کەسایەتی و ئەندامی هیوا دەکەویٚ بە (عەقڵی راجحی) کێشەکان چارەسەر دەکات).

مامە عومەرم لە درێژەی قسەکانیدا گوتی (بەڵام بەوپەڕی داخەوە لە سەرەتایساڵی ١٩٤٤ کاتیٚ لە بەغدا لە کۆلیژی (حقوق) وەرگیرابووم لەگەڵ برایانم بەکر ئیسماعیل، کەریم تۆفیق، عومەر مستەفا و برادەرێکی هەولێری خانوێکی بچوکمان لە گەڕەکی (الاعظمیة) گرتبوو کە رۆژانە هەندیٚ لە برادەرانی قوتابییانی کورد کە لە بەغدا دەیانخوێند سەردانیان دەکردین و ناوە ناوەش (دڵدار) هاتوچۆی دەکردین، دەنگۆی لێکترازانی هیوا کەوتە نێو خەڵکی کوردپەروەر سەرەڕای هەوڵ و تەقەلای زۆری دڵسۆزان، بەڵام وەکو بەدیارکەوت دوو هۆکاری سەرەکی لە مەسەلەکەدا رۆڵی خۆی بینی کە یەکەمیان ئەندامێتیی ئەفسەرانی کورد بوو کە ئەوان (مەرتەبەی زیاتریان پێدرابوو) و هەمیشە داوای زیاتریان دەکرد، دووەم هۆکاریش مەسەلەی

بۆچوونی جیای بەناو چەپەکان بوو لەگەڵ باڵە راستڕەوەکە کە بێگومان (مامۆستا ڕەفیق حلمی)یش سەرەڕای کارامەیی و دڵسۆزیی بۆ هیوا و کوردایەتی، بەڵام نەیتوانی جڵەوی هیوا بە توندی بگریٚ چونکە بۆچوونە جیاوازەکان لە قودرەتی ئەو گەورەتر بوون، زۆر جاریش بە ناهەق باسی لە کەمتەرخەمیی خودی مامۆستا رەفیق حلمی دەکرا کە وەکو پێویست شانی خۆی نەداوەتە بە کێشەکان و هیوا لە ساڵی ١٩٤٥ لە گۆڕەپانی کوردایەتی پاڵەوانێتییەکەی لێسەندرایەوە.

لەپاش هیواش کە ئەوکاتەش مامە عومەرم لە پۆلی دووەمی حقوق بوو لە سەردانێکی کاکی (عەونی) بۆ بەغدا بەهۆی کەسابەتەوە سەردانی ماڵەکەی عومەری برای و هاوڕێکانی دەکات و تاکو درەنگانێکی شەو لایان دەمێنێتەوە و ئێوارەکەشی بە کەبابی (كباب الرافدين) کە کەبابخانەکە لەوناوەبوو داوەتیان دەکات، ئەو ماوەیەی لایان دەمێنێتەوە ئەویش لای خۆیەوە باسی لە توانەوەی هیوا دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێیان دەڵیٚ (موژدەتان دەدەمیٚ کەوا (حزبی رزگاریی کورد) لەدایکبووە کە درووشم و ڕێڕەوی وەکو (هیوا)یە و کوردایەتی رابەریەتی و لێپرسراوانیشی زۆربەیان لە بەغدایە، ئێمە زۆربەمان لە ئەندامانی هیوا لە کۆیە بەدەر لە چەند برادەرێك کە ئیدیعای چەپخوازی دەکەن لەگەڵمان نەهاتن، بەڵام ئێمەی زۆرینە خۆمان لە رزگاری ڕێکخراوین).

پاش ئەوەی مامە عومەر و هاوڕێیانی چاویان بە (...) دەکەوێت دوودڵ دەبن، بەڵام بۆ رۆژی دواتر پەیوەندی بە (رەشید باجەلان) دکەن ئەوانیش دەچنە پاڵ ریزی حزبی (رزگاری). ماوەیەکیش لە رزگاری دەمێنێتەە تاکو پارتی دیموکراتی کورد دامەزرا لەو سەروبەندەدا کە کۆماری کوردستان لە مهاباد دامەزرا بارزانییە شۆڕشگێڕەکان بە سەرکردایەتیی خوالێخۆشبووان (شێخ ئەحمەدی بارزانی، مەلا مستەفای بارزانی) پاش کشانەوەیان بەرەو رۆژهەڵاتی کوردستان و دامەزراندنی (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) زەمینە پێکهێنان و دامەزراندنی حزبێکی سەرتاسەری کە هەموو باڵ و تاقمە جیاوازەکانی ڕێگای رزگاریی کوردستان لەخۆ بگرێت لە (مهاباد) سەرکردە و ڕێبەران و سیاسەتمەداران بەپیر داخوازییەکەی (مەلا مستەفای بارزانی)ەوە دەچن کە ئەویش بریتییە لە دامەزراندنی حزبێکی هاوشێوەی (حزبی دیموکراتی کوردستان) بۆئەوەی جڵەوی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی

ئازادیخوازی گەلی کوردستان بکات لە کوردستانی عیراق بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆڵەیەکی بەوەفا و کوردپەروەر دەستنیشان دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە نیشتمانییە پیرۆزە.

لە بەغدا لە ماڵی کوڕە کوردێکی کۆیی کە خوالێخۆشبوو (سەعید فەهیم) بوو پاش چەندین پەیوەندی و هاتوچۆ و وتوێژی دوور و درێژ ڕۆژی ١٩٤٦/٨/١٦ پارتی دیموکراتی کورد دامەزرا کە تێیدا بارزانی مستەفا بە سەرۆك (کە ئەوکاتە ئەو لە مهاباد پارێزگاریی لە کۆماری کوردستان دەکرد) و مامۆستای نیشتماپەروەریش و ڕاسپاردەر و نوێنەری بارزانی نەمر (هەمزە عەبدوڵڵا) بە سکرتێری پارتی هەڵبژێردران.

مامە عومەر کاتێ دەهاتە سەر وردەکارییەکان ڕۆڵی کاك (عومەر مستەفا)ی بەرز دەنرخاند کە هەمیشە وەکو (دوو برا) وابوون و کەم جار لێکیان دەکردنەوە، دەیگوت کاك عومەر مستەفا زۆر ماندوو بوو شەو و ڕۆژانی کۆنگرەکە پاش و پێشیش سەرقاڵ و لە هاتوچۆ دا بوو، کاتێ پاش کۆنگرەکە گەڕایەوە کۆیە موژدەی دامەزراندنی پارتیی پێ داین ئەم شەوە ئاهەنگێکمان لە ماڵی خۆمان سازکرد بەتایبەتیش کاتێ هەواڵی دەستنیشانکردنی کاکە زیادی پێ داین کەوا بە جێگری سەرۆك مستەفا بارزانی هەڵبژێردراوە لەگەڵ شێخ لەتیفی شێخ مەحمود چونکە لە ڕاستیدا ئێمە (کۆییەکان) بەڕاستی دڵخۆش و شادمان بووین بە ئاکامی کۆنگرە و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی بۆیە هەر لە سەرەتاوە وەکو ڕاسپاردەی کۆنگرە داوای ئەندامێتیمان کرد، بەڵام دەستەیەکی دیکە کە لە ئێمە بەتەمەنتر و بە ئەزموونتر بوون زۆرتر لە تەشکیلاتی پارتی لە کۆیە دەستنیشان کران کە ئەوەی لەبیرم ماوە وەکو یەکەمین لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کورد لە کۆیە بریتی بوون لە کاکم عەونی، ئەحمەد حەوێز (حەمە ڕەش)، تایەر سەعید... کە دەتوانم بڵێم یەکێ لە لیژنە ناوچە تۆکمە و بەتواناکانی ئەم پارتییە بوون، لەگەڵ گەڕانەوەمان بۆ کۆیە پاش دەرچوونمان لە کۆلیژی حقوق یەکسەر لە لیژنەی ناوچەی کۆیە دەستبەکار بووین، بەڵام برایانم (عەلی عەبدوڵڵا) و (کەریم تۆفیق) بە هەیئەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوون، بەڵام پاڵپشت و یارمەتی دەری لیژنەی ناوچەی کۆیە بوون.

کە باسی لێوە دەکەم.

**لەنێوان ساڵانی ١٩٤٦-١٩٥٨ عومەر حەبیب (عومەرە سوور) رۆڵێکی گەورە و کاریگەری هەبووە لەناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە تێیدا وەکو:**

*** ئەندام ١٩٤٦-١٩٤٧**

*** ئەندامی لیژنەی ناوچەی کۆیە ١٩٤٧-١٩٥٠**

*** بەرپرسی لیژنەی ناوچەی کۆیە ١٩٥٠-١٩٥٣**

*** ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندیی پ.د.ك لە کۆنگرەی سێیەمەوە تا کۆنگرەی چوارەم.**

**لەو ماوەیەدا چەندین جار لە کۆیە لێکۆڵینەوەی لە لایەن پۆلیسەوە لەگەڵ کراوە و دوو جاریش لە کۆیە لە حەپسخانەی قشلە بەندکراوە و تەنانەت جارێکیان لە (١٩٥١) لەگەڵ کاکی عەونی پێکەوە گیراون، بەڵام خسڵەتێکی دیکەی مامە عومەرم کە لە برادەرەکانی جیادەکردەوە وەکو زۆر جار کاکە عەبدەی ئاسنگەری ئامۆزای باوکم و عومەر عەبدوللا ئەمین دەیانگێڕایەوە (حەماسەت و داکۆکی) ئاشکرای لە سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی دوورە وڵاتەکەی (مستەفا بارزانی) کە زۆر بە روکەش رووبەڕووی ئەجیندای حزبی شیوعیی عیراقی دەبۆوە لە کۆیە و بەتایبەتیش دەربارەی بابەتی (کورد نەتەوەیە یاخود نەتەوە نییە) کە تێیدا سیاسەتی ئەوکاتە حزبی شیوعی لەژێر کاریگەریی سیاسەتی (ستالین)ی رێبەری گەورەی یەکێتیی سۆڤییەت کە تێیدا رادەگەیندرا (کورد نەتەوە نییە پێویستی بە حزبی نەتەوەی سەربەخۆی خۆی نییە، بەڵام بە مەبەستی بەدیهێنانی مافەکانیان دەبێت لەناو حزبە شیوعییەکاندا کار بکەن وەکو هەموو پێکهاتەکانی رۆژهەڵات).**

**تەنانەت رۆژێکیان لە موجادەلە و دەمەقاڵێیەکی نێوان ئەو (عومەر حەبیب-ی پارتی) و (جەلالی مەلا نەجیب مەلا رەسولی بیتوشی) کە ئەویش ئامۆزای حەقی دایکمە (زەکیە مەلا رەئوف مەلا رەسول بیتوشی) لە چایخانەکەی حەمە شین کە لە کۆشکی سەرەوەی گوزەری دارتاشەکانی کۆیە بوو لێیان دەبێتە موناقەشەیەکی توند و قسە بە یەك گوتن کە لە سەرەتادا (عومەر حەبیب) دەیڵێ و دەیڵێتەوە (کورد ئومەتە و کورد ئومەتە و لە قەبری باوکی ئەوە بەم کە دەڵێ کورد ئومەت نیە)، جەلال بیتوشیش بە قسەکەی عومەر حەبیب توڕە دەبێت و پێی دەڵێ (عومەر ئاگات لە دەمی خۆت بێت چۆن کفری وا دەکەی جنێو بە رابەری گەورەی ئەو دونیایە هاوڕێ ستالین**

دەدەی).. عومەر حەبیب–یش لە وەڵامدا دەڵێ (من جنێوم بە ستالین نەداوە، بەڵام لە قەبری باوکی ئەوە دەبەم کە دەڵێ کورد ئومەت نییە ئەوجا هەرکەسێك بێت)، سەرەڕای ناوەندگیریی هەندێ لە ئامادەبووان کە هەندێکیان پارتی و هەندێیکان شیوعی بوون، پێداگرییەکەی هەردووکیان گەرمتر دەبێت و جەلال بیتوشی–ش کە لە مامم کەللە رەقتر دەبێت و پەنا بۆ ئەو چەقۆیە دەبات کە لای قاوەجاغەکەی چایخانەکە دانرابوو و پڕی دەداتێ و چەقۆیەك بۆ مامم دەهاوێ، بەڵام لەوکاتە دا وەستا عەبدەی ئاسنگەر–ی ئامۆزای مامم کە ئەویش لەوکاتەدا چونکە رۆژەکە هەینی دەبێت ئەویش لەگەڵ دوو برادەری پارتیی دیکە کە (مام ساڵحی قەساب و ساڵح شەمسەدین) دەبن لە دوورەوە ئاگاداری ئەو دەمەقاڵێیەی ئەوان دەبن کاتێ وەستا عەبدەی ئاسنگەر دەیەوێ بێتە نێوانیان جەلال بیتوشی چەقۆیەك رامالی عومەر حەبیب دەکات، بەڵام وەستا عەبدە (خوا و راستان) دەستی بەرز دەکاتەوە بە مەبەستی پارێزگاری لە عومەری ئامۆزای چەقۆکە بەر دەستی وەستا عەبدە دەکەوێ و بریندار دەبێت. (زۆر جار–نووسەر–ئەم رووداوەی لە مامم و کاکە عەبدە بیستووە)، بەڵام لە رۆژێکی پایزی ساڵی ۱۹۷۳ کاتێ بەڕێوەبەری رۆژنامەی (التاخی و برایەتی) بووم لە بەغدا کاك جەلال بیتوشی کە ئامۆزای دایکمە ناوە ناوە لەگەڵ هاوسەرە ئەڵمانییەکەی لە بارەگای التاخی سەردانی دەکردم، رۆژێکیان بە حزووری غەفوری برای کە ئەویش وێنەگری دار التاخی بوو لە هەمان کاتیشدا (ستودیو الصباح)ی هەبوو لە گەڕەکی (الفضل) لە بەغدا ئەم چیرۆکەم پێ گێڕایەوە (بە جەلال بێتووشی)، بەڵام دیسان دەیگوت (بە سەری فەرهاد خەتای مامت بوو چونکە دە جار زیاتر دەیگوت و دەیگوتەوە لە قەبری باوکی ئەوە بەم کە دەڵێ کورد ئومەت نییە ئاشکراشە ئەوکاتە (ستالین) سەرکردە و پێغەمبەری هەموو شیوعیی ئەم دونیایە بوو دەمەقاڵێیەکە درووستبوو بەڵام من حەماسەتم بۆ شیوعیەت و ناوی ستالین وای لێکردم پەنا بۆ ئەو چەقۆیە ببەم کە لەسەر قەوەجاغەکە بوو، بەڵام حیکمەتی باوکت (عەونی) کە دایکت خێزانی ئەوە و ئامۆزای منە لەگەڵ مامی گەورەم (مەلا ساڵح بیتوشی) مەسەلەکەیان چارەسەر کرد و نەیان هێشت (حکومەت) پێی بزانێ).

پاش دەرچوونی لە کۆلیژی حقوق لە ساڵی ۱۹٤۷ بە (٦) مانگ پێناسەی پارێزەریی وەرگرت و لەگەل کاك (بەکر ئیسماعیل) لە سەرەوەی چایخانەکەی

خوالێخۆشبوو (ئیسماعیل عارەب) کە لای ڕۆژهەڵاتی دەیڕوانییە دەرگای مزگەوتی گەورە و لەلای ڕۆژئاواش دەیڕوانییە یانەی فەرمانبەرانی کۆیە کە لە تەنیشت (سەرای کۆیە) بوو کوڕێکی گەنجیش بە ناوی (عەبدولفەتاح حەمەد ئەمین) بەردەستیی دەکردن بینایەکی دوو ژووری دروستکرابوو ئەوان کردیانە مەکتەبی پارێزەری بۆ خۆیان کە ئەوکاتە شەوێنەکە موڵکی ئێمە بوو، و پاشان کاکی (عەونی) جێبێکی ئەمریکیی بچووکیشی بۆ کڕیبوو کە پشتەوەی بە چادری سەوز داپۆشرابوو، ناوە ناوەش سەفەری هەولێر یان کەرکووکیان پێدەکرد، بەڵام بۆ کارە پارێزییەکەی لەبەر کاری حزبی و سەفەر و گیران و خۆشاردنەوە کەمتر دەپرژانە سەری، مامۆستا (مەسعود محمەد) لە لاپەڕەیەکی (گەشتی ژیانم) دەڵێ (لەو سەردەمە دا ئەو تاقمە لاوە عومەرە سوور و بەکر ئیسماعیل... لە دڵەوە پارتایەتییان دەکرد).
بەڵام ئەو بە پێچەوانەی باوکم کە لەناو بازاڕ سەرقاڵی کەسابەت و تیجارەت بوو دەستی کراوەتر بوو بە حوکمی ئەوەی پێداویستیی ژیانێکی مسۆگەر لەگەڵ کاکی سەرەڕای دەرچووی کۆلیژی حقوق و کاری پارێزەری.

لە ژیانی پارتایەتیدا سەرەڕای بیرەوەرییەکانی خۆی کە بۆی دەگێڕاینەوە لە ساڵانی دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ چ لە کۆیە و چ لە پێنجوێن و چ لە سلێمانی و چ لە ماوەت ١٩٦٣ و چ لە هەولێر تەنانەت جارێکیان (بەندە) کە قوتابیی قۆناغی دووەمی کۆلیژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان بووم (١٩٦٧-١٩٦٨) بە ڕێککەوت لە هەولێرەوە لە گەراج سواری تاکسییەکی مارسیدس بووین ئەو و بەندە لە پشتەوە بۆ هەردووکمانی دانیشتبووین برادەرێکی دیکە کە جوامێرێکی دزەیی بوو کە بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نەماوە، وابزانم پارێزەر یا حاکم بوو، ئاشنا و دۆستی مامە عومەر بوو ئەویش بەتەنها پێشەوەی گرتبوو، لە ڕێگا لەگەڵ مامم باسی بەغدا و ژیانی سیاسیی قوتابییانی کوردم بۆ دەکرد مامیشم کەوتە ئامۆژگاری کردنم و دەیگوت (فەرهاد ئاگاداری خۆت بە بە هێمنی و لەسەرخۆ ئەرکەکانت ئەنجام بدە...) کاتێ کاکی دزەیی لەپێشەوە دانیشتبوو ئاوڕێکی لە مامم دایەوە و ڕاشکاوانە ڕووی تێکرد و گوتی (حاکم عومەر پێم سەیرە بەو جۆرە نەسیحەتی فەرهادی برازات دەکەی سەیرەکە ئەوەیە پێی دەڵێی بە هێمنی و لەسەرخۆ کارەکانت ئەنجام بدە بەبیرت نایەت تۆ چیت دەکرد و سەردەمی کۆلیژت وەکو من ئاگادارم ئاگرت قوت دەدا).

مامیشم بە پێکەنینەوە گوتی (کاك فلان سەردەمی ئێمە سیاسەت وەکو ئێستا نەبوو ئێمە ئەو سەردەمە زۆربەمان بەدیارەوە نەبووین، جیاوازییەکی زۆری لەگەل ئێستادا هەیە، ئەوڕۆ زۆرترین جەزای دوێنێ کەمترین جەزای ئێستایە بۆیە دەبێت زۆر بە ئاقڵی کارەکانی خۆی ئەنجام بدات).

دۆست و هەڤاڵی رۆژانی پارتایەتی بەهەشتی مام جەلال تاڵەبانی باس لە عومەر حەبیب یان عومەرە سووری پارێزەر دەکات لە کۆیە کە هەردووکیان یەك کەسن، بەڵام چونکە مامە عومەرم سوورە بوو زۆر جار بە (عومەرە سوور) ناوزەد دەکرا، چ بۆ خۆشەویستی و چ بۆ جیاکردنەوە.

لە بەڵگەنامەی ژمارە (٧)ی کتێبە نایابەکەی (مەسعود بارزانی) کە لەژێر ناوونیشانی (بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨) چاپی یەکەم بو کوردی-١٩٩٨ کە خوالێخۆشبوو سەعید ناکام وەریگێڕاوە-چاپخانەی خەبات، لاپەڕە ٣٦٧ کە بریتییە لە نامە مێژوویەکەی مام جەلال کە لە ١٩٥٥/١٠/٥ لە (پەکین) پایتەختین ولاتی چین نووسراوە (بۆ هاوڕێ پێشەوا جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و هاوڕێ خۆشەویست میرحاج ئەحمەد)ی ناردووە لە بڕگەیەکدا دەنووسێ (في سنة ١٩٤٩ اعتقل السيد همزة عبدالله-سكرتير الحزب-كاتب السطور في السليمانية وأرسل إلى بغداد مخفورا وكان هذا أواخر ١٩٤٩ وبداية ١٩٥٠ وحيال اعتقاله حاولت جماعة من الرفاق في كويسنجق كالرفيق علي عبدالله عضو المكتب السياسي الحالي والرفيق بكر إسماعيل عضو الحزب والرفيق (آنئذ) عبدالكريم توفيق والسيد حمدأمين معروف والسيد حبيب المحامي (يقصد عمر حبيب المحامي-(كاتب السطور) بمساعدة الرفيق محمد زياد اعادة تنظيم المركز مؤقتا والتهيئة لمؤتمر حزبي ولكن هذه اللجنة لم تستطع القيام بما أرادت لنفسها... ولكن عقد بدلا عن ذلك كونفرانس حزبي حضره مندوبون عن السليمانية وبدغدا والفيليين وحلبجة وكركوك والموصل وكويسنجق).

لە کتێبی (نووسینەکانی سەرۆك مام جەلال لە گۆڤاری خاك دا) پاراگرافێك لە لاپەڕە (٧٥ و ٧٦) هەیە دەربارە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق لە ساڵی ١٩٥٣ کە تێیدا مام جەلال دەڵێ (کە لە ساڵی ١٩٥٣ دا پارتی بڕیاری دا کاك (مەسعودی مەلا گەورە) (مامۆستا مەسعود محەمەد) بیاڵێوێت بۆ نائیبی کۆیە زۆر بە دڵێکی فراوانەوە و پیاوانە هاتە دەست، من خۆم ئەم مەسەلەیەم باش لەبیرە، چونکە هەڤاڵانی کۆیە

منیان نارد و راسپارد بچم رەئی هەڤالانی سەرکردایەتی پارتی وەربگرم، لەپێشەوە چوومە لای مامۆستا حەمەد ئەمین مەعروف کە دوورخرابۆوە (لە کۆیە بە مامۆستا بودی پەلکانە)ی نزیك پردێ ئەو دژی بەشداری کردن بوو لە هەڵبژاردن پاشان چووم بۆ سلێمانی کە مامۆستا برایم ئەحمەد و مامۆستا جەلیل هۆشیار و مامۆستا بەکر ئیسماعیل (وەك م.س) پێکەوە بوون.

مامۆستا برایم کتێبەکەی (لینین)ی لەسەر (چەپڕەوی لە کۆمۆنیزمدا سەرلێشێواوییەکی منالانە)ی خوێندبۆوە و باسی هەڵبژاردەی تێدا بەدیکردبوو، پێی وابوو کە دەبێ بەشدار بکەین لە هەڵبژاردن بۆ پروپاگەندەکردن و خەڵك هاندان و خوتبەدان و وروژاندن و سازدان و هۆشیاکردنەوەی جەماوەی نەك دەرچوون، خۆ ئەگەر دەریش چووین ئەوا خێری پێوەیە، هەروەها مامۆستا برایم پێشنیاری کرد کە ئەوجارەیان مامۆستا مەسعودی مەلای گەورە کە ئەوسا حاکمی تەحقیقی سلێمانی بو، بپاڵێون بۆ نائیبی کۆیە بە بەرنامەیەکی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازی تێروتەسەل، کە لێم پرسی کاك مەسعودتان ئاگادار کردۆتەوە و ئامادەیە ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی؟ وەڵامەکەی ئەوە بوو بڕیارەکە دەدەین، ئەویش تاقی دەکەینەوە تا لە سلێمانی بووم مامۆستا مەسعود ئاگادار کرا و رازی بوو و لە ئەمین ئاغای رەحمەتی برای تەها محی الدین جێگری سەرۆکی عیراق سەد دیناریشمان قەرز کرد بۆ تەئمینات، چونکە پارتی ئەوسا سەد دیناری نەبوو، کە گەڕامەوە کۆیە مامۆستا عەلی عەبدوڵلا و لیژنەی ناوچە خوالێخۆشبوو (عومەرە سوور) بەلایانەوە سەیر بوو، بەڵام کاك (عەلی عەبدوڵلا و هەڤالان کەوتنە چالاکی کە لێرەدا دەردەکەوێ وەکو بەهەشتی مام جەلال باسی لێوە دەکات (عومەرە سوور) رەقەمێك بووە لە پارتی لەو کاتەدا، عەبدولڕەحمان ئیسماعیل رەسول (١٩١٧-١٩٩٣) کە بە (مامە رووتە) ناسرابوو یەکێکە لەو کەسایەتییانەی کە هەر لە کۆمەڵەی دارکەرەوە ئینجا بۆ حزبی هیوا و پاشان رزگاری و دواجاریش لەسەر هەمان رێبازی کوردایەتی بوو ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، مامە رووتە یاخود (خوالێخۆشبوو عەبدولڕەحمان رووتە) دۆستێکی نزیکی باوکم (عەونی) و (عومەرە سوور)ی مامم بوو بەهۆی خزمایەتیشەوە لەگەڵ بنەماڵەی مامۆستای خوالێخۆشبوو (عەلی عەبدوڵلا) و (عومەر عەبدوڵلا)ی برا گەورەی، هەمیشە لە دۆستایەتی و بزووتنەوەی کوردایەتیدا

لەو ئەڵقەیە نزیك بوو كە وەكو ئەوان بیری دەكردەوە و كادیرێكی بەتوانا و جەربەزەی سەردەمی خۆی بوو، كاتێك لە پایزی ساڵی ١٩٥٢ (حكمی قەرەقوش عورفی) كە بە مانای لێپرسینەوە بێ لە هۆكار رووبەڕووی لێپرسینەوەی پۆلیس دەبوو هەر كەسێك بە تۆمەتی سیاسەتی دژ بە حكومەتی پاشایەتی بگیرابایە و رەوانەی زیندان دەكرا. (جا مامە رووتە كە ماوە چەند ساڵێك لەگەڵ نووسەری ئەم بابەتە لە كارگەی پوختەكردنی تووتن لە كۆیە لەنێوان ساڵانی (١٩٧٨-١٩٨٦) فەرمانبەری ئەو كارگەیە بوون) رۆژانە یادیان بەخێر (حەمید ئاغای كاكە زیادی غەفووری) كە بەڕێوەبەری كارگەكە بوو و عەزیزی ساڵح ئاغای غەفووری، عەبدولڕەحمان مەحمود ئاغا حەوێزی (عەبدولڕەحمانە شێتە) و موحسین عەزیز ئاغای حەوێزی و محەمەدی حاجییە گەورە لە ژوورەكەی من بە بەڕێكردنی ئیشوكارەكانی كارگەكە دوو دوو، سێ سێ، چوار چوار پێكەوە دەرگامان پێوەدەدا و دەكەوتینە قسە و بێ ترس (چونكە دائیرەكەمان تەنانەت پیاوێكی خراپی سەر بە رژێمی تێدا نەبوو) سەرەڕای ئەوەی كە لێكدانەوەی جیاواز هەبوو، بەڵام وەكو یەك خێزان هەڵسوكەوتمان لەگەڵ یەك دەكرد و قسە و باسەكانیش هەمووی لە بازنەی شۆڕش و پێشمەرگە و چالاكییەكانی هێزە جیاجیاكانی كوردستان بوو، ئەوجا خوێنەری بەڕێز بزانە لەو هەموو ماوە دوور و درێژەدا دەیان و سەدان بیرەوەری و رووداو دەهاتنە گۆڕێ، رۆژێكیان دەربارەی بابەتێك كە پەیوەندیی بە (خوالێخۆشبووان عەلی عەبدوللا و عومەر حەبیب و گوندی قورتەلاس و ناحومی جوولەكە) هەبوو و بزووتنەوەی پاشایەتی بوو مامە رووتە ئەو رووداوەی گێڕایەوە: (كاك عەلی عەبدوللا و عومەر حەبیب ناسراو بە عومەرە سوور) بڕیاری گرتنیان لە هەولێرەوە دەرچوبوو بەهۆی برادەرێكی پۆلیسی ئەندامی پارتی هەواڵەكەمان زانی (كاك عەلی و كاك عومەر) دوو شەو لە ماڵی باوكی كاك (كەمال محی الدین) كە خوشكەزای كاك (عەلی عەبدوللا)یە بە نهێنی مانەوە و لەو دوو رۆژە پەیوەندیی بە خوالێخۆشبوو (مەلا فەتاحی ئاغای گوندی قورتەلاس) كرا. كە سەر بە كۆیە بوو كە ئەویش خزمایەتیی لەگەڵ ماڵی كاك كەمال محی الدین هەیە و دۆستی ماڵی كاك عەلی عەبدوللا-ن. مەلا فەتاح زۆر پیاوانە هاتە دەست و ئامادەیی تەواوی دەربڕی كە لە گوندی قورتەلاس دەیان شارێتەوە و ئەمنیەتیان مسۆگەر دەكات دوور لە چاوی پیاوانی رژێم. لە درێژەی قسەكانی دا مام رووتە گوتی (شەوی سێیەم دوو

**ئێستری باشم پەیدا کرد لەگەڵ خوالێخۆشبوو شەهید (مەولود شینە) کاک عەلی و کاک عومەرمان بەرەو قورتەلاس برد، بە گەیشتنمان مەلا فەتاح شوێنی مانەوەی بۆ ئامادە کردبوون و ئەو ماوەیەی کە چەند مانگێکی خایاند خزمەتێکی باشی کردن تاکو عورق هەڵگیرا.**

**جارێکیان پاش تێپەڕبوونی دوو مانگ و نیوێك کاك عەلی و عومەرە سوور مەیلی شاریان دەکرد چ بۆ پەیوەندیی مەرکەزیی بە حزب چ بۆ پشوودانێکی ناوشار (کۆیە) رۆژێك منیان راپارد کەوا لە کۆیە بەبێ ئاگاداریی هیچ کەسێك تەنانەت براگەورەکانیشیان کە بریتی بوون لە (عومەر عەبدوڵلا ئەمین)ی براگەورەی کاك عەلی عەبدوڵلا و (عەونی)ی شاعیری براگەورەی عومەرە سوور، ئەوان تەنها (کاکە ناحوم)ی بە رەگەز جوولەکەی کاسبکاری کۆیەیان دەستنیشان کرد کە بچنە ماڵی، منیش (مامە رووتە) نیوەڕۆی ئەم رۆژە (ناحوم) دێتەوە و هەواڵی هاتنی (عەلی و عومەر)م پێدا، بەڵام پاش بیرکردنەوەیەکی کورت پێی گوتم (رووتە کە دونیا تاریك بوو من لە پشتی دەرگا رادەوەستم تۆ دوو جار بە هێواشی لە دەرگا بدە و دەرگا دەکەمەوە و ئێوەش وەرنە ژوورەوە). بیرکردنەوەکەی ناحوم کە کاتێ مامە رووتە هەواڵی هاتنی (عەلی و عومەر)ی بۆ ماڵی ئەوان دەداتێ (وەکو هەموو جار کاك عومەر عەبدوڵلا و عەونیی شاعیر دەیانگێڕاوە) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رێککەوتەی کە لە هەمان رۆژ (ناحوم) هەردوو برا گەورە (عومەر عەبدوڵلا و عەونیی شاعیر) سەر لە بەیانی خەبەردریان دەکات کە هەمان شەو داوەتی ئەون لە ماڵەوە، بەڵام کاتێ کە مامە رووتە هەواڵی هاتنی هەردوو برای (موختەفی) بە ناحوم دەڵێ (عەلی و عومەر) ناحوم بیر لەوە دەکاتەوە کە بە رێککەوت دوو براگەورەی ئەو دوو موختەفییە داوەت کردووە، بەڵام یەکسەر چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە چونکە نایەوێ تەنانەت برای گەورەکانی (عەلی و عومەر)یش بزانن کە ئەوان دێنە ماڵی ناحوم پاش نیوەڕۆ ناحوم دێتە بازاڕ لە (محەل)ـەکەی عەونی کە کاك عومەر عەبدوڵڵاش لەوێ دەبێت، دەموچوی خۆی تۆزێ گرژ دەکات و پێیان دەڵێ (کاك عەونی، کاك عومەر.. گورجی (کە ژنی ناحوومە) بەو پاش نیوەڕۆیە تووشی زگ ئێشان بووە و حاڵی خراپە عەفووم بکەن دەعوەتەکەتان بۆ چەند شەوێکی پاشتر دوا دەخەم گورجی ناتوانێ خواردن و مەزە ئامادە بکات). کاك**

عومەریش پێی دەڵێ (خوا (گورجی)ـت لێ نەستێنێ چونکە تۆ بەو گورجییەوە پیاوی).

پاش مانەوەیان بۆ دوو شەو لە ماڵی ناحوم مامە رووتە (کاک عەلی و عومەر) بۆ ئێوارەی سێیەم دەیانگێڕێتەوە بۆ قورتەلاس، بەڵام ناحوم باسی ئەو بابەتە لای براگەورەکانیان ناکات پاش ماوەیەك (حوکمی عورفی نامێنێ) و کاك عەلی و عومەرە سوور دەگەڕێنەوە کۆیە، هاتنەکەیان بۆ ماڵی ناحوم باس دەکەن کە بە رێککەوت ئەوانی تێدا داوەت کردبوو بەڵام بەهۆی پاراستنی (نهێنی) ناحوم رووداوی نەخۆشیی (گورجی)ی ژنی بۆ درووست کردبوون تاکو داوەتەکە دوابخات، کاتێ ناحوم دێتە لایان عومەر عەبدوللا و عەونیی شاعیر کە زۆر دۆستیان بووە و زۆریشیان خۆشدەویست سەرەڕای ئەوەی کە ناحوم ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کاك عومەر عەبدوللا پێی دەڵێ:

**عومەر عەبدوللا ئەمین**: مام گەواد ئەو فیلمەت چۆن رێکخست کە گوایە (گورجی)ی خێزانت نەخۆشە.

**ناحوم**: کاك عومەر فیلمی چی! کا سینەما لە کۆیە هەیە؟

**عومەر عەبدوللا**: بە پێکەنینەوە کافری بەد مەزەب، فیلمی شەوی داوەتەکەی من و عەونی کە گوتت گورجی نەخۆشە.

**ناحوم**: کاکە خۆ درۆم نەکردووە

**عومەر عەبدوللا**: چۆن درۆت نەکردووە ئەدی هەمان شەو (عەلی و عومەر) میوانت نەبوون و دوو شەو لای ئێوە مابوونەوە.

**عەونی**: کاك عومەر لێیگەڕێ حیسابی جوولەکە فەرقی هەیە لەگەڵ حیساباتی ئێمە، هەبێ و نەبێ ناحوم نەوعێکی دیکەی بیر لێکردۆتەوە.

**ناحوم**: کاك عومەر، کاك عەونی، ترس عەیب نییە و خۆپاراستن (عەینی عەقڵە) من چۆن ئێوە داوەت بکەم لە کاتێکدا ئەو دوو کوڕە گەنجە خۆشەویستانە لە ماڵی منن کە حکومەت بەدوایاندا دەگەڕێ و موختەفین، دەترسام ئێوە سەرخۆش بن و قسەتان لەدەم بێتە دەر، لای ئێمە پاراستنی ئەسرار شتێکی پیرۆزە و من دوو ساڵە ئەندامی پارتی و گورجی نەیزانیەوە.

پلەی پارتایەتیی مامە عومەرم کە پێشووتر ئەویش لە هیواوە بۆ رزگاری و لەوێشەوە بۆ نێو پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە بە خسڵەتێکی کوردپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵ دۆست و هەڤاڵی خۆی کردووە، دۆستە هەرە نزیکەکانیشی لە قۆناغی یەکەمی ژیانی سیاسی سەرەڕای عەونیی براگەورەی، خوالێخۆشبووان (عومەر دەبابە، عەلی عەبدوڵلا، بەکر ئیسماعیل، کەریم تۆفیق، کاکە زیادی ئاغا، سەمەد بەننا ناسراو بە (سەمەد مەنجەڵ)، دڵشاد میرزا غەفوور (دڵشاد رەسولی)، تایەر مستەفا، مەسعود محەمەد، بەکر بەننا، عەبدولحەمید حاجی مەلا تۆفیق، عەبدولمەجید نورەدین، حەمەد ئەمین مەعروف، تایەر سەعید، زەکی ئەحمەد هەناری، یونس رەئوف (دڵدار)، ساڵح شەمس، کەمالی حاجی مەجید، نامیق عەبدوڵلا حەوێزی، ئەکرەم عەبدولقادر، حسام الدین تەیب (شعب) و کەمال سادق، تایەر عەزیز، عەبدولکەریم شێخانی...) لە دەرەوەی کۆیەش پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە خوالێخۆشبووان ئەحمەد حەمەد ئەمین درەیی، رەشید عەبدولقادر، جەوهەر عەزیز، بایز عەزیز، حاکم رەحمان، عەونی یوسف، گیو موکریانی، عزەدین مەلا فەندی و قاسمی برای... هتد)، لە سلێمانیش سەرەڕای کەسایەتییە کۆییەکانی وەکو (محەمەدی حاجی تایەر و خوالێخۆشبووان حاجی میرزا عەبدوڵلا کۆیی (خادم)، لە سلێمانییەکانیش حەمە بۆر، ئیسماعیل عارف و شێخ محەمەدی خاڵ و حەمەی فەرەج ئەفەندی و رەئوف فەرەج ئەفەندیی برای و جەمال شاڵی و فائق هۆشیار و ئەحمەد زرنگ و حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا و رەشید باجەلان و حاکم جەمال (مشەوەش) حەسەنی سەید ئەحمەد و بەهجەت بایان)، لە دەڤەری بادینانیش دۆستایەتیی نزیکی لەگەڵ (حاکم فەریق و حاکم عەبدولمەجید و حافز قازی و ئەنوەر تۆڤی (لە سلێمانی دۆستایەتیی لەگەڵ پەیدا کرد) و عەبدولحەمید ئەتروشی) و هەروەها دەیان و سەدان کەسایەتیی دیکە چ وەکو هەڤاڵی پارتایەتی چ وەکو وەزیفە و پارێزەری و چ وەکو کەسایەتیی شارەکانی کوردستان، چونکە مرۆڤێکی بە هەڵوێست و راستگۆ و و چاونەترس و کوردپەروەر بوو، لە کاری پیشەیی وەزیفەشدا چ وەکو پارێزەر و (معاون تسوية الأراضي) و دادوەر (حاکم) هەمیشە بە پیاوێکی پاك و بێگەرد و رەوشت پاك ناسراوە و هیچ کاتێك سڵی لە حەق نەکردۆتەوە.

پاش بەکۆتاهاتنی حوکمی عورفی و بە لێبوردنی میری هەردوو برادەر (عەلی عەبدوللا و عومەر حەبیب) دەگەڕێنەوە ژیانی ئاسایی و سیاسیی خۆیان چونکە لەو بارودۆخەی سالانی ١٩٥٣-١٩٥٦ تا رادەیەك سیاسەتی حکومەتی عیراق لە کوردستان نەرمتری نیشان دەدا تەنانەت لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٣ی پەرلەمانی عیراقدا پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دا کەوا مامۆستای خوالێخۆشبوو (مەسعود محەمەد) بپاڵێوێ بۆ ئەندامێتیی پەرلەمانی عیراق و دەرچوو کە ئەم کەشوهەوایەش لە بارودۆخی کوردستان و جموجۆڵی سیاسی لە کوردستان بەرەو ئارامی و سەقامیگیری دەچێت.

پاش حەفت ساڵ لە دەرچوونی لە کۆلێژی حقوق (١٩٤٧) وەکو لەپێشەوە باسم کردووە چەند جارێك گیراوە و ئیختیفای کردووە و تەنانەت جارێکیان لەگەل (عەونی)ی براگەورەی لە کۆیە پێکەوە دەگیرێن، بۆ یەکەم جار پاش بەسەربردنی کاری پارێزەی کە زۆر راستگۆیانە تێپەڕاندووە بۆ یەکەم جار لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی داوای دامەزراندنی دەکەن، ئەوەبوو لە پایزی ساڵی ١٩٥٤ بۆ یەکم جار بە وەزیفەی (معاون تسوية الأراضي) کە سەر بە وەزارەتی داد دەبێت لە کەرکووك دادەمەزرێ و ماوەی سێ ساڵ لە کەرکووك دەمێنێتەوە کە تێیدا وەزیفەکەی زۆر هەستیار دەبێت، بەڵام ئەو بە رادەیەك کارەکانی ئەنجام دەدا وەکو میلی سەعات دەڕۆی.

ئەوکاتەی کە لە کەرکووك بوو ماڵەکەی لە گەڕەکی شاترلو و نزیك شەقامی سەرەکی کە بۆ کۆمپانیای نەوت دەچوو، دراوسێیەکانی زۆربەیان مەسیحی و ئاشووری بوون ماڵی (نجیب الريحانی) کە فەرمانبەری میری بوو مەسیحییەکی خەڵکی موسڵ بوو یەکێکی دیکەیان ماڵی (جوهرە)ی خەیات بوو کە خۆی لەگەڵ دایك و خوشکێکی دەژیا و بە رەگەز ئاسووری بوون و ماڵی سێیەمیان ماڵی دکتۆرێکی بە رەگەز جوولەکە بوو کە ناوی (بنیامین) بوو، دراوسێی چوارەمیش ماڵی (بهجت عونی) خەڵکی سلێمانی بوو. هاوینان بۆ چەند رۆژێك دەچووین کە بۆ یەکەکم جار گالیسکە (عەرەبانە) کە بە دوو ئەسپ رادەکێشرا لە کەرکووکم بینی و چەند جارێکیش بۆ چوونی ماڵە دۆستەکانی مامم بەو عەرەبانانە دەچووین، ئەوانەی مامم هامۆشۆی دەکردن لە کەرکووك ماڵی خوالێخۆشبووان تایەر مستەفای برا گەورەی خوالێخۆشبوو عومەر دەبابە، ماڵی کاکە محەمەد فەخری حەوێزی کە ئەویش کۆیی

بوو له کۆمپانیایەکی تایبەت (فورمەن) بوو، هەروەها هاتوچۆی ماڵی خوالێخۆشبوو تایەر مەلا سادق کە ئەویش هەر کۆیی بوو، سەرەڕای ماڵی کاك فائق کە کوڕە گەورەکەی ناوی ئەمیر بوو، ئەوجا دۆستێکی کۆنی سەردەمی چلەکان کە بە رەگەز تورکمان و خەڵکی کەرکووك بوو سەردەمانێك لە کۆیە مامۆستا بوو ناوی (رەفعەت ئەفەندی) بوو ماڵیشی لە قەڵای کەرکووك بوو، هەروەها سەردانی ماڵی کوڕەکانی وەستا نووری خەبات کە کوردی کەرکووك بوو، بەڵام سەردەمانێك لە کۆیە کرێ گرتەی خانووی باوکم بوون لەگەڵ چەندان کەسایەتی و خانەوادەی کوردی دیکەی وەکو تەکیەی سەید ئەحمەدی خانەقا و کاکە حەمەی خاوەن ئوتێلی شەهرەزاد و سابیر بەگی ئەرسەلان.

بیری رۆژانێ کە سەردانی کەرکووکمان دەکرد ئەو شارەم زۆر خۆش دەهاتە بەرچاو (هێمن، خاوێن، ئۆتۆمبێلی خاوێن) سەرەڕای چایخانە و چێشتخانە هاوینییەکانی شەوانی و زۆر جاریش بە عەرەبانە بۆ گەڕەکی (عەرەفە) دەچووین کە ئەوسا وەکو دەیانگوت (ئەوروپا یە).

بەش بە حاڵی خۆم کە دەچووینە بازاڕ لە نزیك ماڵی مامم دوو فرۆشگای گەورە و رازاوە هەبوون کە ناویان (مخزن فکری، مخزن رشید) بوو کە هەردووکیان خاوەنەکانیان کورد بوون، بەڵام بەداخەوە حاجی رەشید لە هەشتاکاندا لە فرۆشگایەکی خۆی تیرۆر کرا. لە هاتوچۆماندا ئەو زمانانەی کە گوێبیستی دەبوون (کوردی، تورکمانی) بوو، زۆر بە دەگمەن گوێبیستی عەرەبی دەبووم و عەگال لەبەریش زۆر کەم و تاك تاك دەهاتنە بەرچاو. رێگای سەرەکیی ئێمە بۆ کەرکووك لە رێگای کۆیە–تەق تەق، شیوەسوور، رێدار–کەرکووك بوو زۆر جاریش لای خزمان لە تەق تەقیش چوند شەوێك دەماینەوە و باوکم و مامیشم دەهاتن بۆ (راوە ماسی) لە تەق تەق کە باوکم زۆر بە جوانی (مەستگوف)ی لە ماسیی زێی تەق تەق چادەکرد کە تاکو ئێستاکەش تامی لای من هەر ماوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٧ پاش ١٠ ساڵ لە دەرچوونی لە کۆلیژی حقوق لە وەزارتی دادی عیراقەوە فەرمانی (١٢) دادوەر دەرچوو کە یەکێکیان عومەر حەبیب بوو و کرا بە دادوەری بەرایی (بداءة) قەزای پێنجوێن، رۆژێکی سەرەتای مانگی ئابی ١٩٥٧ (عەونی) باوك لەگەڵ کاکە عەبدەی ئاسنگەر و من و بارام و خەسرەو و ئازاد

بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتین لەوێشەوە لە (نەقلیاتەکەی شێخ تالیب) بە ئۆتۆمبێلێکی جۆری (لاند رۆڤەر) بەرەو پێنجوێن بەڕێکەوتین کاتێ گەیشتینە شوێنێکی شاخاوی شوفێری ئۆتۆمبێلەکە سەرنجی باوکم و کاکە عەبدەی راکێشا بۆ رووداوێك کە کاتی خۆی (خولە پیزە) و کۆمەڵەکەی لەم شوێنەدا کە پێی دەڵێن (پێچی بێ مەحکەمە) حاکم باقی ساحێبقڕانی کوشتووە بێ ئەوەی هیچ هۆکارێك هەبووبێت (پاشان لە سالانی سەرەتای حەفتاکاندا کاتێ قوتابی کۆلیژی پزیشکی چیا عەباس ساحێبقڕانی-م ناسی لە رێگای رێکخستنەکانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان کە ئەو (چیا) لە کۆلیژی پزیشکی بوو لە بەغدا باسی کوشتنەکەی حاکم باقیی بۆ کردم چونکە حاکم باقی مامی چیا بوو کە لە ئاکامی هەڵەیەك و لێك تێنەگەیشتنێك ئەم رووداوە دڵتەزێنە روویدا-نووسەری ئەم بابەتە).

پێنجوین لە یەکەم ساتەوە دیمەنێکی یەگجار دڵڕفێنی هەبوو، ئەوکاتە شارۆچکەیەکی بچووك بوو پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی نەبوو، بەلام لەنێوان چەند ماڵێك کانی ئاوی روون بە پارچە سۆندەیەکەوە دەڕژایە خوارەوە، بەلام چ ئاوێك سارد و شیرین، ئەو چەند رۆژەی کە لە پێنجوێن ماینەوە کە ماوەیەکی کەم بوو (شێرکۆ)ی نۆبەرەی مامە عومەرم ١٩٥٧/٧/١٤ لە دایك ببوو، رۆژانە لەگەڵ ئەو کوڕە گەنجە کە خەڵکی دێهاتی ئەم ناوە بوو کە ناوی (؟؟) بوو رۆژانە بەملا و ئەولا پێنجوێن و باخەکانی دەیبردین، (قوڕە رەشە، پلکیان) و شوێنی دیکە.. رۆژێکی پشووی هەینی بە دوو ئۆتۆمبێل لەگەڵ مامە عومەر و مامۆستای خوالێخۆشبوو حەسەن یارە کە خەڵکی پێنجوێن و مامۆستای سەرەتایی بوو، حاجی میرزا غولامیی دوکاندار کە پیاوێکی خاوەن دووکانێکی گەورەی پڕ لە شتومەکی هەمەجۆر بوو و خەڵکی پێنجوێنە، معاونی پۆلیسی پێنجوێن بەرەو سەرئاوی (قزلجە) چووین بۆ راوەماسی کە تاکو ئێوارە بە راوە ماسی و برژاندنی سەرقاڵ بووین.

یەکێ لەو دیمەنانەی کە بیرم ناچێتەوە رۆژێکیان چووینە سەرای پێنجوێن لە پێشەوە بە دەستە چەپی پۆلیسخانەکە چەند وێنەیەکی جۆراوجۆری لەناو جامخانەیەك هەڵواسرابوو کاتێ کە ناوەکانمان خوێندەوە دیاربوو وێنەی (خولە پیزە و کۆمەڵەکەی) کە پاش کوژرانیان وێنەیان هەڵواسرابوو بۆئەوەی خەڵکی پێ

چاوترسێن بکەن، وابزانم ڕووداوەکەش (کوشتنی ئەم کۆمەڵە) لە زەمانی ئەفسەری بە ڕەگەز تورکمانی عیراقی (عومەر عەلی) بوو کە ئەوکاتە موتەسەریفی سلێمانی بوو.

حاکم عومەر حەبیب لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ گوێزرایەوە بۆ سلێمانی و کرا بە (دادوەری لێکۆڵینەوە) و ماڵەکەشی لە مەڵکەندی بوو، بەندە هەردوو هاوینی ساڵی ١٩٦٠ و ١٩٦١ لە پشووی هاوین لەسەر داوای مامە عومەر و ڕەزامەندیی باوکم دەچوومە سلێمانی کە تێیدا بۆ من ئەزموونێکی باش و بەکەڵك بوو، خەڵکانێکی جۆراوجۆرم ناسی چ لە ڕێگای مامەوە کە ئێواران لە دووکانەکەی (حاجی میرزا عەبدوللا کۆیی) کە نازناوی (خادم)ی شیعری بوو کە دەتوانم بڵێم هەموو ئێوارەیەك کۆڕێك و مەجلیسێکی کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانی ئەو جا چ خەڵکی سلێمانی و چ کۆییەکانی دانیشتووی سلێمانی، دووکانەکەش لەسەر شەقامی (مەولەوی) بوو لە تەنیشت (محەل)ـەکەی کاك محەممەدی حاجی تایەر و خوالێخۆشبوو قادری برای بۆ ئێواران ئەم دوو محەلە پڕ دەبوو لە خەڵکانی دیار و ناسراو سەرەڕای کەسایەتیی کاك محەممەدی حاجی تایەر کە ئەوکاتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان و لێپرسراوی لقی چواری پارتی بوو کەو ئەویش هەر خەڵکی کۆیە بوو، منیش ئێواران لەگەڵ مامم ڕوومان لە محەلەکەی حاجی میرزا عەبدوللا و کاکە محەممەدی حاجی تایەر دەکرد، بەندەش بە دۆستایەتیی برا بچووکەکانی کاك محەمەد کە بریتی بوون لە کاکە عەبدوللا کە بە کاکە عەبەیان بانگ دەکرد و کاکە مستەفا، سەردەمی ئەوکاتەش وەکو نەریتێك لەسەر شەقامی مەولەوی لەمبەر و لەوبەر گەنجانی سلێمانی لەسەر شۆستە و بن درەختەکانی شەقامەکە ڕادەوەستان کە کۆمەڵ کۆمەڵ بەدەم قسە و بێکەنین و چاوبازی ئێوارانیان بەڕێدەکرد.

حاکم عومەر لە پەیوەندیی پارتایەتی بەردەوام بوو، ئەوەی من لە دوورەوە لێی ئاگادار بووم پەیوەندییەکەی لە ڕێگای کاك محەممەدی حاجی تایەر بوو، ناوە ناوەش خوالێخۆشبوو (ئیسماعیل عارف) سەری لێ دەدا.

سەرلە بەیانیانی ئەو ڕۆژانەی کە دەچوومە دەرەوە لە پێشەوە سەردانی کتێبخانەی گەلاوێژم دەدا و لەخوار ئەویشەوە کتێبخانەیەکی بچکۆلە هەبوو کە تەنیا ڕۆژنامە و ئەدەبیاتی حزبی شیوعیی عیراقی دەفرۆشت، زۆر جار ڕۆژنامەم لێ دەکڕی، کاتێ دەچوومە چایخانەکەی بەرامبەر سینەمای ڕەشید دادەنیشتم

ڕۆژنامەکەم دەخوێندەوە، هەفتەی دوو جاریش دەچوومە سینەما، جارێك بۆ سینەمای ڕەشید و جارێك بۆ سینەمای سیروان، لە بیرمە کاتێ پڕوپاگەندەی (دیعایە) بۆ فلیمێکی ئێرانی دەکرا بە ناوی (فرسان کوردستان) مامە عومەر (لۆچێکی) سینەمای حجز کرد بە خێزان چووین بۆ فیلمەکە کە خودا وەکیلە تاکو ئێستاکەش دیمەن و گۆرانی و موزیکەکانم لەیاد ماوە. پاش ماوەیەك چونکە بارودۆخەکە بەرەو لێکترازان لەگەڵ حکومەتی عیراق دەچوو ناوی (فیلم) گۆڕا بۆ (طلسم شکستم) یانی (تەلیسمی شکاو)، هەندێ جاریش دەچوومە دادگا لای مامم بە بێدەنگی دادەنیشتم، هەندێ ڕۆژیش لە ڕێگای مامۆستا عەبدولخالق عەلائەدین-ەوە کە خاڵی (شێرکۆ)یە ئاشنایەتیم لەگەڵ وێنەگر و خاوەندی (ستوديو اتحاد الشعب) کاك عوسمان حاجی محەمەد پەیداکرد زۆر جار سەردم دەدا و تاکو ئێستاکەش ئەگەر سەردانی سلێمانی بکەم و ڕێم بکەوێ لە ئەحواڵی دەپرسم پاشانیش لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە لە ڕێگای هاوڕێی خۆشەویستم خوالێخۆشبوو کاك مستەفا ساڵح کەریم زانیم (ڕۆژنامەنووس توانا عوسمان) کوڕی ئەو دۆستەم ناسی.

پایزی ساڵی ١٩٦٢ حاکم عومەر گوێزرایەوە بۆ قەڵادزێ چونکە ئەو سەردەمە بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی داد بۆ هیچ دادوەرێك نییە لە سێ ساڵ زیاتر لە شوێنێك بمێنێتەوە، بۆیە مەسەلەکە لای ئاسایی بوو، بەڵام لە دڵەوە ئارەزووی مانەوەی لە سلێمانی دەکرد.

قەڵادزێ وەکو ئاشکرایە شارێکی دڵگیرە و خاکەکەشی بەپیت و بەرەکەتە، کۆمەڵە ماڵێکی بە ڕەگەز کۆیی لەم شارەدا سەردەمێکە تێیدا دەژین، کاتێ حاکم عومەر گوێزرایەوە قەڵادزێ ساڵ و نیوێك دەبوو شۆڕشی ئەیلول سەریهەڵدابوو و کەشوهەوار ئەو شارەش بەرەو شۆڕش و کوردایەتی هەڵدەکشا، حاکم عومەر تاکە حاکمی ئەو شارە بوو لە باڵەخانە و ماڵی حاکمی سەربەخۆی لێبوو و ئیشوکارەکانی لەگەڵ ستاف دادگا زۆر بە ڕێکوپێکی گوزەری دەکرد لە ڕێگای هەندێ لە ئاشنایانی کە کۆیی بوون و کادری ناوشاری پارتی بوون پەیوەندیی ژێربەژێری لەگەڵ ڕێکخستنی شۆڕش هەبوو. مانەوەی زۆری نەکێشا کە کودەتا شوومەکەی ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بە ڕووخاندنی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم کۆتایی هات، پاش چەند ڕۆژێك کە پێشمەرگە دەسەڵاتی خۆی لەسەر قەڵادزێ و ڕانیە و کۆیە لەو دەڤەرە سەپاند مامە

عومەرم بە سەردان هاتە کۆیە و زۆر لە خەمی (عەونی)ی کاکی بوو کە لە (نوگرە سەلمان) حەپس بوو، بەڵام کاتێ هاتەماڵەوە چاوی بە دایکی کەوت (نەنە پیرۆز)م فرمێسکی لە چاوانا قەتیس مابوو کاتێ نەنکم پێی گوت (عومەر کوڕم دەبێ کاکت بە سەلامەتی بێتەوە؟! هیچی لێ نازانی بەردەبێ بەر نابێ، دەڵێن ئەو حکومەتە تازەیە زۆر سەگباب و زاڵمە). مامیشم پاش تاوێ رووی لە نەنکم کرد و گوتی: دایە بە فەخری عالەم کاکم بە سەلامەتی دێتەوە بارزانی شەڕی راگرتووە و مفاوەزات دەکرێ، کاکیشم لەسەر کوردایەتی گیراوە و لەو رۆژانە (دەبابە و مام جەلال) دەبینم ئەوانیش کاکمیان خۆشدەوێ، دڵی خۆت سەخڵەت مەکە، چەند رۆژێکی دیکە یە کاکم بەر دەبێت.

ئەوجا نەنکیشم هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و بە دەنگێکی نزم دەیگوت (یا شاهی نەقشبەند یا خالقی ئەرز و ئاسمان (عوسمان)م مەبەستی (عەونیی کوڕە گەورەی بوو) بە سەلامەتی بۆ بنێرەوە).

پاش کەمتر لە مانگێك لەسەر ئەم قسانە باوکم بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بەر لێبوردنی گشتی کەوت و گەڕایەوە کۆیە، لەو سەروبەندەش دا باسی لە وتوێژ و بەستنی کۆنگرەیەکی گشتی بە ئامادەبوونی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکایەتیی بارزانی لە هەموو چین و توێژ و سەرۆك عەشایەر و سەرکردەکانی پێشمەرگە لەئارادابوو، بە هاتنەوەی باوکم مامە عومەریشم هاتە کۆیە و لەگەڵ باوکم باسی رووداوەکانی ئەو رۆژانەیان دەکرد، مامم گەشبین بوو بە مفاوەزات چونکە لە قەڵادزێ و کۆیە هەڤاڵە دێرینەکانی خۆی دیتبوو بەتایبەتیش خوالێخۆشبووان (عومەر دەبابە و مام جەلال) چەند جارێك گوێبیستی ئەو قسەیەی مامم دەبووم کە دەیگوت (کاکە مادام کورد خاوەنی هێزێکی مونەزەمە سیاسی و عەسکەری ئەکید حکومەتی عیراقی چەند سەگباب بێت حیسابێك بۆ کورد دەکات)، بەڵام باوکم زۆر رەشبین بوو لە وەڵامی قسەکانی مامم دەیگوت (عومەر بەعس ئەمانی نییە لە تەبیعاتی دووپشکە بە فەرخەی خۆشیەوە دەدات، من ئەو جەلادانەم دیت لە نوگرە سەلمان کە چییان لەو شیوعیانە دەکرد و بە چ چاوێك تەماشای ئێمەیان دەکرد، خودا دەزانێ ئەگەر دەستیان هەبێت مردوو و زیندوو پێکەوە لە قەبر دەنێن).

مفاوەزات دەستی پێکرد، بەڵام هیچی دیار لێ نەبوو باوکم هەمیشە بیری لە چوونە دەری کۆیە دەکرد، چونکە دەیزانی ئەگەر کۆیە ببێتە (خەتی ماجینۆ)ش هەر دەگیرێ، مامە عومەریشم هاتبوو ئەم قەناعەتە کە حکومەتی بەعس شەڕ دەکاتەوە و پەیتا پەیتا خەبەری بۆ باوکم دەنارد کە خۆمان ئامادە بکەین و لە کاتی پێویست کۆیە بەجێبهێڵین و بەرەو قەڵادزێ بچین.

وتوێژی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول و حکومەتی بەعس سەری نەگرت چونکە بەعسییەکان لە بنەڕەتەوە بڕوایان بە مافی گەلی کورد و دیموکراسییەت نەبوو، ئەوەی لەو چەند مانگەش لە ٢/٨/-١٩٦٣/٦/١٣ تەنها بۆ کات بەسەربردن و پاشان بە دڕندەترین شێوە پەلاماری کوردستانیان دا.

لەگەڵ ڕاگەیاندنی شەڕی زاڵمانەی حکومەتی بەعس خێزانی ئێمە لە ١٩٦٣/٦/١٢ کۆیەمان بەجێهێشت بەرەو قەڵادزێ بەڕێکەوتین جگە لە هەندی کەلوپەلی پێویست و خۆراك و ماڵ و حاڵمان بەجێهێشت و ڕۆژی ٦/١٥ هەرسێ ماڵ (خێزانی عەونی، خێزانی وەستا عەبدەی ئاسنگەر، خێزانی حاکم عومەر) بە پێ بەرەو هەڵشۆ هەڵکشاین و لە شوێنی قوتابخانەی سەرەتایی هەڵشۆ جێگامان بۆ دابین کرا، کە تێیدا دەیان ماڵی خەڵکی کۆیە و شوێنی دیکەی لێ گیراسبۆوە.

بە نسبەت مامیشم (حاکم عومەر) هەر لە ڕۆژی یەکەمی کودەتاوە و هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ قەڵادزێ بە ئاشکرا بڕیاری خۆی بە خۆ پاڵدانە بۆ ریزەکانی شۆڕش ڕاگەیاند و دادگای قەڵادزێ بوو بە شوێنی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ئەو ناوە مامم هەر لە قەڵادزێ درێژەی بە کارەکانی دادگا دەدا پێش بەکۆتا هاتنی مانگی حوزەیران بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی پارتی وەکو سەرۆکی دادگای بەرزی شۆڕش دەستنیشان کرا و لە سەرەتای مانگی تەموز دا لەگەڵ مامم بەرەو (ماوەت) بەڕێکەوتین چونکە بارەگای دادگای بەرزی شۆڕش شاری (ماوەت) بۆ دەستیشان کرابوو کە ئەم ناوچەیە بە تەواوەتی لە دەستی شۆڕش دا بوو، هەڵبژاردنی حاکم عومەر دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکاریك کە لێنوانیاندا (ماف ناسێکی لێهاتوو و بەئەزموون بوو، پەیوەندیی بەردەوامی بە پارتی و شۆڕشەوە هەبوو، سەرەڕای ناسینی کەسایەتیی ئەو لایەن و زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، تەنانەت هەندێکیان هەڤاڵ و دۆستی دێرینی بوون) وەکو لە لاپەڕەکانی پێشوو نیشاندراوە (لە

کتێبێکی بەندە کە بە ناوي ذاكرة الأيام ساڵی ٢٠١١ بە زمانی عەرەبی بڵاومکردۆتەوە بە درێژی باسی ئەم بابەتەم کردووە چونکە منیش لەگەڵ مامم کە سەرۆکی دادگا بوو بوومە (نووسەر–كاتب ظبط) لەم دادگایە تاکو کۆتایی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٦٤) لە ئاکامی ئاگربەستی نێوان شۆڕش و حکومەتی عەبدولسەلام عارف لە ١٩٦٤/٢/١٠ کە لە ئاکامدا لێکترازانی سەرتاسەری لە ریزەکانی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان روویدا کە بەداخەوە بووە هۆکاری زەرەر و زیانێکی زۆر لە دۆزیَ گەلی کورد.

حاکم عومەر لێکترازانەکەی زۆر لا ئەستەم و ناخۆش و زەرەر بەخش بوو پاش رووداوەکانی کۆنفرانسی ماوەت و لێکەوتەکانی بەدڵ ساردییەوە گەڕایەوە دادگای قەڵادزیَ کە بەپێی ئاگربەستەکەی نێوان شۆڕش و حکومەتی عەبدولسەلام راگەیەندرابوو کە تێیدا یەکیَ لە بڕگەکانی لێبوردنی گشتی و گەڕانەوەی سەرجەم فەرمانبەرانی ئەوانەی کە پەیوەدییان بە شۆڕشەوە کردبوو بۆ کار و وەزیفەکانیان کە تێیدا حاکم عومەر یەکێك بوو لەوانە.

ماوەیەکی کورت کە چەند مانگێك تێپەڕی نەکرد راستەوخۆ بە فەرمانی وەزارەتی داد کە لە رۆژنامەی (الوقائع العراقيه) بڵاوکرایەوە گوێزرایەوە بۆ ناحیەی (العباسيه)ی سەر بە قەزای نەجەف پاش ساڵ و چەند مانگێك گوێزرایەوە بۆ قەزای (عفك) سەر بە پارێزگای دیوانیە، لە عەفەك بەندە و بەهرامی پورزام بە سەردانێك چووینە لای کە تازە ناوەمان دەرچوبوو بە وەرگیرانمان لە زانکۆی بەغدا (لە ئەیلولی ساڵی ١٩٦٦). پاشان لە عەفەکەوە بۆ کۆیە گوێزرایەوە کە تاکو دوای رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لە کۆیە مایەوە، پاش ماوەیەکیش گوێزرایەوە بۆ شاری رەواندز و لەوێشەوە بۆ دهۆك، دوا مەنزڵگای وەزیفەی دادوەری پارێزگای هەولێر و خودی شاری هەولێر کە وەکو جێگری سەرۆکی دادگای گەورە (نائب رئيس المحكمه الكبرى) تاکو رۆژی ١٩٧٦/٤/٩ کە ئەمیشیان چیرۆکی کۆچی دوایی ئەوە.

رۆژی ١٩٧٦/٤/٩ من و سیروانی ژن برام لە کەرکووك بووین و بەشداریمان بۆ دوو رۆژ لە پرسەی پووری سیروان کرد، دەمەوعەسری ئەو رۆژە من و سیروان لە رێگا تەق تەق گەڕاینەوە کۆیە کاتژمێر (٨)ی ئێوارە تەلەفۆنێك بۆ باوکم کرا لە هەولێرەوە لەلایەن (سابیر ؟؟) ناسراو بە سابیرەفەندی باش کاتب کە ئەویش خەڵکی کۆیە بوو و

باش کاتبی دادگا بوو له هەولێر ئەویش جیرانیماڵی مامم (حاکم عومەر) بوو له گەڕەکی ئازادی له تەلەفۆنەکە سابیر ئەفەندی پاش چاك و چۆنی به باوکمی ڕاگەیاند که مامم تووشی (تسمم) بووه و بردوویانه بۆ خەستەخانه و حەز دەکا (سابیرەفەندی) باوکم بچێته هەولێر. باوکم دەموچاوی گۆڕا خێزان هەمووی شڵەژا باوکم به من و سیروانی ڕاگەیاند که خۆمان ئاماده بکەین بۆ هەولێر پاش کەمێ جارێکی دیکه زەنگی تەلەفۆن لێدرایەوه، ئەوجاره من تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و خۆی پێ ناساندم کەوا (ڕەئیس ڕەفیق–ڕەفیق حاجی مەلا تۆفیق)ی ئەفسەری خانەنشینی خەڵکی کۆیه و دۆستی مامم و ئەویش ماڵی له گەڕەکی ئازادییه به پەشۆکاوییەوه داوای باوکمی کرد، کاتێ باوکم تەلەفۆنەکەی وەرگرت ئەوەندەم گوێم لێبوو کاك ڕەفیق به باوکمی ڕاگەیاند (کاك عەونی بمانگەیه حاکم عومەر وەزعی باش نییه).

بارودۆخی خێزان گۆڕا سیمای پەرێشانی بەخۆیەوه نیشان دەدا، بەڵام هەر زوو باوکم و نەنه پیرۆز و بەنده و سیروان و بەهرام بەو ئۆتۆمبێلەی که جۆری لادا–مۆدیل ۱۹۷٥ بوو بەرەو هەولێر له کەشوهەوایەکی باراناویی سارد بەڕێکەوتین، ئەوکاته ڕێگای کۆیه و هەولێر قیرتاو نەکرابوو چوون به ئۆتۆمبیلی بچووك لەم کەشوهەوایه به شەو زۆر ئەستەم بوو، بەڵام لێهاتوویی لێخوڕینی سیروان به دوو کاتژمێر و نیو گەیشتینه هەولێر، کاتێ گەیشتینه بەردەرگای ماڵی مامم دیتمان دەرگاکه لەسەرپشته و قەرەباڵغیش له دەرەوه دیاره.. لێرەدا لەگەڵ گەیشتنمان و دیمەنی کراوەی دەرگا و قەرەباڵغیی ماڵ باوکم لەگەڵ کردنەوەی دەرگای ئۆتۆمبێلەکه که به دەنگێکی زۆر بەسۆز و خەماوی و بریندار گوتی (ئای عومەر چۆن پشتت شکاندم) ئەوجا نەنه پیرۆز که ئەویش ئێشتا له ئۆتۆمبیلەکه نەهاتبۆوه خوارێ و گوێی له دەنگ و قسەکانی باوکم بوو ئەویش به سووکه هاوارێکەوه گوتی (کوڕم تو گەورەیی خودا چی قەوماوه، عومەر چیی لێهاتووه؟!)

شەو تاکو بەیانی به گریان و تاسەوه نەنووستین وەك فیلمێك ڕۆژانی ئیختیفای ساڵی ۱۹٥۲ تاکو ساتی وەفاتی له مێشك و دەروونمدا پەنگی دەخواردەوه، که لای من یەکێکه له شەوه هەره ناخۆشەکانی ژیانم، بەڵام دەسەڵات چییه! ڕۆژی دواتر ۱۹۷٤/٤/۱۰ به کاروانێکی دوور و درێژی ئۆتۆمبیل بەرەو کۆیه بەڕێکەوتین له کۆیەشەوه پەیتا پەیتا ئۆتۆمبیل بەرەو پیرمانەوه دەهات که نزیك کۆیەش بووینەوه

به سەدان کەس لەملا و ئەولای شەقام راوەستابوون بە مەلولی و دیمەنی خوالێخۆشبوو (ساڵح شەمس) هەڤاڵی دێرینی کوردایەتی و پارتایەتی حاکم عومەر لەبەر چاوە کە خوڕ خوڕ دەگریا و بە دەستەسڕێکی سپی پەیتا پەیتا چاوەکانی دەسڕییەوە.

تەرمەکەی لە گۆڕستانی خێزان لە باسکی عارەبیان نێژرا و پرسەکەشی لەماڵەوە بوو کە بۆ زیاتر لە ٢٠ رۆژی خایاند.

عەونیی کاکی بۆ مەرگی عومەری برا بچووکی ئەم چەند بەیتە شیعرەی ناخی خۆی دەربڕی و دەڵێ: و لەسەر کێلەکەی پشت سەری نووسراوە:

*بە چاوی خوێن بار بە دڵی خەمناک*

*بە ئاه و ناڵە، زامی سینە چاک*

*بە دیمەن ئەگەر دەمبینی ماوم*

*وێنەی کوتەڵم بێ هەست ئیدراک*

*کاکت بۆ مێژووی مەرگی تۆ گوتی*

*"ئیمڕۆ بەهار بوو گوڵم ناشت لە خاک:*

عەونی براگەورە کە بە مردنی عومەری برا بچووکی کۆستی کەوت کە ئەویش تاکو دوا رۆژی ژیانی چارەسەری ئەو کۆستەی بۆ نەکرا، بەڵام ئەوەی لە دەستی هات دەربڕینی (ناسۆری دڵە) بەرامبەر بەدکاریی فەلەك کە گوتویەتی:

**ئای فەلەك**

*هەموو دەردێك کە دەرمانی هەیە غەیری برا مردن*

*کە ناسۆری دڵە قەت ناکرێ چارەی هەتا مردن*

*فەلەك بۆ خۆی کەسێکی گەر دەمرد مەعلوم دەبوو ئەوسا*

*چەند زوو وازی دەهێنا ئەو لە ئازار و لە بەدکردن*



**سلێمانی، هاوینی ساڵی ١٩٦٠ ماڵی حاکم عومەر حەبیب**

**لە راستەوە: فەرهاد عەونی، دلاوەر کاکەزیاد، عبدالخالق عەلائەدین، عومەر حەبیب**



**سلێمانی–سەیرانگای سەرچنار، هاوینی ساڵی ١٩٦٠**

**لە راستەوە: فەرهاد عەونی، عبدالخالق عەلائەدین، خوالێخۆشبوو شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید، خوالێخۆشبوو حاکم عومەر حەبیب، دوو منداڵەکەی بەردەمیان لە راستەوە: شنۆی کچی شێخ لەتیف، شێرکۆی کوڕی حاکم عومەر**



قەزای ماوەت، هاوینی ساڵی ١٩٦٣

لە راستەوە: لێکۆڵەوەری دادی (محقق عدل) خوالێخۆشبوو کەمال ئەحمەد بەرقی،

سەرۆکی دادگای بەرزی شۆڕش عومەر حەبیب، فەرهاد عەونی نووسەری دادگا



**شەهید دارا تۆفیق فتح اللە**

**١٩٣٢-١٩٨٠/١١/٥**

## ژیاننامە

- شەهید دارا تۆفیق ساڵی ١٩٣٢ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە.

- ساڵی ١٩٥٠ لە زانکۆی بەغدا لە کۆلیژی ئەندازیاری وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی جموجۆڵی سیاسی نەیتوانیوە خوێندن لە بەغدا تەواو بکات.

- ساڵی ١٩٥٢ چووەتە وڵاتی بەریتانیا و دیسان لە کۆلیژی ئەندازیاری خوێندوویەتی، پاش چوار ساڵ خوێندنی تەواوکردووە.

- لە ١٩٥٦/٨/١٠ لەگەڵ چەند قوتابییەکی کورد لە شاری (فیزبادن) لە ئەڵمانیا بەشداریی لە ئامادەکردنی کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کردووە.

- ساڵانی کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای ساڵانی شەستەکان بەهۆی چالاکی و لێهاتووی بۆتە ئەندام لە سکرتاریەتی یەکێتیی لاوانی جیهانی.

- ساڵی ١٩٦٣ بەشداریی لە شۆڕشی ئەیلول کردووە کە بۆتە سەرەتای پێشکەوتنی لە ریزەکانی شۆڕش.

- ساڵی ١٩٦٩ بەشداریی لە وتوێژی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکومەتی بەعس کردووە و بۆتە یەکێك لە ئەندامانی شاندی وتوێژی کوردستان.

- لە کۆنگرەی هەشتەمینی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە سەرەتای مانگی تەموزی ساڵی ١٩٧٠ لە ناوپردان بەسترا پاش رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی هەڵبژێردرا.

- ساڵی ١٩٧١ بووه سەرنووسەری رۆژنامەی (التاخی) کە بە زوبانی عەرەبی لە بەغدا دەردەچوو، پاشان لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ رۆژنامەی (برایەتی) کە ئەویش لە بەغدا هەفتانە دەردەچوو بە هەوڵ و کۆششی ئەو بووە رۆژنامەیەکی رۆژانەی کوردی و (٢٧) ژمارەی لێ دەرچوو، بەڵام پاشان لەلایەن حکومەتی بەعس راگیرا.

- پاش نسکۆی شۆڕش لە ٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ بە چەند مانگێك گەڕایەوە عیراق وەکو دوورخستنەوەیەك کرایە سەرۆکی شارەوانی لە شاری (کوت) بەدوای ئەو گوێزرایەوە بۆ بەغدا و کرا بە بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتیی گواستنەوەی ئاوی.

- ١٩٨٠/١١/٥ لەکاتی چوونی بۆ دائیرەکەی خۆی دەڕفێندرێ و شوێن بزر دەکرێ و تاکو رۆژانی ئەمڕۆش بێ سەروشوێن ماوەتەوە.

- دوو دەفتەری دەستنووسی دەربارەی رۆژنامەگەریی کوردی لای (نووسەر)ە کە لەلایەن گەلاوێژ خانی هاوسەری پارێزرابوو.

- شەهید دارا تۆفیق سەرەڕای سیاسییەکی چەپخوازی میانڕەو، رۆژنامەنووسێکی بەتوانا و دبلۆماتکارێکی کەم وێنە بوو، سەرەڕای دۆستایەتیی لەگەڵ رۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار و دبلۆماتکارانی گەورەی جیهانی وەکو (بریماکۆڤ، ئیریك رولۆ، د. عبدالکریم قاسملو، صلاح الحافظ، غەسان کەنەفانی...).

## چەند لاپەڕەیەکی نادیار لە ژیـــانی دارا تــۆفیــق دا

سەعات نزیکی یەکی دوای نیوەڕۆی ڕۆژێکی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٠ بوو، کاتێك پێم نایە ناو دامەزراوی گشتیی گواستنەوەی ئاوی، کە دەیڕوانییە سەر گۆرەپـانی گـەشمردە(شـەهید) کـەمال جنبـولاّت لەبەغـدا بـۆ سـەردانی مامۆسـتا(دارا تۆفیق) و، ئەو سەردانەش وەکو هەموو سەردانێکی دیکە بووبوو بەشتێکی ئاسایی و باو لە نێوانماندا، بۆیە هەر کە سەردانی بەغدام بکردایە، ئەوا هەنـدێك جار لەماڵـەوەو هەندێك جاریش لەنووسینگەکەی خۆی چاوم پێی دەکەوت. لـەو سـەردانەدا کە لێـی چـوومە ژووریٚ، هـەرگیز بەخەیاڵـمـدا نـەدەهات کـە ئەمـە دوا سـەردانم دەبێـت و دوای ئـەوە(دارا) بـەو شـێوە تراجیدییـە لەسـەر شـانۆی ژیـان ون دەبێـت و لـەدوای خـۆی لەهەژدە ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئێستا(لوغزێکی) سەرسوڕهێن بەجیٚ دەهێڵیٚ.

کە پێم نایە نووسـینگەکەیەوە، ئەو سـەرقاڵی گـویٚ گرتنـی دوا بـەیانی رادیۆبـوو لـەبارەی جـەنگی عێـراق _ ئێرانـەوە کـە دوو حەفتـە زیـاتر بەسـەر هەڵگیرسـانیدا تـیٚ نەپــەڕیبوو و، کاتێــك چــاوی پــێم کــەوت، لــە پشــتی نوســینگەکەیەوە هەســتاو بەخێرهاتنی کردم و هەوڵیدا خۆی واپیشان بدات کە لەحاڵەتێکی ئاساییە هەرچەندە نیشانەی خەمباری لەدەمووچاویەوە دیاربوو و واپێدەچوو دڵشکاوبێت بەپێچەوانەی

نەریتی خۆی دەردەکەوت. لەدڵی خۆمدا ئەوەم وا لێکدایەوە کە ئەنجامێکی ئاسایی چەندان سەعات کاری رۆتینییە لەفەرمانگەکانی دەوڵەتدا، بەڵام لەپڕ بەپەنجەیەکی دەستی راستی ئاماژەی بۆ تەلەفۆنەکان کرد کە لەسەر لایەکی مێزەکەی داندرابوون و سەرنجی راکێشام بۆ ئەوەی بێ دەنگ بم و دەسبەجێ زانیم کە لەحاڵەتێکی ناهەموارو خراپدایە ، کە من پێم نەزانیبوو. لەبەر ئەوە باسی هیچ شتێکم نەکرد جگە لەهەواڵ پرسینی خاوخێزان و کاروباری کەسێتی خۆی. کە کاتی کۆتایی دەوام هات، لەکاتێکدا بۆ لای ئۆتۆمبیلە(ڤۆلڤۆ)کەی دەچووین ، کە لەبەردەمی سەکۆی پێشەوەی بینای دامەزراوەکە وەستابوو ، پێشنیازی کرد ئەگەر لاریم نەبێ بچین نانێك لە چێشتخانەی (ئیتالی) ی نزیك فەرمانگەکەی بخۆین و هەندێك کاتیش پێکەوە رابوێرین و پاساویشی بۆ ئەمە وەك خۆی گوتی، ئەوەبوو کەچێشتخانەی ناوبراو کەش وهەوایەکی هێمن و ئارامی هەیەو بەجۆرە (خواردنێکیش) جیادەکرێتەوە کە لەچێشتخانەکانی دیکەدا دەست ناکەون .

کاتێکیش کە بە گاڵتەوە پێم گوت بۆ وازی لەچوونە چێشتخانەی (ستراند) هێناوە لەو جۆرە بۆنانە کە لەسەرەتای حەفتاکان زۆر جار میوانەکانی لەوێ بانگهێشت دەکرد، وەڵامی دایەوە و گوتی: ((لەوانەیە باری دەروونیم رێی ئەوەم لێ بگرێ کە بچم بۆ چێشتخانەی(ستراند) ، چونکە رۆژانی سەروەری و بەرزی (مەبەستی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤) ـە، ئێمە میوانداریی دۆستەکانمان لێرە دەکردو لێرە ناسراو بوین. باشە ئێستا چۆن دەتوانم بچم بۆ ئەوێ لە کاتێکدا ئێمە لە بارودۆخێکی دیکە داین؟!)).

لە یەکێك لەگۆشەکانی چێشتخانەی (ئیتالی)، کە هۆڵێکی گەورەی هەبوو، مێزێکمان گرت و ، ئەو حاڵەتی برسیتییەی هەستم پێ دەکرد رێی ئەوەی لێ نەگرتم کە ئەو مەسەلەیەی سەرقاڵی کردبووم، وازی لێبێنم و بەپێی توانا هەوڵمدا رایکێشم بۆ قسە کردن، بە تایبەتی هۆڵی چێشتخانەکە هیچ نیشانەیەکی ئەوەی تێدا نەبوو کە هیچ چاودێری کردنێك، یان شتێکی دیکەی لەم بابەتە لە ئارادا نەبوو و، کاتێك هەریەکە خواردنی دڵخوازی خۆی هەڵبژارد، ئەو دەست پێشخەریی کرد بۆ قسە کردن و پێی گوتم کە ماوەیەکە واهەست دەکات ئامێرێکی چاودێریی لە ناو ئەو تەلەفۆنانەدا دانراون کە لە نووسینگەکەیدا هەن و هەستی شەشەمی، بەپێی قسەی

خۆی، وای پێدەڵێ کە دووچاری ناخۆشییەك دێت و باسی رووداوێکی دیکەی کرد کە لەکاتی کۆچی دوایی کردنی باوکی، مانگێك پێش ئەو بەرواره، وەزارەتەکەی، تا لەرێی دامودەزگا تایبەتمەندەکانەوە دڵنیا نەبوو لە مردنی باوکی، مۆڵەتی ئاساییان پێ نەبەخشی بۆ سەفەرکردن بۆ سلێمانی.. دوای ئەوە لەسەر قسەکانی خۆی رۆیشت و گوتی: کاتێك لە پرسەکە دانیشتبوو کە لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی بۆ گیانی باوکی دانرا، زانی کە دوو ئۆتۆموبیلی پۆلیسی فریاکەوتن لە دەرەوەی مزکەوت راوەستاون و ئەمەش بۆ ئەو خۆش نەبوو، بە تایبەتی ئەو لە شارەکەی خۆی ناسراوەو کاتێك بە هۆی خزم و کەسەوە لە ئەفسەرەکانی پۆلیسی پرسیبوو کە بۆچی ئەوان بە دوو ئۆتۆموبیل لەوێ راوەستاون، وەلامیان دابووەوە کە ئەوان بۆ پارێزگاریی کردنی دارا لەوێ وەستاون.. سەرنجام خۆی دەستی خستە کارەکەو بە زمان پاراوی و لێهاتویی خۆی توانی قەناعەت بە ئەفسەرەکانی پۆلیس بکات تا دوورکەونەوە.لێك دانەوەی ئەو، (واتە کاك دارا) ئەوەبوو کە ئەوان چاودێرییان دەکرد لەترسی ئەوەی نەوەك هەلێك بقۆزێتەوەو بچێتە ئەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێر دەسەلاتی بزووتنەوەی کورد. من لای خۆمەوە هەوڵمدا ئاوا بە قسە دڵنیای کەمەوە کە دەسەلات دەتوانێ هەر کەسێك لەناوبەرێ و نەیهێڵێ و زیانی پێی بگەیەنێ و ئەو لەسەر بەرزترین ئاستدا ناسراوبووە، چونکە ئەو رۆژێك لەرۆژان نێوانکارو وتووێژکارو ئەندامی شاندی کوردیی دانوستانکار بووە کە گەیشتنە رێککەتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ ، لێرەدا بە قووڵی ئاخێکی هەڵکێشاو هەروەك نەریتی خۆی دەستی درێژ کرد بۆ سەر خوراندن، چونکە زۆر جار هەرکە شتێکی نائاسایی دڵی تەنگ بکردایە پەنای بۆ ئەو جۆرە جووڵەیە دەبردو سەرنجام بۆ ئەوەی حاڵەتەکە بە سووك دابنێ و هەوڵی ئەوەشی دا من بەم مەسەلەیەوە خەمبار نەکات، بە تایبەتی کە دەیزانی من تا چ رادەیەك رێزی لێدەگرم.

کە لەچێشتخانەکە هاتینە دەرێ بەئۆتۆموبیلەکەی گەیاندمییەوە شوێنەکەی خۆم(ماڵی خەزوورم عەمیدی خانەنشین عەبدوڵلا سەعید) و لەسەر ئەوەش رێککەوتین کە جارێکی دیکە لە هەمان ئێوارە بەیەك بگەین لە ماڵەکەی خۆی کە کەوتبووە نزیك پەیکەری (الجندی المجهول) لەبەری کەرخ .

ئاشنایەتیم بۆ کاك دارا دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٣ دوای کودەتاکەی ٨ ی

شوبات کاتێك کە پانتایی شۆڕشی گەورەی ئەیلوول بەرفراوان بوو و تەوژمەکەی کەسانێکی زۆری رۆڵەکانی کوردستانی بەجیاوازی تەمەن و پیشەو مەزهەبی راماڵی لە ئەنجامی کاریگەرێتی بریقەو بریسکانەوەو رەوایی و هێزی تەوژمی نەتەوایەتی کەخۆی لەبیروباوەڕی شۆڕشی تێکەڵ بەرۆمانسییەتی خەون دیتن بە دوارۆژی کوردستان و گەلەکەی دەنوێنێ.

لەو کەش و هەوایەدا، وەك گەلێك کەسی رۆڵەکانی گەلەکەم خۆم دیتەوە کە چوومەتە نێو رێزەکانی شۆڕش، ئەو شۆڕشەی بارزانی سەرۆکایەتی دەکردو لە مندالأنی میللەتێکی پارچە پارچە کراو لە رووی جوگرافیاوە، هاتبوو بە دەست ئەو زوڵمەوە دەینالأند کە بەگەلەکەی گەیشتبوو.

لەو کەش و هەوایەدا خۆم لەگەڵ خوالێخۆشبووی مامم(عمر حبیب) لە ناحیەی (ماوەت)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەبیناکەی دادگای (ماوەت) لە چوارچێوەی پێکهاتەکانی دادگای بەرزی شۆڕش. لە سەرتایی مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ گوێزرامانەوە بۆ گوندی (عیساوێ) ی سەر بە (ماوەت) کە دەکەوتە نێوان گوندی(ژاژڵە) و رووباری (تیتی) لەسەر سنووری کوردستانی ئێران و لە خانوویەکی لادێیانە جێگیر بووین کە لە قوڕو خشت دروست کرابوو لەسەر شێوەی خانووی گوندەکانی کوردستان و لەو خانوانەی لەو ناوەدا بڵاوبووبۆتەوەو ئەوانەی تێیاندا دانیشتبوون بەرپرسەکانی کارگێری و ئازووقەو بێتەل بوون لە نزیك بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی ئەوساو ئەو خانووانە لە سێبەری دارە پیرەکاندا دروستکرابوون، بۆ ئەوەی لە لایەن فڕۆکەی دوژمنەوە نەبینرێن.

ئەو خانووەی ئێمەی تێدا نیشتەجێ بووبووین لەدوو ژووری نزمی لەناو یەکتر پێك هاتبوو، ژوورێکیان بۆ حەسانەوەو خەوتن و ئەوەی دیکەش کرابوو بە نوسینگەی پێداچوونەوە(تمییز) و ئەو بڕیارانەی دادگاکانی شۆڕشی تێدا پەسەند دەکرا کە لە دادگاکانی شۆڕشەوە دەرهاتوون.

تەرتیبی ئەو خانووەی ئێمە تێیدا نیشتەجێ بووین، یەکەم خانوو بوو لە نێوان ئەو خانووانەدا بۆ ئەو کەسەی دەهات بۆ ناحیەی ماوەت و چەند مەترێك لە رێگەی گشتییەوە دووربوو، ئەویش لەبەر ئەو بەفرە زۆرەی لەوەرزی زستانی ئەو ساڵە، ساڵی ١٩٦٣ باریبوو، شاردرابووەوەو بزر بووبوو، هاتووچۆ لەبەر ئەو ئاوهەوا

سەختە زۆر سست بوو، تەنیا لەچەند حاڵەتێکی کەم نەبیّ، وەك برووسکەنامەیەکی بەپەلە لەبارەی سەرکەوتنێکەوە کەپێشمەرگە وەدیهێناوە یان تێکشکاندنی تانکێك لەرووبەرووبوونەوەدا لەگەڵ دوژمن کە ئەویش بەو چەکە نوێیە (بازوکا) تێك دەشکا .

لە سێ یەکی دوایی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٣، یان وردتر لە(٢٢) ی ئەو مانگەدا کاتێك کە خەریکی نان خواردن بووین و خواردنەکە شتێکی زۆر ساکاربوو، قاپێك نیسکێنە بەنانی باش نەبرژاوەوەو(عمر دزەیی) ی هونەرمەندیشمان لەگەڵ بوو کە دوو رۆژ پێش ئەو بەروارە بەمیوانی گەیشتبووە لامان، کاتێك لاوێکمان لێ هاتە ژوور، قۆزیی بە رووخسارییەوە دیاربوو جلە خاکییەکەشی لەگەڵ لەش و لاری نەدەگونجاو کورتی شەرواڵەکەی بەئاشکرا دیاربوو ، پێچی پشتێنەکەی بە ناوقەدیدا لەدوو مەتر قوماشی رەش زیاتر نەبوو ، جانتایەکی پێستی بەدەستەوە بوو بەقەبارە مام ناوەندیی، نەگەورە، نەبچووك و رەنگی گوێزی بوو .

بە شەرمێکەوە سەلامی لێکردین بەلاّم ئێمە ئەو تازە هاتووەمان، لەسەرتادا نەناسی و فەرموومان لێیکرد دانیشێ و وامانزانی رێی لێتێکچووە، یان لەوانەیە جێگەی برادەرێك یان دوستێکمان لێ بپرسێ، کاتێك کە جێی خۆی لەناوماندا گرت و دانیشت، (عمر دزەیی) قیژەیەکی کردو ناوی (دارا) ی هێنا، ئەمەش بوو بەهۆی گۆڕانی روخساری ئەو تازە هاتووە و (عمر دزەیی) ئەو میوانەی بە کورتی پێناساندین و گوتی: دارا تۆفیق ئەندازیارێکی شارستانیی خەڵکی سلێمانی و خەباتگێرێکی ناسراوە. ئیدی بەخێرهاتنێکی زۆرکراو روخسارو دەمووچاوی بۆ یەکەمجار قسە خۆشی و ساکارییان پیشان دەداو زەردەخەنەی لێ جیانەدەبووەوەو ئەمەش وای لێکردین کە بایەخی زۆری پێبدەین و نیو سەعات بەسەر هاتنیدا تێنەپەریبوو کە من خۆم تەرخان کرد بەوەی بچم لەچێشتخانەی گشتی لەبارەگاکە بۆ ئەوەی نانی نیوەڕۆی بۆ بێنم کە بریتی بوو لە نیسکێنەو چەند کولێرەیەکی تەنوورو سەلکێ پیازی زیادە .

دوای تەواو بوونی نان خواردنەکەی دەستی کرد بە قسەکردن لە بارەی ئەرك و کاری خۆی لە ماوەی رابوردوودا، واتە دوای دەست پێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ رژێمی تازەدا، ئەویش ئەوەبوو کە رووی لێنرابوو بەسەرۆکایەتی تیمێك بۆ گەنم کۆکردنەوە لەناوچە جیاجیا رزگار کراوەکاندا بۆ پشتگیریی شۆڕشی کورد کە رووبەرووی

قورسترین هەڵمەتی سەربازی بووبووەوە لە دوای حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ وە باسی ئەوەشی دەکرد کە تیمەکەی ئەو چالاکترینی ئەو تیمانە بووە کە دروست کرابوون. هەر ئەو کاتە تێبینی ئەوەم کرد کە بە خوێنگەرمییەکی دیارو ئاشکرا قسەی نەدەکردو دڵیشی بەو کارە خۆش نەبوو کە پێ سپێردرابوو، هەرچەندە بە باشترین شێوە ئەنجامی دابوو.

کاك دارا حەفتەیەك لەگەڵمان بەردەوام بوو و بەبوونی ئەو کەشوهەوای ژوورەکە گۆڕا، چونکە بەردەوام باسی ژیانی ئەوروپاو ژیانی سیاسیی خۆی دەکرد، ئەو هەر لە تافی لاویدا چۆتە ناو گۆنگەری سیاسەتەوە کاتێك کە قوتابی بووە لە قۆناغی ئامادەیی لە شاری سلێمانی کە لە ساڵی ١٩٣٢ تێیدا لە دایك بووە، هەرچەندە لە بنەماڵەیەکی هەبوو بووە، بەڵام کاتێك کە چووە بۆ بەغدا پەیوەندی بەبەشی شارستانی کۆلێژی ئەندازەی زانکۆی بەغداوە کرد، لە چالاکیی سیاسی خۆی بەردەوام بوو لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عیراقیداو چالاکییە دینامیکییەکانی لەبواری سیاسەت و ڕۆشنبیریدا بوو بەهۆی دەرکردنی بۆ ماوەی دوو ساڵ و دوابەدوای ئەوە لە ساڵی١٩٥٢ سەفەری کرد بۆ ئینگلتەرا بۆ تەواو کردنی ئەندازە لە یەکێك لە زانکۆکانی ئەو وڵاتەدا تا ساڵی١٩٥٧ بوو بە ئەندازیار.

لەو ماوەیەی کە لەێ بوو وازی لەکاری سیاسی نەهێنا بەڵکو چالاکیی زیادی کرد بەهۆی ئەو کەشوهەوا سیاسی و لیبرالی و دیموکراتەی ئەوێوەو لەبەشداره چالاکەکانی بۆ خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا کە لە شاری(فیزبادن)ی ئەڵمانی لە ڕێکەوتی١٠/٨/١٩٥٦ دا گیرا، لەگەڵ هاوڕێ دامەزرێنەرەکانی (عصمت شریف وانلی، نورالدین زازا، سەعدی حمدامین دزەیی، تحسین هەورامانی، زاهر حسین، نهاد ماجد مستەفا) . دارا بەشداری لە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە خەباتگێڕەدا کرد کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بالیۆزی کوردو کوردستان بوو و لە هەمان کاتیشدا پایەیەکی دیارو چاکی لەسکرتارییەتی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی جیهانیدا هەبوو و بەردەوام کاریگەریی لەبڕیارەکانیدا هەبوو بۆ قازانج و بەرژەوەندیی کێشەی گەڵەکەمان لەبەر پاشخانی سیاسی و ئەو نەرمییە بالایەی لە کارەکانیدا دەینواند .

پێش هاتنی ئەو، بەبەردەوامی بەرادیۆوە نوسابووین، ڕادیۆیەکی

جۆری(ماسکۆت) ی ژاپۆنی کە بەپاتری گەورە کاری دەکرد، بەتاسەوە گوێمان لە هەواڵەکان دەگرت، بەتایبەتی هەواڵ لە بارەی شۆرشی کوردەوە لە ئیستگە بیانییەکان، چونکە لەو رۆژانەدا ئیستگەکان پڕبوون لە دەنگوباسی کوردان، دوای ئەوەی کە راگەیاندنی دەوڵەتەکانی ئەوروپای رۆژهەلات خۆیان کردە خاوەنی ئەو مەسەلەیە دوای کودەتاکەی ٨ی شوباتی١٩٦٣ و راگەیاندنی لەناوبردنی شیوعییەکان لەلایەن ئەو رژێمەی دوای کوژرانی پێشەوا عبدالکریم قاسم هاتە سەر حوکم، هاتنی کاك دارا هاوکات بوو لەگەڵ رووداوێکی زۆر ورووژێنەر کە رووی دا، ئەوەبوو(جۆن کێنیدی)ی سەرۆکی ئەمریکا لە شاری دالاس تیرۆر کراو هەندێ ئامارەی شیکردنەوەی هەواڵە بەراییەکان (کوبا)یان بەرێوشوێن دانان بەو رووداوە تۆمەتبار کردو دارا لە هەموومان زیاتر بایەخی بەو مەسەلەیەو لق و پۆپەکانی دەداو تا درەنگانێکی شەو هەر خەریکی بادانی میلی رادیۆکە بوو بەراست و چەپداو لەئیستگەیەکەوە دەچوو بۆ ئیستگەیەکی دیکەو بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی بۆ گوێگرتن لەهەواڵی ئەو رووداوەی باسکرا .

لە گوندی(عیساوێ) و دوای تێپەرینی حەفتەیەکی تەواو دارا ماڵئاوایی لێکردین، ئەم جارەیان بۆ کارێکی دیکەی بەتەواوەتی جیا لە ئەرکەکەی پێشووی دوای ئەوەی بایەخدەرانی چارەنووسی شۆرش لێهاتوویی و زەمینەی پاکی کاك دارایان بۆ دەرکەوت و بەجێی هێشتن دوای ئەوەی کە گەورەترین و بە نرخترین ئامۆژگاری لە ژیانمدا بۆ جێ هێشتم ئەویش بەردەوام بوون لەخوێندندا بە هەر نرخێك بێت و ئاموژگاریی ئەوەشی کردم کەخۆم بەدوور بگرم لەدروستکردنی پاکانەو پاساوی ناراست و لەپاڵ ئەوەشدا هەردوو بەرگی یەکەم و دووەمی رۆمانی(پۆلاکەشمان ئاودایەوە) و نامیلکەیەکی رەنگاو رەنگی جوانی بۆ جێ هێشتم کە چوارینەکانی(عمر الخیام) ی بەزمانی فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی لەسەر چاپ کرابوو.

بەمجۆرە دارا بۆچونێکی زۆر چاکی لا بەجێ هێشتم کە رۆژو مانگ و ساڵ نەیان توانیووە ئەوەی لە مێشکمدا تۆمار کرابوو، بسرنەوەو ئامۆژگارییەکانی بۆ بەردەوام بوونم لەخوێندندا، باشترین هاندەربوو تا خوێندنی دوا ناوەندی لە کۆیە تەواو بکەم و ئەنجامەکەم لە تاقی کردنەوەی گشتی دەیشیاندم کە لە کۆلێژی ئابووری و زانستە

سیاسییەکان لەزانکۆی بەغدا بۆ ساڵی ١٩٦٦-١٩٦٧ وەرگیرام و لەو ماوەیەشدا (انشقاق) کارێکی زۆر خراپی کردە سەر ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی کە خۆی لەشۆڕشی ئەیلوولدا دەنواند بەسەرکرایەتی بارزانیی نەمرو ، ئەمەش رەنگی لەریزەکانی رێکخراوە کوردستانییەکاندا دایەوە، لەوانەش یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی عیراق .

لەو رۆژانەدا کە لە بەغدا لە زانکۆ وەرگیرام سەردانی بیناکەی رۆژنامەی (التأخی) مان دەکرد کە کەوتبووە گەرەکی ((العیواچیە)) و بووبووە شوێنی بەیەك گەیشتنی هەمووان(رۆشنبیر، سیاسی، قوتابی، حزبی، سەربەخۆ) بەعەرەب و کوردەوە هەروەها بووبوو بەمەڵبەندێك بۆ بەکێشکردنی هێزە دیموکراتخوازەکان بەوپێیەی رۆژنامەی (التأخی) نوێنەرایەتی لایەنی دووەمی هاوکێشە سیاسیەکەی لەعێراقدا دەکرد،چونکە کەشوهەوا سیاسییەکە تارادەیەك لەباربوو لەو ماوەیەی حوکمی(فریق عبدالرحمن عارف کە ئەوکاتە سەرۆك کۆماری عیراق بوو). ئێوارەیەکی پایزی ١٩٦٧ جارێکی دیکە لەخانەی (التاخی) چاوم بە کاك دارا کەوتەوە.. دیتم گەنجێکی شیکپۆشی قۆزو بەتەواوەتی جیاواز لەوەی کە دیتبووم کاتێك لە زستانی ١٩٦٣ لە ماوەت ئاشنایەتیم لەگەڵیدا پەیداکردو ناسیم. دەسبەجێ ناسیمەوەو زۆری پێخۆش بوو کە قوتابی زانکۆم و داوای لێکردم کە دوای سەردانی بۆ شەهید سالح یوسفی و ئەندامانی دەستەی نووسین لەگەڵ ئەودا بمێنمەوە .

هەر کە هاتە دەرێ دەستی گرتم و پێکەوە لە بینای رۆژنامە چووینە دەرەوە، روومان لە شەقامی گشتی کرد بەرەو گەرەکی(رأس الحواش) لە (الأعظمیە) و قسەکەمان لەسەر بارودۆخی سیاسیی گشتی کوردستان و هەلومەرجی دووبەرەکییەکەو گلەیی زۆری لەرەفتاری ئەو کۆمەڵە دووبەرەکیخوازە کردو چالاکییەکانی ئێمەی لەریزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بەباش نرخاند ئەو تێبینیانەی لەو بوارەدا سوودی زۆریان پێگەیاندم و بەلێنیشی پێدام کە جاری دووەم و سێیەم هەر کاتێك هەل و دەرفەت لەباربوون یەکتر ببینینەوە ئیدی ئەوەبوو رۆژگار وای خواست کە جارێکی دیکە چاومان بەیەکتر بکەوێتەوە کە لە شاندی کوردی دانوستانکار دابوو لەگەڵ برا تێکۆشەرەکانی:(ادریس بارزانی، مسعود بارزانی، نوری شاوەیس، سالح یوسفی، سامی عبدالرحمن، نافذ جلال و د. محمود عوسمان) لە

کۆتایی مانگی کانونی یەکەمی ١٩٦٩ دا لە کۆشکی سپی لەبەغدا کاتێك کە بوون بە میوانی حکومەتی عێراق بۆ وتوویژ کردن لەبارەی بەندەکانی رێککەتننامەی ئاشتی کە بەقەناعەتی هەردوولا(کورد و حکومەت) رێگەیان خۆش کرد بۆ گەیشتن بەچارەسەرێك ئاواتەکانی گەلی کوردستان وەدی بهێنیێ ئەوەی کە لەپێناویدا ، دارا لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٩ بەرووڵێنانی بارزانیی نەمر، سەفەری کرد بۆ(بیروت) بۆ ئەوەی چاوی بە(میشێل عفلق) ی ئەمینداری حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بکەویێ، هەروەها لە سەرتای هەمان ساڵدا سەری لەبەغداش دا بۆ چاوپێکەوتنی(صدام حسێن) ی جێگری ئەوسای سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بۆ ریێ خۆش کردن بۆ دەست پێکردنی گفتوگۆ لەبارەی گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتیانەی دادپەروەرانە بۆ مەسەلەی کوردو ئەو دەست پێشخەرییەی ئاشتی سەرکەوتنی بە دەست هێناو هەردوولا گەیشتنە گەلاڵەی رێکەوتنێك کە بەندەکانی لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ راگەینرا بە ددان پێدانانی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی کە لەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە بیستەکانی سەدەی رابردووەوە تا ئەمڕۆ،بە گرنگترین رێککەوتننامە دادەنرێت، سەرەڕای ئەوەی کە بەڵگەنامەیەکی مێژوویە لەژیانی گەلی کوردا کە بنچینەی چاکی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد دانا.

دوای رێککەوتنامەکە کە کەشوهەوایەکی دۆستانە زاڵبوو لەنێوان حکومەت و سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد بەتایبەتیش لەمانگەکانی یەکەمدا، ئەوەبوو توانرا بەئاشکرا بەشێوەیەکی بەرفراوان کۆنگرەی هەشتەمی پارتی بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر وێرای هەڤاڵانی ئەندامی کۆنگرە کە لەکۆنفرانسەکانی حزبەوە هەڵبژێردرابوون، کۆمەڵێکی زۆر لە نوێنەرانی حزبە عێراقییەکان بانگهێشت کرابوون لەپێشەوەی هەمووشیانەوە نوێنەری حزبی شیوعی و حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی و حزبە کوردییەکان لەبەشە جیاجیاکانی کوردستانی گەورەو رێکخراوە دیموکراتەکان و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپاو کەسێتی کوردی ناسراو کامەران بەدرخان .

لەو کۆنگرە گەورەیەدا کە ئەنجام و بڕیاری گرنگی لێکەوتەوە، دارا تۆفیق بۆ

یەکەم جار بوو بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دوای حەوت ساڵ لەپەیوەندیکردنی بەریزەکانی شۆڕشەوە پێش ئەوەش ببێت بەئەندام لەسەرکردایەتی پارتی ، گەلێك رۆڵی گرنگی گێڕا، چونکە بارزانی باوەڕێکی زۆری پێی هەبوو لەبەر ئەوەی یەکێك بوو لەکەسە رۆشنبیرەکان و پاشخانێکی پێشووی سیاسی لەریزەکانی حزبی شیوعیی عێراق و سکرتارییەتی لاوانی جیهانیدا هەبوو و ، ئینگلیزیشی بەچاکی دەزانی چونکە لە ئینگلتەرە خوێندبووی، سەرەرای ئەوەی کە خاوەنی رەوشتێکی بەرزو رەفتارێکی سادەو ساکار بوو و دڵپاکیش بوو بۆیە لەسەرتا پاڵێورا بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ لەیەکەم کابینەدا کە دوای راگەیاندنی رێککەوتننامەکەو لە ئەنجامی ئەوە بەرێزان(سامی عبدالرحمن، نوری شاوەیس، سالح یوسفی، ئیحسان شێرزاد، نافژ جلال) بوون بەوەزیر، بەڵام پالاوتنەکە گۆڕانی تێداکراو خوالێخۆشبوو نافژ جلال بوو بەوەزیری کشتوکاڵ لەجیاتی دارا تۆفیق، لە کاتێکدا ئەمەی دوایی(کاك دارا) بۆ کارێکی دیکە پالێوراو دوای ماوەیەك لە ١٩٧١/٤/٥ سەرۆکایەتیی نوسینی رۆژنامەی(التأخی)ی پێ سپێردراو بە لێهاتووییەکی گەلێك زۆرو توانایەکی بالاوە ئەو پایەیەی لەسەرکردایەتیی ئەو ناوەندە گەورەیەی راگەیاندن پڕ کردەوەو ، ئەوە بوو ئەو مەیدانەی رۆژنامە نووسیینە پێشبڕکێیەکی رۆژنامەوانی گرنگی کەم وێنەی بەخۆیەوە دی لەنێوان رۆژنامەی(التآخی) و رۆژنامەی (الجمهوریە) ی بەغدایی کەزمانحاڵی حکومەتی عێراق بوو، جارێکی دیکەش لەگەڵ رۆژنامەی(الپورە) ی زمانحاڵی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب و بۆ جاری دواییش لەگەڵ رۆژنامەی (گریق الشعب) ی زمانحاڵی حزبی شیوعیی عێراق بەشێوازێکی پتەوو لۆژیکێکی ژیرانە بینی و هەر دوا بەدوای ئەوەش بوو کە(التأخی) بوو بە رۆژنامەی یەکەمی عێراق.

لە ساڵی ١٩٧٢ دا جارێکی دی لەگەڵ مامۆستا دارا تۆفیقدا بەیەك گەیشتینەوەو ، ئەم جارەیان جیا بوو لەگەڵ جارەکانی پێشوودا، کاتێك کە مامۆستا (سامی عبدالرحمن " ئەندامی مەکتەبی سیاسی _ وەزیری کاروباری باکوور) بڕیاری پەیوەندی کردنمی بە رۆژنامەی(التأخی) بۆ کارکردن وەك بەرێوەبەری کارگێری پێ راگەیاندم، دوای کۆتایی هاتنی کارەکەم لە سکرتارییەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان. ئەو ڕوو لێنانەم زۆر پێخۆش بوو لەبەر دوو هۆ یەکەمیان : کارکردن

لەگەڵ کاك دارا کە بەرپرسی ئەو دامەزراوە رۆژنامەوانییە بوو، دووەمیشیان : چوونم بوو بۆ ناو جیهانی رۆژنامەوانی لەفراوانترین دەرگای ئەو جیهانەدا .

دوای ئەوەی چووم بۆ رۆژنامەی(التاخی) کاك دارام زیاتر لەنزیکەوە ناسی و پەیوەندیمان خۆشەویستی بەسەردا زاڵ بوو و ئەویش هەموو متمانەیەکی خۆی پێبەخشیم، یەکەم : لە کارگێری و داراییشدا دووەمیش : لێپرسراوێتیی لە چاوخشاندن بەپۆستەی رۆژنامەو پشکنینی ماددە رۆژنامەوانییەکان و دواجاریش سەرپەرشتیکردنی رۆژنامەی(برایەتی) پێ سپاردم، بە تایبەتیش بۆ هەڵبژاردن و بەکەڵك هاتنی ماددە سیاسییەکان دوای کۆچی دوایی کردنی خوالێخۆشبوو(رەفیق چالاك) لە ١٩٧٣/١١/٣٠ دا و ئەو کارەم بەردەوام بوو تا مانگی ئاداری ساڵی ١٩٧٤ کاتێك شاری بەغدامان جێهێشت بۆ پەیوەندیکردن بەریزەکانی شۆڕش لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانەی شەڕ دەست پێکردنەوە لەئەنجامی خۆگنخاندنی حکومەت لەجێ بە جێکردنی بەندەکانی رێککەوتنامەکە .

کاتێك ئەو متمانەیە بیر خۆم دێنمەوە کە کاك دارا ئەوسا لەو دەمانەی خۆی لەوێ بوو، یان لەحاڵەتی لەوێ نەبوونی لەبەغدا پێی بەخشیبووم لەبەر سەردانە زۆرەکانی بۆ بارەگای سەرکردایەتیی شۆڕش لەکوردستان، یان لەکاتی سەردانەکانی بۆ دەرەوەی عیراق، لێرەدا چەند حاڵەتێکی زۆرم دێتەوە بیر کە لەوانەیە نەتوانم مافی خۆی بدەمێ و ئەو شانازییەشم بەسە کە لەگەڵ مامۆستا سامی عبدالرحمن رووی لێنام نامەی بارزانیی بەرێز ببەم بۆ کۆنگرەی دەوڵەتانی بێ لایەن لەگەڵ هاوڕێی نزیکم عادل مراد (کە ئەوکاتە سەرۆکی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بوو) لەرێگای قاهیرەی پایتەختی میسرەوە کە لەیەکێك لەئەڵقەکانی" لەیادەوەرییەکانەوە" قسەم لەمبارەیەوە کردووە، وێرای دووجار پاڵاوتنم بۆ دەرەوەی عیراق، یەکێکیان بۆ کۆماری رۆمانیای سۆشیالیست و، دووەمیان بۆ کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات، سەرەڕای ئەوەی کە چەند جارێك رووی لێنام بۆ ئەنجامدانی چەند سەردانێك بۆ کوردستان. کاك دارا سروشتی وانەبوو ، کە تاك لایەنە بڕیار دەرکات و وا لێراهاتبوو کە لەو کارە گرنگانەی لە نووسینەکانی(التأخی) دا رەنگیان دەدایەوە، رای هەندێ برایان لەو نوسەرانەی لە رۆژنامەکەدا کاریان دەکرد وەرگرێت.

ئەو لەهەڵسوکەوتی برایانەیداو لەهەڵسەنگاندنی کەسانی دیکەدا پیاوێکی

گەورەبوو و لەهەڵسوکەوتی رۆژانەشیدا لەگەڵماندا هەرگیز خۆی واپیشان نەدەدا، کە ئاگای لەهەموو شتێکە، یان توانای جیٚ بە جیٚ کردنی کارێکی هەیە بەتەنیا، بەڵکو گیانی (یەك تیمی) لای ئەو زاڵبوو و هەر لەو رێیەشەوە خۆشەویستیی ئەوانەی دەوریان دابوو، وەدەستدەهێنا بێئەوەی ئەو خۆی دروستی بکات . کاتێکیش کەباسی چاکی و رەوشتی ئەو پیاوە دەکەم، ئەو رووداوو بۆنانەی لەمێشکمدا هەڵکەنراون ، پێشبڕکیٚ دەکەن لە بارەی ئەو پیاوەوە کە لەجێیەکەی خۆی وەك سەرکردەیەك رەفتاری دەکرد، بیٚ ئەوەی کار لەگەوهەرە مرۆڤایەتی و مامەڵەی لەگەڵ خەڵکی دیکەدا بکات بەتایبەتیش ئەوانەی رۆژێك لەرۆژان ئەستێرەبوون ، لەبازنە ناوداریدا (پیاوی سەردەمی خۆیان) بوون ، چونکە بەشێوەیەك رەفتاری لەگەڵدا دەکردن هەر وەك ئەوەی هێشتا لەو شوێنە دابن کە رۆژێك لەرۆژان تێیدا بوون.

لەعەسری رۆژێك لەرۆژانی پایزی ساڵی ١٩٧٣ کەوا راهاتبووم لەبارەگای رۆژنامەدا بمێنمەوە بۆ تەواو کردنی کارە رۆتینییەکان و بەدواداچوونی ئەو کاروبارانەی پەیوەندییان بە رۆژنامەکەوە هەبوو، کاك دارا لەپڕ هاتە ژوورەکەم کە بەژوورەکەی خۆیەوە نووسابوو، چونکە ئێمە شوققەیەکی چوار ژووریمان لەسەرجەمی دوازدە شوققەکەی نهۆمی یەکەمی بالاٌخانەی (اگلس) داگیر کردبوو ، کە کەوتبووە شەقامی (سعدون) لە دووریی چەند مەترێك لە گۆڕەپانی(النصر). کاك دارا نەیکردبوو بەخوو لەحاڵەتێکی زۆر پێویست نەبوایە یان لەکاتی نوسینی سەروتاری رۆژنامە نەبوایە، دوای سەعات دوازدەی نیوەرۆ بمێنێتەوە چونکە ئەو سەعات(١٠) ی شەو دەهاتەوە بۆ دەوام لەبەر ئەوە هاتنی بۆ ژوورەکەی من لەو رۆژەو لەو سەعاتەدا(سەعات سێی دوای نیوەرۆ) مایەی سەرسوڕمانم بوو، چونکە ئەو لەکاتی تەواو بوونی دەوامی بەیانی ئەو رۆژە، کە شەوی پێش ئەو رۆژە لە کوردستان گەڕابووەوە، هیچ شتێکی پیٚ نەگوتبووم و لێی پرسیم: "نانی نیوەرۆت خواردووە؟". بەنەخێر وەلاٌمم دایەوە. ئەوسا پێشنیازی کرد کە بچین نان لەچێشتخانەی(ستراند) بخۆین و بە ئۆتۆمبێلە فیاتەکەی کە خۆی لێیدەخوڕی، چووین بۆ ئەویٚ ، لەرێگا پێی گوتم کە لەگەڵ ئەودا دەچین بۆ سەردانی کەسێتیەکی سەربازی کە رۆژیٚ لەرۆژان ناوی لەسەردەم و زاری خەڵك بووە، هەربەوەندە قسەیە وازی هێنا تا جێگەی خۆمان لەهۆڵی چێشتخانەکە گرت و لەویٚ جارێکی دیکە دەستی کردەوە بەقسەکردن و پێی

گوتم كه سەعات چواری عەسری ئەو رۆژە لەماڵی فریقی خانەنشین(نورالدین محمود)ی سەرۆك وەزیرانی پێشووتری عیراق دەبین بۆ ئەوەی نامەیەكی بەرێز سەرۆك بارزانی بگەیەنینە دەستی و ئەوەشم زانی كە ئەمە دووەم سەردانیەتی بۆ لای ئەو پیاوە.

منیش لای خۆمەوە هۆی ئەو سەردانەم لێ نەپرسی كەلە سەردانەكەی یەكەمدا كێی لەگەڵ بووە چونكە ئەو بەسروشتی خۆی باسی ئەو شتەی دەكرد كە بەپێویستی بزانیبایە.

خوالێخۆشبوو(نورالدین محمود) یەكێك بوو لەگەورە سەركردەكانی سوپای عیراق و كوردەو سەرۆكی ئەركانی سوپای عیراق بوو كاتێك لەلایەن دەربارى پاشایەتیەوە رووی لێنرا سەرۆكایەتیی وەزیران وەرگرێ لەو رۆژانەدا كە هەڵكشانی جەماوەر لەساڵی ١٩٥٢ زۆر توندبوو و دەربار پێی وابوو كە كەسێتیی سەربازیی نورالدین محمود توانای بێدەنگكردنی ئۆپۆزیسیۆن و كۆنترۆلكردنی بارودۆخەكەی وڵاتی هەیە.

## دیمەنی خانوەكەی لەدەرەوە

(خانووی فریق نورالدین محمود) لەدەرەوە، كاتێك ئۆتۆمبێلەكەمان لەبەر دەرگاكەی راوەستا، وای دەرنەخست كە خاوەنەكەی رۆژێك لە رۆژان سەرۆكی وەزیران بووبێت، چونكە خانوەكە سادەو ساكاربوو لەگەرەكێكی نیشتەجێ بوونی دانیشتوان لەشاری بەغدا. پیرێژنێك بەپیرمانەوە هات و بردینی بۆ ژووری هۆڵەكە ، كە دەیروانییە باخێك لەبەردەمی خانووەكە. لەپێشەوەی یەكێك لەدیوارەكان وێنەیەكی قەبارە مام ناوەندی كە پێكهاتەی ئەو وەزارەتە بوو كە خوالێخۆشبوو لە ١٩٥٢/١١/٢٣ سەرۆكایەتی كرد لەگەڵ وێنەیەكی دیكەی خۆی بەدوا پلەی سەربازییەوە بەكۆمەڵە نیشانەو مەدالیای سەربازی كە بەلای چەپی سینگیەوە هەڵواسرابوو، دوای ئەوە ئەو پیاوە بە بەخێرهاتنێكی زۆرەوە پێشوازی لێكردین و دەركەوت كە ژیانە سەربازییە پڕاوپڕەكەی لەچالاكی لەسەردەمی خۆیدا، ماندووی كردبوو، وێڕای ئەوەی كە پێی نابووە جیهانی لەبیرچوونەوە، بەپێی ئەو رێسایەی

ئێمە لەرۆژهەلاتی خۆماندا هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەین کاتێك خەڵك پیاوە گەورەکانیان لەبیردەچێتەوە کە خانەنشین دەکرێن یان بەزەبری چەك لادەدرێن، یان کاتێك کە بەناو سالان دەکەون و تاکە حاڵەتێك کە ئەوانە بەبیر خەڵکی بێنێتەوە ئەوا کاتێك مێژوو نوسێك یان دادنوسێك بابەتێك دەنووسێ، ئەوسا جارێکی دیکە (پاڵەوانەکە) لەسەر شانۆ دەردەکەوێتەوە، بەلام ئەم جارە دەرکەوتنەکەی لەچەند دێڕێکی کەم تێپەر ناکات لەسەر لاپەرەی کاغەز!!

دوای ئەوەی قاوەمان خواردەوەو دڵنیابوو لەوەی من کێم، پاش ئەوەی کاك دارا منی پێ ناساند قسەکان لەم دیدارەدا بەم شێوەیەی خوارەوە کران :

دارا تۆفیق: بارزانی گەرمترین سلاوی خۆیت پێ دەگەیەنێ لەتەندروستیت دەپرسێ و حەزیشی دەکرد لەکوردستان بتبینێ ئەگەر بارودۆخی تەندروستی و هەلومەرجی گشتیت لەباروباش بن و ئەو (واتە بارزانی) نامەیەکی نووسراوی بۆ بەرێزتان ناردووە، (لێرەدا کاك دارا دەستی بۆ جانتاکەی بردو نامەکەی دەرهێناو دایە دەست فریق نورالدین محمود) و راشیسپاردووم(قسەکە هێشتا هەر ئی کاك دارایە) هەموو ئەو شتانەی داوایان دەکەن بۆتان جێ بەجێ بکەم و ، دەشتوانن بەم ژمارانەی تەلەفۆنی رۆژنامەکەمان پەیوەندیمان پێوە بکەن .

فریق نورالدین محمود: سوپاسی بەرێزیان دەکەم (نەیتوانی قسەکەی تەواو بکات، لەبەر ئەوەی خەمی زۆر دایگرت چاوی پڕبوو لەفرمێسك بەجۆرێك کە چاویلکە پزیشکیەکەی بۆی نەشاردرایەوە، لە پاشان دەستی کرد بەخوێندنەوەی نامەکەو نزیکەی دە خولەکی خایاند) و کاتێك کە بارودۆخی ئاسایی بوەوە، جارێکی دیکە دەستی بەقسە کردن کردەوەو گوتی: هاوچەرخی زۆر کەسم کردووەو لەگەڵ زۆرانیشدا کارم کردووە لەبەر دەستی گەلێك سەرکردەی گەورەدا بووم و سیاسەتمەداری هەمە جۆرم ناسیوەو لەهەموو ئەو ماوەیەدا ئەو رێزلێنانە ویژدانییەی لە رەسەنایەتییەوە هەڵقولابێ لێی بەهرەدار نەبووم وەك ئەوەی لەبڕگەکانی نامەکەی بارزانیدا بەدیم کرد، لەکاتێکدا ئێمە(مەبەستی ئەفسەرەکانی عیراق بوو) زرڵمێکی زۆرمان لێکرد راستیی ئەو پیاوەمان نەزانی و بەوپەڕی هێز کە رژێم هەیبوو شەڕی لەگەڵ کرا(مەبەستی سەردەمی پاشایەتی بوو) تا ناچاری کردبوو بەسنووری سێ دەوڵەتدا بکشێتەوەو بچێت بۆ یەکێتیی سۆڤیەت، رۆژێك گلەییم لە(عمر علی) کرد

مەبەستی لیوا"عمر علی"یە کە بۆ دوا جار لەژیانی سەربازیی خۆیدا فەرماندەی تیپی یەکەم بوو لەدیوانیە لەکاتی بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨) لەسەر ئەو ڕێبازە توندەی (لە بزووتنەوەی بارزان ساڵی ١٩٤٥) کاتێك بە پلەی (مقدم رکن) بوو و سەرکردایەتیی(رتل الامیر)ی بەدەست بوو، بەڵام واقم وڕماو تووشی بیٚ هیوایی بووم کاتێك لەم ساڵانەی دواییدا ڕەفتاری هەندیٚ سەربازەکانی خۆمان و دڵڕەقیی هەندێکیانم بەرگویٚ دەکەوت بەرامبەر بەخەڵکی بیٚ تاوان و ئەمین بەرامبەر گەڵی کورد بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام سوپاس بۆ خوا سەبارەت بەبارودۆخەکە بەم شێوەیە گۆڕاو توانیتان داواکانی خۆتان وەدی بهێنن و کاتی ئەوەش هاتووە کە سەرکردەکەتان بحەسێتەوە دوای ئەوەی تووشی گەلێك ناخۆشی و سەرئێشەی زۆر هات.

دارا تۆفیق: بەرێز جەنابی فریق خۆتان باش دەزانن کە لەسەردەمی پاشایەتی چی ڕوویداو خۆتان باشترین شایەدی ئەوەن . بارزانی زۆر بەسەختی شەڕی لەگەڵ کراوە کەس و کارو عەشیرەتەکەی تووشی زوڵم و زۆری هاتن و خۆشی ناچاربوو وڵاتی جێهێشت و تاراوگەی لە یەکێتیی سۆڤیەت هەڵبژاردو شێخ ئەحمەدی براگەورەی بەزیندانی کردنی هەتاهەتایی حوکمدراو ئەوەی کە ڕوویدا سەبارەت بەبارزانییەکان دوای کۆتایی هاتنی بزووتنەوەی سەربازی لەساڵی١٩٤٧ ڕووی داو دیمان چارەنووسی چوار ئەفسەرەکە بەچی گەیشت.. سوپاستان دەکەین بۆ ئەو گلەییەی لە(عمر علی) تان کرد.. ئەو بە ڕاستی دڵڕەق بوو، چ لە سەرکردایەتیی(رتل الامیر)، یان کاتێك کە بوو بە(متصرفی) سلێمانی.

فریق نورالدین محمود: کەوتووینەتە ناو بازنەی لەبیرچونەوەو تەندروستیشم ئێستا باش نیەو، ئەگەر تەندروستیم وانەبوایە حەزم دەکرد لەگەڵ ئەو بوومایە (واتە لەگەڵ بارزانی دا) .

دارا تۆفیق: بەرێز جەنابی فریق:(بە درێژایی دیدارەکە بەو ناوەوە قسەی لەگەڵ دەکرد) ئێمە دەزانین هەستی ئێوە چۆنەو بارزانیش جیا لەخەڵکی دیکە، لەدڵەوە ئاواتەخوازی خۆشیتانەو بێگومان ئەو ماك و خۆشەویستی ئێوە بۆ گەلەکەتان دەزانیٚ و ڕێز بۆ پایەو پێگەی ئەفسەرە کوردەکان و ئەو گیرۆدەییەی ئەوان تووشی هاتن، تەنیا لەبەر ئەوەی لە نەتەوەی کوردن .

دیدارەکە نزیکەی سەعاتێك درێژەی کێشاو لەکۆتاییدا هەستم بەوەکرد کە فریق نورالـدین محمـود گـەلێك رازی بـوو لەوقسـانەی کـە لـەو دیـدارەدا کـران و کاتێـك لەسالۆنەکە دەهاتینە دەرێ، لە قسەکانیدا وام ئەنجامگیری کرد کە لەشۆڕشی ١٤ ی تەموزی ساڵی١٩٥٨ ـەوە تا ئێستا کەس ئەوی بەبیردا نەهاتووەو کەسیش ڕێزی لێ نەناوە وەك بـارزانی ڕێـزی لێگـرت و ئـەوەیش لـە دارا تـۆفیقی گـوێ لێ بـوو و گلـەیی خۆیشـی لەپێشـەوای کـۆچ کـردو عبـدالکریم قاسـم بـیر نەچـوو، کاتێـك کـە لـەڕۆژانی یەکەمی شۆڕشدا سەردانی وەزارەتـی بەرگری کرد " بەڵام عبدالکریم قاسم پۆزشـی هێنایەوەو نەیویست بیبینێ و تا ئێستا کەس ئەوی بەبیردا نەهاتووە سەری لێبدەن، کاتێ هەڵساین سووربوو لەسەر ئەوەی تا دەرگای دەرەوە بەرێمان بکات، بەڵام کاك دارا بەزمان شیرینی خۆی لەسەر ئەو سوور بوونەی ساردی کردەوە.

ئـەو پیاوەمـان بـەجێ هێشـت و هەسـتم کـرد کـە کـاك دارا زێـدەڕۆیی کـرد لەڕێزلێنانی ئەو پیاوەو ئەوەی لە مێشکمدا دەخولایەوەو کە دەگەڕاینـەوە بۆ ڕۆژنامـە لەناو ئۆتۆمبێلەکەی پێم گوت ئەوسا بەتی چاو سەیری کردم دەسبەجێ لەماناکەی گەیشتم و دوای یەك خولەك بێ دەنگی پییێ گوتم: " چەند پایەت بەرز بێت خۆتت وەك مرۆڤـ بیر نەجێت و مرۆڤـ بگاتە هەر پلەو پایەیەك نابێ مرۆڤایەتی خۆی لەبیر بکات و ئەگەر مرۆڤایەتیی خۆیشی لەبیرنەچووەوە، ئەوا زوڵم لەخەڵکی دیکە ناکات و سـەرەنجام زوڵـم لـە مرۆڤایـەتی خـۆی ناکـات" لەسـەر قسـەکانی خـۆی ڕۆیشـت و گوتی:"ڕێز لێگرتنی گەورە پیاوان و دەوڵەمەندو خاوەن دەسەڵات ، کە لە لووتکەی تواناو دەسەڵاتدا بن بۆ کەس بەپیاوەتی ناژمێردرێ و ناچێتە خانەی خۆشەویستی و ڕێزگرتنەوە، بەڵکو ئەگەر شتێ بکەی کە ئەو (لەبیرکراوانە) وا هەست بکەن کە هێشتا ئەوانە بەشێکن لەئێستادا، ئەمەیان بە تەواوەتی ڕێز لەخۆ گرتنە و دەرهێنـانی مرۆڤە لەبازنەی خەم و ئازارەکانی..

چەند گەورە دەبین ئەگەر بتوانین وا بکەین کە(خانەنشینە بە تەمەنەکان) هەست بە بایەخی خۆیـان و هێشـتا هـەر لەمێشـك و خـەیاڵی خەڵکیدان و با ئـەوەشمان لـەبیر نەچێ(قسەکە هێشتا هـی کـاك دارایـە) کـە هـەر یـەك لـە ئێمـە لەقۆناغـە جیاجیاکـانی ژیاندا دەگاتە ئەو حاڵەتەو بیری کەس نابورێ!!)).

لـەدوا مانگـەکانی سـاڵی ١٩٧٣ کەشـووهەوای سیاسـیی بەهـەور داپۆشـرابوو و

پەیوەندیی بزاڤی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا بەقۆناغێکی سەختدا تێدەپەری و ئەمەشم لەرێگەی کۆپی کردنی ئەو دیکۆمێنتی کۆنووسانەوە دەزانی کە بەو ئامێری کۆپی کردنەی لەژوورێکی شوققەکەمان لەبینایەی رۆژنامە دامان نابوو، ئەو کاغەزانەی کاك دارا پاکنووسی دەکردن و منیش کۆپیم دەکردو بریتی بوو لەکۆنووسی ئەو گفتوگۆو دانیشتنانەی لەنێوان هەندێ هەڤاڵان لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی، بەئامادەبوونی مامۆستا (حبیب محمد کریم) ی سکرتێری ئەوسای حزب دەبەستران و لەنێوان لایەنی حکوومەت و حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرب هیوایەکی زۆر بەئەنجامی ئەووتووێژانە هەبوو.

لایەنی کوردی بەپێی توانا هەوڵی ئەوەی دەدا ئەو هەلە مێژۆییە لەدەست نەدات و بەفیرۆنەچێ کەرکووك و ناوچە تێکەڵاوەکانی وەك (شەنگال و خانەقین) گرێ کوێرەی وتوێژی نێوان هەردوولا بوو و سەرکردایەتیی کورد ئامادە بۆ داهێنان نەبوو، هەرچەندە هەوڵی دەدا مەسەلەکە بۆ ماوەیەکی دیکە دوا بخات، بەڵام سەرکردایەتیی عیراق هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی رەتدەکردەوە بۆ دەرچوون لەو قەیرانە، بەتایبەتی دوای مسۆگەرکردنی لایەنی یەکێتیی سۆڤیەت و وەدەستهینانی چەکی خۆرهەڵات و خۆرئاوا.

لەم کەشوهەوا نائاساییەدا ، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆبونەوەیەکی ئاسایی لەناوەراستی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٣ دا بەست بۆ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی.

لە ١٩٧٣/١١/٢٢ دا کاك دارا لەکوردستانەوە هاتەوە بۆ بەغداو کاتەکەی لەدەورووبەری سەعات چواری عەسر بوو و یەکەم جار هاتە ژوورەکەی من و دوای حەسانەوەیەکی کەم، لەپڕ هەواڵێکی پێدام و گوتی کە نیازی وایە کۆبوونەوەیەك لەگەڵ کادرو نوسەرانی رۆژنامەی برایەتی بکات و بیکەن بەرۆژنامەیەکی رۆژانە لەجیاتی هەفتانەو خۆسازدان بۆ ئامادەکردنی ماددەی پێویست بۆ ئەوەی ژمارە (٠) ی برایەتی بەشێوەی رۆژانە کە لەرۆژانی یەکەمی ساڵی١٩٧٤ دا دەرچێت.

رۆژان تێپەرین و لەگەڵ سەرەتای گزنگی یەکەم رۆژی ساڵی ١٩٧٤ و بۆ یەکەمجار لەمێژووی رۆژنامەگەریی کوردی یەکەم رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لەسەر دەستی دارا تۆفیق لەدایکبوو، دوای تێپەرینی ٧٦ (١٨٩٨-١٩٧٤) ساڵ بەسەر

دەرچوونی یەکـەم رۆژنامـەی کـوردی (کوردسـتان) لـە ۲۲/نیسـانی/۱۸۹۸ لـە قـاهیرە لەسەر دەستی یەکێك لەرۆڵەکانی بنەماڵەی بەدرخانیانی تێکۆشەر کە ئەویش (مقداد مدحت بەدرخان) ـە ، برایەتی لەسەر دەرچوونی خۆی بەردەوامبوو، ئەوەبوو ژمارەی یەکەمی لە ۱۹۷٤/۱/۸ دەرچوو و ئەم تاقیکردنـەوە پێشـەنگە تۆمارکرا " بـەڵام لەبـەر بریارێك کـە(حامـد الجبـوری) ی وەزیـری راگەیانـدنی ئەوسـای عیـراق دەری کـرد، زۆر بەردەوام نەبوو و دوای ئەوە برایەتی گەرایەوە بۆ دەرچوونی حەفتانەی و ژمارە (۸٦) ی لـە رۆژی ۱۹۷٤/۳/۲ کۆتـایی قۆنـاغی سـێیەمی لەتەمـەنی خـۆی تۆمـارکرد لـەو رۆژانـەدا نوسـەرو کـادیرانی رۆژنامـەی برایـەتی و (التـأخی) ناچـاربوون بـرۆن و روو لەکوردستان بکەن بۆ وەلامدانـەوەی بانگـەوازی ئـەرکی نەتەوایـەتی و کـاك دارا تۆفیـق لەپێشەنگی هەموو ئەوانـە دابـوو، بەمـەش قۆنـاغێکی دیکـەی قۆناغـەکانی راگەیانـدنی پـارتی دەسـتی پێکـرد(کەلەمـەودوا لـە قۆنـاغێکی ئەڵقـەکانی لـە یادگـاردا) وەبـیری دێنینەوەو ئەم قۆناغەش لە ۱۹۷٤/۳/۱۱ دەستی پێکرد تا پیلانە چەپەڵە بەدیوومەکە لە ٦ی ئاداری ۱۹۷٥ روویدا کە ناوی نرا رێککەوتنامەی جەزایر.

دوای ئەو پیلانەی کە رایەڵەکانی لەچەند پایەتەختێك چنراو چەند حکومـەتێکی عەرەبی و ناعەرەبی و ناوەندی نێو دەوڵەتی گـەورە بەشـدارییان تێـدا کـردو هـەر یەکـە لەدەربازگەی خۆپەرستی و بەرژەوەندە تەسکەکانی خۆیـەوەو لەسـەردادانەوەی پـەردە بەسـەر تەمەندرێـژترین شـۆڕش لەهـەموو مێـژووی کـورد (۱۱ی ئـەیلوولی/۱۹٦۱ – ٦ / ئاداری/۱۹۷٥،رێککەوتن) چونکە نەبەردانی کورد ترسیان خستبووە دڵی هەندێکەوەو نەوەك ئەو (درمە) بگاتە بەشێکی دیکەی جەستەی کوردستان، لـە کاتێکدا هەنـدێکی دیکـە ئامـادە بـوون واز لـەنیوەی ئـاوی هەرێمایـەتیی خۆیـاك بێـنن و دووبـارە سنوور دەستنیشان بکەنەوە هەر بۆ ئەوەی کورد لەسەر خاکی باوك و باپیری خۆیـان بەومافـە رەوایەی خۆیان شادنەبن ، کە خوا بـەبێ جیـاوازیی بەهـەمووانی بەخشـیووە...هـەموو ئەمـــەش لەبـــەر چـــاوی جیهانـــدا، بەخۆرهـــەڵات و خۆرئاوایـــەوە رووی دا ، ئـــای لەگاڵتەجاریی سیاسەت و بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی!!.

سـەعات نزیکـەی یـەکی دوای نیـوە شـەوی ٦ لەسـەر۱۹۷٥/۳/۷ بـوو، هـەموومان لـەبینای بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتیی لاوانـی سـەر بەئەمانـەتی گشـتیی راگەیانـدن و رۆشـنبیری و لاوان بـووین و لـەکونجێکا هەڵتروشـکابووین گوێمـان لـەدەنگوباس و

شیکردنەوەی ئیستگەکان دەگرت لەبارەی ئەو رووداوەی هەمووماني راتەکاندو لێرەدا دەقی ئەوەی کەرادێوی مونتکارلۆ لەبڵاوکراوەی دووەمی وەك پەراوێزی دەنگ و باس لەبارەی ئەو رێکەوتننامەیەی ئەو رۆژە لەجەزایر مۆرکرا هێزی لێ بردین کاتێ گوتی:" تاکە زیان لێکەوتوو شۆڕشگێرانی(چەفار) و کوردەکانی مەلا مستەفان و قازانج کردووەکانیش لەمەدا دوژمنانی کوردن لەهەموو جێیەك " .

کە سەعات یەکی دوای نیوەشەو لای دا، کاك دارا لەپڕ هاتە لامان و بەپێی توانا هەوڵی دەدا لەجووڵەو هەڵسان و دانیشتنی ئاسایی بێت . کاتێك لەبارەی ناوەرۆك و ئەنجامی ئەو رێککەوتننامەیە پرسیارمان لێکرد، ویستی کاریگەرییەکەی سووك بکات بەبێ ئەوەی مەترسییەکانی پشت گوێ بخات و ئامۆژگاری کردین کە بەسەر خۆماندا زاڵ بین تا راستییەکە روون دەبێتەوە. کە ویستی بچێتە دەرێ، منی لەگەڵ خۆی تەنیا هێشتەوەو لەتاریکە شەوو لەو سەعاتە درەنگەی شەودا بەپیاسە رۆیشتین بەرەو چۆمان، چونکە بارەگاکەمان لەنێوان چۆمان و دەربەند بوو و بۆ ماوەی چەند خولەکێك هیچمان قسەیەکمان نەکردو لەوکاتەشدا گوێمان لە تۆپ گرتنە بەرامبەرەکان بوو لەبەرەی چیای زۆزك و کاتێك لێم پرسی: چی لە ئاسۆدا روودەدات و باروودۆخەکە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟!!

کەوەڵامی دامەوە خەمباری لەقسەکانیدا دیاربوو، بەڵام کاتێ هاتە قسە گوتی (پێش ماوەیەك لای بەرێز جەنابی بارزانی بووم، لە بارەی ئەو پڕۆژە تازەیە کە کۆمەڵە سیاسەتمەدارو یاساناسێك راسپێردرابوون لەبارەی چارەسەری کێشەی کوردەوە لەسەر بنچینەی فیدراڵی ئامادەی بکەن تا ببێتە بنچینەیەك لەدانوستانی ئایندەمان لەگەڵ حکومەتی عیراقدا ، کاتێکیش لێم پرسی(مەبەستی ئەوەبوو کە لە بارزانی پرسی) تا چ رادەیەك بەرێزتان گەشبینن ؟ وەڵامەکەی ئەوەبوو: ئێمە بەرێگای خۆماندا دەڕۆین لەپێناوی گەلەکەماندا و ئەوەی ئەمرۆ پێی رازی دەبین، لەدوارۆژدا پێی رازی نابین)، لێرەدا کاك دارا هەندێ چالاکی و توانای بەبەرداهاتەوە رووی قسەی لەمن کرد: خۆتان ئامادەکەن چونکە ئێمە بەئارەزووی خۆمان هاتووین بۆ شۆڕش و گەلی کورد بەبوونی سەرکردایەتیی بارزانی توانای مانەوەی هەیەو کێشەی گەلی کورد لەگەڵ سەرکردایەتییەکەی نەبێ لەگەڵ کەسی دیکە چارەسەر ناکرێ) .

لێرەدا لەدڵی خۆمدا ئەو گفتوگۆیەم بەبیرهاتەوە کە لە نێوان ئەو(کاك دارا) و لە

نێوان (غانم عبدالجلیل) ی ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبدا روویدا کە ئەوسا پایەی بەرێوەبەری نوسینگەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی هەبوو، کاتێك کاك داراو خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی بۆ دواجار سەردانی بەغدایان کرد لە ۱۹۷٤/۳/۸ دا وەك هەولّ دانێك لەلایەن بەرێز جەنابی بارزانی و سەرکردایەتیی پارتی بۆ خۆدوورخستنەوە لە شەڕ، بە پێشکەش کردنی پێشنیازێك لەبارەی دواخستنی خاڵەکانی ناکۆکی بۆ ماوەی سالێکی دیکەو رانەگەیاندنی یاسای(حوکمی زاتی) بەشێوەی یەك لایەنە بۆ دوورخستنەوەی ئەو مەترسیانەی هەموو گەلی عیراق بەگشتی تووشیان دێت، بەڵام لایەنی عیراقی سووربوو لەسەر هەڵوێستی خۆی و ئەوەشمان دیت کە رووی دا .

ئەو گفتوگۆیەی ئێمە باسی دەکەین کاك دارا خۆی پێی گوتم لە سەردانێکمان دا (ئەو و بەندە) بۆ شاری رواندوز لە کۆتاییەکانی مانگی ئاداری ساڵی ۱۹۷٤، کاتێك ئوتێلە گەشتوگوزارییەکەمان بەسەردەکردەوە کە بۆ ئەمانەتی راگەیاندن تەرخان کرابوو و پێشی گوتم کە ئەو نهێنییە لەبەر گەلێك هۆ بپارێزم و ئەو رۆژە ئەمەی بۆ ئاشکرا کردم : بڕیار وابوو ئەو ئەنجامانە بزانین کە من و خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی لەشەوی ۹ لەسەر ۱۹۷٤/۳/۱۰ لەپێناویاندا هاتبوین لەبارەی ئەو پێشنیازانەی پێشکەش بەلایەنی حکومەتمان کردبوو و لەدەوروبەری سەعات هەشتی ئەو شەوە غانم عبدالجلیل تەلەفۆنی بۆ کردم و پێشنیازی ئەوەی کرد کە لەشوێنێك بەتەنیا چاومان بەیەکتر بکەویّ، لەسەرەتادا وامزانی کە پێشنیازێکی بەرامبەر هەیە دەیانەویّ لەگەلّ مندا باسی بکەن پێش ئەوەی بیخەمە بەردەمی خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی.

لە کاتی چاو بەیەکتر کەوتنەکەدا ئەو گفتوگۆیە لە نێوان من و غانم عبدالجلیل دا روویدا :

غانم عبدالجلیل : ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی یەك لایەنە حکومی زاتی(ئۆتۆنۆمی)وەك بەڵێنمان بە گەلی عیراق دابوو رابگەیەنین دەبیّ ئێوەش بەبیّ چەندو چۆن لایەنگری لەپرۆژەکە بکەن.

دارا تۆفیق: لەگەلّ کاك ئیدریس بارزانی دا هاتووین بۆ رزگارکردنی ئەو پەیوەندییەی لە ۱۱ی ئاداری ۱۹۷٤ ـەوە ئێمەی بەیەکەوە بەستۆتەوەو چارەسەری

ئەو بارودۆخە قەیراناوییە بکەین و ئێمە پێشنیازی دیکەمان پێشکەش کردووەو چاوەڕوانی ئەنجامی تازە دەکەین.

غانم عبدالجلیل: واز لەو مەسەلەیە بێنەو من دەمەوێ دەرگای بابەتێکی دیکە بکەمەوە کە بۆ تۆ لە رووی بایەخەوە لەهیچ بابەتێکی دیکە کەمتر نیە .

دارا تۆفیق: فەرموو چیت هەیە بیڵێ.

غانم عبدالجلیل: لە لایەن بەرزترین ئاستەوە راسپێردراوم پێت بڵێم پایەی جێگری سەرکۆمار لەو یاسا تازەیە لەنوێ دادەنرێت و سەرکردایەتیش (حزبی بەعس) تۆ بەباشترین کەس دەزانێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو شوێنەو، بۆ خوا پێت دەڵێم کە قبووڵی بکەیت و ئەم هەلە سەبارەت بە تۆ جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە.

دارا تۆفیق: من ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستانم بە سەرۆکایەتیی بارزانی و ئەو شوێنەم لەحزبدا، سەرەڕای متمانەو بڕوای بارزانی بەمن شیاندوومی کەئێستا لەپێگەی دانوستاندبم لە تەك کاك ئیدریس بارزانی لەگەڵ ئێوەداو ئەو پێشنیازەی ئێوە بەدامەزراندنم بەپلەی جێگری سەرۆك کۆمار هیچ شتێك ناخاتە سەر دەسکەوتی سیاسیم، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەو پێشنیازەی ئێوە قبووڵ بکەم ئەوا بڕواو متمانەو رێزگرتنم لەلایەن گەلەکەمەوە دەدۆڕێنم چونکە من لەرێی خۆبەخت کردن و قوربانیدانی گەلەکەم بووم بەم پیاوەی کە دەیبینی و من پێشنیازی ئەوەتان بۆ دەکەم کە بۆ چارەسەری کێشەکە لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد دا رێك کەون لەیەك بگەن لەجیاتی ویژدان کڕین.

غانم عبدالجلیل: (بەهەڵچوونەوە) من ئەوەی لەسەرم بوو کردم و تۆش خۆت زەرەر دەکەیت!!

کە لەگەڵ کاك دارا گەڕاینەوە بینایەی فەرمانگەکەمان لەدەربەند سەعات دووی دوای نیوەشەو لای دابوو بەڕێمکرد بەو هیوایەی کە سبەینێ چاومان بەیەکتر بکەوێتەوە.

رووداوەکان بەو شێوە تراجیدییەی روویانداو چووین بۆ ئێران و بڕیارماندا کە سەرەتا لەوێ بمێنینەوەو چاوەڕوانی ئەوە بکەین بزانین رۆژگار چی بۆ هەڵگرتووین و لێرەو لەوێش بەدوای دەنگوباسانەوە بووین لەگەڵ گۆڕانی رەفتاری ئێران بەرانبەر بەپەنابەران لەکاتێکدا جاری دە رۆژ زیاتر بەسەر مانەوەمان لەئێران تێ نەپەڕیبوو،

**لەرۆژی ١٩٧٤/٣/٢٦ کاتێك کە من و جەلال خۆشناو و سیروان عەبدوللا) لەنزیك چوار ریانێك لەگەرەکی(بالقچی) لە شاری (نەغەدە) دەرۆیشتین جێبێکی لاندرۆڤەری قەبارە ناوەنجیمان تووش بوو کاك دارا لێیدەخوری و لیوای خانەنشین فوئاد عارف لەتەنیشتی دانیشتبوو. کە کاك دارا ئێمەی دیت ئۆتۆمبێلەکەی لەلایەکی رێگا راگرت لێی دابەزی و دوای چاکی و چۆنی و هەواڵ پرسین، ئەم گفتوگۆیە لەنێوان ئەو و ئێمەدا رووی دا :**

**دارا تۆفیق: وامدەزانی ئێوەش لەگەڵ ئەو هەموو کۆمەڵە خەڵکەی سوودیان لەماوەی لێبووردنی گشتییەکە وەرگرتووە گەراونەتەوە عیراق.. چاوەڕوانی چی دەکەن؟**

**نوسەری ئەم چەند دێڕە: بڕیارمان داوە لێرە لەئێران بمێنینەوە.**

**دارا تۆفیق: مانەوە لە ئێران بۆ؟ بەستان نییە ئەوەی شا پێی کردین و لە ئایندەشدا پێمان دەکات؟**

**جەلال خۆشناو: وەك تاکە کەس مانەوە لەئێران لەرووی ئەمنییەوە باشترەو گەرانەوەمان بۆ عیراق واتە رۆیشتن بەرەو نەزانراو و چارەنووسێکی رەش چاوەڕوانمان دەکات.**

**دارا تۆفیق: ئەوەی ئێوە دەیڵێن راستە لەحاڵەتێکدا ئەگەر ئێمە کۆمەڵەیەکی بچووك بین. ئێوە بەچاوی خۆتان گەرانەوەی سەدان و هەزاران دەبینن و لەخزمێکەوە کە لەعیراقەوە هاتووە زانیومە کە ئەوانەی (گەراونەتەوە) مامەڵەیەکی چاکیان لەگەڵدا دەکرێت و کەس دەست ناخاتە ناو کاروباریانەوەو هیچ رێکایەکی یاسایی دەرهەق بەهیچ کامێکیان نەکراوەو سووربوونیشم لەسەر گەرانەوە، دوای دڵنیابوون لەرێکارەکانی عیراق لەوە هەڵقولاوە کە گەرانەوە بۆ نیشتمان باشترە لەمانەوە لێرەو نابێ پشت بکەینە نیشتمانمان و تاکە وشەیەك لەبارەی کوردستانەوە لەعیراق لەمانەوەی ئێرە باشترە بەلای کەمەوە سەبارەت بە ئێوە، چونکە کوردستان پێویستی بەرۆڵەکانی هەیە پێویستە ئەزموونی فەلەستینییەکانمان لەبیر نەچێ، من لەگەڵ گەرانەوەی هەمووان نیم، بەڵام خۆدەبێ باری سەرشانی سەرکردایەتی سووك بکەین، چونکە ئەوان لەم بارودۆخەدا ناتوانن دڵی هەمووان ڕاگرن ولەوانەیە ئەوان پێویستیان بەو هەموو ژمارە زۆرە نەبێ و سەرکردایەتیش گلەیی و گازاندە لەکەس ناکات ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ نیشتمان و خیانەتی لێ نەکات. من خۆم بڕیارمداوە بگەڕێمەوە بۆ عیراق**

" بەڵام لەرێگای(بیروت) ـەوە بۆ پاکتاو کردنی هەندێك ئیش و کار. ئەو گفتوگۆیەمان نزیکەی نیو سەعاتێکی خایاند، بێ ئەوەی لەسەرەتادا سەرکەوتوو بووبێت لەوەی قەناعەتمان پێ بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ رۆژی دوایی بانگی کردین بۆ شاری رەزائیە (ورمێ).

بۆ رۆژی دوایی ئێمە هەرسێکمان مەوعدمان لەگەڵ کاك دارا هەبوو، هەرکە گەیشتینە ورمێ چووین بۆ ماڵەکەی کە کەوتبووە لای خۆرئاوای شارەکەو وامان پێ باش بوو بەشەقامە پڕ دارودرەختەکەدا پیاسە بکەین بۆ لای باخەکان. دنیا گەلێك خۆش بوو بەڵام هەستمان بە خۆشیی ئەو کەشوهەوایەو دیمەنە جوانەکانی ئەو شارە نەکرد ، کە چیا لەلایەکیەوەو دەریاچەیەکی سوێری لەلایەکەوە کۆکردۆتەوە، کە دژایەتیەك لەسروشتدا پێکدێنێ، چونکە دەگمەن وادەبێ شارێك ببینی لەباشوورو خۆر هەڵاتەوە دەریاچەیەکی سوێر دەوری دابێ کە ماسی و گیانداری دەریایی تێدا ناژی و لەلایەکانی دیکەشەوە باخ و بێستان و هاوینە هەوارەکانی گەلی(بەندی) ی نزیك شاخەکان، دەوریان دابێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جوانییە نەیتوانی یەك تۆسقاڵ خۆشی بخاتە دڵی ئێمەوە، چونکە لەدژایەتیەکەدا دەژیاین وەك دژایەتیی سروشتی ئەو شارەی کە بەشەقامە ناسەرکییەکانیدا دەرۆیشتین، ئەو شارەی کە کاك دارا تێیدا توانی قەناعەتمان پیبکات بگەرێینەوە بۆ نیشتمان و جەختیشی لەسەر دووخاڵ کردەوە، یەکەمیان: پارێزگاری کردن لەو یەکترگرتنەی لەنێوان ئەو کۆمەڵانەدا هەیە بەتایبەتیش هەڤاڵە هۆشیارەکانی رێی تێکۆشان و، دووەمیشیان: نهێنی پاراستن و دوورکەوتنەوە لەبازنەی ڕووناکی، رۆژان هات و چوو خۆمان لە عیراق دیتەوە کم لە کۆیە گیرسامەوە و ئەویش لە بەغدا، ئەوجا بۆ شاری کوت لە سەردانێکمدا بۆ لای کاتێك کە لەئۆتۆمبیلە (ڤۆلکس واگنەکەی) بووین لەرێگای گەرانەوە لەپارێزگای کووتەوە بۆ بەغدا، لە پشووی کۆتایی حەفتەی رۆژێکی وەرزی هاوینی ساڵی ١٩٧٧ کاتێك چووبووم بۆ سەردانی کە بەرێوەبەری شارەوانی کووت بوو، کاتێ ئەو تێبینییانەیم بیر هێنایەوە،(زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتیی سیاسی و سەربازی کە گەرابوونەوە لەو پۆستانەی وەك بەرێوەبەری شارەوانی، بەرێوەبەری دارستان و شتی دیکەی لەم شێوەیە) دامەزرێنرابوون وەك تۆڵە لێکردنەوەو زەلیلکردن. کاتێك ئەم تێبینییانەیم بیرکەوتەوە ، کە پێیگوتبووین (لە ماڵی خۆی لە

شاری ورمێ) و کاتێك کە قەناعەتی پێکردین (کاك دارا) بگەڕێینەوە بۆ عیراق لێردا شێوەی قسەکەم لەگڵەییەوە نزیکتربوو.. ئەوسا خێرایی ئۆتۆمبیلەکەی کەم کردەوەو گوتی:" ئەوە کۆتایی مێژوو نیەو مێژووەکەمان دەستی بە دووبارەکردنەوەی خۆی کردووەو ئەو کەسانەش کە بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ کورددا دەکەن پەشیمان دەبنەوە." وام هەست کرد کە ڕەنگە بەم قسەیە هەستیم بریندار کردبێ و مەبەستیشم هەرگیز ئەوە نەبوو، بۆیە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ شتێکم گوت کە لەپۆزش هێنانەوە دەچوو و هەوڵیشمدا توندیی قسەکان کەمێك کاڵ کەمەوەو بابەتەکە بگۆرم بەرەو لایەکی دیکەی ببەم . لێرەدا کاك دارا زانی کە چ شتێك بەمێشکمدا تێدەپەری و ئەوەشی زانی کە من هەوڵی ئەوە دەدەم پاساو پۆزش هێنانەوە بۆ پەراوێزخستنی بابەتەکە دروست بکەم.. لەو کاتەدا هیچ بوارێکی بۆ نەهێشتمەوەو گوتی: تۆ ویستت گلەییم لێبکەیت و منیش قبوولم کرد، بەڵام بڕوات بێ من خەمی زۆر پێدەخۆم و ئەو شوێنەم بۆ خۆم نەدەویست.. گرنگ ئەوەیە وەك پێم گوتی ئەوە کۆتایی مێژوو نییەو لەبرایانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانم بیستووە کە لەبەغدان چالاکییەکی زۆر هەیەو سەرکردایەتییەکی کاتیی پارتی کاروباری حزب و شۆڕش بەڕێوەدەبات و لەپێشکەوتنێکی بەرچاویشدان، بەڵام زۆر لەتەندورستیی بارزانی ترسم هەیە، چونکە ئەو هەواڵانەی دێن جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە تووشی نەخۆشییەکی لەچاکبوونەوە نەهاتوو بووەو هیوای ئەوە دەخوازم کە لەژیاندا بمێنێ، چونکە بەهەر شێوەیەك بێت بەهێزێك دادەنرێت و ورەی خەڵك بەرزدەکاتەوە سەرەڕای کەسێتییە ئەفسانەییەکەی کە لەلایەن دۆستانەوە، یان دوژمنانەوە حسابێکی زۆری بۆ دەکرێت. ئەوسا کاتی بەیەك گەیشتنەوەمان بۆ شەو دانا، دوای ئەوەی کە بەئۆتۆمبێلەکەی خۆی بردمیەوە شوێنی حەوانەوەم لەدوا سەردانمدا لەمانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٠ وەك لەسەرتای ئەم بابەتە باسمکردووە کە نانمان لە چێشتخانەی ئیتالی خوارد. عەسری ئەو ڕۆژە کاتێك لەگەڵ خۆمدا تەنیا بووم، هەستم کرد کاك دارا تووشی مەینەتی هاتووەو مەینەتیەکەشی لەودایە کە هەست بە نیگەرانی دەکات و ئەو نیگەرانیەشی لەبێ بنەماییەوە نەهاتووە. کاتێك کە گۆشەیەکی چێشتخانەی(الانا و الزهبی)مان گرتبوو کە ئەو شەوە بۆی چووین لەجیاتی ماڵەوەی، هەوڵمدا نهێنی ئەو هەست بە نیگەرانییەی کاك دارا بزانم، بە تایبەتیش کە ئەو هێشتا بەڕێوەبەری

گشتیی دامەزراوی گشتیی گوێزانەوە ئاو بوو هیچ شتێكی ئاشكراو بەرچاو و دیار لەئارادا نەبوو جەخت لەو ترسانە بكات. زانی كە سووربوونم بۆ زانینی هۆی بوونی ئەو نیگەرانییە لەوە هەڵقوڵابوو كە من ڕێزی زۆرم دەگرت و شانازیم پێوە دەكردو خۆشیشم دەویست. هەوڵی نەدا مەسەلەكەم لێ بشارێتەوەو بەشێوازە لەدڵان خۆشەكەی گوتی: پێش دوو ساڵ فەرمانی دامەزراندنم بەپلەی بەرێوەبەری گشتیی كاروباری كوردی لەنوسینگەی ریكخراوە میللییەكانی سەر بەئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش (مجلس قیادە الپورە) دەرچوو و بەدەنگ ئەو دامەزراندنەوە نەچووم و بەو نێوانكارە پیاوچاكانەم گوت من لەم كاتەی ئێستادا بەكەڵكی ئەو پایەیە نایەم و چاو لەو مەسەلەیە پۆشراو، پێش ساڵێك دیسان بەهۆی یەكێكەوە پێیان ڕاگەیاندم كە سەركردایەتیی عێڕاق حەز دەكات بەرپرسیایەتی سورۆكایەتیی ئەنجومەنی كارگێریی ڕۆژنامەی عیراق وەربگرم سەرەڕای سەرۆكایەتیی نوسینەكەشی و لەكاتی خۆی ئەویشم ڕەت كردەوەو پێش ماوەیەكی نزیك هەمان داوا دیسان لەرێگەی یەكێكی دیكە دووبارە بووەو ئەو جارەش هەر پۆزشم هێنایەوەو قبوولم نەكرد، ڕۆژێكیان لەگەڵ چەند بەرێوەبەرێكی گشتیی دامەزراوەكانی سەر بەوەزارەتی گوێزانەوەو گەیاندن بۆ ئامادەبوون لەگەڵ كەسێتییەكی گرنگی دەوڵەت، مەبەست (صدام حسین) ـە بانگ كرابووم، كاتێك كە چاوەڕوانیمان دەكرد بەپێی پیتەكانی ئەبجەد ناومان نوسرابوو ناوی من لەو ریزبەندییەدا یەكەم بوو و دوای تێپەربوونی نیو سەعات پێمان ڕاگەیەنرا كە كۆبونەوەكە بۆ كاتێكی دیكە دواخراو دوای یەك حەفتە ئەو كۆبوونەوەیە بەبێ من لەگەڵ كۆمەڵەی ناوبراو كراو ئەمەش تەنیا یەك شت دەگەیەنێ و وەك لە سەردانەكەت بۆ من لە نوسینگەكەم دوای نیوەڕۆی ئەمرۆ پێم گوتی: واهەست دەكەم كە تەلەفۆنە تایبەتییەكانم وا دانراون كە چاودێریم بكەن و خۆشم لەو ڕاستیە دڵنیا بومەتەوە. جارێكی دیكە هەوڵمدا شتەكەی لا سووك كەم و بەو مانایە گوتم كە عیراق، بەگەل و حكومەتەوە، سەرقاڵی جەنگە لەگەڵ ئێرانداو ڕێی تێناچێ ئەو مەسەلە چارەنووسسازە لەلایەن دەوڵەتەوە بخرێتە پشت گوێ و خۆیان بە كارێكەوە خەریك كەن كە نە مەسەلەكە پێش دەخات نەدوا. سەرەنجام كاك دارا هەوڵی دا كە خۆی لەهەڵویستی بێ باكانە پیشانبدات و لە دەوروبەری سەعات دەونیو لێك جیابووینەوە بەو هیوایەی كە لە سەردانێكی دیكەدا

لــە بەغــدا چــاومان بەیــەکتر بکەوێتــەوە. بــەڵام جــارێکی دیکــە چــاوم بــە کــاك دارا نەکەوتــەوەو هۆیەکەشــی ئــەوەبوو کــە ئــەو لــە(وجــود) دا نــەما، یــان شــوێن بــزر کــراو چیرۆکی شوێن بزرکردنەکەشی بەم شێوەیە رووی دا: سەعات حەوت و نیوی سەر لە بــەیانیی رۆژی ١٩٨٠/١١/٥ کــاك دارا خــۆی ئامــادە کــرد بچــێت بــۆ فەرمانگەکــەی (دامەزراوی گشتی گواستنەوەی ئاوی–المؤسسە العامە للنقل النهری) ، لەبەر ئەوەی بەرێوەبــەری گشــتیی ئــەو دامــەزراوە بــوو و ئۆتۆمبێلەکــەی ئــیش پێکــرد بــۆ گــەرم کردنــی(ئۆتۆمبێلەکــەی جــۆری (ڤۆڵڤــۆ)ی ســپیی حکومــەتی بــوو و ژمارەکــەی _ ٥٥١ بوو). سەرکەوتە سەر ئۆتۆمبێلەکەی لەگەڵ کچە بچووکەکەی بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە قوتابخانەکەی کە لەماڵەکەیانەوە نزیك بوو و کەوتبووە خۆرهەڵاتی پەیکەرە تازەکەی (الجنــدی المجهــول) لەبــەری کــەرخ، دوای گەیانــدنی کچــە قوتابییەکــەی بــۆ قوتابخانــە روویکردۆتــە فەرمانگەکــەی.. وەکــو ئاشکراشــە، رێگاکــەی بەشــەقامی گشــتیی(کــرادە مــریم) دا دەرۆیشــت و لــەپردی هەڵواســراو (الجســر المعلــق) دەپەریــەوە دەگەیشــتە گۆڕەپــانی شــەهید(کمــال جنــبلاگ)، ئینجــا بــۆ فەرمانگەکــەی لــەو بینایــەی دەیروانییــە سەر گۆڕەپانەکە. کاك دارا نیوەرۆ نەگەرایەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام فەرمانگەکەی دابرانی ئــەوی لــە فەرمانگــە لەبــەرواری ١٩٨٠/١١/٥ نووســی، دوای راپــەرین کۆمــەڵێك کاغــەزو بەڵگەنامــەی رەســمیم لەشــەهیدی پاڵــەوان (شــێروانە ســوور) دەســتکەوت کــە ئــەویش لەکاتی رزگارکردنی شــاری کــەرکووك لــەئێوارەی نــەورۆزی چــەژنی نەتەوایــەتیی کــورد دەستی کەوتبوو سەیرەکەی قەدەر لەوەدابوو کە نووسینێکی رەسمیی تایبــەت بەکاك دارای تێدا بوو سەرگوزشتەیەکی سەیروسەمەرەی لــەبارەی ئــەوەوە نوسیوەو ئێمــەش لێرەدا بەدەقی خۆی دەینوسینەوە.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بەشی: کارگێری/تاکەکان** — **بەدالەی دەهێڵی/ ٩٥٠١١**

**ژمارە: ٧٨** — **شەقامی سعدون – بغداد**

**بەروار: ١٩٨١/١/١٣** — **ص . ب ٣٠٥٢**

**وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن — دامەزراوی گشتیی گواستنەوەی ئاویی عیراق**

**نهێنی و کەسێتی و بەپەلە**

**بۆ/وەزارەتی گواستنەوە /نوسینگەی تایبەت — ب/ گەڕان بە دوای ئۆتۆمبێلدا**

**دوابەدوای نوسراوی ٢٤١٨ ی بەرواری١٩٨٠/١١/١٠مان.. بەریوەبەرایەتیی پۆلیسی دهۆك/ حرکات بەنوسراوی ژمارە /٢٨/ لە ١٩٨١/١/٣، کە ئاراستەی بەرێوەبەرایەتیی شاری دهۆك کراوەو وێنەیەکی دراوە بەدامەزراوی گشتیی گواستنەوە بەئاوی زێدا/بەغداد بەهاوپێچی برووسکەنامەی ژمارە/١٥٧٨١/ لە ١٩٨٠/١١/١٠، ئۆتۆمبێلی ڤۆلڤۆی سپی ژمارە حکومەتی کە بەدەستی بەرێوەبەری گشتیی دامەزراوی گشتیی گواستنەوە بەئاوی زێدا (دارا تۆفیق فتح الله) وە بوو و لەبەرواری ١٩٨٠/١١/٥ لە دەوام دابڕاوە، دۆزرایەوە کە لەنزیك گوندی (دێرەبون) ی سەر بەناحیەی سلیڤانی بەجێ هێشترابوو. دوای پشکنینی شوێنەواری چەند گوللەیەکی لەپێشەوەو لەدواوە پێوەبوو، بەڵام هیچ شتێکی ئەوتۆ نەبینرا ئەوە بگەیەنێ کە تاوانی کوشتن و شتی دیکە رووی دابێ.. هەروەها داواشی کردووە ناوی ئەو شوفێرەی بدرێتێ کە ئۆتۆمبێلەکەی لەئەستۆیە .**

**تکایە ئەوەش بزانن کە شوفێری ناوبراو(ناجی هادی سمیر) ـە تکامان وایە رەزامەندی بفەرموون بۆ ئەوەی بینێرن بۆ دهۆك بۆ هێنانەوەی ئۆتۆمبێلەکەو ئاگادارمان بکەنەوە لەگەڵ رێزدا.**

**سەرۆکی دامەزراو بەوەکالەت**

**علی حسین العسکری**

**وێنەیەك بۆ/**

**– بەرێوەبەرایەتیی گشتی بۆ گوێزانەوە بەئاوی زێدا/ بەغداد، نووسراوی ژمارە /١٠/ لە ١٩٨١/١/١٠ تان.**

**– کارگێری/تاکەکان – لەگەڵ بەراییەکاندا.**

ئابەم شێوەیە کاك دارا شوێن بزر بوو و هیچ شوێنەوارێکی نەدۆزایەوەو رۆژنامەی لۆمۆنـــدی فەرەنســـی دوای شـــەش مـــانگ هـــەواڵی شـــوێن بزربوونەکـــەی بڵاوکردەوەو(رێگای کوردستان) یش دوای ماوەیەك هەواڵێکی هەتیوی بڵاوکردەوە " بەڵام هەتا بڵێی بەسەر باسێکی وروورژێنەر لەژێر ناوی "دەستی دەسەڵات دەگاتە پیاوەکانی خۆشی"!!

بەم دواییانەش (جرجیس فتح الله) ی رۆژنامەنووس و پارێزەر لەتاراوگەکەی خۆی لەوڵاتی سوید بەهەڵسەنگاندنێك دارای بیرکەوتبوەوە کە (زیاتر بەورێنەی شێتان دەچوو) لەدیدارێکی رۆژنامە نووسیدا لەگەڵ دکتۆر حسین محمد عزیز بۆ تۆڵە کردنەوە لەدارا لەبەر ئەو وتارەی کە لەساڵی ١٩٧٣ رۆژنامەی (التأخی) نووسیبووی سەبارەت بەو هەوڵانەی لەبارەی (جرجیس فتح الله) وە هاتبوون کە لە هەندێ کێشـــەدا گلاوە لە لوبنان لەبەرژەوندیی ئەودا نەبوون و، هەر ئەوسا گوتبووی (جرجیس فتح الله) کە ئەو هێشتا پەیوەندی بە (التأخی) یەوە ماوە .

چوار ساڵ بەسەر ونبوونی دارا دا تێپەڕیوەو لەزستانی ساڵی ١٩٨٤(حسێن سنجاری) ی برام بوو بەمیوانم لەشاری کۆیە لەوکاتەی کە گفتوگۆ لەنێوان حکومەت و یەکێتیی نیشتمانیدا لەئارادابوو و ئەو شەوە زستانییە پێکەوە بێدارماینەوە بەگێڕانەوەی رووداوو گۆڕانکاری و کێشەکانی ئەو رۆژگارە، لە کاتێکدا لەراو بۆچوونی سیاسی لێکجیاواز بووین، ئەو لە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەندامی وەفدە دانوستانکارەکەیان بوو و منیش هەر لەسەر هێڵە کۆنەکەی خۆم مابوومەوە، بەڵام جیاوازی راو بۆچوون لەنێوان من و کاك حسێن سنجاری هەرگیز کاری نەکردبووە دۆستایەتییە برایانەکەمان. لەچوارچێوەی ئەوشتانەی لێی پرسیم لەبارەی دارا تۆفیقەوە، پرسیاری لێکردم کە چارەنووسەکەی چیبوو، چونکە ئەو ئاگای لەو دۆستایەتییە پتەوەی نێوان من و کاك دارا بوو و دەیزانی لەمێژە ئێمە دۆستین و پێشنیازیشی بۆ کردم کە سەردانی سورداش بکەم و داوا لەسەرکردایەتیی یەکێتی بکەم لەکاتی چاوپێکەوتنی بەرپرسان لەبەغدا، بەدوای چارەنوسیدا بگەڕێن، بەڵکو شتێك لەو پێناوەدا بکەن، بەڵام کاتێك کاك حسین هەستی بەنالەباریی هەڵوێستەکەی من کرد بۆ سەفەر کردن بۆ سورداش، هەوڵی دا بەبیرۆکەیەکی دیکە قەناعەتم پێبکا بەوەی کە ئەو لەلایەن خۆیەوە بانگهێشت

نامەیەکم بۆ بنێری، تاسەفەرەکەم بۆ سورداش بەشێوەیەکی دیکە لێکنەدرێتەوە. ئەوەبوو دوای حەفتەیەك كاك حسین دیدارێکی بۆ ساز کردم و مەسەلەکەم خستە بەردەمی كاك نۆشیروان مستەفاو ئەویش بەڵێنێکی پێدام کە لەگەڵ شاندی حکومەتی بەغدا باسی بکات و لەسەر ئەوە رێککەوتین لەئەنجامەکەی ئاگادارم بکاتەوە.

بۆ جاری دووەم كاك نۆشیروان پێی گوتم کە ئەوان بابەتەکەیان خستۆتە بەردەمی(عزە الدوری) لە یەکێك لەکۆبونەوەکانیان و عزە الدوری بەم دەستەواژەیە وەڵامی داونەتەوە کە پیت بە پیت واتە بەدەق بۆیان گێڕامەوە:" ئەگەر مابێ، زیندوو بێ، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ لای کەس و کاری".

چەند ساڵ تێپەری و (دیجلەی خێر (هێمایە بۆ شیعرەکەی جەواهری کە لەژێر ناوی "دجله الخير" خۆنیویەتییەوە) هێشتا هەر بێ دەنگە) و لەوانەیە دیجلە مافی خۆی بێ کە بێدەنگ بێت، چونکە كاك دارا رۆژێکیان یان وردتر لەساڵی ١٩٧٣ وتارێکی لەرۆژنامەی (التآخی) لە بارەی خراپ هەڵسەنگاندنەوە نووسی و لێی شێوابوو نەیدەزانی چ سەرباسێکی بۆ هەڵبژێرێ ، کاتەکەی عەسر بوو و مەسەلەکەی واز لێهێناو بۆ سەعاتەکانی داهاتووی شەو و کاتێك کە مامۆستا سامی عبدالرحمن بەشەو هات بۆ بارەگای رۆژنامەو وتووێژ لەنێوان ئەو و كاك دارا دا رووی دا لەبارەی سەرباسی سەر وتارەکە، ئەو هاوڕێیەمان (واتە کاك سامی) ئەم سەرباسەی خوارەوەی هەڵبژارد " خراپ هەڵسەنگاندن وەك ئێمە تێی دەگەین و وەك هەندێك لە دوژمنەکانمان تێی دەگەن " . بەڵام دارا نەیویست ئەو سەرباسە هەڵبژێرێ و وای بەباش زانی سەرباسەکە وەکو ئەمەی خوارەوە بێت (خراپ هەڵسەنگاندن وەك ئێمە تێی دەگەین و وەك هەندێك لەدۆستەکانمان تێی دەگەن) دارا کاتێك کە ئەوەی نووسی، هەرگیز ئەوەی بەخەیاڵیدا نەدەهات کە رۆژێك لەرۆژان ئەو خۆی دەبێتە قوربانیی خراپ هەڵسەنگاندن (سوء التقدير) ، بەتایبەتیش لەگەڵ ئەوانەی کە ئەو رۆژێك لەرۆژان بەدۆستی دادەنان و لەوانەیە سەرووتارەکەی لەسەر ئەم لۆژیکە هەڵبژاردبوو (سوء التقدير كمل نفهمه نحن و كما يفهمه بعض من أصدقاءنا) کە نە بەزەیی بەو (دارا) نە بە کەسانی دیکەشدا هاتبێ.!!

## له سەدام حسێن بپرسن

## کوا دارا تۆفیق


له ٢٠٠٦/٨/٢١ دادگای تایبەت به دادگایی کردنی سەدام و هەندێ له داروده‌ستەکەی چەندین دانیشتن ئەنجام درا دەربارەی تاوانەکانی (ئەنفالی بەدناو که تێیدا سەدان هەزار کەس بێ دەرەتام له ژن و منداڵ و پیر و گەنج) بوونه قوربانی و نێردرانه کوورەی مردن (هولوکوست) که به دڕندەترین تاوانی سەردەم دەرهەق به کورد و مرۆڤایەتی ناوەزەد دەکرێ سەرەڕای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی کوردستان و گەلەکەی به ئامانجی لەناوبردنی گەلێك که ئەوانیش خودای گەورە دروستی کردوون بکەن، ئەو تاوانه دڕندانەیه له ئامام و بڕوای بیری شۆڤێنیستی بەعسی عەرەبی سەرچاوه دەگرێ که تێیدا بەشێك لەوانه نێردرانه تاقیگەکانی چەکی کیمیایی و توانەوەیان له حەوزی تێزاب و یان زیندەبەچاڵکردنیان له گۆڕستانه بەکۆمەڵەکان بێ ئەوەی دەنگێکی ناڕەزایی چ له عەرەب و چ له جیهاندا رووبەڕووی ئەو تاوانانه چەپەڵه کەم وێنەیه ببێتەوه که تێیدا چەرخی بیستەم له سێیەکی کۆتایی دابوو.

حکومەتی بەعسی شۆڤێنی تەنها بەو هەڵمەتە بێ ویژدان و چەپەڵە نەوەستا بەڵکو بە شێوازێکی دیکە کەوتە گیانی سەدان و هەزاران خەڵکی دیکە و بەرەو چارەنووسی نادیار براون کە لێرەدا مەبەستمە باس لە چارەنووسی کەسایەتییەکی دیار و نیشتمانپەروەر و رۆژنامەنووسێکی گەورەی کورد (دارا تۆفیق) کە لە ساڵانی (١٩٧١-١٩٧٤/٣/١١) سەرنووسەری هەردوو رۆژنامەی (التاخی و برایەتی) بوو کە تاکو رۆژ و ساتەکانی ئەمڕۆ هۆکاری ئەنفالکردنی و چۆنێتیی ئەنفالکردنی سەرەڕای چارەنووسی نەزانراوە لەکاتێکدا (فازڵ براك) بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی عێراق و بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری (مخابرات)ی پێشووی رژێمی گۆڕبەگۆڕ کاتێ خۆی بە خێزانی کاکە دارا تۆفیق-ی راگەیان پاش بێ سەروشوێنکردنی لە ١٩٨٠/١٠/٦ بە چەند رۆژێك کەوا (ئێمە چارەنووسی دارا نازانین، نازانین بۆ گیراوە و نازانین چی لێهاتووە چونکە مەسەلەی دارا لای سەرۆك سەدام حسێن)ە.


لێرەدا پێویستە لەسەر هەیئەتی داواکاری گشتی (الادعاء العام) بەناوی رۆژنامەنووسانی کوردستان و رۆشنبیران و سەرجەم فێرخوازانی عیراقی پرسیاری چارەنووسی دارا تۆفیق لە دانیشتنەکانی داهاتووی دادگا پرسیار لە سەدام حسێن بکرێت (کوا دارا تۆفیق؟)

**نووسەر**: ئەم وتارەم بە زوبانی عەرەبی لە رۆژنامەی "الصحفی" لەژێر ناوی (بالقلم العریض) ژمارە ٢٢ لە ٢٠٠٦/٩/٦ بڵاوکردەوە کاتێ دادگایی سەدام حسێن دەکرا و بەپێویستم زانی لە پاشکۆی ئەم بابەتە بڵاوبکرێتەوە.

**تێبینی**: لە ژمارە ٧٥٢ی رۆژنامەی (خەبات) کە لە ١٩٩٤/١١/٢٥ بە عەرەبی دەردەچوو بابەتێکم لەسەر شەهید (دارا تۆفیق) نووسیوە لەژێر ناونیشانی "أربعة عشر عاماً ودجلة الخیر لاتزال صامتة".



شەهید دارا تۆفیق لەنێوان بارزانی نەمر و یۆنان هورمز دا



ئێران–شاری شنۆ–گۆڕەپانی یاریی تۆپی پێ، پایزی ساڵی ١٩٧٤
پاش بەکۆتاهاتنی یاریی تۆپی پێی نێوان تیپی هەڵبژاردەی کوردستان
و تیپی ئازەربایجانی رۆژئاوا.
لە راستەوە: شەهید دارا تۆفیق، فەرهاد عەونی




**له چەپەوە: عارف کەریم، حەمەنوری عەمادی، سەعدی دزەیی، شەوکەت عەقراوی، دارا تۆفیق، عەزیز رەشە، فوئاد... ، نەژاد سەلیم.**

**نەورۆزی کوردەکانی ئینگلتەرا ساڵی ١٩٥٥**



**ڤییەننا، ساڵی ١٩٥٧ خوالێخۆشبووان مام جەلال، دارا تۆفیق**



**فخريم عبدالكريم (زينب)**

**١٩٣١-١٣/٨/١٩٩٨**

## ژیاننامه

-زەینەب، ناوی تەواوی فەخریە عەبدولکەریم، ساڵی ١٩٣١ لە شاری کوت لەدایکبووە.

- لە چەند شار و شارۆچکەیەکی ناوەند و خوارووی عیراق قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی تەواوکردووە.

- ساڵی ١٩٤٨ چووەتە (دار المعلمين العاليه) لە زانکۆی بەغدا، کە پاشان بووە بە کۆلیژی (پەروەردە) لە بەشی (عەرەبی) و ساڵی ١٩٥٢ وەکو مامۆستای زمانی عەرەبی دامەزراوە.

- لەنێو خێزانێکی شیوعی و چەپ خواز ژیاوە، بۆیە هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە و بۆتە ئەندام لە حزبی شیوعیی عراقی و لە حەپسخانەی کوت سەردانی (یوسف سلمان یوسف-ناسراو بە فهد)ی کردووە کە ئەوکاتە خوالێخۆشبوو (فهد) فەرمانی لەسێدارەدانی دەرچووبوو، کاتێ فهد-ی سکرتێری حزبی شیوعیی عیراق و دامەزرێنەری زانیبووی کە (فخریە عبدالكريم-زینب لە دژی دوژمانی گەلی عیراق هوتافی لێداوە و بە رێزەوە گوتویەتی (لافض فوك يا ابنة العراق).

- سەرەتای ژیانی هونەریی بە بەشداریکردن لە فیلمی (سعيد أفندی) کە هونەرمەند (کامران حوسنی) دەرهێنەری بوو و (یوسف العانی)ی هونەرمەند پاڵەوانی فیلمەکە بوو لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٧ لە بەغدا نمایش کرا و دەنگدانەوەیەکی یەگجار گەورەی لێکەوتەوە.

- پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ رۆڵی (دایكی شاكر)ی وەرگرت لە شانۆگەریی (انی أمك یا شاكر) كە ئەویش بە شێوەیەكی زۆر فراوان پێشوازیی لێكرا.
- ساڵی ١٩٦٧ لە شانۆگەریی (النخله والجیران) كە نووسەرەكەی (غائب طعمة فرمان) بوو زەینەب یەكێ لە پاڵەوانە سەرەكییەكانی ئەو شانۆگەرییە بوو كە تێیدا یوسف العانی، ازادوهی صموئیل، ناهده الرماح پاڵەوانی بوون.
- ساڵی ١٩٦٣ پاش كودەتا شوومەكەی ٨ی شوبات هاتە كوردستان و لەوێ لە شاری قەڵادزێ لە ماڵی خوالێخۆشبوو حسێنی حاجی مەحمود دەژیا و تاكو رووخانی ئەو قۆناغەی حوكمی بەعس لە كوردستان مایەوە نازناوی نێرگزی هەڵگرتبوو.
- ساڵی ١٩٧٩ عیراقی بەجێهێشت پاش ئەوەی حزبی بەعس شاڵاوی دژی شیوعییەكانی دەستپێكرد و لە وڵاتی سوید وەكو پەنابەری سیاسی لەوێ دەژیا.
- رۆژی ١٩٩٨/٨/١٣ لە وڵاتی سوید كۆچی دوایی كرد و هەر لەوێش بەخاك سپێردرا.

سەرچاوە ملحق المدى-عراقیون، ژمارە ٥٦-٤٢ لە ٢٠١٨/٨/١٦، سەرەڕای زانیاریی نووسەر.

## (زەینەب)ـیش بەجێیهێشتین

- ماوەیەك لە كوردستان مایەوە و نازناوی (نێرگز)ی بۆ خۆی هەڵبژارد.
- كاتێ لە چیای (قەندیل) ورد دەبۆوە وەكو بڵێی پیادەی دیمەنێكی شانۆیی دەكات.
- لە غوربەتدا سەری نایەوە، جەستەشی هەر لەوێ نێژرا.

ئەو كاتە هاوینێكی گەرم بوو چ لە رووی كەشوهەوا چ وەكو بارودۆخی سیاسی، كاتێ بنەماڵەی ئێمە وەكو چەندان خێزانی دیكە خۆمان لە شاری قەڵادزێ دیتەوە پاش ئەوەی (كۆیە)مان بەجێهێشت لە ئاكامی شەڕی داسەپاو بەسەر كوردستان و گەلەكەی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ لە لایەن حكومەتی ئەوكاتەی عیراق كە تێیدا بەعسییەكان پاش كودەتای (٨)ی شوباتی ١٩٦٣ جڵەوی فەرمانڕەوایەتی عیراقیان بەدەست هێنابوو، لەوكاتە (قەڵادزێ) یەكێ بوو لەو شار و شارۆچكانەی كوردستان كە ئازاد كرابوون و هێزی پێشمەرگەی كوردستان بەڕێوە دەبردن كە تێیدا لەو شارە باوەش بۆ هەزاران خەڵكی جیاجیای ناوچەكانی عیراقی لەخۆ گرتبوو سەرەڕای ژمارەیەكی بەرچاو لە شۆڕشگێڕانی پێشمەرگە و ژمارەیەكی زۆر لە ئەندام و سەركردەكانی حزبی شیوعی عیراقی و كۆمەڵێك لە ئەفسەر و دەرەجەدارانی سوپای عیراقی كە ریزی سوپایان بەجێهێشتبوو و هاتبوونە ناوچە ئازادكراوەكانی كوردستان، شارەكە یەكجار قەرەباڵغ ببوو، چایخانە و چێشتخانە و دوكانەكانی مۆنەجەیان دەهات لەوكاتە دا خەڵكی نیشتمانپەروەری ئەوەی ئەركی میوانداریێتی

بەشێکی ئەو میوانانەیان گرتبووە ئەستۆ، هەریەکە بە شێوەیەك لە کاتێکدا گەمارۆی ئابووری چواردەوری کوردستانی دابوو لە لایەن حکومەتی عیراقی فاشستەوە.

خێزانی ئێمەش (بنەماڵەی عەونی و وەستا عەبدەی ئاسنگەر)ی ئامۆزای باوکم کە لە هەمان کاتیشدتا مێردی پورە (شەمام)یش بوو، بە لە شەڕ دەستپێکردنەوە کۆیەمان بەجێهێشت و هەموو ئەو ماڵ و حاڵ و کەلوپەلانەی کە هەمانبوو بەجێمانهێشتن، تەنها ئەو چەند پێداویستییە نەبێت کە بە ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر خۆمان و کەلوپەلە پێویستەکانی لەخۆ گرتبوو لەگەڵ چەند ئەندامێکی خێزانەکەمان لە کۆیەوە بەرەو قەڵادزێ هەڵکشاین.

لەو بارودۆخەدا ئەو چەند رۆژەی لە قەڵادزێ ماینەوە پێش ئەوەی بەرەو گوندی (هەڵشۆ)ی سەرنجڕاکێش بچین ئێمەی لاوانی هاوتەمەنی خۆم کە هەر لە کۆیەوە ئاشنا و برادەر بووین لەگەڵ هەندێ لە لاوەکانی قەڵادزێ کە ئاشنایەتی و دۆستایەتیمان لەگەڵ پەیداکردبوون کە هەرهەمووومان دڵ گەرم و خوێن گەرم بووین، کاتێ لە چایخانەکانی (سەید بەسیم و مستەفا کوێر) دادەنیشتین یاخود بەرەو گوندی (گربداغی) نزیك شار یان بەرەو گردی (حوسنی) دەچووین هەمیشە لەگەڵ ئەو خەڵکەی تووشیان دەهاتین یاخود لەگەڵیان دادەنیشتین هەمیشە بەدوای هەواڵی جموجۆڵی پێشمەرگە و هێرشە زەوی و ئاسمانییەکانی سوپای عیراقی دڕندە بووین بە مەبەستی گوێبیستی هەواڵی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چونکە تەنها ئەو هەواڵانە ئارامیی پێ دەبەخشین، لە لایەکی دیکەوە هەندێ جار لەگەڵ کاك (صمد حەمە شین و کاك مارف برای) بەرەو ماڵی کاکە (حسێنی حاجی مەحمود)ی خوالێخۆشبوو دەچووین چونکە خێزانی کاك (حسێن) کە ناوی (بەدریە خان بوو) خوشکی برایان (صمد و مارف) بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نەك تەنها ئێمە بەڵکو ماڵی کاك (حسێن) پەناگەی زۆر لەو کەسانە بوون کە روویان لەو ماڵە دەکرد (کاك حسێن) خۆی پیاوێکی نیشتمانپەروەر و هەواداری حزبی شیوعیی عیراقی بوو، سەرەڕای ئەوەی بارزانی و دڵسۆزانی ئەوی زۆر خۆشدەویست پیاوێکی دڵ و دەروون فراوان و چاوتێر بوو، هەمیشە دەرگای ماڵە گەورەکەی لەسەر پشت بوو، کاتێ لە دەرەوەی دەرگاوە تەماشای چیمەنی سەوزی ناوەوەت دەکرد کە هەمیشە بەڵاکێش و بەڕەی کوردەواری راخرابوو لە هیچ کاتێکیش نەبوو کە میوانی

لێ نەبێ، ئێوارانیش هەر زوو دووکانە گەورەکەی خۆی دادەخست و رووی لەماڵەوە دەکرد بۆئەوەی زووتر بگاتە ماڵەوە و لە خزمەتی میوانانی دابێت کە هەندێکیان میوانی هەمیشەیی بوون.

لە کۆتایی رۆژێکی مانگی حوزەیران بەپێی رێککەوتنێکی پێشوەختە بەرەو ماڵی کاك حسێن چووم بە سەردانی هاوڕێم (مارف حەمە شین) کە ئەویش خەڵکی کۆیە و ژن برای کاك حسێن و یەکێك لەو کادرانەی حزبی شیوعی عیراقی بوو کە لە ئاکامی کودەتا شوومەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەغدای بەجێهێشتبوو و لە قەڵادزێ گیرسابوویەوە.

کاتژمێر (٨)ی بەیانی بوو کە لە دەرگا چوومە ژوورەوە (کیژێکی) رەنگ ئەسمەرم بەدی کرد کە تەمەنی لەنێوان (٣٠-٣٥) ساڵ مەزەندە دەکرا، قژی رەش، بە تەواوەتی سیمای خەڵکی خوارووی عیراقی پێوە دیار بوو، لەبەر هەیوانی پێش چیمەنەکە بەرامبەر (چیای قەندیل) راوەستابوو (هەیوان و چیمەنەکەی ماڵی کاك حسێن رووی لە چیای قەندیل بوو) دەتگوت رۆڵی ئەکتەرێك دەبینێ لە شانۆگەرییەکی ئەفسوناویدا، لەبەر خۆیەوە بە دەنگێکی بیستراو کە رووی لە چیای قەندیل بوو دەیگوت (ئێمە چەند بەختەوەرین کاتێ بەیانیان بەرامبەر لوتکەی قەندیلی سەر سپی پێشوازی لە بەیانیانی رۆژانەمان دەکەین، ئای کە چەند خۆشە)، کاتێ کە منی بەدی کرد، بەرەو من هەنگاوی نا و فەرمووی لێکردم وەکو ئەو خاوەن ماڵ بێت، کاتێ لەنێوان ئامادەبووانی ناو چیمەنەکە دانیشتم کە کاتی نانخواردنی بەیانی بوو زانیم کە ئەو کچە ئەسمەرە بە رەگەز عەرەبە ئەویش قوربانیی کودەتاکەی ٨ی شوباتە و پەنای بۆ کوردستان هێناوە و لە قەڵادزێ لە ماڵی میوان پەرست حسێنی حاجی مەحمود جێگای بۆ دابین کراوە و لەگەڵ چەندین میوانی دیکەی وەك ناوەکانیانم زانی گەنجێك بە ناوی (عدنان أسود) و هاوسەرەکەی کە ئەندازیار بوو، و ئەفسەری پلە نەقیب (مهدی الخفاجی) و دکتۆر (حسن کاظم) و (حسێن کی کی) و لەنێوانیشیان دا مامۆستا (عەزیز محەمەد)ی نیشتمانپەروەر کە ئەو کاتە یەکێ لە سەرکردە دیارەکانی حزبی شیوعیی عیراقی بوو کە هەموویان لەو کچە ئەسمەرە رامابوون کە بەرەو چیای قەندیل راوەستابوو و بەناوی (نێرگز) بانگیان دەکرد و وا دیار بوو لەو رۆژەی هاتۆتە ناوچە ئازادکراوەکان ئەو ناوەیان بۆ هەڵبژاردووە.

مارڤ هاوڕێم منی پێ ناساند و رووی لە منیش کرد و گوتی (ئەم خوشکە ناوی فەخریە عەبدولکەریمە و مامۆستای زمانی عەرەبییە و لە بەغداوە هاتووە و ئێستا میوانی ماڵی کاکە حسێنە). چەند رۆژ و چەندین دانیشتنی دیکە لەو ماڵە زانیاریم لەسەر (نێرگز) یاخود فەخریە زانی کە تێیدا یەکێك بووە لەو کچە عیراقییانەی کە هەر زوو لە سەرەتای لاوێتییەوە چۆتە سەر شانۆ و لە رێگای هونەر و بزووتنەوەی نیشتمانی هاوڕێیەتی لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی عیراقی (یوسف العانی) پەیداکردووە و لە فیلمی (سعید أفندی) هاوکات لەگەڵ العانی رۆڵی پاڵەوانێتی ئافرەتەکەی دیوە بە ناوی هونەریی خواستراو (زەینەب) و لە ساڵی یەکەمی خوێندنی زانکۆ چۆتە ریزی بزووتنەوەی ئازادیخوازی عیراقی و گەلی خۆشویستووە و پێیان سەرسام بووە، هەمیشە زمان حاڵی ئەو دەردەبڕێ (کە گەلێکی رەسەنن و ئەگەر لە بارودۆخی گونجاودا بژین دەبنە خاوەن پێگەیەکی دیکە کە حیسابیان بۆ دەکرێ).

پاش چەند رۆژێك بنەماڵەی ئێمە قەڵادزێمان بەجێهێشت و بەرەو گوندی سەرنج راکێش (هەڵشۆ) هەڵکشاین، بەڵام بەندە لەگەڵ مامی خوالێخۆشبووم (عومەر حەبیب) بەرەو شارۆچکەی ماوەت چووین بۆ ئەرکێکی ئیداریی شۆڕش کە خۆی لە (دادگای بەرزی شۆڕش دەدیتەوە) لە کاتێکدا (زەینەب) و بنەماڵەی کاك حسێن بەرەو گوندی (سونی) هەنگاویان نا، چونکە قەڵادزێ ترسی بۆمب بارانکردنی هەبوو.

ساڵان هاتن و تێپەڕین بێئەوەی هیچ زانیارییەك دەربارەی (زەینەب) بزانم چونکە پاش گەڕانەوەمان بۆ کۆیە لە ئاکامی وتوێژی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی عیراقی کاتێ عبدالسلام عارف سەرکۆمار و کودەتای بەسەر بەعسییەکان کردبوو، بەندە سەرقاڵی خوێندنی قۆناغی دواناوەندی بووم لە کۆیە تاکو پایزی ساڵی ١٩٦٦ کاتێ لە قۆناغی دواناوەندی دەرچووم و لە زانکۆی بەغدا لە کۆلیژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان وەرگیرام کە لەو سەردەمەدا زیاتر ئاشقی خوێندنەوەی رۆمان و شانۆگەریەکان بووم کە بەغدا لەو کو کەشوهەوا و لەو قۆناغەدا دەرگای زیاتری بۆ کردینەوە چ بە کڕینی کتێب و چ بە ئامادەبوون بۆ دیتنی شانۆگەرییەکان کە لە شانۆکانی بەغدا نمایش دەکران، لە رێگای رۆژنامەوە زانیم کەوا شانۆگەریی (الدبخانە) لەسەر شانۆی هۆڵی (الخلد) نمایش دەکرێ لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵە قوتابییەکانم رێککەوتین کەوا ئامادەی ئەو شانۆگەرییە ببین، کاتێ

چووینە شوێنی مەبەست کە بە ڕێککەوت برادەری دێرینم (مارف حەمە شین) کە ئەوکاتەماڵیان لە بەغدا بوو بەشداریی دیتنی شانۆگەرییەکەی کردین، کاتێ خەریکی (بلیت) بڕین بووین بۆ چوونە ژوورەوەی هۆڵەکە بە ڕێککەوتێکی چاوەڕوان نەکراو تووشی (خاتوو زەینەب) کە نێرگزەکەی قەڵادزێ بوو بووین کە بە هیچ شیوەیەك نە ئەو نە ئێمە چاوەڕوانی ئەو دیدەنە نەبووین، زۆر بە گەرموگوڕی لە ئەحواڵی خۆم و بنەماڵەی ئێمەی پرسی و پاش چەند و چونێکی زۆر پارەی بلیتەکانی بۆ بڕین و لەگەڵ ئێمە لە ریزی پێشەوە دانیشت، پاش تەواوبوونی شانۆگەرییەکە ڕێککەوتین کە لە کاتیکی گونجاو سەردانی بکەین لە ماڵەوەی و ناوونیشانی ماڵەکەشی پێ داین کە ئەوکاتە لە یەکێ لە کۆڵانەکانی (الكراده داخل-الزويه) بوو و زۆر بە گەرمی داوای لێکردم کەوا لەگەڵ کاك مارف بە زووترین کات سەردانی بکەم.

پاش چەند رۆژێك بە جووتە لەگەڵ کاك مارف سەردانی خاتوو زەینەب-مان کرد لە ماڵەکەی خۆی، چوونەکەمان چەند جارێك دووبارە بوویەوە و هەمیشە بە گەرمی هەواڵی کوردستان و شۆڕشی لێ دەپرسین و زۆر بە تاسەوە لەگەڵ چارەنووسی گەلی کورد دەژیا و هەمیشەش داوای لێ دەکردین کە بە ناوە کوردییەکەی (نێرگز) بانگی بکەین، زۆر بە رێزەوەش باسی پیاوەتیی کاك حسێنی حاجی مەحمود و خێزانەکەی دەکرد و دەیگوت (هیچ کاتێك لەبیریان ناکەم) و جارێکیان بە رێککەوت کاتێ کاك حسێن حاجی مەحمود نەخۆشکەوت و هێنابوویان بۆ بەغدا لە سەردانێکی دا بۆ لای کە لە ئوتێل مستەف دابەزیبوو (زەینەب)یشمان لەوێ کە وەکو کچێکی حاجی حسێن بە دەوروپشتییەوە دەگەڕا، و پاش ماوەیەك کە هەواڵی کۆچی دوایی کاك حوسێنمان پێ راگەیاند زۆر بە کوڵ بۆ کاك حسێن گریا.

لە ساڵانی دواتر سەرقاڵی کاری نووسین بوو بە (رۆمان)ێك بە ناوی (الساقيه المهجوره) کە وابزانم تاکو ئێستاکە بەچاپ نەگەیەندراوە، بەڵام دانەیەکی کۆپی کراوی پێدام و داوای لێکردم کەوا را و بۆچوونی خۆمی بۆ بنووسم زۆر جاریش بە گەرمییەوە داوەتی ئامادەبوونی شانۆگەرییەکانی دەکردین کە لەو سەردەمەدا لە بەغدا نمایش دەکرا، جارێکیان لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ بوو سوور بو لەسەر داوەتکردنمان بۆ دیتنی شانۆگەریی (النخله والجيران) لە نووسینی نووسەری بەناووبانگی عیراقی (غائب طعمة فرمان) کە تێیدا (زەینەب) رۆڵی ئافرەتە هەژارێکی

دەبینی بەناوی (خیریە) لەگەڵ هونەرمەندانی دیاری ئەو سەردەمە کە بریتی بوون لە (یوسف العانی، خلیل شوقی، ناهدە الرماح) کە هەرهەموویان ئەندامی (تیپی شانۆی هونەری نویٚ بوون) (فرقە المسرح الفنی الحدیث).

دیتنی شانۆگەرییەکە سەرسامی کردین بە شێوەیەکی سەرنج راکێش چ وەکو رۆڵی ئەکتەرەکان لە شانۆگەرییەکە چ وەگو ناوەڕۆکەکەی کە باسی لە رووداوی بەغدا ساڵانی شەڕی جیهانی دووەم دەکرد کە تێیدا خاتوو زەینەبی کۆچکردوو لە یەکیٚ لە دیمەنەکانی شانۆکە دەیگوت (نازانم چۆن رۆڵی خۆم لە شانۆگەرییەکە نمایش دەکرد، چونکە رووداوەکانی هەڵقوڵاوی ئێمەی عیراقییە و باب و باپیرانمان تراژیدیایان بۆ ئێمەیان گێڕاوەتەوە ە ئێمەش لە بەشێکی تراژیدیاوین).

جەماوەری ئامادەبوو لەگەڵ هەموو قسەیەکی ئەکتەرەکان بە چەپڵەڕێزان پێشوازی لیٚ دەکرا بەتایبەتیش کاتیٚ (زەینەب) تەماشای (حمادی) عەرەبانچی دەکات کە ئەویش هونەرمەند (یوسف العانی) بوو کە تێیدا دەیگوت و دەیگوتەوە (خانەکەیان فرۆشت و سەلیمەی نانکەریش شووی کرد).

لە پایزی ساڵی ١٩٧٧ بۆ دواجار بە رێککەوت لە شەقامی (السعدون) لە بەغدا بە رێککەوت چاومان بە یەك کەوت بەرامبەر چێشتخانەی (العش الذهبي) و یەکسەر گلەیی رێژی کردم و پرسیاری ئەو غیابەی لێکردم کە ماوەیەکە لێی ترازام، بەڵام پاش ئەوەی هۆکاری دابڕانەکەمی لە بەغدا زانی بەهۆی بارودۆخی ئێمەی کورد پاش نسکۆی شۆڕش لە ئازاری ساڵی ١٩٧٥ خەریك بوو دەست بە گریان بکا و ماتەمی دایگرت و لە کاتی لێك جیابوونەوە پەیمانم پیٚ دا کە سەردانی بکەم.

ساڵان رۆیشت، بەڵام جارێکی دیکە زەینەب-م نەدیتەوە قەدەری ئەو کۆچی دوایی ئەو بوو لە غوربەت لە رێککەوتی ١٩٩٨/٨/١٣ و هەموو هیوایەکی ئەوەبوو وەکو (لطیف صالح)ی هاوسەری لە وتوێژێکی رۆژنامەی (الشرق الاوسط) دا باسی لە زەینەب-ی کۆچکردوو دەکا و دەڵیٚ (زەینەب هەمیشە بەو هیوایە دەژیا لە چاوەڕوانی (موعجیزەیەك) روویدات لە عیراق کە بتوانیٚ لە وڵاتی خۆی بەخاك بسپێردریٚ، بەڵام بەداخەوە هیوایەکەی نەهاتە دی لەگەڵ ئەو هیوایەی کە تا مردن لە چاوەڕوانی بوونی منداڵێك، بەڵام نەی دی سەرەڕای ئەوەی رۆڵی لە شانۆگەریی (انی امك یا شاکر) رۆڵی دایکێکی میهرەبانی دەبینی.

– بۆ یەکەم جار ئەم وتارەم بە زمانی عەرەبی لەژێر ناوی (رحلت عنا زينب ومن حقنا أن نرثيها) لە گۆڤاری (زاگرۆس) ژمارە (١٠)ی مانگی ئەیلولی ١٩٩٨ بڵاوکردەوە.

– یەکێك لە بابەتەکانی کتێبی (من الذاكرة) کە بە زمانی عەرەبی ساڵی ٢٠١١ بەچاپم گەیاندووە بڵاوکرایەوە.

– نووسەری عیراقی (راشد الخلوصي) وتارێکی بە عەرەبی لە رۆژنامەی (المشرق) لە رۆژی ٢٠١٩/٣/٢٠ لەژێر ناوی (زينب فنانه الشعب، السيره الاجتماعيه والفنيه للفنانه العراقيه زينب) بڵاوکردۆتەوە لەبەر گرنگیی بابەتەکە چەند بڕگەیەکی لێ وەردەگێڕمە سەر کوردی کە لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە..

**راشد الخلوصي دەڵێ:**

دەربارەی تۆ (زەینەب) بۆ خەڵك دەدوێم بۆ هەموو خەڵك..


ناوت وەکو سونبولی شانۆی ئازاد ئامانجدار دەمێنێ، هونەرەکەت درەختێکی سێبەرداری زیندووە لە دڵی عیراقییەکان.

ئەم چەند دێڕە کەمەی سەرەوە لەسەر درووشمێك نووسرابوو کە هەواداران و بەڕێکەرانی جەنازەی هونەرمەندی گەورە (زەینەب) کە بە ئاڵای عیراقی نیشتمانی ساڵی ١٩٥٨ و سەرکردەی شەهید عبدالکریم قاسم (ئاڵای کۆماری یەکەمی پاش شۆڕشی ١٤ی تەموز) داپۆشرابوو ئەو عیراقییانەی کە لە غوربەت دا لە سوید دەژیان بۆ دوامەنزڵگای ئەو لە وڵاتی غەریبی کە تێیدا بە بێدەنگی تاهەتایی لەوێ دەبێت.

فخریه عبدالکریم (ناوی راستەقینەی خۆیەتی) ساڵی ١٩٣٩ لە پارێزگای (کوت) لەدایك بووە لە خێزانێکی بە ژمارە زۆر کە تێیدا باوکێك کە فەرمانبەری میری بوو لە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی کوت، خێزانێکی نیشتمانپەروەر کە هەمیشە دژی زوڵم و زۆرداری و ئیستعمار لە تێکۆشاندا بوون، و بەپێی کاری فەرمانبەری (باوکی) هەمیشە لەنێوان پارێزگاکانی عیراقی خواروو لە گواستنەوە دابووە.

زەینەب (یاخود فخریه عبدالکریم) لە شاری ناصریه ژیا و گەورە بووە و لە ڕێگای برایەکییەوە ئاشنای بیری سیاسیی (شیوعی) بوو کە تێیدا ئەندامی حزبی شیوعیی

عیراقی بوو، لە شاری کوت هەرسیَ قۆناغی خوێندنی تەواوکردووە ئەوجا لەگەڵ خێزانەکەی لە بەغدا نیشتەجیَ بوون بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئەو لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بەشی زمانی عەرەبی وەرگیرا (١٩٤٨-١٩٤٩). لە کاتی خوێندنی زانکۆ هاوڕێیەکی خۆی کە ناوی (نوری کبرا) شووی پێکرد، بەڵام ماوەکە زۆری نەخایاند و منداڵیان نەبوو، پاش ئەوەی کە بوو بە مامۆستا لە یەکیَ لە قوتابخانەکانی (حلە) دامەزرا، بۆ جاری دووەم شووی بە هونەرمەند (لطیف صالح) کرد کە هەتا دوا ڕۆژی ژیانی کە لە ساڵی ١٩٩٨ بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد و (لطیف) دڵسۆزانە بە هەموو خۆشەویستییەوە تا دوا هەناسەی لە خزمەتی دابوو، بەڵام لەویش منالّی نەبوو.



دیمەنێك لە فیلمی (سەعید ئەفەندی)، ساڵی ١٩٥٧



دیمەنێك لە شانۆگەریی (النخلە والجیران) ، ساڵی ١٩٦٧



**عزەدین مەلا فەندی**

**١٩٩٩/٥/١٢-١٩١٧/٣/٢٣**

## ژیاننامە

- ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی ١٩١٧/٣/٢٣ لە قەسری باداوە لە هەولێر لەدایکبووە، کوڕی خوالێخۆشبوو (مەلا ئەبوبەکر کوڕی حاجی عومەر)ە کە ناسراوە بە مەلا فەندی.

- لە تەمەنی (٥)ساڵی چۆتە قوتابخانە کە ئەوکاتە خوێندن بە زوبانی تورکی بوو گەیشتۆتە پۆلی چوارەم و خوێندن بۆتە زوبانی کوردی، پاش ئەوەی یاسای زمانی ناوخۆکان (قانون اللغات المحلیە) دەرچووە.

- مامۆستایەکانی لەو قۆناغە کاریگەریان لەسەر بیر و هۆشداریی ئەو هەبووە کە بریتی بوون لە خوالێخۆشبووان (ڕەفیق حلمی، عەلی حەیدەر سلێمان، مەحمود ئەلنعیمی).

- لە ساڵی خوێندنی (١٩٣١-١٩٣٢) قۆناغی ناوەندیی تەواوکردووە.

- لە سەرەتای لاوێتییەوە هەستی کوردایەتیی لا پەیدا بووە و هەمیشە بەپێی توانا خزمەتی هاووڵاتیانی کردووە.

- لە بیرەوەرییەکانی (دەست خەتە) بە درێژی باسی ڕاپەڕینی بارزان و شێخ ئەحمەدی بارزانی کردووە لە نێوان ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٣.

- ساڵی ١٩٤٧ هەوڵ و کۆششێکی زۆری داوە بە مەبەستی ڕێگە گرتن لە لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرە کوردە ئازادیخوازەکە، بەڵام هەوڵەکانی سەری نەگرتووە.

- له ناوەندی چلەکانی سەدەی رابردوو بۆتە ئەندام لە ئەنجوومەنی نوێنەران (مجلس النواب) پاشانیش بۆتە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی (أعیان) ماوەی ١١ ساڵ بە بەردەوامی تاکو رۆژی ١٩٥٨/٧/١٤ کە شۆڕش بەسەر سیستەمی پاشایەتی کرا.

- لە وەزارەتی عبدالوهاب مرجان (١٩٥٧-١٩٥٨) بۆتە وەزیر.

- رۆژی ١٩٥٨/٧/١٧ گەڕاوەتەوە هەولێر لە کۆشکی باداوە جێگیر بووە.

- رۆژی ١٩٥٨/٧/٢٩ بە ریزەوە بۆ بەغدا نێردراوە و رۆژی دواتر خراوەتە زیندان و بۆ ماوەی (٣٣) رۆژ تێیدا ماوەتەوە چونکە هیچی لەسەر نەبووە.

- ماوەیەکی زۆر لە دەرەوەی عیراق ژیاوە لە وڵاتانی ئەوروپا و لوبنان پاشان لە هەشتاکان گەڕاوەتەوە هەولێر، تاکو رۆژی ماڵئاوایی لە ژیان لە شەوی ١٢ لەسەر ١٩٩٩/٥/١٣ و رۆژی ٥/١٣ لە قەبرستانی خێزان لە باداوە نێژراوە.

- لە ژیانی و لە سەردەمی پاشایەتی بە هەوڵی ئەو نەخۆشخانەی تازە لە هەولێر و باڵەخانەی قوتابخانەی سانەوی هەولێر دروستکران.

- بیرەوەرییەکانی خۆی بە وردەکارییەکی زۆر نووسیوە، بەڵام تاکو ئێستاکەش دەستخەتە و چاپ نەکراوە.

## چەند لا پە رەیەکی نادیار لە ژیانی عزەدینی مەلا فەندی، جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عیراق لە سەردەمی پاشایەتیدا

ئێستا مرۆڤ هیچ شوێنەوارێکی قەسری باداوەی بەرچاو ناکەوێت، کە رۆژگارێك لە خۆرهەڵاتی شاری هەولێر لە گە رەکی باداوە بەتەنیا هەڵکەوتبوو. ئەم قەسرە هی زانای هێژای ئایینی و کەسایەتیی ناسراوی کورد خوا لێخۆشبوو مەلا ئەبووبەکرەفە ندی (١٨٦٥-١٩٤٢ز) بوو. شوێنی قەسرەکە چەند کیلۆمەترێك لەشاری هەولێرەوە دوور بوو، ژوور و دالآن و بەرهەیوانەکانی لە مێوانداری کەسایەتییە مەزنەکان، جمە یان دەهات. بەفەزڵ و گەورەیی خاوەنەکەی، بووبوو بەژوان و دیدارگەی پیاوە گەورە کانی ئەو شارە، کە لەسەردەمە جۆربەجۆرەکاندا رۆڵی خۆیان لە مێژووی کوردستان و عێراقدا گێڕابوو... هەروەها بووبوو بە پەناگەیەکی ئارام بۆ ئەو کەسانەی رۆژێك لە رۆژان بەخت یاوەریان نەبووە. راستییەکەی ئەم کۆشکە بوو بە بەشێك لەمێژووی ئەو شارە، ئەو شارەی کە پارێزگاری لە کەلەپوورە رەسەن و دێرینەکەی خۆی کردووە، ئە و شارەی بە لێبووردەیی و سینەفراوانی ناوی دەرکردووە، بۆ هەر کەسێك پێ بخاتە سەر خاکە بەپیت و فە رەکەی، دەروازەکانی والآ دەکات.

کاتێك مرۆڤ ئەو وێرانەیەی، کە بەسەر کەلەپووری کۆشك و مێوانخانە و دیوان و دەستنووسەکانمان هاتووە، لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بەراورد دەکات، تووشی بێئومێدی دێت، ئەو دەستنووسانەی هەرگیز نرخیان تەواو نابێت، ئەو دیوانە شیعریانەی دنیایەك قەسیدەی پێداهەڵدان و هەجو و وەسف و نەتەوە پەروەرییان تێدا بوو... بە لێ بە بەراورد بەوڵاتانی ئەورووپی، تەنانەت بەشێك لەوڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوە راستیش، ئێمە شوێنەوارەکانمان پشتگوێ خستووە. کاتێك مرۆڤ گەشت بۆ ئەو وڵاتانە دەکات، دەبینی ئەوان چۆن پارێزییان لەکۆشك و شوێنەوارە کلتوورییەکانیان کردووە و جوانی و ناوەرۆکیان چۆن پاراستوون و دەرگەشیان بۆ گەشتیاران واڵا کردووە... تەنانەت لەهێندێك لەو کۆشك و شوێنە گەشتیارانەدا خەڵکی ناچارن بە پێخواسی بەنێویاندا ب رۆن، تاکوو جوانیی بەردە مە رمە رەکانیان نە رووشێت و هەر بەجوانی و ساغی بێمێنێتەوە.

لەسپێدەی ١٩٩٩/٥/١٣ منیش لەنێو ئاپۆ رەی مەراسیمی ناشتنی خوالێخۆشبوو عزەدین مەلافەندی دابووم. کاتێك بۆ بەخاکسپاردنی چوینە نێو گۆ رستانی باداوە، لە دەروازەی ئەو شوێنەی بۆ مردووەکانی خانەوادەی مەلافەندی تەرخان کرابوو وە ستاین... یەکەم شتێك، کە هاتەپێشمان، ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بوو، لەسەر یەك لە دیوارەکانی ئەوێ، بە رەنگی سەوز نووسرابوو:" أینما تکونوا یدرککم الموت ولو کنتم في بروج مشیده." دڵنیابن لەهەر کوێ بن مردن یەخەتان پێ دەگرێت، با لەناو چەندەها قەڵا و جێگەی سەخت و قایمیشدا بن...)

ئا لەو کاتەدا گفتوگۆی خۆم لەگەڵ خوا لێخۆشبوو عزەدین مەلا –کە من زۆرجار وەك رێز و قەدر بەئەفەندی بانگم دەکرد– بیرکەوتەوە. ئەو گفتوگۆیە لە یەکێك لە شە وانی زستانی ساڵی ١٩٩٧ لەماڵەکەی خۆیدا بوو، باسی فەلسەفەی مەرگ و ژیانمان کرد. ئەو، مردنی بەکۆتایی ژیانی دونیا و سەرەتای ژیانێکی نوێ لێك دەدایەوە، کە تەنیا خودا نهێنییەکانی دەزانی.

سەرەتای ئاشنابوونم بەخوالێخۆشبوو (ئەفەندی)، بۆ مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٩٤ دەگە رێتەوە، هەڵبەت ئەمەیش لە رێگەی کو رەکەی کاك ئازادی کوڕی، لەسەرە تای حەفتاکانەوە دەیناسم و هاوڕێیەتیمان هەیە، ئەودەم لەگەڵ ئێمەدا لە یەکێتیی قوتابییانی کوردستان ئەندام بوو... ئەمەیش لە چوارچێوەی دیدارێك بوو لەگەڵ

باوکی بۆ ئامادەکردنی بابەتێك لەسەر کەسایەتی و زانای گەورەی ئایینی و کاسایە تی ناسراوی کۆمەڵایەتی (مەلا ئەبووبەکر ئەفەندی باوکی خوالێخۆشبوو عزەدین مەلا فەندی)، تاکوو بەچەند ئەلقەیەك لە رۆژنامەی برایەتی بڵاوی بکەینەوە.

ئێمە سێ کەس بووین، یەکەم: رۆژنامەنووس تاریق ئیبراهیم شەریف، کە زۆر بایەخی بەکەسایەتییە سیاسییەکانی مێژووی عێراقی هاوچەرخ دەدا، کتێبێکی بە ناوی (شخصیات تتذکر) هەیە. دوای هەوڵێکی زۆر توانی رووبچێتە نێو دنیای زانای خوالێخۆشبوو عزەدین مەلا فەندی و یەکەم دیداری رۆژنامەوانی لەگەڵ ساز بکات، ئە فەندیش بیرەوەرییەکانی خۆی سەبارەت بەجووڵانەوەی مایسی ١٩٤١ و هۆکارەکانی هاتنی خانەوادەی مەلەکی لەکاتی دەرکەوتنی ئەو جووڵانەوەیە بۆ هەولێر و مانەوە یان بەمیوانی لەقەسری باوکی لەباداوە، دەگێڕایەوە. دووەم: مامۆستا کەریم شارەزا بوو، کە لەلای منەوە بۆ ئامادەکردنی کۆمەڵێك ئەلقە بۆ رۆژنامەی برایەتی لەبارەی مە لافەندی راسپێردرابوو، ئەزموونێکی باشی هەبوو لەبارەی کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرچاوە جۆربەجۆرەکان و ئامادەکردنی ژیاننامەی کەسایەتییە سیاسیی و ئەدەبییە کان. سێیەمیشیان نووسەری ئەم دێ رانەبوو.

سەعات شەشی ئێوارە چوینەماڵی کاك ئازاد لە گە رەکی زانیاری شاری هەولێر، کاتێك چووینە ژووری مێوانخانە کە کاك ئازاد بۆ لای باوکی فەرمووی لێ کردین، کە بۆ پێشوازیی ئێمە خۆی ساز و ئامادە کردبوو، بەدلەیەکی قاوەیی پۆشی بوو، بۆینباخێکی گونجاوی لەگەڵ بەدلەکەیشی بەستبوو، هەر دەڵێی ئامادەی یەك لەو ئاهەنگە زۆرانە دەبوو، کە لە رۆژگاری دەسەڵاتی پاشایەتی لەعێراقدا ١٩٢١-١٩٥٨ دەقی بە امادەبوونیان گرتبوو... کە لە ماوە جیاوازەکاندا پلەی ئەندام پەرلەمانی شاری هەولێر و پاشان وەزیر و لە دواییشدا پۆستی جێگری یەکەمی سەرۆك پەرلە مان وەردەگرێت پێش روودانی شۆ رشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨.

ئەفەندی بە ئێمە زۆر دڵخۆش بوو، ئامادەیی خۆی بۆ پێدانی هەموو زانیاری و وێنەیەك لەبارەی باوکییەوە دەرب ری، کە یەك لە کەسایەتییە هەرە دیارەکانی هەولێر بووە، پێگەیەکی دیار و بەرچاوی لەنێوەندەکانی خەڵك و سیاسییەکانی عێراقدا هەبووە... وێ رای ئەمانەیش زانایەکی مەزنی زانستە ئایینییەکان بووە، لەسەر دە ستی ئەو، چەندان فەقێ لەزانست و فیقەی ئیسلامی مۆڵەتیان وەرگرتووە. بەرهەمی

ئەو دیدارەبوو بەباسێکی دوورودرێژ لەبارەی کەسایەتیی مەلا فەندی. لەکاتی خۆیدا لە رۆژنامەی کوردی (برایەتی رۆژانە) ، بە پێنج ئەلقە بەسەریەکەوە دابەزی، لەلایەن گەلی خوێنەران و بەتایبەتیش قوتابییانی زانستە شەرعییەکان و مامۆستایانی ئایینی و نەوەکانی نێوان دوو سەردەم، پێشوازییەکی گەرموگو ری لیَ کرا. بە بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە پێوەندیی من بەخوالێخۆشبوو عزەدین مەلائەفەندی کۆتایی نەهات، بەڵکوو ئەمە سەرەتایەکی باش بوو بۆ دیدەنی بەردەوامان تاکوو لەتەمەنی هەشتاو دوو ساڵیدا ژیانئاوایی لیَ کردین. دوای ئەوەی کاری رۆژنامەمان تەواو دە کرد، هەفتەی شەوێك، یان دوو شەو، لەگەڵ هاورێ تاریق ئیبراهیم شەریف دەچووینە خزمەتی، بەڵام کاتێك کاری رۆژنامەمان بەسەردا کەڵەکە دەبوو، بە لایەنی کەمەوە مانگی جارێك دەچووینە لای، بە رەنگێك، هاورێیەتیمان زۆر بەهێز بوو... وە ختێکیش ئەگەر لەماوەی مانگێك یان زیاتر سەردانمان نەکردبا، تەلەفۆنی بۆ دە کردین، باسی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و چاپبوونی کتێب و گۆڤاری نوێمان دەکرد، ئاخر ئەو زۆر حەزی بەخوێندنەوەی بڵاوکراوەکان دەکرد بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی... زۆر بەباشی دەیتوانی بەم دوو زمانە بنووسیَ و قسەیان پیَ بکات... بەهۆی هاورێیەتی ئێمەوە لەسەر خوێندنەوەی زمانی کوردیش راهات، هەموو رۆژێك ژمارەیەکی رۆژنامەی (برایەتی)یمان بۆ دادەنا، هەموو جاریَ دە یگوت: "بەهۆی ئەم رۆژنامەی ئێوە سۆراخی هەواڵ و رووداوەکانی کوردی دەکەم... هەرچەند ب رێك لە زاراوەی نویَ کە دوای راپە رێنە شکۆدارەکەی ١٩٩١ هاتوونەتە ناو زمانی کوردی، بۆ من زەحمەتن."

بەم چەشنە بۆ دەستخستنی ئەو زانیارانەی لای ئێمەون بوون سەردانمان دەکرد، چونکە ئەو چەندان پۆستی سیاسی وەرگرتبوو، بۆ زۆر لەوڵاتان گەشتی کردبوو، لە بەشێك لەو وڵاتانەیش مابووەوە، هەڵبەت ئەمەیش پێش شۆ رشی ١٤ی تەمووز و دواتریش زۆر حەزم دەکرد دیمانەیەکی رۆژنامەوانی لەبارەی چەند رووداوێکی دیاریکراو، کەبەسەر عێراقدا هاتوون و لەدەوروبەریاندا چەمکەکان گۆ رانیان بەسەردا هاتووە، لەگەڵدا بکەم، بەڵام هێندێك جار ئەو پێداگری و سووربوونەی منی رەت دە کردەوە، گەلیَ جاریش پۆزشێکی دەهێناوە، زۆرجار ئەمەی دووبارە دەکردەوە، کە یادداشتەکانی نووسیوە و لەقۆناغی کۆتایی دایە. هەموو رووداوەکانی سەردەمی

منداڵی لەقەسری باداوە و تا دوا لەنگەری لەشاری هەولێر، تۆمار کردووە... بەجۆرێك لەگەڵ زۆرێك لە رووداوەکان رەوتی کردووە و لەچەندان کاروباری وڵات بەشداری لە دروستکردنی ب ریاردا کردووە، هاوچاخی گەلێك بەرپرسی سیاسی و دبلۆماسی بووە. یادداشتەکانی ئەو، وەك خۆی دەڵێت:" لەئاییندەدا دەبنە موڵکی خانەوادەکە یان، بەتایبەتیش ئازادی کو ری، کە لەدوای کۆچکردنی من، ئەگەر بۆی رەخسا ماف ئەوەی هەیە چاپیان بکات." کاتێك لەبارەی هێندێك بابەت گفتوگۆمان دەکرد و پێداگریمان دەکرد، لە میوانخانە هەڵدەستا و دەچوو پە راوی یادداشتەکانی دەهێنان و ئەو بەشەی ئێمە قسەمان لەبارەوەدەکرد نیشانی دەداین. هەتا بڵێی مرۆڤێکی بە خشندە بوو، زۆرجار بەئامادەبوونی کاك ئازادی کو ری و هاوڕێ تاریق بەمنی دەوت: زۆر ئازیزی لەلام و دڵی خۆم بۆ کردوویتەوە، بەڵام بۆ پەخش و لەسەر نووسینم نا! لە ماوەی پێنج ساڵ هاموشۆکردنم بەئەنجامێك گەیشتم، کە ئەو حەز بەکەنارگیری دە کات و نایەوێت لە هۆگەلی راگەیاندن دەرکەوێت، چونکە بەگوێرەی قسەی خۆی، لەو جۆرەشتانە تێربووە. مادەمەکێ هێشتا لەژیاندا ماوە، نایەوێت هەستی خەڵك بریندار بکات و قسەیان لەسەر بکات، با بمێنێ بۆ مێژوو، بۆ زەمانە...لەگەڵ هەموو ئەمانە یشدا، توانیم بۆ دیدارێکی دوورودرێژی رۆژنامەوانی قایلی بکەم، لەماوەی چەند دانیشتنێکدا تاوێك بەشێوازی شەخسی و تاوێك بەوەڵامدانەوەی بەشێوەی نووسینە کی و هێندێك جاریش بەنیشاندانی چەند بەشێکی یادداشتەکانی، فزووڵی و زێدە حەزی کەسی و رۆژنامەنووسی دادەمرکاندم. سەرەتا بۆ تێکشاندنی بەربەستی بێدە نگی، پرسیارەکانمان لەدەوروبەری باسی سادەی شەخسیی دەخولانەوە... پاشان شۆ ردەبووینەوە بۆ ئەو رووداوانەی بەشداری تێدا کردوون، یان تێیاندا ئامادەبووە. بۆ راستی و پاشان بۆ مێژوو دەڵێم: ئەو پیاوە، زۆر راستگۆ بووە لەگەڵ خۆی و ئە وانی تردا، کەسێکی وەفادار بووە، بۆ هەڵسەنگاندنی رووداو و کەسەکان، دەستی بە بۆچوونەکانییەوە دەگرت و بەهیچ جۆرێك پاشگەز نەدەبووەوە... بەڵام بەداخەوە بەهۆی کۆچی دواییەکەی ئەو گفتوگۆیە درێژەی من دەمویست، تەواونەکرا و بە نیوە چڵی مایەوە.

ئەفەندی باسی لەدایکبوونی خۆی لەقەسری باداوەی شاری هەولێر دەکرد، دە یگوت لە رۆژی هەینی، ٢٣ی ئازاری ١٩١٧ لەخێزانێکی ناسراوی کورد هاتووەتە

دونیاوە، باوکی خوالێخۆشبووی: (مەلا ئەبووبەکر حاجی عومەر مەلا ئەبووبەکر ناسراو بە مەلای گچکە، کو ری عوسمان ئەبووبەکر)ـە، مەلا ئەبووبەکری باپیرە گەورە یان یەکەم کەسیان بووە هاتووەتە هەولێر دوای ئەوەی لە ناوچەی هەریر و باتاس دێنە هەولێر، بە فەرمانی هەمایۆنی سوڵتانی محەمەدی چوارەم لە مزگەوتی گەورەی قەڵات دەبێتە وتاربێژ. ئەو فەرمانە هێشتا لای خانەوادەکەیان پارێزراوە. مەلا فەندی بەوپەڕی میهرەبانی و سۆزەوە چاودێری (عزەدینی کوڕی) دەکات و مشووری ژیانی دەخوات. چونکەوەك خۆی گوتی:" باوکم دوای تێپەڕاندنی پەنجا ساڵ ئەوجا کوڕێکی بووە، ئەویش من بووم." خوالێخۆشبوو عزەدین مەلا بۆ خوێندن دەبرێتە قوتابخانەی سەرەتایی، هێشتا پێنج ساڵی تەواو نەکردووە، بەهۆی بیرکردنەوەی ئە وسای ئایینی، کە لە هەولێردا سایەی کردووە، چوونە قوتابخانە زۆر لاواز بووە و خە ڵك بەگومانەوە تەماشایان کردووە.

ئەوکات کارگێ ر و مشوورخۆرانی مەعاریفی هەولێر دێنەلای مەلافەندی باوکی، لە نێویشیاندا مامۆستا ئەحمەد ناجی باوکی بە رێز جەودەت ئەحەد ناجی دەبێت. داوای لێ دەکەن عیزەدینی کو ری بنێرێتە قوتابخانە بۆئەوەی ئەو چەق بەستووییە تێکبشکێ و بارەکە ئاسایی ببێتەوە، دەرکەوێت کە قوتابخانە بۆ وەرگرتنی زانست دروست بووە، هیچ پێوەندییەکی بە کوفر و بێ دینییەوە نییە... ئەوان کۆمەڵێك قوتابی بوون، لەنێویاندا رەشاد موفتی کو رە مامەکەی بووە، کە دواتر دەبێتە قازی هەولێر. راستییەکەی قوتابخانە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ژیانی عیزەدین مەلاوە هەبووە، بە رەنگێك کاریگەری خۆی بەسەر رێڕەوی ژیان و دروستبوونی کەسایەتییە کەی پەیدا کردووە. ئەو مامۆستایانەی بە رادەیەکی زۆر کاریگەرییان بەسەر بیر و ئا راستەکردنیدا دروست کردووە، هەریەك لە: رەفیق حیلمی، مەحموود نەعیمی، هەروە ها عەلی حەیدەر سلێمان لەمیانەی کتێبە بەهادارەکەی (مێژووی شارستانیەتی ئە ورووپا ١٩٣٢). ئەو کاتەی ئەفەندی دەچێتە قوتابخانە، زمانی تورکی خوێندراوە، زمانی عەرەبیش وەك ماددەیەکی خوێندن، خوێندراوە. کاتێك دەگاتە پۆلی چوارەم لە ساڵی ١٩٣٢، دوای دەرکردنی یاسای زمانە ناوخۆییەکان و چوونی عێراق بۆ نێو کۆمەڵەی گەلان، خوێندن دەبێتە زمانی کوردی. ئەفەندی کاریگەری و رۆڵی خوالێخۆشبوو رەفیق حیلمی لەسەر خۆی و ئەوانی تر لەبیر نەکردبوو، چەندان

هەڵوێست و ئاکاری چاکی ئەو پەروەردە کارە سەنگین و نیشتمانپەروەرە ناسراوە، کەسیخناخ بوو لە رۆحی نەتەوەپەروەریی کورد دەگێڕایەوە و دەیگوت قوتابییەکانی فێری مانای نەتەوەپەروەری و مێژووی کورد دەکرد، زۆرجار چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی بۆ دەگێڕانەوە، کە گەل و ئازادی و خەباتیان بەبەرز و شکۆدار دەگرت.

لە ئاخرو ئۆخری ساڵی خوێندنی (١٩٣١-١٩٣٢) ئەفەندی خوێندنی (ناوەندی) تەواو دەکات. ئەو دەم وەك خۆی دەڵێت لەسەرەتای سییەکاندا قوتابخانەی (دواناوە ندی) لەهەولێر نەبووە، دایك و باوکیشی پیێ قایل نەکراوەتاکوو بچێت لە موسڵ خوێندن تەواو بکات.

لەکاتی گفتوگۆ و قسەکردنمان هەستم کرد بەشەوقێکی زۆرەوەحەز دەکات ژیانی منداڵی و رۆژگاری لاویەتی خۆی بگیێ رێتەوە... دەکۆشا بەرانبەرەکەی تێبگەینیێ، کە ئەو هەر لەسەرەتاکانی ژیانەوە خزاوەتە نێو رووداوەکانی سیاسەت، ئەمەیش لەبەر ئەوەی کو ری زانایەکی گەورەی ئایینی ئیسلام بووە... بەداخێکی زۆرەوە باسی رۆڵی قەسری باداوە لە رەوتی رووداوەکان و هاتنی کەسایە تییە گەورە و کاریگەرە کانی ژیانی سیاسیی ئەودەم بۆ نێوی دەکرد... یەك لەو رووداوانەی باسی دەکرد، نێوەندگیریی باوکی بوو لەنێوان حکوومەتی عێراقی و شێخ مەحموودی حەفید ، کە رۆژگارێك مەلیکی کوردستان بووە. کاتێك پرسیارم لیێ کرد و گوتم: ئەو نێوەندە گیرییە چۆن بووە، لەکاتێکدا شێخ مەحموود لە کێوەکانی سلێمانیدا شۆ رشی بەرپا کردووە، ناوەندی حکوومەتی عێراقیش بەغدا بووە، باوکیشت زۆر بەدەگمەنی شاری هەولێری جێهێشتووە؟ بە پاڵپشتیی یادداشتە نووسراوەکانی وەڵامی دامەوە:" باوکم گوتی نووری سەعید (ئەفەندی کاتێك ناوی نووری سەعیدی دەهێنا نازناوەکانیشی لەگەڵ دەهێنا و دەیگوت نووری پاشا) ئەو کاتەی وەزیری بەرگری حکوومەتەکەی جە عفەر عەسکەری دووەم بووە، لەکۆتایی ساڵی ١٩٢٦ لەقەسری باداوە وەك نەریتی هەمیشەی، سەردانی باوکمی کردووە... لەکاتی قسەکردندا نووری پاشا پرسیار لە باوکم دەکات: ئایا دەکریێ بۆ وەستانی شە ر و نە رژانی خوێنی عێراقییەکان نێوە ندگیری لەنێوان حکوومەتی عێراقی و شێخ مەحمووددا بکات؟ باوکیشم پیێ دەڵێت پێشتر ئەو باسە لەگەڵ راوێژکاری سیاسی بەریتانی لە هەولێر کراوەتەوە، نامەیەکی

له راویژکاری وەزارەتی ناوخۆ (کۆرنوالیس) بۆ هێناوە و باوکم گوتوویەتی ئەوەی لە توانامدا هەبێت ئامادەم لەو بارەوە بکەم، بەڵام پێویستە لە نیازی حکوومەت دڵنیا بێت، لەسەر بنەمای مافە نەتەوەییەکانی کورد و پاریزی لەشکۆ و موڵك و سامانی شێخ مەحموود و پێگەکەی بێت، لەو کاتەدا نووری پاشا دڵنیایی دەداتە باوکم و لە سەر بنچینەی چۆنیەتیی رەفتاری بەرانبەر، بەڵێن بە باوکم دەدا، بەم چەشنە لە رێگە ی دوو کەسی بڕواپێکراوی شێخ مەحموود، چەندان نامە و پەیوەندی لەنێوان باوکم و ئەودا ئاڵوگۆڕ دەکرێن. ئەوانیش سەید ئەحمەد بەرزنجی و رەزا بەگ، کە یەکێك لە ئەفسەرانی کورد بووە لەنێو سوپای عوسمانی و پێوەندیی بەشێخەوە دەکات و دواتر لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە دەکرێتە قایمقامی قەزای رواندز. کاتێك لەئاسۆدا ئەگە ری رێککەوتنی هەردوولا دەردەکەوێت، باوکم پێشنیاز بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەکات ئە حمەد عوسمانی پسمامی کە موتەسەریفی شاری هەولێرە بۆ موتەسەریفیەی سلێمانی بگوێزنەوە، بۆئەوەی شێخ مەحموود لە نیازی حکوومەت دڵنیا بێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی بەشداری دانووسانەکان بکات و دڵنیایی پێ دات. دیارە حکوومە تی عێراقیش بەدەم داواکەوە دێن، دوای ماوەیەکی کەم هەوڵەکانی خوالێخۆشبوو ئە حمەد عوسمان بەئاکام دەگەن و سەرکەوتنێکی تەواو بەدەست دەهێنێت، هەروەك لە چەندان سەرچاوە تۆمارکراوە.

کاتێك پرسیارم لەئەفەندی کرد و گوتم: ئەو کات تازە دەیەمینساڵی تەمەنت تێپە ڕاندووە، ئایا لەو کاتەدا خۆت هیچ رۆڵێکت وازی کردووە؟ بەپێکەنینەوە وەڵامی دامە وەو گوتی: ئینجا کێ پێی گوتی من ئەو دەم رۆڵم هەبووە؟ ئەوەی من کردوومە لەو تە مەنەدا هەر ئەوەبووە: بەیانی یەکەم رۆژی نیسانی ١٩٢٧ باوکم بانگی کردم و گوتی رۆڵە ئەم رۆ مەچۆ بۆ قوتابخانە! ئەحمەدی مامت بە رێ بکە (مەبەستی ئەحمەد عوسمانی موتەسەریفی هەولێرە بۆ موتەسەریفیەی سلێمانی)، منیش ئەو رۆژە لە جیاتی چوونە قوتابخانە، لەگەڵ باوکم چوومە مزگەوتی قەڵات، نامەیەکی دامەدەست و داوای لێ کردم لەنێو ئۆتۆمبێل بیدەمە ئەحمەد عوسمانی مامم و کەس نەیبینێت. منیش بەرەو ماڵی ئەحمەد عوسمانی مامم چووم، کەنزیك بوو لەمزگەوت... ئەو ناوە لەفەرمانبەر و خەڵك جمەی دەهات، هاتبوون خواحافیزی لە مامم بکەن و بە رێی بکە ن... سواری ئۆتۆمبێلێك بووین، کە هیی باوکم بوو. بەرەو ناوچەی قوشتەپە چووین،

**ئۆتۆمبێلی دیکەیش بەدوامانەوە بوون، بەر لەوەی بگەینە قوشتەپە نامەکەم دایە مامم، لە بەرگی نامەکە نووسرابوو: (بۆ شێخ مەحموود)... خواحافیزیم لەمامم کرد و بە رێم کرد، سواری سەیارەیەك بوو، کە بۆی ئامادەکرابوو، دواتر منیش گە رامەوە هەولێر.**

**ئەفەندی لەقسەکانی بەردەوام بوو و گوتی: " دەمەوێت شایەتییێك کە لە مەسعوود محەمەد گوێم لێ بووەبۆتان بگوێزمەوە (خوالێخۆشبوو ئەفەندی پێوەندییەکی دۆستانەو دێرینی لەگەڵ مامۆستا مەسعود محەمەد دا هەبووە، پێوەندییەکەیان بۆ رۆژگاری خوێندنیان لەقوتابخانەی ناوەندی لەهەولێر دەگە رایەوە. ئەو دەم مەسعوود محەمەد بۆ تەواوکردنی خوێندن هاتووە لەقەسری باداوە ماوەتەوە، چونکە ئەوکات لە کۆیە خوێندنی ناوەندی نەبووە... لەلایەکی تریش مەلا فەندی و باوکی مەسعوود محەمەد (مەلای گەورە پێشنوێژ و وتاربێژی مزگەوتی گەورەی کۆیە) زۆر لێك نزیك بوون، دۆستایەتییەکی بەهێزیان لەنێواندا هەبووە، هەردووکیان زانای هەڵکەوتوو و دەرکەوتووی ئایینی بوون... هەموو ئەمانەوا لەباوکی مەسعوود محەمەد دەکەن کو رە کەی بنێرێتە قەسری مەلا فەندی تاکوو لەگەڵ عیزەدین ببنە هاورێی خوێندن... لە خوێندنی ناوەندی پێکەوە دەبن، پێوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا دروست دەبێت، هەردوویکان مەسعوود محەمەد لە یادداشتە چاپکراوەکانی (گەشتی ژیانم) و عیزە دین مەلافەندی لە دەستنووسی یادداشتەکانی بەدرێژی باسی ئەو رۆژگارەدەکەن... پێوەندی نێوان ئەو دووانە تاکوو دوا رۆژی ژیانئاوایی مامۆستا عیزەدین مەلا، هەر بە پتەوی دەمێنێتەوە... مەسعوود محەمەدیش بە رەحمەت بێت.**

**"شایەتییەکەی مەسعوود محەمەد وەك خوالێخۆشبوو عیزەدین ئەفەندی بۆی باس کردم و لەیادداشتەکانی تۆمارکراوە، لەبارەی نێوەندگیریی نێوان شێخ مە حموودی حەفید و حکوومەتی عێراقی بوو: " مامۆستا مەسعوود محەمەد بەئامادە بوونی چەندان کەس بۆی باس کردم کە باوکی زۆر هاورێی باوکم بووە، لەکاتی پێوە ندییەکانی بەشێخ مەحموود بۆ نێوەندگیریی لەنێوان ئەو و حکوومەتی عێراقی، لەقە سری باداوە لەمێوانداری باوکم بووە." مەسعوود محەمەد گوتی:" باوکی (مەلای گە ورە) گوتوویەتی مەلا ئەفەندی پێی راگەیاندم سوێند بەخوا ئەوەی دەیکەم بۆ وە**

ستانی خوێن ڕێژییه، خۆ ئەگەر بزانم کورد و کوردستان قازانج دەکات ئەوە ئامادەم دوا دڵۆپی خوێنی خۆمیان بۆ ب ڕێژم، بەڵام دەزانم ئەوەی ئێستا ڕوودەدا سەری لەدۆ ڕان و ڕشتنی خوێنی زیاتری کورد دەردەچێت."

عیزەدین مەلا ئەفەندی زۆر شانازیی بە نەتەوەکەیەوە دەکرد، بۆ چارەنووسی کورد و کوردستان هەستێکی پ ڕ جۆش و خرۆشی هەبوو. زۆر جار ئەمەی دەگوتەوە : ئەو ڕووداوانەی بەسەرمدا گوزەریان کردووە، یان بەشداربووم لە ئاسانکاری کاروباری پێوەندار، یان کاتێك پێگەکەم ڕێگەی داوم، وەختێك لای باوکم لەقەسری باداوەبووم، یان کاتێك ئەندام پەرلەمان بووم، یان وەزیر، یان جێگری یەکەمی سەرۆك پەرلەمان بووم...

کاتێك منیش زۆرم لێ دەکرد، کە پێویستە ئەم شتانە بڵاو بکاتەوە، تاکوو خزمە تی هەقیقەت و مێژووی پێ بکەیت، زۆرجار دەیگوت:" من تازە لەپێگەیەك نەماوم تا بتوانم کاریگەری لەسەر ڕێ ڕەوی مێژوو پەیدا بکەم، ڕابردوویش بوو بەبەشێك لە مێژوو... لەبارەی ئەو بابەت و ئەم بابەت زۆر گوتراوە، ڕەنگە لەمێشکی زۆر خەڵکیش چەسپابێت، ناتوانم تێگەیشتنی خەڵك سەبارەت بەم بابەتانە بگۆ ڕم."

جارێك ویستم لەبارەی ڕووداوەکانی شۆ ڕشی بارزان (١٩٣١-١٩٣٢) یادگەی بورووژێنم و چەند زانیارییەکمان بداتێ... چونکە وەك ئاشکرایە سنووری کارگێ ڕیی هەولێر ناوچەی بارزان و مێرگەسوور و چەندان قەزا و ناحەیەی تر لەخۆ دەگرێت و سەر بە ئەون... لەو کاتەدا بەدەم زەردەخەنەوە چاویلکەکەی ڕاست کردەوە و پ ڕ بە چاوەکانی تێم ڕاما و گوتی:" خۆ من لە دانیشتنەکانی ڕابردوو گوتم ئەوەی گرنگ بێت تۆمارم کردووە، هەتا زیندوویش بم ناهێڵم چاپ بکرێن، دوای مەرگیشم ئازادی کو ڕم سەرپەرشتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی یادداشتەکانم دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوە یشدا خۆشەویستی تۆ و پێداگریت وام لێ دەکەن بەدەم پرسیارەکەتەوە بێم، بەڵام بە یەك مەرج (لەو کاتەدا لای لەتاریق ئیبراهیم شەریفی هاوڕێم کردەوە) کە لە بەرانبە رمان دانیشتبوو، پرسی( ها! تاریق تۆ چی دەڵێیت؟) تاریقی هاوڕێشم گوتی: "هەرچییەك تۆ پێت باشە جەنابی ئەفەندی، بەڵام من شایەتی ئەوە دەدەم کاك فەرهاد زۆر لەگەڵ تۆ ماندوو بووە، هەر لەیەکەم سەردانەوە پرسیار دەکات، ڕەنگە وەك ڕۆژنامەنووسێك بە پاڵنەری پیشەکەی حەز بکات تەحقیقێکی پێشوەختەی ڕۆژنامە

وانیت لەگەڵدا بکات، خۆ پێشتر بەڵێنت پێ داین، ئێ قوربان بۆچی بابەتەکە دوای دە خەیت؟" لێرەدا عزەدینەفەندی هاتە قسەو رووی لەکاك تاریق کرد و گوتی: کاتێك لە ساڵی ١٩٨٦ بۆ کتێبەکەت (شخصیات تتذکر) گفتوگۆیەکت لەگەڵدا کردم، چیرۆکی خۆت بیر ناکەوێتەوە، بیرتە چەند جار سەردانت کردم و لەسەر شتێك پێداگریت دە کرد، کەمن نەدەهاتەمە ژێر بار... بەڵام ئەمشەو بۆ فەرهاد زۆر شتم باس کرد، لەبارەی رووداوەکانی بارزانیش لەدانیشتنی داهاتوو بەدرێژی باسی دەکەین، بەڵام بەمەرجێك دوای هەفتەیەکی تر هەردووکتان لەماڵەکەم سەردانم بکەنەوە.

ئەو مەرجەی ئەفەندی بۆ سەردانیکردنی لەماڵەکەی دوا هەفتەیەك مەرجێکی کۆنکرێتی نەبوو، خوالێخۆشبوو لەدڵەوە حەزی دەکرد زوو زوو بەشەوان سەردانی بکەین، چونکە نەریتی وابوو شەوان بێدار دەبوو، لە شەوانیش باشتر دەکرایەوە، زۆر جار بەئێمەی دەگوت:" رۆژان دەرگەی ماڵەکەم بە رووتاندا دادەخرێت."

لەدانیشتنی دواتر، ئەفەندی قسەکردنی لەبارەی شۆ رشی بارزان بەتایبەتی سەرە تاکەی لە سییەکانی ئەم سەدەیە، لەبیر نەچووبوو. ئەو بەشەیەی لە یادداشتەکانی پە یوەست بوو بەو بابەتە دەری هێنا و لەبەردەمی دانام، پاشان پێی وتم: " ئەوەی دەتە وێ لێی وەربگرە، بەڵام تکایە هەیچ شتێکی لێ بڵاو نەکەیتەوە، چونکە دەبینی من هێشتا لەژیانم، زۆر کەس لە رێگەی خزموخوێشەکانم داوایان کردووە ئەو بەربەستە بشکێنم، بەڵام من بەردەوام داوای لێبووردنم لێ کردوون."

منیش گوتم: جەنابی ئەفەندی لەدونیا دیاردەیەك هەیە خەریکە فراوان دەبێت و تەشەنەدەکات، خەڵکێك هەیە لەسەر ئەوانەی خاوەن پایەو ب ریار بوون کێب رکی دە کەن چ خزم و نزیکیان بووبن یان هیی وڵاتەکەیان بووبن، تەنانەت جاری وا هەیە بە شێك لە داروەستەیش دەیناوێ لەچوارچێوەی یادداشتەکانی ئەوان خۆیان دەرخەن و بێنە پێشەوە، وەك ئەوەی ئەوان خۆشیان لەدروستکردنی ب ریارێکی دیاریکراودا بەشدار بوون...تۆیش لەدانیشتنی رابردوو باسی ئەوەت کرد کە باشترین کتێبێك کە ساڵی ١٩٩٨خوێندووتەوە یادداشتەکانی شوارسکوف بووە، بۆ زانیاریش هێشتا دە ساڵ بەسەر جەنگی خەلیجدا تێنەپە ربوو، شوارسکوف لەپۆپی مەزنی دابووە.

ئەفەندی لای لیٚ کردمەوە و گوتی:" ئینجا شوارسکوف چ پێوەندییەکی بەمنەوە هەیە، هەر یەکەمان تیٚ روانینی خۆمان هەیە، ئەو دەیەوێت قۆناغە زەمەنییەکان ئاوردات و رۆژێك بگاتە کورسیی سەرۆکایەتی ئەمریکا، ئەوە ئاواتی ئەوە، بەلاّم من هەشتا سالّەم تەواو کردووە و نامەویٚ بەهۆی بلاّوکردنەوەی یادداشتەکانم کەس توو رەو هەراسان بکەم لەکاتێکدا لەژیاندا ماوم."

دەشیٚ ئەفەندی لەسەر هەق بووبێت، چونکە حەزی دەکرد بەپێوەرێکی رەها تە ماشای شتەکان نەکەین، چونکە بۆ هەلّسەنگاندنی شتەکان تەنانەت لەیەك خێزان یان کۆمەلّەیەکی دیارکراودا پێوەری چەسپاو نییە، کاتێك مەسەلەیەکی دیارکراو دە ورووژێنردرێت... ئەمە یەکێکە لە یاساکانی ژیان...

کاتێك ئەفەندی تێگەیشت کە من هەتا ئەو لەژیاندا ماوە هیچ شتێکی لەبارەوە بلاّو ناکەمەوە، دەستی درێژکرد و چەند پە راوێکی یادداشتەکانی لەبەردەم دانام، کە زانیاری بوون لەبارەی خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی بارزانی سەرۆکی شۆ رشی بارزان لەسالّی ١٩٣١ز. داوای لیٚ کردم بەدەنگ بۆی بخوێنمەوە، منیش داواکەیم جێبەجیٚ کرد، ئەمەلە یادداشتەکانی هاتبوو:" خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی بارزانی بێنیازە لە پێناسەکردن و ناساندن، ریٚ رەو و خەباتەکەی لەزۆر لەکتێبە پێوەندارە کان، بەماوەیەکی دیاریکراوی مێژووی عێراق تۆمار کراوە، بەزمانی عەرەبی و کوردی و بیانی و تەنانەت توورکیش... نامەویٚ لێرەدا بچمە نێو ئەو رووداوانەی وایان کرد شێخ ئەحمەد بە هەولێردا گوزەر بکات، ناشمەویٚ هۆکار و پاشهاتەکەی باس بکەم، هەموو ئەوانە لە کتێبگەلی ناوبراودا بەدرێژی باسکراون... بەلاّم من دەمەویٚ ئەوە تۆمار بکەم، کە خۆم دووجار بینیومە، یەکەم: لە رێگەی مووسلٚ بۆ بارزان سەرکە وتووانە دەگە رایەوە، دووەمیش لە رێگەی دوورخستنەوەی بۆ بەغدا، نێوانی ئەو دوو جارەیەش نزیکەی سیٚ سالّ بوو...

" لەناوە راستی سالّی ١٩٣٣ موتەسەریفی ئەوسای هەولێر بە رێز مەحموود فە خری وەك نەریتی هەمیشەی، سەردانی باوکمی کرد، دوای رۆیشتنی، باوکم پێی گوتم: حکوومەت مۆلّەتی بەشێخ ئەحمەد و هاوڕێکانی داوەبگە رێنەوە ئاواییەکانی خۆیان لە بارزان، دەیەوێت لە رێگەی هەولێر بگە رێتەوە و لەو چەند رۆژەی لە

هەولێریش دەمێنێتەوە، مێوانداریی موتەسەریفیشی رەت کردووەتەوە، پێداگربووە لە سەر ئەوەی لەماڵی ئێمە بمێنێتەوە... دوو سبەی لە رێگەی گویْ ر دەگات... بۆیە عیزەدین دەمەویْ بچی لەبری من پێشوازی بکەیت و بەئۆتۆمبێلی خۆمان بۆ قەسری باداوە هاوەڵی بکەیت. لە رۆژی ناوبراودا بەهاوڕێیەتی کو رەپوورەکەم:(موحسین محه مەد ئاغا) و کو رەمامەکەم ئیبراهیم یوسف، بەرەو ناوچەی گویْ ر بە رێکەوتین، ئەودە م پردی پە رینەوە نەبوو، بەڵکوو بەبەلەم (عەبارە) خەڵك و ئۆتۆمبێل و ئاژەڵیان لەلایە ك بۆ لایەکەی تر دەگواستەوە. لەکاتی گەیشتنمان بۆ بینای بە رێوەبەرایەتیی ناحیە چووین، بینیم بە رێوەبەری پۆلیس و موتەسەریفی هەولێر لەژووری بە رێوەبەری ناحیە دانیشتوون، ئێمەیش چووینە لایان... دوای قەدەرێك، ئەو پۆلیسەی بۆ چاودێری راسپێردرابوو هات و پێی گوتین: دەستەو تاقمی شێخ ئەحمەد هاتن و گە یشتنە کەناری بەرانبەرمان، ئێمەیش بۆ لای وێستگەی (عەبارە)کەچووین، کەشێخ ئە حمەد و جەماعەتەکەی و کەلوپەلەکانیانی هەڵگرتبوو.

موتەسەریف بەشێخ ئەحمەدی ناساندم و گوتی:" ئەمە عیزەدینی کو ری مەلا فە ندییە، لە جیاتی باوکی هاتووەتە پێشوازی تۆ." شێخ وەڵامی دایەوە، ئێستایش وە شەکانیم باش لەبیر ماوە، چونکە وەك باسم کرد وەختێك لەجیاتی باوکم دەچوومە شوێنێك دوای گە رانەوەم باوکم لەو بارە پرسیاری وردی لیْ دەکردم، چی بوو و چی گوترا.) شێخ گوتی: " ئەمن زۆر عەودالْ بووم باوکت بناسم و نان و خوێیەکی لەگەڵدا بخۆم." منیش گوتم: " باوکم لە نەهاتنی بۆ پێشوازیی تۆ، داوای بەخشینی کرد..." بەڵام شێخ دەرفەتی قسەکردنی زیاتری نەدام و گوتی:" مادەم تۆ کو ری ئەویت، ئەوە هەموو شتێکە." دوای ئەوەی لای بە رێوەبەری ناحیە پشوویەکی کورتی وەرگرت و تاقمەکەی و کەلوپەلیان گوێستەوە، بەرەو ئەو ئۆتۆمبێلە چووین، کەبۆ ئەوان ئامادە کرابوو. موتەسەریف ویستی شێخ ئەحمەد سواری ئۆتۆمبێلەکە بێت، بەڵام شێخ ئاو رێکی لەمن دایەوە و گوتی: فەرموو! گوتم: ئۆتۆمبێلەکەی من لەولایە... ئەوسا بەموتە سەریفی گوت: من لەئۆتۆمبێلی خانەخوێیەکەم سوار دەبم. من و ئەو لەپێشەوەی ئۆتۆمبێل دانیشتین و بە رێکەوتین... نازانم ئاخۆ موحسین ئاغا و ئیبراهیم یوسف لە گەلْ کیْ سواربوون؟ کاتێك گەیشتینە باداوە، بینم کەژاوەی ئۆتۆمبێلان لەدوای ئێمە رێچکەیان بەستووە...ئەو دەمەی کەژاوەی ئۆتۆمبێلان گەیشت دەمەوعەسر بوو،

باوکم لەنێو باخچە دەرەکییەکە چاوە رێی دەکردین، کاتێك شێخ لەسەیارە دابەزی بە رەو پیلیەوەهات و تۆقەیان لەگەڵ یەك کرد و یەکتریان لەباوەش گرت. دوای خواردنە وەی چایەو قاوە موتەسەریف و دەست وپێوەندەکەی رۆیشتن و شێخ ئەحمەدیش سێ رۆژان لەمێوانداریی ئێمە مایەوە، لەو ماوەیەشدا لەگەڵ موتەسەریف سەردانی یە کتریان دەکرد... پاشان لە رێگەی مێرگەسوور بەرەو بارزان گە رایەوە، باوکم تاکوو دە رگەی باخچەی قەسر لەگەڵی چوو و بە رێی کرد.

ئەمن ئەو دەم شانزە ساڵان بووم، بۆ دۆزی کوردی زۆر بەگ روتین بووم، باوکم تێبینی ئەمەی کردبوو بۆیە دەیگوت پە رگیر و تووند رە و مەبە... بە رێگە تایبەتەکە ی خۆی هانی دەدام.

ئێوارەیەك دوای ئەوەی وانەی زانستی ئایینیم لای باوکم خوێند، وەك چەندان جاری پێشوو منی هێشتەوە و فەرمووی:" ئەوەی، کە تێبینم کرد و بینیم و بیستم لە کاتی هاتنی شێخ ئەحمەد و مانەوەی لێرە، جەرگسۆزی و گ روتینێکی زۆرت بەرانبە ر ئەو و دۆزی کوردی بۆ دروست بوو... پێم خۆشە شتێکت بۆ روون بکەمەوە مەسەلە عادیلەکان لەنێو ناچن، بەڵکوو لەکۆتاییدا هەر سەردەکەون، پێویستە بەردەوام جووڵانەوەیەك هەبێت، لەبارەی دۆزی کوردیش ئەوەتا جووڵانەوەی بارزانمان هەیەو شێخ ئەحمەد سەرۆکایەتی دەکات، ئەو مەشخەڵ هەڵگر و رەمزەکەیەتی، لە داهاتوویشدا هەر بە رەمزی دۆزی کورد دەمێنێتەوە."

مامۆستا عیزەدین ئەفەندی وشەی (رەمزی) زۆر بەکار دەهێنا، ئەم سیفەتەی دە خستە پاڵ سەرکردە نایابەکان، کە خزمەتی گەلەکانی خۆیان کردووە، بەوێنەی (چەرچڵ، دیگۆل، گاندی..) باسی ئەوەی بۆ کردم، چۆن وشەی (رەمز) بووەتە مایەی کێشە و دەردەسەری لەگەڵ یەك لە گەورە سیاسییەکانی کورد لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا... لەو بارەیەوە گوتی: "ساڵی ١٩٦٧ لە پاریس بووم، رۆژێك لە یەکێك لە قاوەخانەکانی شەقامی (شانزلیزێ) رێکەوتی یەك لە سیاسییە کوردەکانم کرد، باسی دۆخی کوردستانمان کرد، ئەو دەم شۆرشی کوردی بەسەرۆکایەتی بارزانی لەب رێك مەحەفەلی فە رەنسا ئامادەیی هەبوو، هەڵبەت ئەمەیش بەهۆی مامەڵەی بازرگانی بە فرۆکەکانی (میراج)ـەوەبوو، کە لە رۆژگاری (عەبدو رەحمان محەمەد عارف)، فەرەنسا دەیویست بەعێراقی بفرۆشیت، ئەمە وای لە بارزانی کرد نامەیەك بۆ جەن رال دیگول

بنێرێت و داوای لێ بکات ئەم مامەڵەیە هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە ئەم ف ڕۆکانە بۆ بۆردومانی شار و گوندەکانی کوردستان بەکاردێن، بەهۆی ئەم نامەیە و دەستپێشخە ری جەنراڵ دیگۆل مامەڵەکە هەڵدەوەشێتەوە. ئەمە دەبێتە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ دۆزی کورد بەسەرۆکایەتی بارزانی... ئەم ڕووداوە وایکرد لەگەڵ ئەم سیاسییە بکە وینە نێو گفتوگۆیەکی دوورودرێژ، کە ئەودەم ڕیزی شۆ ڕشی جێهێشتبوو، لەبارەی شۆ ڕش و کوردستان بۆچوونی جیاواز و پێچەوانەی هەبوو... کاتێك گفتوگۆی نێوانمان گەیشتە چەند خاڵێکی دیاریکراو، بەشێوەی حەرفی بەو سیاسییەم گوت: "کاکە شۆڕشی کوردی ئیرادەی گەلی کوردستان بەرجەستە دەکات، بارزانیش بووەتە ڕەمزی، نکووڵیکردنی ئەو هەقیقەتە هیچ سوودێکت پێ ناگەینێ، هیچ کاریگەرییە کیش بەسەر پێگەی شۆ ڕش و بارزانی دروست ناکات." قسەکەی منی بەسووك گرت و زۆر پەست و قەڵس بوو، هەستا و بەتوو ڕەیی و هەراسانییەوە ڕۆییشت... دوای ڕاپە ڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ و دوای تێپە ڕینی چارەکە سەدەیەك بەسەر ئەم گفتوگۆیە بینیمەوە و ئەو ڕووداوەی بیرخستمەوە، کە ئەودەم بە (بارزانی ڕەمزی گەلی کورد) بێزار بوو.

لەو کاتەوەی بەخوالێخۆشبوو ئەفەندی ئاشنابووم، حەزی بەوە نەدەکرد بۆ پە خش و بڵاوکردنەوە باسی ڕووداوەکانی ڕابردوو بکەم... ڕاستییەکە لەمە سەرم سوڕمابوو، سەرەتا هیچ لێکدانەوەیەکی ڕوونم بۆ ئەم باسە نەبوو، بەڵام دوای تێپە ڕینی کات (لەو کاتەوەی لەساڵی ١٩٩٤ ناسیم تاکو کۆچی دواییەکەی) بۆم دەرکەوت ئەفەندی لەم بابەتەدا تووشی جۆرێك لە پەرچەکردار بووە. ژیانی ئەو ساڵانێکی دوورودرێژ پڕ بووە لە شکۆ و گەورەیی و پلە و پۆستی باڵا تا شۆ ڕشی ١٤/١٩٥٨ دواتر بەریەککەوتنی بەواقیعی نوێی سیاسی کە پارێزی لە شێوازی ژیان و ناوەندە وەزیفییەکەی نەکرد. لەمەیش گرنگتر، زۆر خەمی بەوە دەخوارد، کە قەسری باداوە لە سەردەمی نوێدا چی بەسەردا هاتووە(سەردەمی شۆڕشی ١٤ی ١٩٥٨). بەداخێکی زۆرەوە باسی ئەو قەسرەی دەکرد، کە ڕۆژگارێك لەنێوان دیوارەکانیدا ژیاوە، چەندان کەسایەتیی گەورە و خانەوادەی مەلەکی تێدا بینیوە، چەندان پایەبەرزی ئایینی هاموشۆیان کردووە... ئەم قەسرە دەیان یادەوەری و ئەرشیف و وێنەو کتێب و پێویستی گرانبەهای کەسی تێدابووە، کەچی بەهۆی تاڵان و سووتانی، لە قەسرەوە

بووه به یادەوەرییەکی خەمناك و دڵتەزێن. پاشان لە حەفتاکان لە سەروبەندی جە نگی ناوخۆیی لەکاتی نیشتەجێبوونی لە لوبنان، دووبارە ئەرشیف و بیرەوەرییەکانی دەکەونەوە بەر سووتەمەنی ئاگرێك، کە بەزەیی بە کەس ناکات... بەڵام وێڕای هەموو ئەو نەهامەتی و بەڵا و کارەساتانەی بەسەری هاتوون، دوای ئەوەی بۆ جاری دوایی لە هەولێر نیشتەجێ دەبێت، توانیویەتی هەرچییەك لە یادگاریی ماوە کۆی بکاتەوە و خۆی بە نووسینی یادداشتەکانیەوە خەریك بکات... بێئەوەی کەس تەماشایان بکات، مەگەر کەسانێکی زۆر نزیك و لەپێش نەبن. لەبەر هەموو ئەو هۆکارانە زۆر لە وێستگە کانی ژیانی ئەو پیاوە مەزنە لەخەڵك نادیارن... ڕەنگە زۆر کەس ئاگاداری ئەوە نەبن، کە عیزەدین ئەفەندی لە ڕێگەی پۆستەکەیەوە چ هەوڵێکی داوە تا چوار ئەفسەرەکەلە حوزەیرانی ١٩٤٧ لەسێدارە نەدرێن... هۆی لەسێدارەدانیشیان ئەوەبووە ئەوان ریزی سوپای عێراقی جێدەهێڵن و پێوەندی بەشۆڕشی بارزانەوە دەکەن بەسەرۆکایەتیی بارزانی. پاشان لەگەڵ بارزانی دەخزێنەنێو هێزەکانی پاراستنی کۆماری کوردستان، کەلەساڵی ١٩٤٦ز پایتەختەکەی مهاباد بووە. لە بەشێك لەیادداشتەکانیدا ئەفەندی دە ڵێت: "ڕاستییەکەی دوو لەو چوار ئەفسەرانە هاوڕێی هەرە خۆشەویستی من بوون، لە ئاخروئۆخری سییەکان لەکاتی بەسەربردنی وەرزی هاوین لەشەقڵاوە، عزەت عە بدولعەزیزم ناسی دۆستایەتییەکی زۆر بەهێز لەنێوانماندا دروست بوو. خەیروڵڵا عە بدولکەریمیش لەقۆناغی سەرەتایی، هاوڕێی ڕۆژانی خوێندم بوو، لەگەڵ دایکی لە باداوە سەردانی دەکردین و لامان دەمانەوە... هەروەها هاوڕێی منداڵی و ڕۆژانی لاویم بوو، وەختێك بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو هەموو هەڵێکم قۆستەوە بۆئە وەی بڕیارەکەیان بگۆڕم...دواتر توانیم بەڵێنێك لەسەر وەسیەتی سەرتەخت ئەمیر عە بدولئیلاهـ وەربگرم، کە بڕیاری لەسێدارەدانیان جێبەجێ نەکرێت، بەڵام خۆ هەموو ئە و شتانەی مرۆڤ بە ئاواتی دەخوازێت پێیان ناگات!

بەیانی ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٨ لە پەرلەمان بووم، پێیان گوتم عەلی عەبدولعەزیز برای عزەت عەبدولعەزیز سۆراخت دەکات و بەدواتدا دەگەڕێت، کاتێك بینم لە دۆخێکی زۆر شڵەژاودا بوو، دەموچاوی پێکدادابوو و ڕەنگی تێکچوبوو، خەریك بوو ئەسرین لە چاوی دەهاتنە خوار، کاتێك لێم پرسی حاڵ و مەسەلەچییە؟ لەپڕمەی گریانی دا و

گوتی: بەعیزەتیان گوتووەبەیانی بڕیاری لەسێدارەدانتان جێبەجێ دەکرێت، قسە کانی ئەو بۆ من وەك هەورەتریشقەیەك وابوون، چونکە دوای گفتوگۆیەکی زۆر لەگەڵ ئەمیر عەبدولئیلاهـ لەبارەی مەسەلەی کورد، دڵنیای کردمەوە و بەڵێنی سەدا سەدی پێدام، کە بڕیاری لەسێدارەدان جێبەجێ ناکرێت... کاك عەلی عەبدولعەزیز پێی گوتم: ئاخۆ دەکرێ چی بکەین بۆ دەربازبوونی ژیانی ئەو ئەفسەرانە؟

راستەوخۆ بەرەو کۆشکی مەلەکی چووم، داوام لە عەبدولڕەزاق هەلالی کارمەندی تەشریفات و هاوڕێم کرد بەزووترین کات دیدەنی ئەمیر عەبدولئیلاهم بۆ ساز بکات، گوتی: ئەوە مەحاڵە، چونکە بەچەندان دیداری وا دەدراو سەرقاڵە و تا سەعات یەك دە ستبەتاڵ نابێت... دەکرێ دوای ئەو وادەیە، بەر لە گەڕانەوەی بۆ کۆشکی ریحاب، دیدارەکەت بۆ رێك بخەم، گوتم: نا، دەبێ ئێستا ببیینم، گوتی ئەوە ئەستەمە! چوومە لای عەبدوڵڵا مەزایفی گەورە چاوساغی، گوتم: دەمەوێ هەر ئێستا بچمەلای ئەمیر، گوتی: بۆچی؟ گوتم ئەمیر بەڵێنی پێدابووم ئەو چوار ئەفسەرە لەسێدارە نەدرێن، کە چی زانیومەبەیانی بڕیاری لەسێدارەدانیان جێبەجێ دەکرێت... بۆ مێژوو و راستی دەڵێم: بەم هەواڵە قەڵس و پەست بوو، گوتی: چاوەڕێبە، ئەوەی پێم بکرێ، بۆت دەکە م... نیو سەعات لە چاوەڕوانی، وەك ئەوەی بەسەر گەرمتر لە پۆڵوی ئاگرەوەبم، مە زایفی گەڕایەوە. گوتی: بڕۆ ئەمیر رازی بووە بۆ ماوەی دە خولەك بتبینێ و قسەت لە گەڵدا بکات، چونکە ئەمڕۆ بە دیداری وەزیر و کەسانی گەورە و گرنگ سەرقاڵە. چوومەلای ئەمیر، بەر لەوەی دەمم بکەمەوە، گوتی: دەزانم چی دەڵێیت: " من بەڵێنم بە تۆ دا، سوێند بەخوا لەبەڵێنەکەیشم راستگۆ و دڵسۆز بووم، بەڵام بەداخەوە! ناتوانم بەجێبێنم." منیش گوتم: چۆن؟ ئەی ئەوە لە دەستەڵاتی تۆدا نییە سزای لە سێدارەدان بەزیندانی هەتاهەتایی بگۆڕیت؟ گوتی: بەڵێ! بەڵام سالح جەبر سوورە لە سەر جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدان، هەڕەشەی ئەوەی کردووە ئەگەر ئەوانە لە سێدارە نەدرێن دەست لە سەرۆکایەتی وەزیران دەکێشێتەوە... دیسان وەزیری بە رگری و سەرۆك ئەرکانیش دەڵێن ئەو چوار ئەفسەرە لە یاخیبوون و دژ بە سوپای ئێمە جەنگاون، ئەگەر ئەوانە لەسێدارە نەدرێن، هیچ بەرزەفتی و توندی و گوێ رایە ڵێك لەنێو سوپادا نامێنێ. تۆ دەزانی دۆخەکە ئەوە ناخوازێت ساڵح جەبر دەست لە کار بکێشێتەوە. بڕۆ بۆ لای نووری سەعید بەشکم ساڵح جەبر قایل بکات، چونکە وە

زیری بەرگری شاکر وادی، شوێنکەوتەی ئەوە، ئەگەر ئەوان رازی بن، ئەوەی من ئامادەم ئیرادەیەکی مەلەکی دەربکەم و ئیرادەی پێشوو هەڵبوەشێنمەوە."

لە کۆشك وەدەرهاتم و بەرەو (مەجلیسی ئەعیان) لای نووری سەعید چووم، ئەو دەم ئەو سەرۆکی ئەنجوومەنەکە بوو، داوام لیٚ کرد پێوەندی بە ساڵح جەبرەوە بکات، گوتی: ئەی پێت نەگوتم عەبدولئەمیری هاوڕێت بەڵێنی پێداوم؟ منیش حاڵ و مەسەلەکەم بۆ گێڕایەوە، گوتی: ئێستا چیت دەوێت؟ گوتم دەمەویٚ پەیوەندی بە ساڵح جەبرەوە بکەیت، لەوانەیە قایلی بکەیت، گوتی پێم وانییە قایل بێت، بەڵام دەکۆشم... لە رێگەی تەلەفۆنی نهێنی داوای سەرۆك وەزیرانی کرد، کەسێکی تر وەڵامی دایەوە، کە سەرۆك هەر لە بەیانییەوە دەرچووە، پاشان پێوەندی بە ماڵی ساڵح جەبرەوە کرد، گوتیان چووەتە حیلە لەناو هۆزەکەی (ئال جەریان)دایە.

گەڕامەوە پەرلەمان، لەویٚ کۆمەڵە کوردێك چاوەڕێی منیان دەکرد، لەپێشەوەیان عەلی کەمالی پەرلەمانتاری شاری سلێمانی بوو، تێمگەیاند بابەتەکە پێوەندی بە سەرۆك وەزیران هەیە، ئەویش ئێستا لە حلەیە، عەلی کەمال پێشنیازی ئەوەی بۆ کردم پێوەندی بە موحسین جریان سەرۆکی هۆزەکە بکەین، یان بچینە لای، پێوەندیمان پێوەکرد، گوتی: هیچ زانیارییەکم نییە کە ساڵح جەبر هاتبێتە ناو هۆزەکە... بەم چەشنەتا درەنگانی شەو بۆ پێوەندیکردن بەساڵح جەبر لە هەوڵ و کۆشان دابووین، بەڵام سەرکەوتوو نەبووین. گەڕامەوە ماڵەوە، خوا ئاگادارە ئەو شەوە چاوم نەچوونە خەو، شەوێکی زۆر ناخۆش بوو، پێم وانییە قەت شەوی وا ناخۆشم بینی بێت، تەنانەت ئەو کاتەی لە لوبنان بووم و هەواڵی کۆچی دوایی باوکمیشیان پێدام هێندە خەمناك نە بووم...شەوی وا بۆ سەرسەختترین دوژمنیش ناخوازم... ئاخر عزەت ئازیزترین هاوڕێی من بوو، وردترین نهێنیمان لای یەکتر بوو. خەیروڵڵا عەبدولکەریمیش هاوڕێی رۆژگاری خوێندن و منداڵیم بوو، دۆستێکی زۆر نیزیکم بوو... ئەو کاتەی قوتابی بووین لەباداوە ماوەیەکی زۆر پێکەوە ژیانمان بردووەتەسەر... دوو شەهیدەکەی تریش(محەمەد قودسی، مستەفا خۆشناو) تێکۆشەر و خەباتکاری کورد بوون، خۆیان بەقوربانی کوردستان کرد و گەیشتنە وەقافڵەی شەهیدان، خودا لە هەموویان خۆش بێت."

زۆرینەی وێستگەکانی ژیانی خوالێخۆشبوو عیزەدین مەلا، لەپەڕاوی یادداشتە کانیدا تۆمار کرابوون، کە کاتێك بۆ دواجار دێتەوە هەولێر بە نووسینەوەیان خەریك دەبێت. دەشیٚ رۆژێك لە رۆژان چاپ بکرێن و رووداوگەلی بیستەکانی ئەم سەدەیە تاکوو ١٤/ی تەمووزی ١٩٥٨، روون بکەنەوە. ئێمە زۆرجار داوامان لیٚ دەکرد، کە تا لەژیاندا ماوە یادداشتەکانی خۆی چاپ بکات، تاکوو خۆی پەرچەکردارەکانی خەڵك لەبارەی یادداشتەکانی ببینیٚ، بەڵام ئەو بە پاساوەکانی ئێمە قایل نەدەبوو، بەردەوام دەیگوت: نامەویٚ لەو تەمەنەدا سەرنجی خەڵك بخەمەسەر خۆم، خۆم بخەمە ژێر دە ردەسەری ئەو کەسانەی ناویان لەنێو ئەو یادداشتانە هاتووە، بەتایبەتی لەکاتێکدا من لە ژیان دام."

خوالێخۆشبوو ئەفەندی ئەگەرچی بەتەمەندا چوبوو، بەڵام زۆر دەیخوێندەوە، کتێبخانەکەی بەکتێبی هەمەجۆر و گۆڤاری عەرەبی و ئینگلیزی ئاوەدان بوو... ئەو، زمانی دایك و عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی و بڕێك لە ئیتاڵی دەزانی... بەڵام بەگوێرە ی قسەکانی خۆی، خوێندنەوەی بەزمانی کوردی لاواز بوو، حەزی دەکرد هەموو رۆژێك رۆژنامەی (برایەتی) کوردی بخوێنێتەوە، زۆر جار دەیگوت: رۆژنامەی (برایە تی) زۆر شتی لە زمانی کوردی فێر کردم.

بەدەست زەحمەتی دەستنەکەوتنی کتێبی نویٚ و تازە چاپکراوەوە دەیناڵاند، زۆر جار لەنێو مەکتەبەکەی دەستی بۆ کتێبێك دەبرد، کە پێشتر خوێندبوویەوە. شەوێك لە شەوەکانی پاییزی ١٩٩٨ پرسیارم لیٚ کرد باشترین کتێب کە ئەو ساڵ خوێندبێتەوە چی بووە، گوتی: " باشترین کتێبێك ئەو ساڵ خوێندبێتمەوە، یادداشتەکانی شوارسکۆف بووە لە بارەی جەنگی خەلیج."

زۆر باسی ئەو شارانەی دەکرد، کەسەردانی کردوون و سەرنج و تێبینی لا جێهێشتوون، پێشتر زۆر لە پایتەختی وڵاتانی ئەورووپا و زۆربەی وڵاتانی خۆرە هەڵاتی ناوەڕاست و خۆرئاواشی بینیوە. گاهێك پرسیارم لیٚ کرد بەکام شار زۆر سە رسام بوویت؟ گوتی:" قورسە پێت بڵێم بەشارێك زۆر سەرسام بووم، هەموو شارێك خۆشی و تامی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ سەرپشکم بکەن ئەو تەمەنەی ماوە لە ژیانمدا لەدوای شارەکەی خۆم هەولێر، حەزدەکەی لەکویٚ بەسەری ببیەت،

شاری پاریس بەسەر هەموو ئەو شارانەی سەردانم کردوون هەڵدەبژێرم، چونکە پاریس تاکە بەهەشتی خودایە لەسەر زەمین."

پرسیارم لێ کرد و گوتم: لەو هەشتا ساڵەی بەڕێت کردووە، بۆ کام قۆناغی زەمە نی سۆزت دەپژێ و دڵت لێ دەدات؟ بەقووڵی تێم راما و وەڵامی نەدامەوە، کاتێك گوتم بۆ وەڵامم نادەیەوە، گوتی: " کاك فەرهاد دەرفەتی تێدا نییە ئەو پرسیارە وەڵام نەدە مەوە؟"

دەشێ من لە خستنە رووی ئەم پرسیارەدا سەرکەوتوو نەبووبم، چونکە مرۆڤ هەر بەغەریزە حەز دەکات نهێنییە کەسییەکانی خۆی بپارێزێت و کەس ئاگاداریان نەبێت تا بە ناواقیعی لێك نەدرێنەوە...ئەمەیش مافێکە و کەس لەسەری سەرزەنشت ناکرێت.

نووسین و تەواوکردنی یادداشتەکانی گرنگترین کارێك بوو پێیانەوە سەرقاڵ بوو، زۆر لە یادداشتەکانی تۆمار کردبوون، بەڵام لەبەر هەڵکشانی تەمەنی و باری تە ندروستی هێشتا ئاواتی تەواوکردنی یادداشتەکانی بەدی نەهاتبوو... ئەمەیش لە چوارچێوەی پرسیارێکی من هات، کەلێم پرسی: چ ئاواتێکت هەیە هێشتا بەدی نە هاتبێت؟ زۆر بەسادەیی وەڵامی دامەوە: " ژیانی مرۆڤ پڕە لە ئاوات، بەگوێرەی بارودۆخ ئاواتەکانیش دەگۆڕێن، بەشێکیان بەدی دێن و بەشێکیشان نا، ئاواتی ئێستام تەواوکردنی یادداشتەکانمە بەو شێوەیەی، کە دەمەوێ... ئەمەیش ئاواتێکە لەوانەیە بەدی بێت و لەوانەیشە بەدی نەیەت، بەتایبەتی لەکاتێدا لەگەڵ زەمەندا کێبڕکی دەکەم."

بەڵێ، ئەو بەڕاستی لەگەڵ زەمەندا لە پێشبڕکێ و کێبڕکێ دابوو، ئەوەیش حاڵی هەموو مرۆڤێکە لەسەر زەمین، بەڵام چی بکەین زیان و خەسارەتەکە هەمیشە بەشی دیاریکراوی ئادەمیزادە. گلگامێش رۆژگارێك دەیویست ئیکسیری ژیان دەستخات و ژیان بەرەو نەمری و جاویدانی ببات، بەڵام لە رەوتی زەمەن بێئاگا بوو، نەیدەزانی زە مەن هەمووومان تێدەپەڕێنی و کەسمان هەڵاوێر ناکات، ئەمەیش لەوەتەی مرۆڤ لەسەر زەوی دروست بووە هەر وا بووە و هەر وایش دەبێت، هەرگیز ئەم هاوکێشەیە گۆڕانی بەسەردا نایەت.

خودا له ئەفەندی خۆش بێت، به رۆحێکی باڵا و وەزرشی، خۆی بۆ کۆتایی ژیان ئامادەکردبوو، باوەڕی بەفەرمایشتی خودا بوو، کە دەفەرمووێ:"أينما تكونوا يدرككم الموت ولو كنتم في بروج مشيده."

له کۆتاییدا... ئەمه درککردن و سەرنج و پرسیارگەلی من بوو لەبارەی خوالێخۆشبوو عزەدین مەلا و نووسین و ژییاننامه و کەسایەتی و یاددشتەکانییەوە، که له چەندان دیدار بەرهەم هاتووە... راستییەکەی دەمویست له شێوەی گفتوگۆی درێژی رۆژنامەوانی بلاوی بکەمەوە، بەڵام بەهۆی ماڵئاوایی، قسەکانمان بەنێوەچڵی مانەوە!

## دوای تێپەڕبوونی ٤٢ ساڵ بەسەر شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨..
## عزەدین مەلا فەندی بەر لە ژیانئاوایی چەند نهێنییەك
## لەبارەی ئەو شۆڕشە ئاشکرا دەکات...

لەگەڵ هەڵاتنی بەرەبەیانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، بەدەنگی پەخشی ناوخۆیی، کە لە گۆڕەپانی خێوەتگەی دیدەوانی دامێنی لێژاییەکانی کێوی سەفینی نزیك سەرمە یدانی شاری شەقڵاوە دانرابوو، وەئاگا هاتین. وەزارەتی مەعاریف (وەزارەتی پەروە ردەی ئێستا) نەریتی وابوو لە وەرزی هاویندا خێوەتگەی دیدەوانی بۆ قوتابیانی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان لە وەرزی هاویندا لە سەرەتای دەستپێکردنی پشووی هاوینەدا بکاتەوە، بۆ ئەوەی فێریان بکات چۆن بەسەر کەژ و کێودا هەڵزنێن و دوور لە خزم و کەسوکاریان لەسەر ژیانی سەخت و دوژوار رابێن... هەڵبەت ئەمە یش بە پشتبەستن بەخۆیان و تێکەڵبوون لەگەڵ قوتابخانەکانی دیکەی پارێزگاکانی عێراق و یەکتر ناسین و ئاشنابوون بەیەك... لەبەرئەوەی کوردستان بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق دیمەن و سەیرانگەی دڵگیر و خۆش و سازگاری هەیە، بە زۆری ئەو خێوەتگایانە لە هاوینەهەوار و سەیرانگەکانی کوردستان دەکرانەوە. ماوە ی هەفتەیەك یان زیاتر دەمانەوە و بەشێوەی گروپ دەهاتن، گرووپی ئێمە لە قوتابی پارێزگاکانی هەولێر و بەغدا و دیوانیە و حلە پێکهاتبوون. دەستەیەکی پسپۆڕ لە بواری چالاکی دیدەوانی و وەرزشی پارێزگای هەولێر سەرپەرشتی دەکرد، کە بەریتی بوون لە خوالێخۆشبووان: (عەزیز مەولوود، نووری ئەمین، کەمال تەیب) هاوکات لەگە

لێ ماموٚستایانی وانەی وەرزشی ئەو قوتابخانانەی لە دیدەوانییەکە بەشدارییان کردبوو.

پێنج روٚژی سەرەتا لەلایەن دەستەی ناوبراو، بەگوێرەی بەرنامەی ئامادەکراو بە رێوەچوو. لەئێوارەی روٚژی شەشەم، رێکەوتی ١٣ی تەمووزی ١٩٥٨ لە کاتێکدا ئێمە بوٚ پێشکەش کردنی چالاکییەکانی روٚژی رابردوو لەگوٚرەپانی خێوەتگاکە ریز ببووین، یەکەم کەس خوالێخوٚشبوو عەزیز مەولوود بەرەو میکرەفوٚنەکە چوو و گوتی سبەی ١٤ی تەمووز خێوەتگە دیدەوانییەکانمان بەتاڤگەی گەلی عەلی بەگ دا دەبەینە قەزای رەواندز و هاوینەهەواری بێخالێ. کاتێك قوتابییەکان هەواڵەکەیان بیست دە ستیان بەچەپڵەلێدان کرد و بەسەر روخسارییانەوە نیشانەی شادی و دڵخوٚشی دەرکە وت، هوٚی شادمانییەکەشیان ئەوەبوو لەم قوٚناغەی تەمەنیاندا کەم دیمەنی واجوان و ئەفسوناوی شادیهێن ببینن.

لە کاتژمێر پێنجی بەیانی روٚژی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ کەژاوەی ئوٚتوٚمبێلەکان (ئوٚتوٚمبیلی گەورە) بەشێوەیەکی زوٚر رێکوپێك لە شەقلاوە بوٚ هەریر و شاخی سپیلك و لەوێشەوە بوٚ خەلیفان و گەلی عەلی بەگ بە رێکەوت، لە گەلی عەلی بەگ ئوٚتوٚمبێلە کان لەلای راستی رێگەکە وەستان و قوتابییەکان دابەزین ماموٚستایانی وەرزشیش رێنوێنییان کردن و بوٚ خواردنی نانی بەیانی بەسەر گرووپی بچووك بچووك دابەشیان کردن، خواردنەکەیش پێشتر ئامادەکرابوو، بریتی بوو لەهێلکەی کولاٚو، نان، پیاز، کوپە چایەك، لەسەر روٚخی رووباروٚچکەکە دانیشتین، کە ئاوەکەی لەتاڤگەکە بەرەو ئاراستەی باکووری خوٚرهەلاٚتی دوٚڵەکە روو بە رێگەی گشتی هەڵدەڕژا. راستییەکەی ژەمەخواردنێکی بەتەمام و چێژبوو، بەتایبەتی کە ئێمەدوو کاتژمێربوو بە رێگەوە بووین، بەیانییەکەی بوٚ جێبەجێکردنی فەرمانی مشوورخوٚرانمان زوو لە خەو هەستاین، ئاخر بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیارانی خێوەتگەکە کاتژمێر پێنجی بەیانییان بوٚ لەخەوهەستان و خوٚ ئامادەکردن بوٚ گەشتی رواندز دیاری کردبوو. وەختێك لەلای تاڤگەی عەلی بەگ خەریکی نانخواردنی بەیانی بووین، ئوٚتوٚمبێلێکی بچووك لەجوٚری (جێب)ی ئەمریکی بەرانبەرمان وەستا و چوار کەسی لێ هاتنەخوارەوە، کراس و پانتوٚڵیان لەبەر بوو، یەکێك کلاٚوێکی سپی لەشێوەی کلاٚوی ئەندازیار و رووپێوەکانی بەسەرەوەبوو، کە زوٚرجار بوٚ خوٚپارێزی دەیخەنەسەریان... بەرەو لای گرووپی ئێمە

هاتن، ئەندامانی دەستەی سەرپەرشتیاران لەدەوری مێزێك دانیشتبوون و خەریکی نانخواردن بوون... تارووکە و پەلەپەلییەك بەو چوارکەسەوە دیاربوو، وەك ئەوەی پە لەیان بێت بۆ گەیاندنی هەواڵێك، قسەیەك ... کاتێك گەیشتنە لای دەستەی سەرپە رشتیاران سەرەتا گوێمان لە چپەچپێك بوو، دواتر یەکێك بە دەنگێکی بەرز و تینوتاوەوە قسەی کرد، لەنێو قسەکانیدا گوێمان لە وشەی سەیرسەیر بوو، وەك (شۆڕشی رووخانی رژێمی حوکمڕان، کوژرانی مەلیك، رووداني گۆڕانکاری لەبە غدا)... هەر لەو سەینوبەینە دا ئۆتۆمبێلکی دیکە وەستا و چەند کەسێکی لێ هاتە خوارەوە و یەکێك بەدەنگێکی بەرز گوتی:" مەلیك کوژرا و سەردەمی پاشایەتی کۆتایی هات!" تاکوو لێمان نزیك کەوتەوە لەم جۆرە قسانەی بەردەوام بوو. ئەم قسانە جۆرێك لە پەشێوی ناخەکی لەنێو ریزەکانی قوتابییان و سەرپەرشتیاران دروست کرد، بێئەوەی هیچمان ورتەیەك لە دەمیەوە بێتەدەر. لەم چرکەساتەدا یادگەم بۆ سە ربردەی ساڵێك بەرلە و رێکەوتەی بردمەوە، کاتێك پۆلی پێنجی سەرەتایی بووم کتێبی مێژووی ئەوسای خوێندنی سەرەتاییم بەدەستەوە بوو، کە چوومە ژووی مێوانخانەکەمان جگە لە باوکم و مامم هەر یەك لە کاك وریا عەلی کانیمارانی دە رچووی کۆلیژی ماف دواتر بوو بەحاکم و کاك محەمەد شوان خاوەنی کتێبخانەیەك و دووکانێکی وێنەگرتن لەکۆیە، لەوێ دانیشتبوون. (دواتر زانیم هەردووکیان ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون) کاتێك کاك وریا کتێبەکەی بەدەستەوە بینیم لێی وەرگرتم، وێنەیەکی مەلیك فەیسەڵ لە لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە درابوو، کاتێك وێنە کەی بینی، پرسی:

– تۆ مەلیکت خۆش دەوێت؟

سەرەتا تێمام و نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، کاك محەمەد شوان فریام کەوت و رووی لەکاك وریا کرد و گوتی: چۆن مەلیکی خۆش دەوێت لە کاتێکدا ئەو بووەتە هۆی دەستگیرکردنی باوك و مامی و پشکنین و سەروبنکردنی ناوەناوەی ماڵەکەیان؟

بەڵێ، لەکاتێکدا لەگەڵ قوتابییەکان بەرانبەر ئەو پیاوانە وەستابووم رووداوی دە ستگیرکردنی باوکم و مامم عومەر حەبیب بەر لەدوو ساڵ یان سێ ساڵ کەوتەوە بیر، کە رۆژی عەرەفە (رۆژێك بەر لەجەژنی پیرۆزی قوربان) دەستگیرکران... بیرم کەوتەوە

هەمان ئێوارەی ئەو ڕۆژە داپیرەم دەستی من و کاکەم خسرۆ و بەهرامی کوڕی پوورمی گرت و بەرەو دەرگەی دەرەکی خانووەکەمان، کە لەسەر شەقامی گشتی و نزیك بینایەی سەرا بوو، بردین... ئینجا گوتی: "نەختێك چاوەڕێ بکەن باوکت و مامتان دەبینین." دوای ماوەیەکی کەم دەستەیەك پۆلیسمان بینی دەوری باوکم و مامیان دابوو، دەستیان کەلەپچە کردبوون. مەغدید حەمە ڕەحیم نایب عەریفی پۆلیس سەرپەرشتی دەکردن، کە شەوی پێشتر لەگەڵ کۆمەڵێك پۆلیس و موختاری گەڕەك هاتنە ماڵمان، ئەو کات ئێمە خەوتبووین... بۆ ئەوەی ڕێگەی پشکنین بۆ پۆلیس خۆش بکەین لە خەو هەڵیانستاندین. بۆ سۆراغی کتێب و بڵاوکراوە و بە یاننامەی قەدەغەکراو ورد ورد ژوور و سووچەکانی ماڵیان پشکنین. باوك و مامیان لەسەرەوە بۆ زیندانی قشلەبردن ئێمەیش تەماشامان دەکردن (قشلە کەوتووەتە سەر تۆقەڵی کەکۆن بەرانبەر کێوی هەیبەت سوڵتان، عوسمانییەکان کاتێك فەرمانڕەوای ناوچەکەبوون دروستیان کردووە، دوای جەنگی یەکەمی جیهان دەکرێتە سەربازگەی ئەفسەر و جەنگاوەرانی ئینگلیز، دواتر دەکرێ بەناوەندی پۆلیسی ئەسپسواری، یەك لە ژوورە گەورەکانی پێشەوەی دەکرێتە گرتووخانە. دوای ئەوەی بینیمان باوك و مامیان بەرەو قشڵەبردن، دووبارە گەڕاینەوە ماڵەوە، کەشوهەوای ماڵەوەمان لە پرسە دەچوو، نەخوازەڵا لەکاتێکدا دوای تێپەڕینی چەند کاتژمێرێکی دیکە، چاوەڕوانی هاتنی خۆشی و شادیی جەژن بووین. کاتێك پێمان نایە حەوشەی ماڵەوە، داپیرەم بینی گوڕ گوڕ ئەسرینی دەڕشت، کولێرەیەکی گەرمی لەنێو تەندوور هێنایە دەرەوە و بەرەو ئاسمان بەرزی کردەوە نزای دەکرد: "خودایە! بە رووخاندنی تەخت و دەسە ڵاتەکەی، تۆڵە لەمەلیك بکەوە." دادە فاتیمە (پیرەژنێکی بێکەس بوو، هەر لەزەمەنی باپیرم لەماڵی ئێمەدا دەژیا) ناڕەزایی بەرانبەر قسەکانی داپیرم دەربڕی و گوتی: "نزای خراپ لە مەلیکی دووەم مەکە، ئەو هێشتا بچووکە و سەر بەخێزانێکی پیرۆزن، ڕەچەڵەکیان بۆسەر محەمەد (درودی خوای لێ بێت) دەگەڕێتەوە. بڕۆ لەبەر خوا بپاڕێوە و داوای لێ بکە تۆڵە لە نووری سەعیدی نەفرەتی بکاتەوە، کە سەرچاوەی ئاشووب بووە، ڕەفتارە دزێوەکەی ئەو زیانی بەمەلیك گەیاندووە، خودایە تۆڵەی لێ بکەیتەوە، خودایە! چەژنمان بۆ بکەیتە دوو جەژن، دەرگەی خۆتمان بۆ واڵا بکەیت...

خودایە! پەنجا کولێرە لە خۆ دەگرم لەکاتی بەربوونی ئەواندا بەسەر هەژاراندا دابە شی دەکەم."

بەم چەشنە لەنێو فکرمدا ڕووداوەکان دەهاتن و دەچوون و گلۆڵەی یادەوەری منی هەڵدەگێرایەوە بۆ رابردوو، کەچی من هەر لەشوێنی خۆم وەستابووم و سەیری ئەو تێکەڵی و پێکەڵی و تێکهەڵداویشتنەم دەکرد، کە لەکاتی وەستانی جێبەکە لەنزیك تاڤگەی عەلی بەگ لە رۆژی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ دەستی پێکرد، ئەوان هەواڵی ڕووداوەکانی بەغدایان لەو چەند سەعاتە یەکلاکەرەوەی مێژووی عێراقیان پیێ راگە یاندین، بەم جۆرە رژێمی پاشایەتی دوای ٣٧ساڵ لە رێگەی چەند ئەفسەرێکی پلە داری جۆراوجۆر رووخێندرا، کە ناویان لەخۆیان نابوو (ئەفسەرانی ئازاد) و عێراقیشیان بەناوی سەردەمی نوێ، سەردەمی کۆماری ناوبرد.

کاتێك قوتابییانی دێدەوانی هەواڵەکایان بیست هەموو جێگەی خۆیان جێهێشت و لە دەوری خوانی دەستەی سەرپەشتیار گردبوونەوە، کاتێك چەند ئۆتۆمبێلێکی دیکە وەستان و بۆ وەرگرتنی هەواڵ زانیاری سەرنشینەکانیان دابەزین و روویان لە ئێمە کرد ئەلقەکە فراوانتر بوو. بەهەرحاڵ، دەستەی سەرپەشتیار هەواڵەکەیان بە قوتابییانی خێوەتگەی دێدەوانی دا و بڕیاریاندا لە گەشتەکەیان بەردەوام بن و بەرەو رەواندز بەرێ بکەون.

لە سەروبەری نیوەڕۆ قافڵەکەمان گەیشتە رەواندز، لەوێ بینیمان خەڵکێکی زۆر بۆ گوێگرتن لەهەواڵی زیاتر و رێپێوان بۆ پشتگیریکردن لەم شۆڕشە گردبوونەتەوە. گوێمان لەزۆر دروشم وشە دەبوو، وەك (بژی.... بژی....) بەسەر رووخساریانەوە مژدە و خۆشی و شادی دەدرەوشایەوە. زۆر بەزەحمەت توانیمان بڕۆینە بێخاڵ تا ئەو کاتەی لەو رۆژەدا ماومانە لەوێ بەسەری ببەین، ئەو کاتەی رێڕەوی مێژووی عێراقی تێدا گۆڕا، کە دواتر مێژوونووس و توێژەران رووداوەکانی ئەو رۆژەیان لە کتێبە کانیان تۆمار کرد و زۆریان لەبارەوە نووسی، تا ئەمڕۆیش هەر لەسەری دەنووسرێت.

بەم جۆرە هەواڵی ١٤ی تەمووزم بیست، کە پاڵەوانی راستەقینەیان دروست کرد، بەڵام هەر زۆر بەخێرایی شۆڕشەکە سەری عەگیدانی خۆی خوارد، هەروەك ئەوەی لە رۆژی ١٤ی تەمووزدا بەدوای تارمایی تەرمە راکێشراوەکانی سەر شەقامەکان پاڵە وانانی گۆڕانکاری دەرکەوتن، بەر لە هەمووشیان خوالێخۆشبوو (فەریق روکن عە

بدولکەریم قاسم) ڕێبەری شۆڕشی ١٤ی تەمووز، کە بە (سەرۆکە تاقانەکە) ناسرابوو... بەڵام ئەو سەرۆکەی ملیۆنان کەس چەپڵەیان بۆ ڕاستگۆیی و ڕاشکاوییەکەی لێ دەدا، پارچە زەوییەکی بچووکیشی لە عێراق پێ نەبڕا، کە تا ئەوکاتەی گوللەباران کرا خۆشەویستترین و ئازیزترین شت بوو لای. دوای لێپرسینەوەیەکی کورت و پڕوپووچ لەلایەن کودەتاچییەکان لەبارەی سیستەمی حوکم ڕانییەکەی، کە کەمتر لە نیو کاتژمێری خایاندووە گوللەباران دەکرێت و تەرمەکەی بەشەو لەگەڵ قورساییەك دەخرێتە گونیەیەك و فڕێدەدرێتە ناو ڕووباری دیجلە، تاکو سەرئاو نەکەوێت و دواتر خەڵك دەرینەهێنن و بەنهێنی لە شوێنێك سپاردەی خاکی نەکەن و لە دوا ڕۆژ نەکرێتە مەزار. دووهەمیشیان عەقید عەبدولسەلام محەمەد عارف، کەسی دووەمی دەوڵەت، کە هەر لە ڕۆژی یەکەمی شۆڕشەوە بەسەر سەرۆکەکەیەوە کەوتە پیلان و ئاژاوەگێڕی، هەر بەم هۆیەشەوە دوای پێنج مانگ لە پۆستەکەی دوورخرایەوە و خرایە قەفەزی تۆمەتباری نێو دادگە، تیمی بەرگری بۆ دابین کرا، دواتر بڕیاری گوللەبارانکردنی بۆ دەرچوو، بەڵام سەرۆکەکەی (عەبدولکەریم قاسم) وەك وەفایەك بۆ هاوڕێیەتی نێوانیان نەیهێشت بڕیارەکە جێبەجێ بکرێت، لەزیندان دەریهێنا و ناردیەوەماڵەوە. تا ئەو کاتەی عەبدولسەلام عارف هەلی بۆ ڕەخسا و لە ڕۆژی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بڕیاری گوللەبارانکردن بۆ عەبدلکەریم قاسمی پاڵەوان و سەرۆك کۆمار دەرکرد، خۆی سەرۆکایەتی دانیشتنی دادگایی ئەو پیاوەی کرد، کەلە ڕابردوودا چاوپۆشی لێکرد. نەك ئەوە و بەس، بەڵکوو بۆ بەپەلە گوللەبارانکردنی لەم چرکەساتە دراماتیکیانە، لە هەمووان سوورتر و پێداگرتربوو.. بەم چەشنە کۆتایی بەژیانی سەرۆکی شۆڕشی ١٤ی تەمووز هات، کە تا دوا هەناسەی ، دلێر و بوێرانەژیا.

لە سەرەتای هەشتاکان چەندان کتێب و لێکۆڵینەوە و یادداشتنامە سەبارەت بە ڕووداوەکانی شەوی ١٣-١٤/١٩٥٨ نووسران، لە ڕوانگەی پاڵەوانانی گۆڕانکاری و توێژەر و لێکۆڵەران ئەم بابەتەیان بەوردی شەنوکەو کردووە. لە دەرەوەی عێراقیش چەند یادداشتێکی کەسانی سەردەمی پاشایەتی نووسران، بەڵام تاکوو ئێستایش چەند نهێنییەك بە نادیاری و ناڕوونی ماونەتەوە، دەشێ نهێنییەکان لەبیر و یادگەی ئەو کەسانەدا بن، کە بۆ ئەودیو ئاودیو بوون (مردوون)، ڕۆژێك لەڕۆژان دەرفەتی بڵاوکردنەوەی ئەو نهێنیانەیان بۆ نەڕەخسابێت، یان لەوانەیە چەندان نهێنی لە

دۆسیەی فەرمانگەی بەڵگەنامەکان لە هەردوو پایتەختی بەریتانیا و ئەمەریکا تا ڕۆژی خۆی هەڵگیرابن.

بە پاڵنەری زێدەحەزی ڕۆژنامەنووسی و وەرگرتنی زانیاری و مەعریفەی زیاتر سەبارەت بەشتە شاراوەکانی مێژوو، شەوێك سەردانی خوالێخۆشبوو (عیزەدین مە لا)مان کرد و بەپرسیاران دامان گرت، ئاخر ئەو ئەندام پەرلەمان بووە دواتر کراوە بە جێگری یەکەمی سەرۆك پەرلەمانی عێراق، لە حکوومەتەکەی خوالێخۆشبوو عەبدولوە هاب مەرجان کراوە بە وەزیر کە تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٥٧ و سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٨ و هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز بەردەوام بووە.

هەر لەوکاتەوەی لە ڕێگەی کاك ئازادی کوڕی بە ئەفەندی ئاشنابووم، پێوەندییە کی بەهێز و پتەو لەنێوانماندا دروست بوو. سەرەتا بۆ یەکەم جار ڕۆژێك لەساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ هاوڕێی ڕۆژنامەنووسم تاریق ئیبراهیم شەریف سەردانمان کرد، دواتر زۆربەی سەردانەکانی دیکەمان لەکاتی شەودا بوو، زۆر حەزی دەکرد زوو بەسەری بکەینەوە. لە میوانداریی ئێمەدا هەتا بڵێی بە لوتف و بەخشندە بوو. لە بارەی سەردە می مەلەکی گفتوگۆمان دەکرد، چونکە ئەو خۆی یەکێك بوو لەو کەسانەی ڕۆڵیان هەبووە لەو سەردەمەدا، ئەوەم لە لاپەڕەکانی پێشوو بەدرێژی نووسیوە.

خوالێخۆشبوو ئەفەندی بە پەرۆشەوە بۆ رابردووی خۆش و ناخۆشی دەڕوانی، بە ڵام لەگەڵ ئەوەیشدا شتەکانی بە چاویلکەی واقیعی و ڕوانگەیەکی ڕاست و دروست هەڵدەسەنگاندن، سەردەمی مەلەکی بەسەردەمی زێڕین ناودەبرد، چونکە ئەودەم بە یاسا کاروبارەکان بەڕێوە دەچوون، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هیچ مشتومڕێکی لە سەر نەبوو. لە یەکێك لە سەردانەکانمان تا درەنگانی شەو ماینەوە، پێشتر لەگەڵ هاوڕێ تاریق ڕێککەوتین ئەو کەڕەتە مامۆستا ئەفەندی بخەینە ناو باسی هۆکارەکانی ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و ئەو هۆگەلەی نووری سەعید (پیاوە بەهێزەکەی دەسە ڵات) و خێزانی مەلەکییان لە ڕۆژی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بەم ئەنجامە گەیاند.

سەرەتا لەبەر کۆمەڵێك هۆکار و پرسیارگەلێکی ڕاستەوخۆ لەو دوودڵ بووم، یەکە مینیان لەبەر ئەوەی ئەو نەیدەویست تا لەژیاندا ماوە چەند شتێك کەشف بکات. دووهەمینیان هەموو ئەو ڕووداو و نهێنیانەی تێیاندا گوزەری کردووە، لە دە ستنووسی یادداشتەکانی تۆماری کردبوون، خۆی گوتەنی لەدوای خۆی دەبنە موڵکی

مێژوو و ئازادی کوڕی. سەرەتا ئەفەندی وەك نەریتی هەمیشەی حەزی نەدەکرد بچینە نێو مەسەلە گرنگەکانی مێژوو، زیاتر کاتەکەمان بەباسی رۆژانە و هەواڵ و رووداوەکانی هەنووکەیی گەرم دەکرد، دواتر وردە وردە بە رێگەیەکی نا راستەوخۆ هەڵدەکشاین بۆ بیرەوەری و رووداوەکانی رابردووی عێراق، وەك رووخانی حکوومەت و دووبارە درووستکردنەوە و نهێنییەکانی کوژرانی مەلیك غازی و سەربردەی کەسایە تییەکانی هاوچاخی، هەروەها گەشتەکانی بۆ وڵاتانی دەرەوەی عێراق، نەهامەتییە کانی سەر قەسری باداوە، رۆڵی ئەفەندی لە هەوڵەکانی بۆ دەربازکردنی چوار ئەفسە رە کوردەکە لەپەتی سێدارەلەساڵی ١٩٤٧، ئەمە و چەندانی بابەتی تر جێگەی مشتومڕ و گفتوگۆی ئێمە بوون. زۆر بەهێز بەرگری لە هەندێك رووەکان دەکرد و بە ڵگەی بۆ دەهێنایەوە، کاتێکیش گفتوگۆکەمان دەگەیشتە قۆناغێکی دیاریکراو بۆ روونکردنەوەی زیاتر و فراوانکردنی زانیاریی ئێمە، دەچوو پەڕاوی دەستنووسی یادداشتەکانی دەهێنا.

وەك هەمیشە رۆژێك بەتەلەفۆن پەیوەندیم پێوەکرد و هەواڵی تەندروستیم پرسی، بەبێ ئەوەی ئاگاداری رێکەوتی ئەو رۆژەبم، پرسیاری لێ کردم چۆن بوو لەم رۆژەدا تەلەفۆنت بۆکردم... ویستی بزانێ ئاخۆ دەبێ بەئەنقەست ئەو رۆژەم هەڵبژاردبێت... کاتێك بە سەرسامییەوە گوتم قوربان مەبەستت چییە؟ بەم جۆرە وەڵامی دامەوە:

"کاك فەرهاد تۆ نازانی ئەمڕۆ ١٤ی تەمووزی ١٩٩٨ چل ساڵ بەسەر رووخانی رژێمی پاشایەتی تێدەپەڕێت... ئەرێ پێتان چۆنە دوای ئەوەی کارتان لە رۆژنامە تە واو بوو لەگەڵ هاوڕێکەت تاریق شەو بێن و نەختێك باسی ئەو بۆنەیە بکەین، لەوانەیە زانیاری لەبارەی ئەو رۆژە بۆ کاری رۆژنامەوانییەکەت بەکەڵك بێت." منیش بەگاڵتەوە گوتم: بە هاتنەلای تۆ شەرەفمەند دەبین، بەڵام بە مەرجێك ئەوەی بن بەڕە بێنیە سەر بەڕە، ئەوەی لەیادداشتەکانی خۆت تۆمارت کردووە بۆ ئێمەیش باسی بکەیت... گوتی: هیچ رۆژێك شتم لە ئێوە نەشاردۆتەوە.

بەم شێوە چوونە مێوانداری مامۆستا (کە حەزمان دەکرد بەئەفەندی بانگی بکە ین).... هەردەم حەزی دەکرد لە دیوەخانی ماڵەوەی مێوانداریمان بکات، خوانی ئاوە دانی ئەوێ چاوەڕێی دەکردین، کاتێك چووینە ژوورەوە بینیمان خەریکی خوێندنەوە ی کتێبی (شۆرشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە عێراق) کە نووسەرەکەی (لەیس عە

بدولحەسەن زوبێدی) بوو... کاتێك ئێمەی بینی هەستایەوە و بەخێرهاتنی کردین و گوتی: "ئەم کتێبەتان بینیوە؟ دوو سەعات بەر لە هاتنی ئێوە ویستم کتێبێك لە چاوە ڕوانیی ئێوەدا بخوێنمەوە، چوومە کتێبخانەکەم و دەستم درێژ کرد، بە ڕێکەوتێکی زۆر سەیر ئەو کتێبە کەوتە بەردەستم.

ئەمە بۆ ئێمە سەرەتایەکی باش بوو تاکوو بچینە نێو بابەتەکە، بەڵام کاتێك ئەفەندی هەستی بەمەکرد گوتی: "بە کاوەخۆ! تازە دانیشتوون، هێشتا شەوێکی دوورودرێژمان بەدەستەوەیە، لەبیرتان نەچێت گۆڕانکاری و کۆتایهێنان بە ڕژێمی پاشایەتی لەکاتژمێر ١٠ شەو لە سەربازگەی جەلەولا دەستی پێکرد... ئێستا سەعات نۆی ئێوارەیە هێشتا کاتێکی زۆرمان بۆ قسەکردن ماوە.

ئەفەندی ڕەحمەتی خوای لێبێت لە قسەکردندا هێمن و لەسەرخۆ بوو، بەتایبەتی کاتێك باسی ڕابردووی دەکرد، جۆرێك لە کاریگەریم بەسەر ڕوویەوە بەدی دەکرد. ڕۆژێك پرسیارم لێ کرد هێشتایش بۆ ڕۆژگاری ڕابردوو پەرۆش و دڵ بەتاسەی؟ گوتی: ئینجا کێ هەیە بۆ ڕۆژانی ڕابردوو دڵ بە تاسە و پەرۆش نەبێت؟ ئەی ڕابردوو بەشێکی مێژوو نییە؟ کێ دەتوانێ تاکە دێڕێکی مێژووی عێراق بسڕێتەوە؟ ئا دەشێ ئەوان وا بکەن... مەبەستی ئەو سەکردانەبوو لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پاشەیەتی کورسی دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست- زەمەنێکە هەقیقەتەکان لەخەڵك پەردەپۆش کراون، بەڵام وەك دەڵێن مێژووش زمانی خۆی هەیە.

سەعاتە هەڵواسراوەکەی تاقی بەرانبەرمان ترینگەی کاتژمێر ١٠ی ئێوارەی لێدا. هەروەك ئەفەندی گوتی: ئەم کاتژمێرە پێمان دەڵێ بەر لەساڵ ئەفسەرانی سەربازگەی جەلەولا بەرەو بەغدای پایتەخت بەڕێکەوتن، لەم سەعاتە یەکلاکەرەوە لەمێژووی سیاسی عێراقدا بە دەستگیرکردنی عەقید روکن (یاسین محەمەد ڕەئوف) ئامر فەوجی دووەمی لیوای بیستەم، لەکاتی بەڕێکەوتنی لیواکە لە بەعقووبە بەرە و بەغدا دەستی پێکرد، پاشان لە بەعقووبە دەستیان بەسەر فیرقەی سێیەمدا گرت و سەرۆکی لیواکە یش لیوا روکن غازی داغستانی لەلایەن نەقیب قاسم جەنابی دەستگیرکرا. دواتر قاسم جەنابی تا دوا ساتەکانی گوللەبارانکردنی عەبدولکەریم قاسم لە ستۆدیۆکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە ساڵحییە هاوەڵی بووە. لەو چەند چرکەساتەدا بەر لەوەی تاوانی لە سێدارەدان جێبەجێ بکرێت، حەردان عەبدولغەفار تکریتی یەك لە گەورە ئەفسەرانی

بەعس دەچێتە ژووری ستۆدیۆ و قاسم جەنابی دەردەهێنێت و لە مەرگ دەربازی دە کات.

ئەفەندی دوای ئەوەی چەند خولەکێك بەپشکنینی پەڕاوی یادداشتەکانیەوە خە ریك بوو، خۆی راست کردەوە و بە هێمنی دەستی بەقسەکردن کرد و گوتی:" سەرەتا دەمەوێت باسی بابەتێك بکەم، کە پێم وایە زۆر گرنگە، کاتێك لە لەندەن بووم لەساڵی ١٩٥٨، یانی دوای کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی یەکێتیی پەرلەمانی نێودەوڵەتی.

هەمیشە لە گوتنی ئەم بابەتە دوودڵ بووم، بەڵام لێرەدا دەمەوێ بۆ ئێوەی باس بکەم، ئاخر دەمەوێت ئەو یادداشتانە ببنە تۆمارگەیەکی راست و دروست و تێروتە سەل بۆ یادداشتەکانم، بۆ ئەوانەی ئارەزوویانە پەند و وانەی لێ هەڵبێنجن، هەڵبەت ئەو کەسانەی کە بەشیاوی ئەوەی دەزانن. لەساڵی ١٩٤٨ بە (لۆرد ئستانکیت) ئاشنابووم، کەسایەتی ناسراو و پایەداری بەریتانی... بەرلەوەی نازناوی (لۆرد) وە ربگرێ لە چوارچێوەی بەشداربوونی لە کۆنگرەکانی ئەنجوومەنی پەرلەمانی نێودەوڵە تی چەند جارێك لە حکوومەتی بەریتانیا کراوەتە وەزیر، سەر بەحزبی کرێکاران بوو. لەساڵی ١٩٤٨ دەبێتە سەرۆکی پەرلەمانی نێودەڵەتی. پەیوەندی نێوانمان بە رادەیەك خۆشبوو گەیشتە هاوڕێیەتییەکی راستەقینە، هەڵبەت ئەمەیش دوای ئەوەی من بەئە ندامی لیژنەی جێبەجێکاری هەڵبژێردرام و ئەویش سەرۆکی لیژنەکەبوو... لیژنەکە لە شەش کەس پێك هاتبوون. کاتێك لە بەهاری ١٩٥٨ لە جنێفەوە چوومە لەندەن (لورد ئستانکیت) لەگەڵ خێزانەکەم و فارووقی کوڕم بۆ چای خواردنەوەیەکی بەرەعەسر بانگهێشتی پەرلەمانی بەریتانیای کردم، دوای ئامادەبوونمان لە بەشێك کۆبوونەوە کانی ئەنجوومەنی گشتی و ئەنجوومەنی (لۆردەکان) بۆ خوانی چاخواردنەوەی بردین... لەوێ لۆرد پرسیاری لێ کردم و گوتی: کەی دەگەڕێیتەوە بەغدا؟ گوتم سبە ی دەچمە ئیسپانیا دواتر دەگەڕێمەوە بەغدا، گوتی: زۆر لە ئیسپانیا دەمێنیتەوە؟ گوتم پێم وا نییە... ئینجا گوتی: بە هیوام... دواتر لای بۆ لام کردەوە و گوتی: بە نووری سەعیدی هاوڕێم (زۆر هاوڕێی یەکتر بوون) بڵێ: "با بە باشی چاودێری هەنگاوەکانی خۆی و سوپاکەی بکات، لەو کاتەوەی نووری سەعید بۆ دۆزی کوێت بە گڕوتین کەوتووە، (جەماعەتی ئێمە) دژ بەنووری سەعید هانی جموجۆڵی ئەفسەران دە دەن، بۆیە باش وایە زۆر متمانە بەئەفسەرانی نەکات بەتایبەتی سەرۆك ئەرکانەکەی!"

بەم قسانەی (لۆرد) حەپەسام و سەرم سوڕما، گوتم (جەماعەتی) ئێوە کێن کە دژ بەنووری سەعید ئەفسەران تیختیخە دەدەن؟ بەشێوەی حەرفی گوتی: ئەوانەی لێرە کار دەکەن! (ئاماژەی بەژووری پشوودانی ئەندامانی حکوومەتی بەریتانی کرد). ویستم لەم بارەی ئەم نهێنییە ترسناکە زانیاری زیاتری لیَ وەربگرم، بەڵام ئەو بابەتەکەی داخست و گوتی: "ئەمە نامەی منە بۆ نووری سەعید بە هیوام بە زوویی و وەك خۆی پێی بگەیەنیت، تکایە لەمە زیاتر پرسیارم لیَ مەکە." کاتێك گەڕامەوە بەغدا هەوەڵین شتێك کردم دیدەنی نووری سەعید بوو، نامەکەی لۆردم وەك خۆی بەشێوەیەکی زارە کی پیَ راگەیاند، ئەویش بەیەك رستە پێی گوتم "وا پێدەچیَ هاوڕێکەمان خە ڵفابێت!" ئاخر لۆرد ئەو کات هەشتا ساڵی تەمەنی بەڕێکردبوو، دواتر نووری سەعید گوتی: "نیگەران مەبە سوپا خۆشەویستی تەواویان بۆ تەختی دەسەڵات و رژێم هەیە ." گوتم پاشا! وابزانم ئەگەر لەم بارەوە لەسەر هەستبین خراپ نییە! بزەیەکی کرد و گوتی" دار السيد مأمونە) دیسان پێکەنی و هیچ بایەخێکی بە بابەتەکە نەدا، زۆر راستی فەرمووە ئەو کەسەی گوتویەتی: " کاتێك قەدەر هات چاو کوێر دەبێت!"

دوای ئەوەی ئەم باسەی گێڕایەوە ئەفەندی نەختێك بێدەنگ بوو و پەڕاوەکانی بە ردەستی لە لایەك دانا، ئێمەیش بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر گێرانەوەی یادداشتەکانی نەکەین بێدەنگ بووین... ئەویش پێویستی بە پشوو و بیرکردنەوە بوو... دواتر لە پڕێك دووبارە کەوتەوە قسە و وا دیاربوو دەیویست لەمە زیاتر یادداشتەکانی خۆی بخاتە روو، کراوەتر و بەدەنگێکی بەرزتر لە پێشوو هاتەگۆ و گوتی: "هەر لەم بارەیە وە دەمەوێت قسەی بەهەجەت عەتیە بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیتان بۆ بگێڕمەوە، کاتێك لە سەرەتای شۆڕش پێکەوە گیراین پێی گوتم: (هەفتەیەك بەر لە تەمموز راپۆرتێکم بۆ سەعید قەزاز وەزیری ناوخۆ بەرزکردەوە، ناوی چەند ئەفسەرێکم نووسیبوو، کە لە یە کەمین هەل دا بەنیازی کودەتان، هەروەها بەدرێژی باسی چەند شتێکی دیکەیشم کردبوو. کاتێك وەزیری ناوخۆ راپۆرتەکەی منی خوێندەوە، سەرۆك وەزیران ئەحمەد موختار و ئەمیر عەبدولئیلاهیش خوێندیانەوە، پاشان ئەمیر سەر لەئێوارە بانگهێشتی کۆشکی (الرحاب)ی کردم و پرسی بەهجەت ئەو راپۆرتە چییە؟ منیش زانیاری نێو راپۆرتەکەم بۆ دووبارە کردەوە، پێی گوتم: ئینجا دەتەویَ چی بکەیت؟ دەمەویَ لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو ئەفسەرانە بکەم، من دڵنیام هەموو نهێنییەکانی ئەو رێکخستنە

و نیازەکانیان ئاشکرا دەبن... فەریق روکن رەفیق عارف سەرۆکی ئەرکانی سوپا لە وێ ئامادەبوو، ئەمیر تەماشایەکی کرد و گوتی: "رەفیق عارف دەڵێ ئەفسەرانی ناوبراو لە هەموو سوپای عێراق دڵسۆز و لێوەشاوەترن، بۆ تەختی دەسەڵات و رژێمە کەی گومان لە دڵسۆزی و خۆشەویستییان ناکرێت... سوپا لەوپەڕی توندوتۆڵی دایە هیچ جووڵە و جموجۆڵێکی لەم چەشنەی لەنێودا نییە. فەرمانگە ئەمنییەکان هەستیارییان بەرانبەر سوپا هەیە...تۆ دەتەوێت لەبەر مەبەستێکی شەخسیت سووکایەتی بەو ئەو ئەفسەرانە بکەیت و بەپەندیان ببەیت؟ ئیدی رەفیق عارف بە روومدا تەقییەوە و بەهیچ شێوەیەك رێگەی وەڵامدانەوەی منی نەدا، گوتی: ئێوەی پیاوانی ئەمن دەتانەوێ سەر لەگەلی عێراق تێکبدەن و راپەڕێت... لەو کاتەدا ئەمیر لای بۆ کردمەوە و گوتی:" برۆ چیتر دەست لەکاروباری سوپا وەرمەدە، ئەوەتا راپۆرتەکەت بۆ وەزارەتی بەرگری بەرزکراوەتەوە ئەگەر پێویست بکات سەرۆکایەتی ئەرکان لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکەن... پشتم هەڵکرد و دڵنیابووم، کە کارەساتەکە لە م نزیکانە روودەدات، لە کاتی دەرچوونم لەلای ئەمیر، بەردەوام (لا حول ولاقوه الا بالله العلی العظیم)م دەگوتەوە.

کاتێك ئەفەندی ئەم قسانەی بەهجەت عەتیەی بۆ گێڕاینەوە، تێبینی ئەوەم کرد گە رم داهاتووە و بە تین وتاوەوە بیرەوەرییەکانی خۆی لە بارەی ئەو رۆژانە دەگێڕێتەوە، کە بەم رووداوە لەناکاوە ئاوس ببوون... تەنانەت رێگەیشی بەئێمە نەدەدا چەند پرسیارێکی دیکەی لێ بکەین، کاتێك پێم گوت: بۆ تێر و تەواوکردنی بابەتەکە پێویستمان بەچەند روونکردنەوەیەکی بچووك هەیە، گوتی: " پەلە مەکە، رووپەلی یادداشتەکانم بایی ئەوەی تێدایە نیازی دڵتان دامرکێنێ، ئێستا تەنیا دەمەوێ جە خت لەسەر رووداوەکانی شەوی ١٣-١٤/تەمووزی/١٩٥٨ بکەمەوە. هەڵبەت ئەمەیش بەپێی ئەوەی، کە پیاوانی سەردەمی مەلەکی بۆیان گێڕاوەمەتەوە.. لێتان ناشارمەوە لە بارەی رووداوەکانی شۆڕش زۆر کتێب و بابەت و یادداشتی ئەو کەسانەم خوێندووە تەوە کە بەشدارییان تێدا کردووە، بەڵام بۆئەوەی بابەتەکە تێر و کامڵ بێت، گرنگە شایەتی کەسانی ترتان عەرز بکەم، کە هەتا دوا ساتی سەردەمی مەلەکی خاوەن پلە و پۆست بوون، بەڕێز (جەمیل عەبدولوەهاب) کە لە دوایین حکوومەتی سەردەمی مەلە کی، وەزیری داد بوو، سەرۆك وەزیرانەکەیشی ئەحمەد موختار بابان بوو. لەساڵی

١٩٦٦ پێکەوە لە بەیرووت بووین. جەمیل عەبدولوەهاب لە شەوی ١٣-١٤/تەمووزی/١٩٥٨ لە (هوتێل بەغدا) نیشەجێ بووە- چونکە بەرلەوەی ببێتە وەزیر، باڵیۆزی عێراق بووە لە لوبنان، بەهۆی ئەوەی باڵوێزی لوبنان لە بەغداماڵەکەیان بۆ باڵوێزخانە بەکارهێناوە، نەیتوانیوە منداڵەکانی لە لوبنان بهێنێتەوە بەغدا- تا نیوە شەو لەگەڕەکی مەنسوور لای هاوڕێیەکی دەمێنێتەوە، لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ هوتێل بەلای پردی فەیسەڵی دووەمدا (پردی ئازادی ئێستا) ڕەت دەبێت، سەرباز گەلێك دە بینێ لە کۆتایی پردەکە پەرتوبڵاو بوون، پاشان بەلای فەرمانگەی تەلەفۆنات دەڕوا، دەبینێ چەند سەربازێك ئەوێیان تەوق کردووە... ئینجا بەلای پردی (ملکە عالیە- پردی کۆماری ئێستا) ڕەت دەبێت، هەمان دیمەن دەبینێ... کاتێك دەگاتەوە هوتێل یە کسەر پەیوەندی بە نووری سەعیدەوە دەکات و حاڵ و مەسەلەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، ئە ویش بە روویدا دەتەقێتەوە و پێی دەڵێ: (وادیارە سەرخۆشی و زۆرت خواردووەتەوە ، بڕۆ بخەوە، دڵنیابە سوپاکە بەفەرمانی زەعیم روکن عەبدولکەریم قاسم بەرە و سنوورەکانی ئوردن دەچن، من زۆر دڵنیام لێی... بەڵام ڕاستییەکەی من دڵم ئاوی نە خواردەوە و دڵنیا نەبووم، شەو نەخەوتم زانیم چی ڕوودەدات، بۆیە چووم تاکسییەکم گرت و ڕۆیشتم بۆ خانەقین و دواتر سنوورەکانی ئێران، هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی شۆڕش لەسەر ڕادیۆ گەیشتمە ئەوێ، ئیتر لەهەموو دادگایی و ئەزیەتێك نەجاتم بوو.

کاتێك ئەفەندی لەگێڕانەوەی ئەو سەربردانە بوویەوە، کە بە چەند ڕۆژ و سەعاتێك پەیوەندییان بە ڕووداوەکانی پێش شۆڕشەوە هەبوو، تاوێك وەستا و دواتر گوتی: "ئەوە بەشێکی ناو هەگبەی من بوو، ئەرێ شتێك ماوە باسم نەکردبێت؟"

منیش هەڵمدایەوە و گوتم قوربان باسی شایەتی و سەربردە و قسەی چەند کە سێکت بۆ مێژوو کرد، هەروەها بەسەرهاتی (لۆرد)ت سەبارەت بەم باسە بۆ گێڕاینەوە، کە چۆن ڕاستگۆیانە هەواڵەکەت بۆ نووری سەعید بردووە... بەڵام پرسیارەکەی من ئە وەیە لەو شەوە یەکلاکەرەوە، کە سەردەمی مەلەکی تووڕدا و سەردەمی کۆماری هێنایە کایەوە و کۆمەڵێك ڕووداوی بەدوای خۆیدا هێنان، کە ڕەنگە لە بەرژوەندیی تۆدا نەبووبن، ئایا تۆ لەکوێ بوویت؟ کاتێك ئەفەندی دوا دەربڕینی منی بیست، داخێکی قووڵی هەڵکێشا، ئاخر ئەو کات تەمەنی هەشتا و دوو ساڵ بوو، چەندان وڵات و شاری بینی بوون، ژیانێکی خۆشی تێدا بەسەر بردبوون، چەند ئەرك و پلە و

پۆستی جۆراوجۆری وەرگرتووە، سەربەرز و شکۆدارانە ژیاوە و شانازی بە کەرامەتی خۆیەوە کردووە، بۆیە بۆ دوا دەربڕینی پرسیارەکەی من گوتی:" ئەمن زۆر باوەڕم بەو پەندە هەیە، کەدەڵێت: هەموو زەمانێك دەوڵەت و پیاوی خۆی هەیە، ئەگەر بۆ ئەوانی دیکە بەردەوام بووایە نەدەگەیشتە تۆ... باوەڕی من بە خودا هەرگیز لەرزۆك و لەقۆك نابێت، هەر لەمنداڵییەوە ئەو ئایەتە پیرۆزەی خودا پاتەدەکەمەوە، کە دەفەرمووێ." قل لن يصيبنا الا ما كتب الله لنا." تەنیا ئەوەدێتە ڕێمان کە خودا پێشتر بۆی نووسیوین. باوەڕم بەقەدەری خۆم هەیە و دڵ و دەروونیشم ئاسوودەن، تۆمارەکەیشم پاکە و بە هەموو دڵسۆزییەکمەوە کارم بۆ گەل و وڵاتەکەم کرد، ڕۆژێك لە ڕۆژان نەتەوە و کوردایەتی و نیشتمانی کوردستانم لەبیر نەچووە، بە درێژی ئەوانەم بۆ باسکردوویت، ئەمەیش ئەوەیە بە ئەمانەتەوە لە پەڕاوەکانی ژیانمدا تۆمارم کردووە، بۆ مێژوو و ئازدی کوڕم جێیان دەهێڵم، ئەو ئازادە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و بڵاویان دەکاتەوە. لە بارەی ئەوەی ئەو شەوە من چیم دەکرد و چیم بەسەرهات، بە درێژی بەم چەشنەبوو: "لە ئێوارەی ١٣ی تەمووز لەگەڵ زەعیمی فڕۆکەوان کازم عە بادی سەرۆکی هێزی ئاسمانی و هاوژینەکەی چووینە یانەی مەنسوور، هەموو ڕۆژانی یەك شەممە فیلمێکی سینەمایی لێ نمایش دەکرا، دوای ئەوەی فیلمەکەمان بینی و نانی ئێوارەمان خوارد گەڕاینەوە ماڵەوە، بەڵێن وابوو بەیانیی ڕۆژی دواتر ڕێکەوتی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بچینە فڕۆکەخانە جەلالەتی مەلیك فەیسەڵی دووەم بە ڕێ بکەین کەوا بڕیار بوو لەگەڵ شاندێك لەسەرووشیانەوە نووری پاشا لە سەعات هەشتی بەیانی بڕۆنە ئەستەنبوڵ تاکوو لە کۆبوونەوەکانی لووتکەی هاوپەیمانی بە غدا ئامادەبن، لەوێشەوە مەلیك بچێتە لەندەن و لەگەڵ دەستگیرانەکەی پێك بگەن.. بە هەرحاڵ، بەیانیەکەی سەعات شەش لە خەو هەستام و چوومە گەرماو تراش بکەم، لە دوورەوە دەنگی تۆپ و ڕەشاشم هاتە بن گوێ، ماڵی ئێمە ئەوسا دەکەوتە ئەو گۆڕە پانەی ئێستا پێی دەڵێن (گۆڕەپانی واسق)، دوای چەند خولەکێك زەنگی تەلەفۆنەکەم لێی دا، ئەحمەد عامر بوو، بەبێ بەیانی باش و چۆنی و چاکی گوتی: رادیۆ بکەوە کارەساتەکە ڕووی دا! ئەحمەد عامر ئەندام پەرلەمانی شاری بەسرە بوو، دۆستێکی زۆر ئازیزی من بوو، بەعایلی سەردانی یەکمان دەکرد، لە سەرەتاکانی مانگی تە مووزی ساڵی ١٩٥٨ سەردانی ماڵی ئێمەی کرد و شەو لەلامان مایەوە، بینیم دە

موچاوی تێکناوە و بیر لە شتێك دەکاتەوە، کاتێك پرسیارم لیێ کرد، ها! بە چییەوە بیر و مێشکی خۆت قاڵ کردووە، گوتی: "برا بە سەیر و سەمەرەی ئەوان!" گوتم ئەوان کێن؟ گوتی دەستە و تاقمی حوکمڕان و بەرپرسان. گوتم بۆ چی بووە؟ گوتی تۆ دە زانی من هاوڕێی زۆرم لەنێو ئەفسەرانی سوپادا هەن، لەقسەکانی ئەوان بۆم دەرکەوت (بەتایبەتی قسەی یەکێك لە ئەفسەرەکان کە زۆر باوەڕی پیێ دەکەم) جموجۆڵ و جووڵانەوەیەکی بەرفراوان دژ بەدەستەی حوکمڕان هەیە... گوتی وەختێك ئەوەم بیست راستەوخۆ چوومە لای ئەحمەد موختار بابانی سەرۆك وەزیران گومان و ترسی خۆمم بۆ بەیان کرد و قسەی ئەو ئەفسەرانەم بۆ گێڕایەوە. داوام لیێ کرد قسەکانم بە ئەمیر عەبدولئیلاهـ بگەیەنیێ. بابەتەکە بۆ وەزارەتی بەرگری حەواڵە کرا و سەرۆکایەتی ئەرکان تاووتوێی کرد. کاتێك پرسیارم لە ئەحمەد عامر کرد "تۆ پێت وایە چی دە بێت؟" گوتی: من دڵنیام ئەو حکوومەتە بەسەر سەری ئەو غەفڵەت زەدانە دا دە ڕووخێت، پێویستە حیساب بۆ ئەو کارەساتە بکەن، کە بەو نزیکانە بەرۆکی وڵاتەکە مان دەگرێت."

کاتێك عامر بەتەلەفۆن پیێی گوتم کارەساتەکە رووی دا، چوومە ژووری خەوتن و هاوژینەکەم بەخەبەر هێنا، رادیۆم کردەوە و گوێم لەبەیاننامە خوێندنەوە گرت... دیسان زەنگی تەلەفۆن لیێی دایەوە، ئەوجارە عەبدولوەهاب مەرجان بوو، پرسیاری کرد هەواڵەکەت بیست؟ گوتم بەڵیێ رادیۆم کردووەتەوە. دوای تێپەڕینی کاتژمێرێك خوالێخۆشبوو ئەنوەر عەبدوڵلا ناسراو بە (دڵسۆز) و نیازی برای هاتنەلام (ئەنوەر سە ر بە رەوتی چەپ بوو، خودان فکری مارکسی بوو، چەند جارێك بەهۆی چالاکییەکانی زیندانی کرابوو، چەندان جار بۆ ئازادکردنی لە زیندان کارم کردووە، بەکاروباری ئازادەوە خەریك بوو.) هەر لەگەڵ هاتنیان داویان لیێکردم لەگەڵیان بچم، منیش ئەمەم رەتکردەوە و گوتم: بۆچی ماڵی خۆم جێبهێڵم خۆ هەمووان دەزانن لاپەڕەکانی ژیانی من سپی و بێگەردن، هیچ شتێکی وام نەکردووە زیان بەم ئەفسەرانە بگات، ئەگەر ئە وان بەڕاستی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بن هیچ ترسێکم لیێیان نییە، بەتایبەتی لە کاتێدا لەنێو ئەو وەزیرە نوێیانەدا دۆستانێکم هەن زۆر باش دەمناسن، هەروەها ئە ندامانی سیێ ئەنجوومەنە سیادییەکەش من دەناسن، تەنانەت یەکێکیان دۆستی منە و هێندێك چاکەشم قەرزارە... ئەنوەر گوتی خۆ ئێمە مەبەستمان ئەوان نییە، بەڵکوو پە

شێوی و پەشاگەردانی ئەگەر دروست بوو نازانین چی دەقەومێت و چی دەکەن، هەموو دەزانن تۆ جێگری سەرۆك پەرلەمانی تکایە لەگەڵمان وەرە... منیش رازی بووم و لەگەڵ هاوژینەکەم چووینەماڵی ئەنوەر و باقی ئەندامانی تری خێزانیش لە ماڵەوە مانەوە. تا ١٦ تەمووز لەماڵی ئەنوەرماینەوە، لەم چەند رۆژەدا خوالێخۆشبوو و نیازی برای سەریان لە ماڵمان نەبڕی و هەموو رۆژێك دەچوون بزانن چ باسە، دەهاتنە وە دەیانگوت هیچ لە گۆڕێ نییە و دۆخەکە ئاساییە و هیچ کەسێکیش پرسیاری تۆی لێ نەکردین. کاك ئەنوەر گوتی بە یەکێك لە ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیای گواستنەوە کە هاوبەشی لەگەڵ هەبوون و لەنێوان بەغدا و عەمان کاریان دەکرد– دەتنێرم بۆ ئوردن، بەڵام من رازی نەبووم، گوتم بۆچی لەوڵاتی خۆم هەڵبێم، خۆ هیچ شتێکی وام نە کردووە پێی شەرمەزار بم؟

دواتر بڕیارم دا بگەڕێمەوە هەولێر، ئاخر من بەهۆی کارەکەمەوە (جێگری سەرۆك پەرلەمان و وەزیر) لێرە بووم، ئێستایش دۆخەکە گۆڕا و باش وایە بچمەوە شارەکەی خۆم. لەگەڵ ئەنوەر و نیازی قسەمان لەو بارەیەوەکرد و لە تەمووز گەڕامەوە هەولێر و لەماڵی برای خوالێخۆشبووم قاسم مامەوە.

لێرەدا ئەفەندی ویستی لەم بارەوە کۆتایی بە گێڕانەوەی سەربردەی خۆی و ئە وانی تر بێنی، بەڵام هێشتا وێستگەیەکی گرنگی تری ژیانی مابوو، ئەویش گەڕانەوە ی بوو بۆ قەسەری باداوە، بۆ ئەوەی دوای ئەو ژیانەی لە بەغدا بەسەری بردبوو بە ئە ندام پەرلەمانی و وەزیری و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەعیان... ئیتر لەمەودوا لە لیوای هەولێر نیشتەجێ بێت.

زێدە حەزی رۆژنامەنووسیم بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو رووداوانەی لەدوای هاتنەوەی بۆ هەولێر و قەسری باداوە بەسەری هاتوون، هانیان دام پرسیاری زیاتری لێ بکەم... ئاخر ماقوول نییە دوای سەرکەوتنی شۆڕش و خرۆشانی خەڵك و زاڵبوونی زمانی دروشم بەسەر شۆرشدا سەردەمی تازەهاتوو هەموو شتێکی سەردە می پێشوو لووش کات، لە سەرەتای رووخاندنی پەیکەری یەکەم پاشای عێراقەوە مە لیك فەیسەڵی یەکەم تا کۆتایی ئەوەی روویدا بە ئێستاشەوە... ئەمە رووداوگەلی دوورودرێژن، مێژوونووسان بۆ نووسین لەسەر ئەم بابەتە پێویستیان بەساڵانێکی زۆر و هەزاران لاپەڕ ەهەیە تاکوو بتوانن بەند و باسەکانی ئەو رووداوانە بنووسنەوە، کە

تا ئێستایش کۆتاییان پێ نەهاتووە... کاتێك ئەو بیر و بۆچوونانەی خۆم بەئەفەندی گوتن و لەم بارەوە پرسیارێکی دیاریکراوم ئاراستەکرد، کە ئاخۆ لە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕش لە هەولێر دا تووشی چی هات... وەڵامی دامەوە، بەڵام ویستی هەقیقەتێکی مێژوویش سەبارەت بەدیاردەی زێدەڕەویی و پەرگیری لەکۆمەڵگەی عێراقیدا، شایە تی بە ڕووداوێکی مێژوویی هێنایەوە: "کاتێك وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی مە ڕوان بڕیاری دا (مزگەوتی ئومەوی) لە دیمەشق دروست بکات، فەرمانی دەرکرد هەر پیاوە و تەنیا یەك خشتە بهێنێ، هەموو بەگوێیان کرد، تەنیا پیاوێکی عێراقی نەبێت چوو دوو خشتەی هێنا، وەلید لێی پرسی تۆ خەڵکی کوێیت؟

کابرا گوتی: خەڵکی عێراقم.

وەلید گوتی: ئای لە خەڵکی عێراق! لە هەموو شتێکدا زێدە ڕۆیی دەکەن، تەنانەت لە خواپەرستنیش دا! "ئەفەندی لە قسەکردنەکەی بەردەوام بوو و گوتی: "دوای ئەوە ی لە سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ گەیشتمەوە هەولێر تەلەفۆنم بە مەتەسریفی نوێی هەولێر لیوا روکن عەلائەدین مەحموودەوە کرد، کە پێشتر دەمناسی، بەڵام پێیان گوتم بۆ پشوودان چووەتە مەسیف سەلاحەدین، ئێوارە دووبارە پەیوەندیم پێوەکرد، گوتم ئێستا لە هەولێرم، هیچ کارێکم لەبەغدا نەماوە، ویستم خۆم لەمە ئاگادارت بکەمەوە. ئەگەر هەر ڕێنماییەك لەبارەی منەوە هەیە، ئەمن ئامادەم... خوا هەڵناگرێت موتە سریف زۆر بەتەلەفۆنەکەم دڵخۆش بوو، گوتی یاخوا بەخێر بێیتەوە، ئەمە شاری خۆتە... سەبارەت بە تۆ هیچ ڕێنوێنیەکم نییە، هەرچی دەتەوێ بیکە، ئەگەر حەز بە دیدارم دەکەیت سبەی شەممە فەرموو وەرە بۆ دیوانی موتەسەریفیە. منیش ڕۆژی ٢١ی تەمووز/١٩٥٨ چوومە دیدەنی و لەبارەی ڕۆژانی رابردوو زۆر قسەمان کرد، پاشان پرسیارم لێ کرد و گوتم لە گەڕانەوەم بۆ قەسری باداوە هیچ بەربەستێك هەیە؟ گوتی نەخێر هیچ بەربەستێك نییە.. گوتی: پەیوەندیم بە (بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگیری گشتی کردووە) هیچ شتێکیان دژ بەتۆ و هاتنت بۆ هەولێر نییە... هەموو شتەکانی بە ئاسایی دانا، هەر بۆیە منیش ماڵی قاسمی برام جێهێشت و چوومەوە قەسری باداوە. لە هەفتەی یەکەمدا تووشی هیچ بێنەوبەردە و گرفتێك نەهاتم، ئەو هەفتەیەم زۆر بە ئاسوودەیی بەڕێکرد، لە بەیانی ڕۆژی ٢٩/تەممووزی ١٩٥٨ ئۆتۆمبێلێکی سەربازیم بینی بەرەو ئاراستەی ماڵی ئێمە لە باداوە هات، ئاخر ئەودەم نێوانی گوندی باداوە و

ناو سەنتەری هەولێر دوو میل و چارەکێك بوو، زەوی و زاری کشتوکاڵی بوو، گەنم و جۆی لێ دەچێندرا، هەر بەسروشتی خۆم زانیم شتێك قەوما. کاتێك ئۆتۆمبێلەکە گە یشت، قاسمی برام هات و گوتی ئەفەسەرێك بەپلەی (موقەدەم) هاتە لام و داوای کرد لەگەڵیدا بێمە باداوە، چونکە (ئامری حامیە) دەیەوێت بتبینیّ، زانیم ئەو ماستە موویەکی تێدایە، دوو ژنەکەی خۆم راسپارد چی بکەن و پێشم گوتن بەهیچ شێوەیەك پەنا بۆ هیچ کەسێك نەبەن کە بۆ بەردانم هاوکاریتان بکەن.

کاتێك چوومە میوانخانە ئەفسەرێکم بەپلەی (موقەدەم) بینی، بەناوی (موقەدەم روکن عەزیز ئەحمەد شەهاب) خۆی پێ ناساندم و پاشان گوتی: ئامری حامیە دەیە وێت بتبینێ، کاتێك پرسیارم لێ کرد پێویست دەکات کەلوپەلی بەندیخانە لەگەڵ خۆمدا ببەم، گوتی ئەوەی پێویستە لەگەڵ خۆتدا ببیە، چونکە تا ئێوارە لەحامیە دە مێنییەوە دواتر بە شەمەندەفەر رەوانەی بەغدات دەکەین، چونکە تۆ لەلایەن هەواڵگیری ئەوێوە داواکراوی.

پێم باشە بە ئۆتۆمبێلی خۆت لەگەڵمان بێیت، هەر ئەمەیش بەشایانی شکۆی تۆ دەزانم، لە گەیشتنم بە(حامیەی سەربازی هەولێر) عەقەید (مونیر فەهمی) ئامیری حامیە زۆر بە رێزەوە پێشوازیی لێکردم، پێی گوتم مەسەلەی تۆ هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە، لە هەواڵگری سەربازی بەغداوە برووسکە هاتووە... بەسوپاسەوە هەموو هۆگەلێکی پشوودانی بۆ سازکردم، تاکوو ئێوارە ژوورێکی بۆ پێشوازی مێوانان بۆ دابین کردم.

ئێوارە بە هاوەڵی رائید حەیدەر سەلیم (ئامیری ئینزیبات)، کە کوڕی پوورم بوو، هەروەها لەگەڵ ئەفسەرێکی تر بەپلەی مولازم بە شەمەندەفەر بۆ بەغدا رەوانەکرام. دوای ئەوەی گەیشتینە بەغدا، چووینە وەزارەتی بەرگری بە رێوەبەرایەتی هەواڵگیری سەربازی، پاشان برام بۆ گرتووخانە، ئەنوەر عەبدولقادر حەدیسی (ئامری گرتووخانە ی گشتی) لە رێکەوتی ٣٠ی تەمووزی ١٩٥٨ منی خستە گرتووخانە.

دەمەوێ ئەوە روون بکەمەوە کە هۆکاری دەستگیرکردنی من (کە مانگێك و بیست و سێ رۆژی خایاندووە) تاکوو ساڵی ١٩٦٦ بۆ من نادیار و مەتەڵاوی بوو. لەو ساڵە دا لە بەیرووت دیدەنی فائیق سامەڕائیم کرد، کە لە پەرلەمانی عێراق و دەرچوونی شاندی پەرلەمانی، دۆستایەتی و هاوڕێیەتییەکی زۆر بەهێزمان لەنێواندا هەبوو. زۆر

بەباشی بە بیروبۆچوونی من ئاشنابوو، ڕۆژێك لە بەیرووت بۆ نانی ئێوارە بانگم کرد، باسی دۆخی عێراقمان کرد، قسەکانمان سەریان کێشا بۆ باسی قۆناغی سەرەتاکانی ١٤ی تەمووز، گوتم: بەڕێز فایق ئێستایش نازانم سەرەتای شۆڕش بۆ دەستگیر کرام، ئاخر کەس لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکردم، هیچ تۆمەتێکیشیان نە خستمە پاڵ، هەر ئەوە دەزانم منیان خستە گرتووخانە و دواتر ئازادیان کردم، نە مزانی بۆچی گرتمیان و بۆچی ئازادیان کردم؟ فایق سامەڕائی گوتی: من هۆکارەکەت پێ دەڵێم، ئینجا گوتی:

"لە یەکێك لە ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕش چەند کەسێك لە هەولێرەوە هاتنە نووسینگەکەم و دوو پارێزەریش پێشیان کەوتبوون، دوای ئەوەی دڵخۆشی و شادی خۆیان بەرامبەر شۆڕش دەربڕی، گوتیان: شاری هەولێری ئێمە هەر وەك خۆی ماوەتە وە و هیچ شتێکی تێدا نەگۆڕاوە... گوتم: دەتانەوێ چی تێدا بگۆڕێت؟ گوتیان هاتووینە لات چونکە تۆ دژ بە حکوومەتی ڕابردوو و دۆستی عەقید عەبدولسەلام عارفیت، کە پیاوی دووەمی شۆڕشە، هاتووین هاوکاری ئێمە و خەڵکی هەولێر بکە یت. گوتم: ئەگەر داواکەتان پەسند بێت بەچاوان هاوکاریتان دەکەم... گوتیان عزە دینی مەلا فەندی کە لە سەردەمی نووری سەعید ئەندام پەرلەمان بووە دۆستی دە ستوپێوەندانی کۆشکە، ئێستا زۆر بەئازادی لە هەولێر دەسووڕێتەوە، لە قەسری باداوە نیشتەجێیە و شەوان ڕۆشنایی کارەبای تێدا دەدرەوشێتەوە. گوتم: ئێنجا چیتان دەوێت؟

گوتیان: دەمانەوێت عزەدینی مەلا فەندی دەستگیر بکرێت و قەسری باداوە دابخرێت، دەست بەسەر زەوی و زارەکەی بگیرێت و بەسەر جووتیاراندا دابەش بکرێت... منیش هەستام و بە رووی پارێزەرەکە داپێکەنیم و گوتم: من زۆر باش عزە دینی مەلافەندی دەناسم، خۆزیا هەموو ئەندام پەرلەمانەکان وەك ئەو بووانە، خۆ ئەو بەتەنیا ئەندام پەرلەمانی نووری سەعید نەبوو، بەڵکوو پەرلەمانتاری شاری هەولێر بوو، ئەگەر ئەمڕۆش هەڵبژاردن لە هەولێر بکرێتەوە ئەوە بێگومان دیسان دەردەچێتە وە. من دەزانم ئەمیر عەبدولئیلاھ خۆشی نەدەویست و ئەوان بەزۆر کردیانە ئەندام پە رلەمان ... ئەو خزمەتێکی زۆری شاری هەولێری کرد و ئێستا هەولێر قەرزاری ئەوە، ئەو بوو خەستەخانە نوێیەکە و قوتابخانەی دواناوەندی لەوێ کردەوە، هەروەها

چەندان پرۆژەی دیکەشی بۆ خزمەتکردنی ئەو شارە خستنەگەڕ، ئێستا بۆ ئێوە خەوشی و نەنگییە لەجیاتی ئەوەی ڕێزی بگرن داوا دەکەن بیگرن... زۆر بەداخەوە کاتی خۆم بەقسەکردن لەگەڵ ئێوەدا کوشت. من بە ئومێد بووم پێشنیارێکی بەکەڵکتان بکردایە بۆ شارەکەتان و هاوکاریم بکردنایە، ئێستاش من کاتم نییە و خواحافیزتان بێت! بەم چەشنەلای خۆم دەرمکردن و بە روخساری مۆن و گرژەوە چوونە دەرەوە. پاشان زانیمەوە تۆ گیراوی و دواتر بەردراویت... هەروەها ئەوەیشم زانییەوە ئەوان خۆیان گەیاندبووە عەقید عەبدولسەلام عارف کە هیچ شتێکی لەبارەی تۆ نەزانیوە بۆیە فەرمان دەدا دەستگیرت بکەن، کاتێك دەردەکەوێت هیچ تۆمەتێك نییە رووبە رووت بکەنەوە ئازادت دەکەن...

کاتێك لەبارەی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ کۆتایی بەقسەکردن هێنا، سەعات بووە یەکی شەو، هەستمان کرد ماندوو و شەکەت بووە، چونکە ئەو قسەی دەکرد و ئێمەش گوێمان گرتبوو، رەنگە ئێمە بەم هەموو پرسیارەما ندوومان کردبێت، بۆ ئەو پێشوازییە گەرم و میوانداریيە پڕ لووتف و وەڵامی پرسیارەکانمان سوپاسمان کرد... لە کۆتاییشدا لەکاتی خواحافیزی کردنمان بەسەرهاتێکی لە کتێبی باخچەی گوڵانی ئیبن عاسمی غەرناتی)ی بۆ گێڕاینەوە: "عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان پرسیاری لە موسلمی کوڕی یەزید کردووە، کە بە تەمەندا چووە..


- کام پاشات بینیوە لە هەموویان کامڵتر بووبێت؟ کام زەمانت دیوە لەهەموو زەمانەکانی دی باشتر بووبێت؟

ئەویش دەڵێ:

- هەر پاشایەکم بینی بێت سەناخوان بووە یان زەمکار، زەمانەیش گەلانێك سووك و رسوا دەکات و گەلانێکیش بەرز و شکۆدار..هەموویان بەرانبەر زەمانی خۆیان بەبۆڵەبۆڵ و گلەیین، چونکی نوێی ئەوان دەپووکێنێتەوە، ژمارە هەرە زۆرە کەیان پەرتەوازە و تەفروتونا دەکات، بچووکیان گەورەدەکا و گەورەیان لەناو دەبات."

**له ڕێگەدا کاتێك ئۆتۆمبێلم لێدەخوڕی و تاریقی هاوڕێم دەگەیاندەوە ماڵەکەی، بە یتێکی شیعری حافزی شیرازیم بیرکەوتەوە بۆ ئەوم خوێندەوە، کە ئەمە ناوەڕۆکە کەیەتی:**

**" بەپیتی زێڕ لە ئاسمانی شین نووسراوە: بەسەر ئەم زەمینەوە هیچ کەسێك نامێنێ، ئەوەی دەمێنێتەوە رەفتار و کاری باشیانە."**



کۆشکی باداوە لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو



هەولێر-ماڵی خوالێخۆشبوو عزەدین مەلا فەندی، شەوی ١٩٩٧/١/٢

لە راستەوە: خوالێخۆشبوو تارییق ئیبراهیم شەریف، فەرهاد عەونی، عزەدین مەلا فەندی

ئازاد عزەدین مەلا




هەولێر-ماڵی خوالێخۆشبوو عزەدین مەلا فەندی

نووسەر لەگەڵ عزەدین مەلا فەندی



بەغدا-بەردەم وەزارەتی بەرگری، ١٩٥٨/٧/١٤

جەماوەری شاری بەغدا لەکانی گوێبیستی سەرکەوتنی شۆڕش



شەهید فرەنسۆ هەریری

٢٠٠١/٢/١٨-١٩٣٧

## ژیاننامە:

- شەهید فرەنسۆ هەریری ساڵی ١٩٣٧ لە شارۆچکەی هەریری سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایکبووە.

- ساڵی ١٩٦٠ لە خانەی مامۆستایان (دار المعلمین) دەرچووە و بۆتە مامۆستای وەرزشی.

- لە سەرەتای لاوێتییەوە رێچکەی نیشتمانپەروەی چۆتە مێشکییەوە و تێکەڵی کاری سیاسی بووە و چۆتە ریزەکانی حزبی شیوعیی عیراق.

- ساڵی ١٩٦٣ بۆتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلول و چۆتە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان.

- یەکێك بووە لە باوەڕپێکراوانی (بارزانی نەمر) و هەمیشە لێی نزیك بووە.

- ساڵی ١٩٧٠ پاش رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بۆتە قایمقامی شارۆچکەی گەڵاڵە سەرەڕای کاری پارتایەتی و لێپرسراوێتیی جۆراوجۆری لەناو شۆڕشدا.

- لە کۆنگرەی نۆیەم پارتی کە لە ساڵی ١٩٧٩ بەستراوە بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی.

- لە پاش راپەڕین لە نزیك سەرۆکی پارتی بەڕێز (مەسعود بارزانی) بووە و چەندین لێپرسراوێتیی حزبی و حکومیی وەرگرتووە و لە یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بووە لە پەرلەمان.

- دوو جار لە ساڵانی ١٩٩٤ و ١٩٩٧ هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە، بەڵام بە سەلامەتی لێی دەرچووە.

- لەنێوان ساڵانی ١٩٩٦-٢٠٠٠/١/١٦ بۆتە پارێزگاری هەولێر و سەرکەوتووانە ئەرکەکانی بەجێهێناوە و لەو سەردەمەدا یاریگای نێودەوڵەتیی هەولێر دروستکراوە کە ئەو بە هەموو شێوەیەك لە خەمی وەرزشکاران بووە و کاری بۆکردوون.

- لە ٢٠٠٠/١/٢٤ بۆتە لێپرسراوی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان.

- رۆژی ٢٠٠١/٢/١٨ لە شەقامی (٦) مەتری لە کاتی چوونی لەماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی شۆڕش بۆ بارەگای لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن تاقمێکی تیرۆرستی شەهید کراوە و رۆژی ٢٠٠١/٢/٢٠ لەنێو ئاپۆرای جەماوەری کوردستان لە هەریر شوێنی لەدایکبوونی لە (قەڵاتە سوور) نێژراوە.

- لە ٢٠٠٦/٢/١٨ لە یادی شەش ساڵەی شەهیدبوونی لە یاریگای هەولێری نێودەوڵەتی کە پاشان ناوەکەی بۆ (یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری) گۆڕدرا و پەیکەرێکی شاستەی لەناو ئاپۆرای وەرزشکاران و خۆشەویستانی بۆ دانرا.

- سەرەڕای خۆشەویستیی بۆ بواری وەرزشی و کاری ئیداری و پارتایەتی هەمیشە سەرقاڵی خوێندن و نووسینەوە بوو لە رۆژنامەی برایەتی کتێبێکی لەژێر ناوی (پەکەکە چما وادەکا) بە زنجیرە بڵاوکردۆتەوە.

- سەرەڕای وەرگێڕانی کتێبی (کارەساتی ئاشوورییەکان) لە فارسییەوە کە هەفتانە لە ژمارە (١٩٣١) رۆژی ١٩٩٤/٤/٢٦ لە رۆژنامەی برایەتی بە زنجیرە بڵاوکراوەتەوە.

- هەر لەم بوارەدا کتێبێکی بە زوبانی عەرەبی بە ناوی (لکی لا یکتب التاریخ محرفا) نووسیوە.

## فەرەنسۆ هەریری.. هەمیشە بە زیندویی دەمێنێتەوە[1]

هەرگیز قەڵاتەسوور خەونی بەوە نەدەبینی رۆژێك لە رۆژان دەبێتە گۆڕەپانی هەزاران کەس و چاویان مۆڵەق بێت، تاوێك تەماشای زنجیرە شاخی رووتەڵەی بەنی هەریر دەکەن و ساتێك بەرەو دەشتی بەپیت و فەڕی هەریر دەڕوانن... هەرگیز نەیدەزانی رۆژێك تەرمی تێکۆشەرێك لە باوەش دەگرێت، کە چەند جارێك لەلای هاوڕێکانی وەسیەتی کردووە، کە ئەگەر پلەی شەهیدی بەنسیب بوو لەم تەپەدا بە خاکی بسپێرن... ئەو شوێنەی رۆژێك لەرۆژان شکۆی میرنشینی سۆران بووە، بەدرێژایی چاخەکانیش شەڕگەی پاڵەوانانی شۆڕش و راپەڕینەکەیان بووە، بۆ ئەوەی کوردستانیش وەك باقی گەلانی تر ژیانێکی ئازاد و ریزدارانە بباتە سەر.

منیش لە ناوەڕاستی شەپۆلەکانی خەڵك بووم، لە نیوەڕۆی ٢٠شوباتی ٢٠٠١ پیر و لاو و پیاو و ژن بۆ سەرکەوتنی تەپی قەڵاتەسوور بڕستیان لێ بڕابوو، دوای چەندان سەعات رێکردن هەر لە کڵێساکەی گەڕەکی شۆڕشەوە، کە پیاوانی ئاینی مەسیحی تقووسیە ئاینییەکانیان لەسەر جێبەجێی کرد و خەمناك و چاو بە ئەسرین بوون بۆ

[1] – ئەم بابەتە دوو جار بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.. سەرەتا لە گۆڤاری گوڵانی عەرەبی ژمارە ٥٨ی مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٠١. دواتریش لە دوو توێی کتێبی (ذاكرة الأيام)ی نووسەر، ساڵی ٢٠١١–چاپی یەکەم.

لەسێدارەدانی یەك لە نەوەكانی عیسا (دروودی خودای لیٚ بێت) دوای ئەوەی زیاتر لە بیست سەدە بەسەر لەخاچدانی مەسیحی پێغەمبەردا تێپەڕی بوو...

هەروەك ئەوەی زەمانە و شارستانیەت و مەدەنیەت و ئاشنابوون بە پرەنسیپە كانی مرۆڤ نەیانتوانیبێت ڕق و كینەو نەفامی بسڕنەوە و نەهڵێن كەسانێك پەیدا بن بەچاویلكەی ڕەش تەماشای ژیان بكەن... بە تێپەڕینی ئەم هەموو سەدە و دەیە و ساڵ و مانگ و ڕۆژ و شەوانە، نەیانتوانیوە مامەڵە و ڕەفتاری ئەو كۆمەڵە و تاك تاكانە ی مرۆڤ بگۆڕن، كە هێشتاش باوەڕیان بەترس و تۆقاندنە و وەك ئامرازێك بۆ بەدی هێنانی مەبەستە گلاٌوەكانیان بەكاری دەهێنن، بەبیٚ ئەوەی درك بەوەبكەن، كە خوای گەورەدە فەرموویٚ: "كەسێك بەناهەق مرۆڤێك بكوژێت وەك ئەوە وایە هەموو مرۆڤی سەر زەمینی كوشتبێت."

لەو ڕۆژەدا لە هەولێری پایتەخت ورد و درشت بۆ بەڕێكردن و ماڵئاوایی لە یەك لە شۆڕەسوار و عەگیدەكانیان لەماڵ هاتنە دەر، وەك وەفایەك بۆ ئەو خزمەتەی بە درێژایی چوار دەیە لەمیانەی ٦٤ ساڵی تەمەنیدا پێشكەشی كردبوو. هێشتا تەمەنی نەگەشتۆتە بیست ساڵ، دەڕواتە نێو بزووتنەوەی نیشتمانی و لە جووڵانەوەی قوتابییانی عێراقیدا تێكەڵی ژیانی سیاسی دەبێت، هەڵبەت ئەوكات خوێندنی ناوە ندی لە هەریر نەبووە، بۆیە بۆ تەواوكردنی خوێندن ڕوو لە شەقلاٌوە دەكات. پاشان بۆ تەواوكردنی خوێندنی ئامادەیی دێتە هەولێر، ئاوێتەی سیاسەت و وەرزش دەبێت و هەموو ژیانی داگیر دەكەن، بەقەد نزیكی لە سیاسەت لە وەرزش نزیك بووە و عەوداڵی ئەو جیهانە بووە، تاكوو دوایی دەبێتە ئەستێرەیەكی درەوشاوەی دونیای وەرزش.

لە مەراسیمی ناشتنیدا هەموو لایەك بەجۆش و خرۆش كەوتبوون، لە دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی بۆی لەپێشبڕكیٚ دا بوون، لە كاتێكدا ئەو لەنێو تابووتە دارینەكە ی ڕاكشابوو، ناوەناوە بەئۆتۆمبێل هەڵیان دەگرت و ماوەماوەش خۆشەویستانی دە یانخستە سەر شان... دوژمنانی فەرەنسۆ لە كوشتنی فەرەنسۆ كەوتنە هەڵەوە، ئاخر ئەوان پێیان وابوو جارێكی دی باڵەخانەی پەرلەمانی كوردستان نابینێتەوە، بەلاٌم ئەو

کەڕەتە چونەوەی بۆ پەرلەمان جیاواز بوو... ئەوجارە هەر تەنیا سەرۆکی کوتلەی لیستی پارتی نەبوو، بەڵکوو لە هەموو لاوە بە سیاسیی جۆراوجۆر، بەئاییندارى هەمە چەشن، بەنەتەوەی فرە جۆر، بەخەڵکی رەشۆکی بیٚ دەخل دەوریان دابوو، چونکە ئەو لە ژیانیدا رەهەندێکی تری بە لێبووردنی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی دابوو...

لەپەرلەمان هەمووومان لەبەردەم وێنەی بارزانیی نەمر راوەستاین، کە بە برۆکی پە رلەمانەوە هەڵواسراوە، کە فەرەنسۆ خاوەنی ئەو وێنەیەی لەناخەوە خۆشدەویست، بەوێنەی پەرستش بۆی دڵسۆز و پەرۆش بوو... رۆژێك پێمی گوت: "کاتێك زانیم پزیشکەکان گوتوویانە جگەرەکێشان زیانی بۆ بارزانی هەیە، وازم لە جگەرەکێشان هێنا." هەرچەند وازهێنان لە جگەرە بارێکی قورس و تاقەتبەر بووە، کەچی بەڵێن دە دا لەبەر خاتری تەندروستی بارزانی جارێکی تر دەمی لیٚ نەداتەوە... ئەم بەڵێنەشی هەتا دوای کۆچی دوایی بارزانی و رۆژی شەهیدبوونی وەك وەفایەك بۆ بارزانی هەر بەردەوام بووە.

لێشاوی خەڵك لە شەقامی شەستی هەولێر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بە پیٚ لە دوای تەرمی فەرەنسۆ دەڕۆیشتن، ئاخر فەرەنسۆ هەر لەو رۆژەی پەیوەندی بە ریزە کانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزنەوە کردووەلە ١٩٦٣، بە دڵ و گیان لەپێناو کورد و کوردستاندا تێکۆشاوە و خەباتی کردووە... وێڕای هەموو ئەو کارەسات و نسکۆیانە ی چەندان ساڵ بەسەر شۆڕش هاتن، ئەو بەقەد تاڵە موویەکیش لە بارزانی دوورنەکەوتۆتەوە... بەردەوام و بەدرێژایی چوار دەیەی تەمەنی لە سایەو سێبەری ئە ودا بووە... ئەمە وای کرد ببێتە یەك لە رەمزە کەم وێنەکان، کە ئەم حاڵەتە ناوەزە و پڕ وەفا و دڵسۆزییەی تێدا بەرجەستە بێت و تێیدا ڕەنگ بداتەوە... ئەو ئێستا بەسەر شانی خەڵکەوە هەڵگیراوە و ئاپۆڕەی خەڵکیك چاو بەرۆندك نەفرەت لە بکوژانی فەرە نسۆ دەکەن، کە لەڕاستیدا هەر بکوژی ئەو نەبوون، بەڵکوو ئەوان ویستیان کلتوور و

ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی و جووڵە و ڕۆحی وەرزشی و ئەزموونی تێکڕای کوردستان لەبەین ببەن.

ڕۆژی دووەمی کەرنەڤاڵی ماڵئاوایی لە یاریگای وەرزشی ناوەندی هەولێر بوو، کە مواسەفاتی یاریگا نێودەوڵەتییەکانی هەیە.. فەرەنسۆ شەو و ڕۆژی لێك دابوو تاکوو ئەم یاریگەیە بە شێوەیەکی جوان و ڕێکوپێك دروست بکرێت... تاکوو هەزاران ئارە زوومەندی وەزرشی لەخۆ بگرێت، بە جۆرێك کە شایەنیان بێت و خولیاکانیان بەدی بێنێت... هەروەها بۆئەوەی لە مانگی تەمووزی هەموو ساڵەکان ببێتە شوێنی ئاهە نگی دەرچووانی پەیمانگا و کۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەدین دوای ئەوەی بڕوانامەی زانکۆ وەردەگرن و سوێند دەخۆن ببنە کادیری دڵسۆز و لە دووبارە بنیاتنانی کوردستان کە دووچاری وەحشیترین پەلاماری دووژمنان بووەتەوە، بەشداربن. وە ختێك کەژاوەی تەرمی فەرەنسۆ بەنێو گۆڕەپانی یاریگاکە ڕەت بوو، گریە و ناڵەی قوتابیانی خوشك و کچانی فەرەنسۆ تێکەڵ بەهاتوهاواری ئەو ژنانە بوو، کە لەو ڕێگە یەدا کوڕ و هاوژین و برایان بەخت کردووە، هەروەها لەگەڵ ئەوانەی دیکەش کە لە تراژیدیا و خەبات و داستانەکانی گەلەکەیان پشکی خۆیان وەرگرتووە، کە لەزۆربەی کاتەکاندا تەنیا کێوەکان دۆستیان بوون.

خاتونێکم لە دەرەوەی یاریگا بینی، بەکوڵمی چەپی خۆیدا دەکێشا، گوتم: ها! دایەگیان چییە بۆ وا بەهێز لە دەموچاوت دەدەیت؟ بەئاخ هەڵکێشانەوە وەڵامی دامە وە و گوتی: "حەز دەکەم ئەو شۆڕەسوارە لەتابووتەکەی بێتە دەر و بەپێیان بەنێو ئاپۆڕەی خەڵکدا بڕوات، بزانێ ئەو خەڵکە چەند بەوەفایە بۆ ئەو و ئەوانەی وەك ئە ون." لە وشەکانی ئەو ژنە دڵنیا بووم، بەڵام لە دڵی خۆمدا گوتم: " لەوەیە ڕۆژێك فەرەنسۆ چاکەیەکی لەگەڵ کردبێت، بۆیە ئەمڕۆ وا بەکوڵ دەگری و لەخۆی دەدات." ڕۆژی دووەمی مەراسیم بە سواری تاکسییەك گەڕامەو ەماڵ، خاوەنەکەی ڕادیۆی (دە نگی کوردستانی عێراق)ی کز کرد، کە خەریکی لاواندنەوە و برووسکە و سەرەخۆشی بوو، ئەوسا گوتی: "بەمەراسیمی ئەو پیاوە سەرسام بووم، قەت نەمدەزانی ئەو پیاوە

**له دڵی خەڵکی هێندە خۆشەویست و شیرینە... ئەوە دوو رۆژە کارمان نەماوە، هەموو خەڵك بەتاك و کۆ دەچنە پرسەی ئەو پیاوە، ناوی ئەو بەسەر دەمی هەموو کەسێکەوە یە، بەم کارەساتە خەمناك و دڵحەزینن." منیش گوتم: لەبارەی چ کارەساتێك قسەی دەکەیت؟ خۆ ئەوە کارەسات نییە، بەڵکوو ئەوە تاقیکردنەوەیەك بوو، ئازیز و خۆشە ویستەکەی ئێمە بەبێ واستە لێی دەرچوو!" لەو کاتەدا خاوەن تاکسییەکە تۆزێك هێواشی کردەوە و تەماشایەکی منی کرد و گوتی:" برا! قسەکانت زۆر جوانن بەقسە ی سیاسییەکان دەچن، بەڵام من بەکارەساتی لە قەڵەم دەدەم... کارەسات لای من بریتییە لەوەی کەسێك هەموو ژیانی خۆی بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی تەرخان کردبێت و لە لوتکەی چالاکییەکانیدا چەند کەسێکی نەزان و نەفام تەقەی لێ بکەن و کۆتایی بەژیانی بهێنن، وەکوو فەرەنسۆ... ئەرێ ئەگەر ئەوە کارەسات نەبێ، کارەسات چییە ؟" کە ژاوەی ئۆتۆمبێلان هاوڕێ و هاوەڵان و خۆشەویست و پەیڕەوانی نەهجی سیاسی فەرەنسۆیان لەهەولێرەوە لە رێگەی هاملتۆنەوە بەرە و شارۆچکەی هەریری شوێنی لەدایکبوونی دەبرد، کە چەندان جار لە بەرامبەر هاوڕێ و دۆستانی گوتوویە تی کاتێك ئاودیوی ئەودیو بووم، تەرمەکەم لە (قەڵاتەسوور) بەتەك گۆڕی باپیرەم (کانوون) بشارنەوە. منیش لەگەڵ هاوڕێیان (مومتاز حەیدەری) و (زیرەك کەمال) بە ئۆتۆمبێلی خۆم بەرەو ئاراستەی ئەو شوێنە دەڕۆیشتین... بەهۆی ئەو کۆستە گەورە وە بە دەگمەن نەبێ هیچ وشەیەکمان پێ نەدەگوترا. کامەران خەفاف رۆژنامەنووس لە دەنگی کوردستان بڕگە پەخشان و برووسکەی نێردرا و بۆ سەرۆك مەسعوود بارزانی بە بۆنەی ئەو کۆستە گەورەیە دەخوێندنەوە، کە تێکەڵی کردبوو بە پارچە سامفۆنیای حەزین، راستییەکەی منیش خۆم پێ نەگیرا و بۆ هاوڕێ و دۆستی ئازیزم فەرەنسۆ هەریری گریام، کە یەکەم جار لەساڵی ١٩٥٩ لەشاری کۆیە ناسیم... ئاشنابوونی من بە ئەو لەم چەند وێستگەی خوارەوەخۆی دەبینیتەوە:**

**وێستگەی یەکەم:**

کاتەکە پاییزی ساڵی ١٩٥٩ بوو، من پۆلی یەکی ناوەندی بووم لە ناوەندی کوڕانی کۆیە، تێکەڵی چالاکییە وەرزشییەکان ببووم، بەتایبەتی یاری راکردن و تۆپێن. کەشوهەوای سیاسی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ هێز و وزەی شاراوەی نێو سیاسەت و وەرزش و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی روو بە ئاسۆیەکی فراوانتر و سە ردەمێکی نوێ تەقاندبوونەوە. چالاکی سیاسی بە ئاشکرا دەکرا، جووڵەی وەرزشی بەهۆی کەشوهەوای ئازادی، زیادی کردبوو. چین وتوێژە کۆمەڵایەتیەکان تیمی تۆپێنی تایبەت بە خۆیان هەبوو، لە بۆنە نیشتمانییەکان و رۆژانی پێشەنگای ساڵانە ی قوتابخانەکان، ڕکابەری و پێشبڕکێی یەکیان دەکرد. لە کۆیە یانەی برووسکی هە ولێر و هەڵبژاردەی سلێمانی پێکگەیشتن و لە یاریگای کۆیە رووبەڕووی یەك بوونەوە .

لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە تاسە و حەزی ئەو یاریەم دەکرد. لە گەڕەکی خۆمان تیمێکمان پێك هێنابوو، ناوەکانی :( یۆرا، عەموو بابا، جەموولی) کەشێکی جادوویی بۆ دروست کردبووین. دوای ئەوەی گەیشتمە خوێندنی ناوەندی، چوومە نێو تیپی لاوەکی کۆیە و کرامە یاریزانی یەدەگ لە یاری تۆپی پێی ئەهلی، ئەو دەم لە هەموو تیمەکان زیاتر لە کۆیە ناو و شۆرەتی دەرکردبوو، خوالێخۆشبوو (فەتاح حەکیم) سە رپەرشتیی دەکرد، کە یەکێك بوو لە ئەندامە چالاکەکانی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان... من لەچاو تەمەنی خۆم گەورەتر دەردەکەوتم، ئەمە بۆ گەیشتن بەئاواتە کانم یارمەتیی دەدام. رۆژێکی بەهار لە چاوەڕوانی وادەی گەیشتنی فەریقی تۆپی پێ و باسکە و پاسکتبۆڵی هەولێر بووین، خەڵکێکی زۆر لە عەودالْ و شەیدایانی وەرزش بەرەو باڵەخانەی (دار الضیافة)ی حکوومی دەچوون بۆ پێشوازی وەرزشوانانی هە ولێر... کە هاتن گەنجێکی بەژن زراڤ و بەقەد و قیافە و ڕەنگ ئەسمەریان پێشکە وتبوو، ڕووخۆش و کراوە بوو، بە دەنگێکی بەرز قسەی دەکرد، یاریزانەکانی هە ولێری دەناساند و ناوی دەخوێندنەوە: "عزەدین، عیسا، زەکریا، فارووق)، لە بەرامبە ریشدا فەتاح حەکیم ئێمەی ناساند، کاتێك گەیشتە ناوی من گەنجە بەقەد و قیافەکە

(فەرەنسۆ) گوتی: "شیعریش دەنووسی؟" گوتم: بەڵێ... چۆن ئەمەت زانی. گوتی: "بەر لە ماوەیەك لە رۆژنامەی (پێشکەوتن) شیعرێکت بەناوی (کوردستان) بڵاوکردبووەوە، گوتم: بەڵێ هەوڵی شیعر نووسینیشم هەیە. (رۆژنامەی پێشکەوتن لەژمارەی لە ٩/٦/ ١٩٥٨ شانزە بەیتی قەسیدەیەکی منی بەناوی (خاکی کوردستان) بڵاوکردبوویەوە، هەڵبەت لەگەڵ پێشەکییەك کە چوار دێڕێك دەبوو، خوا لێخۆشبوو محەمەد تۆفیق وەردی نووسیبووی و بە شانوباڵی منیدا هەڵدابوو، کە لەو تەمەنەدا شیعر لە مەدحی کوردستان دەنووسم."

ئەمە سەرەتای پێك ئاشنابوونی من و فەرەنسۆ بوو، لەو کاتەوە تاکوو ساتی شەهیدبوونی بەردەوام بوو، بەڵێ تا ئەو کاتەی لە رێگەی بەجێهێنانی ئەرکی نیشتمانیدا کە بەحوکمی ئەوەی بەرپرسی لقی دووی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، تیرۆرکرا پەیوەندییکەمان لە هەڵکشان دابوو، تا دواجار پەیوەندییە کە بووە هاوڕێیەتییەکی قووڵ و لە قۆناغەکانی دیکەدا وەك هاوڕێی یەك رێگە لە ریزە کانی حزبدا کارمان دەکرد و هەر یەکەو لە پێگەیەك و شوێنی جۆراوجۆر لە خاکی پیرۆزی کوردستان خزمەتمان دەکرد.

دوای ئەوەی بۆ یەکەم جار لە شاری کۆیە پێك ئاشنابووین ئیتر تا تێپەڕینی چوار ساڵ بەسەر ئەو دیدارەدا یەکترمان نەبینیەوە.

**وێستگەی دووەم:**

دوای کودەتا خوێناویەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ گۆڕانکاری گەورە لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقی ڕوویدا، لە ئەنجامدا ڕژێمی عەبدولکەریم ڕووخا و حزبی بەعس و کوتلە نەتەوەییەکان هاتنە سەر حوکم، ئامانجی سەرەکییان لەناوبردنی دژە بەرە سیاسییەکانیان بوو بەشێوازێکی خوێناوی و دڵڕەقانە. سەرکردایەتی کورد لەگەڵ دە سەڵاتی نوێ کەوتە گفتوگۆ ئەوەش بەر مەبنای لێکتێگەیشتنی بەشێك لە سەرکردایە تی پارتی، بە ئومێدی گەیشتن بە رێگەچارەیەکی وا جووڵانەوەی رزگاریخوازی

کوردستان رازی بکات، که دوای هەوڵێکی زۆری ئاشتییانە شۆڕشی چەکدارییان لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ راگەیاندبوو بۆ دانانی سنوورێك بۆ ئەو بێڕێزیانەی دەسەڵات دەیان کات و گەلی کورد لەنێو نەتەوەی عەرەب دەتوێنێتەوە، هەروەها بۆئەوەی مادده ی سێیەمی دەستووری کاتی کە دەڵێ: (هاوبەشی کورد و عەرەب) لە نیشتمانی عێراقدا جێبەجێ بکرێت... بەڵام دەوروبەری عەبدولکەریم قاسم بە مەدەنی و سە ربازی دڵکرمی و کینەدار بوون، تەنانەت لە عەبدولکەریم قاسم خۆشی، کە دواتر پیلانیان لێ گێڕا... ئاسۆی تەسکی عەبدولکەریم قاسم و نەخوێندنەوەی واقیعی سیاسی و پێکهاتەی نەتەوەیی عێراق، درزی ناکۆکییەکانیان فراوانتر کرد و وایان کرد فەریق عەبدولکەریم قاسم لە ئامانجەکانی شۆڕش دوور بکەوێتەوە، کەرۆژی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ بەڕێوەی برد و سەرەتا مژدەی ئەوەی دا، کەشۆڕشی ١٤ی تەمووز دە بێتە فریادڕەسی چەوساوەکان و ماف بۆ خاوەن مافەکان دەگەڕێتەوە و هەموو ئەوانە ی دۆخی سیاسیی عێراقیان تێکداوە لەناودەبرێن و کوردەکانیش بەمافی عادیلانەی خۆیان شاد دەبن." بەڵام بەداخەوە، ڕووداوەکان بەگوێرەی خواستی گەلی عێراق گوزەریان نەکرد، ئاراستەی نیشتمانی گۆڕا و ئاراستەیەکی دیکە سەری هەڵدا، کە دوژمنی جووڵانەوەی نیشتمانی عێراقی بوو، لە ئیعتیراف بەمافەکانی گەلی کوردستان خۆی دزییەوە، ئەمە ڕێخۆشیی بۆ ڕووخانی دەسەڵاتەکەی و لەبەین چوونی خۆی و هاوڕێکانی کرد. لە سەروبەندی ئەو گۆڕانکارییە نوێیانە چەندان بە ڵێن بەگەلی کوردستان درا، کە گوایە بە کۆتایی هاتنی ڕژێمی پێشوو، بەڵێنەکان جێبەجێ دەکرێن و ڕێز لەمافەکانی گەلی کورد دەگیرێن... بەڵام وەك لە رۆژانی دواتر دەرکەوت، بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە ئاشتیانە، ئەم بەڵێنانە لە بیروباوەڕی ئەو ڕژێمەدا هەر نەبووە، بەڵکوو ئەمە وەك تاکتیکێکی سیاسی بووە، مەبەستیش لێی لەناوبردنی دژەکانی بووە، دواتریش دەستگرتن بووە بەسەر شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، هەروەك پێشتر خەونیان پێوە دەبینی.

لە سەرەتاکانی مانگی حوزەیرانی ١٩٦٣ بەرلەوەی سوپای عێراقی بگاتە شاری کۆیە، خێزانی ئێمە و چەندان خێزانی دیکەی کۆیە، رووومان لە شاری (قەڵادزێ)ی ناوچەی ئازادکراوی شۆڕشی کوردی کرد، کە لە دەسەڵاتی حکوومەتەوە دوور بوو، دواتر بەرە و گوندی هەڵشۆی سەر سنووری ئێران چوون و هەموو شتێکیان لەدوای خۆیان بەجێهێشت: خانوو، کەلوپەلی ناومالْ، بەرژەوەندی ماددی...هتد. لە مانگی تەمووزی ١٩٦٣ قەڵادزێ لە خەڵکی ئاوارەی ناوچە جۆراوجۆرەکانی عێراق و کوردستان جمەی دەهات، کە لەترسی ستەم و دەسەڵاتی توندڕەوی سەربازی عێراق کە وشك و تەڕیان پێکەوە دەسووتاند، هەڵاتبوون.

ئێوارەیەك، بەدیاریکراوی ناوەڕاستی مانگی تەمووز لە کاتێکدا لەگەڵ دەستەیەك هاوڕێ بەرەو (گردی حوسەینی) دەچووین – ئەو گردە دەکەوێتە باشووری خۆرهەلاتی شاری قەڵادزە ئەو کاتانە ئەوێ جێگەی پشوو وەرگرتن و پیاسەبوو. لە کاتێکدا خەریکی باس و خواسی هەواڵەکانی بەرەکانی جەنگی نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی سەربازی سوپای عێراق بووین، لەگەڵ فەرەنسۆ لە دەروازەی (قەڵادزێ) تووشی یەك هاتین... ئەو بەقەد و قیافەی جلوبەرگی خاکی بوو، جامانەیەکی سووری لەسەر پێچابوو، تفەنگێکی ئینگلیزی لەشان کردبوو، جانتایەکی بچووك و رادیۆیەکی چکۆلەی پێی بوو... سەرەتا نەمناسی، بەڵام ئەو یەکسەر منی ناسییەوە و پرسیاری ئەوەی لێ کردم لە (قەڵادزێ) چی دەکەم؟ دوای کۆمەڵێك پرسیار و وەڵام بەکەسێکی دیکەی ناساندم کە دوو مەتر لێمەوە دوور بوو، ڕووی تێکرد و پێی گوت: "ئەمە کاك فەرهادە کوڕی شاعیری نیشتمانی عەونییە، لە شاری کۆیە لەدایك بووە، ئێستا زانیم ك هەموویان پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردووە، بەر لە چوار ساڵ لە شاری کۆیە ناسیم، گەنجێکی وەرزش دۆستە." بەر لەوەی فەرەنسۆ قسەکانی خۆی تەواو بکات، کەسی دووەم قسەی بڕی و بەسەر ڕوویەوە زەردەخەنەیەك دەرکەوت و گوتی: "ئەی ماڵت کاول بێت زاکیرە! کاتێك ئێوە قسەتان پێکەوە دەکرد، لەدڵی خۆمدا گوتم سە روفیساڵی ئەو کوڕە غەریب نییە، وەك ئەوەی بیناسم، کاتێك ناوی عەونی و شاری

کۆیەت هێنا، ئەوسا بیرم کەوتەوە کاتێك بارزانی لە مانگی ئازاری ئەو ساڵەدا، لە کاتی سەرۆکایەتیکردنی کۆنگرەی گەورەی حزبی و میللیی میوانی کۆیە بوو بۆ روونکردنەوەی بۆچوون و داخوازییەکانی شۆڕشی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بەر لەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ بکەونە دانووستان، لەو کاتەدا سەردانی ماڵی عەونیمان دەکرد. میوانداری ئێمە و کۆمەڵێك کەسایەتیی کوردییان کرد، نموونە ی تەحسین سەعید بەگی یەزیدی، عەباس مامەنداغا، ئیسماعیل سوارئاغا، مەلا باقی، بیست رۆژ ماینەوە، ئەودەم فەرهادم ناسی، تا کۆتایی لە مەجلیسەکەمان دادە نیشت." دوای ئەو گفتوگۆییەی نێوانمان مۆڵەتم لە هاوڕێیان خواست و لەگەڵیاندا ڕوو بەرەو سەنتەری شار چووین، دواتر بۆم دەرکەوت کەسی دووەم عەبدوڵڵا ئیسحاقی ناسراو بە(ئەحمەد تۆفیق) سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە، کەسایەتییەکی سیاسی پێگەدار بوو، ڕۆشنبیرییەکی فراوانی هەبوو، هەموو هەوڵ و توانای خۆی بۆ خزمەتکردنی شۆرش و بارزانی تەرخان کردبوو... دڵنیابووم بارزانی لەگەڵ فەرەنسۆدا بۆ ئەرکێکی ڕاسپاردوون... داوام لێکردن بچینە ماڵی ئێمە، کە بە رلەوەی ڕوو لە هەڵشۆ بکەین خانوویەکمان بەشێوەیەکی کاتی بەکرێ گرتبوو... بەڵام خوالێخۆشبوو ئەحمەد تۆفیق بەهۆی سەرقاڵی و نەبوونی کاتێکی وا، داوای لێبووردنی کرد، لەبری ئەوە داوای کرد بچینە (چایەخانەی مستەفا) لەلای چەپی دە روازەی قەڵادزێ، کە برێك لە شەوان لەگەڵ هاوڕێیاندا دەچووین لێی دادەنیشتین... خاوەنەکەی پێش چایخانەکەی بە ئاو دەڕشاند و کورسیی لێ دادەنا، یانی بۆ کات بە سەربردنێکی خۆش لە وەرزی هاویندا بەشێك لە شەقامەکەی بە کورسی گرتبوو. دوای ئەوەی چامان خواردەوە و پشوویەکی کورتمان وەرگرت، یەك لە ئەفسەرانی عە رەبیش کە لەمێژ نەبوو پەیوەندیی بە ریزەکانی شۆڕشەوە کردبوو لە سەربازگەی نزیك (بلە)، هاتە نێو کۆڕی دانیشتنەکەمان... ئەو لە حزبی شیوعی عێراقی بوو، ناوی (مەهدی خەفاجی) بوو، پلەی رائیدی هەبوو... هاوکات فەرەنسۆ هەریری ناسیە وە و لەکاتی پەیوەندیکردنی بە شۆڕشی کورد لە دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ هاوکاری کردووە... هەموومان کەوتینە باس و خواسی دوورودرێژ لەبارەی کاروباری

سیاسی و هەواڵی جەنگ و کوشتار لە بەرەکانی جەنگ... چونکە لە هەموو ناوچە کاندا شەڕ گەرم بوو، بەتایبەتی لەبەرەی (ئامێدی، بارزان، ئاکرێ.) بەیاننامەکانی حکوومەتی عێراق بەناوی سەرۆکی عەمەلیاتی ناوچەکانی باکوور عەقید سەعید فه تحی سەقلی دەردەچوون، شانازی بەسەرکەوتنە وەهمییەکانی دەکرد، وەك هەمیشه دووبارەی دەکردەوە: "باکووری خۆشەویستمان لە چڵك و چەپەڵی خائینان و نۆکه رانی مۆسکۆ پاك بوویەوە." لەکاتێدا خەریکی قسەکردن بووین، بەیانێکی نوێ بە ناوی سەرۆکی کردە سەربازییەکانی دەرچوو، تێیدا هاتبوو: "ناوچەیەکی فراوانی دە ڤەری (شوان)ی سەر بە کەرکووك بە هەماهەنگی هێزە سەربازییەکان و جەنگاوەرانی خالیدی کوڕی وەلید و سەلاحەدین پاککرایەوە." بەرلەوەی هەواڵبێژی ڕادیۆی بەغدا بەیانەکەی تەواو بکات، فەرەنسۆ بەدەنگێکی بەرز گوتی:" دوایی چی؟ لەکۆتاییدا تە نیا دەسەڵاتدارانی بەغدا زیانمەند دەبن، ئەوەی چاندیان دەبێ بیدروونەوە! ڕاستییە کەی ئەوان گەوجن و مێژوو ناخوێننەوە، ناپلیۆن گەیشتە لێواری مۆسکۆ و تێکشکا... خۆ دەسەڵاتدارانی بەغدا هێندەی هیتلەریان بەبەرەوە نییە، کە سوپاکەی تێکشکا و پاشەکشەیان کرد، نەیتوانی ئەو پاشەکشێیە نە لە خاکی سۆڤییەت و نە لە ئەورووپای خوراوا رابگرێت... ڕۆژێك لەڕۆژان پێی وانەبوو شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا هەرەس دێنێت، منیش دڵنیام شۆڕشی کورد خۆڕاگر دەبێت و لە رووخانی ئەو رژێمەشدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی دەبێت." پێشبینییەکەی فەرەنسۆ ڕاست دە رچوو، هێشتا پێنج مانگ تێنەپەڕی بوون ڕژێمی نوێ ڕووخا.

دانیشتنەکەمان زیاتر لە سەعاتێکی خایاند، دوای کۆتایی هاتن کاك فەرەنسۆ پرسیاری لێ کردم ئاخۆ چی دەکەم لە کاتێکدا بەهۆی دەستپێکردنەوەی شەڕوشۆڕ ساڵێکی خوێندنم لەدەست چووە، پێم گوت لەگەڵ مامم (عومەر حەبیب) پەیوەندی بە تەشکیلاتی (دادگای بەرزی شۆڕش)ـەوە دەکەین، کە تازە دروست بووە، بارەگایان لە ماوەتی سەر بە پارێزگای سلێمانییە... لێرەدا دەموچاوی گەشانەوە و دەستی گوشیم و پیرۆزبایی لێ کردم و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستم، بەگاڵتەوەیش گوتی: "ئێستا

**له ماوەت هیچ چالاکییەکی وەرزشی نییە، هەوڵدە تیمێکی تۆپی پێ لە دیل و زیندانییەکان پێك بێنی. زیندانی لەلایەك و دیلیش لەلایەکی تر، منیش تۆپتان بۆ دە نێرم. دوای ئەوەی قسەکانمان تەواوبوون بە ئومێدی دیدار لە نزیکترین کاتدا خواحافیزی لێ کردم، کاتێك چەند هەنگاوێك لێم دوورکەوتەوە، لای لێ کردمەوە و گوتی:" با سیاسەت وەزشت لەبیر نەباتەوە."منیش دوو هەنگاو بەرەو لایان چووم و وەڵامم دایەوە:" ئاخر کوا سیاسەت دەرفەتێکی بۆ وەرزش هێشتووەتەوە؟" زۆر بە خێرایی و روون و رەوانی گوتی:" گرنگ ئەوەیە کەسی سیاسی رۆحێکی وەرزشی هە بێت، دەنا سیاسییەکی سەرکەوتووی لێ دەرناچێت." دواتر بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە کەی بارزانی ڕۆیشتن، دوای چەند رۆژێك بە هاوەڵی مامم چووینە ماوەت، لەوێ کارێکی نوێ لە یەکێك لە جومگەکانی شۆڕش چاوەڕێی دەکردین... دواتر چوار ساڵی دیکە فەرەنسۆم نەبینیەوە.**

**وێستگەی سێیەم:**

**هێشتا مانگێك بەسەر کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان تێنەپە ڕیبوو، کە لە ١٤-١٦ی تەمووزی ١٩٦٧ لە گوندی (تیمزاوە)ی ئازادکراوی سەر بە کە رکووك بەسترابوو... ئێمە (ئەندامانی لێژنەی ناوچەی بەغدا)ی قوتابییانی کوردستان کە پێکهاتبوون لەهاوڕێیان (تەحسین ئەتروشی، عادل فازڵ لەیلانی، جەلال خۆشناو، فەریدوون عوسمان، عەبدولرەحمان عەزیز، جەواد شێروانی و من) بڕیارماندا دوو هاوڕێ بۆ ناوچەی گەلاڵە بنێرین و پەیوەندی بە سەرکردایەتیی پارتییەوە بکەین بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێك باس و کاروباری پەیوەست بە کۆنگرەی پێنجەم و ئەنجامە کانی، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی چەند گرفتێکی ڕێکخستن و لادانی هەموو لایەنە سلبییەکان لە کاروباری یەکێتییەکە. لێژنەی ناوچەی بەغدا ئەو کات بەهێزترین لیژنە ی یەکێتیی قوتابییان بوو، بەرپرسی ڕێکخستنی یەکێتیی قوتابیانی زانکۆی موستە نسەریە و بەغدا و ئامادەییەکانی بەغدا بوو، هەروەها بەرپرسی ڕێکخستنی لێژنەی خۆجێی خانەقین و کوت و زانکۆی بەسرە بوو، بەدەر لەوەش لە ڕێگەی عادل لەیلانی**

و فەرەیدوون عوسمان و هیوا جەلال حەمدی کاریگەرییان بەسەر ڕێکخستنەکانی کە رکووك و سلێمانییەوە هەبوو... بەهەرحاڵ، لیژنەی ناوچەی بەغدای یەکێتیی قوتابییان، دوو کەسیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە بۆ (گەلاڵە) ڕاسپارد، کە ئەوانیش جەلال خۆشناو و بەندە بوون.

لە ئاخروئۆخری مانگی ئابی ١٩٦٧ بەرە و شەقلاوە هاتم، کە پێشتر لەگەڵ جەلال خۆشناو ڕێککەوتبووین، شەوێك لەوێ مامەوە، بەیانی لەڕێگەی شۆفێرێکی ئاشنای جەلال، بەرەو ڕواندز هاتین، بۆ ئەوەی کەس گومان نەکات بڕێ کاتمان لە بێخاڵ بەسە ر برد و دوای عەسر بە ئۆتۆمبێلێك، کە خاوەنەکەی پارتی بوو بەرە و گەلاڵە ڕێمان گرتە بەر، شۆفێرەکە شارەزاییەکی باشی لە ڕێگەك هەبوو، دەیزانی چۆن لە بازگە حکوومییەکان خۆی دەرباز بکات. سەعات پێنجی دەمەو عەسر لە دەربەندی (ڕایات) ئۆتۆمبێلەکە ئێمەی دانا و ڕۆیشت. دەربەندی ڕایات لە قەراغ ڕووبارێکی پڕ لە دارو درەختە، چەند کورسییەکی دارین لە ناوەڕاستی ئاوی ڕووبارەکە دانرابوون، هەر کە گەشتیار و میوانان دەگەیشتنە ئەوێ دەچوون قاچەکانیان دەخستە ئاوی ڕووبارەکە و هەناسەیان وەردەگرت و دواتر نان و چایان دەخوارد. لە کاتێکدا من و جەلال قاچە کانمان خستبووە ناو ئاوی ڕووبارەکە و دەموچاومان بەو ئاوە کەللە تەزێنە فێنك دە کردەوە، ئۆتۆمبێلێك لە جۆری (جێبی ئەمریکی) لە ڕاستی شەقامەکە وەستا، دیاربوو لە چۆمانەوە هاتبوو، دوو کەسی لێ هاتنە خوارەوە، یەکسەر فەرەنسۆ هەریریم ناسییەوە، بە دووریی پێنج مەتر لە من، پێکەنی و گوتی: "وابزانم بە ڕێی قاچاخدا هاتوون، ئەگینا بۆچی بەر لەوەی بێنە ئێرە، لە گەلاڵە بەلای مندا تێپەڕ نەبوون؟" دواتر بەرەو لامان هات و بەگەرمی تەوقەی لەگەڵ کردین و ماچی کردین، چونکە پێشتر دەمناسی، هاوڕێ جەلال خۆشناویشم پێ ناساند، کە قوتابیی کۆلێژی ئە ندازیاری تەکنۆلۆژیای بەغدایە و یەك لە ئەندامانی لیژنەی ناوچەی بەغدای یەکێتی قوتابییانی کوردستانە، گوتی: "من پێشتر دیدەنیم نەکردووە، بەڵام بەناوەکەی دە یناسم و زانیاریم هەیە کە لە ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابییانی بەغدا کار دەکات، یاخوا

بەخێربێن." ئینجا کورسییەکی هێنا و لەتەنیشت ئێمە داینا، لە دەوری مێزەکەی بە ردەمی جەم بووین و پرسیاری کرد:" نانتان خواردەوە، برسیتان نییە؟" گوتمان: " بەیانی لە شەقڵاوە هاتین و نانی نیوەڕۆمان لە بێخاڵ خوارد، دوای نیوەڕۆ گەیشتینە ئێرە، هەست بە برسیبوون ناکەین، چونکە تەنیا سێ سەعات بەسەر نانخواردنی نیوە ڕۆمان تێپەڕیوە... دەرکەوت فەرەنسۆ بەرەو حاجی ئۆمەران دەڕوات، پرسیاری سە ردانمان و شوێنی مانەوەی لێ کردین، کاتێك مەبەستی سەردانەکەی ئێمەی زانی و درکیشی بەوەکرد کە تا ئەو چرکەساتەش هیچ شوێنێکی جێگریمان بۆ مانەوە نییە، زۆری لێ کردین کە ئێمە دەبێ لە گەڵاڵە میوانی ئەو بین... دواتر ڕووخسەتی لێ خواستین و پێی گوتین مەوعیدێکم لە حاجی ئۆمەران هەیە و ناتوانم دوای بخەم و دە بێ لە کاتی خۆیدا بگەم... دواتر ئێمەی سەرپشك کرد تا گەڕانەوەی لەو چایخانە بمێنینەوە یان بڕۆینە شوێنێکی دیکە، ئێمەیش پێمان گوت حەز دەکەین لێرە بمێنینەوە پشوویەك وەردەگرین و چاوەڕێی هاتنەوەی جەنابت دەکەین.

دوای ئەوەی خۆرئاوابوو و پشوویەکمان وەرگرت، کە لەوێ کەشوهەوا فێنك و لەبار بوو، لەبەر ئەوەی ئەوێ دەکەوێتە نێو چەند زنجیرە چیایەکی سەرکەش و زوو تیشکی خۆری لێ ئاوا دەبێ، کەشوهەواکەی دڵگیر و فێنکە.... لە کاتێدا ئێمە لەچایخانەدا دانیشتبووین و تەماشای گوندی (دەربەند)مان دەکرد، هەروەها دە مانڕوانییە زنجیرە کێوی داپۆشرا و بە دار و درەختی چڕوپڕ... لەو کاتەدا کاك فەرە نسۆ دەرکەوت و بەسەر سووکانی سەیارەکەوە بانگی کردین: "ها! چییە، لە تە ماشاکردنی دیمەنی شاخەکان تێر نەبوون؟ فەرموون وەرن سواری سەیارە بن." ئیتر بەرەو گەڵاڵە رۆیشتین، لە رێگا باسی سروشتی ناوچەکە و بارەگاکانی حزبی دەکرد، بەبێ ئەوەی بچێتە نێو وردەکاری... کاتێك بۆ یەکەم جار گەیشتینە گەڵاڵە، کە لەلایەن راگەیاندنی جیهانی بە پایتەختی شۆڕش ناوی دەرکردبوو، ئەمەش وەختێك هە واڵێکیان لە بارەی (یاخییەکانی کورد، بەگوێرەی دەربڕینی خۆیان) دەخوێندەوە.

**راستییەکەی گەلاڵە لای ئێمە زۆر ئازیز و خۆشەویست بوو، پێشتر کاتێك لە رادیۆکان گوێمان لە ناوی دەبوو، بە یەکێك لە خۆشترین شوێنەکانی جیهانمان دادەنا.**

**لە پێش دەرگەی ماڵی فەرەنسۆ لە گەلاڵە، کە دەکەوتە کۆتایی رێیە خواروخێچ و سکەڕێژ نەکراوەکە، چەند کەسێك وەستابوون چاوەڕێی هاتنەوەی فەرەنسۆیان دە کرد، هەر یەکەو بۆ کارێکی فەرەنسۆ لێبڕابوو، دوای دەخوولەك، بە لێهاتوویی خۆی مشووری کاروباری ئەوانی ڕێکخست. دواتر چووینە ژوورەوە و راستەوخۆ چووینە سەربان، رایەخی سووکەڵە لە دوو لا راخرابوون، سفرەیان راخست، بێدەنگی باڵی بە سەر ئەو ناوەدا کێشا، ئەستێرە لە ئاسمانی گەلاڵەدا زۆر جوان و بێگەرد دەردەکە وتن، یەکێك ئامێری بێتەلی ڕەنگ خاکی بۆ هێنا، کە بە پاتری کاری دەکرد، لەبەردەم فەرەنسۆی دانا، راستەوخۆ کاری پێکرد و چەندان تەلەفۆنی لەگەڵ ئەم و ئەو پێ کرد، کە تایبەت بوو بە ڕێکخستنی کاروباری شۆڕشی کورد.**

**دوای ئەوەی نانی ئێوارەمان خوارد، دەرگەی چەندان باس و خواسمان کردەوە، هەموشیان لە بارەی کاروباری ڕێکخستنی قوتابییان بوو لە ڕیزەکانی قوتابییانی کوردستان، هەروەها درووستکردنی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی قوتابییانی تری عەرە بی و بیانی... هەروەها باسی گرفتگەلێکمان کرد کە لەگەڵ بەشێك لە هاوڕێیانمان لە زانکۆی مووسڵ و بەغدا رووبەڕوویان دەبینەوە، کە شوێنەواری خراپیان بەسەر زۆربە ی چالاکییەکانییەوە هەبووە... لەژێر رۆشنایی کۆنگرەی پێنجەم و رۆڵی سەرکردایە تی ڕێکخستنی بەغدای یەکێتیی قوتابییانی بۆ بەرەنگاربوونەوە و رووبەڕوو بوونەوە ی جەماعەتی لەتبوو لە یەکێتیی قوتابییان... هەروەها نامەیەکی مامۆستا ساڵح یوسفی–شمان پێبوو، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و سەرنووسەری رۆژنامە ی (التاخی) بوو، کەلە ٤/٢٩/ ١٩٦٧ یەکەم ژمارەی دەرچوو، دوای ئەو کەشوهەوا سیاسییەی لەنێوان شۆڕشی کوردستان بەسەرۆکایەتی بارزانی نەمر و حکوومەتی فە ریق روکن عەبدولڕەحمان عارف دوای واژووی ڕێکەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ هاتە کایەوە. نامەکەی مامۆستا ساڵح یوسفی ئاراستەی مەکتەبی سیاسی پارتی**

**کرابوو... بیرمە کاتێك لە بەغدا لە نووسینەوەی بووەوە گوتی: "ڕۆڵی سەرکردایەتی لیژنەی ناوچەی بەغدا بەرز هەڵدەسەنگێنن، بەو واتایەی ئەوان سەرە هەرە کاراکەی یەکێتیی قوتابییانی کوردستانن، هیوای خواست مەکتەبی سیاسی گوێ لە بۆچوونە کانتان بگرێت، پاشان ڕێگەچارەی عەمەلی بۆ گرفتەکان بگرێتە بەر." کاتێك فەرەنسۆ مەبەستی چوونەکەمانی زانی، هیچ قسەیەکی نەکرد، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری گشتی پارتییەوە کرد... دوای ئەوەی توانی پەیوەندییەکە وەربگرێت و مەبەستی هاتنەکەی ئێمەی بۆ روون بکاتەوە، وادە ی دیداری ئێمەشی لەگەڵ ئەودا بۆ بەیانی ڕێکخست. دوای پەیوەندییەکە بۆچوونی خۆی لەو بارەوە دەربڕی، چونکە لەو بارەوە زانیاری تەواوی هەبوو، هەوڵی نەدا هیچ رایەکی دیاریکراو بەسەر ئێمەدا بسەپێنێ، ئەمەش بەحوکمی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئێمەو هاوڕێیانی تر... بەڵام دوای پرسیارکردن لە درشت و وردی کاروبارە کان، هاتە ناوەرۆکی گرفتەکان و گوتی: "لە رووی مەبدەئەوە من لەگەڵ ئێوەدا کۆکم، من دڵنیام ئێوە لە بەغدا رووبەڕووی ناخۆشترین دۆخ دەبنەوە، چونکە لایەنی سیاسی بەسەر کارەکانی ئێوەدا زاڵە، دوژمنانی شۆڕشیش لە هەموو کوچە و کۆڵان و بە هە موو رەنگ و چەشنێکەوە مرخیان لێ خۆشکردوون، لەگەڵ ئەوانیش مورتەزەقە و تە وژمی شۆڤێنی عەرەبی و دامودەزگای دەسەڵات بە چاوێکی ئاسوودەوە ناڕواننە هێزی شۆڕش و کەسایەتیی بارزانی... هەموو ئەو لایەنانە لە زۆر شت را جیا و ناکۆکن، بەڵام لە دژایەتی شۆڕشی کورد کۆك و یەکگرن. لەو حاڵەتەدا وەك بارزانی بە ر لە ماوەیەك لە دیداری کۆمەڵێك قوتابیی دیکەی ڕێکخستنی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان گوتی: (لە هەموو شۆڕش و جەنگە نیشتمانییەکاندا قوتابییان سەری رمن.) کەواتە هیچتان لەبەردەم نامێنێتەوە ئەوە نەبێ هاوکاری و یارمەتی یەکتر بن، چونکە دەبێ ئەوە بزانن ئێوە پێکهاتەی شۆڕشی کوردن... سەرەتا پێم گوتن من لە رووی مەبدەئەوە لەگەڵ ئێو ەکۆکم، بەڵام لە رووی شکڵەوە بەتەواوی لەگەڵتان جیاوازم ... چونکە دەزانن کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتە، ڕێز گرتن لە دەرهاویشتەو بڕیارەکانی کۆنگرە باشترین ڕێگەچارەیە... هەوڵدەن بەگوێرەی توانا گرژی و**

ناکۆکیی نێوانتان کەم بکەنەوە، چونکە هەمووتان بەبێ هیچ جیاوازییەك خزمەتی شۆڕش دەکەن ... هەر یەکەتان شانازی بەوە دەکات، کە باڵیۆزی شۆڕشە لەنێوان یە کێتیی قوتابییانی عێراق و غەیری عێراق... ڕوونیشە کە ناکۆکییەکە شکڵییە و کرۆکی نییە. خۆشبەختانەش تەنیا ئێوە هەست بەو ناکۆکییە دەکەن و قوتابییەکانی تر ئاگایان لێ نییە... هەموو هەوڵێکتان بۆ لەناوبردنی ناکۆکییەکان بخەنە گەڕ، تاکو کاریگەریی بەسەر کار و ڕێکخستنەکانتان پەیدا نەکات ... ئەمە ئامۆژگارییەکانی من بوو... بۆ کۆبوونەوەی کاتژمێر یانزەی بەیانیش لەگەڵ مەکتەبی سیاسیدا کەیفی خۆتانە چی دەڵێن و چی دەکەن."

دوای ئەوەی فەرەنسۆ کۆتایی بە ئامۆژگاری و ڕێنوێنییەکانی هێنان، کە بە شێوازێکی رەوان و زمانێکی پاراو و کاریگەر ئاراستەی دەکردین، ئێمەش تاووتێومان دەکرد و گفتوگۆمان لەمەڕ دەکرد، ئەویش جارێك مەدحی دەکردین و شێوازی ئێمەی لە کاروباری قوتابییان بە باشی هەڵدەسەنگاند، جارێکیش لە ورووژاندنی هەندێك گرفتدا رەخنەی لێ دەگرتین... وەختێك بەرەو کۆتایی گفتوگۆکە چووین، گوتی: "لەوەیە بیروبۆچوون و تێزەکانی جووڵانەوە و شۆڕشی قوتابییانی یاخی فەرەنسا کە لە ئایاری ساڵی ١٩٦٧ بە سەرۆکایەتیی قوتابییەکی جوولەکە بە ناوی کوەین دژ بە حکوومەتی جەنڕاڵ شارڵ دیگول سەری هەڵدا، کاریگەریی لە ئێوە ش کردبێت." لەو کاتە دەمم کردەوەو گوتم: ناڕەزاییەکانی قوتابییانی پاریس و شارە کانی دیکەی فەرەنسا لە بنچینەدا ڕووبەڕووی حکوومەتی جەنڕاڵ دیگوڵ بوونەوە، داواکانیشیان ڕوون بوون، دەلوێ بەدروشم و جووڵانەوە رێکخراوەکانیان کاریگەر بووبین، کە هێز و وزەی ئێمەیان زۆرتر کردبێت بۆ وەستانەوە دژ بە دەسەڵاتی سە ربازی کە بەرەبەرە لە ناوەڕۆکی یەککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ پاشگەز دەبێتەوە . لێدوانەکانی ئەم دواییەی سەرۆك وەزیران، هەروەها خۆ دزینەوەی عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەو پەیمانانەی بە کوردی دابوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد... لێرەدا فەرەنسۆ قسەی بڕیم و گوتی: "کەواتە چارەسەر هەر ئەوەیە

ئەو گرفتە سادانە چارەسەر بکەن، بۆئەوەی بە یەکگرتوویی رووبەڕووی هەموو ئەو تە گەرانە ببنەوە، کە رووبەڕووی ئێوە و شۆڕشی کورد دەبنەوە. دڵنیابە! عەقڵیەتی سە ربازی دەسەڵادارانی بەغدا لە ئاراستەکردنی کێشەکانی کورد، بۆنی گەشبینییان لێ نایەت... تکایە لەم بارەوە ئاگادار بن، ئێوە تەنیا دەبێ یزەکانتان یەك بخەن."

لە بەیانیی رۆژی دوایی لەگەڵ بارەگای مەکتەبی سیاسی دیدارمان هەبوو، کاك فەرەنسۆ بەئۆتۆمبێلی (جێبە کۆنەکەی خۆی) بۆ ئەوێ هاوەڵیی کردین و گوتی دوای راپەڕاندنی ئەرکەکەتان حەز دەکەم دووبارە چاوم پێتان بکەوێتەوە، لەکاتی گە یشتنمان بە بارەگای مەکتەبی سیاسی هەر یەك لە بەڕیزان حەبیب محەمەد کەریم، سکرتێری گشتی ئەوسای پارتی، یەدوللا کەریم و خوالێخۆشبوو حەمەدەمین محەمەد عەلی (حەمەدەمین بەگ) ئەندامی لیژنەی ناوەندی. دوای پشوویەکی کورت، نامەی ساڵح یوسفیمان دایە مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم، دوای ئەوەی نامەکەی خوێندە وە گوتی: "نوێنەری ڕێکخستنەکانی قوتابییە قارەمانەکانی بەغدا یاخوا بەخێربێن، ئێمە دەتانناسین بەتایبەتی کاك فەرهاد، چونکە من و باوکی فەرهاد لە تەمووزی ساڵی ١٩٦٢ تا ئازاری ١٩٦٣ هاوڕێی زیندانی نوگرە سەلمان و کووت بووین، فەرموو داخوازییەکانتان بڵێین و با ئێمەیش خزمەتتان بکەین... کاك ساڵح یووسفی بایەخی بە بابەتەکە داوە، ئەوەش هەقی خۆیەتی، چونکە ئەو بەرپرس و سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی ئێوەیە." پاشان بیروبۆچوونی خۆمان بۆ یەکخستنەوەی فکر و کارە کان و بەهێزکردنی ریکخستنەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان لە هەموو ناوچە کانی عێراق خستە روو. دوای چەندان گفتوگۆ گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بەرنامەی کار جێگیر بکەین و کۆتایی بە سلبیاتەکان بهێنین کە لێرە و لەوێ سەر هەڵدەدەن، لەژێر رۆشنایی بڕیارەکانی کۆنگرەی پێنجەم بەرپرسیاریەتییەکان دەستنیشان بکرێن و لیژنە فەرعی و خۆجێییەکان بە کەسانی لێوەشاوە و لێهاتوو و دڵسۆز پڕ بکرێنەوە ... ماڵم هەقە ئامۆژگارییەکانی کاك فەرەنسۆ لە شەوی رابردوو کاریگەریی زۆریان بە

سەرمانەوە هەبوو بۆ خستنەڕووی بۆچوون و ئارامبوونەوەمان و ڕووبەڕوو بوونەوەی گرفتەکان بە ڕۆحێکی وەرزشی، هەروەها دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی عەقلانی و دوور لە دەمارگیری و سڕینەوەی ئەوانی دی.

لە مەکتەبی سیاسی خەریك بوو لە نانخواردنی نیوەڕۆ دەبووینەوە، زەنگی تە لەفۆن لێی دا، دیاربوو فەرەنسۆ بوو سۆراغی ئێمەی دەکرد، وەختێك زانی لەمەڕ ئەم بابەتە چاوەڕێی چاپکردنی نامەیەکین لە مەکتەبی سیاسیەوە بۆ سالح یووسفی، داوای کرد بچینەوە ئەو چاپخانەی، کە لە دەربەندی رایات ڕێککەوتی یەکمان کرد.

سەعات سێی عەسر ئۆتۆمبێلێك ئێمەی گەیاندە دەربەندی رایات... کەشوهەوا گە رم بوو، بۆ شەویش نیازی شەقلاوەمان هەبوو، بەڵام سوور بوونی کاك فەرەنسۆ لەسە ر مانەوەی شەوێکی ترمان و سوور و پێداگیر بوو، داواشی کرد عەسری هەمان ڕۆژ لەگەڵیدا بچینە حاجی ئۆمەران سەر سنووری عێراق-ئێران... دوای ئەوەی لەگەڵ هاوڕێ جەلال گفتوگۆیەکی بچووکمان کرد، وا بە باشمان زانی شەوێکی تریش لە میوانداریی فەرەنسۆدا بمێنینەوە... ئەمەش دەرفەتێك بوو بۆ ئەوەی زیاتر پێك ئاشنابین و زۆرتر ئاگاداری کاروبارەکان بین... لەنێو ئەو هەموو سەرقاڵییەی ئەوەی لەبیر نەچوو، کە یەکێك راسپێرێ لە ڕۆژی دوایی ئۆتۆمبێلێك بۆ گەڕانەوەمان بۆ شە قلاوە ساز بکات، کە شوفێرەکەی یەك لە کەسە باوەڕپێکراوەکانی شۆڕش بوو.

لە بەیانیی ڕۆژی دوایی، فەرەنسۆ لەبەر دەرگەی ماڵەکەیدا ئێمەی بەڕێ کرد، هیوای سەرکەوتنی لە کارەکان بۆ خواستین، هەموو ئامادەییەکی خۆشی بۆ ئاسانکاری کارەکانمان دەربڕی، گوتی پێویستتان بە هەرچی بوو، من ئامادەم... ئە ودەم ئەوەم بەخەیاڵدا نەدەهات، کە دوای دوو ساڵی تر لە حزووری بارزانی نەمر لە گوندی دیلمان بە دیداری یەك دەگەینەوە، ئەویش بەم جۆرەی خوارەوەبوو:

**وێستگەی چوارەم:**

**له پایزی ساڵی ١٩٦٩ دوای ئەوەی حزبی بەعس له شەڕه داسەپاوەکەی بەسەر گەلی کوردستاندا شکستی هێنا، که ئەم شەڕه هەر لەساڵی ١٩٦١ ببوو بەستراتیژیه تی هەموو حکوومەته یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بۆ لەبەین بردنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد... بەڵێ، کاتێك بەعسییەکان دڵنیابوون که جەولەی شەڕەکەیان سەری له شکست دەردەچێت، که چەند مانگێك دوای تێپەڕینی وەرگرتنی حکوومەت بۆ جاری دووەم له١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ دەستیان پیێ کردبوو... ئەو کەڕەته ویستیان تەکنیکەکەیان بگۆڕن و هەوڵیاندا جارێکی دیکه لەگەڵ سەرکردەکانی کورد بچنه نێو گفتوگۆ، ئەم قۆناغه بەنووسینی بابەتێك لەرۆژنامەی (الثورة)ی زمانحاڵی حزبی به عسی دەسەڵاتدار دەستی پێکرد، که نوسیبووی: (چۆن دۆزی کورد چارەسەر بکرێت؟) دواتر گۆڤاری (الطلیعة العربیه) هەواڵێکی لەلا پەڕەی یەکەمدا لەسەر زمانی جێگری سەرۆکی (مەجلیسی قیادەی سەورەی عێراق) سەدام حسێن بەناوونیشانی (بەڵێ، خەریکی گفتوگۆین لەگەڵ بارزانیدا) بڵاو کردبووەوە.**

**دەستەی ڕێکخستنی ناوەندی یەکێتیی قوتابییانی کوردستانیش له نزیکەوه چاودێریی دۆخه سیاسییه نوێیەکەیان دەکرد، چەند پەیوەندییەکی بۆ ڕوونکردنەوه ی ئەم بابەته ئەنجام دا، کاتێك گوێمان لێبوو که شاندێکی شۆرشی کورد لەسەر ئاستێکی بەرز له بەغدایه و ئێستا لەکۆشکی سپین... لەو کاتەدا له هەموو لایەکەوه هەوڵماندا پێیان بگەین، بۆ دواجار سەرکەوتوو بووین (وردەکاری ئەمه له یەکێك لەئه لقەکانی (من الذاکرة) بڵاوکراوەتەوە.) ئیتر شاندی شۆڕشی کوردستان هەموو ورده کاریەکانیان لەبارەی دانووستان و بەربەستەکان پیێ گوتین... پێشیان گوتیان که پێویسته نوێنەرانی دەستەی ریکخستنی ناوەندی یەکێتیی قوتابییان له سەرەتای پشووی بەهاره که رێککەوتی یەکی مانگی شوباتی دەکرد، سەردانی مەکتەبی سیاسی بکەن له ناوپردان، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەلومەرجی نویێ و ئاگای له تەواوی وێنەی سیاسی و ئەرکی یەکێتیی قوتابییان کوردستان لەو کاتەدا، هەروەها چارەسه رکردنی کێشه هەڵپەسێردراوەکانمان، که هێشتا چارەسەر نەکرابوون.**

لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ ڕێکخستنی ناوەندی کۆبوونەوە یەکی فراوانی بۆ تاوتوێکردنی کارەکە و بڕیاردان لەسەر ئەم دەرهاوێشتە نوێیانەی هاتوونەتە کایەوە کۆبووەوە.. چەند بڕیارێکان دەرکرد، لەوانە چوونی هەریەك لە هاوڕێیان ( جەواد شێروانی، جەلال خۆشناو، عەبدولقادر حەمەدەمین، ئەنوەر عە بدوڵلا، بەندە) بۆ ناوپردان بۆئەوەی باس و خواسەکانی خۆمان بۆ مەکتەبی سیاسی بخەینە روو و بەدیدەنی بارزانیش شەرەفمەند بین... وا بەڵێن بوو لە رۆژی ٥ی شوباتی ١٩٧٠ لە گەڵاڵە هەماهەنگی لەگەڵ فەرەنسۆدا بکەین تاکوو رۆژ و سەعاتەکە ی کۆبوونەوەمان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی بۆ دیاری بکات.

لە عەسری رۆژی پێنجی شوبات گەیشتینە ماڵی کاك فەرەنسۆ، تەنیا هاوڕێ جە واد شێروانی نەبێ، کە دوو سەعات لە هاتنی بۆ گەڵاڵە دواکەوت، دیاربوو شارەزای ڕێگەو شوێنی دیاریکراو نەبوو. کاتێك هەموومان کۆبووینەوە و چووینە لای کاك فەرەنسۆ، زۆر دڵخۆش و شاد بوو، کاتێك زانی گرفتەکانمان وەلاناون زۆر کەیفخۆش بوو، بەپێی زانیاریی خۆی پەرەسەندنەکان و قۆناغەکانی دانووسانی ئەو دوایەی بە کورتی بۆ باس کردین، گوتی: "لەکۆبوونەوەی بەیانیتان لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی، هەموو شتێك دەزانن." راستەوخۆ پەیوەندیی بەلایەنی پەیوەندیدارەوە کرد، وەك ئەوەی ئەو بەرپرسی پەیوەندی و ڕێکخستنەکانی بێت، دوای ئەوەی کۆتایی بە پەیوەندییەکانی هێنا، پێمان گوت ئێمە لە میوانداریی هاوڕێیان عادل موراد، تەحسین ئەترووشی، ئیبراهیم حاج حسێن شاڵی دەبین، کە ئەندامی یەکێتیی قوتابییان بوون و بەر لە ساڵێك پەیوەندییان بە ریزەکانی شۆڕشەوە کردبوو... کاك فەرەنسۆ کە زانی من و جەلال خۆشناو و جەواد شێروانی لای ئەو قوتابییانە دەمێنینەوە کە پەیوەندی پێشووی ڕێکخستنمان هەبووە و لە زانکۆی بەغدا قوتابی بوون، نیگەران نەبوو، بەڵام پێی خۆش بوو لە میوانداریی ئەو دا بمێنینەوە... داوای لە یەکێك لە پێشمەرگەکان کرد بمانگەیەنێتە شوێنی دیاریکراو، کاتێك ویستمان بڕۆیین، کاك فەرەنسۆ گوتی:

"پێم وایە هاوڕێکانتان لەماڵەکانی خۆیانن، دەترسم کەلوپەلی میوانداریيان تەواو لا نەبێت، ئەگەر هەر شتێك کەم بوو پێم بڵێن با بۆتان دابین بکەم."

لە نیوەڕۆی ڕۆژی ٦ی شوباتی ١٩٧٠ دوای کۆتایی هاتنی دانیشتنی کارەکانمان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی، داوایەکی زۆرمان کرد کە جەنابی بارزانی ببینین، دوای ئەوە ی حەبیب محەمەد تەلەفۆنی لەگەڵ بارەگای بارزانی کرد و شەیدایی ئێمەی بۆ بینینی بارزانی پێ ڕاگەیاندن، دوای تەنیا یەك چارك، تەلەفۆنیان کردەوە و مژدەی گەیشتن بەدیداری بارزانییان لە هەمان ئێوارە لە گوندی دیلمان پێ داین."

کەشوهەوا لەو ناوچەیەدا زۆر سارد و زستانی بوو، لە دەمەوعەسری ئەو ڕۆژە سەیارەیەك لەجۆری (لاندرۆڤەر مۆدیلی ١٩٦٠)ئێمەی بۆ گوندی قەسرێ برد، دواتر بەهۆی ئەو بەفرە زۆرەی لەوێ باری بوو، نەمانتوانی چیتر بە سەیارە بڕۆین، هاتینە خوارەوە و ناچار بەهاوەڵی یەك لە پێشمەرگەکان بە پێ ڕێمان کرد، دوای ئەوەی ماوە یەك بەپێ بەنێو بەفردا ڕۆیشتین گەیشتینە گوندی دیلمان و خانووە کەم و قوڕینە کانی ئەوێمان لێ دەرکەوتن... دیلمان گوندێکی دوورە دەستە زنجیرەیەك کێو باوە شیان پێدا کردووە... بێدەنگی باڵی کێشابوو، لەناکاو لەبەردەم خانوویەك دەنگێکی بەرز ئێمەی ئاگادار کردەوە، بەدەست ئاماژەی بۆ کردین و گوتی فەرموون، ئەوسا زانیمان خاوەنی ئەو دەنگە کاك فەرەنسۆ هەریرییە، کاتێك ڕووبەڕووی یەك چووین زۆر کەیفخۆش و شاد بوو، بەگاڵتەوە گوتی: "بەم جلوبەرگە ئەفەندیانەتان دەڵێی غە ریبەن." دواتر پێی گوتین لەم خانووەدا دیداری بارزانی دەکەن، کە ئەو لەبەردەمی وە ستابوو، چەند تێبینییەکی گرنگی پێداین کە ئێمە نەماندەزانین، گوتی خۆتان لە بە کارهێنانی نازناوی زل و قەبە دووربگرن، چونکە وەك کاك فەرەنسۆ پێی گوتین ئەو بە و جۆرە نازناوانە قەڵس دەبێت، هەروەها پێشی گوتین کاك ئیدریسیش لەژوورەوەیە.

سەرەتا کاك ئیدریس بارزانی پێشوازی لێکردین و بە دڵخۆشییەوە بەخێرهاتنی کردین، کاك فەرەنسۆش ئێمەی بەو ناساند و لەگەڵ ئەوەیشدا هەرچی پێویست بوایە پێی دەیگوت... کاتژمێر شەشی ئێوارە، بارزانی نەمر بە ڕوخساری هەیبەتدار و

سیمای پڕ ویقاری و کەسایەتییە بەهێزەکەی دەرکەوت... یەك بەیەك تۆقەی لەگەڵ کردین، ئێمەش خۆمان پێ ناساند و کاك فەرەنسۆش لە بارەی هەر یەکەمان قسەی خۆی دەکرد... لەوێ بۆم دەرکەوت فەرەنسۆ لای بارزانی و کاك ئیدریسی کوڕی پێگە یەکی تایبەتی هەیە، ئەو پێگەیە بۆ سەرەتای شەستەکان دەگەڕایەوە کاتێك لە ساڵی ١٩٦٠ فەرەنسۆ بۆ یەکەمین جار لەگوندی (بلە)ی هاوسێی گوندی بارزان بە مامۆستای یەکەم خوێندنگەی ئەوێ دادەمەزرێت، لەوێ بە خوالێخۆشبوو لوقمان بارزانیی کوڕی مەلا مستەفا بارزانی ئاشنا دەبێت، هەر لەوێ بە تایبەتمەندییەکانی ئەو ناوچەیە، کە هەر لە سەرەتایی بیستەکانەوە شێخ عەبدولسەلام بارزانی دژی ستە م و چەوسانەوە ڕاپەڕی و داوای دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی دەکرد، بەردەوام لانکەی بیری نەتەوەیی بووە، هەروەك سەرچاوەکانیش ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە... لەم ناوچە شۆڕشاوی و تۆڵەسێنە لە دوژمنانی کوردستان قەناعەتە فکرییەکانی فەرەنسۆ بەرامبەر بە دۆزی گەلی کوردستان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، کە ئەو گەلە لە ئەنجامی لوعبەی سازشکردن لەنێوان دەوڵەتە زلهێزەکان چەندە ستەم و غەدری لێکراوە... لەوبارەیەوە مامۆستا مەجید حەداد کە یەکێك لە کادیرە پێشکەوتووەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە سەردەمی مەلەکی لە شاری هەولێر، دواتر دە بێتە ئەندامی لیژنەی خۆجێیی هەولێر، هەروەها ئەندامی لیژنەی لقی حزب لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، یەك لە مامۆستاکانی فەرەنسۆش دەبێ لە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٧-١٩٥٨.. فەرەنسۆ ئەو کاتەی لە گوندی بلێ مامۆستا دەبێت لە هاوینی ١٩٦٠ نامەیەك بۆ مامۆستاکەی دەنێرت، کەتێیدا دە ڵێ: " لە ئەنجامی ئەو قەناعەتە فکری و ویژدانیە نوێیانەی ئێستا بۆی پەیدا بوون، ڕێگەیەکی دیکەی هەڵبژاردووە بارزانی بەباوك و سەرکردەی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لەقەڵەم دەدات، تاکوو کۆتایی ژیانی لە ریزەکانی ئەو جوڵانەوەیە خەبات دەکات." لەساڵی ١٩٦١ دوای ئەوەی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم بە رامبەر بە کورد لە بەڵێنەکانی پاشگەز دەبێتەوە، فەرەنسۆ بە مامۆستا دەگوازرێتەوە بۆ گوندی (باڵەکیان)، زۆربەی ئێواران سەردانی مامۆستایانی گوندی هاودیانان دە

کات کە لەگوندەکەی باڵەکیان نزیك بووە، مامۆستاکان بریتی بوون لە خوالێخۆشبوو یۆنادم وەردە، جەلال بەهائەدین، شەوقی علیوی بستانی، زاهید عەبدولحەمید ( ئە وانی تریش عەرەب بوون) لە بارەی دۆخی سیاسیی عیراق بە گشتی و کوردستان بە شێوەیەکی تایبەت گفتوگۆی دورو درێژ دەکەن... دواتر بە شێوەکی کردارەکی پەیوەندی بە شۆڕشی کوردستانەوە دەکەن لە مانگی ئازاری ١٩٦٢.. ئەو کاتەی حە میدەفەندی بەرپرسی پێشمەرگە دەبێت لە گوندی (شاوراو)ی ناوچەی باڵەك... فەرە نسۆش بیست و پێنج ساڵێك دەبێ... گەنجێکی قۆز و خودان قەد و قیافەیەکی وە رزشی دەبێت... ئیتر گەنجێکی ئاشووری کوردستانی بە هەموو قەناعەتێکی خۆیەوە ئەم رێبازەی گرتە بەر، تا ئەو رۆژەی تیرۆریش کرا لەسەری بەردەوام بوو... هەر لەو کاتەی پەیوەندی بە رێکخستنەکانی پارتییەوە کردووە خەباتی سیاسی دەست پێ کردووە و وەك ئەندامێك دەچێتە نێو ریزەکانی پێشمەرگە و سڵ لە مەرگ ناکاتەوە، هەر لەوکاتەوە دەبێتە کەسێکی نزیکی بارەگای بارزانی نەمر، هەڵبەت ئەمەش بەهۆی لێبڕان و خۆشەویستی و دڵسۆزییەکەی... بەدەر لەوەش ئەو زۆر زیرەك و نهێنی پارێز بووە... دەیزانی چۆن مامەڵە بکات و چۆن هاوسەنگی لەنێوان شتەکاندا دروست بکات، هەر لەزووەوە لەو کاتەوەی دێتە شەقڵاوە، ئامادەیی تەواو بکات- چونکە ئەودەم لە هەریر ئامادەیی نەبووە و تێکەڵی کاری سیاسی دەبێت و خۆی لە ناوەڕاستی شارێکدا بینیوەتەوە، کە پێکەوەبوونی ئایینەکان تێیدا وەك شارەکانی دیکەی کوردستان، سیما هەرە دیارەکەی بووە... لەوێ ئێستایشی لەگەڵ بێت لەتەك کوردانی موسڵمان، کلدانی، ئاشووری هەن، هەروەها جوولەکەشی تا ساڵی ١٩٥٣ تێدا ژیاوە. زۆر لە خەڵکی باسی شانەی حزبی پارتی یان شیوعی لەو شارە دەکەن، هەموو ئەو رەنگانە بەبێ هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا هەڵیان کردووە، لە کەشوهە وایەکی ئاوادا، لە ناوەڕاستی پەنجاکان کاك فەرەنسۆ دەچێتە ریزی یەکێتیی قوتابییانی گشتی عێراق، ئەم هەڵبژاردەشی بەپێی کەشوهەوای باوی ئەو کات بووە ... دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٤٨ راپەڕینی تشرینی ساڵی ١٩٥٢ دەچێتە ناو حزبی شیوعی عێراقی و لەژێر دروشمی ناوەندی حزب (نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بە

خیتار) خەبات دەکات. لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە شاری هەولێر دە بێتە کەسێکی دیار و هەڵکەوتووی یەکێتیی گشتیی قوتابییانی عێراق... بەڵام قەناعە تە فکری و ویژدانییەکانی وردەوردە گۆڕانیان بەسەردا دێت، دوای ئەوەی دەبێتە مامۆستا لە گوندی (بلە)ی ناوچەی بارزان لە هاوینی ١٩٦٠، بەڵام گۆڕانی بیروبۆچوونی نابنە مایەی ئەوەی دژ بەقوتابخانەی یەکەمی (حزبی شیوعی) کە لە سە رەتای گەنجیدا لێی بەهرەمەند بووە بوەستێتەوە، بە بیانوی هەڵکشان و قۆستنەوەی هەل وەك هەندێك کەس وا دەکەن...چەندان جار لە کاتی قسەکردن لە نووسینگەی رۆژنامەی برایەتی، حزبی شیوعی عێراقی بە قوتابخانەیەکی نیشتمانی ناوبردووە، کە زۆر لە سەرکردە کوردستانییەکانی لیٚ لەدایك بوون. وەرچەرخانی رابردوویشی لەو حزبەدا لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی سروشتی نەتەوەیی و کوردستانی لە بیرکردنەوەیدا.. گەڕانەوەی بارزانی و سەرکردایەتی کردنی پارتی دیموکراتی و هە ڵایسانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزنی خودان مۆرکی نەتەوەیی و ئازادیخوازی، هۆکاری یەکلا کەرەوە بووە بۆ گۆڕانی قەناعەتی زۆر لە خەڵکی دیکە...

دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ نێوان شۆڕشی کورد و حکوومەتی ناوەندی لە بەغدا، لە زۆر بۆنە نیشتمانی و کۆنگرە حزبی و خوێندکارییەکاندا لەگەڵ فەرەنسۆ یەکترمان دەبینی. کاتێك سەردانی چۆمان و ناوپردان و گەلاڵەمان دەکرد دیدارمان لەگەڵ ئەودا بەگوێرەی ئەولەویاتەکانمان بوو، لە زۆر کاروباری تایبەت بەقوتابییان پرس و رامان پیٚ دەکرد، ئەویش کارئاسانی بۆ دەکردین و لە ڕووبەڕوو بوونەوەی گرفتەکاندا هاوکاری دەکردین. دوای کۆنگرەی حەوتەم، بەدیاریکراوی لەکۆتایی مانگی١٩٧٢ وا ریٚکەوت شەهید دارا تۆفیق سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی سەفەری ناوپردان بکات، دوای گەڕانەوەی، گوتی دوو (دەمانچە)م بەدیاری لە لای کاك ئیدریس بارزانی هێناوە، دانەیەك بۆ کاك فەلەکەدین کاکەیی، دانەیەکیش بۆ من، لەگە لٚ چواردە گوللە بۆ هەر یەکەمان... هاوکات هی من دە گوللەشی زیاتر بوو... بەر لەوە ی لەبارەی نهێنی ئەو دە گوللە زیادەیە لێی بپرسم، گوتی کاتێك دەمانچەکانم

لەخوالێخۆش بوو ئیدریس بارزانی وەرگرت فەرەنسۆ لەوێ بوو، دە گوللەی لە مەخزە نی دەمانچەی خۆی دەرکرد و گوتی: کاك دارا ئەوەیش دیاری من بۆ کاك فەرهاد! کاتێك کاك دارا نهێنی ئەو دە گوللە زیادە لە کاك فەرەنسۆ دەپرسیێ، فەرەنسۆ پێی دە لێ:" دەمانچە بۆ خۆپارستنە، وابزانم کاك فەرهاد هێشتا دەمانچەی نەتەقاندووە، بۆ باش فێربوونی بەکارهێنانی دەمانچە، ئەم دە گوللەیە پێویستە، با ئەوانی دیکەیش هەر لەمەخزەنی دەمانچەکەی بمێننەوە."

لە ئازاری ساڵی ١٩٧٤ نیازی حکوومەتی عێراقی دەرکەوت، ویستی چارەسە رێکی نیوەچڵ و ناتەواو بەسەر سەرکردایەتی رزگاریخوازی کورد دا بسەپێنێ، گەلی کورد هەستی بەوە کردبوو کە دیسان شەڕ دەست پێ دەکاتەوە، چارەسەر هەر ئەوەیە روو لە ناوچە ئازادکراوەکان بکەن و پشتی سەرکردایەتی گەلەکەیان بگرن، کە بێگومان لە هیچ شوێنێکی خورهەڵاتی ناوەڕاست نموونەی نەبووە... لەو کاتەدا رۆژنامەنووسانی (برایەتی) پێوەندییان بەناوەندی ڕاگەیاندنی پارتییەوە کرد لە ناوپردان، بڕێك لە خانووەکانی ئەوێیان کردە بارەگای خۆیان، وردەوردە کارەکانی خۆمان رێکخست تاکو (ئەمانەتی گشتی) و دامودەزگای کارگێڕیەکانی تەشکیل بوون... سەرەتا من شەوانە لە بارەگای مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابییان لە گەلاڵە دەمامەوە... لە هەفتەکانی سەرەتا بەدەگمەن و بۆ چەند خولەکێکی دیاریکراو کاك فەرەنسۆم دەبینی، هەڵبەت ئەمەش بەهۆی سەرقاڵبوونی بە کاروباری شۆڕش و بەجێهێنانی ئەرکە گەورەکانی سەر شانی... لەگەڵ ئەو هەموو سەرقاڵی و دڵقاڵییەی قۆشمە و گەپییشی لەبیر نەدەکرد، لە شەوی یەکی نیسان دوای سەعات دوانزەی شە و، نامەیەکی بۆ ناردم نوسیبووی:" بەگوێرەی زانیاری ڕاست و دروست دوای نیو سە عاتی دیکە فڕۆکە عێراقییەکان بۆردومانی گەلاڵە دەکەن و وێرانی دەکەن، تکایە بۆ چەند خولەکێکی دیکە ئێرە چۆڵ بکەن." دوای ئەوەی نامەکەم وەرگرت و خوێندمەوە هەر زوو هەواڵەکەم بە هاوڕێیانم لە سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابییان راگەیاند، خێرا بەپەلە خۆمان ڕێکخست گەلاڵە جێبهێڵین... کاتێك دەمانویست سواری ئۆتۆمبێلەکان

بین و لەو شەوە سارد و دەرنگ وەختە بڕۆینە دەرەوەی گەلاڵە، کاك فەرەنسۆ قاسیدێکی دیکەی نارد بەناوی (ئیستیفان)، داوای کرد بچمە ماڵی کاك فەرەنسۆ تا لەگەڵ ئەو دەرچین، ئەوکات ماڵی فەرەنسۆ دەکەوتە خۆراوای گەلاڵە... ئێمە خولەك بە خولەکمان دەژمارد، چونکە دەمانزانی کاك فەرەنسۆ لە حیساباتی خۆیدا قەت بە هە ڵەدا ناچێت. کاتێك لەگەڵ هاوڕێکانم لە مەکتبی سکرتاریەت بەرەو خانووەکەی کاك فەرەنسۆ چووین، بینیمان بەهەموو قیافەی سەربازی لەبەردەم دەرگا وەستاوە، کلاشینکۆڤ بەدەستەوەیە و دەمانچەیەکی لە جۆری (ویبلی) لە پشت بەستووە... سە رەتا ئەو بەپەلە هاتە گۆ و گوتی: "ئەریٚ هاوڕێیان بەرەو کویٚ بڕۆیین، تەنیا چەند خولەکێکی کەممان ماوە؟" بەر لەوەی هاوڕێیان قسەبکەن دەمم کردەوە و گوتم:" تۆ لە ناوچەکە لە هەمووومان زیاتر شارەزایت و زانیاری تەواوت هەیە." لەو کاتەدا بزەیە کی سووکەلەی کرد و گوتی: "فەرموون وەرنە ژوورەوە، چونکە ئێستا هەواڵم بۆ هات کە فڕۆکەکان ئەم شەو بۆردومانی گەلاڵە ناکەن." ئینجا تێگەیشتین ئەمە تەنیا قۆشمە بووە کاك فەرەنسۆ ئێمەی پیٚ ترساندووە... کاتێك ژووری میوانانمان بینی دۆشەك لە هەموو لایەك ڕاخراوە لە ناوەڕاستەکەیشی خوانێك رازاوەتەوە و چاوەڕێمان دەکات پێی گوتین: "زانیم لەم کەشوهەوایەدا بەخەیاڵی هیچ کەسێکتان دا نەدەهات، کە ئەم شەو رێکەوتی یەکی نیسان دەکات، ویستم میوانداریتان بکەم و ئاگادارتان بکەمەوە بۆئەوەی کەسێکی تر نەتانخاتە ئەم بەزمەوە." گوتمان "بەم درەنگە شەوە ئەم بیرۆکە یەت بۆ هات؟" گوتی: ناوەڵڵا! لە سەعات شەشی ئێوارە لە دەرەوەی ماڵ ئەو بیرۆکەیە م بۆ هات... داوایشم لە کەسوکارم کرد لە سەعات یانزەی شەو خواردن ئامادە بکە ن... هاتمە ماڵەوە و چاوەڕێی ئەو موفاجەئەم دەکرد... لەوەتەی هاتوون دەمەویٚ شە وێك میوانداریتان بکەم، بەڵام لەبەر سەرقاڵیم نەپرژامە سەری، ئەمشەو کە دەکاتە یە کی نیسان دەرفەتێك رەخسا.." ئیتر هەتا سەعات سێی بەیانی دانیشتنەکەمان درێژە ی کێشا، باسی دوا پێشهاتی بەرەکانی شەڕمان کرد، هەروەها باسی هەموو ئەو رووداوانەمان کرد، کە پەیوەندییان بەو هەلومەرجە هەستیارە سیاسییەوە هەیە... ئاخر هەموو گەلی کوردستان و پێشمەرگەکانی بۆ بەرگری و قوربانیدان لەپێناو

دۆزی ڕەوای کورد دا لە ئان و ساتدا بوون. دواتر فەرەنسۆمان زۆر نەبینیەوە، بەتایبە تی کە بۆ بارەگای (هێزی باڵەك) گوێزرایەوە.. لەبەرئەوەی لە هێڵی یەکەم بوو لە ڕووبەڕوو بوونەوەی سوپای عێراقی، لە هەموو بەرەکانی تر گرنگتر و گەرمتر بوو. قۆڵی ڕاستی کێوی زۆزك و قۆڵی چەپیشی کێوی هەندرێن بوو، لە بەرامبەریشدا زنجیرە چیای کۆڕەك و شاری ڕەواندز بوون، لەولاشەوە گەلی عەلی بەگ بوو، کە لە مێژوی ناوچەکەدا گەورەترین شەڕو شۆڕ و توندترین پێکدادان لەوێ ڕوویان داوە. (داڤید هیرست) پەیامنێری ڕۆژنامەی بەناووبانگی (گاردیان)ی بەریتانی کە لەو ناوچەیە بووە دەڵێ:" فەرماندەی هێزی باڵەك عەبدوڵڵا ئاغا پشدەری ئازاترین و لاوازترین پیاوی دونیایە." ئەو کاتەی شەڕەکە گەرم دەبێت پەیامنێری ناوبراو لەگەڵ عەبدوڵڵا ئاغا پشدەری دەبێت، هێزی عێراق هەرچەند هەوڵیان داوە نەیانتوانیوە ئەو بەرەیە بەچۆکدا بێنن، تەنها دوای ئەوەی بە هاوکاری و ڕاوێژی شارەزایانی ڕووس لە کێوی کۆڕەکەوە بەدەبابە بەرەو شاری ڕەواندز پێشڕەوی دەکەن، لەو کاتەشدا بەرەکە تا کۆتایی خۆڕاگر دەبن. لە کۆتایی مانگی ئەیلوول کاك دارا تۆفیق منی ڕاسپارد بچمە بارەگای پێشەوەی هێزی باڵەك تاکو پەیوەندی بە کاك فەرەنسۆوە بکەم بۆ ناردنی دوو ڕۆژنامەنووس بۆ قووڵایی شەڕەکە.. کاتێك گەیشتمە بارەگای ناوبراو، بینیم کاك فەرەنسۆ لە ئەشکەوتێکی نێو شاخ دایە، لەڕێگە گشتییەکە زۆر دوور نە بوو، ئەو ئەشکەوتەکەی کردبووە بارەگای خۆی، ڕووبەری ئەشکەوتەکە شەش مەتری چوارگۆشەی تێنەدەپەڕاند. کاتێك چوومە ژوورەوە بینم کاك فەرەنسۆ بە ئامێری بێتە ل لەگەڵ یەك لە هێزەکانی بەرگری خەریکی قسەکردنە.

ئامرهێزی باڵەکیش عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری لەگەڵ سێ کەس سەریان بەسەر کاغەزێکی سووردا گرتبوو، دواتر بۆم دەرکەوت نەخشەی ساربازییە، پێگەو شوێنە کانی دوژمنی تێدا دەردەکەوت... کاتێك کاك فەرەنسۆ منی بینی، هێمای دانیشتنی بۆ کردم، دوای ئەوەی پەیوەندییەکانی تەواوبوون، بە سەرسامییەوە پێی گوتم:"

–چییەو بۆچی لێرەدەتبینم؟ تۆ کارت لێرەچییە؟

منیش بۆم ڕوونکردەوەو گوتم:

دارا تۆفیق منی ناردووە بۆئەوەی پێتان بڵێم ئاخۆ دەکرێ ڕۆژنامەنووس بێنە بەرەکانی جەنگ و تا ئەو کاتەی دەشگەڕێنەوە بۆ بارەگای ئەمانەتی گشتی بۆ راگەیاندن و لاوان، مسۆگەری سەلامەتییان بکەن... چونکە ڕۆژنامەنووسەکان دەیانەوێت رووماڵی جەنگ بکەن... کاك فەرەنسۆ لەم بارەوە قسەی لەگەڵ ئامر هێز کرد، لە کۆتاییدا بۆ ناردنی ڕۆژنامەنووسان لە ڕۆژی دواتردا، ڕێککەوتن... دونیا کشومات بوو، ناوەناوە دەنگی گوللەتۆپ و تەق و تۆق بێدەنگییان دەشکاند... وەختێك پرسیاری سەرچاوەی ئەو تەقەیەم لێ کرد، ئاخۆ هیچ ئامادەکارییەك بۆ هێرشکردنتان یان پەلاماری دوژمن هەیە، کاك فەرەنسۆ گوتی:" کاکە! ئەوە جەنگە، ئەوەی دەشی بیستی مۆسیقاکەیەتی، هیوام ساغ و سەلامەتیتە."

ڕۆژان هاتن و ڕۆژان تێپەڕین، لە هەموو بەرەکانەوە جەنگ لەوپەڕی توووند و تیری دابوو... ئەگەرچی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ژمارە و تفاق و هەموو شتەکانی تردا هاوسەنگ نەبوون، بەڵام پێشمەرگە باوەڕێکی بەهێزی بە دادگەریی مەسەلەی گەلەکەی هەبوو، کە تا کۆتایی خۆڕاگر بوون... کاتێك حکوومەتی ناوەندی درکی بە نەمانی چەك و تفاقی سەربازیی خۆی کرد و بینی پێشمەرگە ورە بەرز و پۆڵاییینانە وەك کێوەکانیان خۆڕاگر دەبن، لەو کاتەدا حکوومەت پەنای بۆ تاکتیکێکی دیکە برد، دۆستانی شای گۆڕبە گۆڕیشی هێنانە ناو هاوکێشەکە، بە بیانوی ئەوەی:" کوردەکان لێرە بن یان لەوێ، لە کۆتاییدا سنووربەزێنی دەکەن و بەر لە خاکی عێراق، مەترسییەکی گەورەبەسەر یەکڕیزیی خاکی ئێران دروست دەکەن... یەك هەوڵیمان بۆ گلدانەوە یان بە سوودی هەردوو لامان تەواو دەبێت." بەم چەشنە، دوای هەوڵ گەلێکی چەتوونانە، دوژمنانی دوێنێ، بوونە دۆستی ئەمڕۆ، هەر یەکەو لەلایەك خەریکی دەرهێنانی شێوی ناو مەنجەڵ بوون، کە بەسەر ئاگرێکی کزەوە دەکولا... دواتر لە شێوەی ڕێککەوتنی پیلانگێڕی لەنێو خۆیاندا ڕێککەوتن. بەرپرسی دوێنێ قەوام سەڵتەنەی سەرۆك وەزیرانی ئێران بوو لە ١٩٤٦، سەرکەوتوو بوو لە راکێشانی ستالین بۆ نێو

تەڵەیەك، لە بەرامبەر ئەوەی ئێران ماڤ وەبەرهێنانی نەوت و غاز لە باکووری ئێران بداتە یەکێتیی سۆڤییێتی، ئەوانیش هێزەکانیان لە ئێران بکشێننەوە... مشوورخۆر و بەرپرسی رێککەوتنە شوومەکەی جەزائیریش لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥ (هەواری بومیدین) بوو، کە توانی هەردوو لا قایل بکات بگەنە رێککەوتنێك بەرژەوەندیی هەردولا بپارێزێت. لە کاتێکدا سەدام حسێن هیچ شەرمی نەکرد لە بەرامبەر (کوژرانی ئە سپێکی چەمووش لەناوچەکەدا، سازش لەسەر نیوەی ئاوی شەتولعەرەب و خاکی دیکەی عێراقدا بکات!)

دوای جێبەجێکردنی ڕێککەوتنە شوومەکە، سەرەتا روومان لە ئێران کرد، سۆراغی کاك فەرەنسۆم کرد گوتیان لە فلاّن ناوچەی نەغەدەیە، چووم شوێنەکەم دۆزییەوە. فەرەنسۆ گوتی:" دەشێ هەر کەس بەخواستی خۆی روو لەو شوێنە بکات، کە ئارەزوویەتی، بەلاّم متمانەتان هەبێت زۆر ناخایانێت شۆڕش هەڵدەگیرێستە وە، سەرکۆنەکەی کەس ناکەین، بەلاّم سەرکۆنەکرا و کە خیانەت لە دۆزی گەلەکەی دە کا، خودا خێر و بەرەکەت بخاتە هەوڵی خێرومەندان بۆ رزگارکردنی گەلی کورد." ئەم دیدەنیەشمان لەڕێکەوتی ٣٠/ئازاری ١٩٧٥ بوو، ئیتر تا شانزە ساڵی دیکە فەرەنسۆم نەبینییەوە... دوای تێپەڕینی ئەو ماوەیە بەم شێوەی خوارەوە بینیمەوە:

**وێستگەی پێنجەم:**

دوای بێنە و بەردە و خەباتێکی دوورو درێژ، خواستی گەلی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١ سەرکەوت... ساڵانێك دوای نسکۆ، ساڵانی وشك و ناخۆش بوون... هیچ هۆکارێك نەما بۆ کپکردن و لەناوبردنی ئەو گەلە نەگیرێتە بەر، کە بۆ چالاك و کاراکردنی شارستانیەتی گەلانی ناوچەکە لە مێژوودا، بەشدارییەکی کارامەی هەبووە ، لەوەش زیاتر و بەرچاوتر بەشداریکردنی بووە لە دەوڵەمەندکردنی شارستانەیەتی ئیسلامی بۆ روونتر کردنەوەی زیاتری چەمکەکانی ئیسلام بۆ کورد و غەیری کوردیش... نەخوازەلا لەبەرگە گرتنی زیانی گەلانی موسڵمانی دراوسێی... بەلاّم کاتێك جەنگی قەلاچۆ کردن و سڕینەوەی گوند و شارەکان و گلدانەوەی رۆلەکانی ئەو گەلەی لە ئۆردوگا زۆرە ملێکانی بۆ شێواندنی کۆمەڵگای کوردستانی دەستپێکرد

... هەروەها کاتێك چەکی کیمیایی بۆ هەڵەبجە و شێخوەسان و بالیسان و بادینان و سێوسێنان و وەرێ و وەرتێ ...تاد بەکارهێنرا، دەیان و بگرە سەدان شۆڕەسوار و مرۆڤە باشەکانی لە قنارە دان... نەك لەبەر ئەوەی ئەوانە تاوانێکیان کردووە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئەوانە لەژینگەی باوك و باپیرانیان پێگەیشتوون و زەلیلی و سە رشۆڕییان قبووڵ نەکردووە.

لە کونجی زیندانە ترسناك و تۆقێنەرەکانی رژێم، چیرۆکگەلێکی سەیر و سە رسوڕهێنەر روویان داوە، خۆ ئەگەر بێت و وەربگێڕدرینە سەر زمانە جیهانییەکان، لە خۆڕاگری و بوێری و پاڵەوانیدا، خەڵاتی یەکەم بەدەست دێنن... بەڵام ئاخۆ چۆن چیرۆکەکانی خەڵات بەدەست دەهێن، لە کاتێکدا هێشتا ئەو غەدرەی لێ دەکرێت، کە لە مێژوودا لێی کراوە، بەردەوامە... هێشتا لای بڕیاردەران لە عاتیفە و دۆزی گەلان گەورەتر و بەسوودتر بەرژەوەندییە...یانی ئاش، هەمان ئاشە!

رۆژنامەنووسێکی فەرەنسی کاتێك لە هاوینی ساڵی ١٩٧٤ بۆ ڕرووماڵکردنی رووداوەکانی جەنگ لە کوردستان دەبێت، ئەمە زۆر بەجوانی پووخت دەکاتەوە، کاتێك لەبارەی شەعبییەتی کورد لە ئەورووپا پرسیاری لێ دەکەن بەم جۆرە وەڵام دە داتەوە:" کوردەکان خۆشەویستن، دۆزەکەیان گەیوەتە هەست و عاتیفە، بەڵام ئەوەی لەمە خۆشەویستترە و لە بڕیاردان زاڵترە ئەو سەرچاوەیە، کە وزە بەرهەمدێنێ، مەبە ستم نەوتە." بە تەقینەوەی لێشاوی خەڵك بەسەر حکوومەتی عێراق لەبەهاری ١٩٩١، پێشبینی و لێکدانەوەی یەك لە چاودێرە فەرەنسییەکان لە بارەی ناوەڕۆك و دەرە نجامەکانی رێککەوتنەکەی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ بە راست دەرچوو، کاتێك بەچەند سە عاتێك دوای رێککەوتنەکە لە رادیۆی (مۆنت کارلۆ) لە بارەی (ئایا کێ لە رێککەوتنەکە ی ٦ی ئازار لە جەزائیر خەسارەتمەند دەبێت؟" لەوەڵامدا چاودێرە فەرەنسییەکە گوتی:" کوردەکانی مەلا مستەفا بارزانی و ئاوی شەتولعەرب زیانیان بەر دەکەوێت."

کاتێك پەیامنێرەکە لە رادیۆی ناوبراودا لێی پرسی: "راستە کوردەکان ئەوجارە زیانیان بەردەکەوێت، بەڵام ئاوی شەتولعەرب بۆ؟"

چاودێرەکە گوتی:" کوردەکان بەهۆی ئەو دابەشبوونەی بەسەریاندا سەپاوەزیانی زۆریان بەرکەوتووە، هێشتایش باجی گەورە دەدەن، بەڵام لەم ڕێککەوتنەدا ئەو کەرە تە ئاوی شەتولعەربیش نەفرەتی دابەشبوونی بەردەکەوێت، عێراق بۆ ئێران سازشی لە نیوەی ئاوی شەتولعەرەب کرد، ئەوە یانی دابەشبوونی ئاوەکە." کاتێك لەبارەی زیانی دابەشبوونی ئاوی شەتولعەرەب لەنێوان عێراق و ئێران پرسیاری لیٚ کرا، کە ئە و ئاوە ئێستا چارەسەری ناکۆکی نێوان هەردوو دەوڵەت دەکات، چاودێرە فەرەنسییە کە گوتی: "ڕاستە ئێستا ڕۆڵی هەیە لە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان دوو دەوڵەت، رەنگە تا دە ساڵێکیش بەردەوام بێت، بەڵام ئەو دابەش بوونە ئەنجامێکی خراپی بۆ هەردوو دەوڵەت دەبێت، هەروەك دابەش بوونی کوردەکان و کوردستان چەندان ساڵە بووەتە بەڵا و گرفتێکی گەورە بەسەر هەر چوار دەوڵەتەکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دروست کردووە، ئەمەش بەهۆی شۆڕش و یاخبوونی کوردەکان."

پێشبینیی چاودێرە فەرەنسییەکە زۆر راست دەرچوو، هێشتا ساڵێکی تەواو تێنە پەڕیبوو جارێکی دیکەش پێشمەرگە لەڕێی حزب و ڕێکخستنە جۆربەجۆرەکان و قوتابیانی بارزانی کەوتنە خۆ و راپەڕین... ئاخر کوردستان بە ڕێنوێنی و سەرپە رشتیی راستەوخۆی بارزانی ببوو بە (گۆڕەپانی راستەقینەی خەبات)، ئەو هەرگیز رۆژێك لە رۆژان نەیزانی بێئومێدبوون چییە، لەوەتەی لە ساڵی ۱۹۳۱ چەکی بەرگری هەڵگرتووە تاکوو کۆچی دوایی کرد.

دوای تێپەڕینی چەند مانگێکی کەم بەسەر نسکۆی پڕ ناسۆر و ئازار، محەمەد حە سنێن هەیکەل لە بارەی ئایندەی کورد و دۆزەکەی لە بارزانی دەپرسێت، لە کاتێکدا شۆڕشەکەیان بەو کارەساتە ناخۆشە دەگات. بارزانی وەڵامی دەداتەوە و دەڵیٚ:

– "شۆڕشەکەمان کۆتایی پیٚ نەهاتووە، بەڵکوو بۆ ماوەیەك راوەستاوە."

بارزانی دەیزانی دۆستانی ئەمڕۆ دەبنە دوژمنانی بەیانی، جوگرافیای کوردستان بەقە د ئەوەی بووەتە بەڵا بەسەر گەلەکەیەوە، هێندەیش دەستەچیلەی شۆڕشەکان بووە.

بەم چەشنە پاڵەوانەکان بەربەستی نسکۆی ئازاری ساڵی ۱۹۷۵ لادا، جارێکی دیکە خوێنی شەهیدانی شۆڕشی گوڵان تێکەڵی خوێنی دایکی شۆڕشەکان (شۆڕشی

ئەیلوولی مەزن) بوو، کە کوردی خستە ئەم سەردەمە نوێیەی ئێستا، هەڵبەت ئەمەیش بە بیر و پرۆژەی خاوەن بڕیاریان لە دەوڵەتە زلهێزەکان و نووسینەوەی یادداشتەکانیان. کاک فەرەنسۆش شانبەشانی برایانی پێشمەرگە و ئاڵا هەڵگران (لەپێناو کوردستان و گەلەکەیان) خەباتی کرد... رۆژێك لە رۆژان لە قافڵەی شۆڕش و سەرکردایەتییەکەی دانەبڕا.

ئەسعەد عەدۆ دوای دووەم جار دەرچوونەوە رۆژنامەی برایەتی، بوو بە بەڕێوەبەری نووسینی ئەو رۆژنامەیە، دیمانەیەکی کاك فەرەنسۆی کردووە، کە لە یەکێك لە ژمارەکانی ساڵی ١٩٩٤ دەرچووە دەڵێت: "دوای نسکۆ بە چەند رۆژێك بارزانی لە تاران گەڕایەوە و پێی گوتم: بزانە مانگی هەنگوینی – ئێران و عێراق بەردەوام نابێت، پێشمەرگە قارەمانەکان دەبێ شەش مانگ یان ساڵێك چاوەڕێ بکەن تاکوو دۆخەکە هێور دەبێتەوە، لەو کاتەدا ئاگری شۆڕش هەڵدەگیرسێنین... بڕیاری کشانەوەی کاتیمان چارەنووسی تەواوی گەلی کوردستان دەپارێزیت... چونکە ئێمە نامانەوێت چارەنووسی گەلی کوردستان قەلاچۆکردن و قڕکردن بێت، هەروەك لە کۆتایی شەستەکان ئەوە بەسەر گەلی (بیاڤرا) بێ پشت و پەنا هات، لێرەوە داواتان لێ دەکەم پەیوەندی بە زۆرترین کەسەوە بکەن تا لەگەڵمان بمێننەوە، چونکە شۆڕش حەوجە بە ئەوانە بۆ وەرگرتنی بەرپرسیاریەت." کاك فەرەنسۆ لە قسەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:" پەیوەندیم بەکۆمەڵێك کەسەوە کرد کە متمانەم پێیان هەبوو، یەکەم جار پەیوەندیم بە حەمیدەفەندی، سەید سەلیم، محەمەد مەعرووف، عزەت سلێمان بەگ دەرگەلەیی و چەندانی دیکەشەوە کرد. لە پایزی ١٩٧٥ بارزانی پێی گوتم هەواڵەکە بە سەید عەبدوڵڵا، عەلی کو، تاکوو لەگەڵ دەست و کۆمەڵەکەیان ئامادەبن و بچنە کێوی قەندیل تا لەگەڵ سەرەتای بەهار شۆڕش رابگەیەنێن..." پاشان کاك فەرەنسۆ گوتی:" هەر ئەو کات پەیوەندیم بە (مینەگوڵە)وە کرد تاکو پەیوەندی بەسەید عەبدوڵڵاوە بکات، فەرمانەکانی بارزانیی بۆ ببات... دوای ماوەیەکی کورت (مینەگوڵە) گەڕایەوە و گوتی سەید عەبدوڵڵا گوتی: " فەرمانەکانی بارزانی لەسەر سەر و چاوم، ئەمن ماوەیە کە چاوەڕێی فەرمانەکانی بارزانی دەکەم." هەر لەگەڵ توانەوەی بەفری کێوەکانی

کورستان، شۆڕەسوارانی ناوەوە خۆیان سازکرد، ئەو (ماوە)یەی بارزانی لەگەڵ محه مەد حەسنین هەیکەل باسی کردبوو، کۆتایی هات."

کاك فەرەنسۆ لە بەردەوامیدان بە پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵەی یەکەم و ناردنی کەلوپەلی بەرگری و ڕووبەڕوو بوونەوە، جێ پەنجەی دیار بووە. کاك فەرەنسۆ بۆی باسکردم:" لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٦ (مینەگوڵە) پەیوەندی کرد، کە ئەڵقەی وەسڵی مەفرەزەی کوردستان و ئێمە بوو... کاتێك لە شاری کەرەجی ئێرانی ئامادە بوو، دیدەنی کاك مەسعود بارزانی کرد، بڕێك پارە و ڕێنمایی و تێبینییەکانی بارزانی نەمریشی پێدا دەنێرێت. دوای گەشتی بارزانی بە هاوەڵی کاك مەسعود، لە ڕێگەی کەسێکی تایبەتی شەهید ئیدریس بارزانی، درێژە بە پەیوەندییە کان دەدەن، کە بەخودی خۆی سەرپەرشتی کاروباری ئەو کۆمەڵەیە و شانە و دەستە و تاقمی دیکەی کردووە، کە خزاونەتە نێو خەباتی چەکداری... بەڵام بەداخەوە لە١٩٧٦/٥/٢٥ سەید عەبدوڵڵا دەپێکرێت و دەبێتە یەکەم شەهیدی شۆڕشی گوڵان.

لای هەمووان زۆر ئاشکرایە، کە کاك فەرەنسۆ هەریری هەر لە یەکەم چرکەوە ڕۆڵی خۆی لە ریزەکانی شۆڕشی کوردستان وازی کردووە، وەك هەوێنی شۆڕش و ڕێبە ڕێکی بێ رکابەر، بڕوای بە سەرۆکایەتیی بارزانی هەبووە. ئەو بەڵێنەی، کە بەر لە چڵ ساڵ بە بارزانیی دابوو کە قەت لێی جیا نەبێتەوە، بردیە سەر. ڕۆژێك لێم پرسی کاریگەری کۆچی دوایی بارزانی لە ١٩٧٩/٣/١ بەسەر تۆوە چۆن بوو؟ دوای دەمێك ڕامان و دەرکەوتنی خەم و پەژارە بەسەر ڕوویەوە، گوتی:

– "بارزانی باوەڕێکی رەها و تەواوی بەخودا هەبوو، زۆر جار دەیگوت:" مرۆڤ با هەرچەند پلە و پایەشی بەرز بێت، ڕۆژێك دێت بگاتەوە خودای خۆی، ئەوەی لە ڕۆژی گەیشتنەوە بەخودا فریات دەکەوێ، ئەو کارانەتە پێشکەشی گەلەکەت و مرۆڤایەتیت کردووە... هەروەها بانگەوازی کاری باش و دوورکەوتنە لەکاری خراپ بەکردار و بە رەفتار" بەم چەشنە بارزانی ئێمەی فێر دەکرد... ڕاستییەکەی کۆچی دواییەکەی بارزانی لەو کاتەدا بۆ ئێمە کارەسات بوو، لە کاتێکدا پەرەسەندنەکان لە ناوچەکەدا بە تایبەتیش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران بە سەرۆکایەتیی خومەینی، هاوکێشەکانی

ناوچەکەی گۆڕی، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بە دۆزی گەلەکەمان و شۆڕشەکەیە وە هەبوو. من بەمردنی بارزانی زۆر خەمناك بووم، بەر لەوەی بەچاو فرمێسکی بۆ بڕێژم، بەخوێن و هەست و سۆز و خۆشەویستیم بۆی گریام... بەڵام کاتێك ئەو لێشاوەی خەڵکم بینی لە ناشتنی بارزانی لە شاری شنۆ بەشداربوون، کە مە راسیمێکی کەم وێنە بوو، بڕێك لە خەمە قووڵەکەم سووك بوو... ورەم نەڕووخا، چونکە من کاك ئیدریس و کاك مەسعوود بارزانیم دەبینی، ئەوان کەشتییەکەی ئێمە یان بۆ کەناری ئارامی دەبرد."

لە سەرەتای راپەڕینە شکۆدارەکەی ۱۹۹۱ من لە شاری کۆیە بووم، لە رادیۆی (دە نگی گەلی کوردستان) یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و دەنگی کوردستانی بڵندگۆی حزبی پارتی، بە وردی سۆراغی دۆخەکەم دەکرد... هاوژینەکەم و رێکانی کوڕم گوێیان لە ڕادیۆی یەکێیتیی نیشتمانی کوردستان دەگرت. رادیۆکەی من لەجۆری (ناشیونال) بوو، نۆ شەپۆلی هەبوو، بۆ دەنگی کوردستانم تەرخان کردبوو... چەند هاوڕێیەکی کەمیش لەنێو خۆماندا یەك بەیەکی هەواڵەکانمان بۆ یەك ئاڵوگۆڕ دەکرد. بەدەر لەوەش، گوێمان لە رادیۆ جیهانییەکانیش دەگرت. لەچەند رۆژێکی کەم، خواستی گەلی کوردستان سەرکەوت، هەموو لایەکمان ئازاد بووین. بەیانی رۆژی ۱۹۹۱/۳/۱۹ کاتێك خەریکی نانخواردن بووم، سەیارەیەك لە بەردەم ماڵمان وەستا، هە ر یەك لە هاوڕێیان (جەلال خۆشناو، ئەکرەم مەنتك) دابەزین...پاشان هاتنە ژوورەوە، گوتیان:

" پاش یەك دوو سەعاتی دیکە کاك مەسعوود بارزانی دێتە شارەکەی ئێوە، خۆت ئامادە بکە با پێشوازی لیٚ بکەین."

کاتێك خەڵکی کۆیە هەواڵی هاتنی کاك مەسعودیان بیست، هەموویان دڵخۆش بوون و هاتنە دەرەوە، چۆن دڵخۆش نەبن، کاتێك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی شارەکەیان دەکات، ئەو شارەی کە پێش راپەڕین هەڕەشەی راگواستنی لیٚ دەکرا، خەڵکەکەی هەر یەکەو بەشێوازی خۆی دژ بەو ستەمە وەستا نە

وەك لەدوای نسكۆوە لێیان كرا و شانزە ساڵ بەرگەیان گرت، هەرچی ناخۆشی و نە خۆشی بوو چەشتیان.

ئاپۆڕای خەڵك بەبژی بەرەی كوردستان دروشمیان دەكێشا و بەهاتنی كاك مە سعود بارزانی بۆ شارەكەیان دڵخۆش و شاد بوون. لەبەر ئەو هەموو جەنجاڵی و قەرە باڵغییە نەمانتوانی بە كەژاوەی سەیارەكانی كاك مەسعوود بگەین. هەرسێكمان رێككە وتین بچین لە پێش ماڵی كاك موشیر و هیمداد كوڕانی (شێخە حاجی رەسوول)، پێشوازی لێ بكەین. شایانی باسە شێخە حاجی رەسووڵ، دوای نسكۆ لە ئێران بەدە ستی بەكرێگیراوان شەهید دەكرێت.

سەعات دوو و نیوی دوای نیوەڕۆ، لە كاتێكدا لە پێش هەیوانی ماڵی كاك موشیر و هیمداد چاوەڕێی كاك مەسعوود بارزانیمان دەكرد، كەژاوەی ئۆتۆمبێلەكانی كاك مە سعوود گەیشت، لە دووری (٢٥) مەتر لە كەژاوەكە فەرەنسۆم بینی لەگەڵ كاك مە سعود لە ئۆتۆمبێل دابەزی، هەر كە منی بینی بە دەنگێكی گەورە دوو جار گوتی: (فە رهاد... فەرهاد!) لە ناسینەوەم لەلایەن فەرەنسۆ لەو چركەساتانەدا و هەروەها لە دووری زیاتر لە بیست مەتر شۆك نەبووم، چونكە من زیرەكی و زاكیرەی بەهێزی فەرە نسۆم دەزانی...دوای ئەو هەموو ماوە درێژە راستەوخۆ ناسیمیەوە... كە دوا دیدارمان شانزە ساڵی بەسەردا چووبوو. ئەو روخسارانەی لەزاكیرە نەسڕابوونەوە كە لە ڕابردوو دا هەمان هەست و نیاز و باوەڕیان بەدادگەری دۆزی گەلەكەیان هەبووە، ئیتر توووند لە باوەشمان گرتن و بەخێرهاتنمان كردن.

سەروسیمای فەرەنسۆ زۆر گۆڕانكاری بەسەردا نەهاتبوو، بەتەواوی قەدوقیافەی سەربازی بوو، لەوپەڕی چالاكی و جووڵەدا بوو. كاتێك لەناوی ئەو رۆژنامەنووسە بیانییەم لێم پرسی، كە هاوەڵی كاك مەسعودی دەكرد، ناوەكەی پێ گوتم، ناوەكەی لام سەیر نەبوو.. هەر ئەودەم بیرم كەوتەوە، كە ئەو رۆژنامەنوو سەخاوەنی فیلمێكی بەڵگەنامەییە بەناوی (باهۆزی مەرگ)، بەر لە دوو ساڵ لەبارەی فیلم و خاوەنەكی زانیاری تەواوم لا هەبوو... فیلمەكە هەلایەكی گەورەی لەكاتی خۆیدا نایەوە... كاتێك رۆژنامەنووسەكە گوێی لە قسەكانی من بوو. رۆژنامەنووسەكە لە بارەی فیلمەكە

گوتی: "دووباره من بەختەوەرم چونکه توانیم بەهۆی فیلمەکەمەوه لەناو کوردستان گویٚ لەخەڵك بگرم، با وانەزانن ئێوه ستەمدیدەن و کەس هەواڵتان نازانیٚ، چاك بزانن ئێوەله ئەوروپا دۆستتان هەن و بەرگری له دۆزەکەتان دەکەن."

سەعات چواری ئێواره له کاتێکدا کەژاوەی ئۆتۆمبێلەکانی کاك مەسعود خەریکی دەرچوون بوون لەشار، کاك فەرەنسۆ به چپەوه پێی گوتم:" کۆیه شارێکی دێرینه، به هەق قوتابخانەی نیشتمانییه، مێژوویەکی دێرینی هەیه... ئێمه دەمانەوێت لەگەڵ لیژنەی خۆجێیی حزب هاوکار و دەستبارگر بی... پێم باشه ببیه راوێژکاری ئەو لیژنەیه. منیش لەگەڵ لقی دووی حزب قسه دەکەم، ناکریٚ بەبیٚ راوێژی تۆ هیچ هه نگاوێك بنێن."

ئەمه لەگەڵ کاك فەرەنسۆدا سەرەتای کردنەوەی قۆناغێکی نویٚ بوو، پەیوەندی من لەگەڵ کاك فەرەنسۆدا زۆر گەرموگوڕتر بوو. کاتێك لەگەڵ برایانی ئەندام یان به رپرسی لیژنەی خۆجێی کۆیه دەچووینه مەسیف سەلاحەدین که سەرکردایەتی پارتی لیٚ بوو، کاروباره حزبییەکانمان بەریٚ دەکرد... کاك فەرەنسۆ بەردەوام هاوکاریی ده کردم و بۆ کارئاسانی بەردەوام پەیوەندی به بەرپرسانی مەکتەبی سیاسییەوه دەکرد. کاتێکیش مەکتەبی سیاسی پارتی پۆستی سەرنووسەری رۆژنامەی رۆژانەی برایەتی و بەرپرسی کارگێری و دارایی هەردوو رۆژنامەی خەبات و برایەتی له٢٦/تشرینی یه کەمی ساڵی ١٩٩٣ دایه دەستم... بەر لەوەی بڕیارەکه بگاته دەستم، کاك فەرەنسۆ به ئامێری بێتەل برووسکەیەکی بۆ لیژنەی خۆجێی کۆیه نارد، نووسیبووی:"

"پڕ بەدڵ پیرۆزبایی ئەو ئەرکه نوێیەتان لیٚ دەکەم و دەزانم ئێوه شایانی ئەو کاره ن."

هەر لەو کاتەوەی ئەو ئەرکەم وەرگرت و دەستبەکار بووم (ئەرکی گەڕان بەدوای شەکەتی و ماندووبووندا)، رۆژێك له رۆژان کاك فەرەنسۆم لیٚ دانەبڕا، هەر کاتێك هه لی بۆ بڕەخسایه له نووسینگەی رۆژنامەی برایەتی سەردانی دەکردین، هەروەها جاری وا هەبوو هەواڵ و زانیاری پێشوەختەی بۆ دەهێناین...تاکو کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵمان بەردەوام بوو، یانی تا ئەو کاتەی بەهۆی شەڕی براکوژی هەولێر ده

ستی بەسەردا گیرا و ئێمەش گواستمانەوە بۆ مەسیف سەلاحەدین... کاك فەرەنسۆ لەوێش کە ماوەی بیست مانگی خایاند، رۆڵێکی هەرە سەرەکیی هەبوو لە چارەسە رکردنی گرفت و ئاسانکردنی کارەکانمان، دوای ئەوەی هەولێر لە ٣١/ئاب ١٩٩٦ ئازادکرا و گەڕاینەوەبۆ هەولێر..کاك فەرەنسۆ پۆستی پارێزگاری هەولێری پێدرا، ئێمە وەك ستاڤ رۆژنامەی برایەتی بە مەزۆر دڵخۆش و شادبووین، چونکە ئەو هاوڕێی هەموومان بوو، ئاخر دەمانزانی دەبێتە دەستەڕاستی ئێمە... هەموو رۆژێك کاك فەرەنسۆ دەهاتە لامان، تەنانەت ببوو بە میوانی بەردەوامی سەرنووسەری نووسینگەی رۆژنامەی برایەتی. حەزی دەکرد لەسەر کورسیی بەردەم پەنجەرەی سەر شەقامی گشتی دانیشێت، نەك بۆ کات بەسەر بردن، بەڵکوو حەزی دەکرد بەردەوام هاموشۆی رۆژنامە بکات، ناوەناوە تەلەفۆنی بۆ ئەو و ئەم دەکرد و ناوەناوەیش پێشوازی لە موراجیعەکانی دەکرد. بەڵام زۆربەی کات لەبارەی رۆژنامە گفتوگۆمان دە کرد، چەندان تێبینی و سەرنجی گرنگی پێ دەداین... هاوکات جاروباریش ڕەخنە بارانی دەکردین لەسەر شتانێك کە ئێمە پێمان وابوو زۆر بایەخیان نییە. ئەو بەردەوام بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی بیردەخستینەوە... وەك فەرهەنگێك وابوو هەموو زانیارییەکانی بە درێژی تێدا بێت. بۆ یادی شەهیدانی شۆڕشی کوردستان هەتا بڵێی کەسێکی وەفادار بوو، بەردەوام ئامۆژگاری دەکردین بایەخ بەم لایەنە بدەین. کاتێك ئە لقەی ١١ لە یادەوەرییەکانم لە گوڵانی عەرەبی بەناوی (چەند لاپەڕەیەکی ون لەژیانی دارا تۆفیق) بڵاوکردەوە... دوای چەند رۆژێك کاك فەرەنسۆ بابەتەکەی لە دوانیوەڕۆیە ك خوێندبووەوە... فەرەنسۆ لە دوای نانخواردنی نیوەڕۆ حەزی نەدەکرد بخەوێت، زیاتر خووی بەخوێندنەوەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستانەوە گرتبوو. هەمان ئەو رۆژە کاك فەرەنسۆ بەر لە وادەی خۆی، کە پێشتر پێی دەهاتە رۆژنامە، هاتە نووسینگەی رۆژنامە، کاتێك داوای ئاو و چام بۆ کرد... گوتی بەس ئاوم دەوێ. کاتێك ئاوەکەی خواردەوە لە شوێنی خۆی هەستا و بەرەو رووکاری جامداری مەکتەبە کە چوو، کە وێنەی سەرنووسەرانی پێشووی برایەتی بەپێی رێککەوتی زەمەنی لێدرابوون، سێیەمیان دارا تۆفیق بوو، کاتێك لە وێنەکە ورد بوویەوە، ئاهێکی قووڵی


هەڵکێشا، رووی تیٚ کردم و گوتی:" زۆر چێژم لە خوێندنەوەی ئەو بابەتە بینی کە لەسەر دارا تۆفیقت نووسی بوو، خودا بەرەکەت بخاتە زاکیرە و وەفادارییەکەت بۆ دارا، کە ئەو شایانی ئەو نووسینەیە... بەڵام ئەوەم پیٚ سەیرە هاوڕیٚ قەڵەم بەدەستەکانی تری لە تۆ بترازیٚ کەس هیچیان لەسەر نەنووسیوە، کە خۆیان بە هاوڕێیەتی ئەو هەڵدەکێشن، کە رۆژانێك ئەرکە سەخت و دژوارەکانی راپەڕاندووە و دۆستی نزیکی بارزانیش بووە."

کاتێك هەموومان بە تاسەوە بەسەر قەڵاتە سوورەوە وەستابووین، لەو ساتەی کاك فەرەنسۆ باوەشی بەخاکی پاك و پیرۆزی کوردستان دەکرد و ئێمەش ماڵئاواییمان لیٚ دەکرد. وتەکانی کاك مەسعود برِێك لە شۆك بوون و هێدمەکەی لەسەر سووك کردین، چونکە قسەیەکی کرد جەرگی هەقیقەتی پێکا و نهێنییەکی ئەو پیاوەی بۆ ئێمە ئاشکرا کرد، کاتێك گوتی:" کاك فەرەنسۆ دەیزانی شەهید دەبیٚ، چونکە چەند جارێك بەمنی گوتووە شەهید دەبم... شەهیدبوونیش شایان بە خەباتگێڕێکی وەك فەرەنسۆیە، دەك شەهیدبوونت پیرۆز بێت."

کاتێك لەنێو شەپۆلی دۆستانی کاك فەرەنسۆ گوێم لە وتەکانی کاك مەسعوود بوو، ناونیشانی کتێبێکی چیرۆکنووسی عێراقی عەبدولستار ناسرم بەناوی (درەختەکان بەپێوە دەمرن) بیرکەوتەوە. ئەریٚ بۆچی لەو کاتەدا کە خەریکی بەرِێکردنی کاك فەرەنسۆ بووین ئەوەم بیرکەوتەوە؟ وەڵامی ئەوەیە، فەرەنسۆ بەپێوە ژیا و بەپێوە شەهید بوو.

لەکاتی ماڵئاوایی ئێمەدا هەر بەپێوە وەستابوو.... ئێمەیش وەك وەفا و ریزێك بۆ ئەو چل ساڵەی لەژیانیدا چەلەنگ و قارەمانانە بەپێوە وەستا، هەموومان بەپێوە وە ستاین... بەڵام ئەو کەڕەتە چ وەستانێك؟ ئەو وەستانە مانای چی دەگەیەنێت، وەڵامە کە لای یەك لەو کەسانەبوو کە بەپێوە وەستابوو:

"کاك فەرەنسۆ بەقەد ئەوەی لەژیانیدا خزمەتی گەل و حزب و سەرۆکەکەی کرد، بە شەهیدبوونی زۆر زیاتر خزمەتی کردن... ئەمەیە نهێنی ئەو پیاوانەی بەپێوە دە ژین و بەپێوە دەمرن."



هەمیشە یاوەر و دڵۆزی بارزانی نەمر




هەولێر-بارەگای ڕۆژنامەی برایەتی، بەهاری ساڵی ١٩٩٤

سەرۆك مەسعود بارزانی لەنێوان شەهید فرەنسۆ هەریری و فەرهاد عەونی



بالەک–بەرەی جەنگ، ساڵی ١٩٧٤



**یاریگای فرەنسۆ هەریری**

**جەماوەری کوردستان کردەوەی تیرۆرکردنی فرەنسۆ هەریری ریسوا دەکەن**




**هەریر–قەڵاتە سوور، دەیان هەزار کەس لە ماڵئاوایی شەهید فرەنسۆ هەریری دا**



**عەمیدی خانەنشین عەبدوڵڵا سەعید**

**٢٠٠١/٧/٢٤-١٩١٣**

**ژیاننامە:**

- عەبدوللا سەعید حەسەن، ساڵی ١٩١٣ لە گەڕەکی سەرشەقام لە سلێمانی لەدایکبووە، دوو برای لەخۆی گەورەتری هەبوو کە بریتی بوون لە (نەقیب عارف سەعید و غەفور سەعید ناسراو بە غەفورئاغای توتنچی).

- لە تەمەنی چوار ساڵیدا لە سوختەخانە خوێندوویەتی.

- خوێندنی سەرەتایی لە کەرکووك تەواوکردووە.

- لەنێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٠ خوێندنی ناوەندیی لە موسڵ تەواوکردووە.

- لەنێوان ساڵانی ١٩٣٠-١٩٣٢ خوێندنی دواناوەندیی لە (اعدادیە المرکزیە) لە بەغدا تەواوکردووە.

- لەنێوان ساڵانی ١٩٣٢-١٩٣٤ کۆلیژی سەربازیی لە بەغدا تەواوکردووە.

- وەکو بنەماڵە گۆشەگیری بیری کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بوون بۆیە کاتێ لە کەرکووك دامەزراوە (تیپی ٢ی سوپای عیراق) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ئەفسەری کە یەکێ لەوانە شەهید (عزەت عەبدولعەزیز بووە) کە لە ڕێگای ئەوەوە چۆتە ریزی حزبی هیوا.

- ساڵی ١٩٥٦ لە ڕێگای عبدالکریم قاسم کە ئەوکاتە لە فەلەستین بووە چۆتە ریزی ئەفسەرەئازادیخوازەکان (الضباط الأحرار) و شەوی ١٣ لەسەر ١٩٥٨/٧/١٤ لەگەڵ لیوای ٢٠وەکو فەرماندەی کەتیبەی تۆپخانە کە پلەکەی عەقید بووە بەشداریی لە شۆڕشی ١٤ تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ کردووە.

- ساڵی ١٩٦٣ پاش کودەتا شوومەکەی ٨ی شوبات فەرمانی زیندانی کردنی دەردەچێت و پلەی (لیوا)ی نادرێتێ.

- ساڵی ١٩٦٧ بۆته ئەندامی ئیمتیاز و دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (التاخی) خولی یەکەم (١٩٦٧-١٩٦٩).

- پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ وەکو ڕاوێژکار لەگەڵ سەرکردەکانی پارتی لە بەغدا کاری کردووە.

- شەوی ١ی ئایاری ساڵی ١٩٧٤ بە خۆی و خێزانییەوە لەگەڵ چەندین خێزانی دیکەی کورد لە بەغدا دەرکراون و پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردووە.

- باوکی (شەهید سەردار)ە کە ئەفسەر بووە پاشان پارێزەر و پاش ڕووخانی ڕژێم لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆتە لێپرسراوی ناوچەی بەری کەرخی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٨/٢ لەبەردەم ماڵەکەی خۆی لە بەغدا شەهید کراوە.

- ڕۆژی ٢٠٠١/٧/٢٤ لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا لە بەغدا لە ماڵەکەی خۆی کۆچی دوایی کردووە و لەسەر وەسێتی خۆی لە سلێمانی و لە گردی سەیوان بە خاك سپێردراوە.

## چەند لایەنێکی شاراوەی عەمیدی خانەنشین ( عەبدوللا سەعید )

## بۆ یەکەمین جار چەند نهێنییەك لە بارەی بەشداریکردنی لە شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بڵاودەکرێتەوە[1]

کاتەکە دەمەو عەسر بوو، هێشتا گەرما بڕێك لە تین و تاوی مابوو، بەتایبەتی لە شارێکی وەك بەغدای پایتەخت، کە وەرزی هاوین لە سەرەتای نیسان دەست پێ دە کات و تا کۆتاییەکانی تشرینی یەکەم بەردەوام دەبێت. ئێمە ئەوسا کۆمەڵێك قوتابیی کورد بووین بە چنگ گەرمیی کەشوهەوا و گەرمیی کۆمەڵێك گرفتەوە گرفتار بووبووین. لە بنچینەدا گرفتەکان لە ناکۆکی نێوان سکرتاریەتی (یەکێتیی قوتابییانی کوردستان) و ئێمە: (ئەندامانی لیژنەی بەغدا)، دروست بووبوون، کە سەرپەرشتی رێکخستنەکانی (یەکێتیی قوتابییانی کوردستانیان) لە زانکۆکانی بەغدا و موستەنسە ریە و بەسرە و ئامادەیەکان دەکرد و بەرپرسیاریەتی رێکخستنەکانی هەردوو لیژنەی خۆجێی خانەقین و کووتیان لە ئەستۆ گرتبوو...یانی کێشەکان لە نێوان سەرکردایە تی لیژنەی یەکێتیی ناوچەی بەغدا کە رێکخستنێکی کارا و چالاکیان هەبوو، لە گەڵ سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابییان دروستبووبوو، واتا کێشەیەکی نێوخۆیی بوو. هەڵبە ت ئەمەیش لە ئەنجامی ئەو دۆخەی لە دوولەت بوونی ریزەکانی جووڵانەوەی

---

[1] – ئەم بابەتە لە ژمارە ٧٤، ٧٥ی گۆڤاری (گوڵان)ی عەرەبی لە مانگی تەمووز و ئابی ٢٠٠٢ بڵاوکراوەتەوە.

رزگاریخوازی کورد دا سەری هەڵدابوو، سەرەتا ئەمە بەسەر هەموو کاروچالاکییەکی ڕێکخراوە کوردستانییەکان ڕەنگی دایەوە، ناکۆکی و پێکەوە هەڵنەکردنی ئەندامانی بالاّی سەرکردایەتی و جێهێشتنی گۆڕەپانی سیاسی لە بەر چەند هۆکارێك، لێرەدا دە رفەتی باسکردنیان نییە. هەموو ئەوانەوایان کرد لێژنەی ناوچەی بەغدا جڵەوی کار بگرێتەدەست و لە ڕێگەی دۆست و ئاشنایانی ئەندامانی لێژنەی خۆجێی، بەنهێنی پەیوەندی بەبەشێك لە بەرپرس و کادیرانی پێشکەوتووی لقەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستانەوە بکات، تاکوو هەڵوێستێکی روونیان دەستگیربێت و لە سەر سیغەیەکی گونجاو ڕێکبکەون، بەڕەنگێك لە گەڵ بەندەکانی پەیڕەوی ناوخۆی یەك بگرێتەوە و دوور بێت لە لێکدانەوەی ناشیاو و نابەجیٚ، ئەمەیش لە بەر هەستیاری و ئاڵۆزی دۆخی سیاسیی ئەوساکە، کە جۆرێك لە دڕدۆنگی لای ئەندامانی لێژنەی خۆجێی دروست کردبوو. بۆچوونی زۆربەی هاوڕیٚ یانی لێژنەی بەغدا، پشووودرێژی و دەرنەخستنی یەکێتییەکە بوو، وەك ئەوەی بەسەر خۆیدا بەشبەش بووبێت، بەتایبە تی لە کاتێکدا بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر، هەموو لایەك بەگوفتار و کردار خزمە تی شۆڕشی کوردی دەکەن... بەڵام ئەمە ڕێگەی لە بەشێکی دیکە نەگرت، کە خزمەتی یەکێتییەکە و شۆڕش پێکەوە بکەن، چونکە زۆر روون و ئاشکرا بوو یەکێتیی قوتابییانی کوردستان هەر لە ساتی دروستبوونیەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا هەبووە، ڕۆڵی ئەو یەکێتییە لە وێستگەکانی مێژوودا وەك ڕۆڵی حزبێکی سیاسی وابوو، بەتایبەتیش لە ساڵانی پێش ڕێککەوتنەکەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠.

من و جەلال خۆشناو (یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی ناوچەی ئەوسای بەغدا) بە ئۆتۆمبێلێکی جۆری (فۆلکس واکن) لە شەقامی (ئەبوونەواس) بەرەو ئاراستەی (پردی موعەلەق) دەڕۆیشتین. ئۆتۆمبێلەکە هی هاوڕیٚ سیروان عەبدوڵلا سەعید بوو، کە بەرپرسی لیژنەی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان – کۆلیژی ئەندازیاری تەکنە لۆژیا و یەکێك لە ئەندامامی لیژنەی خۆجێی بەغدا بوو، هاوڕیٚ ژیر عەبدولڕەحمانیش بەرپرسی لیژنەی یەکێتییەکە بوو لە کۆلیژی ئەندازیاری. لە نێو ئۆتۆمبێلەکەدا سە رۆکایەتی کۆبوونەوەی بەرپرسانی کۆمەڵەی ئەندازیاریم دەکرد، بۆ دروستنەبوونی گومان لە سەرمان وا راهاتبووین بەگوێرەی بۆ لوان و لە باربوونی دۆخەکە لە نێو

ئۆتۆمبێلی هاوڕێیان یان ماڵەکانیان کۆبوونەوەمان دەکرد. لە ئەنجامی تاوتوێکردنی ڕەوشەکە و پرسیاری هەردوو بەرپرسی کۆلیژی (ئەندازیاری تەکنەلۆژیا) و (ئە ندازیاری) لە بارەی هەڵوێستێکی سیاسی روون و راشکاو لە هەمبەر رووداو و پێشهاتەکان هاتمە گۆ و باسی ئەوەم بۆکردن، کەلێژنەی ناوچەی بەغدا لە سەرەتای کاری ڕێکخستنەدایە، هێشتا سێ مانگی تێنەپەڕاندووە، لێهاتوویی خۆی دەرخست، چ لە ناو ڕێکخستنەکانی ناوخۆ و چ لە ناو یەکێتیی قوتابییانی عێراق و عەرەبی لە بە غدا، حیسابی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتییان بۆ دەکرد. بەدەم قسەکردنەوە گە یشتینە ناوچەی جادریەی نزیك باڵاخانەی سەرەکی سەرۆکایەتی زانکۆی بەغدا، کە لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم دروست کرابوو... لە وێ بەڕوون و راشکاوی بە هاوڕێ یانم گوت: "بەهۆی ئەو تێکەڵیەی لە گەڵ هاوڕێ یان لە سکرتاریەتی یەکێتی قوتابییان پەیدا بووە، تاکوو ئێستا نەمانتوانیوە نە پەیوەندی بەسەرکردایەتی شۆڕشەوە بکەین، نە بە مەکتەبی سیاسی، رەنگە لە ئاییندەدا بتوانین رێ لە گرفتەکان بگرین و رووبەڕوویان بینەوە، ئێمەتا کۆتایی لە خەباتی خۆمان بەردەوام دەبین و هەموو ئەو شتانەیش دەخەینە روو، کە روویان دا، بەڵام ئێمە ئێستا پێویستمان بە کەسێکە بماننناسێنێ و بۆ سەرکردایەتی رەپێشمان خات و بمانخاتە ڕوو. راستە کارە کانی ئێمە بەرچاون و ئەوان رێز و پێزانیان بۆ کار و چالاکییەکانمان هەیە، وەلێ حە وجە بە کەسێکین بەوانمان بناسێنێ، تا لە داهاتوودا شتەکانیان لێ تێکەڵ وپێکەڵ نە بێت."

کاتێك قسەکانم تەواوبوون، چەند خولەکێك بێدەنگی باڵی خۆی بەسەردا کێشاین، لە ناکاو هاوڕێ سیروان هاتە قسە و گوتی:" رەنگە باوکم بتوانێ یارمەتیدان بدات، ئە و پێوەندییەکی زۆر بەهێزی لە گەڵ مامۆستا ساڵح یوسفی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی هەیە، بەیانی دەمەو عەسر وەرنە ماڵەوە و منیش هەموو ئامادەکاری و ڕێکسازیەکتان بۆ دەکەم و باوکیشم دەخەمەناو بابەتەکە."

ئێوارەی دواتر من و هاوڕێ جەلال خۆشناو لە زەنگی دەرگەی ماڵەکەمان دا، کە ژمارە(٤٥) شەقامی ژمارە(٢٥) بەشی سێیەمی خانووەکانی شاری ئەفسەرانی (زیونە) بوو ... هاوڕێ سیروان پێشوازی لێ کردین و بۆ ژووری مێوانخانە، کە باوکی لەوێ چاوەڕێی دەکردین، هاوەڵی کردین. هەر یەکەمان خۆمان ناساند و بەشێوەیەکی

دبلۆماسی و هێمنانە وەك ئەوەی بماننناسیٚ و ئاگاداری بابەتەکە بێت قسەی بۆکردین و دواتر بەگوێرەی زانیارییەکانی سیروانی کوڕی، نامەیەکی دووورودرێژی بۆ ساڵح یووسفی نووسی و گوتی: هەر ئەوەمان لەسەرە نامەکە بە کەسێکی دەستپاك بگاتە دەستی خاوەنەکەی لە (ناوپردان)ی ئازاد.

ئەمە سەرەتای چیرۆکی پێك ئاشنابوونی من و عەمیدی خانەنشینکراو عەبدوللا سەعیدە، کە لەو رۆژەگەرمەی ئاخرو ئۆخری وەرزی هاوینی ١٩٦٧ی بەغدا دەستی پێکرد و تا کۆچی دوایی کردنی لە ٢٠٠١/٧/٢٤ بەردەوام بوو. خوالێخۆشبوو خودان چەندان خەسڵەتی دەگمەن بوو، زۆر زیرەك و وشیار بوو، نیشتمانپەروەرێکی تایبەت و سەربازێکی پیشەیی بووە، تاکوو پلەی (عەمید) رۆیشتووە. لە دواییشدا نووسراوی پلە بەرزکردنەوەی بۆ (لیوا) وەردەگرێت، بەڵام کودەتای ٨شوباتی ١٩٦٣ز رێگەی نەداوە نیشانەیەکی سەربازی تایبەت بەم پلەیە هەڵبگرێت، لە بری ئەوە دەیخە نەزیندان و لە کۆلیژی (ئەرکان) دووری دەخەنەوە، ئەگەرچی نیوەی قۆناغەکەی بەسە رکەوتنێکی زۆر بڕیوە. هاوڕێیەتی لە گەڵ شەهید عزەت عەبدولعەزیز بەر لە پەیوە ندی کردنی بەشۆڕشی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥) دەبێتە هۆی مەحرووم بوونی لە کۆلیژی ئەرکان لە ناوەڕاستی چلەکاندا. هەموو ئەو بەربەستانەیان وەك هاوڕیٚ کەی (عەمید عەبدولڕەزاق مەحموود)، کەدواتر لە دەبێتە موتەسریفی سلێمانی، بە(کارەسات)ی ناو دەبردن، رێگری لیٚ دەکەن. ئێوارەیەکی پاییزی ساڵی ١٩٧٣ بەدەم چایە خواردنەوە لە باخچەی ماڵی عەمید عەبدوڵلا سەعید پرسیم بۆچی ئەو بەربەستانە بە کارەسات ناو دەبەیت، عەبدولڕەزاق مەحموود گوتی: "رەنگەئەفەندی و مەدەنییەکان لە قەبارەی گەورەیی مەحرووم بوونی کەسێکی سەرباز لە بەردەوام بوونی لە کۆلیژی ئەرکان تێنە گەن، ئینجا سەرباری ئەوەیش لە لایەن چەند ئەفسەرێکی پلە نزمتر لە خۆی بخرێتە کونجی زیندان، ئەمەیش تەنیا لەبەر ئەوەی ئینتیمای بۆ نەتەوەیەکی تر هەیە جیاوازە لە نەتەوەی ئەوانەی دەستەڵاتیان زەوت کردووە... لە کۆتاییدا ئەو ئەفسەرە بەبیٚ هیچ هەقێك لە هاوپیشەکانی خۆی دادەبڕێت و لە جیاتی ئەوەی ببێتە فەرمان بە دەست، دەبێتە ژێردەستە... دەی باشە ئەگەر ئەمە کارەسات نەبیٚ، کارەسات چییە؟، بەتایبەت بۆ ئەفسەرێك کە هەموو لایەك شایەتی توندوتۆڵی و بەرزەفتی و خۆڕاگری بۆ دەدەن؟

ئەم وشانەی عەمید عەبدولڕەزاق مەحموود وایان لیٚ کردم درك بەوەبکەم، کە ژیاننامەی ئەو پیاوە (عەمید عەبدوڵڵا سەعید) پڕە لە نهێنی و هەڵوێست، ژیانی ئەو لە بری ئەوەی کارنامەیەکی کەسی بێت، ژیاننامەی کەسێکی متمانە بەخۆیە، کە بە وپەڕی دڵسۆزی خزمەتی پیشە سەربازییەکەی کردووە، بیٚ ئەوەی لە بەرانبەردا هیچ پاداشتێك وەربگرێت.... ئەو لە چەندان بواردا خزمەتی دۆزی گەلەکەی کردووە، بەبیٚ ئەوەی وەڵامی سڵاوەکەی (ئەگەر بەچاکتریش نەبیٚ) هاوشێوەی خزمەتەکەی، وە ربگرێتەوە، هەروەك ئەو هاوڕیٚ یانەی لە سەردەمە جیاوازەکاندا بەخت یاوەریان بووە و بەکامی دڵی خۆیان گەیشتوون. ئەو لە گەڵ هاوڕیٚ کانی (ئەفسەرانی ئازاد) بە شداری کردووە لە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە گەڵ ئەو ڕەتلە سەربازیانەدا بووە کە شەوی ١٣/١٤ی تەمووز لە جەلەولا بەرەو بەغدا خشاون. هەموو ئەمانە سەرەتایە کن بۆ تۆمارکردنی ئەم ژیاننامەیە کە ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان خزمەتی رووپەلێکی مێژوومان بکات، دواتریش کاتێك لە شوباتی ساڵی ١٩٧٤ یەك لە کچەکانیم (پەروین) خواست و بوو هاوسەرم، لەم باسە بەتەواوی دڵنیابوومەوە. هاوژینەکەم لەگەڵ مندا ماوەی چەند ساڵێك لە نووسینەوە و روونکردنەوە و پووختکردنەوەی ژیانی ئەو پیاوەدا ڕەنجی کێشا... ئەو پیاوە مەزنە لە گەڕەکی (سەرشەقام)ی شاری سلێمانی لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی لە دایك بووە، ئەو جەنگەی ناسۆری و نەهامەتی و قاتوقڕی بۆ هەموو مرۆڤایەتی هاورد بەشاری سلێمانیشەوە، کە بە سیاسەتی ئینگلیز و فێڵ و تەڵەکە و شەڕکردنیان لە گەڵ شێخ مەحموود، داخ بووبوو. لێرەدا عەبدوڵڵا سەعید بە بیرەوەرییەکانی بۆ یەکەم ئاوارەبوونی خۆی لە شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٠ بەهۆی بۆمبابارانی فڕۆکەکانی هێزەکانی ئاسمانی شانشینی بەریتانیا، گەڕایەوە، ئەم ڕۆژانەی بەم چەشنەوەسف کرد: ئەوکات سلێمانی لە دۆخێکی پڕ ترس و تۆقان دابوو، گوێم لە دەستەواژە و دەربڕینی (ئینگلیزە دڵڕەقەکان دەبوو، راستییەکەی ئەوان هیچ بەزەییەکیان لە دڵدا نەبوو، جیاوازی نێوان چەکدار و مەدە نییان نەدەکرد... لە پێناو کوردستاندا خۆمان بەخت دەکرد، بژی شێخ مەحموود، کاکە ئەحمەدی شێخ لە نێو گۆڕی خۆیدا تۆڵەلە و کافرە نەفرەتیانە دەکاتەوە).

پاشان عەبدوللا سەعید گوتی:" رۆژێك لە فێرگە دەگەڕامەوە، (خانم)ی خوشکەگە ورەم پێی گوتم (عارف)ی براگەورەمان داوای کردووە بۆ چوونە کەرکووك خۆمان ئامادە بکەین.

شایانی باسەدوای کۆچی دوایی دایە و بابە، کاکە عارف لە جێگەی ئەواندا مشووری خێزانەکەمانی گرتە ئەستۆ، ئەو دەم من چوار ساڵان بووم. کاکیشم پێشتر لە سوپای عوسمانی ئەفسەر بووە، دواتر دەچێتە نێو سوپای عێراقی بەپلەی (نە قیب). ماڵ بارکردنمان بۆ کەرکووك بەهۆی گواستنەوەی عارفەوە بوو بۆ ریزەکانی فە ریقی (اللیفی) لە کەرکووك، لە چوارچێوەی یەکە سەربازییەکەی ماوەیەك لەویٚ سە نگرایەوە. منیش (عەبدوللا سەعید) لە گەڵ برایەکی ترم غەفوور ئاغا توتنچی بۆ خوێندنگەی سەرەتایی گوازراینەوە، کە دواتر ئەو خوێندنی تەواو نەکرد و خەریکی کاری ئازاد بوو. عارف براگەورەیان دووکانێکی جگەرە و تووتن و دەفتەرە جگەرەی لە شەقامی مەجیدیە بۆ دەکاتەوە، ئەم دووکانەی غەفوور ئاغا دەبێتە دیدارگەی پیاوماقووڵ و سەرانی کورد و تورکمان و ئاشوورییەکان، بەتایبەتی بۆ جگەرە و نێرگەلە کێشان کە تووتنەکەی جۆری (تنباك) لە حیللە و کەرەبەلا بەبالی بچووك دە هات."

لەساڵی ١٩٢٧ فەرمانی گواستنەوەی براگەورەیان (عارف سەعید) ناسراو بە (عارفەسوور) بۆ مووسڵ دەردەچێت، عەبدوللا سەعیدیشی لەگەڵ دەچێت، بەم شێوە یە بیرەوەری ئەو رۆژانەی گێڕایەوەو گوتی:"گواستنەوەی عارف براگەورەمان وەك گورجێکی جەرگبڕ وابوو بۆ ئێمە هەموومان، بەتایبەتی بۆ من، چونکە من لە گەڵ کە رکووك راهاتبووم و خوێندنی سەرەتاییم لەویٚ تەواو کردبوو، پێوەندی دۆستایە تیمان لە گەڵ خێزانەکورد و بڕێك لە تورکمانەکان پەیدا کردبوو، لە گەڵ کاکە عارفدا هاموشۆی تەکیەی سەید ئەحمەدی خانەقامان دەکرد، دەمڕاست و پیاو ماقووڵی کورد بوو، تەکیەکەی ئەو زیارەتگەی کەسایەتییە گەورەکانی عێراق بوو، نموونەی: مەلیك فەیسەڵ، شێخ مەحموودی حەفید و پیاوەکانیان بووە، بەدەر لە وانەیش پیاوماقووڵ و سەردەستەکانی شاری کەرکووك و هەژار و نەدارەکان روویان تیٚ دە کرد... لەوێوە وشەی کورد و کوردستان و حکوومەتی کوردستان و شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستانمان دەکەوتە بەرگویٚ. کاتێك لە بارەی ئەو وشانەوە پرسیارم لە

کاك عارف برام دەکرد بەکورت و پوختی وەڵامی دەدامەوە:" ئێمە کوردین و لە عەرەب جیاوازین، حەز دەکەین حکوومەتێکی کوردیمان هەبێت، ئەگەر بووینە خودان حکوومەت ئەوە مشوور خواردنی هێزی سەربازی کەرکووك دەخرێتەسەر شانی من، چونکە من لە ئەفسەرە هەرە دێرینەکانی شاری کەرکووکم."

عەمید عەبدوڵڵا سەعید ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٠ لە شاری مووسڵ بە سەر دەبات و لەوێ دەخرێتە نێو قوتابخانەی (المتوسطة الغربية) ، لە یەکەم ساڵی خوێندنیدا، یەکەمی سەر هەموویان دەبێت، لەم بارەیەوە بەسەرهاتێکی خۆی لە گەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی، خوالێخۆشبوو(حازم شیت) گێڕایەوە:" لە رۆژانی کۆتایی خوێندنی قۆناغی دووەمی ناوەندییەکە، رۆژێك قوتابییەکان بەمەبەستی پشکنین لە گۆڕەپانی قوتابخانە بە ڕیز وەستابوون، ئەودەم ئەو جۆرە رێکسازییە لە هەموو قوتابخانەکانی عێراق پەیڕە و دەکرا. بەڕێوەبەری قوتابخانە لەنێو هەر سێ قۆناغەکە بانگی کردم و شانی چەپی گرتم و رووی لە قوتابییەکان کرد و گوتی:" قوتابییەکی کورد زیاتر لە ساڵ و نیوێکی لە مووسڵ نەگوزەراندووە و تەنیا چەند وشەیەکی سنووورداری زمانی عەرەبی دەزانی، کەچی یەکەمی سەر ئێوەی رۆڵەکەنانی (زمانی ضاد) دەبێت! ئێوە قەشمەرن، بەخوا ئێوەقەشمەرن!"

دوای ئەوەی دەوام تەواوبوو و گەڕامەوە ماڵەوە حاڵ و مەسەلەکەم بۆ کاکە عارف گێڕایەوە، ئەویش گوتی:" لەم یەکەم بوون و سەرکەوتنەت بەردەوام بە، با بەڕێوەبەرە کەتان بەم داخەوە بمرێت."

دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی خوێندنی ناوەندی لە گەڵ عارف براگەورەی دەچنە بەغدا، چونکە نمرەکانی لە قۆناغی ناوەندی (زۆرباشە) بووە، لە (ئامادەیی مەرکەزی) بەغدا – بەشی بیرکاری (بەشی زانستی ئێستا) وەردەگیرێت، هەردوو ساڵی ١٩٣٠-١٩٣١ز- ١٩٣١-١٩٣٢ بەگڕ و تینێکی زۆرەوە خەریکی خوێندن دەبێت و رۆژانە (٦) سەعات خەریکی دەرس و دەور دەبێت. کاتێك ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی وەزاری (بە کالۆریا)ی ساڵی ١٩٣١-١٩٣٢ ئاشکرا کران، ئەو لە بەشی زانستیدا یەکەمی سەر هەموو قوتابییەکانی عێراق بووە. لە وانەکانی زمانی عەرەبی و ئینگلیزیش نمرەکانی وەك وانە زانستییەکان بەرزبوون، تەنانەت سیاسەتمەداری ناسراوی کورد برایم ئە حمەد کە لەهەمان ئامادەییدا لە بەشی ئەدەبی دەیخوێند، دوای دەرچوونی ئەنجامە

کان و بینینی نمرەکانی عەبدوللاّ سەعید لە وانەکانی (عەرەبی و ئینگلیزی) کەلەسە رووی (٩٥) بوون، بەگاڵتەوە گوتوویەتی:" کاکە عەبە! ئێمەئەوەمان دەزانی تۆ لە وانە کانی زانستی، یەکەمی سەر هەموو هاو کالاّسەکانتی، بەلاّم نەماندەزانی یەکەمی وانە کانی زمانیش دەبی، بەتایبەتی زمانی عەرەبی لە ئێمەیش وەردەگرێتەوە... هەزار جار پیرۆزە."

دوای دەرچوونی لە ئامادەیی بەم ئەنجامە بەرزە، لە نێوان دوو شت دا تێماوە، ئە و حەزی لە کۆلیژی پزیشکی بووە، پێی خۆشبووە لەداهاتوودا ببێتە پزیشك، بەتایبە تی لە کاتێکدا نمرەکانی بەرزبوون، لە زمانی ئینگلیزی زۆر باش بوو، ٩٧٪، لیّ هێنابوو، بەلاّم وەك دەڵێن:" بایەکان بەئارەزووی کەشتییەکان هەڵناکەن." وەلیّ لە نێوان خواست و سەرکەوتن و حاڵەتی ماددیدا چەندان نیهال هەن... خوێندنی پزیشکی نیوەی مووچەی کاکی تێدەچوو، کەئەویش بەخێوکردنی خێزانێکی گەورەی کەوتبووە ئەستۆ، بۆیە تێچووی خوێندنی لە کۆلیژ پزیشکی بەو دابین نابیّ... ناچار ئامۆژگاری کاکە عارف لە گویّ دەگرێت. ئاخر عارف ئەفسەرێکی درەوشاوەی سوپای عوسمانی بووە، دواتریش هی سوپای عێراقی. لە کاتێکدا جیاوازی و هەلاّواردن لە سەر بنەمای رەگەز پەرستی عەرەبی لە ئارادا نەبووە و لێهاتوویی و ئابڕۆ باشی و بوێری و بەرزەفتکاری پێوەر بوون، بەم مەرجانەوە سەربازەکان بەرپرسیاریەتی سە رکردایەتی یەك لە کەرتەکان، یان ئەرکێکی سەربازییان پیّ دەدرا ... بۆیە سەیر نییە ئەگەر کەسێکی وەك عارف سەعید یان وەك هاوڕیّ کانی ناوی دەبەن (عارفەسوور)، ببێتە بەرپرسی بەرزەفتکردنی سەربازی لە شاری کەرکووك.

دوای ئەوەی عەبدوللاّ سەعید نمرەکانی خۆی وەردەگرێتەوە و لە بەشی زانستی لە سەر ئاستی هەموو عێراق یەکەم دەبێت، عارف براگەورەی دەڵێت:" بەم سەرکەوتنە ی تۆ لە م قۆناغەدا زۆر دڵخۆشم، حەز دەکەم ببی بەپزیشك، بەلاّم خۆت دەزانی تێچووی خوێندنی پزیشکی بەشێکی زۆری مووچەی منی گەرەکە، رەنگەتا کۆتایی نە توانین بەردەوام بین، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم پەڕاوەکانت پێشکەشی کۆلیژی سە ربازی بکە، ئەمەیش لە بەر دوو هۆ: هەموو تێچوو و خەرجییەکانی قوتابی هەر لە رۆژی یەکەمیەوە تاکوو دەرچوونی وەك ئەفسەر بەپلەی مولازمی دووەم، لە ئەستۆی دەوڵەتە. دووەمیان ئەو مووچەیەی ئەفسەرێکی عێراقی لە یەکەم مانگی دامەزرانی وە

ری دەگرێت، لە سەرووی مووچەی پزیشکە. پشت بەخوا ببەستەو پەڕاوەکانت پێشکەیشی کۆلێژی سەربازی بکە. ئینجا کاکەم گوتی: پێویستە پێشنیازەکەی تۆفیق وەهبی ئاشنامان لە سلێمانی لە بیر نەکەیت، ئەو منی راسپارد تۆ بۆ کۆلیژی سەربازی هان بدەم...ئەو بەدەر لە وەی ئەفسەرێکی ڕێزدارە، دەرچووی کۆلیژی ئە رکانە لە دەوڵەتی عوسمانیدا، لە هەمان کاتیشدا دنەی قوتابییانی کورد دەدات بچنە کۆلیژی سەربازی، چونکە سوپای عێراق دەبێتە خودان پێگەی خۆی لە ئاییندەدا، زۆربوونی ئەفسەرانی کوردیش لە نێو سوپای عێراقیدا بە باشە دەشکێتەوە...

عەبدوڵلا سەعید بەم جۆرە باسی چوونە کۆلیژی سەربازی دەکات: " لە پایزی ۱۹۳۲ چوومە کۆلیژی سەربازی و لە قۆناغی ناوەندی وەرگیرام، ئاخر من دەرچووی ئامادەیی بووم، دەرچووانی ئامادەییش لە قۆناغی ناوەندی وەردەگیران بەپێچەوانەی قوتابییە وەرگیراوەکانی دی، کەوەك منداڵە عەشایر وەردەگیران. تا دوو ساڵی رەبەق بەبێ هیچ پشوویەك، جگە لە پشووی ئێوارەی پێنجشەممان و رۆژانی هەینی، لە خوێندنەکەمان بەردەوام بووین. ساڵی ۱۹۳٤ بە پلەی مولازیمی دووەم دەرچووم. یە کەم دامەزرانم لە شاری کەرکووك بوو، بارەگای فیرقەی دووەم لەوێ بوو، ماوەیەك لە وێ مامەوە، فیرقەی دووەم ئەوسا لە ئەفسەرانی کورد جمەی دەهات، هیچ هەڵاواردن و جیاوازییەك لە سەر بنەمای نەتەوەیی و شتی تر بەدی نەدەکرا، تەنها لێهاتوویی و توندوتۆڵی سەربازی و سەربردەی باش رەچاو دەکرا. زۆرینەی ئەفسەرانی کورد، کە لە فیرقەی دووەمدا هەبوون، خودان بیری نەتەوەیی بوون. کاتێك حزبی هیوا دروست بوو و کۆنگرەی دامەزرانی خۆی لە کەرکووك بەست، ئەفسەرانی کورد بەشی هەرە زۆریان لە حزبی هیوادا پێك دەهێنا.

لەبارەی چوونە نێو حزبی هیوا و تووشبوونی بەچەندان گرفت، وەك یەکەم ئە زموونی سیاسی لە ژیانیدا، بەتایبەتی کاتێك ئەفسەری عێراقی بووەو تەنیا پێنج ساڵ بەسەر دەرچوونەکەی تێپەڕیوە، بەم جۆرە هاتە گۆ :" لە پاییزی ساڵی ۱۹٤۲ز لە گەڵ هاوڕێ شەهید عزەت عەبدولعەزیز ئەفسەری بارەگای فیرقەی دووەم لە شاری کە رکووك، لە مێوانخانەی ئەفسەران بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ دیدارمان بەست... رۆژی ناوبراو رێکەوتی پێنجشەمەی دەکرد، چێشتخانەی ئەفسەرانیش لە پێنجشەمانی هەردوو وەرزی زستان و پاییز سەروپێیان وەك خواردنێکی سەرەکی سازدەکرد. بە

هەرحاڵ لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا دیدەنی شەهید عزەتم کرد و چێژمان لە خواردنی پاچەو خواردنەوەی چایەوەرگرت. عزەت پێشنیازی ڕۆیشتن بەپێ بەرە و ئاراستەی شەقامی (شاترلۆ) دواتر ڕێگەی کۆمپانیای (I.p.c) کرد، بە پاساوی ئەوە ی ڕۆیشتن یارمەتی هەرسکردن دەدات، بەتایبەتیش کە (پاچە)مان خواردبوو... منیش پێشنیازەکەم بێ باش بوو، چونکە هەر لە منداڵییەوە وەرزشی بەپێ ڕۆیشتن بووەتە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەی من. سەرەتا قسەو گفتوگۆکەمان لە چوارچێوەی گشتی یەکە سەربازی و ئەفسەرە کوردەکانی هاوڕێ مان و ڕۆڵیان لە یەکەکاندا بوو. کاتێك گەیشتینە دەرەوەی شار و بە جلی سەربازی بەرە و ڕێگەی کۆمپانیای نەوت دەڕۆیشتین، عزەت وەستاندمی و پرسیارێکی دیاریکراوی لێ کردم:" ژمارەی ئەفسە رانی کورد لە یەکەی سەربازی ئێوەدا چەندە." وەڵامم دایەوەو گوتم:" نهێنی ئەمە چییە؟ لە و کاتەدا دەموچاوی گەشایەوە و دەستی بەقسەکرد، وەك ئەوەی وتارێکی بۆ بۆنەیەك ئامادەکردبێت، گوتی:" کاکە عەبدوڵلا با باسی سەربازی و گاڵتە وە لانێین، بەبێ هیچ پێشەکییەك پرسیارێکی دیاریکراوت لێ دەکەم..." لە و ساتەدا وە ستا و چاوەکانی خستنە سەر چاوەکانی من و گوتی: " ئایا پڕ بەدڵ گەلەکەت خۆشدەوێت؟" سەرەتا پرسیارەکەم پێ سەیر بوو، چونکە عزەت باش منی دەناسی و وێڕای ئەوەیش، هاوڕێ ی خانەوادەیش بوو، ئارەزوو و ئاراستە و نەریتە کەسییە کانی منی باش دەزانی. لە دڵی خۆمدا گوتم دەبێ ئەو ماستە موویەکی تێدا نەبێ؟ بە ڵام ئاشنابوونی من بەو، بۆ چەندان ساڵی رابردوو دەگەڕایەوە، لە سییەکان چەندان جار لە ئەرکی سەربازیدا لە گەڵ شەهیدان عزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو و خوالێخۆشبوو بەکر عەبدولکەریم حەوێزی و مەحموود تەها بەرزنجی لە قۆڵی کە رکووك –کۆیسنجەق، کێوی هەیبەت سوڵتانی سەرووی شاری کۆیە، پێکەوە بووین... ئەو هاوڕێیەتییە تووندو تۆڵ و بەهێزە تا کۆچی دواییان هەر بەردەوام بووە، بۆیە لە پرسیارەکەی ئەودا لە بارەی ئەندازەی خۆشەویستی من بۆ گەلی کورد، سەرسوڕمانە کەم تەنیا چەند چرکەیەك مایەوە، وەڵامی منیش بۆ ئەو :" تۆ نازانی من چەندە گەلە کەم خۆشدەوێت و چۆن پێیەوە پەیوەستم؟" دواتر ئەو گفتوگۆیەی خوارەوە لە نێوانماندا دروست بوو:

**عزەت عەبدولعەزیز**: بەئەندازەی دڵسۆزی و نیشتمانپەروەریت بەرانبەر گەلەکەت دەزانم، بەڵام من پێویستم بەخرۆشانی تۆیە، وەك ئاگاداریت گەلەکەمان لە نیشتمانێکی دابەشکراودا دەژیت و چەوساوە و ستەمدیدەیە... ئەوەتا ئینگلیز شۆڕشی شێخ مەحموودیان لە بەین برد، خۆت دەزانی بەچ دەردێکیان برد، کەهەر تە نیا (لاحول ولاقوە)ی دەوێت! شێخ ئەحمەد بارزانیش شۆڕشگێڕانە ڕووبەڕووی ستەم و تۆغیان دەوەستێتەوە... جووڵانەوە سەربازییەکانیش لە هاوکاریکردنی مورتەزەقە کان دژ بەئەو بەردەوامە. دوژمنان دژ بەگەلی کوردمان یەکیان گرتووە، دەبێ ئێمەی سەربازانی نیشتمانپەروەری کوردیش لە گەڵ دەستەی منەوەراندا هاوکار و هەماهەنگ بین و لە چوارچێوەی حزبێك یان کۆمەڵەیەکی سیاسی کە مافەکانی گەلەکە مان بەدی بینێ هەوڵەکانمان یەك بخەین... هەڵبەت ئەمەیش بەپێی بەرنامەیەکی روون و راشکاو، بەکورتییەکەی دەمەوێ بزانم بۆچوونی تۆ لە و بارەیەوە چییە؟

**عەبدوڵلا سەعید**: بەر لە دوو هەفتە وەختێك سەردانی خزم و خوێش و دۆستانم لە سلێمانی کرد، دیدەنی نووری مەعرووف (نووری مەلا مارف)ی ئەفسەرم کرد، باسی کار و چالاکییەکانی حزبێکی سیاسی بەناوی (هیوا) کرد، بەگوێرەی ئەوەی نووری بۆ منی باس کرد، زۆربەی ئەفسەرە کوردەکان بەجۆرێك لە جۆرەکان پێوە ندییان بەحزبی هیواوە هەیە، نووکە دڵنیام تۆ نێردەی ئەوانی، یاخوا بەخێربێیت، هەر لە ئێستاوە بە ئەندامێکی خۆتانم دابنێن.

**عزەت عەبدولعەزیز**: دەستخۆش بۆ ئەو زیرەکی و زیتەڵیەت، بۆ کورتکردنەوەی ئەو رووبەرە هاوکاریت کردم... ئەمشەو سەعات هەشت لە ماڵی (ناوی کەسەکەی نە هێنا) یەك لە ئەندامانی (هیوا) دەبین بۆ سوێندخواردنەکە، نیو سەعات بەر لە وادەکە دێمە دوات دەتبەم.

بەڵێ، لە وادەی دیاریکراودا عزەت منی بۆ گەڕەکی قەڵا برد، لە یەك لە کۆڵانەکان سێ جار بەیەك شێوە و لە دوای یەك لە دەرگەیەکی دا، دەرگەکرایەوە، گوێمان لە دە نگی کەسێك بوو لە پشت دەرگەوە بەزمانی کوردی گوتی:" مێوانە بەڕێزەکان فە رموون." دوای ئەوەی چاك و خۆشیمان لە گەڵ دا کرد، بەدەست ئاماژەی بۆ دەرگەی ژوورێك کرد، کە لەدەروازەی پێشەوەی خانووەکە (خانووەکە بەجۆری خۆرهەڵاتی ساز کرابوو)... کاتێك چووینە ژوورەوە دوو کەسم بینی بەسەر کورسییەکی کۆنی

دارین بەرانبەر مێزێکی مامناوەنجی دانیشتبوون، خەنجەرێکی کوردی و بڕێك پەڕاوی بەسەرەوە بوو، لەبەر کزی و خراپی رووناکییەکە شتەکانی ترم بۆ سەح نەکرا. چرای ژوورەکە فانۆسێك بوو لە سەر مێز دانرابوو... کاتێك چووینە ژوورەوە عزەت بەدەستە واژەی (بژی کورد، بژی کوردستان) لە گەڵ دوو پیاوەکە هاتە گۆ.

کاتێك عزەت ئەم دەستەواژەیەی گوت، هەردوو پیاوەکە لە سەر کورسیەکانیانەوە هەستانەپاوە و قیت وەستان و هەمان دەربڕینیان بۆ یەك جار گوتەوەوە (بژی کورد، بژی کوردستان) عزەت بەرەو روویان چوو، ئەو دەم وەستانەکەم وەك وەستانی سە ربازێك بەرانبەر سەرکردەکەی هاتەبەرچاو، ئێنجا گوتی:" کوردستان پێویستی بە هەولْ و کۆششی هەموومان هەیە... کوردستان دایکە و پێویستە رۆڵەکانی خزمەتی بکەن و قوربانی بۆ بدەن، ئەمڕۆ کوڕێکی دیکە بۆ کوردستان پێشکەش دەکەم ئە ویش: " عەبدوڵڵا سەعید ئاغا کورون"ە، کە لەبەرانبەر ئێوەدا دڵسۆزیی خۆی بۆ کورد و کوردستان رادەگەیەنێت و سوێندەکەی خۆی دەخوات."

لەو کاتەدا عزەت دوو هەنگا و بەرەو دواوەگەڕایەوە و گوتی:" فەرموو بۆ خوێندی سوێندەکە بۆ لای مێزە کەبڕۆ، ئەوەی من لە بەرانبەر ئەو دوو پیاوە دەیڵێم دووبارەی بکەوە، کەتا ئەو کاتە نەمدەناسین، چوومە پێشەوەیان و مێز کەوتە نێوانمان... عزەت گوتی: ئەمە لەگەڵ من دووپات بکەنەوە: "سوێند بەئایین و شەڕەفم دەخۆم، کەتا کۆتایی بۆ گەل و نیشتمانی کوردستانم دڵسۆز بم، لە پێناو ئازادی و بە ختیارییان تێبکۆشم... خودایش شایەتی وتەکانمە."

دوای ئەوەی سوێندەکەم خوارد، راستەوخۆ بوومە ئەندامی حزبی هیوا، بەم بۆنە یەوە پێوەندی برایەتی و سیاسیم لە گەڵ عزەتدا زۆر پتەوتر بوو لە جاران. تاکوو بوو بەئەفسەری پێوەندی نێوان حکوومەتی ناوەندی و شۆڕشی کورد لە ناوچەی (بلە)، لێك جیا نەبووینەوە، دواتر لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٤ بە یەکجاری پەیوەندی بە شۆڕشەوەکرد بە سەرۆکایەتی بارزانی... کاتێك ئەو پێوەندی بەشۆڕشی کوردییەوە پاشان کۆماری ساوای کوردستان لە مهابادەوە کرد، من ساڵی یەکەمم بەسەرکە وتوویی لە کۆلیژی ئەرکان تێپەڕاندبوو. لە ساڵی دووەم و کۆتاییمان رۆژێك بانگی ژووری ئامیری کۆلێژەکەکرام، ئەفسەرێکی پلەداری کۆلیژ فەرمانێکی خستە بەردە ستم، تێیدا هاتبوو: لەسەر راسپاردەی فەرمانگەی هەواڵگیری و هەماهەنگی سە

ڕۆکایەتی کۆلیژی ئەرکان لە قۆناغی دووەم و کۆتایی فەسڵ کرایت... ئەفسەرە کە داوای لێ کردم بۆ فەرمانی دووبارە گەڕانەوەت بۆ یەکەی پێشووی سەربازیت یان گواستنەوەت بۆ یەکەیەکی تر سەردانی وەزارەتی بەرگری بکە. کاتێك فەرمانی فە سڵبوونەکەم وەرگرت و بەوردی خوێندمەوە هەستم کرد زەوی لە ژێر پێیەکانم کەوتە لەرزە. خەریك بوو بەو فەرمانە کتوپڕە لەهۆش خۆم بچم، بەڵام خۆم کۆنترۆڵ کرد و لە دڵی خۆمدا گوتم:" ئەمە کۆتایی مێژوو نییە." بەڕێکەوت زانیم عارف برا گەورەم بەمە بەستی پشکنین و چارەسەری پزیشکی پسپۆڕ هاتووە تەبەغدا، خۆم گەیاندە لای و تەواوی ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە... گوتی دەبێ خێرا بڕۆینەماڵی عەقید تۆفیق وەهبی کە پێشتر وانەبێژی کۆلیژی ئەرکان بووە و ئەفسەرێکی لێهاتوو و کەسایەتییە کی ناسراوی سلێمانییە و ئاشنای ئێمەیە. کەچووینە ماڵیان کاکەم ڕووداوی فە سڵبوونەکەمی بەبێ هیچ پاساو و هۆکارێك بۆ باس کرد، ئەویش زۆر پێی ناخۆشبوو و هاوسۆزمان بوو، بەتایبەتی لە کاتێدا ئەندازەی شایستەبوونی منی دەزانی و ئاگای لە جدیەتی من هەبوو بۆ دەوام و ئەفسەری و دەیزانی چەندە حەز بەتەواوکردنی کۆلیژی ئەرکان دەکەم، چونکە وەك ئاشکرابوو تەواوکردنی کۆلیژی سەربازی بۆ ئە فسەرێك بەوێنەی مۆڵەتنامەیەك وابوو بۆ وەرگرتنی پلەو پۆستی سەربازی... تۆفیق وهەبی لە بارەی هەبوونی پەیوەندیم بەسیاسەت و سیاسییەکان و نواندنی ڕەفتارێکی خراپ دژ بەتەختی دەستەڵات و تاقمی دەوڵەتدار و چەند شتێکی تر، پرسیاری لێ کردم. کاتێك تۆفیق وهەبی زانی جگە لە دڵسۆزی و خۆشەویستی بۆ پیشەو ئەرکەکە م هیچ خەمێکی دیکەم نییە، فایلی کەسیشم ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە. پێشنیازی کرد سبەی پێکەوە بچینە وەزارەتی بەرگری و لەوێ سەردانی بەرپرسان دەکەین و لەو بارەوە قسەیان لەگەڵ دەکەین. ئەوشەوە خەو نەچووەچاوم و هەتا بەیانی شە ونخوونیم کێشا، لە ڕووی دەروونی خۆم بۆ دیدەنی بەرپرسان ئامادە دەکرد و دەیان سیناریۆم ساز دەکرد، بەڕەنگێك هیچ درز و بۆشاییێکم بۆ سەردانی بەیانی نە هێشتبووەوە، پێم وابوو دادگەری ڕێڕەوی خۆی وەردەگرێت.

سەعات هەشت و نیوی بەیانی ڕۆژی ناوبراو لە ژووری سادق بەسامی (صادق البصام) وەزیری بەرگری بەوەکالەت (ئەو دەم وزەیری بەرگری لە عێراق نەبوو) بووین، پێش ئێمە تۆفیق وەهبی چووبووە لای، دوای تەنیا چارێکە سەعاتێك وەزیری

بەرگری بەوەکالەت بەتەنیا بانگی کردم، کاتێك بە تەواوی قەدوقیافە و جلی سەربازی چوومە ژوورەوە تەحیەم بۆ کرد و پاشان بەحاڵەتی پشوودان وەستام، ئەویش لە پشت مێزەکەی دانیشتبوو، تۆفیق وەهبیش لە سەر یەك لە قەنەفەکانی نزیك لەو دانیشتبوو... پاشان بەم چەشنەی خوارەوەگفتوگۆ لە نێوان من و وەزیری بەرگری بە وەکالەت دروست بوو:

**وەزیری بەرگری بەوەکالەت**: عەبدوللا! سکاڵا و گلەییەکانت چین؟

**عەبدوللا سەعید**: دوێنێ فەرمانی فەسڵبوونم لە کۆلیژی ئەرکان وەرگرت و داوایان لێ کردم سەردانی وەزارەتی بەرگری بکەم، هاتووم باسی ستەمدیدەیی و مە زڵوومیەتی خۆمت پێ بڵێم، بەو هیوایەی ئەو فەرمانە هەڵبوە شێنیتەوە، ئاخر ئەمن قۆناغی یەکەمم بەنمرەیەکی بەرز بڕیوە، ئاواتە هەرەگەورەکەم تەواوکردنی کۆلیژی ئە رکان و گەڕانەوەمە بۆ یەکە سەربازییەکەم تاکوو بۆ خزمەتی سوپا و نیشتمانەکەم بە ڕپرسیاریەتێك بخرێتە ئەستۆم.

**وەزیری بەرگری بەوەکالەت**: (تەماشای فایلەکەمی کرد و وردەوردە لا پەڕەکانی هەڵدەدایەوە، دوای چەند جار هەڵگێڕ و وەرگێڕکردنی فایلەکەی لە لایەك دانا و لە سە ر کورسییەکەی هەستا و بەرانبەرم وەستا و گوتی: " عەبدوللا چیتر گورگ گۆش ناکە ین، عزت عەبدولعەزیزی هاوڕێت بۆ کوێ چوو؟ ناتوانی نکوولی ئەوەبکەیت، کە پێوە ندییەکی زۆر بەهێزت لە گەڵ ئەودا هەیە... ئەو خیانەتی لە سوپا و حکوومەت کرد، سوپاسی خودا بکە کە تەنیا لە کۆلیژ فەسڵ کراویت و بەس.. چونکە وەك گوتم ئێمە چیتر گورگ بەخێو ناکەین... ئێستایش فەرموو بگەڕێوە یەکەکەی خۆت، ئێمە چاودێریت دەکەین، کەمترین ڕەفتاری خراپت لێ بەدی بکرێت، ئیتر دۆزەخ جێت دە بێ...ئامادەبە و بڕۆ. وەك پیشەی سەربازی من لە دۆخی پشوودان دابووم لە کاتی قسەکردنی وەزیر، کاتێکیش قسەکانی تەواو کرد، داوای کرد ئامادەبم و بڕۆم، ڕێگە ی نەدا یەك قسەیش بکەم...

کاتێك من و کاکە عارف لە بینای وەزارەتی بەرگری هاتینە دەرەوە، ماوەیەك چاوە ڕێی تۆفیق وەهبیمان کرد، دوای دە خولەك ئەویش هات و بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی گە یاندنیە گۆڕەپانی حافز قازی لە شەقامی ڕەشید، لە نێو ئۆتۆمبێل ئامۆژگاری کردم و گوتی:" ڕۆڵە عەبدوللا! تکایە بایەخ بەئەرکە سەربازییەکانت بدە، بەقەدەر توانا خۆت

له هەموو ئەو شتانە بەدوور بگرە كە گومانت لە سەر دروست دەكەن و تووشی دەردە سەریت دەكەن. هەوڵمدا وەزیر بتگێڕێتەوە كۆلیژی ئەركان، چونكە پێم گوت دۆستایە تی لەگەڵ عزەت عەبدولعەزیز بەواتای ئەوەنییە بۆچوونەكانیان یەكن، بە بەڵگەی ئەوە ی عزەت پەیوەندی بە جووڵانەوەكانی بارزانەوەكردووە و ئەویش (عەبدوللا سەعید) هەر لە سوپادا ماوەتەوە، بەڵام ئەو قسەكانی منی قەبووڵ نەكرد. دواتر بۆم دەركەوت ئەو راپۆرتانەی لە دژی تۆ بەرزكراونەتەوە ترسناكن، لە نێو فایلەكە وێنەیەكی تۆ و میرحاج و عزەت عەبدولعەزیز هەیە، چەند لێكدانەوەیەكیان بۆ كردووە هیچ لە بەرژوە ندیی تۆدا نییە. بەتەنیا فەسڵكردنت لە كۆلیژی ئەركان هەروەك لە پەراوێزی نووسراوی هەواڵنێریدا هاتووە كەمترین رێوشوێنێكە بەرانبەرت گیراوەتە بەر، منیش هەر هێندەم پێكرا، بڕۆ پشت بەخودا ببەستە و پێوەندی بەیەكەكەتەوە بكە."

لەكاتی پێوەندیكردنم بەبارەگەی یەكەكەم لە فیرقەی دووەمدا لە سەر میلاكی بە تریەی یەكەمی بەرگری لە گەڵ لیوای پێنجی رواندز دامەزرام، لە ژێر فەرمانی عەقید تاهیر محەمەد ... جموجۆڵەكان دژ بەشۆڕشی بارزان لە پاییزی ساڵی ١٩٤٥ بەرەو كۆتایی چووبوون، یان با بڵێین كۆتایی هاتبوون، تەنها دوو مانگ لە رواندز مامەوە و بۆ یەكێك لە بەتریەكانی بەرگری فیرقەی یەكەم لە دیوانییە گواسترامەوە... هەتا هەڵگیرسانی جەنگی ساڵی ١٩٤٨ فەلەستین لەوێ مامەوە، ئەودەم پلەی سەرۆك (رائد)م هەبوو. لە ئەنجامی سووربوون و پێداگری و زەبت و رەبتی سەربازی و موتابە عەی جدیم، كرامە كارگێڕی بەتریەی بەرگری ٢٥ رەتل. هەر یەك لە مولازم فازڵ موحسین حەكیم و كۆمەڵێك ئەفسەری كوردیشم لە گەڵ بوون، كە بریتی بوون لە مولازم عەبدوللا سەید ئەحمەد، مولازم عەلی خالید، مولازم نامق عەبدوللا حەوێزی و چەندانی دیكە... شایانی باسە جێگەی بەتریەی ئێمە بەرانبەر پێگەكانی ئیسرائیل بوو لە جەنین و نابلس و پردی (مەجامیع) بەرانبەر (كوكب الهوا)... یەكە سەربازییە كان لە سنووری دەستنیشانكراودا لە لایەن سەرۆكایەتی ئەركان ئازایی و بوێرییەكی زۆریان نیشان دا و بەشداربوون لە لەناوبردنی دوژمندا. ئەفسەرانی كوردیش ئەوسا لە چوارچێوەی سوپای عێراقی بەشدارییەكی بەرچاویان هەبوو، هەر یەكەو لە پێگەی خۆیدا بوو، وێڕای ئەو ناڕەحەتییەی لە سیاسەت رەسمی دەوڵەت بەرانبەر كورد و دۆزەكەی هەستمان پێ دەكرد... هاوكات لە كاتی چالاكییە سەربازییەكاندا بڕێك سە

**ڕبازی دژ بە شۆڕشگێران لە کوردستان دەستکراوە کردبوو. هەروەك چارەنووسی چوار ئەفسەرەکە و لە سێدارەدانیان لە ١٩٤٧ /٦/١٩ کەپێشتر پێوەندییان بەشۆڕشە وە کردبوو، لە کاتی نسکۆی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی سەرکردەکانیان لە ١٩٤٧ /٣/٣٠ گەڕانەوەلا کوردستان... هەموو ئەو ڕووداوانە هەستێکی وای لا دورست کردووین، کە ئێمە لە حکوومەتی ناوەندی خزمەتی سیاسەتێك دەکەین هیچ بایەخ بەکورد نادات، هەر ئەوەیش نا ئەوپەڕی ستەم و بێدادییان لەگەڵ دا دەکات، بە ئاگر و ئاسن وەڵامی داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد دەداتەوە. لە گەڵ هەموو ئەوانە یشدا بەشداری ئێمە بەرچاوە و جێگەی ڕێز و پێزانینە... دوای کۆتایی هاتنی ئەرکی سوپای عێراقی کەرتە سەربازییەکان گەڕانەوە و شوێن و پێگەی خۆیان، منیش گە ڕامەوە یەکەی سەربازیی خۆم لە لیوای دیوانیە. تا کۆتایی ساڵی ١٩٥٣ لە وێ مامە وە. دواتر بۆ فیرقەی سێیەم کە بارەگاکەیان لە شاری بەعقووبە گوێزرامەوە. لە کەتیبە ی بەرگری سێیەمی جەلەولا جێگیرکرام. لە ساڵانی ١٩٥٣– ١٩٥٥ بۆ دوو خولم بینی، خولی یەکەم لە شاری (دسلدروف)ی ئەڵمانیای خۆراوا، شەش مانگم پێ چوو. خولی دووەمیش لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری لەندەن مەشق و ڕاهێنانم لە سەر چەندان جۆری تۆپ کرد، پلەی نایابم وەدەست هێنا. یەکەی سەربازی پێشوازی ئاهەنگێکی بۆ بە ڕێکردنی ئەفسەرە دەرچووەکان ساز کرد، منیشیان بەنوێنەرایەتی ئەفسەرانی عێراقی بۆ پێشکێشکردنی وتەیەك بەزمانی ئینگلیزی ڕاسپارد، ئاخر من زمانی ئینگلیزیم دە زانی، ئێستایش زۆر بەباشی پێی دەنووسم و قسەی پێ دەکەم. وتارەکەم بووە جێی دڵخۆشی ئامادەبووان. ماریشال مونتگمری هەستا و دوو هەنگاو بەرەو لام هات، منیش بۆلای چووم و تەحیەیەکی سەربازیم بۆ کرد و پێی گوتم:" ئافەرین! پیرۆزبایی ئەنجامی نمرەکانت لێ دەکەم، هەروەها پیرۆزبایی وتە نرخدارەکەت لێ دەکەم، کە بە زمانی ئینگلیزی خوێندتەوە... دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم، تۆ خەڵکی چ وڵاتێکی؟ ببوورە لەکاتی ناو خوێندنەوەکە سەرنج نەدا... ئەی چ پلەیەکت هەیە؟ سوپاست دە کەم. کاتێك پلەی سەربازی و ناوی وڵاتەکەمم پێی گوت، جارێکی دیکەیش تۆقەی لەگەڵ کردم و دووبارە سوپاسی کردمەوە.**

**لەبارەی ڕووداوگەلی جۆراوجۆری ژیانی سەربازی، بەوپەڕی سینە فراوانییەوە وە ڵامی دەداینەوە، لە کاتی قسەکردنەکەی هیچ سووچ و درزێکی جێنەدەهێشت، بەوێنە**

ی مەرجەعێك وابوو... زۆر بەڕاستگۆیی و بیٚ کەم و زیاد ڕەفتاری لە گەڵ ڕووداوەکان دەکرد، وەك ئەوەی رەفتار لە گەڵ بۆسەی تۆپدا بکات، زۆر بەوردی پشتی بە هاوکێشە حیسابییەکان دەبەست.

ڕۆژێك لە بارەی عەبدولکەریم قاسم سەرۆکی شۆڕشی ١٤/تەمووزی ١٩٥٨، چیرۆکی یەکەم یەکتر بینینیان و دواتر گەرموگوڕبوونی پێوەندییان لە سەرەتا و پاشان ساردبوونەوەی نێوانیان، پرسیارم لێی کرد، چونکە بەڕاستی بە درێژی ئاگاداری ئەو باسە نەبووم. هەموو ئەوەی من دەمزانی و گوێم لیٚ بووبوو ئەو ڕووداوانە بوون، کە لە جەلەولا و بەغدا بەسەریان هاتبوون، هەر یەك لە عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف و ئەحمەد ساڵح عوبێدی و تاهیر یەحیا و عەبدولجەبار جە وادیش ناویان دەهات، بۆیەدوای ئەوەی چەند ساڵێك لە و بارەوە زانیاریم کۆکردەوە ... بەتایبەتیش کاتێك خانەوادەکەیان لە هاوینی ١٩٧٤ لە ناوچەی (ئازادی) نزیك حاجی ئومەران لە گەڵ ئێمەدا جەم بوون، یانی لە سەروبەندی پەیوەندیکردنم بە شۆڕشی کوردی لەئازاری ساڵی ١٩٧٤ دوای ئەوەی لە بەغدا دەستیان بەسەر موڵك و ماڵدا گرتم و دواتر هاوژینەکەمیان دەربەردەر و پاشان دوا مانگێك ماڵی باوکیشیان لە بەغدا دەرکرد، ئەمەیش دوای ئەوەی کوڕە گەورەکەی دەچێتە پاڵ شۆڕش... هەر بە مەشەوە نەوەستان دەستیان بەسەر هەموو موڵك و ماڵیاندا گرتن و کوڕی دوومیشیان کە لە سوپادا ئەفسەربوو، بۆ ماوەی ١٤ مانگ پەلکێشی زیندان کرد.

دوای ئەوەی شەوانە لەخانوویەك شەونخوونیمان دەکێشا، کە پێشتر سەر بەدە ستەی هاوینەهەوار و گەشتوگوزار بوون، پاشان دوای هەڵایسانی جەنگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ کران بەخانووی نیشتەجێبوون، زۆرینەیان بۆ کەسانی سەر بە (ئەمانەتی گشتی بۆ راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان شۆڕشی کورد تەرخان کران، کە منیش یە کێك بووم لەوان... خانووەکان بەسەر تەپێکی چکۆڵە و پارێزراوەوە بوون، بەڕەنگێك فرۆکەکانی عێراقی بوێری ئەوەیان نەدەکرد بگەنە ئەو شوێنە. شەوانەمان بەگوێگرتن لە هەواڵی رادیۆ جیهانییەکان و لێدوانی رۆژنامەنووسی لە بارەی شۆڕشی کوردییەوە بەسەر دەبرد، چونکە هەر یەك لەو رادیۆیانە باسی شۆڕشی کورد و مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشەکەیان دەکرد. پەیامنێری رۆژنامەکان بۆ رووماڵکردنی هەواڵەکان و نووسینی راپۆرتەکانیان سەردانی ئەوێیان دەکرد.

لەم خانووەیەی ناوچەی ئازادی و لە شەوێکی هاوینی ئەو ساڵەدا کە پڕ بوو لە موفاجەئە، عەبدوڵڵا سەعید باسی چۆنییەتی ناسین و دیداری یەکەمی خۆی لە گەڵ عەبدولکەریم قاسمدا کرد و گوتی:" کاتێك لە سەر میلاکی فیرقەی دووەم لە ساڵی ١٩٥٤ لە کەتیبەی تۆپ هاوێژی سێیەمدا جێگرکرام، کە بەهۆی ئەوەی بارەگەی کە تیبەکە بەبەرد و چیمەنتۆ دروست کرابوو، پێیان دەوت کەتیبەی بەردین... دوای دوو مانگ مانەوەم لە جەلەولا، بەرەو کۆماری ئەڵمانیای خۆرئاوا شاری (دسلدروف) رۆیشتم، بۆ بەشداریکردن لە خولی تۆپ هاوێژی شاخ، شەش مانگ مامەوە. دوای گە ڕانەوەم سەرۆکایەتی فیرقەی سێیەم بەبۆنەی جەژنی دامەزرانی سوپای عێراقی لە کانوونی دووەمی ١٩٥٥ نیوەڕۆ خوانێکیان لە مێوانخانەی ئەفسەران لە شاری بە عقووبە، کە بارەگای فیرقەی سێیەمی لێ بوو ساز کرد. بەدەر لە سەرۆکی فیرقە، فە ریق نەجیب روبەیعی و دەست و پێوەندەکانی و ئامیرانی سێ لیوایەکە و ئامیری کە تیبە تۆپ هاوێژەکان و ئامیری فەوج و بڕێك لە ئەفسەرە تایبەتەکان بانگهێشتکرابوون. منیش بەپلەی (موقەدەم) بانگ کرابووم، بەڕێکەوت کەوتمەتە نیشت ئەفسەرێك بەپلەی (عەقید روکن)، سەروفیساڵی لام سەیر نەبوو. کاتێك خۆمان ناساند و قسەمان کرد، دەرکەوت لە کۆلیژی سەربازی لە ساڵانی (١٩٣٢-١٩٣٤) هاوڕێ بووین... گوتی ئامیر لیوای نۆزدەمەلە (منصورە الجبل) سەر بەفیرقەی سێیەم. دوای ئەوەی زانی من کوردم و خەڵکی سلێمانیم و بەپلە و پۆستەکەیشی زانیم، وا خۆی هێنایەپێش، کەماوەیەکە یەك دەناسین، وادەی دیاری نوێمان لە داهاتوودا بەیە ك دا. پاشان لە چەندان بۆنەدا یەکترمان بینی، بەڵام ئەو دیدارەی لە پەیوەندی نێوانماندا گرنگ و یەکلاکەرەوە بوو، لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦ روویدا. بۆ بە شداریکردنی ئەو کەتیبەیەی من ئامیری بووم (کەتیبەی تۆپ هاوێژی سێیەم) فەرمان دەرچوو، کە لەگەڵ هێزەکانی تر بەرە و ئوردن بچن، شایانی باسە کەتیبەکەی من لە گەڵ لیوای نۆزدەدا بوو، کە زەعیم روکن عەبدولکەریم قاسم سەرۆکایەتی دەکرد. لیوای ناوبراو بۆ هاوکاریکردنی ئوردن دژ بە ئیسرائیل لە مەفرەق جێگیر بوو. کە شوهەوا هەر بەسروشت لەم مانگەدا زۆر سارده، لە نێو خێوەت دەنووستین، خێوەتە کەی من لە خێوەتەکەی عەبدولکەریم قاسم زۆر دوور نەبوو. زۆر جار لە گەڵ ژمارەیە کی سنوورداری ئەفسەران لە خێوەتەکەی ئەودا دیدەنیمان دەکرد. نیوەڕۆیەك کەشە

که خۆرەتاو بوو، بە مەبەستی ڕێکردن و سوود وەرگرتن لە کەشی خۆیشی ئەو سە عاتە لە خێوەت هاتمە دەرەوە، لە کاتێکدا بەرەو ئاراستەی خۆراوای سەربازگە دە ڕۆیشتم، کە هێشتا زۆر لە خێوەتەکە دوور نەکەوتبوومەوە، کەسێك بانگی کردم:" موقەدەم عەبدوللا." کە ئاوڕم دایەوە، دەبینم زەعیم روکن عەبدولکەریم قاسمە، ئەفسە رێکی لە پشتەوە دەڕۆیشت و بەرەو لای من دەهاتن... رووبەری نێوانمان ١٥٠مەتر بوو، منیش بەرەو ئاراستەی ئەو گەڕامەوە و تەنیا پێنج مەتر لە نێوانمان ما، تەحیەیە کی سەربازیم بۆ کرد، لێی پرسیم چی دەکەیت، گوتم دەمەوێ سوود لە و کەشوهەوا سازگارە وەربگرم و نەختێك رێ بکەم و هەناسەیەك وەربگرم... لای بۆ ئەفسەری یاوە ری کردەوەو پێی گوت تۆ بگەڕێوە خێوەتەکەت و منیش لە گەڵ موقەدەم عەبدوللا رێدەکەم و پێویستم بەیاوەر نییە.

کەمێك لە سەربازگەکە دوور کەوتینەوە، باسی بارودۆخی سەربازیمان کرد (باردۆخی هێزەسەربازییەکانی مەفرەق)، لەو ناسۆر و تەنگەژانە دواین کە بەرۆکمان دەگرن... لە ناکاو وەستا و پرسیارێکی لێ کردم و گوتی:

**زەعیم روکن عەبدولکەریم قاسم**: چۆن لە حکوومەت دەڕوانی، ئایا کوردەکان لێی رازین؟

من و زەعیم رووبەڕووی یەك وەستاوین ئەمە بۆ من وەك شتێکی کتوپڕ وابوو، بە ڵام لەو چرکەساتەدا قسەکانی عەقید عەبدولجەبار جەوادی برای خوالێخۆشبوو لیوا محەمەد عەلی جوادی فرۆکەوانم بیرکەوتەوە محمەد عەلی جەبار بەپیلانی نەتەوەییە کای عەرەب لە ساڵی ١٩٣٧ لە موسڵ لە گەڵ فەریق روکنی یەکەم بەکر سدقی تیرۆر کرا– شایانی باسە عەبدولجبار جەواد کوڕە پووری زەعیم عەبدولکەریم قاسم بوو، لە گەڵ هاوژینی خوشکەکەی (دایکی رەعد) لە جەلەولا دراوسێی بووین.

لەجەلەولا لە (بیوت الأمراء) نیشتەجێ بووین، کەپێنج خانووی لە بەرد و چیمە نتۆ لێ دروست کرابوو، رێك دەکەوتە دەستەڕاستی ئەو رێگەیەی جەلەولا و کەلاری پێك دەبەستەوە، نزیك پردی (حدید)ی سەر رووباری سیروان. لە خانووەکاندا پێنج ئامیری یەکەسەربازیەکان دەژیان بەم شێوەیەی خوارەوە:

2- خانووی ژمارە(١) ئامیر فەوج عەقید عەبدولجەبار جوادی تێدابوو.

2- **خانووی ژماره(٢) عەقید یاسین محەمەد رەئوف تێدابوو، ئامیر فەوجی دووەم، لیوای بیستەم، لە شەوی ١٤/١٣تەمووز بەشداری شۆرشی نەکرد، چونکە لە ئەفسەرانی ئازاد نەبوو و گیرا.**

3- **خانووی (٣) عەقید خەیرەدین ناسری، ئامیری کەتیبەی زریپۆش بوو.**

2- **خانووی ژماره(٤) ەی عەقید عەبدوللا سەعید ئامیری کەتیبەی سێیەمی تۆپ هاوێژ بوو لە فیرقەی سێیەم.**

2- **خانووی ژماره (٥) عەقید روکن عەبدولسەلام محەمەد عارف ئامیر فەوجی فیرقەی سێیەمی تێدابوو.**

**بەهۆی دراوسێی و رەوشت و رەفتاری جوانی عەقید عەبدولجبار جەواد پێوەندی کەسی و خێزانیمان زۆر بەهێز بوو... راستییەکەی عەقید عەبدولجەبار لە شێوەی عە بدولسەلام عارف نەبوو، عەبدولسەلام عارف نەیدەهێشت منداڵەکانی لە گەڵ منداڵە کانی من گەمە و یاری بکەن، ئەمەیش بەهۆی ئەوەی رقی لە کورد دەبووەوە. بەپێچە وانەی ئەو، عەبدولجەبار چەندان جار چ بەتەنیا چ بەشێوەی خێزانی، سەردانی ماڵی یەکمان دەکرد و هیچ شتێك لە نێوانمان نەبوو... زۆر باسی برای کۆچکردووی محەمە د عەلی جەوادی دەکرد، کە وەك ئاماژەمان پێدا لەگەڵ بەکر سدقی تیرۆرکران... هێندێك جاریش دەهاتە سەر باسی زەعیم روکن عەبدولکەریم قاسم و هەست و خۆشە ویستی بۆ کورد و سەرسام بوونی بەکەسایەتی سەربازی بەکر سدقی، بەپێی قسەی عەقید عەبدولجەبار بێت زەعیم عەبدولکەریم، بەشان و باڵی بەکر سدقی هەڵداوە و هەوڵەکانی لە بنیاتنانی سوپای عێراقی و چەکدارکردن و مەشق پێکردنیان بەرز نرخاندووە. نهێنی سەرسامبوونی عەبدولکەریم قاسم بە بەکر سدقی بەدەر لە کارە سەربازییەکانی، بچووك کردنەوەی رۆڵی خانەوادەی مەلەکی بووە لە کاروباری سیاسی، هەروەها هەوڵەکانی بووە لە دەرهێنانی حوکمڕانی لە چنگی ئەوان.**

**کاتێك رووبەڕووی عەبدولکەریم وەستام هەمان ئەو قسانەی عەبدولجەبارم بیرکە وتەوە، عەبدولکەریم قاسم لە بارەی روانگە و هەڵسەنگاندم بۆ حکوومەت پرسیاری لێ کردم... ئەمە بۆ من وەك موفاجەئەیەك وابوو، بەتایبەتی لە کاتێکدا حکوومەت بە فەسڵکردنم لە کۆلیژی ئەرکاندا وەك مار بەمنی وەدابوو، ئەمەیش بەهۆی ئەوەی**

هاوڕێیەتم لە گەڵ شەهید عزەت عەبدولعەزیز و میرحاج ئەحمەدەوە هەبووە و لە ناوە ڕاستی چلەکاندا هەردووکیان پەیوەندییان بەڕیزەکانی شۆڕشی بارزانەوە کردووە... بەڵام متمانەم بەعەبدولکەریم قاسم و ئەوەی لە عەقید عەبدولجەبارم گوێ لێ بوو لە بارەی کەسایەتی عەبدولکەریم قاسم و خۆشەویستی بۆ کورد و ڕقلێبوونەوەی لە ڕژێم، هەموو بەربەستەکانی بەردەمی ڕاماڵیم، وای کرد ڕاستگۆ و ڕاشکاوبم... دوای ماوەیەك، کە لە دوو خولەك زیاتر نەبوو، بەم شێوەیەی خوارەوەوەڵامم دایەوە:

**عەقید عەبدوللا سەعید**: قوربان! ئەگەر پێت بڵێم ئەو حکوومەتە تەنیا گوزارش لە سیاسەتی خۆی دەکات، ڕەنگە زێدە گۆیم نەکردبێت، ئەگەر ڕاستیت دەوێت ئەو حکوومەتە زۆر لە گەلی عێراقەوە دوورە و بە ڕەوڕەوەی ئیمپریالیزمەوە پەیوەستە و خزمەتی سیاسەتی ئەوان دەکات. بەهۆی بەکارهێنانی سیاسەتی هێز و تۆقاندن دژ بەگەلی کورد، کوردەکان زۆر بەخراپ لەم حکوومەتە دەڕوانن. لە سێدارەدانی چوار ئە فسەرەکەی کورد لە ساڵی ١٩٤٧ کوردەکانی ڕقەستوورتر کرد. منیش لە و سیاسەتە هەڵەیەی حکوومەت بەشی خۆم وەرگرت، بەهۆی هاوڕێیەتی کردنی بەشێك لە و ئە فسەرانەی پێوەندییان بە(مەلا مستەفاوە) کردووە، لە کۆلیژی ئەرکان فەسڵ کرام. لێرەدا عەبدولکەریم قاسم کە گوێی لە ناوی (مەلا مستەفا) بوو وەك ئەوەی تەزوویەکی پێدا هاتبێت، بەبێ هیچ پێشەکی و بەجۆرێك لە پەشۆکانەوە پرسی: هەواڵ و دە نگوباسی مەلا مستەفا چییە؟ چۆن ژیان بەسەر دەبات و کەی دەگەڕێتەوە؟

هەر بەڕاستی ئەمە موفاجەئەی دووەم بوو، زۆر لە هی یەکەم گەورەتر بوو، چونکە ناوبردنی مەلا مستەفا لە و کاتەدا بەجۆرێك لە بوێری و ئازایی لە قەڵەم دەدرا، بوێرییەکە زیاتر دەبوو وەختێك ئەفسەرێکی گەورە بەپلەی زەعیم و ئامیر لیوا لە سوپای عێراقی ناوی بهێنێ. بەم پرسیارەی خستمیەوە نێو موفاجەئەی دووەم، چونکە خۆیشی پێشبینی ئەوەی نەدەکرد وەڵامی ئەو پرسیارانەی بدەمەوە، من خۆشم لە بارەی مەلا مستەفا شتێکی وام نەدەزانی، چونکە لە هەموو لایەك تەنگیان پێ هەڵچنی بوو، منیش دوای ئەو ئەزموونەی حزبی هیوا لە سیاسەت دوورکە وتبوومەوە. هەموو ئەو زانیاریانەی دەمزانین لە دوو سەرچاوەوەی زۆر وشك بوو. سە رچاوەی یەکەم، ئێمە برێك لە ئەفسەرانی کورد لە بۆنەی خێزانی و جەژنە ئایینی و بۆنەگەلی زەماوەند و پرسە، چەند هەواڵێکمان دەستەودەست پێ دەکرد. سەرچاوەی

دووەم، لە ڕێگەی (غەفوور ئاغا توتنچی) براگەورەم، کە دووکانێکی تووتن فرۆشتنی لە بازاڕی مەجیدیەی شاری کەرکووك هەبوو، هەواڵم پێ دەگەیشت. هەموو خەڵك هاموشۆی دووکانەکەیان دەکرد، بەتایبەتی کەسایەتییە کوردەکان. غەفوور وەك مرۆڤێکی نەتەوەیی، کە گەل و نیشتمانەکەی خۆشبوێت بە مەیلداری سیاسەت ناسرابوو. ئەو لە کەرکووك تێکەڵی هەموو چین و توێژێك دەبوو، بەردەوام سەردانی تەکیەی سەید ئەحمەدی خانەقای دەکرد. (سەید ئەحمەد کەسایەتییەکی ناسراوی کوردە، ماڵ و تەکیەکەی بۆ هەمووان وەك یەك وابووە. جارێك یان دوو جار مەلیك فەیسەڵی یەکەم سەردانی کردووە، هەروەها هەموو کەسایەتییە حکوومییەکان سەردانیان دەکرد، تەنانەت شێخ مەحموودیش هەر جارێك دەچووە بەغدا سەردانی دەکرد یان بەتایبەتی چووەتە سەردانی.)

دوو ڕۆژ بەرلەوەی بەرە و ئوردن جووڵە بکەین، غەفووراغای برام بۆ بەڕێکردن و خواحافیزی سەردانی کردم، هەواڵی جۆراوجۆری لابوو، پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی پارتی لە کەرکووکەوە کردبوو، (سروشتی وابوو هەواڵەکانی گەورەدەکرد)، لە و سەردانەیدا گوتی: لە بارەی گەڕانەوەی بارزانی بۆ شاخەکانی کوردستان، دەنگوباس گەرمە گوایە یەکێتیی سۆڤیات هاوکاری دەکات و حکوومەتی عێراقی دۆستی ئینگلیز و هەژموونی خۆراوا لە بەین دەبات. ئەو بووەتە جەنڕاڵ و وانەی سەربازی خوێندووە، هەموو ئەوانەی لە گەڵ یشینی جەنگاوەری زۆر ساغ و تەندروستن. ڕێکخستنەکانی پارتی بەشێوەیەکی زۆر سنووردار وێنەکەی دابەش دەکەن. غەفووری برام سوێندی خوارد کە: بەچاوی خۆی وێنەی بارزانی بەجلی سەربازی بینیوە لەوپەڕی تەندروست باشیدا. دەمزانی غەفووری برام چەندە خۆشەویستیی بۆ مەلا مستەفا هەیە و بە نموونەی هەرە باڵای دادەنا... دەترسام لە کەرکووك کینە لەدڵان زیانی پێ بگەیەنن. هەموو ئەو هەواڵانەم بەعەبدولکەریم قاسم ڕاگەیاند، لە بەر ئەوەی زۆر متمانەم پێی هەبوو سەرچاوەی زانیارییەکانیشم پێ گوت. پێم گوت ناوەناوە برایەکەم لە جەلەولا سەردانم دەکات و چەندان هەواڵی جۆراوجۆر لە گەڵ خۆی دەهێنێ، زیاد لە وەی بە بژێوی ژیانەوە خەریك بێت، بەم جۆرە هەواڵانەوە خەریکە. کاتێك عەبدولکەریم قاسم ئەو هەواڵانەی گوێ لێ بوو، ڕووبەڕێکی دوور لە سەربازگەکەمان دوور کەتبووینەوە

... بەئاراستەی سەربازگە لای کردەوە و لە شوێنی خۆی وەستا و چەند خولەکێك بێدەنگ بوو، پاشان هاتەوە خۆی و گوتی:

زەعیم عەبدولکەریم قاسم: موقەدەم عەبدوللا شتێك هەیە دەمەویٚ ئاگاداری بیت و هاوکاریم بکەیت، دەبیٚ لای کەسیش نەیدرکێنی. ئەگەریش حەز بەهاوکاریم ناکەیت (پێشم وانییە وابێت) نهێنییەکە بپارێزە و لە ئەمانەت پارێزیدا کوردانەبە.

**موقەدەم عەبدوللا سەعید**: قوربان! شانازی بەکوردایەتی و ئەمانەتەکەیەوە دەکە م، بەهاوکاریی ئێوەشەڕەفمەند دەبم.

**زەعیم عەبدولکەریم قاسم**: بەبیٚ هیچ پێشەکییەك ڕێکخستنێکی نهێنی ئەفسەرە نیشتمانپەروەر و دژە حکوومەتەکان هەیە، ئامانجی ئەو ڕێکخستنە بەرپاکردنی شۆڕشە بەسەر ئەو ڕژێمەگەندەڵ و دۆستەی ئیمپریالیزم، هەروەها لە و شۆڕشەدا کۆماری عێراق رادەگەینین. راستییەکە ئەو ڕێکخستنە پێویستی بەهاوکاری و پشتگیریی هەموو لایەکمان هەیە، بۆ ئەوەی بەهێز بێت و ئەرکە پیرۆزەکەی بەباشی راپەڕێنێت. ئێستە تێگەیشتی چیم دەوێت و بۆچی قسەم لە گەڵ کردیت، دەمەویٚ ئە گەر بتوانی وەڵامم بدەیتەوە، ئەگەریش نەتوانی بۆ کاتێکی دیکەی دوابخە، بەڵام تکایە با کاتەکە دوور نەبێت.

**موقەدەم عەبدوللا**: قوربان! خۆتان دەزانن ئێمەی کورد لە هەمووان زیاتر لە سیاسەتی حکوومەتی ئێستا زیانمەند بووین. با لە خۆمەوە دەست پیٚ بکەم، خەریك بوو بەبیٚ هیچ پاساوێك وەزیفە سەربازییەکەم لە دەست دەربێنن، ئێستایش من پشتیوان و هاوکاریی تەواوی ئێوەدەکەم.

**زەعیم عەبدولکەریم قاسم**: واتا تا کۆتایی رازیت بێیتە نێو ڕێکخستنەکانی جووڵانەوەی ئەفسەرانی ئازاد؟

**موقەدەم عەبدوللا سەعید**: بەڵیٚ هەر لە و چرکەوە بەهەموو هۆشێکمەوە ئامادە م...

**زەعیم عەبدولکەریم قاسم**: بارك الله فيك... بەم رازیبوون و هاتنەت بۆ نێو ئەو ڕێکخستنەزۆر دڵخۆش بووم، دیداری دیکەیشمان دەبیٚ و لە داهاتوویشدا زانیاری پێویست و ناوی ئەو ئەفسەرانەت دەدەمیٚ، کەپێکەوە کار دەکەن. دوای ئەوەی لە ئوردن بۆ عێراق گەڕاینەوە و لە نێو یەکەکانی فیرقەی سێیەم سەنگراینەوە، لە کات و

شوێنی جیاواز وەك بەغدا و بەعقووبە و چەند جارێکیش لە ماڵی عەقید عەبدولجەبار جەوادی کوڕەپوور و هاوژینی خوشکەکەی یەکترمان بینی... وابزانم مانگی نیسانی ساڵی ١٩٥٧ز بوو، ڕۆژی هەینی بوو عەقید عەبدولجەبار جەواد پێی ڕاگەیاندم کە عە بدولکەریم قاسم لەبۆ نانی نیوەڕۆ لە ماڵی ئەوانە، حەز دەکات ئەگەر پێتان باش بێت سەردانی تۆیش بکات.

سەعات سێی عەسر بەپێیان و بەتەنیا لە ماڵی عەبدولجەبارەوە هاتە ماڵم، دوای ئەوەی دانیشت، بەکورتی باسی چالاکی ڕێکخستنەکانی ئەفسەرانی ئازادی کرد، دواتر لە بارەی ناسنامەی یەك لە ئەفسەرە کوردەکان پرسیاری لێ کردم، چونکە هیچی لە بارەوە نەدەزانی، لە ناکاو لە شوێنی خۆی هەستا و بەجۆرێك لە گرنگی و بایەخەوە پرسیاری کرد: ئەی پەیوەندیت لە گەڵ عەقید روکن عەبدولسەلام محەمەد عارفەوە چۆنە، کە لەهەموویان زیاتر لە تۆ نزیکە؟

کاتێك عەبدولکەریم قاسم کۆتایی بەقسەکانی هێنا، هەستم بەجۆرێك لە نیگەرانی کرد، بەتایبەتی کاتێك پرسیاری لە سروشتی پێوەندی نێوان من و عەبدولسلام کرد، بەڵام خۆم لە خەتی مەیلان دا، هەر هیچ نەبێ لە ماڵی منە... دواتر گوتم: گەورەم! دۆستایەتی لە سەر بنەمای پێوەندیەکی دروست پەیدا دەبێت، پێوەندی دروستیش پشت بەڕێز و خۆشەویستی هەردوولا دەبەستێت. سەبارەت بەعەبدولسەلام عارفیش کە دراوسێمە، بەڵام زۆر بەئاستەم سڵاو لێك دەکەین، ئەو نایەوێت من ببینێ و لە رووبە ڕووبوونەوەی من هەڵدێت. چەندان جار هەوڵمداوە دەستپێشخەری بکەم و سڵاوی لێ بکەم، بەڵام سەرباری هەموو ئەو شتانە، ئەو کاتانەی لە ماڵە بەهیچ شێوە یەك ڕێگە نادات منداڵەکانی تێکەڵ بە منداڵەکانی من بن، خۆ ئەگەر تێگەیشتن و دڵپاکی (دایکی ئەحمەد – ژنی عەبدولسەلام) نەبوایە بۆ هەفتەیەکیش نەمدەتوانیێ دراوسێی بم. عەقید عادل جەلالی دۆستی عەبدولسەلام عارف، ماوەیەك بەر لە ئێستا باسی ئەوی بۆ کردم و گوتی: " عەبدولسەلام عارف لە من زیاتر حەز بەدۆستایەتی هیچ ئەفسەرێکی کورد ناکات، لە بەر ئەوەی وەك ئەو گوتی: هەر ئەفسەرێکی کورد بە بەکر سدقییەکی دیکە دەزانی، ئەگەر بۆیان لوا حوکمداری لە عەرەب زەوت دەکەن، هەروەك فەریق روکنی یەکەم بەکر سدقی، کە حوکمرانی لە یاسین هاشمی زەوت کرد (ئەمە بەگوێرەی باوەڕی عەبدولسەلام).

کاتێك زەعیم قسەکانی منی لە بارەی عەبدولسەلام بیست، سووکە بزەیەکی کەو تەسەر رووی و گوتی:" باوکی سیروان، عەبدولسەلام ئەفسەرێکی لێهاتوو و کارامەیە، نیشتماندۆست و پیاوێکی دیندارە و ئەمەکدارە... هەروەها کەسێکی سادە و دڵسۆزە و لە هەقی دۆستانی زێدەڕۆیی ناکات، لەوانەیە هەڵەتێگەی شتنێك لە بابەتەکەدا هەبێت، یان کێشەیەك لە ناو منداڵەکان هەبێت، هەوڵدە ڕێڕەوی دۆستایەتی لەگەڵ دا راست بکەیتەوە... منیش لەبارەی کەسایەتی و لاگری تۆ بۆ ڕێکخستنی جووڵانەوەی ئەفسەرانی ئازاد باسی کەسایەتی تۆی بۆ دەکەم، دڵنیام بەمە دڵخۆش دەبێت. ئەگەر هیچ ڕێگرێك نەبێت بەعەبدولجەبار (کوڕەپوور و هاوژینی خوشکەکەی) دەڵێم داوەتێك لە نیوەڕۆی رۆژی هەینی داهاتوودا لە ماڵی خۆی ساز بکات و ناکۆکیی نێوانتان راماڵێت.

هەر چەند بەم تێڕوانینەی زەعیم عەبدولکەریم قاسم لە بارەی عەبدولسەلامەوە دڵم ئاوی نەخواردەوە، بەڵام وەك ڕێزێك بۆ زەعیم بە بیرۆکەکە رازی بووم و گڕوتینی خۆشم نیشاندا، بەڵام لە ناخی دڵەوە دەمزانی بیرۆکەکە دڵنیاکەر نییە. کاتێك لەسەر خوانی عەقید عەبدولجەبار کۆبووینەوە، زەعیم بەهۆی سەفەرەکەی بۆ بەغدا ئامادە نە بوو، هەر لە پێنج خولەکی یەکەم عەبدولسەلام جەوی تێکدام و هێرشی کردەسەر سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆ. وەك ئەوەی سەعید لە هەموو ستەم و ناشیرینێکی دە ستەڵاتی مەلەکی بەرپرس بێت. کاتێك بۆچوونی خۆم لەم بارەوە باس کرد و گوتم: سیاسەتی گشتی حکوومەتی ناوەندی نەخشە بۆ ئاراستەکردنی حکوومەت دەکێشی، بوونی ئەم و ئەو هیچ لە ناوەرۆکەکە ناگۆڕێت... گرفتەکە لێرەدا سەعید قەزاز نییە، راستەقە زاز وەزیری ناوخۆیە، بەڵام نووری سەعید خۆی هەموو شتێکە، سەرۆك وە زیرانە، بەهاوکاری سەروەسیەتەکەی (عەبدولئیلاھ) سیاسەتی وڵات دادەڕێژن. بە هەرحاڵ عەبدولسەلام عارف زۆر بەقسەکانی من قایل نەبوو، بەردەوام دەیگوت قەزاز بەشی هەرە زۆری بەرپرسیاریەتییەکە هەڵدەگرێت.

لەو کاتەدا عەبدولجەبار ئاماژەیەکی بۆ کردم و بەتیلە چاوێك داوای کرد واز لە باسی سەعید قەزاز بهێنم.. لە هێماکە تێگەیشتم و هەوڵمدا ڕێڕەوی قسەکردن بگۆڕم... عەبدولجەبار لەم بارەوە هاوکاری کردم، ئەم هاوکارییە وای کرد شتێك لەو بەربەستە دەروونیەی نێوانمان تێکبشکێ، ئەگەر هەموویش نەبێت.

ئێمە لە کوردستان یان لە بەغدا هەر کاتێك بۆمان ڕێککەوتبێت باسی ڕووداو و کەسەکانی ١٤/تەمووزی ١٩٥٨ کردووە، لە کاتی سەردانی خێزانی و هەروەها لە ئە نجامی بایەخدانم بە ڕووداوەکانی مێژووی عێراقی هاوچەرخ، من زۆرم لە عەبدوڵڵا سەعید دەکرد بۆم باس بکات... هێندێك جار، کەباسی یەك لە ئەفسەرە بەشداربووە کانی شۆڕشمان دەکرد یان ڕەخنەمان لە عەبدولکەریم قاسم دەگرت (کە دوای سەرکە وتنی شۆڕش گەلە گورگی لە دەوری خۆی پەروەردەکرد) ڕۆژێك لە شاری نەغدەی کوردستانی ئێران قسەمان دەکرد، ئەو کات من بە مۆڵەتی دەوری هاتبوومەوە، خاوەن خێزان و ئەوانەی سەر بەئەمانەتی گشتی (وەزارەتەکان لە ئازاری ١٩٧٤ –١٩٧٥) بوون ئەو مۆڵەتەیان وەردەگرت... مۆڵەتەکە پێنج ڕۆژ بوو، خانەوادەی ئێمەو (خێزانی عەبدوڵڵا سەعید و خێزانی من) لە خانوویەکی بەکرێی سەید عەبدوڵڵای کەمالی سەر بەکوردی نەغەدە، لە شەقامی (بالقچی) دەژیاین. شەوانەمان بەگوێگرتن لە هەواڵەکان و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی مێژوو بەسەر دەبرد، کە تێیدا بە وردی باس لە ڕووداوە کان دەکرا، لە بارەی شۆڕشی ١٤ تەمووزیش کاتێك شۆڕشەکە بەرپابۆوە لە تەمووزی ١٩٥٨ عەبدوڵڵا سەعید پلەی عەقیدی هەبووە... وەك ئامیری کەتیبەی تۆپ هاوێژ لە فیرقەی سێیەم و لەگەڵ هاوڕێ ئەفسەرەکانی لە کەتیبەی سێیەمدا بەشداری کردووە. کاتێك بیرەوەری خۆی لە بارەی ئەو ڕووداوەگێڕایەوە، کە عێراق و دەوروبەر و پایتە ختی وڵاتەگەورەکانی وەلەرزە خستووە، بۆ ئەنجامەکەی زۆر بەداخ بوو، وێڕای ئەوەی ئەو یەکێك بووە لەقوربانییەکانی ئەو شۆڕشە.

عەبدوڵڵا سەعید بەم چەشنەڕووداوەکەی بۆ گێڕامەوە:

"خوالێخۆشبوو ئەحمەد ساڵح عەبدی بەسیفەتی ئەوەی ئامیری تۆپ هاوێژی فیرقەی سێیەم بوو، بەرپرسی هەر سێ کەتیبە تۆپ هاوێژەکە بوو، لە نێوانیشیاندا کە تیبەکەی من. مانگی جارێك یان دوو جار لە بەعقووبە، کەبارەگەکەی لەوێ بوو، یان کاتێك بۆ پشکنین سەردانی کەتیبەکانی ئێمەی دەکرد، یەکترمان دەبینی. لە سەرەتای مانگی شوباتی ١٩٥٨ عەبدولکەریم قاسم داوای لێ کردم بەمەبەستی هەماهەنگی نێوانمان، دیدەنی ئەحمەد ساڵح عەبدی بکەم... دڵنیای کردمەوە کە ئەحمەد ساڵح یە ك لە و ئەفسەرانەیە پێوەندی بەرێکخستنەکانی ئەفسەرانی ئازادەوە کردووە، وەك ئەو باسی کرد پیاوێکە جێگەی ئەوەیە پشتی پێ ببەسترێت. پێی گوتم وشەی نهێنیتان

ئەوەبێ:(عبدالكريم يسلم عليك)، وەڵامەكەیش (اهلا بعبدالكريم وربعه).. دوای چەند رۆژێك سەردانی بەعقووبەم كرد و سەردانی زەعیم روكن ئەحمەد ساڵح عەبدیم كرد، كە ئامیری من بوو.. كاتێك لە ژوورەكەی تەحیەم بۆ كرد و بەتەنیا دانیشتین وشە نهێنییەكەم پێ گوت، توند دەستی گرتم و گوتی:(اهلا وميت اهلا بعبدالكريم وربعه) یاخوا بەخێربێیت كاكەعەبدوڵڵا! لە تەنیشتی خۆی دانیشاندم مامەڵەی ئەو كەڕەتە ی لە جارەكانی دی جیاواز بوو، (هەر چەند پێشتریش زۆر بەڕێز بوو لەگەڵم)، بزە لێوەكانیانی جێنەهێشت، لە جیاتی عەقید عەبدوڵڵا، كاكە عەبدوڵڵای بەكار دەهێنا. دەستی بەقسەكرد و گوتی: (دەمێكە عەبدولكەریم قاسم لە بارەی پابەندبوونی تۆ بە ڕێكخستنەوە قسەی لەگەڵ كردووم، بەمە زۆر زۆر دڵخۆشبووم، چونكە تۆ كۆمەڵێك تایبەتمەندی سەربازی و كەسیت هەن و جیاوازی...

عەبدولكەریم قاسم داوای لێ كردم بەمەبەستی هەماهەنگی پێوەندی بەتۆوەبكەم، تەنها لە بۆنە ڕەسمییەكان نەبێت هەوڵ مەدە دیدەنی عەبدولكەریم قاسم بكەیت، خۆت باش دەزانی لە بەرچی! بەڵام دیداری من و تۆ ئاساییە و هیچ گومانێكی لێ ناكرێت، چونكە من ئامیری بەڕێوەبەرایەتی تۆپ هاوێژی فیرقەم، تۆیش ئامیری یەك لە كەتیبەكانیت. كاتێك لە بارەی بەشێك لە ئەفسەرانی تۆپ هاوێژی كورد و ئاراستەی فكرییان پرسیاری لێ كردم، نموونەی: (نامیق عەبدوڵڵا حەوێزی، مستەفا عەزیز، رە سووڵ مەجید) ... گوتم: ئەوانە دڵسۆزترین و لێهاتووترین ئەفسەرانی كەتیبەن، زیاتر لە ساڵێكە بە ڕێكخستنەوە پەیوەستن، بۆ هەموو شتێك پشتیان پێ دەبەسترێت. پاشان چەند جارێك دیداری من و ئەحمەد ساڵح عەبدی لە لایەك و نێوان من و عە بدولكەریم قاسم لە لایەكی دیكە پاتەبوویەوە... وا رێكەوتی كرد لە گەڵ عەقید روكن عەبدولسەلام عارف و چەندانی تر لە ماڵی عەقید روكن خەلیل سەعید ئامیر لیوای سێیەم یەكترمان بینی، بەڵام لە گەڵ هەموو ئەوانەیشدا، هیچ شتێكم لە عەبدولسەلام عارف لە بارەی رێكخستنی ئەفسەرانی ئازادەوە تەنانەت بە هێمایەكیش بەدی نە كرد... بۆ زانیاریش تا رۆژی یەكەمی مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ زۆرباش ئاگای لە هەڵوێستی من بوو سەبارەت بەجووڵانەوەكە.

كاتێك فەرمان دەرچوو كە كەتیبەی من لە گەڵ لیوای بیستەم، كە ئامیرەكەی زە عیم روكن ئەحمەد حەقی محەمەد عەلی بوو، ئەركی خۆی رادەپەڕێنێت، عەبدولسەلام

عارفیش ئامیری فەوجی سێیەم دەبێ لە لیوای بیستەم... شەوێك عەبدولسەلام عارف بەبێ هیچ وادەیەکی پێشوو هاتەماڵمان (ئاخر لە جەلەولا خانووەکانمان پێکەوە نووسابوون) لە جیاتی حەدیقەی پێش دەرگە، داوای کرد لە ژوورەوە دانیشین، زۆر خۆشحاڵ بووم، چونکە ئەوە یەکەم سەردانی ئەو بوو، لە جیاتی چایە داوای قاوەی کرد، دواتر لە جێگەی خۆی (کە لەبەرانبەرم بوو) هەستا و لە تەکم دانیشت و گوتی:

**عەقید روکن عەبدولسەلام عارف**: عەقید عەبدوڵلا سەرەتا حەز دەکەم ئەوەبزانی عەبدولکەریم قاسم برا گەورەمانە (یسلم علیك) یەکەو ڕاست وەڵامم دایەوە(اهلا بعبدالکریم وربعە). کاتێك کارەکە پەیوەندی بەلایەنی سێیەمەوە دەبوو لە ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازاد دا، ئەوە وشەی نهێنی نێوان من و عەبدولکەریم قاسم بوو.

عەقید روکن عەبدولسەلام عارف لە قسەکانی بەردەوام بوو و گوتی: دووەمین لیوای بیستەم و ئەو هێزانەی لە گەڵی دان، واتا کەتیبەکەی تۆ، فەرمانیان لە بارەوە دەرچووە کە لە جەلەولا بەرەو بەغدا– لە فەلووجەوە بۆ ئوردن– جووڵە بکەن، خۆشت ئەمەباش دەزانی. سێیەم: ئەمەیان لە هەموویان گرنگترە، زۆر ئاگادار و وریابە، عە بدولکەریم قاسم منی بەوە ڕێنوێنی کرد، کە تۆ یەکێکی لە و ئەفسەرانەی، کە لە هەر جووڵەیەکدا پشتیان پێ دەبەسترێت... ئەگەر هەر شتێك رووی دا پێوەندیت پێوەدە کەم... کاتێك لە بارەی هەواڵ و دوا پێشهاتی جووڵانەوە کە پرسیارم لێی کرد، بەیەك رستەوەڵامی دامەوەو گوتی:"ئینشائەڵلا باش دەبێت."

لەرۆژی پێنج شەممەی رێکەوتی ۳ی تەمووزی ۱۹۵۸ دوای ئەوەی نانی نیوەڕۆم لە ماڵەوە خوارد، عەریف عەبد چۆلان کە لەژێر فەرمانی من دابوو، هات و گوتی: ئۆتۆمبێلی عەبدولکەریم قاسم لە کن دەرگەوەستاوە، زەعیم دەیەوێت دڵنیا بێتەوە ئاخۆ لە ماڵیت تاکوو دابەزێ و چایەکت لەلا بخواتەوە. من هێشتا بەجلی سەربازی بووم، بەمەبەستی بازاڕکردن و کات بەسەربردنی خێزانی، خۆمان بۆ سەفەری باعقووبە ئامادەکردبوو، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە دەمزانی هێزەکانمان لە ماوەی ئەو یەك دوو هەفتەدا بەرەو ئوردن دەچن... کاتێك عەبدولکەریم قاسم منی بینی بەرەو لای دەچم، لە ئۆتۆمبێل دابەزی و بەرەو لای من هات، بەخەندەوە گوتی: لە ماڵی (ئەبوو رە عد) نانم خواردووە (مەبەستی ماڵی عەبدولجەباری کوڕە پووری و هاوژینی خوشکەکە ی بوو) گوتم دەچم چایەیش لای ئەبوو سیروان دەخۆمەوە. دوای ئەوەی تەحیەم بۆی

کرد، دەستم درێژکرد و تۆقەم لە گەڵ کرد و دەستم گرت و بردمە دیوانخانە، ئینجا گوتی: بەر لە چەند رۆژێك داوام لە عەبدولسەلام کرد بێتە دیدارت بەتایبەتیش لە کاتێکدا ئێوە لە جووڵەپێکردنی لیوای بیست و هێزەکانی تری ژێرفەرمانی، پێکەوەن ... داوا دەکەم دەستبارگر و هاوکاری یەك بن. شتێك هەیە دەمەوێ بزانم ئایا کەتیبە کەی ئێوەچەك و تفاقی هەیە، کاتێك بەرەو ئوردن دەچن پڕ چەکی دەکەن؟ گوتم: ئەوە نزیکەی بیست و دوو ساڵە ئەفسەری تۆپ هاوێژم، لە شوێنی خۆمان جووڵەمان نە کردووە و لە هیچ ئەرکێکی سەربازی بەشدار نەبووین، ئینجا بەتریە یان کەتیبە بێت... بەڵام چەك و تفاقی تەواومان هەیە، ناشزانم ئەوجارەیش چۆن دەبێت... لە و کاتەدا زەعیم وشەی (باشە، باشە)ی چەند جارێك دووبارەکردەوە، لە بارەی هیچ شتێکی دیکە قسەی نەکرد. دوای چارێکێك مۆڵەتی خواست و دەرچوو، بەڕێم کرد و تاکوو ئۆتۆمبێلەکەی رۆیشت لە کن دەرگە وەستام.

سەرۆکی فیرقەی سێیەم لیوا غازی داغستانی فەرمانی دەرچووی بەڕێوەبەرایەتی تۆپ هاوێژی فیرقەی سێیەمی پێ راگەیاندین کەدەبێ لە هەفتەی یەکەمی تەمووز لیوای بیست و ئەو هێزانەی تری ژێر فەرمانی، لە جەلەولا بۆ ئوردن جووڵە بکەن و جووڵەکەیش ئێوارەی رۆژی ١٣/تەمووزی ١٩٥٨ بەسەرۆکایەتی ئەحمەد حەقی محە مەد عەلی ئامیر لیوای ناوبراو دەبێت، هەموو شتێك وەك خۆی بەڕێوەدەچێت.

لە ئێوارەی رۆژی ١٣ی تەمووز بەسەرۆکایەتی لیوا روکن غازی داغستانی و چەند گەورە ئەفسەرێك هێزەکان لە جەلەولا بەرەو ئوردن بەڕێکەوتن، هیچ شتێکی نوێ لە ئارادا نەبوو. هەموو روانینەکان لە سەر یەکەکان بوو بەئاراستەی بەعقووبە بەغدا — ئوردن، چونیەتی رۆیشتن و رێکردینیان، توندوتۆڵی و بەرزەفتکارییان... کەتیبەی تۆپ هاوێژ کەمن بەڕێوەم دەبرد بەگوێرەی سێ بەتریەکە دابەش بووبوو، یەکەم لە سە رەتا، دووم لە نێوان دوو فەوجی دووم و سێیەم بوو، سێیەم لە دواوەبوو. وەختێك ناوەندی ناحیەی خان بەنی سەعدمان جێهێشت، کاتەکە لەنیوەی شەو تێپەڕیبوو... عەقید عادل جەلال بەجیهازی بێتەلی تایبەت بەخۆی پێوەندی پێوەکردم (عەقید جە لال ئەفسەرێکی کوردی خەڵکی خانەقین بوو. داوای لێ کردم شوێنی خۆم لەسەر رێگەی گشتی دیاری بکەم، چونکە نامەیەکی تایبەت و بەپەلەم پێیە... منیش شوێنی خۆم دیاری کرد، دوای چارێکێك ماتۆڕێکی رەتلی (ئەمامی) وەستا، ئەفسەرێك بەپلە

ی (سەرۆك عورەفا) ئاماژەی کرد، زانیم ئەوە لەلایەن عەقید عادل جەلال هاتووە. سە رۆك عورفا نامەیەکی دایەدەستم و رۆیشت. نامەکەم کردەوە و لە بەر رووناکی لایەتی ئۆتۆمبێل خوێندمەوە، تێیدا نووسرابوو:"ئاگاداربە و بۆ هاتنە مەیدان ئامادەبە، بەر لە هەڵاتنی خۆر و گەیشتن بە بەغدا هەموو شتێك کۆتایی پێ دێت، ئاگادربە و ئەرکی خۆت لە بیر نەچێ." لە گەڵ سڵاو رێزی ئەبو ئەحمەد (عەبدولسەلام محەمەد عارف) بە واژووی (عادل). هەموو شتەکان زۆر بەئاسایی رۆیشتن، لە دەوروبەری سەعات چوار و نیوی بەیانی ئێمە لە دەوروبەری بەغدا بووین."

ئەم ئەلقەیەم (لە یادگەوە) لە ژمارە ٧٤ و ٧٥ی گوڵانی عەرەبی مانگی تەموز و ئابی ٢٠٠٢ بڵاوکردەوە، دوای تێپەڕینی حەوت ساڵ، لە رۆژی چوارشەممەی ٢٠٠٩/١٠/٢٨ لە لاپەرەی رۆژنامەی (التاخی) چاوم کەوتە سەر بابەتێك بەناوی "رۆڵی ئەو لە ١٤ی تەمووزدا لاوەکی نەبوو، عەبدولکەریم قاسم لە رۆژانی ١٢،١٣، چی کرد... بۆ پێکگرتن و هاوجووتکردنی بۆچوونەکانی ئەم بابەتە، بەباشم زانی لێرەیش بڵاوی بکەمەوە، ئەمەیش دەقەکەیەتی:"هەر کە گەیشتینە (بغداد الجدیدە) عەریفی لاسلکی پێ گوتم داوایان کردووە لە ئۆتۆمبێل دابەزی و بچی ئامیر لیوا ببینی، کە پێنج سەد مەتر دووربوو، لەوێ گردبوونەوەیەکی ئەفسەر و سەربەزەکانم دەبینی، کاتێك لێیان نزیك کەوتمەوە، عەقید روکن عەبدولسەلامم بینی، بەڕاست و چەپدا ئاماژەی دەکرد، گوێم لێ بوو پێی دەگوتن:" ئێوە ئازادن، رۆژ رۆژی ئێوەیە، پاش کە مێکی دیکە دەست بەشۆرش دەکەین، هەموو شتێك ئامادەیە، پاشگەزبوونەوە نییە." کاتێك لێی نزیك بوومەوە، سڵاوی لێ کردم و بەرەو لام هات و پێی گوتم: عەقید عەبدوللا ئەرکی تۆ ئەوەیە لەگەڵ سریەی پیادەڕەو (قەسری ریحاب) گەمارۆ بدەن، رە نگە هێزی دیکەیش لە دواتان بێن و هاوکاریتان بکەن... خودا کۆمەکتان دەکات."

چەند خولەکێك بەر لە سەعات شەش، پێنج سەد مەتر مابوو کەتیبەی من بگاتە قەسری ریحاب، موقەدەم رەسووڵ مەجید (خەڵکی سلێمانی بوو) داوای لێ کردم شوێنی کەتیبەکە جێگیربکەم و تۆپەکان دابنێم.. شایانی باسە جگە لە پێنج گوللە تۆپی عەیار ١٢٠ملم، هیچ تفاقێکی دیکەمان بۆ تۆپەکان پێ نەبوو. من لە سەر بۆنیتی ئۆتۆمبێلی سەربازی دانیشتم و بە دووربین تەماشای دۆخەکەم دەکرد. هەموو هەست و بیریشم لە سەر جیهازی بێتەل بوو، لە رێیەوە چاودێری هەموو بەغدام دەکرد. کە

تیبەکەمان لە و کاتەدا بۆ هەر ئەگەرێکی کتوپڕ ئامادەبوو، جووڵەی سەربازانی سریە ی پیادەڕۆم دەبینی لە کۆشك دەهاتنەدەر و دەچوون. گوێم لە تەقەی چەکی سووك بوو، لە دەوروبەری سەعات شەش و نیو بەجیهازی بێتەل پێیان راگەیاندم کەعەقید عەبدوڕەحمان عارف وەك هێزی پشتگیری بۆ رووبەڕوونەوەی کۆشکی ریحاب بەرەو ئێرەدێت. من چاوەڕێی هێمایەك بووم بۆ تەقاندنی تۆپ بۆ سەر کۆشك و دەوروبە ری... راستییەکەی دۆخەکە ئاڵۆز بوو، یاریدەدەری خۆم نارد پەیوەندی بە ئامر سە ریەی پیادەڕەو بکات و روونکردنەوە بدات، لە و کاتەدا بەڕووبەری ٢٥٠مەتر ئەفسە رێکم بینی، نەمتوانی پلەکەی بزانم، لە جێبێکی سەربازی دابەزی و کاتێك لێم نزیك بوویەوە دەرکەوت عەقید عەبدولرەحمان عارفە، لە سەربازگەی (وشاش)ـەوە هاتووە، کە پێشتوەخت پێم راگەیاندرا بوو.

دوای نزیکەی بیست خوولەك هێزی سەربازەکانی دەرکەوتن، یەکەیەکی سەربازی بوون، دوو ئۆتۆمبێلی لە جۆری (جێب)یان پێ بوو، دانەیەکیان تۆپێکی دژە دەبابەی هەڵگرتبوو، عەقید عەبدولڕەحمان عارف داوای لێ کرد دایبنێن و چەند گوللەیەك بە لای راستی کۆشکەکەوە بنێن، کە جوڵەی پیادەڕە و لە و رووەوە نەبوو. دوای ئەوەی موقەدم رەسوول مەجید گەڕایەوە، کە گەیشتبووە هێزی هێرشبەر، زانیم دۆخەکە لە بەرژەوەندیی ئێمەدا نییە، هەوڵمدا پەیوەندی بەعەبدولسەلام عارفەوەبکەم، سەرکە وتوو نەبووم... دوای ئەوەی سێرەم راست کرد، چەند گوللـەهاوەنێکم لە کۆشك گرت، گوللـەی یەکەم بەپشت کۆشك کەوت، گوللـەی دووەم راستەوخۆ کۆشکی پێکا، ئاگر بەرزبوویەوە و چڕە دووکەڵی لێ هەستا... ماباقی چیرۆکەکە زانراوە، بەڕادەستکردنی پاسەوانانی کۆشك بەئاماژەی عەقید تەها بامرنی دەست پێ دەکات و بەکوشتنی خانەوادەی پاشایەتی و هاتنی لێشاوی جەماوەر بۆ شانۆی رووداوەکە، کۆتایی دێت.

لەنیوەڕۆی ١٥/تەممووزی ١٩٥٨ تەبلیغ کرام کەتیبەی سێیەم بەرەو ناوچەی (کازمیە دەباش) ئاراستەبکەم، هەڵبەت دوای پڕ چەککردنی کاملی هێزەکەو دە ستکرانەوەی تەواوم. هۆکاری جێگیرکردنی کەتیبەی تۆپ هاوێژی سێیەم لە (دە باش)، رێگرتن بووە لە هەر پەلامارێکی دەرەکی بۆ سەر بەغدا، ئاخر ئەو ئەگەرە

هەبوو. دوای ئەوەی ١٦ی مانگ لە وەزارەتی بەرگری سەردانی عەبدولکەریم قاسمم کرد و پیرۆزباییم لێ کرد، ئەوەی پێ گوتم.

دوای تێپەڕینی مانگێك بەسەر شۆڕشی ١٤/تەمووزی ١٩٥٨ بەڕێوەبەرایەتی جووڵانەوەی سەربازی فەرمانی گێڕانەوەی کەتیبەی منی بۆ جەلەولا دەرکرد، هەمان بەرپرسیاریەتی پێشوویان کە ئامیری کەتیبەی تۆپ هاوێژی سێیەم بوو، داوە دەستم. لە کانوونی دووەمی ١٩٥٩ پلەم بۆ عەمید بەرز کرایەوە، پۆستی ئامیری تۆپ هاوێژی فیرقەی سێیەمیان لە جێگەی زەعیم ئەحمەد ساڵح عەبدی، پێ بەخشیم، ئەویش دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووز، بوو بەسەرۆك ئەرکانی سوپا و دادوەری گشتیی سەربازی. زەعیم روکن خەلیل سەعید سەرۆکی فیرقەی ناوبراو بوو. تاکوو هەفتەی یە کەمی مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٢ لەو پۆستەدا مامەوە، واتا تا ئەو کاتەی بوومە بریکاری سەرۆکی فیرقەی سێیەم و ئامیری فیرقەکە. دوای گوێزرانەوەی زەعیم روکن خەلیل سەعید، بۆ پۆستی سەرۆکی فیرقەی سێیەم پاڵێورام، پاشان عەبدولکەریم محە مەد بووە سەرۆکی فیرقەی سێیەم. ئەمنیش کە ئامیری فیرقەکە و بریکاری سەرۆکی فیرقە و پاڵێوراوی پۆستی سەرۆکی فیرقەی سێیەم بووم، لە کۆتاییدا بەشم (فەرمانگە ی پشکنین بوو لە وەزارەتی بەرگری)، بەفەرمانی وەزیری بەرگری و سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکان زەعیم روکن عەبدولکەریم قاسم بۆ ئەم فەرمانگەیە گوێزرامەوە، کە بارەگاکەی لە سێ ژوور پێکهاتبوو، لە سووچی خوارووی بارەگەی وەزارەتی بەرگری.

سەبارەت بەگوێزرانەوەم لە ئامیری تۆپ هاوێژ و بریکاری سەرۆکی فیرقەکە بۆ فە رمانگەی پشکنینی وەزارەتی بەرگری، چیرۆکێکی دیکەڕوویدا بۆ ئەفسەرێك خودا بە کوردی دروستی کردووە و وڵات و نیشتمانەکەی خۆش دەوێت، بۆیە دەبوو باجی ئە مەبدات، باجەکەیشی وەك لە خوارەوە دەردەکەوێت (گواستنەوەیە بۆ پیشەیەکی کارگێڕی سەربازی، نە بەخشینی پلەی لیوایە پێی، هەرچەند مافێکی یاسایی خۆی بوو، فەرمانی سەربازیشی بۆ دەردەچێت.) لە کۆتاییشدا دەخرێتە زیندانی (الخیالە) لە ناوچەی (کەسرە) و دواتر لە جیاتی لیوا، لە گرتووخانەدا بەعەمید خانەنشینی دە کەن.

چیرۆکی ئەم باجدانەی بۆ ناوەڕاستی چلەکان دەگەڕێتەوە، عەبدوڵڵا سەعید بەم چەشنەی خوارەوە زاکیرەی خۆی هەڵدەچۆڕێنێت و باسی چۆنیەتی رووداوەکە دە

کات:"سەرەتای چیرۆکەکە روون و ئاشکرا بوو، پێوەندی دۆستایەتی و برایەتی نێوان من و هەریەك لە ئەفسەران شەهید عزەت عەبدولعەزیز و خوالێخۆشبوو میرحاج و بەکر عەبدولکەریم حەوێزی بوو، هەروەها لاگیری و ئەندامبوونیان بوو لە حزبی هیوا، لە کاتێکدا ئێمە هەموومان لە یەکە جۆراوجۆرەکان لە فیرقەی دووەم لە شاری کەرکووك ئەفسەر بووین، ئەوان دووچاری لە سێدارەدان و پەنابەری و خۆشاردنەوە لە ئەشکە وتەکانی کوردستان بوونەوە... منیش لە ساڵی دووەمی کۆلیژی ئەرکان لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە فەسڵکرام. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی چواردەی تەمووز هەناسەیەکی خۆشمان هەڵمژی، ئاخر بەوپەڕی دڵسۆزی بەشداریمان کردبوو، بەڵام بەگەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت بۆ عێراق، لە شەشی مانگی تشرینی دووەم لە ساڵی ١٩٥٨، چوونی من بۆ پێشوازیکردنی لە فرۆکەخانەی بەغدا لە گەڵ هاوڕێ عەقید عە بدولڕەحمان قازی بەجلی سەربازی، هەروەها دوای ئەوەی لە بەغدا نیشتەجێ بوو، چەندان جار سەردانم کرد... زۆر جار کە دەیویست سەردانی وەزارەتی بەرگری یان یەك لە وەزارەتەکان بکات هاوەڵیم دەکرد، من بەئۆتۆمبێلی سەربازی عێراقی، کە ئاڵای عێراقی لەسەر دەشەکایەوە لەخزمەتی دابووین. میرحاج رۆڵێکی گەورەی گێڕا کرد لەوەی بارزانی متمانەی زۆر بەمن هەبێت و پشت بەمن ببەستێت. هەموو ئەوانە بەشێك لە ئەفسەرانی دەوری عەبدولکەریم قاسمی نیگەران و پەست کردبوو. لە کۆتایی مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٦٢ زەعیم عەبدولکەریم محەمەد سەرۆکی فیرقەی سێیەم پێی گوتم سەردانی بارەگەی وەزارەتی بەرگری بکە و لەگەڵ سەرۆك ئەرکانی سوپا و دادوەری گشتی سەربازی زەعیم روکن ئەحمەد ساڵح عەبدی دانیشە، هەڵبەت ئەمەیش بۆ کارێك کە سەرۆکی فیرقەی سێیەم خۆی لێ نەبان دەکات.

بەیانی رۆژی دواتر بارەگەی خۆم لە بەعقووبە بەرە و وەزارەتی بەرگری بەڕێکە وتم، سەروبەری نیوەڕۆ گەیشتم و چوومەژووری سکرتێری سەرۆك ئەرکانی سوپا. کاتێك ئەحمەد ساڵح عەبدی زانی من چووم، خۆی دەرگەی کردەوە و سڵاوی لێ کردم، منیش بەرەو لای چووم و تەحیەی سەربازیم بۆ کرد. فەرمووی دانیشتنی لێ کردم و بەرەو رووم دانیشت، دوای ئەوەی لە تەندروستی و بار و گوزەرانی گشتی پرسیم، هەستم کرد دەیەوێت بچێتە نێو بابەتێك کە خۆیشی پێی ئاسوودە نییە... ویستی بارەکە خۆش بکات تاکوو زیاد لە پێوست کارەکە ئاسایی بێتە بەرچاو. دوای

ئەوەی چامان خواردەوە، داوای لە بەردەستەکەی کرد قاوەیەکمان بۆ بێنێ... داوایشی لە سکرتێرەکەی کرد بەتەلەفۆن و سەردانی خەڵك سەرقاڵی نەکات. دوای ئە وەی قاوەکەمان خواردەوە، عەبدی گەڕایەوەشوێنی خۆی لە پشت مێزەکەو راستەوخۆ بابەتەکەی کردەوە، بەڵام ماڵم هەقە، بەوپەڕی ئەدەب و لوتفەوەئەم گفتوگۆیەی خوارە وەلەنێوانمان دروست بوو:

**زەعیم روکن ئەحمەد ساڵح عەبدی:** کاك عەبدوللا بێگومان تۆ دەزانی من ئێستایش رێز و حورمەتێکی زۆرت دەگرم... کاتێك ئامیر کەتیبەی تۆپ هاوێژی سێیەم بوویت من ئامیری تۆپ هاوێژی فیرقە بووم... بەحوکمی پێگەکەم دۆسیەی کە سیی تۆم بینی، ئەمن تۆم بۆ سەردانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٥٩ لە چوارچێوەی شاندێکی سەربازی پاڵاوت، هەڵوێستی من لە بۆشایی یاخود سە رسامبوون بەتۆ نەبوو، بەڵکوو لەبەر توندوتۆڵی و بەرزەفتکاری سەربازی و ژیاننامەی رابردو خۆڕاگری و زیرەکی و دڵسۆزیت بوو... بەوپەڕی ئەمانەتەوە دەڵێم: زەعیم عە بدولکەریم زۆر متمانەی بەتۆیە و زۆرباش دەتناسێت، تەنیا خۆشیی تۆمان دەوێت... بەڵام شتێك هەیە زەعیم عەبدولکەریم قاسم رایسپاردووم ئاگادارت بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە: تۆ کەسێکی سەربازییت و دروشمی ئێمەیش وەك زەعیم عەبدولکەریم جە ختی لە سەر دەکاتەوە(سوپا لە سەرووی هەموو مەیل و ئارەزوو و ئاراستەکانە)، ئێستا خۆت دەزانی بەرپرسیاریەتی زۆر گەورەیە، لە لایەك تۆ ئامیری تۆپ هاوێژی فیرقەی، لە لایەکی دی بریکاری سەرۆکەکەی، هەموو ئەو بەرپرسیاریەتە داوات لێ دە کەن لە کاروباری سیاسی (دڵنیام دەزانی مەبەستم چییە؟)

**زەعیم عەبدوللا سەعید:** بەخوا نازانم باسی چی دەکەیت، بەوێنەی (کەڕی زەماوە ندی بووك گواستنەوەم لێهات). کاتێك پێی گوتم (دڵنیام دەزانی مەبەستم چییە؟) وەهۆش خۆم هاتمەوە و پێم گوت: باوەڕت هەبێ گەورەم نازانم مەبەستت چییە، تکایە شتەکەم بۆ روون و رۆشن بکەوە.

زەعیم روکن ئەحمەد ساڵح عەبدی: وەك ئاگاداریت و بۆ هەموو لایەك ئاشکرایە شۆڕشی ١٤ی تەمووز و سەرۆکەکەی عەبدولکەریم قاسم چەند پرەنسیپێکان بۆ خزمە تکردنی خەڵکی عێراق بەعەرەب و کورد و کەمایەتیە نەتەوەییەکان هێنانەکایەوە... مادەم عەبدولکەریم قاسم دەستەبەری دەستوور و دادگەری کۆمەڵایەتی دەکات، هیچ

گرفتێك بۆ برایانی کورد له باکوور دروست نابێت. دۆزی ئێوه چارەسەربوو، بڕیاری ڕێپێدانی گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی جەماعەتەکەی له خودی زەعیمەوه بوو، ئه گەرچی بەشێك ئەفسەره هەژموونداره گەورەکان دژی بڕیارەکه بوون. کوردەکان زۆرباش پەیان بەمه بردووه، ئەمەیش منەتکردن نییه لەسەر هیچ کەسێك... چونکه شۆڕش هات ئیمپریالیزمی لەناو بردم و ماڤ بۆ خاوەنەکان گەڕاندەوه. گرنگ ئەوەیه تۆ له هەموو کەس باشتر ئەو هەقیقەته دەزانی، چونکه تۆ کوڕی شۆڕشیت، دەشزانی فەرمانگەی هەواڵگیری هەموو جووڵەیەکی بچووك و گەوره تۆمار دەکەن، بەتایبەتی له کەسانی سەرباز. راپۆرتەکانیان گەیونەته بەرزترین ئاست، ئەوانەی راپۆرتەکانیان به رزکردووەتەوه وەك ئێمه مرۆڤن، میزاج و ئێرەیی و خۆپەرستی و کینه و سۆز و هاوڕێیەتی و خزمایەتییان تێدایه. راپۆرتەکان هێندێك جار دەپێکن و بڕێ جاریش بێ ئومێدکەرن. بۆ ئەوەی باشتر وێنەکەت له لا ڕۆشن بێتەوه، چەندان راپۆرت لەسەر تۆ بەرزکراوەنەتەوه، سەرەتا له لاگیریت بۆ خەڵکانی نەتەوەیەك لەسەر خەڵکانی نەته وەیەکی تر له جەلەولا و سەعدیه دەست پێ دەکات، دوای ئەوەی له جەلەولا راسته وخۆ دوای شۆڕش دەبیەئامیر. لەوەش مەترسیدارتر پەیوەندی تۆیه بەملا مستەفا و تاقکمەکەی هەر لەو ڕۆژەوەی بۆ نیشتمان دەگەڕێنەوه و هەتا ئەو ڕۆژەی یاخیبوونی خۆیان بەسەر حکوومەتی شۆڕشدا راگەیاندووه، له کاتێکدا تۆ پێگەیەکی سەربازی گرنگت هەیه. ئێستا ئەگەر مەلا مستەفا له بەغدا مابایه هیچ شتێکی نائاسایی نەده بوو، بەڵام نزیکەی ساڵێك دەبێت بەیداخی یاخیبوونی هەڵگرتووه و دژ بەشۆڕش ده جەنگێت و ئەفسەر و سەربازانی سوپا دەکوژێت... له کاتێکدا تۆ یەك له پێگه هەره هەستیارەکانی ئەو سوپایەت داگرتووه، کەچی هەست و سۆزی خۆت بۆ ئەو ناشاریه وه، ئەمەجێگەی تێڕامان و لێ وردبوونەوەیه... هەموو ئەوەی من دەمەوێت ئەوەیه ئاگاداری خۆت و پێگه سەربازییەکەت بیت و له سیاسەت دووربکەیتەوه. بۆ دووەم جار بۆخوا پێت دەڵێم زەعیم عەبدولکەریم خۆشی دەوێیت و ڕێزت لێ دەگرێت. بیرته پار له بارەی گیرانی برایەکەت له کەرکووك (مەبەستی غەفووراغای برا گەورەمه که له ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ له کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول دەستبەسەر کرا) پێوه ندیت پێوەکردم، منیش ئەمەم به هێژا عەبدولکەریم قاسم راگەیاند، داوای لێ کردم

راستەوخۆ ئازادی بکەم، کاتێك زانیمان لە زیندانی (حلە)یەلەماوەی سێ سەعات بەبێ کەفالەت ئازادمان کرد.

**زەعیم عەبدوللا سەعید:** هەرگیز پێم وانەبوو رۆژێك لە رۆژان لە سەردەمی کۆماری و عەبدولکەریم قاسمدا رووبەڕووی ئاوا هەڵوێستێك ببمەوە. لە کاتی هەڵاتنی یەك لە ئەفسەرانی بەڕێوەبەرایتی فیرقەی سێیەم بەسەرۆکایەتی و ئەندامیەتی هەر یەك لە سە رۆك ئەرکانی فیرقەی سێیەم و ئەفسەرانی هەواڵگیری فیرقەکە، بە پێچەوانەی هەموو رێسا و عورفێکی سەربازی... ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوە دابنرێت... لە کاتێکدا ئە ندامی ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوە پلەی لە من نزمتر بووە... لە ئەنجامیشدا دەرکەوت من هیچ پێوەندیم بەبابەتەکەوە نەبووە، بەتایبەتی لە کاتێدا موقەدەم عەقراوی پەیوەندی بەجووڵانەوەی کوردستانەوە کردووە، بۆ ماوەی سێ رۆژ بەمەبەستی چارەسەری نە خۆشی چاوەکانم لە بەغدا، مۆڵەتم وەرگرتبوو. لە بارەی مەسەلە هەرە گرنگەکەی بابە تی سەرقاڵبوون و سەرقاڵ نەبوون بەسیاسەت، وەك جەنابی عەبدولکریم و ئێوەش باش دەزانن من سیاسەت ناکەم، بەلاّم خۆشەویستیم بۆ گەلەکەم و شانازیکردنم بە نە تەوەکەم مانای ئەوە نییە بەسیاسەتەوە خەریکم. سەبارەت بەپێوەندی من بە مەلا مستەفاوە، راستییەکەی وەختێك لە بەغدا بوو بە ئاشکرا هاموشۆم دەکرد، ئەو خۆی سەردانی عەبدولکەریم قاسمی دەکرد و خۆشی دەویست، جەنابی زەعیم خۆی جارێك لە مەفرەق لە هەواڵ و دەنگوباسی مەلا مستەفای پرسی، یانی ئەو خۆی گرنگی بە مە لا مستەفا دەدا... لە بارەی ئەو راپۆرتانەی لە دژی من بەرزکراونەتەوە، من جگە لەعە بدولجەبار شنشل (سەرۆکی ئەرکانی فیرقەی سێیەم ١٩٦١) پەنجەی تۆمەت بۆ کەس راناکێشم، بەبێ هیچ زانیارییەکی ئامیرەکەی، کە عەقید روکن مستەفا عەزیزە، یەك لە کەتیبەکانی پشکنی بوو، منیش لەبەر ئەوەسزام دا. لە و کاتەدا زەنگی تەلەفۆن چەند جارێك لێی دا، زەعیم ئەحمەد ساڵح هەڵیگرت و بەوشەی گەورەم قسەی لە گەڵ لایە نی بەرانبەر کرد، راستەوخۆ زانیم عەبدولکەریم قاسم قسەی لەگەڵ دەکات... دوو جار رستەی (بەڵێ! گەورەم ئامادەم)ی گوتەوە. پاشان تەلەفۆنەکەی لە شوێنی خۆی داناوەو دەموچاوی گەشایەوە وەك ئەوەی شتێکی قورس لەسەر شانی هەڵگیرابێت.

پاشان لە جێگەی خۆی هەستا و گوتی: "سەرۆك دەزانی تۆ لێرەی، ئەو ئێستا چاوەڕێت دەکات و فەرموو!"

دواتر عەبدی تا دەرگەی ژوورەکەی بەڕێی کردم و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستم. هێمای بۆ یەك لە ئەفسەرەکان بەپلەی مولازمی یەکەم کرد تا ژووری سکرتێری سەرۆك هاوەڵیم بکات، کاتێك گەیشتمە ئەوێ، عەقید وەسفی تاهیر هاوەڵی پێشکەوتووی سەرۆك عەبدولکەریم قاسمم بینی لە نووسینگەکەی دەردەچوو، سلاّوی لێکردم و گوتی فەرموو (سەرۆك چاوەڕێت دەکات.)

کاتێك چوومە ژووری سەرۆك، نەجیب روبەیعی سەرۆکی ئەنجوومەنی (السیادە)م بینی لە تەك مێزی زەعیم لە لای راستەوە دانیشتبوو، کاتێك دوو هەنگاو چوومەژوورە وە، لە بەرانبەر سەرۆك و روبەیعی وەستام، تەحیەی سەربازیم بۆ کردن. ئینجا سە رۆك بەدەستی راستی هێمای دانیشتنی لە بەرانبەر روبەیعیدا لێ کردم و گوتی: عەبدوللاّ فەرموو. لە شوێنی دیاریکراو دانیشتم... چرکە ساتەکانی سەرەتایی درکم بەوەکرد زەعیم نایەوێت تەماشام بکات... روبەیعی گوتی (بەخێر بێیت)... بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکە کێشا. سەرۆك بەخوێندنەوەی نووسراوی یەك لە دۆسییەکانی بەردەمی خەریك بوو. دوای پێنج خولەك، روبەیعیش نووسراوەکەی خوێندەوە... عە بدولکەریم قاسمیش خۆی بەنووسراوەکانی تری ناو دۆسییەکە سەرقاڵ کرد... سە رنجم دا پەلەی قسەکردنەیەتی، دوو جار تەماشای روبەیعی کرد ئاخۆ نووسراوەکەی تەواو خوێندەوەیان نا.. روبەیعیش بەقووڵی نووسراوەکەی دەخوێندەوە. منیش لە جێگەی خۆم چاودێری دۆخەکەم دەکرد، بەڵام دەمزانی عەبدولکەریم قاسمیش بۆ هەمان ئەو بابەتەبانگی کردووم، کە ئەحمەد ساڵح عەبدی گفتوگۆی لە گەڵ کردم. دوای ئەوەی روبەیعی نووسراوەکەی تەواو کرد ئەم گفتوگۆیە لەنێوانماندا دروست بوو:

**زەعیم عەبدولکەریم:** (ڕووی قسەی لە روبەیعی کرد) ها! چیت لە راپۆرتەکە هەڵکڕاند؟

**فەریق روکن روبەیعی:** سەرۆك، لە گەڵ ڕێزم بۆ ئەفسەرە کوردەکان، بەڵام بەدەگمە ن نەبێ متمانەیان پێ ناکەم، کاتێك سەرۆکی فیرقەی سێیەم بووم زەعیم عەبدوللاّم باش دەناسی... ناتوانم بڵێم هەلاّتنی عەقراوی ئەفسەر دەستی عەبدوللاّی تێدا نییە، ئەو عەقراوییە کۆمەڵێك نهێنیشی لە گەڵ خۆیدا بۆ مەلا مستەفای یاخی بردووە...

راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگیری پشتەستووره بەواقیع و مێژوو، هیچ دەمە دەمێك هەڵناگرێت.

ڕوبەیعی قسەکانی تەواو کرد و چاوەکانی لە عەبدولکەریم قاسم بڕیبوون و نەیدە ویست تەماشای من بکات.. کاتێك گوێم لە و لێدوان و قسە ناهاوسەنگەکانی روبە یعی بوو حەپەسام، لە ژیانمدا هیچ کەسێکم هێندەی روبەیعی لا سووك و ڕێسوا نە بووە. لە دڵی خۆمدا گوتم: ڕاستییەکەی پێشتر لە هەڵسەنگاندنی روبەیعیدا لە خشتە چووبووین، نووکە هەقیقەتەکەی بەتەواوی روون بوویەوە... لە و کاتەدا عەبدولکەریم قاسم هاتە ناو قسەکان:

**عەبدولکەریم قاسم**: ها! عەبدوللا چی دەڵێیت؟

**عەبدوللا سەعید**: تکا دەکەم جەنابی سەرۆك ببموورە، بەرگری لە خۆکردن مافێکی پیرۆزە، دواتر هەرچی دەبێت با ببێت! (لێرەدا عەبدولکەریم قاسم قسەکانی بڕیم و گوتی: مەبەستت لەوە چییە (هەرچی دەبێت با بێت؟)

**عەبدوللا سەعید**: قوربان! داوای لێبووردن دەکەم مەبەستم لە دەربڕینی (هەرچی دەبێت با بێت)، یانی بڕیاری کۆتایی لە باوەڕکردن بەڕاستی و ناڕاستی راپۆرتەکە دژ بە من دەگەڕێتەوەلای جەنابت. لە بارەی ئەم بابەتەیش دەڵێم شتێکی وام نەکردووە بە سەر شۆڕشەوە ببم بەبار، جەنابیشتان ئەمە زۆر بەباشی دەزانن. هەرگیز پیلانم لە دژ نەگێڕاویت و قەتیش بیر لە کارێکی وا ناکەمەوە، ئاخر من هەر لە ساڵی ١٩٥٦ لە مە فرەق پەیمانم بەخودا و خۆم و خۆت دا... ڕاستیت دەوێ من بەزەییم بەو راپۆرتنووسانە دێتەوە... چونکە ئەوانە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خیانەت لە ویژدانی خۆیان دەکەن، چونکە بەشێوەیەکی بێلایەن و دوور لە میزاجی کەسی ناینووسنەوە.. سەرۆکی هێژا ئێستا من بەخوێن و گۆشت لە بەر دەستی تۆم. راپۆرتەکەی دژ بەمن وا لە سەر مێزەکەیە و نووسرەکەیشی لای ئێوە ناسراوە... بە بەراوردێکی زۆر سادە و ساکار دەگەی تەئەنجام... داوات لێ دەکەم تەنیا دوو خوولەکم بۆ ئەمەپێ بدەیت... بەڕێز فەریق روکن نەجیب روبەیعی بەوەی متمانە بە ئەفسەرانی کورد ناکات، پەنجەی تۆمەتی بۆ هەڵبڕیم، من هیچ ناڵێم بەڵام ئەگەر مێژووی عێراق بنووسرێتەوە رۆڵی بە رچاو و شەرەفمەندانەی ئەفسەرانی کورد هەر لە ساتی دروستبوونی سوپای عێراقە وە تا ئەمڕۆ، بەتەواوی روون دەبێتەوە. هەڵاتنی ئەفسەرێك لە نێو سوپا، ئەم هەموو

مەزنی و گەورەیی ئەفسەر و سەربازانی کورد ناسرێتەوە، کە بەرگریکاری رەسەنی نیشتمانەکەیان بوون، نموونەی خوالێخۆشبووان: جەعفەر عەسکەری، بەکر سدقی، سەدانی دیکە... سوپاس جەنابی سەرۆك.

**زەعیم عەبدولکەریم قاسم**: لە بارەی ئەفسەرانی کورد من لە گەڵ بۆچوونەکەی فە ریق نەجیب نیم، من شانازییان پێوەدەکەم... چەند شتێك هەیە لە دەرەوەی خواستی ئێمە گوزەر دەکات... دوژمنان لێمان لە مەڵاسدان- لەو کاتەدا بەرەو ژووری دووەم رۆیشت و دوای دوو خوولەك هاتەوە، دۆسییەکی بەدەستەوەبوو، رووی قسەی لە من کرد - گوتی:" من بەرانبەر برایانی کورد کەمتەرخەم نەبووم، بڕۆ پرسیار لە حسێن جەمیل بکە بزانە کێ بوو پرەنسیپی شەراکەتی کورد و عەرەبی لە دەستووری کاتیدا چەسپاند؟ بەڵام بەداخەوە بەبێ هیچ هەقێك لە پشتەوە درامەبەر تانەو تەشەر، وەلێ تا دوا رۆژی تەمەنم لە پێنا و عێراق و عێراقییەکان هەموو هەوڵێکی خۆم دەخەمەگەڕ. دەکۆشم کێشەی باکوور بە ڕێگەچارەیەکی زۆرباش چارەسەر بکەم، پێم وانەبوو گرفتێکی لەم چەشنە ڕووبدات، پشتیوان بەخوا چارەسەر دەبێت.

دوا دەربڕینی ئەو، ئاماژەی کۆتایی دیدارەکەیان پێ دام، هەستم بەوەکرد عە بدولکەریم قاسم بەرانبەر بەمن شتێکی لە دڵ دایە، رەنگە پێشبینی ئەوەی نەکردبێت ئەفسەرێکی کورد سوپا جێبهێڵێت و پەیوەندی بەڕیزەکانی شۆڕشی کوردییەوە بکات... چونکە مانای قسەکەی کە لەبەرانبەر من و فەریق نەجیب روبەیعیدا کردی لە بارەی شۆڕشی کوردی، هەر ئەوەی لێ دەفامرایەوە، کە ئەوانە کۆمەڵە یاخییەکی سنووردارن و مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکایەتییان دەکات... بەقسەی خۆی دەتوانین ئەو گرفتەیش چارەسەر بکەین، مادەم توانیمان ئیمپریالیزم راماڵین.

کاتێك عەبدوڵلا سەعید لە وەزارەتی بەرگری دێتەدەرێ، هەڵبەت دوای لێپرسینە وەی لە لایەن سەرۆك ئەرکانی سوپا و سەرۆکی گشتی هێزەچەکدارەکان، ئەوەی لە فکردا نەبوو کەدوای دوو هەفتەی تر بۆ ئەو وەزارەتە دەگوازرێتەوە و لە فەرمانگەی پشکنین دەستبەکار دەبێت. وەك ئاشکراشە هەموو ئەو ئەفسەرانەی بۆ ئەو فەرمانگە یەیان فەرمانگەی هاوشێوە دەگوێزرێنەوە، ئەوانەن، کە غەزەبیان لێ گیراوە! ئیدی پلە و پۆست و سومعەیان فریایان ناکەوێت. چونکە هاوڕێ و دۆستانی پێشوو بوونەتە سوڵتانی سوڵتە! ئاشکراشە چاوی دەسەڵات نە بینینی هەیەو نەهەست! رەش و سپی

لێك هەڵاوێر ناكات، تەنیا مەگەر لە سنووری بەرژەوەندی خۆیدا بێت...بەم چەشنە عەبدوللا سەعید ئەو كەڕەتە لەبەعقووبەوە دێتە بەغدا بۆ ئەوەی سەر لە بەیانیان دە وامی خۆی لە وەزارەتی بەرگری بكات، بێ ئەوەی هەوڵی دیدەنی سەرۆك بدات و بە نووسراوێك داوای لێ بكات بەزەیی پێدا بێتەوە،(هەروەك یەك لە كەسە نزیكەكانی هەردوو لایان، پێشنیازێكی وای بۆ دەكات.)

چەند مانگێك بەم جۆرە دەگوزەرێنێ، تاكوو رۆژێك رێكەوتی عەبدولكەریم قاسم دەكات، بە دیاریكراوی لە هەفتەی دووەمی مانگی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٣، لە كاتێكدا عەبدوللا سەعید لەبەر نەبوونی كارێكی بەردەوامی رۆژانە نیگەران و پەست دەبێت، چونكە ئەو لەسەر جوڵەو بزاو و بەجێهێنانی ئەركەكان لە كاتی خۆیاندا راهاتبوو. كاتێك بەمەبەستی چێژ وەرگرتن لە بینینی دیمەنی دڵڕفێنی رووباری دیجلە لە ژوور دێتە دەرەوەو بەرەو گۆڕەپانی وەزارەت دەڕوات، رووبەڕووی عەبدولكە ریم قاسم دەبێتەوە، ئەم گفتوگۆیەیان لە نێواندا دروست دەبێت:

**فەریق روكن عەبدولكەریم قاسم**: سڵاو زەعیم عەبدوللا چۆنی باشی؟ ئینشاڵڵا دڵخۆش و ئاسوودەن... بەشەڕەفم تۆم لە یاد نەكردووە، ئێستا فەرموو لە گەڵم وەرە وە (عەبدلكەریم قاسم دەستی دەگرێت و بەرەو رووباری دیجلە دەچن) بەدەستەكەی تریش هێما بۆ پێگەی چەند تۆپێكی دژە فڕۆكە دەكات، كە تازە بۆ بەهێزكردنی بە رگری وەزارەتی بەرگری دانرابوون، لە عەبدوللا سەعید دەپرسێ: "بۆچوونتان لە بارە ی پێگەی ئەو تۆپانەچییە، من خۆم دامناون و رێكم خستوون.. پیلانگێڕان لە و چەند رۆژە جووڵەیان دەست پێ كردووە، زانیاری هەواڵگیری وا نیشان دەدەن نموونەی غارەیەكی دیكەی وەك غارەكەی شەواف روو بدات، بۆیە بە پێویستم زانی وەزارەتی بەرگری بەتۆپی دژە فڕۆكە بەهێز بكەم."

**عەبدوللا سەعید**: بە دڵنیایی كاتێك لایەكی گۆڕەپانەكە زۆرانبازی هەقیقی تێدا نامێنێ!

**فەریق روكن عەبدلكەریم قاسم**: نا، عەبدوللا نا، ئەمن هێشتا ماوم... ئێستا پێم بڵێ چۆن هەڵسەنگاندن بۆ پێگەی ئەو تۆپانەی وەزارەتی بەرگری دەكەیت.

**عەبدوللا سەعید**: قوربان! دەبێ بمبووری ئەگەر لە بۆچوون و هەڵسەنگاندندا پێچەوانەی تۆ بم. لە دەرچەی دوورخستنەوەی مەترسی لە پێگەی مەبەست، دەبێ

هۆگەلی بەرگری دوورتر بخەیتەوە، بۆیە بوونی ئەو تۆپانە لە ناوەوەی سیاجی وەزارە تی بەرگری، یانی لە کونی خانووەکەتدا چاوەڕێی دوژمن دەکەیت؟ بۆیە باشتر وایە ئە و تۆپانە لێرە بگوازنەوە و لە شوێنی تری نوێیان دابنێن، واتا نزیکەی پێنج کیلۆ مە تر دووریان بخەنەوە... من ئێستا پرسیار لە تۆ دەکەم ئەگەر فڕۆکە گەیشتنە ئاسمانی وەزارەتی بەرگری، ئەودەم سوودی بەرگری چی دەبێ؟

**فەریق روکن عەبدولکەریم قاسم**: زۆر باشە، زۆرباشە. بیری لێ دەکەینەوە.(لێرەدا تێبینی ئەوەم کرد، کەزۆر بەبۆچوون و لێکدانەوەی من ئاسوودە نییە، پێی وابوو ئە وە جۆرێکە لە سووکایەتی...چونکە وەك لە هاوڕێ ی ئەفسەرم (ح.ق) پێی راگەیاندم عەبدولکەریم قاسم خۆی سەرپەرشتی دانان و رێکخستنی ئەو تۆپانەی کردووە)، بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی من بکات لە قسەکانی بەردەوام بوو و گوتی:" دوژمن خۆی لێ لە مەڵاس ناوین و پیلانمان بەسەردا دەکات، بەڵام بڕوات بەخوا هەبێت من هیچ ناترسم.. بەخوا من تۆم لە بیرنەکردووە، قەت لە بیریشت ناکەم... لە تۆ بێ ئاگا نیم.... ئێستا رات چییە بتکەمە موتەسەریفی لیوای سلێمانییە، ئەوە پۆستێکی زۆر باشە، دەتوانی لەم رێیەوە خزمەتی خەڵکەکەی بکەیت... لە ماوەی ئەو یەك دوو مانگە کۆمەڵێك گۆڕانکاری و گواستنەوە و ئاڵوگۆڕمان بەدەستەوەن.

**عەبدوڵلا سەعید**: سوپاسی جەنابت دەکەم، سەربازی پیشەیی کارەکەی خۆی لە هەموو کارێکی دیکە بە گەورەتر دەگرێت... بەڵام مادەم جەنابتان لەسەر ئەوەسوورن کە من ببمە (موتەسەریف) حەز دەکەم ببمە موتەسەریفی کەرکووك نەك سلێمانی، چونکەمن خۆم خەڵکی سلێمانیم و دۆست و خزموخوێشم لە وێ زۆرن... دۆخی سلێمانیش زۆر هەستیارە و رەنگەتێیدا سەرکەوتوو نەبم، ئاخر من لە و کەسانەنیم بایەخ بە ئەکامی کارەکانم نەدەم.

**فەریق روکن عەبدولکەریم قاسم**: زۆرباشە، بیری لێ دەکەمەوە و دوایی بەدواتدا دەنێرم.

پاشان عەبدولکەریم قاسم بەئەدەب و لووتفێکی زۆرەوە خوداحافیزی کرد و بەرە و نووسینگەکەی خۆی گەڕایەوە، بیری بەوە سەرقاڵ بوو ئاخۆ چۆن وەزارەتەکەی بە هێز بکات و چەپاڵەی بدات، پێی وابوو هەموو عێراق یانی وەزارەتی بەرگری و بەس. هەروەها لای وابوو بە مەحکەم کردنی ئەو وەزارەتە، ئەوە یانی مەترسی لە خۆی

دوورخستووەتەوە. لە بیری کردبوو، کە پیلانگێڕییەکە لەقەڵای خۆی دەستی پێ کردووە، هەڵبەت ئەمەیش بە دوورخستنەوەی کەسانی دڵسۆز لە دەوری خۆی و بەرە بەرە لادان لە پە یڕەوی شۆڕشی ١٤ی تەمووز... ئەو شۆڕشەی ڕەشەبای مەرگی خۆشی لە گەڵ خۆیدا هێنابوو... سەرۆکەیشی هەر بەتاك و تاقانەیی ڕەفتاری کرد، بە ڕادەیەك کاتێك تۆپەکان لە شوێنە جۆر بەجۆرەکانی وەزارەت بۆ دژەفڕۆکە دادەمە زرێنێت و پرس و راوێژیش بەهیچ کەسێکی پسپۆڕ ناکات، هاوکات بەهۆی ئەو خراپ هەڵسەنگاندنەی، کە سەرۆك لە ئەنجامی دوورخستنەوەی کەسانی دڵسۆز لە ناوەند و جێگەی هەستیاری سوپا تێی کەوتبوو، ئەو تۆپە دژە فڕۆکانەیش، کە لەشوێنی پێشتر هێشتنیەوە و نەیگواستنەوە، هیچی وایان پێ نەکرا، بەڵکو کارئاسانیشیان کرد تا لە ڕۆژی ٨/شوباتی ١٩٦٣ کە ڕێکەوتی ڕۆژی هەینی دەکرد، دەستی بەسەردا بگیرێت.

لە کاتێدا خەوتبووم، بێداریان کردمەوە، گوتیان بەسەر شەقامەوە خەڵك دەستە دەستە گردبوونەتەوە، هێما بەڕوودانی کودەتا دەکەن، کاتێك رادیۆم کردەوە، زانیم شتێك قەوماوە... درکم بەوەکرد کە کوتلەیەك سەرکردایەتی و سەرپەرشتیی ئەو ئە فسەرانەدەکات، کە عەبدولکەریم قاسم پۆستی هەستیاری پێ دان و ئێستایش دژ بە ئەو و کۆمارە نەمرەکەی پیلان دەگێڕن و وا لە ناوی دەبەن. پەیوەندیم بەچەند ئەفسە ڕێکەوەکرد، چونکە ئێمە بەرپرسی یەکەکان و هێزە سەربازی و کەتیبە تۆپ هاوێژە و زرێپۆشەکان نەبووین. کودەتاچییەکان هەر لە ساتەکانی یەکەم دەستیان بەسەر رادیۆدا گرت و بانگەوازە سەربازییەکانیش بەردەوام لەم رادیۆیەدا پەخش دەکران، بانگی ئەفسەر و سەربازەکان دەکرا پێوەندی بەیەکەکانیانەوە بکەن. لە سەعاتی یەکە می کودەتا، هەواڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم لە رادیۆ راگەیاندرا، بەڵام هەواڵەکە ڕاست نەبوو، لە وەزارەتی بەرگری ڕووبەڕووی کودەتاچییەکان شەڕی دەکرد. من هەر لە ماڵەکەم (لەشاری ئەفسەرانی زەیونە) مامەوە، دەیان تەلەفۆنم لە گەڵ ئەفسەرە کوردەکانی نیشتەجێی بەغدا، هەروەها هاوڕێ ئەفسەرە عەرەبەکانم کرد، پێیان گوتم هەموو ئەوانەی دژی عەبدولکەریم قاسم رابوون و هەستاون کەسانی بەعسی و نەتەوە یی و ئەوانەن، کە لە شۆڕشی ١٤ی تەمووز ١٩٥٨ زیانیان بەرکەوتووە... بەڵێ، واتا ئەوانەن کودەتایان دژ بەسیستەمی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم کردووە... شایانی

باسه، زەعیم تاهیر یەحیاش بازنەی ئەو یاخیبوونە دژ بەعەبدولکەریم قاسم لە سە ربازگەی رەشید بەڕێوەدەبات.

پێوەندی من بەتاهیر یەحیا بۆ ناوەڕاستی پەنجاکان دەگەڕێتەوە، ئەو کاتە ئامیری کەتیبەی دەبابات بوو لە لیوای بیستەمدا. زۆر پشتی بەئەفسەرانی کورد دەبەست و متمانەی پێ دەکردن... رۆژێك بۆ پیاسەو کات بەسەربردن لە دەڤەری جەلەولا رێکە تی یەکمان کرد. تاهیر یەحیا پرسیاری مانای ناوی سیروانی لێ کردم (ناوی یەك لە کوڕەکانم)، منیش گوتم بەناوی رووبارەکەی بەردەممان کردووە، کەئێمەپێی دەڵێین (سیروان) و ئێوەیشپێی دەڵێن رووباری دیالە... تاهیر یەحیا پێکەنی و گوتی:" بۆچی دەڵێیت (ئێوە)، خۆ من عەرەب نیمەو بەڕەگ وڕیشەکوردم." ئەو دوای سەرکە وتنی شۆڕش لە تەمووزی ١٩٥٨ پۆستی بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتی وەرگرت، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە گەڵ بەعسی و نەتەوەییەکان پیلانیان لە دژ عەبدولکەریم قاسم گێڕا خانەنشین کرا. لە گەڵ ئەودا ماوەی دوور دوور یەکترمان دەبینی، کاتێك برامە فە رمانگەی پشکنین لە وەزارەتی بەرگری، دوای ماوەیەك هاتە لام، لە بارەی گوێزرانەوەم پرسیاری کرد و ئەمنیش هەموو چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە، پێی گوتم:" دوای ئەوەی عەبدولکەریم قاسم لە گەڵ کوردان کەوتە ململانێ و جەنگ، دەسەڵاتەکەی سەرەو لێژ بووەوە، کۆتاییەکەی زۆر نزیکە." کاتێك لە بارەی سەرچاوەی گەشبینبوون بەکۆتایی هاتنی عەبدولکەریم قاسم پرسیارم لێی کرد، پێی گوتم: " کەسە باشەکانی کورد و عە رەب کۆتایی بەدەستەڵاتی ئەو ملەوڕە دەهێنن، تۆیش بەڕێزەوە دەگەڕێتەوە سەر پۆستی پێشوویت."

ئەو کات هیچ بایەخێکم بەو قسەیەنەدا، کاتێك زانیم تاهیر یەحیا لە سەربازگەی رەشید سەرپەرشتی بەرەی یاخی دەکات دژ بەعەبدولکەریم قاسم، هەرچەند کردم نە متوانی تەلەفۆنی بۆ بکەم، چونکە رتییەکەی من بەم کۆتاییە تاسەبار و خەمناکەی زە عیم ئازارم چەشت، وێڕای ئەوەی رێچارەی هەڵەو نابەجێی بۆ گەلەکەم هەبوو، هەروە ها لە ئابی ساڵی ١٩٦٢ رفتارێکی زۆر دڵڕەقانەی لە گەڵ مندا کرد. کاتێکیش بەپێی فەرمانگەلی توندوتۆڵی سەربازی لە شوباتی ١٩٦٣ پێوەندیمان بەسەربازگەی رەشید کرد... بۆ پیرۆزبایی سەرکەوتنی شۆڕش، دەستپێشخەریم نەکرد، بەڵکو دەستی بە قسەکردن کرد و گوتی:" باوکی سیروان بیرتە کە گوتم: "کەسە باشەکانی کورد و عە

ڕەب کۆتایی بەدەستەڵاتی ئەو ملەوڕەدەهێنن...؟" دوێنێ گوێم لە جەماعەتی ئێوەبوو چۆن لە گەڵ ئەم شۆڕشە شکۆدارە دژ بەدووژمنی سەرسەخت، هەماهەنگ و دڵخۆش بوون. ساڵح یووسفی و فواد عارف بەناوی شۆڕشی کوردی و بەناونیشانی (بۆ ئە نجوومەنی نیشتمانی سەرۆکایەتی شۆڕش) لە شوباتی ۱۹٦۳ برووسکەی پیرۆزباییان لێ دا. لە و کاتەدا پێم گوت:" سەرکەوتنی شۆڕشەکەتان بەجدیبوونی ئێوە بۆ چارەسەری دۆزی کورد و چارەسەری مەسەلەی چەوساوەکانی عێراق بە گشتی بەستراوەتەوە."

دواتر دەستی گرتم و بەهاوەڵی عەقید(غ.غ) بەرەو بارەگەی لیوای نۆزدە ڕۆیشتین، ئەو لیوایەی کەلە تەموززدا عەبدولکەریم قاسم سەرپەرشتی دەکرد. وە ختێك بینیم ئامیری لیوای ناوبراو (عەمید روکن فازڵ عەباس حلمی)یە، کە عەبدولکە ریم قاسم (لیوای ۱۹)ی دابووەدەست، زۆر سووك و چرۆك هاتە بەرچاوم، هەموو ئەو ئەفسەرانەیش، کەبۆ بەرگریکردن لە سەرۆکەکەیان جووڵەیەکیان نەکرد، بەسووك و هیچم زانین. لام لە عەقید (غ.غ) کردەوەو پێم گوت: "ئەوانە لێرە بەدوا بەچیی شانازی دەکەن؟" عەقید (غ.غ) گوتی:" وریای خۆتبە! ئەوانە هیچ بەزەیی و سۆزێکیان نییە، بێ هاوڕێ و دۆستن."

کاتێك بارودۆخی کودەتاچییەکان جێگیربوو، زمانی قسەکردنیان لە گەڵ کورد و دۆزەکەی گۆڕانی بەسەردا هات و وادەکانیان پشتگوێ خست. ڕۆژێك تاهیر یەحیا کە بوو بەلیوا تاهیر و بەسەرۆکی ئەرکانی سوپا دامەزرا، داوای کردم، وابزانم لە ناوە ڕاستی ئەیاری ساڵی ۱۹٦۳ز بوو، پێی گوتم:" کاك عەمید عەبدوللا بەر لە دوو ڕۆژ فە رمانی پلە بەرزبوونەوەت بەلیوا دەرچوو، واژووکراوە، هەر ئەوەی ماوە لە لستی راژە ی خزمەت تۆمارت بکەن، پیرۆزباییت لێ دەکەم... سەبارەت بەگەڕانەوەت بۆ پۆستی پێشووت کارەکە بەندە بە سەرکەوتنی ئێمە لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە و کۆتایی بۆ مەسەلەی باکوور. هەوڵەکان بەردەوامن و نیازەکانیش لە لایەن حکوومەتە وە پاکن... هیوادارم لایەنی کوردیش لە ئاستی لێپرسراوی دابێت و قەبووڵی چارەسە رێکی ماقووڵ بکات کە هەموو لایەك لە سەری رازی بن و کەس دڵگران و ناڕەحەت نە کات."

وەختێك لە ئێوارەی ٩/حوزەیرانی ١٩٦٣ بەتەواوی قەدوقیافەی سەربازی لە ماڵە وە بۆ گرتووخانەی (خیالە)یان بردم و تێیان ئاخنیم، قسەكانی لیوا تاهیر یەحیام لە بارەی پلە بەرزبوونەوە و گەڕانەوە بۆ پۆستی پێشووم و بەڵێنی دەستەڵاتدارە نوێیە كان سەبارەت بە چارەسەكردنی كێشەی كوردم بیركەوتەوە. بەڵێ هەر لە و رۆژەدا بە جەنگی قێزەونیان بۆ سەر كورد و گەلەكەی، بەڵێنی خۆیان هێنایە جێ. گرتووخانەكە لە ئەفسەرانی كورد و عەرەب جمەی دەهات، ئامیری گرتووخانە منی وەرگرت و گوتی:" لیوای هێژا داوات لێ دەكەم تا دێیتە دەرەوەو ئازاد دەكرێیت جلەسەربازییە كانت بەپاكی بهێڵەوە." تا دوو مانگ دوای لە بەینبردنی (حەرەس قەومی) لە گرتووخانە ماینەوە، یانی حەوت مانگ زیندانی كراین، لە جیاتی لیوا بەپلەی زەعیم هاتینە دەرەوە. عەبدولسەلام عارفیش بووبوو بەسەرۆك كۆمار، بۆ تەنیا جارێكیش دوای دیداریم نەكرد. كاتێك هاوڕێیەكی پلە بەرزی ئەفسەرم داوای كرد نووسراوێك بنووسم داوای سۆز و بەزەیی بكەم و بەیانی چەوسانەوەی خۆم بكەم، ئەمەم رەت كردەوە. پێم گوت: عەبدولسەلام وەك تۆ من دەناسێ، دراوسێی من بووە، ئامیرفەوجی لیوای بیست بوو، منیش ئامیری كەتیبەی تۆپ هاوێژی ئەو لیوایەبووم. لە رۆژی ١٤تەمووز لەگەڵ ئەودا داخڵی بەغدا بووین... زۆرباشم دەناسی و زۆرباشی دە ناسم... من پێم وایە خۆی و وەزیری بەرگرییەكەی عەبدولعەزیز عقیلی تاقەتی بینینی منیان نییە... دیسان لە كاتێكدا من بەبەشی خۆم رازیم بۆچی سازشیان بۆ بكەم... نامەوێ هەرگیز جارێكی دیكە بگەڕێمەوە نێو ژیانی سەربازی.

بەڵێ، ئیتر رۆژێك لە رۆژان عەبدوللا سەعید نەگەڕایەوە ناو ژیانی سەربازی، بەڵام دەستبەرداری دابونەریتەكانی سەربازی نەبوو، وەك: وەرزش و ژەمەخواردنەكان لە كاتی خۆیاندا و رێكخستن و دیاریكردنی مەوعید بەخوولەك... دوای نزیكەی ساڵێك دەرچوونی لە زیندان، لە گەڵ هەر یەك لە خوالێخۆشبوو رەشید جەودەت، فواد عارف رەئوف ئەحمەد و چەند كەسێكی دیكە كۆمپانیایەكی بازرگانی بەناوی (كۆمپانیای عێراقی-ئیسكەندەنافی بۆ بازرگانی كەلوپەلی كارەبایی)، لە شەقامی (النضال) نووسینگەیەك بۆ ئەو كۆمپانیایە دەكەنەوە، دەبێتەژوانگەی پێكگەیشتنی دۆستان لە خەڵكی عەوامی دڵپاك و كۆنەسەربازان، ئەوانەی حەزیان بەهەواڵەكانی شۆڕشی كورد

و دۆخی سیاسی عێراق کردووە، تەنانەت ڕۆژێك شەهید ساڵح یوسفی ئەندامی مە کتەبی سیاسی پارتی ئەوسا، سەردانیان دەکات.

کاتێك لە هاوینی ١٩٧٤ لە باوەشی شۆڕشی کوردیدا لە ژێر سێبەری داروردرە ختی دەوروبەری (کانی شێخ)ی حاجی ئۆمەران پێکەوە پیاسەمان دەکرد، ئەو بیرەوە ریانەی بۆ گێڕامەوەو گوتی:" لە گەڵ برایان (فواد عارف، عەلی کەمال، رەئوف ئەحمە د، ئەحمەد کەمال قادر) لە نووسینگە بازرگانییەکەمان دانیشتبووین، ساڵح یووسفی هاوڕێی هەمووومان سەردانی دەکردین، ئەو و بەشێك لە سەرکردەکانی پارتی بەتایبە تی دوای ڕێکەوتنی ٢٩/حوزەیرانی١٩٦٦ خوویان بەنووسنگەکەی ئێمەوە گرتبوو. هەڵبەت ئەمەیش لە سەردەمی فەریق عەبدولرەحمان عارف سەرۆك کۆمار، هاوکات ئەو کات مامۆستا عەبدولرەحمان بەزاز سەرۆکوەزیران بوو. ساڵح یووسفی گوتی پارتی بڕیاری داوە دوو ڕۆژنامە بەزمانی کوردی و عەرەبی دەرکەین، تاکوو ببنەدوو میبنە ری پارتی دیموکراتی کوردستان، هەروەها وەك هۆکارێکیش بۆ راگەیاندنی شۆڕشی کورد و گەلی عێراقی. ساڵح یوسفی لەم سەردانەدا پێی گوتم: دیارە کۆدەنگی هەیە لە سەر ئەوەی تۆیش لە چوارچێوەی دەستەی نووسینی ئەم دوو ڕۆژنامەیدا کار بکە یت، من لە مەدا هیچ دوو دڵ نەبووم، ئەگەرچی هێندێك هەلخواز حەزیان نەدەکرد بچمە نێو دەستەی نووسین، کەهەر یەك لە (ساڵح یووسفی، شەوکەت عەقراوی، نە جیب بابان، محەمەد سەعید جاف) تێدابوو. بەهەرحاڵ، ژمارەی یەکەمی (التاخی) لە ١٩٦٧/٤/٢٩ز بەزمانی عەرەبی و (برایەتی)یش لە ١٩٦٧/٥/٦ بەزمانی کوردی دە رچوو. بەدەر لە و ڕۆژانەی پشووی رەسمی بوون هەموو ڕۆژێك دەوام دەکرد و لە گەڵ دەستەی نووسین ئەرکی سەر شانی خۆم رادەپەڕاند، یەك فلسیشم وەرنەگرت. یوسفی زۆر هەوڵی دا تێچووی پارەی بەنزین بۆ ئۆتۆمبێلەکەم خەرج بکات، زۆر بە توندی رەتم کردەوە، بەتاکە ڕستەیەك بە ساڵح یوسفیم گوت:" هەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ خەڵکانێك لە پێناو گەل و نیشتمانەکەیان بەبێ بەرانبەر قوربانی دەدەن، ئەی بۆچی ئێمەیش بە برە هەوڵێکی سادەی خۆمان وماڵمان بە شداری تێدا نەکەین؟"

بەم چەشنەکارەکان بەڕێوەدەچوون، دەوامی من لە بینای ڕۆژنامەبوو لە (عیوازیە )، دانەڕۆژێك لە ویْ دەبووم، بەدەر لە و ڕۆژانەی هەردوو ڕۆژنامەکە دەردەچوون، (من

و یوسفی و سەردانی باڵیۆزخانەکانمان دەکرد و دیدارمان لە گەڵ باڵیۆزەکان ساز دە کرد، حەوجە بەوەرگێڕ نەبووین، چونکەمن زمانی ئینگلیزیم دەزانی. هەروەها پێشوازیمان لە سیاسەتمەدارانی حزبە عیراقییەکان و رۆژنامەنووسانی بیانی دەکرد، رەقابەی سەربازی بەردەوام بێزاریان دەکردین، بەلاّم بەتێپەڕینی کات مەگەر بەدەگمەن نەبێ گوێمان پێ نەدەدان.

لەهاوێنی نێوان سالاّنی ١٩٦٦–١٩٦٨ دوو جار سەردانی بارەگەی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردیم کرد، بەماوەی دووروودرێژ لە گەڵ مەلا مستەفادا دادەنیشم، لە بە رانبەر هەمووان سوپاس و ستایشی دەکردم. جارێك یەك لە هەڵوێستەکانی بیرخستمە وە (بارزانی لە عەقید عەبدولڕەحمان قازی بیستبوو) ، پوختەکەی ئەوەبووە، کەمن لە یەکێك لە ئوتێلەکانی بەغدا تۆقەم لە گەڵ :(زەعیم سدیق)، (غانم میسباح)، (عەبدولعە زیز عقیلی)م نەکردووە. بۆنەکە هی (زەعیم عەبدولڕەزاق مەحموود)ی هاوڕێ م بووە، کەمن تاکوو ئێستایش رێزی دەگرم و هەوڵە ئاشتیخوازەکانی بۆ رێگەچارەی دۆزی کورد، بەرز دەنرخێنم، کە لەناوەڕاستی شەستەکان موتەسەریفی سلێمانی بووە، هەروەها دەمەوێ ئەویش بڵێم ئەو تێڕوانینی ئەرێنی بەرانبەر کورد و مافە نەتەوەییە کانی هەبووە.

تۆقەنەکردنی من، جۆرێك لە ئیحراجبوون بۆ زەعیم عەبدولڕەزاق مەحموود دروست دەکات، بەلاّم کاتێك قەبارەی ئەو تەوانانەی زانی، کەلەکاتی جۆراوجۆردا لە کوردستاندا کردوویانن، داوای لێبووردنی لێ کردم.

هەموو ئەوەی لە وێ روویدا بۆ بارزانیم گێڕایەوە، ئەو کاتەی دەمەقاڵەی تووند دە کەوێتە نێوان من و سدیق مستەفا، بەڕەنگێك کاتێك سدیق مستەفا لە هەڵوێستەکەی من پەست و بێزار دەبێت دەیەوێت تۆڵەی کەڕامەتی خۆی بکاتەوە، کاتێك لە یەکێك لە گۆشەکانی هەۆڵی هوتێل نزیك دەکەوێتەوە بەئەفسەرێکی خانەنشینکراوی موسڵ کە دراوسێم بوو دەڵێ:" ها! چۆن گوێڕایەڵی کەسێکی وەك عەبدوللاّ سەعید دەبی کە بە جەستە لێرەیە و فیکرەکەیشی لای هاوڕێ کەی (مەلا مستەفا بارزانی)یيە، کەبرایانی ئەفسەر و سەربازمان دەکوژێت؟"

کاتێك ئەفسەرە مووسڵییەکە دێتە نێو بابەتەکە و بەهێمنی سدیق مستەفا دووردە خاتەوە، ئەفسەرێکی تری خانەنشینی خەڵکی بەغدا وەسفی سدیق مستەفا دەکات و

دەڵێت:" سەی شێت و برسی، سەربازی ترسنۆك، تەنیا شایانی سووکایەتی و ڕیسواکردنە!"

دوای ئەوەی بەعسییەکان دووبارەلە/تەمووز١٩٦٨ز، دەستەڵات دەگرنەوەدەست، عەبدوللا سەعید دەزانێ ئەو بارودۆخەی، کەدوای ڕێکەوتنی ٢٩/حوزەیرانی ١٩٦٦ز جۆرێك لە هێمنی و تەناەیی بەخۆوەدیوە، هەر بەردەوام نابێت... بەعسییەکان دیسان بەختی خۆیان بۆ پەنابردن بۆ هێز و بەرپاکردنی جەنگ بۆ سەر کوردستان تاقی دەکە نەوە. عەبدوللا سەعید پێشبینی هەستی خۆی و ئامۆژگاری یەك لە گەورەئەفسەرانی خانەنشینکراوی دۆستی خۆی کە(لەبارەی چۆنیەتی هەڵبژارنی سەرکەوتووترین چە کی سەربازی بۆ چارەسەری یاخیبوون لە باکوور؟) راوێژی پێ دەکەن، بەساڵح یوسفی دەڵێت و داوایشی لێ دەکات ئەم زانیارییانەبەبارزانی بڵێ.

دوای ڕێکەوتنی ١١ئازاری ١٩٧٠ز عەبدوللا سەعید لە هاوینەهەواری حاجی ئومە ران بەئامادەبوونی (د.کامران بەدرخان) کەمێوانێکی بەرێزی بارزانییە، بەدیداری بارزانی دەگات... بارزانی ئەمەی بیردەخاتەوەو پێی دەڵێت:" ڕێز و سلاوی من بگە ینە ئەو هاوڕێ ئەفسەرەت، کە ئەو زانیاریانەی پێ دایت، برێك لە هەنگوینیشی وەك رەمزێك بۆ خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ کورد بۆ بەرە." بارزانی قەت ئەو هاوڕێ یەی لە بیر نەکرد، هەموو وەرزی پاییزان هەنگوینی بۆ ئەو و عەمید عەبدوللا سەعید دە نارد، کۆتاییەکەشی لە پاییزی ساڵی ١٩٧٤ بوو.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی کورد و راگەیاندنی پەیماننامەی ١١/ئازاری ١٩٧٠ عەبدوللا سەعید وەك ئەندامێکی لیژنەی راوێژکاری لە گەڵ هەر یەك لە بەڕێزان: (سامی عەبدولڕەحمان، خوالێخۆشبوو نووری شاوێس، خوالێخۆشبوو نافز جەلال، ئیحسان شێرزاد و چەندانی تر) هەڵبژێردرا، بۆ تاوتوێکردن بنچینەکان و پێشکێشکردنی پێشنیاز و دروستکردنی را لە بارەی بابەتە هەستیارەکان، کە لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعس و حکوومەتی عێراق جێگەی تاووتوێ و گفتوگۆ بوون. زۆربەی جار کۆبوونەوەی لیژنە ی ناوبراو لە ماڵەکەی ئەودا دەکرا. تاکوو ئاخروئۆخری کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٤ز کارەکانی بەردەوام بوو، ئەوسا لای هەموو لایەك دەرکەوت حکوومەتی بەعس

دووباره پەلاماری کوردستان دەدات، بەتایبەتی وەختێك ناوەندە سیاسییەکەی بەهێز بوو و بوارە ئابوورییەکەشی گەشەی کرد.

سێ هەفتەبەر لە راگەیاندنی جەنگ، یانی لە کۆتاییەکانی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٤ز، عەبدوللا سەعید لە ماڵی خۆیدا گوێ لە گەشتی هەواڵەکانی بەیانی رادیۆی لە ندەن دەگرێت، لە ناکاو ئۆتۆمبێلێکی جۆری (فۆلکس واگن)ی ئەڵمانی رەنگ شینی کراوە، لەبەرانبەر ماڵەکەی دەوەستێت، دوو کەسی لە نێو دەبن، سێیەمیشیان گەنجێکی قۆز و کەشخەبوو، قاتێکی رەشی لە بەربوو، سلاوم لێ کرد و پێم گوت: فەرموو وەرە ژوورەوە، لە و کاتەدا پێی گوتم: جەنابت عەبدوللا سەعیدیت؟ پێم گوت: بەڵێ. پێی گوتم: ئەمە ناسنامەکەمە، یەك لە فەرمانگە ڕەسمیەکان منی راسپاردووە بۆ کارێکی تایبەت تۆ بۆ لێپرسینەوە ببەم، تەنیا نیو سەعاتێکی پێدەچێ... جلەکانت بپۆشەو ئێمەیش چاوەڕێت دەکەین.

چوومەژوورەوەو خانەوادەم ئاگادار کردەوە، جلەکانم پۆشی. پێم گوتن ئەگەر لە وادەی خۆی رەتی دا، بەرپرسانی کورد لە بەغدا ئاگادار بکەنەوە... لە ماڵ دەرچووم و گەنجەکە هێمای بۆ کردم لە کوشینی پێشەوە(سەکن)دانیشم، پاشان خۆی ئۆتۆمبێلەکەی لێخوڕێ. دوو کەسەکەی تریش بەبێ ئەوەی ورتەیەك بکەن لە پشتەوە دانیشتبوون. باران بەخووڕ دەباری، کاتێك گەیشتینە گۆڕەپانی ئەندەلوس، ئۆتۆمبێلەکە بەئاراستەی قوتابخانەی (عادل ئەهلی) لایدا، لە ناکاو یەکێك لە و دوو کەسەی دواوەدەستی درێژکرد و بەپارچە قوماشێکی رەش چاوی بەستم... بەجۆرێك لە تووڕەییەوەپێم گوت؟ ئێوەچی دەکەن، ئەم کارەمانای چییە؟ گەنجەکەی ئۆتۆمبێلی داهاژووت گوتی: مامە تکایە! فەرمانمان پێ کراوە. هەستم کرد چووینە نێو گەراجێك، دەرگەیان لێ کردمەوە، یەکێك دەستی گرتم و بۆ بینایەکەی بردم، دواتر بردمیە ژێرزەمینەکەی، لە سەر کورسییەکی دار داینشاندم، پەڕۆکەکەیان لە چاو کردمەوە، کاتێك چاوەکانم کردنەوە گەنجێکم بینی لە پشت مێزێك بەدووری دوو مەتر لە من دانیشتبوو، تەماشای منی دەکرد، ئەم گفتوگۆیەی خوارەوەلەنێوانماندا روویدا:

ئەو: عەقیدی خانەنشین عەبدولمەجید سامەڕایی دەناسیت؟

من: بەڵێ دراوسێمە.

**ئەو**: سەردانی یەکتر دەکەن؟

**من**: بەڵێ تەنیا لە بۆنەکان.

**ئەو**: عەبدولمەجید سامەڕایی ددانی بەوەدا هێناوەکە زۆر دێتەلاتان و ئێوە دۆستان و یاوەرانی مەلا مستەفا بارزانین.

**من**: خۆ پێم گوتی تەنیا لە بۆنەکان یەکتر دەبینین، سەبارەت بەپێوەندی من بە مەلا مستەفاوە، پێویستی بەشایەتی و ددان پێداهێنان نییە.

**ئەو**: عەبدولمەجیدی پیلانگێڕ لای ئێمە بەندە و ددانی بەهەمووشتێکدا هێناوە، پێوەندیشی بە مەلا مستەفاوە هەیە، پێمان وایە تۆ سیلەی وەسڵی نێوان ئەو و مەلا مستەفای بارزانی.

**من**: مەلا مستەفا خاوەنی دۆز و سەرۆکی حزبێکە، هەروەها سەرۆکی جووڵانەوە نەك پیلانگێڕ، من پێم وایە ئەو خۆی لە و باسانە نادات، دیسان عەبدولمەجید سامە ڕایی کێیەتا بارزانی لەگەڵیدا بکەوێتە ئەو جۆرە جووڵە و چالاکییانە؟ ئەوەندەی من بزانم تاکوو ئێستایش چەندان هەوڵ هەن بۆ بەرتەسکردنەوەی بۆشایی نێوان حکوومەت و پارتی دیموکراتی و زاڵبوون بەسەر هەموو بەربەست و گرفتەکان و گە یشتنە سیغەیەکی گونجاو بۆ هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوو لا.

**ئەو**: (بەجۆرێك لە تووڕەیی) عەبدولمەجید سامەڕایی پیلانگێڕە و هەماهەنگی لە گەڵ بارزانی هەیە، ڕێکخەری ئەو نێوەندگیرییەیش تۆیت، ئەی بۆچی نکوڵی دەکەیت؟

**من**: خۆ پێوەندی خۆم لە گەڵ عەبدولمەجید سامەرایی روون کردەوە، ئەو دراوسێمە و لە کاتی بۆنەکانیش سەردانی یەکتر دەکەین، هەر ئەوە و بەس. منیش تە نیا راستییەکەم گوتووە و هەر ئەوەیش دەڵێم. تۆ نوێنەری دەوڵەتیت، لە هەرچییەك لە بارەی منەوە دەتەوێت فەرمووسۆراغ و لێکۆڵینەوە بکە... من بەجەماعەتی مەلا مستەفا لە قەڵەم دراوم، لە وەزیاتر هیچی دیکە لەئارادا نییە.

**ئەو**: (لە شوێنی خۆی هەستا و چووەژوورێکی لاچەپی ژێرزەمین و گوێم لێ بوو نزیکەی دەخوولەك قسەی کردن و پاشان گەڕایەوە شوێنی خۆی و دەستی بەقسە کردن لە گەڵ من کردەوەو گوتی: فەرموو با بچینە ئەو ژوورە پشوویەك وەربگرە، چی دەخۆیتەوە چایە، قاوە؟)

کاتێك چوومە ژوورەکە هیچ رایەخ و زۆپایەکی لیٚ نەبوو، تەنیا مێزێکی لیٚ بوو، تەلەفۆنێکی بەسەرەوە بوو، هەروەها نەخشەی عێراق لە تاقێکی درابوو. دوای تێپە ڕینی نیو سەعات، یەکێك هات کوپێکی چایەی بۆ هێنام، ئیتر تا (گەنجە لێکۆڵەکەرە کە) دووبارە بۆ لێپرسینەوەنە هاتە ژوور، کەسی دیکەم نەبینی.

**ئەو:** عەمید عەبدوللا لە هەموومان ببوورە ئەمانە ڕێوشوێنی خۆپارێزین و ماڤ دە وڵەتە پارێزی لە خۆی بکات، هیچ شتێك دژ بەتۆ نییە، ژمارە تەلەفۆنەکەتم بدیٚ، با پیوەندی ماڵ و منداڵەکەت وەربگرم و قسەیان لەگەڵ بکەیت و پێیان بڵێی نیو سە عاتێکی تر دەگەڕیمەوە، پاشان تەلەفۆنەکەی دامیٚ و گوتی: فەرموو قسەبکە. منیش قسەم لە گەڵ پەروینی کچم کرد، کاتێك گوتم دوای نیو سەعاتێکی تر دەگەڕیمەوە ماڵەوە باوەڕی نەکرد. دوای دادگاییکردنم گەنجە لێکۆڵەرەکە پێشم کەوت و لە ژێرزە مین بۆ قاتی یەکەمی بیناکە چووین، دیسان چاوەکانیان بەستمەوە، لە پێشەوەی ئۆتۆمبێل دایاننامەوە... دوای رۆیشتنی پێنج خوولەك، ئۆتۆمبێلەکە وەستا و یەکێك پەڕۆیەکەی لە چاو کردمەوەو گوتی: فەرموو دابەزە و تاکسییەك بگرەو بڕۆ... دوای ئەوەی لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزیم زانیم لە فەرعی بەرانبەر سینما نەسرم، سەیارەکەی ئە وانیش زۆر بەخێرایی رۆیشت و دوورکەوتەوە، لە شەقامی سەعدوون لە بەرانبەر سینما نەسر تاکسییەکم گرت و بەساغ و سەلامەتی گەڕامەوە ماڵەوە.

ڕۆژەکان بەخێرایی دەڕۆیشتن و پەرەسەندنەکانیش یەك بەدوای یەکدا دەهاتن، کوردیش لە بەغدا لە دڵەڕاوکێیەکی زۆر دابوون، چونکە ئەوان بۆنی دەستپێکردنەوە ی شەڕیان دەکرد، دوای هودنەیەکی چوار ساڵی و پەیماننامەی ١١ئازاری ١٩٧٠.

لەهەفتەی یەکەمی ئازاری ١٩٧٤ وتی وتی و دەنگۆی زۆر بڵاوبوویەوە، کاتێك ئیدریس بارزانی لە گەڵ دارا تۆفیق گەیشتنە بەغدا، بۆ چەند کاتژمێرێکی دیاریکراو خەڵك ئومێدێکی هاتەوە بەر، بەڵام بەگەڕانەوەی ئیدریس بارزانی بۆ کوردستان و ڕاگرتنی رۆژنامەی (التاخی) لەسەر راسپاردەی مەکتەبی سیاسی پارتی تا وادەیەکی نادیار و سووربوونی سەرکردایەتی حزبی بەعس لە سەر سەپاندنی پڕۆژە هیچەکەی خۆیان و ئیعتیراف نەکردنیان بەکوردستانیەتی کەرکووك، کە لە پێشی هەرە پێشەوە ی مەسەلەکان بوو، کە بارزانی بەهیچ شێوەیەك سازشی لەسەر نەکرد، ئەمەیش لە کۆتاییدا بووەمایەی هەڵگیرسانەوەی شەڕ.

عەبدوڵڵا سەعید لە نێو ئەو هەموو بێنەو بەردەو ڕووداوانەدا ورەیەکی بەرزی هەبووە، بەتایبەتی کاتێك رادیۆی (دەنگی کوردستان – عێراق) دەست بەپەخش دە کاتەوە، چونکە ئەو دەم گوێگرتن لە رادیۆکان، پێش هەمووشیان دەنگی کوردستان پشەی هەمیشەی ئەو بووە، زۆر بە تامەزرۆیی گوێی لێ گرتووەو تێبینییەکانی نووسیونەتەوە.

لەهەفتەی یەکەمی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ دووبارە بەندە پەیوەندیم بە شۆڕشی کوردییەوەکرد، لە هەفتەی دووەمی پێوەندیکردنم بەشۆڕشەوە لەڕێگەی هاوژینەکەیەوە (ناهیدە سابیر ئەرسەلان کە دەکاتەدایکی هاوژینم) چەند ڕێنوێنییەکی دیاریکراو (کە هەموویان تێبینی و سەرنجی سەربازی بوون) و لە گەڵ بڕەپارەیەك و نامەیەك دەنێرێت، لە نامەکەدا هاتبوو:( ئازیزانم! لە کاتی تەنگانەدا مەرد و جوامێر دەناسرێن، کارێکی زۆر باشتان کرد پێوەندیتان بەشۆڕشی کوردەوەکرد، دڵی من لە گەڵ شۆڕش و ئێوەدایە، بڕێك تێبینی و سەرنجی هاوڕێ یانی عەرەبتان لە بارەی بایە خدان و زیادکردنی بەرنامەکان بەزمانی عەرەبی بۆ دەنێرم."

کاتێك خوالێخۆشبوو (ناهیدە سابڕ) هاوژینی عەبدوڵڵا سەعید دیدەنی مەلا مستە فا بارزانی لە دیلمان دەکات، نیاز و ئامادەباشی عەبدوڵڵا سەعید بۆ پەیوەندیکردنی بە شۆڕشەوە پێ دەگەیەنێت، بارزانیش پێی دەڵێت:" سڵاوی منی پێ بگەینە، بوونی لە بەغدا و پەیوەندی بەربڵاوی لە گەڵ کەسانی جۆراوجۆر، بۆ شۆڕش کەڵکی زۆرتر دەبێت لە وەی پێوەندی بە شۆڕشەوە بکات، با بەر لە هەموو شتێك ئاگای لە خۆی بێت."

عەبدوڵڵا سەعید هەستی دەکرد بەعسییەکان ناهێڵن لە بەغدا بەخۆشی ژیان بەسە ر ببات، بەتایبەتی لە کاتێکدا لە رەخنەکانی بەردەوام بووە... گومانەکەی ڕاست دە رچوو، یەك لە کچەکانی (کە شووی بەنووسەری ئەم دێڕانەکردووە)، لە گەڵ بیست و پێنج خێزانی دیکەی کورد لە بەغداوە بەپاسێکی گەورە ئاودیوی کوردستان دەکرێن و دواتر لە دەوروبەری شەقڵاوە بەئاراستەی ناحیەی هیران دادەبەزێنرێن، یانی لە و ناوچانەی ئازادکراون. تەنیا مانگێك بەسەر ئەو ڕووداوەدا دەڕوات، دیسان بەڕێوەبە رایەتی ئەمنی گشتی لە شەوی یەکەمی ئایاری ساڵی ١٩٧٤ز دەوری ماڵی عەبدوڵڵا سەعید دەدەن، داوای لێ دەکەن بەجلی بەری بچێتە دەرەوەو هیچ شتێك لە گەڵ

خۆیدا نەبات. لە بەرانبەر ئەمنی گشتی باخچەی سەعدوونی شەقامی (النچال) بەپاس هەڵدەگیرێن و دەهێنرێنە شەقلاوە... وا ڕێك دەكەوێ تەها شكرجی تاوانبار، كەئەو دە م ئامیری هێزە سەربازییەكانی كێوی سپیلك بووە، پێیان بگات، كاتێك عەبدوللا سەعید دەبینی لە گەڵ ئەندامانی خانەوادەكەی لە چایەخانەكی شەقلاوە ئاو دەخۆنە وە، یەك لە ئەندامانی خێزانەكە (كەدەكاتە كوڕی دووەمی عەبدوللا سەعید، كەناوی سەرداره) دەردەهێنێت، دوای ئەوەی دەزانی ئەفسەرە بە پلەی مولازم ئەوەل، بە پاساوی ئەوەی دوورخستنەوە و شاربەدەركردن ئەفسەران ناگرێتەوە و دەگێڕێتەوە یەكەكەی خۆی، بەلاّم لە جیاتی ئەوەی بیبەنەوە یەكەكەی خۆی، لە زیندانی دە ئاخنن، چواردە مانگ لە زیندان دەمێنێتەوە. تەواوی ئەندامانی دیكەی خێزانەكەیش لە ناوچەی ئازادكراوی ئازادی ژیان بەسەر دەبەن. لە كاتی بۆمبابارانی فڕۆكە لەگەڵ هەزاران خێزانی دیكەئاوارەی ئێران دەبن و لە نەغەدە دەسەنگرێنەوە. دواتر عەبدوللا سەعید ناوەناوە دەگەڕێتەوە نیشتمانی (پیاوانی جوامێر) و سەرۆكەئە فسانەییەكە یان، بە خاكی كوردستانی ئازاد، چاوەكانی گلێڕێژ دەكات، تاكوو چاوەكانی تێكدەچن و هیچ نابینێت... كاتێك بارزانی ئەوە دەزانێت پێنج هەزار دیناری بۆ دەنێرێت و داوا دەكات ڕەوانەی لەندەنی بكەن، لە ڕێگەی تارانەوە دەچێتە لەندەن، چارەسەر دەكرێت و دەگەڕێتەوە كوردستان. گەڕانەوەی ئەو هاوكات دەبێت لە گەڵ جێبەجێكردنی دوا ئەلقەی پیلانەكەی جەزائیر، دواتر ناچار دەبێت ڕووخسەتی گەڕانەوە بۆ عێراق بخوازێت، كاتێك دەگەڕێتەوە بەغدا دەبینی كەسێك بەناوی غازی عوبەیدی یەك لە كادیرە پێشكەوتووەكانی حزبی بەعس خانووەكەی داگیر كردووە، دوای هەوڵێكی زۆر و بە یارمەتی هاوڕێ دێرینەكانی، ئەو بەعسیە خانووەكە چۆڵ دەكات و هیچی تێدا بەجێ ناهێڵێت، شوێنەواری هیچ كەلوپەلێكی ماڵی پێوەنامێنت. تێكڕای ئەو ساڵانە لەوێ گۆشەگیر دەبێت و زۆر بەدەگمەنی دێتەدەرەوە، تەلەفۆن تاكە وەسیلەی ئەو بووە بۆ پەیوەندیكردنی بەهاوڕێ و دۆستانی دێرینی.

كاتێكیش هەواڵی كۆچی دوایی بارزانی لە ئازاری ١٩٧٩ دەبیستیت زۆر دەگریت و دیسان چاوەكانی تێكدەچن، ئاخر ئەو لە ناخی دڵەوە بارزانی خۆش دەویست، بە باوكی ڕۆحی خۆی لە قەڵەم دەدا... هەتاكوو لە ڕۆژی ٢٣/تەمووزی ٢٠٠١ كۆچی


دوایی کرد بۆ مەلا مستەفا و پەیڕەوەکەی دڵسۆز و وەفادار مایەوە. بە دەروونێکی لێبووردە و دڵ و زمانێکی پاك ژیا، ژیانێکی پڕ کەڵك و ڕاست و دروستی بردەسەر، ڕۆژێك لە ڕۆژان دەستی لەبەر کەس پان نەکردەوە و کاسەلێسی و ماستاویشی بۆ کەس نەکرد.

ئەگەر ژیانی پڕ لە ڕووداو و قەوماوبووبێت، کۆچی دواییەکەی زۆر هێمن و ئارام بوو، وەك هێمنی و ئارامی دەروونی خۆی... ڕەحمەتی خودای لێ بێت.



**ناوپردان، ١٩٧٠، بارزانی نەمر لەنێوان هەڤاڵانی**

**لە راستەوە: شەهید عەبدولڕەحمان قازی، د. کامەران بەدرخان، بارزانی نەمر، عەبدوللا سەعید، محسن دزەیی**




**عەبدوللا سەعید.. سویسرا-جنێف، ١٩٨٢**



بەغدا–ماڵی عەبدوللا سەعید، زستانی ساڵی ١٩٩٧
لە راستەوە عەمیدی خانەنشین قاسم جەنابی (یاوەری عبدالکریم قاسم)،
عەمیدی خانەنشین رەسول مەجید، عەمیدی خانەنشین عەبدوللا سەعید، ...
راوەستاوان لە راستەوە: سیروان عەبدوللا سەعید و شەهید سەردار عەبدوللا سەعید



هەولێر–ماڵی فەرهاد عەونی٣/٦/ ١٩٩٧
عەبدوللا سەعید لەنێوان هەردوو نەوەی رێکان و لانە دا



شەهید مەهدی خۆشناو

٢٠٠٤/٢/١-١٩٥٣

## ژياننامه

– ساڵی ١٩٥٣ له هەولێر له گەڕەكی تەیراوه لەدایكبووه.

– هەرسێ قۆناغی خوێندنی له هەولێر تەواوكردووه.

– له ساڵی ١٩٧٠وه ئەندامی یەكێتیی قوتابییانی كوردستان بووه له كۆنگرەی (٦)ـەمی ئەو ڕێكخراوه ئەندامی كۆنگره بووه.

– له خولی چوارەمی پەیمانگای پێگەیاندنی كادیران (پارتی دیموكراتی كوردستان) بەشداریی كردووه و تێیدا دەرچووه–له سەردەمی شۆڕشی ئەیول دا.

– ساڵی ١٩٧٦ به كارمەندی چاپخانەی پەروەرده ژماره (٢) دامەزراوه.

– له ژیانی پارتایەتی پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لێپرسراوی ناوچەی ٢ی هەولێر بووه.

– ساڵی ١٩٩٤ بۆته قایمامی قەزای ناوەندیی هەولێر.

– ساڵی ١٩٩٥–١٩٩٦ ئایمقامی قەزای شەقڵاوه.

–ساڵی ١٩٩٦ وەكو جێگری پارێزگاری هەولێر دەستبەكار بووه تاكو ڕۆژی شەهیدبوونی له ٢٠٠٤/٢/١ له ئاكامی كردەوەیەكی تیرۆرستی له بارەگای لقی ٢ی پارتی دیموكراتی كوردستان لەگەڵ كۆمەڵێك له سەركرده و كادیرانی پارتی.

– له سەرەتای لاوێتییەوه خولیای شیعر و نووسینی بابەتی هەمەجۆر بووه، له چەندین ڕۆژنامه و گۆڤار بابەتەكانی بڵاوكردۆتەوه.

– بزاڤی ڕۆشنبیری نوێخوازی دوو بەرهەمی شەهید مەهدی خۆشناو ساڵی ٢٠٠٤ لەژێر ئەم ناوانه بڵاوكردۆتەوه:

١. كورد هەرگیز ناتوانێ پارسەنگی ڕاستكردنەوەی هاوكێشه لارەكانی ناو مێشكی هیچ كەسێك بێت–هەولێر ,٢٠٠٤

٢. من له مردن جوان دەبمەوه–دیوانه شیعر–هەولێر ٢٠٠٤.

– تاكو ڕۆژی شەهیدبوونی سەرۆكی لقی هەولێری یەكێتیی نووسەرانی كورد بوو.

## بۆت دەگریم

رۆژی هەینی ڕێککەوتی ٢٠٠٢/٢/١ کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ بوو، کە لە ئوتێل چوارچرای هەولێر لە دیداری دوو برادەردا بووم ژانە سنگ گرتمی، هەرچەندە ئێشەکەم تا دەهات زیادی دەکرد، بەڵام نەدەمویست برادەران کە لەدەرەوەی کوردستان هاتبوون بەجێیان بهێڵم تاکو کاتژمێر (١٢:١٥) خۆم ڕاگرت، چونکە دیسان لە چاوەڕوانیی دیدارێکی دیکەدا بووم کە نەدەکرا فەرامۆشی بکەم، بەهەرحاڵ پاش هەردوو دیدارەکە هەرچۆنێك بوو خۆم گەیاندە ماڵەوە، بەڵام لە ڕێگا چونکە ژانەکە تاکو دەهات زیاتر دەبوو دەترسام بە ماشێنەکە کەتنێك بکەم، لەگەڵ گەیشتنەوەم یەکسەر دوو حەبی (موسەکن)م خوارد و چوومە ناو جێگا تاکو عەسرانێکی درەنگ خەوم لێکەوت، چونکە یەکەم جارم بوو هەست بە ئازارێکی زۆر بکەم لە سینگم، بۆیە پێشبینیی ئەوەم نەدەکرد تووشی نەخۆشی دڵ هاتبم، سەرەڕای ئەوەی کە ڕێکانی کوڕم ئەوکاتە لە پۆلی چوارەمی کۆلیژی پزیشکی قوتابی بوو کە هەر زوو حەبی بن زمانی پێدام، سەرلەئێوارە کاکە مەهدی خۆشناو تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: ئەرێ کاکە لەبیرتە ئیمشەو من و تۆ لە ئوتێل هەورامان دەعوەتی برادەرانین؟ منیش گوتم: کاکە مەهدی بەخوا لەبیرمە، بەڵام دوور بێ لە تۆ ئەمڕۆ پێش نیوەڕۆ تووشی ژانە سینگێکی زۆر توند بوومەوە ئێستاکەش نەهاتوومەتە سەرخۆ..

کاکە مەهدی نەیهێشت قسەکانم تەواو بکەم گوتی: بەسەری تۆ هیچ نییە ماشەڵڵا دەنگت زۆر ئاساییە ژانە سینگ تەنها لە (تەشەنوج)ەوە پەیدا دەبێت لە دڵیشت مەترسێ چونکە دڵی تۆ گەورەیە و پڕە لە خۆشەویستی (ڕاستەو بەداخەوە دڵیان زۆر ئێشاندووی!) بەڵام ئامادەبە وا دێم بە شوێنت.

ئێوارە لە کاتژمێر شەش دا لەگەڵ کاکە مەهدی بەرەو ئوتێل هەورامان چووین و لە ڕێگا لێی پرسیم خۆ هەست بە شتێکی نائاسایی ناکەی؟.. منیش وتم نەخێر تێپەڕی (شدە وزالت).

لە ئوتێل هەورامان، لەگەڵ ئەو دۆستە خۆشەویستانە کە بریتی بوون لە کاکە حەیدەر فەیلی، کاکە کەمال شاکر، کاکە زیرەك کەمال هەڵبەت کاکە مەهدیش لەسەر یەك مێزی نانخواردن دا کۆبووینەوە و باس و خواسیش هەر سیاسەت بوو، منیش زیاتر گوێگر بووم و پەیتا پەیتاش جگەرەم دەکێشا، پاش ٢ چارەکە سەعات هەرچەندە هەستم بە ئێش و دڵتەنگی دەکرد، بەڵام من خۆم بەهێزتر دەزانی، بۆیە گوێم نەدەدایە و بیرم لە مەسەلەیەکی دیکە دەکردەوە کە پەیوەندیی بە کاری ڕۆژانەوە هەبوو، بەڵام لەگەڵ هەڵکشانی ئێشەکە تا دەهات ئارەقەیەکی زۆریشم لەگەڵ دەکرد نەشمدەویست برادەران هەستی پێبکەن.

چار نەبوو تەنها خۆڕاگرتن نەبێت، بەڵام چونکە کاك حەیدەر فەیلی خۆی پێشتر تووشی هەمان (دەردە دڵ) هاتبوو لەناکاودا ڕووی تێکردم و گوتی کاکە ئەوە چیتە خێرە؟

بەندەش گوتم: ماوەیەکە سینگم زۆر دەیەشێ و دەبینی ئارەقەش زۆر دەکەم و خەریکە تەنگە نەفەسیش دەبم، پێش نیوەڕۆش بە هەمان شێوە ئەو ئازارەم تووش بوو یەکسەر.

کاك حەیدەر فەیلی هاتە قسە و گوتی: بۆ خاتری خوا هەر ئێستا دەبێ بچیت بۆ لای د. قاسم کە دکتۆری منە و تا زووە دەبێ فەحست بکات، چونکە شکی جەڵتەی دڵت لێ دەکەم.

لێرەدا کاکە مەهدی هاتە سەرپێ و گوتی: دەی خێرا با بڕۆین بۆ لای، کاك حەیدەریش هەستایە سەرپێ و بانگی یاوەرەکەی کرد و گوتی: ئۆتۆمبێلەکەم ئامادە بکەن با زوو کاکە فەرهاد بگەیەنینە ماڵی دکتۆر قاسم و تا ئێوەش دەگەن من بە تەلەفۆن پەیدای دەکەم، کاکە مەهدی و کاك زیرەك یەکسەر ئەملا و ئەولایان گرتم بەرەو دەرەوەی هۆڵەکە هەنگاومان نا، بەڵام پێش ئەوەی بگەینە ئۆتۆمبێلەکە من ڕووم کردە کاك مەهدی و پێم گوت: تکات لێ دەکەم تۆ بگەڕێوە لای جەماعەت چونکە جوان نییە ئێمە هەردووکمان بەجێیان بهێڵین، من لەگەڵ کاك زیرەك دەچم فەحسێك دەکەم و

دەگەڕێمەوە، ئینشالآ هیچ نییە، کاکە مەهدی لە سەرەتادا رازی نەبوو، بەلآم کە پێم گوت (وەلآ ناچم ئەگەر تۆ نەگەڕێیتەوە لای برادەران).

کاك زیرەك و من بە ئۆتۆمبێلەکەی کاك حەیدەر بەرەو مالّی د. قاسم چووین، کە گەیشتین هاوسەرەکەی هەموو پێداویستیی پشکنینی ئامادە کردبوو کاتیّ د. قاسم گەیشتەوە یەکسەر ئامێری فەحسی خستە کار، منیش تەماشای دەموچاو و دەستوپلیم دەکرد، لە ناوەڕاستی فەحس کردن دا هەستم کرد ئادگاری گۆڕا و بەرەو نائاسایی دەچوو، زانیم کە شتێك روویداوە، بەلآم قسەیەکی عەرەبی هەیە هەمیشە دەیلێمەوە (الحی ما یموت إلا بیوم) واتە (زیندوو تەنها لە رۆژی خۆی دەمریّ) پاش فەحسکردنەکەش د. قاسم گوتی: تکایە یەکسەر بۆ نەخۆشخانەی جمهوری (شعبە العنایە المرکزە)ی ببەن، بەلآم کاك فەرهاد تکات لیّ دەکەم دلّت هیچ نەکات شتێکی وا نییە، منیش خۆم هەرئێستا پاش ئێوە دێم.

لە گەڕانەوەدا لەسەر داوای من نەچووین بۆ نەخۆشخانە بەلّکو بۆ هوتێل هەورامان چووینەوە بۆئەوەی خواحافیزی لە برادەران بکەم، کاتیّ گەیشتینە لایان و لە مەسەلەکە حالّی بوون کاك مەهدی هەستا و گوتی: براینە بە روخسەتی ئێوە ئێستا مەسەلەکە زیاتر پەیوەندیی بە منەوە هەیە و لەگەلّی دەچم، ئێوە خواحافیزتان بێت پاشان بە تەلەفۆن ئاگادارتان دەکەمەوە.

کە لە ئوتێل هەورامان دەرچووین دیسان کاکە مەهدی هاتە قسە و گوتی: کاکە گیان چەند دەقیقەیەکی فەرق هەیە پێش ئەوەی بچینە نەخۆشخانە با زوو سەرێکی مالّەوەتان بدەین دلّنیایان دەکەین و هەندیّ کەلوپەلی پێویست دێنین ئینجا دەچینە نەخۆشخانە.

بەندەش لە حالّەتێکی زۆر نائاسایی بووم، وابزانم کاکە مەهدیش هەستی پێکردبوو ناوە ناوە بۆ چەند ساتێك لەهۆش خۆم دەچووم، بۆیە زۆر خێرا ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕی، بە تەلەفۆن لە ڕێگا قسەی لەگەلّ (ڕێکان)ی کوڕم دەکرد کە ئەوسا ئەو لە دوا قۆناغی کۆلیژی پزیشکی بوو، دوا شەوی ئیمتیحانیشی بوو، کاتیّ گەیشتینە بەر دەرگای مالّەوە نەیهێشت لە سەیارەکە دابەزم بەلّکو خۆی هاتە خوارەوە، دیاربوو زۆر بە ئاسایی قسەی لەگەلّ پەروینی خێزانم دەکرد دەیگوت (فەحسێکە و دەیکەین) بەلآم لەوانەیە شەوێك لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە بۆ دلّنەوایی،

رووی لە ڕێکانی کوڕم کرد گوتی: کاکە دکتۆر تۆش دواشەوی ئیمتیحانی دوا قۆناغتە، پێویست ناکات خۆت سەغڵەت بکەیت، ئەوا (دکتۆر زەردەشت)ی کوڕم کە هاوڕێی تۆیە لە نەخۆشخانە خەفەرە و پێویستیمان بە کەسێکی دیکە نییە.

ئەو شەوە لە نەخۆشخانە تا ئەو کاتەی ئاگادار بووم کاکە مەهدی و دکتۆر زەردەشتی ئێسك سووك وەکو برا و برازایەکی یەگجار بە پەرۆش و دڵسۆز خەریکم بوون کاتێك بەهۆش خۆم هاتمەوە خۆم لەسەر قەرەوێڵەیەکی ژووی (العنایە المرکزە)ی دڵ دیتەوە، هەردوو دەستم بە ئامێری پشکنین و شتی دیکە پێچرابوون، چاوم ڕەشکە و پێشکەی دەکرد، نەمدەزانی سەعات چەندە، پاش چەند ساتێك گوێم لە دەنگێ بوو کە پڕبوو لە میهرەبانی و سۆز و پەرۆشی دەیگوت: مامۆستا ئەلحەمدولیلا سەلامەتی، نوستنت باش بوو.

لە یەکەم سات نەمزانی ئەو دەنگە هی کێیە، بەڵام دواتر لە کاتی قسەکاندا زانیم ئەوە دکتۆر زەردەشتە کە زۆر میهرەبانانە قسەی دەکرد، لێیم پرسی سەعات چەندە؟ لە وەڵامدا گوتی: سەعات ٧ی بەیانییە.

کاتێ لێم پرسی باشە تۆ بۆ بەم بەیانییە لێرە چ دەکەی؟ دیسان زۆر بە هێمنی گوتی: ئیمشەو من هەر لێرە بووم و لەسەر ئەو کورسییەی بەرامبەرت دانیشتبووم ئاگاداری تۆ بووم، نەمویست یەك دەقیقە بەجێتبهێڵم.

بەندە: باشە بۆ! خێرە؟

د. زەردەشت: مامۆستا حاڵەتەکە وای دەخواست سەرەڕای ئەوەی کەوا ئەرکی منە، بەڵام دیسان باوکم کە تا درەنگانێکی شەو لێرە بوو کە زانی وەزعی تۆ جێگیر بووە و خەتەریت لەسەر نەماوە، تەلەفۆنی ماڵی ئێوەی کرد و منیشی ڕاسپارد و بە دەق گوتی: کوڕم زەردەشت پێویست بە هیچ ڕاسپاردەیەك ناکات فەرهاد عەونی یەعنی مەهدی.

بەندەش گوتم: باشە دکتۆر من چیمە؟

د. زەردەشت: مامۆستا هیچ نەبوو ئەلحەمدولیلا سەلامەت بوویت، شوکر بۆ خودا.

کاتژمێر ٩ی بەیانی جارێکی دیکە کاکە مەهدی پەیدا بووەوە و هاتە لای سەرم و ماچێکی لێ کردم و گوتی: تەسەور نەکەی دوو جەڵتە لە نێوان ١٢ سەعاتدا بۆ تۆ

هیچ بێ، ماڵەوەدان ماشەڵا تۆ دڵت هەندە بەهێزە لە گۆڕی بابی جەڵتە دەبەم بەخوا ناتوانێ کار لە تۆ بکا.

کورد دەڵێ: سەفەر و مامەڵە سەنگی مەحەکە؟ منیش دەڵێم ئەو سەرگوزشتەی کە لەو چەند دێڕەی پێشەوە گێڕامەوە بە مەبەستی ناسینی کاکە مەهدی نییە، چونکە سەدان برادەر و هەڤاڵانی شایەدی بۆ ئەم راستییە دەدەن کە:

شەهید مەهدی خۆشناو سێ خەسڵەتی یەگجار بەرزی هەبوو:

**یەکەم:** مرۆڤێکی زێدە جدی بوو چ وەك فەرمانبەر چ وەکو کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی.

**دووەم:** یەگجار دڵسۆز بوو بۆ هەر مەسەلەیەك کە لە نزیك و دوورەوە پەیوەندیی بە برادەر و هەڤاڵانی ئەوەوە هەبووایە.

**سێیەم:** خەمخۆرێکی سەرسوڕهێنەری ئەوتۆ بوو کە خەمی لە هەموو دیاردەیەکی نائاسایی دەخوارد، تەنانەت دەگەیشتە حاڵەتی سەغڵەت بوون کە بە زەحمەت ئاسایی دەبووەوە، لەگەڵ دەیان خەسڵەتی پیاوانە و مەردانەی دیکە کە هەمووی تێکڕا ئەگەر لە مرۆڤێکی وەکو شەهید مەهدی لە کۆمەڵگایەکی دیکەدا هەڵسەنگاندنی لەسەر بنەمای راست و درووست کاری پێبکرابایە ئەوا بێگومان مەهدیی شەهیدیش دەگەیشتە ئەو جێگە و پێگەیەی کە شایانی ئەو بوو هەستی مەغدوورییەتی لا درووست نەدەبوو.

بەڵام زۆر ئەفسوس و سەد حەیف و مخابن کاتێ مرۆڤ سەیری دەوروبەری دەکات، دەبینێ دەیانی وەکو کاکە مەهدی و د. زەردەشت لە کردارێکی تیرۆریستی دا خەڵتانی خوێن دەکرێن کە ئەگەر بێت و لەو سەردەمە دا فەرهەنگێکی (ئەهریمە ناوی) بێتە بەردەست ئەوا وشەی تیرۆر و تیرۆرستان خۆیان بە شەرمەزار دەزانن بەرامبەر بەو کارەی (کە برای دێرینیان لەدەست دام) و بە گریانیان هێنام و تا ماوم لەبیری ناکەم و بۆی دەگریم.

ئەم وتارە لە گۆڤاری (نووسەری نوێ) ژمارە ٢١ لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوکراوەتەوە.




**هەولێر–ئوتێل چوارچرا، ٢٢/١٠/٢٠٠٠**

**ئاهەنگی سەدساڵەی یادی جەواهیری**

**لە راستەوە: فەخری کەریم زەنگەنە، مەهدی خۆشناو، فەرهاد عەونی**




**یانەی کۆلیژی بزیشکی، ١٢/١١/١٩٩٥**

**رۆژی ئاهەنگی یەکترناسین**


**لە راستەوە: رێکان فەرهاد عەونی، شەهید زەردەشت مەهدی خۆشناو**



**کۆنگرەی دووەمی گشتیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

**هەولێر-هۆڵی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٣/١٢/١٤**

**نووسەر لەگەڵ شەهید مەهدی خۆشناو**



**خەسرەو تۆفیق فتح الله**

**١٩٣٠-٢٠٠٤/٨/١١**

## ژیاننامە

- پایزی ساڵی ١٩٣٠ لە سلێمانی لە گەڕەکی سەرشەقام لەدایکبووە.

- قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواوکردووە.

- لە قۆناغی دواناوەندی لەگەڵ کۆمەڵێك لە برادەرەکانی (ئەکرەم عەبدولقادر یامولکی، ئەکرەم عزەت نەجیب، کەمال میرزا کەریم، حەسەت تۆفیق، غفور میرزا کەریم،... خۆی لەناو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عیراقی دەبینێتەوە لە سلێمانی.

- ساڵی ١٩٤٨ لەکاتی ڕاپەڕینەکەی گەلانی عیراق کاك خەسرەو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی حزبی هێرشیان کردە سەر (دائرة العلاقات البريطانية الثقافية) لە سلێمانی کە تێیدا ئەو بریندار بوو.

- پاش تەواوکردنی خوێندنی سانەوی لە سلێمانی بەرەو بەغدا هەڵکشا و لەنێوان ساڵی ١٩٤٩-١٩٥٠ لە زانکۆی بەغدا-کۆلیژی بازرگانی وەرگیرا و لەنێوان ساڵی ١٩٥٢-١٩٥٣ خوێندنی کۆلیژی تەواوکرد.

- تاكو ساڵی ١٩٥٤ ئازایانە لەناو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عیراقی مایەوە، بەڵام لەو ساڵە وەکو مرۆڤێکی ڕۆشنبیر گۆڕانکاری لە بیروباوەڕی ڕوویدا کە تێیدا پێویستی گەلی کورد وەکو نەتەوەیەکی بەشکراو وای لێکرد کە بەرەو بیری نەتەوەیی هەنگاو بنێ، بەڵام نەتەوەیەکی چەپخواز.

- لەنێوان ساڵانی ١٩٥٤-١٩٥٥ پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد و ساڵی ١٩٥٦ ئەرکی لێپرسراوێتی ڕێکخستنەکانی (مووسڵ)ی کەوتە ئەستۆ.

- بەهۆی هەندێ ناکۆی لەناو ڕێکخستنەکانی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٩ کۆمەڵێك لە سەرکردەکانی پارتی لەو حزبە دوورکەوتنەوە.

- لە پایزی ساڵی ١٩٦٢ لە سەردەمی حکومەتی عبدالکریم قاسم خرایە زیندان لە ئاکامی بەشداریی لە هەڵمەتی (ئاشتی لە کوردستان) و لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بۆ (قصر النهایە) گوێزرایەوە کە تێیدا بە شێوازێکی زۆر دڕندانە ئەشکەنجە درا، بەڵام ئەو وەکو پاڵەوانێکی خۆڕاگر کۆڵی نەدا و بە سەربەرزی مایەوە تاکو لە هاوینی ساڵی ١٩٦٤ ئازادکرا.

- پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ خەسرەو تۆفیق بۆ بەڕێوەبەری گشتیی سکرتارییەتی هەیئەتی ئاوەندانکردنەوەی سەروو (سکرتاریە هیئە اعمار الشمال).

- لە ناوەندی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە شۆڕشی کوردستان کرد و تێیدا بووە جێگری ئەمینداری گشتیی کاروباری دارایی شۆڕش کە ئەمیندارەکەی مامۆستا (عەلی عەبدوڵلا) بوو، پاش نسکۆی شۆڕش و گەڕانەوەی بۆ عیراق سەرقاڵی ئیشوکاری تایبەتی خۆی بوو سەربەرزانە دەژیا.

- لە ٢٠٠٤/٨/١١ لە ماڵەکەی خۆی لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کرد.

## پیاوی خاوەن بیروباوەڕو بەهای نیشتمانیو مرۆڤدۆستی بەرز

## خەسرۆ تۆفیق

## کە خەڵکی وەکو خۆی نەیانناسیووە

پێش ئەو کاتە، بەوە رانەهاتبوون یان فێرنەبووبووم سەردانی فەرمانگەکانی حکوومەت بکەمو داواکاریی پێشکەش بەبەرپرسەکانیان بکەم، کەهەواڵیان دامێ، لەکاتێکدا ماوەی حەسانەوەم لەشارەکەی خۆم کۆیە دەبردەسەر، دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان کە لەکۆتایی مانگی نیسانی ١٩٧٢ لەسلێمانی گیراو جارێکی دیکە خۆم نەپاڵاوت، لەکاتێکدا من سکرتێری گشتی بووم پاش هەڵبـژاردنم لـەکۆنگرەی شەشـەم کەلەناوەڕاسـتی تـەممووزی ١٩٧٠ لـەناوپردان بەسـتراو دوای ئـەوەی هەشـت سـاڵی رەبـەقم لـەریزەکانی بـردە سـەر بەئەندامێکی شانە دەستم پێکردو بەسکرتێری گشتیی ئەو یەکیتییە کۆتاییم پێ هێنا، ئەو ماوەی حەسانەوەی هەڵم بژاردبوو کە لەکۆیە بیبەمە سەر، سەرچاوەی لەوە گرتبوو، کە کۆیە شوێنی لەدایك بوونمو شوێنی بەپیتی ئەو یادگارانەمە کەشانازییان پێوە دەکـەم و دووریشـم لەکـەشو هـەواو غەڵبەغـەڵبی بەغـدا، بـەڵام ئـەو مـاوەی حەسانەوەیە سێ حەفتە زیاتری نەخایاند، چونکە بروسکەنامەیەکی شەهید (سامی عبدالرحمن) م پێگەیشت کە ئەوسا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و وەزیری کاروباری باکوور بوو و سەرپەرشتی رێکخراوە جەماوەرییەکوردستانییەکانی دەکرد ، لەبروسـکەنامەکەیدا بـەدەق نووسـرابوو ((تکایـە مۆڵەتەکـەت کـورت بکـەوەو بەهـەر خێراییەك کە لەدەستت دێ وەرەوە بەغدا)).

لەئێوارەی رۆژی دوایی لەنووسینگەی رەسمیی خۆی لەوەزارەتی کاروباری باکوور، کەئەوسا کەوتبووە شەقامی جمهوری لای رۆژئاوای گۆڕەپانی (الخلانی)، چاوم بەمامۆستا سامی کەوت و بەخۆشی و دۆستانەیەکی دیارو ئاشکرا پیشوازی لێکردم و گفتوگۆیەك لەنێوانماندا روویدا ئەمە کورتەکەیەتی:

مامۆستا سامی: خۆماڵی کردن (مەبەستی خۆماڵیی کردنی نەوت بوو لەم ساڵەدا) بەڕێوەیەو لەوانەیە سیاسەتی دەست گرتنەوە (تقشف) بەم زووانە رابگەیەنرێ و لەوانەشە دوای جاڕدانی خۆماڵیکردن کەلەبەرێك نەدۆزینەوە بۆ دامەزراندنی فەرمانبەران و پێش دوو رۆژ مەسەلەی دامەزراندنی تۆم لەسکرتارییەتی ئەنجوومەنی کاروباری باکوور بەشێوەیەکی کاتی بۆ ماوەی یەك دوو مانگ لای مامۆستا خەسرەو تۆفیق ورووژاندووە بۆ ئەوەی لەبەغدا لێرە لێمان نزیك بیت ، چونکە ئێمە لێرە لەحزب و لەجێگەیەکی دیکە لەئایندەیەکی نزیك پێویستمان پێت دەبێت و تکام وایە تێم بگەیت و بیانوو نەهێنیتەوە، وەك ئەوەی لەیەکێتیی قوتابییانی کوردستان کردت. (مامۆستا سامی عبدالرحمن ، لەکاتی خۆیدا، پێش بەستنی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بڕیاری مەکتەبی سیاسی پارتی پێراگەیاندبووم سەبارەت بە دووبارە خۆپالاوتن لەگەڵ هەڤاڵ (عادل مراد) لەکۆنگرەدا، بۆ ئەوەی لەسەرکردایەتیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بمێنمەوە، بەلام من لەبەر هەندێك هۆی دیاریکراو، سەرەڕای پێ داگرتنی مامۆستا سامی، ئەوپێشنیازەم رەت کردەوە.

بەهێمنی گوێم لەتێبینی و پێشنیازەکەی مامۆستا سامی گرت سەبارەت بەدامەزراندن لەسکرتارییەتی کاروباری ئابووری، هەر چەندە لەبنەڕەتدا ئەوبیرۆکەیەم پێخۆش نەبوو، بۆیە قسەیەکم کرد کە ئەمە ماناکەیەتی:

من: باشە، کەسی دیکە نەبوو شایانی ئەوپایە بالایە بێت ؟

مامۆستا سامی: کەللە رەق مەبەو لەبەر ئەو کەللە رەقییەت، یەکێتیی قوتابییانی کوردستان تۆی لەدەست چوو و، ئێمە ئێستا خەریکین چاو بەهەندێك ناوەندی کارگێڕیی دارایی گرنگ لەسەر ئاستی حزبدا دەخشێنینەوەو ئێوە یەکێکن لەوکادیرانەی پالێوراون بۆ ئەوەی بەم نزیکانە بەرپرسایەتییەکی دیکەتان بدرێتێ و

بۆ ئەوەی لە بەغداو لە ئێمەش دوور نەبن، ئەوا وامان بەبیردا هات کە لەگەڵ مامۆستا خەسرەو تۆفیق لەسکرتارییەتی کاروباری باکوور کاربکەن بۆ ئەوەی ئاگاداریی هەندێك کاروباری دیاریکراو بیتو لای ئەو فێری کاروباری ئیدارەو نەخشەکێشان بیتو سوود لەشارەزایی ئەو وەربگریتو ناوی خوای لیٚ بێنەو پشت بەخوا ببەستە.

بۆ رۆژی دوایی لە دەوروبەری سەعات (١٠) ی بەیانی پێم نایە ناو نووسینگەکەی مامۆستا خەسرەو تۆفیق، لەکاتێکدا خۆی بەسەر کۆمەڵە دۆسییەیەك دادابوو لەناوەرۆکەکەیان ورد دەبووەوە، بەرادەیەك لەسەرەتادا هەستی بەچوونە ژوورەوەی من نەکرد کەچوومە نووسینگەکەی تا سڵاوم کرد، ئەوسا بەلەسەرخۆیی سەری هەڵبڕی و دەستی بۆ درێژکردم بۆ بەخێرهێنانمو ئاماژەی بۆ کردم لەو لای بەرامبەر مێزە بازنەییەکەی کە لەبەردەمی بووو کۆمەڵە دۆسییەیەکی (فایل بۆکس) ی لەسەر بوو کەتایبەت بوون بەپرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە لەکوردستان و بیٚ هیچ پێشەکییەك، ئاماژەی بۆ ئەو دۆسییانە کردو ئەو زانیارییە دوورو درێژانەی لەناو ئەو دۆسییانەدا هەن سەبارەت بەو پرۆژانەی جیٚ بەجێکراون و ئەوانەش کەخەریکە جیٚ بەجیٚ دەکرێن ، هەروەها پرۆژە پێشنیازکراوەکان لە گەلێك شوێنی جیاجیا لەکوردستان .

ئینجا گوتی: (کتك سامی پێش چەند رۆژێك دامەزراندنی تۆی پێراگەیاندم وەك یاریدەدەری تێبینەر بەکریٚ (معاون ملاحظ أجیر)، واتە یاریدەدەری تێبینەر بەکرێی رۆژانەی (١٥٠٠) فلس (دینارو نیوێك) ودەوامەکەشت لەهۆبەی خۆیەتی دەبێتو بەرپرسی دۆسییە خولاوەکان دەبیت.

لێرەدا گۆشیی(سماعە)ی تەلەفۆنە ناوخۆییەکەی هەڵگرتوداوای لەیەکێك کرد لە فەرمانبەرەکانی سکرتارییەت بێتە نووسینگەکەیو دوو دەقیقە زیاتری پیٚ نەچوو خانمە فەرمانبەرێکی باڵا بەرز هاتە ژووری نووسینگەکەیو هەر کەگەیشتە بەردەمی، کاك خسرەو پێی گوت:

(ئەطوار) " فەرمانی دامەزراندنی کاك فەرهاد بەفەرمانبەر وەك یاریدەدەری تێبینەر بەکریٚ لەمڕۆوە دەربکەو تکاشم وایە چۆنێتیی وەرگرتنی دۆسییەو رێگەی هەڵگرتنی نووسراویان تێدا بۆ روون بکەیتەوە.

(ئەطوار) " کە بەرپرسی هۆبەی نوسراوبوو لەسکرتارییەت بەگەڵ خۆی دام. ئەو کچـی خوالێخۆشـبوو (عبدالمجیـد حسـن) ی ئەمینـداری بەغـدای پایتـەخت بـوو لەسـەردەمی خـوا لێخۆشـبوو (عبـدالکریم قاسـم) دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ١٤ی تـەمموزی ١٩٥٨ ، ئەوکچـە مـەیلی چەپیشـی هـەبوو و لـەرووی رەوشـت بـەرزیو رۆشنبیریی گشتییەوە پلەیەکی باڵای هەبوو. هەرزوو هەستی بەبێزاری و پیٚ ناخۆش بوونم کرد، بۆ ناوی فەرمانەکەمو جۆری ئەوکارەی کاك خەسرەو بۆی هەڵبـژاردووم، بۆیە لێی پرسیم: ئایا لەمەو پێش لەهیچ فەرمانێکی حکومەتیدا کارت کردووە؟

من: نـەخێر، سوپاس بۆخـوا، لەمـەوپێش هـیچ فـەرمانێکم نـەدیوەو حەزیشـم لـیٚ نـەکردووەو کارەکـە بـەزۆر بەسـەرمدا دراوە نـاتوانم رەتـی بکەمـەوە چـونکە لەسـەرەوە دەرچووە.

لەگۆشـەی ژوورێـك جێگـام گـرت کەسـەدان دۆسـییەی تێـدابوو بەشـێوەیەکی رێكوپێـك دانرابـوونو بـەپێی پیتـی ئـەلفبیٚ خانەبەنـدی کرابـوون، سـەبارەت بـەناوی پرۆژەکان لەکوردستان وەك یەکێك لەگرنگترین ئەڵقـەکانی وەزارەتـی کاروبـاری باکوور کــە دوای رێککەوتننامــەی ١١ی ئــاداری ١٩٧٠ لــەنوێرا دانــرا، پــاش ئــەوەی بەڕێوەبەرایەتییـەکی گشـتی بـوو بـۆ کاروبـاری بـاکوور، ئینجـا وەزارەتـی کاروبـاری باکوور تا لەسەر ئەوشێوەیەی دوایی لەپاش رێککەوتننامەی ئادار جێگیربوو.

خـاتوو (ئـەطـوار عبدالمجیـد حسـن) بەرپرسـی هۆبەکـە بـوو و لاوێکـی عـەرەبیش یارمـەتی دەدا نـاوی (ریـاض) بـوو، هـەروەها ڤیکتوریـاش کـە کچـە مەسـیحییەك بـوو ،تەنانـەت لەسـەختترین سـاتەکانی کارکردنـدا پێکـەنین لـەدوولێوی نـەدەبڕا، جگـە لە(ئامنە) خان کەلەژوورەکە بوو، من بووم بەژمارە پێنج لەهۆبەکە... ئیدی دۆسییەم لـە هۆبـە جیاجیاکـانی سـکرتارییەت بـۆ دەهـات، دوای ئـەوەی وانەیـەکم سـەبارەت بەچۆنێتیی هەڵسوکەوت کـردن لەگـەڵ ئەو دۆسییانە وەرگـرت لـەرووی نیشـانەکردنو هـەڵگرتن، وێـڕای نووسـراو هـەڵگرتن تێیانـدا بـەپێی خانەبەنـدیی هونـەریی نـویٚو، (ئەطوار)، ئەوەشی لەبیر نەچوو کەتێبینیی پێویستم پێبدات سەبارەت بەهەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو دۆسییانەدا بەوپەڕی وردی و پاراستنی شێوەی جوانییان و پێی گوتم :

کاکە ، لەوانەیە ئێوە خزمی مامۆستا خەسرەوبن، یان لەناسیاوە نزیکەکانی بن ،

بـەڵام خزمایـەتیو پلـەی دۆسـتایەتی لەگـەڵ ئـەودا دادت نـادەن ئەگـەر کـارێکی پێچـەوانەت کـرد، یـان راسـپاردەکانی ئـەوت سـەبارەت بەئـەرکی فـەرمان و وردیـی لەکارکرندا بخەیتە پشتگوێ. وریابەو ئاگات لەخۆت بێ هیوام سەرکەوتنتە .

لەیەکەم رۆژی دەوامدا، کاری فەرمانەکەم، وەکو مۆتەکە وابوو، بەتایبەتی کاتێك کە ئەو هەموو رێنمایيو تێبینیو ئامۆژگارییانەم بەرەو رووکرایەوە ، کە لەئاستی ئەو کارەدانەبوون کە پێم سپێردرابوون .

بەڵام کاتێك (لواحظ) خان هاتە لام کە هاوڕێم بوو لەکۆلێژی (ئابووریو زانیارییە سیاسییەکان) بەشی ئابووریو بۆ ماوەی چوار ساڵ هاوڕێی پۆلم بوو ، کچی (حمودی مهدی) بوو ، کە لەسەردەمی (فریق عبدالرحمن عارف ١٩٦٦– ١٩٦٨) یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو و ساڵێك پێش ئەو رێکەوتە وەك فەرمانبەرێك لەبەشی نەخشەکێشان لەهەمان سکرتارییەت دامەزرابوو، کەزانیبووی من لەسکرتارییەت دەستبەکاربووم، هاتبوو بۆ بەخێرهاتنو پیرۆزبایی لێکردنم (بەبۆنەی ئەوپایە تازەیەم) و لەو کۆمەڵە شتانەی کە قسەی لێوەکردن بەراورد کردبوو لەنێوان ژیانی زانکۆ و کارو فەرمانی حکوومەت، بە تایبەتی کۆلێژی ئابووریو زانستە سیاسییەکان کە وەکو گۆڕەپانێکی بچووکی سیاسی بوو لەعێراق بەرەنگە جیاجیا سیاسییەکانییەوە ، کە ئەو کاتە تێیدا هەبوون، ئەمەجگە لەبوونی سەرکردایەتیی رێکخستنی بزاڤی قوتابییانی عێراقو کوردستان بە هەموو رەنگەکانییەوە و بە لەبەرچاوگرتنی شوێنی هەڵکەوتنی کۆلێژەکە لەناوەڕاستدا لەنێوان (باب المعظم) و گەڕەکی (الوزيرية).

لەکاتێکدا کەقسەمان لەگەڵ یەکتردا دەکرد، بەدەق ئەمەی پێگوتم: (کاکە، کاتێك لەقۆناغە جیاجیاکانی زانکۆ بووین، وام دەزانی ئێوە نرخو بایەخێکی دیکەتان لەنێو کۆمەڵەکەی خۆتاندا هەیە، چونکە من، بەحوکمی هاوڕێیەتیمان لەقۆناغی خوێندن لەزانکۆ و لە هەمان پۆلدا شایەدی ئەوەم کە چۆن خوێنگەرمی دایدەگرتن لەکاتێکدا کە داکۆکیتان لەکێشەی گەلەکەتان دەکردو من خۆم گوڕ بەستنەوەی ئێوەم لەکاری سیاسیدا دەبینیو رووداوی مشتومڕە توندەکەتانم لەگەڵ دکتۆر (خطاب العاني) لەبارەی وشەی (الشمال)و (کوردستان) هەر لەبیرەو بەشێوەیەکی خوشك و

برایانه،دوای کۆدەتاکەی ١٧ی تەممووزی (١٩٦٨) ، چەند هۆشداریم پێدایت کەلەبەر بەعسییەکان ئاگاتـان لـەخۆتان بـێ و وریـابن، چـونکە ئەوانـە بـەزەییان بەکەسـدا نایەتـەوە، بەتایبـەتیش لەگەڵ کورد ، کاتێك (کاك (عبدالرحمن امین) ی بەڕێوەبەری نەخشەکێشان دوێنێ هەواڵی ئەوەی دامێ کە ئێوە وەك یاریدەدەری تێبینەر بەکرێ لەسکرتارییەت دامـەزراون گـەلێکم لاسـەیر بـوو کەئـەوەتان قبـووڵ کـردووە، یـان بـە مانایەکی دیکە، چۆن برادەران ئەو فەرمانە بچووکەیان بۆ ئێوە هەڵبژاردووە کەهەرگیز لەگەڵ تواناو لێهاتوویی ئێوەدا ناگونجێ و یەك ناگرێتەوە ، لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە بەدرێـژایی چـوار سـاڵ لـەبارەی تـۆوە دەمـانزانی " بـەلام بڕواتـان بـێ، وەك (فریـال عبدالمسیح) ی هاورێمان دەیگوتەوە کاتێك کەدەیویست پاڵ بەنائومێدییەوە بنێت و وبیرەوێنێتەوە کە (ئەم تاوە کۆتایی مێـژوو نییـە، بـەڵکو سـەرەتاکەیەتی)، دوای ئـەوە لەسەر قسەکەی رۆیشت. من بەتەواوەتی هەرگوێم گرتبوو، چونکە خەیاڵم گێڕامییەوە بـۆ یەکـەم رۆژی ژیـانی زانکۆمـان لـە ١٩٦٦/١٠/١٥ کـە دوو رووداو بەسـەرماندا رەت بوون، یەکێکیان لەساتەکانی یەکەمدا هاوڕێ (عادل لەیلانی) م ناسی و داوای لێکردم کەبچمە ناو یەکێتیی قوتابییانی کوردستان و ، کاتێك بـۆی دەرکـەوت من لەسـەرەتای قۆناغی ئامادەیی لەکۆیەچوومەتە ناو ئەو رێکخراوەوە، باشترین پێشوازیی لێکردم و ، هـەر لەهـەمان رۆژدا بـە(عبـدالموجود طـه) ی بـراو هـاوڕێی ناسـناندم و ئـەو یـەکتر ناسینە بوو بەپەیوەندییـەکی دۆسـتانەو برایانـەو تـارۆژی ئـەمڕۆمان هـەر بەردەوامـەو، رووداوی دووەم خۆی لەدابەش کردنی قوتابییانی قۆناغی یەکەم بەپێی پیتـی ئـەلفبێ نواندو ئەو ریزبەندییە لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەدا کۆی کردینەوە: (فاضلی ملا محمود) کە لەوە بەدوا لەگەڵ (عبدالرحمن قاسملو)ی شەهید لەڤیەنای پایتەختی نەمسا، لەساڵی ١٩٨٩ شەهید کراو، (فلاح حسـن) و (فاطمـة عبدالرضـا الفخـري) خـەڵکی (ناصـریه) و (فاروق) فؤاد) و (فریال عبدالمسیح) و (لـواحظ حمـودي مهـدي) و(مثـال جـرجیس) و (هدیر خضر الیاس) ی بەغدایی و (نوری کـریم خـان) ی ئاکرەیی و (غـازی فیصـل) ی فەللوجەیی و (جبار عبدالکریم هەمەوەندی) کە بوو بووە بەغدایی لەوکاتەوە کەباپیری ناچار بوو بوو دوای ئەو نوشستییەی بەسەر شۆڕشەکەی (شێخ محمودی حفید) هات لـە بیسـتەکانی سـەدەی رابـوردوو و جێگـربـوونی (واتـە باپیری) لەبەغـداو کـارکردنی

لەیەکێك لەوخانانەی دەکەونە دەورووپشتی (سوق الصفافير) ی ئەو سەردەمەو ئەوکۆمەڵەیەمان جێی ڕێزی هەمووان بوو، لەبەر ئەوەی کەسانی قورس و گران بوون و لەسەرەولێژگەی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبیی جیاجیاوە هاتبوون. کاتێك خوشکە (لواحظ) هەستی کرد کە من خەیاڵم لەمەسەلەکە دوورکەوتۆتەوە، ئەویش ویستی هەندێك تێبینیی دیاریکراو بخاتە روو کەپەیوەندییان بەسکرتێری ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوەی باکوور (خەسرەو تۆفیق) ـەوە هەیەو ئەمە دەقی ئەو قسانەیە کە (لواحظ) کردنی:

(لەکارکردن لەگەڵ کاك خەسرەودا بێزار مەبە، راستە ئەو ئەوکەسە ماندووت دەکات کە کاری لەگەڵدا دەکات و هیچ جۆرە (موجامەلەیەك) لەکاتی کارکردندا لەگەڵ فەرمابنەرەکانیدا ناکات و ، لەسەر بچووکترین هەڵە ، لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات و لەکۆتاییدا فەرمانبەرەکە قازانج دەکات ئەگەر بزانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکات).

هیچ شتێکم لە رووبەڕوویی ئەوتێبینییانەی لەبارەی کاك خەسرەوەوە خرانە روو لەلایەن ئەوانەی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن و چۆنێتی ئەوهەڵسوکەوت نەدەزانی ، ئەوەشم نەدەزانی کە چۆن (وردی بە بەردەوامی لەسەر جێ بەجێکردنی کارێك) هەمووخەمێکی ئەوە، کاتێك لێی دوروکەوتمەوەو لەگەڵ ئەودا سکرتارییەتی کاروباری باکووریشم دوای دوو مانگ جێهێشت، پاش ئەوەی مامۆستا (سامی عبدالرحمن) ئەو فەرمانەی پێراگەیاندم کە لە مەکتەبی سیاسییەوە دەرچوو بوو بۆ ئەوە بگەمە کارەکەم لەرۆژنامەی (التآخي) و ببمە (پشت و پشتیوانی کاك دارا تۆفیق) ، ئینجا زانیم چ وانەیەکی گەلێك گرنگ و بەبایەخم لەکاك خەسرەو تۆفیق وەرگرتووە ، کە تائەمڕۆش هەر پابەندم بەو وانەیەوەو هەتا ماویشم لەژیانی کاروکردارمدا هەرپابەند دەبم پێیەوەو ، بەجیاوازیی کات و شوێن، سوودی زۆری پێگەیاندووم ، کەلەوەدا خۆی دەنوێنێ: (وردی و دڵسۆزی + نەخشەکێشان و بەدواداچوون) = سەرکەوتن لەکارداو ، وەدەستهێنانی چەندان پلەی رەزامەندیی خەڵك و سەرۆکی کارەکان.

لەکاتێکدا لەنووسینگەکەی خۆی بۆ ماڵئاوایی چاوم پێی کەوت، بزەیەکی کاڵ

لەســـەر روخســـاری كـــاك خەســـرەو درەوشـــايەوە، كاتێـــك كاغـــەزی دەســـت لەكاركێشانەوەكەمم خستە بەردەمی و سوپاسی ئەو رەفتارو هەڵسوكەوتە چاكەيم كرد بۆ من و كاتێك كە (فەرمانی پێكردم) دانيشمو بە(عيسا)ی كرێكاری گوت كەدووفنجان قاوەمان بۆ داوا بكات، يەكێك بۆ من و ئەوی ديكە بۆ خۆی، دەست پێشخەری قسەكردنم كردو گوتم:

من: كاك خەسرەو، لەقووڵايی دڵەوە سوپاست دەكەم سەبارەت بەو هەڵسوكەوتە جيدديیەت لەگەڵ منداو ئەگەر ئەوە نەبوايە، من ئەو وانە بەنرخانە لەكارگێڕيدا فێرنەدەبووم و بەراشكاوی پێت دەڵێم دەمويست هەر لەيەكەم رۆژی كاركردنم لەگەڵ ئێوەدا لەسكرتارییەت واز لەكارەكە بێنمو بگەڕێمەوە بۆ كۆیە لەبەر ئەو تەنگبارییە (احراج) يەی هەستم پێكرد كاتێك خزاندمتە قوژبنێكی ژووری نوسراوەكان، بەڵام لەبەر تێبينی هەردوو هاوڕێ و خوشك (ئەطوار و لواحظ) ددانم بەخۆمدا گرت، بەڵام بەتێپەڕينی رۆژگار لە پشتی ئەم كارەوە ئەوە فێربووم كەفەرمانبەری كارگێڕی نابێتە كارگێڕێكی سەركەوتوو ئەگەر لەسەرەتادا بەهۆبەی پەڕاودا تێنەپەڕێتو لەوێ كار نەكاتو ئەمەيان وەك وانەی يەكەم بوو، وانەی دووەميش ، كە لەجەنابت فێربووم ئەوەبووكەرۆژێك لەسەر ئەوەی كاغەزەكە چەند ميلليمەترێك لەدۆسيەكە هاتبووە دەرێ، لێپرسينەوەت لەگەڵدا كردم لەبەر ئەوەی شێوەی دۆسييەكەی ناڕێك كردبوو.

وانەی سێيەميش پيادەكردنی كاری (بەڕێوەبەری خولەكی يەكەم–مدير الدقيقە الواحدە) ، واتە: پاداشت پێدانو لێپرسينەوەی فەرمانبەرەكە لەكاتی خۆيدا بێدواخستنو ئيدی وانەی چوارەم و پێنجەمی بەدواداهات...

خەسرەو تۆفيق: بۆ ئەو راشكاوييەت سوپاست دەكەم. سەرەتا خاتوو (ئەطوار) ی بەرپرسی هۆبەكەم راسپاردبوو ئاگای لێت بێ، چونكە من كاركردنی ئێوە لە سەركردايەتيی يەكێتيی قوتابييانی كوردستان بەشێوەيەكی تەواو دەنرخێنم و خۆم، هەربەسرووشت ، رێز لە كاری سياسيی پاكو بێ گەرد دەگرم، لەبەر ئەوە رێزگرتنی ئێوە لەژوور پەيوەنديی فەرمانەوە بوو.من بەش بەحاڵی خۆم سەرم سوڕمابوو لەخۆمم دەپرسی: ئايا رێی تێدەچێ سكرتێری گشتيی يەكێتيی قوتابييانی كوردستان لەفەرمانێكی پلەدەو بە كرێی رۆژانە دابمەزرێنرێ ؟ من لەرێی خاتوو ((ئەطوار) ەوە

بەدواداچوونم بۆ کارەکانت دەکردو لەرۆژی سێیەمی دەست بەکاربوونتان لێرە، کاتێك لەبارەی تۆوە لێم پرسی ،پێی گوتم: (لاوێکی زۆر چاك و نایاب، رووخۆش، نەرم و نیان و کارەکانی خۆی بەپێی رێنماییەکان جێبەجێ دەکات و ئارامگرەو تاکۆتایی دەوام کورسییەکەی خۆی جێ ناهێڵێ و کاتی بێ ئیشیی خۆی بەخوێندنەوەی ئەو رۆژنامانە دەباتەسەر کە هەموو بەیانییەك لەگەڵ خۆی دەیانهێنێ و منیش لەلایەن خۆمەوە سوپاست دەکەم و لای دارا لەبینای التآخی بەیەکتر دەگەینەوە مەبەستی دارا تۆفیقی برای بوو کەسەرنووسەری رۆژنامەی (التآخی) بوو.

کاتێك کەمۆڵەتی رۆیشتنم خواست، لەجێگەکەی خۆی هەستاو بەگەرمی بەرێی کردم و ئەوەشی لەبیر نەچوو پێم بڵێ لەکاتێکدا دەستی خستبووە سەرشانی چەپم: (هەر لەسەر ئەم شێوازو جۆرە کارکردن و هەڵسوکەوتە لەگەڵ دەوروبەرەکەتدا بڕۆو بەردەوام بە). هەر وەك دوێنێ کەچاوم بەدارا کەوت پێی گوتم (ئەو زۆر لەمێژە دەتانناسێ و زۆریشی خۆش دەوێت و زۆریش گەشبینە کە دەچی بۆ ئەوێ بۆ کارکردن لەگەڵ ئەوداو هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم).

لەپایزی ١٩٣٠ و دوای هەڵگیرسانی راپەرینەکەی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ ی میللی لەسلێمانی کەرۆشنبیران لەقوتابی و بازرگان و کاسبکارو رەنجدەر بۆ یەکەم جار لەمێژووی گەلی کوردستان سەرکردایەتییان کردو رۆڵەکانی شار، سەرکردایەتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازییان کرد بەهاوکاری لەگەڵ ئەوپێشەواو سەرکردانەی لەلادێ و ئاواییەکانی کوردستان لەدایك بووبوون، لەپایزی ئەوساڵەدا، ساڵی ١٩٣٠ ، گەڕەکی سەرشەقام کەدەکەوێتە لای باشووری شاری سلێمانی، لەدایکبوونی خەسرەو تۆفیق لەخێزانێکی دەوڵەمەندو هەبووە بینی و تۆفیقی ئاغا فەتحوڵڵای باوکی یەکێك بوو لەموڵکدارەکانی شار وێڕای ئەوەی کەفەرمانبەرێکی پلە بەرزیش بوو، واتە (یاریدەدەری ساغ کردنەوەی زەوی و زار) (معاون تسوية الاراضي)بوو، کاك خەسرەو لەزنجیرەی لەدایکبووندا بەدووەم دێت دوای جەلالی برای و لەدوای ئەمیش داراو فەریدەوون و کاووس و پێنج خوشك دێن و هەموویان چوونەتە قوتابخانەو زۆربەشیان خوێندنی زانکۆیان تەواوکردووە، دوای ئەوەی کاك خەسرەو پێی نایە

قۆنـاغی ئامـادەیی، لەوکاتـەدا هەڵچـوونی سیاسـی لەعێراقـدا گەیشـتبووە ئەوپـەڕی، بەتایبـەتیش لـەماوەی دوای کۆتـایی هـاتنی جـەنگی دووەمـی جیهـانی و سـەرکەوتنی سوێند خۆران بەسەر ئۆردووگای نازی و فاشی و ، ئەوهێزانـەی هاوپـەیمانیان بوون و بەدەوڵـەتانی تـەوەرە (میحـوەر) دەناسـران، کـاك خەسـرەو بـەرەو ئۆردووگـای چـەپ کەمەنـدکێش بـوو لەچـوار چـێوەی بزووتنـەوەی رزگـاریی عێـراق کـە ئەوکاتـە خـۆی لـەحزبی شـیوعیی عێراقـدا دەنوانـدو رۆڵ و قورسـایی خـۆی لەسـەرکردایەتیی بزاڤـی نیشـتمانیدا هـەبوو و ، دواناوەنـدیی سـلێمانیش رۆڵـی خەباتگێڕانـەی خـۆی هـەبوو لەگەڵاڵـە کردنـی چـەمکی سیاسـیی نەتـەوەیی و نیشـتمانیو کـاك خەسـرەویش لەگـەڵ قوتابییە هاوتەمەنەکانی(اکرم عبدالقادر یـاملکی و کمـال میرزا کریمو، حسـن تۆفیـق، غفورمیرزاکریم وکەسانی .... دیکە) چوونە ناو ئەڵقەکانی رێکخراوی حزبـی شـیوعیی عێـراق لەسـلێمانیو ئەمانـە رۆڵـی بەرچـاوو چـالاکی دیاریـان هـەبوو لەوسـاڵەدا کەهەڵایسانی راپەڕینی گەلی عێراقی لەهەموو لایـەکی عێراقـدا بینـی بەدەسـت پێکـردن لەبەغـدای پایتـەختو دواتـریش لەشـارەکانی کوردسـتانو فـوراتی ناوەڕاسـت و شـارەکانی باشـوور ، رقو تـووڕەیی گـەل چـەقبەندیی لەسـەر پەیماننامـەی عێـراقو بـەریتانیا چـەقی بەسـتبوو کـەناوی پەیماننامـەی (پۆرتسـمارث) ی لێنـرا، هـەروەها لەسەر سیاسەتی بەریتانیا بەرانبەر بەعێراق.

هـاورێی نووسـەرو چیرۆکنووسو رۆژنامـەوانم(مصـطفی صـالح کـریم " جێگـری نـەقیبی رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان) کاتێـك لـەرێگای نێـوان بامـەرنێ و گونـدەکانی بـەرواری بـاڵاو لەچـیای مـەتینا تێدەپـەرین، لـەمانگی ئـەیلوولی ٢٠٠٥، بـۆ خۆمـان قسەمان دەکردو قسەکانیش زیاتر لەبارەی خەسرەو تۆفیقی خەباتگێڕەوە بوون، دوو رووداوی بۆ گێڕامەوە کەخۆی (کاك مصطفی) شایەدی حاڵ بووەو بەچاوی دیونی.. لەبارەی رووداوی یەکەمەوە گوتی:

لەنیسانی ساڵی ١٩٤٨، سلێمانیش وەك شارەکانی دیکـەی کوردسـتان و عێـراق دەکـوڵاو جـەماوەری گـەل ئەوسـا لـەدەوری حـزبو هێـزە نیشـتمانییە سـەرەکییەکان کۆبوونەوە و لە کوردستان خۆی لەدوو حزب دەنوانـد،حزبی شـیوعیی عێـراقو پـارتی دیمــوکراتی کوردســتان ، ســەرکردایەتیی هــەردوو حــزب لەســلێمانی بڕیــاری

خۆپیشـاندانێکی هاوبـەش و چـوونە نـاو فەرمانگـەی پەیوەنـدیی رۆشـنبیریی بەریتانیایاندا کە بارەگاکەی لەنێوان کۆمەڵە خانوویەك بوو و کەوتبووە لای مزگەوتی گەورەو گەراجەکەی (فرج افندی) ی ئەوسا، پلانەکە جیٚ بەجیٚ کراو چوونە ناو فەرمانگەی پەیوەندیو لەوچوونە ناوەوە کاك خەسرەو بریندار بوو و بەچاوی خۆم دیتم کە چۆن بەبرینداری بەسەرشانی (علی مەلا شەریفو مستەفا حەمە بۆرەوە) بوو، دوای ئەوەی کەدەستیيان بەسەر ئەو فەرمانگەیەدا گرت و ئەوە دەرکەوت کەکاك خەسرەو لەگەڵ بەرایی ئەو کەسانەدا بوو کەچوونە ناو فەرمانگەی پەیوەندیی بەریتانیایی (دائرة العلاقات البريطانية).

رووداوی دووەم کە کاك مستەفا بۆی گێڕامەوە رادەی خۆراگریو پەیوەندیی بەبیروباوەڕەوە دەردەخات کەکاك خەسرەو تۆفیق لەژیانی سیاسی و کۆمەلایەتیی خۆیدا پابەندیان بووە، کاك مستەفا لەبارەی ئەو رووداوەوە دەڵیٚ:

((دوابەدوای ئەو (ئیعترافانەی) کەلەساڵی ١٩٥١ لەریزەکانی هەندیٚ رێکخستنەکانی حزبی شیوعیی روویداو کۆمەڵە خەباتگێڕێکی ریزەکانی حزبی شیوعیی دەسگیرکرانو لەنێو دەسگیرکراوەکان (مستەفا صالح کریم)، حسن تۆفیق، کمال فوئاد، حمە سعید عباس، بهجت محمد حسن، محمد مستەفا، فتاح رەشید بێسارانی، زێوەر خەتاب، اسماعیل رسول، خلیل حاجی علی گوڵناز) بوون لەگرتووخانەی گشتی لە بەغدا ، دانپێدانەرە کە (معترف) ، (ر.ح.ر) ئەوسا لەگەڵمان دانیشتبوو و وەك لەبیرم بیٚ لەمانگی مایسی هەمان ساڵ واتە ساڵی ١٩٥١ بووین ، کاتێك کاك خەسرەو قوتابیی زانکۆ بوو، هات بۆ سەردانی هاوڕێی گیراوەکانی خەڵکی سلیمانیو کەلێمان هاتە ژوورەوە لەگرتووخانەی گشتی، یەك لەدوای یەك تۆقەمان لەگەڵ کردو بەخێرمان هێناو کاتێك گەیشتە ئەو شوێنەی کە (ر.ح.ر) ی دان پێدانەری لیٚ بوو و ویستی سلاولەکاك خەسرەو بکات، ئەم (واتە خەسرەو) زۆر بەروون و ئاشکرایی گوێی پێنەداو نەیویست تۆقەی لەگەڵ بکاتو کاتێك دان پێدانەرەکە ویستی قسە لەگەڵ کاك خەسرەودا بکات ئەم شەڕە قسەیە لەنێوانیاندا روویدا:

خەسرەو تۆفیق : رووی قسەی کردە (ر.ح.ر)ی دان پیانەرو گوتی: ترسنۆك. ئەوە شەرمت لەخۆت نەکردو تەریق نەبوویتەوە کاتێك کەناپاکیت لەئەمانەت کردو

ئیعترافت لەسەر (مستەفا وحسن)ی هاوڕێت کرد؟ تەریق نابیتەوە؟

دان پێدانـەر: ڕووی قسـەی کـردە خەسـرەو تۆفیـق: دەبـێ زۆر سوپاسـم بکـەیت وچاکەی منت لەبیرنەچێ کەناوی تۆم نەهێناوە، دەنا چارەنووسی تـۆش وەکو ئەمانـە بەندیخانەبوو.

خەسرەو تۆفیق: زۆر تووڕە بوو و بەوپەڕی توندییەوە تفێکی لە دەموچاوی کردو گوتی: (ئەگەر... نەبوویتایە ئەی بێ نرخ، ئەوا منیشت دەهێنایە ئێرە.

ئەم هەڵوێستە کاری کردە سەر دان پێدانەرەکەو وای لێکرد کەلەبەردەمی دادگادا وازبهێنـی و پەشـیمان بێتـەوە.. ئـەوەبوو خـۆی دووسـاڵ حـوکم دراو گیراوەکـانیش بەرەڵڵاکران .

کاتێك خوێندنی ئامادەیی لەسلێمانی تەواوکرد، کاك خەسرەو ڕووی کـردە بەغـدا لەساڵی خوێندنی ١٩٤٩– ١٩٥٠ لەکۆلێژی بازرگانی وەرگیرا، ژیانی لەزانکۆدا پڕ بـوو لەچالاکیو هەڵسووڕانی سیاسیو ئاسۆیەکی بەرفراوانی لەبەردەمیدا کردەوەو گـەلێك نموونـەی جیـا جیـای لـەخاوەن ڕاوبۆچـوونی سیاسـی ناسـی بەچـەپ و ڕاسـتەوە، لەنەتـەوە پەرسـتانی عـەرەب بـەناوو ڕووکـاری جیاجیـاوەو، بیرو بۆچـوونە چـەپەکەی وئەنـدامێتی لـەحزبی شـیوعیدا، وەك زوربـەی شـیوعییە کوردەکـان، ڕێـی ئـەوەی لێنـەگرت کـە نەتـەوەی کـورد بەگـەورە بزانـێو بەڕاشـکاوی بەئاشـکرا بەسـەرکردە کوردەکـان هـەڵبلێ سـەبارەت بەسـەرکردایەتیی کردنـی بزووتنـەوەی ڕزگـاریی کـورد، بەڵام تادوا هەناسەش بە ڕوونـی و ڕاشکاوی ڕەخنـەی لـەبیرو بۆچوونی نێگەتیڤانـەی بزاڤی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستانو عێراقی دەگرتو گلـەییو گازنـدەی زۆریشـی لـە سـەرکردەکان دەکـرد، بەتایبـەتی حزبـە کوردسـتانییەکانو بەتایبـەتی و زیـاتریش هـەردوو حزبـە کوردسـتانییە گەورەکـە بـەگوێ پێنـەدان و کەمتەرخـەمی نوانـدنیان لەبەرامبەر تێکۆشەرە دێرینەکان ، کە گوڵی لاویی خۆیان لەڕێی خەباتکردن لـەپێناوی سـەرکەوتنی کێشـەی گەلەکـەیان وبزووتنـەوە ڕزگاریخوازانەکـەی هەڵوەرانـدو بـەوگوێ پێنەدانە زۆرەی ئەوان بۆ ڕۆڵـی ئـەو خەباتگێڕانـەو خۆبـەخت کردنـی زۆریـان، دڵگـران بوو.

کـە لەسـاڵی ١٩٥٢– ١٩٥٣ لـەزانکۆ دەرچـوو، بـیری سـەفەرکردنی کـردەوە بـۆ

دەرەوەی عێراق بۆ تەواوکردنی خوێندن و شارەزایی و ئاگاداری پەیدا کردن لەبارەی نیشانەو شوێنەواری شارستانی و سیاسەت لەدەرەوەی چوار چێوەی (شوورەکانی) عێراق، بەڵام کاك خەسرەو کەهەمیشە حەزی بەکاری سیاسی دەکرد، نەیتوانی وڵات بەجێ بهێڵێ و بێ هیچ ماندووبووونێك، لەسەر کارکردن و تێکۆشان بەردەوام بوو لەریزەکانی حزبی شیوعیی عێراقییدا تاساڵی ١٩٥٤، کە گۆڕان بەسەر بۆچوون و قەناعەتی سیاسیدا هات ، دوای ئەوگۆڕانانەی بەسەر واقیعی بزاڤی نیشتمانیی عێراقدا هاتن، هەروەها پێویستی گەلی کورد وەك میللەتێکی پارچەکراو بۆ ئەرك و هەوڵدانی هەموو کەسێکی باش لەو تێکۆشەرانەو ئەوانەی کاریان لەریزی حزبە نیشتمانییە عێراقییەکاندا دەکرد بۆرێك خستن و تەرخان کردنی هەوڵ و تواناو خەباتی خۆیان لەپێناوی نەهێشتنی و لابردنی ئەو زوڵمەی کە لەسەر گەلی کورد لەعێراقدا هەیەو ئەو واقیعە تاڵەی تێیدا دەژی، سەبارەت بەو قۆناغە، کاك خەسرەو لەو دیدارەی د. عبدالفتاح عەلی بۆتانی لەبەرواری ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٩٨ لەبینای رۆژنامەی برایەتی لەگەڵیدا کردوویەتی و بەدەق لەدووتوێی کتێبێکی بەنرخی دکتۆر بۆتانیدا بلاوکراوەتەوە بەناوی (الحياة الحزبية في الموصل ١٩٢٦-١٩٥٨) خەسرەو تۆفیق باسی ئەو قۆناغە گرنگەی ژیانی سیاسی خۆی دەکات و دەڵێ: (لەساڵی ١٩٥٢-١٩٥٣ پەیوەندییەکم لەگەڵ هەمزە عەبدوڵلا ونەژاد احمد عزیز ئاغا و کەسانی دیکەو لەگەڵ عبدالرحمن قاسملو وەدی هێنا کاتێ بۆ یەکەم جار هاتە عێراق و، لەماڵەکەی مندا خۆی شاردەوە. لەساڵی ١٩٥٤-١٩٥٥،پەیوەندیی کرنم لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و لەگەڵ دەستەی حمزە عبدالله (باڵە پێشکەوتنخوازەکە) دەستی پێکردو ئەوپەیوەندی کردنە تاساڵی ١٩٥٦ بەردەوام بوو و وەك دەستەیەك لەگەڵ ئێمەدا رێك کەوتن، (مەبەستی ئەو شیوعییە کوردانەیە کە دەیانویست بچنە ناو پارتییەوە) کە حزبێکی تازە لەسەر بنچینەیەکی پێشکەوتنخوازی دروست بکەین.

کۆبوونەوەکان ئەنجامی پێکهێنانی حزبێکی تازەیان لێکەوتەوەو ناوی نرا (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) و ، لە ١٦ی ئابی ١٩٥٦ بەیاننامەی دامەزراندنی ئەوحزبە دەرچوو و لەسەر ئەوە رێککەوتین کە هەردوو حزبەکە

(باڵەپێشــكەوتنخوازەكە + پــارتی دیمــوكراتی كوردســتان) بــەیانی هەڵوەشــانەوەی حزبــەكانیان دەربكــەن.. ئیــدی دوای چــەند مانگێــك ، یــان لەســاڵێك كــەمتر زوربــەی ئەندامــەكانی لقــی كــوردیی حزبــی شــیوعیی چــوونە نــاو پارتییــەوە) . دوای ئــەوە بەرپرسایەتیی دابەش كراو لـەكۆتایی ساڵی ١٩٥٦ مـن بەرپرسـایەتیی موسڵم گرتـە دەسـت لەكاتێكـدا سـاڵح حەیـدەری بەرپرسـایەتیی هـەولێری خرایـە ئەسـتۆ، نـەژادی احمد عزیز ئاغاش هەر لەسەركردایەتی مایەوە.

دوای ئـەو گۆڕانكارییانـە، پـارتی دیمـوكراتی یـەكگرتووی كوردسـتان پێـی نایـە قۆناغێكی نوێی حزبییەوەو بەشێوەیەكی بەرچاو چالاكیی حزب زیـادی كـرد، ئەمـەش بەوەی كە ئەندامی تازە چوونە ناو حزبەوەو ئەو ئەندامانە توانییان لەلقەكانی حزبدا بكەونەجووڵـە. لەمووسڵ،خەسـرەو تۆفیـق، كـاتێ وەك بەڕێوەبـەری ژمێریـاریی ئـەو كۆمپانیـا لوبنانییــەی كارگــەی شــەكری مووســڵی دروســت دەكــرد، تــوانی لیژنــەی ناوچەی مووسڵ بنیات بنێ. كاك خەسرەو تۆفیق باسی سـەرەتای چالاكیی سیاسیی خۆی لەمووسڵ دەكاتو دەڵێ: (بۆ ئەوەی لەمووسڵ كاربكەم، رووپۆشێكم بۆ كارەكەم لـەكۆمپانیای رۆژهـەڵات بـۆ ئەنـدازە، كـە كارگـەی شـەكری دروسـتدەكردو بەڕێوەبـەرە لوبنانییەكــەی (فرنــان الخــوری) كەئەنــدازیارێكی ناســراوو هــاوڕێم بــوو، دۆزیــەوەو پێشنیازم كرد كە(محمد كریم فتح الله) دابمـەزرێنێ چونكە فەرمانی دەسگیركردنی لەبەغدا دەرچوو بوو دوای ئەوەی كەبەشداریی كردبوو لە خۆپیشاندنەكانی ناڕەزایی دەربڕین دژی دەستدرێژییە سێ قۆڵییەكە بۆ سـەر میسـر لەتشـرینی دووەمـی ١٩٥٦، نـاوی پارتییـە دیارەكـانی شـاری مووسـڵم لەلایـەن مامۆستایان حمزە عبدالله و جلال تاڵەبانییەوە پێدرابوو ، لەوانەی ناویانم لەبیرە (صبغە الله مزوری، یزیدخان اسماعیل، ساڵح یوسفی، هاشم حسن عقراوی، اسماعیل تاقی عقراوی) بوون.

چوومە زاخۆ بۆ پەیوەندیكردن بەساڵح یوسفییەوە لەماڵی (حاجی احمد سفری) ، بەڵام وای پـێ باشتر بووكە چاو پێكەوتنەكە لـەماڵی شاكر فەتاحی قایمقام بێت، دیـتم (عوسمـان سـعید قـازی) چالاكترین حزبییـە لـەزاخۆ ، دوای چـەند سـەفەرێك بـۆ (ئـاكرێ و شـێخان و ئامێـدی و دهـۆك و ئـەترووش و شـنگال) توانیمـان رێكخسـتن لەهەموو ناوچەكاندا دووبارە دروستبكەینەوە.

لەســەرەتای چــوونی خەســرەوتۆفیق بــۆ موســڵ، لــەئوتێلێك دابــەزی لەناوچــەی دەواسە خاوەنەكـەی نـاوی (شـێخۆ) بـوو، دوای ئـەوە خانوویـەكی لەگـەڕەكی (السـوق

الصغير) لەنزيك شەقامی (النجفی) بەکرێ گرت و، چالاکییەکانی ڕێکخستنی مووسڵ زیادیان کرد کەجڵەوی سەرکردایەتیی هەموو ڕێکخستنەکانی ناوچەی بادینان‌و خۆر ئاوای دیجلەی گرتە دەست دوای ئەوەی هەردوو خوا لیخۆشبوو (محەمەد کریم فتح الله و نوری صدیق شاوەیس) هاتنە ناو ڕێکخراوەکە. ئەوەی دووەمیان (واتە نوری صدیق شاوەیش)، ئەندازیار بوو بەڕێوەبەرایەتیی ئەشغالی کەرکووك ناردبووی بۆ ئەوەی لەبەڕێوەبەرایەتیی ئەشغالی مووسڵ کاربکات " چونکە گەلێك کەسی لەکوردەکانی ناوچەکەی دەناسی، لەبەرئەوەی لەمەوپێش تاڕادەیەك لەسەرەتای پێکهێنانییەوە، کاری ڕێکخستنی لەو ناوەدا کردبوو، بۆیە (خەسرەو تۆفیق، نوری خەلیل عبدالله بامرنی، نوری شاوەیس، صبغەالله مزووری و محەمەدکریم فتح الله) سەرکردایەتیی ڕێکخستنی مووسڵ‌و بادینانیان لە ساڵی ١٩٥٦– ١٩٥٧ پێکهێنا.

لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨، ئەندامەکانی پارتی، بە پێی تۆمارەکانی هۆبەی تایبەت (الشعبة الخاصة)، ژمارەیان گەیشتبووە (٢١٥) ئەندام (جگە لەپاڵێوراوو لایەنگر)، بەتایبەتی خەسرەو تۆفیق‌و صالح رشدی چالاکییەکی بەرچاویان نواندو سەرکردایەتیی ڕێکخستنەکانی حزبیان کرد لەو خۆپیشاندانانەی بۆ لایەنگری شۆڕش شاری مووسڵ بەخۆیەوە دی و هێزە نیشتمانپەروەرەکان لەتەمووزو ئابی ١٩٥٨ ڕێکیان خستن. لەهەمان کاتیشدا ڕێکخراوی حزب کتێبخانەیەکی بەناوی (کتێبخانەی بادینان) لەشەقامی حەلەب کردەوە بۆ فرۆشتنی ئەدەبیاتی حزب‌و ڕۆژنامەی خەبات.

کاتێکیش کە (شێخ احمد بارزانی) دوای بەربوونی لەبەندیخانەو بەچەند حەفتەیەك پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموز، سەردانی شاری مووسڵی کرد، ڕێکخستنی پارتی لەم شارەدا ئێوارە خوانێك و ئاهەنگێکی لە ماڵەکەی نوری شاوەیس سازکردو هەمووهێزە سیاسییەکانی شاری بانگهێشت کرد بۆ ئەوئێوارە خوان و ئاهەنگە.

هەر لەم ڕووەشەوە مامۆستا حبیب محمد کریم لەبەرواری ١٩٩٧/٨/١٨ نامەیەکی بۆ ناردووم (نووسەری ئەم بابەتە) و هەندێ زانیاریی ڕاستکردۆتەوە ، کە تایبەت بوون بەڕێکخستنەکانی حزب لەشاری مووسڵ لەنێوان ١٦ی ئابی ١٩٤٦ و ، ١١ی ئەیلوولی١٩٦١و لەژمارە (٢٣٩٥) ی تایبەتیی ڕۆژنامەی برایەتی لە ١٩٩٧/٨/١٦ دا بلاو کرابوونەوە کە بە (٢٠) لاپەڕە دەرچووە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

خۆشەویستم کاك فەرهاد ...

سلاوتان لێبێت ، لەگەڵ هیوا خواستنم بۆ تەندروستی و سەرکەوتنتان.

سەبارەت بەوباسەی (دکتۆر عبدالفتاح علی) ی برا ، لەژمارە تایبەتییەکەی برایەتییدا بڵاوی کردۆتەوەو تایبەتە بەرێکخراوەکانی حزب لەشاری مووسڵ لەنێوان ١٦ی ئابی ١٩٤٦ و ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١، دوو تێبینیم هەیە:

**یەکەم:** پەیوەندیی بەکاك خەسرەو تۆفیقەوە هەیە. خەسرەو لەساڵی ١٩٥٦ هاتە ناو پارتییەوە نەك ساڵی ١٩٥٧.دوو کۆمەڵە مارکسیستی کورد هاتنە ناو پارتییەوە، کۆمەڵەی یەکەم هەریەك لەخەسرەو تۆفیق و نەژاد ئەحمەد عەزیز أغا سەرۆکیان بوون ، بەو پێیە ناوی پارتی گۆڕا بۆ پارتی یەکگرتوو بەگوێرەی ئەو رێککەوتنەی لەکاتی خۆی لەگەڵیاندا کرابوو " بەڵام کۆمەڵەی دووەم لەساڵی ١٩٥٧ هاتنە ناو پارتییەوە، لەوانە هەریەك لەخوالێخۆشبوو حمید عوسمان و صالح حەیدەری و خوا لێخۆشبوو عاصم حەیدەری و کەسانی دیکە.

**دووەم:** تایبەتە بەخوالێخۆشبوو صالح رشدی. صالح لەساڵی ١٩٦٠ ئەندامی لقی یەك نەبوو، چونکە لەکۆنگرەی چوارەم کەلەدواییەکانی ساڵی ١٩٥٩ لەبەغدا گیرا، لەگەڵ کۆمەڵەی حمزە عبدالله دەرکرابوو. تکام وایە ئەوەی لەسەرەوەدا هاتووە پیشانی کاك دکتۆر عبدالفتاحی بدەن " چونکە من بەتەواوەتی ناونیشانەکەی نازانم و رێزو تەقدیری منیشی پێرابگەیەنن بۆ ئەرك و هەوڵە بەنرخەکەی و سوپاستان دەکەم.

**دڵسۆزتان**

**حبیب محمد کریم**

**١٩٩٧/٨/١٨**

## تێبینییەکی تایبەتی

لەودیدارەی ، کە لەگەڵ منداکراوەو لەهەمان ژمارەدا بڵاوکراوەتەوە، لەبارەی ئیستگەی دەنگی کوردستانەوە، ناوی خوالێخۆشبوو (عبدالحمید ئەترووشی) وەك بێژەرێك بەشێوە زاری بادینی هاتووە، راستییەکەی (خوا لێخۆشبوو جلال عبدالحمید ئەترووشی) یە، تکام وایە ئاماژەی پێبکەن لەگەڵ رێزمدا.

مامۆستا خەسرەو– خوالێیخۆش بێت – روونکردنەوەی سەبارەت بەم بابەتە هەبوو، چونکە ئەو یەکێك بوو لەوکەسانەی پەیوەندییان بەم مەسەلەیەوە هەبوو و

هەمیشە لای دۆستانو ئەوانەی بایەخ بەمێژووی پارتی و نووسینەوەی ئەو مێژووە دەدەن وەکو خۆی کە هەیە،ئەمەی دووبارە دەکردەوەو من زیاتر لەجارێك گوێم لەو رایەگرتووەو شایەدی ئەودەمە تەقێیەش (نووسەری ئەم بابەتە) بووم کە لەماڵی صالح حەیدەریی خوا لێخۆشبوو لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە روویدا، کاتێك جارێکیان کاك خەسرەو هاتبوو بۆ سەردانیو لەژووری کتێبخانەکەی من جێی خۆی گرت، مەسەلەی (سڕ) کردنی ئەندامێتیی خۆیو دوورخستنەوەی لەسەرکردایەتیی پارتی بۆ باس کردم، و گوتی: (حاڵەکە هەر وەکو خۆی بەردەوام بوو و سەرکردایەتیی بڕیاری (سڕکردنی) ئەندامەتیی منو دووکەسی دیکەی لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەرکرد ئەوانیش (هەردوو خوالێخۆشبوو همزە عبداللە و صالح حەیدەری بوون لەگەڵ ئەنـدامێکی دیکە لەکۆمیتەی ناوەندی ، کەئەویش خوالێخۆشبوو، نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا بوو). من قەناعەتم بەبڕیاری سڕکردنی ئەندامێتیم لەپارتیدا نەبوو، چونکە من بەرپرسی قسەکانی خۆمم و بۆ مێژووش دەیڵێم – کەسێکی دووفاق، یان دوولایەنە نەبووم، واتە پەیوەندیی رێکخستنی لەگەڵ پارتیو حزبی شیوعیی لەیەککاتدا، چونکە من هەرگیز بەپێی رێنماییو رێبەریی کەسانی دیکە نەچوومو ناشچم بەڕێوەو، نکوڵی لەوەش ناکەم کەمن لەوەتی قوتابی بووم لەشارەکەی خۆم، شاری سلێمانی بیروباوەڕو بۆچوونی چەپم هەبووەو هەربەشوێن ئەوەدا بووم بەشیوعیو ئەندامەتیم لەحزبی شیوعیدا ، دوا دوای ساڵی ١٩٥٦ لای کەس شاردراوە نەبووە، دوای ئەوە لەسەر هەندێك سیاسەتی گشتیی حزبی شیوعی تێك چووم، (میثـاقي باسم) ی ساڵی ١٩٥٢ی هەڵوەشاندەوە (باسم ناوی نهێنیی مامۆستا بهاء الدین نوری بوو کەئەوساکە سکرتێری گشتیی حزبی شیوعیی عێراق بوو) و، میثاقی ناوبراو(دانی بەمافی گەلی کورددا نابوو سەبارەت بەبڕیاردانی چارەنووسی گەلی کورد) و هەڵوەشاندنەوەی ئەو (میثاقە) سەرەتای درزێك بوو، بابچووکیش بووبێ، یاکەم بووبێ لەگەڵ حزبی شیوعیی عێراقدا کە ریزو گەورەیی زۆرم بۆی هەیەو شانازی بەوە دەکەم کەیەکێك بووم لەقوتابییانی ئەو قوتابخانە پێ چەسپیووە لە نیشتمانپەروەریو خۆبەخت کردندا، بەڵام ئەمە رێ لەوە ناگرێ بەشێوەیەك بیربکەمەوە کەبەڕاستی دەزانمو گواستنەوەی مەیدانی خەباتیشم بۆ ناو ریزەکانی

پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ دوژمنایەتییەك ، یان هەڵوێستێکی نێگەتیڤانەی لا دروست نەکردووم بەرانبەر بەحزبی شیوعیی عێراق و من لەگەڵ زوربەی ئەوانەدا ناکۆك وجیاوازم کەریزەکانی ئەم حزبە، یان ئەو حزبە لەبەر هۆی خۆیی، یان سیاسی جێدەهێڵن و دوای ئەوە قسە بەوحزبە دەڵێن کەتێیدا پەروەردە بوون و هێرش دەکەنە سەری و بەخۆڕایی تۆمەتی ئەوتۆی دەدەنە پاڵ کە لەباسکردن نایەو بەم کارەیان دەیانەوێ خۆیان زێتر لەو حزبە نزیك بکەنەوە کە چوونەتە ناوی بەمەبەستی سوودی دارایی یان لەپێناوی کارو فەرمانداو وادەزانن کە دوژمنایەتیی کردنی حزبەکەی پێشوویان لای حزبە تازەکە دەیانکات بەخاوەنی پلەوپایەو خۆشەویستیان دەکات ، ئەمەش ئەمڕۆ بەچاوی خۆمان دەیبینین و ئەوبیروباوەڕەشم بیرۆکەیەکی لای هەندێ کەس دروست کرد گوایە کە من هێشتا پابەندم بەشیوعییەتەکەمەوە.

کاك خەسرەو نەگەڕایەوە نێو ریزەکانی حزبی شیوعیی و هەوڵی ئەوەشی نەدا ئەندامەتی، یان پایەکەی خۆی لەدوای حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٩ وەدەست بێنێتەوە، هەرچەندە هەوڵی زۆری لەلایەن سەرکردایەتیی هەردوو حزبەوە لەگەڵ درا، بەڵام وەك خەباتگێڕێکی سەربەخۆی نەتەوەخواز بەبیرو بۆچوونی چەپ بەردەوام بوو لە تێکۆشان و ، هەمیشە رەخنەی لەرەفتاری لادەرانەو سیاسەتی هەڵەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانی عێراق بەگشتی دەگرت، لە هەر کوێیەك بوایە، بەبەجێ هێشتنی ریزەکانی پارتی دوابەدوای بڕیاری سڕکردنی لە٣٠ی حوزیرانی ساڵی ١٩٥٩، لەژیانی سیاسیی گشتیو هیچ شێوە چالاکییەکی کۆمەڵایەتیو سیاسیی جیاجیا لەیەکێتیی لاوانی دیموکراتی عێراقیو ئەنجومەنی ئاشتیخوازانو ئامادەبوونی بەردەوامی لەکۆڕو کۆبوونەوەی جیاجیا کە لەبارەگای رێکخراوو یەکێتییە پیشەییو ئەدەبییەکان دەگیران، خۆی بەدوور نەگرت، تا لەپایزی ساڵی ١٩٦٢ لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی سەردەمی عبدالکریم قاسمی کۆچ کردوو دەسگیرکراوخرایە زیندانەوە دوای ئەوەی ئەو سکاڵایانەی ئیمزا کرد کە پێشکەش بەپێشەوای وڵات عبدالکریم قاسم کران) سەبارەت بەهاوسۆزی و پشتگیریکردنی لەکێشەی گەلەکەی بەبەرپاکردنی ئاشتی لەکوردستانو بۆ بەدەنگەوە چوونی ئەو هەڵمەتە گەورەو بەربڵاوەی حزبی شیوعیی عێراق سەرکردایەتیی دەکرد لەژێر

دروشمی (ئاشتی بۆ کوردستان)و بەشداریکردنی لەو خۆپیشاندانانەی لەهەموو لایەکی (کۆماری عێراقی نەمر) سازدەکران، ئەو هەڵمەتەی بۆ پشتگیریکردنی مافەکانی گەلی کوردو بەرەوا زانینی ئەومافانە و شۆڕشەکەی کە لەئەیلوولی ١٩٦١بەسەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکە نەمرەکەی بارزانی مستەفا هەڵگیرساو بوو، کاك خەسرەو لەیەکێك لەو بۆنە زۆرانەی کە بەیەکەوە کۆیان دەکردینەوە لەساڵی (١٩٧٢) وەوە درێژەی کێشا تاچەند رۆژێکی کەم پێش کۆچی دوایی کردنی لەماڵەکەی خۆی لەبەغدا رۆژی ٢٠٠٤/٨/١١ ، لەو دانیشتنە ئەوەی بۆباس کردم کە چۆن لە بیروبۆچوونەکانیدا لەگەڵ سیاسەتی هەردوو حزب، پارتی وشیوعیی جیاواز بوو، ئەو هەر لەسەرەتاوە لەکاتی خۆیدا، لەبەر هۆکاری بابەتییانەی ناوخۆو هەریمایەتی و نێو دەوڵەتی بەهەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکداری (شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١) لەلایەن سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، لەکاتیخۆی قەناعەتی پێ نەبووە، هەروەها قەناعەتیشی بەسیاسەتی (تێکۆشان و هاوکاری) ی حزبی شیوعیی عێراق نەبووە، بەرامبەر بەحکوومەتەکەی پێشەوا عبدالکریم قاسم، چونکە تێکۆشان لەپێناوی بەرەنگاربوونەوەی بیرو بۆچوونی کۆنە پەرستانەو دژ بەهیواو ئاواتەکانی گەلی عێراق وهاوکاری کردن لەگەڵ بیروبۆچوونی پێشکەوتخوازو چاکەخواز لەباڵی یەك حکوومەتدا کەئەویش حکوومەتەکەی عبدالکریم قاسمە، کاری کردەنی و لەهەمان کاتیشدا راست و گونجاو هەر ئەمەش بوو کە ئەنجامە وێرانکەرەکەیمان لەوە بەدواوە بەچاوی خۆمان بینی، بەڵام شانازیی کردنی کاك خەسرەو بەنەتەوەکەی و خۆشەویستیی ئەو بۆ گەلەکەی، تێکەڵ بەسیاسەتی حزبی شیوعیی عێراق بوو بەرانبەر (بەکێشەی کورد) وکێشەی کوردو هەواڵی شۆڕش لەکوردستان و سەرکەوتنی هەڵمەتی (ئاشتی لەکوردستان) ببوونە خەمی رۆژانەی ،تا خۆی بەدەستگیرکراوی بینی بەبڕیاری (لیوا احمد صالح العبدی) ی حاکمی سەربازیی گشتی، (لەبەر مەترسیی بۆ سەر سیاسەتی گشتیی کۆمار).

لەسەرەتادا، دوای ئەوەی خۆی لە گرتووخانەدا بینی بەتۆمەتی بەشداری کردن لەهەڵمەتی (ئاشتی لەکوردستان)، هەرگیز بیری بۆ ئەوەنەدەچوو کە بەندیخانە ئەو هەمو کەسە پێشکەوتنخوازو دیموکراسییانەی تێدا بێ ، لەشوعیی و کوردە

نیشـتمانپەروەرەکانو کەسـانی سـەربەخۆ لـە کـوردو عـەرەب لەگـەڵ هەنـدێکی زۆر کەمیش لەدوژمنانی راستەقینەی کۆمارو عبدالکریم قاسمی پێشەوای ئەو کۆمارە لە کەسانی بەعسیو کۆمەڵە نەتەوە پەرستەکانی عەرەب، ئەوکۆمەڵانەی رۆژێك لەرۆژان درێغییـان نـەکرد لـەپیلانگێڕان دژی ئـەو کۆمـارە ساوایەو لەسـەرۆکی وڵاتەکـە خـۆی هاوکات لەگەڵ رێڕەوی ئەو رۆژنامانەی سەر بەوان بوون، بەردەوام لە وتـارو ستوونی رۆژانەیان لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی وەك (الفجر الجديـد، الثـورة، الـوادي، الحريـة..هتـد) دا دەیاننووسی.

لەگرتووخانە تاکە خەم و کاری کاك خەسرەو خوێندنەوە بوو بەپێی ئەوکتێبو گۆڤارانـەی بـۆی دەڕەخسـان، هـەروەها وتوێـژی بـەردەوامی لەگـەڵ هـاوڕێی پێشـوو و لەمەودوای رێگـای تێکۆشـاندا رەخنـەی لەسیاسـەتی حزبـەکانیان دەگـرت، بەتایبـەتی لـــەو ماوەیـــەی دوای شۆڕشـــی ١٤ی تـــەممووزی ١٩٥٨ بـــەوەی کەنـــەیانتوانی هەڵسـەنگاندنێکی بابەتییانـە بـۆ سروشـتی قۆناغەکـەو سـەرکردەکانی شـۆڕش بکـەن، هـەروەها مەسـەلەی هاوپـەیمانیی دروسـتکردن دوای سـەرنەکەوتنی ئـەزموونی بـەرەی یـەکگرتووی نیشـتمانی کـە (حزبـی شـیوعی و بـەعس و الاسـتقلال و الـوطني الـديمقراطي) کـە پـێش شـۆڕش لەسـاڵی ١٩٥٧ پێـك هێنرابـوو، وتووێـژ لـەژوورو هۆڵەکانی گرتووخانە کراوەبوو و مۆرکی جیدییەت و راشکاوانەی پێوە دیاربوو، بیرو بۆچوونی نوێ گەڵاڵە بوون سەبارەت بەوبابەتو مەسـەلانەی دەخرانـە روو، بـەڵام وەك کـاك خەسـرەو دەڵـێ: (ئـەم حاڵەتـە بۆماوەیـەکی درێـژ بـەردەوام نـەبوو، ئـەوە بـوو وەك ئێمەی زیندانیی پێشکەوتنخواز پێش بینیمان دەکرد، کۆدەتا رەشەکە لە٨ی شوباتی ١٩٦٣ روویداو بەروودانی ئەوهەڵگەرانەوە شوومە بارودۆخی ئێمـە (١٨٠) پلـە گـۆڕاو هەمووی چەند سەعاتێکی کەمی پێنەچوو کە تاکەکانی (حرس قومي) وەك چەتەکانی (ئـێس ئـێس) ی نـازی دەرکـەوتنو دەسـتیانکرد بەهەڕەشـەکردن، بەتایبـەتیش لەشیوعییەکانو لەسەعات دووی دوای نیوەڕۆ، تاك تاك و بەکۆمەڵ ئەوانەیان هێنا کە وەك شیوعیی و پشتگیرەکانیان گومانیانیـان لێـدەکرا ، وەك سـەگی هاریـان لێهـاتبوو، جگـە لـەرەفتاری حزبییـەکانی حزبـی بـەعس کەچـەند کەسـێکی کـەمیان لەگـەڵ ئێمـەدا گیرابوون و پێش ٨ی شوبات، دراوسێی یـەکتربووینو گفتوگۆمـان دەکـردو بیروڕامـان

پێکەوە لەبارەی ئەو کێشە سیاسییانەی ئەوسا دەخرانە بەرباس کردن، ئالۆگۆڕ دەکرد، وەك کێشەی کوردو ئەو ململانێیەی لەنێوان شیوعیی و دیموکراتخوازەکان لەلایەك و، بەعس و نەتەوەپەرستە عەرەبەکان لەلایەکی دیکەوە لەئارادابوون، بەلاّم دوای بلاّوکردنەوەی بەیانی یەکەم لەئێستگەی بەغدا نەرمترین کەس لەوبەعسییانە بوون بە (جەللاد) و هەموومەردایەتی و بەهایەکی مرۆڤانەو ، کەمترین رادەی پیاوەتی و نیشتمانپەروەرییان لەبیرخۆیان بردەوە .

لەناوەڕاستی مانگی شوبات ، کاك خەسرەو لەگرتووخانەی (خلف السدە) وە گوێزرایەوە بۆ گرتووخانەی (قصر النهایە) کە بوو بەیەکێك لەنیشانەکانی مێژووی حزبی بەعس و رژێمە گۆر بەگۆرەکەیان و لەدەوروبەری ساڵێك، یان راستتر بڵێین ٩مانگ و ١٠ رۆژ دەوامی کردو لەقۆناغی دووەمیشدا سێ دەیە ، واتە ٣٥ ساڵ درێژەی کێشا (١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ –٩ی نیسانی ٢٠٠٣)کە، بەڕاستی ،بە سەردەمێکی تاریك دادەنرێت لەمێژووی گەلانی عێراق، چونکە گەلی عێراق بەجیاوازیی نەتەوەو ئایین و مەزهەب و هەوادارایی سیاسییان، لەسەردەمی هۆلاکۆوە تائەو رۆژەی بەعسییەکان رووخان، رژێمێکی لەو شێوەیەیان نەدیوە کەتالاّویان لەسایەیدا چێشتبێ و دروشمی (تاخوێنبەر بیبڕن، ئێسقانەکانیشیان وردکەن) بوو بە بەرنامەی ژیانی رۆژانەی بەعسییەکان لەرەفتاریاندا لەگەڵ ئەوانەدا کە بەعسی نەبوون، بەتایبەتیش ئەندام و هاورێیانی رێکخستنە چەپ و دیموکراتخوازەکان، بەجۆرێك هیچ کەسێك لەوانەی چوونە ناو زیندانە نهێنییەکانیان، یان ئاشکراکانیان،بەسەلامەتی رزگاری نەبوو و ئەگەر یەکێك بەختەوەر بووبێ و رۆژێك لەرۆژان لەو بەندیخانەیەدا هاتبێتە دەرێ، ئەوا دووچاری ئەوە بووە کەتووشی پەککەوتەیی جەستە، یان تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە لەبەر ئەو ئەشکەنجە جەستەیی دەروونییەی دەرهەقی پەیڕەودەکرا.

کە کاك خەسرەویان بۆ (قصر النهایە)ی سامناك گواستەوە، لەیەکێك لەرێرەوە پڕ لە نیشتمانپەروەرە شەریفەکان فڕێیانداو سەختترین جۆری ئەشکەنجەی جەستەییان دژی بەکارهێنا، بەلاّم بەخۆراگری و سەرسەختی، وەك خۆراگریی چیاکانی کوردستان مایەوەو چاوی نەترووکاند. ئەو خۆراگرییەی بەدڵی جەللادو هەرچی و

پەرچییەکانی ئەشکەنجەدان نەبوو، بۆیە شێوەیەکی تازە داهێنراویان لەگەڵدا بەکار هێنا..ئەویش بەوەی کە چەند جارێك ئاوی گەرمیان بەزگیدا دەکرد..تەنانەت شەوێکیان، لەنیوە شەودا،دوای ئەوەی پیاوکوژەکان ماندوو بوون و ئەو ماندوو نەبوو، پەنایان بردە بەر ئاوی زۆرگەرم بەرادەیەك دەمارەکانی ژێر پێستی زگی دەرکەوتن بەڵام (خەسرەو) نەئاخ و ئۆفێکی کردو نە نالاندی کە ئەشکەنجەدەرەکانی پێیان خۆش بێت . (امیر الحلو) ی نووسەرو رۆژنامەنووس وتارێکی ناسکی بۆماڵئاوایی کردنی (خەسرەو تۆفیق) نووسیوەو لەوتارەکەیدا باسی ئەوماوەیە دەکات کە لەگرتووخانەی (قصر النهایە) لەگەڵیدا بەسەری بردووەو دەقی وتارەکەتان بۆ دەنووسینەوە وەك شایەدێك کەبەچاوی خۆی دیویەتی لەساڵی ١٩٦٣لەو شوێنەدا و لەگەڵ کاك خەسرەو چی روویداوە ، لەو زەمانە دڵڕەق و بەدەدا یەکتریان گرتەوەو، وتارەکەی بەناونیشانی: خەسرەو تۆفیقی مرۆڤ و خەباتگێڕ خوات لەگەڵ و ماڵئاوا.

## خەسرەو تۆفیقی مرۆڤ و خەباتگێڕ خوات لەگەڵ

### أمير الحلو

لەکۆتاییەکانی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٣، لەجێگەیەکدا (میوانداری) کرام، لەرووی بیناوە بەئوتێلی (پێنج ئەستێرەیی) دەچوو، لەرووی ناوەوەشی بەوانەدەچوو کەلەبارەی زیندانی باستیلەوە خوێندبوومانەوەو، لەبەر ئەوەی کە ئوتێلی ناوبراو، ناوی (قصر النهایە) ی پێوەیە ، پڕە لەوانەی لەوێ نیشتەجێن و خۆیان ئەو شوێنەیان بۆ خۆیان هەڵنەبژاردووە ، بەڵام (پایە) سیاسییە باڵاکەیان و قورسی (تاوانەکەیان) وایان لێکردوون، لەوئوتێلەی جیاوازیی لەگەڵ (ئوتێلەکان) ی دیکەدا هەبێ لەگەڵ ئەوانەی لێرە دابەزیون، پلەیان لەرووی سیاسییەوە لەهی ئێمە نزمترە.

لەبەر ئەم قەرەباڵغییە لەگشت ساتەکان و ژوورو هۆڵەکان ، لەیەکێك لەرێرەوەکان ، لەنزیك دەروازەی سەرەکی فرێیان دام، دوای چەند سەعاتێك (جێگیربوون) لەشوێنە چاکەکەم، کەسێکم بینی کەزەویی لەنزیك منەوە راخستبوو، وادیاربوو لەوانی دیکە کەدنارخرابوو، کەقسەم لەگەڵ کرد، دیتم رووخۆشە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا وریایی پیشان دەدا. ناهەقیشی نەبوو، چونکە ئەو من ناناسێ، بەتایبەتیش کە شوێنەکە

(مینرێژه) و ئەگەری سەرکەوتنە سەرەوە بۆ ژووری ئەشکەنجەدان لەنهۆمی سەرەوە هەیە، هەروەها ئەگەری دابەزین بۆسەردابەکە (ژێر زەمینەکە) لەخوارەوە کە بۆ لەسێدارەدانی دەستبەجیْ تەرخان کراوە ئەویش شتێکە کە لەئارادایە، لەبەرئەوەی کات بەسستی دەڕۆیشت ئیدی خۆم زیاتر لەو (بەندییە) نزیك کردەوە، کە پێش من ئەو ڕێرەوەی راخستبوو، زانیم ناوی (خەسرەو تۆفیق) ـە و برای (داراتۆفیق) ی خەباتگێڕی کوردی ناسراوە، کاتێك لەڕێڕەوەی قسە کردنمان، دیتی کە من لەبیری چەپ و پێشکەوتنخوازییەوە نزیکم، هیچ بیروباوەڕێکی شوڤێنیستانەی سەختگیرم نییە، رۆژ لەدوای رۆژ متمانەی پێدەکردم و بە ئازادیو متمانەوە، بەدوورو درێژی قسەمان لەکاروباری سیاسیو رۆشنبیریو گشتی دەکرد دیتم ئەوهێمنییەی کەسێتییەکی شۆڕشگێڕی خەباتگێڕو رۆشنبیرە، بەڵام وریاو بەئاگای لەپەنا خۆی شاردۆتەوە. نەمدیت تێکەڵ بە(دانیشتوانی) ژوورەکەی تەنیشتمان بێت کە هەندێ سەرکردەی شیوعیی تێدابوون ، لەوانە خوالێخۆشبوو نافع یونس وخوالێخۆشبوو دکتۆر محمد الچلبی کە (کاتێك ئێمە لەقصر النهایە بووین، لەسێدارەدران) و شریف الشیخ و دکتور حسین علی الوردی و حازم مشتاق و هی دیکە.

داوای لێبوردنی لەمن دەکردو پوزشی دەهێنایەوە کاتێك کە داوام لێدەکرد سەردانێکی (هاوبەشی) ئەوهاوڕێیانە بکەین کە رۆژانە لەگەڵیان دادەنیشتم بۆ ئەوەی گوێیان لیْ بگرمو گوێم لیْ بگرن سەبارەت بەوەی کە لەوڵاتدا روودەدات .

ئەو (برادەرە تازەیە) و(هاورێیەم لە شوێنەکەدا) خەسرەو تۆفیق زۆر شتی لەبارەی ژیانو بیری خۆی بۆ باس کردمو سەرەڕای ئەوەی کەزۆر کەم دوو ونهێنی پارێز بوو (تەنانەت لەکاتی لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدانیدا) کە قسە کردنی لەبارەی گەلێك شتەوە وەلاوە دەناو گوێی خۆی لێدەخەواند کە (لێکۆڵەرەوەکان) دەیانویست وەدەستی بێنن، بەڵام دڵی خۆی بۆ من واڵاکرد. بەهەموو دڵمەوە خەسرەوم خۆشویست وپەیوەندییەکی پتەو پێکەوەی بەستینەوە هەر چەندە ئێمە بەپێی حیساباتی رەوتی (تقلیدی) دوو بۆچوون و ڕێبازی فیکری جیامان هەبوو).

بەڵام لەکاتی وتووێژدا، خۆمان لەناو(یەك سوپیردا) دۆزیەوە کە ئەویش دژ بەدیکتاتۆرییەتی حزبی و سیاسەتی کوشتنو ئەشکەنجەدانو پاکتاوی هەڵگرانی

ڕەوتـی دیکـە بابیرو بۆچوونیان چەپیش بێت یـان نەتەوەپەرسـتی یـان ئـایینخوازیو هەر وەکو بینیمـان (نـاکۆ کییـەکانمان) ی پێشوومان دروسـت کراوبـوو، یـان تەنانـەت ساویلکانەش بوو و هیچ پاساوێك، یان پاکانەیـەکیان نـەبوو و لەهەڵوێستی پەڕگرانـە (متطرف) ی نابەتییانەوە هاتبوون.

لە(قصر النهایە) ڕۆژگار قورسو سست دەڕۆیشت و شەوەکەشی تابڵێی تۆقێنەر بوو کاتێك کە دەتبیست یەکێك تاپێش چەند سەعاتێك لەگەڵتدا بـوو، لەسێدارە دراوە (وەك ئەوەی لەگەڵ منـدا ڕوویـدا کاتێك یارمـەتیی (دکتـۆر محمـد الچلبی)م دەداو نـانم دەرخوارد دەدا چونکە، لەبەر لێدانو ئەشکەنجەدان، دەسـتی دەلـەرزی، دوای ئـەوە بـۆ بەیانیی ڕۆژی داهاتوو زانیم کەهەر ئەوشەوە لەسێدارە دراوە).

لەتـەمموزی ١٩٦٣ (حسـن السـریع) ی پاڵـەوان دەسـتی بـە بزووتنەوەیـەك کـرد لـە(سـەربازگەی ڕەشـید) و گواسـتنەوەی زیندانییـە سیاسـییەکان بـۆ جێگـای دیکـە دەسـتی پێکـرد، بەتایبـەتی (شـەمەندەفەری مـەرگ) کەبـەرەو(نقـرە السـلمان = نـوگرە سـەلمان) وچـەندان کۆمـەڵ شـیوعیی هـەڵگرتبوو لەوانـەی لەبەندیخانـەی ژمـارە یـەك بوون.

دەبوایـە دوعـاخوازیی لەخەسـرەو تۆفیـق بکـەم دوای چـەند مانگێـك هاوڕێیـەتی بەشـەوو ڕۆژو پـاش ئـەوە دۆسـتایەتییەك پێکـەوەی بەسـتینەوە کـە هەمیشـە شـانازیم پێـوە کـردووە، خەسـرەو لـە (قصـر النهایـە)مایـەوە تازینـدانیو دەسـت بەسـەرەکان توانییـان لـە ١٨ ی تشـرینی دووەمـی ١٩٦٣ ئـەو زیندانـە جـێ بهـێڵن. دوای چـەند ساڵێك، لە ماڵێ دۆستێکی هاوبەشمان چاوم بەخەسرەو کەوتو (ڕۆژانی ڕابردوومـان) هێنایەوە یاد، وێڕای ئەوەی هـەر لەسـەر هێمنـی وریاییەکـەی خـۆی مـابوو، بـەڵام وەك جـاری جـاران، لەگـەڵ منـدا کراوەبـوو و بەئازادییـەکی تـەواوو متمانـە بەیـەکتر کـردن باسی هەموو شتێکمان کرد،لەکاتێکدا تەنانەت چەپەیەکی (سیاسـی) لەوانـە بـوو ببێتـە هۆی لەسێدارەدان، وارێککەوتین کەچاومان بەیەکتر بکەوێتەوە، بەڵام هەلی ئەوەمان بـۆ نەڕەخسـا، تـادوای ڕووخـانی ڕژێمـی پێشـوو لەشـەقامی سـەعدوون چـاوم پێـی کـەوت ئۆتۆموبیلێکی خزمەتگوزاری لێدەخوڕی، ئاماژەی ڕاوەستانم بۆکردو بە(وریاییەکەوە) ڕاوەسـتا، بـەڵام هـەر کەناسـیمیەوە، لەئۆتۆموبیلەکـەی دابـەزی وباوەشـی پێـدا کـردم

حاڵو حەواڵی خۆمی لێ پرسیم و منیش پرسیارم لەبارودۆخی خۆیەوە لێکرد و پێی گوتم کەنووسینگەیەکی لەسەرەتای شەقامی رەشید هەیە لەو باڵەخانەیەی محەللی (چەقماقچی) تێدایە بۆ گۆرانیی تۆمار کردنو لەسەر ئەوە رێك کەوتین کەلەوێ سەری لێبدەمو، دیتم دڵی بەو دەست پێشخەرییەی مامۆستا (فخری کریم) ی برامان زۆر خۆشە سەبارەت بەپێکهێنانی ئەنجومەنی ئاشتی و کۆبوونەوەی لەکوردستانو کاك خەسرەو تۆفیق لەنێو بانگ کراوەکاندا بوو بۆ ئەو کۆبوونەوەیە.

لەراستیدا دیتم ماندووەو دڵتەنگیشە بەرامبەر بەوەی لەوڵاتدا، لەسەر ئاستی سیاسیو ئەمنی، روودەدات ، هەروەها هەستم بەوەش کرد کەتەندروستی باش نییە، لێکدابڕاین بەوهیوایەی کەجارێکی دیکە چاومان بەیەکتر بکەوێتەوە تاهەواڵی کۆچی دوایی کردنیم خوێندەوە کە دەتگوت هەورە تریشقەیە لێیدام، ئەو فرمێسکەم بۆ نەشاردرایەوە کەلەچاوم هاتەخوارو لەگەڵ نەوارێك یادگاری دوورودرێژ کەئێمە (پاڵەوانەکەی) بووین لە(قصر النهایە) و زەویمان رادەخستو لەگەڵ دەنگی هەنگاوی (میوانانی) دوای نیوەشەودا، دەتۆقین. هەروەها ئەو(ئازارەشم) بیرهاتەوە کەخۆمان لەبەر دەگرت کاتێك برینەکانی سەر لەشمان بەماددەی یۆدی سوتێنەر دەبرژێندرایەوە،بەڵام ئەمە تاکە رێگەبوو لەبەردەستمان بۆ تیمار کردنی برینە خوێناویو کێم کردووەکانمان و لەهەمان کاتیشدا (راچێتەی) تویکڵە شووتیم دێتەوە بیر کە بەپێستە هەڵگەراوەکانی خۆمانمان دادێناو لەو گەرمایە پێمان دەسڕیەوەو دان بەوەدا دەنێم کەبەکەڵك و سوودبەخش بوو، چونکە هەندێك فینکیی پێ دەبەخشین، ئەمەش یارمەتیی ئەوەی دەداین کە کەمتر زیپکەو بڵقی سەرپێستمان بۆ دروست ببێ.

خەسرەو تۆفیقی خەباتگێرو رۆشنبیری شۆڕشگێرو خاکەرا ئۆغری کرد، ئەو پیاوەی نەمان بینی رۆژێ لەرۆژان داوای پلەو پایە بکات ، یان لەگەڵ یەکێکدا کەناکۆکیی بیروڕایان بووبێت، کەوتبێتە ململانێ.

(خەسرەو) ی تێکۆشەرمان لەم بارودۆخەدا کەپێویستمان بەدۆستی گیانی بەگیانی هەیە، لەدەست چوو.

**نووسینەکەی أمیر الحلو تەواوبوو**

لەساڵانی دوای هەڵگەرانەوە (الردة)، واتە دوای کۆدەتای ٨ی شوبات واتە  پاش بەربوونی لەهاوینی ساڵی ١٩٦٤، بیرو خەیاڵی ئاسوودە نەبوو و خۆی لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدوور نەگرت، لەبەر ئەو ئەزموونە قورسەی لەسەر دەمی کۆماریدا (عبدالکریم قاسم و بەعسییەکان) پێیاندا تێپەڕیو خەریك بوو لەو سەردەمەی دواییان ژیانیشی لەدەست بدات.

بەڵام سەرەڕای خەمخۆریی سیاسی کەهەرگیز لێی جیانەدەبووەوە، رووی کردە کاری ئازادو کاروباری بازرگانی ، چونکە ئەو ماوەیەی دوای رووخانی رژێمی حەرەس قەومی هات تارادەیەك ئارامیی پێوە دیاربوو، بەتایبەتیش سەردەمی (فریق عبدالرحمن عارف) ، وای لە(خەسرەوەکەی ئێمە) کرد کەبەکاری تایبەتی خۆیەوە خەریك بێت لەلایەك‌و، لەلایەکی دیکەشەوە بەردەوام بێت لەپەیوەندیی کردنی نەپچڕاوەداو لەگەڵ هێزە سیاسی‌و سەرکردەکانیان پەیوەندیی بەردەوامی هەبوو ، بەڵام مەسەلەیەکی دیکە هەبوو کەبیرکردنەوەی داگیرکردبوو و ، بوو بوو بەخەمی هەمیشەیی ئەو، ئەویش مەسەلەی ئەو شەڕو کوشتارە بوو کە بە سەرکوردستان‌و گەلەکەیدا سەپێندرابوو لەگەڵ ئەو ئاڵۆزی‌و گرێ‌و گۆڵەی کێشەی کورد رووبەڕووی بوو بووەوەو لەتەك بڕوای تەواوی بەڕەوایی کێشەی گەلەکەی و ماف لەدیاری کردن‌و بڕیاردانی چارەنووسی خۆی وەك هەر گەلێك لەگەلانی دانیشتووی سەرگۆی زەوی هەبوو و، تێبینی‌و رەخنەی  خۆیشی هەبوو سەبارەت بەهەندێ دیاردەی تێگەتیڤانە کە لەنێو شۆڕشی کورددا هەبوون‌و لەبەر هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی هێلانەیان تێدا ساز کردبوو و بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە کاریان دەکردە سەرستراتیجەکەی، هەر چەندە وەك تەکتیکی سیاسی، سەرکەوتوو بوو و وتووێژی لەگەڵ کاك دارای برای کەچوو بووە نێو ریزەکانی شۆڕشی کوردو، ئەوسا، لەدروستکەری بڕیاری سیاسی (بارزانیی نەمر) ـەوە نزیك بوو، کۆتایی نەدەهات،هەردوو برا (خەسرەو و دارا) ، بۆچوونێکی سیاسی هاوبەش کۆی کردبوونەوەو لەهەرەتی لاوییاندا چووبوونە نێو ریزەکانی حزبی شیوعیی عێراقی لەشارەکەی خۆیان ، شاری سلێمانی کە بە(قوتابخانەی بیر) ی رووناکیبەخش دادەنرێت، دوای ئەوە، سەرەڕای جیاوازیی تەمەن‌و زەمان

بـەرەوبیری نەتـەوەیی پێشـکەوتنخواز چـوون بـۆ ناوریزەکـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لەساڵی ١٩٥٦، ئـەوەبوو کـاك خەسـرەو بـە لێهاتوویـیەوە بـوو بەئەنـدامی مەکتەبی سیاسی پارتی تاسرکردنی ئەندامەتییەکەی لە٣٠ی حوزیرانی ساڵی ١٩٥٩ لەبەر ئەو ناکۆکیی بیرکردنەوەیەی دوای ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨ پەیدا بوو و بەئاشکرا سـەری هەڵدا لـەنێوان دوو بۆچوونی فیکریـی جیا کـە هەڕەشـەیان لـە یـەکێتیی حـزب دەکـرد لـەو بـارو دۆخـە هەسـتیارو ناسـکەدا کەسـەرۆکی حـزب بـارزانی مسـتەفا بەهەنگاوێکی کرداری و بوێرانـە یـەك لایـی کـردەوە، بـۆ رزگـارکردنی حـزب و رێـرەوە نەتەوەییەکـەی (سـەرەڕای ئـەو رەخنانـەی لەلایـەن هـەڵگرانی بیری چـەپ لـەو هـەنگاوە گیرا) . بـەڵام کـاك دارای بـرای کـە پایەیـەکی پـڕ رێـزو دیـاری لـە یـەکێتیی دیمـوکراتی لاوانی جیهانیداو کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا هەبوو، کەلەگەڵ هاوڕێ لاوە کـوردە دامەزرێنـەرەکان (عصـمت شـریف وانلـی، نورالـدین زارا، سـعدی حمـد امـین، تحسـین هـەورامانی، زاهـیر حسـین و نیهـاد ماجـد مسـتەفا) لـە ١٩٥٦/٨/١٠ بەشـداریی لەدامەزرانـدنی ئـەم رێکخـراوەدا کـرد کـە لەسـاڵانی پـەنجاکان و شەسـتەکانی سـەدەی رابردوودا بـوو بەباڵیۆزی کـورد لـە ئـەوروپا، لەشـوباتی ١٩٦٣ پەیوەنـدی بـەریزەکانی شۆڕشی کوردەوە کرد، بەڵام ئەو دووبرایە لێك جیابوون... کاك خەسـرەو جیدییـەت و سەر سەختی و نائاشـکرایی و پەیوەنـدبوون بـەبیرو بـاوەڕی تاسـەر ئێسـقان لـەرەفتاری کۆمەڵایـەتی و سیاسـیدا پێـوە دیـار بـوو و هـیچ رۆژێـك سازشـی نـەکردو داوای پـارەو پوولی نەکردو لەکەسیش (نەپارایەوە) و شانازیی بەکەرامەت و نەفس بـەرزیی خۆیـەوە دەکـرد، ئەمـەش وای لێکـرد پابەنـدی قەناعەتـە هـزری و ویژدانییـەکانی خـۆی بێـت و هەرئەمەش بوو دووری خستەوە بۆ ریزەکانی دواوە، یان بەوتەیەکی دیکە بۆ بازنـەی لەبیرچـوونەوە وەك زۆر کـەس لەپێشـەنگ وتێکۆشـەرانی ریـزی پێشـەوەی چـلەکان و پەنجایەکان و شەستەکان، ئەوانەی کەبەشدارییەکی کارایان لە ریزەکـانی بزووتنـەوەی رزگاریخوازیـدا کـرد بـە هـەردوو بەشـەکەی، عێراقـی و کوردسـتانی و جـێ پەنجـەو خـەبات و خۆبـەخت کردنیـان بەئاشـکرا دیـارو زانـدراوە، بـەڵام بـەداخێکی زۆرەوە، ئەوکەلـەپوورە نیشـتمانییە گەورەیـە تـەنیا لـەنێو دووتـوێی لاپـەڕەکانی مێـژوودا هـەڵگیراوەو تاپێویسـتیمان بەگـەواهی ئـەوان نـەبێ بـۆ بـەهێزکردنی ناوەنـدکان و

چەسپاندنی راستیی ڕێرەوو سەلماندنی بەردەوامیی ڕێبازەکە، ئەو کەلەپوورە روونـاکی نابینیێ، کـاك دارای بـرا بچـووکترە کەشـی، پیـاوێکی رەوشـت بـەرزو دۆستخوازو نـەرم ونیـان و دیپلۆماسـییەکی سـەرکەوتوو، راگەیەنـدکارێکی زۆر سـەرکەوتوو و بەرجەسـتەبووو تائێسـتا لـەنێو ریزەکـانی پارتیـدا راگەیەنـدکارێك بەقورسایی و رۆشنبیریو دیپلۆماسییەتو کەسێتیی دارا تۆفیـق پەیـدا نـەبووە کـە راگەیاندنو دیپلۆماسییەتی ئاوێتـەی یـەکتر کـردو بەشێوەیەکی زۆر باش ئاراستەی کرد، دوور لەنەرجسییەت و خۆپەسەندیو خۆی گەلێك لادا لەوەی بریقەی راگەیاندن (الهاله الاعلامیه) لەخۆی کۆبکاتەوەو پلەو پایەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار بێنێ.

دوای سـەرکەوتنی ئـیرادەو خواسـتی گـەلی کوردسـتان، بەگەیشـتن بەرێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ کـە راشـکاوانە دان بەبەڵگەنامەیـەکی مێـژوویی رەسمیـدا دەنێت کەلـەنێوان دوولایـەنی شـەڕکەر لەگـەڵ یـەکتردا مـۆرکردرا، لایـەنی یەکـەم شۆڕشـی کوردبوو کـە نوێنـەری ئیرادەی گەلی کوردستان بـوو، لایـەنی دووەمیش حکومەتی عێراقەو ئەمەش یەکەمجارە لەوەتی حکومـەتی عێـراق دامـەزراوە لە ساڵی ١٩٢١ دا کە لەنێوانی رێککەتنەکەدا هاتبوو، لەنوێ دروستکردنی وەزارەتێك بوو بەناوی (وەزارەتی کاروباری باکوور)و پێك هێنانی سکرتارییەتێکی باڵا کەتایبەت بێـت بەئاوەدانکردنـەوەوە بـەناوی سـکرتارییەتی ئەنجومـەنی ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتانو بەرپرسـایەتییەکەی بەخەسرەو تۆفیـق بسـپێررێت کەلەسـفرەوە دەسـتی پێکردو وەك ئەنجومـەنێکی زۆر سـەرکەوتوو بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان لـە کـارا بوو ئەگەر شەڕ دەستی پێ نەکردبایەوەو سەر لـەنوێ لـەئاداری ١٩٧٤ جـەنگ لەلایـەن رژێمـی بەعسـەوە بەسـەر کورددا نەسـەپێندرابا، ئـەوا ئـەو ئەنجومەنـە دەبـوو بەشـاخی بەرزی ئاوەدانکردنەوەو بنیات نان.

لەناوەڕاسـتی مـانگی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٤ سـەر لـەنوێ لەگـەڵ کـاك خەسـرەو یەکترمان لەقەزای چۆمان دیتەوە، ئەوەبوو کە هـەردووکمان پەیوەنـدیمان بـەریزەکانی شۆڕشـی کوردسـتان کردبـوو، رۆژی ٢ی نیسـان، ئێمـە (خەسـرەو تۆفیـقو سـیروان عبـداللە سـعیدو نووسـەری ئـەم چـەند دێـڕە) لەسـەر گردێـك بـووین لـەبناری خۆرئـاوا کەبەسەر شارۆچکەی چۆماندا دەڕوانێ، هەر ئەوەندەمان زانـی دوو فرۆکـەی جـەنگیی

(مـێگ ١٧) هـەڵیان کوتایـە سەرناوچـەکەو دەسـتیان بـەبۆردومانی ئـەو ناوچـانەی دەوروپشـتی شـارەکەکردو دەسـبەجێ کـاك خەسـرەو ئامۆژگـاریی کـردین و گـوتی: (لەجێگەکـەی خۆتـان نـەجووڵێن‌و لەسـەر دەم بکـەون‌و سـەعات‌و شـتی بریقـەدار بشارنەوە تابریقەکەی بۆ فرۆکەکان دەرنەکەوێ).

دوای هـەڵاتنی فرۆکـەکان لەئـەنجامی تۆپـە تەیارەشـکێنەکان لەناوچـەکە، کـاك خەسـرەو هەنـدێ بـیرو بۆچـوونی خـۆی بـۆ بـاس کـردین سـەبارەت بـە رووبـەروو بوونـەوەی ئـەم حاڵەتانـەو کـە لـەوەدا خـۆی دەنوانـد کـە پێویسـتە قـەرەباڵغی لەشارۆچـکە رزگارکراوەکـان کـەم بکرێـتەوەو ناوچـەی بـەخۆوەگرتن‌و فەرمانگـەو بارەگاکـانی پێشـمەرگە ئەوانـەی لـەنوێ پەیوەنـدی بەشۆڕشـەوە دەکـەن، بۆ ناوچـە شـاخاوی‌و دۆڵـەکان بگوێزرێتـەوە بـۆ خـۆ بـەدوورگرتن لـەزیانی گیـانی. کـاتێکیش بـوو بـەجێگری ئەمینـداری گشـتیی کاروبـاری دارایـی و ئـابووری کەبەرانبـەر بـەجێگری وەزیـر بـوو و ئەوسـا ئەمینـداری گشـتی (مامۆسـتا علـی عبـدالله) ی جێگری ئێستای سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمینداری گشتی بوو، شـوێنی کـارکردنی وەك جێگـری ئەمینـداری گشـتی لـەو دەربەنـدە دانـا کەبـە دەربەندی رایات ناسـراوە. کاتێك خەسـرەو لەوپۆسـتەیدا بەهـەموو توانایەکیـەوە شەووڕۆژ کاری دەکردو هـەرگیز بـێ هێـز بوون‌و مانـدوویی نـەدەزانی‌و ئێـوارانیش کەبەپێ دەگەڕایـەوە ماڵەوە،چەند تۆمارێك و هەندێك پـەڕە کاغـەزی لـەبن هـەنگڵی دەنا کە تایبەت بوون بەئەمانەتی گشتیی دارایی‌و ئابووری (وەزارەت) بەمەبەستی ئـەوەی کـە کارەکـان رۆژ بـەرۆژ تـەواو بکـات، خـۆی بەسـەریاندا کـووڕ دەکـردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەنجامەکەی گەشبین نەبوو و هاوکێشە سیاسییەکەی بـەم شـێوەیەی خـوارەوە شـیدەکردەوە: (بـەعس کـەخۆی لـە صـدام دا دەنوێنـێ، هـەر ئـەویش بـوو کـە سـەرلەنوێ شـەڕی سـەپاندو لـەناوەوە چاوی بەپەیوەندییـەکانی خۆی لەگەڵ هێزە نیشتمانییەکاندا گێڕایـەوە، ئەمـە لەلایـەك‌و لەلایـەکی دیکەشـەوە یەکێتیی سۆڤیەت‌و دەوڵەتەکانی بەرەی سۆشیالیستی بێ لایـەن کـردو لەئەنجامی سیاسەتی سوود لەیەکتر وەرگرانیش (المنـافع المتبادلـه) بۆ لای خـۆی رایکێشـان، چـونکە عێـراق بـەو دەرامـەت‌و کانزایانـەی لەعێراقـدا هـەن‌و بەشـوێن‌و هەڵکەوتـە

جوگرافییەکەی، ئەو لایەنانەی هەڵخەڵەتاندو لەخشتەی بردن لەئەنجامی (ئیدیعا) کردنی کە دژی ئیمپریالیزم و چاوچنۆکییەکانی دەوەستی لەناوچەکەدا، بۆیە شۆڕشی کورد بەتەواوەتی و وەکو پێویست، توانای ئەوەی نەبوو بەبێ پشتگیریی ئێران رووبەڕووی جبەخانە سەربازییەکەی عێراق بووەستێتەوە، بەو هێزانەشەوە کەپشتگیرییان دەکرد لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی کوردو وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان نەبوون تەنیا ئەوەندە نەبێ کەخۆیان دەیانویست، سەرەرای ئەوەش، شای ئێران لە سەرکەوتنی کورد لەعێراق دەترساو ترسی ئەوەشی هەبوو کە ئەو سەرکەوتنە بەسەر کوردی ئێراندا بکشێ، لە درێژەی قسەکانی (کاکە خەسرەو): بۆیە پێویستە لەسەرمان و بۆ هاتنە دەرەوە لەو تەلەزگەیەی تێی کەوتووین، چاو بەهەندێك هەڵوێستدا بخشێنینەوەو سەرلەنوێ پەیوەندیی بەهێزە نیشتمانییە کاراکان بکەینەوە لەناوەوەداو لەرێگەی دۆستەکانی گەلی کوردەوە، دووبارە پەیوەندیی بە سۆڤیەتەوە بکەینەوە، بەمەبەستی هەوڵدان بۆ کارکردنە سەر هەڵوێستەکانیان بۆ ئەوەی ئەوان لەلایەن خۆیانەوە گوشار بخەنە سەر سەرکردەکانی بەعس بۆرێگرتن  تاکو بارودۆخەکە بەرەو خراپتر نەچێ وتووێژ (دیالۆگ) دەست پێبکاتەوە) .

لەوانەیە کاك خەسرەو لەبیروڕا تیۆرییەکانی و لەهەڵسەنگاندنی ئەو بارودۆخەی ئەوسا لەگۆرەپانی شۆڕشی کورددا زاڵ بوو، لەسەر هەق بووبێت، بەڵام واقیع شتێکی دیکەیە، چونکە گورو تەکانی بەعسییەکان بۆ شەڕ پێفرۆشتن و لەناوبردنی پایەو دەسەڵاتی شۆڕشی کورد ئامانجێکی ستراتیجی و ناوەندییان بوو، لەبەر ئەوەی بەعس بەشداریی کردنی کەسانی دیکەی وەکو هاوبەش پێ قەبووڵ نەدەکرا تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی رەمزیش بێت، چونکە بیروباوەڕی بەعس لەبنچینەدا لەسەر تاکڕەویی لەحوکمداو پاکتاوکردنی نەیارانی زوو یان درەنگ بنیاتنراوە، لەلایەکی دیکەشەوە بەعسییەکان لەرێی نووسینەکانی میشێل عفلق و رەفتارەکانی (علی صالح السعدی) و سەدام حوسێن بەرانبەر بەکورد بەدەمیش بە رادەی کەمی داخوازییەکانی کورد رازی نەبوون و شۆڕشی کوردیش ئەگەر سیاسەتەکانی راست بووبن، یان هەڵە، دەرەتانێکی

دیکــەی نــەبوو، لەبــەر هۆکــاری جــوگرافی سیاســی (جیۆپۆلێتیــك) و نەدەوڵەتــە ڕۆژئاواییــەکان‌و نــەحزب‌و هێــزو ڕێکخــراوە سیاســییە عەرەبییــەکان، بەچــاوێکی دۆستانە سەیری شۆڕشی کوردو داواکاریی شۆڕشگێڕەکانیان نەدەکرد و ئەوانە، واتە حکومەت‌و هێزە عەرەبییەکان هەڵسەنگاندنی شۆڕشی کورددا،ئیسرائیلێکی دیکەیان دەبینی، ئیسرائیلی دووەم کەلەسەر (خاکی عەرەب)دا دروست دەکرێت، بۆیە شۆڕش ناچار بوو، یان بلێین زۆری لێدەکرا کەسەوداومامەڵەت لەگەڵ شای ئێراندا بکات.

کاك خەسرەو و ئێمەش هەمووومان بەچاوی خۆمان بینیمان شۆڕشی کورد چی بەسەر هات، ئەوشکستە ئازار بەخشەی لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥، لەئەنجامی ئەوگۆڕانکارییەی لەنێوان هەردوو لای ناکۆکدا، سەدام حوسێن‌و شای ئێران، روویدا لەچوار چێوەی ڕێککەوتنێکی سەرشۆڕانە کەسەدام بەپێی ئەو ڕێککەوتنە دەستی لەنیوەی موڵکایەتیی (شط العرب) و خاکی دیکەی سنووری وشکانیی عێراق هەڵگرت بۆ ئێران، بەرانبەر داخستنی سنوور (تاکە دەروازەی شۆڕشی کورد) وڕێگرتن لەدزە کردن‌و کشاندنەوەی هەموو پشتگیرییەك لەجەنگاوەرانی پێشمەرگە و خنکاندن و تاساندنی هەر هەوڵ و کۆششێك بۆ بەردەوامیی شەڕکردن لەگەڵ سوپای عێراقداو ، ئەمەش بەدەست لەپشت دانێکی بێشەرمانەی ئەمریکا روویداو ، هەردوو ناحەز لەژوورێکی داخراوی کوشکێك لەشاری (جەزائیر) ی پایتەختی (یەك ملیۆن شەهید) ، دەستیان خستە ناو دەستی یەك‌و تۆقەیان لەگەڵ یەکتردا کردو (بەربووکەکەش) (هواری بومدین) ی سەرۆکی ئەوسای جەزائیر بوو لەگەڵ وەزیری دەرەوەی کە لەوکاتەدا (عبدالعزیز بوتفلیقە) بوو لەگەرمەی ئەورووداوانەداو دوای تێپەڕینی بیست‌و چوار سەعات لەخانووە قوڕە خراپۆکەکەی لەناوچەیەکی نزیك دەربەندی رایات، چاوم بەکاك خەسرەو کەوت.. خۆراگربوو و بەشێوەیەك خۆی دابوو بەسەر ئەو دۆسییانەی تایبەت بوون بەکاروباری دارایی شۆڕش، هەروەك ئەوەی هیچ نەبووبێ، کاتێك لەتۆمارکردنی ژمارەکان بووەوەو گوژمە پارەی وەرگیراوو دەرکراوی تۆمار کرد، داوای دووکووپ چای کرد بۆ من و بۆ خۆی ، ئینجا رایەکانی خۆی بەچەند

رستەیەکی رەوان دەربڕیو گوتی: (ئێستا لەگرێی جوگرافیای سیاسی (جیۆپۆلیتیك) کەبینە قاقای گرتبووینو رووبەری جوولانەوەمانی دیاری دەکرد رزگارمان بوو، بەلام شۆڕش رووبەرووی بارگرانییەکی گەلێك زۆر دەبێتەوەو بەرگریی پێویستیی بەوە هەیە لەرووبەرێکی بەرفراوان لەچیاو دۆڵەکاندا بلاوبێتەوە لەگەڵ کەمکردنەوەیەکی گەلێك زۆری شۆڕشگێرانو دووبارە دابەش کردنەوەیان لەشێوەی مەفرەزەی بچووکی بزۆز (متحرك) و ، پەلەکردن لەپەیوەندی دروستکردنەوە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا . پلانەکە واتە _ (رێککەوتننامەی جەزائیر) _ لەوە گەورەتر بووکە (ئەو توانا کوردییە) بتوانێ روو بەرووی بێتەوەو وەك کاك خەسرەو دەیگوت: کۆتایی قۆناغێك بوو نەك کۆتایی رێپێوانێك یان کۆتایی شۆڕشێك، یان بەوتەیەکی دیکە کۆتایی ئاواتی گەلێك کە ئامادە بێت بۆ قوربانیدان بەرۆڵە بەئەمەکەکانی لەپێناوی گەیشتن بەتەواوی مافەکانی و وەدەست هێنانیانو ئەمە وەلامەکەی بوو کاتێك لەگەڵ سیروان عبدالله سعیدی هاورێم، لەماڵەکەی خۆیدا لە بەغدا کەکەوتبووە نزیك بەشی خور ئاوای شەقامی فەلەستین چاومان پێی کەوت پاش گەرانەوەمان بۆ عێراق لەدوای نسکۆکەی شۆڕش کاتێك کاك دارای براشی هاتو لەسەر مێزی نانخواردنی ئێوارە لەباخی ماڵەکەی خۆی یەکترمان گرتەوەو، لەوەلامی پرسیارێکی من: (ئەی ئێستا دەبێ چی بکەین؟) وەلامی کاك خەسرەو وەکو خوارەوە بوو: (لەبەر پەیوەندییو دۆستایەتیم لەگەڵ هەندێك سەرکردەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو لەئەنجامی خوێندنەوەم بۆ بارودۆخە سیاسییەکە، دەڵێم تیشکۆی شۆڕش جارێکی دیکەو بەئاراستەی جیاجیاو دوور لەئێرانییەکان لە قۆناغەکانی یەکەمدا هەڵدەگیرسێتەوەو من سەبارەت بەئەنجامەکان گەشبینم، بەلام لەبەرامبەر ئەوەشدا حکوومەتی بەعس دوای ئەو نوشستییەی بەسەر شۆڕشی کورد هات، وای لێهاتووە بووە بەسەگی هارو خەیالی ئاسوودە نابێت، بەتایبەتی دوای راگەیاندنەکەی (احمد حسن البکر) لە (٧ی نیسانی ١٩٧٥) کە گوتی : ئەوان یاخی بوونەکەی کوردو (کۆمەڵی بەکرێگیراو) یان هەتا هەتایە کە لەناو بردووەو ئەمەش وایان لێدەکات وریاترین بەرانبەر هەر جوولانەوەیەك ،

هەرچەند بچووکیش بێت، پێویستە ئێمە لەبەرانبەردا پەیڕەوی شێوازێکی باش بکەین لەپەیوەندیمان لەگەڵ یەکتردا (بەردەوام بوونی پەیوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ ئەوکەسانەی پەیوەندییان بەشۆڕشەوە کردبوو و هێشتا هەر لەسەر پاکی و بێگەردیی خۆیان ماونەتەوەو دوورکەوتنەوە لەشێوە کۆنەکەی ڕێکخستنی حزبی، بەتایبەتیش ئەوکەسانەی ناسراون و تەنیا چاوپێکەوتنی دۆستانە هەبێ لەنێوان ئەو کۆمەڵانەداو هیچ رەخنەیەك لەودیاردە نێگەتیڤانە نەگرین کە لەشۆڕشدا هەبوون بۆ ئەوەی لەلایەن بەعسەوە نەقۆزرێنەوەو کاری خراپ بکەنە سەر ورەی خەڵك ، چونکە ئێستا کاتی ئەوە نییە) بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی کە لە شارەکان و بەغدا دەمێننەوە.

ناوە ناوە لەگەڵ کاك خەسرەو چاومان بەیەکتر دەکەوت، بەتایبەتیش کاتێك لەکۆیەوە لەگەڵ خێزانەکەم سەفەرمان دەکرد بۆ بەغدا، هەرکە سەردانی بەغدام دەکرد سووربووم لەسەر بەجێ هێنان و پەیڕەوکردنی هەندێك (سرووت)و لەپێش هەمووشیانەوە چاوپێکەوتنی خۆشەویستان (دارا تۆفیق و دکتۆر کەمال مەزهەرو خەسرەو تۆفیق و مەلا جمیل ڕۆژبەیانی و جلال عمر سام ئاغا) بەدرێژایی مانەوەم لەبەغدا ، لەگەڵ تەرخانکردنی ڕۆژێك بۆ سەردانی کتێبخانەکانی شەقامی (السعدون) لە (الباب الشرقی) و ، شەقامی (الرشید) بەپێ بە (سوق الصفافیر). شەقامی (النهر) ، (سوق البزازین، سوق السرای، شەقامی المتنبی) حیدرخانەدا تێدەپەڕەیم و دواجار لەیەکێك لە چایخانەکانی حیدرخانە(پەرلەمان ،حسن عجمی، الزهاوی) کەمێك دەحەسامەوەو چایەکم لەیەکێکیاندا دەخواردەوە، کاك خەسرەو وای پێخۆش بوو کەیان لەماڵەکەی خۆی چاوم پێی بکەوێ، یان لە نووسینگەکەی خۆی لەباڵەخانەی (چقماقچی) کە کەوتبووە دەروازەی شەقامی (الرشید) لەولایەی (الباب الشرقی) و زۆر بەپەرۆشی زوو بەزووی دەنگوباسی کوردستان بوو و هەموو جارێك لەبارەی رای خۆمەوە بۆ ئەمو ئەو پرسیاری لێدەکردم، دوای ڕوودانی ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١و پێبڕینم لەچوونە بەغدا بەتەواوەتی، چاوم بەکاك خەسرەو نەدەکەوت تەنیا لەو سەردانانەی نەبێت کە دەهات بۆکوردستان و بۆ شاری هەولێرو هەرلەیەکەم

سـەعاتی گەیشـتنی پەیوەنـدی پێـوە دەکـردم ومنـیش بەپـەرۆش بـووم هـەر لەسەرەتای هاتنیەوە بەخۆمو ئۆتۆمۆبیلەکەم تاکۆتایی سەردانەکەی لەگەڵیدابمو وتووێژی سیاسی لەنێوانماندا کۆتایی نەدەهاتو جاری وا هەبوو لەسەر شتێك کۆك دەبووین، بەڵام لەسەر چەندان شتی دیکە لێك جیاوازیمان دەبوو، لەکاتی گفتوگۆ و قسە کردندا لەبارەی کاروباری سیاسییەوە هەرگیز بێزار نەدەبوو و هەمیشە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کەکتێب و رۆژنامەو ئەدەبیاتی بەهۆی (برادەرە دڵسۆزەکانی لەبەرپرسانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بنێرمو ئەوەندەی من ئەو پیاوەم ناسیبێ نەمدیووە هەست بەماندووبوون بکات.

بەڵام لەکاتی دواسەردانیدا بۆ هەولێر لەمانگی شوبات، واتە (٣ی شوباتی ٢٠٠٤) کە هات بۆ ئەوپرسەیەی بۆگیانی نەمران دانرا لەشەهیدانی کارەساتەکەی یەکی شوبات کەبوونە قوربانیی کارێکی تیرۆریستیو تاوانکارانەی ترسنۆکانە لەبارەگای لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ، دیتم ماندووەو کە لەژووری میوانی ماڵەکەی مندا دانیشت ، هەواڵی تەندروستیی خۆیم لێ پرسی،گوتی: (کاک فەرهاد خەم مەخۆ، تووشی شێرپەنجە بوومو لەگەڵ خێزانەکەم چووم بۆ ئوردونو لەوێ نەشتەرگەریم بۆکراوەو بەشێکیان لەجگەرم کردۆتەوەو هەموو دوو حەفتە جارێك بەکیمیایی چارەسەرم بۆ دەکەن و هەر لەبەر ئەوەشە دەبینی ماندوو دیارم ، بەڵام من لەمردن ناترسم پشت بەخوا بەسەر ئەو شێرپەنجەیەدا زاڵدەبم کەبڵاونەبۆتەوە). خۆمگرتو ئەونیگەرانییە زۆرەی خۆم کە بەبیستنی هەواڵەکە دایگرتم نەمخستەروو، ئای کەهەواڵێکی کتوپڕی ناخۆش بوو، بەڵام دەسبەجێ پێم گوت: (کاک خەسرەو تۆ لەو شێرپەنجە لەعنەتییە گەورەتری و باوەڕ ناکەم شێرپەنجە لەلەشی تۆدا هەبێ، چونکە دەتبینم باشترین حاڵت هەیەو تەندورستیشت چاکەو مادامەکی سوورن لەسەر شکست پێهێنانی پشت بەخوا شکست دەهێنێ)، ویستم لەسەر دوعاکردن بۆ شیفاهاتنو دڵنیابوون و تەندروست باشی بەردەوام بم، بەڵام بەبزەیەکی سووك کەدەگمەن لەو بۆنە جیدیانەدا دەردەکەوت، قسەکەی پێ بڕیم وگوتی: (سوپاست دەکەم وریزو نرخ

بۆ ئەوهەستەت دادەنێنم بەرانبەرم.. پێم بڵێ ئەی بارودۆخی پیشەیی و سیاسیی تۆ چۆنە؟)

من: خۆتان دەزانن من خۆم بەکاروباری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ماندوو دەکەم و کۆنگرەی گشتیی رۆژنامەنووسانی کوردستانمان لەبن یەك رەشماڵ و دروشم و یەك خواستی یەکگرتوو، بەست‌و ئێستا سەندیکا بۆتە سەندیکایەك نوێنەرایەتی سەرجەم رۆژنامەنووسان دەکات بەجیاوازیی ڕاو نەتەوەو ئاینییان‌و هەمووشیان ئەم هەوڵ و تەقەلایەی یەك خستنەوە دەنرخێنن‌و منیش بەش بەحاڵێ خۆم هەموو کاتێکم بۆ ئەو تەرخان کردووە ، پشت بەخوا دەیکەین بەنموونەیەکی باش بۆیەکێتیی سەندیکاکانی دیکە لەکوردستان.

لەو شەوە زستانییە ساردەدا، خۆمان بەگەلێك قسەی تایبەت بەکەسێتی خۆمان‌و شتی گشتی‌و سیاسی و پیشەیی خەریك کرد ، لەگەڵ کۆمەڵێ رەخنەی خەست‌و بنیاتنەر بۆ ئەزموونەکەی کوردستان بەگشتی‌و رێگەی چارەسەرکردنیان. ئەو ڕای وابوو کە دەبێ ئەم ئەزموونە لەکوردستان بەهەموو حزب‌و رێکخراوو کەسێتی و رۆژنامەکانی بەشداری لەبەهێز کردن و پشتیوانی‌و پشتگیریکردنی بۆچوونی عەلمانی بکەن لەناوەڕاست‌و باشوری عێراق، چونکە ئەوپێی وابوو کە ئایندەی ئارامی و سەقامگیری لەعێراق، بەندە بەزاڵبوونی بیروبۆچوونی عەلمانی و ئەو مەترسییەی دەوری عیراقی داوە، خۆی لەو بۆچوونە توندەی ئوسوولییەت دەبینێتەوە کەبەسەر شەقامدا زاڵە نەك لەبەر ئەوەی بەژمارە زۆرن‌و یان گەلدۆستن،یان پەیڕەوی وتووێژ دەکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەشێوازو رێگای هەڕەشەو گوڕەشەو هێزی چەك و تیرۆری سیاسی، بەدروشم‌و شێوازی جیاجیا کە لەلایەن‌و ناوەندە کۆنە پەرستەکان‌و نوقم بووانی تاریکی، پشتیوانییان لێدەکرێ.

سەعات یەکی دوای نیوەشەو بەئۆتۆمبیلەکەی خۆم بەناچاری گەیاندمە ئوتێلی (تاوەری هەولێر)، چونکە من حەزم دەکرد، لەبەر ئەوەی بەدەست ئەو نەخۆشییە لەعنەتییەوە دەینالاند، لەماڵێ ئێمە بمێنێتەوەو ئیسراحەت بکات، بەلام قبووڵی نەکرد بەبیانووی ئەوەی کەبەیانی زوو دەگەڕێتەوە بەغداو نایەوێ

ئارامیم لیٚ تێك بدات.

لای دەرگـــای ئوتێلەکـــە پـــێش ئـــەو لەئۆتۆموبێلەکـــە دابـــەزیمو دەرگاکـــەم بۆکردەوەو دوعاخوازیم لێکرد بەوهیوایەی کەجارێکی دیکە لەوەرزی بەهار چاوم پێی بکەوێتەوە.

رۆژی سیٚ و چـوارو پێنجـی مـانگی ئـابی ٢٠٠٤ سـەرقاڵی پرسـە بـووین بـۆ شـەهید سـەردار عبـدالله سعیدی ژنـرال کەئەفسـەربوو و لەساڵی ١٩٧٥ دوای ئەو نسکۆیەی بەسـەر شۆڕشـی کـورد هـات لەسـوپا دەرکـرا ، پـاش ئـەوەی کـەگیرابوو لەزینـدانیی ژمـارە (١) لەسـەربازگەی (رەشـید) بـۆ مـاوەی سـاڵێك وسـیٚ مـانگ لـە ئـاداری (١٩٧٤) ـەوە دوای دەست پێکردنـەوەی شـەڕ لەلایـەن بەعسییەکانەوە بـۆ سەرکوردستان ، دوای ئـەوە بـوو بـەپارێزەرو دیسـان رێیـان پیٚنـەداو نەیانهێشـت پیشەی پارێزەری بکات، چونکە ئەفسـەرێکی لەسوپا دەرکراو بوو لەبەر هۆکاری سیاسی و دواتـر بـوو بەبەرپرسـی لیژنـەی ناوچـەی (الکرخ) ی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان وئەنـدامی لقـی پێـنج دوای رزگـارکردنی عێـراق و رووخـانی رژێمـی دیکتـاتۆر لەسـاڵی ٢٠٠٣، بـەڵام بـەناڕەوایی و بەغـەدر لەبـەردەمی ماڵەکـەی خـۆی لەلایەن باندە سادییە تاوانبارەکانەوە ، ئەو باندانەی خۆیان لـەژێر نـاوی ئایینـەوە شـاردۆتەوە ، لەگەڵ هەڤاڵی رێی تێکۆشانی (شـەهید جیهـاد جلال) کە کـادیرێکی ناوچەی پارتی بوو لەبەغدا، کەرۆژی ٢ی ئـاب بەتـەمابوون بچن بۆ بارەگـای حزب تیرۆریان کردن، کاك خەسرەوم لە دانیشـتنی فاتیحـا خوێندنەکە نـەبینی و ئەمـەش مایەی سەرسوڕمانم بوو وکاتێك لەیەکێك لەهاوڕێیەکانم پرسی لەوانـەی لـەوێبوون و پەیوەنـدیی لەگـەڵ کـاك خەسـرەو هـەبوو، پێـی راگەیانـدنم کەئـەو تـەنیا چـەند رۆژێکـی لەژیانـدا مـاوەو ئـەوە دوو حەفتەیـە لـەپێش ئـەو بـەرواره لـە جێگـادا کەوتووە.

سـەعات ١٠ی سـەر لەبـەیانی رۆژی هـەینیی رێکـەوتی ٦ی ئـابی ٢٠٠٤ ، لەگـەڵ سیروان بەرەو ماڵی کاك خەسرەو چووین و لەویٚ خێزانەکەی خاتوو(شەهبال) ی کچی کەسـایەتیی کـوردو وەزیـری سـەردەمی پاشـایەتی خوالێخۆشـبوو ماجـد مسـتەفا لـەبارودۆخێکی پـڕ لەنیگـەرانی و شـڵەژاوییەکی ئاشـکرا، پێشـوازیی لێکـردین و داوای

لێکردین کە لەساڵۆنەکە دانیشین پێش ئەوەی لە کاک خەسرەو بچینە ژوورێ کە لەژوورێکی دیکەی تەنیشتەوە بوو. کاتێك لەشوێنەکە جێگیر بووین‌و دانیشتین (خاتوو شەهبال) گوتی: (دوێنێ شەو بەکارەساتەکەی تیرۆرکرانی سەردارمان زانیوەو دەبوایە سەردانتان بکەم ئەگەر ئەو کارەساتەی ئێمەش نەبوایە کەبەنەخۆشیی خەسرەوو ئەو حاڵەتە زۆر خراپەی نەبوایە بۆیە هەموو تکایەکم ئەوەیە کە شەهید بوونی سەرداری پێ رامەگەیەنن لەبەر ئەو حاڵەتەی هەیەتی، چونکە زۆرخەم دەخوات و ئازاری پێدەگات‌و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەزووتر بەرەووخراپی بچێت. دووەمیشیان ئەوەیە: ئێوە خۆشەویستی خەسرەون‌و خەڵکی ماڵەکەن، ئەو تکایەشم هەیە کە زۆر لای نەمێننەوە، چونکە حاڵەتەکەی وادەخوازێ، لەکاتێکدا کەخاتوو شەهبال قسەی بۆ دەکردین‌و هەر تکای لێدەکردین، من سەیری دیواری ساڵۆنەکەم دەکرد کەمن و کاک خەسرەو زۆر لێی دادەنیشتین و قسەمان لەبارەی سیاسەت‌و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە دەکردو، بەوێنەی خێزانی‌و وێنەی رۆژانی خۆشیی سەردەمی لاوی رازابووەوەو بەشێك لەکتێبخانە دارەکەی کە دەجوولێنرێتەوەو ساڵۆنەکە لەژووری میوان جیادەکاتەوەو ئەوە چەند ساڵێکە هیچ گۆرانێکی بەسەر نەهاتووە، لەکاتێکدا بەتەمای چوونە ژوورەوە بووین، بۆ ئەو شوێنەی کاک خەسرەو لێی راکشابوو، براو هاورێ مامۆستا (محمدی مەلا کریم) یش هاتە ژوورێ بۆ لامان‌و دەرکەوت کە ئەو بەنەخۆشییەکەی کاك خەسرەوی نەزانیبوو تەنیا پێش رۆژێك نەبێ و پێشمان کەوت بۆ ژوورەکە خەسرەو لە ناوەراستیدا لەسەر قەرەوێڵەیەك راکشابوو و بەلێفیەکی تەنك هەتاسینگی داپۆشرابوو و کاتێك سەری لەسەر سەرینەکە بۆ لای چەپ جووڵاندەوەو تێمان راماو ناسینیەوە، بەدەنگێکی کز کەزیاتر بەناڵە دەچوو گوتی: (بەخێربێن) و دوای ئەوە بۆ ماوەی دوو دەقیقە بۆ رژەیەکی بردەوەو چاوی لێکناو کاتێك ئەو لەوحاڵەتەدابوو، خاتوو شەهبال داوای لێکردین لەسەر قەنەفە نزیکەکانی دانیشین.

من گەلێك خەمبار بووم‌و بە لەدەست دانی (سەردار) کەبەهۆی گرتن‌و زیندانی کردنەوە لەبەندیخانەی ژمارە (١) زەرەرمەند بوو، ئەو ئەفسەربوو بەپلەی (ملازم دووەم) و دوای رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی

کوردستان چووه کۆلێژی سەربازیو کە لەساڵی ١٩٧٣ دەرچوو، لەیەکەیەکی سەربازی لەشاری بەسرە جێگیر کراو کاتێك (سیروان) ی برای پەیوەندیی بەشۆڕشی کوردەوە کرد، خێزانەکەی کە پێك هاتبوو لەباوکی (عمیدی خانەنشین عبدالله سعید) وئەندامی دەستەی ئیمتیازی رۆژنامەی (التآخي) لەخولی یەکەمی ١٩٦٧– ١٩٦٩و دۆستی بارزانیی نەمر کە تارۆژی کۆچی دواییکردنی لە ٢٠٠٢/٧/٢٤ لەشاری بەغدا هەر بەوەفادار مایەوە بۆ خۆی وریبازو رێرەوەکەی، هەروەها دایکی و هەردوو برای (نزار و کریم) و (شیرین) ی خوشکی هەموویان بۆ ناوچەی شۆڕش رەتێنران بەڵام (پەروین) خوشکەکەی دیکەیان کە(خێزانی) منە پێش ئەوان بەمانگێك بۆ ناوچەئازاد کراوەکان(رەتێنرا) بوو، چونکە ئێمە لەوێ بووین، بەڵام بەشی سەردار گرتن بوو بۆ ماوەی ساڵێك وسێ مانگو دوای بەردانیشی خانەنشین کرا بەبێ مووچە، بەهاندانی باوکی خوێندنی یاسای لەزانکۆی (المستنصرية) تەواوکردو بەپارێزەر دەرچوو و چووە سەندیکای پارێزەرانەوە، بەڵام رێیان لێگرت و نەیانهێشت پارێزەری بکاتو رووی لەکاری ئازاد کرد، بەڵام زۆر رقی لەرژێم بوو و نەیدەتوانی ئەو رقەی خۆی بەرانبەر بەعس و هەستی خۆشەویستیی خۆی بۆ کێشەی گەلەکەی بشارێتەوە، سەردار لەنێو رێکخستنەکانی پارتی بوو لەلقی پێنج بەجیددییەتێکی زۆرو لەخۆ بوردووییەکی زێتر لەنێو ریزەکانی پارتی کاری دەکرد تا ڕۆژی شەهیدکرانی لەگەل کادیری حزبی (جهاد) لەبەردەمی ماڵەکەی خۆی لەگەڕەکی (الجهاد) لەبەغدای پایتەخت. بەنێو بیرە پڕ خەمەکانمدا دەگەڕام ، لەنێوان کۆستی شەهیدکرانی سەردار و کۆستی مەرگی چاوەڕوان کراوی کاك خەسرەو کاتێك کەسەیری کاك خەسرەوم دەکرد، ئەو پیاوەی پێش ئەوەی تووشی شێرپەنجە بێت، یەك پارچە جووڵەو چالاکی بوو، خەمەکەم زیادی کردو بەدڵو لەناخەوە بەکوڵ گریام ، بەڵام ددانم بەخۆمدا گرت، بە پێچەوانەی کاك (محمدی مەلا کەریم) کە دایە پڕمەی گریان لەخەمی خەسرەوی هاوڕێی و کاتێك خەسرەو جارێکی دیکە چاوی کردەوە داوای لە (شیلان) ی کچەگەورەی کرد کەکورسییەکم بۆ بێنێ تازیاتر لێێ نزیك بمەوەو کە شیلان کورسییەکەی هێنا چوومە سەرکورسیەکەو لەنزیك سەریەوە دانیشتم،ئەوسا سەری خۆی بۆ لای من وەرسووڕاندو بەدەنگێکی کز گوتی: (دەنگو باس چییە؟) .

**من: بەکورتی باسی بارودۆخی کوردستانو ئارامی و سەقامگیریم بۆکرد.. هەروەها ئەو هەوڵ و تەقەلا هاوبەشەی هەردوو حزب بەشێوەیەکی تایبەتی وحزب و کەسێتییەکانی دیکە دەیدەن لە پێناوی گەیشتن بەلیستێك بەدڵی هەمووان بێت بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی،چونکە بەوکەسانە راگەیاندرابوو کەئامادەی کۆبوونەوەکە دەبن بۆ هەڵبژاردنی (١٠٠) ئەندامی ئەنجومەنەکە**

**(کاك خەسرەو) : منیش لەگەڵ (.........) قسەم کرد سەبارەت بەوەی کەحەز دەکەم خۆم بۆ ئەنجومەن بپاڵێوم بۆ خزمەتی گەلو نیشتمانەکەم چونکە پەیوەندیی چاکم لەگەڵ کەسێتیی نیشتمانی هەیە لەهەموو حزبە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان لە عیراقدا، بەڵام لێشاوی کەسانی تازە پەیدابوو و رووپاییکەرو ماستاو ساردکەرەوەو ئەوانەی لەهەموو کاتو شوێنێکدا بەخت هەریاریان بووە، بەبێ شایستەیی نیشتمانی، یان فەرمانبەری و ئەوانەی بێ ئەوەی شەرم بیانگرێ یان تەریق بنەوە پێ بەپێی رکێفی بەرپرسان دەڕۆن بەرێوە، ئەمانە نەیانهێشت منو کەسانی دیکەی وەك من کەبەردی بناغەی بنچینەی پارتییان داناوە و بەردەوام بوون لەسەر ئەو رێرەوە لەگەڵ ئەو خەباتگێڕانەی خۆیان لەوە بەرزتر دەزانن کە لەجیاووکی (امتیازات) ی ماددی نزیك بکەونەوەو هەر بەسەر بەرزیش دەژین ، من زیاتر لەنیو سەدە بەچەند ساڵێك کێوێك بووم، بەڵام وەك دەبینی ئەو کێوە هەرەسی هێنا وبڕواش بکە ئەوهەرەسە ئازارم نادات (مەبەستی بارودۆخی تەندروستیی خۆی بوو) بەڵام لەبەر شتێکی دیکەو حاڵەتێکی دیکە ئازار دەکێشم، ئەویش ئەو حاڵەتە بێ باکییەی بەرانبەر ئەوانە هەیە کە لەرۆژانی رابوردوو دێوێك بوون بۆ خۆیان، لەکاتێکدا کەسانی دیکە هەر لەیەکەم بەرخورددا بەزین و ترسیان لێ نیشت، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا، وەك دەڵێن: (هەر سەردەمە دەوڵەتو پیاوی خۆی هەیە) و وادیارە ئێمە پیاوی ئەم دەورو زەمانە نین.**


**من: نەمتوانی هیچ قسەیەك لەقسەکانیدا بکەم، چونکە زۆر خەمبار بووم بەرادەیەك خەریك بوو فرمێسك قوڕگم بگرێو بمخنکێنێ، بەڵام بەئاماژەکردن بەسەر راوەشاندن بەلای راست وچەپ رەزامەندیم بۆ قسەکانی پیشاندا.**

نیو سەعات بەسەر مانەوەماندا تێپەڕی، لەکاتێکدا ئەو ماوەیەی ڕێگامان پێدرابوو، بەپێی ڕێنمایی پزیشك و خێزانەکەی، لەپێنج دەقیقە زیاتر نەبێ، بەڵام کەئیزنمان لێوەردەگرت بڕۆین و ماڵئاوایی لێبکەین، ئەو رازی نەدەبوو، کاتێك هەستم کرد واخەریکە جارێکی دیکە بەخەمەکانییەوە دەبۆرژێتەوە، بۆ جاری سێیەم ئیزنم لێوەرگرت و سیروان وکاکە حەمەش لەگەڵ من ئیزنیان وەرگرت و تۆقەمان لەگەڵ کردو دوعاخوازیمان لێیکرد: لای دەرگای ژوورەکە، جارێکی دیکە ئاوڕم لێدایەوەو دیتم جارێکی دیکە بۆ رژاوەتەوە.. ئیدی چەند رۆژێکی کەم زیاتری پێنەچوو لە٢٠٠٤/٨/١١ کۆچی دوایی کرد) و ئەو (خەسرەوەمان) خەوی ئەزەلیی لێکەوت و دوای خۆی چەندان لاپەڕەی سەروەری و خەبات و خۆبەخت کردن و بەردەوامی و سەرسەختی و شانازیی بەخۆوەکردنی جێهێشت . ئەو پیاوە هەتا بڵێی نیشتمانپەروەرێکی راستگۆبوو، بەندیواری قەناعەتەکانی بیروباوەڕی خۆی بوو ئەمەش گەیاندیە بازنەی پشتگوێ خستن و بیرچوونەوەو ریزەکانی پێشەوەی بۆ کەسانی دیکە جێهێشت ، ئەوانەی کەهەندێکیان لە کاروانی نیشتمانی و کوردایەتی و پارتایەتی دا ناویان لە قوتوی هیچ عەتارێك نەبووە و بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری ژیننامەی خەسرەو و هاوشێوەکانی لەپێشەنگانی نیشتمانپەروەریدا نەك هەر ئاگادار نەبوون بەڵکو رۆڵەی کاروانە نیشتمانییەکەش بوون، ئەو ژیننامەیەی پڕە لە سەروەریی خەبات و قوربانی، وانەی پەند و بیروباوەڕ کە سازش و پاڕانەوەی نەزانیووە کە ئەگەر ئەوانە نەبوونایەو خۆبەختکردن و شەونخوونی بەردەوامی ئەوانە نەبوایە لەپێناوی کێشەی گەلەکەیان و خۆبەختکردنی شەهیدە بەئەمەکەکانمان، ئەوانە نەدەگەیشتنە ئەم رۆژەی ئێستامان .



دەربەندی رایات، پایزیساڵی ١٩٧٥

لە چەپەوە: خوالێخۆشبوو خەسرەو تۆفیق، شێرزاد مەحمود حەسەن



**عەبدوللا زێیاری**

**٢٠٠٥/٥/٥-١٩٢٠**

ژیاننامە:

- ساڵی ١٩٢٠ لە گوندی (بیاوی)ی سەر بە ناحیەی زێبار لە قەزای ئاکرێ لەدایکبووە.

- سەرەتا لە مزگەوت و پاشان لە قوتابخانەی ئاکرێی کوڕان خوێندوویەتی دواتر چۆتە شاری موسڵ و لە مزگەوتی گەورەی ئەو شارە وەکو قوتابی وەرگیراوە.

- لە سەرەتای لاوێتییەوە بیری نەتەوەیی لە مێشکی چەکەرەی کردووە کە تێیدا بە هۆکاری سرووشتی گوند و بارودۆخی شاری ئاکرێ و هەواڵەکانی راپەڕینەکانی بارزان کە لەو سەردەمەدا بەرپا دەبوون کە ئەوش لە تەمەنی ١٥-١٦ ساڵان بووە.

- لە سەرەتای چلەکان وەکو قوتابی لە مزگەوتی گەورەی شاری موسڵ وەرگیراوە کە تێیدا بە فەرمی وانەکانی ئاینی و شەرع فیقهی تێدا دەخوێندرا پاشان چۆتە (سانەوی فەیسەڵییە) کە سەر بە دائیرەی ئەوقافی موسڵ بوو.

- لەو سەروبەندەدا کە لە سانەوییەی فەیسەڵییە بوو پەیوەندیی بە ریزەکانی حزبی هیوا دەکات لەسەر دەستی خوالێخۆشبووان (عەونی یوسف) کە ئەوکاتە لە یەکێ لە دادگایەکانی موسڵ دادوەر (حاکم) بووە و (جەعفەر عەبدولکەریم) کە پزیشکی سەربازی بوو لەگەڵ ٢٥ قوتابیی دیکە کە لە موسڵ دەیانخوێند.

- لەنێوان ساڵانی ١٩٤٤-١٩٤٥ لەگەڵ (٦) قوتابیی دیکەی کورد و عەرەب بەرەو وڵاتی میسر چوون بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن لە (جامع الازهر) کە لەسەر خەرجیی خوالێخۆشبوو (مستەفا سابونچی) دابینکرابوو.

- له قاهیره دۆستایەتیی لەگەڵ کەسایەتییەکی کورد پەیدا دەکات کە ئەویش ماموستا (محەمەد عەلی عەونی).

- ساڵی ١٩٤٧ خوێندنی لە کۆلیژی شەریعە لە ئەزهەر تەواوکردووە و ساڵی ١٩٥٠ بڕوانامەی ماجستێری لە هەمان کۆلێژ وەرگرتووە.

- ساڵی ١٩٥١ پاش تەواوکردنی خوێندن میسر بەجێدەهێڵێ و دەگەڕێتەوە وڵات لە سانەویی دهۆك وەکو مامۆستا دادەمەزرێ.

- لەنێوان ساڵانی ١٩٥٢-١٩٥٤ بۆ قەزای بەدرە دوور دەخرێتەوە بەهۆی بیروباوەڕی کوردایەتی و جمۆجۆڵییە سیاسییەکانی و ساڵی (١٩٥٤)یش بۆ (سلێمانی) دەگوێزرێتەوە.

- ساڵی ١٩٥٤ لە سلێمانی لەسەر دەستی پارێزەر (جەمال شاڵی) بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرە بەرە لە ریزی پارتی پێشدەکەوێ تاکو دەگاتە پلە (مفتش).

- لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ بۆ ماوەی دوو مانگ زیندانی دەکرێ پاش بەربوونیشی بۆ خوارووی عیراق بۆ ماوەی چوار ساڵ دوور دەخرێتەوە.

- لە ئازاری ساڵی ١٩٧٤ وەکو هەزاران هاووڵاتی کوردستان پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول دەکات و دەبێتە جێگری سەرۆکی دادگای (تمییز الشرعیە) کە شەهید سەیدا ساڵح یوسفی سەرۆکی بوو.

- یەکێ بووە لە دامەزرێنەرانی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) لە ١٩٦٢/٥/١٥ لە شاری سلێمانی کە یەکەم کۆنگرەی لێ بەسترا.

- لە ٢٠٠٥/٥/٥ کۆچی دوایی کردووە.

## گەشتێك بە بیرەوەرییەكانی مامۆستا عەبدوڵلا زێیاریدا

كاتێك مرۆ لە قۆڵی كەركووكەوە لە لێواری سلێمانی نزیك دەبێتەوە، دیمەنێكی جوانی كەژ و كێو و دارودرەخت دەكەونە بەرچاوی، زەحمەتە هیچ دیمەنێكی هێندە قەشەنگ و جوان هەبێت وەها دڵبڕفێنێ و چاو مەست بكات! بەتایبەتیش لەمانگی ئازار دا، كە پاشماوەی بەفر لە لووتكەی كێوی سەركەشی پیرەمەگروون لەگەڵ تیرێژی خۆر دەكەونە زۆرانبازی و ململانێ ... هەڵبەت ئەمەیش دوای ئەوەی چەند مانگێك لە بەرانبەر شۆپەلەكانی سەرماوسۆڵ و بەفربارینندا چۆك دادەدات و بەفرێكی چڕوپڕ ڕووبەرێكی گەورەی ئەوێ دادەپۆشێت... بەڵام بە گوێرەی یاسای سروشت وردە وردە دەست بە توانەوە دەكات و لێرە و لەوێ دەمار و جۆگەلەی ئاو هەڵدەبەستن و بە شێوەیەكی ئەفسوناوی و هاوڕێكییەكی جوان و سەرنجڕاكێش لێژاولێژ دێتە خوارەوە . ئەحمەد شەوقی میری شاعیران كاتێك لە لوبنان دیمەنێكی هاوشێوەی ئەمەی دە بینی زۆر بەجوانی پێیدا هەڵدەدات و دەڵێت:"حلو التسلسل موجه وخريره كأنامل – مرت على اوتار." ئێمەیش لە دەوروبەری سلێمانی لەم وەرزە بەهارە جوانەی ساڵی ١٩٧١ لەكاتی بەسەركردنەوەی لقی یەكێتیی قوتابییانی كوردستان لەسلێمانی و كە ركووك، بەم دیمەنە سەرمەست و حەیران بووین.

بەهەرحاڵ، دوای ئەوەی گەیشتینە سلێمانی، ڕاستەوخۆ چووینە بارەگای یە كێتیی قوتابییان، كە دەكەوتە شەقامی نەورۆز لە بەرانبەر بانكی رافیدەین. بارەگاكە لە ئەندامانی یەكێتییەكە لە قوتابیانی كچ و كوڕی ئامادەییەكان و زانكۆی سلێمانی جمەی دەهات. دوای ئەوەی بەشێك لە ئەركەكانی ئەو ڕۆژەمان ڕاپەڕاند، پیاسەیەكی نێو ژوورەكانی بارەگامان كرد. سەرنجم كەوتە سەر ژوورێك كە دۆڵابێكی دارینی تێدابوو، چەند كورسییەك لە دەوری مێزێكی جۆری (فۆرمیكا) دانرابوون... زێدە حە

زی و بزێوم وای لێ کردم دەست بۆ یەك لە رەفەکانی کتێبخانەکە ببەم و پشکنینێك بۆ ناوونیشانی کتێبەکان بکەم، دوای ئەوەی برێك لە کتێبەکانم هەڵگێڕ و وە رگێڕکردن، کتێبێکم کەوتە بەرچاو لەسەری نووسرابوو: "پێشکەشە بە کتێبخانەی یە کێتیی قوتابییانی کوردستان–لقی سلێمانی" ناو و ئیمزای عەبدوڵڵا زێباریشی بەسە رەوە بوو. کاتێك پرسیارم لە کاك هیوا جەلال حەمدی لێپرسراوی لق کرد ئاخۆ عەبدوڵڵا زێباری کێیە و لە کوێیە؟ کە ئەو کتێبانەی بەم لقە بەخشیون؟ گوتی: "لە یە کێك لە دواناوەندییەکانی سلێمانی مامۆستای زمانی عەرەبییە، تێکۆشەر و خە باتکارێکی دێرینە، ئەندامە لە ریزەکانی پارتی، یەك لە پەروەردەکارە باشەکانە، تا ئاخیر رادە بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانی دڵسۆز و پەرۆشە."

ناوی ئەو پیاوە هەر بە زیندوویی لە بیری مندا مایەوە، پاش چەندان ساڵ، ڕێککە وتی ئەو پیاوەم کرد، دروست لەو کاتەی خەڵکانی کوردستان بەکۆمەڵ پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردستانەوە دەکرد لەئازاری ساڵی ١٩٧٤، لەو کاتەی حکومەتی عێراقی لە جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنی ١١ئازاری ١٩٧٠ پاشگەز بووەوە... ئەودەم عەبدوڵڵا زێباری جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی شەرعی بوو لە ئەمانەتی گشتی ئەوقاف دا، کە شەهید ساڵح یوسفی لە ناوچە ئازاد کراوەکاندا سەرۆکایەتیی دەکرد.

دەشێ خەڵك بپرسن ئەرێ بۆچی وا بایەخ بەژیاننامەی کەسێك دەدەیت، کەلە هە موو ژیانی سیاسیدا تاکوو ئێستا (خودا تەمەنی درێژ بکات) پێگەیەکی سەرکردایە تی وەرنەگرتووە، ئاخۆ دەبێ سۆراغ و گەڕان بەدوای ئەم کەسانەدا بۆ خواست و ئارە زووی نووسەر لە خۆ خەریککردن بەم تەرزە بابەتانە بۆ زێدە حەزی ڕۆژنامەنووسییە کەی بگەڕێتەوە، یان شتێکی لەم جۆرە؟ ڕەنگە چەندان پرسیاری دیکەیش لەخە یاڵماندا بێن و بڕۆن...وەڵامەکە لە دوو خاڵدا کورت و پووخت دەکرێتەوە و دەرفەت بۆ خاڵی سێیەم نامێنێتەوە. یەکەم: ئەو کەسەی پشت بە مێژوو نەبەستێت، لە ئێستا ناگات، ناشتوانێت هیچ هەنگاوێك بەرەو ئاییندە بنێت. دووەم: ئەوەی ئێستا لە ناز و نیعمەت دەیبینین لە سایەی ئەزموونی کوردستان، ئەوەی ساڵانێك لەناو ناخۆشی و ناسۆریدا خەونمان پێوە دەبینی، بەرهەمی خەبات و تێکۆشان و ماندویی و قوربانیی ئەو کەسانە بووە کە بەشدارییان لە خەباتی دوور و درێژی گەلی کوردستان کردووە،

لەڕێگەی چەند قۆناغێکی تراژیدی بە قەناعەتێکی تێر و تەواو... خەونیان بە ڕۆمانسییەتێکی شەفاف بە ئایندەی گەلەکەیان و نیشتمانە مەزنەکەیان دەبینی، بەبێ ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژەکان بیر لە پاداشتی شەکەتی و قوربانی و جانفیدایە بێسنوورە کانیان لە پێناو ئازادیی نیشتمان و بەختەوەریی گەلەکەیان بکەنەوە... چۆن دەروێش لە ئەلقەی زیکردا گەرم دەبن و حاڵ دەگرن، ئەوانیش بەم چەشنە دڵسۆزییان بۆ نیشتمانەکەیان دەردەبڕی... هەروەك قوربانیدانی ئەو جوتیارەی کە لە سالآنی سەرە تای شۆڕشی کورد لە بەرزاییەکانی کێوی مەتین بەشێك لە داهاتەکەی پێشکەشی پێشمەرگە کردووە... لە کاتێکدا لە هەگبەی شۆڕشی کورد دا لەتە نانێك نەبووە. هە روەها ئەو قوتابییەی لەناوەندیەکی شنگال لەناوچەی هەرە دووری خۆراوای کوردستان، کە نێوانی ئەو و شۆڕشی کورد ڕووباری دیجلە و چەندان دەشت و دەری فراوانە، تەنیا چەند هەواڵێکی لێرەو لەوێ گوێ لێ دەبێت، کەچی لە قوربانیدانەکەی زێدەڕۆیی دەکات و چەندان ئەلقەی قوتابییان دروست دەکات و بۆ خزانە نێو ئەو شۆڕشە دوورە لە ڕووی جوگرافییەوە ئامادە و سازیان دەکات، وایان لێ دەکات لەدڵ و دەروونیان ئامادە بن. هەروەها کرێکارێکی خانووبەرەی قەڵادزێ، کە تەنیا خەون بە وە دەبینێ بژێوی ماڵ و منداڵەکەی دابین بکات، کەچی کرێی ڕۆژێکی تەواو لە زستانێکی سەرما و سۆڵ، یان هاوینێکی تاقەت پڕووکێن و گەرم، دەبخشێتە شانە حزبییەکەی، ئاخر دڵنیایە، کە ئەو بڕە پارەیە لەگەڵ یارەمەتیی هاوڕێیانی تری لە بە شداریکردنی چەك و تفاقی پێشمەرگە ڕۆڵێکی باش وازی دەکات و کاروباری شۆڕش جێبەجێ دەکات... لە کاتێکدا کرێیەکەی ئەو تەنیا روبعە دینارێك بوو. هەروەها حاڵە تی بەجۆش و خرۆشکەوتنی گەنجانی سلێمانی، کە هیچ ترسێکیان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕژێم نەبووە... هەروەها حاڵەتی ئەو ئەندامانەی حزب لە کەرکووك کە شە وانە بڵاوکراوەیان بەگەڕەکەکانی: شۆریجە، شاترلۆ، اخی حسین، ئیمام قاسمی کە رکووکدا پەخش دەکرد. هەروەها حاڵەتی ئەو جووتیارەی شاری هەولێر، کە بۆئەوەی پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکات، خێزانەکەی بەبێ هیچ مشوور خۆرێك بەجێهێشت و بە نیوە ڕووتی پەیوەندیی بە پێشمەرگە قارەمانەکانەوە کرد. ئەی بۆ حاڵەتی پۆلیسەکان نالێیت، کە ڕۆحی شۆڕشگێڕییان هەڵکرد و بەخۆیان و تفەنگە کۆنە ئینگلیزییەکانیان

پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە، کە لە داهاتوودا تووشی چ گرفت و تەگەرەیەك دێن... لەکاتێدا چەك ڕێز و سەنگینی خۆی هەبوو!

سەربازانی ون لە مەندەلی و خانەقین و گەرمیان و کۆیە و ڕەواندز تەنانەت قوتابییان و مامۆستایان و بازرگان و کاسبکار و جووتیاران و کرێکاران و ژنانی گوندە دوورەکانی زاخۆ و ئامێدی و سەرباز و ئەفسەرانی هەمەجۆر، ڕۆڵی هەرە بە رچاو و شەرەفمەندیان لە ڕێڕەوی شۆڕشدا بینیوە.

دەڵێن کاتێك ناپلیۆن پۆناپارت دەبێتە ئیمپراتۆر، سواری گالیسکەیەکی دوو ئە سپی دەبێ، لە شەقامەکانی پاریس پیاسە دەکات... لەدوورەوە پیرە پیاوێکی کەنەفت و شپرزە دەبینێ، داوا لە سوارچاکی گالیسکەکە دەکات لەو پیاوە نزیك بکەوێتەوە... ئینجا ناپلیۆن دێتە خوارەوە و سڵاو لە پیاوەکە دەکات و ڕێزی لێ دەگرێت...کاتێك لە بارەی ئەو پیاوە پرسیار لە ناپلیۆن دەکەن، دەڵێ ئەو پیاوە لەقۆناغی منداڵیمدا مامۆستام بووە، فێری خوێندنەوە و بنەماکانی پەروەردەی کردم، هەرگیز فەزڵ و بەهرەی ئەو لەبیر ناکەم. "بڕوانە! ناپلیۆن لە هەڕەتی دەسەڵات و توغیاندا دوو شت لە بیر ناکات، یەکەم: وەفا و نمەکداری بۆ مامۆستایەك، کە سەرەتا وانەی پێ گوتووە و لەگەڵیدا ماندوو بووە. دووەم: کاتێك لە(دورگەی سانت هیلانە) دەستبەسەر دەکرێت، وەسیەت دەکات لەتەك ڕووباری (سین) بینێژن، چونکە ئەو ڕووبارەی زۆر خۆشدە ویست و حەزی دەکرد کاتێك بۆ ئەو دونیایەی دی دەگوێزرێتەوە وەك وەفایەك لەڕۆخ ئەو دەریایە بێت، کە لە منداڵیدا ئاوە زوڵاڵەکەی بڕی شکاندووە و لەگەڵیدا گەورە بووە، چێژی لە شیرینی و سازگارییەکەی وەرگرتووە. بەم جۆرە ناپلیۆن دەیەوێت وانەی وەفادارییی خۆی بۆ یەکەم مامۆستا و ڕووباری (سین) دەربڕێت... بۆ نا؟ خۆ ئێمە لەو زەمانە خراپەدا زۆر حەوجەی ئەو وانانەین، کە پڕن لە چیرۆك و بەسەرهاتی یەکتر سڕینەوە و لەبیرکردنی مامۆستایانی سەرەتاییمان، کە جیلێکی تەواو لەسەر دە ستی ئەوان پێگەیشتووە و تێگەیشتووە... ئەوان هیچ سەرچاوەیەکی هێز و لایەنێکی ماددیان نەبووە، تەنیا ئیمانیان بە دۆزی گەلەکەی هەبووە، نیشتمانەکەیان خۆشویستووە، کە دوژمنان و شەڕانگێزان لەبەردەم ڕۆڵەکانی پارچە پارچەیان کردووە... ئەوان جگە لە خزانە نێو ڕیزەکانی خەبات و تێکۆشان بۆ ئامانجێکی دوور مەودا، هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان شك نەبردووە..

کاتێك بەشێك لەو بەڕێزانە ئەو ڕۆژگارەی خۆیان دەگێڕنەوە، خەم دات دەگرێت... چ خەمێك؟ خەمێکی شیرین نا، بەڵکوو خەمێك تووشی سەرودڵ تێکدان و هێڵنج هاتمان دەکات لە بەرامبەر لەبیرچوونەوەی ڕۆڵی ئەو عەگید و جوامێرانەی پێشوو، ئە و سەردەستە و پێشنگانەی چەند دەیەیەك خەبات و تێکۆشانیان کرد، داوای هیچیان نەکرد و شتێکی واشیان نەخستە سەر شانی ئێمە پێمان هەڵنەگیرێت... هەموو هیوای ئەوان بیرخستنەوەی مێژوو و پیاوانی رابردووە، کە ئەزیەت و ماندووبوونێکی زۆریان کێشاوە تاکو ئێمە بەم هەموو ناز و نیعمەتەی ئازادی و خۆشبەختییە بگە ین... کە هەریەکەو بەگوێرەی توانا و تاقەتی خۆی بەشداریی تێدا کرد و ئەسپی خۆیان تاودا. مامۆستا عەبدوللا زێباری باسی گوندەکەی خۆی (بیاوی) ناحیەی زێباری سەر بەقەزای ئاکرێ بۆ کردم، کە لەساڵی ١٩٢٠ لەو گوندە لەدایك بووە. سەرە تا دایك و باوکی دەینێرنە حوجرە، دواتر دەینێرنە قوتابخانەی ڕەسمی لە ئاکرێ، پاشان لە شاری مووسڵدا وەك قوتابییەکی سەرکەوتوو لە زانستە ئایینییەکان وەردە گیرێت، ئەوکات فیکری نەتەوەپەروەری، بەشێوەی سەرەتایی لە خەیاڵیدا دەژیت، بە کەشوهەوای گوند و شارەکەی (ئاکرێ) کاریگەر دەبێت و گوێی لەهەواڵی جووڵانەوە ی بارزان دەبێت، کە لەگەڵ گوندەکەیدا هاوسنوور بووە... ئەودەم تەمەنی لە پانزە ساڵ تێنەپەڕیوە... ئەو کاتەی دەچێتە مووسڵ سەرەتای چلەکانە، سەرەتا دەچێتە مزگەوتی گەورە، پاشان دەچێتە قوتابخانەی (فەیسەڵی) کە سەر بە ئەوقاف بووە، لە وێ هەموو لقەکانی خوێندنی ئایینی دەخوێندرێن... ئەو کات لەسەر دەستی خوالێخۆشبووان عەونی یوسف (دادوەر لەدادگای مووسڵ)، پزیشکی سەربازی جە عفەر محەمەد کریم، لەگەڵ بیست و پێنج قوتابی دیکەی کورد پەیوەندی بەحزبی هیواوە دەکەن ... ئەمە سەرەتای قۆناغی یەکەمی دەبێت لە چوونە ناو ژیانی سیاسی، بیر و ئەندێشەی نەتەوەیی لەلا ڕوون دەبێتەوە و لەسەر دەستی ئەو دوو مامۆستایە (عەونی و جەعفەر) وانە سەرەتاییەکانی نیشتمانپەروەری دەخوێنێ. نزیکەی چوار ساڵ لە مووسڵ دەمێنێتەوە، دواتر ڕوو لە میسر دەکات و هەلی تە واوکردنی خوێندنی لە زانکۆی ئەزهەری شاری قاهیرە بۆ دەڕەخسێت، خوالێخۆشبوو (مستەفا سابونچی)یش تێچووی خوێندنەکەی دەگرێتە ئەستۆ... لە چوونی بۆ ئەم زانکۆیە هیچ دوودڵ نابێت و لەگەڵ شەش قوتابی، کە چواریان عەرەب بوون و

دووشیان کورد بوون، یەکەم: مامۆستا عەبدوللا نەقشبەندی، دووەم عەبدوللا زێباری... لەویٚ بەپێی پێویست دابەشی سەر بەشەکانی ئەو زانکۆیە دەکرێن، ئەو کۆلیژی شەریعەی پیٚ دەبڕێت... گەشتی خوێندنی لە ئەزهەر هەشت سالٚ دەخایە نێت....

کاتیك وەك گەنجێکی بیست و پێنج سالاٚن لە گوندێکی زێباری شاری مووسلٚ دە چێتە قاهیرە، گۆڕانێکی دیکە لە فکریدا روودەدات... ئەو خۆی بە دیمەنە جوان و دلٚبەرەکانی شاری قاهیرەوە ناگرێت، بەلٚکوو سۆراغی ئەو کەسە دەکات، کە لە مووسلٚ مامۆستا عەونی یوسف بەگوێدا دەچرپێنێت... ئەویش مامۆستا محەمەد عەلی عە ونییە...لێرەدا مامۆستا زێباری باسی چۆنێتیی دروستبوونی پەیوەندی لەگەلٚ مامۆستا محەمەد عەلی عەونیی زانا دەکات و دەلٚێت: "دوای ئەوەی لە ئەزهەر لەنگە رمان گرت و بەسەر کۆلیژەکاندا دابەشبووین، ئێمەی قوتابییانی کورد، لەویٚ شێخێکی بەویقار و زانایەکی گەورەی ئەزهەرمان ناسی، ئەویش مامۆستا (عومەر وەجدی) بوو، یەك لە هەلٚکەوتووە کوردەکان بوو، لە شاری ماردینی تورکیا لەدایك بووە... مرۆڤێکی هەتا بلٚێی سادە بوو، بەیداخی زانستە ئاینییەکانی هەلٚگرتبوو، شانازیی بەکوردایەتیی خۆیەوە دەکرد... رۆژێك باسی محەمەد عەلی عەونیی کرد، کاتێك ناوەکەیمان بیست داوامان لە مامۆستا عومەر وەجدی کرد دیدارێکمان لەگە لٚیدا بۆ ساز بکات، چونکە ئێمەی قوتابییانی کورد بۆ دیدەنیی ئەو لە پۆلٚۆ گە رمترین... بەهەرحالٚێك بوو توانیمان مامۆستا عومەر قایل بکەین دیدارەکەمان بۆ ڕێك بخات... بەلٚێنی دا کە لە رۆژێکی پشوودا ئەو دیدارەمان بۆ رێك بخات... دیدارەکە رێککەوتی ڕۆژی هەینیی کرد، مامۆستا عەونی لە یەکێك لە گەڕەکە دێرینەکانی قاهیرە بوو، کاتێك چووینە مالٚەکەی شێخێکی بەدلە لەبەر و تەڕبووش لەسەر و هێژا پێشوازیی لیٚ کردین و بەرە و ژووری میوانان بردینی، کاتێك تاسەو تامەزرۆیی ئێمە ی زانی، گوتی: " سلاٚو قوتابییانی کورد، زۆر دلٚخۆشم کە پێشوازی لە قوتابیانی کورد دەکەم، کوردەکان لە هەموو شتێك بێبەش بوون... دلٚخۆش و شادم پێتان چونکە ئێوە و قوتابییانی دیکەی کورد کە بەر لە ئێوە هاتوون، عەودالٚی زانست و زانیارین... رۆژێك لە رۆژان گەلەکەتان لەم زانستانە سوودمەند دەبێت، دەرگەی مالٚی من بۆ ئێوە کراوەتەوە، هەر کاتێك ویستتان وەرن."

مامۆستا محەمەد عەلی عەونی لەساڵی ١٨٩٧ لە شاری (سویرك)ی پارێزگای (دیاربەکر)ی باکووری کوردستان لەدایك بووە، سەرەتایی و ناوەندی لەوێ تەواو کردووە، بۆ شارەزابوون لە زانستە ئایینی و زمانی عەرەبی روو لە میسر دەکات، لە قاهیرە دەسەنگرێتەوە و دەچێتە زانکۆی ئەزهەر... لەوێ نمرەیەکی بەرز بەدەست دەهێنێ... زمانی عەرەبی و فارسی زۆر بە باشی فێر دەبێت، زمانی فەرەنسیشی زانیوە، پێش هەمووشیان زمانی دایك. لەگەڵ بەدرخانییە پێشەنگەکان لە خەبات و تێکۆشاندا بووە. لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (خۆییبوون) بەشداری کردووە... دواتر دە بێتە وەرگێڕی زمانە خۆرهەڵاتییەکان لەوڵاتی میسر. لەگەڵ (فەرەجوللا زەکی کوردی) بڵاوکاری کتێبە ئیسلامییەکان، دانەیەکی چاپکراوی (شەرەفنامە)یان لە رووسیا چنگ دەکەوێت و پێکەوە پێیدا دەچنەوە و پەراوێز و روونکردنەوەی لەسەر دەنووسن... مامۆستا محەمەد عەلی عەونی پێشەکییە فەرەنسییەکە دەکاتە عەرەبی، کە رۆژهەڵاتناسی رووسی (ف. فلیا مینۆف زرنوف) بۆ شەرەفنامەی نووسیوە... لە ساڵی ١٩٣٠ لەسەر ئەرکی مامۆستا فەرەجوللا زەکی کوردی چاپ دەکرێت. مامۆستا محمەد عەلی عەونی سەرلەبەری شەرەفنامە دەکاتە عەرەبی دوای کۆچی دوایی لە ساڵی ١٩٥٨ لە وەزارەتی پەروەردەی میسر چاپ دەکرێت. مامۆستا محەمەد عەلی عە ونی لە/١٩٥٢/٧/ لە شاری قاهیرەماڵئاوایی لە ژیان کردووە و لە تەکیەی شێخ (ماور) لە کێوی موقەتەم ئەسپەردەی خاك دەکرێت.

مامۆستا زێباری ئەو ماوەیەی لە قاهیرە بووە یادەوەریی زۆر لەگەڵ خوالێخۆشبوو محەمەد عەلی عەونی هەبووە، لەگەڵ هاوڕێکانی مانگانە دووجار سە ردانیان کردووە. هەموو نەورۆزانیش ئامادەباشی بۆ ئەو بۆنەیە دەکرد و داوەتنامەی بۆ ناردوون کە لەماڵی ئەوان ئامادەبن... لەو ڕۆژدا ئێوارە زیافەتێکی خۆشی بۆ دە کردن و بیست و پێنج قوتابی نان دەدا... هەر لەو ئێوارەیە باسی نەورۆز و ئاهەنگەکە ی دەکرد... ئەو، کەسێکی بە شەهامەت و بەعیزەت بوو، هەتا سەر ئێسقان کورد بوو. مامۆستا زێباری دەیگوت:" جارێك دیوانی (جگەرخوێن)م بەلاتینی پێشکەش کرد، کاتێك لێکی کردەوە و بینی دیوانێك بەزمانی کوردی چاپ کراوە، دەستی کرد بە گریان."کەڕەتێکی دیکە لە وەختی ئاهەنگێرانی نەورۆز، کە زۆر بە تاسەوە بوون بۆ یادکردنەوەی ئەو بۆنەیە، (عیسام)ی کوڕی هات و گوتی: "باوکم داوای چاوپۆشی دە

کات و بەداخە، کە بەیانی بەهۆی کۆچی دوایی (دایکی عیسام) ناتوانێ ئاهەنگی نە ورۆز بگێڕێت، داوای کرد ئاهەنگەکە لە شوێنکی دیکە بگێڕن، هەروەها داوای کرد سبەی لە پرسەی فاتیحە خوێندن بۆ رۆحی هاوژینەکەی ئامادەبن."

مامۆستا زێباری باسی ئەوەی کرد، کە مامۆستا محەمەد عەلی عەونی سوور بوو لەسەر ئەوەی لەوێ درێژە بەخوێندن بدەم... جارێك گوتی: "کاتێك لەساڵی ١٩٤٧ لە کۆلیژی ئەزهەر خوێندم تەواو کرد، مامۆستا محەمەد عەلی عەونی زانی کە دەمەوێ بگەڕێمەوە عێراق، چونکە بەهۆی خراپیی باری ماددیم ناتوانم ماستەر بەدەست بهێنم، ماوەی هاتنەکەشم کە لەسەر تێچووی ماددی سابوونچی بوو، تەواو بووە... مامۆستا عەونی گوتی من خەرجی خوێندنەکەت دەکێشم بڕۆ ماستەرەکەت بخوێنە... لەگەڵ یەك لە دەوڵەمەندە نیشتمانپەروەرەکانی سلێمانی رێککەوت، کەیەك لە دە مڕاستەکانی سلێمانی بوو بەناوی عەلی کەمال تێچووی خەرجییەکەی خوێندنی منی گرتە ئەستۆ... خوالێخۆشبوو عەلی کەمال هاوکاریی قوتابییانی دەکرد بۆئەوەی خوێندن تەواو بکەن... بەم چەشنە مامۆستا زێباری دوو ساڵی دیکەش درێژە بە خوێندن دەدات و بڕوانامەی ماستەر لەساڵی ١٩٥٠ بەدەست دەهێنێ.

مامۆستا زێباری لە دۆزی گەلەکەی زۆر دوورنەکەوتۆتەوە، سەرەتا دەبێتە ئە ندامی حزبی هیوا کە خودان ئامانجی نەتەوەیی و رزگاریخوازی بووە، ئەمە پێش ئە وەی بچێتە قاهیرە، ئەم بیروبۆچوونانەی بۆ ئەزهەریش بردووە، ئەمەیش دەبێتە مایە ی سەرئێشە و گرفت بۆی... تەنانەت لە قۆناغی دووی کۆلیژ گەیوەتە لێواری فە سڵکردن، بەڵام بە هەوڵ و کۆششی خێرومەندان و مامۆستا محەمەد عەلی عەونی، گە ڕاوەتەوە سەر خوێندن.

مامۆستا زێباری هاتە سەر وێستگەیەکی دیکەی یادداشتەکانی و گوتی: "کاتێك هەواڵی لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرە کوردەکەم پێگەیشت، هەموو دڵ و گیانمان کە وتە لەرزە، هاوڕێکانم ئەوپەڕی دڵتەنگ و نیگەران بوون... هاتین لەنێو خۆمان تاوتوێی بابەتەکەمان کرد، ئاخۆ چۆن و بە چ شێوەیەك لەم غوربەت و غەریبیەدا دوور لە نیشتمانی خۆمان هەست و سۆزی خۆمان بۆ ئەو چوار ئەفسەرە دەربڕین... دواتر گەیشتینە ئەو قەناعەتەی سەردانی حەسەن بەننای ڕێبەری (ئیخوان موسلیمین) لە میسر بکەین، ئاخر پێشتر لەڕێگەی محەمەد مەحموود سەواف، ناسیبوومان... بەڵام

ئەو کەڕەتە بۆ سەردانی حەسەن بەننا، سەرکەوتوو نەبووین... بەڵام توانیمان پێوە ندی بەکۆمەڵەی بەنناوە بکەین و مەسەلەی لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرە کوردەکە و چەوسانەوەی کورد لەلایەن رژێمی پاشایەتی عێراقیان بۆ شیبکەینەوە. داوامان لێکردن سەرکۆنەی ئەو تاوانە بکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کۆمەڵەکە لە کۆشکی پاشایە تییەوە یارمەتی دەدران، کۆشکیش لە ئینگلیزەوە دژ بەحزبی (الوفد) هاوکاری دەکرا، کە دوژمنایەتی خۆی دژ بە ئینگلیز ڕاگەیاندبوو، هەموو هەوڵەکانمان سەریان نەگرت... ناچار پەنامان بۆ کۆمەڵەی گەنجانی ئەوسای مەسیحی برد، کە سەلامە مووسا سەرۆکایەتی دەکرد... سەلامە مووسا لەحاڵ و مەسەلەکە تێگەیشت، ئاخر خۆشی کەسێکی دیموکراتخواز بوو، ڕێزی هەستی گەنجانی کوردی دەگرت. مامۆستا زێباری گوتی: کاتێك داوامان لە بەڕێزیان کرد وتارێك لەبارەی مەسەلەی لەسێدارە دانی چوار ئەفسەرە کوردەکە بنووسێت بیرۆکەکەی پێ جوان بوو و هاوسۆزی خۆی نیشان دا، دوای چەند ڕۆژێك وتارێکی دوورودرێژی لە بارەی بەرگریکردن لە کورد و دۆزەکەیان نووسی و لە رۆژنامەی (المقطم) بلاوکردەوە. ئە مەوای لێکردن سەردانی بەرپرسانی ڕۆژنامەی (میسری) حزبی (وەفد) بکەن، بۆئەوەی وەك ڕۆژنامەی (المقطم) بابەتێك بلاوبکەنەوە ... دەستەی نووسینی (ڕۆژنامەنووسی میسری) وەلامی داواکەی ئێمەی قوتابییانی کوردیان دایەوە، لە یەکێك لە ژمارەکانی وتارێکی بەناوی (گەلێك لەژێر سێبەری قنارە ژیان بەسەر دەبات) نووسی. ئەو کۆمەڵە قوتابییە کوردە بەس تە نیا بەمە دڵیان ئاوی نەخواردەوە، بەڵکوو چەندان ڕێگەی تریان گرتە بەر، بەلام جارێك دەستیان بە رووەوە دەنێن و جارێکیش ڕێگە نادەن پێیان بگەن. وەلامی ئەوانەی داواکەیان رەت دەکردەوە، بەر مەبنای پەیوەندیی نێوان میسر و سوودان بوو بەر لەوە ی سوودان سەربەخۆیی وەربگرێت... چونکە مەترسییەکی زۆر هەبوو کە مەسەلەی کورد بە نەزعەی سوودانییەکان ببەسترێتەوە لە جوودا بوونەوەیان لە میسر!

بەم جۆرە مامۆستا زێباری حیکایەتی ژیانی خۆی لە بارەی بەسەربردنی ئەو ماوە یە دەگێڕیتەوە کە لەپایتەختی میسر بەسەری بردووە، وەك قوتابی زانستەکانی شە ریعە دەچێتە میسر و بڕوانامەی ماستەر لە شەریعە دەگەڕێتەوە عێراق. لە ساڵی ١٩٥١... پێشنیازی بۆ دەکەن، کە لە یەکێك لە قوتابخانەکانی بەغدا وانە بڵێتەوە، بە لام ئەو سوور دەبێت لەسەر ئەوەی تەنیا لە دهۆك وانە بڵێتەوە، چونکە وەك خۆی

گوتی: "شاری دهۆك و قوتابییەكانی لە دڵ و هەستی مندا ئازیز و خۆشەویستن."
دوای پێداگیرییەكی زۆر لە یەكێك لەقوتابخانەكانی ناوەندی دهۆك دادەمزرێت، هاوكات لەخانەی مامۆستایانی ریفیش كە ئەودەم هەبووە وانە دەڵێتەوە. لەگەڵ مامۆستاكانی دیكە بیری نەتەوەیی كورد لەنێو قوتابییان و خزم و خۆیشی خۆی بڵاودەكاتەوە، چەندان دروشم لەدیوار هەڵدەواسن، ئەمەش وا دەكات كۆمەڵێك خەڵك رقیان لە دەسەڵات ببێتەوە و دژی بووەستنەوە...هەر لەسەر ئەم جۆرە رەفتارانەی دوای ساڵێك فەرمانی گواستنەوەی بۆ قەزای بەدرەی سەر بەلیوای كوت بۆ دەردە چێت... هەرچەند هەوڵ دەدا بگەڕێتەوە دهۆك و بەرپرسان ڕازی بكات بۆ گەڕانەوەی بەڵام سەركەوتوو نابێت. ماوەی سێ ساڵ (١٩٥٢-١٩٥٤) لە بەدرە دەمێنێتەوە، كە ئە وێ بە شوێنی دوورخراوان ناوی دەركردبوو... دەسەڵاتداران وەك ئامرازێك بۆ تۆڵە سەندنەوە لەو كەسانەی بیری (نەتەوەیی و نیشتمانی)یان هەڵگرتووە. زێباری ناتوانێ (حەسەن دوجەیلی) قایل بكات، كە لە ئەزهەر ناسیویەتی. حەسەن دوجەیلی سەرەتا لە پاشكۆی ڕۆشنبیری باڵیۆزی عێراقی دەبێت لە میسر، دواتر دەكرێتە وە زیری پەروەردەی عێراق، یەك لە نەتەوەیی هەرە دڵ بەكینەكان بووە بەرامبەر بە گەلی كورد. كاتێك زێباری دەچێتە لای، تەنیا پێی دەڵێت: "ئەوێ بۆ تۆ باشترە." دواتر زێباری دەچێتە لای مامۆستا مەلا عەلائەدینی سوجادیی هاوڕێی، حاڵ و مەسەلەی گواستنەوەی خۆی تێدەگەیەنێ، بەو ئومێدەی هاوكاریی بكات... مامۆستا سوجادیش بۆ لای مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداخی دەینێریت، كە ئەوكات موفەتیشی پەروەردە دەبێت. ئەویش نێوەندگیری بابەتەكە دەكات و لە هەوڵەكانی سەركەوتوو دەبێت... ئیتر مامۆستا زێباری لەساڵی ١٩٥٤ بۆ سلێمانی دەگوازرێتەوە. بۆ ئەو شارەی، كە ناوی بە نیشتمانپەروەری دەركردووە... زێباری چێژ لە جوانیی شارەكە و سروشتی خەڵكەكەی و كەشوهەوا سیاسییەكەی وەردەگرێت، هەموو ئەوانە بۆ ئۆقرەگرتنی لایە نی دەروونی هاوكاری دەكەن.

دوای مانەوەی چەند مانگێك لە سلێمانی، جەمال شاڵی پەیوەندیی پێوە دەكات بۆ ئەوەی بێتە ناو پارتی، مامۆستا زێباری لەو بارەیەوە دەڵێت: "پارتی لای من غە ریب نەبوو، هەر لەو كاتەی لەساڵی ١٩٥١ لە میسر بۆ عێراق گەڕامەوە، لەگەڵ ئەو حزبەدا دەژیام... من پێشوازیم لە بیرۆكەكە كرد و ئامادەیی خۆم بۆ ئەو حزبە دەربڕی

که بارزانی دامەزرێنەر و سەرۆکی بووە... بەر لە دروستبوونی پارتی ناوی بارزانی کەوتبووە دڵ و هەستی ئێمە... هەر بۆیە لە یەکەم چرکەساتی داواکارییەکە رازیبوونی خۆم ڕاگەیاند. تاکوو بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە ریزە کانی ئەو حزبەدا ئەندام بووم. دواتر لەگەڵ خوالێخۆشبوو ئەنوەر توفق بووم بە پشکنەری لێژنەی خۆجێی سلێمانی... ئەودەم کێبڕکێ و رکەبەرایەتیی نێوان پارتی و حزبی شیوعی لەوپەری توندی دا بوو، ئاخر هیچ ئاراستەیەکی دیکە لە ئارادا نە بوو... بەڵام ئامانجێك هەموومانی کۆدەکردەوە ئەویش خەبات و تێکۆشان بوو دژ بە رژێمی پاشایەتی... لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز کاری سیاسی بە ئاشکرا دەکات، چەند ساڵێکی سەرەتایی ئەم شۆڕشە دەرفەتی کارکردن و چالاکیی سیاسی لە بەردەم هەمووان والا کردبوو... پارتیش بنکەیەکی بەرفراوانی خەڵکی هە بوو، توانیبووی خەڵکێکی زۆر بۆ لای خۆی کەمەندکێش بکات، بەڵام بەداخەوە چالاکی سیاسی بەردەوام نەبوو، شۆڕش لە رێڕەوی خۆی ترازا و چالاکی بەکرێگراو و خۆفرۆشان زیاد بوو... پارتی جگە لە کاری نهێنی، هیچ رێگەیەکی دیکەی لەبەردەم نەما، کەشێکی ناخۆش و نالەبار هاتە پێشەوە. لە رێگەی لێژنەی خۆجێی راسپێردرام بۆ ناوچەی خەلەکان بچم، کە خەڵکی عەشایری چەکدار لەوێ کۆدەبوونەوە، منیش لە رۆژی ١٩٦١/٩/٧ چوومە خەلەکان و دیدەنی خوالێخۆشبووان عەباس مامەنداغا سەرۆکی عەشیرەتی ئاکۆ، شێخ حوسێن بۆسکێنی دەمڕاستی ناوچەکەم کرد و بەنێهنی لەگەڵیاندا ئاشنا بووم... کەشوهەوای سیاسی ئەوێم بەدڵ نەبوو... گەڕامەوە سلێمانی، لەڕۆژی ١٩٦١/٩/٨ چوومە دەربەندی بازیان کۆمەڵێکی دیکەی چەکدار لەوێ بوون، ڕۆژی دواتر لەگەڵ کۆمەڵێك چەکدار چووینە کێوی ئەزمەڕ، لەوێ لە بارەی کاروباری حزب و شۆڕش و وەرگرتنی هەڵوێستێکی مە یدانی کۆبووینەوە، ئاخر بارودۆخەکە بەهۆی جووڵەی کەرتە سەربازییەکان و پۆلیسی پیادەڕۆ هەتا دەهات بەرەو خراپتر دەچوو، ئێمەش وەك شانەی مێشهەنگوین کارمان دەکرد و شەو و ڕۆژمان لێك گرێدا بوو، بارەکەش بەرە و هەڵکشان و ئاڵۆزی دەچوو... لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ لەلایەن دامودەزگای پۆلیس بە تۆمەتی ئاژاوەنانەوە و هاندان دژ بە حکوومەتی ئەوسا لە شاری سلێمانی دە ستگیرکرام، دوو مانگ لە گرتووخانە مامەوە... کاتێك هیچ شتێکم بەسەردا نەسەپا،

ئازادکرام، دوای مانگێك لەلایەن هەمان دامودەزگاوە دەستگیر کرامەوە...سێ مانگی دیکەش مامەوە... شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بە سەرۆکایەتیی بارزانی هەڵگیرسا... لە ڕێگەی ئەو پۆلیسانەی چووبوونە ریزی پارتی هەواڵ و دەنگوباسمان دەزانی.. وە ختێك سەر لە نوێ ئازاد کرامەوە، گواستمیانەوە بۆ شاری کوت، پێش من زۆر لە برایانی کورد بۆ ئەوێ برابوون... خۆشبەختانە مامۆستا مستەفا نەریمانم بینی، توانیمان پەیوەندی بە برایانی دوورخراوە بکەین.. هەر لەوێش شانەیەکی حزبیمان دانا. لەگەڵ خوالێخۆشبوو مستەفا نەریمان بەنۆرە ناوەندی بەرپرسیاریەتی کوت، ناسریە، بەسرە، عمارەمان وەرگرت.

نزیکەی سێ ساڵمان لە ناوچەی ناوەڕاستی عێراق دوور لە خاکی باوك و باپیران (کوردستان) بەسەر برد، هەڵبەت من بەفەرمانی کارگێڕی و سیاسی دوورخرامەوە... راستییەکەی سالانێکی زۆر سەخت بوون، بەڵام هاوکات ئەرێنیش بوون لە ژیانمدا ... ناخۆشییەکەی لە وەدا بوو لە کوردستان دوور بووین و بەزەحمەت هەواڵی شۆڕشمان دەست دەکەوت... هاوڕێیان گەلێك جار ناچار دەبوون سەفەری بەغدا بکەن و لە ڕێی هاوڕێیانی پێشکەوتووی دی هەواڵ و دەنگوباسی شۆرش وەربگرن. ئەودەم ڕادیۆی دەنگی کوردستان–عێراق، پەخشەکەی تەنیا سی کیلۆمەتر بڕ دەکرد. لایەنی ئە رێنیشی ئەوەبوو لەوێ دەیان بگرە سەدان کوردی فەرمانبەری دەوڵەت لەوێ لە دەرە وەی سنووری کوردستان لە رێکخستنی حزبیدا کۆ بوونەوە، ئەڵقە و دانیشتنی هاوڕێیەتی و شانەی حزبیمان پێکهێنابوو... ئەم دانیشتن و ئەڵقەگرتنە ببوون بە ناوە ندی ئاڵوگۆڕی زانیاری و هەواڵ و چالاکییەکانی پێشمەرگە و ناوچە ئازادکراوەکان. بەم چەشنە دۆخەکە بەردەوام بوو تاکوو درزێك لە جەستەی شۆڕش و پارتی درووستبوو، هەڵبەت ئەمەش دوابەدوای گەیشتن بە رێککەوتنێك بۆ وەستانی شەڕ لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد (بارزانی) و حکوومەتی موشیر عەبدولسەلام عارف لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤.

مامۆستا زێباری باسی ئەو کاتەمان بۆ دەکات و دەڵێت:" لەساڵی ١٩٦٤ کاتێك دوولەت بوون لەنێو پارتیدا ڕووی دا، من لەشاری کوت بووم... ئەم رووداوە سەرەتا بۆ هەمووومان ناخۆش و بەسوێ بوو، بەتایبەتی ئێمە، کە لە غوربەت و غەریبیدا ژیانمان بەسەر دەبرد و هەموو ئومێد و هیوایەکمان شۆڕش و دەستگرتن بوو بەسە

رکردایەتی شۆڕش بە سەرۆکایەتیی بارزانی... بەڵام وەك ئاشکرایە بەرژەوەندی خودیەتی رۆڵی خۆی وازی کرد. بەرپرسێکی حزبی لە بەغدا داوای کرد بچم لە کۆنفرانسی (ماوەت) ئامادەبم، منیش هیچ زانیارییەکم لەو بارەوە نەبوو... دوای برووسکەی مامۆستا عەلی شنگالی کە تێیدا هاتبوو: "بەهۆی نەخۆشی دژواری براکە ت داوات لێ دەکەین بچیتەوە سلێمانی." سەرەتا لە کۆنفرانسی ناوبراودا بەشداریم کرد، بەڵام دواتر بەهۆی گەرمبوونی مەجلیسی کۆنفرانس بە گفتوگۆی قووڵ پێشنیازەکانی من ڕەتکرانەوە و لە کۆنفرانس وەدەر نرام... دواتر گەڕامەوە بەغدا، لە وێ شەهید ساڵح یوسفیم بینی، لە بەڕێوەچوونی ئەو ئاراستەیە لەلایەن هەندێك سە رکردایەتی حزب، زۆر تووڕە بوو. داوای لێ کردم بچمە لای مامۆستا فواد عارف و باسەکەی بۆ شیبکەمەوە، بەو ئومێدەی هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ و درزەکە کەم بکاتەوە. دەمەو عەسرێك لەگەڵ سەیدا یوسفی چووینە سەردانی مامۆستا فواد عارف، ئەوەی لە هەگبەمدا هەبوو هەڵمڕشت. من و سەیدا ساڵح یوسفی پێشنیازی ئە وەمان بۆ کرد سەردانێکی کوردستان بکات و هەموو هەوڵەکانی بۆ بچووك کردنەوە و هێورکردنەوەی ئەو دۆخە بخاتە گەڕ، چونکە هێشتا جەنابیان لای هەموویان رێزی لێ دەگریت، بەڵام ئەو پێشنیازەی ڕەتکردەوە و گوتی: "من ئێستا لەژێر چاودێری دام و ناتوانم سەفەری کوردستان بکەم."

"دوای ئەوەی لە شوباتی ساڵی ١٩٦٤ ئاگربەست ڕاگەیەنرا، کەشوهەوای سیاسی بۆ گەڕانەوە کوردستان لەبار بوو، دوای نێوەندگیری و داواکاری ئەو دوو برایەی پارتی لە حکوومەت فەرمانی گواستنەوەم دووبارە بۆ سلێمانی دەرچوو... دوای ئەوە ی گەڕامەوە، ڕێکەوڕاست پەیوەندیم بەبرادەرانی پارتییەوەکرد."

چونکە مامۆستا زێباری لە ناوەندەکانی پارتی کەسێکی ناسراو بووە، بەهۆی پەیوەندیی پێشینەی لە ساڵانی ١٩٥٧-١٩٦١، لە لایەکی دیکەیش ئەو لە رێکخستنە کانی کوت باوەڕپێکراو بووە و یەك لە بەرپرسانی ڕێکخستن بوو... هەموو ئەوانە وایان کرد ئەو وەك ئەندامی لیژنەی خۆجێی سلێمانی وەربگیرێت. دوای ئەو شوێنە وارەی بەهۆی دوولەتبوونەوە دروست بوو، هەموو هەوڵ و وەزیەکی خۆی بۆ بەهێزکردنی پارتی و ڕێکخستنەکانی دەگرێتەبەر... بەڵام وەك ئاشکرایە حکوومەتی موشیر عارف عەبدولسەلام عارف لە بەڵێنەکانی پاشگەز بوویەوە و داواکارییەکانی گە

لی کوردی جێبەجیٚ نەکردن، وردەوردە ئاڵۆزی و گرژی سەری هەڵدا، لەم سەروبەندە شدا مامۆستا زێباری جارێکی دیکەلەڕێکەوتی ١٩٦٥/٤/٤ ل ەشاری سلێمانی ماوەی ساڵێك دەستگیرکرا، وەك تۆڵەسەندنەوەیەك مووچەی لیٚ دەبڕن و حەواڵەی دادگای سەربازی دەکرێت، کە بارەگاکەی لەشاری کەرکووك دەبێت... ڕۆژێك بەر لە دادگاییە کە پارێزەرەکەی داوای لیٚ دەکات واز لە حزب و سیاسەت بهێنێت تاکو لە بەرامبەردا ئازاد بکرێت، بەڵام زێباری ئەم جۆرە پێشنیازە بە جۆرێك لە سووکایەتی دەزانیٚ... لە رۆژی دادگاییکردنیش هیچ شتێکی لەسەر ناسەپێت، بەڵام دادگای سەربازی وەك پیشەی هەمیشەی ناتوانیٚ  تۆمەتبارێك ئازاد بکات کە حەواڵەیان کردووە، دەبیٚ شتێك بکات یان بڕیارێك لەسەر تاوانبارکردنی دەربکات...بەهەرحاڵ، شەش مانگی دی حەپس دەکرێت پاشان دەگوازرێتەوە بۆ سەربازگەی (تاجی) لەوێش دووبارە لەدە ستەیەکی تری سەربازی دادگایی دەکرێتەوە، بەڵام ئەو کەڕەتە لەکاتی دادگاییکردن (عەلی سلێمان بیجان) ئیعتیراڤ لەسەر دەکات، بەڵام زێباری تۆمەتەکە رەت دەکاتەوە، بەڵام ئەمە فریای ناکەوێت و هەشت مانگی دی لە زیندان دەیهێڵنەوە.. هەموو سووکایەتی و سزادانێکی جەستەیەیی دەبینیٚ، بەڵام هاوسەنگیی خۆی تێکنادات و عەزیمەت و ورەی پۆڵاییی ناڕووخێت... ئاخر قارەمانی و پۆڵایینەکەی لە شۆڕشی کورد و بارزانی وەرگرتبوو. دوای ئەوەی شۆڕشی کورد لەگەڵ حکوومەتی خوالێخۆشبوو د. عەبدولڕەحمان بەزاز لە حوزەیرانی ١٩٦٦ گەیشتنە رێککەوتن کۆمە ڵێك زیندانی پارتی و شۆرشی کورد ئازاد کران، مامۆستا زێباریش یەك لەو کەسانە دەبێت... بڕیاری گەڕانەوە بۆ وەزیفەکەی پێشووشی دەدریٚ. هەر کە دەگەڕێتەوە سلێمانی دیسان پەیوەندی بە پارتییەوە دەکات. دوای تەنیا چەند هەفتەیەك بڕیارێکی دیکە لە وەزارەتی (مەعاریف– پەروەردە) دەردەچێت و بۆ ناحیەی (مشخاب)ی لیوای دیوانیە دەگوازرێتەوە. ئەو ناحیەیە لە سادەترین پێویستی و پێداویستی ژیان بیٚ بەش بووە، بۆیە ناتوانیٚ لەویٚ بەردەوام بێت، ناچار دەبێت لەگە لٚ کۆمەڵێك مامۆستای عێراقی بۆ وانە گوتنەوە ڕوو لە سعودیە بکەن، لەویٚ هەست بە جۆرێك لە ئاسودەیی دەکات، بەڵام سۆز و خۆشەویستی بۆ کوردستان ئاسودەیەکی لیٚ تێك دەدەن... دوای ماوەیەکی کەم سۆز و پەرۆشی خۆی بۆ کوردستان بەناسین و

بەهێزکردنی دۆستایەتی دەستەیەك لە مامۆستایانی کورد، کە لەوێ هەن قەرەبوو دە کاتەوە، لەکاتی بۆنەو پشووەکاندا لەگەڵیاندا دیدار دەبەستێت.

ئەم گەشتەش سێ ساڵ دەخایەنێت، هەموو بایەخ و گرنگیدانەکەی دەبێتە سۆراغی هەواڵەکانی نیشتمان و شۆڕش لە رادیۆکان، کە زۆر بە دەگمەنی هەواڵێك لێرە و لەوێ دەبیستێت... بەڵام بەسەروسەلیقەی خۆی دەگاتە جۆرێك لە هەقیقەت. دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی ١١/ئازاری ١٩٧٠ نێوان بارزانی و حکوومەتی عێراقی لە رادیۆی عێراقی، زۆر شاد و دڵخۆش دەبێت، کەڵکەڵەی گەڕانەوەی دەکەوێتە کەللە. لە ماڵی خۆی لەگەڵ کۆمەڵێك مامۆستا و خوالێخۆشبوو نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا-کە دواتر لە هەرێمی کوردستان بوو بەئەندام پەرلەمان- کۆدەبێتەوە، باس لە چۆنیەتی گەڕانەوە و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست لەگەڵ پەروەردەی سعودیە دەکەن، دواتر لە سەر داوای خۆی بۆ شاری هەولێر دەگوازرێتەوە. زێباری بە ئامادەبوونی عەونی یوسف و دوکتۆر جەعفەر نوێنەرانی حزبی هیوا، باسی سوێندخواردنی خۆی دە کات... کاتێك ساتەکانی یەکەمی سوێندخواردنی خۆی بیرکەوتەوە، کە تا ئێستایش بە دڵسۆزی و پەرۆشی ماوەتەوە، ئەوەشی لەبیر نەچووبوو کە هەندێك کەس بە کۆمە ڵێك پاساوی پووچ و بەتاڵ لە سوێندەکەیان پاشگەزبوونەوە، لە کاتێکدا ئەو خۆی و هاوڕێ تێکۆشەرەکانی: (شەهید ئەسعەد شاهین، سیبغەتوڵڵا مزووری، فەقێ سەعید مەلا عەبدولمحسین برازی) هەتا کۆتایی خوێنگەرم و دڵسۆزانە مانەوە... سڵیان لە دڕك وداڵ و ناسۆری سەر ڕێیان نەکردەوە. زێباری لەو ڕۆژەوەی سوێندی خوارد تا ئەو کاتەی دەچێتەوە بارەگای خودا بۆ گەل و نیشتمانەکەی دڵسۆز و پەرۆش دەبێت.

دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە هەولێر، هەست بە دڵئارامی و ئۆقرەییەکی بێوێنە دە کات... دوای ئەوەی خەڵکی کوردستان بەدەم داخوازییەکانی پارتییەوە دەچن، جارێکی دیکەش زێباری دەچێتەوە ئەو قوتابخانەی لێی پەروەردە بووە، وەك شۆڕشگێرێك لە ئازاری ١٩٧٤ ژیانی شۆڕشگێری بەسەر کێوەکانەوە بەسەر هەموو ژیانێکی دیکە هەڵدەبژێرێت. لە ئەمانەتی گشتی ئەوقاف دەبێتە جێگری دادگای تێهە ڵچوونەوەی شەرعی، مەلا حەمزەیش سەرۆکی دادگای ناوبراو دەبێت لە ناوچە ئازادکراوەکان لە بابەکراوەی نزیك دەربەند رایات.

سەرەتای ئازاری ساڵی ١٩٧٤ تا ساڵی ١٩٧٥ زێباری شایەتی پاڵەوانیەتی پێشمەرگە دەبێت، کە بە چەکێکی نا هاوسەنگ لەگەڵ دوژمندا شەڕی مان و نەمان دە کات، دوژمنێك وشك و تەڕ لێك هاوێر ناکات. زێباری باسی خەبات و کۆششەکانی بە ڕێوەبەرایەتی ئەوسای کورد دەکات لەنێو زەحمەت و ئاگربارانی تۆپ و تەیارە، کە چۆن قوتابخانەیان بۆ ئاوارەکان کردۆتەوە و دادگایان دامەزراندووە، چۆن ڕێزی دیل و گیراوەکانیان گرتووە، چۆن فەرمانگە و میلاکاتی وەزیفییان ڕێکخستووە و ڕاگە یاندنیان بەشێوەکی باش بەگەڕ خستووە. دواتر بە خەم و پەژارەوە باسی کۆتاییە تراژیدییەکەی شۆڕشی کورد و کوردستانی دەکرد، کە چۆن چەندان تەوژمی خۆراوا و خۆرهەڵات بەشدارییان لە پیلانگێرییە نێوخۆییەکەدا دەکەن، لە دواییشدا عێراق (نیشتمانی هاوبەش) زیانبار دەبێت و نیوەی ئاوە هەرێمییەکەی و رووبەرێکی زۆر لە خاکەکەی لە بەرامبەر لەناوبردنی شۆڕشدا لەدەست دەدات، ئەوەیان لەبیر دەچێت، کە شۆڕش بۆ ماوەیەك دەوەستێت، بەڵام کۆتایی نایەت. بەم چەشنە مامۆستا زێباری لە بارەی شۆڕش و دەستپێکردنەوەی خەبات باسی هاتنە جێی پێشبینییەکەی بارزانی دەکات، کە هەر تەنیا دوای چەند مانگێکی کەم بەسەر نسکۆی شۆڕشدا، بەدی هات.

بەم جۆرە مامۆستا زێباری ژیانی خۆی بۆ ئێمە گێڕایەوە، ئەو کەسەی پڕ بەدڵ نیشتمانەکەی خۆشویستووە و بۆ دۆزەکەی دڵسۆز و لێبڕاو بووە، هەر لەبەر ئەوەیش دوورخراوە تەوە و فەسڵ کراوە و چەندان جار لە زیندانی جۆراوجۆر بەندکراوە. وەك هاووڵاتییەك لە مافە ئاسایی و یاساییەکانی بێبەش کراوە.

کاتێك لە دەرگای دەرەکی باڵەخانەی ڕۆژنامەی (برایەتی) خەریکی بەڕێکردنی بووم – کەتێیدا دیدارەکە بەچەند قۆناغێك لەوێ بەڕێوەچوو– باسی ئەوەی کرد کە دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٤٣ دەچێتە ناو حزبی هیوا، یەکەم جار پەیوەندی بە مە حمووداغای زێبارییەوە دەکات... لقی حزب لە موسڵ داوای لێ دەکات بچێتەلای مە حمووداغای زێباری، بەو مانایەی ئەو لە ناوچەی زێبارەتی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. دوای ڕێگە بڕینێکی سەخت و دژوار، دەچێتە گوندەکەی مەحمووداغا، کە دەکەوێتە پشت کێوێکی بڵند... پێشتر مەحمووداغای نەناسیوە، لەوێ یەکتر دەناسن و داوای لێ دەکات وەك ئەندامێك بێتە نێو حزبی هیوا، یان پشتیوانییان بکات. دوای ئەوەی عەبدوڵڵا زێباری ئامانجەکانی حزب و دۆزی کوردی بەقەناعەتەوە بۆ روون دەکاتەوە،

مەحمووداغا فکرەکە قبووڵ دەکات و دەڵێت: "ئامادەم لەپێناو دۆزی کورددا خۆم بکە مە قوربانی." هەر لەوێ دوو کتێبی گرنگی پێشکەش دەکات، یەکەم: کورد و کوردستانی ئەمین زەکی بەگ. دووەم: لەعەممانەوە بۆ ئامێدی، مامۆستا عەلی سەید گۆرانی.

مامۆستا عەبدوللا زێباری گوتی: "بارزانی و مەحمووداغا لە سەروبەندی شۆڕشی بارزان لەساڵی ١٩٤٥ لێك نزیك بوون، بە شێوەیەکی واقیعی بەشداری لە شۆڕش و جە نگدا کردووە تا ئەو کاتەی بارزانی لە کوردستانی عێراق دەکشێتەوە و پەیوەندی بە کۆماری کورد لە مهابادەوە دەکات هەر بەردەوام دەبێت.

مامۆستا زێباری لە چوارچێوەی ئەو مامۆستایانەدا بووە کە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانیان لە ١٩٦٢/٥/١٥ لە شاری سلێمانی لە ماڵی خوالێخۆشبوو کامل بەسیر دامەزراند. ئاشکراشە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان رۆڵێکی هەرە بە رچاویان لە کۆکردنەوەی یەکێتیی مامۆستایان لە دەوری ئالای شۆڕشی ئەیلوولی مە زن و قوربانیدان لەپێناو دۆزی کورد دا هەبووە.

لە کۆتاییدا مامۆستا زێباری بەسەر دارعەساکەیەوە رۆیشت و ماڵئاوایی کرد. رە نگە جیلی نوێ و سیاسییەکانی ئەم ڕۆژگارە زۆر بە کەمی بیناسن...

لێرەدا وتەیەکی ناودارم بیرکەوتەوە کە دەڵێت: "زاکیرەی گەلان لاوازە." هیوادارم ئێمەی گەلی کورد لە دەرەوەی بازنەی ئەم وتەیە بین. کاتێك بەرامبەر ئەو پێشمەرگە قارەمان و مەرد و رەندە دێرینانە دادەنیشم، لە خۆم دەپرسم: "ئەرێ ئەگەر ئەو خە باتکارانەمان نەبوونایە کە لەپێناو دۆزی رەوای گەلەکەیان هەڕەتی شلکی گەنجیەتیی خۆیان سەرف کرد و ڕۆژێك لە رۆژانیش بیریان لە ماڵ و دەسەلات و ناوبانگ نە کردووە، چیمان دەکرد؟"



**هەولێر-بارەگای رۆژنامەی برایەتی، هاوینی ساڵی ١٩٩٨**

**نووسەر لەگەڵ خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا زێباری**



**میسر-قەناتی خەیریە، ساڵی ١٩٤٥**

**گەشتێکی قوتابییانی نێردەی سابونچی**



**قاهیره ساڵی ١٩٤٨**

**خوالێخۆشبووان عەبدوللا زێباری، حەسەن حاجۆ ئاغا**

**لەگەڵ چەند قوتابییەکی کورد**



## شەهید شهاب التمیمی

**١٩٣٣-٢٠٠٨/٢/٢٧**

## ژیاننامە:

- شەهید (شهاب التمیمی) ساڵی ١٩٣٣ لە قەزای (الشطرة)ی سەر بە پارێزگای (ذي قار-الناصرية) لەدایکبووە لە خێزانێکی بەرێزی ئەم شارە کە تێیدا بە سەدان هونەرمەند و شاعیر و نیشتمانپەروەری تێدا هەڵکەوتووە.

- لە تەمەنی حەوت ساڵی چووەتە قوتابخانە و قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی لە (شطرة) تەواوکردووە.

- لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ لە تەمەنی لاوێتیدا بەشداریی لە راپەڕینی (وثبة) کردووە و لە ئاکامدا زیندانی کراوە و لە ١٩٤٨/٤/٢٨ بە (٤) ساڵ زیندانی حوکم دراوە، سەرەڕای ئەوەی تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر بووە، لەگەڵ دوو ساڵ چاودێری لەلایەن پۆلیسەوە.

- شەهید شەهاب ٦ ساڵی تەمەنی لە حەپسخانەکانی کوت، بەغدا، نوگرە سەلمان، بعقوبە بەسەربردووە.

- کادیرێکی ئازای حزبی شیوعی بووە.

**- دواجار لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی پاشایەتی لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٧ زیندانی کراوە و تاکو بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ کە پاش چەند ڕۆژێك لە ڕوودانی ئازادکراوە.**

**- لە سەردەمی کۆماریشدا (العهد الجمهوري) ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن ڕژێمی بەعس پاش کودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ زیندانی کراوە سەرەڕای ئەشکەنجەدانێکی زۆر تاکو ساڵی ١٩٦٧ لە زیندان ماوەتەوە.**

**- کاری ڕۆژنامەنووسیی لە چەندین ڕۆژنامەی هەمەجۆر کردووە وەکو (الاخبار، التاخي، الثورة، العمل والعمال، الجمهورية، بغداد، صوت الفلاح، الاتحاد، الزوراء... هتد).**

**- بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عیراق هەڵبژێردراوە لە دوو خولی هەمان سەندیکای بە نەقیبی ڕۆژنامەنووسان هەڵبژێردراوە.**

**- خێزاندارە و هاوسەرەکەی ناوی (ايناس الخالص)ـە، پاش شەهیدبوونی هاوسەری کتێبێکی بە ناوی (التميمي الصحفي والمناضل) نووسیوە.**

**- کوڕێکی هەیە ناوی (ربيع)ـە هەمیشە حەزی دەکرد بە ناوی باوکی ڕەبیع (أبو ربيع) بانگ بکرێ.**

**- ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٢٧ لە گەڕەکی وەزیریە لە بەغدا پاش دەرچوونی بە ماوەیەکی کەم لە بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عیراقی لەلایەن دەستێکی چەپەڵی ڕەش تیرۆرکرا.**

**- دۆستی گەلی کورد بوو بە مانای وشە، بڕوا بەخۆ و بە بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی ڕووبەڕووی گەندەڵی و تایفەگەری دەبووەوە.**

**سەرچاوەی زانیاری: تۆڕی ئینتەرنێت و زانیاریی نووسەر.**

**گۆچانەکەی کردەباڵ....**

## شەهاب تەمیمی لە رووێکی دیکەی ئاوێنەدا

## "ئاخۆ دەبێ چی لە رووخسارمان بمێنێتەوە، کاتێ پێکەنین و وێنە و بیرەوەرییەکانمان دەچنە دەریاوە"

**دیداری یەکەم:**

بەر لەوەی یەکتر بناسین، من ناویم بیستبوو... هەڵبەت ئەمەیش لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٢ کاتێك لە بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەی (التاخی) و جمکە کوردییەکەی (برایەتی) بەڕێوەبەر بووم. ڕۆژێك لە هاوینی ١٩٧٣ لە خواردنگەی (زبیدە)ی شەقامی سەعدوونی بەغدای پایتەخت ئەحمەد جزراوی بە شەهاب تەمیمی ناساندم. خواردنگەی ناوبراو لەنهۆمی خوارەوەی باڵەخانەی ئەتڵەس بوو، باڵەخانەکە دوو نهۆم بوو. ئێمە کردبوومان بە بارەگەی رۆژنامەی (التاخی). ئەو ڕۆژە لەبارەی لاوازی بەشداریکردن و ڕۆڵی خۆمان (ڕۆژنامەنووسانی کورد) لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق گفتوگۆمان دەکرد. بەگوزارشی شەهاب تەمیمی (هاوڕێ بەعسییەکان) دە ستیان بەسەر هەموو جومگەکانی دەستەڵاتدا گرتەوە. منیش گوتم:" ئێستا ئەحمەد جزراوی جێگری نەقیبی سەندیکایە، ئاخۆ دەبێ چیمان پێ بکرێت تاکوو زیاتر لەمە ی هەیە کاری تێدا بکەین. "ڕاستییەکەی بارودۆخی ئێمە لە سەندیکا و ڕێکخراوە

پیشەییەکان ئەوسا بەئاییندەی پێوەندی گەلی کورد و شۆڕشی کورد لەگەڵ حزبی بە عس و حکوومەتی عێراقی بەسترابووەوە. پێوەندییەك کەڕۆژێك لەڕۆژان ئارامی و ئۆقرەیی بەخۆوە نەبینی بوو، بەردەوام لە هەڵکشان و داکشان، دڵەڕاوکێ و کرانەوەدا بووە... ئێمە نە لەو پەیوەندییە و نە لە و هاوپەیمانییەی، کە لەکاتی رێککەوتننامەی ١١ئازار ساڵی ١٩٧٠ هاتە کایەوە ئاسوودە نەبووین.

**"دوای سێ دەیەو نیو... لە سێبەری کێوەکانی ئەتڵەس..."**

ئێوارەی هەینی ٢٦/١/ ٢٠٠٧ من و ئە بو رەبیع شەهاب تەمیمی لە هۆڵی ئوتیل (ئەوراس) بەرانبەر زنجیرە کێوەکانی ئەتڵەسی پایتەختی جەزائیر، سەرگەرمی قسە کردن بووین. نیوەی شەو ئەو گفتوگۆیەم بیرخستەوە کە لەخواردنگەی (زبێدە) بەر لە سێ دەیە و نیو لە بارەی کاری سەندیکایی و تێبینییەکانی لەبارەی لاوازی بەشداریکردنی کورد لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە عێراق خستنیە ڕوو. ئەو کات (سەعد قاسم حەموودی) نەقیبی رۆژنامەنووسانی عیراقی بوو... سەرەتا بیری نەکە وتەوە، بەڵام کاتێك باسی شەڕەقسەی خۆی و یووسف سائیغی شاعیرم بیرخستەوە، کە ئەبو رەبیع قسەیەکی سووکی بەیووسفی شاعیر گوت، یوسفیش بەقسەیەکی سووکتر وەڵامی دایەوە... خۆ ئەگەر رۆژنامەنووس کامەران قەرەداغی نەبووایە پێکدا پژان ڕووی دەدا و دۆخەکەئاڵۆز دەبوو. کاتێك ئەو هەموو وردەکارییەم بۆ ئەبو رەبیع باس کرد بەدەنگێکی بەرز گوتی:" بەڵێ بەڵێ، کاکە بیرم کەوتەوە."

شایانی باسە یوسف سائیغی شاعیر ڕێکخەر و نووسەری دوا لاپەڕەی (التاخی) بوو، کامەران قەرەداغیش لەگەڵ یووسفی شاعیر لەهەمان لاپەڕەدا کاری دەکرد.

**"هەوڵێك بۆ چاککردنەوەی زاکیرە"**

ئەو دانیشتنەی نێوانمان تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا، باسی کۆمەڵێك بابەت و باسی جۆراوجۆرمان کرد... یادم خستەوە کە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام سە

ردانی بارەگای ڕۆژنامەنووسانی عێراقم کرد، بارەگاکە چۆڵ وهۆڵ بوو، ئەبو رەبیعم بینی لە ژوورێك دا کە جگە لە مێزێکی ئاسنین و چەند کورسییەکی تێکشکا و هیچ شتێکی دیکەت لیَ بەدی نەدەکرد. بە دیاریکراوی ئەو سەردانەم لە سەرەتای مانگی پێنجەمی ساڵی ۲۰۰۳بوو. کاتێك منی بینی نەیناسیمەوە، چونکە دابڕانی سیَ دەیە، ڕەنگ و ڕووخساری منی گۆڕی بوو و زاکیرەی ئەویشی خاش خاش کردبوو. لەناوە ڕاستی ئەم دیکۆرە خەمناك وناخۆشە، گفتوگۆیەکی زۆر خۆش و بەچێژ و پڕ سوود لەنێوانمادا بەڕێوەچوو. کاتێك لە منی پرسی ئەریَ چارەنووسی لقی سەندیکای خودموختاری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق چی بەسەر هات، منیش وردە وردە و بەدرێژی بەند و بەسەرهاتەکانم بۆ گێڕایەوە، باسی دەرکردنی هێزەکانی عێراقم لە ناوچەفراوانەکانی کوردستان و پاشەکشێی بەڕێوەبەرایەتی حکوومەتی عێراقم بۆ کرد... بەمەیش بواری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان پێی نایە قۆناغێکی نویَ، کەتە واو لە هی سەردەمی ڕژێمی پێشوو جیاواز بوو. مەودایەکی فراوانی ئازادی بەڕووی خەڵکدا کرایەوە...ئیتر هەموو ئاراستە سیاسی و نەتەوەیی و ئاینییەکان ئازادن چی دەنووسن و چی دەردەکەن، ڕەخنەلەکیَ دەگرن و بەشان و باهۆی کێدا هەڵدەدەن، دە ستەڵات هیچ چاودێرییەکی بەسەرەوە نییە... کۆمەڵێك لە ڕۆشنفکر و ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووسان پرۆژە یاسایەکیان لەبارەی (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) ئامادەکرد، لەپەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی چڕی لەسەر کرا، لە/١٩٩٨/٤ز بڕیار درا یادی سەد ساڵەی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە (٤/٢٢/ ١٨٩٨ لەقاهیرە) بکرێتەوە. بەم چەشنە هەموو ساڵێك لەم ڕێکەوتەدا یادی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی دەکرێتەوە و چەندان چالاکی ساز دەکرێن. ئینجا بۆ ئەبو رەبیعم ڕوونکردەوە چۆن کۆڕ و کۆنگرە سەندیکاییەکان ڕێك دەخەین و هەموو ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش پەیڕەوی دەکەن. کاتێك ئەبوو ڕەبیع ئەو هەموو وردەکارییەی بیست لە شوێنی خۆی هەستا و گوتی:" ڕێز لە بژاردەکانی ئێوە دەگرم، هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی بژاردەکانی گەلی کوردی پاڵەواندا بوو... ڕاستیت دەویَ کاك فەرهاد بەم

هەواڵە دڵخۆش بووم. ەهیوادارم، کە دۆخەکەی بەغدا هێوربێتەوە پێکەوەبتوانین کۆنفرانسێکی گشتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق ببەستین.

دوای ئەم دیدارە چەندان جار لەبەغدا و کوردستان یەکترمان بینیەوە، هەروەها لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفڕانسەکان، کە زۆربەیان بەبانگهێشتی فیدراسیۆنی ڕۆژنامە نووسانی نێودەوڵەتی پایتەختی ئوردنی لەبارەی دۆخی ڕۆژنامەنووسانی عێراق و بارە خوێناوییەکەیان، کە سەدان ڕۆژنامەنووسی عێراق تێیدا بوونە قوربانی، ڕێك دە خران. ئەبو رەبیع زۆر بەتووندی بەرگری لە مەسەلە پیشەییەکان دەکرد، هەروەك ئەوە ی خودا تەنیا بۆ ئەم پیشەی دروست کردبێت، کە وەها بە گەرموگوڕی بەرگری لە دڵسۆز و مورید و دەروێشانی ئەو ڕێگەیەدەکات.

## "ئوتێل ئەوراس... کەشێکی باراناوی"

لەئیوارەی ڕۆژی ٢٧/ ٢٠٠٧/١ز دوای کۆتایی هاتنی دوو دانیشتنی دوور و درێژ، کە لە سەعات نۆی بەیانی دەستی پێ کرد و سەعات چواری ئێوارە کۆتایی پێ هات، گەشتێکی خێرامان بەنێو پایتەختی جەزائیردا کرد. ئێمە چوار هاوڕێی عێراقی بووین: شەهاب تەمیمی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عێراق، هەروەها موئەیەد لامی ڕازگری سەندیکا و هەیفا حوسێنی سەرنووسەری رۆژنامەی (مسار)ی مووسڵ و بە ندە بووین. هەروەك نەریت وایە کاتێك کەسێك سەردانی شارێك، پایتەختی وڵاتێکی بیانی دەکات، ناوەندی شار و شەقامی سەرەکی لە هەوەڵین وێستگەکانی سەفەری دە بێت... شەقامی (دۆدش موراد)یش لەپایتەختی جەزائیردا جێ نیازی ئێمەبوو. دواتر گەڕاینەوە ئوتێل، هەتا بڵێی شەکەت و ماندوو بووبووین. خۆمان دایە سووچێکی ئوتێلەکە.. باران بەخوڕ دەباری و کەشوهەوا زۆر سارد بوو... ڕووناکیی گڵۆپەکانی ڕووکاری دەرەوەی ئوتێلەکە دەدرەوشایەوە. تیشکدانەوەی ئەو ڕووناکییە بەسەر شە پۆلەکانی دەریای سپی ناوەڕاست تێکەڵ بەنمەنمەی باران، دیمەنێکی وەهایان

خولقاندووبوو مرۆڤیان مەست و مەدهۆش دەکرد. تەمیمی پرسیاری کرد و گوتی: "ئەریٚ پێم ناڵێی بۆچی بەرچاوترین و گرنگترین شەقامی پایتەختی جەزائیریان بە ناوی (دۆدش مراد) ناوناوە؟ لە بەرانبەر دۆشدامانی هاوڕێیان و تیلە چاوی پرسیاراوییان پێم گوتن (دۆدش موراد) ناوی یەك لە پاڵەوانەکانی شۆڕشی جەزائیرە لە قۆناغەکانی سەرەتایی لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوو، لە ناوەڕاستی پە نجاکان شەهید دەبێت. لەگۆڕستانی شەهیدان لە پایتەخت نێژراوە. تەمیمی لەم زانیارییەی من سەری سووڕما، بەگاڵتەوەگوتی:" ئەریٚ ئەو زانیارییە وردەت لەکویٚ هێناوە؟" گوتم یادداشتگەلێکی زۆرم لەبارەی شۆڕشی جەزائیر لەکتێبخانەکەم هەیە ... من هێشتایش وێنەی (جەمیلە بوحیرد)م لەبیرەکە لەناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووبەسەر ڕووکاری دووکان و کۆڵانەکانی شاری کۆیە هەڵواسرابوو. جەمیلە ژنە خەباتکارێکی جەزائیر بوو. لەکۆیە ڕێپێوانێکی گەورە بۆ پشتیوانی شۆڕشی جەزائیر ڕێك خرا، لەئەنجامدا دەستەیەك لە ڕۆشنبیر و سیاسی دەستگیرکران، لە نێویشیاندا خوالێخۆشبووان: باوك و مامم بوون. ئێستایش گەش گەش لەبیرمە ئەو دەمەی باوك و مامميان دەستگیرکرد شەوی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز بوو. ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی کورد بە شان و باڵی شۆڕشی جەزائیر و پاڵەوانەکانی هەڵدەدا، بەڵام بە داخەوە یادداشتی جەزائیر بۆ کورد پەیماننامەی ئازاری ١٩٧٥ز بوو. کە مشوورخۆر و بەڕێوەبەرەکەی سەرۆکی ئێستا عەبدولعەزیز بوتفلیقە) بوو، کەئەو کات وەزیری دە رەوەبوو. لە کاتێکدا لەو قسانە بەردەوام بووم باسی ئەنجامی خراپی ڕێککەوتنەکە و کارەسات و نسکۆکانم کرد کە بەهۆی ئەم پەیماننامە ئەنجامداران لەوانە: ڕاگواستن، ئاوارەکردن، پرۆسەکانی ئەنفال، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و شێخوەسان و بالیسان و سێوسێنان و ناوچەکانی تری بادینان، کەدەیان هەزار قوربانی خەڵکی سڤیلی لیٚ کەوتەوە... لەگەرمەی قسەکانم ئەبو رەبیع ڕایگرتم و بەدەنگێکی کز گوتی:"پێم خۆشە ئەو بابەتە لەگەڵ هاوڕێیانی جەزائیر بەم توندییە نەوروژێنی، چونکە یەکەم ئەوان ئێستا خانوخوێی ئێمەنە، دووەمیش گەلی جەزائیر و ڕۆژنامەنووسەکان هیچ بە رپرسیاریەتێکیان لەم تاوانەدا نییە. ڕاستییەکەی لەبەرانبەر هەڵوێستی حکوومەتە

کانی عێراق و عەرەبی بەگشتی تەنانەت هەڵوێستی حزب و دەستە نەتەوەییەکانی عە رەب لەهەمبەر گەلی کوردی تێکۆشەردا خۆم بەشەرمەزار دەزانم. من باوەڕێکی تەواوم بەمافی گەلی کورد هەیە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی.."

ڕۆژی دووەم بەسەرپەرشتی فدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان و بەکۆمەکی دامەزراوەی (فریدریش ئیبرت)ی ئەڵمانی، دەستەیەك سەران و نەقیبانی ڕۆنامە نووسانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئێران، شانشینی یەکگرتوو، بەلجیکا، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بۆ تاوتوێکردنی بابەتی دامەزراندی ناوەندێك بۆ سەلامە تی پیشەوەرەکان لەبەغدا کۆبینەوە. منیش داوام کرد ناوەندێکی هاوشێوەیش لە هە ولێری پایتەختی کوردستان بکرێتەوە. دوو لە نەقیبانی ڕۆژنامەنووسانی (مەغریبی و لوبنان) داواکەمیان ڕەت کردەوە، بە پاساوی ئەوەی عێراق بەباکوور و باشووریەوە یەك جوگرافییە و یەك سیاسەتی هەیە. لەوەیش غەریبتر ئەوەبوو یەك لەڕۆژنامە نووسە توونسییەکان کە نوێنەرایەتی یەك لەکۆمەڵە بچووکەکانی توونسی دەکرد، بیستنی وشەی کوردستانیشی لەکۆنفرانسەکە ڕەتکردەوە، منیش قەڵسبووم بە ئاشکرا ناڕەزاییم دەربڕی و گوتم: " مادەمەکێ وشەی کوردستان بەم جۆرە سووکایە تی پێ دەکرێت، ئەمن ئەو کۆنفرانسە جێدەهێڵم و دواتر هۆیەکەی بۆ ڕۆژنامەنووسان ڕوون دەکەمەوە." پەڕاوەکانم کۆکردەوە و ویستم بڕۆم، بەڵام بەڕێز (جیم بومیلا) سە رۆکی ئێستای فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی داوای هێوربوونەوەی لێ کردم. دواتر لەم بارەوە وتەیەکی کورتی پێشکێش کرد و پشتگیری پێشنیازەکەی منی کرد و کردنەوەی سێ ناوەند لە هەولێر و بەغدا و بەسرا جێگیرکران. هەموو ئەو درێژەپێدانەی سەرەوەم بۆ ئەوەبوو هەڵوێستی شەهاب تەمیمی لەو کاتە یەکلاکەرەوە دەربخەم. بەڵێ، تەمیمی هاتەگۆ و گوتی:" برایان! ئێوە بۆ خۆ لەکاروبارمان هەڵدە قورتێنن، ئێمەپێکەوە وەك یەك تیم کار دەکەین، گرفتەکانمان بەشێوازی شارستانی و

گفتوگۆی هاوبەش لەنێو خۆمان حەل دەکەین، ئێوە هەر ئەوەتان لەسەرە پیرۆزباییمان لێ بکەن و تەواو!"

## "هاوڕێیەکی مەزن"

دوا دیدارم لەگەڵ ئەبو رەبیع ٢٧-٢٩/١٢/٢٠٠٧ز بوو لەکاتی ئامادەبوونی لە کۆنگرەی گشتی دووەمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، هەڵبەت بە بانگهێشتی ئەنجوومەنی سەندیکا. دوو ڕۆژ بەر لەبەستنی کۆنگرە هاتە هەولێر، چە ندان دیدار و دانیشتنمان لەگەڵدا ساز کرد. لەڕۆژی کۆنفرانسەکە وتەیەکی جوانی سەرەپێی (ئیرتیجالی) خوێندەوە. (وتەکەی لە ژمارە رۆژنامەی "الصحفی") بڵاوکرایە وە. وتەکەی ئەو سەرنجی ئامادەبوونانی ڕاکێشا، پێش هەمووشیان بەڕێزان عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هە رێمی کوردستان. نوێنەرانی کۆنگرە خۆشیانویست چونکە لە وتەکەیدا هەستێکی مرۆڤانەی ڕاستگۆ و نیشتمانی بەدیکرا، کەسێکی عێراقدۆست و غیرتمەند و دەست و زمان پاك بوو، لەڕیزەکانی جووڵانەوەی نیشتمانی عێراقیدا تێکۆشەر و خەباتکار بووە، لە ناوەڕاستی چلەکانی ڕابردوو ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی بووە...

## "دۆستێکی گەلی کورد"

کاتێ ئەبو رەبیع داوای لەبەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە کۆنگرەکە لەژێر چاودێریی ئەودا بەسترابوو دیدەنی کاك مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکات وەك ڕێز و سوپاسێك بۆ ئەو و وەفایەك بۆ بارزانیی نەمر. بەیانی ڕۆژی ٣٠/١٢/ ٢٠٠٧ز لەگەڵ تەمیمی چوومە هاوینەهەواری (سەری بڵند) لەمەسیف سەلاحەدین، بارزانی لە دەرەوەی هۆڵی پێشوازی، بەڕێزێکی زۆرەوە پێشوازی لێ کرد و زۆر دڵخۆش بوو پێی، سوپاسی ئەو پێوەندییە باشەی ئەوی کرد لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان... دوای بەخێر هێنانێکی گەرم لەلایەن کاك مەسعوود بارزانی... ئەبو رەبیع باسی خەباتی گەلی کوردی کرد، گوتی:"لە

زیندانی مووسڵ کۆمەڵێك بارزانیم لەگەڵ بوون، دوای ڕووخانی کۆماری مهاباد و ڕۆیشتنی بارزانیی نەمر بۆ خاکی یەکێتیی سۆڤیات لەوێ بەندکرابوون... ئەو بە ندیانە هەتا بڵێی ڕەوشتبەرز بوون، خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ گەل و سەرکردەکە یان هەبوو..." کاتێك ناوی هێندێکانی هێنا، بارزانی زیندوویی زاکیرەکەی بە رزنرخاند و پشتگیری کرد، سوپاسی هەڵوێستە مەبدەئییەکەی کرد لەبارەی ماددەی (١٤٠)دەستووری شاری کەرکووك. تەمیمی گوتی:"من وەك عەرەبێك دان بە هەقیقە تێکی مێژووی دهەێنم، کە کەرکووك لە چوارچێوەی خاك و ڕووبەری کوردستاندایە، ڕژێمی پێشوو هەموو هەوڵێکی دا بە هەموو شار و شارۆچەکانیە وەتەعریبی بکات، واقیعی نەتەوەیی تێدا بگۆڕێت، بەڵام ستەم بەردەوام نابێت و هەقیقەت بۆ هەمووان ڕوون دەبێتەوە، لە ئاییندەدا گەلان بەمافی خۆیان شاد دەبن، هیوادارم کوردیش بەمافە کانی خۆی بگات بەمافی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردیشەوە." وتەکانی تەمیمی لەلای کاك مەسعوود بەبەرز و گەورە وەرگیران... کاك مەسعوود وەك نەریتی هەمیشەی تا دە رگەی مەسعەد لەگەڵمان هات و بەوپەڕی گەرموگوڕییەوە بەڕێی کرد. لەکاتێك بە ئۆتۆمبێلەکەی من لەگەڵ ئەبو رەبیع دەگەڕاینەوە هەولێر، ئەبو رەبیع هەتا بڵێی دڵخۆش و شاد بوو، ئەمە بەتەواوی لە ڕەنگ و ڕووخساریدا دەردەکەوت. کاتێك لە بارەی دیدارەکە پرسیارم لێی کرد، گوتی:" ئەمە جوانترین و باشترین دیداربووە کە لە ژیانی خۆمدا کردبم."

پێ ڕانەگەیشت بڵێ بۆچی؟

ئاخر ئەمەدوادیداری بوو...

### "ماڵئاوا... بۆ هەمیشە"

لە دەمەوعەسری ئەو ڕۆژە ئەبو رەبیع گەڕایەوە بەغدا، کەوەك شوێنی لە دایکبوونی خۆی (شاری شەترە) خۆشی دەویست. بەئومێدی دیدارێکی دی خواحافیزی لێ کردین، هەرگیز نەماندەزانی تەمیمی تا ڕادەی تیرۆرکردن دەبێتە

ئامانج، ئەمەیش تەنیا لەبەر ئەوەی پیاوی پرانسیپەکان بوو، دەست و زمان پاك بوو، ئالوودەی پیشەو کاری رۆژنامەوانی بوو، لەنێو ئەو هەموو کۆمەڵەوە حشیگەرا و مرۆڤکوژە کە تۆسقاڵێك مرۆڤایەتی و بەزەییان لەدڵدا نییە، ئەوانەی کاروپیشەیان تە نیا لەناوبردنی پیاوانی نیشتمانپەروەر و  خودانپەرەنسیب و غیرەتمەندانی ئایندەی عێراق و گەلەکەیان بووە... ئا لەو کاتەدا تەمیمی بەرگری لەسەلامەتی رۆژنامە نووسان کردووە و لە پەرۆشییاندا بووە، کە نە ڕۆژنامەنووسانی عێراق و نە سە ندیکاکانیان و نە حکوومەتەکەیان، مسۆگەریی سەلامەتییان دەستەبەر نەکردووە.

ئەوەی سەرەوە گرنگترین وێستگەکانی من و تەمیمی بوو، کە لەڕێگەی پیشەی رۆژنامەنووسی دواتر خۆشەویستی و هاوڕێیەتیمان دیدەنی یەکترمان کردووە، منیش لێرەدا بەپەلە بەسەریاندا گوزەرم کرد. بەردەوام وشەو وتەکانیم بیر دەکەوێتە وە، یەك لەوتەکانی کە ناوەناوە بەگوێچەکەمیدا دەچرپاند:"مرۆڤی زیندوو تەنیا لە ڕۆژی خۆیدا دەمرێت."



**پیرمام–بارەگای سەرۆك مەسعود بارزانی**

**بەڕێز مەسعود بارزانی، شەهید شەهاب تمیمی، فەرهاد عەونی**



**جەزائیر–ئوتێل هێلتۆن ٢٠٠٧/١/٢٨**

**هاشمی جەیار وەزیری گەیاندنی جەزائری، فەرهاد عەونی، شەهید شەهاب تمیمی**



پاریس–باڵەخانەی یۆنسکۆ ٢٠٠٧/١/٩


دکتۆر دلێر شاوەیس، سالار عوسمان، فەرهاد عەونی، شەهاب تمیمی،

زیرەك کەمال، دلێر محەمەد شەریف، ئەکەد موراد




جەزائیر–بارەگای ڕێکخراوی فریدریش ئیبەرت، ٢٠٠٧/١/٢٦

شەهاب تمیمی، فەرهاد عەونی، موئەید ئەللامی، هەیفا حەسەنی



**محەمەد عارف سیامەنسوری**

**١٩٣٧-٢٠٠٩/١٠/٩**

## ژیاننامە

- محەمەد عارف ساڵی ١٩٣٧ لە شاری ڕەواندز لەدایکبووە.

- ساڵی ١٩٥٦ پەیمانگای هونەرەجوانەکان-بەشی وێنە لە بەغدا تەواوکردووە.

- لەنێوان ساڵانی ١٩٥٧-١٩٦١ وەکو مامۆستا لە قوتابخانەی ئەیوبیە لە هەولێر سەرقاڵی وانە گوتنەوە بووە.

- لە ناوەندی شەستەکان بە مەبەستی خوێندنی باڵا رووی لە یەکێتی سۆڤییەت کردووە و ساڵی ١٩٦٧ بە پلەی (نایاب) ماجستێری لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی مۆسکۆ وەرگرتووە.

- ساڵی ١٩٦٨ چووەتە وڵاتی عەرەبستانی سعودیە وەکو لێکۆڵەرەوە (مفتش)ی هونەری دامەزراوە.

- ساڵی ٢٠٠٤ بڕوانامەی دکتۆرای لە (فەلسەفەی هونەر) بە پلەی (نایاب) لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر وەگرتووە.

- ساڵی ٢٠٠٤ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لە هەولێر دامەزراندووە.

- پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا وەکو مامۆستا لەو پەیمانگا و کۆلیژانە وانەی هونەریی گوتۆتەوە:

١. مامۆستای هونەر لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە بەغدا.

٢. یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە کۆلیژی ئەندازیاری-بەشی تەلارسازی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.

٣. پڕۆفیسۆر لە زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر.

٤. ڕاگری پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر.

– لەنێوان سالانی ١٩٦١–٢٠٠١ دەیان پێشانگای هونەریی ئامادەکردووە لە کوردستان و ناوەوەی عیراق و دەرەوە دا کە تێیدا دەیان تابلۆ بە پەنجە ڕەنگینەکانی نەخشکردووە و بۆتە هۆکاری سەرسامبوونی بینەرانی کە سەرجەمی ئەو تابلۆیانەی لە چواردەوری مێژووی کورد و جوانی سرووشتی کوردستان و پێشمەرگە دەسووڕایەوە.

– ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی ٢٠٠٩/١٠/٩ لە نەخۆشخانەی فێرکاری بەشی چڕەچاودێری لە هەولێر کۆچی دوایی کرد.

– چەندین پەرتووکی بە هەردوو زوبانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە سەرەڕای وەرگێڕانی چەند پەرتووکێك لە زمانی ڕووسییەوە بۆ سەر زوبانی کوردی و عەرەبی.

**تراژیدیای کۆچی دوایی**

**هونەرمەندی گەورە محەمەد عارف**

## بەزەییتان بە مرۆڤی وڵاتەکەم دا بێتەوە

**لە ١٩ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ؟؟ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (کابینەی پێنجەم) کارگەی (ئاوامیدیکا) کە تایبەتە بە درووستکردنی دەرمان لە (هەولێری پایتەخت) کردەوە کە تێیدا جەخت لەسەر جۆر و کوالیتی دەرمان و ناردنی بۆ نەخۆشخانەکان بەپێی پێویست، بەپێی وتەکانی دکتۆر بەهرامیی دەرمانساز، لە وتارەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانیش دەستنیشانی (گرنگی ئەو کارگەیە لە بەدەستهێنانی بەشێك لە پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان لە داوو دەرمانی ناوخۆ و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە کڕینی دەرمان لە دەرەوە و یارمەتییەکانی نێودەوڵەتی لەو بوارەدا)، لە هەمان کاتیشدا سەرۆکی حکومەتی هەرێم جەختی لەسەر (درووستکردنی دەرمان لەو کارگە نێوخۆییە بە دەستکەوتێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناوزەد دەکرد) مەبەستی (پشت بە خۆ بەستن بۆ درووستکردنی دەرمان).**

**بەندە ماوەی چەند ساڵە برادەرایەتیی دکتۆر و دەرمان و دەرمانسازەکان دەکەم لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان، بە مەبەستی چارەسەری ئەو نەخۆشییانەی کە تووشم هاتووە، لەو ماوەیە دا تووشی چەندین ڕووداوی جۆراوجۆر هاتووم کە هەندێکیان ئازاری دەروونیشی داوم.**

ماوەیەك لەمەوبەر (ساڵی ؟؟) بە یاوەریی (دكتۆر ڕێكان)ی كوڕم لە ئاكامی ئازاری گوێم سەردانی (نەخۆشخانەی رزگاری)م كرد بەشی نەخۆشییەكانی (قورگ و لووت و گوێ) بە مەبەستی چارەسەری، پاش ئەوەی پزیشكی تایبەت فەحسی كردم بە پێویستی زانی ئەو چەند دڵۆپە ئاوەی كە لە ناو گوێم قەتیس ماوە بیهێنێتە دەر و پاكی بكاتەوە، بەڵام ئامێری تایبەت كە بۆ ئەم جۆرە كارانە بەكاردەهێنرێت ئەویش تووشی نەخۆشی هاتبوو و كاری نەدەكرد، بەپێی پێداویستی پەنامان بۆ ئامێری دووەم برد كە هەمان ئەركی هەبوو، بەڵام لە بەختی بەندە ئەویش سوێندی خواردبوو كە كار نەكات كە تا ڕادەیەك یاریدەدەری دكتۆری خەجاڵەت كرد، بە ناچاری پەنامان بۆ ئامێری سێیەمی تایبەت برد كە بەڵكو بە هانامان بێت، بەڵام ئەویش دەتگوت (سەد ساڵە یاخی بووە) كاتێ پرسیارم لە كارمەندان و یاریدەدەری پزیشكی كرد كە هۆكاری ئەو جۆرە كەمتەرخەمی و بەهەدەر دانی سامانی ئەم وڵاتە ستەمدیدەی ئێمە بۆ چی دەگەڕێتەوە كە تێیدا سیمای ئەو بەشە پزیشكییە خێر لە خۆ نەدیوەی تووشی جەڵتە بووە! لە وەڵامدا یەكێكیان كە جۆرە پەشێوییەكی پێوە دیار بوو گوتی: (پێویستە داوایەك لەسەر نەبینراوێك (مجهول) بكەیت كە ئاكامی نابێت و پەنا بەخوا).

ساڵی ١٩٧٢ هونەرمەندی گەورە (محەمەد عارف سیامەند سوری)م ناسی كاتێ بەندە (بەڕێوەبەری كارگێڕیی ڕۆژنامەی التاخی) بووم لە ڕێگای برای بەڕێزمان (دارا تۆفیق)ی سەرنووسەری ڕۆژنامەكە كە تێیدا كاكە دارا داوای لە هونەرمەند محەمەد عارف كرد كەوا ڕۆژنامەی (التاخی) دەوڵەمەند بكات بە نووسینی بابەتی هونەری و دەوڵەمەند كردنی بە تابلۆی هەمەجۆری جیهانی لە ڕاستیدا ئەویش زۆری پێخۆش بوو كار و نووسینە هونەرییەكانی زۆر بە جوانی و ڕێكوپێك لە لاپەڕە هونەرییەكەی التاخی ڕەنگی دەداوە، كە تاكو ڕۆژی دەرچوونی التاخی لە ١٩٧٤/٣/١١ بەردەوام بوو.

لێرەدا دەمەوێ یادگارییەكی تایبەتی لەگەڵ ئەم كەڵە هونەرمەندە بگێڕمەوە كە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە ساڵی ١٩٧٤ كاتێ هونەرمەند (محەمەد عارف) تابلۆیەكی ڕەنگینی دەستی خۆی پێشكەش كردم وەكو دیاری بەبۆنەی ژن هێنانم لەگەڵ پەروینی هاوسەرم كە بەڕاستی دڵخۆشی كردم، تابلۆكەش بریتی بوو لە گەڕانەوەی

پێشمەرگەیەك بۆ نێو ماڵ و منداڵی لە ساتەوەختەکانی ئاشتی دا و منیش لە ماڵەکەی خۆم لە بەغدا هەڵمواسی، بەڵام سەد حەیف و مخابن کە ئەم یادگارییە بەنرخە پاش پەیوەندیکردنم بە شۆڕش لە سەرەتای مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ و دەرکردنی پەروینی هاوسەرم لەگەڵ کۆمەڵێك لەو خێزانانەی کە وەکو ئەو هاوسەرەکانیان بە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو لە بەغدا دەرکران، پاشانیش کەلوپەل و تابلۆ و کتێبخانەکەم هەمووی لەلایەن دەزگای ئاسایشی عیراقەوە بە تالان بردران، لێرەدا ئاشکرایە کە کەلوپەلەکان قەرەبوو دەکرێنەوە، بەڵام تابلۆکەی (محمد عارف) کە پێشکەشی ئێمەی کردبوو (ئاوو ئاو رۆیی)، بەڵام بۆ گەورەیی هونەری کاکە محەمەد عارف و دیارییەکەی جارێکی دیکە کە فۆتۆی ئەم تابلۆیە لای کاك محەمەد عارف مابوو لە ستۆدیۆیەکی هەولێر گەورەم کرد و ئێستا لە کتێبخانەکەم لە شوێنێکی شیاو هەڵمواسیوە.

زۆر جار خەم مرۆڤ دادەگرێ کاتێ گوێی لە رووداوێکی ناخۆش دەبێت یاخود کاتێك چیرۆکێکی خەماویت گوێلێدەبێت، بەڵام کاتێ مرۆڤ گوێبیستی تراژیدیای مردنی هونەرمەندێکی گەورەی وەکو (محمد عارف) دەبێت بە هۆکاری گوێنەدان (لە ژووری بووژانەوەی دڵ) لە بەشی چاودێری تەواو لە نەخۆشخانەیەکی حکومی گشتی (نەخۆشخانەی کۆماری) مرۆڤ نازانێ چی بڵێ و چی بکات جگە لە خەم خواردنێکی قووڵ و پەرۆشییەکی گەورە و تووش بوون بە باری خەمۆکی بۆ کەسێك بۆ هونەرمەندێك کە قەت قەرەبوو ناکرێتەوە، هونەرمەندێك کە بە فڵچەوە رەنگەکان رۆژ و رووبار و دارستان و جووانیی سرووشتی کوردستانی بە دەنگ دەهێنا وەکو پەیامبەرێك جوانی و خۆشەویستی دەبەخشی، کێ بەرپرسیارە لە تەسلیم کردنی ئەو مرۆڤە بۆ مردنێکی لەناکاو، ئای چ بێ ئەقڵێکە کە لە ساتەکانی دوور لە هەموو بەرپرسیارێتییەك بەرەو مەرگی هەمیشەییان رەوان کرد، ئایا ئەمە بە کوشتن دانانرێ.

رۆژنامەی بارزان لە ژمارە (١٣٨)ی رۆژی ٢٠٠٩/١٠/٢٥ ئالانی کوڕی هونەرمەند محەمەد عارف وتارێکی بڵاوکردەوە کە بە خوێندنەوەی (تاسام) کاتێکی دێری وتارەکەم دەخوێندەوە لێم تێکەڵ دەبوو لە ئاکامی ئەو ئازارە دەروونییەی کە تووشی


هاتم چونکە خوێندنەوەی وتارەکە بە روونی و راستەوخۆ رووداوە جەرگبڕەکەی باوکی نیشان دەدا، وام هاتە بەرچاو کە فیلمێك دەبینم و رووداوەکانی (لە هەرێمێکی شێتا) بەڕێوە دەچیٚ، کە تێیدا هەندیٚ لە خەڵکەکەی هیچ هۆکارێکی مرۆڤایەتی و ئەقڵانییەت لە بەرپرسیارێتییان بەدی ناکریٚ و فەوزا و گەندەڵی کوێری کردوون، بۆیە درووستکردنی دیاردەیەکی بیٚ بنەما هیچی لیٚ شین نابێت و ئەمەیان (چیرۆکی مردنێکی ئاشکرا نییە) ئەم مردنە یاخود ئەو کوشتنە بە دەستی (ئەنقەست) بۆ هونەرمەندێکی گەورە پێویستی بە راوەستانێك هەیە کە تێیدا لێکۆڵینەوە و لیپرسراوێتیی دەستنیشان بکرێت، پاشان گەڕان بەدوای چارەسەری دیکە و بنەڕەتی.

ئەوانەی بوونە هۆکاری مردنی محمد عارف و رۆژانەش دەبنە هۆکاری دەیان خەڵکی دیکە لە ئاکامی گوێنەدان و دوور لە بەرپرسیارێتی هیچ کاتێك لای ئەو جۆرە خەڵکە گرنگ نییە کارگەیەکی دەرمانسازی و هێنانی چەندین ئامێری گرانبەهای هاوچەرخ ئەگەر پێش ئەو هێنانەی کاری زانستی و مرۆیی و خەمخۆری بۆ نەڕەخسابێت پێش ئەوەش خەمخۆری بۆ وڵات و هاووڵاتیانی لە فەرهەنگی فەرمانبەرانی جێگیر نەکرابێت دەبێت ئیرادەی خێر و درووستکردنی هەست بە لێپرسراوێی و بەشداری ویژدانی و مرۆڤدۆستانە و چاندنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی و بەرپرسیارێتی لە ناخی ئەو جۆرە خەڵکە و درووست بکرێت. بەرزکردنەوەی درووشمی سیاسیی هەمە جۆر لەلایەن سەندیکایەك یاخود رێکخراوێکی مەدەنی ناتوانریٚ گیانی هونەرمەندێکی گەورەی کورد رزگار بکات لە مردن کە هەموو ژیانی خۆی بۆ جوانکردن و خۆشەویستی وێنەی هاووڵاتیانی وڵاتەکەی خۆی تەرخان کردبوو، مرۆڤ هەست بە شەرمەزاری دەکات کاتیٚ دەبینیٚ ئەو هەموو پارە زەبەلاحەی بۆ کڕینی ئەو ئامێرانە خەرج کراوە و هاتۆتە ئێرە بۆ چارەسەری نەخۆشێك لە بەشێکی تایبەتی پزیشکی هەر (٣) دانە لەو ئامێرە تایبەتییانە هیچیان کار ناکەن، ئایا چۆن وەزیری تەندرووستی لەسەر خۆی قبووڵ دەکات کە لە نەخۆشخانەیەك ئەو بەرەڵاییە لەئارادایە بێئەوەی جووڵەی لێوە بێت، بۆ جەنابی وەزیر سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتەکەی و نەخۆشخانەکان ناکات

بۆئەوەی ئاگای لە ورد و درشتی وەزارەتەکەی خۆی بێت کە ژیانی خەڵکیی پێوە پابەندە لە جیاتی دووبارەکردنەوەی وتاری سیاسی و دامەزراندنی فەرمانبەران بەپێ هاوبەشی سیاسی دوور لە هەموو پرنسیپێکی نیشتمانی.

بەڕێزان.. پاراستنی گیانی هاووڵاتیان یەکسانە بە زانینی نرخی ژیانی ئادەمیزاد کە بەداخەوە لای ئێمە ئەم راستییە بەدی ناکرێت وەکو رۆژی رووناك ئاشکرایە، ئەگەر ئەو راستییە حاشا هەڵنەگرە وا نییە ئەی چۆن لێپرسراوانی وڵاتەکەم و لەنێوانیاندا وەزیری تەندرووستی و بەڕێوەبەرە گشتییەکان ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی خۆیان نابن کە تێیدا مرۆڤ دەبینێ ژیان چەندە هەرزان و سووکە کە تەنانەت ناگاتە ئەو پارەیەی کە نەخۆش لە عیادە تایبەتییەکان دەیداتە دکتۆر، ئەگەر ئەمە راست نییە چۆن ماوە دەدرێ بەشێك لە دکتۆرەکان لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ئەرکەکانیان لە نەخۆشخانەکان بەجێدەهێڵن بەرەو عیادە تایبەتییەکانیان هەنگاوی خێراتر دەنێن (لەگەڵ رێزی تایبەتیم بۆ ئەو دکتۆرە بەڕێزانەی کە شەو و رۆژ لە خزمەتی هاووڵاتیان دان).

پێشکەشە بە برادەری دێرینم
هونەردۆستی دلسۆز
کاک فەرهاد عەونی
بەڕێز.
دلسۆزتان
بە
محەمەد عارف
8.II.2000




# محەمەد عارف

# لە

# (کوردستانی من)دا

سێزدەمین پێشانگای هونەری گشتی ١٩٦١-١٩٩٩

٩٠ نیگاری ڕۆنی ١٢٠ نیگاری چاپکراو ٢٧ بەرگی پەڕتووک



ئەو تابلۆیەی کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤
بەبۆنەی هاوسەرگیریم پێشکەشی منی کرد



**عیسمەت شەریف وانلی**

**١٩٢٤-٢٠١١/١١/٩**

## ژیاننامە

- عیسمەت شەریف ساڵی ١٩٢٤ لە گەڕەکی کوردان (حی الاکراد) لە دیمەشقی پایتەختی سووریا لەدایکبووە.

- سەرەتای خوێندنی لە گەڕەکی کوردان دەستی پێکردووە و لە قوتابخانەی فەرمی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی لە پەیمانگای (عەرەبی-فەرەنسی) پاشان لە زانکۆی (ئەمریکی یەسوعی) بەسەرکەوتویی دەرچووە.

- ساڵی ١٩٤٠ لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێ کوردەکانی (یانەی وەرزشی کوردستان)یان دامەزراندووە.

- ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ کامەران بەدرخان چۆتە پاریس و ماوەیەك لەوێ ماوەتەوە.

- ساڵی ١٩٤٨ چۆتە سویسرا بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن کە تێیدا لە زانکۆی (لۆزان) بابەتی یاسای خوێندووە و بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی سیاسی وەگرتووە. پاش ئەوەی بڕوانامەی ماجستێری لە مێژوو لە زانکۆی جنێف وەرگرتووە.

- پرۆفیسۆری بابەتی مێژوو بووە لە زانکۆی (سۆربۆن).

- ساڵی ١٩٥٦ لەگەڵ چەند خوێندکارێکی کورد (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) دامەزراندووە و تاکو ساڵی ١٩٦٢ سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە بووە.

- ساڵی ١٩٦٤ لەسەر راسپاردەی بارزانی نەمر بۆتە نوێنەری شۆڕش و وتەبێژی لە ئەوروپا.

- ساڵی ١٩٧٦ هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە لە ماڵەکەی خۆی لە لۆزان.

- ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێیانی (یەکێتی مافپەروەرانی کورد لە ئەوروپا) دامەزراندووە.

- ساڵی ١٩٩٥ بۆتە سەرۆکی (پەیمانگای کوردی بۆ توێژینەوە) لە بەرلین.

- رۆژی ٢٠١١/١١/٩ لە لۆزان کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە.

## له نزيك كۆشكی ( ئوشی ) له لۆزان
## دیدار و گفتوگۆیه‌کی دۆستانه‌م له‌گه‌ڵ عیسمه‌ت شه‌ریف وانلی ئه نجام دا

له یه‌کێ له ئێواره‌کانی رۆژێکی پایز و له ساڵی ١٩٦٥ کاتێ له‌گه‌ڵ خوالێخۆشبووی باوکم (عه‌ونی) له تارمه‌ی پێشه‌وه‌ی ماڵه‌وه دانیشتبووین که ده‌روانێته چیای (کۆسار) ئه‌و (کۆسار)ه‌ی که له‌گه‌ڵ هاتنی ئیسلام ناوی گۆڕدرا بۆ (هه‌یبه‌ت سوڵتان) و له حوزه‌یرانی ساڵی ١٩٦٣ شه‌ڕێکی قورس و زه‌حمه‌تی به‌خۆیه‌وه بینی له‌نێوان پێشمه‌رگه و شه‌ڕکه‌رانی کوردستان و لیوایه‌کی زرێپۆشی سوپای عیراقی داگیرکه‌ر به فه‌رمانده‌رایه‌تیی ئه‌فسه‌رێکی گه‌وره‌ی سوپا که ناوی (عه‌مید روکن ئیبراهیم فه‌یسه‌ڵ ئه‌نصاری) و به ده‌ست به‌سه‌رداگرتنی (کۆسار) کۆتایی هات له‌لایه‌ن سوپاوه بێئه‌وه‌ی بتوانن به ته‌واوی کۆنترۆڵی بکه‌ن چونکه (مه‌فره‌زه شه‌ڕکه‌ره‌کانی پێشمه‌رگه ناوه ناوه دزه‌یان بۆ نێو ریز و ره‌بایه‌کانی سوپا ده‌کرد و ده‌ستی باشیان لێ ده‌وه‌شاندن که بووه هۆکاری زه‌ره‌ر و زیانێکی کوشنده‌)، به‌ڵام شاخی سه‌رکه‌شی کۆسار سه‌ره‌ڕای ئاگربه‌ست و وتوێژی نێوان سه‌رکردایه‌تیی شۆڕشی ئه‌یلول و حکومه‌ته یه‌ك له‌دوای یه‌که‌کانی عیراق به داگیرکراوی مایه‌وه به‌هۆی شوێنی ستراتیژی له رووی سه‌ربازییه‌وه تاکو رۆژانی راپه‌ڕینی به‌هاری ساڵی

١٩٩١ (لە رۆژی چوارەمی راپەڕین) کە کوردستانی لە بۆن و ئاسەواری رژێمی عیراقی سەڕییەوە.

باوکم ماوەیەك بوو لەسەر ئەوە راهاتبوو ئێواران لە ماڵەوە بمێنێتەوە کە جۆرە خۆشییەکی پێ دەبەخشی سەرەڕای گرنگی دانی بە باغچەی ماڵەوە کە پانتاییەکەی (١٠٠٠م) زیاتر بوو، سەرەڕای سەرقاڵیی خوالێخۆشبوو کاك سەمەد کە بەیانیان لە محەل–ی باوکم دەمایەوە بۆ راپەڕاندنی پێداویستییەکانی باوکم، پاش نیوەڕۆیانیش سەرقاڵی ئاودانی دار و درەختەکانی باغچەکەمان دەبوو، کاتێ ئێوارەش تاریك دادەهات باوکم لەسەر ئەو لا تەختە دارگوێزە دادەنیشت کە بە پارچە فەرشێکی ئێرانی دەستکردی لەسەر راخرابوو سەرقاڵی گوێبیستی هەواڵەکان دەبووین لەو رادیۆیەی کە جۆری (ماسکۆتی یابانی) بوو، کە وەکو خۆی دەیگوت (بەدوا گەڕانی هەواڵ)ی ئێستگەکانی لەندەن، فەرەنسا، ئیسرائیل، دەنگی گەلی عیراقی کە لە پایتەختی بولغاریا بڵاودەکرایەوە لەگەڵ رادیۆی کرماشانی کوردی، بە مەبەستی گوێبیستی هەواڵێك دەربارەی (کورد و شۆڕشی کوردستان) دوا بەدوای گەڕانیش لەو ئێزگە بۆ ئەو ئێزگە لوولەی (نێرگەلە)کەی لە دەمی نزیك دەکردەوە و مژێکی قووڵی لێدەدا.

لەو ئێوارە پایزەی ساڵی ١٩٦٥ رادیۆی لەندەن لە دەنگوباسی ئێوارەی کاتژمێر حەوت هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە بە زمانی عەرەبی بوو کە بە دەق تاکو ئێستاکەش ئەزبەرم کردووە هەواڵەکە وا بڵاوکرایەوە (مەلا مستەفای بارزانی سەرۆکی کوردە یاخییەکان (المتمردون) داوەتی حکومەتی عیراقیی بۆ شەڕ راگرتن رەتکردەوە تاکو حکومەت دان بە مافی گەلی کورد دا دەنێ، ئەم راگەیاندنە لەسەر زاری عیسمەت شەریف وانلی کە نوێنەری کەسیی (شەخسی) سەرۆکی کوردە یاخییەکان مەلا مستەفای بارزانییە کاتێ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی کە لە پاریسی پایتەختی وڵاتی فەرەنسا گرێی دابوو). لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە باوکم دەستی بۆ دوگمەی رادیۆکە برد بە مەبەستی بەرزکردنی دەنگی رادیۆ و بیستنی هەواڵەکە بەتەواوی، هەواڵەکە زۆر خۆش بوو کە پێگەی بەهێزی شۆڕشی کوردستانی نیشان دەدا بەرامبەر حکومەتی عیراق کە تێیدا (باوکم و بەندە)ی خۆشحاڵ کرد، ئێمەش ناهەقمان نەبوو چونکە هەواڵەکە چ وەکو هەواڵ چ وەکو قورسایی شۆڕشی نیشان

دەدا لە کاتێکدا هەواڵی پەیوەند بە کورد و شۆڕشی کوردستانەوە یەگجار کەم بوو لە کاتێکدا (مامەڵە کردنێکی نا شارستانی لەگەڵ رەش پێستێك لە یەکێ لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا رای گشتی دەوروژاند و دەبووە هەواڵێکی گرنگی رادیۆ و رۆژنامەکان، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەکتەری شۆخوشەنگی فەرەنسی (بریجیت باردۆ) کە لەو کاتەدا خۆی وەکو داکۆکیکاری (مافی ئاژەڵ) نیشان دەدا و دەبووە هەواڵی سەرەکی رۆژنامە و بەرگی گۆڤارە بەناووبانگەکان).

پاش بەکۆتاهاتنی هەواڵەکە باوکم پاش کەمێ هاتە قسە و گوتی:

**باوکم**: فەرهاد پێم ناڵێی عیسمەت شەریف وانلی کێیە و چ کارەیە، من یەکەم جارە گوێم لە ناوی ئەو کەسایەتییە دەبێت.

**بەندە**: منیش زۆری لێ نازانم، بەڵام هەندێ زانیاری سەرپێیم هەیە کە کاتی خۆی لە (دارا تۆفیق)م بیست کاتێ لە زستانی ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی عیساوێ–ی نزیك شارۆچکەی ماوەت کە ماوەیەك لەو خانووە کە بۆ (دادگای بەرزی شۆڕش) تەرخان کرابوو کاکە داراش ماوەیەك میوانی ئێمە بوو لەم خانووە و ئەو رۆژانەی کە لامان مایەوە باسی زۆر شتی بۆ دەکردین و ئەوەی کە لەبیرم ماوە دەربارەی کەسایەتیی (عیسمەت شەریف وانلی) وەکو کاك دارا دەیگوت (عیسمەت کوردێکی خەڵکی سوریایە و پیاوێکی کوردپەروەر و سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووە لە ئەوروپا کاتێ کاك دارا سکرتێری ئەم کۆمەڵە بووە).

لەم کاتەوە ناوی (عیسمەت شەریف وانلی)م لە مێشکدا جێگیر بوو سەرەڕای خۆشەویستیم کە بۆ ماوەی ٤٥ ساڵی خایاند لە کاتێکدا ناوە ناوە زانیاریم لەسەر زیاتر پەیدا دەکرد لە ئاکامی ئەو کۆنگرە رۆژنامەنووسییانە و ئەو راگەیاندنانەی کە لە ئەوروپا بڵاوی دەکردنەوە، سەرەڕای کار و جموجۆڵییەکانی کە لە ئەوروپا ئەنجامی دەدان دەتوانم بڵێم رۆڵی سەفیری کوردستانی دیت لەو سەردەمە جەنجاڵەی کە تەنیا بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز جێگای گرنگی بەیداخ دان بوو، بۆیە زۆر بە بایەخەوە دەڕواندرایە جموجۆڵەکانی ئەو دکتۆر کامەران بەدرخان بە هەمان هێز و توانای رادەبەدەریان تاکو رۆژە شوومەکەی (٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥) کە تێیدا خیانەتنامەکەی جەزائیری تێدا ئیمزا کرا لەنێوان سەدام حسێن و شای ئێران کە پێش ئەم رێککەوتننامەیە وەکو دوو دوژمنی سەرسەخت مامەڵەیان لەگەڵ یەکتری دەکرد،

بەڵام دوژمنایەتیی کورد ڕێکی خستن کە ئەویش بە پاشەکشەی سەدام حسێن لە هەندێ لە خاکی عیراق و نیوەی ئاوی (شط العرب) کۆتایی هات بەرامبەر بەو سیاسەتە بێئەخلاقییەی شای ئێران و پیرۆزبایی (ئەمەریکای بێ وەعد و پەیمان) لەسەر دەستی (هنری کیسنجەر)ی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کە خودی خۆی وەکو لە راپۆرتی لیژنەی (ئوتیس بایك) کە کۆنگریسی ئەمەریکا بڕیاری درووستکردنی دا کە تێیدا (کیسنجەر) دەڵێ (سیاسەتمان بەرامبەر بە کورد بێ ئەخلاقانە بوو چونکە ئێمە بووینە هۆکاری بەیەك نەگەیشتن لەگەڵ حکومەتی عیراق لە هەمان کاتیشدا بەردەوام نەبووین لە یارمەتیدانیان تاکو بەتەواوی ماف خۆیان بەدەست بهێنن).

پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ هەندێ جار کەم کەمە لێرە و لەوێ گوێبیستی رۆڵی عیسمەت شەریف دەبووم لەگەڵ ئەو لایەن یاخود لایەنێکی دیکە کە بێگومان لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرا کە هەندێکیان لە بەرژەوەندیی ئەو دا نەبوون کە بێگومان لێکدانەوەی خۆی جۆرێکی دیکە بووە.

لەوانەیە هەندێ جار رووبەڕووی لۆمە و سەرزەنشت هاتبم لەلایەن هەندێ لە سیاسەتکارانی برادەر کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری هەڵسەنگاندنی من بۆ دوو کەسایەتیی دەرەوەی باشووری کوردستان کە بە جۆرێکی ئەرێنیانە هەڵمسەنگاندوون کە یەکەمیان خوالێخۆشبوو (عەبدوڵلا ئیسحاق) کە بە (ئەحمەد تۆفیق) بەناووبانگ بوو کە رۆڵێکی گەورە و کاریگەری هەبوو لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد کە تێیدا سەردەمێك سکرتێری (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بوو سەرەڕای رۆڵی بەرچاوی لە کۆمەگی شۆڕشی ئەیلول لەژێر سێبەری سەرکردەی نەمر (مستەفا بارزانی) لە شەستەکانی سەدەی رابردوو تاکو رۆژانی تراژیدیای لەچاو ون بوونی لەلایەن جەلادی خوێن رێژ (نازم گزار و سەدام حسێن) کە تێیدا خوالێخۆشبوو (ئەحمەد تۆفیق) بە هۆکاری بەد لێکدانەوە (سوء التقدیر) کەوتە دوای بەزمێك کە کۆتایی بە ژیانی هێنا، دووەم کەسایەتی ئەم بوارەش (عیسمەت شەریف وانلی) بوو کە هەر لە رۆژانی سەرەتای لاوێتییەوە تاکو دوا رۆژی ژیانی بە جیاوازیی رۆڵ و لایەن و کات و ساتەکان، بەڵام وەکو خۆی دەیگوت (هیوای سەربەخۆیی کوردستان و سەرکەوتنی کورد لەسەر نەیار و دوژمنانی هیچ رۆژێك لە هزر و ویژدانی من لەبیرنەکراو بووە و هەمیشە لەگەڵم ژیاون).

ئەو رستەیەی دوایی (نێوان دوو کەوانەکە) سەرەتای دیالۆگی (حوار) عیسمەت شەریف و بەندە بوو لە ماڵەکەی خۆی کە بریتی بوو لە شوقەیەکی پاك و خاوێن و رێکۆپێك لە نهۆمی حەوتەمی ئەو باڵەخانەیە لە شاری جوان پۆشی سەرئاو (لۆزان) لە کاتژمێر چواری عەسرەوە تاکو کاتژمێر شەشی ئێوارەی رۆژی ٢٠١٠/٧/٩ کە لە سەرەتاوە ئاوا دەستی پێکرد.

رۆژی دووەمی گەشتەکەم بۆ وڵاتی سویسرا کە بە داوەتنامەی (باتریس موغنی) وەزیری رۆشنبیریی کانتۆنی (جنێف) بانگ کرابووم وەکو دروستکردنی دۆستایەتییەك پاش ئەوەی (باتریس) لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٨ بە داوەتێکی فەرمی سەردانی کوردستانی کردبوو کە لە دوایدا ئەویش داوەتنامەیەکی بۆ من و خوالێخۆشبوو (فەلەکەدین کاکەیی) ناردبوو بە مەبەستی سەردانی وڵاتە جوان و رازاوەکەی (سویسرا) بکەم ئەوەبوو بەندە لە کات و ساتی دیاریکراودا بەرەو ئەم وڵاتە چووم، وەکو گوتم لە رۆژی دووەمی گەشتەکەمدا هاوڕێ (جەودەت سۆڤی) کە کورد و خەڵکی کۆیەیە و کاتی خۆشی لەگەڵ (باتریس) سەردانی کوردستانی کردبوو (بەڕاستی و بە مانای وشە برایەتی و دۆستایەتیی خۆی نیشان دا چ وەکو چاو ساغ چ وەکو هاورێیەتی و گەڕان و سوڕان چ وەکو وەرگێڕ، سێبەری من بوو چونکە کاکە جەودەت دەمێکە لە سویسرا دەژی و هاووڵاتییەکی ئەو وڵاتەیە و خێزانەکەشی خاتوو (ئەستیل)یش خەڵکی سویسرایە، ئەو رۆژە بەگەرمییەوە داوای (دیدەنی عیسمەت شەریف)م لە کاك جەودەت کرد کە ئەمەیان ئارەزوو و هیوایەکی کۆن و تازەی بەندەیە بەڵکو ئەو بەهۆی ساڵانی دوور و درێژی ژیانی لە سویسرا بێگومان (عیسمەت) دەناسێ، کاکە جەودەت کاتێ زانی بەندە پەرۆشی ئەم دیدارەم دەستی بۆ موبایلەکەی درێژ کرد و ژمارەی موبایلی کاك (عیسمەت)ی لێدا، بەڵام ئەو وەڵامی تەلەفۆنەکەی بە زمانی فەرەنسی دایەوە کە تێیدا وەکو کاك جەودەت گوتی هاوسەری کاك عیسمەت زۆر بە نەرمی و لەسەر خۆی وەڵامی دابۆوە گوتبووی (عیسمەت نەخۆشە و تەندرووستیی باش نییە و ئێستا ناتوانێ پێشوازی لە کەس بکات، هیوادارە جارێکی دیکە و لە رۆژانی داهاتوو پەیوەندی بکاتەوە)، کاتێ خێزانەکەی پرسیبووی کێیە ئەوەی دەیەوێ عیسمەت ببینێ؟ کاك جەودەتیش پێی گوتبوو

(برادەرێکی منە کار و پیشەی نووسین و ڕۆژنامەنووسییە و لە کوردستانەوە هاتووە ئەو کوردستانەی لەلای کاك عیسمەت زۆر خۆشەویستە).

پاش چەند ڕۆژێکی دیکە جارێکی دیکە کاك جەودەت سۆڤ لەسەر داوای من پەیوەندیی بە هەمان ژمارەی مۆبایلی کاك عیسمەت شەریف کردەوە، کاتێ زەنگی مۆبایلەکە لێیدا پاش کەمێ کاك جەودەت دەنگی مۆبایلەکەی بەرزکردەوە بۆئەوەی بەندە گوێی لە قسەکانیان بێت، جەودەت پاش چاك و چۆنی ناو و کار و ئارەزووی منی پێ ڕاگەیاند کە هیواداره بە دیدەنی شاد بێت، ئەوجا کاك عیسمەتیش بە دەنگێکی نزم و لەسەرخۆ بەو ڕستە کوردییە گوتی (گەلەك بەخێربێن) و کاتژمێر چواری ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٢٠١٠/٧/٩ی بۆ تەرخان کردین.

کاتژمێر دوو و نیوی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی بەندە و کاك جەودەت بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو لە (جنێف-ەوە بەرەو لۆزان) بەرێکەوتین کە نێوانیان ١٠٠کم دەبێت و لۆزان کەوتۆتە بەشی ڕۆژئاوای سویسرا و هەڵکەوتەکەشی لەسەر دەریاچەی (لیمان)ی زێدە قەشەنگە بەدەم ڕێگاوە کە لایەکی ئاوی دەریاچەی لیمان و دەستپێ چەپیشی سەرتاسەر باغ و باخاتی مێو و چەندەها داری بەبەری دیکەن، بەڵام جوانتر وێنە و جۆری چاندن و ڕێکخستنی دار مێوەکانە، بەڵام بەشێوازێك بەبێ خستنە سەر (کەپر) وەکو لە کوردستان باوە، لەوێ بەڕێزی ئەندازیاری ڕێکوپێك ڕێکخراوە کە مرۆڤ لە تەماشاکردنی تێر نابێت لە نێوانیشیاندا کارگەی بچووکی (شەراب) دەبیندرێ. بەدەم تەماشاکردنی ئەم دیمەنە جوانانە خەیاڵ و بیرم بۆ ڕۆژانی ڕابردووی خۆم دەگەڕایەوە کە چۆن لە تەمەنی (١٤) ساڵی کەوتمە نێو دونیای سیاسەت و وژیانی حزبایەتی، ئەوجا گوێبیستی ناوی (عیسمەت شەریف وانلی) وەکو سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و ئامادەبوونی لە کۆنگرەی گشتیی یەکێتی قوتابییانی جیهان کە لە ١٩٦٠/٨/١٧ لە بەغدا بەسترا کە تێیدا عیسمەت و هاوڕێکانی بە پاڵپشتیی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان لە هەوڵی بە ئەندام بوونی (کۆمەڵە)یان دەکرد لە یەکێتیی قوتابییانی جیهانی کە بە ڕێڕەوی چەپ دا دەڕۆیشت، بەڵام هەوڵ و کۆششی ئەوان سەری نەگرت، بەڵام عیسمەت شەریف بێ کۆڵدان لە چەندین قۆناغدا نوێنەرایەتیی شۆڕشی کوردی بە سەرۆکایەتیی سەرکردەی نەمر (مستەفا بارزانی) دەکرد، لە قۆناغێکی دیکە دا کە وەکو فیلمێکی

سینەما دەهاتە بەرچاوم هاتنی کاك (عیسمەت) بوو بۆ بەغدا لە قۆناغی دوای خیانەتنامەکەی ١٩٧٥/٣/٦ی جەزائیر، ئەوجا هەوڵی تیرۆرکردنی لە شوقەکەی خۆی لە لۆزان، بەڵام بەبێ جیاوازی هەمیشە لە خزمەتی کێشەی کورد و کوردستان بووە لە هەر سات و کاتێکدا کە پێویستی بەو بووبێت، بەڵام لە کۆتایی هەموو ئەو قۆناغانە کەوتە (خانەی لەبیرچوونەوە لەلایەن ئەو گەلەی کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کردبوو).

کاتژمێر چواری تەواو کاك جەودەت و بەندە لەبەردەم شوقەکەیدا بووین زەنگمان لێدا، لەگەڵ لێدانی زەنگەکە ژنێکی تەمەن ٧٠ ساڵە بە کراسێکی سەوزی کاڵ کە تۆپەڵەی سپی تێیدابوو بە قژێکی سپیی جوان و شانەکراو لەگەڵ رەنگی سپیی دەموچاوی لە ململانێ دا بوون، و بە دەنگێکی نەرم و بە زوبانی فەرەنسی (بەخێر بێن وەرنە ژوورەوە عیسمەت چاوەڕێتان دەکات) و بە دەنگێکی بەرزتر دوو جار بانگی کرد عیسمەت.. عیسمەت میوانەکانت هاتن.

لەگەڵ چوونە ژوورەوە لە کوریدوەرکە دا کاك عیسمەت شەریف وانلیمان دیت و بە دەنگێ نەرم و بە چەند وشەیەکی کوردی (فەرموون، سەرچاڤا، سەر سەر، گەلەك بەخێربێن برای کوردی دەلال، بەخێر بێن)، بە دەستیش ئیشارەتی بۆ شوێنی دانیشتنەکەمان دەکرد، بە دیتنی سەرم سوڕما، مرۆڤێکی سادە کە پانتۆڵێکی بە رەنگ خاکی و کراسێکی شینی کاڵ لەگەڵ هەندێ داوە مووی سپی کە بە لاجانگەکانییەوە بوو پشتی گوی چوو بوو، بەڵام ناوەڕاستی سەری مووی پێوە نەمابوو لەگەڵ جەستەیەکی لاواز کە لە (٤٥ بۆ ٥٠) کیلۆ زیاتر نەبوو، یەکسەر دەستم بۆ درێژ کرد و خۆم پێ ناساند، کاك جەودەتیش زیاتر چووە ناو بابەتەکە و دەربارەی بەندە درێژەی پێدا و گوتی کە ئەو پیاوە لەوەتەی هاتۆتە سویسرا بە پلەی یەکەم ئارزووی دیدەنی بەڕێزتانە، پێش ئەوەی دابنیشین دیارییەکەی خۆمم پێشکەش کرد بە خیلاف عادەت و بە دەق گوتم (مامۆستا عیسمەت من لە کوردستانەوە هاتووم کە تێیدا ئارەزوومەندم دیدەنیت بکەم و لەگەڵ خۆشم دوو جۆرە دیاریم بۆ هێناوی یەکەمیان شیرینیی (گەزۆ)ی کوردستانە کە گەزۆیەکی سروشتییە لە کارگەی تۆفیق حەڵواچی لە شاری شێخ مەحمودی حەفید-سلێمانی ئامادەکراوە، و دیاریی دووەمیشم گەرچی بە قەبارە بچووکە، بەڵام بە مانا و سومبول یەگجار گەورەیە و لە

دڵ و ئەقڵی هەموو کوردێك دایە کە ئەویش ئاڵای کوردستانە کە لە جۆرە کانزایەك دروستکراوە بە ڕەنگەکانی ئاڵاکە، کاتێ دیارییەکەی وەرگرت ئاڵای کوردستانی بۆ سەرەوە بەرزکردەوە و پاشان زۆر بە گەرمی بۆ تاوێك ماچی کرد. لەگەڵ ماچکردنی ئاڵاکە چەند دڵۆپە فرمێسکێك لە چاوانییەوە هاتە خوارێ، لەوکاتە دا (کارمن)ی خێزانی قوتوە گەزۆیەکەی وەرگرت، سەرەڕای وەرگرتنی دیارییەکەی کاك جەودەت کە بریتی بوو لە (دەسکە گوڵێکی ڕەنگاوڕەنگ).

لە سەرەتادا لە هۆڵە بچووکەکە دانیشتین لەسەر ئەو تاخمە قەنەفەیەی کە زۆر بە پاکی و ڕێکوپێکی ڕێکخرابوو کە بێگومان دیمەنێکی جوانی دەبەخشی و دیوارەکانیش بە هەندێ وێنە رازابۆوە کە یەکێکیان وێنەی باوکی عیسمەت بوو بە جلی سەربازی، لەولاشەوە کە دەکەوتە بەرامبەرم وێنەیەکی بارزانی نەمر بوو لەگەڵ عیسمەت شەریف کە لە نێوان شاخەکانی کوردستان گیرابوو، وێنەی سێیەم لەگەڵ خوالێخۆشبوو (عەبدولکەریم قاسم) کۆیدەکردنەوە لە کاتی ئامادەبوونی کۆنگرەی گشتیی قوتابییانی جیهان لە بەغدا لە ساڵی ١٩٦٠، وێنەی چوارەم وێنەیەکی تاکی خۆی کە بە جلی کوردییەوە لەسەر پشتی ئەسپێك لە حاجی ئۆمەران گیراوە لەگەڵ هەندێ وێنەی خێزانی لەم لا و ئەولا دانرابوون. لەگەڵ سەیرکردنی وێنەکان چاوم لای عیسمەت و کارمنی خێزانی بو کە سەرقاڵی لێنانی (قاوە) بوو، بەڵام هەست و بیرم لای ئەو پیاوە بوو کە ڕۆژێك لە ڕۆژان زمانحاڵی شۆڕشی کوردستان و نوێنەری مستەفا بارزانیی سەرکردەی ئەو شۆڕشە بوو.

لە سەرەتا ئەو بە ئاخاوتن دەستپێشخەریی کرد ئەویش بە پرسیار دەربارەی بارودۆخی کوردستان و چۆنێتی بەڕێوەبردنی کاروباری سەرەڕای ئەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، لەنێوان قسەکانیدا ئەو پرسیارەی ئاراستە کردم (ئایا بەندە گەشبینە؟)، پاش ئەوەی کە لە پرسیا و شیکردنەوەکانی کە جار جار بە عەرەبی و ناوەناوەش بە کوردی ئاراستەی دەکردم هاتمە قسە و گوتم (مامۆستای بەڕێز لە ڕۆژە هەرە دژوار و ڕەشەکانی ساڵانی تراژیدیای سڕانەوەی ئاسەواری شۆڕش و گەلی کورد ڕۆژێك لە ڕۆژان روو بە رووی ڕەشبینی نەبوومەتەوە تەنانەت بۆ یەك ساتیش، من هەمیشە بڕوام بە ئاوابوونی ڕژێمی زوڵم و دکتاتۆری هەبوو زوو یا درەنگ پاشان بە سەرکەوتنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان هاتە دی وەکو ڕوویدا لە

سایەی خوای گەورە و قوربانییە بێ شومارەکەی گەلی کوردستان، ئێستاکەش ئێمەی کورد بە هەنگاوی جدی بەرەوپێشەوە دەچین لە چوارچێوەی پانتایی جوگرافیایەك کە وەکو دەریاچەیەکی زیخ (بحیرە الرمال المتحرکە) وایە هەر رۆژە (با) بە جۆرێك یاریی پێ دەکات کە تێیدا دۆزی کوردیش لەم جوگرافیانەدا رووبەڕووی ئەو کێشانە دەبێتەوە کە لە لایەن دوژمنەوە تەقیلیدییەکانەوە چ لە ناوەوە چ لە دەرەوەی دا، لێرەدا ئەو رستەیەی شاعیری تونسی کۆچکردووم بەبیرهاتەوە کە دەڵێ (إذا الشعب یوماً أراد الحیاة فلابد أن یستجیب القدر) یانی (ئەگەر گەلێك بەدوای ژیانەوە بێت، بێگومان زەمانە داواکەی بۆ بەدی دەهێنێ) کە قسەکانم کاتی گەیشتە ئەم خاڵە بە دەموچاوێکی کراوە و بە بزەیەکی نەرمەوە خۆشحاڵیی پێوە دیاربوو، لێرە دا و لەم ساتەدا هاتمە ئەو قەناعەتە کە دیواری نێوانمان رووخا زیاتر لێك ئاشکرا بووین، کاتێ (کارمن) بە خۆی و سینییە ناسکەکەی کە چەند فنجانی قاوە و چەند پەرداخە ئاوێکی لەسەر بوو کاك عیسمەت ویستی بە دانانی لەسەر مێزەکە یارمەتیی بدات، بەڵام زوو دەستپێشخەریم کرد و لە شوێنی گونجاو دامنان و لەکاتی خواردنەوەیاندا هاتمە قسە و ئەم وتانەم ئاراستەکرد: (پێش چەند رۆژێك هاوڕێم جەودەت بە تەلەفۆن ئاگاداری کردی کە بەندە رۆژنامەنووسە ئاشکراشە رۆژنامەنووس بەتەماحە، ئەوجا سەرەڕای ئەم خسڵەتە، بەندە ئاشقی گوێبیستی دیرۆکی ژیانی تێکۆشەران و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانم و بەتایبەتیش ئەوانەی رۆڵی دیار و بەرچاویان لە قۆناغە جیاکاندا هەبووە، بەندە لەو بوارە چەندین دیمانە و دیداری لەم جۆرەم هەبووە و لێرەدا ئارەزوومەندم کە بچینە نێو ناخی ژیانی سیاسیی بەڕێزت).

لە سەرەتادا هەر بە دەنگە لەسەرخۆکەیەوە هاتە ئاخاوتن دەربارەی قۆناغەکانی ژیانی و گوتی: (ساڵی ١٩٢٤ لە شام-دیمەشق لەدایکبووم، لە دایك و باوکێکی کورد و لە گەڕەکی کوردان دەژیاین (حی الاکراد)، کە ئێستاکە ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ گەڕەکی (رکن الدین) وەکو دەڵێن گۆڕینی ناوەکە لە گەڕەکی کوردان بۆ (رکن الدین) گوایە (رکن الدین) ئەفەندی ناوی یەکێ لە وەزیرەکانی سوڵتان (سەلاحەدینی ئەیوبی)یە، بەندە وەکو کاکە عیسمەت دەیگوت لەم گەڕەکە گەورەبووم و بە خسڵەتی ئەم گەڕەکە پەروەردە بووم، و رەسەنایەتیی ئەم شوێنە هەوێنی پەروەدەم بووە و رۆژهەڵاتناسی نەمساوی (ئەلفرید کریمەر) لە توێژینەوەیەکی کە لە ساڵی ١٩١٧

ئامادەیکردووە دەڵێ "ئەم ناوە-گەڕەکی کوردان پانتایی نێوان چیای قاسیون کە لەسەرەوە دەڕوانێتە سەر دیمەشق و رووباری یەزید لە خوارەوە دەوری داوە، لای رۆژهەڵاتش لە پێدەشتی برزە و قابوون دەستپێدەکات لە (ابی حرش) لە رۆژئاوا کۆتایی دێت"، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کە فەرەنسییەکان بۆردومانی ناوچەکەیان دەکرد کە بریتی بوو لە گەڕەکەکانی دیمەشق وەکو (گەڕەکی مەیدان، شاغور و باخەکانی دەورووپشت کە چواردەوری ئەو ناوچانەیان داپۆشیبوو، کەسوکاری ئێمە و خزمانمان لە گەڕەکەکەی خۆمان (گەڕەکی کوردان) دەژیان و کاتێ بەهۆی بۆردوومانکردنی فەرەنسیەکان بۆسەر ئەو گەڕەکانی ناوم بردوون خەڵکەکەی بە ناچاری روویان لە گەڕەکی کوردان کرد و خەڵکە رەسەنە کوردەکەش زۆر جوامێرانە هاتنە دەست، ئەویش بە حەوانەوە و میوانداریکردنی خەڵکە لێقەوماوەکە بوون کە لە ماڵەکانی خۆیان داڵدەیان دابوون و زادی خۆیان لەگەڵیان دابەشکردبوو.

لە گەڕەکی کوردان سەرەتای خوێندنی سەرەتاییم دەستپێکرد لە قوتابخانەی فەرمی، بەڵام قۆناغی ناوەندی و دواناوەندیم کەوتە (پەیمانگای عەرەبی-فەرەنسی "لایبك") پاش ئەوەی لە زانکۆی (ئەمریکی-یەسوعی) کە بەسەرکەوتوویی لێ دەرچووم، بەڵام لەم قۆناغە سەرەڕای کۆشش و هەوڵی بێوچان لە زانکۆی (الیسوعیە الفرنسیە)دا بەردەوام بووم لە بەشی زانستە سیاسییەکان لە هەمان کاتیشدا بەکالۆریام لە (ماتماتیك) وەرگرت لە سووریا، هەر بۆیە کەسوکارم دەیانویست ببم بە ئەندازیاری (بەنداو و رێگاوبان).

لەو سەردەمەدا بشداریم لە جمۆجۆڵییە رۆشنبیرییەکان و وەرزشتییەکان دەکرد لە یانەکانی کوردستان، سەلاحەدینی ئەیوبی کە لە ئاکانی ئەم بەشداریکردن و جموجۆڵییە رۆشنبیرییە لەم یانانەدا چەندین کەسایەتیی نیشتمان پەروەرم ناسی کە هەڵگری بیری نەتەوایەتیی کوردی بوون وەك (قەدری جەمیل پاشا، شەوکەت زولفو، جەلادەت بەدرخان، عوسمان سەبری، نوری دەرسیمی، کامەران بەدرخان) کە بوو بە هۆکاری پەڕینەوەم بۆ قۆناغێکی دیکە و گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیانمدا روویدا سەرەڕای ئەوەی من خۆی پەروەردەی دایك و باوکێکی خاوەن هەستێکی بەرزی نەتەوایەتی کوردی بوون کە ئەوان (دایك و باوکم) یەکم بەردی بناغەی هەستی نەتەوەییم بوون، لە ویژدان و هەڵسوکەوتم، باوکم ئەو سەردەمە ئەفسەری سوپای

سوريا بوو، خاوەن بیر و گرنگی دان بە سیاسەت و نەتەوایەتی بوو هەر ئەویش بوو کە (تۆو)ی خۆشەویستیی کورد و کوردستانی لە دڵم جێگیر کرد، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کاریگەریی ئەو ناوانەی کە لە پێشەوە باسکراون بووە هۆکاری روونکردنەوەی زیاتری چەمکە نیشتمانی و نەتەوەییەکان کە بە کوردستان و گەلەکەی پابەندبوو بۆیە هەرگیزا و هەرگیز چاکەی ئەوان فەرامۆش ناکەم، خودای گەورە بە بەهەشتیان شاد بکات.

د. کامەران بەدرخان زیاتر لە کەسایەتییەکانی دیکە لێم نزیك بوو و خاوەن هەستێکی نیشتمانیی بەرز و دووربین و هزرێکی قووڵ بوو، کاتیَ ساڵی ١٩٤٧ چووینە پاریس بۆ خوێندن، رۆژێك لە رۆخ رووباری (سین) پیاسەمان دەکرد وردە وردە هەندیَ لە شیعرەکانی (ئەحمەدی خانی) شاعیری گەورەی کورد بە گوێما دەدا (لێرەدا کە لەگەڵ بەندە دەدوا و گەیشتە ئێرە ویستی هەندیَ لە بەیتی ئەو شیعرانەم بۆ بڵیَ، بەڵام نەیتوانی دووبارەیان بکاتەوە، بۆیە کەمێك راوەستا و دوور رۆیشت، وابزانم بۆ رۆژانی رابردووی دەگەڕایەوە کە سەردەمی قۆناغی رۆژانی رابردووی بوو– نووسەر)، لە کاتی پیاسەکردنەکەماندا لە رۆخ رووباری (سین) هەنگاومان دەنا د. کامەران بەدرخان هاتە قسە و گوتی (باشە بۆ ئێمەی کورد دەوڵەتمان نییە کاکی عیسمەت؟ ئێمەش وەکو هەموو گەلانی سەر زەمین خاوەن مێژوو، خاك، هەستی نەتەوایەتیو هاوبەشی زمان، سەرەڕای ئیرادەی راستەقینە کە هەرگیز ناچەمێتەوە، بەڵام دیسان ئێمە بێبەشین لە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆمان، بۆیە پێویستە لەسەرمان تێبکۆشین لەپێناوی کورد و کوردستاندا کە ئەمەشیان یانی ئەم ئەرکە گەورەیە دەکەوێتە سەر شانی رۆشنبیرانی کورد بەتایبەتیش ئەو رۆشنبیرانەی کە لە وڵاتانی (ئەوروپا) دەژین کە پێویستە گەلەکەمان بە گەلانی ئەوروپا بناسێنن (لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین کە د. کامەران خوا بە بەهەشتی شاد بکات بە بەردەوانی لەسەر ئەو رێبازە نەتەوەییە مایەوە تاکو دوا ساتەکانی ژیانی و رۆڵێکی گەورەی بینی لەپێناوی دۆزی گەلە ستەم دیدەکەی و ناوی ئەو چ لە ئەوروپا چ لە لایەن رۆڵەکانی گەلەکەی هەمیشە لەسەر زاران بوو، کۆچی دوایی کرد، بەڵام هیوای سەربەخۆیی کوردستانی رۆژێك لە رۆژان لە هزر و هەڵسوکەوتی دوورنەکەوتبۆوە).

کارمن-خێزانی کاکە عیسمەت لە نزیکمانەوە دانیشتبوو لەسەر کورسییەکی نزیك مێزی نانخواردن بە هێمنی چاودێریی دەکردین، ناوە ناوەش بە زوبانی فەرەنسی قسەیەك یان رستەیەکی ئاراستەی عیسمەت دەکرد وەکو بڵێی شتێکی بەبیر بهێنێتەوە، کاتێ کارمن هەستی کرد عیسمەتی هاوسەری کەوتە دونیای خەیاڵەوە و خەمی بەدەموچاوییەوە دیار بوو لە ئاکامی بیرەوەری و یادەوەریی رۆژانی رابردووی، کارمن لە جێگای خۆی هەڵسا و قۆرییە ئاوە گەرمەکەی هێنا و لەو چواری پیاڵەی کرد کە چای ناو کیسەی تێدابوو و داوای لێکردین بیگوازینەوە بۆ سەر مێزی نانخواردن و چەند پارچە (کێك)ی داپۆشراو بە شوکولاتە لەبەردەممان دانا و رووی لە عیسمەتی هاوسەری کرد و پێی گوت (پارچە کێکێکی شیرین بخۆ یارمەتیت دەدات بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو بابەتانەی ئێستاکە نایەتەوە بیرت)، من لەو کاتەدا دەستم بە ئیستیکانە چایە تاڵەکە برد بێئەوەی دەست بۆ کێکی داپۆشراو بە شیرینی ببەم بە هۆکاری نەخۆشیی شەکرە کە ماوەیەکە لەگەڵما دەژی، بەڵام عیسمەت پارچەیەکی لەو کێکەی کە دانرابوو پێشکەش کردم، بەڵام من عوزر خواییم هێنایەوە گوتم (زۆر سوپاس من بەهۆی نەخۆشیی شەکرە خۆم لە شیرینی دەپارێزم)، بەڵام کاکە عیسمەت دەیەویست کێکەکە بخۆم گوتی (کاکی برا منیش وەکو تۆ هەمان نەخۆشیم هەیە و پێویستە خۆمان لە خواردنی شیرینی بپارێزین، بەڵام ئەمڕۆکە با پارێزی وازلێبێنین چونکە جارێکی دیکە لەو باوەڕە دا نیم ئەم مێزە کۆمان بکاتەوە و بەرامبەر یەك دابنیشین و یادەوەرییەکان بگێڕینەوە، لەوانەیە گێڕانەوەی ئەم بیرەوەرییانە بمانپارێزێ لە ئاسەواری ئەم نەخۆشییە چونکە ئێمە باس لە خەم و ئازار و یادەوەرییەکان دەکەین).

پاش بەکۆتاهاتنی خواردنی کێك و چا خواردنەوە کە هەستم کرد عیسمەت کەوتۆتە گێژاوی داڵغە و بیرکردنەوە بە مێشك لای ئێمە نەمابوو بەڕاستی منیش نەمدەویست لەو خەونەی بە ئاگای بهێنم پاش چەند چرکەیەك (کارمن) بە ئاگای هێنایەوە، کاتێ هاتەوە سەر خۆ رووی تێکردم و گوتی (گەیشتینە کوێ؟) منیش پیاسەکەی سەر رووباری (سین)م بەبیرهێنایەوە کاتێ لەگەڵ د. کامەران لە خەمی کورد دەدوان. ئەوجا عیسمەت جارێکی دیکە هاتەوە قسە و گوتی (زۆر لە پاریس نەمامەوە، بەڵام پەیمانم بە د. کامەران دا کەوا بەردەوام دەبم لەگەڵ ئەو و رۆڵەکانی

نەتەوەکەم لەسەر خاکی کوردستانی گەورە لەپێناوی دواڕۆژێکی باشتر بۆ گەلەکەمان، ئەوجا من ساڵی ١٩٤٨ بەرەو سویسرا چووم د. کامەران لە پاریس مایەوە، منیش لە سویسرا لە شاری (لۆزان)م هەڵبژارد ئەو شارەی کە بۆتە سونبولی پێکەوە ژیانی سیاسی، ویژدانی، ئەقلانی، لەنێوان تێکەلاویی سێ لە شارستانییەتی (فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیتالی) لە راستیدا سەرسام بووم بەو شارستانییەتەی ئەوان کە چۆن هاریکاریی بێگانە دەکەن و دەرگای زانکۆیەکانیان بۆ ئێمە مانان دەکەنەوە بۆ هۆکاری راستەوخۆ وەرگرتنی پلەی (دکتۆرا) لە یاسا و تێزی دکتۆرایەکەشم لەژێر ناوی (ستراتیژییەتی بزاڤی نیشتمانی کوردی-چاوپێخشاندنێك لە رابردوو، لە ئێستا، لە ئایندە)، کاتێ پرسیاری ئەوەم لە کاکە عیسمەت کرد دەتوانم کۆپیی تێزی دکتۆرایەکەم پێ بدات، لە وەڵامدا گوتی (هیچ شتێکی وام لێرە نەماوە تەنها چەن پارچە کاغەز و چەند کتێبێك نەبێت و هەندێ لە لاپەڕەی پیرەوەرییەکانم چونکە هەموویم پێشکەش بە کتێبخانەی لۆزان کردووە)، لێرەدا لە شوێنی خۆی هەڵسا و داواشی لە من کرد منیش هەستم و دەستی چەپی گرتم و بەرەو ئەو لا دیوارەی بردم کە جامخانەیەکی چوارچێوەداری پێوە هەڵواسرابوو کە لەنێوانیاندا (لەسەر پارچە مقەوایەکی خاکی و دەورە دراو بە چوارچێوەیەکی داری رەنگ رەش کراو بە دەستی ئیشارەتی بۆ کرد و گوتی (ئەم نووسراوە بە زوبانی فەرەنسی نووسراوە کە بریتییە لە گرێبەستی نێوان بەندە و ئەمینی کتێبخانەی لۆزان کە بە رەزامەندیی خۆم ئەوەی هەمبووە لە ئەوراق و کتێب و ئەو نامانەی کە لە سەرکردە و کەسایەتییە کوردییەکان و غەیری کوردیش و دانەیەك لەو نامانەی کە ئاراستەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کەسایەتییەکان کراوە سەرەڕای رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نێوەندە سیاسییە جیاوازەکان (بە مەرجێ نووسراوە لە گرێبەستەکە). لێرەدا (بەندە) خۆم پێ رانەگیرا و هەستم کرد کە کورد خەزینەیەکی بەهاداری لەکیس چووە وەکو ئەو لەکیسچوونەی کە ئێمە لە کوردستان لە ئاکامی شەڕی داسەپاوی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق سامانێکمان لەو کتێب و دیکۆمێنتانەی تووشی سوتاندن و لەناوچوون بوون، سەرەڕای پارچەکانی دیکەی کوردستانی دابەشکراو ئەوانیش بە هەمان شێوە، دیسان لێرەدا خۆم پێ رانەگیرا و بە نیگەرانییەوە بە کاك عیسمەتم گوت:

باشه بۆچی کاك عیسمەت کتێبخانەکەت پێشکەش بە ئەکادیمیای کوردی نەکرد لە هەولێری پایتەختی کوردستان، لەبەر چی رۆڵەکانی نەتەوەکەت لەم سامانە گەورەیە بێبەش کرد کە بە پارە نرخی بۆ دانانرێ، لەبەر چی و لەبەر چی؟!)، کاك عیسمەت کاتێ گوێبیستی قسە خەماوییەکانم بوو بە شەرمەوە تێی روانیم و پێش ئەوەی ئەو قسە بکات هاوڕێم جەودەت سۆڤ هاتە ناو بابەتەکە و رووی لە ئێمە کرد گوتی (رێگام پێ بدەن کەوا شەهادەتێك بدەم دەربارەی ئەم مەسەلەیە، پێش سێ ساڵ قسەم لەگەڵ کاك عیسمەت کرد کاتێ ئەو و بەندە کارکردنمان لە رێکخراوی (KRO) کۆیکردینەوە پاش ساڵی ١٩٩١ کە بە بەردەوامی لە پێناوی یارەمەتیدانی رۆڵەکانی گەلی کوردستان کە دەڵێم لەگەڵ کاك عیسمەت قسەم کرد قسەکردنەکەم دەربارەی کتێبخانەکەی ئەو بوو کەوا پێویستە بیکاتە دیاری و بینێرێ بۆ کوردستان بۆ یەکێ لە سەنتەرە رۆشنبیرییەکانی کوردستان یاخود ئەکادیمیای کوردی و کاتێ بەندە (جەودەت سۆڤ) بە سەردانێك چوومە کوردستان و ئەم بابەتەمم لەگەڵ د. شەفیق قەزاز (ئەوکاتە سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی بوو) باسکرد و ئەوانیش خۆشحاڵیی خۆیان نیشان دا و تەنانەت گوتیان ل لۆزانەوە تاکو هەولێر خەرجیی تێچوونی ئەکادیمیا پێی هەڵدەستێ و لەسەر حیسابی ئەوان دەبێت لەگەڵ دابینکردنی شوێنێکی لەبار لە باڵەخانەی ئەکادیمیای کوردی بۆ کتێبخانەکەی کاك عیسمەت، بەڵام کاتێ لە کوردستان گەڕامەوە بۆ سویسرا زانیم کەوا یەکێك لە برادەرە کوردەکانی کاك عیسمەت قەناعەتی پێ هێناوە کەوا کتێبخانەکەی پێشکەش بە کتێبخانەی لۆزان بکات و نەینێرێتەوە کوردستان گوایە وەکو برادەرە کوردەکەی گوتویەتی کە ئەم سامانە گەورەیە لە کوردستان تووشی لەناوچوون و دزی دەبێت، پاش تەواو بوونی قسەکانی کاك جەودەت رووم لە کاك عیسمەت کرد بە وردە گلەییەوە پێم گوت (سەراپای ژیانت بۆ کورد و کوردستان تەرخان کرد و لەپێناویدا ئەزیەتێکی زۆرت خوارد و هیلاك بووی چۆن رۆڵەکانی گەلەکەت لەم سامانە نەتەوەییە بێبەش کرد). لە وەڵامدا کە باوەڕم پێ نەهێنا گوتی (کاتێ گوێم لە قسەکانی هاوڕێم (ئ.ب) دەربارەی بارودۆخی کوردستان و بڕوای پێ هێنام کە لە کتێبخانەی لۆزان بمێنێتەوە باشتر و پارێزراوتر دەبێت).

جارێکی دیکه لەگەڵ کاك عیسمەت گەڕاینەوە سەرەرتایەکانی گەیشتنی بۆ وڵاتی سویسرا که رێککەوتی ١٩٤٨/١١/٢٩ بوو، به گەیشتنی له دوو بوار دا سەرقاڵ بووە، جەمسەری یەکەمیان بەردەوام بوون له خوێندن و وەرگرتنی بڕوانامەیەکی بەرز بۆئەوەی خزمەتی دۆزی کوردی پێ بکات، و دووەمیشیان جەخت لەسەر کاری سیاسی وەکو چۆن له پێشتر له فەرەنسا پەیمانی به د. کامەران بەدرخان دابوو سەرەڕای پەیمانی هاوسۆزی لەگەڵ برادەرانی له سووریا که لەسەرەتادا لەگەڵ ئەوان بیرۆکەی کوردایەتی لای درووست ببوو، لەم کات و ساتەدا لەگەڵ هاوڕەگەزێکی خۆی یەکتریان ناسی که له شاری ئامەدەوە (دیاربەکر)ی باکووری کوردستانەوە هاتبوو، کاتێ لەوێوە بۆ سووریا و بەتایبەتی بۆ شاری (حەلەب) چوبوون لەو کاتەی فەرەنسییەکان فەرمانڕەوایەتیی راستەوخۆی (سوریا)یان دەکرد، لەو بارەیەوە کاك عیسمەت بەم جۆرە دەربارەی (نورالدین زازا) دوا: (بەم جۆرە برا و برادەری راستەقینەم نورەدین زازام ناسی که بەداخەوە له ١٩٩٨/١١/٧ کۆچی دوایی کرد له شاری لۆزان، نورەدین زازا دەستێکی درێژ و رۆڵێکی سەرەکیی هەبوو له دامەزراندنی (هاوبەندی قوتابییانی کورد له ئەورووپا) له مانگی تشرینی ساڵی ١٩٤٩ که له سەرەتادا ژمارەی قوتابییانی کورد (٦) شەش قوتابی بووین، بەڵام لەبەرئەوەی بڕوای تەواومان به عەدالەتی دۆزی کورد هەبوو بیرمان لەو (هاوبەندییە) کردەوە و لەگەڵ بانگهێشت کردنی سەرجەم قوتابییانی کورد له ئەوروپا به مەبەستی بەئەندام بوون لەم رێکخراوە کوردییە. نورەدین زازا به سەرۆکی ئەم رێکخراوە دەستنیشان کرا سەرەڕای لەئەستۆگرتنی بڵاوکراوەیەك لەسەر شێوەی گۆڤارێك به زوبانی کوردی، فەرەنسی، ئینگلیزی، به ناوی (دەنگی کوردستان)، بەڵام ئەوەی سەیر و سەمەرە بوو له سویسرا هەوڵی لەچاپکردنی گۆڤارەکەیان لێ قەدەغە کردین و ناچار بووین بۆ چاپکردنی ناردمان بۆ فەرەنسا بەتایبەتیش بۆ لای د. کامەران بەدرخان که ئەویش جوامێرانە ئەرکی چاپکردنی خستە ئەستۆی خۆی به ئامێری (رۆنیۆ). لێرەدا قسەکانم به کاك عیسمەت بڕی و ئەم پرسیارەم لێکرد: (دەربارەی پەیوەندیی نێوان هاوبەندی قوتابییانی کورد که له ساڵی ١٩٤٩ درووست بوو لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد له ئەوروپا) پاش کەمێ بیرکردنەوە کاك عیسمەت گوتی (هاوبەندییەکەی ئێمە که لەگەڵ نورەدین زازا دامانمەزراندبوو وێستگەی یەکەم بوو له

سویسرا و بەردەوام بووین لە کارەکانمان بە مەبەستی فراوانکردنی جموجۆڵی ڕێکخراوەکەمان، بەڵام پاش تێپەڕبوونی حەوت ساڵ بەسەر دامەزراندنی پاشان زۆر بوونی ژمارەی قوتابییانی کورد لە ئەوروپا بە پێویست زانرا کەوا بیر لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی گەورەتر و فراوانتر کرایەوە کە بۆ سەرجەم قوتابییانی کورد لە ئەوروپا و بیرۆکەکە کاری بۆ کرا و نورەدین زازا و بەندە (عیسمەت شەریف) لە سویسراوە بەشداریمان لە درووستبوونی کرد لەگەڵ (دارا تۆفیق، سەعدی حەمەد ئەمین دزەیی، تەحسین هەورامی، زاهیر حسێن، نیهاد ماجد مستەفا)، کۆبوونەوەیەکمان لە شاری (فیزبادن) لە ئەڵمانیا ئەنجام دا کە هەرهەمووومان ڕێککەوتین لەسەر (ڕاگەیاندنی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ١٩٥٦/٨/١٠ کە وەکو ئاشکرایە (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد) بۆ سەفیری نەتەوەی کورد و کوردستان لە ئەوروپا و بەندەش (مەبەست کاك عیسمەت) بە هەموو هۆش و بیرەوە کەوتمە نێو کاری ئەم کۆمەڵەیە (لێرەدا کاك عیسمەت داوای پەرداخێك ئاوی ساردی لە کارمن کرد، وادیاربوو گەرمای ئەو ڕۆژە تێنی بۆ هێنابوو چونکە پلەی گەرما ئەو ڕۆژە دەگەیشتە (٣٢) کە لە ڕاستیدا لەگەڵ کەشوهەوای لۆزان نەدەگونجا و منیش (بەندە) وەکو کاك عیسمەت گەرما تێنی بۆ هێنابووم چونکە شێ کاریگەریی خۆی هەبوو لەسەر کەشوهەوا بەتایبەتیش کە ئامێری ساردکەرەوە لەم وڵاتە زۆر بە کەمی دەبیندرا.

پرسیارەکانم درێژەی کێشا، لە ڕاستیدا من پەلەم بوو و دەمویست زۆرترین پرسیاری لێ بکەم چونکە دەمزانی زەحمەتە جارێکی دیکە ئەم دەرفەتە بۆ من بڕەخسێ و پاش خواردنەوەی پەرداخە ئاوەکە هەڵسایە سەرپێ و دەستی منی پەلکێش کرد بۆ ئەم ژوورە بچوکەی بردم کە وەکو کتێبخانە خۆی نیشان دەدا بە هەبوونی ژمارەیەکی کەم لە چەند پەرتووکێك کە لە (٢٠) دانە تێپەڕی نەدەکرد و لەسەر مێزی ژوورەکەش ڕووپەڕی چەند پارچە کاغەزێك دانرابوو کە بە زمانی عەرەبی و فەرەنسی نووسرابوو کە پێدەچوو بەشێك لە بیرەوەرییەکانی ئەوە، لەنێو کتێبەکانیدا وێنەیەکم بەرچاو کەوت کە تێیدا دیاربوو کاك عیسمەت لەگەڵ هەندێ لە برادەرانی پێکەوە گرتوویانە، لێرەدا پەنجەی بۆ یەکێ لەو کەسایەتییانە ڕاکێشا و گوتی (تاکو ماوم لە ژیانا ڕۆڵ و چاکەی ئەم مرۆڤەم لەبیر ناچێت کە ئەویش (قەدری جەمیل پاشا)یە کە لە ساڵی ١٩٤٦ بە ماندوو بوون و ئەزیەتێکی زۆرەوە سەردانی

مەهابادی کرد لەوکاتەی پایتەختی کۆماری کوردستان بوو بە سەرۆکایەتیی (پێشەوا) قازی محەمەد کە بۆتە ئەفسانەیەك لە هەمان کاتیشدا بە تەواوی کەوتبوومە ژێر کاریگەریی (بارزانی) بەتایبەتی پاش ئەو کاروانە ترسناکە پڕ لە ئەزیەت و ماندووبوونێکی زۆر کە لەگەڵ یاوەرانی جەنگاوەری کە ژمارەیان (٥٠٠) پێشمەرگە بوون بەرەو خاکی یەکێتیی سۆڤییەت دەچوون و بیرم لە ئەو و پێشمەرگەکانی دەکردەوە کە چارەنووسی گەلی کوردی پێوە پابەند بوو و خەونم بە دیدەنی ئەم سەرکردەیە دەکرد و ئێستا من باسی یەکەم دیداری بارزانیت بۆ دەکەم)؟

پاش هاتنە دەرەوەمان لە ژوورە بچکۆلەکە من لە دوایەوە دەڕۆیشتم و جارێکی دیکە چووینەوە شوێن پێشوومان لە هۆڵەکە و لە شوێنی خۆمان دانیشتین و لەوکاتە کارمن چوار (فنجان)ی قاوەی بۆ هێنایین.

کاك عیسمەت هاتەوە قسە و گوتی (پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ بارودۆخی سیاسی لە عیراق گۆڕا و ماددەی (٣)ی دەستووری کاتی عیراقی یەکەم بەردی بناغەی هاوبەشی کورد و عەرەبی لە عیراق دانا وەکو بەڵگەنامەیەکی یاسایی فەرمی لەلایەن عەبدولکەریم قاسم-ی سەرۆك وەزیران پاش بڵاوبوونەوەی برووسکەیەکی پشتیوانیمان بە ناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد، پاشان جەنگاوەرە کوردەکان بە سەرۆکایەتیی بارزانی گەڕانەوە بۆ عیراق بەندەش (عیسمەت) ئارەزوومەند بووم کە بە دیداری ئەو و سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان شاد بم، بەڵام ئەم ئارەزوو و هیوایەم زوو نەهاتە دی کە لە ئیرادەی من دا نەبوو تاکو ساڵی ١٩٦٠ کە تێیدا بەهۆی گرێدانی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی جیهانی کە لە هاوینی ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا بەسترا و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا بەشداریی تێدا کرد، پێش گرێدانی کۆنگرە بە چەند ڕۆژێك لەگەڵ هەڤاڵ و برادەرم (د. کەمال فوئاد) کە پاشان ئەو بوو بە سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، لە بەغدا دیدارمان لەگەڵ کەسایەتییە دیارەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان هەبوو، سەرەڕای دیتن و شادبوونمان بە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەگای پارتی لە گەڕەکی (بەتاوین) لە سەرەتادا چاوم بە بارزانی نەکەوت چونکە ئەو لەوکاتەدا لە دەرەوەی بەغدا بوو، بەڵام زانیم پاش چەند ڕۆژێکی دیکە بۆ بەغدا دەگەڕێتەوە.

د. کەمال فوئاد و بەندە (عیسمەت) ئەو ڕۆژانە سەرقاڵی نێو کار و پەیوەندییەکانی کۆنگرەکە بووین کە تێیدا (جیری پلیکان) سەرۆکی یەکێتیی قوتابییانی جیهانی کە خەڵکی چیکو سلۆڤاکیا بوو، بەندە وتاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردم لە ئەوروپا خوێندەوە کە لە سەرەتادا بە پشتویوانیی شۆڕشی ١٤ تەموز و کۆماری عیراق دەستمپێکرد کە چۆن لە دەستوورەکەی کورد و عەرەب لە خاکی عیراق هاوبەش کردووە، سەرەڕای ڕەزامەندی لەسەر گەڕانەوەی بارزانی و پێشمەرگەکانی سەربەرزانە بۆ وڵات و زێدی باب و باپیریان و ڕێزلێنانی چوار ئەفسەرە شەهیدەکە (خیرالله عبدالکریم، مستەفا خۆشناو، عزەت عبدالعزیز، محمد قودس) کە رژێمی پێشوو لە ١٩٤٧/٦/١٩ لە سێدارەی دابوون، لە کۆنگرەکەدا داوامان کرد کەوا کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا وەکو ئەندام لە یەکێتی قوتابییانی جیهانی وەربگیرێ، بەڵام ئەم داواکارییەمان شێوازێکی دیکەی وەرگرت چونکە سەرکردەکانی یەکێتی قوتابییانی گشتی کۆماری عیراق لە پێشەوەیان (مەهدی حافز) کە سەرۆکی قوتابییانی گشتیی عیراق بوو لەم کاتەدا ڕۆڵێکی (ئینتیهازییانە)ی دەبینی و دوژمنایەتیی ئێمەی دەکرد و بە هەموو شێوەیەك نەیاندەهێشت ئەندامێتیی (کۆمەڵە) لە یەکێتیی قوتابییانی جیهانی وەربگیرێ کە لە کۆتاییدا هەوڵە دوژمنکارییەکانیان سەری گرت لەبەرئەوەی زۆربەی یەکێتییە قوتابییەکان سەر بە حزبە شیوعییەکان و چەپەکان بوون (لێرەدا تەنها بۆ وەبیرهێنانەوە بە کاك عیسمەتم ڕاگەیاند کەوا بەندە (نووسەر) لە سەلاّنی حەفتاکاندا و لەسەر دیواری یەکێ لە باڵەخانەکانی سلێمانی بە چاوی خۆم ئەم درووشمەم دیوە کە بە بۆیەی ڕەش نووسرابوو، کەوا بە ئاشکرا ئەوەی ڕادەگەیاند کەوا (مەهدی حافز) چۆن دژی قبووڵکردنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لە یەکێتیی قوتابییانی جیهانی بووە جنێوی پێدرابوو). کاتێ کاك عیسمەت گوێی لە قسەکانم بوو پڕ بە دەم دەستی بە پێکەنین کرد و گوتی (توخوا ڕاستە، ڕاستە؟!).

لە دەوروبەری نیوەڕۆیەکی ئەو ڕۆژانە و پاش بەکۆتاهاتنی کۆنگرەکە بۆ یەکەم جار توانیمان دیدەنی سەرکردە و سەرۆك مستەفا بارزانی بکەین و چاومان لە نزیکەوە پێ بکەوێ لەو خانووەی کە لە بەغدا تێیدا نیشتەجێ بوو لەو دیدارەدا هەندێ لە برادەرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و هەندێ لە

سەرکردەکانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان لەگەڵمان بوون، بارزانی لە چاوەڕوانیاندا بوو و لە ساتی یەکەمی چاوپێکەوتنەکە تەزوێکم بە هەموو جەستەدا گوزەری کرد و هەستم کرد کە بەرامبەر پیاوێکی شۆڕشگێڕ و بە هەیبەت و خاوەن کاریزمایەکی بەرچاو راوەستاوم دەستی گرتم و خۆشحاڵیی خۆمی بە دیتنمان دەربڕی بە رێزەوە باسی چالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی ئەورووپای کرد سەرەڕای جەختکردنی لەسەر پاراستنی کۆماری عیراق و پاڵپشتیی سەرۆك عەبدولکەریم قاسم، پاشان هاتینە سەر دەنگوباسی کۆنگرەی جیهانیی قوتابییان و سەرنەکەوتنمان وەکو کۆمەڵە بۆ بوونە ئەندام لەم یەکێتییە جیهانییە، سەرەڕای گێڕانەوەی ئەو رووداوانەی کە لەناو کۆنگرەکە هاتبوونە ئاراوە، لێرەدا بارزانی هاتە قسە و گوتی (ئەی بەرامبەر مافی چارەنووسی میللەتان چی دەڵێن، بێ ئومێد مەبن، بەردەوام بن لە کارەکانتان تاکو ئەو رۆژەی بە ئەندامێتی تێیدا وەردەگیرێن و عەدالەت بێگومان رێچکەی خۆی دەگرێت، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە نابێت هیچ کاتێك دۆزی کوردستانتان لەبیر بچێت، ئێمە پێویستمان بە هەوڵ و کۆشش و کارە نیشتمانییەکانی ئێوە هەیە، یەکگرتووی خۆتان بپارێزن و هەمیشە دوورکەونەوە لە ناکۆکی و پلانی دوژمنەکانمان)، پاش گفتوگۆیەکی تێروتەسەل دەربارەی دۆزی کورد و کێشەکانی بارزانی-مان بەجێهێشت بەو هیوایەی دیداری دیکە دووبارە ببێتەوە. پاش ماوەیەك خەونەکانمان هاتەدی ئەویش بە وەرگرتنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا بە ئەندام بوون لە یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٤.

زەمانە بۆی رێکخستین کەوا جارێکی دیکە بە دیداری جەنابی بارزانی شاد ببمەوە، بەڵام ئەم جارەیان لە چیاکانی کوردستان.. کاك عیسمەت لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: بارزانی ئەو جارە لەو دیدارەدا سەرکردایەتیی شۆڕشێکی دیکەی دەکرد کە لە ١١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ هەڵگیرسابوو دیدارەکەمان لەگەڵ بارزانی رۆمانسییانە بوو بە مانای وشە کە تێیدا بە شێوەیەکی ئەفسانەیی تێکۆشانی گەلێکی تێدا بەرجەستە کردبوو کە تفەنگی بڕنۆ و خەنجەرێکی بەر پشتی کە لە ماوەی ساڵانی شۆڕش لێی جیا نەدەبۆوە، بەم شێوەیە لە خانوێکی قوڕی لادێیی پێی گەیشتین لە گوندێکی نزیك شاری رانیە، ئێمەی شاندی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد

له ئەوروپا کە برایان (د. کەمال فوئاد و بەندە) بووین، دوا بە دوای بڕیاری کۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد کە لە ٣-١٩٦٤/٧/٦ لە هانوڤەر گرێدرابوو بە مەبەستی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلول و هەڵسەنگاندنی ئەو ناکۆکیانەی کە لە نێوانیاندا پەیدابوو، لە هەمان کاتیشدا هەوڵدان لە پێناوی چارەسەری ئەو ناکۆکیانە و چارەسەری کێشەکان لە هەوڵ و کۆششدا بووین وە هەرچۆنێك بێت بەربەستی دووبەرەکی و گەورەبوونی درزەکە بین لەنێوان برایان و هەڤاڵانی یەك ڕێگا و یەك چارەنووس، بەڵام بەداخەوە سەرەڕای هەوڵی جدیمان لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکان و نزیککردنەوەیان لە یەکتری بێ ئاکام بوو ئەوەی لێی دەترساین روویدا کە ئەمەشیان هەڵەیەك بوو، بەڵام چ هەڵەیەك کە چارەسەری زۆر زۆر زەحمەت بوو (لێرەدا کاکە عیسمەت لە قسەکانی وەستا و پرسیاری پەیوەندیی نێوان پارتی و یەکێتیی لێکردم، دەیەویست بزانێ دۆخی سیاسیی کوردستان بزانێ لەسەر رۆشنایی دوور و نزیکی لە یەکتری ئەم دوو حزبە) لێرەدا بەندەش کەوتمە وەڵامدانەوەی و بە دەق پێم گوت (کاکە عیسمەت دڵنیابە لە پەیوەندیی نێوان پارتی و یەکێتی کە زۆر باشە و ئێستاکە ڕێککەوتنێکی ستراتیژی لەنێوانیاندا هەیە کە هیچ کەلێنێك لەنێوانیاندا نییە سەرەڕای هەوڵ و کۆششی دوژمن و نەیارانی دۆزی کورد، ئێستاکە کوردستان ئارامە، هێمنە و دەزگاکانی بەڕێوەبردن، دادوەری، تەشریعی و بەڕێوەبردن کاری ئاسایی خۆیان دەکەن و سەرۆك و سەرکردایەتیی ئەو دوو حزبەش زۆر لێك نزیك و هیچ ترسێك لە درووستبوونی کێشە نییە).

بە گوێبیستی قسەکانم کاك عیسمەت کەوتە دونیایەکی دیکەوە ئارام و کەیف خۆشم هاتە بەرچاو و پێکەنینی لە دەموچاویا دەباری، و پاش نەختێك دووبارە هاتەوە قسە و گوتی (دۆزی کورد یەك کیشەیە، من لە سەرەتای ئاشنابوونم بە دۆزی گەلەکەم برادەر و دۆستانم دەزانن لە هەرچوار پارچەی کوردستان کەوا جۆری بیرکردنەوەم لە بواری نەتەوایەتیدا سەرەڕای هەڵسوکەوتی رۆژانەم لە بورای کار و ئەرکی کوردایەتی هەمیشە بەلای تەبایی و یەکڕیزی چووە، د. کامەران بەدرخان و بەندە لە سەرەتادا و پاشانیش لەگەڵ نورەدین زازا پەیمانمان بە یەکتری دا کە رۆژێك لە رۆژان لەم ڕێبازە لانەدەین بەقەدەر سەرە موویەك لە ئاکامی گرتنەبەری ئەم ڕێبازە

له کۆنگرەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لە ساڵی ١٩٥٦ کە لە (فیزبادن) بەسترا هەڵبژێردرام بە سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە و پاش هەشت ساڵ سەرۆکی نەمر (مستەفا بارزانی) وەکو نوێنەری شەخسی خۆی دەستنیشانی کردم سەرەڕای ئەرکی وتەبێژ بەناوی سەرکردایەتیی شۆڕش و ئەندام لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش من زۆر گرنگی بە هەندێ قسە و قسەلۆك نادەم من یەکەم کوردم و لە دواییشدا هەر کوردم و بەرەو ئەو شوێنە دەچم کە گەلەکەم پێویستی بە منە و هیچ کاتێك دان بە سنوورە دەستکردەکانی نێوان پارچەکانی کوردستان دانانێم لای من کەرکووك، قامشلۆ، دیاربەکر و کرماشان، ناوی هەندێ شاری کوردستانن کە پەیوەندیی گیانییان بە منەوە هەیە و جیاوازییان لەنێواندا نابینم تەنها ناوەکانیان نەبێت.

بۆ جاری دووەم لەسەر کورسییەکەی هەڵسا و دەستی منی راکێشا بۆ لای ئەو جامخانەی کە لە پاڵ دیواری ژوورەکە جێگیر کرابوو ئەوجا بە پەنجەی ئیشارەتی بۆ وێنەیەك کرد کە لە چوارچێوەدا بوو لێی نزیك کردمەوە و گوتی (ئەم وێنەیە ساڵی ١٩٦٤ لە چیاکانی کوردستان گیراوە لەگەڵ بارزانی لەوکاتەی شۆڕشی کورد ئاگربەستی لەگەڵ حکومەتی عەبدولسەلام عارف راگەیاندبوو، سەفەری ئەو ساڵەم ١٩٦٤ بە بڕیاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوو لە ئەوروپا لە کۆنگرەی چوارەمدا مەبەستەکەشم لەپێشەوە بۆت روونکردەوە کە لەگەڵ د. کەمال فوئاد بۆی هاتبووین کە لەسەرەتادا مامۆستایان (ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال)مان دیت و کاتێ بەرەو کوردستان چووین یەکسەر بۆ شوێنی نیشتەجێی بارزانی چووین لە یەکێ لە گوندەکانی کوردستان و هەوڵی جدیمان دا بەمەبەستی لێك نزیك کردنەوەی سەرکردەکان و گەیشتن بە ئاکامێك بە مەبەستی پاراستنی شۆڕش و یەکڕیزی گەلی کوردستان، لەم دیدارەدا لەگەڵ بارزانی ئەو پرسیارێکی لێکردم کە بریتی بوو لەوەی (کە دەتوانم نوێنەرایەتیی شۆڕش بکەم و بەناوی شۆڕشەوە قسە بکەم)، من یەکسەر لە وەڵامدا گوتم (بەڵێ بەسەر سەر و بەسەر چاو ئەمە شەرەفێکی گەورەیە بۆ من کە ئەو ئەرکە مێژووییە بەجێ بهێنم، من بۆ ئەم ئەرکە خوڵقاوم جەنابی بارزانی کە خزمەتی کورد بکەم و لەپێناوی دا لە هەوڵ و کۆشش بەردەوام بم و بەناوی خودای گەورە و شەرەفی نەتەوەییم سوێندت بۆ دەخۆم کە دڵسۆز بم بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزە بە

هەموو توانایەك) بارزانی هەڵوێستەکەی بەندەی (عیسمەت) بەدڵ بوو و فەرمانی بە سەرکردایەتیی پارتی کرد کەوا کارئاسانیم بۆ بکەن لەپێناوی سەرکەوتنی ئەو ئەرکە نەتەوەییە).

کارمن-ی هاوسەری بە هێمنی گوێی بۆ قسەکانی کاك عیسمەت هەڵخستبوو و جەودەت سۆڤ هاوڕێشم گفتوگۆیەکەی نێوان بەندە و کاك عیسمەت بۆ وەردەگێڕایە سەر زوبانی فەرەنسی، لێرەدا کارمن هاتە قسە و بە جۆرە خەمبارییەکەوە گوتی (ساڵی ١٩٦٦ من نەخۆش بووم و لە خەستەخانە کەوتبووم پاشان لە ماڵەوە چارەسەرم بۆ دەکرا، نەخۆشییەکەشم (سیل) بوو کاتێ لە یەکێ لە هۆڵەکانی نەخۆشخانە چارەسەرم بۆ دەکرا عیسمەت نامەیەکی لە (بارزانی) پێگەیشت بانگهێشتی کوردستانی دەکات بۆ کارێکی گرنگ عیسمەت بە داوایەکەی بارزانی ئێمەی بەجێهێشت لە کاتێکدا من نەخۆش بووم و (سیامەند)ی کوریشم تەمەنی سێ ساڵان بوو عیسمەت هیچ گوێی بە حاڵی ئێمە نەدا و سەفەری کوردستانی کرد، لێرەدا دەبێ بڵێم (خێزانەکەم) یانی دایك و باوکم کە سویسرین ئاگاداری رەوشی عیسمەت بوون بۆیە لە دڵیان گران نەهات چونکە دەیانزانی عیسمەتی هاوسەرم چەند کورد و کوردستان و شۆڕشەکەی و بارزانی خۆشدەوێ ئەوجا لەبەرئەوە ئەم هەڵوێستەی عیسمەت شتێکی نامۆ نەبوو، بەڵام کاکی خۆم من ماوەی (٥٤) ساڵە لەگەڵ ئەو پیاوە دەژیم، بەڵام چۆن ژیانێك هەندێ جار خۆش و هەندێ جار ناخۆش، بەڵام دیسان بۆ خوا دەیڵێم دۆزی کورد و شۆڕشەکەی هیچ کاتێك لە هزر و کرداری عیسمەت دوور نەبووە تاکو ئێستاکەش ئەو یادەوەرییەم لا بزر نابێت ئەو رۆژەی من و عیسمەت یەکترمان ناسی بەم جۆرە خۆی پێشکەش کردم "من هاووڵاتییەکی کوردم وڵاتی من کوردستان و چیاکانییەتی و زۆربەی ژیانی خۆم بۆ کێشەی گەلەکەم تەرخان دەکەم". لەوکاتەوە زانیم کە ئەو پیاوە (عیسمەت) جۆرێکی دیکەیە، راستگۆ، سەر راست، و قەت ئەو رۆژەم لەبیر ناچێت لە مانگی (ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٦) کاتێ من لە سەنتەرێکی زانستی کارم دەکرد لە لۆزان کاتێ پاسەوانی باڵەخانەکەمان بە هەڵەوداوان هات و داوای لێکردم بگەڕێمەوە ماڵەوە و یەکسەر بە پاسەوانەکەم گوت (عیسمەت-یان کوشت؟) پاسەوانەکە وەڵامی دامەوە گوتی (نەخێر زیندووە، بەڵام دوو گوللەی بەرکەوتووە و ئێستاکە لە نەخۆشخانەیە و برینەکەی ترسناك نیە، کاتێ

به تاكسييەك لە شوێنی كارەكەم بەرەو نەخۆشخانە دەچووم كە عیسمەت لێی كەوتووە، ڕووداوێكم بەبیر هاتەوە كە پێش چەند هەفتەیەك ڕوویدابوو لە نزیك باڵەخانەی نیشتەجێبوونمان پیاوێكی ئەسمەر ڕەنگی سیما ڕۆژهەڵاتی، باڵا مام ناوەندم دیت، پیاوەكە پرسیاری ژمارەی شەقام و ژمارەی باڵەخانەكەمانی كرد كە (١٤٧) بوو و ئێمەی تێدا نیشتەجێ بووین، هاتمە ئەو بڕوایە كە ئەم پیاوە یەكێك بووە لەو تیرۆرستانەی كەوا عیسمەتیان بەر گوللە داوە).

لیرەدا منیش ئەم پرسیارەم ئاراستەی كاك عیسمەت كرد كە بریتی بوو لە چۆنێتیی هەوڵی تیرۆركردنی وە بە قەناعەتی ئەو كێ لەپشتی هەوڵی تیرۆركردنی بووە، لەو كاتەدا كە گوێی لە پرسیارەكەم بوو سەرێكی بادا و دەستەكانی لەسەر مێزەكە دانا و ویستی ڕووداوەكەی بهێنێتەوە یاد كە ئەوكاتە (٣٤) ساڵی بەسەردا تێپەڕ ببوو و ماوەی چەند چركەیەك بە بێدەنگی مایەوە، بەڵام كاتێ ویستی قسە بكات دەستی بۆ پەرداخی ئاوەكە برد و ئەوەی تێیدا مابوو خواردییەوە و بە دەنگێكی هێواشەوە هاتە قسە و گوتی (پاش نسكۆی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥ بە چەند مانگێك لە پاریسەوە تەلەفۆنێكم بۆ كرا بە ناوی پەیامنێری ڕۆژنامەی (التاخی) و داوای دیمانەیەكی ڕۆژنامەوانیی لێكردم، بەڵام ڕۆژەكەم لەبیر نەماوە كەمتر لە هەفتەیەك دوو كەس لە دبلوماسیانی عیراقی سەردانیان كردم كە ئەوكاتە لە سەفارەتی عیراق لە پایتەخت (بێرن) كاریان دەكرد لەگەڵ كەسێكی دیكە كە گوایە پەیامنێرەكەی ڕۆژنامەی (التاخی)یە و لێرەدا لە شوقەكەی خۆم پێشوازیم لێكردم لە لۆزان، گفتوگۆیەكی دوور و درێژ لە نێوانماندا هاتە ئاراوە كە تێیدا جەختیان لەسەر (چۆنێتیی چارەسەری كێشەی كورد دەكرد لە عیراق و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆئەوەی ئاشتی و برایەتی بگەڕێتەوە كوردستان دوور لە چەق چەقەی چەك و ڕۆڵی ئێران لە دۆخەكەدا) یەكێك لەوانە لە نێوانی قسەكانمدا پێی گوتم (لە پێناوی بەرژەوەندیی كورد لە عیراق ئێمە بە ناوی سەركردایەتیی عیراقەوە داوات لێ دەكەین سەردانی بەغدا و كوردستان بكەی بۆئەوەی كە هەموو شتێكت بە چاوی خۆت دیت ئامۆژگاریمان بكەی لە چۆنێتی ئەو هەوڵ و كۆششانەی كە لە گۆڕەپانەكەدا هەیە بە مەبەستی چارەسەركردنێكی عیراقییانە بۆ كێشەی كورد و سەركردایەتیی عیراق ئامادەیە گوێ لە ئامۆژگارییەكانت بگرێ كاتێ سەردانی ناوچەكانی سەرووی عیراق

دەکەیت و هاووڵاتیانی دەبینی بیر لە (رزگارکردنی ئەوەی ماوە رزگار بکرێت) بکەوە منیش پاش گوێبیستیم لەو قسانە رەزامەندیم نیشان دا لەسەر سەفەرکردنم بۆ عیراق، بەڵام بە مەرجێك کە خۆی لەو سێ خاڵە دەدیتەوە کە بریتی بوون لە :

١- ئازادیی هاتوچۆم لە کوردستان.

٢- ئازادیی دیدار و دیدەنی هاووڵاتیان لە کوردستان.

٣- ئازادیی هەڵبژاردنی هەڤاڵانی گەشتەکەم.

لەسەر ئەم خاڵانە رێککەوتین و رۆژی سەفەر دەستنیشان کرا و بەرێز (بشیر بو معزە) کە کاتێ وەزیری ئابووری بوو لە حکومەتی جەزائیر لەو سەردەمەی (أحمد بن بیلا) سەرۆك کۆماری جەزائیر بوو لە ناوەراستی شەستەکانی سەدەی رابردوو، لەگەڵ بەشیر بەرەو بەغدا چووین و لە بەغدا زۆر بەرێزەوە پێشوازیمان لێکرا و (١٤) رۆژ لە عیراق ماینەو، سەردانی بەغدا و هەولێر و سلێمانی و دهۆك و ئامێدی مان کرد، چاوم بە هەندێ کەس و کۆمەڵی کورد کەوت لێرە و لەوێ کە زۆر بێ دەررەتان بوون و پرسیارم لە زۆربەیان کرد، لە یەکێ لە شارەکانی کوردستان کە بەداخەوە ناویم بیر نەماوە کاتێ خەڵکانێك ئامادەی ئەو کۆرە بوون کە لەو شارە ئەنجامدرا پاش کۆتاهاتنی ووتار و قسەکان داوام کرد کە سەردانی ناو شارەکە بکەم بە مەبەستی ئاگاداربوون لە رەوشەکە، دوو ئۆتۆمبێلی حکومیان بۆ هێناین کە لە دەرگای تەنیشتەوە نووسرابوو (تاخمی وەزارەتی راگەیاندن) وە لە یەکەم فرسەتدا لە هاووڵاتییەکی ئەو ناوەم پرسی کە جلی ئەفەندیی لەبەر بوو (ئایا پرۆگرامی خوێندن لە هەندێ قۆناغ لە زمانی کوردییەوە بۆ عەرەبی گۆردراوە؟) لە وەڵامدا گوتی (بەڵێ، بەڵام بە ئارەزووی هاووڵاتیان بووە)، لەوساتەوە زانیم کە ئەمەیان هەنگاوی یەکەمە و بارانی دیکەی بەدواوە دێت لە دیاردەی بە عەرەبکردنی ناوچەکە و بە شێوازی خراپ، پاش نانخواردن لە هاووڵاتییەکی دیکەم پرسی کە جلی کوردیی لەبەر بوو (برا بارودۆخی ئێستای کورد چۆنە، مەترسێ بەندەش کوردە وەکو تۆ لە ئەورووپاوە هاتووم بۆئەوەی راستییەکانم لە کوردستان بۆ روون ببێتەوە)، پاش ئەوەی کابرا گوێی لە قسەکانم بوو پاش ئەوەی باوەری لا پەیدا بوو کە راستگۆم وتی (بارودۆخەکە لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەچێت)، نەمانتوانی گفتوگۆیەکە لەگەڵ ئەو

هاووڵاتییە تەواو بکەم کاتێ یاوەر و شوفێری ئۆتۆبیلەکان لە من نزیك بوونەوە، پرسیاری ئەوەیان لێکردم (چی دەمەوێ بزانم لەو هاووڵاتییە کوردە) منیش پێم کوتن بۆ پرسیارم لێ دەکەن کە چیم دەوێ، من بۆئەوە هاتووم کە بزانم بارودۆخی ئێرە چۆنە، کاتێ گەڕاینەوە بەغدا ئەو بەرپرسانەی کە دیدەنیم کردن (لێرەدا ویستی ناوی لێپرسراوەکانی عیراقی بێنێتەوە یاد) گوتی تەنها سەدام و ئەحمەد حەسەن بەکر نەبێ زۆربەی سەرکردەکانی حزبی بەعس لە نێوانیاندا تاریق عەزیز-م دیت و پێم گوتن (چارەسەری کێشەی کورد پێویستە لە روانگەی بۆچوونی مەبدەئی و بڕوا بەوەی کە کوردیش مافی ژیانی ئازادی هەیە وەکو برایانی عەرەبی و دانی پێدابنرێ و سیاسەتی ترساندن و سەرکوتکردن و برسیکردن و گوێزانەوەی هاووڵاتیانی کورد لە کوردستانەوە بۆ پارێزگاکانی خوارو و گۆڕینی پڕۆگرامی خوێندن لە کوردی بۆ عەرەبی دادی چارەسەرکردنی کێشەکە نادات)، بەڵام وەڵامی ئەوان بەم شێوەیە بوو (یاسای ئۆتۆنۆمی شەوی ١٩٧٤/٣/١١ لەلایەن سەرکردایەتیی عیراقەوە راگەیەندراوە و باشترین رێگایە بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و پێویستە ئەو (یانی عیسمەت) هاوکاری جێ بە جێ کردنی بێ).

کاتێ گەڕامەوە سویسرا هاتمە ئەو بڕوایە کە فەرمانڕەوایانی عیراق چاوەڕێی (خێر)یان لێ ناکرێت و لە یەکەم ساتی گونجاودا بیروڕای خۆم راگەیاند کە بەدڵی بەغدا نەبوو جارێکی دیکە پەیوەندییان پێوە کردمەوە، بەڵام من رتم کردەوە کە جارێکی دیکە سەردانی عیراق بکەم، بەڵام رۆژی ١٩٧٦/١٠/٧ کاتێ لە ماڵەوە سەرقاڵی خوێندنەوە بووم زەنگی دەرگا لێدرا و بەبێ ئەوەی بیر لە خۆپاراستن بکەمەوە دەرگام کردەوە و یەکسەر رووبەڕووی زەلامێك بووم کە بە دەمانچەی رووتەوە وەستابوو لەگەڵ کردنەوەی دەرگا یەکسەر یەك گوللەی پێوەنام کە راستەوخۆ بەر دەمم کەوت، ئاگام لە خۆم نەما کاتێك بە ئاگا هاتمەوە خۆم لە نەخۆشخانە دیتەوە (بە دەستی راستی شوێنی گوللەکەی پیشاندام کە چۆن کاریگەریی لەسەر قسەکردنی هەبوو) کاتێ کاك عیسمەت رووداوەکەی بۆ دەگێڕامەوە سیمای خەمی لێ دەباری و نەختێ وەستا و پاشان شتێکی دیکەی بەبیر هاتەوە کاتێ پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر داوالێکردنی بۆ نوێنەرایەتیی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦٥ و هەوڵەکانی حکومەتی عیراق بە دانانی کۆسپ و تەگەرە و

ڕێگاپێگرتنی له ئەنجامدانی هەوڵ و کۆشش به مەبەستی خزمەتی دۆزی کورد به تایبەتیش له کاتی حکومڕانییەکەی عەبدولسەلام هارف، که داوایان له حکومەتی ئەمەریکا کرد که له وڵاتەکەی ئەوان دەربکرێم به بیانووی گوایه (عیسمەت شەریف هەوڵی دانانی سەنتەرێك دەدات بۆ شۆڕشی کوردستان له ئەمەریکا کاتێك (ناجی تاڵب)ی وەزیری دەرەوەی عیراق بوو لەم سەردەمه دیداری باڵیۆزی ئەمەریکای کردبوو له بەغدا (سترۆنگ) له مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٥ و داوای لێکردبوو کەوا ویلایەته یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەهێڵێ عیسمەت شەریف هەڵبستێ به هیچ جموجۆڵییەکی سیاسی و دەرکردنی له ئەمەریکا لەمەش خراپتر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا له بەغدا پێشنیازی بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کردبوو بەپێی برووسکەی ژماره (٩٥٦) له ١٩٦٥/٥/٥ به لێسەندنەوەی ڤیزەی ئەمەریکا بۆئەوەی بوونی عیسمەت له ئەمەریکا هیچ کێشەیەك بۆ حکومەتی عیراق درووست نەکات، کاتێ ئەم بڕیاره به کاك عیسمەت ڕاگەیەندرابوو کەوا ئەوه سیاسەتی ئەمەریکایه ئەوجا زانیم که ئەمەریکا چەند بێ هەڵوێسته و سیاسەتی چەند بەرژەوەند پەرست و لاوازه لەپای بەرژەوەندییەکانی بەرامبەر دۆزی نەتەوەیەك که هەموو مافێکی مرۆیی و سیاسی بێبەشه له کاتێکدا گوایه ئەمەریکا سەرۆکایەتیی (جیهانی ئازاد) دەکات و یارمەتیی گەلانی زۆر لێکراو دەدات، بەم شێوەیه وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ملکەچی داواکەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا بوو له بەغدا به دەرکردنی عیسمەت له ئەمەریکا بۆ فشار خستنه سەر شۆڕشی کورد بۆ هەمان مەبەست، لەو کاتەدا (ناصر الحانی) باڵیۆزی عیراق بوو له ئەمەریکا که هەموو هەوڵی خۆی تەرخانکرد به مەبەستی دەرکردنی له ئەمەریکا.

(کارمن)ی هاوسەری ویستی کەشوهەواکه بگۆڕێتەوه بۆ بارودۆخێکی ئاسایی کاتێ دیتی عیسمەت به تووڕەییەوه باسی ڕووداوی دەرکردنەکەی له ئەمەریکا دەکرد بۆیه ویستی به قسەی نەرم و لەسەرخۆ باسی له ڕێڕەو و کاروانی عیسمەت بکات له دونیای سیاسەت دا له خزمەتی دۆزی نەتەوەکەیدا به پیادەکردنی ئەو داواکارییانەی که لەلایەن سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلول پێی ڕاسپێردرابوو که تێیدا به بەردەوامی له ماڵەوه له سویسرا دوورکەوتەوه، لێرەدا ئەم پرسیارەم له کارمن کرد که (ئایا هەڵسەنگاندنی خێزانەکەی تۆ بۆ عیسمەتی هاوسەری چۆن لێکدانەوەی بۆ دەکرا؟)

لێرەدا کارمن بەرەو ئاشپەزخانەکەی هەنگاوی نا و جارێکی دیکە (چا)ی بۆ هێناین و لەسەر مێزەکەی دانا و هاتە قسە و گوتی (خێزانی من هیچ کاتێك بەرهەڵستیی کاری سیاسیی عیسمەت نەبوون و زۆر رێزیان لە بۆچوونەکانی دەگرت لەبەر ئەوەی دەیانزانی کە عیسمەت چەند راستگۆیانە لە خزمەت دۆزی نەتەوەکەی دایە و دەشیانزانی کە نەتەوەکەی چەند بێ بەشە لە مافە رەواکانی).

کاتێ ئەو سوارە (فارس) ماندووە حەسایەوە لە ئاکامی گفتوگۆیەکانی ئەو و بەندە دەربارەی دۆزی کورد و کێشەکەی کە تێیدا لە ئەنجامدا تووشی رەنگدانەوەی ترسناك بووە لەلایەن نەیارانی کورد و کوردستان کە تێیدا هەوڵی تیرۆرکردنی ئەنجام درا ئەوجا ئەو (کاك عیسمەت) هات قسە و ئەو پرسارەی لێکردم (پێم بڵێ چیت ماوە لە جانتاکەتدا ئاراستەم بکەی ئەی برادەری رۆژنامەنووس، پرسیارەکانت زۆر هەمەچەشن بوون، بەڵام من سوپاسگوزاری خۆمت پێشکەش دەکەم کە واتلێکردم دڵ و دەروون و ئەوراقەکانی خۆمت بۆ بکەمەوە پاش ئەو هەموو ساڵەی لەبیرچوونەوە و بیدەنگییە لەلایەن رۆژنامەگەریی کوردییەوە). منیش (بەندە) سوپاسێکی گەرمی ئەم مرۆڤە گەورەیەم کرد کە چۆن دڵی خۆیی بۆ کردمەوە لە هەمان کاتیشدا ئەگەر ماوەی هەبێت تەندرووسی رێگای پێ بدات چەند پرسیارێکی دیکەی ئاراستە دەکەم لەپێشەوەیان هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیی لە عیراق کە لە پاش راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ خۆی لە کوردستان فەرز کردووە و جەخت و پێداگیری گەلی کوردستان لەسەر سیستەمی فیدراڵییەت کە لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لێدراوە و پابەند بوونی دەستووری عیراقی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە لەلایەن پەرلەمانی عیراقەوە بە فیدراڵییەت ئەو (یانی عیسمەت) چۆنی دەبینێ.

بۆ چەند چرکەیەك بێدەنگی باڵی بەسەر گفتوگۆکەماندا سەپاند، وای بۆ چووم کەوا بیر لە بابەتێك دەکاتەوە پاشان هەڵسا و داوای لێکردم دیسان بۆ ژوورە بچووکەکەی کتێبخانەکەی بچین و هەندێ ئەوراقی تەماشا کرد، کاتێ ئەوەی دەیەویست کەوتە بەردەستی کە بریتی بوو لە شێوە گۆڤارێك، رووی تێکردم و گوتی (بەندە (یانی عیسمەت) پێش ئێوە بە چەند ساڵێك چارەسەری ئۆتۆنۆمیم تێپەڕاندووە وەکو چارەسەری کێشەی کورد لە عیراق پاش لێکۆڵینەوە چەند ساڵە و کارکردنم

لەسەر بابەتی کێشەی کورد گەیشتوومەتە ئەم بڕوایە کە چارەسەری فیدراڵییەت باشترین چارەیە لەبەرئەوەی کورد لە عیراق خاوەن خاکی خۆیەتی و ئەم کەمە نەتەوایەتی نییە، بەڵکو نەتەوەن لە عیراق و عەبدولکەریم قاسم سەرۆکی یەکەمی کۆماری عیراق کارێکی باشی ئەنجام دا کاتیێ هاموبەشی کورد و عەرەبی لە عیراق لە دەستووری کاتی چەسپاند من ئەوەم لە نامەی دکتۆرایەکەم باس کردووە (دەربارەی ستراتیژییەتی سیاسی و سەربازی لە بزاڤی نیشتمانی کوردی، ئاوڕدانەوەیەك بۆ رابردوو و ئێستاکە و بۆ دواڕۆژیش) و ئەم بابەتەم لە گۆڤاری (دراسات کوردیە) ژمارە (١-٢) ساڵی دووەم لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٥ کە بە زوبانی عەرەبی دەردەچێت لە پاریس بڵاوبۆتەوە کە تێیدا بە تەواوی بۆچوون و روانگەی خۆمم روونکردۆتەوە کە بڕوام پێیەتی و لێرەدا بڕگەیەکت نیشان دەدەم کە وەڵامی پرسیارەکەتی تێدایە و دەڵێم (لە عیراقدا گەلی کورد ٢٨٪ کۆی گەلی عیراقە و خاکێکی بەپیت و بەرەکەتی هەیە و قورسایی لەوەدا هەیە کە عیراق بکاتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و لە دوو کۆمار پێك بێت یەکێکیان ناوی کۆماری عیراق-عەرەبی و دووەمیان کۆماری کوردستانی خواروو بێت، پاشان هەردوو کۆمار یەك دەگرن لەنێو حکومەتێکی فیدراڵی و تێیدا ماف و ئەرکەکان و لایەنە دەستوورییەکان جێگیر دەکرێت و دەتوانریێ ناوچەیەکیش بە ئۆتۆنۆمی بۆ تورکمانەکان دیاری بکرێت لە چوارچێوەی کۆماری کوردستانی خواروو، ئەگەر هاتو لایەنە سیاسییەکانی کورد و عەرەبییە دیموکراتخوازەکان رێککەوتن دەتوانن ناوی (عراق) کە ئەم ناوە دەستەواژەیەکی بەریتانیایە و بەم شێوەیە فەرزی کرد کە خوارووی کوردستانی لەگەڵدا بێت لە ساڵی ١٩٢١ و ئەو ناوەی لێنا، دەتوانن ئەم ناوە بگۆڕن وەکو گوتم ئەگەر لایەنە عەرەبی و کوردییەکان رێککەوتن بکرێتە (کۆماری یەکگرتووی عەرەبی-کوردی) یان بە هەر شێوەیەکی گونجاوی دیکە بێت وەکو چۆن هەردوو کۆماری چیك و سلۆڤاکیان کە دوو نەتەوەن بۆتە کۆماری (چیکوسلۆڤاکیا).

لە هەمان کاتیشدا هەمان چارەسەرم بۆ دۆزی گەلی کورد لە سووریا کردووە بە شێوەیەکی سەربەخۆ، بەڵام لە ئێستادا باوەڕ ناکەم سەربگرێت و ئاشکرایە کە کورد لە سووریا چی لەگەڵ دەکریێ، لە ئێستادا توانام نییە کە دانەیەکت لەم توێژینەوەیە پیێ بدەم چونکە باری تەندروستی و تەمەن سەرەڕای نەخۆشییەکانم لەمپەرن

بەرامبەر ئەو کارە کە کات و تەندرووستیی دەویٚ، پێویستە لەسەر نەوەی پێگەیشتووی وەك ئێوە و نەوەی نوێش ئیش لەسەر بابەتەکان بکات وەکو چۆن ئێمە کارمان لەسەر کردووە لە پێناوی دۆزی کورد و ئاشکرایە ئێمە (ئاشقی دۆزەکە) بووین، لەوە زیاتر شتێکی دیکەمان نەبوو.

گفتوگۆ و پرسیار و وەڵامەکان درێژەی کێشا، بەڵام من دەمەویست هەندیٚ پرسیاری دیکەی لیٚ بکەم چونکە ئەو شاهێدی رووداوەکان بووە و لە ژیاندا ماوە، کە لەوانەیە بە کۆچی دوایی ئەو زۆر شت بەدیار نەکەویٚ، بەڵام سیمای کارمن-ی هاوسەری، سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی هاوڕێم (جەودەت سۆڤ) بە زوبانی کوردی وای لێکردم کە کۆتایی بە پرسیارەکانم بهێنم چونکە وەکو هاوڕیٚ جەودەت گوتی (پیاوەکەت بە تەواوی ماندووکرد و کۆتایی پیٚ بێنە)، بەڵام کاکە عیسمەت تەسلیم نەبوو و گوێی نەدایە ئەوان چونکە بە بۆچوونی خۆی وای لێك دەدایەوە کە لەوانەیە جارێکی دیکە ئەم گفتوگۆ کراوەیە دووبارە نەبێتەوە بە ئاسانی و بەم شێوەیەی کە سیمای برایەتی و هەڤاڵانەی پێوە دیاربوو، لێرەدا بە خەمباری پێی گوتم لە کاتێکدا خەم لە دەموچاوی دەباری گوتی (بەداخەوە تەندرووستی و تەمەنم بارمەتی دەرم نین کەوا بەردەوام بم لە کاری سیاسی، گەلی کوردستان پێویستیی بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەك هەیە بەتایبەتی لە بارودۆخی ئێستادا چونکە گۆڕانکاری گەورە لە ناوچەکە بەڕێوەیە سەرەڕای (موفاجەئاتی) چاوەڕوان نەکراو، سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرەو پێشەوە دەچێت پاش نەمانی جەنگی ساردی هەردوو زلهێزی جاران (ئەمەریکا و سۆڤییەت) کە لە ئاکامدا هەمووی لە بەرژەوەندیی کێشە و دۆزی سەربەخۆیی گەلانە بۆ نموونە (کۆسۆڤۆ، گەلی خوارووی سودان، تورکیا و کاریگەریی لەسەر تێکڕای جموجۆڵی سیاسی، جموجۆڵی کورد لە سووریا و ئێران، پێویستە لەسەر سەرکردە کوردەکان و لە هەر چوار پارچەی کوردستان کە لە دووبەرەکی و ناکۆی دوور بکەونەوە چونکە بارودۆخی ئەمڕۆکە تەحەمولی دووبەرەکی و دوورکەوتنەوە لە یەکتری ناکات چونکە دواڕۆژی کورد و بەرژەوەندییە باڵاکانی زۆر لە بۆچوون و کردارە سیاسییەکان گەورەترن و پێویستە سەرکردایەتی کورد رای گشتی نەدۆڕێنیٚ چونکە وڵاتە یەکگرتووەکان هاتوونەتە سەر ئەو رایە کە گەلی ئێمە ئەویش مافی خۆی

هەیە، تەماشای رۆڵی بەرچاوی جەنابی (مستەفا بارزانی) بکەن کە هەمیشە لە هەوڵی بێ وچاندا بوو بە مەبەستی تێگەیاندنی سیاسیە گەورەکانی دونیا و بیباتە ئەقڵیانەوە کە کوردیش گەلێکە و زۆر لێکراوە و داوای ماف خۆی دەکات (بە تایبەتی سیاسییەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا) لەبەر ئەوەی بارزانی بە زیرەکی و لێهاتووی خۆی سەرەڕای تاقیکردنەوەکانی سەرکەوتنەکان، نسکۆ، شکستەکان دەیزانی کە هۆکارە دەرەکییەکان و تێگەیشتنی سیاسییەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا لە دۆزی کورد چەند کاریگەرە لەسەر سەرکەوتنی گەلی کورد و گەیشتنی بە بارودۆخێکی ئارام و پاراستنی لە (گورگە خوێن خۆرەکان) کە ئەویش نایەتە دی تەنها بە یەکڕیزی کورد و یەکگرتنی دێتە دی، بۆ مێژوو دەیڵێم (بارزانی خاوەن بیرێکی تیژ بوو و لە بڕیاری دەوڵەتە زلهێزەکان تێگەیشتبوو و ئەو برایانەی کە لەم بوارە کاریان دەکرد دەزانن و لەبیریانە کە بە چ زەحمەتێك دەگەیشتە خاوەن بڕیار بەدەستەکان لەو وڵاتانە دا، جاری وا هەبوو چەند رۆژ و هەفتەیەك لە چاوەڕوانی دیدارێك دەبووین لەگەڵ فەرمانبەرێکی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتێك، بەڵام بارزانی قەت بێ هیوا نەدەبوو و هیچ کاتێك نەگەیشتین بە ئەنجامێك لە کارەکە ساردی نەدەکردەوە، رۆژێك بارزانی پێی گوتم (پێویستە ئێمە خۆمان بە بڕوای جووتیاری کورد چەکدار بکەین لە کوردستان کە چەند بە بەردەوامی و کەللە رەقی (عیناد) کار دەکات و بە زەحمەت دەگاتە ئەوەی کە دەیەوێ کە ئەویش خۆراکی ژیانە لەو سروشتە زەحمەتە و هەموو ساڵێکیش دووبارەی دەکاتەوە بێئەوەی بێ هیوایی پێوە دیار بێت)).

کاتژمێر گەیشتە ٦ی ئێوارە، دانیشتنەکەمان زۆری کێشا چونکە گفتوگۆ و پرسیارەکان هەمە لایەنە بوون و کاتی خوداحافیزی هاتبوو، ئەوجا بە نەختێ تێڕوانینەوە تەماشایەکی دەوروبەر و کاك عیسمەتم کرد و گوتم (بە هیوا بووم رۆژێك لە رۆژان ئەو مرۆڤە تێکۆشەر و ماندوونەناسە ببینم کە رۆژانێك وتەبێژ و نوێنەری شۆڕشی ئەیلول و سەرۆکەکەی بووە کە وەکو پاڵەوانێك بە جانتای سەفەری کە پڕ بووە لە نامە و دیکۆمێنت و یاداشتنامەی مستەفا بارزانی وەکو گەریدەیەك لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا سووڕاوەتەوە و چاوی بە سیاسەتمەداران و لێپرسراوانی ئەو وڵاتە بکەوێت بە مەبەستی نیشاندانی کێشە و دۆزی گەلەکەی کە تا رادەیەك

پەیماننامەی (سیڤەر) دانی بە مافەکانیان هێنابوو کە بێگومان لە ئاستی هیوا و ئارەزووی گەلی کورد نەبوو، بەڵام دیسان جارێکی دیکە ئەو مافەیان لێ سەندرایەوە لەلایەن هاوپەیمانانەوە (الحلفاء) لە پێشەوەشیان بەریتانیای گەورە کە لە رۆژانی هاتنی سیخوڕ و بەکرێ گیراو و گەریدەکانی بۆ ئەم ناوچەی رۆژهەڵاتە بیریان لای سەربەخۆیی کوردستان نەبووە سەرەڕای ئیمزاکردنیان لەسەر (پەیماننامەی سیڤەر) سەرەڕای نکۆڵی کردنیان لە رۆژی ئیمزاکردنەکە لە شاری دڵڕفێنی سیڤەر کە کەوتۆتە سەرووی دەوڵەتی فەرەنسا و لە خوارووی رۆژئاوای پاریس دایە، ئەو شارەی کە بەناووبانگە بە کاری دروستکردنی کەلوپەلی قوڕی تایبەت (خزف) کە لە ساڵی ١٧٥٦ تاکو رۆژانی ئەمڕۆ لەم کارە سیڤەرییەکان بەردەوامن کە تێیدا لەم شارە (سیڤەر) ئەو پەیماننامەی لێ ئیمزا کرا پاش ئەوەی بنەماکانی کۆتایی ئەم پەیماننامەیە لە کۆنگرەی (سان ریمۆ) دانرا کە لە ئاکامدا (تورکیای دۆڕاو) لە لایەك و هاوپەیمانی سەرکەوتووش لە لایەکی دیکەوە ئیمزایان لەسەر کرد لە رێککەوتی ١٩٢٠/٨/١٠ کە تێیدا (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) هەڵوەشایەوە و تەسکبوونەوەی سنووری تورکیا بۆ سنووری ئێستای، بەڵام دامەزرێنەری دەوڵەتی تورکیای سەردەم (مستەفا کەمال) رەتیکردەوە ئیمزا لەسەر ئەم پەیماننامەیە بکات بۆیە پیەماننامەی (سیڤەر) بە پەیماننامەی (لۆزان) گۆڕدرا (لۆزان)یش ئەو شارە جوان و خنجیلانەیە کە هەڵکەوتەکەی لەسەر دەریاچەی جنێف (لیمان)ە کە ئەو پەیمانە نەخوازراوە رەشەی لێ ئیمزا کرا وەکو کاکە عیسمەت گوتی لە نێوان تورکیا و هاوپەیمانان لە ١٩٢٢/٦/٢٤ ئیمزا کرا کە بووە هۆکاری کپ کردنی هیوا و ئارەزووەکانی گەلی کورد کاتێ خودی پەیماننامەی سیڤەر لە بڕگەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤) پەسەندی کردبوو.

پێش بەکۆتاهاتن و بەجێهێشتنی کاك عیسمەت و کارمن-ی هاوسەری کەلام زۆر قورس و ناخۆش بوو کاك عیسمەت دەستی راکێشام لەگەڵ کارمن بۆ لای بالکۆنی شوقەکەی خۆیانی بردم بە مەبەستی بینینی ئەو شارە جوانە و هەڵکەوتەکەی لەسەر دەریاچەی (لیمان) کە ماوەی چەندین ساڵە تێدا دەژی، کاتێ هەرسێکمان بە رێنمایی ئەو تەماشای چواردەوری لۆزان مان دەکرد کاك عیسمەت دەستی بۆ شوێنی ئەو کۆشکە برد کە بە کۆشکی (ئوشی) ناسراوە پەیماننامە شوومەکەی لۆزانی تێدا ئیمزا کرا، بەڵام وەکو دەڵێن (ویستی زەمانە) بوو کە کاك عیسمەتی شۆڕە سواری

کوردایەتی و ماندوونەناس لە نزیك ئەم کۆشکە بژی کە ئاواتی کوردی تێدا زیندە بە چاڵ کرد کە تێیدا کاکە عیسمەت هەموو هەوڵ و تێکۆشانی لەوەدا خۆی دەدیتەوە کە ئاسەواری ئەم پەیماننامە بێ ئابڕوویە ڕۆژێك لە ڕۆژان بسڕێتەوە. لە بالکۆنەکە چەند وێنەیەکمان گرت وەکو یادگاری، کاتێ ماڵئاواییمان بە تکا و پاڕانەوە داوام لێکرد کە بەجێهێشتنەکەی لەبەردەم شوقەکەی بێت کە لە نهۆمی حەوتەم بوو، بەڵام ئەو چونکە هەمیشە جوامێر و بە جوامێری ژیا ڕەتی کردەوە لەبەردەرگای شوقەکەی خواحافیزیمان بێ بکات، ئەوجا (عیسمەت و جەودەت و بەندە) بە ئەسانسۆری باڵەخانەکەی هاتینە خوارێ بۆ لای گۆڕەپانی ڕاوەستانی ئۆتۆمبێلەکان کە ئۆتۆمبێلەکەی کاك جەودەتی لێ ڕاوەستابوو، غەمگین دەهاتە بەرچاوم دەموچاوی خەمی پێوە دیار بوو، قسەی نەکرد چونکە پاش ئەو دانیشتنە دەوڵەمەندە هەستی بە تەنیایی دەکرد بەتایبەتیش لەو تەمەنە کە (٨٨) ساڵی تێپەڕاندبوو و نەخۆشی دەورەی دابوو سەرەڕای ئاسەواری هەوڵی تیرۆرکردنەکەی کە تاکو ئەو کاتەش پێوەی دیار بوو و هەمیشە بە بیری دەهێنایەوە کە ئەو مرۆڤە (عیسمەت) ڕۆژێك لە ڕۆژان شۆڕەسواری ڕێبازێك بوو کە گەلەکەی خاوەنی شۆڕشێك و سەرکردەیەکی مەزنی وەکو بارزانی نەمر ڕێبەرایەتیی دەکرد.

لە گۆڕەپانەکەی خوارەوە بە هەست و نەستێکی کوردانە بەجێمانهێشت وە ئەم جارە توانیم هەرچۆنێك بێت (دەستی ماچ بکەم) و ماچێکی ڕوومەتە لاوازەکەی بکەم لە کاتێکدا فرمێسکەکان لە چاوەکانی ئێمە (عیسمەت و بەندە) دەهاتنە خوارێ فرمێسکی ئەو جیاوازی لەگەڵ فرمێسکەکانی من هەبوو فرمێسکەکانی ئەو مانایەکی دیکەی هەبوو کە ئەو ڕاستییەی دەگەیاند کە مانای لەبیرچوونەوەی ئەو و کارمنی هاوسەری لەو تەنیاییەی کە تێیدا دەژین دوور لە وڵاتی کوردان و هاژە هاژی ژیانی سیاسی کە ئەوانی تێدا بێبەش بوون لەبیرچوونەتەوە کورد لێیان بێ ئاگایە لە کاتێکدا پیاوی وا ڕێزی لێ دەگیرێ کە هەرگیزا و هەرگیز گوێیان لە ناوی عیسمەت و هاوشێوەکانی نەبووە و ڕۆژێك لە ڕۆژان ئارەقەی بۆ کورد نەکردووە و بۆ کورد و کوردستان ماندوو نەبووە وەکو عیسمەت شەریف وانلی کە هەموو ژیانی خۆی بۆ نەتەوەکەی تەرخان کردبوو.

فرمێسکەکانم بێ ئارەزووی خۆم لە چاوانم دەهاتە خوارێ بەڵام فرمێسکەکانیشم دەیانویست وەفادارییەك نیشانی ئەو جۆرە مرۆڤە بدەن (عیسمەت) کە پاش ئەو هەموو تەمەنە پڕ لە شانازییە خۆی و کارمن رۆژانە لە چاوەڕوانی هاتنی خواردنی دوو ژەمی (سۆشیال) بن لە جیاتی ئەو چەند ملیۆنە کوردە هاوڕەگەزی کە لە پێناویانا بۆ یەك چرکەش درێغی نەکرد، بەڵام ئێمەی کورد لە کۆتاییدا بەجێمانهێشت و بەتەنیا هێڵامانەوە.

## دیکۆمێنتی پەیوەندیدار

* بەڕێز عیسمەت شەریف وانلی لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٥ یاداشتێکی ئاراستەی سەرۆکە نوێنەرەکانی هەمیشەیی لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە دەربارەی بارودۆخی کوردستان پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەلایەن حکومەتی عیراقەوە لە زەمانی فەرمانڕەوایەتی عەبدولسەلام عارف کە ئەمەش دەقی یاداشتنامەکەیە:

**بەڕێزان**

شاندی شۆڕشی کوردستانی عیراق بەندە سەرۆکایەتیی دەکات و لە خوارەوە ئیمزام کردووە لەنێو شاندەکەمان بەڕێز (سەعدی دزەیی) تێدایە کە شەرەفمەند دەبین بوارمان پێ بدرێ کەوا دیدارێك ساز بکات لە پێناوی خستنەڕووی راستییەکان دەربارەی ئەو هێرشە سەربازییانەی کە جارێکی دیکە دەکرێنە سەر کوردستان بە مەبەستی کاولکردن و کوشتنی بەکۆمەڵی هاووڵاتیان کە ئێستاکە حکومەتی بەغدا دژی کورد بەرپای کردووە، ئێمە ئێستاکە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاین و هاتووین وەکو نێردەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و سەرۆکەکەی مستەفا بارزانی، ئامانجمان لەو سەردانە ئەوەیە کە رای گشتی ئاگادار بکەین لە وڵاتانی ئەندام لە UN دەربارەی بارودۆخی کوردستان بەو هیوایەی یەکێك لەو وڵاتانە (ئەنجوومەنی ئاسایی) ئاگادارتان بکات لە خولی داهاتووی کۆمەڵی گشتی UN..

بەڕێزان.. پێشووتریش جەنابی (یوژانت) کە سکرتێری گشتیی UNـە و هەروەها بەڕێز (سوری کولبیالی) سەرۆکی لیژنەی ٢٤ و بەڕێز (سلڤادۆر لوپێز) سەرۆکی لیژنەی ماف مرۆڤ و تاکو نووسینی ئەم دێڕانە هیچ وەڵامێکمان نەدراوەتەوە.

ژەنەڕاڵ بارزانی لەو نامەیەی کە لە رۆژی ١٩٦٥/١/٧ لەگەڵ ئەو نامەیەی ئێمە کە لە ١٩٦٥/٤/٢٠ بۆ بەڕێز (یوژانت) کە هاوپێچ دانەیەك لەگەڵ ئەم نامەیەدایە داوا لە UN کراوە کەوا هەنگاوی خێراو و سنووردار بگرێتە بەر دەربارەی ئەم کێشەیە:-

١- بانگهێشتکردنی حکومەتی عیراق بە راگرتنی خێرا و فەوری کردارە سەربازییەکانی لە کوردستان کە خۆی قڕکردنی گەلی کورد پەیڕەو دەکریٚ.

٢- ناردنی هێزێکی خێرای نێودەوڵەتی بۆ کوردستان تاکو چارەسەرکردنی ئاشتیانەی بارودۆخەکە دێتە دی.

٣- گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانەی گونجاو بۆ ئەم ململانێیە لەسەر ئەو بنەمایانە:

أ- ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان-عیراق بە زەمانەتی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی عیراقدا ئەگەر عیراق بە سەربەخۆیی مایەوە.

ب- ئەگەر هاتو بڕیاری دا بچێتە یان ببێت بە بەشێك لە قەوارەی یەکێتی عەرەب پێویستە رێگا بدرێت گەلی کوردیش ئازادانە بیر لە چارەنووسی خۆی بکاتەوە لە رێگای چارەنووسدا و بە زەمانەتی نێودەوڵەتی.

ت- دەمانەویٚ پێتان رابگەیەنین کە شاندی ئێمە لە نامەکەی خۆیدا بۆ یۆشانت لە ٤/٢٠ نێردراوە هەموو راستییە یاسایی و مێژوویی و سیاسی روونکردۆتەوە کە وادەکات بابەتی ئۆتۆنۆمی ببێتە دۆزێکی نێودەوڵەتی و لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی UN بێت، دۆزی کورد وەکو کێشەیەکی ناوخۆ نەهێڵدرێتەوە وەکو حکومەتی بەغدا رایدەگەیەنیٚ.

و دەمانەویٚ لێرەدا رۆڵی UNتان بەبیر بهێنینەوە کە UN هەنگاوی بەرچاوی گرتە بەر بەرامبەر ململانێی فەرەنسا و جەزائیر کاتیٚ فەرەنسا جەختی لەسەر فەرەنسایەتیی جەزائیر دەکردەوە لە کاتێکدا فەرەنسا ئەندامی UN بوو دیسان

وەبیرتان دەهێنینەوە کەوا بۆ چوارەمین ساڵ دەچێت کە شەڕ لە کوردستان بەرپا بووە.

پێش چەند رۆژێك ئەو هەڵمەتە سەربازییەی حکومەتی عیراق بۆ سەر کوردستان دەستپێکردووە ریسوامان کرد، بەڵام بەغدا بەردەوامە لە هێرشە سەربازییەکەی کە تێیدا چەندین جۆرە تانك و تۆپ و تەیارە ئاگر بەسەر کوردستان دەبارێنێ کە لە رۆژنامە نێودەوڵەتییەکان هەواڵەکان بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ هەندێ رۆژنامەی عەرەبی لوبنانی، دەمانەوێ زانیاریی ئەوەشتان پێ بدەین کە حکومەتی بەغدا قومبەلەی (ناپاڵم) لە کاتی هێرشە ئاسمانییەکانی بۆ سەر کوردستان بەکاردەهێنێ و سەرکردایەتیی سەربازی عەرەبی یەکگرتوو هاوبەش ئەو شەڕە دەکات و بەغدا ١٥٠٠٠ قیناع و چەکی جۆراوجۆری پەیداکردووە سەرەرای گازی کوشندە کە لە دژی خەڵکی مەدەنی بەکاری دەهێنێ، و ساڵی ١٩٦٣ تیپێکی گەورەی سوپای سووریاش بەشداریی ئەو هەڵمەتە سەربازییەیان کرد.

لە کۆتاییدا من بەڵگە تایبەتییەکانتان پێشکەش دەکەم کەوا بەندە نوێنەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردم و قسەکەری فەرمیم بە ناوی سەرۆك بارزانییەوە، لە رێکارە دبلۆماسییەکان ئاگادارین و هیوادارین کەوا دیداری بەڕێزتان بکەین تاکو بتوانین زانیاریی زیاترتان پێشکەش بکەین، بە مەبەستی ئەو کێشەیە لە UN باسی لێوە بکرێت.

عیسمەت شەریف وانلی

نێردەی گەڕۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی

شۆڕش و وتەبێژ بەناوی ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی

**بیلۆگرافیای نووسین و بڵاوکراوەکانی عیسمەت شەریف وانلی**

١- عیسمەت شەریف وانلی بابەتی یەکخستنی نووسینی کوردی لە شێوازی نووسینی سۆرانی و بادینانی بەکاردەهێنرێت، کە تێیدا باسی یەکخستنیان دەکات لە نووسیندا سەرەڕای بەکارهێنانی پیتی لاتینی لە زمانی کوردی دا.

٢- پارێز وانلی، ناوی خواستراوی (عیسمەت شەریف وانلی)یە، هەندێ لایەنی دۆزی کورد، کە نامەیەکی کراوەیە بۆ حکومەتی شاهەنشاهی ئێران نێردراوە و نامەکە لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا بڵاوکراوەتەوە کە تێیدا نامەکە باس لە بارودۆخی گەلی کورد دەکات پێش سەدەکانی (میلادی) تاکو ١٩٤٦ و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و لە هەمان کاتیشدا باسی لە دامەزراندنی ئێزگەی کوردی لە قاهیرە دەکات کە لە ساڵی ١٩٥٧ دامەزراوە، بڵاوکردنەوەی ئەم نامەیە بووە هۆکاری ئەوەی حکومەتی ئێران هەرایەکی گەورە بنێتەوە، لە کۆتایی نامەکەدا دەڵێ (بێ حکومڕانیی دیموکراتی و دادوەری بە هیچ شێوەیەك چارەسەری کێشەی کورد ناکرێ...).

٣- کێشەی کورد لە سووریا کە تێیدا بە درێژی باس لە بوونی کورد دەکات لەم وڵاتە سەرەڕای بەدیارخستنی ئەو سیاسەتە شۆڤێنیانەی کە حکومەتی سووریا بەرامبەر کورد دەیکات.

٤- وەڵامدانەوەی (نووسینی) مولازم (محەمەد تاڵب هیلال) سەرۆکی شوعبەی سیاسی لە ناوچەی (حەسەکە) لەژێر ناوونیشانی "توێژینەوەیەك دەربارەی پارێزگای جەزیرە لە رووی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی" کە تێیدا بە بەڵگەوە باس لە شۆڤێنییەتی ئەو نووسەرە (بەعسی)یە دەکات بەرامبەر کورد لە سووریا.

٥- عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عیراق-قەوارەی نەتەوەیی کە بریتییە لە تێزی دکتۆرایەکەی کە ساڵی ١٩٧٠ پێشکەش بە زانکۆی لۆزانی کردووە کە تێیدا باسی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد دەکات لە ساڵی ١٩٦١ەوە کە بریتییە لە (پێشەکی و نۆ بەش) سەرەڕای بڵاوکردنەوەی چەندین بەڵگەنامەی مێژوویی وەکو پاشکۆ بە زوبانی فەرەنسی.

٦- عیسمەت شەریف وانلی، دیرۆکی کێشەی کورد لە تورکیا لەگەڵ پاشکۆیەکی مێژوویی، توێژینەوەکە بریتییە لە دیرۆکی کێشەی کورد لە تورکیا کە بە ژمارە و زانیاری تەواوەوە دەربارەی دۆزی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان کە تێیدا کوردستانی تورکیای بەشی زۆری بابەتەکەیە.

٧- عیسمەت شەریف وانلی، کورد و کوردستان لە روانگەی گەریدە رۆژئاواییەکان لە سەدەی شازدەمینەوە تاکو سەدەی هەژدەمین کە ئەویش بریتییە لە توێژینەوەیەکی مێژووی دەربارەی مێژوو و جوگرافیای کورد و کوردستان.


٨- عیسمەت شەریف وانلی، (کوردستان بەرەو رۆژئاوا لە سەدەی دەیەمەوە- تاکو سەدەی پانزەهەمین) کە بریتییە لە توێژینەوەیەکی مێژووی و جوگرافی کە تێیدا باسی لە بارودۆخی کوردستان لە سەدەی دەیەمەوە تاکو سەدەی پانزەمین دەکات.

٩- عیسمەت شەریف وانلی، ئاوڕدانەوەیەك لەسەر لایەنی رۆشنبیری نەتەوەی کورد، توێژینەوەیەکە دەربارەی شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد و داستانی (قەڵای دمدم) و شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی و لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەحمەدی خانی.

١٠- عیسمەت شەریف وانلی، کورد لە یەکێتی سۆڤییەت کە تێیدا باس لە کۆماری (کوردستانی سوور) دەکات کە تێیدا سەرۆك (کوسی جیف) لە سالآنی ١٩٢٣-١٩٢٩ سەرۆکایەتیی ئەم کۆمارەی کردووە.

١١-عیسمەت شەریف وانلی، کورد لە سووریا و لوبنان، نووسەر جەخت لەسەر بنچینەی کورد دەکات لە سووریا کەوا هەر لە دێر زەمانەوە لەو ناوچەیە ژیاون و وەکو نموونەش باس لە ناوچەی (کورداغ) و (حصن الفرسان) کە سوورییەکان پێی دەڵێن (حصن الاكراد).

**سەرەڕای بڵاوکراوەکانی بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی کە ئەوانیش بریتین لە (٥) بڵاوکراوە کە سەرجەمی دەربارەی کورد و کوردستانە.**



کوردستان، ساڵی ١٩٦٤، بارزانی نەمر و عیسمەت شەریف وانلی





سویسرا–لۆزان، ٢٠١٠/٧/٩ نووسەر لەگەڵ عیسمەت شەریف وانلی



سویسرا–لۆزان–ماڵی عیسمەت شەریف، ٢٠١٠/٧/٩، نووسەر لەنێوان عیسمەت شەریف و کارمنی هاوسەری عیسمەت شەریف دا




کۆشکی (ئۆشی) لە شاری لۆزان، کە پەیماننامەی (لۆزان)ی تێدا ئیمزا کرا لە ١٩٢٢/٦/٢٤



**تاريق ئيبراهيم شەريف**

**١٩٥٠-٢٠١٢/٥/٢٤**

## ژیاننامە

- ساڵی ١٩٥٠ لە هەولێر لەدایك بووە.
- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە، پاشان چۆتە پەیمانگای مامۆستایان لە هەولێر و ساڵی ١٩٧٣ بۆتە مامۆستا.
- لە سەرەتای لاوێتییەوە ئارەزووی خوێندنەوە و نووسینی کردووە سەرەڕای مامۆستایەتیی لەم رۆژنامە و گۆڤارانە چ وەکو نووسەر چ وەکو پەیامنێر کاری تێدا کردوون:

الفکاهە، کل شيء، المجتمع، ألف باء، خەبات، زاگرۆسی مانگانە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هەرێم، بەڕێوەبەری نووسینگەی رۆژنامەی (الزمان) کە ئەوکاتە لە (لەندەن) دەردەچوو، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (صوت الاخر) کە لە هەولێر بە زوبانی عەرەبی دەردەچوو، جێگری سەرنووسەری گۆڤاری (الینابیع)، ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و خاوەنی پێناسەی فدراسیۆنی نێودەوڵەتی IFJ.

- رۆژی ٢٠١٢/٥/٢٤ لە ئاکانی نەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایی کرد و ماڵئاوایی لە دۆست و برادەر و کەسوکاری کرد.

- **کتێبەکانی بریتین لە:**

**١. أربيل–لمحه سياسيه ١٩٧٣–بەغدا.**

**٢. شخصيات تتذكر–بەشی ١–هەولێر ,١٩٨٨**

**٣. شخصيات تتذكر–بەشی ٢–هەولێر ,١٩٩١**

**٤. ذكريات هادی چاوشلی مع ملوك ورؤساء ورجالات العراق.**

**٥. أحداث عاصرتها–حوار مع الاستاذ محسن دزيي، اربيل ,٢٠٠١**

**٦. الملك فيصل الثاني آخر ملوك العراق.**

**٧. ذكريات ايام الدكتور صبري القباني في أربيل.**

**٨. الأميرة فاضلة خطيبة الملك فيصل الثاني.**

**- بە سەدان وتار و لێکۆڵینەوەی هەمەجۆر و هەمەڕەنگی بە زوبانی عەرەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە.**

## تاریق ئیبراهیم شەریف
## ئەو مرۆڤەی تا سەر ئێسقان ئاشقی کاری ڕۆژنامەنووسی بوو

ماوەی چەند ڕۆژێك بوو لە (عەمان)ـی پایتەختی وڵاتی (ئوردن) مابوومەوە بە مەبەستی سەردانی هەردوو دکتۆری (شەکرە و غودە) کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دواییدا بە مەبەستی چارەسەری ڕووم لەم وڵاتە دەکرد بۆ ئەم مەبەستە، چونکە وەرگرتنی (ڤیزا) بۆ وڵاتانی دەرەوەی کوردستان لەو کاتە ئاسان نەبوو، بەڵام وڵاتی ئوردن بۆ خەڵکی وەکو ئێمە ئاسانتر بوو سەرەڕای زانینی زمانی ئەو وڵاتە کە (عەرەبییە) کە ئەمەشیان تا ڕادەیەکی گەورە ئاسانکاریی بۆ دەکردم لە هەمان کاتیشدا بوونی دۆستێکی بە ڕەگەز (کورد) و خەڵکی ئوردن و دانیشتووی (عەمان) کە ئەویش دۆستی نزیکم (عبدالودود الکوردی) بوو کە ئەویش (برازای علی سیدو الگورانی)ی خاوەنی کتێبی (من عمان إلى العمادیه) و (فەرهەنگی کوردی) کە ئەویش باوکی دکتۆر (أشرف الکوردی)یە کە دکتۆری تایبەتی سەرکردەی فەلەستینی (یاسر عرفات) بوو. لەو سەردەمەدا بۆ هەر کاتێك سەردانی (عەمان)م بکردایە (عبدالودود الکوردی) نەیدەهێشت بچمە ئوتێل بەڵکو لەو (ڤێلا) دڵگیر و فراوانە کە لە هەرچوار لاوە بە دار و درەخت و گوڵ دەورەدرابوو و ڕێك بەرامبەر (مکە مول)ی گەورە مۆڵی (عەمان) بوو کە تێیدا هەموو پێداویستیی ژیانی تێدابوو.

سەفەری ڕێککەوتی ٢٠١٢/٥/٢٠ بۆ (عەمان) زۆر بەدڵم نەبوو، بەڵام چونکە مەوعیدی دکتۆرەکانم بە (ئیمەیڵ) دەستیشان کرابوو نەمدەتوانی دوابکەوم سەرەڕای چارەسەری (فشاری چاو) کە ماوەیەك بوو تووشی ببووم. نابەدڵییەکەشم دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارێك کە ئەویش (نەخۆشییەکەی) برا و هاوڕێ و هاوکاری چەند ساڵەی بواری ڕۆژنامەنووسی کە ئەویش کاکە (تاریق ئیبراهیم شەریف) بوو کە ماوەیەك بوو تووشی نەخۆشییەکی کوشندە ببوو ڕۆژانە یان بە تەلەفۆن ئەحواڵیم دەپرسی یاخود سەردانیم دەکرد لە ماڵەوەیان چونکە کاك تاریق هەر لە ڕۆژانی دەستبەکاربوونم وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژانەی برایەتی و لێپرسراوی دەزگای ڕۆژنامەنووسیی (برایەتی و خەبات) لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣ ئاشنایەتیم لەگەڵی پەداکرد، بەڵام پێشووتریش لە ڕێگای گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە و نووسینەکانی و بڵاوکراوەکانی ناسیبووم، بەڵام وەکو دەڵێن (سەفەر و مامەڵە کردن) لەگەڵ مرۆڤی دەوروبەر باشترین هۆکاری شارەزابوونە لە یەکتری کە تێیدا کاکە (تاریق) لەو ئەزموونە بە سەرکەوتویی دەرچووبوو.

ئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٢/٥/٢٤ کاتێ لەگەڵ هاوڕێم (عبدالودود الکوردی) لای کتۆر (أحمد الخير)ی پسپۆڕی نەخۆشی (شەکرە و غودە) دەگەڕاینەوە برووسکە ئاسا شتێکم بە مێشکدا هات کە خۆم بە کەمتەرخەم هاتە بەرچاو کە ئەویش بریتی بوو لە (دابڕان) لەگەڵ کاك تاریق بەهۆی سەفەر و سەرقاڵیی دکتۆرەکانم کە تێیدا نەمتوانیبوو تەنها ئەم دوو ڕۆژە بە تەلەفۆنیش بەسەری بکەمەوە چونکە دەبوایە لە ماوەی ئەو چەند کاتژمێرەی کە بەخەبەرم لە نێوان هەر دوو کاتژمێرێك پێویست بوو دوو جۆرە (قەترەی چاو) بەکاربهێنم بە مەبەستی (کۆنترۆڵکردنی فشاری چاو)، بەڵام کاتێ برووسکە ئاساکە خەیاڵی بۆ هێنامەوە کوردستان و بەتایبەتیش بۆ شاری هەولێر و ماڵی کاك تاریق کاتژمێر (٧)ی ئێوارە بوو یەکسەر تەلەفۆنی کاك (ئاریان)ی کوڕە تاقانە گەورەکەی کاك (تاریق)م کرد بە مەبەستی ئاگاداربوون لە تەندروستیی باوکی، پاش چاك و خۆشی گوتم (کاکە ئاریان "بشر") تەندروستیی باوکت چۆنە شوکر باشترە؟.. (ئاریان)یش بە دەنگی بەسۆز و چاوەڕوان نەکراو کە لەو کات و ساتەدا بیرم بۆ لای (مردن) نەدەچوو کاکە ئاریان گوتی (باوکم تۆ خۆش، شەوی ٢٢ لەسەر ٢٠١٢/٥/٢٣ کۆچی دوایی کرد)، بە بیستنی هەواڵەکە بۆ ماوەی چەند

چرکەیەك قسەم بۆ نەکرا و پەشێوی دایگرتم، بەڵام دانم بەخۆما گرت و تەنها بە دەنگ و (قورگێکی) پڕ لە تاسەوە وتم (بەڕاستتە؟!).. وادیاربوو کاکە ئاریان لەو کاتە هەست و بیر و حاڵەتەکە دەروونییەکەی خوێندبوومەوە بۆیە یەکسەر گوتی (مامۆستان گیان تۆ خۆش باوکم هەمیشە تۆی لە یاد بوو و ناوی دەهێنای). بەهەرحاڵ لەگەڵ مردن هیچ ناکرێ و چارەنووسی هەموو ئادەمیزادێکە، هەرچۆنێك بوو هەستی خۆم بۆ ئاریان دەربڕی و تەلەفرنەکەم داخست، وادیار بوو (عبدالودود)یش هەستی بە پەشۆکاوییەکەم کردبوو بۆیە یەکسەر بەدەم لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکەی لێی پرسیم (کاکە فرهاد خیر انشاءالله شو صار) یانی خێرە چی روویداوە. منیش هەواڵی کۆچی دوایی کاك (تاریق)م پێ ڕاگەیاند چونکە (عبدالودود)یش بەهۆی سەردانەکانی بۆ کوردستان بەهۆی منەوە لەگەڵ کاك تاریق یەکتریان ناسیبوو و دۆستایەتییان پەیداکردبوو.

کاتێ گەیشتینەوە (ڤێلا)کەی عبدالودود کە زانی تاقەتی دەرچوونم نییە وەکو دەڵێن (ئاقلانە) بەجێیهێشتم، بە ڕۆیشتنی عبدالودود کەوتەمە دەریای خەیاڵاوی و ڕۆژانی ئاشنابوونم بە کاك تاریق هەر لە ڕۆژانی کاری ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژنامەی خەبات و هاتوچۆی ڕۆژانەی بۆ لای من کە تێیدا عەشقی خوێندنەوە و پەیداکردنی کتێب و وێنەی دەگمەنی سەردەمەکانی پێشوو زیاتر لێکی نزیك کردبووینەوە سەرەڕای گرنگی دان بەو کتێبانەی کە لەچوار دەوری بیرەوەری و یادگارییەکان دەسوڕێنەوە، بۆیە کاتێ باسی بیرەوەرییەکانی خۆمم بۆ دەکرد هەر لە سەردەمی ساڵانی ناو یەکێتی قوتابییانی کوردستان و ڕۆژنامەی (التاخی) و گەشتە هەمەجۆرەکانی ساڵانی حەفتاکان، کاك تاریق زۆر بە پەرۆشەوە هەمیشە ئەو ڕستەیەی دووبارە دەکردەوە (كتابة المذكرات و سرد الذكريات تخلد الإنسان وسيبقى شاهداً على حوادث أيامه). کاتێ ئەلقەی یەکەمی ئەم جۆرە بابەتەم لە گۆڤاری (گولان العربی) ژمارە ٩ لە ١٩٩٧/٢/٢٥ لەژێر ناوی (كوردستان كانت حاضرة معنا في رومانيا قبل ٢٤ عاما) بڵاودەکردەوە ئەو ڕۆژە کە گۆڤارەکە دەرچوو کاك تاریق دیتبووی بۆیە یەکسەر رووی لە ژوورەکەم کردبوو و بە مام (حسن)ی خزمەتگوزاری گوتبوو (کێ لای مامۆستایە) مام حەسەنی خوالێخۆشبوو گوتبووی (بەتەنهایە و شت دەخوێنێتەوە)، کاك تاریق لە دەرگا هاتە ژوورەوە کە سیمای دەموچاوی پڕ لە پێکەنین بوو بە

هاتنەژوورەوەی گۆڤاری (گولان العربی)ی بەدەستەوە بوو یەکسەر گوتی (کاکە گیان دەستخۆشیت لێ دەکەم بەڕاستی مەوزوعێکی زۆر جوانە، بەڵام هەڵەی زمانەوانی و چاپی تێدایە دەبێت لەمەولا زیاتر گرنگیی پێ بدەی، دەزانم بابەتی لەو جۆرەت زۆرە توکل علی الله و برات ئامادەیە پێش ئەوەی بینێری بە تایپکراوی نیشانی برای خۆتی بدە ئەگەر هەڵەیەکی زمانەوانی یاخود کەموکوڕییەکی تێدابوو بە چاوان درێخیت بۆ ناکەم).

بەندە هەمیشە لەو رایە دام و قەناعەتی تەواوم بەو راستییە هەیە کە ئەویش بریتییە لەوەی (فوق كل ذي علم عليم) بەو مانایەی (لەسەر هەموو زانایەك کەسێکی زاناتر هەیە) بۆیە کاتێ لەنێوانی ساڵانی کاری رۆژنامەنووسیم چ لە برایەتی و چ لە گۆڤاری (الصحفی) کە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەردەچوو نووسینەکانم هەمیشە پیشانی برادەرانی دیکە دەدا چ بە کوردی و چ بە عەرەبی بە مەبەستی هەڵەچن و هەڵەی زمانەوانی و دەستکاری کردنیشی بەپێی پێویست بە ئاگاداریی خۆمەوە.

ناوە ناوە لەگەڵ کاك تاریق گەشتی ناو کوردستان چ بۆ دهۆك و زاخۆ چ بۆ سۆران و رەواندز بەدەم جگەرەکێشانەوە کە ئەو سەردەمە هەردووکمان (جگەرەکێش) بووین (بەڵام من تاکو مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٠) بەردەوام بووم، پاشان لە ئاکامی توشبوونم بە جەڵتەی دڵ وازم لێ هێنا، بەڵام کاك تاریق بەردەوام بوو، بۆ دەرەوەی کوردستانیش کاتێ رەزامەندیی فدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان IFJ بە مەبەستی بەشداریکردنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەدەستهات دەبووایە لە (رێگای) ئەنقەرەی پایتەختی وڵاتی تورکیا سەفەر بۆ ئەسینا-ی یۆنان کە کۆنگرەی (٢٥ـەمینی IFJ لە ساڵی ٢٠٠٤) لێ دەبەسترا کە تێیدا بڕیاری ئەنجوومەنی سەندیکا (بەندە و خوالێخۆشبوو مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیب و شێرکۆ حەبیب لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا) دەستنیشان کراین بە مەبەستی بەشداریکردن لەو کۆنگرەیەدا بیرۆکەیەکم بۆ هات کە ئەویش مانەوەمانە لە تورکیا بە مەبەستی وەرگرتنی ڤیزا-ی یۆنان و ئێمە (کاك مستەفا و بەندە) هیچمان زمانی تورکیمان نەدەزانی سەرەڕای ئەوەی ئێمە پێویستیمان بە رۆژنامەنووسێك هەبوو کە یارمەتیدەرمان بێت لە کاتی ئاخاوتن و دیداری شاندەکانی بەشداربووی

کۆنگرە بۆیە یەکسەر کاك تاریقم بەبیردا هات و یەکەم جار بیرۆکەکەم بۆ خوالێخۆشبوو کاك مستەفا و پاشان بە شێرکۆشم راگەیاند، لە راستیدا ئەوانیش رایەکەی منیان پەسەندکرد، بۆیە بڕیارەکەم بە کاك تاریق راگەیاند زۆر بە گەرمییەوە سوپاسی کردم و پێشنیارەکەی لا پەسەند بوو، کاتیّ گەشتەکەمان لە هەولێرەوە دەستپێکرد لە ئەنقەرە تووشی کێشەی دواکەوتنی ڤیزا بووین چونکە وا دیاربوو لەلایەن (یۆنانی)یەکانەوە دواکەوتبوو، بەڵام شێرکۆ لەسەر خەت بوو کە ئەویش لە لەندەنەوە بۆ ئەسینا کە پاش چاوەڕوانی یەك دوو رۆژ لە (ئوتێلی پێنج ئەستێرەی دیڤانی کەرەفیلۆ) یەکترمان گرتەوە.

رۆژانی کۆنگرەی (٢٥)ەمینی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ لە یۆنان و پاش تەواوبوون کۆنگرەکەش کە چەند رۆژێك ماینەوە کاك تاریق توانی خۆشەویستی و رێزی زیاتر بۆ خۆی بەدەست بهێنێت لەلای هەرسێکمان چونکە وەکو خسڵەتی هەمیشەیی خۆی (رۆح سوك و خۆش مەشرەف و حازر بەدەست) هەڵسوکەوتی دەکرد و هەمیشە لەگەڵ ئێمەدا بوو.

یادگاری و بیرەوەرییەکانم زۆرن لەگەڵ ئەم مرۆڤە بەوەفایە وەکو لە سەرەتادا باسم لێوە کردووە کە پاشانیش چ لە رۆژنامەی (کوردستان الیوم) کە شێرکۆ حەبیب دەریدەکرد و بەندەش هاوبەش کارەکانی بووم کاك (تاریق)یش بەشێکی کاری بەچاپ گەیاندنی چاپی کوردستان و بە نووسین تێیدا بەردەوام بوو و هەمیشە وەکو ئارەزوو و حەز بە دوای کاری رۆژنامەنووسی دا دەگەڕا.

سەردەمێك لە کەناڵی (عتشار)ی ئاسمانی وەکو بەڕێوەبەری ئامادەکردنی هەواڵ کاری دەکرد سەرەڕای بەشداریکردنی لە گۆڤاری (الصحفی)ی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

رۆژانی نەخۆشییەکەشی تاکو تینی بۆ نەهاتبوو رۆژانە لە دەرەوە بوو و زۆر جاریش پێکەوە لە (گوندی ئیتاڵی) سەردانی بیرمەندی عیراقی (حسن العلوی)مان دەکرد و ماوەیەکی زۆر هەرسێکمان دەکەوتینە نێو دونیای سیاسەت و بیرەوەری و بابەتە رۆشنبیرییەکان، ئەوەی ئاگاداریشم مامۆستا (حسن العلوی) رێزی تایبەتیی لیّ دەنا و خۆشی دەویست. کاتێکیش بە گەڕانەوەی بۆ هەولێر یەکسەر بۆ رۆژی

دواتر لەگەڵ بەندە سەردانی خانەوادەی خوالێخۆشبوومان کرد و جارێکی دیکە هەردووکمان هەست و نەستی خۆمان پێ ڕاگەیاندن.

بە گەڕانەوەم لە عەمانەوە بۆ هەولێر سەرلەئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٢/٥/٣١ لەگەڵ پەروینی هاوسەرم بڕیاری ئەوەمان دا کە بۆ ڕۆژی دواتر سەردانی ماڵی ئەو دۆست و هاوکارە خۆشەویستە بکەین، ئەوەبوو سەرلەئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٢/٦/١ بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە لەو ژوورە دانیشتین کە زۆر جار سەردانی کاك تاریقم دەکرد لە هەمان ژوور کە لەسەر دیوارێکی ژوورەکە وێنەیەکی ئەو هەڵواسرابوو ئەو ڕۆژە بە دیتنی ئەو وێنەیە زیاتر دڵگران بووم چونکە خوێندنەوەی وێنەکە وا دەهاتە بەرچاو کە دەڵێ (ژیان خۆشە، مۆسیقا و گۆرانی خۆشتری دەکات، گەڕان و سوڕان دەیڕازێنێتەوە، خوێندنەوە و نووسینیش ژیان دەوڵەمەندتر و چێژی خۆشتری دەداتێ، بەڵام مەرگی لەعین بێ ئیزن لە دەرگات دەدات و ئەو خۆشییەت لێ زەوت دەکات).

ئەم نووسینەم لە یادی ١٢١ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی ڕێککەوتی ٢٠١٩/٤/٢٢ نووسیوە کە تێیدا خوالێخۆشبوو تاریق ئیبراهیم شەریف-ی ڕۆژنامەنووس جێ پەنجەی لەو بوارەدا دیار و بەرچاوە.




بەردەم دیواربەندی بارەگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات، ١٩٩٨/٤/٢٠

لە راستەوە: تاریق ئیبراهیم شەریف، سەعید ناکام، فەرهاد عەونی



هەولێر–نووسینگەی سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی، ١٩٩٨/٨/٣٠

لە راستەوە: تاریق ئیبراهیم شەریف، فەرهاد عەونی، سەباح مەندەلاوی، د. خەیال جەواهری




هەولێر–نووسینگەی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، ٢٠٠٥/٥/٣٠


رێزلێنانی بیرمەندی عیراقی حەسەن ئەلعەلەوی لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسیانی کوردستانەوە




یۆنان–ئەسینا، کۆنگرەی ٢٥ـەمینی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ

لە راستەوە: شێرکۆ حەبیب، فەرهاد عەونی، رۆژنامەنووسێکی باکووری کوردستان،

خوالێخۆشبوو تاریق ئیبراهیم شەریف


طارق ابراهيم شريف
الصحافة العراقية
في ذاكرة روادها
فائق بطي
محسن حسين
حسن العلوي



**د. کەمال فوئاد**

**١٩٣٢-٢٠١٤/١١/١٥**

## ژیاننامە:

- ناوی کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد.

- ساڵی ۱۹۳۲ لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی دێرینی شاری سلێمانی لەدایکبووە.

- ساڵی ١٩٥٢ لە زانکۆی بەغدا–کۆلیژی ئەندازیاری وەرگیراوە.

- سەرەتای کار و چالاکیی سیاسی لە حزبی شیوعیی عراق بووە.

- لە سەروبەندی چالاکییە سیاسییەکانی لە بەغدا دەستگیر دەکرێت و دوو ساڵ لە زیندان ماوەتەوە.

- ساڵی ١٩٥٤ لە زیندان ئازاد دەکرێت، لێپرسراوێتیی رێکخستنەکانی پارێزگای سلێمانیی لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق دا وەردەگرێ.

- بەهۆی بیری نەتەوەیی و پێداگرتنی لەسەر ئەوەی کە دەبێ پارتی کۆمۆنیستی عیراق مەسەلەی کورد فەرامۆش نەکات، بەڵام ئەم بۆچوونەی لەگەڵ سیاسەتی گشتیی پارتی کۆمۆنیست ئەوکاتە رێك نەدەکەوت ئەو حزبەی لە نێوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردوو بەجێهێشت لەگەڵ چەند تێکۆشەرێکی دیکەی کورد چوونە ریزی پارتی دیموکراتی کورستان.

- ساڵی ١٩٥٧ کوردستانی بەجێهێشت بەرەو سووریا پاشان بەرەو ئەڵمانیای رۆژئاوا، لەوێ جێگیر بوو و خوێندنی باڵای لەو وڵاتە تەواو کرد.

- لە ساڵانی شەستەکاندا رۆڵێکی گەورەی لە بەشداریکردنی لە رابەرایەتیکردنی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) گێڕاوە لەگەڵ هەڤاڵانی (عیسمەت شەریف وانلی، وریا رەواندزی، سەعدی دزەیی، تاریق ئاکرەیی، دارا تۆفیق...).

**- ساڵی ١٩٦٥ وەکو ئەرکێکی نیشتمانی گەڕایەوە عیراق بەشی زمانی کوردیی لە کۆلیژی ئەدەبیات لە زانکۆی بەغدا دامەزراند، پاشان گوێزرایەوە بۆ زانکۆی سلێمانی.**

**- ساڵی ١٩٧٤ پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد لە بەشی لێکۆڵینەوەی سەر بە مەکتەبی سیاسی پارتی کاری دەکرد.**

**- ساڵی ١٩٧٥ گەڕایەوە ئەڵمانیا و پشتگیریی لە هەوڵەکانی مام جەلال کرد لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ساڵی ١٩٧٧ لە یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی لە (برادۆست) بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.**

**- لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٢ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا پاشان بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.**

**- ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بووە و لە خولی گواستنەوەی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٥ بەپێی رێککەوتنی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) بە سەرۆکی خولی گواستنەوەی پەرلەمان هەڵبژێردرا.**

**- پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا رۆژی ٢٠١٤/١١/١٥ لە بەرلین کۆچی دوایی کرد.**

**- دیارترین بەرهەمەکانی:**

**١. کۆمەڵە و رێکخراوە کوردییەکان لە ئەوروپا-١٩٧٢,**

**٢. چەند زانیارییەك لە بارەی بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد لە هەندەران-١٩٩٧.**

**سەرچاوەی ئەم زانیارییانە لە (ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بەرگی دووەم-چاپی سێیەم-٢٠١٦ ل٢٨٤ وەرگیراوە.**

**وەکو لە کتێبی (کەمال) ئامادەکردنی (کوردستانی نوێ) و (نەوزاد عەلی ئەحمەد) هاتووە "لە ئایندەدا سەرجەم بەرهەمەکانی د. کەمال فوئاد دەکەوێتە ژێر چاپ و بڵاودەکرێتەوە"**

## چەند بیرەوەرییەك
## لەگەڵ پیاوە خانەدانەکەی کوردایەتی د. کەمال فوئاد

بۆ یەکەم جار کە گوێبیستی ناوی خوالێخۆشبوو د. کەمال فوئاد بووم کە وابزانم لە ڕێگای ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو یاخود لە ژمارەکانی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) کە خاوەن و لێپرسراوی پارێزەر (جەمال شالی) بوو کە لە سەروبەنی پایزی ساڵی ١٩٦٠ لە کاتی بەستنی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی قوتابییانی جیهان کە لە بەغدا لەم ساڵەدا بەسترا کە تێیدا نای خوالێخۆشبووان (عیسمەت شەریف وانلی و د. کەمال فوئاد و د. سەروەر) بەسەر زارانەوە بوو کە ئەو سێ بەڕێزە وەکو شاند و نوێنەری (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) ئامادەی کۆنگرەکە بوون کە ئەوکات (جێری پلیکان) کە بە ڕەگەز (چیکوسلۆڤاك)ـی بوو سەرۆکایەتیی ئەم یەکێتییە گشتییەی (یەکێتیی قوتابییانی جیهانی) دەکرد، کە تێیدا بابەتی کورد وەرگرتن کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لەم یەکێتییە جیهانییە کێشەیەکی گەورەی نایەوە، چونکە هەندێك لە ئەندامانی کۆنگرە کە لەسەرووی هەموویانەوە (مهدي الحافظ) کە ئەوکاتە سەرۆکی یەکێتیی قوتابییانی گشتی لە کۆماری عیراق (اتحاد الطلبة العام في الجمهورية العراقية) بوو بۆچوون و

هەڵوێستێکی (نەرێنییان) هەبوو بەرامبەر کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و بووە مایەی وەرنەگرتنی وەکو ئەندام لەو یەکێتییە گشتییەی قوتابییانی جیهان (کە پاش تێپەڕبوونی نزیکەی ٥٠ ساڵ) هەندێ وردەکاریم (وردەکاریی ئەم کۆنگرە جیهانییە) لە زاری خودی خوالێخۆشبووان (عیسمەت شەریف وانلی) لە کاتی سەردانیکردنم بۆ وڵاتی سویسرا لە (٧/٩/ ٢٠١) و د. کەمال فوئاد لەنێوان رۆژانی فیستیڤاڵەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم کە لە ساڵانی (٢٠٠٤، ٢٠٠٥، ٢٠٠٦) لە سلێمانی و دهۆك و هەولێر ئەنجامدرا کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (بەدرخان) رێکیدەخست، کە تێیدا خوالێخۆشبوو د. کەمال فوئاد سەرۆکایەتیی لیژنەی باڵای فیستیڤاڵەکانی دەکرد و بەندە تێیدا ئەندامی لیژنە باڵاکە بووم لەگەڵ کۆمەڵێك لە رۆشنبیر و مامۆستای زانکۆ و رۆژنامەنووسان، پاش خوێندنەوە و باسکردنی رووداوەکانی ئە کۆنگرە جیهانییە کە لە بەغدا و لە ساڵی ١٩٦٠ بەسترا ئەم ناوانەم لە هزر جێگیر ببوو (د. عیسمەت شەریف وانلی، د. کەمال فوئاد، د. سەروەر، جێری پلیکان، مهدي الحافظ، کمال محی الدین)، بۆیە کاتی لە رۆژێکی زێدە ساردی زستانی ساڵی ١٩٦٣ کە ئەوکاتە وەکو (نووسەر) لە دادگای بەرزی شۆڕش بووم لە ماوەت، بەڵام سەرەتای زستانی ئەم ساڵە بارەگا سەرەکییەکەی دادگای ناوبراو گوێزرایەوە بۆ گوندی (عیساویێ)ی نزیك لە ماوەت، سەرۆکی دادگا خوالێخۆشبوو (حاکم عومەر حەبیب) کە مامی بەندەیە کە منیش وەکو نووسەر (کاتب الضبط) لەگەڵیدا بووم لەم دادگایە کە لە خانووێکی بە قوڕ و خشتی کاڵ کە بریتی بوو لە دوو ژوور و داڵانێکی داخراو کە رۆژانە چەندین کەسایەتی و خاوەن کێشە سەردانیان دەکردین، وەکو گوتم لەو رۆژە سارد و بەفراویەدا کە بەدیار (سۆپایەکی دار) دانیشتبووین چەند میوانێکمان هاتن کە دواتر ئاشنای ناوەکانیان بووم کە بریتی بوون لە خوالێخۆشبووان (تەها بامەڕنی، عەولا ئاغای پشدەری، مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل (مەلا ماتۆڕ)، کەمال فوئاد، حلمی عەلی شەریف) کە تێیدا ماوەی دوو کاتژمێرێك چەندین باس و رووداو بابەتی دانیشتنەکان بوون، ئەوەی لە یادم مابێت گفتوگۆیەکی گەرمی نێوان خوالێخۆشبووان (حلمی عەلی شەریف و مەلا عەبدوڵڵا) بوو دەربارەی (ئەزموونی سۆڤییەتات) کە لەسەرتای ساڵانی ١٩٢٠ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧ لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤییەت پەیڕەو کرابوو کە تێیدا

کاك حلمی داکۆکیی لەم ئەزموونە دەکرد و مەلا عەبدوللاش کە زۆر ڕاشکاوانە لە دژی بوو، ئەوەی لەو دانیشتنەدا زیاتر سەرنجی ڕاکێشام کەسایەتیی ئەو گەنجە بوو کە بە جلێکی کوردیی پاکوخاوێن بەسەروشییەوە قەمسەڵەیەکی ڕەنگ سەوزی کاڵ و کریتەیەکی خوری ڕەنگ قاوەیی دەستکردی خۆماڵی نیوەی سەری پیێ داپۆشیبوو کە ناوە ناوە دەکەوتە نێوان قسەکانی خوالێخۆشبووان حلمی عەلی شەریف و مەلا عەبدوللا، زۆر بە ناسکی هاوڕای قسەکانی کاك حلمی بوو، پاشان کە باس هاتە سەر (مەودای) ئەو ئێزگەیەی کە چەند هەفتەیەك بوو ئێواران لەسەر شەپۆلێکی کورت پەخش دەکرا کە وابزانم لە (٢٥کم) زیاتر دەنگەکەی تێپەڕی نەدەکرد، ئەوەی تێیگەیشتم خاوەنی پەیداکردنی ئەم ئێزگەیە کە بە یەکەم ئێزگەی شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١-١٩٧٥) دادەنرێ و بە ناوی (دەنگی کوردستانی عیراق)ەوە پەخش دەکرا و هێنانی بۆ کوردستان د. کەمال فوئادە چونکە ئەو باسی چۆنێتیی پەیداکردن و هێنانی دەکرد کە پاشان قسەکان هاتە سەر مەودای پەخشی ڕادیۆیی ئێزگەی دەنگی کوردستان کە ڕوویان لە د. کەمال فوئاد دەکرد ئەویش باسی لە هەندێ بابەتی تەکنیکی دەکرد سەرەڕای شوێنی دانانی ئێزگەکە بوو کە ئەو سەردەمە لەترسی تەیارە دەبووایە لە ئەشکەوتێك دابمەزرێ بە مەرجێك ئەنتێنەکەی بەو بارە نەبێت کە ببێتە ئامانجی تەیارەکانی دوژمن.

بە حوکمی دۆستایەتی و خزمایەتیم لەگەڵ خوالێخۆشبوو (جەوهەر نامق سالم) کە یەکەم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوو زۆر جار لە دانیشتنە تایبەتییەکاندا باسی لە پەرلەمان و پێکهاتەی پەرلەمان دەکرا، چ وەکو هەڵسەنگاندن چ وەکو ڕۆڵی هەندێ لە کەسایەتییەکانی ناو پەرلەمان، دیسان ئەوەی کە زۆر باشم لەبیر مابێت ڕێزی تایبەتیی زیاتری کاك جەوهەر بوو بۆ هەردوو کەسایەتیی لیستی سەوزی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە بریتی بوون لە خوالێخۆشبووان (نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا جێگری سەرۆك و د. کەمال فوئاد سەرۆکی لیستی سەوز) کە زۆر جار د. کەمال فوئادی وەکو (داینەمۆیەکی بێدەنگ) وەسف دەکرد و سەرسامی خسڵەت و هێمنی و قووڵایی ئاستی ڕۆشنبیریی ئەم زاتە بوو، زۆر جاریش ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە سەرەڕای جیاوازیی بیروباوەڕ لەگەڵ ئەو دوو بەڕێزە، بەڵام وەکو ئەو (کاك جەوهەر) دەیگوت (زۆر لێك نزیك بووین).

ڕۆژێکی مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٠٤ ڕۆژنامەنووس (حمید أبوبەکر) کە پاشان لەلاسەن سینەم جەلادەت بەدرخانەوە نازناوی (بەدرخان)ی پێ بەخشرا، ئاگاداری کردم کەوا بیرۆکەی لیژنەیەك هاتۆتە ئاراوە بە مەبەستی ئەنجامدانی (فیستیڤاڵی بەدرخان) لە ٢٠٠٤/٤/٢٢ لە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی کەوا ناوی منیش لەو لیژنەیەدایە کە بریتی بوون لەو بەڕێزانە (د. کەمال مەزهەر، د. عبدالرحمن حاجی مارف، د. موەفەق دەرگەڵەیی، مامۆستا جەمال عەبدول، ئەندازیار سەلاح سعدالله، خاتوو سینەم بەدرخان، ڕۆژنامەنووس حمید أبوبەکر، فەرهاد عەونی)، لە ڕاستیدا منیش یەکسەر ڕازی بووم و ڕاشکاوانەش بە کاك حەمیدم ڕاگەیاند کە بەندە بۆ هەموو کارێك کە ڕۆشنبیرانی کوردستان لێك نزیك بکاتەوە و دەبێتە مایەی بەرز ڕاگرتنی بۆنە ڕۆشنبیرییەکان و کەسایەتییەکانی (سەرم پێوە نییە)، لێرەدا ئەوەی جێگای باسە لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا (٢٠٠٤، ٢٠٠٥، ٢٠٠٦) کە لە نزیکەوە د. کەمال فوئادم ناسی کە چەندین جار شەوانە سێ قۆڵی و چوار قۆڵی و زیاتریش کە برای بەڕێز کاك مستەفا ساڵح کەریمیش چ وەکو دۆستی نزیکی د. کەمال فوئاد چ وەکو ئەندامی لیژنەی باڵای فیستیڤاڵەکانی دووەم و سێیە دادەنیشتین تاکو شەوانێکی درەنگ کاتمان لەگەڵ ئەو پیاوە پڕ لە زانیاری و ڕەوشتی بەرز لە هەموو بارێکەوە خانەدان بەسەردەبرد، ساتێك هەستم نەکرد کە من لەگەڵ ئەو پیاوە هیچ جۆرە جیاوازییەکمان لەنێواندایە وەکو بیروباوەڕی سیاسی هەبێت کە ئەمەش بۆ گەورەیی و قووڵیی ڕۆشنبیری ئەم پیاوە دەگەڕێتەوە، لێرەدا بۆ مێژوو بابەتێك دەگێڕمەوە کە لە فیتسڤاڵی سێیەمی بەدرخان ڕوویدا کە لە ڕۆژانی ٢٠٠٦/٤/٢٢ لە هەولێر ئەنجامدرا کە تێیدا هەردوو بەڕێزان (مام جەلال سەرکۆماری عیراقی فیدراڵ و کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان) وتاری تایبەتییان هەبوو بەم بۆنەیە دەبووایە لە دانیشتنی یەکەمی ڕۆژی کردنەوەی ئاهەنگی فیستیڤاڵەکە بخوێندرێتەوە، ڕۆژێك پێش ئاهەنگی فیستیڤاڵەکە د. کەمال فوئاد کاك مستەفا ساڵح کەریم و بەندەی ئاگادار کردەوە کەوا (وتاری بەڕێز مام جەلال دەبێ فەرهاد عەونی بیخوێنێتەوە و وتاری بەڕیز مەسعود بارزانیش کاك مستەفا ساڵح کەریم بیخوێنێتەوە) بێئەوەی د. کەمال هیچ ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی ئەم بابەتە بە کاك مستەفا و بەندە بڵێ، بەڵام ئەوەی کاك مستەفا و بەندە تێیگەیشتین (مەبەستێکی

سیاسیی قووڵایی هەستی ئەو پیاوە بوو کە دەیویست ئەم راستییە نیشانی ئامادەبووان و بەشدارانی فیستیڤاڵەکە و توێژی رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان بدات کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان مام جەلال و کاك مەسعود نییە و زۆر ئاسایی و پەسەندە کە رۆژنامەنووسێکی پارتی وتاری سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بخوێنێتەوە و بەپێچەوانەشەوە وتاری بەڕێز سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان رۆژنامەنووسێکی یەکێتی بیخوێنێتەوە، کە لە راستیدا ئەم هەنگاوەی د. کەمال فوئاد زۆر بەرز نرخێندرا.

لێرەدا دەمەوێ بڵێم ئەم سەرەقەڵەمە ناتوانێ حەقی ئەو پیاوە خانەدانە لە بنەماڵە، رەوشت، هەڵسوکەوت، دەربڕینی راوبۆچوونی جیاواز بدات کە لە راستیدا بابەتی یەگجار زۆر هەڵدەگرێ چ لە رووی سیاسی، رۆشنبیری، رۆژنامەوانی چ لە باری پەیوەندیی لایەنی و کۆمەلایەتی کە تێیدا خوالێخۆشبوو د. کەمال فوئاد سامانێکی یەگجار گەورەی لەو بوارانەدا بەجێهێشتووە کە دەبێتە مایەی بەزیندوو راگرتنی ناو و کەسایەتیی ئەم مرۆڤە بلیمەتە هەروەکو چۆن بەهەشتی حاجی قادری کۆیی دەفەرمێ:

***مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە***
***ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە***



**هەولێر–بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ٢٠٠٦**

**لە راستەوە: جەوهەر کرمانج، فەرهاد عەونی، د. کەمال فوئاد**



**هەولێر–سەنتەری رۆشنبیریی زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٦/٤/٢١**

**فیستیڤاڵی بەدرخانی سێیەم. لە راستەوە: فەرهاد عەونی، د. کەمال فوئاد**




**هەولێر-سەنتەری رۆشنبیریی زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٦/٤/٢٢**


**لە راستەوە: د. کەمال فوئاد، د. فوئاد حسێن، فەرهاد عەونی**



**لیژنەی بالای سەرپەرشتیی دووەمین فیستیڤالی بەدرخان-دهۆك-کتێبخانەی بەدرخانیا**

**وەستاوەکان لە راستەوە: عەبدوللا زەنگەنە، د. موەفەق دەرگەلەیی، ئەنوەر محەمەد، گەژال ئەحمەد، جەوهەر کرمانج، هەڤال زاخۆیی، مستەفا سالح کەریم.**

**دانیشتوان لە راستەوە: حەمید ئەبوبەکر، فەرهاد عەونی، سنەم جەلادەت بەدرخان، د. کەمال فوئاد**



**ئەحمەدی قازی**

**١٩٣٦-٢٠١٥/٥/٧**

## ژیاننامە

– ناوی (ئەحمەد قازی عبدالکریم)ە کە دەکاتە ئامۆزای سەرکۆماری کورد (پێشەوا قازی محەمەد) لە ساڵی ١٩٣٦ لە گوندی (قازیاوە) سەر بە شاری (مهاباد ) لەدایکبووە.

– خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە مهاباد و دواناوەندیی لە (تەورێز) تەواوکردووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی تاران وەرگرتووە.

– ساڵی ١٩٥٩ لە خوێندنگای بۆکان و مهاباد دەبێتە مامۆستای زوبانی ئینگلیزی.

– لە ساڵانی نێوان ١٩٦٣–١٩٦٧ بە تۆمەتی ئەندامبوون لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هاریکاری کردنی شۆڕشی ئەیلول بۆ ماوەی چوار ساڵ لە بەندینخانەی رژێمی پاشایەتی زیندان کراوە، لەوێش کۆڵی نەداوە، لەناو زیندانیش پەیوەندیی بە رێکخراوێکەوە کرد بۆ فێربوون بە زمانی ئینگلیزی.

– ساڵی ١٩٨٠ کاتێك پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەستیان بە دانوستان لەگەڵ حکومەتی ئێران کرد ئەحمەدی قازی یەکێك لە ئەندامانی شاندی دانوستانی لایەنی حزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بووە.

– لە ژمارە (٦)ی گۆڤاری (سروە)دا ئەرکی سەرنووسەری گۆڤاری (سروە) لە ئەستۆ گرتبوو بۆ ماوەی (١٥) ساڵ (١٩٨٦–٢٠٠٠) تا کاتی خانەنشین بوونی و ئەرکێکی گەورەی تێدا دەگێڕێ کە ئەم ئەرکەشی خستۆتە سەر شانی خۆی لە ئاکامی مکوڕبوونی مامۆستایان (هەژار، حەقیقی، هێدی، مەلا محەمەدی رەبیعی) کە لە پرسەکەی (هێمن)ی شاعیر ئامادەبوون، بە دەستبەکاربوونی لە (سروە) دا نووسینی کوردی دەکەوێتە سەر راستەڕێی خۆی.

– خوالێخۆشبوو پاش ساڵگارێك لە خزمەتی بێوچان بە فەرهەنگ و زوبانی کوردی رۆژی یەك شەممە رێککەوتی ٢٠١٥/٥/٧ لە نەخۆشخانەی ئازادی لە تاران لە تەمەنی

(٧٩) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و دڵی بۆ هەمیشە بە کوردستان بەخشی و تەرمی لە پەنا مەزاری (هێمن و هەژار) لە بەشی شاعیرانی ئارامستانەکەی مهاباد بە خاکی نیشتمان سپێردرا.

- بەرهەمەکانی بریتین لە.

١. باقەبین
٢. رێزمانی کوردی بە دوو زمانی کوردی و فارسی
٣. کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی دیوانی (سەیفولقوزات)
٤. وەگێڕانی دووانەی سەیر و سەمەرە
٥. وەرگێڕانی گەلەگەمێش
٦. دوو بەرگ رۆمانی دۆن کیشۆت
٧. کتك و مشك

- ئەو بەرهەمانەی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاونەتە سەر زوبانی فارسی:

١. اژادها
٢. دوقولهای عجیب (مارك توین)
٣. کوهسار حقیقت (دافن دوموریێ)
٤. عصر عولها (روینا یلمان)
٥. خلاصه تأریخ کردستان

**سەرچاوەی زانیارییەکان**: گۆڤاری رێزان ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٥، رۆژنامەی (باس) ژمارە ٢٤١ لە ٢٠١٥/٦/٩.

## ئەحمەدی قازی

## بیرەوەرییەکانی خۆی لەبارەی کۆماری کوردستان دەگێڕێتەوە

کەشوهەوا نەختێك سارد بوو، بەیانی ڕۆژی ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩ بەر لە خۆرهەڵات ئێمە ئەندامانی ڕۆشنبیریی کوردستان، لەگۆڕەپانی دەزگای ڕۆژنامە نووسی (برایەتی و خەبات) بەچەند ئۆتۆمبێلێك بەرەو سنووری حاجی ئومەران بە ڕێکەوتین، تا لەسەعات ١٠ بەیانی لەوادەی خۆمان بگەینە شوێنی دیاریکراو، بۆ ئەوە ی لەلایەن ئەوانەی داوەتیان کردووین لەکۆتا خاڵی نێوان کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشوازی بکرێین. ئۆتۆمبێلەکان لەڕێگەی هاملتۆن بۆ زوو گە یشتنمان بەشوێنی مەبەست پێشبڕکێیان دەکرد. ئێمەشاندی ڕۆشنبیریی کوردستان ١٥ کەس بووین، بۆ بەشداریکردنمان لەدیداری ڕۆشنبیریی تایبەت بەیادی ڕووناکبیر و ئەدیبی گەورەی کورد (سەید تاهیر هاشمی) بەبۆنەی تێپەڕینی هەشت ساڵ بەسەر ماڵئاواییەکەی، بەرەو شاری کرماشان دەچووین. بۆنەکە لەلایەن (ناوەندی ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی) و گۆڤاری کوردی (سروە) کەلەهەمان ناوەند دە ردەچوو، بەڕێوەدەچوو.

بەهەرحاڵ، لەوادەی دیاریکراودا گەیشتینە حاجی ئومەران، کاتێك لەئۆتۆمبێلە کانمان هاتینە خوار ڕێکەوتی بایەکی زۆر بەهێزمان کرد... ئاخر ناوچەی حاجی ئۆمەران لەوەرزی زستاندا زۆر ساردە، کێوی هەڵگورد لەلای چەپەوە دەوری داوە

(لووتکەی کێوی هەڵگورد بەرزترین لووتکەی کوردستانی عێراقە بڵندییەکەی دەگاتە (١٠٨٢١)پێ لەسەر ڕووی دەریاوە.) بەدرێژاییساڵ بەفری لێ دەمێنێتەوە. لای ڕاستەیشی زنجیرەچیای کۆدۆ، گەردەمەند و سەکران هەیە... کاتێك ئێمەچووین ئەو ناوچانەپڕ بەفر بوون، بەڵام باش بوو تەواوی پێداویستییەکانمان لەهەولێر لەگەڵ خۆمان هێنابوو، پاڵتۆ و قەمسەڵەمان پۆشی بوو. دوای چاوەڕوانییەکی کەم، هەر یەك لەبەڕێزان ئەحمەدی قازی سەرنووسەری گۆڤاری مانگانەی (سروە) و بەهرام وەلدبەگی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ئەوەیر)ی مانگانەکە لەپارێزگای سنندج دەردە چوو، هەروەها محەمەد حسێن برزی لەگۆڤاری (سروە)، ئەحمەد شەریفی یەك لە ڕووناکبیرەکانی شاری مهاباد، لەگەڵ دوو لەبەرپرسانی عەلاقاتی ئێرانی، بۆ پێشوازیکردنمان هاتن. پاسێکی نوێ و گەورەیان بۆ ئامادەکردبووین، کەئێمەیان بینی زۆر دڵخۆشبوون و لەباوەشیان گرتین. چاك و خۆشی و ئەحواڵپرسی نزیکەی چارێکێکی پێ چوو، هەستمان کرد پێوەندییەکی زۆر بەهێز و پتەوی ڕۆحی لە نێوانماندا هەیە. کاتێك ویستم لەگەڵ هاوڕێکانم سەر پاس بکەوم، مامۆستا ئەحمەد قازی وەستاندمی و گوتی: "هێواش کاك فەرهاد، هیواش! کاك بەهرام سەیارەیەکی بچووکی لەجۆری بیجۆ پێیە، وا ڕێککەوتین هەر چوارمان (ئەحمەد قازی، بەهرام وەلە دبەگی، محەمەد حسێن برزی، من) پێکەوە سواری سەیارەکەبین، ئەگەر هیچ گرفتێك نەبێت ئێمە لەپێشەوەی پاسەکە دەڕۆین... لەو کاتەدا کەوتمە نێوان دوو بەرداش، لە گەڵ هاوڕێکانم سواری پاس بم، یان لەگەڵ ئەو برادەرانەی دیکە سواری ئۆتۆمبێلە بچووکەکە بم... لەسەر و سیمای ئەحمەد قازی و هاوڕێکانی دی دەرکەوت حەز دەکە ن لەگەڵ ئەوان بم... دوای ئەوەی لەدڵی خۆمدا یەك و دووم کرد، داوای مۆڵەتم لە هاوڕێیانی پاس کرد و لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد قازی و ئەوانی دی سەرکەوتم... گە شتەکەمان نزیکەی دەسەعاتی پێ چوو.

کەشوهەواکە زۆر سارد بوو، باش بوو بەقسەی هاوژینەکەی خۆم کرد، کەشەوی پێشتر لە هەولێر زۆری لێ کردم، کە پاڵتۆ لەگەڵ خۆم بەرم... ڕاستییەکەی ئەمن نیازی ئەوەم نەبوو پاڵتۆ لەگەڵ خۆم ببەم، ئەوەیشم لەبەر ئەوەبوو کاتێك لەمانگی شوباتی ساڵی ١٩٩٩ لە چوارچێوەی شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان سە ردانی ئێرانمان کرد بۆ بەشداریکردن لەیادی تێپەڕینی بیست ساڵ بەسەر شۆڕشی

گەلانی ئێران و لادانی دەستەڵاتی شای گۆڕبەگۆڕ چوو... ئەو ڕۆژە پاڵتۆم بردبوو، بە لام لەبەر ئەوەی کەشوهەوا زۆر خۆش بوو، پێویستم پێی نەبوو. کاتێك لەگەڵ ماموٚستا ئەحمەد قازی و هاوڕێیان ویستم پاڵتۆم داکەنێنم و بچم لەپشتەوە دانیشم، ئەحمەد قازی نەیەێشت و گوتی: "بڕۆ بەتەنیا لەپێشەوە دانیشەو پاڵتۆکەیشت دامە نێ، سەیارەکە گەرمی تێکچووە، ڕێگە درێژە و لەوەیە خەوت لێ بکەوێت و سەرما لێت بدات". بەلام وەك کاك ئەحمەد قازی پێی وابوو، خەوم لێ نەکەوت، ئەوەیش زیاتر لەبەر ئەوەبوو هەر بەسروشت حەز بەئاشنابوون بەجوگرافیای ناوچەکان دەکەم، نەخوازەلا ئەگەر شارەزاییم لەبارەیانەوە نەبێت. هەروەها چونکە لەگەڵ کۆمەڵێك نووسەر و ڕووناکبیر لەناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی ولاتێکی دیکەپێکەوە بووین، ئەمەیش دەگمەنە و کەم وایە دووبارە ببێتەوە... بەتایبەتی کەمن پڕ بەدڵ حەزم دە کرد ماموٚستا ئەحمەد قازی لەبەر چەند هۆکارێك بناسم، کە ڕەنگەلای خەڵکی شاراوە بن ... هەر ئەوەیش بووە تەوەری گفتوگۆمان لەبارەی ڕابردوو و ئێستای قازی. لە دە مەو عەسری ئەو ڕۆژە لە چایەخانەی ئازادی کە کەوتبووە سەر تەپێکی بەرز وبەسەر گوندی (سەراو)ی لای ڕاستی ڕێگە گشتییەکە دەیڕوانی، لاماندا و لەبەردەم زۆپایەکی گەورەی نەوتی خڕبووینەوە، کاتێك بەشێوەی ئێرانییەکان خەریکی چا خواردنەوە بووین، ئەحمەدی قازی هەڵیدایە و گوتی: "وا هەست دەکەم سەت ساڵە ئاشنای یە کین" چونکە بە درێژایی ڕێگە قسەمان پێکەوە دەکرد، ئەو قسەی دەکرد و من پڕ بە دڵ گوێم لێ دەگرت، یان من بە پرسیاران دامدەگرت، بەردەوامیش جگەرەمان دە گۆڕییەوە، بەڕادەیەك ئەمە بووە مایەی نیگەرانی و قەڵسبوونی کاك بەهرام وەلدبەگی و نەیتوانی بێدەنگ بێت و لەکۆتاییدا گوتی: "سوپاسی مێواندۆستی دووکەلاویتان دەکەم!"

ڕێگەی نێوان حاجی ئۆمەران و کرماشان بەتێپەڕاندنی شارەکانی: (خانە، نەغەدە ، مهاباد، میاندۆئاب، سەقز، بۆکان، سنە) دەسەعاتیان نێوانە، ئەمەوا لەگەشتیاران دە کات بۆ وەرگرتنی پشوو و خواردنەوەی کوپە چایەکی سووکەڵە ناوەناوە لەچای‌خانە قاوەخانەیەك لابدەن، بەلام ڕاستییەکەی ئێمە هیچ هەستمان بەماندووبوونێکی وا نە کرد، ئاخر زۆرینەی کاتەکەمان بەباسی ڕۆژنامەوانی بردەسەر... ئێمە سێ سە رنووسەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بووین، ئەگەرچی شوێن و زەمانمان لێك جیاواز بوو،

دەشێ بڵێم سێکوچکەی سەرنووسەران بووین... بەگوێرەی توانا هەوڵم دەدا بە قووڵایی ئەحمەد قازی ئاشنابم، چونکە ئەو لەلایەك سەر بەخانەوادەی  قازیان بوو لە مهاباد، کە ڕۆژێك لەڕۆژان پێگەی بەرز و باڵای سەرکردایەتی گەلی کوردیان لەبەشی خۆرهەڵاتی کوردستانی گەورە گرتووەتەوەدەست. خودی پێشەوا قازی محەمە دیش لەدوای ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهان سەرۆکایەتی کۆماری کوردستان لە مهابادی وەرگرتووە، کە نزیکەی ساڵێك مهاباد پایتەختی بووە، دواتر لەقۆناغی تێکهەڵکێشبوونی بەرژەوەندیی گەورە سیاسییەکان لەسەر حیسابی پرەنسیپەکان، ئە و کۆمارە باجی نیشتمانپەروەریی خۆی دا...کە بە ڕێککەوتنی (قەوام سەڵتەنە سە رۆك وەزیرانی ئێران و جۆزیف ستالین کەسەیایەتی یەکەمی وڵاتی یەکێتیی سۆڤیەت کۆتایی پێ هات). ئەمەیش پەردەی لەسەر دیمەنێکی دیکەی تراژیدیای خیانەت هەڵدایەوە، کەهەمیشە دژ بەکورد کراوە... ئەم کەڕەتە باهۆزی غەدر و زۆرداری مەبادی لوول دا، سەرۆکەکەیشی بەوپەڕی شانازی و ئالەنگاری زەمەنی ستەم و زۆرداری، پەتی سێدارەی هەڵبژارد، هەڵبەت ئەمەیش دوای ئەوەی ئەمانەتەکەی کە(بە یداخی کوردستان) بوو دایەدەست (بارزانیی نەمر) کە خۆی گوتوویەتی:" بارزانی باشترین کەسێکە ئەمانەت بەجێ بهێنێت."

دیسان ئەحمەد قازی خۆیشی یەکێکە لەکوردە ڕۆشنبیرەکانی کوردستانی ئێران، ئێستا سەرنووسەری یەکەم گۆڤاری کوردییە، کە بەردەوامی پانزە ساڵە لەشاری (ورمێ) دەردەچێت.

تاریکی باڵی ڕەشی راکێشابوو، ئۆتۆمبێلەکەمان خەریکی ڕێ بڕین بوو بەرەو کرماشان، ئەحمەدی قازیش وردە وردە قسەی بۆ دەکردم. دوای ئەوەی مژێکی قووڵی خۆیان وتەنی سیگارەکەدا، گوتی: "ساڵی ١٩٣٦ز لەگوندێکی قەشەنگ بەناوی (قازیاوە)ی نزیك شاری مهاباد هاتوومە دونیا، ڕەمزەکانی ئەو گوندە زۆرینەیان پلەی قازیی شەرعییان هەبووە. لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری مهاباد خێزانەکەمان گواستیانە وە بۆ شاری مهابادی پایتەخت... ئەوێ زۆر جیاواز بوو لەگوند، شارێکی گەورە دە هاتە بەرچاو، خانووەکانی بەسەر کەناری چۆمی سابڵاغەوە بوون. ئەو کات شانزە هەزار کەسی لێ دەژیا، شەو و ڕۆژ لەخەڵك جمەی دەهات... دوایی لەوێ لەنگەرمان گرت، چوومە قوتابخانە و لەپۆلی سێی سەرەتایی وەرگیرام، ئاخر شارەزاییم لە

خوێندنەوە و نووسین زۆرباش بوو، لەوێ (لەقازیاوە) لەحوجرە و مزگەوت قورئانی پیرۆز و (گوڵستانی سەعدی)مان دەخوێند.

مامۆستا ئەحمەد قازی نەختێك بێدەنگ بوو، کاتێك لام لێ کردەوە زۆر بەقووڵی مژ لەسیگارەکەی دەدات، کەسەیری دەموچاوم کرد هەستم کرد شتێکی بیرکەوتەوە و دەیەوێت زاکیرەی خۆی هەڵگوشێت، بۆیە هیچ پرسیارێکم لێی نەکرد و ویستم لەقسە کردن بەردەوام بێت، تەنیا چەند خولەکێکی خایاند و بێدەنگی شکاند، بەدەنگێکی بە رزتر گوتی: "کاتێك لەمهاباد لە پۆلی سێ وەرگیرام، زانیم خوێندنەکە بەزمانی کوردییە، کەئەو کات باو نەبووە، ئیتر بەمەزۆر عەودالّی خوێندن بووم، چونکە لەمە ودوا بەزمانی ناو ماڵ و هاوڕێ بچووکەکانی کۆڵان و شەقام دەخوێنم، ماموّستا هەوە ڵینەکانم زۆرینەیان کوردی ئێراق بوون لەنموونەی "عوسمان دانش، محەمەد تۆفیق وردی، ماموّستا کەریم زەند، هەروەها ماموّستایانی شاری مهاباد، کەخۆشەویستیی کوردستان و جەنفیدایی لەپێناو کۆماری کوردستان کۆی کردبوونەوە. لەسایەی ئە وانەوە بەسەرکەوتوویی پۆلی سێیەمم بەزمانی کوردی تەواو کرد، ئەمە یەکەم و دوا قۆناغی خوێندنم بوو بەزمانی کوردی، چونکە تەمەنی کۆماری مهاباد لەساڵێکی زیاتر تێنەپەڕی و کرایە قوربانی بەرژەوەندیی ئەوسای زلەهێزان، بەم چەشنە لەو ڕۆژەوە تاکوو ئێستا، لەخوێندنی کوردی بێبەش بووم."

ئەحمەدی قازی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەمهاباد تەواو کردووە، لەزانکۆی تاران بەشی خوێندنی ئینگلیزی تەواو کردووە، لە قوتابخانەکانی مهاباد و بۆکان دەبێتە ماموّستای زمانی ئینگلیزی.

ڕێگەی نێوان شارەکانی (سنندج و کرمانشان) لەڕۆژدا سێ سەعاتە، بەڵام ئێمە لە جەرگەی تاریکیدا دەمانبڕی، نمە نمەی بارانیش دەستی پێ کرد، وەك ئەوەی قەدە ممان بەخێر بێت، داوامان لەخوا دەکرد بارانێکی زۆر ببارێت، چونکە لەساڵی ڕابردوو ناوچەکە بەتایبەتی کوردستان–عێراق تووشی وشکەساڵییەکی زۆر ببوو، خەڵك ئەزیە تی زۆریان چەشتبوو، کاریگەرییەکی زۆر خراپی لە بواری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان و وزەی کارەبا دروست کردبوو. ئێمە شاندی رۆشنبیریی کوردستانی عێراق لە کوردستانی ئێرانیش هەستمان بەو وشکەساڵی و ناڕەحەتییەی خەڵکەکە کرد. بەهەرام وەلدبەگی گوتی:" خەریك بوو گەرما وەك دووپشك چزەی لێوە دە

هێناین." لەکاتی بڕینی ڕێگە شاخاوییە پڕ لە هەرواز و نشێوەکەیان کاتێك بەنێو توونێلە بەردینەکاندا ڕێمان کرد، هەستم بەجۆرێك لەگۆڕانی کەشوهەوا دەکرد، تونێلە بەردینەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و تووندوتۆڵ ڕێکخرابوون، نیشانەکانی هاتوچوو بەتەواوی بەرچاو دەکەوتن و لەکاتی پێچ و هەڵدێر، شۆفێرانیان بۆ خۆکۆنترۆڵکردن ئاگادار دەکردەوە. لەوێ نیشانەکانی هاتوچووی گەشتێکی بەر لە چارێکە سەدەیەکم بیرکەوتەوە، کاتێك بۆ بەسەرکردنەوەی بارودۆخی هەڵبژاردەی تۆپی پێی هەڵەبژاردە ی کوردستانی سەر بە (ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان) لەساڵی ١٩٧٤ز لەسەروبەندی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، بەرەو شاری (ئیندمشك) بەڕێکەوتین. ئەودەم هەڵبژاردەی تیپی تۆپی پێی کوردستان لەو ناوچەیە مەشقی دەکرد، ئەمەیش بەهۆی خۆشی و لەباری کەشوهەوای دەڤەرەکە.

لەو چەند کاتەی مابوومان بۆ کرمانشان، قسە و گفتوگۆیەکەی نێوانمان پچڕا، چونکە باران بەخوڕ دەباری، بەهۆی ئەو بارانە ڕێگەکە لووس بووبوو، ئەمەیش وای کرد جۆرێك لە ترسمان بۆ پەیدا بێت و شۆفێرەکەیشمان خێرایی کەم بکاتەوە... کرمانشان لەدووری سێ کیلۆمەترەوە دەدرەوشایەوە... دوای ئەوەی سەعات دەو نیوی شەو گەیشتینە شارەکە، لەبەر لێزمەی تووندی باران و سەرماوسۆڵ، هاتوچۆ کەم بوو، بەرەو ئوتێل ئازادی ئەزدکان چووین.

دوای پشوویەکی کورت، لەهۆڵی فراوانی ئوتێلەکە، دوور لە ژاوەژاوی تەلەفزیۆن لە چاوەڕوانی هاوەڵانمان (شاندی ڕۆشنبیری کوردستان) دانیشتین. وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێدا ئەوان بەسواری پاس بەدوای ئێمەوە بوون... دوای ئەوەی چایەمان خواردەوە، مامۆستا ئەحمەدی قازی سەرلەنوێ دەستی بەقسان کردەوە لەو شوێنەی لە ڕێگەدا لێی وەستابووین، دەستی پێ کردەوەو گوتی:"هێشتا گەش گەش لەبیرمە کە کۆماری مهاباد ڕاگەیاندرا من تەمەنم دە ساڵان بوو، شاری مهاباد لەخەڵکی جۆراوجۆر جمەی دەها، ئەمن خۆم چەندان کەسی هەمەچەشنم دەبینی، گوێم لەچە ندان شێوەزاری هەمەجۆر دەبوو، کەسانی مەدەنی و سەربازیم بەجلی جۆربەجۆر دە بینی... بارزانییەکان بەجامانەی سوور و چەکەکانیانەوە دەناسرانەوە، وەك ئەوەی لە مەیدانی شەڕ بن... شادی و دڵخۆشیی ئەو خەڵکە بەهیچ شادی و خۆشییەکی دیکە بەراورد ناکرێت... لە کەشێکی کەرنەڤاڵی و ئاهەنگێراندا بوون، بەڵام لەناکاو میزاجی

خەڵك پێچەوانە دەبێتەوە و شادییان بەدڵتەنگی و ناخۆشی دەگۆڕێت. ئەو کات وشەو ڕستەی جۆراوجۆرم دەبیست، وەك: "کۆماری مهاباد لە مەتەرسی دایە، سوپا بەرەو مهاباد دێت، ئازەربیجان ڕووخا، بارزانییەکان بەرگری دەکەن، مەلا مستەفا لەمهابادە ." هێشتایش ڕوخساری بارزانیم لەبیر ماوە، کەبۆ یەکەم جار، بەر لەپەنجا و سێ ساڵ بینیومە... ئاخر ماڵەکەی لەماڵی ئێمە نزیك بوو.. ڕۆژێك لەڕێی قوتابخانە بارزانیم لە گەڵ کۆمەڵێك هاوەڵی پێشمەرگەی بەجلی جەنراڵی بینی، کاتێك رووبەڕووی یەك بووینەوە، دەستم بەرزکردەوە و بەشێوەی منداڵانی مهاباد، کە لە سڵاوکردندا لاسایی گەورەکانیان دەکردەوە، سڵاوم لێ کرد. بارزانی هەستی بە جووڵەی من کرد و ڕای گرتم و دەستی لەسەر سەر دانام و بەتووندی ماچی کردم. ئەو دەم ناوبانگی مەلا مستەفا و پێشمەرگەکانی بە هەموو لایەکدا پەخش بووبوو، ئێمەی منداڵانیش ئەوە مان لەماڵ و قوتابخانە و شەقامدا دەبیست. دڵخۆشییەکەمان زۆری نەکێشا، لە ماڵەوە گوێم لە هێندێك قسە دەبوو بۆنی مەترسییان لێ دەهات، کاکەم عەبدولڕەحمان پەی بەمە بردبوو، ئەو کات لاوێکی تازە پێگەیشتوو بوو، تازە لەباکۆی پایتەختی کۆماری ئازەربیجان گەڕابووەوە، ئەمەیش دوای ئەوەی خولی سەربازی یەکێتیی سۆڤیات تە واو دەکات.

سەعات بووە یەکی شەو، مامۆستا ئەحمەد قازیش لەبارەی ڕۆژە سەخت و دژوارە کانی ژیانی کۆماری کوردستان، بیرەوەریەکانی خۆی دەگێڕایەوە... جگەرە لێوی مامۆستا قازییان جێ نەهێشت. ناوەناوەیش لە مەجلیس هەڵدەستا و دەچوو دوو کوپە چای زەردی لە سەماوەرێکی کارەبایی دەخواردەوە، کە لە سووچی چەپی هۆڵە کەدانرابوو. بەهۆی درەنگکەوتنی هاوەڵانی ناو پاس، هەستم بەجۆرێك لەنیگەرانی و ناڕەحەتی دەکرد و فکرم سەرقاڵ بوو، یانی دەمێك گوێم لەمامۆستا ئەحمەد قازی دە گرت و دەمێکیش بە درەنگکەوتنی هاوڕێیانم فکرم مشەوەش دەبوو. ئەحمەد قازی هەستی بەم نیگەرانییەی من کرد و هەوڵی دا بڕێك لەو نیگەرانییەم بڕەوێنێتەوە، دوای ئەوەی سەعات بووە دوو، داوای کرد بچینە ژوورەکەمان (ژووری ٢٤٠ بە هەرسێکمان بڕا: ئەحمەد قازی، بەهرام وەڵەدبەگی، من.) دوای ئەوەی چووینە ژوورە کەمان بەقسەی گشتی و دوور لە یادداشت و بیرەوەرییەوە خەریك بووین... هەستم بە ماندوویی و شەکەتی دەکرد، چونکە ئێمەشاندی ڕۆشنبیری لە سەعات پێنجی بەیانی

لە هەولێرەوە بەڕێکەوتین بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا بگەینە کرماشان... ئەحمەد قازی داوای لێ کردم پاڵ بکەوم، کەچی ئەو لەهۆڵی ئوتێلەکە هەتا بەیانی چاوەڕێی شاندە کەی کردبوو... دواتر وەك زانیمان هۆی درەنگکەوتنیان هۆکارێکی میکانیکی بووە، بەهۆی تێکچوونی کەشوهەوای ئەو شەوەیش ناچاربوون بەهێواشی بڕۆن.

هەرچەند هێشتا تێر خەو نەببووم، بەڵام ئەحمەدی قازی سەعات هەشت و نیو منی لەخەو هەستاند، ئاخر شەوی ڕابردوویش هەر کەم خەوتبووین... دوای ئەوەی بەبەیانی باش سڵاوی لێ کردم، گوتی (قەدەمتان خێر بوو!)، منیش کاتێك لەبارەی ئە و قسە خۆشەوە پرسیارم لێ کرد، ئەگەرچی پێویست بەپرسیار نەبوو، ئاخر ئێرانییە کان بەکورد و فارس و ئازارییەکانەوە لەپێوەندییەکانیاندا بەدڵنەرمی و میەرەبانی و ئەدەبی زۆریان لەخەڵکانی دی جوێ دەکرێنەوە، ڕاستییەکەی قسەیەکی وایان لێ نابیستی سەرودڵ بگرێت... دواتر ئەحمەد قازی پەردەی پەنجەرەی هەڵدایەوە و داوای لێ کردم تەماشای دەرەوەبکەم بۆ ئەوەی تەماشای بەفربارین بکەم. منیش لە سەر جێخەوەکەم هەستام و تەماشام کرد بەفر سەربانی خانووەکانی دەوروبەری ئوتێلی داپۆشیوە... جارێکی دیکەیش نزام کرد ئەو بەفرەکورستانی عێراقیش بگرێتەوە و لەو نیعمەتە بێبەش نەبن. دواتر بەرەو هۆڵی نانخواردن چووین و لەسەر مێزێکی چەند کورسی دانیشتین، لەکاتێکدا خەریکی نانخواردنی بەیانی بووین، ئە حمەد قازی پێشنیازی کرد لەبەر سەرقاڵی و بەخێرهاتنی مێوانان و ناساندنی ڕۆشنبیران و ئەدەیبانی کۆماری ئیسلامی ئێران و کاروچالاکی و کردنەوەی پێشە نگایەکی شێوەکاری و دابەشکردنی کتێبی کوردی، کە ئێمە وەك دیارییەك بۆ برایانمان هێنابوون کەلەکاتی تەواوبوونی بۆنەکە دابەشی بکەن، هەروەها لەبەر کاروباری دیکەی کۆڕ و کۆبوونەوەکە، قسەکانمان بۆ کاتێکی دیکە دوا بخەین... کاتێکیش زانی، کەدوا ڕۆژی سەردانەکەمان لەشاری مهابادی شوێنی لەدایکبوونی دە بێت، گەشایەوە و گوتی:" لەوێ لەمێوانداری خانەوادەی قازی دەبن، هەر لەوێش بە یارمەتی خودا قسەو گفتوگۆکەمان تەواو دەکەین، ئومێدم وایەبەدڵتان بێت."

هەروەك مامۆستا ئەحمەد قازی فەرموویان بەدرێژایی ئەو سێ ڕۆژەی لە کرمانشان و هەروەها دوو ڕۆژی دوایی لەشاری (سنە) بەکاروباری ڕۆشنبیری و بە سەرکردنەوەی ناوچە شوێنەواری و دامو دەزگا رۆژنامەوانییەکان سەرقاڵ بووین...

تا ئەو ڕۆژەی گەیشتینە شاری مهاباد، کە تاکوو ئێستایش لەدڵی کوردان خۆشە ویست و ئازیزە، ئاخر ئەو شارەبە ڕووداوێکی زۆر گرنگ بەستراوەتەوە کە ئەویش سەرهەڵدانی کۆماری کوردستانە لەسەر خاکە پیرۆزەکەی، هەروەها ئەو نسکۆیەی تووشی کۆمارەکە بوو، لە سێدارەدانی سەرکردەکانی ئەو کۆمارە لەگۆڕەپانی چوارچرای ئەو شارەدا.

وەك وادەمان دابوو لەسەعات پێنجی ئێوارە، لە دوا ڕۆژی سەردانەکەمان گە یشتینە مهاباد، کاتێك ئۆتۆمبێلەکەمان لە بەرانبەر (هوتیل کوێستان) وەستا. بینیم ئە حمەد قازی و کاکە مستەفای برای لەدەرگەی ئوتێلەکە بۆ پێشوازیمان وەستاون، چونکە مامۆستا ئەحمەد قازی ڕۆژێك پێشتر گەڕایەوە مهاباد بۆ ئەوەی مشووری مێوانداریی ئێمە بخوات. کاتێك لە ئۆتۆمبێلەکەمان دابەزین، جەنابی قازی گوتی:"لە دواکەوتنتان نیگەران بووم، ئەوە دوو سەعاتە لێرە چاوەڕێی هاتنی ئێوە دەکەم، بۆچی دواکەوتن؟" بۆ ئەمە سوپاسی لوتف و خەمخۆریەکەیمان کرد... کاتێك لە هۆڵی ئوتێلەکە پشوویەکمان وەرگرت هۆکارەکانی درەنگکەوتنمان بۆ ڕوون کردەوە، پێمان گوت دوو سەعات لەشاری بۆکان ماینەوە، لەوێ لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ئەو شارە نانمان خوارد. سەعات حەوت بەرەو ماڵی کاك مستەفای برای چووین، چونکە ئەوکات ماڵی ئەحمەد قازی لەشاری (ورمێ) بوو. ئەمەیش بە هۆی ئەوەی ئەو سەرنووسەری گۆڤاری (سروە) بوو، کەلە (ناوەندی ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی) لەشاری (ورمێ) دەردەچوو.

ماڵی کاك مستەفای برای دەکەوتە یەکێك لە گەڕەکەکانی مهاباد لە باشووری خۆراوا، ڕێك لای چەپی شەقامە لاوەکیەکە... کاتێك لەماڵەکەی نزیك کەوتینەوە، بینیم هەموو براکانی ئەحمەد قازی لە دەرگەی ماڵیان چاوەڕێمان دەکەن... لەم هەموو گەرموگوڕی و بەخێرهاتنە گەرمەیان خەجاڵەت بووم، بەتایبەتی کاتێك برا گەورەکەیم (عەبدولرەحمانی قازی) کە بە (ڕەحمانی قازی) ناوی دەرکردووە بینی لە دەروازەی ماڵە کە بۆ پێشوازی ئێمە وەستاوە. هەر هێندەمان پێکرا لەدڵەوە سوپاسی لوتفیان بکەین و داوای تەندروستی و شکۆمەندی بەردەوامیان بۆ بکەین.

ژووری مێوانداریی ئێمەفراوان و گەورەبوو، حەفتا مەتر چوارگۆشە دەبوو، فە رشی ئێرانی لێ ڕاخرابوو، سەرینی گەورەی بۆ پاڵشتمان دانرابوون... بەهۆی دانانی

**بۆڕی ئاوی گەرم لەژێرەوە، ماڵەکەیان هەتا بڵێی گەرم بوو، ئەم شێوازە لە هەموو ئێران باوە، ڕێگەیەکی ئاسان و شارستانییە، ئیتر خەڵك لە دەردەسەری زۆپای نەوت و غاز دووردەخاتەوە.**

**ویستم سەرنجی مامۆستا ئەحمەد قازی بخەمەسەر قسەو گفتوگۆی نیوەچڵمان، کەهەر چەند سەعاتێکمان لەو شارەدا مابوو، زۆر قسەیش مابوو بیکات، کاتێك لە نگە رمان گرت و پشوومان دا، ئەحمەد قازی گوتی:" دوای نانی ئێوارە پێکەوە دەچینە ژوورێکی لاچەپ و قسەکانمان تەواو دەکەین، دەزانم تۆ لە پۆڵوو گەرمتریت، لۆمەت ناکەم چونکە خۆیشم وەك تۆ ڕۆژنامەنووسم و ڕێز لە هەستت دەگرم."**

**لە دەوروبەری سەعات هەشت و نیوی ئێوارە ئەحمەدی قازی  سەری خۆی لەقاند و تێگەیشتم، داوای ئیزنم لە ئامادەبووان کرد و چووینەژوورێکی بچووکتر لەژووری مێوانان، یەك لەکەسانی خانەوادەکەیش لەوێ لامان مایەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر پێویستمان پێ بوو یارمەتیمان بدات... جەنابی قازی ئەوەی لەبیر نەکردبوو لە کرمانشان لە چ باسێك وەستابووین. زۆر بەهێمنی و کاوەخۆ دەستی بەقسەکردن کردەوە:" بەهۆی ئەو ڕووداوانەی لەناو شاری مهاباد دا دەگوزەران ماڵی ئێمەیش گۆڕانی بەسەردا هات، لەدەوروبەری خۆمان هەستمان بەجووڵە و جموجۆڵێکی نائاسایی دەکرد، هەموویان تووڕە و نیگەران بوون.. ئێمەی منداڵان زۆر شتمان دە بیست، وەك:" قازی محەمەد، زیندان، خەڵکی عەوام، لەسێداردان، سوپا. ڕۆژێك لە ڕێگەی قوتابخانەڕێکەوتی ئەفسەرێکم کرد بۆ مهاباد هاتبوو، ڕای گرتم بەتووڕەییەوە پێی گوتم: ها! ئەوەچییە؟**

**بەوپەڕی هەرەمەکی گوتم:" ئەمەدەفتەر و کتێبە کوردییەکانی منن." لەو کاتەدا ئەفسەرەکە کتێبەکانمی گرتن و دەجۆگەی هاویشتن کە بەتەکماندا دەڕۆیشت، بەمە شەوە نەوەستا زمانی بەجنێویان دەربووەوە، دواتر بەهەموو هێزی خۆی زلەیەکی تێ سرەواندم و گوتی: (بڕۆ!) هەر لەم ڕۆژەوە، کە هەرگیز لەبیرم نەکرد و لەبیریشی ناکە م، عاشقی کتێب و وێژە و زمانی  کوردی بووم، بەگوێرەی توانا هەوڵمداوە خۆم لە هەموو سووچ و لایەنەکانی ئەو زمانە شارەزا بکەم، بەشکم بتوانم لە پێشخستن و دە وڵەمەندکردنیدا پشکداری بکەم."**

ئەحمەد قازی لەگێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەو شەوەی کە پێشەوایان تێدا لە سێدارە درا بەردەوام بوو... کەمێك دەنگی نزم کردەوە، وەك ئەوەی لە چرکەساتەکانی ئەو کاتەدا دەژێت، پاشان مژێکی قووڵی لەسیگارەکەی دا و گوتی: "ئەو شەوە تاریکی باڵە ڕەشەکانی خۆی داهێشت، ڕێکەوتی ١٠خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ئێرانی، بەرانبەر ١٩٤٧/٣/٣٠ز... لە خانووەکەی ئێمە ژوورێك هەبوو بەناوی دادگا، ئاخر باوك و باپیرانمان تا دەگاتە قازی محەمەد، هەموویان قازی بوون، بۆیە بە بنەماڵەی قازی ناومان دەرکردووە... باوکی من و شەهید پێشەوا قازی پسمام بوون، بۆیە ناسۆر و خەمەکەی ئێمە لەهی خەڵکی دیکە گەورەتر بوو، چونکە وەك باسم کرد یەك خێزان بووین. کاتێك کاکەم عەبدولڕەحمان هەموومانی لەژووری (دادگا) کۆکردەوەو داوای لێ کردین نەچینە دەرەوە، زانیم مەترسییەك بەرۆکمان دەگرێت... کاکەم عە بدولڕحمان بەر لەماوەیەك لەگەڵ پەنجا قوتابی بۆ مەشق پێکردن و فێربوونی بڕێك لە زانستی سەربازی نێردرابوون بۆ یەکێتیی سۆڤیات، پاش تەواوکردنی مەشقەکەی لە گەڵ هاوڕێ قوتابییەکانی گەڕایەوە... ئەو درکی بەوەدەکرد ئەو شەوە چی دەقە ومێت، گوێمان لەکەڕەنای سەربازی بوو. کاکەم عەبدولڕەحمان پێی گوتم دەنگی کە ڕەنای سەربازی ئاگادارکردنەوەیەکی شوومە، نابێ لەماڵ دەربچین. سەربازەکان هەر لەئێوارەوە سەر خانووەکانیان گرتبوو بەخانووی ئێمەشەوە. لە پەنجەرەی ژووری (دادگا)ی خانووەکەمان بینیمان سەربازەکان لەگۆڕەپانی (چوارچرا) خەریکی هێنان و چەقاندنی ستوونی دارینن... ژوورەکەمان بەسەر گۆڕەپانی ناوبراو دەڕوانی... زۆر دەترساین و نەشماندەزانی چی ڕوودەدا، نیوەشە و گوێمان لەدەنگێکی وەك دروشمکێشان بوو، کاکەم عەبدولڕەحمان گوتی:" ئەمەدەنگی قازی محەمەدە، کاتێك بەوپەڕی بێ منەتی و شانازی و جوامێرییەوە چووەبەر پەتی سێدارەو ڕووی لە جە لادەکانی کرد و گوتی:"بەخوێنی من کوردستان دەژیت." لەو کاتەدا کاکەم عەبدولڕە حمان وەك شێر نەڕاندی و چووە ژێرزەمین و چەکە شاراوەکەی دەرهێنا و ڕووی لە باوکم کرد و گوتی:" بەم چەکەم دەجەنگم و تۆڵەیان لێ دەکەمەوە." باوکیشم بەدە نگێکی حەزین پێی گوت: "تەنیا بەم چەکە هیچت پێ ناکرێت."

بەیانی کاتێك لە پەنجەرە نزیك بوومەوە، چاوم کەوتەسەر دیمەنێکی زۆر ناخۆش، هەرگیز لەبیری ناکەم... تەرمی قازی و سەدری قازی برای و پسمامەکەی سەیفولقازیم

بینی بەپەتی سێدارەوە کرابوون. مەندیلە سپییەکەی قازی بەسەر تەوێڵیدا شۆڕببووە وە... دوای چەند خولەکێك خەڵك پەیتا پەیتا ڕوویان لەگۆڕەپانەکەکرد، هەرکە دیمە نی قازیم وا بینی ڕێك دیمەنی مەسیحم بەسەر خاچەوەبیر دەکەوتەوە. باوکم لە دوای قازی محەمەد، وەك دەمڕاستی خانەوادەوابوو، دابەزیەگۆڕەپانی چوارچرا تەرمە کانیان لە قنارەکردنەوە و بەسەر شانیانەوە بۆ مزگەوتی (حاجی بایین) بردنیان، لە وێ مەراسیمی شۆردن و کفنکردن و نوێژ لەسەرکردنیان بۆ کردن و پاشان تابووتە کانیان بەسەر شانەوە بەرەو گۆڕستان بردن، خەڵکێکی بێحیسابی مهاباد هاتبوو، تە رمی شەهیدانیان ئەسپاردەی خاك کرد، بەئاه و خەم و ئەسرین بارانەوە بەڕێیان کردن و تا دوا سات لەگەڵ قازی و هاوڕێکانیان دڵسۆز و پەرۆش بوون. کاتێك ئەحمە دی قازی بیرەوەریی خۆی لەو بارەوەگێڕانەوە، وەك ئەوەی لەنێو چرکەساتەکانی ئەو مەراسیمەدا بێت... وردە وردە دەنگی خۆی هێور کردەوە وەك ئەوەی لەناو ئەو هەموو خەمو پەژارە و دڵتەنگییە سامفۆنیای مەرگ لێ بدا... ئەویش هەستی بەوەکرد کە قسەکانی کاریگەرییان بەسەر منەوە جێهێشت بۆیەداوای لە کوڕەکەی کرد چایە کمان بۆ بێنێت، دوو جگەرەی ئێرانی بەناوی (تیر) لە قوتووکەی دەرهێنان و دانەیە کی دا بەمن و گوتی:" ناڕۆین تا کۆتایی بەقسەکانمان دێنین."

دوای پشوویەکی کورت و خواردنەوەی چایە، ئەحمەدی قازی دەستی بەگێڕانەوە ی یادداشتە سیاسییەکانی خۆی کرد و گوتی:" دوای تەواوکردنی زانکۆ، لەساڵی ١٩٥٨ز چوومە ڕیزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دوای ساڵێك بوومە ئە ندام. هۆکاری چوونم بۆ نێو ئەو حزبە ئەو خۆشەویستییە زۆرەم بوو بۆ شەهید قازی محەمەد کە ڕۆژێك لەڕۆژان سەرۆکی ئەو حزبەبوو، هەروەها لەو هەموو وەفا و قوربانییەی پێشکەشی ئەو گەلەی کرد...چالاکییەکانی ئێمە بوونە جێ سەرنجی دامودەزگەی سەرکوتکەر لەسەردەمی شای گۆڕبەگۆڕچوودا، ئاخر ئێمە بەرگریمان لە دۆزی گەلی خۆمان و گەلانی چەوساوەی ئێران دەکرد، تاکوو چوار ساڵی تەواو گیرام... ئێمەی کورد لەزیندان ئازاری زۆرمان چەشت... زۆر ئاشکرابوو دامودەزگەی سەرکوتکەری (سافاك) دەستی نەدەپاراست لەکەسە نیشتمانییەکان بەتایبەتیش کوردەکان. ژمارەمان نزیکەی ٢٥٠زیندانی دەبوو، لەزیندان هەر یەك لەپسمامەکەم عومەر قازی، عەزیز شارۆخی، یوسف خسرۆیی لەشاری مهابادەوە لەگەڵم بوون.

دوای ئەوەی لێبووردنی گشتی دەرچوو تەنیا چوارده زیندانیمان لەگەڵدا مانەوە، لێبووردنەکە ئێمەی نەگرتەوە. نەقیب زیبایی سەرۆکی دانیشگەی لێکۆڵینەوە پیاوێکی دڕندەو هیچ بوو، شۆرەتی بەتاوان و لێدان و تێهەڵدانی زیندانیان دە رکردبوو، ڕۆژانەدەهات دەیگوت:" سێ کەس لەمهاباد لەسێدارەدەدرێن: ئەحمەدی قازی، عومەر قازی، یوسف خسرۆیی، لەشاری سەقزیش حەسەن ئاغا جوانمردی و سوڵتانی) لەسێدارە دەدرێن. نەقیبی ناوبراو بەم چەشنە ڕۆژانە بەکوشتن هەرەشەی لێ دەکردین. لەو کاتەیشدا لەناوچەی خوزستان پێکهەڵچوون و ئاڵۆزی دروست بووبوو، لەوێ دەیان هاووڵاتی بەتۆمەتی ەهاندان و بانگەشاکردن بۆ سەرۆکی میسر دەستگیرکرابوون، هەر لەزیندانی ئێمەدا ٦کەس لەسێدارەدران، بڕیاربوو ئێمەیش بە قنارەوەبکەن، بەڵام گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی شۆڕشی کورد لەکورستانی عێراق بەسەرۆکایەتی جەنراڵ مستەفا بارزانی ئێمەی لەپەتی سێدارە دەرباز کرد. شا بۆ دروستکردنی ەهاوسەنگییەك لەناوچەکە، خۆی لەشۆڕشی کورد نزیك خستەوە... ئەو تۆمەتەی ڕووبەڕووی ئێمەکرابوویە وەیارمەتی و هاوکاریکردنی شۆڕی کورد بوو لە کوردستانی عێراق، ئیتر گۆڕانی هاوکێشەکە وای کرد دەستەڵاتی ئێرانی ئێمە ئازاد بکرێین، دوای ئەوەی چوار ساڵمان لەزیندان بەڕێ کرد. سەرەتا نەیان هێشت بچمەوە مهاباد، دواتر تەنیا لەماوەی دوور دووردا بەڕەزامەندی ڕەسمی دەستەڵات ڕێگەیان دەدا سەردانی مهاباد بکەم... بۆیەلە و کاتەوە پێوەندیم لەگەڵ حزبی دیموکراتی ئێرانی پچڕا. لەو کاتەوە لە تاران بەوانەگوتنەوە خەریکم، هەروەها لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی برای خوالێخۆشبووم محەمەد قازی خۆم بە وەرگێڕان لەئینگلیزییەوە بۆ فارسی و کوردی سەرقاڵ کرد... محەمەدی برام وەرگێڕێکی زۆر گەورەبوو، لەناوەندە کانی ئێران ناو و شۆرەتی دەرکردبوو، چەندان شاکار و ڕۆمانی جیهانی لەفەڕەنسییە وە وەرگێڕاونەتە سەر فارسی... سەرەتا لەسەر دەستی خوالێخۆشبوو گیوی موکریانی، زمانی فەڕەنسی فێربووبوو، کاتێك بەکالۆریوسی لە قانوون بەدەست دە هێنێ بەتەواوی خۆی بۆ وەرگێڕان یەکلا دەکاتەوە تاکوو دەبێتە یەك لە وەرگێڕە هەرە باشەکان، بەڕەنگێك لەناو فارسەکان هیچ کەسێك هێندەی ئەو هەڵنەکشاوە. لەساڵی ١٩٩٨ز لەتەمەنی (٨٣)ساڵ کۆچی دوایی کرد، لەدوای خۆی دونیایەك شاکاری وە

رگێڕدراوی بەجێهێشت، ژیانی خۆشی بەشێوازێکی جوان و قەشەنگ لەشێوەی ڕۆماننووسێك بەناوی (یادداشتەکانی وەرگێڕ) چیرۆکی ژیانی خۆی نووسیوەتەوە."

وەك لەپێشەوە باسم کرد کاك عەبدولڕەحمان قازی برا گەورەیان لەو کاتەدا دە مڕاست و ڕیشسپی خێزان بوو، چاویلکەیەکی پزیشکی لەچاو کردبوو، بە مەزەندەی من تەمەنی (٧٥) ساڵێك دەبوو، بەڵام لیاقەیەکی باشی بەدەنی هەبوو، زۆر بەهەست و وریا بوو... وا ڕێککەوت لەژووری مێوانان لەتەکی دانیشتم، باسی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کرد، چەندان قەسیدەی شاعیرە گەورەکانی کورد و فارس و ئەزبەر بوون، ناوە ناوە چەند بەیتێکی قەسیدەکانی دەخوێندەوە. درکم بەوەکرد ئەویش گەنجینەیە کی پڕە لە یادەوەری تاڵ و شیرین، بەڵام کاتەکە و مەقامەکە ڕێگەیان نەدا بچینە قووڵاییەکەی. کاتێك لەگەڵ ئەحمەدی قازی کۆتاییمان بەگفتوگۆ هێنا، لەبارەی کاکەی عەبدولڕەحمان پرسیارم لێی کرد، کە لە سەروبەندی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لەگەڵ پۆلە گەنجێکی کورد بۆ مەشق و ڕاهێنان دەچێتە یەکێتیی سۆڤیەت و داخلی خوولێك دەبێت و سەرکەوتووانە دەردەچێت... بە ئەحمەد قازیم گوت ئەرێ کاکەت نیازی نووسینەوەی یادداشتەکانی خۆی نییە، بەتایبەتی کەزۆرێك لەڕووداوەکانی بینیوە، کەبەسەر ژیانی کۆماری مهاباد و شەهید قازیدا هاتوون؟

سەرەتا هیچ قسەیەکی نەکرد، وا تێگەیشتم ئەحمەد قازی نایەوێت لەبری برایەکە ی قسەبکات، بەڵام تێگەیشتنەکەی من لەجێگەی خۆیدا نەبوو، ئەحمەدی قازی لە جێگەی خۆی هەستا و چەند خوولەکێك ون بوو، کاتێك گەڕایەوە ژوورەکەی بینیم قتوویەکی دیکەی نوێی سیگارەی هێناوە، دوو سیگارەی دەرهێنان و سیگارەیەکی دایەمن، پاشان گوتی: "لەماوەی چارێکێك کۆتاییمان بەجگەرەکانمان هێنا، چاوەڕێ بووم پرسیارەکانی تۆیش کۆتایی هاتبن، کاتێك زانیم پرسیارەکانت هەر بەردەوامن و سیگارەکانیشمان کۆتایی هاتوون، چووم قتوویەکی سیگارم هەێنا و داوای دوو چایە شم کرد، بۆ ئەوەی قسەکانمان تەواو بکەین، سەبارەت بەوەڵامەکەیشت دەڵێم:"کاکە عەبدولڕەحمانی برام لەجێی باوکمان بوو، هەرچی ناخۆشی و ناسۆریەك هەیە لە ژیانیدا چەشتوویەتی، چونکە قەدەر وای داناوە بەم جۆرە بژین، بەڵام پەژیوانیش نین، وەك پێشتر بۆم باسکردی کاکەم لە چوارچێوەی ئەو گەنجانەی مهاباد دابووە، کە

بۆ مەشقپێکردن و ڕاهێنان بۆ یەکێتیی سۆڤیات نێردراون، بەڵام دوای ئەو نسکۆیەی بەسەر کۆماری مهاباددا دێت، بێئومێد دەبێت، دواتر خەریکی ژیانی خۆی دەبێت، ئە گەرچی لە خەمەکانی گەلەکەی دوور نەکەوتۆتەوە... نزیکەی ٦٠٠لاپەڕەی یادداشتە کانی خۆی هەر لەهەرەتی لاوی تاکوو ئێستا نووسیوەتەوە. کۆمەڵێك بابەتی گرنگ و ڕووداوی مێژوویی تێدا تۆمار کراوە، ئاخر ئەو خۆی شایەتی ڕووداو و قەماوەکان بووە... یەك لەئەندامانی خێزانەکەمان کاری ڕێکخستنی بۆ دەکات و لەقۆناغی کۆتایی دایە... چاوەڕێین چاپ بکرێت... مامۆستا ئەحمەد قازی ئاماژەی بەکەسی بە ڕانبەری کرد کە لەژوورەکە لەگەڵمان بوو، گوتی:" ئائەوە کاری ڕێخستن و ڕێکسازی بۆ یادداشتەکانی دەکات، ناوی کاکە خسرۆیە، دەکرێ پرسیار لەو بکەیت..." لەبەر زێدە حەزی ڕۆژنامەنووسی، حەزم کرد ڕێخۆشی و پێشەکیەك بۆ گفتوگۆی نێوانمان ڕێك بخەم تاکوو کەشوهەواکە لەبار بکەم تاکوو بەئاسانی لەگەڵ کاك خسرۆ بکەومە قسە، بەڵام کاك خسرۆ ڕێگەکەی بۆ کورت کردمەوە و ڕاستەوخۆ هاتە نێو قسان و گوتی:" دەستنووسی یادداشتەکانی کاکە عەبدولڕەحمان لای منە، ڕێکم خستووە و هەڵەبڕیم بۆ کردووە... ئەگەر خاوەنەکەی حەز بکات چاپی بکات، لە ئێستاوە ئامادە یە... لێرەدا نامەوێ قسەکانم تەواو بکەم، چونکە لەکاتی پرسیارکردنت لەمامۆستا ئەحمەدی قازی، زانیم دەتەوێت بەناوەرۆکی بیرەوەرییەکان ئاشنابیت، من ناتوانم تە واوی داواکەی تۆ بەجێ بهێنم، بەڵام چیرۆکی دوا دیداری بارزانی و شەهید قازی محەمەدت بۆ دەگێڕمەوە، وەك لە بیرەوەرییەکاندا هاتووە چیرۆکی دیداری نێوانیان، لەگەڵ ئەو چیرۆکەی من بەخۆم گوێم لەخوالێخۆش بوو (مینا خانم) هاوژینی قازی محەمەد بووە یەکدەگرێتەوە... بۆیە دەزانم ئەو بیرەوەریانە لەئەلفەو ەتا یا، ڕاست و دروستن. لەبارەی دیداری بارزانی لەگەڵ قازی محەمەد، هەروەك لەم بیروەریانەم خوێندووەتەوەبەم چەشنەی خوارەوەیە:" دوای ئەوەی کۆماری مهاباد لەدوایین ڕۆژە کانی خۆی دەبێت، دوای هەرەسهێنانی کۆماری ئازەربیجان، هەروەها دوای ئەو پاشاگەردانی و هەرایەی لە تەبریز دروست بوو، لەسەروبەندی نزیکبوونەوەی وادەی گەیشتنی هێزەکانی سوپا بەشاری مهاباد، لەو کاتەدا بارزانی دەچێتە ماڵی قازی محەمەد بۆ ئەوەی بۆ دواجار قایلی بکات لەمهاباد بڕواتە دەر، لەو کاتەی بارزانی خوداحافیزی لە قازی دەکات، قازی داوا لە هاوژینەکەی (میناخانم) دەکات، هەرچی

کەلوپەلی ماڵ هەیە، بەتایبەتی ئەو شتە گرانبەهایانەی کێشیان کەمە بداتە بارزانی بۆ ئەوەی لە خەباتی خۆیدا بەردەوام بێت، لەو کاتەدا بارزانی وەڵامی دەداتەوە و دە لێ: ئێمە هەیچ پێویستمان بەماڵی تۆ و هیچ شتێك نییە، من هاتووم تۆ قایل بکەم ئێرە بەجێبهێڵی و سەرۆکایەتی پێشمەرگەکانمان بکەیت... قازی محەمەدیش دەڵێ: من دەزانم ئێوەچی دەڵێن و چیتان دەوێت، بەڵام ناتوانم مهاباد جێبهێڵم، لێرە شانبە شانی گەلەکەکەم دەمێنمەوە نەبادا کوشتارگەیەك ڕووبدات."

لێرەدا (میناخانم) چیرۆکی دوا دیداری نێوان ئەو دوو سەرۆکە مێژووییە تەواو دە کات و دەڵێت:"بارزانی بەقازی محەمەدی گوت: دوژمن دەتانکوژێت." قازی محەمەد دەڵێ ئەوەدەزانم، بەڵام هەر دەمێنمەوە. لەو کاتەی بارزانی لەقایلکردنی قازی محەمە ددا بێئومێد دەبێت، ماوەیەکی زۆر لەباوەشی دەگرێت و دواتر خواحافیزی لێ دە کات. بارزانی چەند هەنگاوێك لەماڵی قازی دووركەوتەوە لای بۆ پەنجەرەکە کردەوە، کەبەسەر شەقامی گشتی دەیڕوانی، دەستی ڕاستی بۆ سڵاوکردن لەقازی بەرزکردەوە ... هەر لەو دیدارەدا قازی محەمەد ئاڵای کوردستانی پێشکەش بەبارزانی کرد و پێی گوت:" ئێوە لەهەموو کەس باشتر پارێزی لەو ئاڵایەدەکەن، تاکوو ئەو کاتەی بەرزدە کرێتەوە و دەشەکێنرێتەوە."

کاتێك کاك خسرۆ ئەو بەشەی یادداشتەکانی عەبدولڕەحمان قازی، برای ئەحمەد قازی گێڕایەوە (من و ئەحمەد) جوان گوێمان بۆ قوڵاغ کردبوو، لەنێو وردەکاری ڕووداوەکانیدا دەژیان... لەو کاتەدا سەعاتی بەدیوار هەڵواسراو، ترینگەی کاتژمێر دوانزەی نیوەشەوی لێدا. ئەوسا زانیم سێ سەعات و نیومان بۆ تەواوکردنی قسە کانمان بەسەر بردووە. دوای ئەوەی لەکۆسپەی دەرگە خوداحافیزیمان لێ کرد، بە مامۆستا ئەحمەد قازیم گوت:" ئەو ئەمانەتەی قازی محەمەد پێشکیشی بارزانی کرد، پەنجاو سێ ساڵە لەلایەن بارزانییەوە پارێزگاری لێ کرا، دواتر سەرکردایەتی حزب پارێزگاری لێ کرد کە بارزانی بەدیاریکراوی لەمهاباد دایمەزراندبوو... پاشان پیاوە بەوەفاکان ئەمانەتەکایان دایەدەستی کەسانی شیاو کاتێك یەکەم پەرلەمانی هەڵبژێردراو بڕیاری لەسەر درا. ئێستا ئاڵای کوردستان لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستان و لەسەر باڵەخانەکان لێرە و لەوێ دەشەکێتەوە... ئاڵا ئێستە بووە بە ڕە

**مزی بەرجەستەکردنی خەبات و قوربانیدانی گەلێك، کەچەندان کەڵە پیاوی مەزنی هێنانە دونیاوە، نموونەی: شەهید قازی محەمەد و  بارزانی هاوڕێ و هاوخەباتی."**



مهاباد–ماڵی مستەفا قازی، شەوی ٦ لەسەر/١٩٩٩/١٢/٧

خوالێخۆشبوو ئەحمەدی قازی لەگەڵ نووسەر



کرماشان–ئوتێل ازادگان، ١٩٩٩/١٢/٣

خوالێخۆشبوو ئەحمەدی قازی لەگەڵ نووسەر



**هەولێر–ماڵی نووسەر، ٢٠٠٥/١٢/٦**


**پەروین عەبدوللا سەعید هاوسەری نووسەر، خوالێخۆشبوو مریەمی مستەفا قازی،**

**فەرهاد عەونی خوالێخۆشبوو ئەحمەدی قازی**



**مهاباد–ماڵی مستەفا قازی، شەوی ٦ لەسەر/١٩٩٩/١٢/٧**

**خواالێخۆشبوو رەحمانی قازی، ئەحمەدی قازی، نووسەر**



**شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگر**

**کەریم شارەزا**

**٢٠١٥/٥/٢٣-١٩٢٨/٣/٤**

**ژياننامە:**

- ناوی کەریم کوڕی مستەفا کوڕی حەماغای حەوێزی یە.

- لە رۆژی ١٩٢٨/٣/٤ لە گەڕەکی هەواو لە کۆیە شاری ئەدەب و هونەر و خەباتی کوردایەتی لەدایك بووە.

- لە بنەماڵەیەکی زانست و ئەدەب پەروەری هۆشیار پەروەردە بووە.

- لە ساڵی ١٩٣٥دا چۆتە بەر خوێندنی فەرمی لە قوتابخانەی سەرەتایی یەکەمی کۆیە و ئەو قۆناغە و قۆناغی خوێندنی ناوەندی لە ساڵی ١٩٤٦دا هەر لە کۆیە تەواوکردووە.

- لە پایزی ساڵی ١٩٤٦ چۆتە بەغدا لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە الأعظمیة وەرگیراوە و لە سەرەتای هاوینی ١٩٥٠ خوێندنی تەواوکردووە.

- لە ١٩٥٠/١٠/٩ بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی یەکەمی کۆیە دامەزراوە و وانەکانی زمانی عەرەبی و کوردیی گوتووەتەوە.

- دوای ١١ ساڵ خزمەتی پەروەردە و فێرکردن لەسەر هەڵوێستی سیاسی گوێزراوەتەوە بۆ پارێزگای (زیقار)-ناسریە و لە گوندێکی نزیك قەزای شەتڕە کراوە بە مامۆستای زمانی عەرەبی.

- لە ١٩٦٤/١٢/٧ تەنسیب کراوە بۆ ئامادەیی شەترە بۆ وتنەوەی وانەی زمانی عەرەبی.

- لە پایزی ١٩٦٦ گوێزراوەتەوە بۆ پارێزگای هەولێر و دوو ساڵ لە مەخمور مامۆستای قوتابخانەی قەراجی سەرەتایی بووە.

- لە پایزی ١٩٦٨ گوێزراوەتەوە بۆ شاری هەولێر و لە قوتابخانەی یەکەمی هەولێری نموونەیی کراوە بە مامۆستای کوردی و عەرەبی.

– لەدوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کراوە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی (کۆڕەك)ی سەرەتایی کوڕان لە شاری هەولێر.
– لە ١٩٧١/٨/٣١ گوێزراوەتەوە بۆ قوتابخانەی هەڵگوردی سەرەتایی کوڕان کە خوێندن تێیدا بە عەرەبی بووە و ئەمیش بە فەرمانی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر خوێندنەکەی کردووە بە کوردی.
– دوای ٢٠ ساڵ مامۆستایەتی ١٢ ساڵیش بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە خۆی خانەنیشن کردووە.
– لە ساڵی ١٩٧٣ بە ئەندامی یاریدەدەری کۆڕی زانیاری کورد هەڵبژێردراوە.
– لە شوباتی ١٩٧٠ لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد بووەتە ئەندام لەو ڕێکخراوە ئەدەبییەی کورد.
– لە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد–لقی هەولێر بووە کە لە ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/٣ دا دامەزراوە و مۆڵەتی لە پارێزگا وەگرتووە.
– لە کۆنفرانسی یەکەمی یەکێتی نووسەرانی کورد–لقی هەولێر بە سکرتێری دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێردراوە و لە ساڵانی ١٩٧٨ تاکو ١٩٨٣ دوو جار بە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد–لقی هەولێر دەرچووە.
– لە هەموو کۆنگرە و سیمینار و میهرەجانەکانی یەکێتی نووسەران بەشداریی کردووە و جێ پەنجەی دیار بووە.
– لە پایزی ساڵی ١٩٩٣وە کاری وەرگێڕیی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستانی دەکرد.
– لە ٢٠١٥/٥/٢٣ لە هەولێر لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی:**

١. ئازادی و ژیان–دیوانی شیعر بەغدا ١٩٦٠
٢. کۆیە و شاعیرانی–لێکۆڵینەوە–بەغدا ١٩٦١
٣. ڕێگەی دوور–دیوانی شیعر–نەجەف ١٩٧١
٤. گفتوگۆیەکی ئەدەبی هاوبەش– بەغدا ١٩٧٣
٥. ئەسیری–بە هاوبەشی لەگەڵ جەبار جەباری–هەولێر ١٩٧٤
٦. پەندی پێشینان لە شیعری کوردی– بەغدا–کۆڕی زانیاری ١٩٧٦

٧. له یادی گیو موکریانیدا–ئامادەکردن–هەولێر ١٩٧٨
٨. سێوەی هونەرمەندی کورد–لێکۆڵینەوە– بەغدا ١٩٨٢
٩. پەندی بەروردکاری–لێکۆڵینەوە– بەغدا ١٩٨٢
١٠. چەپکێك له شیعرەکانی سامی عەودالّ– بەغدا ١٩٨٣
١١. نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی–لێکۆڵینەوە– بەغدا ١٩٨٤
١٢. دیوانی حاجی قادری کۆیی– بەغدا ١٩٨٦
١٣. ناودارانی جیهان–سلێمانی ٢٠٠٧
١٤. ئەفسانە له شیعری هاوچەرخی کوردی دا–هەولێر ٢٠٠٧
١٥. کۆیە له رەوتی شارستانیەتدا–هەولێر ٢٠٠٩
١٦. مەلا ئەسعەدی وتاریێژی کورد لەگەڵ حوسێن حاجی قادر–کۆیە ٢٠١١

جگه لەم بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییە چاپکراوانەیشی (٩) کتێبی قوتابخانەی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لەگەڵ مامۆستایانی پسپۆر داناوە یا وەرگێڕاوە و بەچاپ گەیشتوون.

کۆمەڵێك بەرهەمی دیکەشی بە دەستنووسی ماونەتەوە و چاوەڕوانی چاپ و بڵاوکردنەوەن لەوانە:

١. مع أعلام الکورد (باللغه العربیه) مجلد واحد
٢. لەگەڵ ناودارانی کورد (بە زمانی کوردی) یەك بەرگ
٣. مشاهیر العالم–ناودارانی جیهان (بە زمانی کوردی) یەك بەرگ
٤. وێنەی شیعری لەلای شاعیران کوردی دا
٥. دیاردە دژ بەیەکەکان و رەنگدانەوەیان لە پەند و ئیدۆمی کوردی دا
٦. کۆیە و شاعیرانی–بەرگی دووەم

بە سەدان لێکۆڵینەوە و وتاریشی لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکردۆتەوە.

ئەم زانیارییانە بە دەستخەتی مامۆستای کۆچکردووە کەریم شارەزا نووسراوە، لە ئەرشیف و کتێبخانەی کاك (بارزان)ی کوڕی وەرگیراوە.

## مامۆستا كەریم شارەزا
## لە بیرەوەریی من دا

ساڵی ١٩٥٣ تەمەنی حەوت ساڵییم تەواو نەكردبوو كاتیٚ مامی خوالیٚخۆشبووم (عومەر حەبیب) بردمی بۆلای مامۆستای خوالیٚخۆشبوو بەڕیٚوەبەری قوتابخانەی (اولی)ی كۆیە كە باڵەخانەیەكی گەورەی سەردەمی سەرەتای سەدەی بیستەم بوو كە پیٚكهاتبوو لە دوو نهۆم و گۆڕەپانیٚكی گەورە لەپیٚشەوە و باخ و باخچەیەكی جوان لە پشتەوەی باڵەخانەكە سەرەڕای ژووری بەڕیٚوەبەر و مامۆستایان كە لەلای پیٚشەوەی گۆڕەپانەكە بوو، كاتیٚ لە پۆلی یەكەمی قوتابخانە وەرگیرام كۆمەڵیٚك مامۆستای بەهرەمەندی كۆیی لەم قوتابخانەیە دەرسیان دەگوتەوە كە تیٚیدا خوالیٚخۆشبوو جەلال حەویٚزی وەكو بەڕیٚوەبەر كە (خودا وەكیلە) دەتوانم بڵیٚم كەسایەتیی (شەخسییەت) ئەو پیاوە لە هیچ وەزیریٚكی سەردەمی پادشایەتی دەوڵەتی عیراقی كەمتر نەبوو، مامۆستا بەهرەمەندەكانی تری ئەو سەردەمی كۆیەش لە قوتابخانەی (اولی)ی كۆیە بریتی بوون لە خوالیٚخۆشبووان غەریب مستەفا، عبداللە كاكە، تاهیر ئەحمەد حەویٚزی، كەریم شارەزا، مامۆستا قادر، عبداللە ئەحمەد و كەمال سادق، سەرەڕای دوو مامۆستای كریستیانی كوردیی دەرەوەی كۆیە كە بریتی بوون لە حنا ئەفەندی و مرقس ئەفەندی.

له پۆلی یەکەم  خوالێخۆشبوو مامۆستا قادر مورشدی پۆلمان بوو کە ناسراوبوو بە (قالە سیکە) نازانم ئەو نازناوەی لە کوێوە بۆ هاتووە، لە پۆلی دووەمی قوتابخانەم (مامۆستا کەریم مستەفا)م لەبەرچاوە کە هەمیشە وەکو مامۆستایانی دیکە بە قیافەتی تەواوەوە دەهاتە پۆلی دەرس گوتنەوە، مامۆستا کەریم لەو ساڵەدا حەفتەی چەند جارێك دەرسی عەرەبیی پێ دەگوتین کە هەمیشە بەخۆی و (دار بەلاروك)ـەکەی کە هەمیشە بۆ ئاشناکردنی ئێمەی قوتابییان بە پیت و رستەکانی سەر تەختەرەشەکە دەکرد بەکاری دەهێنا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مانایەکەشی بە کوردی بۆ شی دەکردینەوە.

مامۆستا کەریم لە پۆلەکانی ٣، ٤، ٥یش وانەکانی کوردی و عەرەبیی پێ دەگوتین، رۆژێکیان وابزانم لە پۆلی چوار بووم مامۆستا کەریم نامەیەك و (١٠ فلس)ـی دامێ و پێی گوتم کە ئەم نامەیە ببەم بۆ دائیرەی بەرید (پۆستەخانە)ی کۆیە و تەسلیم بە خوالێخۆشبوو (عطاالله ئاغا)ی بکەم کە بەڕێوەبەری دائیرەی بەرید بوو، کاتێك نامەکە و (١٠) فلسەکەم دایە دەست (عطاالله ئاغا) تەماشای نامەکەی کرد و پارەکەی لێ وەرگرتم و ئەمدیو و ئەودیوی کرد پێش ئەوەی پوولەکەی (طابع برید) لێبدا تەماشای دیوی دووەمی کاغەزەکەی کرد و ئەوجا لێی پرسیم ئەم نامەیە هی کێیە؟ کە بۆ رۆژنامەی (ژین)ـی ناردووە، منیش لە وەڵامدا گوتم نامەی (مامۆستا کەریم)ـە، گوتی باشە ئەم (شارەزا)یە چییە لەدوای ناوەکەی نووسراوە، منیش گوتم نازانم کە چوومەوە قوتابخانە لێی دەپرسم، ئەوجا بەڕێوەبەری دائیرەی بەرید گوتی پێی بڵێ جارێکی دیکە لەدواوە (المرسل) ناوی خۆی بە تەواوی بنووسێ دەنا وەریناگرم، کاتێ کە گەڕامەوە قوتابخانە قسەکانی خۆم و عطاالله ئاغام بۆ مامۆستا کەریم گێڕایەوە، مامۆستا کەریمیش بە جۆرە گرژییەکەوە گوتی (ئەم پیاوە دیارە نازانێ کەلیمەی شارەزا (لەقەبە) چۆن دەڵێی سەعید قەزاز، حاجی تۆفیق پیرەمێرد، لەقەبی منیش شارەزایە، شارەزاش یانی (خەبیر) هەر ئێستا دەچم لە ژووری بەڕێوەبەری تەلەفۆنی بۆ دەکەم.

دەستپێکی ناسینی بەندە بۆ مامۆستا کەریم شارەزا بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە ئەو مامۆستا و من قوتابی، ئەوجا کاتێ کە گەورەتر بووم و بەرەوپێشتر چووم لە قوتابخانە بەرە بەرە زیاتر شارەزای مامۆستا کەریم بووم، پاشان زیاتر بە هۆی

دۆستايەتيی لەگەڵ (عەونی)ـی باوکم کە وەکو دوو شاعیر و دوو ئەدەب دۆست و دوو نیشتمانپەروەر مامەڵەیان لەگەڵ یەکتری دەکرد، تەنانەت لە پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠وە کە مامۆستا کەریم شارەزا دەهاتەوە کۆیە ئەو کاتە ئەو لە هەولێر بوو یەکسەر بە ڕێگاوە لە (محل)ـەکەی باوکم لایدەدا و دەکەوتنە قسە و ڕا گۆڕینەوە کە زۆر جاریش خوالێخۆشبووان تاهیر ئەحمەد حەوێزی و عبدالمجید نورالدین جلی زادە و عومەری مام عەولاّ و مەلا قادری گۆپتەپە و عبدالرحمن رووتە و عوسمان مستەفا خۆشناو و چەندین کەسایەتیی گەنج و بەتەمەنی کۆیەی ئەوکاتە بەشداریی ئەم دانیشتنە (ئەدەب و سیاسەت ئامێزە) دەبوون و لەویّ بە ئاشکرا ئاڵوگۆڕی قسە و هەواڵ و ڕووداوەکان دەکرا، چونکە ناوبراوانی خوالێخۆشبوو هەموو خەڵکی کوردپەروەر بوون بەدڵی خۆیان قسەیان دەکرد بەتایبەتیش لە ساڵانی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٥ تاکو ڕۆژانی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١.

مامۆستا کەریم شارەزا وەکو لەپێشەوە نیشانمداوە لە ئاکامی ئەم پەیوەندییە توندوتۆڵەی کە لەگەڵ عەونی هەیبوو بە تەواوی شارەزای شیعر و بۆچوونی ئەدەبی و سیاسیی عەونی ببوو زۆرجاریش داوای لە باوکم دەکرد کەوا هەندیّ لە شیعرەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بلاّو بکاتەوە، ئەوەی من ئاگادارم چەند جارێك مامۆستا کەریم شیعرەکانی (عەونی)ـی بۆ گۆڤاری بەیان و کاروان دەنارد کە دوا شیعریشی لە بواری بلاّوکردنەوەدا شیعری (یەکبوون) بوو کە عەونی لە (ئیلهامی) کۆتایی هێنان بە شەڕی براکوژی لە ساڵی ١٩٨٦دا دەڵیّ:


*ئاشنا گەر نەمکوژیّ ترسم نییە نائاشنا*
*با هەمیشە گوللەبارانم بکا پێی ناکەوم!!*
*خۆشە نەمرم ڕۆژیّ خۆم بە سەربەستی دەدی*
*بشمرم باکم نییە ئەوساکە شوێن سۆی ناکەوم*

مامۆستا شارەزا کاتیّ کە گوێی لە شیعرەکە بوو داوای لە باوکم کرد کە ئەو (یانی مامۆستا شارەزا) شیعرەکەی زۆر بەدڵە و هیوادارە کە باوکم ڕازی بێت لە


گۆڤاری (کاروان) بڵاوی بکاتەوە، ئەوەبوو لە ژمارە (٨٨)ی ساڵی ١٩٨٦ی گۆڤاری (کاروان) بڵاوکرایەوە.

پاش کۆچی دوایی (عەونی) لە ١٩٩٢/٧/٢٠ سەرجەم دەستنووسەکانی دیوانی عەونیم دایە دەست مامۆستا شارەزا بە مەبەستی ڕێکخستن و نووسینی پێشەکییەك چونکە ئەو (یانی شارەزا) چ وەکو دۆست و چ وەکو شارەزای ڕەوتی شیعریی عەونی لە هەموو کەس نزیکتر و کارامەتر بوو بۆ ئەم کارە ئەدەبییە، ئەوەبوو پاش چەند مانگێك لە سێ جلدی گەورەی ڕێکوپێك و بە خەتە زێدە سەرنج ڕاکێشەکەی ڕێکی خستبوو و دایەوە دەستم، کە پاشان دیوانەکەی (عەنی) بە پێشەکی مامۆستا شارەزا دوو چاپی بەخۆیەوە بینی.

لە قۆناغێکی دیکەی پەیوەندیی نێوان مامۆستا شارەزا و بەندە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٣ کاتێ شەرەڤ سەرنووسەریی (ڕۆژنامەی برایەتی)ی ڕۆژانەی جوانەمەرگم پێدرا هەر زوو بیرم لە هەندێ ڕۆشنبیر و ئەدەب و سیاسەت دۆست کردەوە کەوا کار لە برایەتی بکەن، یەکێ لەو مامۆستا بەڕێزانە (کەریم شارەزا) بوو کە بووە ئەندامێکی خێزانی برایەتی کە هەمیشە لە ئامادەباشیدا بوو بۆ هەر بابەتێك کە تەکلیف بکرابایە، بۆیە کاتێ بیرمان لە هەفتەنامەی (ئەدەب و هونەری برایەتی) کردەوە لەگەڵ برای خوالێخۆشبوو زاهیر ڕۆژبەیانی کە سەرەڕای ئەوەی جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بوو لێپرسراوێتیی ئەم هەفتەنامەیەشی لەگەڵ خێزانی ئەم هەفتەنامەیە کە بریتی بوون لە خوالێخۆشبووان کەریم شارەزا و ئازاد سوبحی و برایان جەلیل کاکە وەیس و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و عەباس عبداللە یوسف و ئەحمەد سەلام، کە تێیدا مامۆستا شارەزا ڕۆڵی داینەمۆی دەگێڕا، تاکو ڕۆژی دەرچوونیشم لە برایەتی لە ٢٠٠٠/٢/٢٠ پەیوەندیی مامۆستا شارەزا و بەندە سەرەڕای ئەوەی کە بەندە سەرنووسەری برایەتی بووم، بەڵام هەمیشە بە ڕێز و چاوی ڕۆژانی قوتابییەتیم لە قوتابخانەی (اولی)ی کوڕان لە کۆیە لە ساڵانی ١٩٥٣-١٩٥٩ مامەڵەم لەگەڵ دەکرد و تاکو ڕۆژانی ماڵئاوایی کردنی لە ژیان هەمیشە بە مامۆستا بانگم دەکرد و بە هەڵوێستی ڕاستەقینە وەفاداری ڕێزم لێ دەنا.



دیوانی شارەزا
( کەریم مستەفا حەوێزی )
Mohammad Ismail
25-06-2016
هەولێر - کوردستان
چاپی یەکەم ٢٠١٦


کەریم شارەزا
کۆیە و شاعیرانی
بەرگی دووەم
۲۷۱۲-۲۷۱۳ی کوردی
کۆیە ۲۰۱۳ی زایینی



**یۆنان هۆزایا**

**١٩٥٥-٢٠١٥/١٢/٣٠**

**ژياننامە :**

- لە شاری زاخۆ نزيك لە رووباری خاپوور ساڵی ١٩٥٥ لەدايكبووە.

- هەرسێ قۆناغی خوێندنی لە زاخۆ تەواوكردووە.

- ساڵی ١٩٧٦ لە زانكۆی موسڵ-كۆليژی ئەندازياری-بەشی ميكانيك وەرگيراوە و ساڵی ١٩٨٠ بەكالۆريۆسی لە ئەندازياری ميكانيك وەرگرتووە.

- لە سەرەتای لاوێتييەوە بەرەو نووسين و هۆندنەوەی شيعر و ئەدەبی سريانی هەنگاوی ناوە.

- لە ساڵانی هەشتاكانی سەدەی رابردوو لە هەردوو رۆژنامەی (قالا سورايا و الكاتب السرياني) بەرهەمی بڵاوكردۆتەوە؟

- ساڵی ١٩٨٣ بۆتە سەرۆكی كۆمەڵەی (الناطقين بالسريانيه).

- لە كۆنگرەی دووەمی بزووتنەوەی ديموكراتی ئاشووری بۆتە ئەندامی مەكتەبی سياسی و پاشان وەكو جێگری سەرۆكی بزووتنەوەكە لەبەر لێهاتويی دەستنيشانكراوە و بۆتە سەرنووسەری رۆژنامەی (بهرا).

- لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٥ وەزيری پيشەسازی بووە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان.

- ١٤ كتێبی لە شيعر و چيرۆكی كورت بە زوبانی سريانی بڵاوكردۆتەوە.

- لە دوا ساتەكانی ژيانی وەكو مرۆڤێكی سەربەخۆ هەست ناسك درێژەی بە كارە فەرهەنگی و شيعر و ئەدەبيات دەدا.

- رۆژی ٢٠١٢/١٢/٣٠ بۆ دواجار ماڵئاوايی لە ژيان كرد و هەر لە گۆڕستانی عەنكاوە بەخاك سپێردرا.

## سێ دار و سێ میڤانی هۆزانڤانی دۆست یونـان هوزایا

چێژوەرگرتنم لە ئەدەبیاتی کوردی بە شێوازی کرمانجی سەروو بە تایبەتی هۆزان (شیعر) دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك کە لە رۆژانی نێوان نیو سەدەی رابوردوو لە ژیانمدا کەریگەرییان هەبووە لە نزیکبوونەوە لەو شێوازە سەرەکییەی زمانی کوردی کە زیاتر لە بیست و پێنج ملیۆن مرۆڤ پێی دەئاخفتن و پێی دەنڤیسن و سترانی پێ دەچڕن.

لە رۆژێکی زێدە سارد و بەفراویدا و لە زستانی ساڵی ١٩٦٣ پاش کودەتا شوومەکەی ٨ی شوباتی ئەم ساڵە بەرگی پێشمەرگایەتیم لەبەرکرد و لە شارۆچکەی (ماوەت) لەگەڵ (عومەر حەبیب)ی مامم گیرساینەوە ئەو وەکو (سەرۆکی دادگای بەرزی شۆڕش) کە یەکەم دادگای یاسایی بوو لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و منیش وەکو نووسەر (کاتب چبگ) لەم دادگایە دامەزرام.

لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمدا بە فەرمانی (م.س–پ د ك) ئەوسا دادگاکە گوێزرایەوە بۆ گوندی (عیساوی) کە چەند کیلۆمەترێکی کەم لە شارۆچکەی ماوەت دوورە ئاشکراشە کە زستانی ئەم ساڵە (واتە ساڵی ١٩٦٣) یەکێك لە زستانە هەرە تەڕوتوشەکانی ئەو کاتە بوون کە بەفر بە بەرزی (٥٠سم–٦٠سم) چواردەوری عیساوی تەنیبوو، رۆژێك لەم کەشوهەوا دژوارەدا نزیك بە نیوەڕۆ کوڕێکی گەنج خۆیکرد بەو خانووەی کە دەستەی دادگای بەرزی شۆڕشی لێبوو، پاش بەخێرهێنانی خۆی بە مامۆستا (عبدالرقیب یوسف) تەعریف کرد و چەند رۆژێك لامان مایەوە کە بۆ

سەرەتای ناسین و ئاشنایەتیمان و ئەوکاتە بە زاراوەی تێکەڵی کرمانجی سەروو و خواروو (بادینی و سۆرانی) قسەی دەکرد و باسی مێژوو و شوێنەوار و ئەدەبیاتی کوردی بۆ دەکردین لەنێوانیاندا هەمیشە باسی لە گەورەیی ئەحمەدی خانی دەکرد و کە چۆن بەو بەیتە شیعرە نەتەوەییە نایابەی رابەرایەتی هزری نەتەوەیی وەرگرتووە کە دەفەرمێ:

دیسان هەر لە میانی باسکردنی (خانی) چەندین جار ئەو بەیتە شیعرەی ئەوی بۆ دەخوێندمەوە کە منیش ئەزبەرم کرد و تاکو رۆژانی ئەمڕۆش ناوە ناوە لەگەڵ خۆمی دەڵێمەوە کە دەڵێ:

گەر نەزانم رۆژی مەحشەر کو دەبینم دولبەرێ

دیهە چ لێبکەم جەننەتی پێوەربکەم خاگوستەری

دەتوانم بڵێم ئەم ناسین و رێککەوتە سەرەتای ئاشنابوونی بەندەیە لەگەڵ شێوازی کرمانجی سەروو لە زمانی کوردیدا.

هۆکاری دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ پایزی ساڵی ١٩٦٦ و ساڵانی دیکەی بەدواوە کە تێیدا لە زانکۆی بەغدا لە کۆلیژی (ئابووری و زانستە سیاسییەکان) وەرگیرابووم و هەر لە رۆژی یەکەمەوە برای بەڕێزم (عبدالموجود گه) خەڵکی شنگال کە بە عەرەبی بە (سنجار) ناوزەند دەکرێت یەکترمان ناسی و بوینە دۆست و برا و برادەر و لە چوارچێوەی یەکیەتی قوتابیانی کوردستانیش لەگەڵ ئەو دەیان و سەدان قوتابی هەر لە زاخۆ و شنگالەوە تاکو خانەقین و زرباتیە و بەدەر و مەندەلی کۆیکردینەوە بۆ بە ئامرازی ئاشنابوون و لێك حاڵیبوونی زیاتر و باشتر لە نێوان شێوازە جیاجیاکانی زمانی کوردیدا و ئینجا خوێندنەوەی، بە تایبەتیش خوێندنەوەی زمانی کوردی شیعر بەم شێوازە.

لە رۆژە هەرە دژوار و سەختەکانی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بەهۆی ئەو پیلانە ئابڕووبەرەی کە لە رۆژی ١٩٧٥/٣/٦ لە جەزائیری پایتەختی (الجزائر) مۆرکرا. رۆشنبیرانی کورد هەمیشە بەدوای سێبەری وشەیەکی کوردی، چیرۆکێك، شانۆگەرییەك، کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە لێرە و لەوێ کە بۆنی کوردایەتی و بەرەنگاربوونەوەی لێ بهاتایە ئەگەر بە (رمز)یە بوایە دەچوون بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە

و گفتوگۆیان لەسەردەکرد لەم بوارەدا و لە، هاوینی ساڵی ١٩٧٩ بوو برای بەڕێزم (عبدالموجود گە) لە سەردانێکمدا لە کۆیەوە بۆ هەولێر پێی ڕاگەیاندم کە دیوانە شیعرێکی هۆزانڤان (سەبری بۆتانی) دەرچووە بەناوی (شین و شادی) شیعری زۆر ناسك و ئەڤینداری وڵاتی تێدایە. منیش چونکە مامۆستای هۆزانڤان سەبری بۆتانیم لە ڕۆژانی شۆڕشی ئەیلولەوە دەناسی بۆیە هەر زوو (شین و شادی)یەکم کڕی و بە دەیان جار بە شیعرەکاندا دەچوومەوە چونکە هەندێ لە تینوێتیمی دەشکاند بە تایبەتیش ئەو شیعرەی کە بە ناوی (هەر ئەڤینداری جارانم) کە دەبێژێ:

سۆز بیت ئیدی رەش نەپۆشم

فنجانا قەهرێ نەنۆشم

نە ژ خان و نە ژ وانا

ئەز نەکێشم دەرد و ژانا

خوبکەم هافەینێ ژینێ

بدرینم زکێ کینێ

هەر ئەڤینداریێ جارابم

برینا جەرگێ زارابم

ئەزم یارێ گوڵبەهارێ

دیسانێ وەك هەمێ جارێ

کانیکا ئاڤا خەباتی

دیسا بەردەم سەر وێ لاتێ

لە شیعرێکی دیکەشدا مامۆستای هۆزانڤان سەبری بۆتانی کە بەناوی (چاڤەنێرم) لە (شین و شادی) بڵاوکراوەتەوە بە شێوەیەك هیوا بەخشە کە دەتوانم بڵێم کە ئەمە ڕای شەخسی خۆمە کە ئەم هەڵبەستە لە (ریزبەندی ئەو شیعرانەیە کە بە شیعری هیوابەخش دادەنرێ و گەشبینی تەواوی پێوە دیارە) لە ڕۆژگارێکدا کە ڕەشپۆشی باڵی بەسەرتاسەری کوردستان کێشابوو کە تێیدا دەڵێ:

ژ ئەڤینا تە بۆ دلبەر

گهام چۆلا واوەیلایێ

کول و دەردان هلاڤێتم

که لەمپەڕ بۆم لبەر بایێ
دیسان مۆیەك ژتە نادەم
بسەد جۆلێت و لەیلایێ
لپەی تەمە، چاڤ لتەمە
هەتا مابم لە دنیایێ
هەر نویژەنم دڤێ ڕێ دا
خوگر ئەزم بەر بەلایێ
ئەڤە سۆزا من و جانێ
برینا رەش بزاڤ دایێ
ژ وێ دیلانا گەرم و گەش
ئاوازێ ژینێ بەردایێ
چاڤەنێرم ببم زاڤا
کی دبێژی دوشەش نایێ؟

هۆزانڤان (یونان هوزایا) لێرەدا وەکو مرۆڤێکی هەست ناسك باسی لێوە دەکەم نەك وەکو تێکۆشەر و سیاسەتمەدارێکی برایانی نەتەوەی ئاشوری کە سەرەتای ناسینم دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٩٧ کە ئەو کاتە ئەو سەرنووسەری رۆژنامەی ئازیزی (بەهرا) بوو کە بەندەش سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی (١٩٩٣-٢٠٠٠) بووم، هەرهەموومان رۆژنامەنووسانی کوردستان سەرقاڵی دامەزراندنی پڕۆژەیەکی پیشەیی بووین کە ببێتە ماڵی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان سەرەڕای جیاوازی بیروڕا، نەتەوە، ئاین کە یەکێك لەو برا بەڕێزانە کاکە (یونان هوزایا) بوو، لێرەدا کە باس لە کەسایەتی کاك یونان دەکەم هەمیشە ئەم مرۆڤەم وەها دەدیت کە چەند خسڵەتێکی زۆر جوان کاریگەری تێدا دەهاتە بەرچاو، مرۆڤێکی بێدەنگ بەو مانایەی خۆی لە موناقەشاتی بێ ئامانج بەدوور دەگرت و ناوە ناوەش لەناو گێژاوی گفتوگۆیەکانی تایبەت بە دامەزراندنی سەندیکا ئاقڵانە و هێمنانە را و بۆچوونی خۆی دەردەبڕی بێ ئەوەی سیمای دەموچاوی بگۆڕێ، لە هەمان کاتیشدا کە بەندە زۆری پێوە سەرسام بووم، کە بەوپەڕی قەناعەتەوە کوردستانیانە بیری دەکردەوە و لەچوارچێوەی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان دەرنەدەچوو کە بێگومان

بەرژەوەندی برایانی لە رۆڵەکانی نەتەوەی ئاشوری لەو چوارچێوەدا دەدی کە ئەمەشیان لە پێکەوەژیانی رۆژانی لەدایکبوون و گەورەبوون و تەواوکردنی هەرسێ قۆناغی خوێندنی لە زاخۆ دابووە. و ئاشکراشە کە ئەم کەش و هەوا پێکەوە ژیانەی کە لە سەرتاسەری کوردستان پەیڕەو دەکرا دوور لە هەموو بابەتێك کە رەوشی ئەم زەمینە ئارام و لێك تێگەیشتنە تێکبدات و زۆربەی جارانیش لە قۆناغە جیا جیاکانی سەدەی پێشووتر بە زەحمەت دەتوانرا هێڵێك بە نێوانی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان دابنێت و لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولیشدا ئاشکرایە کە برایانی ئاشوری چ رۆڵێکی بەرچاو و گرنگیان هەبوو لە گشت جەمسەرەکانی شۆڕشدا.

یونان هوزایا بە گیانێکی لە خۆبوردنەوە پڕۆژەی گەڵاڵەکردنی یاسا و دامەزراندنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی تەواوکرد و لەگەڵ ئەو (١٩) رۆژنامەنووسەی کە شەرەڤ ئەندامیەتی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای وەرگرتووە، و لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٩٨)یش لە کۆنگرەی دامەزراندنی یەکەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ئەندامی (ئەنجوومەنی سەندیکا) هەڵبژێردرا وەکو نوێنەری رۆژنامەنووسانی برایانی نەتەوەی ئاشوریر کە هیچ کاتێك لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن و سەرجەم کار و چالاکییەکانی سەندیکا دوورەپەرێز نەبووە، بەگیانێکی پیشەیی مامەڵەی لەگەڵ بابەت و کێشەکان دەکرد و پاش تەواوبوونی دەورەی یەکەمی سەندیکاش بەهۆی رەوشت بەرزی و لێهاتووی وەکو ئەندازیار لە کابینەی (   ؟؟ ) حکومەتی هەرێمی کوردستان بە وەزیری پیشەسازی و وزە دەستنیشانکرا، بەڵام دیسان سەرەڕای بەجێهێشتنی سەندیکا وەکو بەرپرسیارەتی پەیوەندیی نێوان کاك یونان و بەندە هەمیشە بە هەمان گوڕ و تینی خۆی ماوەتەوە و دەمێنێ.

لە دوا رۆژی ساڵی ٢٠١٣دا لە یەکێ لە کافتریاکانی هەولێر لە کەشوهەوایەکی زۆر دۆستانەدا کە هێمنی باڵی بەسەر ئەو شوێنەدا کێشابوو ئەم جارە لەگەڵ یونان هوزایای هۆزانڤان بەیەك گەیشتین کە لە نێوانماندا نامیلکە هۆزانەکەی بەناوی (سێ دار و سێ مێڤان)ی خستە بەرچاوم کە ئەویش رۆژانی کۆڕەوەکەی گەلی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی بەبیر هێنامەوە بە یەکێ لەو دیمەنانەی کە لەو رۆژگارەدا روویاندابوو وەکو هەزاران دیمەنە تراژیدییەکانی دیکەی کە بەسەر گەلی کوردستاندا هاتبوو.

دەمێکە دەزانم یونان هوزایای شاعیرە و شاعیرێکی هەست ناسکە، سروشت پەرستە کەشو هەوای زاخۆی دەلال و پێکەوەژیانی برایانەی ئەم دەڤەرە هەوێن و سەرچاوەی شیعرەکانیەتی، سەرەڕای کاریگەریی دەنگ و ئاوازی پڕ لە جۆشی هونەرمەندانی خوالێخۆشبوو (محمد عارف جەزراوی و حسن جەزراوی و عیسی بەرواری و تەحسین تەها) کە بە ئاشکرا رەنگدانەوەی لە هەندێ لە هەڵبەستەکانیدا دەردەکەوێ سەرەڕای رەنگدانەوەی هەندێ لە داستانەکانی گەلی ئاشوری و تێکەڵکردنی لەگەڵ ئەو شوێنەی کە شاعیر لێی لەدایکبووە و بە ئاو و هەوا و ئەو گەورە بووە کە بە ئاشکرا رەنگدانەوەی لەو هەڵبەستە ناسك و پڕ ئەڤینە دەردەکەوێ کە لەژێر ناوێکی پڕ لە خۆشەویستیدا و لەکات و ساتێکی هەستیاردا لەژێر ناوی (زاخۆیا مە)دا لەدایکبووە کە لە سەرەتادا بە سۆزەوە باسی لە زاخۆ و لە هەردوو رووباری (خابور و هیزل) دەکات و پێکەوەیان دەبەستێتەوە و دەبێژێ:

روبارەکا.. خابوورەکا

هیزل ناڤە

ژ عەردێ دمێژن

چەند ئاوازا بەفرا دریژن

وە بو زاخوکێ و پرا دەلال

سەد سلاڤا

ئینجا یەکە بە یەکە ناوی دەشت و شاخ و چیاکانی ئەو دەڤەرە دێنێ و وەکو عاشقێك و بەسۆزێکی عاشقانە دەڕوانێتە دیمەنە دڵڕفێنەکانی چیای جودی بێخێر و کیرا و خەنتیر و گوندە جوانە ئەفسوناوییەکانی (سەنات و ئاڤا گیزی و شەرانش و خیزاخاکی دیرابونی و پەیشا بیرێ) کە هەرهەمووی دەخاتە ئامێزی زاخۆی رەنگین و دەڵێ:

هەمی ب وارن

هەمی ب دارن و کەبکاتیا

زاخویا مە تازە و رەنگین

یێ هەمیا

هۆزانڤان یونان لێرەدا بەوەندەش ناوەستێ کە زاخۆ زاخۆی (یێ هەمیا)یە بەڵکو لەم هەڵبەستەدا کە دەتوانم بڵێم یەکێکە لەو هەڵبەستە سەرکەوتووانەی یۆنانی بە ئینتیما نەتەوەی ئاشوری و بەزمانێکی کوردی (زاخۆ)یامەی کردۆتە سیمفۆنییەك کە بەڕاستی و ئەگەر لێکۆڵەوەرێکی شیعردۆستی کورد تویژینەوەیەکی لەسەر بکات بێ گومان دەیخاتە ریزی ئەو هەڵبەستە جوان و پڕ لە سۆز و واقیعیانەی کە لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆی کوردیدا گوتراوە، چونکە هۆزناڤان تەنها بە باسی جوانی زاخۆ و دەورەوبەری ناوەستێ بەڵکو پەل هاوێژی دەگاتە ناوی گیانی ئاواز و گۆرانییەکانی (غەزال غەزال و کاڤکی و ئای بابکوی محمد عارف جەزراوی عەمی گوزی عیسی بروای و دەنگی پوری تەحسین تەها و ئەز گاڤکم و بیریڤانی حسن جەزراوی) کە هەرهەمووی (سیمفۆنییەکی ئەفسۆناوی) درووست دەکات لەناخی یونان وە هاتۆتە دەر، لە کۆتایی هەمان هەڵبەستیشدا هۆزانڤان یونان ئارەزوو دارە کە ئەو خەڵکەش بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە شایی بگێڕن و دەڵێ:

**گوڤەند بگرن**

**داوەتی ئەو جوتە برایانە بکەن**

**داوەتا مە هەردووبرانە**

کە یەکێکیان (پۆڵۆسە) و ئەوەی دیکەش (یونانە). لێرەدا هۆزانڤان دەیەوێ ئەو جوتە برایەش پۆڵۆس و یۆنان کە دوو قارەمان و خۆڕاگری داستانێکی ساڵانی (١٨٣٠-١٨٤٠)ە، ناوچەی بۆتانە کە تێیدا لە شەڕێکی نالە بەرانبەری (محمد بەگ)ی میری ئەو ناوچەیە نەیتوانیوە بەو هەموو هێز و لەشکرەی کە خاوەنی بووە ئازایەتی و ئیرادەی ئەو دوو برایە (پۆڵۆس و یۆنان) بڕوخێنێ و لە دیمەنێکی کەم وێنەدا شەهادەتی ئازایەتی وەردەگرن، وای لە هۆزانڤان یونان کردووە کە بە سۆزەوە باس لە گرێدانی گۆڤەند دەکات بۆئەوەی ئەو دووبرایەش داوەت بکرێن بۆ کوێ؟!.. بۆ..

| | |
|---|---|
| **زاخوکا مە** | **مە هەمیانە** |
| **یێ بخودانە** | **یێ سەمیانە** |



**هەولێر–عەنکاوە–بارەگای بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری**

**ساڵیادی بیستەمینی رۆژنامەی (بهرا) ٢٠٠١/٦/٢٦**


**فەرهاد عەونی، یونان هۆزایا**



**هەولێر، ١٩٩٨/١٢/٣٠، یەکەمین ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**ریزی پێشەوە لە راستەوە: ئازاد عبدالواحد، حامد محمد علی، ئازا حەسیب، فەرهاد عەونی، ئەبو دڵشاد.**
**ریزی دواوە لە راستەوە: فەهیم عەبدوللا، مومتاز حەیدەری، یونان هۆزایا، محەمەد خدر مولود.**




**هەولێر-عەنکاوە، ٢٠١٥/١٢/٣٠ پرسەی خوالێخۆشبوو یۆنان هۆزایا**



**د. فائق بطي**

**١٩٣٥-٢٠١٦/١/٢٦**

**ژیاننامە:**

- ساڵی ١٩٣٥ لە بەغدا لەدایك بووە.

- بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ڕۆژنامەگەری لە زانکۆی ئەمەریکی لە قاهیرە بەدەستهێناوە و ساڵی ١٩٥٨ پاش شۆڕشی ١٩٥٨/٧/١٤ گەڕاوەتەوە عیراق.

- ساڵی ١٩٥٩ بۆتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (البلاد)، ئەو ڕۆژنامەیەی کاتی خۆی (ڕۆفائیل بطي)ی باوکی لە ساڵی ١٩٢٩ بە هاوکاریی جبران ملکون بۆ یەکەم جار لە بەغدا دەریکردووە.

- یەکێکە لە دامەزرێنەرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عیراق ساڵی ١٩٥٩.

- بڕوانامەی دکتۆرای لە ڕۆژنامەگەری لە زانکۆی مۆسکۆ بەدەستهێناوە.

- ساڵی ١٩٧٩ عیراقی بەجێهێشتووە و لە چەندین وڵاتی ئەورووپا گەڕاوە و پاشان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ماوەتەوە تاکو ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣.

- لە کتێبە بڵاوکراوەکانی:

١. أبی روفائیل بطي-بەغدا ,١٩٥٦

٢. الخیانه الکبری-بەغدا ,١٩٥٩

٣. الصحافة العراقية ميلادها وتطورها-بەغدا ,١٩٦٠

٤. صحافة العراق تاريخها وكفاح أجيالها- بەغدا ,١٩٦٩

٥. صحافة العراق الأحزاب وتاريخ الحركة الوطنية- بەغدا ,١٩٦٩

٦. صحافة تموز وتطور العراق السياسي- بەغدا ,١٩٧٠

٧. اعلام صحافه العراق- بەغدا ,١٩٧١

٨. الموسوعة الصحفية العراقية- بەغدا,١٩٧٦

٩. الصحافة اليسارية في العراق-لندن ,١٩٨٥

١٠. الوجدان-ج١-ديترويت-,٢٠٠١

١١. الوجدان-ج,٢

١٢. ذاكرة وطن-الجزء الثالث من (الوجدان)-منشورات دار المدى-,٢٠٠٨

١٣. روفائيل بطي ذاكرة عراقية-ج١ و ٢-دمشق-دار المدى-,٢٠٠٦

١٤. الموسوعة الصحفية الكوردية في العراق-بيروت-دار المدى-٢٠١١. بەرامبەر ئەم کار و بەرهەمە بەپێزەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆنگرەی سێیەمی گشتی خۆی کە لە رۆژی ٢٠١١/٧/٢١ لە هەولێر لە هۆڵی پێشەوا بەسترا لۆگۆی رێزلێنانی پێ بەخشرا.

١٥. عراقيون فى الوجدان-بيروت-,٢٠١٣

١٦. موسوعة الصحافة السريانية في العراق-أربيل-وزاره الثقافة-٢٠١٣.

- رۆژی ٢٠١٦/١/٢٦ لە لەندەن کۆچی دوایی کرد.

- پاش کۆچی دوایی دەزگای (دار المدى) ساڵی ٢٠١٨ چاپی یەکەمی کتێبی (فائق بطي-من أوراق المعارضة-أصدقاء في المنفى أعداء في الوطن) بڵاوکردەوە.

زۆربەی ئەو زانیارییانە لە پاشکۆی رۆژنامەی (المدى) کە بە زوبانی عەرەبی دەردەچێت لەژێر ناوی (عراقيون) ژمارە (٣٥-٥٩) لە ٢٠١٦/١٢/٢٨ وەرگیراوە.

## بۆ ماڵئاوایی ڕێبەرێکی ڕۆژنامەنووسی عیراقی

بۆ من ئاسان نەبوو لەم کات و ساتەدا (٢٠١٦/١/٢٥) کاتێ هەواڵی کۆچی دوایی (د، فائق بطي)م لەلایەن برا و هاوڕێم ڕۆژنامەنووس (عدنان حسین)ـەوە بە تەلەفۆن پێ ڕاگەیەندرا، کۆچی دوایی کێ؟! کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەداری دێرین (د. فائق بطي)یە کە لەکاتێکدا ئەو و بەندە وا ڕێککەوتبووین کە بە خۆشحاڵییەوە بەتەمای هاتن بوو بۆ کوردستان چونکە وەکو خۆی چەند جارێك پێی دەگوتم (کەوا بە هیوای ئەوەیە تا کۆتایی تەمەنی لە کوردستان بژێت کە لە کانگای دڵییەوە خۆشی دەویست کاتێ شارەزای تەواوی ڕاستیی دۆزی کورد و نیشتمانەکەی ببوو بەتایبەتیش پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ کە کەشوهەوا و بارودۆخێکی سیاسیی تازە لە وڵاتی عیراق هاتبووە ئاراوە بادرودۆخەکە وا گۆڕا کە نهێنی نەما و پەیوەندییەکان بە ئاشکرا لە رووی سیاسییەوە باسی لێوە دەکرا سەرەڕای پەیوەندییە پتە و قووڵەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان، (بۆ ئەم مەبەستەش) خانووێکی لە پڕۆژەی (عادل المتحده) کڕیبوو و هیوای ئەوەی دەخواست کە پڕۆژەکە تەواو ببێت و بگەڕێتەوە کوردستان).

ناسینی بەندە لەگەڵ د. فائق دەگەڕێتەوە بۆ چەند مانگێك دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لەنێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی (بەعس) لەو کاتەی ڕۆژنامەی (التاخی) کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەردەچوو، ئەوکاتە بارەگای ڕۆژنامەکە لە ناوچەی (سنك) لە شەقامی (الرشید) بوو کە تێیدا منیش سەرپەرشتیی لایەنی ڕۆشنبیری مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابییانی کوردستانم دەکرد، بەوپێیەی سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوە بووم و بابەتەکانی

**هەفتانە و هەواڵەکانم بۆ (التاخی) دەبرد، بەڵام مانەوەی ئەو لەو رۆژنامەیە زۆر نەخایاند بەهۆی هۆکار و کارێکی دیکە کە خۆی لە بیرەوەرییەکانی کە بە ناوی (الوجدان) بڵاویکردۆتەوە باسی لێوە دەکات.**

**دەیەیەك پێش ئێستا وابزانم ساڵانی نێوان ٢٠٠٥، ٢٠٠٦ بوو کاتێ هاتە هەولێر بە مەبەستی جێگیر بوون ئەوەبوو لە شارۆچکەی (عەنکاوە) خانوویێکی بە کرێ گرت و تێیدا دەژیا، هەفتەی جارێك یاخود زیاتر سەردانیم دەکرد، و کاتێ زیاتر شارەزای بیر و بۆچوونی یەکتر بووین دۆستایەتییەکەمان توندوتۆڵتر و پتەوتر بوو، هیوا و ئامانجەکانمان و تێگەیشتنمان لە دەردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان یەکی دەخستین و تێڕوانینی هاوبەشمان هەبوو لە بواری رۆژنامەگەری و نووسین، زۆر جار (دەمەتەقێ)یەکانمان سیمای جدییەتی وەردەگرت کاتێ بارودۆخی سیاسی و ئاستی کاری رۆژنامەنووسی گەیشتبووە ئاستێك بەتایبەتیش قۆناغی دوای رووخانی رژێمی بەعسی پێشوو کە سیمای ناشرین و هەڵچوون و توندڕەوی پێوە دیاربوو، لە هەمان کاتیشدا زۆربەی کتێبەکانی کە پێیدابووم دەمخوێندەوە چ مێژووی رۆژنامەگەریی عیراقی بە هەردوو بەشی (ئاشکرا و نهێنی) بە هەموو ناوونیشانەکانی، کە سوودێکی باش و چێژم لێ وەردەگرت، لە یەکێ لە ئێوارەکانی بەهاری ئەو رۆژە کە پێکەوە لە هۆڵی ناوەوەی ماڵەکەی دانیشتبووین باس هاتە سەر باسی (مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی) و سونبولە نەمرە دێرینەکانی، کاتێ پرسیاری دەربارەی ئەرشیفی رۆژنامەگەریی کوردی و کاتی دەرچوونی رۆژنامەکوردییەکان و سەرنووسەرەکانی لێکردم، من بە تاسەوە پێم راگەیاند کەوا تاکو ئێستاکە (مەوسوعەی رۆژنامەگەریی کوردی نەنووسراوەتەوە) جگە لەو کتێبانەی خوالێخۆشبوو (جەبار جەباری) و (رێنیشاندەرەکەی رۆژنامەگەریی کوردی)ی رۆژنامەنووس (جەمال خەزنەدار) نەبێت کە ئەوانیش بابەتەکانیان سەرەڕای ئەرك و ماندوو بوونی ئەو دوو بەرێزە مافی تەواوی وەرنەگرتووە، کاتێ گوێی لە قسەکانم بوو هەندێ داما، ئەوجا پرسیاری لێکردم (دەتوانی یارمەتیدەرم بیت بە پێدانی ئەو کتێب و زانیارییە هەڵگیراوەکان دەربارەی رۆژنامەگەریی کوردی لەگەڵ دەستنیشانکردنی ناوی چەند نووسەر و رۆژنامەنووسێك لەو سەردەمە دا بۆئەوەی پەیوەندییان پێوە بکەم بە مەبەستی سوود**

وەرگرتن لە زانیارییەکانیان، لە کتێبخانەکانیان، لەبەر ئەوەی من لەم ساتەوە بڕیارم دا (مەوسوعەیەك دەربارەی رۆژنامەگەریی کوردی ئامادە بکەم و چاپی بکەم).

کاتێ گوێم لەو بڕیار و پڕۆژە بەنرخە بوو یەکسەر هەڵسام و ماچم کرد و پاشان پیرۆزبایی خۆم پێ راگەیاند ئەوجا موژدەی ئەوەم دایێ کە خۆم و کتێبخانە و ئەرشیفم لە خزمەتی ئەو پڕۆژە بەنرخەی ئەو دەبێت.

رۆژانی پاشتر هەموو ئەو کتێب و نووسراو و رۆژنامانەی کە لە کتێبخانەکەم دا هەبوون (دەربارەی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی) بۆم برد لەگەڵ ناوی ئەو رۆژنامەنووس و نووسەرانەی کە شارەزاییان لەم بوارەدا هەبوو و کاریان تێدا کربوو، ئەوجا زیاتر چوونم بۆ لای ئەو زیاتر بوو هەندێ جار لە ماڵەکەی خۆی و هەندێ جاریش لە یەکێ لە کافتریاکان هەمیشە لە پارچە کاغەزێك دا لە کاتی ئامادەکردنی پڕۆژەکەی تۆماری کردبوو پرسیاری ناوێك یاخود رۆژنامەیەك یاخود رۆژنامەنووسێکی لێدەکردم، لە هەمان کاتیشدا پەیوەندیی بە چەندان نووسەر و رۆژنامەنووس دەکرد بۆئەوەی سوود لە زانیارییەکانیان وەرگرێت، وەك ئاگاداربووم ئەوەی رووی لێ نابا بە خۆشحاڵییەوە بە دەنگییەوە دەهاتن زانیاریان پێدەدا و کاری وەرگێڕانیان لە کوردییەوە بۆ عەرەبی دەکرد تاکو (موسوعه الصحافه الكورديه) بە زمانی عەرەبی دەرچوو، بە دەرچوونی ئەم کارە گەورەیە شایەنی رێزگرتنی وەرگرت لە لایەن ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە کە بە تێکڕای دەنگ پەسەندکرا، ئەوەبوو لە یادی رۆژنامەگەریی کوردی کە خۆی لە دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی (کردستان) لەلایەن (میقداد بەدرخان) و ماڵباتی بەدرخانیان لە ١٨٩٨/٤/٢٢ کە لە شاری قاهیرە دەرچوو کە رێککەوتی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی بوو رێزی لێ گیرا و ستایشی بەرزی لێکرا و بڕوانامەی رێزلێنانەکەی پێ بەخشرا چونکە نەك هەر ئەوکاتە رێزی لێ گیرا و تەواو، بەڵکو ئەم شاکارەی شایانی ستایش و رێز گرتنی هەتاهەتایە و هۆکاری بەزیندوو راگرتنیەتی کە بە پیتی زێڕ دەنووسرێ لە (دیرۆکی رۆژنامەگەریی کوردی) ناوی (د. فائق بطي)ش لە یادەوەرییەکانی گەلی کورد و ئێمەی خێزانی نووسەر و رۆژنامەنووسانی کوردستان دەمێنێتەوە.

**ئەم وتارە بە زمانی عەرەبی لە رۆژنامەی (المدى) بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.**




**هەولێر-هۆڵی پێشەوا، ٢٠١١/٧/٢١،**

**ڕێزلێنانی د. فائق بطي لە لایەن نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

**لە ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەی سێیەمی گشتیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**




**سوپاسگوزاریی د. فائق بطي بۆ ئەو ڕێزلێنانەی کە لێینراوە**




**ئینسکلۆپیدیای رۆژنامەگەریی کوردی لە ئامادەکردنی د. فائق بطي**



**عەزیز محەمەد**

**٢٠١٧/٥/٣١-١٩٢٤**

**ژیاننامە:**

**- عەزیز محەمەد ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی (بێرکۆت)ی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایکبووە، و باوکی ناوی محەمەد عەبدوللایە، جووتیارێکی دەوروپشتی هەولێر بووە و دایکیشی ناوی سەوسەن محەمەد بووە، کە لە ناوچەی وان-باش قلعە لە باکووری کوردسانەوە هاتووە.**

**- لە مزگەوتی (أبو بکر الصدیق) قورئانی خوێندووە و پاشان لە گوندەکانی (پیرزین، شاوێس، بەحرکە) دەرسی (فیقە)ی خوێندووە.**

**- پاش هاتنیان بۆ هەولێر لەگەڵ دایکی نێردراوەتەوە قوتابخانە و لەبەر پاشخانی خوێندنی قورئان و فقە یەکسەر لە پۆلی ٣ی سەرەتایی دانراوە و پاش ٣ ساڵی خوێندن قوۆناغی سەرەتایی بڕیوە و ماوەیەك بێ کار ماوەتەوە و پاشان بە هاوکاریی هەندێ لە برادەرەکانی کە لە فەرمانگەی (التموین) دامەزراوە و ماوەی ٣ ساڵ کاری تێدا کردووە.**

**- لە سەرەتای ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٤١ چووەتە ریزی حزبی (هیوا) پاش ئەوەی لە چەپخوازانی (هیوا)وە خۆشەویستیی بۆ بیری چەپ چەکەرەی کردووە و چووەتە ریزی حزبی (شۆڕش)ی چەپخواز کە تێیدا ئاشنایەتیی لەگەڵ بیری (مارکسی) پەیداکردووە، لە هەمان کاتیشدا بۆتە ئەندام لە حزبی (الشعب) کە رۆژنامەیەکی دەردەکرد بەناوی بڵێسە (الشرارە) کە خۆی بە رۆژنامەیەکی مارکسی نیشان دەدا.**

**- لە زستانی نێوان ساڵی (١٩٤٥-١٩٤٦) چۆتە ریزی حزبی شیوعیی عیراقی و لەپاش راپەڕینی (وثبة)ی ساڵی ١٩٤٨ چلونایەتی لە ژیانی سیاسیی دا روویداوە و**

حزبایەتیی کردۆتە پیشە بە مەبەستی خزمەتی بەرنامەی حزب کە داکۆکیی لە چینی کرێکار و جووتیار و هەژاران دەکات.
- پاش ئەو نسکۆیەی کە سەرکردایەتیی حزبی شیوعی تووشی هات لەسەر داوای حزب گواسترایەوە بۆ بەغدا، پاش ئەوەی سەرکردایەتیی حزبی شیوعی کە بریتی بوون لە (فهد، حازم، صارم) کە کەوتبوونە بەندینخانە پاشان لەسێدارە دران.
- لە ١٩٤٨/١٠/١٢ لەگەڵ کۆمەڵێك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەو ماڵەی کە بۆ کاری حزبی تەرخانکرابوو لە لایەن دەزگا پۆلیسییەکانی رژێمی پاشایەتی دەستگیر دەکرێن.
- لە ١٩٤٩/٢/١٢ لە ئەنجوومەنی (عورف) سەربازی بە ١٥ ساڵ زیندانی حوکم درا و بردرایە حەپسخانەی بەدناوی (نوگرە سەلمان) و ساڵی ١٩٥٤ گوێزرایەوە بۆ حەپسخانەی شاری کوت و پاشان بۆ حەپسخانەی بەعقوبە بردرا تاکو رووداوی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ لە حەپسخانە مایەوە لە مانگی ئابی ئەم ساڵە لەگەڵ زیندانیانی سیاسی ئازادکرا.
- لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٥٨ لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی و کادیرانی پێشکەوتوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامی لقی کوردستانی حزبی شیوعیی عیراق دەستنیشان کرا، پاشان لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٠ بە لێپرسراوی لقی کوردستان هەڵبژێردرا.
- لە کۆبوونەوەی مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٤ کە لە (براگ)ی پایتەختی چکوسلۆڤاکیا بەسترا (عەزیز محەمەد) بە سکرتێری حزبی شیوعی هەڵبژێردرا کە تاکو رۆژی ١٩٩٣/١١/٢٥ بەردەوام بوو و لە کۆنگرەی پێنجەمی حزبی شیوعی کە لەنێوان رۆژی ١٢-١٩٩٣/١١/٢٥ لە شەقلاوە ئەنجامدرا خۆی هەڵنەبژاردەوە لەوکاتەوە تاکو رۆژانی کۆچی دوایی وەکو کەسایەتییەکی چەپخواز لە کوردستانی رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەو رووداوانەی کە لە هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە بینی.
- رۆژی ٢٠١٧/٥/٣١ لە هەولێر کۆچی دوایی کرد.

**ئەم زانیارییانە لە تۆڕی ئینتەرنێت و ئەو بابەتانەی کە پاش کۆچی دوایی لە ئەدەبیاتی حزبی شیوعیی عراق و حزبی شیوعیی کوردستان بڵاوکراوەتەوە وەرگیراوە.**

\

## مامۆستا (عەزیز محەمەد)م کەی و چۆن ناسی؟!

بارودۆخی رۆژانی پاش کودەتا شوومەکەی (٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣) سەراپای گەلانی عیراقی خستە بارودۆخێکی شڵەژاوی ئەوتۆ کە پێشووتر بە سەریدا تێپەڕ نەببوو، لە لایەك (کوشت و بڕ) (قتل العام)ی لە لایەن دەسەڵاتی کودەتاچییەکان، کە خۆی لە بەعسییەکان و هاوپەیمانە کۆنە پەرست و قەومەچییە عەرەبییەکانی هاوپەیمانانی ئەم حزبە ئینقلابچییە، کە هەر لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ کەوتنە دژی رێڕەوی دیموکراتیانەی شۆڕش، لە سەرەتادا خۆی لە سیاسەتێکی پێشکەوتووخوازانە نیشان دەدا و کۆمەڵێك لە دیموکراتخوازانی عیراق وەکو خوالێخۆشبووان (إبراهیم کبە، حسین جمیل، محمد سلمان حسن... هتد) کەوتنە خۆی و دەستووری کاتیی عیراقی کۆمارییان نووسی و تێیدا لە بەندی سێیەمی ئەم دەستوورەدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی دەوڵەتی عیراقی کە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردووە درووست ببوو باسی لە هاوبەشیی هەردوو گەلی کورد و عەرەب دەکات لە نیشتمانی عیراقدا، سەرەڕای دەیان دەستکەوتی سیاسی و ئابووری، لەو ماوەیەدا زۆربەی هەرە زۆری لایەنە سیاسییەکانی عیراق پشتیوانیی حکومەتی شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژیان دەکرد و عبدالکریم قاسمی سەرکردەش وەکو پاڵەوانێکی ئەفسوناوی دەهاتە بەرچاو، کە لە راستیدا لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەو سەردەمەی وڵاتانی رۆژئاوا بە تایبەتی (ئەمەریکا و بەریتانیا) نەدەگونجا و لە

ناوەوەش هەندێ لایەنی سیاسی کە خۆی لە (حزبی بەعس و قەومییە عەرەبییەکان) دەدیتەوە، کەوتنە درووستکردنی ئاستەنگ و پلان گێڕان، لە ئاکامدا سیاسەتی حکومەتی شۆڕشی چواردەی تەمموز لە ساڵانی دوای دوو ساڵ بەرە بەرە دوور دەکەوتەوە چ لە لایەنە چەپ و دیموکراتخوازەکانی عیراق، چ لەگەڵ گەلی کوردیش، بە تێکەڵ لەگەڵ هەڵەی هەمەجۆری سەرجەم ئەو لایەنانە بە هاوکاری ڕوودانی تەنگ و چەڵەمەیەکی سیاسی ئەوتۆ کە ئاکامەکەی سەرکەوتنی ئەم پیلان و پلانە ڕەش و خوێناوییە بوو لە (٨)ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣دا، عیراق و گەلانی عیراقی بەرەو دۆزەخی نا ئارامی و ڕەشە کوژی ئەوتۆی کرد کە هەتا ڕۆژانی ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت جەریانی ڕووداوی شەڕی خوێناوی هەیە، کە پێم وایە حزبی بەعس و هەندێ لە لایەنە نەتەوە پەرستەکانی عەرەبی عیراق لێپرسراویەتیی ئەم کارەساتانە دەگرنە ئەستۆ.

دەگەڕێمەوە بۆ ڕۆژانی پاش کودەتای (٨)ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ کە لە (کۆیە) دەگوزەرا، هەر لە یەکەم ساتەوە (پێشمەرگەی کوردستان) هاتنە شار و کۆنترۆڵیان کرد و لە ماوەی ئەم سێ چوار مانگەی بە دوایدا هات ڕووداوی جۆراوجۆری لێکەوتەوە، ئەویش خۆی لە بەستنی کۆنگرەیەکی فراوان لە ناوەندی مانگی ئاداری ئەم ساڵەی بەخۆیەوە بینی، تێیدا بە ئامادەبوونی سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە سەرۆکایەتیی بارزانی نەمر فراوانترین کۆنگرەی (حزبی و میللی) بەستراو کە وەکو کەرنەڤاڵێکی نەتەوەیی دەهاتە بەرچاو بە مەبەستی دانانی نەخشە ڕێگایەك بۆ وتوێژ لەگەڵ حکومەتی کودەتاچییەکانی بەغدا ئەویش خۆی لە دەستنیشان کردنی شاندێك بە سەرۆکایەتیی (مام جەلال تاڵەبانی) و گرتنەبەری ڕێگا بەرەو بەغدا کە ئاکامەکەی بە زیندانکردنی ئەندامانی ئەم شاندە (تەنها مام جەلال نەبێت، کە ئەویش ئەو کاتە لە دەرەوەی عیراق بوو) کۆتایی هات، بە مەبەستی وتووێژی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لەگەڵ بەغدا بوون، ئاکامەکەش لێدانی زەنگی ئەو شەڕە شوومە بوو لە (١٣)ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لێدرا بە مەبەستی قڕکردنی کورد و سوتاندنی وشك و تەڕی کوردستان.

(عەونی)ی باوکم پاش کودەتاکە بە چەند هەفتەیەك لە حەپسخانەی (نوگرە سەلمان) ئازاد کرابوو کە لە سەرەتادا حکومەتی کودەتا بۆ ڕازی کردنی

سەرکردایەتیی شۆڕش و کوردستان بە چەند هەنگاوێکی بچووك نیاز پاکیی خۆی نیشان دا، لە پێشەوەشیان ئازادکردنی سەدان زیندانی کورد بوو، کە لە بنەڕەتیشدا مەبەستی سەرەکییان بێدەنگیی کورد بوو بەرامبەر ئەو قەسابخانەیەی کە سەراپای عیراقی گرتبۆوە، بەڵام کاتێ کات و ساتی خۆی هات سوپای دڕندەی عیراقیان بەرەو کوردستان هات و خستیانە وێزەی گەلی کوردیش.

هەفتەیەك پێش ڕاگەیاندنی شەڕی شوومی حکومەتی کودەتاچییەکان، خێزانی ئێمە، کۆیەمان بەجێهێشت و بەرەو قەڵادزێ ئازاد بەڕێکەوتین، چونکە خوالێخۆشبوو (عەونی)ی باوك وەکو خۆی دەیگێڕایەوە (پانۆرامای زوڵم و ستەمی خوێناویی بێ ئەندازە)ی بەعسییەکان دیبوو، کە لەگەڵ ئەندامانی حزبی شیوعی عیراقی و چەپ خوازەکانیان کردبوو لە نوگرە سەلمان، تەنانەت باسی شەهید (مەهدی حەمید) و دەیان تێکۆشەری شیوعی دەکرد کە (حەرەس قەومییەکانی) بێ ویژدان و بێ ڕەوشت کاتێ ئەو تێکۆشەرانەیان بەرەو تراجیدیای مەرگ پەلکێش دەکرد کە بە بێ ئەندازە دڵ ڕەق و فاشست بوون، بۆیە لە سەرەتاوە بڕیاری دابوو کە دەبێت هەمیشە (١٠٠ کیلۆمەتر) لە بەعس دوور بێت.

لە ڕۆژانی هەفتەی یەکەمی چوونمان بۆ قەڵادزێی ڕەنگین لەگەڵ برایان کاکە مارف و کاکە سەمەدی برای کە کوڕانی خوالێخۆشبوو (حەمە شینی کۆیین) یەکمان گرتووە و ئەو چەند ڕۆژەی لە قەڵادزێ ماینەوە پێش چوونمان بۆ گوندی هەڵشۆی دڵڕفێن ئێواران لەناو چیمەنە پان و بەرینەکەیماڵی خوالێخۆشبوو (حوسێنی حاجی مەحمود)ی پیاوە خانەدانەکە و داڵدەری چەندین تێکۆشەری وەکو (ئەندازیار عەدنان ئەسوەد و کچە شانۆکاری ناسراوی عیراقی فخریە عبدالکریم (زەینەب) و شاعیری ناسراوی تورکمانی شیوعی عەبدوللەتیف بەندر ئۆغلو و ئەفسەری عەرەبی مەهدی خەفاجی و ئەلبیر خوری کریستیان کە بە ڕەچەڵەك خەڵکی موسڵە و کەمال غەمبار و چەندانی دیکە) کە بە داخەوە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە، هەندێکیان ماڵەکەی حوسێنی حاجی مەحمودیان کردبووە خانەخوێی هەمیشەیی و ئەوانی دیکەش (بەڕو لاکێشەکانی) ناو ئەم چیمەنە سەوزە ببووە (هاید پارك)ی ئێوارانی ئەم کۆمەڵە خەڵکە کە تا درەنگانێکی شەو سەقاڵی قسە و گلەیی و گوێڕاگرتنی هەواڵی رادیۆ بوون، کە

**دەربارەی بارودۆخی ئەم رۆژگارە کە سەراپای ژیانی خەڵکی عیراق و کوردستانی داگیر کردبوو.**

**سەر لە ئێوارەیەکی رۆژێکی گەرم چ بە کەشوهەوا چ بە بارودۆخی سیاسی وەکو لە پێشەوە باسم لێوە کردووە، ئەم کۆمەڵە خەڵکە چیمەنە فراوانەکەی ماڵی (کاکە حوسێن) کۆی کردبوویننەوە (دەبێ ئەوەش بڵێم خوالێخۆشبوو حوسێنی حاجی مەحمود مێردی خوشکی برایان (کاک صمد و کاک مارف) بوو، کاتێ پیاوێکی کەڵەگەتی سوور و سپی دەم بە پێکەنینەوە لەگەڵ کاک حوسێن بە ژوور کەوت و کەوتە تەوقە کردن لەگەڵ دانیشتووانی ناو چیمەنەکە، هەر زوو کاک مارف بەرەو پیری چوو و گوتی (کاک عەزیز فەرموو مەجلیسەکەمان بەڕاستی تۆی نوقسان بوو، یاخوا بەخێر بێی) کاک عەزیزیش کە من یەکەم جاربوو دەیبینم، پاشان کاک مارف باسی لێوە کرد بە رانکو چۆغەلێکی خورمایی و لێهاتوو لە تەکمان دانیشت و پاش بەخێرهێنان و چاك و چۆنی، مەجلیسەکە گەرم بوو و دانیشتووانیش بە رێزەوە کەوتنە پرسیار و شیکردنەوەی بارودۆخەکە.**

**مامۆستا عەزیز محەمەدیش پێشووتر تەنها ناویم بیستبوو، وەکو یەکێ لە سەرکردەکانی حزبی شیوعی عیراقی، زۆر لەسەرخۆ قسەی دەکرد و راستەوخۆش دەچووە ناو وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لێی دەکرا، کاریگەرییەتیی تەواوی بەسەر ئامادەبوواندا دیار بوو، چونکە ئەو کاتە هیچ ئامرازێکی ئەوتۆی دیکە نەبوو وەکو رۆژنامە و تەلەفزیۆن و رادیۆ، تەنها ئەوەی لە مەیدان بوو (نیو کاتژمێرەکەی رادیۆی پەیکی ئێران بوو)، کە ئەوکاتە لە یەکێ لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا سۆسیالیستی پەخش دەکرا و ئەو نیو کاتژمێرەش لە پاش کودەتا خوێناوییەکەی (٨)ی شوباتەوە بۆ عیراق تەرخان کرابوو، تێیدا دەنگوباسەکانی ناو عیراقی بڵاودەکردەوە و لە سەرەتاشدا (یانی لە گەرمەی وتوێژی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول و حکومەتی کودەتای بەعسییەکان) ئەم رادیۆیە رۆژانە بە وتارەکانی بەرەنگاری ئەم وتوێژە دەبۆوە و رووی لە سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان دەکرد (کە بە هیچ شێوەیەك بڕوا بە جەلادەکانی کودەتا نەکەن، چونکە پاش قڕ کردنی دەنگی ئازادیخوازانی عیراق ئەو کاتە دێنەوە وێزەی گەلی کوردیش)، هەر واش دەرچوو.**

ماموستا عەزیز محەمەد لەو دانیشتنەی ئەو رۆژە و رۆژەکانی دیکە، بە دوور و درێژی باسی رووداني ئەو کودەتايەی دەکرد و سەرەڕای شیکردنەوەی هۆکار و دەرەنجامەکانی، بەتایبەتیش ئەو کات وەکو دەیگێڕایەوە ئەو (یانی ماموستا عەزیز محەمەد) لە کەرکووك رۆڵی لێپرسراوێتی هەبووە و کەرکووکیش وەکو بارۆمەتری بارەدۆخە سیاسییەکەی عیراق بوو کە تێیدا پەیوەندیی هێزە سیاسییەکان و رۆڵی کۆمپانییەکانی نەوت لە کەرکووك، کە زۆر بە نەرێنی باسی دەکرد و هۆکاری باری گرژی بوون وەکو بۆمبێکی تەوقیت کراو وابوو، کە پاشان لە ساڵیادی یەکەمی شۆڕشی ١٤ی تەمموز تەقییەوە و ئەوەش بوو بە سەرەتای گێڕ گۆڕانی عبدالكريم قاسم و ئەوەی لە بیرەوەریمدا ماوە (بەندە) دەربارەی ئەو بارودۆخە ئەوەبوو ئەوان وەکو ماموستا عەزیز محەمەد دەیگوت (وەکو پێویست عبدالکریم قاسمیان نەخوێندبۆوە، سەرەڕای ئەو داکۆکییەی لە هەندێ لایەنی ئەرێنیی سیاسەتی عبدالکریم قاسمیان دەکرد، بەڵام عبدالکریم قاسم بڕیاری کۆتایی خۆی دابوو، بەڵام دیسان وەکو دەیگوت "حزبی شیوعی قەناعەتی نەبوو کە عبدالکریم قاسم تا سەر بەردەوام بێت لەو سیاسەتەی کە نەخزمەتی خۆی و نە خزمەتی ئێمەی دەکرد").

ماموستا عەزیز محەمەد زۆر بە ئاشکرا رۆڵی (مەلا مستەفای بارزانی) بە بەرز دەنرخاند و چەند جارێك ئەوەی دووپات کردەوە (سەرەڕای بارودۆخە هەستیارەکەی شۆڕشی کوردستان و ئەو فشارانەی کە لەم هەلومەرجەدا چ لەناو حزبەکەی و چ لە دەرەوەی حزبەکەی رۆڵیان لە ئاراستەی شۆڕشەکە هەبوو، بەڵام ئەو هەر لە سەرەتاوە "رۆڵی زێدە جوامێرانەی هەبوو" کە نابێت لەبیر بکرێت بەرامبەر بە پاراستنی شیوعییەکان لەو بارودۆخە هەستیار و رقاوییەی کە خوێن بەرچاوی کودەتاچییەکانی گرتبوو).

لە سەروبەندی دوا قۆناغەکانی وتووێژی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان و حکومەتی بەعس بۆ جاری دووەم لە ١٧ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٨، جلوەی فەرمانڕەوایی کەوتەوە دەست کە بە رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کۆتایی هات، ئەوەی لەبیرمە هەمان ئێوارە یاخود بۆ ئێوارەی رۆژی دوایی بوو، کاتێ لەگەڵ هاوڕێم خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو، بەرەو هوتێلی بەغدا دەچووین، کە تێیدا شاندی سەرکردایەتیی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ماوەی چەند

هەفتەیەك لەو ئوتێلە نیشتەجێ بوون، لەو كات و ساتەدا مامۆستا عەزیزمان بەدی كرد، و باسی لەوە كرد كە ئەوانیش (یانی حزبی شیوعی عیراقی) بروسكەی پیرۆزباییان بۆ هەردوو لایەنی رێككەوتننامەكە ناردووە و هیوادارن ببێتە سەرەتای سەركەوتنی ئیرادەی خێر و ژیانی دیموكراتییەت لە عیراقدا).

دوور و نزیك لە ساڵانی رابردوودا گوێبیستی هەواڵ و چالاكییە سیاسییەكانی مامۆستا عەزیز محەمەد بووم، وە هەمیشە جێگایەكی تایبەتیی لە بیرەوەرییەكانمدا هەبووە، بۆیە كاتێك لە پایزی ساڵی ١٩٩٣ شەرەفی سەرنووسەریی رۆژنامەی (برایەتی)م پێدرا و لەگەڵ هەندێ لە برایانی دەستەی نووسەرانی (برایەتی) بیرمان لە پرۆژەی هەمەجۆر دەكردەوە، بۆیە هەر زوو لەگەڵ برای رۆژنامەنووس و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم رۆژنامەیە كاك سەرۆ قادر، دیدارێك و دیمانەیەكی رۆژنامەنووسیمان بە دوو قۆڵی لەگەڵ مامۆستا عەزیز محەمەد ئەنجام دا، پاشان بە سێ ئەڵقە لە برایەتی بڵاومانكردەوە، ئەمەشیان سەرەتای دووبارە بوونەوەی ئەو دۆستایەتی و خۆشەویستییە كە لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣ لە قەڵادزێ چەكەرەی كردبوو، هەر جارێكیش بۆ ئەو بەرێزە (مامۆستا عەزیز محەمەد) و بۆ ئێمە رێككەوتبێ ئەو سەردانمان كردووە، بە تایبەتیش لەگەڵ برایان زیرەك كەمال و كاكە مارف حەمەشین، كە هەر ساڵێك لە ئەڵمانیا بە سەردان دێتەوە كوردستان ئەوا لە بەرنامەی دایە لەگەل بەندە بە دیداری ئەم مامۆستا پایە بڵند و تێكۆشەرە دێرینە شاد ببین و بۆ چەند كاژێرێك گوێ لە بیرەوەرییە سیاسییەكانی رۆژگاری رابردوو لەسەر رۆشنایی گۆڕانكارییەكانی ئەو سەردەمەی ئێستا بگرین كە وەك خۆی دەڵێ (دەبێت پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەوتۆ بۆ رووداو و كەسایەتییەكان بكرێت كە پێشووتر لەبەر تەوژمی بۆچوونەكانی پێشوو كە كەم دیدەیی (قصر النظر)ی پێوە دیارە، ئەمەشیان تەنها لایەنێكی سیاسی ناگرێتە خۆ، بەڵكو سەرجەم لایەنە سیاسییەكانی سەر گۆڕەپانی كوردستان و عیراق دەگرێتەوە)، ئەمەشیان راستییەكی حاشا هەڵنەگرە ئەو مامۆستایە و سیاسەتمەداری دێرینە، بە هەڵسەنگاندێكی واقعبینانەی راست و درووست بۆ رووداو و كەسایەتییەكان دەكات، كە بێ گومان ئەو

دەرسەمان فێر دەکات کە (ئایدەلۆجیا هەندێ جار هەڵسەنگاندنەکان بەرەو خوێندنەوەیەکی تەومژاوی دەبات!).

قسە زۆرە، دەمەوێت زیاتر لەسەر ڕێڕەوی ئەو مامۆستا راستگۆیە بدوێم کە بەلای من (هاتنەخوارەوەی لە عەرش لێپرسراویەتی بە بڕیاری خودی خۆی پاش ئەو قەناعەتە ویژدانی و سیاسییەی لە ڕێڕەوی کاروانی خەباتدا بۆ درووست بووە، ئەویش بریتییە لەوەی مرۆڤ تەنها بەوە گەورەتر دەبێت و هەرگیزاو هەرگیزیش تووشی لەبیرچوونەوە نایەت، کاتێ بە قەناعەتەوە لە لوتکەوە دێتەوە ریزی ئەو خەڵك و توێژانەی لە سەرەتای ژیان و خەباتی سیاسیدا لە ریزی ئەوانەوە هەنگاوی یەکەمی هەڵهێناوە و لە پێناوی ئەویشدا کاروانی خەباتی پڕ لە ئاستەنگ و دەردەسەری و رۆژانی زێدە دژواری پڕ لە مەینەتی بڕیوە و کاتێ گەیشتۆتە لوتکەش هزر و هۆشی لای ئەوانە بووە کە بە سەربڵندی و بە هەمان ویژدانی زیندوو لەگەڵیان ژیان بەسەردەبات، کە لە مێژوودا هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە (لە نێوانی ئەو گۆڕەپانە پان و بەرینەدا لە سەردەمی ئەو رۆژگارەدا تەنها (نیلسۆن ماندێلا)ی ئەفریقا و عەزیز محەمەی کوردستان و عیراق دەبینم).

لێرەدا باسی گەورەییەکی دیکەی ئەم کەڵە پیاوە دەکەم، کە لەو تەمەنە و لەو رۆژگارەی کە خوێندنەوە (کتێب، گۆڤار، رۆژنامە) بووەتە شتی دەگمەن، بەتایبەتیش دیاردەی نەخوێندنەوەی کتێیب، بەڵام کاتێ کتێبەکانی خۆم کە بریتی بوون لە (ذاکرة الأيام، من حقيبتي، ئەزموونی رۆژنامەگەریم) بە دیاری بۆ ئەم مامۆستا پایە بەرز و زێدە خوێندەوارە برد بە سوپاسەوە قەبوڵی کرد و پاش کەمتر لە دوو مانگ تەلەفۆنێکی بۆکردم و قسە شیرینەکانی و هەڵسەنگاندەکەی بۆمن کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە و میدالیایەکی زێڕین بوو، کاتێ لەنێوان قسەکانیدا گوتی "کاکە فەرهاد، دەستخۆشیت لێ دەکەم بۆ ئەو دیقەتە و ئەو راستگۆییەی لەناو دیدی کتێبەکانتدا دیومە، ئافەرین، جارێکی دیکە دەستخۆشیت لێ دەکەم هەر بژیت"



**هەولێر–ماڵی مامۆستای خوالێخۆشبوو عبدالصمد حمد أمین، پایزی ساڵی ١٩٩٩**

**مامۆستا عەزیز محەمەد، فەرهاد عەونی**



**فالح عەبدولجەبار**

**١٩٤٦-٢٠١٨/٢/٢٦**

**ژیاننامە:**

- ناوی فالح عبدالجبار محمود النعيمی.
- ساڵی ١٩٤٦ لە بەغدا لە گەڕەکی باب الشيخ لەدایك بووە.
- سەرەتای خوێندنی لە حوجرەکانی مزگەوت دەستپێکردووە کە ئەمیشیان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر زوبانی داڕشتنی لە عەرەبیدا هەبووە.
- هەرسێ قۆناغی خوێندنی لە بەغدا تەواوکردووە و دواناوەندیشی لە لە قوتابخانەی (الشرقيه) بووە، و پاشان لە زانکۆی (المستنصريه لە بەشی کۆمەڵناسی) وەرگیراوە.
- لەنێوان ساڵانی کارکردنی لە حزبی شیوعی لە رۆژنامەی (طريق الشعب) کاری کردووە تاکو عیراقی بەجێهێشتووە.
- ساڵی ١٩٧٨ عیراقی بەجێهێشت پاش ئەوەی حزبی بەعس شاڵاوی دژی ئەندامان و لایەنگرانی حزبی شیوعی عیراقی گرتە بەر لە چەندین رۆژنامەی چەپدا لە سووریا ولبنان کاری کردووە، پاشان بەڕێوەبەرایەتیی سەنتەری لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی بۆ توێژنەوەی کۆمەڵاتی لە جیهانی عەرەبی لە نیقۆسیا و بەیروت لەنێوان ساڵانی ١٩٨٣-١٩٩٠ کردووە وەکو پسپۆڕێك لە توێژینەوەی بیری سیاسی و کۆمەڵاتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوجا بەرەو لەندەنی پایتەختی بەریتانیا چووە و کە تێیدا خۆی تەرخانکرد بۆ کاری توێژینەوە و ئەکادیمی کە لە ئاکامدا بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی کۆمەڵایەتی لە کۆلیژی (بيرکيك) لە زانکۆی (لەندەن) وەرگرت.

– لێپرسراوێتی و ئەرکەکانی:

١. بەڕێوەبەری پەیمانگای توێژینەوەی ستراتیژی لە بەیروت.

٢. زمیل زائر لە بەشی زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کۆلیژی (بیرکیك–زانکۆی لەندەن).

٣. هاوڕێ (زمیل) و لێکۆڵەوەر لە زانکۆی (ئیکستەر).

٤. هاوڕێ (زمیل) پەیمانگای ئاشتی لە (واشنتۆن).

– نووسینەکانی زیاتر بایەخ بە ئاین و دەوڵەت، بینای نەتەوە لە عیراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕات دەدەن.

– لەپاش خۆی (٢٠) کتێبی پەیوەندیدار بە کۆمەڵناسی، ئاین، نەتەوە، دەوڵەت بەجێهێشت کە گرنگترینیان:

١. العمامة والافندي

٢. الديمقراطية المستحيلة

٣. دولة الخلافة، التقدم إلى الماضي

– یەکێکە لە زانا گەورەکانی عیراق و جیهانی عەرەبی لە بواری کۆمەڵناسی و سیاسی.

– وەرگێڕانی (رأس المال)ی (کارل مارکس)ی بۆ زوبانی عەرەبی بە (٣) بەرگ کە ماوەی (١٠) ساڵ پێوەی سەرقاڵ بووە.

– رۆژی ٢٠١٨/٢/٢٦ بە جەڵتەی دڵ لە نەخۆشخانەی زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت کۆچی دوایی کرد.

**سەرچاوەی زانیاری: پاشکۆی رۆژنامەی (المدى) و تۆڕی ئینتەرنێت.**

## (فالح عبدالجبار)م ئاوا ناسی

له قۆناغی دووەمی خوێندنم له زانکۆی بەغدا بەشی ئابووری سیاسی له کۆلیژی (ئابووری و زانسته سیاسییەکان، ساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨) راگری کۆلیژەکەمان خوالێخۆشبوو (د. محەمەد عەزین) بابەتی (مبادئ الاقتصاد)ی پێدەگوتین، کاتێ که باس دەهاته سەر جیاوازی له بۆچوونی قوتابخانەکانی زانستی ئابووری که کامیان زیاتر له کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نزیکن و خزمەت به مرۆڤ دەکەن ئەو (یانی د. محەمەد عەزین) دەیگوت: (من دەرچووی زانکۆی سۆربۆنم له پاریس و به بیری لیبرالی گۆشه گیرم، بەڵام فەلسەفەی مارکس له بواری ئابووریدا که خۆی له دووتوێی ئەو بەرهەمه گەورەیه دەبینی که ناوی (سەرمایە-رأس المال)ـه چونکه به وردەکاریەکی زۆر بابەتیانه بابەتی (زیادەی نرخ-فائض القیمه) شیکردۆتەوه که تێیدا ئەوەی ناوی لێ دەنرێ به (قازانج) جۆرێکه له دوورکەوتنەوه له نرخی راستەوخۆی (کەلوپەل) که بێگومان لەسەر هاووڵاتی (کڕیار) دەسەپێنرێ که دووره له نرخی راستەقینەی ئەو کەلوپەلانه.

ماوەی قۆناغی پۆلی دووەم و سێیەمی کۆلیژ بابەته بنەڕەتییەکانی زانستی ئابووری سیاسی دەخوێندرا، بەڵام تاکو دەرچوونیشم له کۆلیژ نەمتوانی وەکو پێویست له تیۆریەکانی (رأس المال)ـەکەی کارل مارکس بگەم چونکه بەڕاستی ئەوکاته له سەرووی تێگەیشتنی ئێمه بوو سەرەڕای نەبوونی ئەم بەرهەمه گەورەیه به زمانی عەرەبی یاخود کوردی له عیراق که ئەمیشیان بێگومان رێگر بوو لەبەردەم قوتابییان و خوێندەواران له تێگەیشتنی ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمه بەهادار و بەرنرخه، بۆیه کاتێ له هاوینی ساڵی ٢٠١٤ له گەشتێك بۆ چارەسەری نەخۆشی رووم له وڵاتی (ئوردن) کرد له سەردانێکمان بۆ کتێبخانەکانی (عمان)ی پایتەخت (الاهلیه، دار الشروق) چاوم بەو بەرهەمەی که ناوی (رأس المال)ـه کەوت که کارل مارکس ماوەی

(٤٠) ساڵی ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردووە کە بریتیە لە (٣ موجەلەد) بە چاپێکی نایاب کە وەرگێڕەکەی بۆ زمانی عەرەبی (د. فالح عبدالجبار)ە بە دیتنی شاگەشکە بووم یەکسەر کڕیم و بووە میوانێکی بەنرخی کتێبخانەکەم. (بۆ زانینی خوێندەواری بەڕێز د. فالح ماوەی ١٠ ساڵی تەمەنی لەپێناو بەعەرەبیکردنی ئەم کتێبە تەرخان کردووە کە لە ٣١٣٦ لاپەڕە پێکهاتووە).

بە بینینی ناوی (د. فالح) کە ئەو ئەرکە گەورە و مێژووییەی ئەنجام داوە زیاتر دڵخۆش بووم چونکە ئەم رۆشنبیرە گەورەیەم دەناسی چ لە بەغدا و چ لە کوردستان بۆ چەند جارێك دیداری دۆستانەم لەگەڵی هەبووە.

لە کۆتایی ساڵانی (١٩٦٨–١٩٧٠) هەندێ جار لەگەڵ قوتابییانی هاوڕێم لە کۆلیژ سەردانی چایخانەکانی بەغدامان دەکرد بۆ خوێندن و پێداچوونەوەی وانەکانمان لەوانە (چایخانەی بەلەدیە، شط العرب، الدفتردار) جارێکیان بە رێکەوت لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی عەرەب کە چەپخواز و نزیکی حزبی شیوعی عیراقی بوون بە هەردوو لایەنیەوە کە بریتی بوون لە (فلاح حسن جاسم، خالد محمود، خالد عبدالجبار و بەندە و نوری کەریم خان ئاکرەیی) پێداچوونەوەمان بۆ دەرسی (ئامارەکان–الاحصاء) دەکرد.. لەو کاتەدا دوو گەنجی ناسیاوی برادەرە عەرەبەکانم خۆیان بە چایخانەکەداکرد و لای ئێمە دانیشتن، ئاشکراشە پێداچوونەوەی وانە جۆرێك لە کۆشش بوو، بابەتەکان قوتابی ماندوو دەکات بۆیە ئێمە بە هاتنیان خۆشحاڵ بووین و جۆرە پشوێك بوو بۆ ئێمە، بابەتی قسەکانمان سیاسەت، پاشان کتێب و شانۆ بوو، کاتێك بەندە باسم لە شانۆی (النخله والجیران)ی (غائب طعمة فرحان)م کرد کە لە (هۆڵی الخلد) نمایش کرابوو و هەندێ لە رستەی ئەکتەرەکانیشم دووبارە دەکردەوە یەکێك لە میوانەکان کە (فالح عبدالجبار) بوو بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی (زۆرم لا خۆشە کە قوتابییەکی کورد لەسەر بابەتێکی شانۆیی دەقی عەرەبی قسە دەکات کە بەداخەوە زانیاریمان لەسەرە شانۆی کوردی زۆر کەمە پێویستە خۆمانی لێ نزیك بکەینەوە) برادەرەکەی دیکەش کە ناوی (عزیز عبدالصاحب) بوو هەڵیدایە و گوتی (کورد لە بیرکردنەوەدا قووڵن زۆر زووش (تفاعل) لەگەڵ بارودۆخی دەوروپشت دەکەن و بەندە لەبەر ئەوەی ئەکتەر و شانۆکارم ئاگاداری ئەم لایەنەم).

فالح عبدالجبار كه ناو و قسەكانی ئەو رۆژەی چاپخانەی (البلدیه)م له مێشكم دا چەسپ ببوو زۆر جار پرسیاری ئەوم دەكرد لە برادەرە قوتابییه عەرەبەكانم، بەڵام بەخت یار نەبوو بە دیتنەوەی بۆ جارێكی دیكە تاكو قۆناغی دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ كە تێیدا كوردستان وەكو هەرێمێكی ئازاد بە پاڵپشتی وڵاتان پارێزراو بوو كە لەم قۆناغەدا ئەركی سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی رۆژانە (١٩٩٣–٢٠٠٠/٢/٢٠) پاشان وەكو نەقیبی رۆژنامەنووسانی كوردستان (١٩٩٨—٢٠١١) لە كار و چالاكی و جموجۆڵی رۆژنامەنووسی رۆشنبیری بەشداریم تێدا هەبوو، ئەوەبوو لە یادی (١٠٠) ساڵەی لەدایكبوونی شاعیری گەورەی عیراقی (محمد مهدی الجواهری) لە كوردستان بە رێنمایی و بڕیاری سەرۆك (مەسعود بارزانی) لە رێگای وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان پڕۆگرامی یەك هەفتەیی نەخشەسازی بۆ كرا كە تێیدا لیژنەیەكی باڵا بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشان كرا كە تێیدا (فەخری كەریم و خوالێخۆشبووان فلك الدین كاكەیی وەزیری رۆشنبیری و مەهدی خۆشناو سەرۆكی لقی هەولێری یەكێتی نووسەرانی كورد و بەندە نەقیبی رۆژنامەنووسانی كوردستان) بە مەبەستی سەرپەرشتی كردنی ئاهەنگی سەد ساڵەی لەدایكبوونی (الجواهری) لە ئەستۆ بگرین كە تێیدا بە دەیان رۆشنبیر و نووسەر و توێژەر و شاعیری عیراقی و عەرەب بانگهێشت كرابوون بە مەبەستی بەشداریكردن لەو ئاهەنگە گەورەیە كە ماوەی هەفتەیەكی خایاند، دەستپێكی ئاهەنگەكە بە پەردەلادان لەسەر پەریكەرێكی جەواهری كە لە (برۆنز) دروستكرابوو لە پاركی سامی عبدالرحمن لە رۆژی ٢٠٠٠/١٠/٢٤، هەر لەو رۆژەدا لە دەستپێكی كردنەوەی ئاهەنگی سەد ساڵەی جەواهری كە لە هۆڵی رۆشنبیری سازكرابوو وتاری سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستانم پێشكەش كرد، سەرەڕای بەخشینی (لۆگۆ)ی سەندیكا بە فەخری كەریم زەنگەنە جێگری پێشووی سەندیكای رۆژنامەنووسانی عیراقی وەكو رێزلێنان و وەفاداری بۆ یەكەم نەقیبی رۆژنامەنووسانی عیراقی كە شاعیر و رۆژنامەنووسی گەورە خوالێخۆشبوو (محەمەد مەهدی جەواهری) بوو پاش سەركەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨.

پاش بەکۆتاهاتنی ئاهەنگەکە لەنێو قەرەباڵغی بەشداربووواندا رۆشنبیرێکی عیراقیم لیٚ نزیك بووەوە و منیش دەستم بۆ درێژکرد و بەخێرهاتنێکی گەرمم کرد و ئەم گفتوگۆیە هاتە ئاراوە بە زمانی عەرەبی..

**بەندە**: گەلێك بەخێر بێن بۆ کوردستان

**فالح عبدالجبار**: سوپاست دەکەم وتارەکەتم بەدڵ بوو موبادەرەی بەخشینی لۆگۆی سەندیکاکەتان لە فەخری کەریمەوە بۆ گیانی جەواهری لە جێگای خۆی بوو، بەڵام پرسیارێکم هەیە دەنگ و رەنگی تۆ لای من نامۆ نییە، تۆ من ناناسی من فالح عبدالجبار-م

**بەندە**: ساتێك راوەستام و لە ئادگاری وردبوومەوە پاش چەند چرکەیەك بروسکە ئاسا دانیشتنە چەند کاتژمێرییەکەی چاپخانەی (البلدیە)ی بەغدای کۆتای شەستەکانم بیرکەوتەوە و گوتم (بەڵیٚ مامۆستا فالح ئەو رۆژەی بەڕێزتان لەگەڵ عزیز عبدالصاحب هاتن بۆ چاپخانەی (البلدیە) بەندە و فلاح حسن جاسم و خالد محمود و خالد عبدالجبار میوانداریی (چا و سمید-سمیط)مان کردن کە تێیدا باسی سیاسەتی ئەو رۆژانە و بزووتنەوەی رۆشنبیری و شانۆی (النخلە والجیران)مان کرد، بەڕێزت خۆشحاڵی خۆت بە ئاستی بەندە دەربڕی کەوا لەو بوارانەدا نزیك بووم.

**فالح عبدالجبار**: بەڕاستی رێککەوتنێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، کاتیٚ لەسەر شانۆ وتارت دەخوێندەوە بە هاوڕێم (محمد سعید الصکار) گوت ئەم پیاوە لای من نامۆ نییە و دەیناسم، ئافەرین بۆ ئەم بیرە تیژە، خۆشحاڵم بە دیدەنت.

**بەندە**: من سەد جار خۆشحاڵترم بە ناسینت لە بەغدا و دیتنەوەت لە کوردستان، شوێنەکەمان قەرەباڵغە پێویستیمان بە دانیشتنێکی تایبەتی هەیە بۆئەوەی زیاتر گفتوگۆ بکەین.

**فالح عبدالجبار**: ئێمە میوانی ئێوەین، کورد گەلێکی رەسەنە و بەوەفایە، منیش حەز لەو جۆرە دانیشتنە تایبەتیانە دەکەم.

**بەندە**: هەر ئیمشەو لە ئوتێل هەورامان کاتژمێر (٨)ی شەو یەکتر دەبینین، بەڵام تکایە بیرت نەچێت.

پاش ئەوەی لێك جیابووینەوە هەواڵەکەم بە خوالێخۆشبوو (مەهدی خۆشناو) راگەیاند و ئەویش دیدار و دانیشتنەکەی زۆر پیٚ خۆش بوو.

له دانیشتنێکی چوار قۆڵی دا له ئوتێل هەورامان (فاطمة المحسن) هاوسەری فالح عبدالجبار و فالح عبدالجبار و شەهید مەهدی خۆشناو و بەنده ناوه ناوەش (قتیبه الجنابی)ی وێنەگر که ئەویش کوڕی ئەفسەری شەهید (داود الجنابي) بوو دەهات وێنەیەکی دانیشتنەکەمانی دەگرت، ماوەی دوو کاتژمێر و نیو لەگەڵ فالح عبدالجبار کەوتینه دونیای سیاسەت و ڕۆژانی پێشمەرگایەتی ئەو له چیاکانی کوردستاندا که له ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٣ له ریزی (الانصار)ی حزبی شیوعی عیراقی لەگەڵ کۆمەڵێك له هاوڕێ شیوعیه عەرەبەکان که بڕوایان به تێکۆشانی شۆڕشگێڕی چەکدار هەبوو شان به شانی برا شیوعیه کوردەکان که تێیدا باسی له بارودۆخی ئەو کاتەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان دەکرد به پەرۆشەوه چەندین جار ئەو رستانەی دووباره دەکردەوه که کوردستانیش یاخود سەرکردەکانی لایەنه سیاسیەکانی به تەواوی بیرۆکەی (قۆناغی نیشتمانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستانیان لا کامل نەبووه و نەگەیشتوونەته ئەو ئاستەی که شۆڕشگێڕه ڤییێتنامیەکان پێی گەیشتبوون، ڤییێتنامیەکان توانیان لەنێوان ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت و چینی میللی گوزەر بکەن و نەبنه کۆیلەی ئادۆلۆژیا و کاریگەری ئەو دوو وڵاته پاڵپشتەی ئەوان لەسەر ڕێڕەوی بزووتنەوه و ئامانجەکانیان، چونکه درووشمی ناوخۆی سەرەکی هێزه شەڕکەرەکان که "ڤێت کۆنگ"یان پێدەگوتن لەگەڵ سەرکرده سیاسیەکانی ئەو وڵاته که رووبەڕووی گەورەترین هێزی سەربازی ویلایەته یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبوونەوه، هەمیشه ئەو وتەیەیان دەگوتەوه "هەموو شتێك لەپێناوی سەرکەوتنی گەلی ڤییێتنام دا" لای ئێمه جیاوازیی ئەم ئەو و بەرژەوەندییەکانیان ناگاته سنووری ئێمه، بەڵام سنووری کوردستان له چەندین لاوه کنەی تێدا دەکرێ و تاکو ئێستاکه به کردار هەستم نەکردووه که هەموو شتێك تەرخان کرابێت له پێناوی سەرکەوتنی دۆزی کورد له کوردستاندا).

کاتێك کاك مەهدی خۆشناو و بەنده باسمان له گیروگرفتی جوگرافیای سیاسیی کوردستان (جیۆپۆلۆتیك) دەکرد که یەکێکه له هۆکاره هەره گرنگەکانی دزەکردنی ئایدۆلۆژیا و بەرژەوەندیی وڵاتانی دەوروبەر که سەرکردەکانی کوردستان ناتوانن وەکو پێویست خۆیانی لێ بپارێزن، فالح عبدالجبار به کەمێ (خەیاڵ)ـەوه بەرپەرچی ئێمەی دەدایەوه و دیسان دەکەوته قسه و دەیگوت (هەڤاڵان ئەمه ئەوپەڕی لاوازییه

که دەڵێن جوگرافیای سیاسی هۆکاری دزەکردنی نفوزی وڵاتانی دەوروبەرە، لای من بە هەموو قەناعەتی تەواوەوە "ناکۆکی"یە هەمیشەییەکانی لایەن و سەرکردەکانی کورد دەبێتە هۆکاری دزەکردنی بەرژەوەندیی وڵاتانی دەرەوە، ئەو ماوەیەی کە لە هەشتاکاندا من لە شاخەکانی کوردستان بووم رۆژێك لە رۆژان هەستم بە ئارامی نەدەکرد، چ لە رووی ئاسایشی شەخسی چ لە رووی پاراستنی ئاسایشی حزبەکەم لە هێز و تەیارەکانی سەدام حسێن نەدەترساین ئەوەندەی لە شەڕ و تەشقەلەی برایانمان لە بزووتنەوی ئازادیخوازی کوردایەتی دەترساین کە پاش یەك دوو ساڵ گەڕامەوە بەیروت بە بەردەوامی بیرم لە "ئاخر شەڕ"ی میللەتی کورد دەکردەوە هەمیشە خۆم و هاوسەرەکەم کاتێك بەتەنیا دەبووین ئەو پرسیارەمان لا دەوروژا "کورد بۆچی دەبێت شەڕی یەکتری بکەن، ئەوان ئێستا لە چ قۆناغێك دان؟ چیان بەدەست هێناوە تاکو شەڕی خۆ کوژی رێڕەویان بێت؟" براینە ناکۆکیە نێوخۆییەکانتان و بەرژەوەندیی سەرکردەکانتان سنوورەکانی کوردستانی واڵا کردووە بۆئەوەی ئەم و ئەوی پێدا بێتە ناو کوردستان، بڕواتان هەبێت بەم سیاسەتە، بەم کردارە، بەم ناکۆکییە (سەرەتانییە) ناگەنە هیچ، ئێستاکە لە کوردستانم بۆ ئاهەنگی یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی جەواهری گەورە هاتووین، ئەوپەڕی خۆشحاڵم، دڵشادم کاتێ ئەو کوردستانە جوان رەنگینە دەبینم، من هەمیشە لەگەڵ "زهیر الجزائری"ی هاوڕێم باسی جوانی و مەغدوریەتی کورد و کوردستانمان دەکرد لە شاخ، کارێکی گەورەتان ئەنجام داوە کە بیرتان لە رێزلێنانی مرۆڤێکی کۆچکردوو کردووەتەوە و لە یادی لەدایکبوونی سەد ساڵەی ئاهەنگی بۆ دەگێڕن و پەیکەری بۆ دروست دەکەن و ئێمەی دۆستان و هەوادارانی جەواهری بانگهێشت دەکەن بە مەبەستی بەشداریکردن لەم فیستیڤاڵە دیسان دەڵێم ئەمە گەورەترین وەفایە بۆ شاعیرێك کە لە ساڵی ١٩٦٣ بەدواوە بەوپەڕی دڵسۆزی لە رێگای شیعر و هەڵویستی بە دونیای عەرەب و جیهان دەڵێ کوردیش گەلێکە و مافی تەواوی خۆی هەیە کە سەربەست بژی.

ئەو شەوە پایزییە کە لەگەڵ فالح کۆیکردینەوە تا بڵێی رۆمانسی ئامێز بوو چ لە رووی هەڵسەنگاندن و چ لە رووی پەرۆشی بۆ دواڕۆژی کورد چ لە هەڵسەنگاندنی خەسڵەتی خەڵکی کورد، بەڵام ناوە ناوەش تەوژمی توڕەیی تێنی بۆ دەهێنا کاتێ

رۆژە سەختەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی دەهاتەوە یاد کە چۆن دەبووایە هەموو لایەك خۆیان لە دوژمن و "دۆستە نەیارەکان" بپارێزن.

لەنێوان سالآنی ۲۰۰۰-۲۰۰۵ دوو جاری دیکە فالح عبدالجبارم دیتەوە کە بەسەردان دەهاتە کوردستان و هەرچۆنێك بووایە دیدەنی و میوانداریم دەکرد، جارێکیشیان بەهۆکاری جۆرە لیك تێنەگەیشتنێك تووشی کێشەیەکی یاسایی بووەوە لەگەڵ دەزگایەکی رۆژنامەنووسی، بەڵام هەرچۆنێك بوو توانیم بەهۆی دۆستایەتیم لەگەڵ هەردوو لا کێشەکە چارەسەر بکەین، بەڵام هەستم کرد (فالح) دڵی شکاوە، بەڵام دیسان وەکو خۆی دەیگوت مادام ژیان هەیە و مرۆڤی تێدا دەژی بێگومان جیاوازی و لێك تێنەگەیشتن هەر دەبێت، گرنگ ئەوەیە ئەگەر گۆشتی یەکتریش بخۆین نابێ بەهیچ شێوەیەك بیر لە شکانی ئێسقانی یەکتر بکەینەوە.

ساڵی ۲۰۰٦ کاتێ د. فالح عبدالجبار سەرۆکی پەیمانگای دیراساتی عیراقی بوو لە بەیروت کە تاکو رۆژی کۆچی دوایی لە ۲٦ی شوباتی ۲۰۱۸ تێیدا بەردەوام بوو زیاتر و چڕتر چووە نێو دیراساتی بیری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کە تێیدا زیاتر بابەتی (ئاین، رۆڵی یاسا، ململانێی ئاینی و کۆمەڵگەی مەدەنی) خولیا و کاری رۆژانەی بوو کە لەو نێوەدا بەرهەمێکی زێدە بەپێزی تێدا لەدایك بوو بەنێوی (الأثنية والدولة-الأكراد في العراق وإيران وتركيا) بە هاوبەشی هیشام داود و بەشداریی (فرید هولێدای، مارتن ڤان برۆنسن، عەباس وەلی، سامی زبێدە، جۆیس بلاو، مالیا ئوش، حەمید بوز ئەرسەلان، میخائل لیزمبەرخ، سعد ئەسکەندەر، مایکڵ جونس، جارید ستاسفرید) کە لە بابی چواردە دا فالح بابەتێکی زانستیانەی چڕ و پڕی لەژێر ناوی (القومية العربية بأزاء القومية الكوردية-تأهلات من التماثلات والتبانيات البنيوية) کە لە بڕگەیەکدا دەڵێ: (**کورد سەرکەوتنیان نەپێکا، لایەنی هەرە گەورە لەم سەرنەکەوتنەی کورد بە درووستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، لەوانەیە جۆرە لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێ کە ئەویش لە سەرکەوتنی جیرانەکانیان دایە تورك و ئێرانی و عەرەب "عەرەبی عیراق" لە دامەزراندنی کیاناتی نەتەوەییان، بەڵام شکستهێنانی لە تێنەپەڕاندنی سنووری وڵاتە ناوچەییەکانیان بە لێکچوونی بنەڕەتی دەچێت لەگەڵ سەرنەکەوتنی کورد بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی**).



دهۆك، ٢٠٠٠/١٠/٢٣

میوانانی فیستیڤاڵی ١٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی شاعیری گەورەی عیراقی الجواهری

لە راستەوە: فەرهاد عەونی، جەلال دەباغ، فالح عبدالجبار



**هەولێر، ٢٥/١٠/٢٠٠٠ ڕۆژانی فیستیڤاڵی جەواهری**


**لە چەپەوە: د. فالح عبدالجبار لەگەڵ فاتمە المحسن-ی هاوسەری**

الباحث د .فالح عبدالجبار :

# الدولة المركزية (العربية) تنسى الجواهري، وكوردستان تستذكره

مئوية الجواهري تكمن في مكانته فهو جزء من الذاكرة الجماعية العراقية وعمره يزيد عن عمر الدولة العراقية، حيث توفي وعمره يناهز مائة عام، في حين ان عمر الدولة العراقية هو اقل من ثمانين عاماً، فهي بحاجة الى مايقارب عشرين عاماً لتصبح بعمر الجواهري من الناحية الزمنية؛ اما من الناحية العقلية فهي بحاجة الى قرن.

الجواهري ينتمي الى عائلة دينية نبيلة لها تاريخ طويل، فجده صاحب الجواهري الاعظم ومؤسس المرجعية في النجف وهو ايضاً من المؤسسين للدولة العراقية وعرف اكثر من غيره طبيعة التنوع في المجتمع العراقي، اي وجود العرب والكورد والقوميات الاخرى وايضاً التنوع الديني والمذهبي والفكري والاجتماعي.




الجواهري شخصية ناقدة مشاكشة؛ لذا كان يرفض فرض اي رأي او ايديولوجيا بحد ذاتها، وكان يعبر عن احترامه للتعددية ومن هذا المنطلق كتب عن الكورد والبارزاني وعن اليسار وحتى القضايا العالمية، لذا فالاحتفال بالجواهري، هو الاحتفال بالتنوع العراقي، وتعميق للوعي بهذا التنوع.

ان الادب والفن لايعيشان الا في اجواء الحرية وهناك قول شهير لاحد الفلاسفة، يقول: «كل انسان بحاجة الى رئة للتنفس والشاعر هو ايضاً كائن من نوع خاص وهو يحتاج الى رئة وحرية للتنفس» فوجود هذا المناخ من الحرية في كوردستان العراق والذي نتمنى ان يعم العراق كله وهو أمر ذو مغزى.

الامر الاخر هو العمق التاريخي للروابط الثقافية بين العرب والكورد، فلكل شعب ثقافة قبل الاسلام وفي عهد الاسلام، ومن ثم في العصر الحديث، وعلى الاقل في العصرين الاسلامي والحديث هناك تقارب وتمازج بين الثقافتين العربية والكوردية، اذن مغزى المهرجان هو هذه الحرية في كوردستان وعمق الروابط بين العرب والكورد وعمق التفاعل الثقافي بين الثقافتين.

وهناك مغزى كبير اخر وهو ان الدولة المركزية (العربية) تنسى الجواهري، وكوردستان تستذكره.


كارل ماركس
رأس المال
المجلد الأول
عملية إنتاج رأس المال
ترجمة: د. فالح عبد الجبار
الفارابي
دار الفارابي



مستەفا ساڵح کەریم

١٩٣٣-٢٠١٨/١٢/١٦

## ژیاننامە:

- ساڵی ١٩٣٣ لە سلێمانی لەدایك بووە.

- قۆناغەكانی خوێندنی لە سلێمانی و بەغدا تەواوكردووە و پاشان بووە بە مامۆستا، ماوەی ٣٢ ساڵ لەم ئەركە پیرۆزە بەردەوام بووە.

- لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە تێكەڵاوی كاری سیاسی بووە چووەتە ریزەكانی حزبی شیوعیی عیراقی لە سلێمانی، بەو هۆیەوە تووشی گرتن و راونان و دووروخستنەوە بووە و چەند ساڵیكی تەمەنیشی لە زیندانەكانی عیراق بەسەربردووە.

- كاكە مستەفا هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە خولیای دونیای ئەدەب و رۆشنبیری بووە و تەنانەت ساڵی ١٩٤٩ چیرۆكێكی (لیۆ تۆڵستۆی)ی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زوبانی كوردی و لە گۆڤاری (گەلاوێژ) بڵاویكردۆتەوە.

- سەرەڕای نووسین و خولیای ئەدەب لە بواری وەرگێڕانیشدا قەڵەمێكی رەنگینی هەبوو، چەند كتێبێكی لە عەرەبییەوە بۆ سەر زوبانی كوردی وەرگێڕاوە.

- لە كاری رۆژنامەنووسیشدا چ وەكو نووسەر و وەرگێر بە هەردوو زوبانی كورد و عەرەبی گۆشەی هەفتانەی هەبووە لە رۆژنامە و گۆڤارەكانی (ژین، هاوكاری، نووسەری كورد، دەنگی مامۆستا، كاروان، بەیان، كوردستانی نوێ، الاتحاد، الصحفی).

- ساڵی ١٩٧٠ پاش رێككەوتننامەی ١١ی ئازار تاكو ساڵی ١٩٧٤ لێپرسراوی نووسینگەی رۆژنامەی (التاخی) بوو لە سلێمانی.

**سالّی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە شۆڕشی ئەیلول کرد و لە ئەمانەتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەر بوو لە ئێزگەی دەنگی کوردستان و بە هەردوو زوبانی کوردی و عەرەبی بەرنامەکانی بە نووسین دەوڵەمەند دەکرد.**

**- هەڵگری پێناسەی فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ بوو.**

**- لە کاری ڕێکدراوەییشدا لە چەندین ڕێکخراوە پیشەیی وەکو (یەکێتیی مامۆستایان، یەکێتیی نووسەران، ڕۆژنامەنووسان) کاری کردووە.**

**- لە یەکخستنی ماڵی ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ برایانی لە هەردوو ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسیدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە یەکگرتنەوەیان و لە کۆنگرەی یەکەمی گشتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە لە هەولێر لەنێوان ڕۆژانی (١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥) بەسترا وەکو جێگری نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵبژێردرا.**

**- ڕۆژی ٢٠١٨/١٢/١٦ لەتەمەنی ٨٥ ساڵید لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.**

**- بەرهەمە چاپکراوەکانی:**

**١. زڕەی زنجیر-١٩٥٨,**

**٢. شەهیدانی قەڵای دمدم-١٩٦٠,**

**٣. ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم-١٩٨٤,**

**٤. دایکی ئازادیخوازان-١٩٨٨,**

**٥. هونەری کورتە چیرۆك نووسین-١٩٥٨,**

**٦. یەکێتیی نووسەرانی کورد... ڕێباز و هەڵوێست-٢٠١٢,**

**٧. تریفەی وشە-٢٠١٨.**

**- ساڵی ٢٠٠٧ لەگەڵ چەندین نووسەر بەشداریی لە چاپی دووەمی دیوانی پیرەمێرد و پەندەکانی پیرەمێرد کردووە.**

**- بە زوبانی عەرەبی (٣) کتێبی هەیە کە بریتین لە:**

**١. رحلە الی بلاد الرافدین-٢٠٠٥,**

**٢. الیوم-٢٠٠٩,**

**٣. الکلمات-٢٠١٢.**

**سەرچاوەی ئەم زانیارییانە لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە ٧٧٦٩ ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/١/٢١ وەرگیراوە، سەرەڕای زانیاریی نووسەر.**

## ئەو رۆژانەی هەمیشە لە یاد ناچن
## لەگەڵ هاوڕێم مستەفا ساڵح کەریم دا

سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو بوو کە تەمەنم لەنێوان (١٤-١٥) ساڵیدا بوو لەو سەروبەندەدا شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ کە پێش دوو ساڵێك روویدابوو کەشوهەوایەکی دیکە لە عیراق و کوردستاندا هاتبووە ئاراوە بەتایبەتیش بۆ کەسایەتی و ئەو خێزانانەی کە پێشووتر کەوتبوونە نێو دونیای کاری سیاسی و نیشتمانی دیاردەکانی ئەو سەردەمە بریتی بوون، لە ململانێی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عیراق، زۆربوون و بڵاوبوونەوەی گۆڤار و رۆژنامەی کوردی و خوێندنەوەیان، بەربڵاویی کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری لە هۆڵ و شوێنە گشتییەکان کە زۆر جار دەمەقاڵی و قسەی توندی لێ پەیدا دەبوو، سەرەڕای خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان بەبۆنە تازە و کۆنەکاندا، لەو کەشوهەوا و بارودۆخە خێزانی ئێمە (کە عەونیی باوك) ئەرکی لێپرسراوێتیی ژیان و پێگەیاندنی ئێمەی لە ئەستۆدابوو سەرەڕای ئەرکەکانی رۆژانەی، بەڵام هەمیشە رۆژنامە و گۆڤارەکانی لێ نەدەبڕا کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشاییش دا هەندێ لەو گۆڤار و رۆژنامە کوردی و عەرەبییانەی کە ئەوکاتە دەردەچوون لە کتێبخانەکەی باوکم حزووریان هەبوو وەك (البلاد، الزمان، التقدم، ژین، هەتاو، هیوا) سەرەڕای

کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند کە تێیدا دیوانی زۆربەی شاعیرانی کورد کە هەندێکیان بە دەستنووس و هەندێکیشیان بە چاپکراوی لەگەڵ سەرجەم گۆڤاری گەلاوێژی هەر ١٠ ساڵەکەدا کە تێیدا عەونی لە قۆناغێکدا باوەڕپێکراوی ئەو گۆڤارە بووە لە کۆیە و بابەتی تێدا بڵاوکردۆتەوە.

لە کەشوهەوای خێزانێکی خوێندەوار بارودۆخی سیاسیی ئەو سەردەمە ماوەیەك بوو هەر لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییەوە خولیای خوێندنەوەم دەستپێکردبوو چ لە ماڵەوە بەهۆی کتێبەکانی باوکم و چ لە دەرەوە لەگەڵ چەند برادەرێکی هاوتەمەنم سەردانی کتێبخانەی گشتیی کۆیەمان دەکرد، بۆیە کاتێ قۆناغی سەرەتاییم بڕی و کەشوهەوای کوردستان لەدوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژەوە گۆڕانکاریی گەورەی بەخۆیەوە بینی و تینی زیاتری بە خوێندن و خوێندنەوەم دا، چ ڕۆژنامە و چ گۆڤارە کوردییەکان، زۆر شت هەیە بەپێی مێژوو کاریگەرێتی لەمێشکدا دەمێنێ و ناسڕێتەوە، خوێندنەوەی (حیکایەتی زادیج) وەکو یەکەم بابەتی درێژ بە کوردی و پاشان (مەم و زین)ی محەمەد سەعید ڕەمەزان بۆتانی بە زمانی عەرەبی لە یادەوەرەکانی بە زیندویی دەمێننەوە، لە هەمان کاتیشیدا چیرۆکی (زڕەی زنجیر و شەهیدانی قەڵای دمدم)ی کاکە مستەفا ساڵح کەریم و (چای شیرینی) حسێن عارف و (خانزاد و لەشکری–ویستم ژن بێنم)ی محەمەد تۆفیق وردی و (نامەی سەربازێکی سۆڤێتی بۆ دایکی) کە ئەکرەم عەبدولقادر وەریگێڕابوو، ئەمانە و هەندێ نووسینی مامۆستایانی دیکە زادەی بیر و خوێندنەوەی ئەو سەردەمەم بوون، کە هەریەك لەو ناوانە ئاشنایەتیم لەگەڵدا پەیدا کردن بە جۆرێك کە هەریەکە و چیرۆکێکی جیاوازی هەیە، چ لە رووی سیاسی دا و چ لە بارەی دۆستایەتی و کاری هاوبەش کە تێیدا لێك تێگەیشتن و بەردەوامیی لێك تێگەیشتنمان پاڵپێوەنەری ئەو دۆستایەتییەی بەردەوام هێشتبۆوە کە تێیدا لەگەڵ برا و هاوڕێی خۆشەویستم (کاك مستەفا ساڵح کەریم) نزیك لە نیو سەدەی لە ژیانمان داگیرکرد.

لە ناوەندی حەفتاکانی سەدەی رابردوو (دار التاخی) کە هەردوو ڕۆژنامەی (التاخی بە زمانی عەرەبی و برایەتی بە زمانی کوردی) تێدا دەردەچوو هەردووکمانی کۆکردەوە، ئەو وەکو لێپرسراوی نووسینگەی ئەو دوو ڕۆژنامەیە لە سلێمانی و

بەندەش وەکو بەڕێوبەری ئەو دەزگایە لە بەغدا کە بووە مایەی زیاتر ناسین و لێك تێگەیشتن کە تێیدا هەفتانە پەیوەندیی تەلەفۆنیمان هەبوو، بابەتەکانی کاك مستەفا بێ دەستکاری کە تێیدا بە تێکەڵاوییەکی ئەدەبی و رامیاری و بە زمانێکی پاراوی کوردی و عەرەبی شوێنی خۆیان بێ رکابەری لەسەر رووپەڕی هەردوو رۆژنامە بڵاودەکرانەوە، لە سەردانێکم دا بۆ سلێمانی ئەوکاتە کە لە مانگی شوبات دا بوو بە مەبەستی ئامادەبوون لە کۆنگرەی مامۆستایان کەو وەکو لە یادم ماوە کۆنگرەکە لە سینەمای (دڵشاد) بوو لەگەڵ کاك مستەفا بەیەك گەیشتین و پاش بەکۆتا هاتنی دانیشتنی ئەو رۆژە بۆ نیوەڕۆ لە کەبابخانەکەی (عومەری ئەجیّ) داوەتی کردم، کاتیّ دانیشتین پرسیاری بارودۆخی سیاسیی لیّ پرسیم کە ئایا لە (بەغدا چ دەگوزەریّ) منیش لە وەڵامدا پێم گوت (وابزانم دەبیّ خۆمان ئامادە بکەین بۆ چوونەدەرەوە). ئەوەبوو لەو (دەرەوە)دا کاك مستەفا و بەندە دەزگای راگەیاندنی شۆڕش جارێکی دیکە کۆیکردینەوە کە لەبەر لێهاتویی و زمانزانی و قەڵەمە بەبڕشتەکەی لێپرسراوێتیی بەڕێوەبەرایەتیی ئێستگەی پیّ سپێردرا کە زۆر جار چ لە بارەگای ئەمانەتی گشتیی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان لە ناوچەی ئازادی چ لەنێوان شاخ و گرد و تەپۆڵکەکانی دەوروبەری بارەگای ئێستگەی دەنگی کوردستانی تێدا دامەزرابوو یەکتریمان دەگرتەوە، رۆژان هات و رۆیشت، دوا قۆناغی شۆڕشی ئەیلول ١٩٧٤-١٩٧٥ بە شێوەیەك کۆتایی هات کە هەرهەموومانی تاساند، تەنانەت لێکیشی ترازاندین، ئاواتە رۆمانسییەکانمانی بەبا دا، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز دۆستانی خۆشەویست و خەمخۆری کوردستانی لێك دوورنەخستەوە، لە رۆژێکی پایزی ساڵی ١٩٧٦ بوو کاتیّ نامیلکەیەکی دەزگای رۆشنبیریی کوردی قەبارە مامناوەندم کەوتە دەست چونکە بارودۆخەکە وابوو هەمیشە بەدووای بابەتێك (رۆژنامە) گۆڤار، دیوانە شیعر، چیرۆك، رۆمان)دا دەگەڕام تاکو تینووی شکستی ناوخۆیی بشکێنیّ کە لە ئاکامی (نسکۆ) گەورەکەی شۆڕشی کورد پەیدا ببوو، بەرێککەوت چاوم بە نامیلکەی کۆمەڵە چیرۆکێکی هەڵبژاردە کەوت کە تێیدا کۆمەڵە ناوێکی دیار هەریەکە چیرۆکێکیان تێدا نووسیبوو، کە لەناویاندا چیرۆکی (سیّ وێنە و رێبوارێکی ماندوو)ی هاوڕێم مستەفا ساڵح کەریم بوو، چەند جارێك خوێندمەوە لە مەخزا و ناوەڕۆکەکەی گەیشتم کە (رمز) نووسرابوو، زانیم کاکە مستەفا برینداره لە ئاکامی

بارودۆخی پاش نسکۆی شۆڕش کە بێگومان مرۆڤی بریندارێش ماندوو دەبێ، بەتایبەتیش کاتێ مرۆڤ لە مەڵبەند و جێگای باوك و باپیرانی دووردەخرێتەوە کە تێیدا کاك مستەفا لە سلێمانیی شۆخ و شەنگەوە بۆ پێدەشتی پارێزگای رومادی دوورخرابۆوە، لەوکاتەدا دۆستێکی خۆشەویستم لە کۆیە (مامۆستا کەمال خدر پەستەك سۆر) کە ئەویش لە کۆیەوە دوورخرابۆوە بۆ هەمان شوێنی کاك مستەفا کە هەردووکیشیان مامۆستا بوون دۆستایەتییان پەیداکردبوو، لە دانیشتنێکی مامۆستا کەمال و بەندە بە کاك کەمالم گوت (کاتێ دەگەڕێیەوە بە خێر بۆ رومادی سڵاو و رێزم بە کاك مستەفا بگەیەنە و پێی بڵێ چیرۆکی "سێ وێنە و رێبوارێکی ماندوو"م خوێندەوە، حەز ناکەم کاك مستەفام بە ماندویی بێتە بەرچاو، رۆژە ناخۆشەکان بەسەردەچن، بێگومان جارێکی دیکە ئەو و هەزارانی وەکو ئەو لە باوەش دەگرێتەوە هیوادارم ئەو دێڕی شیعرەی نازم حیکمەتی بیرنەچێت کە هەندێ جار لەو ساڵەی نێوان شۆڕش دا دووبارەی دەکردەوە کە دەڵێ "إن أجمل الأيام لم تأتي بعد")، مامۆستا کەمال مامۆستا مستەفای دیتبوو و ناوەڕۆکی قسەکانی منی بۆ گێڕابۆوە ئەویش لە وەڵامدا ئەم چەند دێڕەی بۆ نووسیبووم: (هاوڕێی ئازیز بێگومان تۆش ماندووی، هەموومان ماندووین، چاوەڕوانی رۆژانی حەسانەوەمان دەکەم، پاش ساڕێژی برینەکان، کە بێگومان دکتۆرێکی شارەزا و پسپۆڕی دەوێ، هیوادارم دوا دێڕەکانی چیرۆکەکەم جارێکی دیکە بخوێنیتەوە کە تێیدا گوتوومە "بەڵێ بڕیارم داوە.. ئەڕۆم بەدوای پزیشکێکی باشدا ئەگەڕێم دەرمانی دەردم بکات، ئەمەوێ پڕ سییەکانم هەوای پاکی بێگەرد هەڵمژم، هەوای ژیانەوە و سەرکەوتن، هەوای بردنەوەیەکی دووای چەند جارێك دۆڕاندن").

لە کۆتایی حەفتاکاندا کاتێ گەڕایەوە سلێمانی چەندین جار یەکترمان دەدیت بەتایبەتی کاتێ ئەو بۆ دوو جار سەردانی کۆیەی کرد بۆ دیدەنیی خوالێخۆشبوو (بەهجەت بابان) کە ئەوکاتە دادوەر (حاکم) بوو لە کۆیە و دراوسێی ئێمە بوون لەو خانووەی تەنیشت ماڵی باوکم، هەردوو جار (چوار قۆڵی) بەهجەت بابان، مستەفا ساڵح کەریم، عەونی، بەندە، لەنێو چیمەنی ماڵی باوکم کۆدەبووینەوە، کە تێیدا بەدەم قسە و گێڕانەوەی رۆژانی رابردوو بێزاری لەو بارودۆخەی ئەو سەردەمە و جموجۆڵی

مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش کاتە خۆشەکانمان بەسەردەبرد، جارێکیشیان بە رێککەوت بەندە سەردانی سلێمانیم کرد بەخێزانەوە زانیم کەوا ئێوارە کۆڕێك بۆ شاعیری خوالێخۆشبوو (حەسیب قەرەداغی) لە بارەگای لقی سلێمانیی یەکێتیی نووسەرانی کورد رێکخراوە کە تێیدا شاعیر شیعری (هەوری پەرت) پێشکەش دەکا، لە کات و ساتی خۆیدا ئامادەی کۆڕەکە بووم، بەڵام ئەوەی تێدا بەدی دەکرا خەڵکانێکی بە پەرۆش و دڵسۆز بۆ بیستنی وشەی بێگەردی کوردی باخچەی بارەگاکەیان داگیرکردبوو، شوێن نەمابوو لێی دانیشم، بەڵام کاتێ کاك مستەفا منی بەدی کرد کە ئەو کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد، داوای لە برادەرانی پێشەوە کرد کە شوێنێکم بۆ بکەنەوە چونکە وەکو ئەو گوتی (لە کۆیەوە هاتووە).

سەردەمی دووای راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ قۆناغێکی دیکەی بەردەوامیی قووڵبوونەوی برایەتی و دۆستایەتیەکانمانە کە چەندین لاپەڕەی گەرەکە، کە ئەگەر هەموو باس بکرێت بێگومان رۆشنایی دەخاتە سەر جۆری (پەیوەندی، کاری راگەیاندن، کاری سەندیکایی کە تەواوکەری یەکترین لە زۆربەی بۆچوون و هەڵوێستەکان شێوازی کاری یەك تیم لەگەڵ رووداوەکان بەرامبەر بێگانە لە کۆنگرە و وۆرك شۆپ و کۆڕەکانی دەرەوە) کە خۆش بەختانە کاك مستەفا ساڵح کەریم لەو گۆشەیەی کە لەژێر ناوی (گوڵەوەچنی) نزیکەی ٩٠ ئەڵقەی بە زنجیرە لە رۆژنامەی (کوردستانێ نوێ) بڵاوکردەوە کە بێگومان تیشك دەخاتە سەر زۆر لایەنی پەیوەندییەکانمان بێ رتووش، بەندەش پاش تەواوبوونی کاری سەندیکاییم لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە مانگی تەمموزی ساڵی ٢٠١١ شانم لێ هەڵماڵی و کەوتمە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانم و ساڵی ٢٠١٣ لەژێر ناوی (رۆژگارم ئاوا تێپەڕی) لە دوو بەرگ دا چاپ و بڵاوکرایەوە، زۆر بە درێژی باسی ئەو رۆژانەم کردووە کە لەگەڵ برای ئازیزم مستەفا ساڵح کەریم کە چۆن لە سەرەتادا لە (لەندەن) کاتی بەستنی کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عیراقی لە مانگی ١٢ی ٢٠٠٢ دا تاوتوێی هەوڵە کۆنەکانمان هێنایەوە سەر مێزی دانیشتنی ئەو رۆژە و بڕیاری رێکخستنی ماڵی رۆژنامەنووسانی کوردستانمان دا لە رێکخراوەیەکی سەرتاسەری کە لە قۆناغەکانی دوایی دا بە هاوکاری و پاڵپشتی هەردوو ئەنجوومەنی سەندیکا و

یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان ئامانجەکەی کاکە مستەفا و بەندە هاتە دی کە تا دوا رۆژەکانی مانەوەمان لەم سەندیکایە بەندە کە نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسان بوو هەمیشە کاك مستەفام بەپێش خۆم دەداو هەمیشەش حیسابی برا گەورەم بۆ دەکرد و بۆ هەموو کار و بۆچوونێکیش را و بۆچوونی ئەوم بە گرنگییەوە وەردەگرت، باوەڕ ناکەم رۆژێك لە رۆژان گیروگرفتێك لەنێوانمانا روویدابێت، قۆناغی دوای کاری سەندیکاییشمان هەمیشە ئاگاداری رەوش و بارودۆخی یەکتری بووین، چ لە سلێمانی یاخود لە هەولێر، یاخود لە رێگای مۆبایلەوە، پاش دوا سەفەریشی بۆ ئەڵمانیا کە بۆ چارەسەری نەخۆشی چوبوو هەفتەی چەند جارێك لە ئەحواڵ و تەندرووستیم دەپرسی، بەڵام بەداخەوە نەمدەزانی دوا رۆژانی کۆتایی ژیانیەتی، کۆتایی ژیانی مرۆڤێك کە پڕاوپڕ لە هەڵوێست بە سەلیقەی نووسەرێك بە ویژدان و چیرۆك نووسێکی بە ئەزموون و سیاسەتکارێکی بە رەوشت مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر دەکات کە بووەتە مایەی ئەوەی هەرگیزاو هەرگیز لە بیر و هیزر و یادگارییەکانم دەرنەچێت، وەکو بەهەشتی حاجی قادری کۆییش دەفەرموێ:

***مەرگ و ژین میسلی سێبەر وتاوە***
***ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە***




**قاهیره–یانەی ئەلجەزیرە، ٢٠٠٦/٢/١٦**

**لە راستەوە: فریاد رەواندزی، فەرهاد عەونی، سیاستمەداری میسری ئەحمەد حەمروش، مستەفا سالح کەریم، شێرکۆ حەبیب**



**تاران، ٢٠٠٦/٥/١**

**لە راستەوە: پەروین عبداللە سعید (هاوسەری نووسەر)، فەرهاد عەونی، مستەفا سالح کەریم**




رووسیا-مۆسکۆ، ٢٠٠٧/٥/٢٥، بەرەو مەزاری لینین



مۆسکۆ، مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٦ دوا ساتەکانی کۆنگرەی ٢٥ـەمینی

فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ

لە راستەوە: مستەفا ساڵح کەریم، فەرهاد عەونی، شێرکۆ حەبیب



ئەشکەوتی جاسەنە، یادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی، ٢٠١٠/٤/٢٢

لە راستەوە: شوان داودی، مستەفا ساڵح کەریم، ئەنوەر حسێن، فەرهاد عەونی، محەمەد نوری تۆفیق




ئیسپانیا–دوورگەی کادیز، ٢٠١٠/٥/٢٥، کۆنگرەی ٢٧یەمینی IFJ

لە راستەوە: زیرەك کەمال، ئەکەد موراد، فەرهاد عەونی، حامد محەمەد عەلی، بەهجەت هروری، شێرکۆ حەبیب، مستەفا ساڵح کەریم



**سەعید یحیا خەتات**

**٢٠١٩/١/٢٨-١٩٤٤**

**ژیاننامە:**

- ساڵی ١٩٤٤ لە هەولێر لەدایك بووە.

- خوێندنی

- ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندیی بە شۆڕشی ئەیلول کردووە.

- نووسەر لەنێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٠ وەکو نووسەر لە دەنگی کوردستانی عیراق کاری کردووە.

- لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٧١-١٩٧٤/٣/١١.

- لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە و کراوەتە ئەندامی کارگێڕیی لقی (٧)ی پارتی.

- پاش گەڕانەوەی بۆ هەولێر لەدوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ گوێزراوەتەوە بە خۆی و خێزانی بۆ خوارووی عیراق.

- پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان وەکو فەرمانبەر لە ئەمانەتی رۆشنبیری و لاوان دەستبەکار بووە.

- لە قۆناغی پێش راپەڕین سەرۆکی یەکێتیی نووسەران-لقی هەولێر و سەرنووسەری گۆڤاری (نووسەری کورد) و (کاروانی وەرزش) بووە تاکو مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩١.

- لەگەڵ دەرچوونەوەی رۆژنامەی (خەبات) پاش راپەڕین کراوەتە سکرتێری نووسینی ئەو رۆژنامەیە تاکو ساڵی ١٩٩٧.

- دامەزرێنەری چاپخانەی (خەبات) بووە لە دهۆك لەنێوان ساڵانی ١٩٩٧-٢٠٠٠.

- سەرنووسەری رۆژنامەی خەبات بووە لەنێوان (٢٠٠٠-٢٠٠١).

- لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٦ بۆتە سەرنووسەری گۆڤاری (صوت الاخر) کە لە هەولێر بە زوبانی عەرەبی دەرچوو تاکو ٢٠١٦/١٠/٢٦ کە تێیدا گۆڤارەکە راگیرا.

- ئەندامی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

- نووسەر و رۆژنامەنووسێکی بەتوانا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و وەرگێڕێکی بەتوانا و هونەرمەندێکی بەسەلیقە و خۆشنووسێکی دیار و لە کەمانچە ژەنیشدا هێمن و بەسەلیقە بوو.

- هەرسێ زوبانی کوردی، عەرەبی، فارسی زانیوە.

- ئەو بەرهەمانەی کە نووسیویەتی و وەریگێڕاون:

١. هوامش على سفر ثورة أيلول-نووسین.

٢. خاکی نەفرەت لێکراو-وەرگێڕان.

٣. کەر لە وڵاتەکەی خۆتاندا نییە-وەرگێڕان.

٤. برایم زەبۆك-وەرگێڕان.

٥. فس فس پاڵەوان-وەرگێڕان.

- پێش نیوەڕۆی رۆژی ٢٠١٩/١/٢٨ لە هەولێر کۆچی دوایی کرد.

## سعيد يحيى
## ئەو نووسەر و رۆژنامەنووسەی کە بە بێدەنگی ژیا و بە بێدەنگی کۆچی دوایی کرد

لە سالآنی کۆتایی شەستەکاندا (١٩٦٨-١٩٧٠) کە هەمیشە گوێگرێکی (موزمنی) رادیۆی (دەنگی کوردستان) بووم، بە هەردوو بەشە کوردی و عەرەبییەکەی بە شێوەیەك ئاشنا و جۆری دەنگی پەخشکەرانی رادیۆکە بووم بە شێواز و جۆری پەخشەکەش ئاشنا ببووم، سەرەڕای ئەو هەڵمەتە شێواندنەی (تشویش) کە گوێگری بێزار دەکرد، بەتایبەتیش بەهۆی ئەو گۆرانییە بێزارکەرە (هانی هانی) کە وەکو دێوەزمەی پەخشی رادیۆکە بوو، بەلاّم چونکە خولیای بەردەوامی گوێگرتن بووم، بەرنامەی کاری رۆژانەمان بەتایبەتیش لە پشووی هاویناندا، چونکە لە بەغدا ئەوکاتە کە ئێمە قوتابیی زانکۆ بووین کەمتر دەپرژاینە سەر ئەم بابەتە سەرەڕای دووری و کەم بیستنی رادیۆی شۆڕش گەرچی من بۆ ئەم بابەتە رادیۆیەکی نیمچە ناوەندیی جۆری (ماسکۆت)ـی ژاپۆنیم هەبو کە ناوە ناوە دوای گەڕانێکی زۆر دەتوانرا سەرەرداوێکی هەواڵەکانی شۆڕشم دەسکەوێ.

هەندێ لەو دەنگانەی کە هەواڵ و بەرنامەیان پەخش دەکرد بە جۆرێك لە جۆرەکان ناوەکانیان لای هەندێکمان دەزاندرا کە بریتی بوون لە خوالێخۆشبووان (عوسمان سەعید، رەفیق چالاك ، حەمە فەرەج) سەعید یحیی و کاك بارزانی مەلا

خالید (تەمەن درێژ بێت)، دەنگ و جۆری پەخشی هەواڵەکان زۆر کاریگەر بوون بەتایبەتیش بۆ ئێمەی قوتابییانی سەر بە ڕێبازی شۆڕش.

پاش مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ و داننان بە ماف ئۆتۆنۆمی بە کوردستان کەشوهەوایەکی تازە هاتە ئاراوە کە تێیدا پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (یەکێتی قوتابییانی کوردستان، یەکێتیی لاوان، یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) کۆنگرەکانی خۆیان لە ناوچە ئازادکراوەکان گرێ دەدا و بەرنامەی کاری تازەیان دادەڕشت.

لە ڕۆژی ١٩٧٠/٧/١٥ کاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابییانی کوردستان لە ڕۆژی یەکەمدا بەڕێوە دەچوو لە سەرەتای ڕۆژی کردنەوەی کۆنگرەکە دەنگێک زۆر بە سۆز و حەماسەوە کە لە ئامێری مایکرۆفۆنەکە دەبیسترا ساتی کردنەوەی کۆنگرەکە بەم رستانەی خوارەوە:

(نوێنەری جەنابی سەرۆك مستەفا بارزانی

میوانانی بەڕێز

ئەندامانی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابییانی کوردستان

سڵاوتان لێبێت

ئەمڕۆ لە کەشوهەوای پاش ڕێککەوتنی یانزەی ئازار دا دەژین کە تێیدا لە ئاکامی خەباتی بێ وچانی گەلەکەمان بە پێشڕەوایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی باوکی نەتەوەیی کورد مستەفا بارزانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان هاتە دی، قوتابییانی کوردستان کە یەکێتییە تێکۆشەرەکەیان (یەکێتی قوتابییانی کوردستان) لە ریزی پێشەوەی ڕێکخراوە کوردستانییەکان بووە چ لە کوردستان و چ لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عیراق وەکو داکۆکیکەرێکی سەرسەختانە لە ماف ڕەوای گەلەکەیان تێکۆشاوە ئەمڕۆکە لە ئاکامی خەبات و ماندووبوون و قوربانی دان کەشوهەوای ئازادی هاتۆتە کایەیوە کە تێیدا ئێوەی توێژی ڕۆشنبیر و تێکۆشەر کۆنگرەی شەشەمی خۆتان دەبەستن).

کاتێ برای پێشکەشکار بە زوبانی عەرەبیش هەمان رستەی دووبارە کردەوە زانیم ئەو دەنگە بەسۆزە هەمان دەنگی پێشکەشکاری هەواڵی رادیۆی دەنگی کوردستانە کە

لە راستیدا کەشوهەوایەکی سەرنجڕاکێشی دا بە ساتە سەرەتاییەکانی کۆنگرە، ئەوجا زانیم خاوەنی ئەو دەنگە هێمن و کاریگەرە کاک (سعید یحیی)یە.

پاش تەواوبوونی ڕێوڕەسمی دانیشتنی یەکەم لە کاک سەعید چوومە پێشەوە ئەو گفتوگۆیە هاتە ئاراوە:

**بەندە**: دەست و دەم خۆش کاک سەعید، من دەمێکە ئاشنای دەنگی تۆم لە رادیۆی دەنگی کوردستان و زۆریش حەز بە دەنگت دەکەم، تێبینیم دەکرد لە سالآنی پێشوودا لە کاتی پێشکەشکردنی هەواڵەکان قەت شپرزەیی و خێراییت پێوە دیار نەبوو سەرەڕای جۆری دەنگ سازی خوێندنەوەکانت، خۆشحاڵم بە ناسینت.

**سعید یحیی**: کاکی خۆم من تۆ دەناسم ئەو رۆژەی کە لە ماڵی فرەنسۆ هەریری لە گەلآلە برادەرێکی دیکەت لەگەڵ بوو (مەبەستی جەلال خۆشناو-نووسەر) منیش خۆشحاڵم بەم یەکتر ناسینە، هیوادارم کۆنگرەکەتان بە سەرکەوتویی کۆتایی پیٚ بێت و تۆش جێگای شیاوی خۆت وەرگریت.

لەو رۆژەوە ئاشنای کاک سعید بووم، ناوە ناوەش لە هەولێر یەکتریمان دەدیت، بەڵام ئەوەی زیاتر لێکی نزیککردینەوە قۆناغی دەستپێکردنەوەی شەڕی داسەپاوی بەعس بوو لە بەهاری ساڵی ١٩٧٤ کە ئەوکاتە ئەو لێپرسراوی ناوچەی رەواندزی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لەو سەردەمە دەزگای راگەیاندن پێش ئەوەی ئەمانەتەکانی شۆڕش (وەزارەتەکان) دابمەزرێن ناوە ناوە سەردانی شاری (رەواندز)م دەکرد بۆ بەسەرکردنەوەی ئەو (ئوتێلە گەشتیارییەی کە لەویٚ پاش رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠) درووستکرابوو، ئەوجا لەبەر نەبوونی جیٚ و رێی گونجاو ئەو ئوتێلە بۆ رۆژنامەنووسانی بیانی تەرخان کرابوو، بۆیە کاتیٚ کە سەردانی رەواندزم دەکرد سەرانی کاک سەعیدم دەکرد، کە بێگومان ئەویش ناوە ناو دەهاتە ناوپردان و برادەرانی دێرینی ئێزگەی دەنگی کوردستانی بەسەردەکردەوە پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول تاکو رۆژانی دوای راپەڕین کاک سەعیدم زۆر کەم دەدیت، چونکە بارودۆخی من لەو ماوەیەدا کە لە (کۆیە) گیرسابوومەوە کەمتر هاتوچۆی دەرەوەی کۆیەم دەکرد و مانەوەشم لە هەولێر شەوێك زیاتری نەدەخایاند ئەویش لەگەڵ هاوڕێیانی دێرینم خوالێخۆشبووان (جەلال خۆشناو، کەریم جەلال، دڵشادی شێخ نەجیب، عیمادی عەلی کەسرە) کە یانەی ئەندازیاران کۆیدەکردینەوە.

له دوای راپەڕین و دەرچوونەوەی رۆژنامەی خەبات بە زوبانی عەرەبی ناوە ناوە لە کۆیە سەردانی هەولێرم دەکرد کاتیٚ تەکلیفی ئیشێك دەکرام لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە یاخود کاتێك وتارێکم بە عەرەبی ئامادە دەکرد ئەوا یەکسەر پاش سەردان و سلاولێکردنی خوالێخۆشبوو مامۆستا (حەبیب محەمەد کەریم) کە سەرپەرشتیی رۆژنامەکانی پارتیی دەکرد (خەبات و برایەتی) یەکسەر رووم لە ژوورەکەی کاك سەعید دەکرد چونکە ئەوکاتە ئەو سکرتێری نووسینی رۆژنامەی (خەبات) بوو، دەتوانم بڵێم لە سەروتاری رۆژنامەکە بترازیٚ کاك سەعید بەو گیانە نووسەری و رۆژنامەنووسییە (خەبات)ی لەئامێز گرتبوو ناوە ناوەش بەگویٚ دا دەسپاندم (کەی واوەدێی) بەو مانایەی کە جارێکی دیکە تێکەڵاویم لەگەڵ کاری رۆژنامەنووسی دووبارە بکەمەوە.

بەندەش هەموو جارێك ئەوەم دووپات دەکردەوە (باوکم تەمەنی هەڵکشاوە و نەخۆشە بە هیچ شێوەیەك ناتوانم بەجێی بهێڵم).

کاتیٚ لە کۆنگرەی (١١)ی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو ئەندامی هەڵبژێردراوی ناوچەی کۆیە بەشداریم تێداکرد، لە رۆژی یەکەمی کۆنگرە لەگەڵ کاك سەعید لە گۆڕەپانی پێشەوەی (هۆڵی زەرد) بە دەمەتەقێیەکی هێمنانە پیاسەمان دەکرد لەسەر بارودۆخی کۆنگرە و رۆڵی پارتی لەو قۆناغەی پاش راپەڕین، لەوکاتە دا بە رێککەوت تووشی خوالێخۆشبوو مامۆستا (حەبیب محەمەد کەریم) بووین، یەکسەر پاش چاك و خۆشی رووی لە کاك سەعید کرد و گوتی (مقال مال کاك فرهاد أعجبني و وانشاءالله سيكون مكانه ضمن جوقة الإعلام في البارتي)، دیاربوو کاك حەبیب وتارەکەی منی خوێندبۆوە و بەدڵی بووە کە لە رۆژنامەی خەبات ژمارە (٦٧١)ی رۆژی (١٩٩٣/٤/١٤) بە زوبانی عەرەبی لەژێر ناوی "ليكن المؤتمر الحادي عشر للبارتي مؤتمرا للعمل".. منیش لە وەلامدا گوتم (المهم نجاح المؤتمر وتوجهاته وقراراته).

کاتیٚ لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣ داوام لێکرا پۆستی سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتیی رۆژانە و لێپرسراوی کارگێڕیی هەردوو رۆژنامەی خەبات و برایەتی بگرمە ئەستۆ پاش ئەوەی مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم بوو بە ئەندامی لیژنەی چاودێری و پشکنین لە کۆنگرە ١١ دا، لێرەدا قۆناغێکی تازە و دەوڵەمەند بە

لێك تێگەیشتن لەنێوان كاك سەعید یحیی و بەندا هاتە ئاراوە و زیاتر لێكی نزیك كردینەوە چونكە كاك فەلەكەدین كاكەیی لەبەر ئەوەی ئیشوكاری دیكەی حزبیی هەبوو تەنها هەفتەی جارێك سەردانی دەزگای دەكرد و بە مەبەستی نووسینی سەروتاری رۆژنامەی خەبات، بۆیە سەرپەرشتیكردنی رۆژنامەی خەبات بە زوبانی عەرەبی كاك سەعید یحیی وەكو سكرتێری نووسین لە ئەستۆی ئەودا بوو لەگەڵ ئەو ستافە كەمەی كە كاریان تێدا دەكرد، لێرەدا لەو قۆناغەی ناو هەولێر (١٩٩٣-١٩٩٥) و قۆناغی هاوینەهەواری مەسیف سەلاحەدین لە ١٩٩٥/١/١ تا كۆتایی ساڵی ١٩٩٦ و بەدواوەش تاكو گوێزرایەوە بۆ چاپخانەی خەبات لە دهۆك زیاتر و وردتر كاك سەعیدم ناسی وە زۆریش لێك نزیك ببووینەوە بەتایبەتیش رۆژانی هاوینەهەواری سەلاحەدین كە بارودۆخی ئێمە زۆر نالەبار بوو. كاك سەعید دەیزانی پەرۆشیی من بۆ دەرچوونی رۆژنامەكانی خەبات و برایەتی پاش (دەكردنمان لە هەولێر) هەموو مێشكی منی داگیركردبوو، بەلام ئەو زۆر بە هێمنی دەیگوت (با كوچك لە ئاگر گەرمتر نەبێت، پارتی ئەگەر دەركی بە زەرورەتی دەرچوونی رۆژنامە كرد خۆی بەدواماندا دەگەرێ، دیارە جارێ ماویەتی)، بەلام بەندە بەم هێوركردنەوەی كاك سەعید دڵم ئاوی نەدەخواردەوە وە لە وەلامدا دەمگوت (كاك سەعید سەركردایەتیی پارتی سەرقاڵی شەڕ و داكۆكی كردنە لە قەوارەی خۆی بێگومان شەڕی ناوخۆ كەرەستە و پارە و هیلاكیی زۆری دەوێ بۆیە ئەوان ناپرژێنە سەر ئەم بابەتە چونكە لای ئەوان چارەنووسی پارتی و دۆزی كورد لەو بەرگرییە دایە كە هەموو ئیمكانییاتی مرۆیی و پارەی بۆ تەرخان بكرێت، بەلام كاكی برا ئەوە ئەركی من و تۆیە كە بە تەنگ ئەو مەسەلەیەدا بچین و خەڵكی دیكە نایەت لەجیاتی ئێمە بیر لەو كارە بكاتەوە)، ئەوجا بە جووتە بۆ جارێك و دووان و سیان سەردانی ژوورەكەی خوالێخۆشبوو (سامی عبدالرحمن)مان دەكرد لە بارەگای مەكتەبی سیاسیی پارتی و دەردەدڵەكەمان بۆ هەڵدەرشت.

چیرۆكی دەرچوونەوەی هەردوو رۆژنامەی خەبات و برایەتی لە پەرتووكی (ئەزموونی رۆژنامەگەریم بە كوردی و تجربتی الصحفیە بە عەرەبی بلاوكراوەتەوە) وە لە هەمان كاتیشدا لە بیرەوەرییەكانم كە لەژێر ناوی (رۆژگارم ئاوا تێپەڕی كە لە دووتوێی دوو بەرگدایە بە دوور و درێژی باسی ئەم بابەتە كراوە بۆیە لێرەدا نایەمەوە

سەری)، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە کاك سەعید یحیی هەیە ئەو راستییەیە کە خۆی چەسپاندووە کە خوالێخۆشبوو سەعید یحیی رۆژنامەنووسێکی بەتوانا بوو، بە هەردوو زوبانی کوردی و عەرەبی، وە ئەگەر کەسانێك کاك سەعیدیان نەناسیبا ئەوا ئەو راستیەیان نەدەزانی، بۆیە کاتێك لە کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن بە سەرپەرشتیی سەرۆك مەسعود بارزانی باس لە دەستنیشانکردنی سەرنووسەرێك بۆ خەبات کرا لە یەکێ لە قۆناغەکان کە ئاڵوگۆڕیی تێدا هاتە ئاراوە، برادەرانی ئەندامانی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن چەند ناوێکیان پێشنیار کرد، بەڵام من لەو کۆبوونەوەیەدا تەنها رووم لە جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی کرد و گوتم (کاك سەعید ئەمڕۆ باشترین رۆژنامەنووسە بۆ ئەم شوێنە چونکە سەرەڕای سەلیقە رۆژنامەنووسییەکەی لە زوبانی عەرەبیش "يعتبر من الفطاحل").

لێرەدا سەرۆك مەسعود بارزانی هەندێ بە سەرسوڕمانەوە پێی گوتم (بە قەناعەتەوە دەڵێی سەعید من الفطاحل)ـە چونکە وشەی (فطاحل) تەنها بۆ زمانزانانی بێ هاوتا دەگوترێ، بەڵام بەندە دیسان جەختم لە قسەکەی خۆم کردەوە و گوتم بەڵێ بێ هاوتایە.

خوالێخۆشبوو سەعید یحیی لە زانینی زوباندا چ کوردی و چ عەرەبی بێ هاوتا نەبوو ئەگەر بێت و تەماشای سەراپای کار و چالاکییە هونەرییەکانی بکەی (وێنە، خۆشنووسی، مۆسیقا، وەرگێڕان چ لە تورکی و چ لە عەرەبی، سەرەڕای زمانزانینی) ئەو بێ هاوتاییەی کاك سەعید نیشان دەدەن دوور لە کاری نووسین و رۆژنامەگەری، تەنانەت بە گێرانەوەی نوکتە و قسەی نەستەق گەلێك بەتوانا بوو، هەمیشە رووداوەکانی بە بەیتە شیعرێك یاخود نوکتەیەکی پڕ لە مانا شیدەکردەوە، شارەزایی باشی لە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و تورکی دا هەبوو، عەزیز نەسین–ی زۆر بەدڵ بوو و هەندێ لە چیرۆکەکانی بۆ کوردی وەرگێڕاوە، کاتێ بۆ کاری رۆژنامەنووسی یاخود کارگێڕی سەردانی دهۆکمان دەکرد (چونکە ئەوکاتە هەولێر بەهۆی شەڕی ناوخۆ بۆ ئێمە بڤە بوو) نەمدەزانی کات چۆن تێدەپەڕی ئەوکاتەش ئەو ئۆتۆمبیلێکی جۆری بەرازیلی مۆدیل ١٩٨٨ هەبوو، قۆناغەکانی رێگامان کە ئەوکاتە لە نێوان سێ کاتژمێری دەخایاند لە هاوینەهەواری سەلاحەدینەوە بۆ دهۆك رێگامام چ لە ئاکرێ، گەلی بلان، بەرزایی بابلۆ، زاویتە، بە قسە و شیعر و نوکتە و رووداوەکان


بەسەردەبرد، کاتێکیش دەگەیشتینە زاویتە کە لای من دیمەنێکی ئەفسوناویی دەبەخشی چونکە ناوچەکە کە کاتێ لە بەرزایی بابلۆوە دەبێیتە خواری بۆ دهۆك دۆڵی زاویتەی دەورەدراو بە درەختی (کاژ) دەهاتە بەرچاو کە لەناوەڕاستیا ئەو کۆشکە قەشەنگ و دڵڕفێنەی زاویتەت دەدیت کە کاتی خۆی پادشای عیراق

لەبەر جوانی دڵڕفێنیی ناوچەکە ئەو کۆشکەی تێدا درووستکردووە کاك سەعید دەیزانی بەندە سەری سوڕماوە بە شوێن و پێگەی ئەم کۆشکە، زۆر جاریش بەگوێی کاك سەعیدم دەچرپاند کە بۆ شەوێکیش بێت حەز بە مانەوەی ئەو کۆشکە دەکەم. بۆیە کاتێ (فیستیڤاڵی خانی) لە هاوینی ساڵی ١٩٩٥ لە دهۆك و زاخۆ ئەنجامدرا کە تێیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆشنبیرانی کوردستان بە جیاوازیی بیروڕای سیاسی، ئاینی، نەتەوەیی لەو بارودۆخەی شەڕی ناوخۆ بەشدارییان لەو فیستیڤاڵە قەشەنگە کرد، بەندە لەبەر ئەوەی ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری فیستیڤاڵەکە بووم کە وای دەخواست لە خەمی دابینکردنی جێگا و شوێنی حەوانەوەی میوانان بووین شوێنی نووستن بۆ کاك سەعید و بەندە نەمابوو، کاتیش ئێوارە بوو بۆیە رووم کردە کاك سەعید و گوتم (چار چییە؟) کاك سەعیدیش بەو زەردەخەنە هێمنەی کە سیمای هەمیشەیی دەموچاوی ئەو بوو زۆر لەسەرخۆ گوتی (الحمد لله شوێنمان لە دهۆك بۆ دابین ناکرێ، خۆشبەختانە ئێستا دەتوانم ئارەزوویەکت بۆ بهێنمە دی کە دەمێکە لەگەڵ من باسی دەکەی، فەرموو سواربە با بڕۆین). بە بێدەنگی سواری ئۆتۆمبیلەکەی کاك سەعید بووین ئەوجا بەرەو بەڕۆژکێ چووین کاتێ لەوێ نەوەستاین رووم لە کاك سەعید کرد و گوتم (بەتەمای بمگەڕێنییەوە هاوینەهەواری سەلاحەدین) ئەویش زۆر لەسەرخۆ هاتە قسە و گوتی (پاش کەرەمی خوا بیرکردنەوە باشە تۆزێ سەبر بگرە و زۆری نەماوە). کاتێ گەیشتینە زاویتە لەبەردەم کۆشکەکەی پاشای پێشووی عیراق ئۆتۆمبیلەکەی راگرت کە ئەوکاتە وەکو چێشتخانەیەك پێشوازیی لە میوانان دەکرد، کاتێ لەو کارمەندە نزیك بووینەوە پرسیاری جێی مانەوەمان لێکرد ئەویش گوتی بەڵێ جێگای دوو نەفەرم هەیە، بەڵام دەبێ لێرەش نان بخۆن، کەشوهەوا رۆمانسیانەی زاویتە و لە پاشماوەی کۆشکی قەشەنگی پادشای عیراق سەردەمی پادشایەتی و دڵفراوانیی کاك عبداللە-ی کارمەندی ئەو چێشتخانەیە دوو شەوی زێدە خۆشمان تێدا بەڕێکرد،

کاتیٚ کاکە عەبدوللاَی کارمەند سەرەڕای شوشتن و ڕشاندنی درەختە کاژەکان دەبوو بیری نەدەچوو مریشکێکی خۆماڵیی بۆ دەکولاٚندین کە تاکو کاتژمێری نیوەشەو لەنێو دەنگی جوولاٚنەوەی درەختە کاژەکان و مۆسیقای ڕەژانی ئاوی ناو حەوزەکە هاوکات لەگەڵ دەنگە بەسۆزەکەی تەحسین تەها و محەمەد عارف جەزراوی تێکەڵ دەبوو خۆمان وەکو پاشای ڕەحمەتیی عیراق دەبینی کە ئەویش لەوانەیە لە چەند شەوێك زیاتر لەو شوێنەی بەسەر نەبردبیٚ، لە ڕێگای کاك عەبدوللاَی کارمەند دەمەویست پیاوێکی بەتەمەنی ئەم ناوچەیە ببینم بە مەبەستی پەیداکردنی زانیاری لەسەر مێژوو و چۆنێتی دروستکردنی ئەو کۆشکە.

بە کۆتاهاتنی فیستیڤاڵەکە کاتیٚ کاك سەعید و بەندە (کۆشکی پادشای عیراق)مان لە زاوینە بەجێهێشت گوتم (سەد ڕەحمەد لە گۆڕی ئەوەی ئێرەی دەستنیشان کردووە و کۆشکی لیٚ دروستکردووە و ئێمەی بۆ دوو شەو لە ئامێز گرت و تێیدا حەواینەوە کە بەڕای من دوو شەوی زێدە خۆش بوو کە هەرگیز لەبیر ناچنەوە). کاك سەعیدیش بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی (کاکی خۆم کارێکی چاکیان کردووە بۆیە بەر ڕەحمەتی تۆ کەوتن ئایا ئێمە شتێکی وامان کردووە یاخود دەیکەین ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەگەر ئێمە نەماین و باسکراین و کەمە ڕەحمەتییەکمان بۆ بنێرن).


ڕەحمەت لە گۆڕت برادەری دێرینم بێگومان سەرجەم کارەکانت کە بەشێك لە مێژووی کلتوور و فەرهەنگی گەلی ئێمەی تێدا دەوڵەمەند دەکریٚ شایانی ڕەحمەتن و ڕۆحت شاد.







**هاوینەهەواری پیرمام، ١٩٩٥/١٢/٢٠، بەشێك لە ستاڤی رۆژنامەنووسانی دەزگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات.**

**لە راستەوە: شکار عەفان، موخلص خۆشناو، سەعید یحیا، فەرهاد عەونی، سلێمان ئاژگەیی، شەماڵ ئاکرەیی**



**هاوینەهەواری زاویتە، هاوینی ساڵی ١٩٩٩**

**لە راستەوە: سەعید یحیا، رێکان فەرهاد عەونی، نووسەر**



**هەولێر–نووسینگەی سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی، ٢٠٠٠/١/٥**

**سەعید یحیا، فەرهاد عەونی، یاوەر نامق سالم**



**جەلالی عومەری سام ئاغا**

**ژیاننامە:**

- ساڵی ١٩٤١ لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی سەرشەقامی لەدایکبووە.
- هەرسێ قۆناغی خوێندنی لە سلێمانی تەواوکردووە.
- ساڵی ١٩٥٩ لە زانکۆی بەغدا–کۆلێژی بازرگانی و ئابووری وەرگیراوە و پاش چوار ساڵ خونێدن (١٩٥٩–١٩٦٣) ساڵی ١٩٦٣ کۆلیژی تەواوکردووە.
- لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥–١٩٦٦ کۆلیژی ئەفسەرانی ئیحتیاتی تەواوکردووە.
- لە ١٩٦٤/٥/٣١ وەکو ژمێریار لە فەرمانگەی پۆستەی سلێمانی (برید) دامەزراوە، پاشان گوێزراوەتەوە بۆ بانکی تیجاری.
- لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠–١٩٧٤) بۆتە بەڕێوەبەری کارگێڕی لە زانکۆی سلێمانی.
- لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووە و لە ئەمانەتی رۆشنبیری و راگەیاندن و لاوان وەکو بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی لەو ئەمانەتە دەستبەکار بووە تاکو نسکۆی شۆڕش لە ئازاری ساڵی ١٩٧٥.
- لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و گەڕانەوەی بۆ سلێمانی گوێزراوەتەوە بۆ بەغدا وەکو فەرمانبەر و ماوەی پێنج ساڵ و حەوت مانگ ماوەتەوە.
- ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ دوورخراوەکانی دیکە گەڕێندراوەتەوە بۆ کوردستان کە تێیدا ئەویش بۆ سلێمانی گەڕاوەتەوە.
- ماوەی ٤٧ ساڵ فەرمانبەری حکومی بووە و لە پلەی وەزیفی ژمێریارەوە دەستی پێکردووە.

- له ئیدارەی سلێمانی بۆتە وەکیلی وەزارەتی دارایی بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتیی هەرێم ژمارە ٢٧ لە ٢٠٠٠/١/٢٦.

- لە ٢٠٠٢/١١/٦ بۆتە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بۆ ماوەی ٨ ساڵ بە پلەی وەزیر.

- پاش چەندین جار لە داوای دەستلەکارکێشانەوە لە ڕێککەوتی ٢٠١١/٥/١٧ دەستی لەکار کێشاوەتەوە و خانەنشین کراوە.

- ئێستاکە لە سلێمانی لە گردی سەرچنار دەژی وماڵەکەی بۆتە دیوانی رۆشنبیر و سیاسەتکاران و هەڤاڵان و دۆستانی. ئەو ماڵەی لەسەر وەزارەتی تەندرووستیی هەرێمی کوردستان-بەڕێوەبەرایەتیی تەندرووستیی سلێمانی تاپۆ کردووە کە لە ئایندەدا بکرێتە نەخۆشخانەیەکی گشتی.

- ساڵانە لەو بڕە پارەیەی کە لە ئاکامی فرۆشتنی پارچە زەوییەکی ٢٠٠مەتری کە موڵکی خۆی بووە بە نرخی (٧٠,٠٠٠,٠٠٠) حەفتا ملیۆن دیار فرۆشتوویەتی، کۆی پارەکەی لە بانك داناوە ساڵانە ٩٠٪ی ئەو بڕەپارەیەی تەرخان کردووە بۆ ژمارەیەك لە فەرمانبەرانی لێهاتوو (متمیز) وە خانمی سالار لە سەرۆکایەتیی دیوانی چاودێری، ساڵانە بەسەریانا دابەش دەکرێت.

- گرنگترین بابەت لە ژیانی راستگۆیی و دەسپاکی بووە، لەو ماوەیەی کە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بووە ٢٧٢٠ راپۆرتی (لەگەڵ ستافی دیوان) لەسەر گەندەڵی ئامادەکردووە و (٨٦) لێپرسراو (لە پلەی جیاواز) داوەتە دادگا.

- مرۆڤێکی دیموکراتخواز و بێ لایەنە.

**( ٤٥ ) ساڵ لەنێوان جەلالی سام ئاغا و بەندە دا**

لە رۆژێکی تەڕوتوشی بەهاری ساڵی (١٩٧٤)دا لە ناوپردان ژوورەکەی خۆم کە لە تەنیشت ژوورەکەی شەهید (دارا تۆفیق)ەوە بوو دانیشتبووم، کە ئەوکاتە لە دەیەی یەکەمی مانگی ئازاردا بووین ئەم دوو ژوورە لە سەرەتادا بۆ رێکخستنی کاری راگەیاندن تەرخانکرابوو، پاش ئەوەی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول بە تەواوی هاتبووە ئەو قەناعەتە کە حکومەتی بەعس جارێکی دیکە گەڕ بە شۆڕشی کوردستان دەکات و شەڕی یەخەگیریی لەگەڵدا دەکات، چونکە وتوێژ و چوون و هاتنەکانی نێوان هەردوو لا نەگەیشتە ئاکام وەکو بەعس دەیەویست. ئێمەی راگەیاندکارانی کوردستانیش ئەوانەی لە ریزی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان حسێب دەکران پەیتا پەیتا هەندێکمان بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان هەڵدەکشان، بەتایبەتیش بۆ دۆڵی (باڵەکایەتی) کە ئەوکاتە پایتەختی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول بوو کە بریتی بوون لە شار و شارۆچکەکانی (گەلاڵە، ناوپردان، چۆمان، دەربەند رایات، بابەکراوا، ئازادی، حاجی ئۆمەران).

لە سەرەتادا و لەنێوەندی مانگی ئازاری ئەم ساڵە شەهید (دارا تۆفیق) لێپرسراوێتیی رێکخستنی سەرەتای کارە ئیدارییەکانی راگەیاندنی پێ سپاردم، چونکە لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٧٢)ەوە ئەرکی بەڕێوەبەری (دار التاخی) کە هەردوو رۆژنامەی (التاخی و برایەتی)ی تێدا دەردەچوو لە ئەستۆی بەندە دا بوو، کە تێیدا

کاکە دارا سەرنووسەری هەردوو ڕۆژنامەکە بوو زۆر باشیشی دەزانی کە بە چ گیان و لێپرسراوێتییەوە کار و ئەرکەکان هەڵدەسووڕێنم و بەڕێوەی دەبەم.

بارەگا کاتییەکەی ڕاگەیاندن لە سەرەتادا ئەو دوو ژوورە بوو کە تێیدا ژووری یەکەم بۆ لێپرسراوی ڕاگەیاندن کە ئەویش کاکە دارا بوو تەرخانکرابوو، ژووری دووەمیش هی (بەندە) بوو لەگەڵ مێزێك و چەند کورسییەکی ئاسن کۆیکردبووینەوە، سەرەتای کارەکان تەنها وەرگرتن بوو (استعاب)، وردە وردەش ئامادەکاری بۆ پەخشی تەواو ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەکرا، کە کۆمەڵێك لە نووسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و شاعیری سەرقاڵ کردبوو بە مەبەستی پەخش تاکە دەنگیی شۆڕش ڕادیۆی (دەنگی کوردستان) بوو.

لە سەرەتایەکانی ڕۆژانی وەرزی ئەو بەهارە ناوە ناوە ئەوانەی پەیوەندییان بە شۆڕشەوە دەکرد بەتایبەتیش ئەو برایانەی کە لە ڕاگەیاندن و کاری ڕۆشنبیرییەوە نزیك بوون بۆ ناو نووسین یاخود دیدەنی کاکە دارا سەریان بە ژوورەکەی من دا دەکرد، کە تێیدا برایان (ئەنوەر عەبدوللا و عەبدولقادر حەمەد ئەمین) هاوکارم بوون لە سەرەتادا بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی وەرگرتن و تۆماری ناوەکان، لەو کات و ساتەدا دەمەو عەسرێکی درەنگی ڕۆژێکی باراناویی ئەو بەهارە بوو سێ برادەر کە هیچیانم نەدەناسی هاتنە ژوورەوە پاش سلاوکردن و بەخێرهێنانیان کاتێ لێیان وردبوومەوە لە قسە و جلوبەرگ و بەستنی جەمەدانییەکانیان بە خەڵکی شاری سلێمانی خۆیان نیشان دەدا، دیاربوو حەزیان بە دیدەنیی کاکە دارا دەکرد، ماوەیەکی باش لامان دانیشتن بە قسە و هەواڵی سلێمانی و دەوروبەری و دەستپێکردنەوەی شۆڕش کاتمان بەڕێدەکرد، ناوە ناوەش تەماشای دەفتەرەکەی بەردەمم دەکرد بۆئەوەی ناوەکانیان لە کاتی گونجاودا بۆ کاکە دارای بنێرم، کە پاش خۆناساندن بەدیارکەوت یەکێکیان کاك (جەلالی عومەری سام ئاغا) بوو کە بەڕێوەبەری کارگێڕیی زانکۆی سلێمانیی ئەو سەردەمە بوو، دووەمیانیش کاك (کەمال ئیبراهیم)ی فەرمانبەری یەکێ لە دائیرەکانی سەر بە وەزارەتی بازرگانی یان دارایی بوو، بەڵام سێیەمیانم بیر نەماوە کە کێیە و ناوی چی بوو.

سەرەتای ناسینی من و کاك جەلالی سام ئاغا بۆ ئەو ڕۆژە و ئەو سەردەمە پیرۆزە دەگەڕێتەوە کە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆش و تا نووسینی ئەم چەند دێڕە نێوانمان (دوو

برا و دوو هاوڕێ و دوو برادەری زۆر لێك نزیكین)، سەردانی یەكتری و پەیوەندیی تەلەفۆنیمان بە بەردەوامی ماوەتەوە و دەمێنێ.

لە رۆژەكانی شۆڕشی ئەیلول و قۆناغی سالآنی ١٩٧٤-١٩٧٥ كاك جەلال و بەندە رۆژانە زیاتر لێك نزیك دەبووینەوە، كە لە سەرەتادا پاش رێكخستنی كاروباری شۆڕش و دامەزراندنی ئەمانەتەكان (وەزارەتەكان) كە تێیدا ئەمانەتی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان یەكێك لەو ئەمانەتانە بوو كە هەر لە سەرەتاوە زوو كەوتە كاركردن و رێكخستنی دامەزراوەكانی بوو كە ئەمیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

- ئەمینی گشتیی ئەمانەت — شەهید دارا تۆفیق
- جێگری ئەمینی گشتی — د. كەمال مەزهەر
- بەڕێوەبەری گشتیی كارگێڕی و دارایی — جەلالی عومەری سام ئاغا
- بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندن — خوالێخۆشبوو فەلەكەدین كاكەیی
- بەڕێوەبەری گشتیی رۆشنبیری — تەڵعەت نادر
- بەڕێوەبەری گشتیی لاوان — فەرهاد عەونی

كە تێیدا لەنێوەندی ئەو بەڕێوەبەرییە گشتییانە سەدان رۆشنبیر، ئەدیب، شاعیر، رۆژنامەنووس، وەرگێڕ، زمانزان، موزیكوان، ئەكتەر، هونەرمەندی شێوەكار، كارمەندی ئیداری و پێشمەرگەی پاسەوان كاریان تێدا دەكرد، هەر بەڕێوەبەرایەتییەكیش ئەركی خۆی رۆژانە بە تەواوی جێبەجێ دەكرد، لێرەدا نامەوێ بچمە نێو پانتایی كاری ئەو ئەمانەتە كە رۆڵی پێشەنگی دەبینی چ لە رووی كارگێڕی و دارایی چ لە رووی هونەری و پەخشی رادیۆیی و چاپەمەنی، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە رۆڵی و ئەو برا دڵسۆز راستگۆ و پاك و بێگەردەیە كە توانی ببێتە (كۆڵەكە)ی ناوەندی ئەم ئەمانەتە بەرچاوە كە ئەویش برای هێژامان كاكە جەلالی عومەری سام ئاغا بوو.

كاك جەلال هەر لە سەرەتاوە مرۆڤێكی زۆر بە دیسەپڵین بوو سەرەڕای كارگێڕیەكی نموونە لە كاروباری رۆژانەدا كە تێیدا سەرجەم كارمەندان حسابیان بۆ دەكرد چونكە رێزی لە هەموو كارمەندان دەگرت بەوپەڕی خۆشی و راستگۆییەوە كارەكانی بۆ جێ بەجێ دەكردن، بەڵام لە هەمان كاتیشدا بە شێوازێك وردبینیی لە

فەرمانە کارگێڕییەکان و لیستی حیسابات دەکرد کە بە هیچ شێوەیەك کاری نا درووست و خواری بەسەردا تێنەدەپەڕی، هەمیشە بە دەستەواژەی (کاکی خۆم) بابەتەکانی یەکلا دەکردەوە.

لەو سەروبەندە دا (د. کەمال مەزهەر و خوالێخۆشبووان د. کەمال خەیات و د. دارا ڕەشید جەودەت لەگەڵ سیروان عەبدوڵڵا سەعید و بەندە) پێکەوە لە یەکێ لە خانووەکانی ناوچەی ئازادی دەژیاین ژیانمان پێکەوە بوو، کاك جەلال و بەندە زۆر لێك نزیك بووین، شەوانە بە گوێگرتن لە ئێستگەکان و ئاڵوگۆڕی شەپۆلی رادیۆیەکان سەرقاڵی دەکردین، سەرەڕای خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی کە ئەوکاتە دەکەوتنە بەردەست، زۆر جار کاك جەلال کارە کارگێڕییەکانی شەوانە دەهێنایەوە ماڵ، کە من بۆ خۆم ئەم دیاردەم لە دوو لێپرسراوی شۆڕش دەدیت کە ئەم کارەیان بە رۆژ و بە شەو ئەنجام دەدا یەکەمیان (خوالێخۆشبوو کاکە خەسرەو تۆفیق)ی زێدە دڵسۆز و پاك و بێگەرد و بەتوانا بوو، دووەمیشیان (کاك جەلالی عومەری سام ئاغا) بوو وەکو لەپێشەوە ئیشارەتم پێداوە، بۆ بابەتی حیساب و پارە و خەرج و وردبینی برا و برادەری نەدەناسی، بە هیچ شێوەیەك هەڵەی بەسەردا نەدەڕۆیشت، بۆ نموونە لە سەفەرێکدا بۆ (تاران) کە سیروان عەبدوڵڵا سەعید و بەندە تەکلیف کرابووین بۆ کڕین و هێنانەوەی پێداویستییەکانی ئێستگە و چاپخانەی شۆڕش و ئیدارە کە ماوەی (٢٢) رۆژی پێچوو، چونکە کەلوپەل و وردە کارەکان یەگجار زۆر بوون کە تێیدا رۆژانە ڕەزامەندیی دەزگا پەیوەندیدارەکانی دەویست لەتەك ئاغای (کیسەچی)دا کە ئەو سەردەمە (کیسەچی) نوێنەری یەکێ لە دەزگا تایبەتییەکانی حکومەتی ئێران بوو بۆ ڕێکخستنی کارەکانی شۆڕش. لە گەڕانەوەماندا لەنێوان هەردوو سنووری دەستکرد دا ڕێك لەنێوان گوندی شیوەڕەش و سنووری وڵاتی ئێران کە بەندە و سیروان هەر یەکێمان لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری گەورە سوار ببووین لەو کات و ساتەدا تووشی کاکە دارا بووین، کە بەرەو ئێران دەچوو، ئۆتۆمبێلەکانمان ڕاگرت و ئێمە هاتینە خوار، کاکە داراش بە هەمان شێوە، کاتێ کاکە دارا ئەو هەموو کەلوپەلەی دیت کە بە دوو ئۆتۆمبیلی سەربازیی گەورە هێناومانەتەوە خۆشحاڵیی خۆیی دەربڕی و گوتی: (کارێکی زۆر چاکتان کردووە، دەستتان خۆش بێت کەلوپەلەکان لە حاجی ئۆمەران لای کاکە ئەحمەد حاجی دابنێن و تەسلیم بە ئەوی بکەن، بە دەورر و

تەسلیم، پاشان ئێمە دەیگوازینەوە بۆ کۆگای تایبەتیی چاپخانە و ئێستگە، بەڵام پێم بڵێن ئەم ئۆتۆمبێلانەتان چۆن دەستکەوتووە؟) ئێمەش (بەندە و سیروان) لە وەڵامدا گوتمان (لە تاران پاش داواکردنی ئێمە ئاغای کیسەچی بۆی جێبەجێکردین، لە تارانەوە بۆ حاجی ئۆمەران چونکە هێنانەوەی ئەو جۆرە کەلوپەلانە ڕەزامەندیی تایبەتیی دەویست)، بۆیە کاتیٚ کاکە دارا گوێبیستی قسەکانمان بوو یەکسەر گوتی: (مادام وایە یەکی هەزار تومەن کە ئەوکاتە بەرامبەری پەنجا دیناری خۆمان بوو وەکو پاداشت پێیان بدەن و نانی نیوەڕیان بۆ دابین بکەن)، کارەکانمان وەکو ئەو گوتی جێبەجیٚ کرد و پاداشتەکانیشمان بە شۆفێری ئۆتۆمبیلەکان دا.

دوا قۆناغی کۆتا هاتنی ئەم بابەتە (حیساب و کتاب بوو) لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی دارایی و کارگێڕی کە ئەویش کاك جەلالی عومەری سام ئاغا بوو، کە لە سەرەتادا گوتی (حساباتی ئێوە سەرێکی سارد و کاتێکی ئارامی دەویٚ چونکە مەسروفاتەکە زۆرە و ورەکاریی زۆری تێدایە، جاریٚ با لەپێشەوە ژمێریار کاك (بەختیار جیاووك) بیبینیٚ و تێبینیی خۆی بنووسیٚ، شەو کە چووینە ماڵەوە کاتێکی باشی بۆ تەرخان دەکەین بە مەبەستی (تەسویە)کردنی).

هەمان شەو هەرسێکمان کاك جەلال و سیروان و بەندە لەبەر چرا و لالە نەوتییەکە سیٚ قۆڵی پەڕ بە پەڕ و وەسڵ بە وەسڵ بە قەڵەمێکی سوور شەن و کەو کرا، بەڵام لە دوا بڕگەدا کە پاداشتی (١٠٠) دینارەکەی دوو شۆفێرە ئێرانییەکە بوو، کاك جەلال لەسەری ڕاوەستا و گوتی:

(|براینە ئەم سەد دینارە وەسڵی نییە ناتوانم تەسویەی ئەم حیساباتە بکەم، باشە ئێوە چۆن سەد دینار دەبەخشن بەبیٚ ڕەزامەندی و بەبیٚ وەسڵ، ئەمەیان لە قتووی هیچ عەتارێکدا نییە دەبێت لەسەر ئێوە حیساب بکرێت چونکە لەگەڵ ئوسوڵی حیسابات یەك ناگرێتەوە).

منیش لە وەڵامدا بە کاك جەلالم گوت: کاکی برا ئەم سەد دینارە لە سنوور و لەسەر ڕێگای گشتی بەم دوو شوفێرە دراوە بە ئەمری ئەمینداری گشتی کە ئەویش (کاك دارا تۆفیق)ـە کە بەرەو ئێران دەچوو، هیچ مەعقولییەتیشی تێدا نییە ئێمە لەو کات و ساتەدا داوای وەسڵ لە دوو شوفێری سەربازی بکەین کە بە فەرمان هاتوونەتە کوردستان، برا چۆن شتی وا دەکریٚ!.

کاك جەلال: براینە قسەکانتان راستە من نکوڵی لە راستگۆیی و دەستپاکی ئێوە ناکەم، بەڵام من چۆن دەتوانم شوێنی ئەو سەد دینارە بکەمەوە کە وەسڵی تایبەتی و رەزامەندیی لەگەڵ نییە، کاکینە ئەمە حساباتە حسابات.

لە وەڵامدا بە کاك جەلام گوت: کاك جەلال مەسەلەکە (تەعقید) مەکە چۆن چارەسەری ئەم بابەتە بکەین.

کاك جەلال: هەر سبەینێ هەردووکتان بە جووتە سەردانی کاك دارا تۆفیق بکەن و داوای لێ بکەن بە نووسراوێك کە ئاراستەی ئێمەی بکات و تێیدا بە (صریح العبارە) بنووسرێ کە ئەو فەرمانی بە سەرفکردنی ئەو سەد دینارە داوە، بیرتان نەچێت لە نووسراوەکەدا مێژووی پێدانی پارەکەش بنووسرێ.

بەهەرحاڵ بەیانی لەسەر داوای کاك جەلال سەردانی کاکە دارامان کرد و مەسەلەکەمان بۆ باس کرد، پاش نەختێ کاکە دارا بە زەردەخەنەیەکەوە دەستی بۆ سەروپرچی برد و زۆر بە هێمنی گوتی (باشە خۆ ئێوە و کاك جەلال لە یەك خانوو دەژین هاوڕێ و دۆستی یەکترین و ئاگاداری پارەکەیە، بۆ حساباتەکەتان تەسویە ناکات، خۆ حیساباتی (بلانجۆ) نییە، پێی بڵێن بە رەزامەندیی من ئەم پارەیە سەرف کراوە و پێویستیی بە نووسراوە رەسمی نییە).

بەندەش لەسەر خۆ بە کاکە دارام گوت: کاك دارا ئێمە ماوەی چەند مانگێکە پێکەوە لە ئازادی لە یەك خانوو دەژین، دۆست و برادەری یەکترین، بەڵام کاك جەلال لە حیساباتا حیساب بۆ هیچ ناکات غەیری وسوڵات و وردبینی لە حیسابات، نووسراوەکەمان بۆ بکە دەنا بەخوا دەبێتە چیرۆکی (عەنتەر).

کاك دارا دیسان زۆر لەسەرخۆ گوتی: راستە دەبێت حیسابات وابێت بۆیە هەموو (سەڵاحیاتێکم) بە کاك جەلال داوە، باوەڕیش ناکەم لە هیچ ئەمانەتێکی دیکە وەکو ئێرە کارەکان وا بە رێکوپێکی بڕوات چونکە خەڵکانی وەکو کاك جەلال و ئێوە و ئەو کارمەندە دڵسۆزانە بەم شێوەیە کاری تێدا دەکەن.

کاتێ نووسراوەکەی ئیمزاکرد لە پەراوێز بە دەستی خۆی ئەم دێڕەی نووسی "کاك جەلالی بەڕێز زۆر سوپاس بۆ تێبینییەکانت هیوادارم نموونەتان زۆر بێت".

رۆژانی پاش ١٩٧٥/٣/٦م بیر ناچێ کە تێیدا شۆڕش تووشی کارەساتێکی جەرگبڕ بوو لە ئاکامی ئەو خیانەتەی کە بەرامبەر گەلی کورد کرا کە

بەرێككەوتننامەی جەزائیر ناوزەد دەكرێ كە تێیدا هەردوو دوژمنە كۆن و قین لە دڵەكە (عیراق و ئێران) رێككەوتن كە ئەوكاتە لە حیسابی سەركردە و سیاسەتمەداران و ئێمەدا نەبوو، لەپڕ كۆتاییان بە ئامانج و هیوا و خەونی كورد هێنا، رۆژی پاشتر بەرەو بارەگای راگەیاندن بە دڵشكاوییەوە بۆ لای كاك جەلال چووم، لەو كاتەدا ناسر زاهر حسێن لای كاك جەلال دانیشتبوو سەرقاڵی وردبینیی دۆسییەیەكی كارگێڕی بوون، كاتێ سڵاوم كرد كاك جەلال یەكسەر دەموچاوی خوێندمەوە و گوتی (قوربان سیاسەتیش حساباتی خۆیی هەیە كە ئەویش هەڵە قبووڵ ناكات، وا دیارە ئێمە بە هەڵە دۆستەكانمان خوێندۆتەوە كە ئەم دیاردەیەش هەمیشە قەدەری كورد بووە)، بۆ چەند كاتێك كەوتینە بێنەوبەردەی سیاسەت و بارودۆخی ئەم رۆژە بەو هیوایەی مەسەلەكە بە شێوەیەكی دیكە گوزەر بكات كە تێیدا (دەریچە)یەك بۆ شۆڕشی كورد بدۆزرێتەوە.

قەدەری كاك جەلال و بەندە و سەدان هەزاری وەكو ئێمە بە گەڕانەوە بۆ عیراق شكایەوە، بۆیە هەر زوو سەری كاك جەلالم دا لە سلێمانی كە ئەوكاتە ماڵی باوكی لە گەڕەكی سەرشەقام بوو، كاك جەلال هەندێ جار (طقوس)ی تایبەتیی خۆی هەیە، بەتایبەتی ئەگەر (دیوە نەرێنییەكەی رۆژگار لە ئارادابوو) كە ئەویش جۆرێكە لە (مانگرتن) لە ژیان، لە دەوروبەر، لە خۆشی و تێكەڵاویی دەرەوە، بەتایبەتی لەو كاتانەی ئەو لە سلێمانی بوو مرۆڤ وای هەست دەكرد كاك جەلال ئەو خۆی بە هۆكاری نسكۆی شۆڕشی ئەیلول دەزانی كە بێگومان ئەم بۆچوون و دیاردەیە تەنها (لە دڵسۆزان و خەمخۆرانی وڵات) بەدی دەكرێ.

پاش دوورخستنەوەی لە سلێمانی كە پێشووتر بەڕێوەبەری كارگێڕیی زانكۆی سلێمانی بوو بووە فەرمانبەرێكی ئاسایی لە وەزارەتی بازرگانی لە بەغدا، لە یەكەم سەردانم بۆلای ئەو دائیرەكەی لە نزیك (ساحەی الخلانی بوو) لە ژوورێكی ئاسایی كە سێ مێزی ئاسنی رەقوتەقی لێبوو لەگەڵ فەرمانبەرێكی بە رەگەڵ عەرەب، دیمەنەكەم لا سەیر نەبوو، بەڵام جۆرە خەم و دڵگرانییەك دایگرتم كە كاك جەلالم لە سێ دیمەندا دەهاتە بەرچاو، دیمەنی یەكەم زانكۆی سلێمانی و ژوورە رێكوپێكەكەی كارگێڕی بوو نزیك لە دەفتەری سەرۆكی زانكۆ، دیمەنی دووەم ژێر چادرەكەی راگەیاندنی شۆڕش بوو لە كوردستان كە بە پانتایی دوو بە سێ مەتر كە لەژێری چاڵێكی بۆ هەڵكەندرا

بوو به مەبەستی پاراستن لە بۆردومانی تەیارە کە تێیدا کاك جەلال خاوەن فەرمانی ڕاست و درووستی حیسابات و کارگێڕی ئەو ئەمانەتەی شۆڕش بوو، دیمەنی سێیەمیش ئەو دیمەنە بوو کە تێیدا کاك جەلالم بە (نامۆ) لەو شوێنە لە بەغدا دەهاتە بەرچاو، بە چاو لێك تێگەیشتن دۆخەکەم خوێندەوە، تا کۆتایی دەوامماینەوە پاشان لە لای (ساحە الطیران)ـەوە بەرەو ماڵەکەی هەنگاومان نا کە لە دەوروبەری شەقامی (النضال لە گەڕەکی بەتاوین) بوو کاتێ گەیشتینە ماڵەکەی کە بریتی بوو لە ژوورێکی پان و بەرین جگەرەیەکم داگیرساند و بەدەمیەوە پرسیارێکم ئاراستە کرد (دەبێت کەی ئەم گەمەش کۆتایی پێ بێت؟!)، وەڵامەکەی کاك جەلال لەو رۆژەوە تاکو رۆژانی ئەمڕۆ ئەوەیە کە هەمیشە دەیڵێتەوە (سەدان ساڵە ئێمە بەم دەردە دەناڵێنین کە سەرکردایەتیی سیاسی کورد لە زەمان و مەکانی جیا دا خوێندنەوەیەکی بابەتیانەیان نییە بۆ دۆزی گەلەکەیان، نەخۆشییە خۆییەکانیش بە بەردەوامی لەگەڵمان دەژی، وەکو شانەی شێرپەنجەیە بە هێمنی جەستەمان دەخوات، نەخۆشییەکانیش بریتین لە گەندەڵی، خۆ بە زڵ زانین، قبووڵ نەکردنی یەکتر، شەڕی برا و خۆکوژی، بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی ئەم میللەتە، دەوڵەمەند بوونی سەرکردەکانی لەسەر حیسابی خوێنی شەهیدان و تێکۆشەران، سەرەڕای نەخوێندنەوە و دەستنیشان نەکردنی دۆست و دوژمن لە هاوکێشە سیاسییەکاندا، غیابی عەقڵ و مەنتق کە هەمووی وەکو رۆژی رووناك دیارە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش حزبایەتیی سەقەت و تەسکی بێ مانا، بۆتە پردی پەڕینەوە بۆ مەبەستێك کە نێوانی دووری ئاسمان و رێسمانە، دوور لە کوردایەتی، سەرەڕای ئەو هەموو نەخۆشیانەش سەرکردەکان نە بە (مەنتق، عەقڵ، بەرژەوەندیی باڵا، کوردایەتیی راستەقینەی بێ غەل و غەش، جیانەکردنەوەی دۆست و دوژمن، شەڕ بە کۆنە قین) بیریان نەك هەر لە چارەسەر کردنی ئەو دیاردە و نەخۆشییانە نەکردۆتەوە بەڵکو خۆشی لێ گێل دەکەن، کۆمەڵگا شێواوە، وەفا و راستگۆیی خەریکە لەم کوردستانە بار دەکا، خۆ دەوڵەمەندکردن لەسەر حیسابی موڵك و میللەت مەیدانی هەمیشەییانە، نا ئومێدی، جنێودان، تووڕەبوون، کۆچکردنی بە کۆمەڵ بۆ دەرەوەی وڵات، لێك ترازانی خێزان سیمای ئاشکرای رووی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستانە، تەنانەت لەناو سەرکردایەتیی یەك حزبیش تەبایی باری کردووە، ئەوجا نازانین بۆ ئێمەی (خەمخۆر) قوڕی کوێ بەسەری خۆماندا بکەین).

پێش و پاش راپەڕینیش لەگەڵ کاك جەلال بە بەردەوامی یەکترمان بەسەرکردۆتەوە، لە سەرەتای شەڕی ناوخۆش ١٩٩٤ کاك جەلال کەوتە ناوەندی ئەو لیژنەیەی کە بۆ لەعنەت لە شەڕی خۆ کوژی و سەقامگیریی ئاشتی لە کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێك لە خەمخۆرانی ئەم وڵاتە لە سلێمانییەوە سەردانی هەولێریان کرد، لە ئوتێل هەورامان دوو بە دوو لەو کات و ساتەدا یەکترمان گرتەوە، ئاخەکانمان یەك بوون، خەمەکانیشمان هەر یەك بوون، پەرۆشیش بۆ بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستانیش هاوڕای تەواوی یەکتری بووین، بەڵام (ئیرادەی شەڕ لەسەر پاوانکردنی دەسەڵات و پارە لەم وڵاتە لەلایەن هەردوو زلهێزەکەوە ئامانجی سەرەکیی ئەو رۆژگارەی پاوانخوازان بوو، بۆیە نەدەکرا و نەدەلوا ئیرادەی خێر و ئاشتیخوازی سەربگرێت)، بەڵام دیسان کاك جەلال وەزیفە و لێپرسراوێتیی حکومی بۆ ئەوە تەرخانکردبوو کە بتوانێ (گەندەڵی بە هەموو مانا و وشەوە) لەگۆڕ بنێ و هەمیشە درووشمی (دەبێت شۆڕشێك دژی گەندەڵی و گەندەڵکاران بەرپا بکەین)، شۆڕشەکەی بەرپاکرد، گۆمەکەی بەتەواوی شڵەقاند، راپۆرتەکانی کە لە ژمارە نایەن خەڵکانێکی زۆری تووڕە کرد، ئاگرەکەی پەڕییەوە بۆ تەواوی هەرێمی کوردستان، راپۆرتەکانی، دیمانە رۆژنامەوانییەکانی، نامەکانی کە ئاراستەی لێپرسراوانی گەورەی کوردستان دەکرد ئەو دەست و ئەودەستی دەکرد، ئەگەر ئیرادەی راستەقینە هەبا دەژی گەندەڵی خەریکبوو کودەتایەکەی سەری دەگرت، بەڵام بەتەواوی هەوڵەکان سەرنەکەوت عەرشەکەی (عەرشی گەندەڵکاران)ی پێ تێکنەدرا، بەڵام ئەو توانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هۆشیار بکاتەوە و هێزی بەرەنگاربوونەوەی زیاتری پێ بەخشین، بۆیە ناونرا (پیاوە سپییەکە).

ئەوکاتەی بەندە نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو، وتارێکم بە زمانی عەرەبی لە گۆڤاری (الصحفی) ژمارە (   ٦٩)ی مانگی ئەیلولی ٢٠١٠ نووسی لەژێر ناوی "الحرص على المال العام من ساسون حسقيل إلى جلال عمر سام آغا وللتاريخ لسان" تێیدا باسم لە یەکەم وەزیری دارایی عیراقی (ساسون حسقیل) کردبوو کە لە وەزارەتی (طالب النقيب)ی یەکەم و دووەم لە ١٩٢٠-١٩٢٤ دواتریش بۆ چەند ساڵێك بە وەزیری دارایی مایەوە کە ئاشکراشە کا ساسۆن لە نەتەوەی جوولەکە بوو، هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنیشی بۆ ئەم وەزارەتە گرینگە دەستپاکی و لێهاتوویی

ئەو پیاوە بوو کە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆش بووەتە (سومبول)ی پاکی و خاوێنی ئەو مرۆڤە کە تێدا بە دەیان جار لەگەڵ سەرۆك وەزیران و وەزیرانی ئەو سەردەمە بۆ دە دینارێك کەوتۆتە (مەیدانبازی) و ململانیێ، هۆکاری نووسینەکەشم (خانەنشین) بوونی هاوڕێم کاك جەلال بوو لە پۆستی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی چاودێریی دارایی، پاش مانەوەی حەوت ساڵ لەم ئەرگە کەورەیە کە بە مانای وشە گەورەبوو سەرەڕای گەورەیی کاك جەلال خۆی کە توانی بە شمشێری پۆلایینی بەرەنگاری (دیاردەی گەندەڵی ببێتەوە لە کوردستان) کە تێدا هیوای ئەوەشم خواستبوو کە یاسایەك هەبووایە کە ساڵی خزمەتی ئەو جۆرە مرۆڤانە تاکو تاقەتیان مابێت لەو شوێنانە بمێننەوە پاش ڕەزامەندیی خۆیان کە بێگومان لە بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستانە.

کاك جەلالم ئاوا ناسی لە قۆناغی دوا ساڵانی شۆڕشی ئەیلول بوو کە بە درێژایی ئەو ماوەیە هەردووکمان وەکو خۆمان ماوین سەرەڕای جیاوازیی (شوێن و پۆست) و دوو ئیدارەیی ئەم وڵاتە کە هەرگیزاو هەرگیز لای کاك جەلال و بەندە قابیلی قبووڵکردن نەبووە و نابێت.

هەروەها لە گۆڤاری "الصحفي" ژمارە (٦٩) لە ئەیلولی ساڵی ٢٠١٠ بابەتێکم بە زوبانی عەرەبی لەژێر ناوی "الحرص على المال العام من ساسون حسقيل إلى جلال عمر سام اغا وللتاريخ لسان" بڵاوکردەوە، لێرەدا بە زوبانی کوردی بڵاوی دەکەمەوە..

## لەسەر سامانی گشتی

## لە ساسۆن حسقێلەوە بۆ جەلالی عومەری سام ئاغا.. مێژووش زوبانی هەیە

لە بیستەکانی سەدەی رابردوو (سەدەی بیستەم) کاتێ دەوڵەتی عیراقی دامەزرا کە تێیدا یەکەم وەزارەتیش کە ناوی لێنرا (وەزارەتی نەقیبی یەکەم) لە ١٩٩٠/١١/٢٥ دەستبەکار بوو کە تێیدا شارەزایەکی بەتوانا و راستگۆ و دەستپاك کە لە بواری دارایی و ژمێریاری بێ وێنە بوو کە ئەویش (ساسۆن حسقێل)ی بە رەگەز جوولەکە بوو و هەندێ جاریش بە (ساسۆنەفەندی) بانگ دەکرا و بووە یەکەم وەزیری دارایی لە حکومەتی عیراقیی دامەزراودا، دیسان جارێکی دیکە بەهۆی دەستپاکی و ئەو شارەزاییەکە لەو بوارەدا هەیبوو و جاری دووەمیش لە وەزارەتی (نەقیبی سێیەم) لە ١٩٢١/٩/٢٠ و جاری سێیەمیش لە وەزارەتی نەپیبی سێیەم لە ١٩٢٢/٩/٢٠ بە هەمان پۆستی وەزیری دارایی دەستنیشان کرا پاشانیش لە وەزارەتی (عبدالمحسن السعدون) لە ١٩٢٢/١٠/١٨ و وەزارەتی (یاسین الهاشمی) لە ١٩٢٤/٨/٢ بە هەمان پلە و پایەی وەزیفی کارەکانی ئەنجام دەدا، ساسۆن حسقێل بە رەگەز جوولەکە لە عیراق لەدایکبووە و هەر لە عیراقیش کۆچی دوایی کردووە کە تێیدا بە خسڵەتی دەست و دەم و داوێن پاکی ژیا، لە هەواڵ و رووداوەکانی ئەو سەردەمە کە گفتوگۆیەك لەنێوان (ناجی السویدی) کە وەزیری ناوخۆ بوو لە حکومەتی یەکەمی (عبدالمحسن السعدون) و لەگەڵ ساسۆن حسقێل ی وەزیری دارایی لە هەمان وەزارەت کە ئەم شێوە ئاخاوتنەی وەرگرتبوو:

**ناجی السویدی:** بەڕێز حسقێل پێم نالێی هۆکاری بڕینی ٤٥ دیارنت لە کۆی ئەو (٣٠٠) دینارە چییە کە تەرخانکرابوو بۆ نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی (قشلە) بەپێی راپۆرتی ئەندازیاری لێپرسراوی کارەکە؟

**ساسۆن حسقێل:** ناجی ئەفەندی ئەم بابەتەم لەگەڵ ئەندازیارەکە لە شوێنی کارەکە باس کردووە و گەیشتینە ئەو بڕوایە کە ٢٥٥ دینار بە تەواوی بەشی نۆژەنکردنەکە دەکات.

**ناجی السویدی:** خوا لێت رازی بێت حسقێل ئەفەندی ناکرێ بڕی (٣٠٠) دینارەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە چونکە باڵەخانەی قشلە یەکێکە لە شوێنەوارەکانی بەغدا.

**ساسۆن حسقێل:** بەڕێز ناجی ئەفەندی پاراستنی شوێنەوارەکانی مێژووی بەغدا دەبێت بگونجێ لەگەڵ پاراستنی سامانی گشتی و دوور لە دەستبڵاوی چونکە دەستبڵاوی لە خەرجی پارە دەبێتە هۆکاری (بەرەڵایی) و بەرەڵایی پارەش دزی درووست دەکات.

گفتوگۆی نێون ئەو دوو وەزیرە کۆتایی پێ هات کاتێ خوالێخۆشبوو سەرۆك وەزیران (عبدالمحسن السعدون) پاڵپشتیی بۆچوونەکەی وەزیری دارایی (ساسۆن حسقێل) کرد.

پاش حەفت ساڵ لە مانەوەی لە پلەی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی چاودێری برا و برادەری بەڕێزم (جەلالی عومەری سام ئاغا) لە کات و ساتی بەجێهێشتنی ئەو دەزگا گرنگ و یەکلاکەرەوەیەدا کاك جەلال بە چەند وشەیەکی جوان و چەند رستەیەکی کاریگەر کە لە کانگای دڵییەوە هەڵقوڵابوو ماڵئاوایی لەو دەزگایە کرد کە تاکو ئەوکاتە (٢٨٠٠) راپۆرتی دارایی ئامادەکراوی بەجێهێشت کە سەرجەمی لە روانگەی ژمێریاری و دارایی (شەفاف)ـن کە وێنەی کەمە ئامادەکرابوو کە ئەمەشیان بە گەورەترین سەروەری مێژوویی لە بواری دارایی و ژمێریاری حیساب دەکرێ.

کاك جەلالی عومەری سام ئاغا و بەندە ساڵانێکە ئاشنای یەکترین و دۆستایەتیەکەشمان دەگەڕێتەوە بۆ رۆژانی (ئەمانەتی گشتیی رۆشنبیری و راگەیاندن و لاوان) کۆیکردینەوە ئەو وەکو بەڕێوەبەری گشتیی کارگێڕی و ژمێریاری و بەندەش وەکو بەڕێوەبەری گشتیی لاوان.

کاك جەلال کەسایەتییەکی کاریگەری هەبوو، کارمەندان هەرهەموویان ڕێزیان لێ دەگرت و حیسابیان بۆ دەکرد بەهۆی ئەو کەسایەتییە کە هەر لە ڕۆژی دەستبەکاربوونییەوە لە سیمای دەدیترا و زمانحاڵیش هەمیشە بۆ کارمەندانی دووبارە دەکردەوە "شۆڕش پێویستیی بە تاکە دیناریکیشە بۆ کڕینی گوللەیەك" بۆیە دەبێت دەستی پێوە بگرین و زیادەڕۆیی تێدا نەکەرێ.

لەوانەیە کاك جەلال وەکو ساسۆن حسقێل بیری نەکردبێتەوە لە ڕووی وشك و برنگی (دەست قایم)، بەڵام ئەو (یانی کاك جەلال) بڕوای تەواوی بەخۆی هەبوو لەو کارانی کە ئەنجامی دەدا و بە پێویستیشی دەزانی بۆ (سەرکەوتنی شۆڕش) و بنیاتنانی وڵات لەسەر بنەمای درووست، لێرەدا دەمەوێ بڵێم ئێمەی هاووڵاتی هاتووینەتە ئەو قەناعەتە کە سەد ڕەحمەت بۆ گۆڕی حسقێل ساسۆن و هەزاران سڵاویش بۆ کاکە جەلالی سام ئاغا بنێرین کاتێ گوێبیستی قسەکانی دەبین لە کاتی ماڵئاوایی لە دەزگای سەرۆکایەتیی چاودێریی دارایی کە تێیدا گوتی:

بڕیاری مێژوو (حكم التاريخ) جیاوازیی لەگەڵ بڕیاری لێپرسراوان هەیە، چونکە مێژوو هیچ کاتێك چاوپۆشی لە گەندەڵ و گەندەڵکاران ناکات و پلە و پایەشیان بەرز ناکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوەیە چونکە لە ڕوانگە دڵی مێژوو ئەوەندە بەهێزە ئاوڕ لە گەندەڵکاران ناداتەوە و مێژووش زمانی هەیە..



**سلێمانی-ماڵی فوئاد عارف، زستانی ساڵی ٢٠٠٨**

**فەرهاد عەونی، فوئاد عارف، جەلالی عومەری سام ئاغا**



**هەولێر، هاوینی ساڵی ٢٠١٢، دانیشتووان: جەلالی عومەری سام ئاغا، فەرهاد عەونی**

**راوەستاوەکان: ئیحسان موفتی، عادل موراد، نامق عەلی قادر**




**هەولێر–کتێبخانەی فەرهاد عەونی، ٢٠١٩/٢/٣**

**فەرهاد عەونی، جەلالی عومەری سام ئاغا**




**هەولێر–کتێبخانەی فەرهاد عەونی، ٢٠١٩/٢/٣**

**د. تاڵب موراد، جەلالی عومەری سام ئاغا، فەرهاد عەونی**



ممتاز حەیدەری

**ژیاننامە:**

- ساڵی ١٩٣٨ لە شاری هەولێر لە خانەوادەیەکی تێکۆشەر و نیشتمان پەروەر لەدایك بووە.

- لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٠ بۆتە پەیامنێری ڕۆژنامەی (ئازادی) کە حزبی شیوعی هەرێمی کوردستان دەریدەکرد.

- لە سەردەمی ڕۆژنامەگەریی نهێنی کاری کردووە.

- لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە کە بە ئاشکرا دەرچوون کاری کردووە کە بریتین لە (هاوکاری، پاشکۆی کوردیی ڕۆژنامەی العراق، گۆڤاری نووسەری کورد، سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی بووە)، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نووسەر نوێ بووە.

- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی دەستەی ئامادەکردنی پڕۆژەیاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بووە لە دوو خول دا (١٩٩٨-٢٠٠٠) و (٢٠٠٠-٢٠٠٢)، وەکو سکرتێری سەندیکا هەڵبژێردراوە.

- دوو گۆڤاری (٦٠٠) لاپەڕەیی دەرکردووە بە ناوی K٢١ (کوردستان لە سەدەی ٢١) و (لەیلا قاسم و لەیلا زانا).

- خاوەنی چوار کتێبە کە بریتین لە:

١. مەلای گەورە (مەلا محەمەدی کۆیی) ١٨٧٦-١٩٤٣-ساڵی ١٩٧٥ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

٢. مستەفا شەوقی و (پەیژە)-ساڵی ١٩٨٥ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

٣. داری ماوەران-ساڵی ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە.

٤. کورد و حکومەتی قاسم و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول (ئامادەکردن)-ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە.

- ئامادەکردن و سەرپەرشتیاری کتێبی (کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایکبوونی بارزانی نەمر بە هاوبەش لەگەڵ نەژادی عەزیز سورمێ.

- کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر (کتێب) بە هاوکاریی د. کوردستان موکریانی، د. دلێر شاوێس-ساڵی ٢٠٠٣ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەم زانیارییانە لە (حەیدەرینامە) بەرگی دووەم وەرگیراوە

حەیدەرینامە گەنجینە و کەشکۆڵێکی پڕاوپڕ لە زانیاریی هەمەلایەنەیە کە لە دووتوێی (٤) بەرگی قەشەنگ پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر ماندوونەناسانە لەسەر خەرجیی گیرفانی خۆی ساڵی ٢٠١٨ بەچاپی گەیاندووە، بێ بەرامبەر بەسەر رۆشنبیرانی کوردستانی دابەشکردووە.

پێشکەشە بە برای بەڕێز کاک ممتاز حەیدەری

## خوالێخۆشبوو هونەرمەندی هەولێری (مشکۆ) لە یەکێ لە گۆرانییەکانی دەڵێ:
## "لە پاش مەرگم چ فایدەی هەیە بێیە سەر قەبرم لەبۆ شیوەن..."

کاتێ گیان (روح) ماڵئاوایی لە جەستە دەکات کە تاکو ئێستاکە ساغ نەبۆتەوە لای هەندێ کەوا (گیان) بەرەو کوێ گوزەر دەکات، بەڵام ئێمەی جەستەپەرست بەدیار جەستەی بێ گیان دەکەوینە حاڵەتی شلوغانی گریان و خەم و پەژارەیەك كە تێیدا مرۆڤی بێ گیان ئەگەر بە سەدان و هەزاران کەسیش سنگی بۆ بکوتن ئەم جەستە بێ گیانە تەنانەت بچووکترین جووڵەش ناکات، لێرەدا فەرموودەیەکی (جلال الدين الرومی)م بەبیر دێتەوە کە دەڵێ: (ئێمەی مرۆڤی زیندوو لەم رۆژهەلاتە لە وەهمێکدا دەژین کاتێ بەرامبەر جەستەی بێ گیان خسڵەتە چاکەکانیمان دێتەوە یاد ئەگەر ئەو مرۆڤە (چاکەکارە) لەژیانیدا چاکە کار و کردار بووە بۆ جارێ بۆ دوو جار بەگوێماندا هەڵنەدا کە مرۆڤێکی بەرهەمهێنەری چاکە بووە لە هەموو بارێکەوە لە ژیانیدا بۆئەوەی کاتێ ماڵئاوایی لە ژیان دەکات بە ئارامی ئەم دونیا جەنجاڵە بەجێبهێڵێ).

لە لایەکی دیکەشەوە جۆرێك لە ئەنانییەت و گرێ کوڵی مرۆڤ نیشان دەدات کاتێ ئێمەی مرۆڤ لە ژیاندا زۆر بە زەحمەت دەتوانین یاخود پێم وایە هەر ناتوانین مرۆڤی بە بەرهەم مرۆڤی راستگۆ، مرۆڤی ماندوو بۆ گەل و وڵات هەڵسەنگاندنێکی ئەرێنیانەی

بۆ بکەن کە شایانی ئەم مرۆڤە بێت، بەڵام کاتێ ماڵئاوایی لە ژیان دەکات چونکە هیچی تێناچێت دەکەوینە هۆنینەوەی (کردەوە و کردار و بەرهەمی سوودبەخش).

لەم رۆژانەی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ (٢٠١٦) لە زۆربەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی ئەم دونیایە رێورەسمی بەخاکسپاردنی پاڵەوانی بۆکسێنی (ملاکمە) (محمد علی کلای)مان بینی کە چیی بۆ کرا، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجی بەندە بوو بۆ وتەیەکی رۆژنامەنووسێکی ئەمەریکایی کاتێ گوتی (لە راستیدا ئەم رێورەسمە شایانی کلای بوو کە لە ژیاندا پیاوێکی بە هەڵوێست و بەبەرهەم بوو کە زۆر بەتوندی بەشداریی نەکردنی لە شەڕی دژ بە گەلی ڤیێتنام راگەیاند و داکۆکی لە رەشپێستانی هاووڵاتیانی وەکو خۆی سەرەڕای دەرکەوتنی وەکو پاڵەوانێکی بێ وێنەی (بۆکسێن) ئەم سەروەرییەی بۆ درووستکرد کە تێیدا کلای وەکو پێویست لە ژیاندا لە هەموو بارێکیەوە رێز و گرنگیی پێدرا، بەڵام دەبیت خەڵکی بزانن نیشاندانی ئەو جۆرە گرنگیدانە لەپاش مردنی بەکەڵکی (کلای) نایەت، بەڵام ئەمەیان بۆ زیندووەکانە کە پێیان دەڵێن (ئێوەش وەکو کلای بن تاکو لەپاش ماڵئاواییتان ئەم جۆرە رێزلێنانەتان قابیل ببیندرێ).

بابەتی رێزگرتن و هەڵسەنگاندن بۆ مرۆڤی داهێنەر و بەبەرهەم و ماندوونەناس گفتوگۆیەکی هێمنانەی نێوان برای بەرێز نووسەر و رۆژنامەنووس کاک (ممتاز حەیدەری) و بەندە بوو کە بووە هۆکاری نووسینی ئەم بابەتە دەربارەی ئەو مرۆڤەی کە وەکو مۆمێك دەسووتێ بۆ رووناککردنەوەی رێڕەوی ژیان لەم کوردستانە کە لە چوارچێوەی هەوڵی مرۆڤێك دایە کە ئەویش بێگومان سنووردارە ئەوجا بە هەر هۆکارێکەوە بێت.

مرۆڤ ئەوجا هەر مرۆڤێك لە هەر ئاست و پێگە و پایەیەکدا بێت حەز دەکات رووبەڕوو (خاوەن بەرهەم کار و کردەوە چاکەکان) لە رۆژانی ژیانی وەکو پێویست هەڵبسەنگێندرێ چونکە سرووشتی ئاسایی مرۆڤە کە بیر لە ناسینی کەسایەتیی خۆی دەکات لەلایەن خەڵکەوە بەتایبەتیش ئەوانەی لە ژیانا بۆ گەل و وڵاتەکەی خۆیان ژیاون.

پاش کودەتا خوێناوی و بەدناوەکەی ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بۆ یەکەم جار کاك ممتاز حەیدەریم ناسی کاتێ لەگەڵ د. جەمشیدی برای وەکو سەدان تێکۆشەری

ڕێبازی دیموکراتییەت و چەپ لەو سەروبەندەدا روویان لە شاری کۆیەی میواندۆست کردبوو کە ئەوان هەردووکیان ماوەیەك لە ماڵی مامۆستا (صمد حمد أمین–کاك سەمەدی حەمە شین) لە گەڕەکی بایزاغا بوون لەگەڵ مامۆستایەکی عەرەب کە ناوی (قاسم جاسم) بوو کە ئەویش ئەوکاتە لە کۆیە مامۆستا بوو لە قوتابخانەی دواناوەندیی کۆیە، بەندەش بە حوکمی ناسین و دۆستایەتیم لەگەڵ بنەماڵەی (حەمەشین) کە تێیدا سەرەڕای ناسینی کاك سەمەد و کاکە جەمال و خوالێخۆشبوو کە ماڵی هاوڕێ و هاوپۆلم بوون، کاك مارق براگەورەشیان کە ئەویش پاش کودەتا شوومەکەی خۆی لە کۆیە دێتەوە کە تێیدا بەندەش رۆژانە بە حوکمی پەیوەندیم سەردانی ئەم خانەوادەیەم دەکرد کە ئەو چەند تێکۆشەری لەخۆ گرتبوو کە یەکێکیان برای بەڕێز کاك (ممتاز حەیدەری) بوو.

یەکەم جارم نەبوو ئاشنای ناوی (حەیدەریان) بم، ساڵانی پێشووترم لەنێوانی ساڵانی ١٩٦٠ تاکو کۆتایی ساڵی ١٩٦٢ کە لە ریزی حزبی شیوعیی عیراقیدا بووم زۆر جار لە کتێبخانەی (ئازادی) لە کۆیە کە مامۆستا ئەحمەد دڵزاری شاعیر لێپرسراوی بوو گوێم لە ناوی تێکۆشەرانی وەکو (سەلام عادل، عبدالقادر اسماعیل، جەمال حەیدەری، نافع یونس، عەزیز محمد... دەبوو) کە تێیدا ناویان دەهات، شەهید جەمال حەیدەری وەکو قارەمانێکی ئازا و خاوەن هەڵوێست دەهاتە بەرچاو، بۆیە بەهۆی ئەم پێشینەی گوێبیستی ناوی (حەیدەری) یان ئەم جووتە برایە (ممتاز و جەمشید)م خۆش ویست و کەوتنە بەردڵم.

رۆژانی دوای کودەتای ٨ی شوباتی لە ژووره گەورەکەی نهۆمی سەرەوەی ماڵی کاك سەمەد ئەم چەند کەسەی کە ناوم هێناون کاتمان بە وەرگرتنی هەواڵە جەرگبڕەکانی ئەو رۆژانە و هەڵوێستی شۆڕشی کوردسنان بەسەردەبرد کە لەو سەروبەندەدا (کۆیە) بووە ناوەندی زێدە قەرەباڵغی کوردستان پاش ئەوەی هێزی پێشمەرگە لە یەکەم ساتەوە هاتنە ناو ئەم شارە و دەستیان بەسەردا گرت و خەڵکیان لە دڵەڕاوکێ رزگار کرد کە پاشان گەورەترین کۆنگرەی حزبی، میللی، عەشایەری و پێشمەرگەی تێدا ئەنجامدرا بە سەرۆکایەتیی بارزانی نەمر و حزووری مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ك) لەو سەروبەندەدا رادیۆی (پەیك)ی ئێران کە رادیۆیەکی سەر بە حزبی (تودەی) ئێران بوو سەرەڕای بەرنامە فارسییەکانی بەرنامە و هەواڵیشی بە

کوردی بەخش دەکرد کە تێیدا بە لایەنگریی کورد و شۆڕشی کوردستان (ئیعلامیەکانی) (تصریحات) مەلا مەستەفای بارزانی کە ڕۆژانە هەموو ساتەوەختێك باس لە (ئیعلامیەکی بارزانیی دەکرد کە تێیدا ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی بەغدای کودەتا بە ئاشکرا پێوە دیاربوو بەندەش زۆرم حەز دەکرد بە جۆریٚ بڵاوکردنەوەی دەنگوباسەکان و شێوازی قسەپێکردنەکە زۆر جاریش بۆ ئەم دۆستانەم دووبارە دەکردەوە کە بۆ هۆکاری زیاتری لێك نزیکبوونەوەی کاك ممتاز و بەندە کە ئەویش حەزی لە پەخشی رادیۆی (پەیکی ئێران) دەکرد.

ڕۆژانی کۆیەی ئەم چەند دۆستە پاش هەڵکشانی ڕووداوەکان کۆتایی هات ئەوجا هەریەکمان بۆ لایەکی بەرەی تێکۆشان (چ لە شاخی ئاوەگرد چ لە دادگای بەرزی شۆڕش لە ماوەت)، بەڵام کۆتایی هاتنی ئەم ڕۆژانەی (کۆیە) نەبووە کۆتایی دۆستایەتی و برایەتیی نێوانی ئەم چەند مرۆڤە کە لێرەدا کاك (ممتاز حەیدەری)یم مەبەستە چونکە ئەم چەند لاپەڕەیەم دەربارەی ئەم برا بەڕێزەیە.

لەنێوان سالآنی ١٩٦٣-١٩٧٠ جار جارە لە ڕێگای مامۆستایان (سەمەد حەمەشین، کەمال غەمبار) گوێبیستی کەم کەمی باسی کاك ممتاز دەبووم کە ئەوکاتە لە ریزەکانی حزبی شیوعی بەردەوام بوو و شیلگیرانە داکۆکیی لە وجودی ئەم حزبە دەکرد چونکە لە ڕەگەوە ئەم خانەوادەیە لە ڕێگای برایانی گەورەیان (شەهید جەمال حەیدەری، شەهید موهیب حەیدەری، خولێخۆشبوو ساڵح حەیدەری) بە بیری چەپی نیشتمانپەروەری گەورە ببوون و وەکو کلتووری ئەم بنەماڵەی لێهاتبوو بۆیە سەرەڕای بەرزو نزمیی پەیوەندیی کاك ممتاز بەم حزبە لە چەند بارودۆخێکی ئەو ڕۆژگارانەدا بەهۆی نەخوێندنەوەیەکی نا بابەتییانەی هەندیٚ لە دەست ڕۆیشتووانی تا ڕادەیەکی گەورە دەرزێکی گەورەی خستە نێوان ئەو و حزبە دیرینەکەی، بەڵام نەگەیشتە ئێسقان شکاندن.

پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ جارێکی دیکە ڕووبەڕوو لەگەڵ کاك ممتاز حەیدەری لە دانیشتنێکدا بە حزووری شەهید (فرەنسۆ هەریری) لە ئوتێل (بێخاڵ) لە هەولێر یەکمان دیتەوە کە تێدا کاك ممتاز لەم سەروبەرندەدا ئەگەر بە هەڵە نەچووبم ڕێڕەوی کوردایەتیی زاڵ بوو بەسەر لایەنە چەپەکەی کە بێگومان

گۆڕانكاريی له بير و هزری مرۆڤ ئەگەر به قەناعەت بووبیٚ به گۆڕانكارييەكی سەردەميانه و شارستانی دەژمێردریٚ.

پاش نسكۆی شۆڕشی ئەيلول له ئاكامی خيانەتنامەكەی ٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ پاش گەڕانەوەم ناوه ناوه له ساڵانی بەدواوه كاك ممتازم دەديت بەتايبەتی كاتیٚ (كتێبخانەيەكی خنجيلانەی له هەولێر كردەوه و له كۆيەوه سەردانی هەولێرم دەكرد سەردان ئەم كتێبخانەيەم دەكرد به مەبەستی ديتنی كاك ممتاز و كڕينی كتێبێك ياخود رۆژنامه و گۆڤارێك به مەبەستی تێنوێتی شكاندنی ئەم سەردەمه ئەگەر هەر هيچ نەبووايه به پەيداكردنی چاپكراوێك كه لەو بارودۆخه ناهەمواره كه لێره و لەویٚ ناوه ناوه شتێك دزەی دەكرد، وابزانم هەر لەو كاتانه بوو كه كتێبه قەباره بچووكەكەی دەربارەی (مستەفا شەوقی) پیٚ بەخشيم.

قۆناغی دوای راپەڕين قۆناغێكی دەوڵەمەندی پەيوەنديی كاك ممتاز حەيدەری و بەنده بوو كه ناوه ناوه له هەولێر يەكترمان دەديت، رۆژی كۆچی دوايی باوكم (عەونی) شاعير له ١٩٩٢/٧/٢٠ كاك ممتاز يەكێك لەو برادەره دەگمەنانه بوو سەرەڕای باری ئابووريی نالەباری كوردستان له رۆژی دووەمی پرسەكەماندا حزووری هەبوو كه تاكو درەنگانێكی ئەم رۆژه لامان مايەوه سەرەڕای ئامادەبوونی له چلەكەيدا، رۆژانی دوای ئەو قۆناغەش كاتیٚ ئەركی سەرنووسەری رۆژنامەی برايەتيم كەوته سەر شان و به يەكجاری هاتمه هەولێر بەنده و كاك ممتاز چونكه بواری يەكتر ديتن لەبارتر بوو زووزوو يەكترمان دەديت و سەردانی دەكردم و ئەگەر بابەتێكيش هەبووايه بۆی بڵاودەكرايەوه، رۆژنامەی برايەتيش پێشەنگی ئەو رۆژنامه و گۆڤارانه بوو كه هەواڵی (هەوڵی تيرۆركردنەكەی) بڵاوكردەوه.

قۆناغی دامەزراندنی سەنديكای رۆژنامەنووسانی كوردستان پەيوەنديی نێوانمانی توندوتۆڵتر كرد و نزيكبوونەوەی زياتری بەخۆيەوه بينی هەر له دانيشتنی يەكەمەوه له سەرەتای ساڵی ١٩٩٧ چ وەكو ئەندامی راوێژكار پاشان وەكو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر كه تێيدا بەنده سەرۆكی دەستەی ناوبراو بووم، هەميشه كاك ممتازم بەو شێوەيه دەديت كه راستەوخۆ دەهاته ناو بابەتەكان و راشكاوانه را و بۆچوونەكانی خۆی دەربڕی، له ئاكامدا ئەو دەسته جەمعيه كه تێيدا (٢٠) رۆژنامەنووس به جياوازيی بير و رای سياسی و ئاينی و نەتەوەيی كه تێيدا (ممتاز

حەیدەری) وەکو ڕۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەندیکا پاش بەکۆتاهاتنی کۆنگرەی یەکەمی سەندیکا کە لەنێوانی ڕۆژانی ٢٧-١٩٩٨/١٢/٢٩ بەسترا کاك ممتاز وەکو سکرتێری سەندیکا هەڵبژێردرا سەرەڕای دانانی بە سەرنووسەری گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی) کە لێرەدا ڕاشکاوانە دەڵێم ئەم مرۆڤە ڕاستگۆیانە، شیلگیرانە، دڵسۆزانە، ماندوونەناس هەردوو ئەرکەکەی بەجێ دەگەیاند بە مانای وشە چونکە ئەوکاتە تاکو ٢٠٠٠/٢/٢٠ بەندە چ وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژانەی (برایەتی) و چ وەکو لێپرسراوی دەزگای ڕۆژنامەنووسیی (برایەتی و خەبات) سەرقاڵی ئەم ئەرکە بووم و بۆم نەدەکرا کەم کەمە نەبێت بپرژێمە سەر ئیشوکارەکانی سەندیکا، بەڵام هەمیشە من و کاك ممتاز لە پەیوەندی دابووین بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی سەندیکا کە بەداخەوە پاش سێ ساڵ لەبەر هەندێ هۆکار کە لێرەدا جێی باسکردن نییە کاك ممتاز سەندیکای بەجێهێشت (هەندێ لەو وردەکارییانەی کە بوونە هۆی بەجێهێشتنی سەندیکا لەلایەن کاك ممتازەوە لە بیرەوەرییەکانی خۆمدا تۆمارم کردوون، کە بە ئومێدی خودا تاکو کۆتایی ئەم ساڵ (٢٠١٦) بەچاپی دەگەیەنم.

قۆناغێکی دیکەی ژیانی ڕۆژنامەنووسیی ئەم مرۆڤە کە هەرگیز تێیدا ماندوو نابێت ئامادەکردن و دەرچواندنی گۆڤاری (K٢١)ە کە لە ڕاستیدا هەر لە ژمارەی (١)ـەمەوە کە ساڵی ٢٠٠٨ هاتە ناو گۆڕەپانی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان کە تێیدا بەندە چ بە زمانی کوردی یاخود عەرەبی بەپێی بارودۆخ و پێویستی بەشداریم (بە نووسین) تێدا کردووە، لێرەدا خوێنەری بەڕێز پێم باوەڕ بکە لە هزری مندا گۆڤاری K٢١ دەچێتە ڕیزی ئەستێرەکانی ئەم بوارە کە دیسان بە ڕا و بۆچوونی من تەواوکەری گۆڤارەکانی (هاواری جەلادەت بەدرخانە کە لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو لە شام دەرچووە، گۆڤاری گەلاوێژە ١٩٣٩-١٩٤٩، گۆڤاری هیوا و هەتاو و ڕۆژی نوێ)یە، بەڵام زێدەڕۆیی ناکەم کە گۆڤاری K٢١ لە هەندێ بواردا توانیویەتی بە جیاوازیی کات و سات و بارودۆخ دا پێش لە هەندێ لەو گۆڤارانەش بکەوێ، بەتایبەتیش:-

١- لە بواری بەبیرهێنانەوەی کەڵەپیاوانی لەبیرچووی جیاجیای کورددا (سیاسی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی...) کە بە دەگمەن نەوەی ئێستا و

بەشێکی زۆریش لە نەوەی پێشتر ناسیونی کە هەندێ لەو زاتانە K٢١ پەردەی لەبیرچوونەوەی لەسەر هەڵماڵیون (هەمزە عبداللە، جعفر محمد کریم، توفیق وهبی، جەنەڕاڵ شەریف پاشا، عیسمەت شەریف وانلی، محمد علی عونی، جگەرخوێن...) و دەیان کەسایەتیی لەبیرکراوی دیکە کە بێگومان K٢١ لە هیممەتی ماندوونەناسانەی ممتاز حەیدەری سەرنووسەری گیانی بەجەستەی ئەو خوالێخۆشبووانە هێناوەتەوە کە تێیدا بەشێکی گرنگی لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورددا تەنها لە ژوورە داخراوەکان مابوونەوە.

٢-

٣- بڵاوکردنەوەی دەیان و سەدان دیکۆمێنتی بەنرخی رۆژگاری رۆژانی رابردوو کە ناکرێ لێرەدا باسیان لێوە بکەم لەبەر زۆریی ژمارەی بابەتەکان کە تێیدا ئەگەر بە زێدەڕۆیی بۆم لەقەڵەم نەدرێ ئەم کارەی ممتاز حەیدەری (پەیداکردنی ئەم دیکۆمێنتانە، پاراستنی لە رۆژە دژوارەکاندا، بڵاوکردنەوەی لە دووتوێی گۆڤاری K٢١) کارێکە دەچێتە خانەی کاری دەزگایەکی رۆشنبیری، سیاسی، حکومەت یاخود حزبێکی دەوڵەمەند بەو دیکۆمێنتە ئەرشیفییانە کە هەمیشە نرخیان لە هەموو بارێکەوە لە هەڵکشان و بەرزبوونەوەدایە کە داخی گرانم هەندێ بەچاوێکی "جاهیلانە" سەیری دەکەن، بەڵام وەکو کورد دەڵێ "قەدری زێڕ لای زێڕینگرە".

٤- گیانی نەتەوەپەروەری (کوردایەتی)ی لێ دەبارێ دوور لە گەمەکردن و لایەنبازی کە ئەمەشیان خۆی لەو بابەتانە دەبینێتەوە کە لە گۆڕەپانی سیاسی جیاوازیی گەورەی لەنێواندا هەبووە، بەڵام نووسەر و رۆژنامەنووس لە دووتوێی K٢١ بابەتەکانی دەربارەی (بارزانی نەمر و خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەحمەد بڵاوکردۆتەوە و باس لە رێزدار مام جەلال دەکات و بەڵگەنامەکانی ئالآی شۆڕش بڵاودەکاتەوە و بە بەرز راگرتنی یادی شەهید عبدالرحمن قاسملۆ و شەهید دارا تۆفیق و عبدالرحمن-ی شەرەفکەندی و حەمەدەمینی سیراجی و تەمەن درێژ عبداللە ئۆجەلان و... هتد)، کە هەمیشە بەدوای سێبەری کورددا بووە و دەگەڕێ و گرنگیی پێداون کە لە راستیدا

دەتوانم بڵێم بۆتە (دائره المعارف)ێکی ژیکەڵەی سەردەم بەتایبەتیش کاتێ گەورە بەرهەمی کە بەناوی (قامووسی ناوە نەمرەکان) کە لە دووتوێی (٩٨٨) لاپەڕەدا ژیان و بەرهەمی دەیان شۆڕەسوارانی بوارە جیاجیاکانی لەخۆ گرتووە و گیانی بەجەستەیاندا هێناوەتەوە.

نووسین دەربارەی ئەم مرۆڤە نووسەر و رۆژنامەنووس و خاوەن ئەو ئەرشیفە دەوڵەمەندە زیاتر لەخۆ هەڵدەگرێ کە بەندە تێیدا زێدە بە کورتی چوومەتە نێو دونیای رۆشنبیری و سیاسیی ئەو کە بێگومان تەمەنی رۆژگاری نێوانمان دەگاتە (٥٣) ساڵ (١٩٦٣-٢٠١٦) کە دەتوانم بڵێم پەیوەندییەکانمان هەمیشە لە هەڵکشاندا بووە بەو ئومێدەی ئەو کارە مێژوویی، کلتووری، سیاسییەی دەستی داوەتێ کە لە راستیدا گۆڤاری K٢١ لەو نێوانەدا بۆتە تۆمارگای ئەم بابەتە شاکارانەی کە باسم لێوە کردوون لەگەڵ دەستەخوشکە گەنجەکەی دیکەی (لەیلا قاسم، لەیلا زانا)، هیوادارم کاروانی نەپساوە و هەمەچەشنەی هاوکارم م. حەیدەری لە بەردەوامیدا بێت و گوزەر بکات سەرەڕای ئەو ئاستەنگ و لەمپەرانەی دێتە پێش لەگەڵ هیوای تەمەن درێژی بۆ خاوەنی ئەو خەرمانانەی کە هەموومان لێی دەخۆین و سوودی لێ دەبینین.




**هەولێر، کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠، کۆنگرەی دووەمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

**لە ڕاستەوە، تاریق ئیبراهیم شەریف، فەرهاد عەونی، مومتاز حەیدەری، شەهید فرەنسۆ هەریری**




**هەولێر–بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بەهاری ساڵی ٢٠٠١**

**مومتاز حەیدەری، فەرهاد عەونی**



سلێمانی–بەردەم پەیکەری برایم پاشای بابان

فەرهاد عەونی، مومتاز حەیدەری



**نووسەر و رۆژنامەنووسی عیراقی**

**عەدنان حسێن**

**١٩٤٨-٢٠١٩**

# نـــــــــــامەكان
# دەدوێنـــــــــــــم

**خوێنەری بەڕێز..**

وەكو لە پێشەكیدا نووسیومە ئەم (٣٦) نامەی كە لێرەدا بڵاوكراوەتەوە، كەسایەتییەكانی هەمەجۆرن، بێ گومان پەیوەندییەكی دۆستانەی تایبەتیان لەگەڵ (بەنده)دا هەبووە كە هەریەكەیان بۆ ئامانجێك بە ئاراستەیەك نووسراون، شانازییان پێوە دەكەم و بۆتە بەشێك لە رابردووی من و بە زیندویی ماونەتەوە.

هیچ مەبەستێكی تایبەتیم لە بڵاوكردنەوەیان نییە، بەڵام بێ گومان بۆ مێژوو كەم یا زۆر لە چوارچێوەی نامە و نامەگۆڕینەوە دا سوودێك دەبەخشن، بۆیە بڕیارم دا لەم بەشەی كتێبەكەدا بیاندوێنم.

١. سامی عەبدولڕەحمان ..................................................................

٢. تاهیر ئەحمەد حەوێزی ...............................................................

٣. سەعید ناکام .......................................................................

٤. مەلا جەمیلی رۆژبەیانی ............................................................

٥. د. کەمال مەزهەر ..................................................................

٦. پشکۆ نەجمەدین ....................................................................

٧. هونەرمەند ئازاد شەوقی ............................................................

٨. جەلالی مەلەك شا .................................................................

٩. حەیدەر عەبدولڕەحمان .............................................................

١٠. حەمەی مەلا کەریم ...............................................................

١١. عەبدوللا ئاگرین .................................................................

١٢. عومەر عەبدوللا .................................................................

١٣. عەبدوللا ئاغای پشدەری ...........................................................

١٤. محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل) ...................................................

١٥. مەسعودساڵەیی ..................................................................

١٦. حسب الله یحیی ..................................................................

١٧. نامەیەکی دیکەی د. کەمال مەزهەر..................................................

١٨. پەیوەندیی عادل موراد و بەندە ....................................................

١٩. ئەحمەدی قازی ...................................................................

٢٠. تاریق کارێزی ....................................................................

٢١. شێرزاد عەبدولڕەحمان ............................................................

**نامەی شەهید سامی عبدالرحمن**

**٢٠٠٤/٢/١-١٩٣٢**

**- ناوی (محمد محمود عبدالرحمن)ە بە (سامی عبدالرحمن) بەناووبانگە.**

**- ساڵی ١٩٣٢ لە سنجار لەدایکبووە.**

**- لە زانکۆی موسڵ خوێندوویەتی پاشان چووەتە (لەندەن) بۆ خوێندنی ئەندازیاری، پاش تەواوکردنی خوێندن لە وەزارەتی نەوت دامەزراوە و تاکو ساڵی ١٩٦٣ ماوەتەوە.**

**- ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندیی بە شۆڕی ئەیلول کردووە و لە سەرەتادا وەکو ئەندازیارێکی تەکنیککار لە ئێزگەی دەنگی کوردستان لە شاخی گردەڕەش نزیك ماوەت کاری کردووە پاشان لە چەندین بواری سیاسی و سەربازی ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە.**

**- لە کۆنگرەی ٧ـەمینی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ١٩٦٦/١١/١٥ بەسترا بە بەشداریی (٢٤٥) نوێنەر بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاشان بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە، لە کۆنگرەی (٨)ـەمینیش کە لە ١٩٧٠/٧/١ بەسترا بە ئامادەبوونی (٤٨٨) نوێنەر بۆ جاری دووەم بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرایەوە. پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلولیش ڕۆڵێکی بەرچاو و گەورەی هەبوو لە دامەزراندنی سەرکردایەتیی کاتی (القیادة المؤقتة) لەگەڵ هەڤاڵانی (ئیدریس بارزانی، مەسعود بارزانی، عەلی عەبدوڵڵا، نوری شاوەیس، جەوهەر نامق سالم، ئازاد بەرواری، کەریم سنجاری، عارف تەیفور، کەمال کەرکووکی، محەمەد ڕەزا، دڵشاد میران، وریا ساعاتی، ئازا خەفاف، عەبدولڕەحمان بێداوی)، بەڵام لەبەر هەندێ هۆکار لە کۆنگرەی نۆیەم کە لە ١٩٧٩/١٢/٤ لە گوندی دەربەندی سەر بە (ورمێ) و بە ئامادەبوونی (٣٢٥) نوێنەر خۆی هەڵنەبژاردەوە، بەڵام لە ناوڕاستی مانگی ٧ی ساڵی ١٩٨١ پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانی لەگەڵ کۆمەڵێك لە سەرکردە و کادیرانی پێشووی پارتی دامەزراند تاکو ڕۆژانی دوای ڕاپەڕین لەگەڵ حزبی سۆسیالیتی کوردستان و پاسۆك و پارتی گەل یەکیان گرت و پارتی (یەکگرتن)ی لێ هاتە کایەوە، پاشان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتنە گفتوگۆ بۆ یەکگرتن، ئەوەبوو لە**

کۆنگرەی (١١)ـەمینی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ١٦-١٩٩٣/٨/٢٦ تێکەڵ بە پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو بوونەوە و خوالێخۆشبوو سامی عەبدولڕەحمان بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی هەڵبژێردرایەوە و لێپرسراوێتیی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندنی پێ سپێردرا و تاکو رۆژی شەهید بوونی لە ٢٠٠٤/٢/١ چەند پۆستی دیکەی حزبی و حکومیی وەرگرت و بە لێوەشاوەیی ئەنجامی دەدان.

- پاش رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٠ تاکو ساڵی ١٩٧٤ بۆتە وەزیری کاروباری سەروو (کوردستان) و لە هەمان کاتیشدا لێپرسراوی رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان بووە تاکو نسکۆی شۆڕش لە ١٩٧٥/٣/٦.

- ساڵی ١٩٧٦ جارێکی دیکە لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی و هەڤاڵانی قۆناغێکی دیکەی شۆڕشیان بەرپاکرد (شۆڕشی گوڵان)، پاش ئەوەی سەرکردایەتیی کاتییان بۆ پارتی دامەزراندبوو.

- لە مانگی ٧ی ساڵی ١٩٨١ پارتی (گەل)ی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند.

- لە کۆنگرەی ١١ـەمینی پارتی دیموکراتی کوردستان پاش ئەوەی حزبی یەکگرتن بە رێککەوتن لەگەڵ پارتی بەشداریی کۆنگرەیان کرد کاك سامی بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان.


- چەندین پۆستی حزبی و حکومیی لە ئەستۆدا بوو تاکو رۆژی شەهیدکردنی لە ٢٠٠٤/٢/١ لەگەڵ پۆلێك لە سەرکردە و کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەگای لقی دووی پارتی لە کردەوەیەکی تیرۆرستی دا هاوکات هەمان ئەم کردەوە تیرۆرستییە لە مەڵبەندی ٢ی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بوو بە شەهید بوونی ژمارەیەك لە کادیرانی (ی،ن،ك).



هەولێر-بارەگای دەزگای ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات ١٩٩٨/٥/٦



هەولێر-دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات ١٩٩٧/٤/٢٢



حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني
المكتب السياسي

العدد/
التاريخ / / ١٩٩٢

الى/ الأخ العزيز والصديق الحميم كاك فرهاد
تحية اخوية طيبة مع احر القبلات.
اعزيكم برحيل السيدة الفاضلة أم بيروش(١) واشارككم
الأسى والأسف. لا شك في أننا مدينون
لعائلة الأخ عبدالله وبما فيه للراحلة الفاضلة
فكم مرة ما عقدنا جلساتنا خلال ٧٠-٧٤ في
دارهم(٢).
ارجو ابلاغ تعازيّ الحارة الى الاستاذ ابو سيروان
وسيروان وكافة افراد العائلة.
اسأل الله للفقيدة فسيح جناته والهمكم
الصبر والسلوان
ودمتم للنضال ولأحبائكم

٩٤/٤/١٦

ابو صلاح (سامي عبدالرحمن)

نامەی کاک سامی بە دەستخەتی خۆی

**برای ئازیز و دۆستی بە ئەمەکم کاکە فەرهاد**

**سڵاوێکی برایانە لەگەڵ گەرمترین ماچەکانم**
**پرسەی خۆمتان پێ ڕادەگەیەنم بە کۆچی دوایی (دایکی پەروین[1]) و بەشداری خەم و پەژارەتان دەکەم، بێگومان ئێمە قەرزاری کاکە عبداللە[2]ـی برامان لەگەڵ هاوسەرە کۆچکردووەکەی، چونکە زۆر جار دانیشتنەکانمان لەنێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤) لە ماڵی ئەوان[3] ئەنجام دەدا.**
**هیوادارم پرسە و سەرەخۆشیی گەرمم بە باوکی سیروان و سیروان و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەیان ڕابگەیەنیت.**
**خوای گەورە کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سێبووریتان بدات.**
**بمێنن بۆ خەبات و براتان**

**باوکی سەلاح (سامی عبدالرحمن)**
**١٩٩٢/٤/١٦**

**١. دایکی پەروین: مەبەست خوالێخۆشبوو (ناهیدە سابر ئەرسەلان)ـە کە خەسووی منە (نووسەر) و ڕۆژی ١٩٩٢/٣/٣١ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.**
**٢. عبداللە: مەبەست عەمیدی خانەنیشن (عبداللە سعید)ە (١٩١٣-٢٠٠١/٧/٢٤) کە خەزووری منە (نووسەر) و ئەندامی ئەفسەرانی ئازادی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ بوو، ساڵی ١٩٦٧ خۆبەخشانە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (التاخی) بوو لەگەڵ خوالێخۆشبووان شەهید ساڵح یوسفی، نەجیب بابان، شەوکەت عەقراوی، محەمەد سەعید جاف. لەنێوانی ١٩٦٧/٤/٢٩-١٩٦٨/١١/١١ زۆر جار لەبەرئەوەی کوڕە گەورەکەی ناوی (سیروان) بوو بە (باوکی سیروان) ناوی دەهات ئەویش ڕۆژی ٢٠٠١/٧/٢٤ کۆچی دوایی کردووە و لە سلێمانی لە گردی سەیوان بە خاك سپێردراوە.**
**٣. ماڵەکەی عبداللە سعید لە گەڕەکی زەیونە (مدینة الضباط) بوو لە بەغدا.**

ژمارە/ ٧
مێژوو ٢٤/٦/٩٦٣

پارتی دیموکراتی کوردستان . یەکگرتوو
لیژنەی ناوچەی کۆیە .

بۆ/ هەڤاڵ کاک فرهاد عثمان عونی بەڕێز / سەرنوسەری ڕۆژنامەی برایەتی.

سلاوێکی شۆرشگێڕانە

سوپاس بۆ هەڵوێستی بێ پایانی جەنابت بۆ ڕێز گرتنی پ.م.کانی
ل.ن کۆیە بە مەبلەغی ٢,٥٠٠ دووهەزار و پێنج سەد دینار بۆیانت
ڕەوانە کردوە . دیارە بەڕێزت وەکو کادرێکی کارامەی ڕاگەیاندنی
پارتیمان هەستت زۆر لەوە بەرزترە تەنها خۆت بە لێپرسراوی ئەرکی
پێ سپێردراوی خۆت بزانی چونکە بە بەڵگەی زیندو ئیسپاتت
کرد . مەبەستت تەنها لە دەعمە مادیەکە نی یە بەڵکو خۆی
لەخۆیدا هۆکارێکی دەعمی مەعنەویە بۆ بەرزبونەوەی وورە و
وزەی هێزی پ.م.ی بارەگای ل.ن پارتیمان ئومێد دەکەین
ئەم هەڵوێستە ببێتە هاندەر بۆ گشت کادرانمان

لەگەڵ ڕێز

پارتی دیموکراتی کوردستان
K.D.P
کۆیە
1946

لێپرسراوی ناوچە

**پارتی دیموکراتی کوردستان.یەکگرتوو** **ژمارە/ ٦**
**لیژنەی ناوچەی کۆیە** **مێژوو ١٩٩٥/٦/٤**

**بۆ/ هەڤاڵ فەرهاد عوسمان عەونی بەڕێز/ سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی**

**سلاوێکی شۆڕشگێڕانە**

**سوپاس بۆ هەڵوێستی بێ پایانی جەنابت بۆ رێزگرتنی ب.م.کانی، ل.ن.کۆیە بە مەبلەغی (٢,٥٠٠) دوو هەزار و پێنج سەد دینار بۆیانت رەوانە کردووە. دیارە بەڕێزت وەکو کادرێکی کارامەی راگەیاندنی پارتیمان هەستت زۆر لەوە بەرزترە نەتها خۆت بە لێپرسراوی ئەرکی پێ سپێردراوی خۆت بزانی، چونکە بە بەڵگەی زیندوو ئیسپاتت کرد. مەبەستت تەنها لە دەعمە ماددییەکە نییە بەڵکو خۆی لە خۆیدا هۆکارێکی دەعمی مەعنەوییە بۆ بەرزبوونەوەی ورە و وزەی هێزی پ،م.ی بارەگای ل.ن.پارتیمان ئومێد دەکەین ئەم هەڵوێستە ببێتە هاندەر بۆ گشت کادیرانمان.**

**لەگەڵ رێز**
**ئیتر بۆ پێشەوە**

**ئەم نامەیە لیژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ژمارە (٦) لە رۆژی ١٩٩٥/٦/٤ ئاراستەی (بەندە)یان کردووە وەکو سوپاسنامەیەك بۆ ئەو هاوکارییەی کە هەفتەیەك پێشووتر ناردبووم بۆ پێشمەرگەکانی بارەگای لیژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی کە بریتی بوو لە (٢,٥٠٠) دوو هەزار و پێنج سەد دینار چونکە ئەوکاتە لە بارودۆخێکی سەخت دەژیان، لە بارودۆخی شەڕی ناوخۆی نەگریسدا.**

## نامەی مامۆستا تایەر ئەحمەد حەوێزی

– تاهیر ئەحمەد حەوێزی لە ساڵی ١٩١٩ لە کۆیە لەدایکبووە.
– خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە تەواوکردووە و دواناوەندیی لە هەولێر خوێندووە.
– ساڵی ١٩٤٠ بۆتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ماوەت و لە چەند شوێنی دیکەی کوردستان مامۆستایەتیی کردووە و ساڵی ١٩٦٣ بۆ ماوەی ٨ مانگ زیندانی کراوە و ساڵی ١٩٧٠ خۆی خانەنشین کردووە.
– بەشداریی لە کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە کردووە.
– لە زۆر لە رۆژنامە و گۆڤارەکان وتاری نووسیوە.
– لە ٢٠٠٠/٧/١ لە شاری کۆیە کۆچی دوایی کردووە.
– چەندین بەرهەمی چاپکراوی هەیە لەوانە:
١. مێژووی کۆیە بەشی یەکەم دوو بەرگ
٢. شەوچەرە
٣. دیوانی ئەختەر
– چەندین بەرهەمی دیکەی لە پاش خۆی بەجێ ماون بۆ چاپ.
– دۆستێکی نزیکی (عەونی)ی باوکم بوو، رۆژانە لە (محەل)ەکەی باوکم لەگەڵ چەندین کەسایەتیی دیکە بەدەم قسە و ئەدەبیات رۆژیان بەڕێ دەکرد.

– بە بۆنەی ناردنی دیوانی (عەونی) بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم ١٩٩٧ لەلایەن بەندە، مامۆستا تایەر ئەم نامە پڕ لە زانیارییەی وەکو سوپاسنامەیەك ئاراستەکردم.

٢٦/٤/١٩٩٧

زۆر خۆشەویستم فەرهاد لە فەرەنسا

ڕۆژتان باش

لە پێشدا هەموو شتێک زۆر لە هەواڵتان دەپرسم، ئومێد دەکەم هەمیشە سەربلند و لە بارودەست بن.

١- دانە یەکێ لە (دیوانی عەونی) باوکتان بە دەست گەیشت، کە بۆتان ناردبووم، واتێ گەیشتم هی خۆمە. زۆر سوپاستان دەکەم و شادمان بووم، کە منیش لە بۆ بەچاپ گەیاندنی زۆر بە پەرۆش بووم. وادیارە ئەوەی کە پێشی بە زوو بوونی خۆمانە ببینین، هەرچەندە ئەرکی چاپ زۆر گرانە و بەرلی شێواویە.

٢- زۆر سوپاسی مامۆستا (کەریم شارەزا)ش دەکەی، کە بەو ئەرکی ڕێکخستنی و دەڵبەرگوونتی هەستاوە، لە وردەکاری و شتی کرد ئەوەکە دەستێکی باڵا و خولقێکی باشی و خەتێکی خۆشی هەیە. ئومێد دەکەم ڕەنجی بەخەسار نەچووبێ، کە لێتان دەوەشێتەوە، دەست و دڵیتان پڕ کردبێ.

٣- وێنەکەی باوکتان وەک بە دەستی کێشرابێ، توزی دیمەنی گۆڕی پێوە دیارە. من یەک لە بارە خۆم، بەهەدوا ئەبا، دەکراوە و دەکەوتە فەرەی خۆشی و پەند گیران وەو بابەتی فەلسەفی دونیادیتە بوو، وەختی خۆی لە: ڕۆیشتن و قسە کردن و نووسین و مامەڵە کردنا، جغارەی هەر پێ لا لێو بێوە بەو، بەڵام گوێزراوە: "هەتا ئەڤینا لە تەبەقی، ئەی گوت: "صدق"، ئەوجا جگەرەی واز لێ هێنا.

٤- چاپێکی ڕێک و پێکە، بەڵام چاپەکەی بۆ چاوی مەمانان وردە. ڕاستە ئەگەر وانەبا، حی ی زۆرتر دەگرت، دەبوایە بکرێ بە دوو بەرگ. ٢

٥- دووکەسی کوێی، وابزانم سماکەی، لە پاشی مەرگیان، لەبەر نووسینیان بەدەر کەوت، وەک (ئامێ ئاغای خوێری گۆتەنی: "لە پاشی ٢ مەرگم هیچ فایدە، بێ یە سەر قەبرم..." من نائومێد نابم، دیسان هەر باشە یەکەم: مەرای کەوەڵاوە و تەفسیرەکانی، دووکیە بەرگی والمصقول في علم الاصول (٢)، دوەم مامۆستا زکی ٤ افندی احمد و گۆلیستانەکەی، کە ظاهر افندی برای پێ هەستا، سێیەم (عثمان صوفی) و دیوانەکەی، کە ئێوە پێ هەستان، گیانیان پێ شادمان بوە، وەک (مجمعی أموات) خۆی پێوە هەڵەیەکێشی، خوێنیان ڕوێشتن، بەڵام (ئاثار) یان مامە.

ئێوە و کەریم افندی و ئەوەی لە ئەرکی چاپکردنی هەڵساوە، جێی سوپاس و بەرز ڕاگرتنن، حەقی سەربوکێل کردنەوەیان هەیە! هەرچەندە لە بەرێکیش، کیمی نێشانەی بلیتی شادیەی.

٦- لە لایەن دلداریشی - هەرچەندە لە هەرزە کاریا، دل وەک بولبول لەبەر زوولاڵ دەنیشی بە. وابزانم، بابتان بەهەڵکەوت دڵی بە (زەکیەخان) ٥ی دایکتان پشکووتوە، ئافرەتێکی بێ دەنگی، کە لەگەڵی، کە می کلولی ڕوو بە حەشتی. دوور نیە باوکتان ئێواران کە لە دەرکی گەڕوی ٦ گەڕابێتەوە ناو شار، بە عاشقی داکتانی دیتبێ و نەدیتبێ، ئەوسا کە هەلیست لە سێشکیا گیرتە لودلکە و گەردەلوولی بوو.

زەکیەخانا دایکتان و (زینب)ی ٦ خێزانم، کە کچی پێک و کچە خانی، ملاژن (فاطمە)ی ئەنگیان مامانیان بوە - هەر خۆشە، فەقەی دەبنی، هەفتەکیان پێ بوە، زەنگی (زەینەب) پێشتر بوو بێ، چونکو ئەم لە خاچاپێکی کەوتبوە. لەبو میەر دومانی ئینگلیزی هەر دووک مەلوکە لووڵ بۆ، وەهی لەلاتووەوە بۆ گوێری (گوێتە پەیە گوگتە پێ).

(زینبا) لە زاری (خەجیج ٧ = خدیجە)ی دایکی و خاڵوژن و خەسووی من، دەگێڕێتەوە: "زینبا و زەکیە دەستە خوشکی بوون و منداڵ، لە لەاحەوزی ماڵی حاجی ئاورەحمان (کە ماڵ دەکەوان، بە دەست لە ملانی دەکەوتنە ناو حەوزەکە و لە بەر ئاو دەکەوتن، (حاجی رەحمە)ی پێکیان داک و بابیان، بەدەنگ هەڵاو دەریان دەهێنی، چا بوو لە بەختی من و کاک عونی نا خنکێن. فەرهادی ئەزیزی ئەو چەند قسەی بۆ شرووهی خۆشە، وەک شەوچرە!

٧- لەو چەند ساڵەی دواییدا کە لەگەڵ کاک عونی و کاک ئیسماعیل دادەنیشتین، زۆر قسەی باوکتانم
لێ ئەبیستەوە، بە چاک و خراپ، ئەگەر هەڵسووڕاو و ئەنتەلەمانی دەکرد، ئەوەشی بیبا لێ
پاشکۆی دیوانەکە، یا لەگەڵ (ناودارانی)، چاپیان دەکرد، کە بەدەستمەوەیە.
بە پێی هێز و ڕێکیان دەخست. بیرە لە قسەی: کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، ڕووداوی شار و
وڵاتەکە. نازناوی هەرەی کاک عونی، بە ئەکوەهی زۆر بەرچی. من وەک مامۆستا (یوسف عبدالرقیب)
توانای (کامیرا) و (مسجلە)م نەبوو، بەڵام لە بیشکی خۆم دا، هەڵم دەگرتن، هەڵیانم
دەبوو بە ئارەزوو، پێیم دەکردەوە، تا دەم قسەی لەکۆنەوە، ئەوەک ئەوران زگی!

٨- ئەم چەند وێنەیەش کە خستوونمە دوای دیوانەکە، زۆر جوانە و بیرەوەری فەرمووی لە
هەنێ ئیتر ڕۆیشتوو و هەیزی مردی.
هەر وەک لە کێلی دکتۆر (مرعت ناجی) کە لە کۆنی تربێ (سید حامی) هەڵقەندرا بوو، هەتا
ئەو ساڵانەش مابوو، من ئەوەندەم لەبیر مایە

یا زائر قبری إلیك علی شبابی
بالامس کنت مثلك والیوم تحت التراب

بەڵام وێنەکەی من هەرچەند لە بیشەوەیە، ئەگەر لاپەڕەکەی بە نوێژی لیبڵ بکە لەوە،
ئەوجا بنووسم لە چاکی دەدەمی، لەگەڵ زۆر سوپاسی کە مێنێشتان هێنایە ڕیزی: شاعیر و ئەدیب و
نووسەرانەوە.

٩- وا دوو وێنەم بۆ ناردن کە لە ساڵی (١٩٢٩) لە شاخی مەکۆ وەرگیراون کە لە چەنگی تەگبرە و لەبەردەی
زەمانی ڕزگاریان بووە. وێنەی یەکەم ئەوە دیارە، لە پشتەکەی نووسراوە؛ لە ڕاستەوە بۆ چەپ:
عثمانی حاجی عبداللە، فتاح جبار (هەولێری)، محمد حاجی عبداللە، موسی صمد (هەولێری)، عثمان عونی،
شهاب سلیم (هەولێری)، احمدی هەڵاکی کە تسبیحی بە دەستەوەیە، یوسف صمد و شهاب سلیم بە نووسی
ئەوەیان ئەداوە.

وێنەی دووەم چەند قوتابییەکی ثانەوی هەولێرن، هەر لە عەینی ڕۆژ گیراوە؛ لەگەڵ مامۆستا
فخری سامی معلمی ریاضە بە سەربڵی هاتنەکەیە. من ناوی هەندێکیانم لەبیر نەماوە؛ ئەگەر
مامۆستا جلال شریف – کە پۆلی چوار – وە مامۆستا (عبداللە ئاغا) کە پۆلی سێ بوو – وێنەکەی ببینن
ڕەنگی بیان ناسنەوە:

عەتاف کە بە دیری بووە لەسەر روخی شاخەکە بە پەلەی ئانیشکی داداوە و گوڵێکی بەدەستەوەیە، وە هێشتێکی سامی
دائیرەی طاپۆ بوو، لە پشت سەری (رستم جبارە)، ئەوجا شهاب سلیم، فتاح جبار، احمد حاجی عبداللە،
مامۆستا فخری سامی، ئەو منجەی بە پێوە ناویانم لەبیر چووەتەوە، یوسف داود تێک چاکەنی داکەنایە
کاک عونیشی لەلای دەستە ڕاستیە...

١٠- ئەی لە ئەمن مێژووی وەفاتی باوکتانم، ڕۆژی سێ شەممە (١/٧/١٩٦٤)ە نووسیوە و تەمەنی (٧٠) ماڵتان
نووسیوە؟ دەبێ من ڕۆژێکیان دەرەنگتر زانیبێ، هەرچەندە لە گەلێکی جووینەوە، قەت بڕوان؟ بە لێ قسەکەی شێوەڕاستە

١١- ئا بالە و بیشەکەی کریم افندی و بەچوە، هیچ یاد داشتێکی نووسراوەی هەیە؟ بۆ پیکەنین؛ باپیرەم زۆر جار
گوتبووی: "عثمانی کوڕم لە من زیرەکترە!"
ئێوە باجیدی سەرتان نەدیشتیم، باوکی ڕەحمەتیت دەیگووت: جووملەکە یەکێک هەبوو، حکایەت خوێن بوو، هەموو
جارێ دەی گووت: "ئەمن سەرتان نابووشێنم، خوا سەرتان بیشێنێ!" تشبیەی بەمن و نیوەنەبێ.
زۆر بێنی سلاوی لێ دەکا، هەموو دووکان زۆر سلاوم لەداکتی و باڵ وەتان و پڕ لە خۆشی کانتان دەکەین بەخێرم و کەسی
بە تایبەتی وەستا تۆفیق زۆر سلاومیان هەیە، زۆر سلاوم کریم افندی دەکەم
ئێوە خوا هەمووڵاوەکان بیپارێزی

خۆشەویستان
[signature]
طاهر احمد حوێزی

**زۆر خۆشەویستم فەرهاد ئەفەندی**

**رۆژتان باش**

**لەپێش هەموو شتێك لە هەواڵتان دەپرسم، ئومێد دەکەم هەمیشە سەربڵند و تەندرووست بن.**

**١- دانەیەکم لە (دیوانی عەونی[١])ی باوکتان بەدەست گەیشت، کە بۆتان ناردبووم، وا تێگەشتم هی خۆمە، زۆر سوپاستان دەکەم و شادمان بووم، کە منیش لەبۆ بەچاپ گەیاندنی زۆر بەپەرۆش بووم، وادێ ئێمەی کۆییش بەروبوومی خۆمان ببینین، هەرچەند ئەرکی چاپ زۆر گرانە و سەر لێشێواوییە.**

**٢- زۆر سوپاسی مامۆستا (کەریم شارەزا)ش دەکرێ، کە بە ئەرکی رێکخستنی وە بەسەرگۆتنی هەستاوە لە وردەکاری و شیکردنەوەکە دەستێکی باڵا و خوڵقێکی باش و خەتێکی خۆشی هەیە، ئومێد دەکەم رەنجی بە خەسار نەچووبێ، کە لێتان دەوەشێتەوە، دەست و دڵتان پڕکردبێ.**

**٣- وێنەکەی باوکتان وەك بە دەست کێشرابێ، تۆزێ دیمەنی گرژیی پێوە دیارە. من یەك لەبارە خۆم بمدواندبا دەکراوە و دەکەوتە قسەی خۆش و پەند گێڕانەوە و بابەتی فەلسەفی و دنیا دیتە بوو وەختی خۆی لە رۆیشتن و قسەکردن و نووسین و مامەڵەکردنا، جغارەی هەر بە لا لێویەوە بوو، بەڵام گوتراوە: هەتا نەینا لە تەبەق، نەیگوت "صدق" ئەوجا جگەرەی وازلێهێنا.**

**٤- چاپێکی رێکوپێکە، بەڵام چاپەکەی بۆ چاوی مەمانان وردە، راستە ئەگەر وانەبا هیی زۆرتر دەگرت، دەبووایە بکرێ بە دوو بەرگ.**

**٥- دوو کەسی کۆیی وابزانم سێ کەس، لەپاش مەرگیان بەروبوومیان بەدەرکەوت، وەك ئەمین ئاغای حەوێزی[٢] گوتەنی "لەپاش مەرگم چ فایدەی هەیە بێیە سەر قەبرم" من نائومێد نابم دیسان هەر باشە یەکەم: مەلای گەورە[٣] و تەفسیرەکانی: دوو سێ بەرگ و (والمصقول في علم الاصول)، دووەم: مامۆستا زەکی ئەفەندی ئەحمەد[٤] و گوڵستانەکەی کە زاهیر ئەفەندیی برای پێی هەستا، سێیەم: (عوسمان عەونی) و دیوانەکەی کە ئێوە پێی هەستان گیانیان پێ شادمان بووەوە، وە لە (موجەمەعی ئەموات) خۆی پێوە هەڵدەکێشن، خۆیان رۆیشتن، بەڵام (ئاسەوار)یان ماوە.**

ئێوە و کەریم ئەفەندی و ئەوەی بە ئەرکی چاپکردنی هەڵساوە جێی سوپاس و رێز راگرتنن، حەقی سەر بۆ کێل کردنەوەیان هەیە! هەرچەندە لە سەرێکیش کێل نیشانەی بڵندی و شاهیدی نییە.

٦- لەلایەنی دڵداریش-هەرچەندە لە هەرزەکاریا دڵ وەکو بولبول لەسەر زۆر گوڵان دەنیشێ وابزانم بابتان بە هەڵکەوت دڵی بە (زەکیە خان[٥])ی دایکتان پشکوتووە، ئافرەتێکی بێدەنگی، کەڵەگەتی، کەمێ کلۆڵی روو بەهەشتی. دوور نییە باوکتان ئێواران کە لە دەرکی گەروێ[٦] گەڕایتەوە ناو شار، بە ئاستەم داکتانی دیتبێ و نەیدیتبێ، ئەوساکە هەڵبەست لە مێشکیا گێرلۆکە و گەردەلوولی بوو.

زەکیەخانی دایکتان و (زەینەب[٧])ی خێزانم، کە کچە پلك و کچە خاڵن، مەلا ژن (فاتم)ی نەنکیان مامانیان بووە-هەر خۆشە قسە قسەی دێنێ، هەفتەیەکیان بەین بووە، رەنگ بێ (زەینەب) پێشتر بووبێ چونکە ئەم لە قاچا پەکی کەوتییە، لە بۆردومانی ئینگلیزی هەردووك مەلۆتکە بوون و هەڵاتوون بۆ گوندی (گۆپتەپە).

زەینەب لە زاری (خەجیج[٨]=خەدیجە)ی دایکی و خاڵۆژن و خەسووی من دەیگێڕێتەوە: زەینەب و زەکیە دەستەخوشك بوون وەکو منداڵ لەسەر حەوزی ماڵی حاجی ئەوڕەحمان گەمان دەکەن بە دەست لە ملانێ دەکەونە ناو حەوزەکە و بەسەرئاو دەکەون (حاجی رەحمەی پلکی داك و بابیان) کە خێزانی حاجی ئەوڕەحمان بوو دەنگ دەدا و دەریان دێنێ، چا بوو لە بەختی من و کاك عەونی ناخنکێن، فەرهاد ئەفەندی ئەو چەند قسەش بۆ مێژوو خۆشە وەك شەوچرا.

٧- لەو چەند ساڵەی دواییدا کە لە محەلەکەی کاك عەونی و کاك ئیسماعیل دادەنیشتین زۆر قسەی باوکتانم نووسیوەتەوە، بە چاك و خراپ، ئەگەر هەڵسوڕا و تەتەڵەمان کرد، ئەوی بایی پاشکۆی دیوانەکەیە یا لەگەڵ (ناوداران) چاپمان دەکرد، کە بەدەستمەوەیە بەپێی مێژوو رێکمان دەخست، پڕە لە قسەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، رووداوی شار و وڵاتەکە. نەك هەر ئی کاك عەونی بەڵکو هی زۆری تریش. من وەکو مامۆستا عبدالرقیب یوسف توانای (کامێرا و مسجل)م نەبوو، بەڵام لە مێشکی خۆمدا هەڵمدەگرتن و لێم دەبوو بە ژانەسەر پێی دەکردەوە تاکو دەمخستنە سەر کاغەز، نەك ژانە زگ!

٨- ئەم چەند وێنەیەش کە خستووتانە دوای دیوانەکە زۆر جوانە و بیرەوەریی مێژووییە، هەندێ زیندوو و هەندێ مردوو.
هەر وەك لە کێلی دکتۆر (سەروەت ناجی) کە لە کەکۆنێ نێزیك (سەید جامی) هەڵقندرابوو هەتا ئەو ساڵانەش مابوو، من ئەوەندەم لەبیر مایە:

**یا زائر قبري ابك على شبابي**

**بالأمس كنت مثلك واليوم تحت التراب**

بەڵام وێنەکەی من هەرچەند لەپێشەوەیە ئەگەر لە لاپەڕەکەی بە تۆبزی لێك بکەیەوە ئەوجا بەندەم بە چاکی دەردەچێ، لەگەڵ ئەوەش زۆر سوپاس کە منیشتان هێنایتە ریزی: شاعیر و ئەدیب و نووسەران.
٩- وا دوو وێنەم بۆ ناردن کە لە ساڵی ١٩٣٦ لە شاخی مشکە وەرگیراوە، کە لە چەنگ بگرە و بەردەی زەمانە رزگاریان بووە. وێنەی یەکەم ئەوەی دیارن لە پشتەکەی نووسراوە، لە راستەوە بۆ چەپ.. عوسمانی مام عەبدوڵڵا، فەتاح جەبار (هەولێری)، عومەر مام عەبدوڵڵا، موسا سەمەد (هەولێری)، عوسمان عەونی، شەهاب سەلیم (هەولێری)، ئەحمەدی حەمە مەلا کە تەزبیحی بەدەستەوەیە.. موسا سەمەد و شەهاب سەلیم پانتۆڵی فتوەیان لەبەرە.
وێنەی دووەم چەند قوتابییەکی سانەویی هەولێرن، هەر لە عەینی رۆژ گیراوە لەگەڵ مامۆستا فەخری سامی موعەلیمی ریازە، لە سەفەرێك هاتینە کۆیە. من ناوی هەندێکیانم لەبیر نەمایە، ئەگەر مامۆستا جەلال شەریف کە پۆلی چوار و مامۆستا عەبدوڵڵا کاکە کە پۆلی سێ بوو وێنەکەی ببینن رەنگ بێ بیانناسنەوە.
عەساف کە درێژ بوون لەسەر رۆخی شاخەکە ئانیشکی داداوە گوڵێکی بەدەستەوەیە وەختێکی مەساحی دائیرەی تاپۆ بوو، لەپشتەوەی (رۆستەم جەبار)ە، ئەوجا شەهاب سەلیم، فەتاح جەبار، عومەری مام عەولا، مامۆستا فەخری سامی، ئەو پێنجەی بەپێوەن ناویانم لەبیرچوویتەوە، یوسف داود بەگ چاکەتی داکەندیە کاك عەونیش لەلای دەستە راستیە.

**١٠- ئەریٚ ئەمن میٚژووی وەفاتی باوکتانم رۆژی سیٚ شەممە (١٩٩٢/٧/٢١) نووسیوە ئیٚوەش (٢٠)ی مانگتان نووسیوە؟ دەبیٚ من رۆژیٚکم درەنگترم زانیبیٚ هەرچەند لەگەڵیشی چوویمە سەرقەربران، بەڵیٚ قسەکەی ئیٚوە راستە.**

**١١- ئایا لەو پیٚشەکییەی کەریم ئەفەندی و ئیٚوە هیچ یاداشتی تری نووسراوی هەیە؟**

**بۆ پیٚکەنین باپیرت زۆر جار گوتبووی: عوسمانی کوڕم لە من زیرەکترە.**

**ئیدی با چیدی سەرتان نەئیٚشیٚنم باوکی رەحمەتیت دەیگوت: جوولەکەیەك هەبوو حەکایەتی خۆی بۆ هەموو جاریٚ دەیگوت: ئەمن سەرتان نایەشیٚنم خوا سەرتان بیٚشیٚنی. تەشبیە بە من ئیٚوە نەبیٚ. زەینەب سەلامت لیٚ دەکا، هەردووکمان زۆر سەلام لە داکت و ماڵەوەتان و برا و خوشکەکانتان دەکەین، خزم و کەس بەتایبەتی وەستا تۆفیق[٩] زۆر سەلامیان هەیە زۆر سڵاوم لە کەریم ئەفەندی دەکەم.**

**ئیدی خوا هەموو لایەکمان بپاریٚزیٚ**

**خۆشەویستتان تاهیر ئەحمەد حەویٚزی**

**١٩٩٧/٤/٢٦**

**تێبینییەکان:**

١. مەبەست دیوانی عەونی-چاپی یەکەم-١٩٩٧,

٢. ئەمین ئاغای حەوێزی: شیعری لەپاش مەرگم چ فایدەی هەیە بێیە سەر قەبرم، شیعری ئەمین ئاغا (ئەختەر)ە کە هونەرمەندی کۆچکردووە (مشکۆ) بە دەنگە خۆشەکەی دەیڵێتەوە.

٣. مەلای گەورە: مەبەست لە مامۆستا (مەلا محەمەدی مەلا عەبدوڵڵا جەلی زادە)یە کە چەندین کتێب و نووسراوی هەیە سەرەڕای تەفسیری قورئان بە کوردی کە پاش کۆچی دوایی چاپکراوە.

٤. مامۆستا زەکی ئەحمەد هەناری (١٩٠٩-١٩٦٧/٧/٧).. کە مامۆستایەکی لێهاتوو و زمانزانێکی کارامە بوو و چەندین بابەتی وەکو کتێب نووسیوە و وتاری لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

٥. زەکیە خان: مەبەست زەکیە مەلا رەئوف مەلا رەسول مەلا قادر بیتوشییە (١٩٢٢-٢٠١٦/١/٣) کە دایکمە و ساڵی ١٩٣٩ مێردی بە (عەونی)ی باوکم کردووە و ٦ کوڕ و ٧ کچیان هێناوەتە سەر دونیا.

٦. دەرکێ گەروێ ئەو زەمانەی مامۆستا تایەر ئەحمەد باس دەکات (دەرکی گەروێ) سنووری خانووبەرەی دانیشتووانی کۆیە بووە، لە لای خواروو (قیبلە) دەرەوەش بە گرد و تەپۆڵکە چواردەورە درابوو، ئێستاکە ئەم (دەرکێ گەروێ)یە ئەو شەقامەیە کە لە تەنیشت نەخۆشخانەی شەهید (دکتۆر خالید سەعید) بۆ ناو کۆیە و ئێستاکە کۆگا و دووکانی لێ دروستکراوە و بەبەردەم ماڵی باوکی دایکم (مەلا رەئوف) تێدەپەڕێ بۆ لای مزگەوتی (مەلا مەعسوم) بەرامبەر ماڵی باوکی دایکمە.

٧. زەینەب خان (زەینەب مەلا کەریم) کە خێزانی مامۆستا تاهیرە کچە پلك و کچە خاڵن لەگەڵ زەکیەی دایکم.

٨. خەجیج-خدیجە: دایکی زەینەب خانە.

٩. وەستا تۆفیق: مەبەستی تۆفیقی مەلا کەریمە کە ئەویش کوڕی پلکی دایکمە و برای زەینەب خانی هاوسەری مامۆستا تاهیرە.

١٠. کەریم ئەفەندی: مەبەستی مامۆستا کەریم شارەزایە.

**نامەکانی مامۆستا سەعید ناکام**

١٩١٨-٢٠١١/٢/١

- سەعید ناکام ساڵی ١٩١٨ لە گوندی (دەوەشار)ی رۆژهەڵاتی ساپلاغ لەدایکبووە.

- خوێندنی لە حوجرە و کەمێکیش لە قوتابخانەی میری خێوندوویەتی، بەڵام بەهۆی سەختی باری ژیان نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات.

- دووچاری ژیانی سەخت و دەربەدەری بووە و لە هەردوو دیوی عیراق و ئێران بە زەحمەت جێی بۆتەوە، لە بواری سیاسیشدا رۆڵی خۆی گێڕاوە.

- نووسەر و رۆژنامەنووسێکی ناوداری کوردە و یەکێکە لە قەڵەمە بە بڕشتەکانی نێو بزاڤی رۆشنبیری کوردی، سەرەتا لای بەهەشتی (حسێن حوزنی موکریانی) لە چاپخانەی (زاری کرمانجی) سەرەتای دەستپێکردنی کاری رۆژنامەنووسیی بووە لە رەواندز، پاشان چۆتە سلێمانی هاوکاریی (پێرەمێرد)ی کردووە لە رۆژنامەی (ژیان)، هەروەها بۆ رۆژنامەی (الاهالی)ش وەك پەیامنێر دەنگوباسی شاری کەرکووکی ناردووە.

- ساڵی ١٩٤٦ چۆتە پاڵ کۆماری کوردستان و لە چاپخانەی رۆژنامەی کوردستان لە (مهاباد) کاری کردووە.

- دوای رووخانی کۆماری کوردستان گەڕاوەتەوە عیراق و گۆڤاری (ئازادی، ئازادی کوردستان)ی پارتی کۆمنیستی عیراق لە کەرکووك بەڕێوەبردووە.

- لە رۆژگاری شۆڕشی ئەیلول بەتایبەتیش لە ناوەندی شەستەکاندا لە ئێزگەی (دەنگی کوردستان) کاری کردووە، پاشان چۆتە چاپخانەی شۆڕش، ساڵی ١٩٦٨ گۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە)ی دەرکردووە.

- لەپاش رێککەوتنی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لە گۆڤارەکانی (نووسەری کورد، رۆژی کوردستان، گۆڤاری برایەتی) رۆڵی باشی تیایاندا گێڕاوە، لە بواری وەرگێڕانیشدا کتێبی (کورد لە مێژووی دراوسێیەکانی دا)ی ئەولیای چەلەبی وەرگێڕاوە، هەروەها کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد)ی بەڕێز مەسعود بارزانیی لە دوو بەرگدا لە عەرەبییەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە، (بیرەوەری)ـەکانیشی لە دەزگای ئاراس چاپکراوە.

- رۆژی ٢٠١١/٢/١ کۆچی دوایی کردووە.

برای بەڕێزم کاکە فەرهاد عەونی

سڵاوی گەرمی برایانە
هیوام سەلامەتی لەش و شادیی دڵ و پڕیی گیرفانتانە
تۆ بڵێی ئامین .
من ئەڵێم یا خوا و کەوتینەوە
سەری مانگ هاتەوە
ئەوا دیسان
بەڵێ ...
کێشەی چۆنی و چاکی ، بەڵێ ... و مەبەستی سەرەکی..
«مقدمات» ٥٠٣ و
کاکە ئەمانە هەمووی «مقدمات»
مانگانەی ئێمە چارەمان ...
کوا ؟ ... تان بکەوێ ، بەڵام
خوا بیکا لە کۆڵ ئێوە ازعاج کردنتان
ئاخۆ ئەم دوعایە قبوڵ ئەبێ ناچارین من نامەی استرحامتان
بۆ بنووسم و تۆش ؟ ناوچەوانی گرژەوە بەڵێ .. یا ئێمە
لێی بکەیتە .
ملکیەت و قیر و سیای لێ بکەیتە
چاری باوای و تۆش محمل تا سەبێ بارزانی
کەی دوای دێت ؟

ناکام
برامەی :
٩٩٨/٢/٢٨

**برای بەڕێزم کاکە فەرهاد عەونی**

**سڵاوی گەرمی برایانە**

**هیوام ساغی لەش و شادی دڵ و پڕی گیرفانتانە، من ئەڵێم یاخوا تۆ بڵێ ئامین.**

**ئەوا دیسان سەری مانگ هاتەوە و کەوتینە کێشەی چۆنی و چاکی، بەڵێ..**

**کاکە ئەمانە هەمووی (مقدمات)ە و مەبەستی سەرەکی کوا؟ مانگانەی ئەم جارەمان...**

**خوا بیکا لەکۆڵ ئەم ئیزعاجکردنەتان بکەوین، بەڵام تا ئەم دوعایە قبوڵ ئەبێ ناچارین من نامەی استرحام تان بۆ بنووسم و تۆش بە ناوچەوانی گرژەوە بەڵێ.. یا ئم بڵێیت و ڤیروسیای لێ بکەیت.**

**جارێ با وابێ و تۆش تەحەمول تان ببێ با بزانین کەی دوایی دێت؟**

**برات**

**ناکام ١٩٩٨/٢/٢٨**



**هەولێر-بارەگای رۆژنامەی برایەتی ١٩٩٨/٤/٣٠**

**نووسەر لەگەڵ مامۆستای خوالێخۆشبوو سەعید ناکام**

برای هێژام کاک فەرهاد عەونی

سڵاو و دوعای خێرت بۆ دەکەم و داخوا هەر خۆش و
ساغ و خەندەروو بیت.

ئەوا سەرەی مانگە و منیش زۆر ناردم
ئەگەر ئەکرێ بۆم بنێریت خێرت دەگا، خوا
سەرفرازت.

سڵاوی گەرم و دوعای خێر

براتان: ناکام

٩٨/٥/[illegible]

**برای هێژام کاك فەرهاد**

**دوعای خێرت بۆ دەکەم و یاخوا هەر خۆش و ساغ و بیٚ وەی بیت.**
**ئەوای سەری مانگە و منیش زووتر ناردم ئەگەر ئەکریٚ بۆم بنێریت خێرت دەگا. خوا سەرتانخات.**
**سوپاسێکی گەرم و دوعای خێر**

**برات**
**ناکام**
**١٩٩٨/٥/٣٠**

برای بەڕێزم کاک فەرهاد عەونی

سڵاوی گەرمی برایانەتان پێشکەش ئەکەم وە لە خوا
داوا ئەکەم ساغ و سەلامەت و کەیفخۆشی بێ.

ئەوا هێرای کوڕم هاتە خزمەتتان، بەڵکو
یارمەتیم بکەی (هی مانگی مایس)م بۆ بنێری
جێگای سوپاسە

ناکام

٩٩٨/٦/٢٢

**برای بەڕێزم کاك فەرهاد عەونی**

**سڵاوی گەرمی برایانەتان پێشکەش ئەکەم و لە خوا داواکارم ساغ و سەلامەت و کەیفخۆش بن.**
**ئەوا هێژای کوڕم هاتە خزمەتتان، بەڵکو یارمەتییەکم (هی مانگی مایس)م بۆ بنێری.**
**جێگای سوپاسە**

**ناکام**
**١٩٩٨/٦/٢٢**

برای بەرێزم کاک فەرهاد عونی

سڵاو و احترام پێشکەش دەکەم

ئاواتم سەرخی و بەختەوەریتانە،

ئەوا هەندێ یادەوەری کوردم نارد ئەگەر

تەرجەمەی بکەیت بۆ مانگنامەکەی

خودا ئیمزام تۆ بنێریت ئەگەر بێت

لەگەڵ سوپاسم

ناظم

بەروار: ٩٨/٧/٤

تکایە ئەگەر دەست لەکەیت بۆ خوێندنەوە

بەشی بەرەم بنێری دوعای خێرت بۆ دەکەم

**برای بەڕێزم کاك فەرهاد عەونی**

**سلاو و ئیحترامم پێشکەش دەکەم**

**ئاوانم ساغی و بەختەوەریتانە.**

**ئەوا هێژای کوڕم نارد ئەگەر زەحمەت نەبێ مانگانەی مانگی حوزەیرانم بۆ بنێریت،**

**ئەبێتە هۆی سوپاسم.**

**دڵسۆزتان**

**ناکام**

**١٩٩٨/٧/٤**

**چیت لا دەس دەکەوێ بۆ خوێندنەوە بشێ بۆم بنێری دووعای خێرت بۆ دەکەم**

**چیرۆكی نامەكانی بەهەشتی**

**مامۆستا سەعید ناكام**

**لە دوا رۆژەكانی مانگی هاوینی ساڵی ١٩٩٥ یاخود سەرەتای پایزێكی زوو، ئەوكاتە شەڕی ناوخۆی نەگریس بەرۆكی كورد و كوردستانی گرتبوو ئەوكاتە ئێمەی ستاف هەردوو رۆژنامەی (خەبات و برایەتی) لە هاوینەهەواری پیرمام نیشتەجێ ببووین و لە كارە رۆژنامەنووسیەكانماندا بەردەوام بووین، رۆژێكیان لە ناسیاوێكی خەڵكی (شەقڵاوە)م بیست كەوا ماڵەكەیان نزیكی ماڵی مامۆستا سەعید ناكام بوو و پێی راگەیاندم كەوا بارودۆخی داراییان كزە و بێ دەرامەتن، لە راستیدا هەواڵەكەم زۆر لەلا گران و ناخۆش بوو چونكە بەندە پێشووتر مامۆستای هێژام دەناسی و تا رادەیەك ئاگاداری ژیانی سیاسی و كاری نووسین و رۆژنامەنووسیی ئەو بووم، بەڵام زەحمەت بوو پاوێكی وا ئاوڕی لێ نەدرێتەوە لەو رۆژگارە سەختەی ئەوكاتە، بۆیە رۆژێك دەمەو عەسرێك لەگەڵ هاوڕێ و هاوكاری كۆچكردووەم (سەعید یحیا) كە ئەوكاتە سكرتێری نووسینی رۆژنامەی (خەبات) بوو ناوی خوامان لێهێنا و بە ئۆتۆمبێلەكەی ئەو بەرەو شەقڵاوە چووین و ماڵی مامۆستا سەعید ناكاممان دۆزییەوە، لێرەدا نامەوێ باسی سیمای ژیان و بارودۆخی ماڵەكەی بكەم.**

**پاش چاك و چۆنی و بەخێرهاتن و كەمێ دانیشتن رووم لە مامۆستا كرد و گوتم: مامۆستا سەعید داوای لێبوردنت لێ دەكەین كەوا درەنگ هاتووینە خزمەتت، خۆشت دەزانی ئەم شەڕە نەگریسە هەموو شتی لەبیر بردووینەوە، بەڵام بەهەرحاڵوا هاتینە خزمەتت بەڕێز سەرۆك مەسعود بارزانی سڵاوی هەیە و ئێمەی ناردۆتە لاتان لەگەڵ دیارییەكی بچوك (بڕی ٢,٠٠٠ دوو هەزار دینار چاپی سویسری بوو) لەمەولاش ئەمری كردووە تاكو بارودۆخەكە ئارام دەبێتەوە و دەچینەوە هەولێر مووچەت بۆ تەرخان دەكرێ هەموو مانگێك (١٠٠٠) هەزار دینار لە بودجەی برایەتی وەردەگری.**

ئەوەی راستی بێ ئێمە بێ ئاگاداریی بەڕێز مەسعود بارزانی ئەم کارەم کرد، چونکە نە راستە نە درووستە سەرۆك بارزانی لەو کاتە دژوارە بە شتی لاوەکی سەرقاڵی بکەین و دەشمزانی ئەگەر رۆژێك ئاگاداری ئەم کارەم بێت دەستخۆشیم لێ دەکات چونکە بەڕێزیان مامۆستا سەعید ناکامی باش دەناسی و ئاگاداری نووسین و بابەتەکانی ئەون، بەڵام بۆیە یارمەتییەکەم بە ناوی بەڕێز مەسعود بارزانی پێشکەش بە مامۆستا کرد تاکو دانەمێنێ لە وەرگرتنی، پاشانیش تاکو مووچەی بۆ دابین کرا هەموو مانگێك ۱۰۰۰ هەزار دینارم بۆ دەنارد، جارجارەش کاکە (هێژا)ی کوڕی دەنارد بۆ وەگرتنی مانگانەکەی، یادی بەخێر.. رۆحی شاد، هەمیشە لەگەڵ نەمران دایە.

مەلا جەمیلی رۆژبەیانی ساڵی ١٩١٣ لە گوندی (فرقان)ی سەر بە ناوچەی قەرەحەسەن لە پارێزگای كەركووك لەدایكبووە، باوكی (مەلا ئەحمەدی گەورە) كوری بەكر و دایكی ناوی (زوهرا حەسەن) بووو و ئامۆزای باوكییەتی.. لە تەمەنی شەش ساڵی دا لای باوكی و دایكی فێری ئەلف و بێ بووە، پاشان خوێندنی قورئانی پیرۆزی دەستپێكردووە.

لەگەڵ باوكی لە كاتی گەڕانەوەی شیخ مەحمودی حەفید چۆتە مزگەوتی گەورە، لەوێ كتێبەكانی (گوڵستان، بۆستان، بینایی) لەلای باوكی خوێندووە، هەر لەو سەردەمە دا مەلا جەمیل ژمارەیەك رۆژنامەی كوردی دیوە و خوێندوویەتییەوە كە زمانحاڵی شێخ مەحمودی حەفید بوون.

پاش نەمانی حكومدارێتیی شێخ مەحمود مەلا جەمیل لەگەڵ باوكی دەچنە كەركووك پاشان بۆ باداوا كە لەو كاتە قوتابخانەیەكی میری دەكرێتەوە و مەلا جەمیل لە پۆلی چوارەم وەردەگیرێ.

ساڵی ١٩٣٤ دەچێتە هەولێر لە مزگەوتی (حاجی قادری دەباغ) دەبێتە فەقێ و دەرسی (موتەوەل) دەخوێنێت پاشان دەچێتە كفری و لە مزگەوتی گەورەی ئەوێ دەرس ئەخوێنێت و دەرس ئەڵێتەوە، دیسان هەر لە كفری لەگەڵ بەهەشتی حوسێن حوزنی موكریانی خێوی (گۆڤاری روناكی) ئەبێت، ئەبێت بە دۆست و وتار بۆ ئەو گۆڤارە ئەنێرێت.

بەهۆی نامەیەكەوە كە بۆ (خەلەف شەوقی داودی)ی ئەنێرێت كە پاشان لەلایەن سانسۆری میرییەوە دەگیرێت و دوو ساڵ زیندانی دەكرێت لە حەویجە.

لە ١٩٤٣/٣/١ رەهەندی زیندانی (نوگرە سەلمان) دەكرێت پاشان بۆ عیمارە دەبردرێ، بەهۆی هەڵوێستی كوردایەتی كە لەوێدا لەگەڵ زۆر كەسایەتیی عیراقی وەكو (عبدالقادر الجمیل، محمد بهجت الأثري، محمد صديق شنشل، عبدالرحمن بزاز، ناجي معروف، جمال آلوسي، كمال الطائي، عبدالرزاق الحسني، یوسف زیا، بابە عەلی شێخ مەحمودی حەفید، عەونی یوسف) ٣١ مانگی رەبەق لەم تەلبەندە دا دەمێنێتەوە لەو ماوەیەدا توانیویەتی دوو كتێبی مێژوویی وەك (تاريخ السليمانيه) لە

کوردییەوە وەربگێڕێت بۆ عەرەبی و (شەرەفنامە) لە زمانی فارسییەوە بکات بە عەرەبی، لە هەمان کاتدا وتاریشی بۆ گۆڤاری گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە ئەنووسێت.

لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی و داکۆی لە نەورۆز تووشی چەندین کێشە لەگەڵ رژێم و پیاوانی کۆنەپەرست لە چلەکانی سەدەی رابردوو دەبێت، سەرەڕای دەیان سەرئێشەی دیکە کە خۆی لە خۆیدا چیرۆکێکە.

بەشداریی لە (بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی عیراق) (حرکە انصار السلام) دەکات و دەبێتە یەکێك لە ناسراوەکانی ئەم بزووتنەوەیە.

ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەکات و ماوەیەك کاری دادگا و شەرعیە ئەکات، ئەوجا ساڵی ١٩٦٤ دەچێتە ئێران، لە ماوەی ساڵانی مانەوەی لە ئێران (١٩٦٤-١٩٨٠) سەرقاڵی نووسین و وەرگێڕان و کارکردن لە ئێزگە دەبێت، دەیان و سەدان رووناکبیری کورد و فارس و ئازەر دەناسێ.

رۆژی ١٩٧٩/٩/١٧ لەگەڵ پۆلێك لە هاوڕێیان و دۆستانی دەگەڕێنەوە عیراق.

رۆژی ٢٠٠١/٣/٢٧ لە ماڵەکەی خۆی و بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە شەهید دەکرێت.

مامۆستا مەلا جەمیلی رۆژبەیانی دەیان کتێبی چاپکراو و ژمارەیەکی دیکەی چاپنەکراوی هەیە کە لایەنەکانی ئەدەب و کلتوور و مێژوو و جوگرافیا و نەتەوە و نەتەوەناسی لە کوردی و عەرەبی هەیە، سەرەڕای سەدان وتاری مێژوویی کە هەر لە چلەکانی سەدەی رابردووەوە لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوی کردۆتەوە،

**سەرچاوەی زانیارییەکان:** کتێبی مەلا جەمیلی رۆژبەیانی، نووسینی پرۆفیسۆری یاریدەدەر ئەحمەد باوەڕ وەرگیراوە.

Date : Subject :

بەڕێز کاک فەرهاد

ڕۆژباشی سەلدوو

بەهیوام دڵت وخۆشبە کامەت و براکانت
کامەرانت دەمێنن، جارجارە جەلادەت (1) ناخ
لە کەرکوکەوە تەلیفۆنم بۆ دەکا هەواڵتان
دەزانم.

نازانم سەرکەوتی (2) پلاکات بووە بیاو
یاهەر بووەکو جاران، بیستوم لای شێوەنکار
دەکات، ئایا یارێدەی حاڵی بادوەی تە دا.؟
هەرچۆن بێ چاوی ناچێتەکرم بێژێو سەردوم
بۆ خانمی و بۆ هەموو ماڵ و منالەکانت.

(3) گەرچی هەق نیە هەرگیز نامەت بۆ بنوسم
وتارت بۆ بنێرم، بەڵام دڵم بەمێژو
سوتاوە، دڵم بەشە بەفضاڵ سوتاوە، کەلەم
گورلک وجەقەڵانە دوربارەیان نووسیوە.
بۆیە ئەم وتارەم (4) بۆنارد، بەتمای هەوڵ
بدە هەڵەی تێ نەکەون، چونکە نامێ کەباشی
نیە، شەرشەکان کەوتن بوون، شەرێنی قادر
لەبەعناوەسی ناکەوێت. بێگومان ئێوە هەتاهەتا
لە بیری میترووکیاوە ١ سالۆ لۆ هەمو دۆستت

ئازادسۆزتان

جەلیل سەرشتیانی ۹۹۸/۵/۷

PAPCO

بەڕێز کاک فەرهاد

ڕۆژ باش.. سڵاو

بەهیوام داکت و خوشکەکانت و برایەکانت کامەران و شاد بن، جارجارە مەلا فەتاح[١] لە کەرکووکەوە تەلفۆم بۆ دەکا و هەواڵتان دەزانم.

نازانم سەرکەوتی پلکزات[٢] بووە بە پیاو یا هەر وەکو جارانە، بیستوومە لای ئێوە کار دەکا، ئایا یاریدەی ماڵی باوکی ئەدا. هەرچۆن بێ چاوی ماچ ئەکەم ڕێز و سڵاوم بۆ خانمی و بۆ هەموو ماڵ و مناڵتان..

گەرچی هەق نەبوو هەرگیز نامەت بۆ بنووسم[٣] و وتارت بۆ بنێرم، بەڵام دڵم بە مێژوو سووتا، دڵم بە شەرەفخان سووتا، کە ئەم گورگ و چەقەڵانە دەربارەیان نووسیوە، بۆیە ئەم وتارەم[٤] بۆ ناردی تکایە هەوڵ بدە هەڵەی تێ نەکەوێ، چونکە تایپەکە باش نییە، شریتەکان کۆن بوون، شریتی تازە لە بەغدا دەستناکەوێ، بەڵکو ئێوە دەتوانن لە ڕێی تورکیاوە. سەلامەت بۆ هەموو دۆست.

برای دڵسۆزتان جەمیل ڕۆژبەیانی
١٩٩٨/٥/٦

**تێبینی دەربارەی نامەکانی و چەند زانیارییەك:**

١. مەلا فەتاح رۆژبەیانی خزمی نزیکی شەهید مەلا جەمیل رۆژبەیانییە و ساڵی ١٩٢٩ لەدایکبووە و لە سەرەتای دامەراندنی وەکو نووسەر (کاتب) لە دادگای بەرایی کۆیە ، هەر لە کۆیەش خێزانی پێکهێناوە لەگەڵ پوورێکی من (خوشکی دایکم) لە ١٩٥٧/٣/١٢، کە ناوی (بەهیە مەلا رەئوف مەلا رەسول بێتوشی)یە، مامۆستا شێرزادی (مەلا حەمەد ئەمین)ی برازای مامۆستا جەمیل کچی پورە (بەهیە)م هاوسەرییەتی کە ناوی ئەختەرە و لە کەرکووك دادەنیشن.

٢. سەرکەوت ئەویش کوڕی (مەلا فەتاح)ـە کە دەکاتە کوڕە پوری من، ئێستاکە لە وڵاتی هۆڵەندا دەژین بە خاوخێزانەوە.

٣. لە نێوانی نامەکەیدا مامۆستا مەلا جەمیل بە من دەڵێ (گەرچی حەق نەبوو نامەت بۆ بنووسم و وتارت بۆ بنێرم) کە ئەوکاتە بەندە سەرنووسەری رۆژنامەی رۆژانەی برایەتی و گۆڤاری سەنتەری برایەتی و پاشکۆیەکانی بووم، (بەڵام دڵم بە مێژوو دەسووتا).

منیش دەڵێم: مامۆسا جەمیل رۆژبەیانی هەقی خۆی بووە کە لە بەندە نیگەران بووە چونکە سەرەڕای خزمایەتیمان وەکو لەپێشەوە باسکراوە، بەندە ساڵی ١٩٦٣ لە ماوەت گەیشتوومەتە خزمەتی کاتێ ئێمە و هەزارانی وەکو ئێمە پەیوەندیمان بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردبوو و ساڵی ١٩٧٤یش کاتێ بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەمانەتی راگەیاندن و رۆشنبیری و ولاوانی شۆڕش-چاپخانەی خەبات سەفەری (تاران)م کرد، مامۆستای شەهید سەرەڕای میوانداریییەکی خزمانە و دۆستانە کارئاسانییەکی گەورەی بۆ کردم بە مەبەستی دیداری خوالێخۆشبوو (ئیحسان نوری پاشا) سەرکردەی شۆڕشی (ئاگری داغ)ی ساڵی ١٩٣٠ کە ئەویش لە شوقەیەکی مامناوەند دەژیا لە تاران.

سەرەڕای ئەوانەش (بەندە) لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠-١٩٩١ هەرکاتێك سەفەری بەغدام کردبێت سەردانی مامۆستا مەلا جەمیل-م کردووە لەگەڵ چەند دۆستێکی دێرینی کوردپەروەر، جار جارە لەگەڵ باوکیشم سەردانمان دەکرد، لە هاوینی ساڵی ١٩٨١ بەهۆی شەهید بوونی (قابیل مەلا فەتاح رۆژبەیانی)ی پورزام، مەلا جەمیل لە بەغداوە لەگەڵمان هاتە کۆیە و چەند رۆژێك لە کۆیە بەهۆی پرسەکەوە مایەوە و هەمیشە

لەگەڵ باوکم سەرقاڵی گۆڕینەوەی را و بۆچوون بوون لەبارەی بارودۆخی سیاسی و شیعر و ئەدەب.

٤. لە سەرەتای وتارەکەی کە لە گۆڤاری (سەنتەری برایەتی) ژمارە ٦ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٨ بڵاوکراوەتەوە بەم شێوەیە دەستپێدەکات کە لاپەڕە (٦-١٦)ی گرتووە، بە پێویستم زانی پێشەکییەکەی کە (گلەیی ئامێزە) و لە بەندەی گرتووە وەکو خۆی بڵاوبکەمەوە کە لەژێر ناوی (میر شەرەفخان، شەرەفنامە، هەژار، سەنتەر، هەزارمێرد،....) نووسینی م. جەمیل رۆژبەیانی بڵاوکراوەتەوە دەڵێ:

سەرەتای ساڵی ١٩٩٨ بوو رۆژێکیان نووسەری زانا و بەهرەوەر کاکە حەمەی مەلا کەریمی دۆستم سلاوێکی هەستیار و ئەدەیبی دوورە وڵات (کاك ئەنوەر قادر)ی پێ وتم کە وتبووی (ئەرێ بۆچ رۆژبەیانی لە یادی میر شەرەفخاندا هاوبەشی نەکردووە؟ دەربارەی ئەوە کە ئەو خۆی و هەموو (زانایانی کورد شانازیی پێوە دەکەن؟....).

کە قسەکانی کاکە حەمەم گوێلێبوو ئەوەی راستی بێت وەکو کەسێ لەناکاو ئاوی ساردی بەسەرا بکەن راچڵەکیم لە کاکە حەمەم پرسی مەبەستت چییە؟ بۆی روونکردمەوە کە لە هەولێر گۆڤارێك بە ناوی (سەنتەر) دەردەچێت، ئەم گۆڤارە لە ژمارە (٢)دا بانگەوازێکی بڵاوکردۆتەوە بۆ نووسەران و ئەدیبان کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ یادی چوار سەد ساڵەی (میر شەرەفخان) هەرکەسە و لەبەرخۆیەوە بەپێی بیروباوەڕی خۆی گۆشەیەکی ژیانی شەرەفخان و بەندێکی شەرەفنامە روون بکاتەوە...

ئەم باسە خستمییە خەیاڵەوە. زۆری نەبرد هەواڵم زانی کە دۆستی هێژام (شێخ موکەڕەم تاڵەبانی) بەرگی سێیەمی (سەنتەر)ی بۆ هاتووە، هەندێ لە نووسەران وتاریان تێیدا دەربارەی میر شەرەف و شەرەفنامە و هەژار نووسیوە، چەندین تابلۆی زۆر مەعقولی شێوەی ئەمیر شەرەفیشی تێدایە، کە ئەمەم زانی زۆر گورج تەلەفۆنم بۆ دکتۆر موکەڕەم کرد کە ئەو گۆڤارەم بۆ بنێرێ تا چاومی پێ رۆشن بکەمەوە، زۆر زوو خۆی تەشریفی هێنا و گۆڤارەکەی دایە دەستم، بەپەلە چاوم گێڕا بە وتارەکانیدا و بۆم ناردەوە، نەدەبوو خەریکی بکەمم و وتارێکی لەسەر بنووسم، بینیم کە سەرنووسەری کاك فەرهادی کوڕی مامۆستا عوسمان عەونی هەستیار و ئەدیبە، کە

ئێمە مانان لە چلەکاندا بە چرای گەنەگەرچەکەوە بەدوای سرووده نیشتمانییەکاندا ویڵ بووین و لە هەشتاکانیشدا لەگەڵ یەك ئاشنا بووین، کە ئەمەم زانی لە دڵەوە زۆر لە (فەرهاد) نیگەران بووم و نامەیەکی پڕ لە گلەیی وگازندەم بۆ نووسی و کە بۆچ لە کاتی خۆیا هەواڵیشی بە من نەداوە تاکو بەهانە سەددی سکەندەر بی قوللەی قاف، هەر بەو کەسە دا کە بۆ کاك موکەڕەم نێردرابوو بۆ منیش دەگەیشت، لە سەرەتای مانگی چوارەما یەکێك لە رۆژبەیانییەکانی خزمم گە بۆ لای دکتۆر هاتبووە بەغدا ژمارەکانی بۆ هێنام (ماڵی ئاوا بێت) کەوتمە خوێندنەوەی لاپەڕەکان لە (١١٠-١٥٢)ی داگیر کردبوو، وتاری نووسەری تێدابوو زۆر تینوانە کەوتمە نۆشینی وتارەکان.

**تێبینی**: دەقی وتارەکە لە لاپەڕە ٦-١٧ بەخۆیەوە گرتووە و لە ژمارە ٦ی سەنتەری برایەتی لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٨ دەرچووە بڵاوکراوەتەوە.

٩٩٨/١١/٦

زۆر بەڕێز کاک ئەرسەلان عەونی

خۆشەویست

سڵاو و ڕێز

هیوادارم شاد و کامەران بیت و ئەو فەرهەنگە کوردییە

پیاوی دڵسۆزە، لەگەڵ ئەوانیش [illegible]

لەبەر ئەوە ڕێزم هەیە بۆ ئەو هەموو لێکۆڵینەوانە.

سێ ژمارە [illegible] نامیلکەیەکی لەگەڵ پیاوەکە

زۆر سپاس. [illegible] بەنامەیەکی دانووسیوە

[illegible] لە سەر ئەوەی کە لە هەزاران

نووسیوە، ئەو وشانە لە کوێن؟

من هەزارم کردووە بە (فیردەوسی)ی کورد

[illegible] هەزار [illegible] ناوە، ئەوان

[illegible] پیان کردووە، بە [illegible]

[illegible] بانزانم ئەوانە [illegible]

دۆستی هەزارن، کە سالەهای سال لەم ناوچە

لە ئێران بە هەزار کار [illegible] [illegible] ڕابوارد

[illegible] [illegible] نەکرد. [illegible]

لەبەر ئەوەی بووە [illegible] مەلا مستەفا هەو

[illegible] [illegible] کتێبەکەی [illegible] مجبور

[illegible] نازانم من [illegible] کارم [illegible] کردووە. [illegible]

لەگەڵ [illegible] [illegible] [illegible]

کارم [illegible] کردووە، ٩٧ هەزار تومان [illegible]

بۆی پەیدا کردووە کە [illegible] باشی [illegible]

[illegible] داوە، ئەو [illegible] ٢٦ هەزار تومان

[illegible] [illegible] سڵاو [illegible] [illegible]

[illegible] ٩٩٨/١١/٦

**زۆر بەڕێز کاک فەرهاد عەونی خۆشەویست**

**سڵاو و ڕێز**

**هیوام شادمانی و کامەرانی هەموو کوردێکی پیاوی دڵسۆزە، ئەگەر دایك و خوشکەکانت لای تۆن ڕێزم هەیە بۆ هەموو لایەکتان.**

**سیٚ ژمارە سەنتەر گەیشتن لەگەڵ پارەکە زۆر سوپاس. مەلا شکور لە نامەیەکی دا نووسیبووی خەڵك بە گلەیین لەسەر ئەوەی کە لە هەژارت نووسیوە ئەو خەڵکانە کێن؟ من هەژارم کردووە بە (فیردەوسی)ی کورد پڕ بە پێستی هەزار پشتی هەڵمناوە، ئەوانە کێن کە گلەییان کردووە، بەدزییەوە بۆ تەحقیق بکە با بزانم ئەوانە کێن وا دۆستی هەژارن، کەساڵەهای ساڵ لەم ناوە و لە ئێران بە هەژاری کارکەری، کرێجاری رایبوارد کەسیان خزمەتیان نەکرد. ئێستە تەنها لەبەرئەوەی بووە بە شاعری مەلا مستەفا هەموو هەڵی ئەنێن. سەیری کتێبەکەی (چێشتی مجێور[1]) یکەن بزانە من صەدەها کارم بۆ کردووە، بەر لەوەی لەگەڵ پەناهەندەکان مووچەیان بۆ بڕنەوە، چەندین کارم بۆ کردووە (٩) هەزار تومان مووچەم بۆی پەیداکردووە، کە لە کەرەج باش ئەوە مووچەیان دانیٚ، ئەوەش (٦) هەزار تومان بۆ خۆی و خێزان.**


**سڵاو بۆ دۆستان**

**براتان ج. رۆژبەیانی**

**١٩٩٨/٧/٦**

**١. چێشتی مجێور: نووسینی هەژار-چاپی یەکەم-پاریس ١٩٩٧.**

**تێبینی:** ماموّستا مەلا جەمیل لە نێوانی کاغەزەکە بە دەق بۆی نووسیوم (بە دزییەوە بۆم تەحقیق بکە بزانم ئەوانە کێن دۆستی هەژارن...) لە وەڵامی ئەم نامەیەدا نامەیەکم بۆ ماموّستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی نووسی دەربارەی ئەم داوایەی کە لە منی کردبو کە تێیدا وتوومە (ماموّستای بەڕێزم ئەم بابەتە هەڵچوونی ناویّ، ئاشکرایە مەلا جەمیل کێیە، بەڵام وا باشتر و ماقوڵترە ئەم داوایە لە ماموّستا مەلا شکور بکەی چونکە ئەو بابەتەکەی لای تۆ وروژاندووە و هەر ئەویش دەزانیّ ئەوانە کێن کە گلەییان لە تۆ کردوو لەسەر بابەتی ماموّستا هەژار).


زۆر بەڕێز کاک [illegible]

ڕۆژباشی [illegible]

هەمیشە خۆشی و کامەرانیتان [illegible] سپاسی

دیاریەکانت دەکەم، کتێبەکەی مەلا شکور

و گۆڤارەکان.

ئەم [illegible]

لە گۆڤارەکەدا [illegible] بڵاوی

بکەیتەوە [illegible]

[illegible] بڵاوی بکەیتەوە، ئەگەر [illegible]

بکەی زۆر (مفید)ترە.

سڵاو و ڕێز بۆ هەموو دۆستان [illegible]

[illegible] خۆشیتان.

~~برای بەڕێزتان~~

٩٨٩/٩/٢٤

جمیل [illegible]

**زۆر بەڕێز کاك فەرهاد  عەونی**

**ڕۆژ باش.. سڵاو**

**هیوام خۆشی و کامەرانیتانە، سوپاسی دیارییەکانت دەکەم، کتێبەکەی مەلا شکور و گۆڤارەکان.**

**ئەم چەند لاپەڕەیە، حەز ئەکەی لە گۆڤارەکەدا (سنتەر) بڵاوی بکەمەوە، حەز دەکەی وەکو سیپارەتێکی بچووك بڵاوی بکەرەوە، ئەگەر هەردووکیان بکەی زۆر (مفید)ترە.**

**سڵاو و ڕێز بۆ هەموو دۆستان و برادەران. ئیتر خۆشیتان.**

**برای دڵسۆزتان**

**جەمیل ڕۆژبەیانی**

**١٩٩٩/٩/٢٤**

- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی ئەغجەلەری سەر بە پارێزگای کەرکووك لەدایکبووە چونکە ئەوکاتە باوکی ئەفسەری پۆلیس بووە لە ئەغجەلەر، بەڵام بنەماڵەیان خەڵکی سلێمانین.
- قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی تەواوکردووە.
- ساڵی ١٩٥٥ چۆتە (دار المعلمین العالیە) کە پاشان ناوەکەی گۆڕا بۆ (کۆلیژی پەروەردە-کلیە التربیە).
- ساڵی ١٩٥٩ بەکالۆریۆسی بە پلەی شەرەف لە (مێژوو) وەرگرتووە.
- پاش تەواوکردنی کۆلیژ لە بەغدا یەکسەر رووی کردۆتی یەکێتی سۆڤییەت بۆ تەواوکردنی خوێندنی و ساڵی ١٩٦٣ بڕوانامەی دکتۆرای لە (معهد الاستشراق التابع لأکادیمیة العلوم السوفیتیة) وەردەگرێ، بەوەش نەوەستا  و درێژەی بە خوێندن دا تاکو ساڵی ١٩٦٩ بڕوانامەی (ناووك) لە هەمان شوێن وەرگرت کە بە بەرزترین بڕوانامە دادەنرێ لە یەکێتی سۆڤییەت.
- ساڵی ١٩٧٠ گەڕایەوە عیراق یەکسەر لە کۆلیژی ئاداب بەشی مێژوو بە مامۆستا دامەرزا.
- لەنێوان ساڵانی ١٩٧١-١٩٧٥ گوێزرایەوە بۆ (کۆڕی زانیاری کوردی) وەکو جێگری گشتی بۆ کاروباری زانستی.
- ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە شۆڕشی کوردەوە کردووە و بۆتە جێگری ئەمینی گشتی ئەمانەتی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان.
- ساڵی ١٩٨٤ پلەی پرۆفیسۆری پێ درا.
- لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ پاش ئەوەی تەمەنی گەیشتە ٧٠ ساڵ خانەنشین کراوە (ئێستا لە هەولێر دادەنیشێ).
- ژمارەی کتێبەکانی بە هەردوو زوبانی کوردی و عەرەبی دەگاتە (٥٠) کتێب سەرەڕای ئەو کتێبانەی کە بە زوبانی رووسی و ئینگلیزی نووسیویەتی.
- پەیوەندیی د. کەمال و بەندە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٢ کە ئەوکاتە لە رۆژنامەی (التاخی و برایەتی) بووم و ساڵی (١٩٧٤-١٩٧٥)یش هەردووکمان لە ئەمانەتی

**ڕاگەیاندنی شۆڕش کارمان دەکرد تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆش برایەتی و دۆستایەتیمان (پێش نەخۆشکەوتنی و چوونی بۆ ئەڵمانیا بۆ چارەسەر) بەردەوامە.**

کاکی فەرهادی بەڕێزو خۆشەویست

هەمیشە بە ڕێزو خۆشەویستییەوە لە یادمایت، بە دڵ
خۆشی و سەرکەوتنت ئاواتە خوازم. وتارەکەی لەسەر کاک
دارا نووسیبووت جێگەی خۆی بوو، بەتایبەتی یادی (١)
برایەکی دڵسۆزی وروژاند. پێم خۆش بوو بایەخێکی
تایبەتیت دابوو بە وتارەکەی مامۆستا ڕۆژبەیانی (٢) دەربارەی
"سەرفتامە"، تایبەت کە یەکەم وتاری بڵاوکراوە بوو،
جوانیشی یادی باوکی کردبووەوە (٣)... من هەمیشە دڵم لاتانە و
هیوام بە پیاوی دڵسۆزی وەک تۆ زۆرە. حەز دەکەم ئاگاداری
هەموو هەواڵی نووسینێکت بم. کاک ئیسماعیل (٤) زۆر بەڕێزەوە
ناوت دەبات، نامەی دکتۆراکەی خوایار بێت شتێکی زۆر
سەیرو نایاب و ڕەنگین دەبێت، پێم وایە دەبێت یەکسەر
چاپی بکەن. ڕێزو سڵاوی زۆرم بۆ گشت ئەو برایانەی
کە بە لای خۆتەوە خاوێن و دڵسۆزن.

برات کەمال مەزهەر
١٩٩٥/٥/١٢

## کاکە فەرهادی بەڕێز و خۆشەویست

هەمیشە بەڕێز و خۆشەویستییەوە لە یادمایت، بەدڵخۆشی و سەرکەوتنت ئاواتەخوازم. وتارەکەی لەسەر کاك دارا نووسیبووت[1] جێگەی خۆی بوو، بە تاسەوە یادی برایەکی دڵسۆزت وروژاند. پێم خۆش بوو بایەخێکی تایبەتیت دابوو بە وتارەکەی مامۆستا رۆژبەیانی[2] دەربارەی (شەرەفنامە)، تایبەت کە یەکەم وتاری بڵاوکراوە بوو، جوانیش یادی باوکتی[3] کردبۆوە... من هەمیشە دڵم لاتانە و هیوام بە پیاوی دلۆزی وەك تۆ زۆرە.. حەز دەکەم ئاگاداری هەموو هەواڵ و نووسینێکت بم. کاك ئیسماعیل٤ زۆر بەڕێزەوە ناوت دەبات، نامەی دکتۆراکەی خوا یار بێت شتێکی زۆر سەیر و نایاب و دەگمەن دەبێت، پێم وایە دەبێت یەکسەر چاپی بکەن، رێز و سلاوی زۆرم بۆ گشت ئەو برایانەی کە بەلای خۆتەوە خاوێن و دڵسۆزن.

برات کەمال مەزهەر

١٩٩٨/٨/٣

**تێبینییەکان لەسەر نامەی ژمارە ١ی د. کەمال مەزهەر:**

١. ئەم وتارەم بە زوبانی عەرەبی لەسەر شەهید دارا تۆفیق لە گۆڤاری (گولّان العربی) ژمارە ٢٣ لە ١٩٩٨/٤/٢٥ بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناوی (صفحات مجهولة من حياة دارا توفيق) کە لە دووتوێی ئەم کتێبەشم بە کوردی بڵاوکردۆتەوە.

٢. مەبەستی وتارەکەی مامۆستای شەهید مەلا جەمیل رۆژبەیانییە کە لە ژمارە ٦ی گۆڤاری سەنتەری برایەتی کە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٨ بڵاوکراوەتەوە بە پێشەکییە گلەیی ئامێزەکەی بۆ بەندە.

٣. لە هەمان وتار باسی دۆستایەتیی خۆی (مەبەست مامۆستا مەلا جەمیل رۆژبەیانییە) لەگەڵ عەونیی باوکم کە لەگەڵ پێشەکی نامەکەی مەلا جەمیل بڵاوکراوەتەوە.

٤. مەبەست لە برای بەڕێز د. ئیسماعیل شوکرە کە دەمێکە دۆستایەتی و برایەتیمان لەنێواندا هەیە (مامۆستای زانکۆ و پەرلەمانتاری خولی دووەمی پەرلەمانی عیراقە).



هاوینەهەواری پیرمام–بەردەم دیواربەندی هەژاری موکریانی ١٩٩٩/٥/٢٧

شەهلا حەیدەری–هاوسەری د، کەمال، د. کەمال مەزهەر، نووسەر



شەقڵاوە، بەهاری ٢٠٠٢

نووسەر، د. کەمال مەزهەر، پەروین عەبدوڵڵا سەعید، شەهی حەیدەری، لانە فەرهاد

برای خۆشەویست کاک فەرهاد

دەستەکانت دەگوشم، هەواڵی هەموان دەپرسم،
چاوی کاکە ڕێکان ماچ دەکەم. ماوەیەک لەمەوبەر
دانەیەک لەو «بەیان»ـەم (1) بۆ ناردیت کە وتارێکی
منی تێدایە و تێیدا ناوی خوالێخۆشبووی باوکت
هاتووە، وا دانەیەکی تریشت بۆ دەنێرم. لە دەستنووسی
وتارەکەدا ئەم ڕستەیەیان لابردووە: «عەونی
شاعیر باوکی ڕۆژنامەنووسی ناسراو کاک فەرهادە».
پێم وایە هەقی خۆیانە.

وتارەکەم (2) دەربارەی عیزەدین مەلا فەتاح
خوێندەوە، دەستخۆشی، زۆر بەدڵم بوو. ئەو
وتارەت ژمارە سیازدەی بەکەرەوەیە، منیش ئەو
وتارێکی ترم لەو ژمارەیە خوێندووەتەوە، کە ئەویش دەربارەی
کاک داراب (3) گەورە بوو. هیوادارم ئەوانی تریش ببینم.
هیوادارم هەر خۆش بیت.

کەمال
1999/4/18

## برای خۆشەویست کاك فەرهاد

دەستەکانت دەگوشم، هەواڵی هەمووان دەپرسم، چاوی کاکە ڕێکان ماچ دەکەم، ماوەیەك لەمەوبەر دانەیەك لەو (بەیان[1])ەم بۆ ناردیت کە وتارێکی منی تێدایە و تێیدا ناوی خوالێخۆشبووی باوکت هاتووە، وا دانەیەکی تریشت بۆ دەنێرم. لە دەستنووسی وتارەکە دا ئەم ڕەستەیەیان لابردووە: "عەونیی شاعیر باوکی ڕۆژنامەنووسی ناسراو کاك فەرهادە" پێم وایە حەقی خۆیانە.
وتارەکەتم دەربارەی عزەدینی مەلا فەندی2 خوێندەوە، دەستخۆش، زۆر بەدڵم بوو. ئەو تارەت ژمارە سیازدەی بەسەرەوەیە، من تەنها وتارێکی ترم لەو زنجیرەیە خوێندۆتەوە، کە ئەویش دەربارەی کاك دارای[3] گەورە بوو، هیوادارم ئەوانی تریش ببینم. هیوادارم هەر خۆش بیت.

کەمال

١٩٩٩/٩/٨

**تێبینییەکان لەسەر نامەی ژمارە ٢ی د. کەمال مەزهەر:**

١. مەبەستی گۆڤاری (بەیان) ژمارە (١٨٣)ی ساڵی ١٩٩٨ـە کە تێیدا برای بەڕێز و خۆشەویستم د. کەمال مەزهەر بابەتێکی بە ناوی (گۆڤاری هاوار و کوردی عیراق) بڵاوکردۆتەوە و لە پەرەگرافێکی دا دەڵێ: لە ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٣٢ لە لاپەڕە ٣٥ پارچە هۆنراوەیەکی زۆر دوور و درێژی پڕ لە سۆزی (لاوێکی کورد عەونی) بە ناوونیشانی "بۆ خاوەنی هاوار" بڵاوکراوەتەوە کە سەرجەم ستایش و پیاهەڵدانە بە جەلالدەت بەدرخان و بەدرخانییەکان.

٢. ئەم وتارەم بە زوبانی عەرەبی لە گۆڤاری (گولآن العربی) ژمارە ٣٨ لە تەموزی ساڵی ١٩٩٩ لەژێر ناوی (صفحات مجهولة عن حياة عزالدين الملا فندي النائب الأول لرئيس مجلس النواب العراقي) و هەروەها بابەتی دووەمیش دیسان بە زوبانی عەرەبی لەژێر ناوی (أسرار جديدة عن ثورة ١٤ تموز عام ١٩٥٨) لە گۆڤاری گولآن العربی ژمارە ٥٠ لە تەموزی ساڵی ٢٠٠٠، لە دووتوێی ئەم کتێبە هەردوو بابەت بڵاوکراونەتەوە بە زمانی کوردی.

٣. ئەم بابەتەم بە زوبانی عەرەبی لەسەر شەهید دارا تۆفیق لە گۆڤاری (گولآن العربی) ژمارە ٢٣ لە ١٩٩٨/٤/٢٥ بڵاوکردەوە لەژێر ناوی (صفحات مجهولة من حياة دارا توفيق).

**تێبینی:** چەندین نامەی دیکەی د. کەمال مەزهەرم لا پارێزراوە کە ناوە ناوە لەبەغداوە بۆی دەناردم بالآم بەپێویستم نەزانی هەموویان بڵاوبکەمەوە.

**ژیاننامە:**

- ساڵی ١٩٤٨ لە پارێزگای (حلە) بابل لە خێزانێکی نیشتمانپەروەر لەدایکبووە، باوکیشی ئەندامی حزبی شیوعیی عیراقی بووە.

- هەرسێ قۆناغی خوێندنی لە (حلە) تەواوکردووە.

- بەشی رۆژنامەنووسیی لە کۆلیژی ئاداب زانکۆی بەغدا تەواوکردووە.

- لە سەرەتای لاوێتیدا دەستی بە نووسین و خوێندنەوە کردووە و لە قۆناغی خۆی بووە لە سەردەمی خوێندنی لە کۆلیژ رۆژنامەیەکی مانگانەیان بە ناوی (الصحافە) دەرکردووە کە خۆی سەرنووسەری بووە.

- لە قۆناغی ئامادەیی لە حلە چۆتە ریزی حزبی شیوعیی عیراقی و چەند جارێك تووشی حەپسخانە و راونان بووە.

- لەگەڵ هاوڕێیانی زوهێر ئەلجەزائری، فالح عەبدولجەبار، فاتمە ئەلموحسین، عەباس ئەل بەدری، حسێن ئەل حسێنی، لە گۆڤاری (الإذاعة والتلفزيون) بە پاداشت کاریان تێدا کردووە، سەرەڕای نووسینی بابەت و ریپۆرتاژ لە گۆڤاری (الف باء) و گۆڤاری مجلتی و مزمار.

- گرنگترین قۆناغی لە ژیانی رۆژنامەنووسیدا کار کردنی لە رۆژنامەی (طريق الشعب)ی حزبی شیوعیی عیراقی بوو لەنێوان ساڵانی ١٩٧٣-١٩٧٩، و رۆژنامەنووس (يوسف الصائغ)ی بە مامۆستای خۆی دەزانی لەو بوارەدا،

- لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ بەهۆی پەلاماردانی دەزگا ئەمنییەکانی حزبی بەعس ماوەیەك خۆی شاردۆتەوە، پاشان بە نهێنی چۆتە لوبنان لە رێگای سووریاە.

- ساڵانی ١٩٨١-١٩٨٢ لە دەزگاکانی راگەیاندنی فەلەستینی لە بەیروت کاری رۆژنامەنووسی ئەنجام داوە و پاشان چۆتە دوورگەی (قوبرس) لە گۆڤاری (الموقف) دامەزراوە کە شاعیری عیراقی (سعدی يوسف) سەرنووسەری بووە، کە یەکەم گۆڤار بوو کە هەڵوێستی لە سەدام حسێن و شەڕی عیراق و ئێران وەرگرت، لەسەر ئەو هەڵوێستە نیشتمانپەروەرانەش دەزگای موخابەراتی عیراقی بەدواوەی بوون و ئەزیەتی کەسوکاریان داوە، ئەوجا پەیوەندیی بە (فخری کریم)ەوە کردووە لەسەر داوای ئەو گەڕاوەتەوە بەیروت، چونکە ئەگەری تیرۆرکردنی لەئارادا بووە.

**- له چەندین رۆژنامه و گۆڤاری (عەرەبی) کاری کردووه، له گرنگترینیان رۆژنامه (الشرق الأوسط) کاتی چۆته لەندەن ساڵی ١٩٩٢ و لەنێوان ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٦ نووسەری کاروباری عیراقی بووه، پاش ئەوەی رۆژنامەنووس (عبدالرحمن الراشد) بۆته سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیه (عەدنان حسێن) بۆته بەڕێوەبەری نووسینی (الشرق الأوسط) تاکو ساڵی ٢٠٠٦ و له ساڵی ٢٠٠٦-٢٠١٠ چۆته نێو کاری رۆژنامەنووسی له رۆژنامەی (أوان)ی کوێتی.**

**- ساڵی ٢٠١٠ پەیوەندیی به فەخری کەریم سەرنووسەری رۆژنامەی (المدى) که دۆستێکی دێرینی (عەدنان)ـه و داوای لێکردووه له (المدى) کار بکات و پاش رەزامەندی بۆته (جێگری سەرنووسەری المدى) پاشان تاکو رۆژی کۆچی دوایی (سەرنووسەری جێبەجێکاری رۆژنامەی المدى) بووه.**

**- له ساڵی ١٩٩٠ گۆشەی (الشنانشیل)ی نووسیوه کاتێ گۆڤاری (رساله العراق)ی لەگەڵ هاوڕێیانی (فائق بطي، رضا الظاهر، عبدالمنعم الأعسم) له لەندەن دەردەکرد که تا دوا رۆژی نووسینی له (المدى) هەر بەو ناوه بوو که تێیدا راستگۆیانه، بوێرانه، راستەوخۆ دەستی لەسەر برینەکانی عیراق و گەلەکەی دادەنا و چارەسەری گونجاوی بۆ پێشنیار دەکرد و یەکێکه له گۆشه هەره بەناووبانگەکانی رۆژنامەگەریی عیراق.**

**- ژیانی هاوسەرگیریی پێکهێناوه، هاوسەرەکەی ناوی (هیفاء جەمیل الداینی)ـه و کچێکی به ناوی (فەرەح) و کوڕێکی به ناوی (عومەر) هەیه.**

**- سەرلەئێوارەی رۆژی ٢٠١٩/١٠/١٠ له یەکێ له نەخۆشخانەکانی شاری لەندەن پاش ململانێیەکی توند لەگەڵ نەخۆشییەکی دژوار کۆچی دوایی کرد.**

**سەرچاوەی زانیارییەکان:** حسین علی داود/ له بیت الاعلام العراقی.

## عەدنان حسێنی نووسەر و رۆژنامەنووسی راستگۆ و بوێر و چەند یادەوەرییەك

**خوێنەری بەڕێز/ نەخشەسازیی ئەم کتێبەی بەردەستتان لە قۆناغی تەواوبوون بوو کاتێ هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی دوایی رۆژنامەنووسی بەتوانا و نیشتمانپەروەر و بوێر (عەدنان حسێن)م پێگەیشت، لە دوا ساتەکانی شەوی ١٠ لەسەر ٢٠١٩/١٠/١١. کارەکەمان راگرت و بڕیارم دا دوا بابەتی کتێبەکە تەرخان بکەم بۆ هاوڕێی نووسەر و رۆژنامەنووسم کە لە ناخەوە کورد و کوردستانی خۆشدەویست و بوێرانە وەکو کوردێکی نیشتمانپەروەری خەمخۆر داکۆکیی لە مافی رەوای گەلی کورد دەکرد.**

ئێوارەیەکی ساردی رۆژی ٢٠١٦/١/٢٥ کاتێ لەناو رەشنووسی لاپەڕەکانی کتێبی (رۆژگارم ئاوا تێپەڕی) سەرقاڵ بووم کە پاشان لە دوو توێی دوو بەرگ بە هەمان ناوونیشان بۆ ساڵی دواتر (٢٠١٧) بڵاوکرایەوە، هاوڕێی نووسەر و رۆژنامەنووس (عەدنان حسێن) کە ئەوکاتە سەرنووسەری جێبەجێکاری رۆژنامەی رۆژانەی (المدى) بوو لە بەغداوە تەلەفۆنێکی بۆکردم، لە سەرەتادا وەکو چەندین جاری پێشووی دیکە وامزانی تەلەفۆنەکەی بۆ ئەحواڵ پرسین و زانینی هەندێ دەنگوباسی کوردستانە، بەڵام کاتێ پاش چاك و خۆشی بە دەنگێکی پڕ لە سۆزەوە بە دەق پێی راگەیاندم: (کاکە فەرهاد ئەمڕۆ لە لەندەن دۆستی نزیك و خۆشەویستمان د. فائق بطي کۆچی دوایی کردووە، هیوادارم لە رۆژانی ئاییندە دا بابەتێکی لەسەر بنووسی چونکە خۆت باشترین کەسی کە ئاگاداری ئاستی خۆشەویستیی د. فائق بطي بۆ کورد و کوردستان هەیە، ماوەیەکیش لە هەولێر وەکو دەزانم هاتوچۆ و دۆستایەتییەکی توندوتۆڵتان هەیە).

ئەو بابەتەی کە نووسیم بە زمانی عەرەبی لەسەر د. فائق بطي لە رۆژنامەی (المدی) بڵاوکرایەوە (بەداخەوە ژمارەکەم لەبەردەست نییە). عەدنان حسێن لە روانگەی خۆشەویستی و رێزی بۆ د. فائق بطي دەیەویست هەوڵی ئەو نووسەر و رۆژنامەنووسە (د. فائق بطي) دەربارەی رۆژنامەگەریی کوردی و مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد و خۆشەویستیی بۆ کوردستان لەلایەن نووسەر و رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە هەڵبسەنگێندرێ و مافی خۆیی بدرێتێ، لە کاتێکدا لەو زەمانە خەراپەدا (الزمن الردیء) ئەو جۆرە نووسەرانە بەرەو داکشان دەچن لەنێوان رۆژنامەنووس و نووسەرانی عەرەب، بۆیە بە گرنگی دەزانی کە نووسەر و رۆژنامەنوو مستەفا ساڵح کەریم و بەندە کە لە نزیکەوە ئاگاداری رەوشی سیاسی و رۆژنامەنووسیی گۆڕەپانی وڵاتی عیراقین رۆڵی دڵسۆزانی وەکو فائق بطي بخەینە روو و لەبیر نەوەی نوێ نەچێتەوە.

بەڵام داخی گرانم هەواڵی مەرگی (عەدنان حسێن)م شەوی ١٠ لەسەر ٢٠١٩/١٠/١١ لە تۆڕی ئینتەرنێت بەرچاو کەوت کە لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی (لەندەن) پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشییەکی کوشندەدا کۆچی دوایی کردووە.

بەڕاستی هەواڵێکی دڵتەزێن بوو چونکە نموونەی (عەدنان حسێن) وەکو رۆشنبیرێکی عەرەب لام وایە بە زەحمەت دووبارە دەبێتەوە کە لە ناخەوە کورد و کوردستانی خۆشدەویست و باوەڕی تەواوی بە مافی رەوای گەلی کورد هەبوو و هیچ کاتێك لەو بیروباوەڕە پاشگەز نەدەبووە و هەمیشە لای من بۆ چەند جارێك ئەم وتەیەی (هادی العلوی)ی دووبارە دەکردەوە کە (مرۆڤ هەست بە شەرمەزاری دەکات کاتێ وەکو عیراقییەك بیر لە چەوسانەوەی کورد دەکات لەلایەن حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق بە بەرنامە پیادە دەکرێت و بڕوای بە مافی ئەو گەلە نییە کە لە داواکاریی مافی خۆی زەرەر و زیانی بەقەد یەك تۆزقاڵ بۆ عیراق و عەرەب نەبووە).

لە دانیشتنێکی خێزانی ئێوارەی رۆژی هەینی رێککەوتی ٢٠١٤/٤/٤ لە ماڵی خۆمان لە هەولێر مێزی خواردن (هیفاء جەمیل هاوسەری عەدنان حسێن و عەدنان حسێن و رەشید ئەل خەیون و بەندە و پەروینی هاوسەرم و د. رێکانی کوڕم) کۆیکردبووینەوە کە ئەوان و دەیان رۆشنبیر و نووسەر و رۆژنامەنووسی عیراقی و

عەرەب بە مەبەستی بەشداری کردن و ئامادەبوون لە پێشانگای نێودەوڵەتیی هەشتەمی کتێب لە هەولێر) حزووریان هەبوو، بۆ ئەو ئێوارەخوانە دەبووایە د. فائق بطي و زهير الجزائري لەگەڵمان بوونایە، بەڵام ئەو دوو کەسایەتییەی دوایی لەبەر هەندێ هۆکاری تایبەت بەخۆیان نەیانتوانی ئامادەبن.

ئێوارە خوانەکەمان کە تاکو کاتژمێر (١)ی پاش نیوەشەوی تێپەڕاند سەرگەرمی باسکردن و شیکردنەوەی چەندین بابەتی گەرمی ئەو رۆژانە بووین کە تێدا رشيد الخيون و د. رێکانی کوڕم سەرقاڵی بابەتی مێژووی ئاین و فەلسەفەی ئاین لە روانگەی بیروباوەڕی هەندێ لە بیرمەندانی عەرەب و بێگانە کە لە تۆڕی ئینتەرنێت بڵاودەکرێنەوە، عەدنان و بەندەش بە دەربڕینی خەمە هاوبەشەکانمان (خەمەکانی پاشەڕۆژی عیراق و ئایندەی ئەزموونی گەلی کوردستان) سەرقاڵ بووین، عەدنان حسێن زۆر بە وردەکارییەوە دەچووە نێو باسەکانی بابەتی سیاسییەکانی ئەو رۆژگارە کە لە هەندێ بڕگەدا (نیگەرانیی لە پاشەکشەی رۆڵی هێزی مەدەنییەت و دیموکراتی و چەپ لە عیراق نیشان دەدا کە ئەویشی دەگەڕاندەوە بۆ چەند هۆکارێك، لە پێشەوەشیان کە لای ئەو خاڵی هەرە گرنگ بوو بە دەق دەیگوت "هناك أزمة الضمير و أزمة الأخلاق، واستغلال الدين والمعتقدات الدينية والكل يعظم دينه ولا مكان للحوار والتفاهم وقبول الآخرين لأن الشبكات التخريبية من كل النواحي للدول المجاورة والأجنبية وجدت في الساحة العراقية مرتعاً خصباً ولا يوجد مع الأسف قاسم مشترك من الناحية الوطنية بين القوى الديمقراطية كما كان أيام الحكم الملكي ولقد جردونا حتى عن الشعور بالاحساس بحب الوطن والمواطنين").

لە لایەکی دیکەشەوە سەرەڕای رێز و سۆزی بێ سنووری بۆ کورد و کوردستان رەخنەی راستەوخۆ و بەجێی لە ئەزموونی گەلی کوردستان دەگرت و دەیگوت (سەدەیەکە ئێوە لە تێکۆشانی سیاسی و خوێناوی دان بۆ بەدیهێنانی خەونێك کە ئێستاکە لە ساڵی ١٩٩١ هاتووەتە دونیای واقیع لام سەیرە–ئەم قسانەشم بۆ هەردوو برای بەڕێز مام جەلال و کاك مەسعود خستۆتە روو–کە ئێوەی کورد لە هەموو کەس باشتر دەزانن زەرەر و قازانجتان لە کوێ دایە، دۆست و دوژمنەکانتان کێن، گەلەکەتان زێدە ماندووە، دابەشکراون، کیمیاباران و ئەنفال و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتیتان دی، لە لێواری مەرگ گەڕانەوە، ئەم شەڕەتان لەچی؟! (شەڕی ناوخۆ)، دیسان من

هۆكارەكەی بۆ بەرژەوەندیی وڵاتانی دراوسێ دەگەڕێنمەوە كە ئەوان لەپشتی ناكۆكییەكانتانن، بەڵام ئێوە بۆ بەپیر بەرژەوەندیی باڵای گەلەكەتان ناچن و بەرژەوەندییەكانتان لە چوارچێوەی پلانەكانی نەیارەكانتان دەبیننەوە).

سەرەڕای بابەتە گشتییەكان رەخنەی دڵسۆزانەشی لە رەوش و رەوتی پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان دەگرت (لێرەدا مافم بەسەر رەخنەكانی لە یەكێتی نیشتمانی نییە كە لێی دەگرتن-نووسەر)، بەڵام دەربارەی پارتی چونكە ئەو لە ماوەی ئەو چەند ساڵی پێشووی كە یەكتریمان ناسیبوو لە ئاكامی چەندین هاتنی بۆ كوردستان دەیزانی من پارتیم و تا رادەیەك را و بۆچوونی سەربەخۆشم هەیە و بارزانی نەمریشم زۆر لا گەورە و خۆشەویستە، بۆیە بەوپەڕی سۆزەوە دەیگوت (تا كۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموكراتی كوردستان من گەشتبین بووم بە سیاسەتی نەرم و قووڵ و بیرمەندانەی مەسعود بارزانی (كە دۆستی خۆشەویستی منە)، چونكە چەند جارێك دیمانەم لەگەڵی كردووە و گوێم لە بۆچوونەكانی بووە، ئەو خێری عیراقی دەوێ و خەونیش بە ئایندەیەكی باش بە كوردەوە دەبینێ، بەڵام رەوشی كۆنگرەی دوانزەهەمم بەدڵ نەبوو، بابەتێكم لە رۆژنامەی (الشرق الأوسط) دەربارەی رەوشی كۆنگرە و وئەنجامەكانی و پارتی نووسی كە تێیدا وتوومە "مەسعود بارزانی دەیەویست چاكسازیی گەورە بكات لەم كۆنگرەیە، بەڵام بەرهەڵستكارانی بەرژەوەندخواز رێگایان لێگرت و بەهێزتر بوون..." منیش (نووسەر) هیچ كاتێك لەگەڵ (غەیرە كورد) ناچمە ژێر باری بۆچوونەكانیان بەپێچەوانەی رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر تاكێكی كورد ئەوجا هەر بیروبۆچوونێكی هەبێت كە هیچ سڵ لە دەربڕینی بیروباوەڕی خۆم ناكەم بەرامبەر هەر لایەنێك و هەر رووداوێك و هەر كەسێك، بۆیە سەرەڕای خۆشەویستی و رێزی بەرامبەر لەگەڵ عەدنان حسێن و دەشمزانی عەدنان حسێن لەوسەر هاتۆتەوە و هەموو شتێك دەزانێ پێم گوت (كاكە عەدنان بارودۆخ لەو رۆژهەڵاتەی ئێمە جێگیر نییە، تەمەنی پارتی دیموكراتی كوردستان ئێستاكە ٦٨ ساڵە (١٩٤٦-٢٠١٤) و بێگومان سەردەمەكان بەپێی دەیان هۆكار گۆڕانكارییان تێدەكەوێ، پارتی سەردەمی دروستبوونی، سەردەمی پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ و سەردەمی گەڕانەوەی بارزانی نەمر و سەردەمی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول و سەردەمی لێكترازانی رێكخستنەكانی پارتی لە ساڵی

١٩٦٤ بۆ دوو باڵ و سەردەمی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ و تاکو دەگاتە ئەمڕۆ هەر قۆناغێك جیاوازیی لەگەڵ قۆناغەکانی دیکە هەیە، بێگومان دەموچاوەکان گۆڕدران، سیاسەت گۆڕاوە، داخوازییەکانی کورد گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بەرژەوەندییەکان لە زیادبوون دایە، ژیان گۆڕاوە، جۆری ژیان و جۆری بیرکردنەوە و جۆری خواردن و خواردنەوەش گۆڕاون، بێگومان پارتیش وەکو حزبێکی ئەم کوردستانە لەناو ئەو دەریاچە لمە ناجێگیرە دەگۆڕێ، کە بێگومان لە ڕەوتی بنەڕەتی لاکشان و داکشانی تێدایە، هەروەکو چۆن حزبی شیوعیی عیراقی لە سەردەمی یوسف سلمان (فهد)ەوە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ جیاوازیی نێوان ئاسمان و ڕێسمانی تێدا بەدی دەکرێت کە ئەویش هۆکارەکەی بۆ بارودۆخی سیاسیی  عیراق، گۆڕانی سەرکردەکانی، گۆڕانی هاوکێشەکان و گۆڕانی بەرژەوەندییەکان دەگەڕێتەوە، کاتێ لە قسەکانم بوومەوە، عەدنان زۆر لەسەرخۆ بە زەردەخەنەیەکی سەر لێوانی گوتی: (کاکە فەرهاد قسەکانت وەکو بابەتێکی سیاسی لێ وەردەگرم، بەڵام پێم وا نییە تۆش قەناعەتی تەواوت بە بارودۆخەکە هەبێت، تۆ بەراوردی حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان مەکە، پارتی تا ڕادەیەکی گەورە قەدەری ئێستا و ئایندەی گەلێکی ستەمدیدەی لەمل دایە، خوانەخواستە هەر رووچونێك یاخود هەڵەیەکی پارتی کورد تووشی دەردەسەرییەکی زۆر دەکات، بارودۆخی کوردت لەبیرچوو پاش ڕێککەوتننامەی ٦ی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥، جیاوازی هەیە لەنێوان حزبی شیوعی و پارتی، لادانی حزبی شیوعی لە پرنسیپەکانی زەری بۆ خۆی و بۆ بزووتنەوەی نیشتمانی هەیە، بەڵام زیانەکەی بەقەد ئەوەی پارتی نییە کە قەدەری گەلێك و نەتەوەیەکی لەپشتەوە دایە، پارتی مەکەنە داردەستەی بەرژەوەندی خوازان هەمیشە کردار و ڕێڕەوی مستەفا بارزانیتان لەبەرچاو بێت کە بەقەد تۆزقاڵێك بەرژەوەندیی کەسی لای ئەو گوێی پێ نەدەدرا، پیاوێك بوو لە ریزی گاندی، ماندێلا بەداخەوە سەردەمی ئەو سەردەمێکی دیکە بوو تەنانەت کوردستان گوتن لای سیاسەتوانانی ولاتانی دەوروبەر تاوان بوو دونیای سیاسەتی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیش کورد و غەیرە کوردی دەکردە قوربانیی بەرژەوەندی و ململانێیەکان، هەقە بەخۆتان دا بچنەوە بەدوای پاساو (تبریرات) مەگەڕێن.

وەکو لە سەرەتا باسم کرد شەوەکەمان بە کۆمەڵێك باس و خواس و بابەتی هەمەجۆر بەڕێکرد، تەنانەت خاتوو (هەیفا)ی خێزانی عەدنان حسێن لەکاتی نانخواردن دا گوتی (خەریکە سیاسەت تامی ئەم خواردنە خۆشەمان لەبیر دەباتەوە).

سەرەتای ناسینم بۆ نووسەر و رۆژنامەنووس (عەدنان حسێن) دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی ناوەندی نەوەتەکان کاتیٚ هەندیٚ جار لە رێگای برادەرانەوە کە لە سوریاوە دەهاتنەوە کوردستان هەندیٚ رۆژنامە و گۆڤاریان بۆ دەهێناین کە لە لەندەن دەردەچوون، لەوانە رۆژنامەی بەربلاوی (الشرق الاوسط) کە تێیدا عەدنان حسێن لێپرسراوی لاپەڕەی تایبەت بە عیراق بوو، کە لەنێوانیاندا دەنگوباسەکانی عیراقی ناوئاخن دەکرد، راستگۆیانە لە بابەتەکان دەدوا، بەلآم کاتیٚ لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٧ سەردانی کوردستانی کرد لە بارەگای رۆژنامەی برایەتی سەردانی کردم کە ئەوکاتە سەرنووسەری رۆژنامەکە بووم، بە مەبەستی ئامادەکردنی بابەتێك لەسەر کوردستان کە ئەوکاتە بەداخەوە دوو ئیدارەیی سیمای ناشرینی کوردستان بوو، کاتەکەش سەروبەندی بەرز راگرتنی ساڵیادی پێنجەمینی لەدایکبوونی پەرلەمانی کوردستان بوو، کاتیٚ دوو قۆڵی بەرەو هاوینەهەواری پیرمام دەچووین بە مەبەستی چاوپێکەوتن و دیداری خوالێخۆشبوو (جەوهەر نامق سالم) سەرۆکی پەرلەمان، لە رێگا باسی بیرۆکەی پێکهێنانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانم بۆ کرد کەوا کۆمەڵێك لە رۆژنامەنووسان بە هەموو جیاوازییەکانەوە سەرقاڵی ئەم پڕۆژە پیشەییەن کە تا بکریٚ سەندیکایەکی پیشەیی دەبێت، بەلآم عەدنان حسێن بە بزەیەك و دەنگێکی نەرمەوە گوتی (کاکە فەرهاد هل بأمكانكم في هذا الوضع المعقد تأسيس نقابة مهنية بعيدة عن رغبات الساسة وتداخلاتهم، انها المهمة الصعبة ومع هذا أرجو لكم التوفيق) وتەکانی بە کوردی (کاکە فەرهاد لە تواناتان دا هەیە لەم بارودۆخە تێکەڵ و پێکەڵە سەندیکایەك دابمەزرێنن دوور لە ئارەزووی سیاسییەکان و تێکەڵاوبوونیان لە کارەکانی، کارێکی سەختە، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم).

چەند جارێکی دیکە عەدنان حسێنم لە لەندەن و هەولێر دیتەوە و هەر جارێك سەردانی هەولێری بکردایە بێگومان سەردانی دەکردم، پاش دەرچوونیشم لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان،

وابزانم لە کۆتایی مانگەکانی ساڵی ٢٠١٢ لەسەر داوای ئەو لە ماڵی نووسەر و ڕۆژنامەنووس (فخری کریم) سەردانم کرد کە تێیدا باسی لە هەلومەرجی درووستکردنی سەندیکایەکی بۆ ڕۆژنامەنووسانی عیراق دەکرد بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی درووستبوونی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە وەکو ئەو (عەدنان حسێن) گوتی (من نایشارمەوە ڕۆڵی کاکە فەرهادم لە نزیکەوە دیوە شارەزای ئیشوکار و سەربەخۆیی سەندیکاکەیانم، تەنانەت برای خۆشەویستیشمان (د. فالح عبدالجبار) ستایشی ڕۆڵی کاکە فەرهادی کردووە کاتێ کێشەیەك لە هەولێر بەرۆکی گرتبوو خەریك بوون شکایەتی لێ بکەن بیدەنە دادگا، بەڵام فەرهاد بوێرانە و دڵسۆزانە کێشەکەی چارەسەر کرد) لێرەدا فەخری کەریم ڕووی قسەی لە هەمموان کرد و گوتی (سەندیکایەکە پاش دەرچوونی فەرهاد ئەو سەنگ و پێگەی نەماوە).

لە ٢٠١٣/١/٢٥ سەندیکای نیشتمانیی ڕۆژنامەنووسانی عیراق (النقابة الوطنية للصحفيين العراقيين) دامەزرا لە ئاکامی ئەو کۆنگرەیەی لە بەغدا بەسترا پێش ماوەیەك لە ڕێگای برادەرێك کە هاتوچۆی سلێمانی دەکرد ڕاسپاردبوو کەوا برای خۆشەویستمان (مستەفا ساڵح کەریم) ببینێ و داوەتنامەی ئەو بەندەی بە کاك مستەفا بگەیەنێ بە مەبەستی ئامادەبوونمان لە کۆنگرەی دامەزراندنیان، بەڵام من نەمتوانی سەردانی بەغدا بکەم و کاکە مستەفاش هەمان هەڵوێستی هەبوو، لە ئاوڕدانەوەیەکی زێدە دۆستانەدا لە ناوەندی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ عەدنان حسێن کە نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی ئەو سەندیکایە بوو بە مۆبایل ئاگاداری کردم کەوا ئەنجوومەنی سەندیکاکەیان (سەندیکای نیشتمانیی ڕۆژنامەنووسانی عیراقی) بڕیاری داوە ڕێز لە (پێنج) ڕۆژنامەنووسی کورد بگیرێ کە جێ پەنجەیان لە بواری کاری ڕۆژنامەنووسی و پیشەیی دیار و بەرچاوە و شایانی ڕێزلێگرتنن کە بریتین لە (محەمەدی مەلا کەریم، مستەفا ساڵح کەریم، مومتاز حەیدەری، جەمال خەزنەدار، فەرهاد عەونی)، ڕۆژی ٢٠١٤/٧/٧ لەلایەن خۆیەوە (عەدنان حسێن) ئاگادار کرام کەوا لە هەولێرە بۆ نیوەڕۆیەکەی چووینە ناو بازاڕی هەولێر و پێکەوە (کەبابێکی هەولێر)مان خوارد و دەمەو عەسرەکەشی (بڕوانامەی ڕێزگرتنەکەی سەندیکای نیشتمانیی ڕۆژنامەنووسانی عیراقی) پێشکەش بە بەندە و ڕۆژنامەنووس (مومتاز حەیدەری) کرد و ڕێوڕەسمەکەش لە کتێبخانەکەی بەندە بوو، پاش پشوو دانێکی

**کورت هاتە قسە و رووی تێکردم و گوتی (کاکە فەرهاد شایستەی ئەو ڕێزلێنانەی سەندیکای نیشتمانیی ڕۆژنامەنووسانی عیراقی، هیوادارم یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی کورد و عیراقیش ڕێز لەو هەوڵ و کۆششەت بگرن کە ساڵانێکە پێوەی خەریکی سەرەڕای ئەم کتێبخانە نایابەت دروستکردووە کە لە ڕاستیدا لە (مۆزەخانەیەك) دەچێ، هیوادارم پاش خۆت (هیوای تەمەن درێژیت بۆ دەکەم) ئەم (مۆزە کتێبخانەیە) بە دەردی سەندیکاکەتان نەچێت، کاتێ تۆ بەجێتهێشت.**



هەولێر–هوتێل چوارچرا، ١٩٩٧/٦/٤، نووسەر لەگەڵ رۆژنامەنووس عەدنان حسێن

ساڵیادی پێنجەمینی دروستبوونی پەرلەمانی کوردستان




هەولێر–کتێبخانەی نووسەر، ٢٠١٤/٧/٧

رێزلێنانم لە لایەن ئەنجوومەنی سەندیکای نیشتمانیی رۆژنامەنووسانی عیراقی

## نامەی مامۆستا پشکۆ نەجمەدین

- پێشمەرگەی دێرین کادیر و نووسەر پشکۆ نەجمەدین ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی (عەبابەیلێ)ی ناوچەی هەڵەبجە لەدایکبووە.
- هەرسێ قۆناغی خوێندنی لە شاری (هەڵەبجە) تەواوکردووە.
- ساڵی ١٩٧١ لە زانکۆی سلێمانی-کۆلیژی کشتوکاڵ وەرگیراوە.
- ساڵی ١٩٧٤ وازی لە خوێندن هێناوە و پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی دوو ساڵی خوێندن لەدەست بدات.
- پاش رێککەوتننامەی ٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ گەڕایەوە هەڵەبجە و هەر ئەو ساڵە چووە زانکۆ، ساڵی ١٩٧٧ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کشتوکاڵ بەدەستهێناوە.
- ساڵی ١٩٧٥ لە زانکۆی سلێمانی پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) کردووە.
- ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگە کرد لە ناوچەی هەورامان و چەندین لێپرسراوێتیی گرتۆتە ئەستۆ.
- ساڵی ١٩٨١ بەشداریی لە کۆنفرانسی هەمان رێکخراو کرد و لەنێوان ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٤ لێپرسراوێتیی رێکخستنەکانی هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی پێ سپێردراوە.
- ساڵی ١٩٨٩ لە ئێرانەوە بەرەو رووسیا، لەودیوەوە رووی کردە وڵاتی سوید و لەو وڵاتە گیرسایەوە.
- ساڵی ١٩٩٢ وازی لە کاری حزبایەتی هێنا، خۆی بۆ نووسین تەرخان کرد و بەشداریی تەواوی لە بزاڤی رۆشنبیریی کوردیدا کردووە، چەندین کتێب و وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکردۆتەوە، دیارترینیان ئەو کتێبەیە کە ساڵی ٢٠٠٧ بە ناوونیشانی (ئەزموون و باد) لە سوید بڵاوکردۆتەوە، لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١١ چوار جار چاپکرایەوە، لە فیستیڤاڵی ساڵی ٢٠١٠ی گەلاوێژ دا خەڵاتی پڕفرۆشترین کتێبی ساڵی وەرگرت.
- چەند کۆمەڵە شیعرێکی هەیە لەوانە (ژارک چاپی ١٩٩١)، (گەڕان لەدووی سەرابی نیشتمان-١٩٩٤)، (لەتێك غوربەت لە تەمەندا-٢٠٠٠).

**سەرچاوەی زانیارییەکان: ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-چاپی سێیەم-بەرگی یەکەم-٢٠١٦**

Tel: 20425

کۆمەڵەی مناڵدۆستانی کورستان ـ کۆمیتەی بەڕێوەبەر
بۆ/ هێژا و زۆر خۆشەویست مامۆستا عەزی مەلاڕەش
سڵاوی گەرم و سەرکەوتنتان بە ئاوات دەخوازین.
فاکس و نامەی تایبەتی جەنابتان کە بۆ اکە باس نوسرابوو گەیشتن. زۆر سوپاسی هەستی پڕ دڵسۆزی ئێوە و هەوڵ و ماندوبوونتان لە پێناوی خزمەتکردنی مناڵانی کوردستاندا دەکەین و هیواداریین تەمەن درێژ و فرە وێنە بن.
دەربارەی نامەکەتان. چوون کۆنگرەی ساڵانەی کۆمەڵە لەم رۆژانەدا بەستراوە و جارێ کۆمیتەی بەڕێوەبەری نوێ کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی نەکردوە، وەڵامەکەی بۆ پاشی کۆبوونەوە دوا کەوت. فاکسەکەتان هەواڵێکی دڵخۆشکەرە و ئامادەیی بەڕێز کاک فەرهاد عەونی بۆ هاوکاریکردنی کۆمەڵە و یارمەتیدانی دە مندالی کورد بە ناوی کۆمەڵەکەمانەوە، جێگای ڕێز و سوپاسە و هیواداریین لێپرسراوانی دیکەش لە تەواوی کوردساتندا شوێن پێی ئەو هەڵبگرن و لەو بوارەدا هاوکاری و دەستگیرۆییمان بکەن. بەباشمان زانی کە فاکسی سوپاس نامە بۆ ئەو بەڕێزە هەر لە ڕێگای جەنابتانەوە بە ئاکام بگات. تکایە زەحمەتی گەیاندنی بکێشن.

لە گەڵ ڕێزی سڵاوماندا.
لە جیاتی کۆمیتەی بەڕێوەبەر
براتان
پشکۆنەجمەدین
20 06 99 ـ سوید

کۆمەڵەی مناڵدۆستانی کوردستان
کۆمیتەی بەڕێوەبەر ـ سود

بۆ/ برای هێژا کاک فەرهادعەونی

بابەت/ سوپاسنامە

سڵاوی گەرم و سەرکەتووبن!
کۆمیتەی بەڕێوەبەر بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە هەواڵی یارمەتی و کۆمەکی بەڕێزتانی دەربارەی دەستگیرۆیی کۆمەڵە و یارتمەتیدانی مانگانەی 10 منداڵی خوێندکاری کوردی شاری هەولێر وەرگرت و ئەم هەڵویستە مرۆڤدۆستانەتان، مایەی پێزانین و رێزلێنانە. ئێمە بە پێوستی دەزانین کە لێرەشدا جەخت لە سەر بێلایەنی و خەسڵەتی دیموکراتیانە و ئینسانیی کۆمەڵە بکەینەوە و ئەوە دوپات کەینەوە کە هەموو توانا و هێزی مادديی کۆمەڵەکە لەسەر هەڵویستی جوامێرانەی کوردانی دانیشتووی هەندەران و کەسانی وەکو ئێوە وەستاوە. بەم هەڵویستەتان ئێوە دەبنە یەکەمین کەسێک کە لە کوردستاندا یارمەتیی ماددی کۆمەڵەکە بدات و بەمەش یەکەم ئەندامی شانازیی کۆمەڵەکەمانن. وێنەتان زۆر بێت و سەرکەوتووبن.

لەگەڵ ڕێزمان
لە جیاتی کۆمیتەی بەڕێوبەر

براتان
پشکۆنەجمەدین
20 06 99 ستۆکهۆڵم

## نامەکەی برای رۆشنبیر و نووسەر کاك (پشکۆ نەجمەدین) سەرۆکی کۆمەڵەی منداڵدۆستانی کوردستان-کۆمیتەی بەڕێوەبەر لە سوید

لە بەهاری ساڵی ١٩٩٩ کە سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی و لێپرسراوی دەزگای رۆشنبیریی برایەتی و خەبات بووم رۆژێك مامۆستای رۆشنبیر و رۆمان نووس (عەزیزی مەلای رەش) هاتە لام لە نووسینگەکەی خۆم باسی پرۆژەیەکی بۆ کردم دەربارەی (مندالانی کورد) ئەوانەی کە بێکەس و بێ دەرامەتن و ئارەزووی خوێندنیان هەیە، بۆ ئەم مەبەستە لە وڵاتی سوید کۆمەڵەیەك درووستبووە بۆ بە مەبەستی هاوکاری ئەو مندالانە لە کوردستان، بەڵام پێویستیی بە خەرجی هەیە، بۆیە ئەو کۆمەڵەیە داوا لە خەڵکانی خێرخواز دەکات کە مانگانە بە بڕێ پارە یارمەتیی ئەم کۆمەڵە بکەن، مامۆستا عەزیری مەلای رەش ئەوەشی پێ راگەیاندم کە برای دڵسۆز و تێکۆشەرمان کاکە پشکۆ نەجمەدین (مشوورخۆر)ی ئەم کۆمەڵەیەیە، منیش یەکسەر بە بڕی (١٠٠٠) هەزار دیناری چاپی سویسری مانگانە یارمەتیی ئەم کۆمەڵەیەم دەدا و لەو سەروبەندەدا (شێرکۆ حەبیب)ی ئامۆزام کە لە لەندەن دەژیا ئاگاداری ئەم بابەتە کرد و ئەویش جوامێرانە بە بڕێ (١٠٠٠) هەزار دیناری چاپی سویسری یارمەتیی خۆی راگەیاند و جێ بەجێی کرد.

- مامۆستا عەزیز لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٦ـە و لە دیبەگە لەدایکبووە، دەرچووی خوێندنی ئاینییە، بووەتە مامۆستا و لە چەندین قوتابخانەی پارێزگای هەولێر مامۆستایەتیی کردووە، چیرۆکنووس و رۆمان نووسێکی دیارە، لە بەرهەمە چاپکراوەکانی (پشیلۆکە-١٩٧٩، قولەمەیتەر-١٩٨٠، کوێخا سێوێ-١٩٨٦، غەوارە-١٩٩١، حزبی کەران-١٩٩٠، لێقەوماوان-٢٠٠٥،...) لەگەڵ چەندین رۆمان و چیرۆك و بڵاوکردنەوەی دیکە، هەروەها ماوەیەك لە رۆژنامەی برایەتی گۆشەیەکی هەبوو بە ناوی (وریقات).

**سەرچاوەی زانیارییەکان:** ئینسکلۆپیدیای کوردی ژمارە ٨ وەرگیراوە لەگەڵ زانیاریی نووسەر.

## نامەکانی هونەرمەند ئازاد شەوقی

- هونەرمەند ئازاد شەوقی ساڵی ١٩٢٩ لە هەولێر هاتۆتە دونیاوە.
- ساڵی ١٩٥٥ لە یەکەم خولی پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە بەغدا دەرچووە.
- دامەزرێنەری مەڵبەندی چالاکیی هونەریی قوتابخانەکانی شاری سلێمانییە.
- ماوەی ١٣ ساڵ سەرپەرشتیاری پەروەردەی هونەری بووە لە سلێمانی.
- دامەزرێنەری یەکەم شانۆی مندالأنە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی عیراق، دامەزرێنەری یەکەم مۆزەخانەی کلتوریی جلوبەرگی کوردی و عیراقییە.
- دەیان پێشانگای تایبەتی خۆی کردۆتەوە و بەشداریی چەندین پێشانگای هاوبەشی کردووە لە (بەغدا، سلێمانی، هەولێر، بەیروت، ئەڵمانیا، پاریس)، کە چواردەهەمینیان پێشانگای هوتێل چوارچرا بوو لە ١١-٢٠٠٠/٩/١٣.
- شەوی ٩ لەسەر ٢٠٠٢/٨/١٠ لە ماڵەکەی خۆی لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

**بەبۆنەی کۆچی دوایی چی گوتراوە:**

- رۆژنامەی برایەتی-تاریق کارێزی: رەوانی پاکی ئاشقە دڵگەرمەکەی کوردستان هەڵفڕی.
- مەکتەبی سیاسیی حزبی شوعیی کوردستان: بیکاسۆی کورد کۆچی دوایی کرد.
- کوردستانی نوێ-یاسین قادر بەرزنجی: مەرگی تابلۆیەکی دەگمەن.

سولەیمانی

١٨/١٨ ...٢٠٠٠

بەڕێز کاک ئەنوەر هادی

برای ئازیزو هەڵبەستوانی خۆشەویستم

سڵاوێکی گەرم . هیوادارم ساغ و سلامەت بیت . هەرچەندە ...
ئەو زۆرە ... سڵاو لە نامەکەت کرد ... هەموو لاپەڕەکانم خوێندەوە
... ئەوەی دەڵێی ... بۆ کوردستان و خزمەتی برای
... لە ناو ... بۆ ... ئەگەر ...
لە ... کوردستان ... ئیتر لە ... بیت ... هەموو
... کاتی جوان . هیوادارم
ئەوەندەم ... دەکەن و دەکەیت بووی .
... دیارە . دڵنیام ... سڵاوی خاوەنی ...
ئەمەیە ... ئەوە ... کاتی ... دەکات ... بۆ ئێوە
... و ...
و ... ... خۆشەویست ...
... بۆ دەخوێنم .

ئەی ئازیز . ... دەکات
... بە خوێنی ... چونکە برا ...
... دەکرد بە جوانی ... بە دەستم چونکە ... ئەو ... ئەبێت
جیاوازی دەزەوە لە ١٩٤٩ەوە جاوەڕوانی ئەو ...
ئەمە بەرە ... زۆر ئازیزو ... بۆ ... کورد
... ئەوی ... بە ... کردم و ...
لای کوردی ئازیزم ... مەعرووفە .
... بە دەستی بەرێزت ... سەر خوێندەوە
... لە ... دەنووسم چونکە ... هیچ معلوماتێ
نییە لو ئەوە ... خوێنەرم کە لە ...
بۆیە ... ئازیزەکەم بە سڵاو . هەر بژی

براکەت ...

محەمەد ...

... (لە پەراوێزدا)

کاتێ ئەم وتارە گیانە [illegible] [illegible] شتی [illegible]

گەوتە [illegible] لەم کاتەدا کە چوونە [illegible] بێشانیان ئێستاکەی

بۆ [illegible] کاتێ [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

19/11 ....

کاتێ [illegible] مێژوون دەبێ چونکە کوردستان

چوون بۆی [illegible]

[illegible]

هیچ جێی.

[illegible]

ئەم لە بەر دەستانە

دیلۆ لەو [illegible] [illegible] ئێستادت

[illegible] دەدیب جیهان

بۆ حاڵ گرتنەوەی لە [illegible] زمان [illegible]

[illegible]

سولەیمانی
٢٠٠٠/٨/١٨

**برای ئازیز و هەڵگری خەمەکانم کاك فەرهاد گیان**

**سڵاوێکی گەرم**

**ئەوڕۆکە بە سەلامەتی گەیشتمە شاری سلێمانی هەست بە ئارامییەکی پڕ بە ئومێد دەکەم ئەویش ئەو هەموو لوتفەی کە ئەنجامتان دابوو بۆ بەگەیشتنم بۆ خزمەتتان و خزمەتی برای گەورەم کاك جەوهەر. خودا لەگەڵتان بێت چونکە جێی هەموو ئومێدێکم لەم ژیانەدا و هەرواش بوون.**

**دەستی دایە گەورە ماچ دەکەم، سڵاوی ماڵەوەمان و دەستی ئێوەی خۆشەوست ماچ دەکەن حورمەتم بۆ براژن داوای کامەرانیتان بۆ دەخوازم.**

**برای ئازیز بونیاد مەعروف خەزنەدار تەسمیمی فۆڵدەرەکە دەکات حەزم دەکرد بە جوانی بێتە بەرهەم چونکە بڕوا بکە جیهانی دەرەوە لە ١٩٩٩وە چاوەڕوانی ئەو پێشانگایەی موناسەبەتە زۆر ئازیز و گەورە بۆ ئێمەی کورد وە جەنابتان داوای رەسمێکی بەندەتان لێکردم وێنەکەشم لای کوڕی ئازیزم بونیاد مەعروفە.**

**ئینجا ئەگەر گەیشت دەستی پیرۆزت مەعلوماتی سەر فۆڵدەرەکە جەنابتان لەسەری دەنووسن چونکە بەندە هیچ مەعلوماتێکم نییە بۆ ئەو مەبەستە. دیسانەوە خوازیارم کە لە خزمەتی میوانە گەورە و ئازیزەکانم بم بە سەلامەتی.**

**کاکە فەرهاد گیان کەوتە یادم لەم کاتەدا کە چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافیی منتان پێشکەش بکەم بۆ ئەو کارانەی پێشانگای تازەکەی ٢٠٠٠/٩/١١ ئینجا ئەگەر دابەشی بفەرموون لەگەڵ برای ئازیزم کاك جەوهەر مەمنون دەبم.**

**هیوادارم جوان بۆی چووبم چونکە کوردستان هەمیشە جوانە.**

**وە بۆ ئەو برووسکەی کە لەبەردەستتانە و بەدی دەکرێت جەنابتان ئازادن بۆ چاککردنەوەی لە رووی زمانەواییەوە.**

**سڵاوم بۆ برام کاك مومتاز حەیدەری.**

**دڵسۆزتان**

**ئازاد شەوقی**

**دەربارەی دوا پێشانگاکەی کە چواردەهەمین پێشانگایە کە هونەرمەندی گەورە لە خەمیدایە و ئەو نامەیەی بۆ بەندە نووسیوە..**

هونەرمەندی خوالێخۆشبوکو هەرکاتێ دەهاتە هەولێر ئاگاداری دەکردم و دەچوومە لای و هەمیشە لە ئوتێل چوارچرا دادەبەزی، بە هاتنی بۆ هەولێر لە رۆژانی ٢٠٠٠/٨/١٥/١٤ پێشوازییەکی باشی لێکرا و بەدیم کرد نەخۆشیی شێرپەنجە تێنی بۆ هێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مرۆڤە خاوەند بیر و باوەڕە بەهێزەی بەرامبەر کورد و کوردستان هەیەتی داوای لێکردم بەتایبەتی کەوا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ئاگادار بکەم لە ئارەزووی ئەو بە مەبەستی رێکخستنی پێشانگای چواردەهەمین لە هەولێر و لە یادی ٣٩یەمی ساڵیادی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١/٩/١١) بەندەش لیژنەیەکی دروستکرد بە مەبەستی تاوتوێکردنی داوایەکەی هونەرمەند ئازاد شەوقی کە لەم بەڕێزانە پێکهاتبوو (ممتاز حەیدەری، ئازاد عبدالواحد، تاریق کارێزی، فەرهاد عەونی) و پێشنیار کرا نامەیەك بە وردەکاریی تەواو بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانیی هونەردۆست بنێرم دەربارەی داوا و ئارەزووەکەی هونەرمەند ئازاد شەوقی.

**بەندەش رۆژی ٢٠٠٠/٨/٢٠ ئەم نامەیەم بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی نارد کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**ئەنجوومەنی سەندیکا**

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

Kurdistan Journalists' Union

رۆژ: ٢٠٠٠/٨/٢٠

ژمارە:

**برای بەڕێزو خۆشەویست کاك نێچیرڤان بارزانی**

**سڵاوێکی گەرم**

**هیوای سەرکەوتن و لەش ساغیتان بۆ دەخوازین..**

**یەکەم:** هونەرمەندی گەورەی کورد کاک ئازاد شەوقی ئێستا تووشی نەخۆشی (سرطان) بووە و ماوەیەکی زۆر کەمی لە ژیاندا ماوە، رۆژانی (١٤،١٥)ی ئەم مانگە لە هەولێر بوو لە ئوتێلی چوار چرا پێشوازی و خزمەتێکی باشی کرا.

**دووەم:** داوای لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد کە دوایین پیشانگای لە هەولێر و دهۆک بۆ جێبەجێ بکەین، ئێستا (٤٤) تابلۆی لای ئێمەیە لە سەندیکا.

**سێیەم:** لەگەڵی رێککەوتین لە یادی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول ٢٠٠٠/٩/١١ بۆ ماوەی (٣) سێ رۆژ پیشانگاکەی لە هەولێر بکرێتەوەو لەسەر داوای خۆی حەز دەکات بۆ ماوەی دوو رۆژیش لە دهۆک نیشان بدرێت.

**چوارەم:** (٦) شەش دانەی لەو تابلۆیانەی کە لە پیشانگاکە نیشان دەدرێن کردووەتە دیاری بۆ بەڕێزتان کە دواتر پێشکەشی بەڕێزتان دەکرێت.

**پێنجەم:** ئێمەش لە سەندیکا لیژنەیەکمان لەو برادەرانەی خوارەوە پێک هێنا بۆ سەرپەرشتی پیشانگاکەو راپەڕاندنی کارەکان کە ئەمانەن: (مومتاز حەیدەری، ئازاد عەبدولواحید، تاریق کارێزی، فەرهاد عەونی).

**شەشەم:** لیژنەکە تەقدیری مەساریفی پیشانگاکەی کردووە بە (٧٠) هەزار دینار بۆ چوارچێوەکردن و شوشە تێگرتنی تابلۆکان و گرتنی هۆل و مەساریفی گوێزانەوەو مانەوەی خۆی و یاوەرکانی لە هەولێر و دهۆک و هاتنی لە سلێمانییەوە. سەرەڕای چاپ کردنی ڤۆڵدەرو پۆستەری رەنگاورەنگ بەم بۆنەیەوە، لەگەڵ میوانداری کردنی ئامادەبوان لە رۆژی کردنەوەی پیشانگاکە لە هۆڵی ئوتێلی چوارچرا.

**حەوتەم:** کاک ئازاد شەوقی هەموو حەزو ئارەزووی ئەوەیە کەوا یان جەنابی سەرۆک یان بەڕێزتان پیشانگاکەی لە رۆژی ٢٠٠٠/٩/١١ بکەنەوە.

بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان کاک ئازاد کاتی خۆی لە رۆژنامەی برایەتی لە دیمانەیەکدا رایگەیاندووە (ئەگەر هاتوو ئەمری خودای کرد وەسیەت دەکات لە خاکی پیرۆزی بارزان بنێژرێت). ئێستاش لە وەسیەتنامەکەی ئەوە دووبارە دەکاتەوە، لەسەر ئەو وەسیەتنامەیە ئاسایشی سلێمانی هەڵیان کوتایە سەرماڵەکەی و سووکایەتییان پێکرد.

چاوەڕوانی وەڵامی بەڕێزتانین، تا دەست بەکار بین و بۆ پیشانگاکە کارەکان بەزوویی ئامادە بکەین.

**لەگەڵ رێزو سڵاومان**

**براتان**

**فەرهاد عەونی**


**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**

Tel: ٢٠٠٠/٨/٢٠ تەلەفۆن:

Address: ناوونیشان:

بەڕێز نێچیرڤان بارزانیش وەك هەمیشە پشتوانی لەو جۆرە کارە هونەرییانە و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان کردووە بە تەلەفۆن ئاگاداری کردمەوە کەوا (ئەوەی پێویستە بۆ هونەرمەندی گەورە ئازاد شەوقی بکرێت و ئێمە خەرجی تەواوی پێشانگاکە و هاتوچۆ و مانەوەی لە هەولێر و دهۆك لە ئەستۆ دەگرین).
پێشانگاکە ڕۆژی ٢٠٠٠/٩/١١ لە هەولێر بە چاودێریی خوالێخۆشبوو فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرایەوەوە و سەرکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە بینی.





هەولێر-ئوتێل چوارچرا، ٢٠٠٠/٩/١٠، فەرهاد عەونی، هونەرمەند ئازاد شەوقی



هەولێر-ئوتێل چوارچرا، ٢٠٠٠/٩/١١، هونەرمەند ئازاد شەوقی،
وەزیری رۆشنبیری فەلەکەدین کاکەیی، فەرهاد عەونی

**بابەتێکی دیکە کە پەیوەندیی بە هونەرمەند ئازاد شەوقی هەیە کە تێیدا بەندە راسپێردرابووم لەلایەن کاك ئازادەوە کەوا لەو تابلۆیانەی پاش پێشانگایەکە لە ژوورێکی تایبەتی بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان پارێزرابوو، تابلۆیەك (بە ئارەزووی هەڵبژاردنی خۆی) لەلایەن (جیراڵد شاڵیاند) دبلۆماتکاری فەرەنسی نووسەری کتێبی دیرۆکا کوردا (شعب بدون وطن.. الکورد وکوردستان) وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (عبدالسلام النقشبندی) بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس ساڵی ٢٠٠٢ هەروەها کتێبی (المأساه الکوردیه) وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی (فیلیپ بلاك) وە بۆ عەرەبی (عبدالسلام النقشبندی) بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس ٢٠١٢ پێشکەشی بکرێت، چونکە هونەرمەند ئازاد شەوقی دەیزانی (جیراڵد شاڵیان) یەکێکە لە بەهێزترین و گرنگترین دۆستانی کورد کە توانییان بە نووسینکەکانیان تیشك بخەنە سەر دۆزی کورد و سەرنجی دونیا بۆ مەزڵومییەتی ئەوان رابکێشن.**

**رۆژی ٢٠٠١/٤/٢٤ جیراڵد شاڵیاند و سۆفیا مۆسێنی هاوسەری هاتنە بارەگای سەندیکا و تابلۆیەکیان هەڵبژارد و ئەم نامەیەشیان لای منەوە بۆ هونەرمەند ئازاد شەوقی نارد بە زوبانی ئینگلیزی کە لێرەدا نامەکە و وەرگێڕانەکەی بە زوبانی کوردی وەکو خۆی بڵاودەکەمەوە چونکە دەقی نامەکە تیشك دەخاتە سەر کەسایەتیی ئەو هونەرمەندە گەورەیە.**

رۆژ: 

ژمارە:

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**ئەنجوومەنی سەندیکا**

Kurdistan Journalists' Union

Erbil April 24, 2001

Dear Azad Shawki,

Sophie and myself thank you for your warm reception – yours and your wife's – in Suleymanie. Your good friend Ferhat Aouni has given to us one of your wonderful paintings: the poetical essence of the Kurdish landscape expressed with such an original talent.

Besides you are a man of peace and warmth and the world would be a nicer place with more people like you. Warm friendship and long life to you

Tel: 　　　　　　　　تەلەفۆن:

Address: 　　　　　　ناونیشان:

Gérard Chaliand
Sophie Mousset

هەولێر ٢٤/٤/٢٠٠١

ئازیزم ئازاد شەوقی

من و صوفیا زۆر سوپاست دەکەین بۆ ئەو پێشوازییە گەرمەی خۆت و خێزانەکەت کە ئێمەتان کرد لە سلێمانی.

هاوڕێی ئازیزت ~~[illegible]~~ فەرهاد عەونی یەکێک لە تابلۆکانی تۆی پێشکەشکردم کە ~~[illegible]~~ گوزارشتە لە ~~[illegible]~~ جوانی خاکی کوردستان دەکات کە بە بەهرەیەکی ڕەسەنەوە دەرت ~~[illegible]~~ بڕیوە

لەبەر ڕای ئەوەی کە تۆ پیاوێکی ئاشتیخواز و میواندۆستی ~~[illegible]~~، ~~[illegible]~~ ئەم دونیا جێگەیەکی زۆر خۆشتر ئەبوو ئەگەر مرۆڤی وەکو تۆی زیاتر هەبوایە

گەرمترین هاوڕێتی و هیوای ژیانێکی درێژ خایەنم بۆتانە ~~[illegible]~~

جێرالد شالیاند
سۆفیا موسێت

هەولێر ٢٤/٤/٢٠٠١


ئازیزم ئازاد شەوقی

من و سۆفیا سوپاست دەکەین بۆ ئەو پێشوازییە گەرمەی خۆت و خێزانەکەت کە لە ئێمەتان کردلە سلێمانی.
هاورێی ئازیزت فەرهاد عەونی یەکێك لە تابلۆکانی تۆی پێشکەش کردم کە گوزارشت لە جوانی خاکی کوردان دەکات کە بە بەهرەیەکی رەسەنەوە دەرتبڕیوە.
سەرەڕای ئەوەی کە تۆ پیاوێکی ئاشتیخواز و میواندۆستی ئەم دونیایە جێگەیەکی زۆر خۆشتر ئەبوو ئەگەر مرۆڤی وەکو تۆی زیاتر هەبووایە.

گەرمترین هاورێیەتی و هیوای ژیانێکی درێژخایەنم بۆت

جیرالّد شالّیان
سۆفیا موسێت

## نامەی دووەمی هونەرمەند ئازاد شەوقی


Hukmeta Herêma Kurdistanê - Iraq
Wazareta Roşinbîrî
Fîstevala Cizîrî
حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری
فیستیڤالی جزیری
دهۆک — ئەیلوول — 2000

①
کاکەی دڵسۆزم بەڕێز فەرهاد عونی لییان
ڕۆژتان باش.

(٣)

هەیە خۆم بە شانازییەوە هاوار دەکەم و دەڵێم ئازادشۆخ بوو!
بەڵگەش جماوەری بە شەرەفی گەلەکەیە. ناسراوەکانم. دانیشتووی شارەجوانەکەم لە هەولێر
پەرلەمانی کۆمەڵەی ژ.ک. دیوانی سالانی ٩٤٥ تا ٩٤٦ لە مهاباد. دوونیای دەرەوەی
کوردستان خۆش. ئێمەش سەرم ئێران. ١٠ المانیا. هەموو رۆشنبیرانی بە وجدانی کوردوو
هەروەها ئەوانە هەمووی پێدانی سنگم پڕ ئەخۆشیەکەم دەنەخشێنێ و سەربەرزییە
بۆ بەندە و شەرەفە..
دیسانەوە دەڵێم بە بەرزییەوە ئێستەش ئەوەی دەخاتە دوو دڵسۆز
تا ئێستە رۆشنبیری دەکەم [illegible] ولێ دەکەمەوە کە خوایە دەبێت ئاوا بێت
خوایە ئاشتی و برایەتی و ئازادی بۆ کوردو کوردستان دابمەزرێت بۆ ئەوەی
ڕووحی شەهیدەکان ئارام و ساکن بێتە. خوایە بنەماڵەی بارزانی نەمر و سەربەرزی بارزانی
کاکە مەسعوودو کاک نێچیرڤان پارێزراوبێت هەتا هەتایە و سێبەری ئەو ماڵە گەورەیە
تاڵی رەشی خاکی کورد نەبێت هەتاهەتایە و ئاڵای سەوزی کە ئەمانەتە لای
بنەماڵەی بارزانی بەرزو شەکاوە بێت بەسەر هەموو خاکی کوردووکوردستان. ایدی
دووبارە سڵاوم و ریزم و پیرۆزم ئێوە دەکەم بۆ خەباتتان وا ئەڵێ ئەمرم دەگەمە
فەرمانە رۆژنامەی زۆر بە خۆشەویستی جناب کاکە جوهەر نامیە سڵاوم بۆ جناب کاک احمد دلزار
شاعیری پاکی گەورەی گەلەکەم و کاک ئازادی کوڕی.
کاک سعید الجزائری زۆر بە رۆشنی لەشساغی جنابتان دەڵێم سەفەری کردووە بۆ دەرەوەی
کوردستان.

کاک فەرهاد پارێزەری جنابیان شۆخی عیدانی کوردستان لە بەندە زۆرە لەیاد ناچێت
هەموو کاتێک هەواڵم دەپرسێ دیە ئەندوستیمەدەن ماڵیان ئاوا بێت
ئازیزێکی چاویان پەدەمەوە.. چێنە دەڵێم. خوا هەموو جیاکیک پارێزیت هەر
لە کوێ بن.

لە کۆتاییدا دەستتان دەگوشم. لە شەرفاییت بوورانەوەی لەشساغی بەندەیە
هەتا نامەیێکی دی بەخوات ئەسپێرم لەوەرەم دڵسۆزم ئەی کاک فەرهادی خۆشەویستم

سلطان ئازادشۆخ

**کاکەی دڵسۆزم بەڕێز فەرهاد عەونی گیان**

**ڕۆژتان باش**

**پێشەکی تەندرووستیت و لەشساغیتان ئاواتمانە، هەموومان دەپاڕێینەوە لە خودای مەزن کە قەت سەغڵەتی نەکەوێتە ڕێتان.**

**کاکە فەرهادی هەمیشە چاکی و گەورەیی.. لەمێژە بەندە لەنێو جێگادایە نەخۆشی لەش قورسی ڕۆژ دوای ڕۆژ تەنگی پێ هەڵچنیوم، بەڵام هەندێك ئیرادە و هەندێك ئاواتی ڕەنگاوڕەنگی ڕێڕەوی کورد و کوردستان تیمارم دەکات، ئەویش ئەو زەمینە جووانەی کە دەستکردی گەلی کورد خۆیەتی هاتۆتە بەرهەم. ئەویش بە چاودێریی ڕۆحی پاکی بارزانی نەمر و بنەماڵە پاکەکەی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقی و حزبە هاوپەیمانەکانی خۆماڵی خوا ئەوەی کورد و کوردستان دەپارێزێت سەرفراز بێت.**

**کاکەی پارێزەری قەڵەم و لاپەڕە قەشەنگەکانی کوردەواری و کوردایەتی، جێگاتان بە جوانی بە ڕووناکی بەدی دەکرێت بە هەموو جۆرێك. بە برایەتی بە فراوانی بەرهەمەکان ئەو دە ساڵە و پێشتریش.**

**زۆر بە پەرۆشی دیدەنی جەنابی برای گەورە و بەوەفام جەنابی کاك جەوهەر نامق-م خۆزگە بتوانم پە بە خۆم ڕێگای گەیشتنم بدات بە شادبوون بە چاوپێکەوتنی هەمووتان، کە وەك سرووشتی کوردستانی ڕەنگین خۆم لەناوتانا ئەدۆزییە بە سەربەرزی بە کامەرانی چونکە بچووکتان هەمیشە و تا مردن ئێوەم لەیاد ناچێت. وە هەتا هەتایە. بەڵگەکانم نووسراون بە خەتی خۆم و ڕەنگەکانم لە گەردەن و ویژدانی گەلە گەورەکەم و ئەوە هەمووی هەوڵ و کەسایەتیی بنەماڵەی گەورەی گەلی کورد و سەرۆك کاك مەسعود و جەنابی کاك بارزانی نێچیرڤان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی گەورەمان خانەوادەی گەلی کوردمان و سەرۆکایەتیی پارتی گەلی کوردمان پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و حزبە نیشتمانپەروەرەکانی هاوپەیمانی پارتیمان.**

**کاك فەرهادی گەورە بەندە چاو و دڵی گەشە کە لە سوننەتی ژیان بەرەو ماڵئاوایی دەڕوات جێگام بەدی کراوە کە لە خزمەت سەرۆك بارزانی کەڕێی دام ئارامگاکەم لە**

گوندی بارزان بێت و له ڕۆژنامەی برایەتیی بەڕێز ئەوەت نەخشاند بۆ هەموو کوردێکی بەشەرەف و دڵسۆز که ئارامگای گوندی بارزان جێیەکی بچووکی ژێر قاچی شەهیدانی بارزانییەکان بەرکەوێت. ئەویش مایەی فەخره و شانازییە بۆ بەنده و منداڵەکانی و خێزانه بچووکەکەم که بە هەمووان چاودێریی بنەماڵەی بارزانی و بارزانی نەمر ژیاین بە سەربەرزی و بە پاکی بە بێ ئەوەی هیچ ئازارێك و هیچ ڕێی گرتبێت کارمان لێ بکات. و سایەی سەری ئێوەی بەڕێز هێندەم بەرهەمی کوردستانێتی و کوردایەتی له ڕووی هونەرەوە هەیە، خۆم به شانازییەوه هاوار دەکەم و دڵێم ئازاد شەوقی بوو:

بەڵگەش جەماوەری بەشەرەفی گەلەکەمە. مامۆستاکانم. دانیشتووی شاره جوانەم له هەولێر، پەرلەمان، کەرکووك، دهۆك، دیوانییە، ساڵانی ١٩٤٥ تا ١٩٤٦ بەغدا. دونیای دەرەوەی کوردستان فەرەنسا، میتران، مادام میتران، ئەڵمانیا، هەموو ڕۆشنبیرانی به ویژدانی کورد و عەرەب ئەمانە هەمووی مەیدانی سینگە پڕ نەخۆشییەکەم دەنەخشێنێت و سەربەرزییە بۆ بەنده و شەرەفە...

دیسانەوە ڕەنگ بە بەزەییەوە پێشکەشی ئێوەی وەفادار و دڵسۆز بۆ فکر و ڕۆشنبیری دەکەم وە نوێی دەکەمەوە که خوایە وەتەن ئاوا کەیت خوایە ئاشتی و برایەتی و ئازادی بۆ کوردستان دابین بکەیت بۆئەوەی ڕۆحی شەهیدانمان ئارام و ساکن بێت.

خوایە بنەماڵەی بارزانی نەمر و سەرۆك بارزانی کاکە مەسعود و کاك نێچیرڤان پارێزراو بن هەتا هەتایە سێبەری ئەو ماڵه گەورەیە تارای ڕەنگینی خاکی کورد بێت هەتا هەتایە و ئاڵای پیرۆزی که ئەمانەتە لای بنەماڵەی بارزانی بەرز و شەکاوە بێت لەسەر هەموو خاکی کورد و کوردستان ئیدی دبووباره سڵاو و حورمەتم و ڕێزم نوێ دەکەمەوە بۆ جەنابتان و ئیشەڵا نەمرم دەگەمە خزمەتتان و خزمەتی برای زێدە خۆشەویستم جەنابی کاك جەوهەر، سڵاو بۆ جەنابی کاك ئەحمەد دڵزاری شاعیری پاکی گەورەی گەلەکەم کاك ئازادی کوڕی.

کاك مفید الجزائری زۆر پەرۆشی لەشساغیی جەنابتانه، دەڵێ سەفەری کردووه بۆ دەرەوەی کوردستان.

کاك فەرهاد یارمەتیی حزبی شیوعیی عیراق و کوردستان بۆ بەندە زۆرە لەیاد ناچێت هەموو کاتێك هەوالم دەپرسن و بەتەنگ تەندرووستیمن مالیان ئاوابێت نازانم چۆن چاکەیان بدەمەوە. هێندە دەلێم خوا هەموو چاکێك بپارێزێت لە هەرکوێ بن.
لە کۆتاییدا دەستەکانت دەگوشم لەش ساغ بیت بووژانەوەی لەشساغیی بەندەیە هەتا نامەیەکی دی بەخوات ئەسپێرم گەورەم.. دلسۆزم.. ئەی کاك فەرهادی خۆشەویستم.

موخلیستان
ئازاد شەوقی

**تێبینی**: دوو نامەی دیکەی هونەرمەند ئازاد شەوقی لای ئێمە پارێزراوە.



سلێمانی، ١٩٥٨/٦/١٦، پێشانگای هونەری شێوەکاریی قوتابخانەکانی سلێمانی
کە لەلایەن وەزیری ناوخۆی عیراق سەعید قەزاز کرایەوە
لە راستەوە: ئازاد شەوقی، سەعید قەزاز، عومەرئاغای قایمقامی ناوەندی سلێمانی
لە ئەلبوومی د. مارف خەزنەدار وەرگیراوە

## نامەکانی شاعیری رۆژهەڵاتی کوردستان جەلالی مەلەك شا بۆ بەندە

وەکو لە پێشەکیی (کۆ بەرهەمەکانی جەلالی مەلەك شا) چاپی یەکەم (١٣٩٣ی هەتاوی-٢٠١٤ز) لە ناوەندی بڵاوکردنەوەی سنەپاسازی عیزەتی-کتێبی میدیا داهاتووە لە پێشەکییەکە دا هاتووە:

جەلالی مەلەك شا ساڵی ١٩٥١ لە گوندی مەلەك شای سەر بە شاری سنە لەدایکبووە و هەر لەم شارە پەروەردە بووە لە قوتابخانەکانی ئەم شارە هەتا رادەی دیبلۆمی ئەدەبی دەرسی خوێندووە و هەر لە مێرد منداڵی و سەرەتای لاوێتییەوە دەستی بە نووسینی شیعر و پەخشان کردووە، سەرەتا نووسراوەکانی بە زمانی فارسی بووە.

لە دوا ساڵەکانی دەیەی چلەکانەوە بەرهەمە شیعرییەکانی لە گۆڤار و پلافۆکە فارسییەکاندا بڵاوبۆتەوە، هەر لەو ساڵانەدا بەهۆی چالاکیی سیاسی دژی رژێمی پاشایەتی چەندین ساڵ زیندانی کراوە، ژیانی جەلالی مەلەك شا پڕ لە ئازار و رەنج و دەرد بووە و زۆربەی ژیانی بە ناشادی و تاڵی و ناخۆشی و ناموڕادی بەسەربردووە، زۆربەی شیعرەکانی بەرهەمی گۆشەی زیندانەکانە. لە بەستێنی ئەدەبیاتی فارسی دا (شیعر و چیرۆك) سەرکەوتنی باشی وەدەست هێناوە، هەرچەندە کتێبی بڵاو نەکردۆتەوە، بەڵام بووە بە ئەندامی (کانوونی نووسەرانی ئێران) لە گەرمەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا بەرەو ئەدەبیاتی کوردی وەرگەڕاوەتەوە و لە ماوەی چەند ساڵ چالاکیی ئەدەبی کوردی وەك شاعیر و نووسەرێکی لێهاتووی کورد ناو و ناووبانگی دەرکردووە، ئاسەوارە کوردییەکانی لە رۆژنامە و گۆڤار و پلافۆکە کوردییەکاندا بڵاوکردۆتەوە، ماوەی چەندین ساڵی دیکەی زیندان کێشاوە، ماوەی ١٤ ساڵ وەك نووسەر و رۆژنامەوان و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (سروە) و کارمەندی ناوەندی سەلاحەدینی ئەیوبی بووە، بەرپرسی بەشە ئەدەبییەکانی گۆڤاری سروەی (شیعر و چیرۆك و ...) وەئەستۆ بووە، لە هەولێریش ماوەیەك سەرنووسەری گۆڤاری (پرشنگ) بووە کە (٥) ژمارەی لێ دەرچوو.

برای بەڕێز و خۆشەویست، جەنابی کاک فەرهاد عەونی.

سڵاوی گەرم.

یەکەم ڕۆژی هاتنم بۆ کوردستانی عێراق، پەیام بە جەنابت هێنا. لە ڕاستی دا ئەو وکالەت و نیشانەی جەنابتم بە پەناو پشتیوانی خۆم دەزانی و دەزانم... دیسان پەیام هێناوەتەوە. ئەم ڕۆژانە هەست بە غەریبی و نائاسوودەیی و بێ کەسی دەکەم خەریکە پێوەندیم لەگەڵ ئەو حیزبە بپچڕێ... زۆر پەژیوانم کە ئەو کارەی برایەتیەم کە جەنابت تۆمەت دروست کردم بەجێ هێشت. بە هەر حاڵ پەژیوانی سوودی نیە.

کاک فەرهاد گیان! پردەکانی پشتی سەرم ڕووخاون.. جگە پارتی و شۆڕشە بەڕێز هیچ پەناو دالدەیەکم نیە... نیشانی لە باری ماڵی یەوە لە وەزعێکی خراپ دام. ئەڵبەتە تا ئێستا لەو حیزبە دەژیم.. تکایە ئەگەر بۆتان دەکرێ، وەک یارمەتی، یان قەرز، سەیلەغێکم یارمەتی بکەن.. تا بزانم چارەنووس بەرەو کوێم دەبات.. نە بەرەو خارج دەڕۆم، نە بۆ ئێران دەگەڕێمەوە، نە بەرەو لای جاشەکانی ئێران لە سلێمانی دەڕۆم.. پێم لەم عەرزی هەولێرە چەقاندووە.. دەمهەوێ بە قەڵەم و بە قەدەم لە خزمەتی کورد و حکوومەتی کوردستان و پارتی دا بم.. ئەوە هەڵوێستی منە.

برای حکوومەتتان

جەلال جەلیک

ج

٣٠ / ٨ / ٢٠٠٠

تکایە، مەسەلەی من و ئەو حیزبە، با جارێ هەر خۆتان بزانن.

**برای بەڕێز و خۆشەویست کاك فەرهاد عەونی**

**سڵاوی گەرم**

**یەکەم رۆژی هاتنم بۆ کوردستانی عیراق، پەنام بە جەنابت هێنا. لە راستیدا ئەوکات و ئێستاش جەنابتم بە پەنا و پشتیوانی خۆم دەزانی و دەزانم... دیسان پەنام هێناوەتەوە. ئەم رۆژانە هەست بە غەریبی و ئاوارەیی و بێکەسی دەکەم، خەریکە پەیوەندیم لەگەڵ ئەو حزبە بپچڕێ... زۆر پەژیوانم (پەشیمانم) کە ئەو کارەی برایەتی-م کە جەنابت بۆت درووستکردم بەجێهێشت. بەهەرحاڵ پەژیدانی سوودی نییە.**

**کاك فەرهاد گیان.. پردەکانی پشتی سەرم رووخاون.. جگە پارتی و ئێوەی بەڕێز هیچ پەنا و داڵدەیەکم نییە... ئێستاش لە بارەی ماڵی یەوە لە وەزعێکی خراپ دام. ئەڵبەتە تا ئێستا لەو حزبە دەژیم.. تکایە ئەگەر بۆتان دەکرێ، وەك یارمەتی، یان قەرز، مەبلەغێکم یارمەتی بکەن.. تا بزانم چارەنووس بەرەو کوێم دەبات.. نە بەرەو خاریج دەڕۆم، نە بۆ ئێران دەگەڕێمەوە، پێم لە عەرزی هەولێر چەقاندووە.. دەمهەوێ بە قەڵەم و بە قەدەم لە خزمەتی کورد و حکومەتی کوردستان و پارتی دا بم.. ئەوە هەڵوێستی منە.**

**برای چکۆڵەتان**
**جەلالی مەلەکشا**
**٢٠٠٠/٨/٢٠**

**تکایە مەسەلەی من و ئەو حزبە با جارێ هەر خۆتان بزانن.**

ماموستای بەڕێز و خۆشەویست کاکە فەرهاد عەونی

وێڕای سڵاوی گەرم و تایبەتی.

زۆر زۆر سپاسمەند و تامەزرۆی دیداری جەنابتانم.
ئەو ڕۆژ دەرفەتم هەڵنەکەوت بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، بەڵام
بە داخەوە جەنابتان تەشریفتان نەبوو.
مهر و محەبەتتان هەرگیز لە بیر ناچێتەوە.

وەک بیستوومە ٢٢ی نیسان ئاهەنگی سەد و دووەمین ساڵی ڕۆژنامەگەری
کوردی بەرپا دەکرێت. زۆرم پێخۆشە بەشداری ئەو ئاهەنگە پیرۆزە بم
بە تایبەت وەک دەڵێن، کاک ئەحمەدی قازی و هەڤاڵانی گۆڤاری
سروەش دێن... لە بیرم مەکەن.

ناونیشانی من: لای دەزگای گولان، ماڵانی ئەمین عامە گوتەکان.
سەقزی یەکێتی شۆڕشگێڕانی ئەڵی کوردستان.

یان: گۆڤاری ڕامان، بە کۆتەوەستی بە دەرەوەی ساڵی

سەرفەرازی

جەلال ملکشاه

٢٠٠٠/٤/١٢

**مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست کاک فەرهاد عەونی**

**وێڕای سلاوی گەرم و تایبەتی**
**زۆر زۆر تاسەمەند و تامەزرۆی جەنابتانم.**
**ئەوڕۆ دەرفەتم هێنا و هاتم بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەلام بەداخەوە جەنابتان تەشریفتان نەبوو.**
**میهر و محەبەتەکانتان هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.**
**وەك بیستوومە ٢٢ی نیسان ئاهەنگی سەد و یەکەمین سالی رۆژنامەگەریی کوردی بەرپا دەکرێ، زۆرم پێ خۆشە بەشداریی ئەو ئاهەنگە پیرۆزە بم، بەتایبەت وەکو دەلێن کاك ئەحمەدی قازی و هەڤالانی گۆڤاری سروەش دێن... لەبیرم مەکەن.**
**ناوونیشان من: لای دەزگای گولان، مالی ئەمین عامە کۆنەکان.**
**سەقەری یەکێتی شۆڕشگێرانی گەلی کوردستان.**
**یان: گۆڤاری رامان. بگاتەوە دەستی بەدرەدین سالح.**

**سەرفراز بی**

**جەلالی مەلەکشا**
**٢٠٠٠/٤/١٢**

برای دڵاوا و دڵۆڤانم، بەڕێز و خۆشەویست کاکە فەرهاد عەونی

سڵاوی گەرم

تاماوم، تا دوا هەناسەی ژیانم، خۆم بە قەرزداری ئەو هەموو مەحەبەتەی ئێوە دەزانم کە سەبارەت بەمن ئەنجامتان دا.

ئێستا هەر لە لای هاو ڕێبازانی خۆم، لە یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان.. وەک بەرپرسێکی حیزبی... داوای لێبوردنتان لێدەکەم کە نەمتوانی وەک کارمەندێک لە لاتان بمێنمەوە. لە هەر کوێ بم مێهری ئێوەم لە دڵدایە. پێوەندیم لەگەڵ (ئەدەب و هونەر) نابچڕم هەموو هەفتەیەک یا بە تیاتان بۆ دەنێرم.

کاکە فەرهاد. ئێزنم بدەن با [illegible] بگەڕێمەوە ناو جەرگەی شۆڕش و ژیانی کارمەندی وەک زۆربەی شاعیران و نووسەران، دەستی شۆڕشگێڕانەم دانەگرێنێ وە بەرەو لای (هونەر بۆ هونەرم) نەبات.

بێگومان هەمیشە و هەردەم ویستم کاری زۆر نامەگەری بکەمەوە هەر بۆ لای جەنابت دەگەڕێمەوە. حاڵم زۆر باشە، ئێستر هەست بە غەریبی و تەنیایی ناکەم خواردنەوەم ناوەتە لاوە، بە دەگمەن... لە باری جیسمی و ڕۆحییەوە زۆر زۆر باشم...

ئیتر باقی بەقاتان.

جەلال مەلەکشا

٢,٩, ٢٠٠٠

**برای دڵاوا و دلۆڤانم. بەڕێز و خۆشەویست کاکە فەرهاد عەونی**

**سڵاوی گەرم**

**تاساوم، تا دوا هەناسەی ژیانم، خۆم بە قەرزاری ئەو هەموو مەحەبەتەی ئێوە دەزانم کە سەبارەت بە من ئەنجامتان دا.**

**ئێستا هەر لە لای هاوڕێیانی خۆمم، لە یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان.. وەك بەرپرسێکی حزب... داوای لێبوردنتان لێ دەکەم کە نەمتوانی وەك کارمەندێك لەلاتان بمێنمەوە.. لە هەرکوێ بم میهری ئێوە لە دڵدایە. پەیوەندیم لەگەڵ (ئەدەب و هونەر) ناپچڕم، هەموو هەفتەیەك بابەتیان بۆ دەنێرم.**

**کاك فەرهاد. ئیزنم بدەن با بگەڕێمەوە ناو جەرگەی شۆڕش و ژیانی کارمەندی وەك زۆربەی شاعیران و نووسەران. هەستی شۆڕشگێڕانەم دانەمرکێنی و بەرەو لای (هونەر بۆ هونەرم) نەبات.**

**بێگومان هەمیشە و هەردەم ویستم کاری رۆژنامەگەری بکەمەوە هەر بۆ لای جەنابت دەگەڕێمەوە. حاڵم زۆر باشە، هیتر هەست بە غەریبی و تەنیایی ناکەم، خواردنەوەم ناوەتە لاوە، بە دەگمەن... لە باری جسمی و رۆحیشەوە زۆر زۆر باشم**

**ئیتر باقی بەقاتان**

**جەلال مەلەکشا**

**٢٠٠٠/٣/٩**

مامۆستای بەڕێز، کاک فەرهاد عەونی:

وێڕای سڵاوی بەتین.

سپاسی حکومەتی هەرێم دەکەم. سپاسی ڕۆحی سەرۆکی بارزانی نەمر دەکەم سپاسی جەنابت دەکەم، کە بەو پەڕی میهر و دلۆڤانی و دڵاوایی یەوە دەستی غەریبی و تەنیایی منتان گرت...

کاک فەرهاد! لەسەر، ئەمری جەنابتان، ئەوا چەند شەوە لە غورفەی پێشمەرگەکاندا دەخەوم و زۆریشی پێ خۆشحاڵم... بەڵام تا ئێستا لە ڕۆژنامەیاک ئەدەب وهونەردا دەستم بەکار نەکردووە. و دۆستان دەڵێن لە ئەوەڵی ساڵەوە دەستی پێ بکەم.. ئەم چەند ڕۆژەش هەر لە هات و چۆی ئەم لاو لادا بووم و وردە کارەکانم ڕاپەڕاندووە..

کۆمەڵە شیعرەکانی خۆم، ئەوەیە کە لەبەر دەستاندایە.. من شاعیری ئاڤانگارد نیم، من هاواری لەگەروودا خنکاوی خەڵکی دیل و ئازاری بەرەبەت کراوی کوردم.. من بە شیعرێ کە نەتوانی لەگەڵ خەڵکدا پێوەندی بەرقەرار بکات بڕوام نیە و.. ئەوە بەشێک لە شیعرەکانمە... ئەگەر وەختتان سەرحاڵی دا بیانخوێنن و پێم خۆشە ڕای جەنابت سەبارەت بە شیعرەکانم بزانم.

بە سپاس و ڕێزەوە

جەلال مەلەکشا

**ماموٚستای بەڕێز کاک فەرهاد عەونی**

**وێڕای سڵاوی بەتین**

**سپاسی حکومەتی هەرێم دەکەم. سپاسی ڕۆحە مەزنەکەی بارزانی نەمر دەکەم.. سپاسی جەنابت دەکەم، کە بەوپەڕی میهر و دلوڤانی و دڵاواییەوە دەستی غەریبی و تەنیایی منتان گرت...**

**کاکە فەرهاد: لەسەر ئەمری جەنابتان، ئەوا چەند شەوە لە غورفەی پێشمەرگەکاندا دەژیم و زۆریش پێخۆشحاڵم.. بەڵام تا ئێستا لە ڕۆژنامە یان ئەدەب و هونەر دا دەستم بە کار نەکردووە و دۆستان دەڵێن لە ئەوەڵی ساڵەوە دەستی پێ بکەم.. ئەم چەند ڕۆژەش هەر لە هاتوچۆی ئەملا و ئەولا دا بووم و وردە کارەکانم ڕاپەڕاندووە.**

**کۆمەڵە شیعرەکانی خۆم، ئەوەیە کە لەبەر دەستتاندایە.. من شاعیری ئاوالگارد نیم، من هاواری لە گەروو خنکاوی خەڵکی دیل و ئازادی بەربەستکراوی کوردم.. من بە شیعری کە نەتوانێ لەگەڵ خەڵکدا پێوەندی بەرقەرار بکات بڕوام نییە و ئەوە بەشێك لە شیعرەکانە.. ئەگەر وەختتان مەجالی دا بیانخوێنن و پێم خۆشە ڕای جەنابت سەبارەت بە شیعرەکانم بزانم.**

**بە سپاس و ڕێزەوە**
**جەلال مەلەکشا**

٥

کاک فەرهاد عەونی بەڕێز و خۆشەویست

وێڕای سڵاوی تایبەتی:

لە باری لەشەوە نەخۆشم. برادەرانی کوردی لای خۆمان
بۆ ماوەی چەند ڕۆژێ ئاگایان لێم دەبێ تا چاک دەبمەوە.
هێندە شەرمەزاری مێهر و مەحەبەتی جەنابتم نازانم چۆن
تەشەکور و سپاستان بکەم. ئێستام بەدەل چەند ڕۆژی لە لای
برادەران بمێنمەوە. بۆ ئاگادارییان لە لای برادەرانی یەکیەتی
شۆڕشگێڕان دەبم. کاک فرانسۆ قەولی پێدام هەرکە کاک
نێچیرەوان هاتەوە وەعدی دیدارێکم بۆ بگرێ. یادداوەری
بکەوە. لەو ماوەیەدا لە باری ڕۆحییەوە نەختێ ناڕەحەت
بووم. هەر زۆر زوو خۆم دەگرمەوە. ئەم برادەرانە زۆریان
ئاگا لێمە.

ئیتر سپاس و ڕێز

جلال ملکشاه

نازانم کۆمەڵە شیعرەکەتان خوێندۆتەوە.
نیازم بە هەڵسەنگاندنی ئەو شیعرانەیە. پێی دەڵێم لە سکرتێرەکەتانی وەربگرێ.

**کاک فەرهاد عەونی بەڕێز و خۆشەویست**

**وێڕای سلاوی تایبەتی**

**لەباری لەشەوە نەخۆشم. برادەرانی کوردی لای خۆمان بۆ ماوەی چەند رۆژێ ئاگایان لێم دەبێ، تا چاك دەبمەوە.**

**هێندە شەرمەزاری میهر و محەببەتی جەنابتم نازانم چۆن تەشەکور و سپاستان بکەم. ئیزنم بدەن چەند رۆژێ لای برادەران بمێنمەوە. بۆ ئاگاداریتان لە لای برادەرانی یەکێتی شۆڕشگێڕان دەبم، کاك فرانسۆ قەولی پێدام هەر کە کاك نێچیروان هاتەوە وەعدی دیدارێکم بۆ بگرێ. یاداوەری بکەوە. لەو ماوەیەدا لە باری رۆحیشەوە نەختێ ناڕەحەت بووم. هەر زۆر زوو خۆم دەگرمەوە، ئەم برادەرانە زۆریان ئاگا لێمە.**

**ئیتر سپاس و رێز**

**جلال ملکشا**

**نازانم کۆمەڵە شیعرەکەتان خوێندۆتەوە**

**نیازم بە هەندێ لەو شیعرانەیە. یەکێ دەنێرم لە سکرتێرەکەتان وەربگرێ.**

**دەربارەی نامەکانی شاعیر جەلالی مەلەك شا بۆ بەندە**

پاش بەکۆتاهاتنی یادی زانا و ئەدیبی ناسراو خوالێخۆشبوو (سەیدا تاهیری هاشمی) کە لە رۆژانی ٢، ٣، ١٩٩٩/١٢/٤ لە کرماشان لە هۆڵی شەهید (حسێن ئاوینەیی) ئەنجام درا کە تێیدا شاندێکی رۆشنبیرانی کوردستان کە لە (١٥) رۆژنامەنووس، نووسەر، هونەرمەند پێکهاتبوو، شەوی ١٢/٥ لە سنە ماینەوە کە تێیدا چ لە کرماشان و چ لە سنە نزیکەی ٢٠٠٠ کتێبی کوردیمان بە دیاری پێشکەش بە خەڵکەکە کرد سەرەڕای نمایشکردنی چەند تابلۆی رەنگاوڕەنگی هونەرمەندانی کورد کە لەگەڵ خۆمان بردبوومان، پاش نیوەڕۆ گەیشتینە بۆکان، لە (رێستورانتی شاد) داوەتی برادەرانم کرد، و چێشتخانەکەم زۆر بەدڵ بوو دەتگوت رێستورانتێکی ئەوروپاییە، خاوەنەکەی کە ناوی (عومەری سوڵتانی) بوو هاوسەرەکەشی ئینگلیز بوو پێشوازییەکی گەرمی لێکردین کە زانی شاندی کوردستانی ئازادین. لەو چێشتخانەیە خوالێخۆشبوو مامۆستا (ئەحمەدی قازی) بە دوو کەسی ناساندم یەکەمیان (قالەمەڕە)ی شمشاڵژەن بوو کە تاوێك شمشاڵی بۆ ژەنین، دووەمیان شاعیری ناسراو کاکە جەلال مەلەکشا بوو، کاك جەلالی مەلەکشام بە نەخۆش هاتە بەرچاو، بۆ چەند خولەکێك لەناو رێستورانتەکە پێکەوە دانیشتین و هەندێ قسەمان کرد، زانیم ئەم مرۆڤە بێکەس و بێ دەرتانە... و رووم لێنا ئەگەر ئارەزوو بکات و بێتە کوردستان لە رۆژنامەی (برایەتی) شوێنی شیاوی بۆ دەکەمەوە، ئەویش بە خۆشحاڵییەوە قسەکانی منی بە هەند وەرگرت و پاش ماوەیەك هاتە هەولێر کە پاشکۆیەکی هەفتانەی ئەدەب و هونەری هەیە یەکسەر سەردانی کردم لە بارەگای رۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات سەرەڕای یارمەتیدانی یەکسەر داممەزراند لە پاشکۆی (ئەدەب و هونەر)ی برایەتی و شوێنی حەوانەوەشم بۆ دابین کرد، بەڵام پاش ماوەیەك چوو بۆ لایەکی دیکە، لەوێش زۆر نەمایەوە و جارێکی دیکە بەرەو ئێران گەڕایەوە، لە ماوەی مانەوەی لە کوردستان چ لای ئێمە و چ لە شوێنی دیکە، ناوە ناوە چ لە برایەتی و چ لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سەردانی دەکردم، بەندەش قەت (بێ دڵی)م نەدەکرد، لەو ماوەیەدا پێنج نامەی بۆ ناردم کە بێگومان نامەی شاعیرێکە قەدەر مافی خۆی نەداوەتێ و هەمیشە لە بەرەی کوردایەتی دا بووە،

شیعره هەست ناسکەکانی ناخی مرۆڤ دەهەژێنێ کاتێك لە سێبەری شاعیرانەیدا (ئاوات)یێك لە هزر و مێشكی هاتوچۆ دەكا و سنووری دەستكرد دەشكێنێ و دەڵێ:

***ئاخۆ دەبێ***

***ئەو ڕۆژە بێ***

***کاوەی کوڕم***

***جانتای سەفەرکاتە شانی؟***


***دەڵاڵانی بەر کاریژی شاری سنە***

***هاوار بکەن***

***سلێمانی.. سلێمانی***



ڕۆژهەڵاتی كوردستان–بۆكان–ڕێستورانتی شادی، ١٩٩٩/١٢/٦
وێنەیەكی یادگاری لەگەڵ جەلالی مەلەك شا




دواین چاپی دیوانی شاعیر جەلالی مەلەکشا کە بە دیاری بۆ نووسەری ناردووە

## نامەی رۆژنامەنووس حەیدەر عەبدولڕەحمان

- نووسەری نامەکە رۆژنامەنووس (حەیدەر عەبدوڵڕەحمان)ـە کە لە ساڵانی ١٩٩٣ بەدواوە کە بەندە سەرنووسەری رۆژنامەی (برایەتی) رۆژانە بووم، رۆژنامەنووس حەیدەر عەبدولڕەحمان کارمەندێکی بەتوانای کاری رۆژنامەنووسی بوو، لە سەرەتا لە لاپەڕەی دوایی (لاپەڕە ٨) پاشان لاپەڕە ١٢ کە بووە لێپرسراوی لاپەڕەکە، وردەکار بوو لە هەڵبژاردنی بابەتە هەمەڕەنگەکانی دوا لاپەڕە، پاش دەرچوونیشم لە ٢٠٠٠/٢/٢٠ ئەو لە شوێنی خۆی مایەوە، ئێستاکە سەرنووسەری گۆڤاری (زانکۆ پرێس)ـە کە سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدین دەریدەکات.

لە ٢٠٠٠/١١/٨ ئەم نامەیەی بۆ ناردم.

برای گەورەم مامۆستا فەرهاد عەونی

سڵاو و رێزم هەیە ...

دوێنێ شەو لە ماڵی مامم /محەمەد سۆران- بووم، جەڵتە لێی داوە، زمانی شکاوە
بە حاڵ زمانی دەسوڕێنێ قسە بکات.. بەو حاڵە پیرەزەی خۆیەوە، لەبەرە
مەرگدا هەواڵی تۆی لێ پرسیم؟
پێم سەیر بوو چۆن لەو هەموو دۆست و برادەرو خزم و کەس و کارە لە تۆی پرسی،
پێم گوت: مامە بۆ تەنها لە کاکە فەرهادت پرسی؟
گوتی: بیستم کە وەزیفەیەکی بۆ تەرخان کراوە، زۆر دڵم پێی خۆش بوو،
پیاوی وا باش، مرۆستەهەقی رێزلێنان و پشتیوانی گەورەیە، من منەتباری
ئەو پیاوەم کە لەو سەردەمانەی لە رۆژنامەی برایەتی بوو سەدوپەنجا دینار
مانگانەی بۆ بڕیبوومەوە گوزەرانم پێی دەکرد،
پێم گوت وەک بڵێیت ئەو قسانەی تۆی پێ رادەگەیەنم ...

هەر لەو بەینەدا نامەیەکی (عوسمان شارباژێڕی)م پێ گەیشتووە تێیدا
دەڵێت: (تەنیا جارێکی مامۆستا (فەرهاد عەونی)م دیوە، دەری خست
کە رۆڵەی عوسمان عەونی شاعیرو کورد پەروەرە، مرۆڤێکی رەوشت
بەرزو راستگۆیەو رێز لە میوانانی خۆی دەنێ، تۆ چۆن مەدحت
کرد وا بوو.. )

مامۆستا فەرهاد، من بۆیە ئەو دوو وێنەیەم بۆ ناردیت، بۆ ئەوەی
دڵت بەوە خۆش بێت کە ئەو خۆشەویستییە گەورەیەی تۆ لە لای
خەڵک دروستت کردووە. زۆر گەورەن، ڕاستییە دروستکردنی ئەو خۆشەویستییە
بە قسە ناکرێت و لە دەستی هەموو کەس نایەت..
خوا سەرکەوتووت بکات...

برای بچووکت / حەمید عەبدولڕەحمان
١٨/١١/٢٠٠٠

**برای گەورەم مامۆستا فەرهاد عەونی**

**سڵاو و ڕێزم هەیە..**

**دوێنێ شەو لە ماڵی مامم/ مەغدید سۆران[1] بووم، جەڵتەی دڵ لێی داوە، زمانی شکاوە بەحاڵ زمانی دەسوڕێت قسە بکات.. بەو حاڵە شپرزەی خۆیەوە لە سەرە مەرگدا هەواڵی تۆی لێ پرسیم!**

**پێم سەیر بوو جگە لەو هەموو دۆست و برادەر و خزم و کەسوکارە لە تۆی پرسی، پێم گوت: مامە بۆ تەنها لە کاک فەرهادت پرسی؟**

**گوتی: بیستم کە وەزیفەیەکی بۆ تەرخان کراوە، زۆر دڵم پێی خۆش بوو، پیاوی وا باش موستەهەقی ڕێزلێنان و شوێنی گەورەیە، من منەتباری ئەو پیاوەم کە لەو سەردەمانەی لە ڕۆژنامەی برایەتی بوو سەد و پەنجا دینار مانگانەی بۆ بڕیبوومەوە گوزەرانم پێی دەکرد.**

**پێم گوت وەعد بێت ئەو قسانەی تۆی پێ ڕابگەیەنم...**

**هەر لەو بەینەدا نامەیەکی (عوسمان شارباژێڕی[2])ی پێ گەیشتووە تێیدا دەڵێت: (تەنیا جارێك مامۆستا فەرهاد عەونیم دیوە، دەریخست بەرز و ڕاستگۆیە و ڕێز لە میوانانی خۆی دەنێ، تۆ چۆن مەدحت کرد وابوو).**

**مامۆستا فەرهاد من بۆیەو ئەو دوو وێنەیەم بۆ ناردیت، بۆئەوەی دڵت بەوە خۆش بێت کە ئەو خۆشەویستییە گەورەیەی تۆ لەلای خەڵك درووستتکردووە. زۆر گەورەن، ڕەنگە درووستکردنی ئەو خۆشەویستییە بە قسە ناکرێت و لە دەستی کەم کەس دێت.**

**خوا سەرکەوتووت بکات..**

**برای بچوکت/ حەیدەر عەبدولڕەحمان**

**٢٠٠٠/١١/٨**

**دەربارەی نامەکە:**

١. مەغدید مامە فەیزی (مەغدید سۆران) ساڵی ١٩٢٢ لەدایکبووە. لە حوجرە قورئانی خەتم کردووە، بەیانیان لای مەلا عەزیزی شوربەشی خوێندوویەتی، ئێوارانیش لای مەلا محەمەدی سەرسیا بووە هێناویەتی سەر رێی کوردایەتی، ئەوجا لە کەرکووك لە رێی ئەحمەد ئەمین و سدیق بلۆکینی و مەلا خورشیدی سیامەندسوری چۆتە ناو حزبی هیوا، پاشان لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٦ بووە بە نائب زابتی برینپێچ، پاش نەمانی هیوا بۆتە ئەندامی حزبی رزگاری بە راسپاردەی رزگاری چۆتە مهاباد بۆ یارمەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پاش گەڕانەوە و حەپسکردنی بۆ ماوەیەك بە کاتب لە شارەوانیی هەولێر دامەزراوە، سکرتێری گۆڤاری (هەولێر)ی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ بووە و ماوەیەکیش سکرتێری گۆڤاری (نووسەری نوێ)ی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد بوو. رۆژی ٢٠١٠/٩/٢١ کۆچی دوایی کردووە.
نووسینەکانی لە رۆژنامەی کوردستان-مهاباد، و گۆڤارەکانی: گەلاوێژ، هەتاو، هەولێر، نووسەری نوێ بڵاوبۆتەوە.
سەرچاوەی ئەم زانیارییانە-گەلاوێژ-بەرگی یازدەم-ژیاننامە و پێرست، لە ئامادەکردنی سدیق ساڵح، رەفیق ساڵح، عەبدوللا زەنگەنە.

٢. عوسمان شاربازێڕی.. ناوی عوسمان حاجی عەلی مەعروف، ساڵی ١٩٤٠ لە سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواتریش خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواوکردووە، وانەی سروود و مۆسیقای لە چەندین قوتابخانە لە کوردستان وتۆتەوە.
دەستپێکی نووسینی لە ساڵی ١٩٥٦ لە گۆڤاری هەتاو بووە و لە ساڵی ١٩٦٠یش بەدواوە لەگەڵ رۆژنامەی ژین هاوکار بووە و یەکەم گۆرانیی لە ساڵی ١٩٦٠ لە ئێزگەی کوردی بەغدا تۆمارکردووە و کۆی گۆرانییەکانی دەگاتە ٤٠ گۆرانی..

سەرەڕای بڵاوکردنەوەی چەندین دیوانە شیعر بەناوی جیاجیا، بۆ نموونە (دیاری و یادگار-١٩٦٥، کاروان-١٩٦٩) سەرەڕای توێژینەوەی دەربارەی مۆسیقای کوردی، ساڵی ١٩٧٠ نامیلکەیەکی بە ناوونیشانی (بەستە و مەقام) بڵاوکردۆتەوە سەرەڕای چەندین بەرهەمی دیکە، بەڵام لە هەموو ئەوانە گرنگتر توێژینەوەی وردی لەسەر ڕۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحمودی حەفیدە.

سەرچاوەی زانیارییەکان دەربارەی کاک عوسمان شارباژێڕی لە هاوکارم عەبدوڵڵا زەنگەنە وەرگیراوە.

**نامەی خوالێخۆشبوو مامۆستا حەمەی مەلا کەریم**

- خاوەنی نامەکە مامۆستای بەهرەمەندی کورد خوالێخۆشبوو حەمەی مەلا کەریمە (١٩٣١/٣/١٤-٢٠١٤/٣/١٢) کە سەراپای ژیانی بۆ خزمەتی وشە و ئەدەب و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە دیوانی شاعیرانی گەورەی کلاسیکی کورد تەرخانکردبوو سەرەڕای کارە ڕۆژنامەنووسییەکانی چ بە نهێنی و چ بە ئاشکرا شەونخوونی تێدا کردوو و هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە چۆتە ریزەکانی حزبی شیوعی عیراق کە بێگومان تووشی دەردەسەریەکی زۆر بووە.

- بەندە لە ساڵانی ١٩٦٧ەوە لە بارەگای ڕۆژنامەی (التاخی) لە بەغدا لە گەڕەکی (العواضیة) یەکترمان ناسیوە و ساڵانی دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندییەکان پشوتر و بەردەوام بوون، بەتایبەتی کە ئەوکاتە ئەو و بەندە لە ڕۆژنامەی التاخی کارمان دەکرد (١٩٧٢-١٩٧٤) پاش ئەوەش هەتا گەڕانەوەی بۆ کوردستان و نەخۆشکەوتنی پەیوەندییەکان وەکو خۆی مابوونەوە، کاتێ کە نەخۆشیش کەوت چەند جارێك لەگەڵ بەڕێزان د. کەمال مەزهەر، عەبدوللا زەنگەنە لە سلێمانی سەردانم دەکرد، شایانی وتنە دۆستێکی نزیکی (عەونی)ی باوکم بوو کە لە ساڵانی دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ـەوە یەکتریان ناسیوە و دۆستایەتییان پەیداکردووە و چەند وێنەیەکی یادگاریشیان پێکەوە هەیە لەگەڵ گۆرانی شاعیر و ئەحمەد دڵزاری شاعیر لە ڕۆژانی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە (١٨-١٩٦٠/٧/٢٠) کیراوە.

- پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی ڕۆژی ٢٠١٤/٣/١٢ کۆچی دوایی کرد.

برای ئازیز و خۆشەویست کاک فەرهاد

ڕۆژتان باش

پاش سڵاو و هەواڵ پرسین و دەست گوشین و ئارەزووی دیدار
لە برای دڵسۆزتان بپرسن ئەوەندەی لە چوارچێوەی ئەفۆرشیی پشتەوە
ئاچیو قولەدا بگونجێ باشم و ئەژیم. هیوام وایە تۆش لە هەموو ناڕەحەتی یەک
بە دوور بێ.

سڵاوی گەرمم بۆ کاک مومتاز. ئایا ئەم ژمارەی نوێی گۆڤارەکەتان
دەرچووە؟ ئەی - خوا یار بێ - لە ماوەی مانگێ داهاتوودا وتارەکەتان بۆ
پاکنووس ئەکەم و ئەینێرم. ئەوەندەی دواکەوتنم قبووڵ بکەن.

کاکە برای! من مەبەستم لە نووسینی ئەم نامەیە ئەوەیە خێزانی مامۆستای
سەرچاوی کە ژنێک و کچێکی قوتابیی زانکۆ و کوڕێکی بچکۆلەی ولێیە
وەحشەتی کوڕەکەی کە چەند مانگێ لەمەوپێش کۆچی دوایی کرد تەنێ لە هەموو کات
ژیان تەفاوتی یەکی سێ هەزار دیناریان هەیە، بە حیساب ئێرە. ئەگەر بتوانێ
لە ڕێی خۆتەوە هەوڵێ بدەی، وەک زۆر کەس هەیەتی، شتێکیش
مانگانە بۆ ئەوان تەرخان بکرێت، کارێک دەکەی بە پێست و لەجێی خۆیەتی.
پێشتر لەم ڕووەوە چاوەڕوانی هیممەتی برایانەتانم.

هەر بژین. براتان: حەمە

١/١٢/٢٠٠٦

**برای ئازیز و خۆشەویست کاک فەرهاد**

**رۆژتان باش..**

**پاش سڵاو و هەواڵ پرسین و دەست گوشین و ئارەزووی دیدار لە برای دڵسۆزتان بپرسی ئەوەندەی لە چوارچێوەی نەخۆشیی پشت و قاچ و قۆڵدا بگونجێ باشم و ئەژیم، هیوام وایە تۆ لە هەموو ناڕەحەتییەك بەدوور بی.**

**سڵاوی گەرمم بۆ كاك مومتاز.. نازانم ژمارەی نوێی گۆڤارەكەتان دەرچووە، من خوا یار بێ لە ماوەی مانگی دوانزەدا وتارەكەتان بۆ پاكنووس ئەكەم و ئەینێرم. عوزری دواكەوتنم قبوڵ بكەن.**

**كاكە برای! من مەبەستم لە نووسینی ئەم نامەیە ئەوەیە خێزانی مامۆستای سەجادی كە ژنێك و كچێكی قوتابیی زانكۆ و كوڕێكی بچكۆلەی دلێری رەحمەتی كوڕیەتی كە چەند مانگ لەمەوپێش كۆچی دوایی كرد تەنها لە هۆیەكانی ژیان تەنها تەقاویتییەكی سێ هەزار دیناریيان هەیە، بە حیسابی ئێرە. ئەگەر بتوانی لە رێی خۆتەوە هەوڵێ بدەی، وەك زۆر كەس هەیەتی، شتێكیش مانگانە بۆ ئەوان تەرخان بكرێ، كارێكی پڕ بە پێست و لەجێی خۆیەتی. ئیتر لەم رووەوە چاوەڕوانی هیممەتی برایانەتانم.**

**هەر بژین**

**براتان: حەمە**
**٢٠٠٠/١٢/١**

**تێبینی لەسەر نامەکە:**

**وەکو لە ناوەڕۆکی نامەکە دەردەکەوێ کاکە حەمەی مەلا کەریم نەك هەر دڵسۆزی وشە و فەرهەنگ و زوبان و ئەدەبی کوردی بووبێت، بەڵکو خەمخۆری دڵسۆزانی ڕێبازی بواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری و ئەدەبی و نیشتمانی کورد و کوردستان بووە، هەر بۆیە ئەم نامەیەی لەو ڕوانگەوە نووسیوە بە مەبەستی خزمەتکردنی خانەوادەی پیاوێکی زێدە مەزنی ڕێبازی خۆشەویستیی کورد و کوردستان کە ئەویش مامۆستای گەورە بەهەشتی (عەلائەدین سجادی ١٩٠٧-١٣/١٢/١٩٨٤) کە ئەمەش پیاوەتی و جوامێرییەتیی کاکە حەمە نیشان دەدات کە هەمیشە بەدوای ڕاستی و چاکەدا گەڕاوە، لە کۆتاییشدا بەندە ئەوەی لەسەر بووە کە نامەکە بنێریَ بۆ جێگای مەبەست لەگەڵ ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لەلایەن بەندەوە چونکە خزمەتکردنیان بە واجب دەزانیَ.**



**سلێمانی-ئوتێلی سلێمانی پالاس، ٢٢/٤/٢٠٠٤ لە یادی ١٠٦ ساڵی ڕۆژنامەگەریی کوردی**
**مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم، مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم، نووسەر، حوسێن فەیزوڵا جاف**

**نامەی بەڕێز د. عبداللە ئاگرین لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی لە پارتی دیموکراتی کوردستان**

**کە ئەوکاتە بەڕێزیان لێپرسراوی ئەم مەکتەبە بوو.**

**نامەکە بریتییە لە (سوپاس و پێزانین)ی مەکتەبی ناوبراو بەرامبەر وتنەوەی وانەی (ڕاگەیاندن) لە لایەن بەندەوە بۆ خولی دوانزەهەمی پەیمانگای کادیران لە هەولێر.**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**مەکتەبی سیاسی**

**مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی**

**پەیمانگای کادیران**

**ژمارە: ٢٣٠**

**بەروار: ٢٠٠١/١١/٢٩**

هەڤاڵی تێکۆشەر و بەڕێز: **فەرهاد عەونی**

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

بابەت/ سوپاس و پێزانین

هاوبەشیتان لە وتنەوەی وانەی: (( **ڕاگەیـــــــاندن** )) بۆ خولی دوازدەهەمی پەیمانگای کادیران نیشانەی هەست بە بەرپرسیاری کردن و بە جێهێنانی چالاکی و ئەرکی پارتایەتیتان ئەسەلمێنێت ... ئەو بە دەنگەوە هاتنەوەیەتان جێی ڕێز و پێزانینمانە.

بەو بۆنەیەوە ستایشی خۆمانتان پێشکەش ئەکەین و داواکارین لەم هەڵوێستە پیرۆز و جوامێرانەتاندا بەردەوام بن و بە پێی دەرفەت و گونجاندن لە خولەکانی ئایندەشدا هاوبەشیمان بکەن.

پێشەکی سوپاسی هاوکاریتان ئەکەین و هەر شاد و سەرکەوتوو بن

ئیتر بۆ پێشەوە

وێنەیەک بۆ/

ـ مەکتەبی سیاسی بەڕێز بۆ ئاگاداری جەنابتان.

ـ دۆسیەی تایبەت.

P.D.K

دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین

مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی

**نامەی بەڕێز عومەر عەبدوڵڵا ( مولازم عومەر )**

- عومەر عەبدوڵڵا ساڵی ١٩٤٧ لە سلێمانی لە گەڕەکی ئابلاغ مام لەدایکبووە.
- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سلێمانی تەواوکردووە و خوێندنی دواناوەندیی لە قوتابخانەی (وەتەن) ساڵی ١٩٦٨ تەواوکردووە.
- ساڵی ١٩٦٩ چۆتە کۆلێژی سەربازی لە بەغدا و ساڵی ١٩٧١ بە پلەی مولازمی دووەم دەرچووە.
- ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووە.
- ساڵی ١٩٧٥ پاش رێککەوتننامەی جەزائیر ئەویش وەکو هەزاران کەس گەڕاوەتەوە وەزیفەکەیان بۆ فەرمانگەی میری گواستۆتەوە و نێردراوەتەوە شاری (عمارە) لەوێ بە محاسبی رێگاوبان جێگیر کراوە.
- ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ دەستپێرکردنەوەی شۆڕش لە کوردستان یەکسەر جارێکی دیکە پەیوەندیی بە ریزی شۆڕشی نوێ و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە.
- مولازم عومەر لە ساڵانی نێوان (١٩٧٦-١٩٩١) چەندین لێپرسراوێتیی سەربازیی وەرگرتووە و بۆتە لێپرسراوی مەکتەبی سەربازی لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان. پلەی حزبایەتیشی گەیشتۆتە ئاستی ئەندامێتیی مەکتەبی سیاسی.
- ئێستاکە لە سلێمانی وەکو کەسایەتییەکی نیشتمانی و کوردپەروەر ژیان بە هێمنی بەسەردەبات.

برای بەڕێز و خۆشەویستم کاک ئەحمەد

سڵاو و ڕێزی گەرم .

ڕێز و خۆشەویستی و هەواڵ پرسینی زۆرم . بەیەکەوە
لە هەموو دڵێک ئەپرسم ، سڵاوی هەواڵ پرسینی
تۆ گەیشتە برادەران و خۆشت دەکەیلێم .
لە بیرەوەری ئەشتیاقی دیدارت بووم ، گەڕام هەر دوو
هەواڵی ناساغیشم بیستیوە و زۆرم لا ناخۆش
بوو ، دوو حاڵی تەندروستی و ... ئەزانیت
تۆ لە غوربەت لە ئەمریکە و دڵمان لادەکە . جێگای
ئەمەیە شتێ هەر چەند هەستیتا خۆمان بە گەرمی
حساب دەکەین ، بەڵام ئەمە شتێکە هەر یەکە
کەسە و یەکە قەدەرە بەو دەبێ ئاگامان
لە خۆمان بێت . هەستیتا ژیانمان بە بەرەو
مانە . چارێکی بەشێ لە دڵەوە ئەخوازم
لە خۆشی ساغی و تەندروستی و تەمەن درێژیت
بۆ ئەخوازم . برادەرانیش دەوروبەرم گشتی
لە هەموو دڵەوە ئەیپرسن :
لە بارەوە ڕێز و تەقدیرم

برای دڵسۆزت
عوسمان لە بەرواری

٥ / ٣ / ٢٠٠٢

**برای بەڕێز و خۆشەویست کاك فەرهاد**

**سڵاوێکی گەرم..**

**رێز و خۆشەویستی و و هەواڵ پرسینی زۆر.. بە گەرمی لە هەواڵت ئەپرسم، سڵاو و هەواڵ پرسینم بۆ گشت برادەران و خۆت وەکیل بە.**

**لە سەفەری ئێران و ئیمارات بووم، گەڕامەوە هەواڵی ناساغیتم بیست و زۆرم لا ناخۆش بوو، دوعای تەندروستی و سەرفرازیت بۆ دەخوازم، هەمیشە دڵمان لاتە، جیلی ئێمەیش هەرچەندە هێشتا خۆمان بە گەنج حساب دەکەین، بەڵام ئێمەیش وا خەریکە ئەکەوینە تەمەنەوە و دەبێ ئاگامان لە خۆمان بێت. هێشتا شتێکمان بەسەرەوە ماوە. جارێکی کەش لە دڵەوە هیوای لەش ساغی و تەندروستی و تەمەن درێژیت بۆ دەخوازم. برادەران و دەوروبەر بەگشتی لە هەواڵت ئەپرسن.**

**دووبارە رێز و تەقدیرم**

**برای دڵسۆزت**

**عومەر عەبدوللا**

**٢٠٠٢/٣/٥**

بۆ بەڕێز و خۆشەویستم کاک ئەرشاد

سڵاوێکی گەرم

بەڕێز و خۆشەویستی و ئەمەداکەی پیر سمینی زۆرە.

ئێمەش لە لەندەن دا ئەمەی دەژین، سڵاوی زۆر

بۆ هەموو ڕابەر و خۆشەویستان دەکەین. چاوەڕێمە

کە تا ئەمڕۆ ئەوەی هەواڵی نەخۆشیتم بیستبوو،

ئەم جارە زانیم کە عەمەلیاتت کردووە لە لای

هەولێر لە نەخۆشخانەی ... دەڵێن دەرچووی تۆ

لە خوا ... ئۆمێدی ئەوە / عەمەلیاتەکەت

سەرکەوتوو بێت.

جارێکی تر کە ئێستا لە دڵەوە هیوای چاکبوونەوەت بۆ

لە خوا دەخوازم

دووبارە ڕێز و سڵاوم

برای دڵسۆزت مام

عوسمان عەبدوڵڵا

٢٠٠٢ | ٤ | ٩

**برای بەڕێز و خۆشەویست کاك فەرهاد**

**سڵاوێکی گەرم**

**رێز و خۆشەویستی و هەواڵ پرسینی زۆر. بە گەرمی لە هەواڵت دەپرسم، سڵاو و رێز بۆ برادەران و خۆت دەگەیەنم. جارەی یەکەم کە نامەم نووسی هەواڵی نەخۆشیتم بیستبوو، ئەمجا زانیم کە عەمەلیاتت کردووە لە تەهران.**

**هیوای لەشساغی و تەمەن درێژیت بۆ دەخوازم. ئومێد دەکەم عەمەلیاتەکەت سەرکەوتوو بێت.**

**جارێکی دیکەی لە دڵەوە هیوای چاکبوونەوەت بۆ دەخوازم.**

**دووبارە رێز و سڵاو**

**برای دڵسۆزت**

**عومەر عەبدوڵڵا**

**٢٠٠٢/٤/٩**

**دەربارەی نامەکانی برای بەڕێز مولازم عومەر:**

نامەی یەکەم لە ٢٠٠٢/٣/٥ بۆ ناردم کاتێك کە لە ٢٠٠٢/٢/٢٠ تووشی جەڵدەی دڵ بووم لە هەولێر و باری تەندرووستیم خراپ بوو.

نامەی دووەم کە لە ٢٠٠٢/٤/٩ بۆی ناردووم کاتیّ زانیویەتی کە لە تاران نەشتەرگەریی دڵم بۆ کراوە و ماوەیەك لە تاران بووم.

نامەکانی برای بەڕێز کاك عومەر عەبدوڵلا (سەرەڕای جیاوازیی بیروڕای سیاسی) ئەو ڕاستییە نیشان دەدەن کە دۆستایەتیی و برایەتیی ڕاستەقینەی نێوان دوو مرۆڤی کورد بە جیاوازیی بیروڕا پیرۆزتر و بەهێزترە لە هەموو خیلافاتێکی فیکری و سیاسی بەتایبەتیش بۆ ئەو مرۆڤانەی کە خەون بە دوا ڕۆژێکی باشتر بۆ کورد و کوردستان دەبینن، بەندە لەوەتەی کاك عومەرم ناسیوە لە ساڵانی حەفتاکانەوە لە ڕێگای برای کۆچکردوومان (جەلالی حەمە عەلی) لە سلێمانی بەردەوام بە خسڵەتە کوردستانی و کوردانەکەی مامەڵەی لەگەڵ هەڤاڵ و دۆست و برادەرانی کردووە، لە ڕۆژانی خەباتی چەکداریش لە شاخ دوو جار هاوکاریی کردووین بە گەیاندنی نامەی (عەونی)ی باوکم بۆ خوالێخۆشبوو بەڕێز مام جەلال لە ساڵی ١٩٨٧ کە تێیدا مولازم عومەر ئەرکی مەردانە خۆیی بەجێهێناوە.

## نامەی خوالێخۆشبوو بەڕێز عەبدوللا ئاغای پشدەری

- عەبدوللا ئەحمەد رەسول پشدەری ساڵی ١٩٢٢ لە گوندی (سیولە)ی سەر بە ناحیەی (هێرۆ) ناوچەی پشدەر لە خێزانێك حاڵ باش و لە عەشیرەتی (میراودەل) لەدایکبووە.

- لە سەرەتای منداڵییەوە فێری قورئان خوێندنیان کردووە، پاشان دەستی داوەتە خوێندنەوەی ئاین و کتێبی فارسی وەکو (گوڵستان و دبستان)ی سەعدی شیرازی لەگەڵ هەندێ بابەتی عەرەبی دەربارەی زمان لە حوجرەکانی مزگەوتەکان.

- نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانە سەرەڕای ئارەزووی زۆری.

- باوکی ئەحمەد رەسول بەشداریی لە شۆڕش و راپەڕینەکانی شێخ مەحمودی حەفید کردووە و زۆری لێ نزیك بوو کە ئەمەیان هۆکارێ بووە کە عبدالله ئاغا گۆشەگیری کوردایەتی ببێت.


- بەشداریی لە کۆماری کوردستان کردووە و چۆتە مهاباد و ناوی لەو قوتابییانە بووە کە بچێت بۆ یەکێتیی سۆڤییەت لە تاقمی دووەم بۆ خوێندن، بەڵام ئەو ئاواتەی ئەو نەهاتۆتە دی.

- لە مانگی ئابی ١٩٤٦ گەڕاوەتەوە دێیەکەی خۆیان پاش ئەوەی سوپاس نامەیەکی لە پێشەوا قازی محەمەد پێدراوە کە وەکو خۆی دەڵێ لای پارێزراوە، بەڵام کاتێك شەڕ لەنێوانی سوپای ئێران و هێزی پێشمەرگەی کۆمار روودەدات، عەبدوللا ئاغا یەکسەر روو لە قۆڵی شەڕ دەکات لە سەردەشت.

- هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ عەبدوللا ئاغا پاش گەڕانەوەی بۆ دیوی پشدەر لە ئاکامی رووخانی کۆماری کوردستان پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی پارتی کردووە لە رێگای لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ.

- به گەڕانەوەی بارزانی نەمر لە یەکێتیی سۆڤییەت پاش ١٢ ساڵ لە ژیانی غوربەت عەبدوللا ئاغا لەگەڵ لقی عەشایری پارتی دەچنە بەغدا بۆ بەخێرهێنانەوە بارزانی.
- لە سەرەتاوە بەشداریی لە شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥ کردووە و ساڵی ١٩٦٢ بۆتە لێپرسراوی سەربازی ڕێکخراوی شاربازێڕ، پاشان ئامر هێزی سەفین، لە ١٩٦٣/٦/٢٥ بریندار بوو لە شەڕی چیای (هەیبەت سوڵتان) کە تێیدا چاوێکی فەوتا.
- ساڵی ١٩٦٤ بۆتە فەرماندەی هێزی باڵەك لە گەلاڵە.
- ساڵی ١٩٦٥ بۆتە فەرماندەی هێزە تایبەتییەکەی بارزانی نەمر لە باڵەك بۆ ماوەی ١٠ ساڵ.
- پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠بۆتە فەرماندەی فەوجی ١٠ی سنوور هاوکات بۆتە ئەندامی مەکتەبی سەربازی.
- ساڵی ١٩٧٧ بۆتە لێپرسراوی لیژنەی پەناهەندەکان لە ئێران پاش نسکۆی شۆڕش.
- لە ١٩٧٩/٨/٢٠ گەڕاوەتەوە عیراق و سەربەرزانە لە ماڵی خۆی ژیانی بەسەربردووە.
- ڕۆژی ٢٠١٦/١/١٤ کۆچی دوایی کردووە.

کاتێ لە ژیاندا بوو هەرسێ بەرگی لە بیرەوەرییەکانی خۆی بڵاوکردۆتەوە و زۆر ڕاشکاوانە باس لە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کردووە. سەرەڕای چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی (کورتەیەك لە شۆڕشی سمایل ئاغای شکاك) ساڵی ٢٠٠٢.



**بۆ زۆر بەڕێز جەنابی مامۆستا فەرهاد عەونی**

**گەرمترین سڵاو و ڕێزی زۆرم هەی بۆتان، وا کتێبەکەم[1] بۆ ناردووی، بەڵام دەبێ ببووری مقابەلەکەی (حسنین هیکل[2])م نەدۆزییەوە نازانم داومە بە کۆێ، ئەگەر دۆزیمەوە دەینێرمە خزمەتتان، دووبارە ڕێز و سڵاو**

**برای موخلیستان**

**عبدالله بشدەری**

**٢٠٠٢/٤/٢٣**

دەزگای ڕۆشنبیری و
بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرە ژمارە (٣٧٤)

# کورتەیەک
# لە شۆڕشی
# سمایل ئاغای شکاک

عبد الله پشدەری

**دەربارەی نامەکەی بەڕێز عەبدوللا ئاغای پشدەری:**

**١. مەبەستی لە کتێبی"کورتەیەك لە شۆڕشی سمایل ئاغای شکاك"ە کە لە بە سوپاسەوە رۆژی ٢٠٠٢/٤/١٩ بۆی ناردم لەگەڵ ئەم دوو دێڕەی کە بۆی نووسیبووم، کتێبەکە نووسینی خۆیەتی و لە ١٩٩٦/١٢/١ تەواوی کردووە و لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ چاپی کردووە، لە کۆتایی و لە دوا رستەی دا دەڵێ: (هەزار سڵاو لە گیانی ئەو شۆڕە سوارەی کە لەپێناو ئازادیی گەلەکەی لە کوردستانی ئێراندا خۆی بەخت کرد).**

**٢. مەبەستی لەو موقابەلەیە، چاوپێکەوتن و دیمانە رۆژنامەنووسییەکەی نووسەر و رۆنامەنووسی میسری (محمد حسنین هیکل) (کە پێشووتر رۆژنامەکەم پاراستبوو- نووسەر)، بەڵام بەهۆی شەڕی ناوخۆ و تاڵانکردنی ماڵەکەم لە هەولێر ساڵی ١٩٩٥ ئەویش وەکو کتێبخانەکە و کەلوپەلی ماڵەکەم سەری تێدا چوو، ئەوجا کە ناوە ناوە سەردانی بەڕێز عبدالله ئاغامان دەکرد چ لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامق و چ لەگەڵ کاك یاوەر نامق و کاك خالد حەمەد ئەمین یاخود بەتەنیا دەکەوتینە دونیای سیاسەت و بیرەوەری، بەندە ساڵی ١٩٦٣ عبدالله ئاغام لە ماوەت ناسیوە کاتێ بۆ چارەسەرکردنی چاوی لە ماوەت چاوەڕوانی سەفەری دەرەوەی وڵاتی دەکرد و ساڵی ١٩٧٤یش دوو جار لە بارەگای هێزی باڵەك کە ئەو فەرماندەی هێزی باڵەکی قارەمان بوو چوومەتە خزمەتی، پاش راپەڕینیش بە بەردەوامی سەرم لێی داوە و ئاڵوگۆڕی کتێبمان دەکرد، هەمیشە وەسفکردنەکەی (داڤید هێرست)ی رۆژنامەنووسی ئینگلیزیی بەناووبانگم بیرناچێتەوە کاتێك لە سەردانێکی لە هاوینی ساڵی ١٩٧٤ لە گەرمەی شەڕی داسەپاوی حکومەتی عیراق بەسەر گەلی کوردستان و ئامادەبوونی لە شەڕی (هیرش)ی سوپای عیراق بۆ گەلی (عەلی بەگ) کە لەگەڵ عبدالله ئاغای پشدەری دەبێت کە ئەوکاتە عبدالله ئاغا فەرماندەی هێزی باڵەك بوو، داڤید هیرست لە گاردیان راپۆرتێك لەسەر ئەم شەڕە بڵاودەکاتەوە کە باسی شەڕە قورسەکە و ورەی پۆڵاییینی پێشمەرگەی کوردستان دەکات کە تێیدا بە دەق بۆ عبدالله ئاغا دەڵێ (أشجع وأنحف رجل بالعالم) یانی (ئازاترین و باریکترین پیاو لە هەموو جیهان).**

**نامەی بەڕێز د. محەمەد ساڵح ئیبراهیمی ( شە پۆل )**

- د. محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)، کوڕی مەلا ئیبراهیم کوڕی عارف رەبیان لە نێو بنەماڵەیەکی زانا و زاناپەروەر ساڵی ١٩٣٣ لە مهاباد لەدایکبووە.

- لە تەمەنی حەوت ساڵیدا قورئان و کتێبە سەرەتاییەکانی علومی ئیسلامیی خوێندووە.

- ساڵی ١٩٥٦ بۆتە خەتیب و ئیمامی جومعە و جەماعەتی خانەقای نەهری لە مهاباد، سەرەڕای دەرس گوتنەوەی لە مزگەوتی سوور.

- ساڵی ١٩٦٥ چۆتە زانکۆی تاران و ساڵی ١٩٦٩ فەوقی لیسانس لە زانستگەی ئیلاهیات و مەعارف ئیسلامی لە زانکۆی تاران وەرگرتووە و ساڵی ١٩٩٢ پلەی دکتۆرای خوێندووە. پاشان لە خوێندن دا پلەی دکتۆرای بەدەست هێناوە، سەرەڕای وانە گوتنەوە وەکو مامۆستا بەشداریی لە دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری فەرهەنگی ئەدەبی، زمان و زمانەوانی کوردی کردووە و یەکێکە لە زانا و ئەدیب و رۆژنامەنووس و نووسەری دیاری رۆژهەڵاتی کوردستان.

- بۆ یەکەم جار (بەندە) محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)م لە کرماشان لە ١٩٩٩/١٢/٢ لە یادی سەید تاهیری هاشمی ناسی کە سەرەتای دۆستایەتییەکی نزیکی پڕ لە خۆشەویسی بوو تاکو رۆژی وەفاتی کە تێیدا چەندین جار لە تاران و هەولێر بە دیداری شاد بووم و هاتوچۆی خێزانیمان هەبووە.

- پاش نەشتەرگەریی دڵم لە نەخۆشخانەی (دی) لە تاران کە ماوەیەك لە ئوتێل (کوثر تاران) مامەوە مامۆستا (شەپۆل) لەگەڵ ئازادی کوڕی دوو جار هاتنە لام، لە هاتنی یەکەم دا (بەنرخترین) دیاریی بۆ هێنام کە بریتی بوو لە هەر چوار (موجەلەدی) رۆژنامەی (کوردستان) کە ساڵی ١٩٥٩ لە تاران دەردەچوو کە پاشان بوو بەشێك لە هاریکاری لەچاپدانەوەی بە پرۆژەیەکی هاوبەشی نێوان (بنکەی ژین) لە سلێمانی و ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر ساڵی ٢٠١١ لە چوار بەرگی (مجلد) رێکوپێك دا.

- رۆژی ٢٠١٨/٥/٢٦ لە تاران کۆچی دوایی کرد.

- بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی مامۆستا شەپۆل زۆرن کە دیارترینیان بریتی بوو:

**١. وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز و لەچاپدانی بۆ یەکەمین جار ساڵی ١٩٩٨، لە لایەن سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی چاپکراوە و ساڵی ٢٠١٣ بۆ جاری دووەم چاپکراوەتەوە لە چاپخانەی رۆژهەڵات لە هەولێر.**

**٢. دین و ئەدەب لە تارا، ١٩٨٢,**

**٣. کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی-تاران، ١٩٨١، پاشان دووبارە چاپکراوەتەوە.**

**٤. ژیانەوەری زانایانی کورد، ٢٠٠٠,**

**٥. (٩) ژمارە لە گۆڤاری (گرشەی کوردستان) کە یەکەم ژمارە لە ١٩٨١/٣/١ بڵاوکراوەتەوە.،**

**٦. زریزەی زێڕین ساڵی ١٩٩٩ لە هەولێر چاپکراوە.**

**٧. بارەی کوردەوای-دوو بەرگ.**

**سەرەڕای ئەو چاپکراوانەی سەرەوە چەندین کتێبی دەستنووسی هەن دەربارەی بابەتی جۆراوجۆر، بەڵام تاکو ئێستا دەستی چاپی پێ نەگەیشتووە.**

**سەرچاوەی زانیارییەکان: کتێبی نیشتمان ناسی و ناودارانی کورد-لە نووسینی جواد صدقی بە فارسی و وەرگێڕانی مامۆستا شەپۆل بۆ کوردی. لەگەڵ زانیاریی نووسەر.**



تاران–ماڵی د. محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل) ٢٠٠٢/١٠/٢٤
گفتوگۆیەکی دۆستانە دەربارەی مێژووی کورد بەپێی بەڵگەنامەکان



تاران–کاخی مەڕمەڕ–ماڵی د. محەمەد ساڵح ئیبراهیمی، ٢٠٠٢/٣/١٤
نووسەر، هاوسەری د. ئیبراهیمی، پەروین–هاوسەری نووسەر، د. ئیبراهیمی

٢٧ جولای ٢٠٠٢
١٣٨١/٥/٥

حەیزرای بەڕێز و خۆشەویست جەنابی کاک فەرهاد عەونی بەڕێوەبەری سەندیکای ڕۆژنامەوانی کوردستان
خودا لە گەزەند و کۆسپی ڕۆژگار بتان پارێزێ.

دوای سڵاو و ڕێز و قەدر و حورمەت لە خوا تکاکارم لە نەخۆشییەکە، چاک چاک بووبێتیەوە و
تووشی نەخۆشی و دڵ ناخۆشی نەبی. ئازاد لە خزمەتتان دایە و دایکی ئازاد و منیش
لە خزمەت جەنابتان و خانم و ئەفرادی خانەدانی بەڕێزتان سەلام و ڕێزمان هەیە.
کاک فەرهاد! ئەو درەنگانێکی تاسەداگرتووی تارانە و منیش بە دەم خەیاڵاتەوە
لە بەر تریسکەی گڕی ئاگری هەڕایەکەوە دەستە ملانی باڵندەی خەیاڵم، مەلە کاروانییەکەی جارانی
خۆمانم وەبیر هاتەوە. کە هەردەم لە میرغوزارێک و هەردەم لە هەوارێک ئۆقرەی دەگرت
ئەمجارەیان ئەو مەلەگە ڕیدەی ئێمە بە ڕاوەژی لە شەقەی باڵی دەدات و سنووران:
(کە وشەی و سنووری شکستەگی) دەپەڕێنێ و تا سەر نیشتمانی ئازادی باو باپیرانی دەچێ، تا
ببێتە هاودەنگ و هاونشینی سەروەران و نووسەران و بەڕێوەسانی دڵسۆزی کوردستان
نیشتمانی ماڵە باوانی.
من هەموو کاتێ وەک دەمێک بیرم لەم شیعرە جوانەی مەولای حاجی عیراقی دەکەوتەوە کە دەفەرمێ:

ئەدای پەیتوی مەلالت جەستەم دوورن جە تەحریر خەتای شکستەم.

جەنابی کاک فەرهاد! ئازاد هاتۆتە خزمەتتان و ئارەزووی دیداری سەروەران و
ئاو و هەوای جوان و ڕەنگینی کوردستانی ئازادی کردووە و ئەگەر بزانێ دەتوانێ
خۆی ئاقی لاکاتەوە و بۆ کوردستان، نیشتمانی ئازاد ئاواز بخوێنێ و بخوێنێ جا نازانم
خودا چلۆنی بۆ هەڵ دەسووڕێنێ، بۆیە بوو دە خوا، تا بە دڵی خۆی لەوێ بخوێنێ.
منیش زۆرم پێ خۆش بوو ببینم زیارەتتان، بەڵام چون دەعوەتنامەم نەبوو نەمتوانی
بەرەو ئاسۆی ڕوونی کوردەواری ئازاد و ئاباد بەڵ بنێرم، دەڵێن: المکالمة والمراسلة
نصف المواصلة. ئازاد ئیرادەت و ئیخلاسی هەموانتان عەرز دەکا.

بەڕێزەوە: دوکتور محمدصالح ابراهیمی

**هێژای بەڕێز و خۆشەویست جەنابی کاك فەرهاد عەونی، بەرپرسی سەندیکای ڕۆژنامەوانی کوردستان**

**خوا لە کەزر و کۆسپی ڕۆژگار بتانپارێزێ**

**دواس سلاو و ڕێز و قەدر و حورمەت لە خوا تکاکارم لە نەخۆشییەکە چاك چاك بووبیتەوە، لە خزمەت جەنابتان و خانم و ئەفرادی خانەدانی بەڕێزتان سەلام و ڕێزم هەیە.**

**کاك فەرهاد: شەو درەنگانێکی تاسەداگرتووی تارانە و منیش بەدەم خەیالانەوە لەبەر ترووسکەی گڕی ئاگری چرایەکەوە دەسەملانی باڵندەی خەیاڵم، مەلە کاروانیەکەی جارانی خۆمانم وەبیر هاتەوە، کە هەردەم لە مێرعوزارێك و هەست لە هەوارێك ئۆقرەی دەگرت، ئەمجارەیان ئەو مەلە گەریدەی ئێمە بەراوەژو لە شەقەی باڵی دەدات و سنوران:**

**(کەوشەك و سنووری ساختەگی) دەپەڕێنێ و تاسەی نیشتمانی ئازادی باووباپیرانی دەکات تا ببێتە هاودەنگ و هاونشینی سەرەوەران و نووسران و بەرپرسانی دڵسۆزی کوردستان.**

**من هەموو گاڤ و دەمێك بیرم لەم شیعرە جوانەی مەولای شاعیران کردۆتەوە کە دەفەرمێ:**

**ئەدای پەشێوی حالات جەستەم دوورەن جە تەشریر خاك شکستەم.**

**جەنابی کاك فەرهاد: ئازاد هاتۆتە خزمەتتان و ئارەزووی دیداری سەروەران و ئاو هەوای جوان و ڕەنگین و کوردستانی ئازادی کردووە و ئەگەر بزانێ و بتوانێ خۆی تاقی کاتەوە و بۆ کوردستان، نیشتمانی ئازاد ئاواز بخوێنێ و بخوێنێ، جا نازانم خودا چلۆنی بۆ هەڵدەسوڕێنێ، بوز دەخوا، تا بە دڵی خۆی لەوێ بخوێنێ.**

**منیش زۆرم پێ خۆش بوو بێمە زیارەتتان، بەلام چون دەعوەتنامەم نەبوو نەموێرا بەرەو ئاسۆی ڕوونی کوردەواری ئازاد و ئاباد پەل ببزێوم، دەڵێن: المکالمه والمراسله نصف المواصله. ئازاد ئیرادەت و ئیخلاسی هەمووتان عەرز دەکا.**

**بە ڕێزەوە: دوکتۆر محەمەد ساڵح ئیبراهیمی**

**٢٠٠٢/٧/٢٧**

**دەربارەی نامەکەی بەڕێز د. ئیبراهیمی:**

**نامەکەی مامۆستا شەپۆل کە لە ٢٠٠٢/٧/٢٧ بۆی ناردووم سەرەڕای هەستی ناسك و خۆشەویستیی دەربارەی کاکە ئازادی کوڕیەتی بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن لە زانکۆیەکی کوردستان، سەرەڕای ئاشنا بوونی بە ئاووهەوا و خەڵکی کوردستان، بەڵام بەداخەوە وەکو مامۆستا شەپۆل ئاواتی بوو، هەوڵەکانی بە ئاکام نەگەیشتن.**

## نامەی بەڕێز مەسعود سالەیی:

- ئەم نامەیە کە ئاراستەی (بەندە) کراوە، لەلایەن برای بەڕێز کاك مەسعود سالەیی نێردراوە کە ئەوکاتە کاك مەسعود سالەیی سالانی پێشووتر و پاشتریش لێپرسراوی مەکتەبی رێکخستن ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.

- کاك عارف تەیفور و بەندەش پێش رووخانی رژێم لەو لیژنە سەرەکییە بووین کە لەلایەن (پارتی+یەکێتی=المجلس الاعلی) دەستنیشان کرابوون بە مەبەستی کارکردن و لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی بەغدا لە سەروبەندی رۆژانی پێش رووخانی رژێم کە تێید کاك عارف تەیفور وەکو لێپرسراوی یەکەم و بەندە وەکو جێگر لەلان پارتییەوە دەستنیشان کرابووین و لەگەڵ کەوتنی رژێمی سەدام حسێن لە ٢٠٠٣/٤/٩ کاك عارف و بەندە راستەوخۆ چووینە بەغدا لێپرسراوێتیی رێکخستنەکانی پارتیمان وەرگرت و لقی ٥ و ناوچەکانینمان رێکخستەوە.

- ئەو برادەرانەی ناویان هاتووە لە نامەکەدا کادری پارتی بوون و شارەزای رێکخستنەکانی بوون لە بەغدا.

زۆر بەڕێز دەفتەرێ دیت هەڤاڵ فەرهاد عەونی
پێشاندەوە
سەبارەت بە لێژنەی تحرك بۆ بەغدا هەوڵمان دا
هەندێکیان مەشغولین فطور و داخلیەکانە بێنینە پێژەی تەنیا
ئێستا موفق نەبوونە یەکانە.
بەهەر حاڵ ئەم سێ برادەرە لێژنەی ئاشتیخوازی
ئازادن دەنێرمە خزمەتتان بۆ سعوود
چەند ڕۆژێ و سەردانیان لە حاتی تحرك دەکەن لێژنەی
ئاشتیخوازی بە کۆمەکتانە وەستینە:
١ - نجم عبد مراد (ابو شیرین) صفەتی ئەندامی
کارگێری لقە
٢ - جلیل کاکی / سفتی ئەندامی کارگێری لقە.
٣ - رفعت آغا مراد - ئەندامی پێشوو وە ئێستا
ئەندامی لێژنەی ناوزارە
هەر یەکێکیان هەڤاڵی دڵسۆزن و بە ئاشتیخوازیش
ماندوو بوونە. تکایە هیچ تێشووکارە تۆ چیان پێ
هەیە لەو بارەوە ئاگادارمان بکەیتەوە. هەر زۆر
سوپاس دەکەین

بە گەرمی سڵاوم
برات
مسعود شاکر
٢٧ / ٣

تێبینی بە هەڤاڵ شێروان
ئاماژە بکە بۆ حاجی عارف
لە بارەی ناوی برادەرانە نووسیوم.

**برای بەڕێز و خۆشەویست هەڤاڵ فەرهاد عەونی**

**پاش سلاو**

**سەبارەت بە لیژنەی تحرك بۆ بەغدا هەواڵمان دایە هەندێ لە مەسئولینی ختوتی داخلیمان بێنە ئێرە، بەلأم تا ئێستا موەفەق نەبوون بگەن.**

**بەهەرحاڵ ئەم سێ برادەرە لیژنەی رێکخستنی ئازارن دەنێرمە خزمەتتان بۆ سوود وەرگرتن و بردنیان لە کاتی تحرك وەك لیژنەیەکی رێکخستن بەکەڵکتان دێن:**

| | |
|---|---|
| **١- نجم عبد مراد-أبو شيرين** | **ئەندامی کارگێڕیی لق** |
| **٢- جليل کاکی** | **ئەندامی کارگێڕیی لق** |
| **٣- رفعت ئاغا مراد** | **ئەندامی بەشی ئەندامی لیژنەی ئازارە** |

**هەرسێکیان هەڤاڵی دڵسۆزن و بە رێکخستنەوە ماندوو بوونە. تکایە چ ئیشوکار و تەوجیهاتێکتان هەیە لەو بارەوە ئاگاداریان بکەیتەوە. حازر و ئامادەباشن.**

**لەگەڵ رێزم**

**تێبینی: بە هەمان شێوەش نامەیەکم بۆ کاك عارف لە بارەی ئەو ناوبراوانە نووسیوە.**

**مەسعود ساڵەیی**

**٣/٢٧**

– چیرۆکنووس و ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووس حسب الله یحیی ساڵی ١٩٤٤ لە موسڵ لەدایکبووە لە خێزانێکی هەژار، بەڵام ڕووناکبیر، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە موسڵ تەواوکردووە، بەڵام لەبەر دەستکورتی نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات، چۆتە پەیمانگای مامۆستایان-موسڵ و ساڵی ١٩٧٠ وەکو مامۆستا لە یەکێ لە گوندەکانی موسل دامەزراوە، بەڵام پاش ماوەیەك کاری مامۆستایەتیی بەجێهێشتووە و بەرەو بەغدا چووە و دەستی بە کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە، لە سەرەتادا لە ڕۆژنامەی (التاخی) و ساڵی ١٩٧٦ لە ڕۆژنامەی (الثورة) کاری کردووە، سەرەڕای ئەوەی بۆتە سکرتێری نووسینی گۆڤاری (الاقلام).

وەکو دەزانرێ هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێك نەماوە حسب الله نووسین و ڕەخنە و چیرۆکی تێدا بڵاونەکردبێتەوە، دەیان کۆمەڵە چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە لەوانە (الغضب ١٩٦٧، القيد حول حضن الزهرة ١٩٧٤، ضمير الماء ١٩٧٢، الحطب ١٩٧٤، النهار يدق الأبواب ١٩٧٧...)

لە هەمان کاتدا دوو توێژینەوەی دەربارەی شانۆ هەیە یەکەمیانە (فنارات في القصة والرواية ١٩٩٣) و (المسرح العراقي قضايا ومواقف ٢٠٠١) لە هەمان کاتدا ساڵی ١٩٧٤ کۆمەڵێك وتار و بۆچوونی خۆی لەسەر کوردستان لە بەیروت بڵاوکردۆتەوە و لە بەیروت بە چاپی گەیاندوون، سەرەڕای سەدان وتار و لێکۆڵینەوەی جیاجیا بڵاوکردۆتەوە و یەکێکە لەو ڕۆشنبیرە عەرەبانەی کە بڕوای بە مافی تەواو گەلی کورد هەیە.

– دۆستایەتی و ناسینی بەندە بۆ حسب الله دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٢ کاتێ بەندە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی التاخی و برایەتی بووم لە بەغدا (حسب الله)ش وەکو نووسەر لە التاخی کاری لەگەڵ ئێمە دەکرد، ئەوەی کە لێم بەدی دەکرد، پیاوێکی هێمن، بێدەنگ، ئارام و هەمیشە لەسەرخۆ باسی لە بابەتەکانی دەکرد و بە شێوەیەکی ئاقڵانە بابەت و ڕووداوەکانی شی دەکردەوە، خۆی چەپخواز بوو بڕوای تەواوی بە دیموکراتییەت و مافی گەلی کورد هەبوو، ساڵی ١٩٧٣ کە ئەوکاتە مامۆستا بوو لە یەکێ لە قوتابخانەکانی بەغدا. بەعسییەکان بە ڕەوایان نەدەبینی کەوا عەرەبێکی

**رۆشنبیر له رۆژنامەی التاخی کار بکات بۆیه به فەرمانێکی وەزاری بۆ گوندێکی پارێزگای دیاله (بەعقوبه) گوێزرایەوە، بەڵام پێداگریی کاکه دارا تۆفیق لەگەڵ وەزیری پەروەردەی ئەوکات توانی حسب الله بگەڕێنێتەوە بەغدا.**

**پاش نسکۆی شۆڕش له ساڵی ۱۹۷٥ ناوه ناوه بەهۆی ماڵی خەزوورم که له بەغدا بوونسەردانی بەغدامان دەکرد جار جاره حسب الله-م دەدۆزییەوە، هەتا جارێکیان خۆم و پەروینی هاوسەرمی داوەت کرد بۆ شانۆگەریی (الخان) که له شانۆیەکی پشت سینەمای (نصر) نمایش دەکرا که تێیدا ئەکتەری بەناووبانگی عیراقی (یوسف العانی) پاڵەوانی شانۆگەرییەکه بوو.**

**- دەربارەی ئەو نامانەی که بۆی ناردووم که بێگومان به زوبانی عەرەبییه تێکڕای نیشانەی خۆشەویستی و بەتەنگەوە هاتنی بەندەیه، زۆریش ئارەزووی کارکردنی له رۆژنامەی التاخی دەکرد پاش رووخانی رژێمی بەعس له ۲۰۰۳/٤/۹.**

أخي العزيز الاستاذ : فرهاد عوني المحترم

تحيات صدق ووفاء .

معكم أحدث اصداراتي .. آمل أن تروق لكم .

عزيزي :

احتراماً للكلمة التي وعدتكم بها ، فقد رفضت العمل في جميع الصحف التي طلبتني الى العمل فيها ، وذلك التزاماً بوعدي في العمل مع جذري النقي (التآخي) ..

مع الناس الذين لهم فضلهم وشرف كلمتهم معي ..

وسأنتظر فجر (التآخي) ينطلق من جديد الذهبي معاً ..

سأكون رهن اشارتكم عزيزي .

دمتم بهناء وسؤدد .

أخوكم

صباح اللامي

٢/٥/٢٠٠٤

العنوان : بغداد - حي الشعب / الصحة / شارع قرب جامع قباء
محلة ٣٢٩ زقاق ٨٦ دار ١/٢
مقابل مكتبة آفاق

هاتف : ٤٤٢٧٦٧٩ صباح اللامي (ابو بدران)

أخي العزيز الأستاذ: فرهاد عوني المحترم

قبلات صدق ووفاء

معكم أحدث اصداراتي.. آمل أن تروق لكم.

عزيزي:

احتراما للكلمة التي وعدتكم بها، فقد رفضت العمل في جميع الصحف التي طلبت إلي العمل فيها، وذلك التزاما بوعدي في العمل مع جذري النقي (التآخي)..

مع الناس الذين لهم فضلهم وشرف كلمتهم معي..

وسأنتظر فجر (التاخي) ينطلق من جبرنا الأخوي معا..

سأكون رهم اشارتكم عزيزي..

دمتم بهناء وسؤدد

أخوكم

حسب الله يحيى

٢٠٠٣/٥/٣

العنوان

أخي العزيز الأستاذ: فرهاد عوني المحترم

قبلاتي وأشواقي /

ما كنت أحسب أن بغداد قد ابتعدت عن المحبة.. حد القطيعة والغضب. سأكون سعيداً في أية لحظة تصلون بغداد.. ومباشرة في بيتي/بيتكم.

المهم.. سأكون في (زعل) حقيقي إذا ما علمت بمجيئكم الى بغداد دون أن احظى بلقائكم.. أؤكد.

أخي العزيز:

حامل سطوري العاجلة اليكم من أقاربي الأعزاء، له حضور في الصحافة الكردية - وإن كان عربياً - معه ود حقيقي للكرد.. ومعه حميمية وصداقة.. أرى أنكم خير من يعتني به ويحرص على رعاية ما توجه به اليكم.. واثقاً من كرم اهتمامكم.

أجدد قبلاتي.. دمتم، مع وافر التحيات.

حسب الله يحيى

بغداد ٢٠/ ٧/ [illegible]

أخي العزيز الأستاذ: فرهاد عوني المحترم

قبلاتي وأشواقي

ماكنت أحسب أن بغداد قد ابتعدعت عن المحبة.. حد القطبية والغيب. سأكون سعيدا في أية لحظة تصلون بغداد..

ومباشرة في بيتي–بيتكم.

المهم.. سأكون في (زعل) حقيقي إذا ما علمت مجيئكم إلى بغداد دون أن أحظى بلقائكم.. أؤكد.

أخي العزيز:

حامل سطوري العاجلة إليكم من أقاربي الأعزاء، له حضور في الصحافة الكوردية–وإن كان عربيا–معه ود حقيقي للكرد.. ومعه حميمية وصداقة..

أرى أنكم خير من يعنى به ويحرص على رعاية ما توجه به إليكم.. واثقا من كرم إهتمامكم

أجدد قبلاتي.. دمتم، مع وافر التحيات

حسب الله يحيى

بغداد ٢٠/٧/٢٠٠٣

## نامەیەکی دیکەی د. کەمال مەزهەر

برای خۆشەویستم کاکە فەرهاد

زۆر بە گەرمی هەواڵی خۆت و پەروین خان و منداڵەکان
دەپرسم ، حاجی شەهلاو کاک تایەر حەیدەری ڕێزیان هەیە.
دڵنیام لەوەی هیچ کارێکی من بە ئەرک نازانیت بۆیە
بە ناچاری زوو زوو ڕووی دەمت تێ دەکەم. تکایە بەڵکو
بە زووترین کات ئەم نامەیەم بگەیەنیتە کاک نێچیرڤان و بەڵکو
وەڵامێکیشم دەبارەی بۆ بنێریتەوە تا بزانم ئەو کارەی
شیرین خان کە لە ئاستی خوشکێکی زۆر نزیک و خۆشەویستمایە
دەیکات یا نا ، وا بزانم کارەکە هەمووی بە دەست کاک
هۆشیار زێبارییە. ڕێزم هەیە بۆ گشت برایان.

د
کەمال مەزهەر
٢٠٠٥/٢/١٤

**برای خۆشەویستم کاکە فەرهاد**

**زۆر بە گەرمی هەواڵی خۆت و پەروین خان و منداڵەکانت دەپرسم، حاجی شەهلا و کاك تایەر حەیدەری ڕێزیان هەیە.**

**دڵنیام لەوەی هیچ کارێکی من بە ئەرك نازانیت بۆیە بە ناچاری زوو زوو ڕووی دەمت تێدەکەم. تکایە بەڵکو بە زووترین کات ئەم نامەیەم بگەیەنیتە کاك نێچیرڤان بەڵکو وەڵامێکیشم دەربارەی بۆ بنێریتەوە تا بزانم ئەو کارەی شیرین خان کە لە ئاستی خوشکێکی زۆر نزیك و خۆشەویست دایە دەیکات یان نا، وابزانم کارەکە هەمووی بەدەست کاك هوشیار زێبارییە. ڕێزم هەیە بۆ گشت برایان.**

**کەمال مەزهەر**

**٢٠٠٥/٢/١٤**

# بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی
# سەرۆکی حکومەتی کوردستان

**سڵاووڕێز**

نیشانە بە پەیوەندییە تەلیفۆنییەکەی بەڕێزتان ڕۆژی ٢٠٠٥/٢/٢٤ ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە ڕێگای تەلەفۆنەوە پەیوەندیم بە بەڕێز د.کەمال مەزهەر کرد، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی.

**یەکەم**: سڵاووڕێزی بەڕێزتانم پێ ڕاگەیاند ئەویش بەهەمان شێوە ڕێزی زۆری بۆتان هەبوو.

**دووەم**: دەربارەی (شیرین خانی خێزانی بابەکر ئاغا گوتی بەڵێ دەتوانێ بۆ دوو مانگ بێتە بەغدا بۆ ئامادەبوونی دەورات، بەڵام ئەو پێشووتریش دەوراتی دیوەو کارزانە لە بواری کۆمپیوتەر و مراسلات. بۆ زانینی بەڕێزت د.کەمال گوتی: "وەزعی مادییان زۆر خراپە".

**سێیەم**: دەربارەی کوڕەکەی بابەکر ئاغا گوتی ئەو ئیهتیمامەی بەڕێزت جێگای سوپاسە.

## بەڕێز کاک نێچیرڤان

دەربارەی کۆڕی زانیاری کوردستان و کوڕی زانیاری عێراقی بە هەموو لایەنەکانی پاش ئەوەی ڕای بەڕێزتانم پێ ڕاگەیاند بۆ کاری پێویست و بەرەو پێشکەوتن و پێشەوەبردنی کۆڕی زانیای کوردستان گوتی:

**یەکەم**: بەڵێ لەگەڵ (د.طاهر البکاء) وەزیری خوێندنی باڵای عێراقی قسەم کردووەو ئەو یانی (د.طاهر) زۆر موتەحەمسە بۆ بوژاندنەوەو زیندووکردنەوەی کۆڕی زانیاری عێراقی بۆ ئەم مەبەستەش (د.کەمال مەزهەر و د. مستەفا زەڵمی و کاک ئیحسان شێرزاد) دەستنیشان کراون و ئێستاکە وەکو خۆی گوتی خەریکی دانانی یاسای کۆڕەکەیە و لەوانەشە د.شفیق قەزاز و د.کەمال فۆادیش بۆ ئەندامیەتی بانگ بکرێن.

**دووەم**:د.کەمال گوتی هیچ (تەعاروزێك) لەنێوان کۆڕی زانیاری کوردستان و کۆڕی زانیاری عێراقی نابێت بەڵکو بۆ پشتیوانی ئەوەی کوردستانە، چونکە ئەوەی کوردستان کەموکوڕی زۆرە.

**سێیەم:** بە (د.کەمال)م گوت: لێرە لە کوردستان جۆرە حەساسیەتێك هەیە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی برادەرانی بەغدا بۆ دامەزراندنەوەی بەشە کوردییەکەی کۆڕی زانیاری عێراقی، بەڵام ئەو لە وەڵامدا گوتی: "ئێمە هەموومان لەخزمەتی یەك مەسەلەین پێویست بە هیچ حەساسیەتێك ناکات".

**چوارەم:**بەناوی بەڕێزتەوە داوەتم کرد بێتە هەولێر بۆ ئەوەی لەگەڵ بەڕێزتان باس لەو مەسەلەیە بکرێت لە هەموو بارێکەوە ئەویش لە وەڵامدا گوتی: ئامادەم بە ئومێدی خودا لە داهاتوێکی زۆر نزیك سەردانی بەڕێزی دەکەم پاش ئەوەی ئەو ئەرکانەی لەسەر شانمە لێرە جێ بەجێی دەکەم و دووبارە حورمەتێکی زۆری بۆ بەڕێزتان هەبوو.

**لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم**

**برات**

**فەرهادعەونی**

**٢٦-٢-٢٠٠٥**

**تێبینی** دەربارەی ئەم نامەیە کە بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێردراوە دەربارەی ئەو بابەتانەی کە لە ناوەڕۆکی نامەکەی بەندە دا هاتوو دڵێم:

زۆر جار لەنێوانی رۆژانی کارکردنم چ وەکو نووسەر و رۆژنامەنووس لە راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە تێیدا وەکو سەرنووسەری رۆژنامەی (برایەتی)ی رۆژانە و بەرپرسی دەزگای رۆژنامەنووسیی (خەبات و برایەتی) لەنێوان ساڵانی ١٩٩٣-٢٠٠٠ پاشانیش وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٩٨-٢٠١١ سەرەڕای ئەو پەیوەندییە بەربڵاوەی کە لەگەڵ رۆشنبیران ونووسەران و رۆژنامەنووسان و هونەرمەندان سەرەڕای سیاسییەکانی ئەو رۆژگارە کە تێیدا بە بەردەوامی شان بە شانی کارە رۆژنامەنوسی و سەندیکاییەکەم و پەیوەندیی توندوتۆڵ و لێك حاڵی بوون لەگەڵ برایانی بەڕێز و خۆشەویست هەر لە رۆژانی دوای راپەڕینەوە تاکو رۆژانی بەجێهێشتنی ئەرکی سەندیکاییم لە مانگی تەموزی ساڵی ٢٠١١ زۆر کار و ئەرکم پێ راسپێردراوە کە لە دەرەوەی کارە سەرەکییەکەی خۆم بووە، بەڵام لەبەر ئەو خاڵانەی کە لەسەرەوە باسم کردوون زۆر جار (راسپێردراوم) بۆ کاری خێر و یارمەتی کە ئەگەر بێت و هەموو ئەم نامە و راسپاردانە بڵاوبکەمەوە بێگومان دەیان لاپەڕەی دیکە پڕدەکەنەوە، بەڵام من تەنها بەشێکی کەمی لێ بڵاودەکەمەوە کە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە نامانەش کارێکی ئاساییە و بە سەدان رۆشنبیر و رۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار لە هەموو گەلانی دونیا بە گەلی کوردیشەوە لە چەرخی بیستەمەوە بە بەربڵاوی بڵاودەکرێتەوە کە ئەویش وەکو (ئەدەبی نامە گۆڕینەوە) (أدب تبادل الرسائل) تیشك دەخاتە سەر زۆر بابەتی ئەوتۆ کە تەنها پێشووتر رووکەشەکەی دیار بووە، بێ ئەوەی خوێنەر ئاگاداری رووداوەکانی پشتی پەردە بووبێ.

ناوەڕۆکی ئەم نامەیەش بریتییە وەکو لە خاڵەکانییەوە دیارن:-

١. لەلایەن بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی) راسپێردرام کەوا پەیوەندی بە بەڕێز د. کەمال مەزهەر بکەم دەربارەی کۆڕی زانیاریی کوردستان بە مەبەستی وەرگرتنی ئەرکی سەرۆکایەتیی (کۆڕ) لەلایەن د، کەمال مەزهەرەوە چونکە وەکو ئاشکرایە د. کەمال جێگری ئەمینی گشتیی کۆڕی زانیاریی کورد بوو

لەنێوان سالانی ١٩٧٠-١٩٧٤ سەرەڕای ناو و ناووبانگ و زانیاری و لێوەشاوەیی بۆ ئەم پۆستە.

٢. لە ناوەڕۆکی نامەکەدا هاتووە کە بەڕێز (د. کەمال مەزهەر) لەو سەروبەندەدا سەرقاڵی گیان وەبەرهێنانەوەی بەشە کوردییەکەی کۆڕی زانیاریی عیراقی بوو.


٣. لەمیانی گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی و قسەی زارەکیشمان داوام لێکرد بە ناوی (کاك نێچیرڤان بارزانی)ـەوە بەغدا بەجێ بهێڵێت و بێتەوە کوردستان-هەولێر سەرەڕای، ئەرکی خەرجی و هێنانی کتێبخانەکەی و دابینکردنی شوێن بۆ نیشتەجێبوونی خۆی و شوێن بۆ کتێبخانەکەی (کە پاش ماوەیەك بۆی جێبەجێ کرا.

## پەیوەندیی برای بەڕێز عادل موراد و بەندە

- عادل موراد ساڵی ١٩٤٩ لە بەغدا لە خێزانێکی نیشتمانپەروەر لەدایکبووە، هەرسێ قۆناغی خوێندنی لە بەغدا تەواوکردووە.
- ساڵی ١٩٦٦ لە کۆلیژی پەروەردە (تربیە) بەشی (کیمیا) لە زانکۆی بەغدا وەردەگیرێ.
- ساڵی ١٩٦٥ پەیوەندی بە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات.
- ساڵی ١٩٦٩ بەهۆی ئاشکرابوونی بەشێکی رێکخستنەکانیان لەلایەن رژێمەوە بە ناچاری وازی لە خوێندن دەهێنێ (کە ئەوکاتە قۆناغی ٣ی کۆلیژ بوو) و پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات و دەبێتە ئەندامی ناوچەی پارتی لە باڵەك سەرەڕای کاری مامۆستایەتی لە گەلاڵە.
- لە کۆنگرەی ٦ـەمینی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان (١٩٧٠/٧/١٥) لەگەڵ ٢٠ ئەندامی دیکە بە ئەندامی لیژنەی راپەڕاندن هەڵبژێردرا، بەڵام ئەو و چەند برادەرێکی دیکە بە ئاکامی هەڵبژاردنەکە رازی نەبوون و خۆی بۆ کاری رێکخستنەکانی پارتی تەرخان کرد.
- لە ١٩٧١/٢/٢٦ پاش ئەو ئاڵوگۆڕییەی لە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابییانی کوردستان روویدا کاك عادل موراد بوو بە سەرۆکی ئەم یەکێتییە تاکو نسکۆی شۆڕش لە ١٩٧٥/٣/٦.
- لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥ بەشداریی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات و لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە کوردستان بۆ (ناوزەنگ).
- ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە دەکات تاکو ساڵی ١٩٩٤ دەگەڕێتەوە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و تاکو ساڵی ٢٠٠٠ لێپرسراوێتیی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندنی پێ دەسپێردرێ.
- ساڵی ٢٠٠٤ دەبێتە باڵیۆزی عیراق لە رۆمانیا.
- لە ٢٠١١/١٢/٢ لەسەر داوای سەرۆك مام جەلال بە زۆرینەی دەنگ بە سکرتێری ئەنجوومەنی ناوەندی (ی.ن.ك) هەڵدەبژێردرێ.

- ڕۆژی ٢٠١٨/٥/١٨ لە ئەڵمانیا پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات، و ڕۆژی ٢٠١٨/٥/٢٤ تەرمەکەی گەیشتەوە سلێمانی و لە گردی (سەلیم بەگ) نێژرا.

**سەرچاوەی زانیارییەکان:** ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٥٧٠ی ڕۆژی ٢٠١٨/٥/٢٠، سەرەڕای زانیاریی نووسەر.



ناوپردان، ناوەڕاستی مانگی تەممووزی ساڵی ١٩٧٠
کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان
لە ڕاستەوە: خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو، خوالێخۆشبوو عادل موراد، نووسەر

**سەرەتای ناسینی بەندە و خوالێخۆشبوو عادل موراد** دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٧ کاتێ ئەو لە کۆلیژی پەروەردە (بەشی کیمیا) و بەندەش لە کۆلیژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان، هەندێ جار قوتابییانی کۆلیژە جیاجیاکان سەردانی یەکتریان دەکرد چ بەپێی ناسین و خەڵکی یەك شار، چ بەهۆی پەیوەندیی حزبی و کاری پیشەیی، هەندێ جاریش بە مەبەستی سەردانی بێ هۆ تەنها بۆ کات بەسەربردن بوو.

رۆژێکیان هاوڕێی خۆشەویستم عبدالرحمن عەزیز کە ساڵێك لەپێش منەوە بوو لە هەمان کۆلیژ و لەسەرەتادا و لەنیوەی ئەو ساڵە لێپرسراوێتیی ئەو شانە سەرەکییەی دەکرد کە بەندەشی تێدابوو، رۆژێك بە رێککەوت وابزانم رۆژی پێنج شەممە بوو تەنها دوو وانەی تێدا دەخوێندرا منی بۆ کۆلیژی پەروەردە برد کە لە کۆلیژەکەی ئێمە نزیك بوو، کاتێ چووینە یانەی کۆلیژەکە لە دووریی (١٠) مەترێك برادەرێك بەتەنها دانیشتبوو کە ئێمەی دیت دەستی بۆ کاك عبدالرحمن عەزیز بەرزکردەوە، کاتێ دانیشتین کاك عبدالرحمن بە یەکی ناساندین و گوتی (ئەمە کاك عادل مورادە) و منیشی بە ناو ناساند، لەبەر رێکخستنەکانمان جیا بوو بەپێی کۆلیژ و هێلەکانی رێکخستن کاك عادل و من لەیەك شانە یاخود لە یەك هێڵی رێکخستن نەبووین، بۆیە سەرقاڵی خوێندن و ئیشوکاری رێکخستن چ حزبایەتی چ کاری پیشەیی هەریەك لەشوێنی خۆی بۆیە کەمتر ئەگەر لە بۆنەکان نەبووایە یەکترمان نەدەدیت، بەڵام یەکترمان ناسی و رێزی یەکترمان لابوو، بەڵام لە سەرەتای ساڵی داهاتوو لەپڕ (هاوڕێ و هەڤاڵ)ی کۆلیژم ئیبراهیم حاجی حسێن شاڵی (کە خەڵکی دهۆك بوو) هاوپۆل و هەڤاڵی رێکخستنی یەکێتی قوتابییانی کوردستان بووین لەپڕ بزر (ون) بوو، کاتێ پرسیاری ونبوونەکەمان کرد هەڤاڵی دێرینم فازڵ سنجاری کە ئەویش لە هەمان کۆلیژی ئێمە بوو گوتی (بەینی خۆمان بێت سێ برادەر لەگەڵ کاك ئیبراهیم شاڵی

پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردووە، دووانەکەی دیکەش عادل موراد و تەحسین ئەتروشین).

**قۆناغی دووەمی** بەیەك گەیشتنمان لە ١٩٧٠/٢/٥ کاتێ لەگەڵ برایانم خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو، جەواد شێروانی، عبدالقادر حمد أمین، ئەنوەر عەبدوللا بە مەبەستی چارەسەری کێشەکانی ناو رێکخستنەکان و ریزەکانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان، رێککەوتین سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ك) بکەین چونکە پێشووتریش من جەلال خۆشناو و عبدالموجود تەها کاتێ لە مانگی کانوونی یەکەم ساڵی ١٩٦٩ سەردانی شاندی سەرکردایەتی شۆڕش و پارتیشمان کرد بە نهێنی لە (قصر الأبیض) هەندێ لەو کێشانەمان بۆ باس کردن ئەوانیش رایان لەسەر ئەوەبوو لە پشووی بەهاری زانکۆ سەردانی سەرەوە (مەکتەبی سیاسی) بکەین، کە چووین سەرەڕای پێداگریی شەهید فرەنسۆ هەریری کە لە گەلاڵە لای ئەو بمێنینەوە، بەلام من و جەلال و جواد شێروانی چووینە ماڵی برایانمان (عادل موراد و تەحسین ئەتروشی و ئیبراهیم حاجی حسێن شاڵی) کە لە گەلاڵە خانووێکیان بۆ دابینکردبوون وەکو مامۆستای شۆڕش لە ناوەندیی گەلاڵە کار مامۆستایەتییان پێ سپێردرابوو، ئەو شەوە تاکو کاتژمێر (٢)ی شەو لەگەڵ برایانمان بە بابەتی هەمەجۆر کاتمان بردە سەر و برادەرایەتیمان بەتینتر بوو.

قۆناغی سێیەم پاش رێککەوتنی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ و گەڕانەوەی برادەران کە ئەوکاتە من لە قۆناغی کۆتایی کۆلیژ بووم (کاك عادل)یش لە قۆناغی ٣ی کۆلیژ بوو، لەم قۆناغە تاکو رۆژانی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابییانی کوردستان کە لە ناوەڕاستی مانگی تەموزی ساڵی ١٩٧٠ لە ناوپردان بەسترا ئێمە رۆژانە لەگەڵ کاك عادل و برایانی نزیکی ئێمە لە شوێنی جیاجیا یەکترمان دەدیت بە مەبەستی ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی بابەتی بۆ یەکێتی قوتابییانی کوردستان لەسەر بنەمای دیموکراتییەت و هەڵسەنگاندنی کاروانی پێشووی ئەو رێکخراوەیە.

**<u>قۆناغی سێیەم</u>**: کۆنگرە بەسترا، بەلام دەستێوەردانی ئەملا و ئەولا بارودۆخەکەی شێواندین و کۆنگرە بە نیوەچڵی کارەکانی خۆیی تەواوکرد، بەلام هەندێ لە برادەران لەوانە کاك عادل موراد بە ئاکامەکەی رازی نەبوون (هەقیشیان بوو) بەلام من بە پێشەوانەوە لەناو مەکتەبی سکرتاریەت مامەوە (چونکە هەمیشە گۆڕەپان

بەجێهێشتنم پێ خراپە)، عادل لە لقی ٥ی پارتی لە بەغدا و منیش وەکو سکرتێری گشتیی یەکێتیی قوتابییان لە کارەکانمان بەردەوام بووین، و ئاستی برادەرایەتیمان رۆژێك لە رۆژان بەرەو لاواز بوون نەچوو و هەمیشە لە هێڵەکانی پارتییەوە کە پەیوەندیی بە قوتابییانەوە هەبوو پاڵپشتیی من و هاوڕێیانی نزیك بە منی دەکرد لە مەکتەبی سکرتاریەت تاکو قۆناغی چوارەم، پاش ئەوەی شەهید سامی عبدالرحمن ئێوارەیەك لە نووسینگەکەی خۆی لە وەزارەتی کاروباری سەروو (الشمال) پێی راگەیاندم کە (سەرکردایەتی) هاتۆتە ئەو قەناعەتە کە دەبێت گۆڕانکاری لە پۆستی سەرۆکی یەکێتی قوتابییانی کوردستان بکرێت کە کاك (ئەنوەر عبدالله) ئەو پۆستەی وەرگرتبوو، کاك سامی بەندەی راسپارد کە بە هێمنی ئەم مەسەلەیە بە هەند وەربگرم. لە کۆتاییدا بەپێی ئەو نەخشەیەی کە رێکخرا و رەزامەندیی سەرکردایەتیی لەسەر بوو کە بەڕێز شەهید سامی عبدالرحمن بەپێی لێپرسراوێتیی لە بەرپرسیارێتیی رێکخراوە جەماوەریی و دیموکراتەکان ناوی خوای لێهات و لیژنەی راپەڕاندنی یەکێتیی قوتابییان بە هەر (٢١) ئەندامییەوە لە بارەگای لقی (٥)ی پارتی بە ئامادەبوونی دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی لەسەر رۆشنایی پەیڕەوی ناوخۆی قوتابییان ئاڵوگۆڕی لە پۆستی سەرۆکی یەکێتیی قوتابییان کرا کە لە کۆتاییدا کاك (عادل موراد) هاتە شوێنی کاك (ئەنوەر عەبدوللا) لە رۆژی ١٩٧١/٢/٢٦.

قۆناغی پێنجەم: لە رۆژی دەستبەکاربوونی کاك عادل موراد تاکو رۆژی ١٩٧٢/٥/٢ کە ئەو وەکو سەرۆکی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان و بەندەش وەکو سکرتێری گشتیی ئەو یەکێتییە شان بە شانی یەکتر کارەکانمان ئەنجام دەدا کە بۆ هۆکاری پێشکەوتنێکی بەرچاو لە کاروانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان لە هەموو بار و لە هەموو رووێکەوە. بەندە لە کۆنگرەی (حەوتەم) ٤/٢٩-١٩٧٢/٥/٢ خۆم بۆ جاری دووەم نەپاڵاوتەوە، بەڵام کاك عادل موراد لە شوێنی خۆی مایەوە تاکو رۆژانی رێککەوتننامەی خیانەتی ٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ کە پاشان کاك عادل بەرەو سووریا چوو و بەشداریی لە دامەزراندنی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) کرد کە یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر کە خوالێخۆشبوو بەڕێز مام جەلال رابەرایەتیی دەکرد.

قۆناغی شەشەم: کە لە راپەڕینەوە دەستپێدەکات بە هەموو رووداوە گەورەکان بە خۆشی و ناخۆشییەوە بە جیاوازیی بیروڕای سیاسی (نەك کوردایەتی) بە جیاوازیی لێپرسراوێتی ئەو و بەندە هەریەك لە حزبی خۆی، بەڵام هەمیشە تاکو رۆژی کۆچی دوایی وەکو رۆژانی سەردەمی حەفتاکان وەکو دوو برا مامەڵەمان لەگەڵ یەکتری دەکرد، رۆژانی نەخۆشیش چەند رۆژ جارێك بە تەلەفۆن لە تەندرووستیم دەپرسی، رۆژی کۆچی دواییش لەسەر خەت بووم لە دڵەوە خەفەتبار بووم، لە مەراسیمی ناشتنی و چلەکەی لەگەڵ برایان کاك عەدنان موفتی و جەلالی عومەری سام ئاغا لە دڵەوە بەشداریم تێدا کرد.



بەغدا، ١٩٧١، ئامادە بوونی قوتابییانی کوردستان لە کۆنگرەی حەوتەمینی یەکێتی نیشتمانیی قوتابییانی عیراق

ریزی یەکەم لە راستەوە: جەلال خۆشناو، فەرهاد عەونی، عادل موراد

**هەندێ زانیاری دەربارەی نامە گۆڕینەوەکەی کاك عادل موراد و بەندە**

**- برا و برادەری دێرینم کاك عادل موراد لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ بابەتێکی لەژێر ناوی "الاتحاد الوطني الكردستاني.. الأنطلاقة من مقهى طليطلة إلى بغداد.. خواطر وذكريات بعد ثلاثون عاما" لە تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکردەوە، پاش خوێندنەوەی بابەتەکە و راکێشانی لەسەر کاغەز نووسینەکەی کاك عادل موراد (٣٥ لاپەڕەی A٤) پڕ دەکاتەوە.**

**لە لاپەڕە ١٤ باسی لە دەرکردنی کۆمەڵێك لە خێزانە کوردەکانی بەغدا دەکا کە لە شەوی ١٩٧٤/٤/٢٤ لەلایەن دائیرەی ئەمنی گشتییەوە بەرەو کوردستان دەهێنن و لە سنووری شارەوانیی شەقڵاوە بەرەو هیران لە (ئاقوبان) بەرەڵایان دەکەن. لەنێو ناوی خێزانە دەرکراوەکان دیارە (٢) ناوی لەیاد چووە کە بریتی بوون لە خێزانی (عومەر دزەیی) و خێزانی (فەرهاد عەونی).**

**- رۆژی ٢٠٠٥/١١/٢٢ بە هەمان ناونیشانە ئەلیکترۆنییەکەی نامەیەکم بۆ نووسی و هەر هەمان رۆژ هاوڕێی کۆچکردووم بە نامەیەکی ناسك و جوان وەڵامی داومەتەوە.. ئەمەش دەقی هەردوو نامەکەیە بەدوای یەك:**

## برای خۆشەویستم کاکە عادل

**سڵاووڕێز...**

دوێنێ (**كلمة لابد منها**)م خوێندەوە، چێژی زۆرم لێ وەرگرت، نووسینی بیرەوەرییەکان و بڵاوکردنەوەی، خزمەتی مێژوو دەکات لە شێوازی نووسینەکەتدا ناوەکانی ناو رووداوەکانت زۆر بە حورمەت باس کردووە، (بارك الله).

لەلاپەرە (١٤) دا و لە پەرەگراف دووەمدا ناوی خێزانی ئەو بەڕێزانەت هێناوە کە لە ٢٤/٤/١٩٧٤ لەلایەن دائیرەی ئەمن لە بەغدا دەرکران لە رێگای بەغدا- شەقڵاوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، دوو خێزانت لە بیرکردووە کە ئەمانەن.

١-خێزانی فەرهاد عەونی.

٢-عومەر دزەیی و خێزانی.

بۆ زانیاری جەنابت خێزانی (مظفر النقشبندي) لە چیای (سپیلك)ەوە گەڕاندیانەوە بۆ بەغدا.

بە هەرحاڵ دەستت خۆش بێت نازانم سەردانی (زناگوف) و رێستۆرانتی (پێچکەڕوت) کردووە، کە تێدا تەنها کەڵە شێری برژاو لەگەڵ شەرابی سوور پێشکەش دەکرێ، ئەگەر سەردانت نەکردووە هیوادارم لەگەڵ من و کاك مستەفا ساڵح کەریم کاتێ هاتین بۆ رۆمانیا سەردانی بکەین.

**بەهیوای خۆشی و سەرکەوتنتان**

**بژین بۆ برای دێرینتان**

**فەرهاد عەونی**

**هەولێر-٢٢/١١/٢٠٠٥**

| | |
|---|---|
| **Date:** | Tue, 22 Nov 2005 07:39:54 -0800 (PST) |
| **From:** | "adel murad" <adelmurad49@yahoo.com> View Contact Details<br>Add Mobile Alert<br>Yahoo! DomainKeys has confirmed that this message was sent by yahoo.com. Learn more |
| **Subject:** | Re: marhaban |
| **To:** | "Kurdistan Journalists Syndacit" <govar2004@yahoo.com> |

عزيزي ورفيق العمر فرهاد الجميل
استلمت رسالتكم الجميلة والرقيقة..قبلاتي الحارة وتمنياتي القلبية وسلام خالص الى العزيزة بروين خان
..واحزاني لرحيل شقيقها البطل سردار
ملاحظاتكم سديدة وستضاف الى النسخة الاصلية بالسرعة الممكنة
بحيرة سناكوف جميلة وستكون اجمل بكم وبالاستاذ مصطفى ولنذهب معا الى مطعم(بيجكرؤ) وسنتناول معا
مخ العصافير مع شراب مخمر منذ عام ١٩٥٣
يرجى ارسال صور باسبورتاتكم لنعمل لكم الفيزة لتكونوا في بداية نيسان على ضفاف سناكوف وفي
الصيف في مامايا
سلام خالص الى الاستاذ مصطفى والعزيز عبد الموجود والاحبة المخلص
عادل مراد
22/11/2005

**دەقی نامەکەی کاك عادل موراد بە کوردی**

**خۆشەویستم و هاوڕێی تەمەنم (فەرهاد)ی جوان**

**نامە ناسك و جوانەکەتم وەرگرت و ماچی گەرم و ئارەزووی دڵ و سڵاوی تایبەتیشم بۆ ئازیزمان (پەروین خان) و نیگەرانیمان بۆ کۆچی دوایی سەرداری[١] برای.**

**تێبینییەکانت بەجێیە، بە زووترین کات لە نووسینە بنەڕەتییەکە دا زیاد دەکرێ، دەریاچەی زناگۆف[٢] جوانە، بەڵام بە وجودی تۆ و کاك مستەفا[٣] جوانتر دەبێت و پێکەوە دەچینە چێشتخانەکەی (پێکچەرۆ[٤]) و پێکەوە خواردنی مێشکی چۆلەکە و شەرابی کۆنی ساڵی ١٩٥٣ دەخۆین و دەخۆینەوە.**

**ئارەزوومەندم وێنەی پاسپۆرتەکانتانم بۆ بنێرن بۆئەوەی (ڤیزا)تان بۆ وەرگرم بۆئەوەی لە سەرەتای مانگی نیسان لە کەناری زناگۆف بین و لە هاوینیش لە هاوینەهەواری (مامایا[٥]).**

**سڵاوی تایبەتیم بۆ مامۆستا مستەفا و خۆشەویستم عبدالموجود[٦] و خۆشەویستانمان.**

**دڵسۆزت**

**عادل موراد**

**٢٠٠٥/١١/٢٢**

**تێبینی دەربارەی نامەکان**

١. سەردار: مەبەست لە شەهید (سەردار عبدالله سەعید)ە برای هاوسەرم (پەروین عبدالله سعید)ە، کە رۆژی ٢٠٠٤/٨/٢ لە بەغدا لەبەردەمیماڵەکەی شەهید کرا کە ئەوکاتە لێپرسراوی ناوچەی کەرخی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.

٢. زناگۆف: ئەو دەریاچە دڵڕفێنەیە کە بە ٣٠ کیلۆمەتر لە بوخارستی پایتەختی رۆمانیا دوورە و شوێنێکی یەگجار سەرنجڕاکێش و دڵگیرە.

٣. مەبەست لە برای کۆچکردوو مستەفا ساڵح کەریمە کە ئەوکاتە بەندە وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەویش وەکو جێگری نەقیب لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان پێکەوە کارمان دەکرد.

٤. چێشتخانەی پیکچەرۆ: چێشتخانەیەکی دڵگیری کەناری دەریاچەکەیە کە بە (کەڵەشێری رەش)ی برژاو لەسەر قاپی قوڕی چینی بە شەرابی سووری رۆمانی پێشکەش دەکرێ.

٥. مامایا: هاوینەهەوارێکی سەرنجڕاکێشە لەسەر دەریای رەشە.

٦. مەبەست لە عبدالموجود تەهای دۆست و هەڤاڵی رۆژانی رابردوو و ئێستامانە.

## نامەیەکی بەڕێز مامۆستا ئەحمەدی قازی

17 , 9 , 20012

برای بەڕێز و خۆشەویست کاک فەرهاد عەونی

دەگەڵ ڕێز و سڵاوی بێ پایان بۆ خۆت و بەڕووێن خانم و بنەماڵەی بەڕێز. نازانی هەموومان (کاک ستەفای کاڵم، خێزانم، کوڕەکان) چەندمان تاسە کردوون. فارس گوتەنی «یا بمیە لای خۆت یا تۆ وەرە لام».

برای بەڕێز، ئاواتی سەرکەوتنت بۆ دەکەم لە هەموو بوارەکانی ژیان دا، هەڵگری ئەم نامە کورتە کە زۆر بە پەلە نووسرا، برازای خۆشەویستی من کاک سەعدی قازی دەگاتە خزمەت ئێوە، کوڕی کاک ستەفایە و بەوردی باسی ئێمەتان عەرز دەکا.

کاک سەعد بە پرس و ڕای هەمووما(ن) و لەسەر ویست و عەلاقەی زۆری خۆی بۆ خوێندنی باڵا، لێ بڕاوە لە بەشی دوکتورای زمان ناسی، بە تایبەتی زمانی کوردی دا لە هەولێر درێژە بە خوێندن بدا چونکە من و هەموو دۆستانی کۆڕی زانیاری و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی پێیان وایە لە داهاتوودا (ڕەنگە داهاتوویەکی نزیک) پێداویستیمان بە بوونی کەسانێک بێ کە لە زانکۆکان بتوانن فێرکاری و لێکۆڵینەوەی دەرسی کوردی وە ئەستۆ بگرن. کە بەداخەوە حاڵی حازر ئەم جۆرە پسپۆڕانە لای ئێمە بەدەگمەن وە دەست دەکەون.

مەبەستی سەعد لە هاتن بۆ لای ئێوە تەنیا هەر ئەوەیە کە ئەو خوێندنە ئەنجام بدا و لە جەنابت تکاکارم بە دەور چاوگرتنی پلەوپایەی بنەماڵەیی و بارستای خوێندن و لێهاتوویی خۆی، زەحمەت بکێشی، یارمەتی بدەی و لەو هەبەستە پیرۆزەی بەدوای دادێتە لاتان یارمەتی بفەرمووی. بێگومان بوونی خوێندەواری لەم چەشنە و بەو پلەوپایەیە قازانجی گەورەی بۆ گەلەکەمان لە داڕۆژدا لێ دەکەوێتەوە

برای دڵسۆزتان

ئەحمەدی قازی

## برای بەڕێز و خۆشەویست کاك فەرهاد عەونی

لەگەڵ رێز و سڵاوی بێ پایان بۆ خۆت و پەروین خانم و بنەماڵەی بەڕێز. نازانی هەموومان (کاك مستەفای کاکم، خێزانم، کوڕەکان) چەندمان تاسە کردوون، فارس گوتەنی "یا بمبە لای خۆت یا تۆ وەرە لام".

برای بەڕێز ئاواتی سەرکەوتنت بۆ دەکەم لە هەموو بوارەکانی ژیان دا، هەڵگری ئەم نامە کورتە کە زۆر بەپەلە نووسرا. برازای خۆشەویستی من کاك سەعدی قازی دەگاتە خزمەت ئێوە، کوڕی کاك مستەفایە و بەوردی باسی ئێمەتان عەرز دەکا.

کاك سەعد بە پرس و رای هەموومان و لەسەر ویست و عەلاقەی زۆری خۆی بۆ خوێندنی باڵا، لێ بڕاوە لە بەشی دوکتۆرای زمان ناسی، بەتایبەتی زمانی کوردی دا لە هەولێر درێژە بە خوێندن بدا چونکە من و هەموو دۆستانی ئۆگری زبان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی پێمان وایە لە داهاتوودا (رەنگە داهاتووی نزیك) پێداویستیمان بە بوونی کەسانێك بێ کە لە زانکۆکان بتوانن فێرکاری و گوتنەوەی دەرسی کوردی وەئەستۆ بگرن کە بەداخەوە حاڵی حازر ئەم جۆرە پسپۆرانە لای ئێمە بە دەگمەن وەدەست دەکەون.

مەبەستی سەعد لە هاتن بۆ لای ئێوە تەنیا هەر ئەوەیە کە ئەو خوێندنە ئەنجام بدا و لە جەنابت تکا کارم بە لەبەرچاوگرتنی پلە و پایەی بنەماڵەیی و بارستایی خوێندن و لێهاتویی خۆی، زەحمەت بکێشی، یارمەتیی بدەی و بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزەی بەدوای دا دێتە لاتان یارمەتی بفەرمووی، بێگومان بوونی خوێندەواری لەم چەشنە و بەو پلە و پایەیە قازانجی گەورەی بۆ گەلەکەمان لە دواڕۆژدا لێ دەکەوێتەوە.

برای دڵسۆزتان

ئەحمەدی قازی

٢٠١٢/٩/١٧

دۆستی زۆر بەڕێزم کاک فەرهاد عەجەمی

وێڕای سڵاو، هیوادارم چاوی خەندانت وەک هەمیشە شاد و گەشاوە بێ. دوعای بەڕوونی خانم دەگەڵ ڕێز و سڵاوی خاوخێزان دەگەیێنم. دەستم لە هیوای هاتنتان بۆ لام لایە بەرنەداوە و هەمیشە لەبەر چاوەڕوانم.

مامۆستای بەڕێز، لەگەڵ نامەی فەرهادی شەرمیانی، گۆڤاری هەواڵەتی بە بەهرەی سەرسوڕهێنەرەوە دێتە لاتان و خۆی دەناسێنێ. خۆتان تاقی بکەنەوە، ئەگەر زەوقی بکەن بۆتان ڕوون دەبێتەوە چ بلیمەتێکە دەگەڵ ئەوەش دەرفەتی پەروەردە بوونی بێ بەری، دەبێتە چ گەنجینەیەک بۆ وڵاتەکەمان. تکایە بە ناهومێدی بەرێی مەکەنەوە تا لەوێ بگیرسێتەوە و جێی بگا.

لە لای خۆمان لێرە گەنجە کوڕی بۆ درووست دەکەن و نایانەوێ گەورە گەوردا بێ لەم چەشنە بە پێگەی پێویست بگا.

جارێ بە خودای مەزنت دەسپێرم و قسەم زۆرە و هەڵیدەگرم بۆ دەرفەتێکی هەراوتر. ئێستا هەر خۆش و سەرکەوتوو بن.

براتـ
ئەحمەد قازی

**دۆستی زۆر بەڕێزم کاك فەرهاد عەونی**

وێڕای سڵاو، هیوادارم چاری خەندانت وەك هەمیشە شاد و گەشاوەبێ. دوعای پەروین خانم دەگەڵ رێز و سڵاوی هاوخێزان دەگەیەنم. دەستم لە هیوای هاتنتان بۆ ئەم لایە بەرنەداوە و هەمیشە چاوەڕوانم.

مامۆستای بەڕێز، هەڵگری نامە فەرهادی نەریمانی، کوڕێکی هەڵوارتەی بە بەهرەی سەرسوڕهێنەرە دێتە لاتان و خۆی دەناسێنێ، خۆتان تاقی بکەنەوە، ئەزموونی بکەن بۆتان روون دەبێتەوە چ بلیمەتێکە و ئەگەر هەل و دەرفەتی پەروەردەبوونی پێ بدرێ، دەبێتە چ گەنجینەیەك بۆ وڵاتەکەمان، تکایە بە نائومێدی بەڕێی مەکەنەوە با لەوێ بگیرسێتەوە و پێ بگا.

لەلای خۆمان لێرە کەند و کۆسپی بۆ درووست دەکەن و نایانەوێ کوڕە کوردێك لەم چەشنە بە پێگەی پێویست بگا.

جارێ بە خودای مەزنت دەسپێرم و قسەم زۆرە و هەڵیدەگرم بۆ دەرفەتێکی هەراوتر. ئیتر هەر خۆش و سەرکەوتوو بن.

برات

ئەحمەدی قازی

**تێبینی دەربارەی نامەکانی بەڕێز مامۆستا ئەحمەدی قازی**

- دەربارەی نامەی یەکەمی کە لە ٢٠١٢/٩/١٧ لە مهابادەوە نووسیویەتی دەربارەی کاک (سەعدی قازی)یە کە کوڕی کاک مستەفای قازییە برای کاک ئەحمەدی قازی. دەربارەی هاتنی بۆ کوردستان بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن لە بواری زمانناسی و بەتایبەتیش زمانی کوردی.

بنەماڵەی (قازی)یان لای هەموو کورد ڕێزێکی تایبەتییان هەیە و کاک ئەحمەدی قازی و کاک مستەفا برای دوو دۆستی خۆشەویستی منن و هاتوچۆمان لەنێواندا هەیە، چ لە مهاباد و چ لە هەولێر (یەکێ لەو بابەتانەی لەنێوانی ئەم کتێبە بەرچاو دەکەوێ دیمانەیەکی بابەتیانەی مامۆستا ئەحمەدی قازیە کە بەندە ساڵی ١٩٩٩ لە ماڵی کاک مستەفای قازی لەگەڵیم ئەنجام داوە لەژێر ناوی "ئەحمەدی قازی بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە").

- نامەی دووەمی دەربارەی لاوێکی کوردە کە بەڕاستی تا بڵێی زیرەك و لێهاتوو بوو لە بواری لێکدانەوە و ئەزبەری ژمارەی جۆراوجۆر لە زانستی ماتماتیك، بە مەبەستی یارمەتیدانی و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ئەو لاوە بەتوانایە، بەڵام سەرەڕای هەوڵ و کۆششی زۆرم لەگەڵ چەند برادەرێکی دیکە نەمانتوانی هیچی بۆ بکەین تەنها هەندێك کۆمەکی ماددی نەبێت، پاشان بە نائومێدی گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی کە دوور بوو لە ئارەزووی بەندە.

KAREZ LIBRARY
کتێبخانەی کارێــــز

No. : ژمارە: —
Date: ڕۆژ: ٢٠١٧/٥/٦

کتێبخانەی کارێز
کەرکوك - بارو تخانە

بۆ بەڕێز مامۆستا فەرهاد عەونی

بەڕێز و شکۆیەکی زۆرەوە کتێبخانەی کارێز ڕۆژی ٢٠١٧/٤/٢٩ پێشوازی لە بەڕێزتان بە یادەوەری مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە کرد. هاتنی بەڕێزتان کتێبخانەکەمانی شەرەفمەند کرد. ڕۆشنبیران و دەستەبژێری شاری کەرکووکیش بە گەرمییەوە پێشوازییان لە هاتنی جەنابتان کرد. سەرەڕای ئەوەی بەڕێزتان شەست دەفتەری پڕ لە خەرمانی چاپەمەنی بەڕێزتان کە بریتی بوون لە (ڕۆژگارم ئاوا تێپەڕی بە دوو بەرگی، فەرهاد عەونی ژیانێک لە وێنەدا، هونەری جوانکاری لە شیعری عەونیدا) پێشکەش بە میوانانی دیارەکە کران.

بۆ ئاگاداری بەڕێزتان، فەرموون لەگەڵ ناوی چوار شەست لایەن و کەسانی کە دیارییەکەی بەڕێزتیان وەرگرتووە.. لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزدا.

١- عەبدولڕەحمان مستەفا
٢- شێرزاد ڕەزا بەیانی
٣- د. نەجمەدین عومەر کەریم
٤- کامیل ساڵەیی
٥- د. ئەمین شوان
٦- د. ئازاد عەبدولواحید
٧- کتێبخانەی بەشی زمانی کوردی } زانکۆی کەرکووک
٨- ,, کۆلێژی پەروەردە
٩- شێخ عوبێد کوتەنی
١٠- زاهیر شوکر
١١- شێخ سدیق
١٢- سەباح بازرگان
١٣- عەلی حوسێن
١٤- جەلیل محەمەد شەریف
١٥- حەکۆ بەهرەدین
١٦- عارف قوربانی
١٧- شێخ محەمەد شاکەلی
١٨- نەوزاد شێخانی
١٩- خالید جاف
٢٠- خالید عەبدول
٢١- ستار جەباری
٢٢- د. جەلیل زەهەبی
٢٣- کتێبخانە و مۆزەخانەی زەردک
٢٤- عەقید شوان مەندی
٢٥- نزار محەمەد سابیر
٢٦- فەیسەڵ هەمەوەند
٢٧- عومەر عەلی شەریف
٢٨- کتێبخانەی لقی ١٥ی خانەقین / پارتی
٢٩- شێخ ڕەزا لوتفی

① ← مادیرتی

E-mail: tshkarezy@yahoo.com
Kirkuk – Barootxana Qt., near Rizgary Mosque
مۆبایل/ (0750 428 6770)
کەرکووک/ گەڕەکی باروو تخانە ـ نزیک مزگەوتی ڕزگاری

KAREZ LIBRARY — کتێبخانەی کارێز

No. : — ژمارە:
Date: — ڕۆژ :

کتێبخانەی کارێز
کەرکوك - باروتخانە

٣٠- هەردەوێل کاکەیی
٣١ - عەبدولرەحمان خۆشنووس
٣١ - موعتەسەم سالەیی
٣٢ - هیوا حوسێن ئەمین
٣٣ - تەیب جەبار
٣٤ - عوسمان محێدین
٣٥ - بارام سوبحی
٣٦ - کاک نوورهان عەبدولرەحمان
٣٧ - فیراس نوورهان
٣٨ - سەیروان سەرگلوویی
٣٩ - شێخ حوسێن خانەقا
٤٠ - هاشم کاکەیی
٤١ - وەستا حاتەم کەریم
٤٢ - نوورەدین رەوف قارداش
٤٣ - فەرهاد جەباری
٤٤ - د. عەلی حوسێن
٤٥ - ئارام عەلی تۆفیق
٤٦ - هاشم کاکەیی
٤٧ - غوفران کەریم
٤٨ - کتێبخانەی گشتی کەرکووک
٤٩ - د. محەمەد خورشید
٥٠ - حەمەسەعید زەنگەنە
٥١ - د. سەباح مووسا
٥٢ - فەرید زەنگەنە
٥٣ - رێبوار سەیدگوڵ
٥٤ - رێبوار تۆفیق
٥٥ - فاخیر حەمید
٥٦ - تارق کاریزی
٥٧ - کتێبخانەی کارێز
٥٨ - عەبدولرەحیم سەروەری
٥٩ - حەسەن مستەفا
٦٠ - سەباح ئیسماعیل

تاریق سدیق حەمد ئەمین کاریزی
tshkarezy@yahoo.com

تاریق کاریزی
بەڕێوەبەری کتێبخانەی کارێز
کەرکووک - باروتخانە
٢٠١٧/٥/٦

(٢)

E-mail: tshkarezy@yahoo.com
Kirkuk – Barootxana Qt., near Rizgary Mosque
مۆبایل/ (0750 428 6770)
کەرکوك/ گەڕەکی باروو تخانە ـ نزیك مزگەوتی ڕزگاری

**بۆ مامۆستا فەرهاد عەونی**

**بەڕێز و شکۆیەکی زۆرەوە کتێبخانەی کارێز رۆژی ٢٠١٧/٤/٢٩ پێشوازیی لە بەڕێزتان بە یاوەریی مامۆستا عەبدوللا زەنگەنە کرد. هاتنی بەڕێزتان کتێبخانەکەمان شەرەفمەند کرد. رۆشنبیران و دەستەبژێری ئاری کەرکووکیش بە گەرمییەوە پێشوازییان لە هاتنی جەنابتان کرد. سەربەرزین بەوەی بەڕێزتان شەسەت دەفەری پڕ لە خەرمانی چاپەمەنیی بەڕێزتان کە بریتی بوون لە (رۆژگارم ئاوا تێپەڕی بە دوو بەرگ، فەرهاد عەونی.. ژیانێك لە وێنەدا، هونەری جوانکاری لە شیعری عەونی دا) پێشکەش بە میوانانی دیدارەکە کران.**
**بۆ ئاگاداریی بەڕێزتان، فەرموون لەگەڵ ناوی شەست لایەن و کەسانی کە دیارییەکەی بەڕێزتیان وەرگرتووە.. لەگەڵ ئەوپەڕی رێزدا..**

**ناوەکان**

**تاریق کارێزی**
**بەڕێوەبەری کتێبخانەی کارێزی**
**کەرکووك–بارووتخانە**
**٢٠١٧/٥/٦**

- مەبەستم لە بڵاوکردنەوەی ئەم نامەیە سوپاسگوزاری برای بەڕێز و هاوکارم کاک (تاریق کارێزی)یە دەربارەی بەخشینی بەشێك لە کتێبەکانم رۆژگارم ئاوا تێپەڕی دوو بەرگ+ئەلبوومی ژیانێك لە وێنەدا+لەگەڵ کتێبی هونەری جوانکاری لە شعری (عەونی)دا بۆ کتێبخانەی (کارێز) لە کەرکووکی خۆشەویست و لە رێگەی ئەوانیشەوە بۆ ٦٠ کەسایەتیی رۆشنبیری ئەم شارە مەغدوورە.

- ئەمەیان جاری یەکەمم نییە بەڵکو خوێندەوارانی کوردستان هەر لە زاخۆوە تاکو خانەقین ئاگادارن کەوا (بەندە) هەر لە ساڵی ٢٠١١ کتێبەکانم چ بە زوبانی کوردی یان عەرەبی کە لەسەر خەرجیی خۆم چاپیان دەکەم بێ بەرامبەر لە کۆڕ و کۆبوونەوەی جۆراوجۆر لە شارەکانی کوردستان بە ئیمزای خۆمەوە پێشکەش بە خوێندەوارانی دەکەم، بێگوما ئەو (دوو کتێبەشم) بە هەمان شێوە دەیانکەمە دیاری بۆ خوێنەرانی کوردستان.

## نووسەر و ڕۆژنامەنووس شێرزاد عەبدولڕەحمان و دوا نامەی بۆ بەندە

لە پایزی ساڵی ١٩٩٣ ڕۆژنامەنووس (شێرزاد عەبدولڕەحمان)م لە نزیکەوە ناسی کاتێ ئەرکی سەرنووسەری ڕۆژنامەی برایەتی و لێپرسراوێتیی دەزگای ڕۆژنامەنووسیی (برایەتی و خەبات)م پێ سپێردرا.

پێشووتر لە ساڵانی دوای ناوەندی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە ئاکامی بەردەوامبوونم لە خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان ناوە ناوە ناوی (شێرزاد)م دەکەوتە بەرچاو، بەڵام پێشووتریش لە ڕێگای TV کەرکووك زۆر جار گۆرانییە ڕۆح سوکەکەی (لیمۆ هەی لیمۆ)م گوێ لێدەبوو، بۆیە شێرزاد لای بەندە کەسێکی نامۆ نەبوو.

کاتێك سەرلەئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٢٦ هاتە ژوورەکەم لە بارەگای ڕۆژنامەی برایەتی بە کۆمەڵێك گۆڤار و کتێبەوە پێش ئەوەی بڵاوکراوەکانم بداتێ بە ڕوویێکی خۆشەوە گوتی:

مامۆستا گیان باوکتم خوالێخۆشبوو (عەونی) لە ڕێگای ئەو شیعرانەی کە مامۆستای خوالێخۆشبوو هونەرمەند (تایەر تۆفیق)، بە دەنگە ئەفسوناوییەکەی دەیڵێ دەمخاتە دونیایەکی دیکەوە، بەتایبەتی ئەو مەقامەی (جیهانم پشکنیوە نازدار...) کە تێیدا ڕۆحی جاویدانی (عەونی) چواردەوری بیر و هۆشم دەدا، مامۆستا گیان ئەگەر سەرت نەیەشێنم بابەتێکی دیکە هەیە حەز دەکەم ئەگەر بتەوێ بۆتی باس بکەم، دەزانم مەحمود زامدار برادەری دێرینتە زۆر جار کاتی شەوانە لە (یانە)یەك لەگەڵ چەند برادەرێکی دیکە دادەنیشن پاش ماوەیەك کە زامدار سەری گەرم دەبێت هەمیشە ئەو کۆپلە شیعرە بە دەنگە ناوازەکەی دووبارە و سێ بارەی دەکردەوە:

***مەستم بە هەوای عەنبەری دوو زوڵفی سیاهت***

***بۆیی سەمەن و سونبول و ڕەیحانە لەکێیە؟***

***دەنگی دەف و ئاوازی نەی و زەمزەمی ساقی***

***موتریب بە فیدات بم ڕەهی مەیخانە لەکێ یە؟***

پاش ماوەیەك لێم پرسی (ئەرێ زامدار ئەو شیعرە ناسکە کێ خاوەنییەتی وا پێی سەرخۆشی؟!) لە وەڵامدا کاکی زامدار گوتی: (شێرزاد ئەم شیعرە خاوەنەکەی مامۆستا (عەونی)یە هێندە پڕ مانایە کاریگەریی لەسەر بیر و هۆشم هەیە، ئافەرین شیعر.. ئافەرین شاعیر).

پاش ئەوەی رۆژنامەنووس شێرزاد عەبدولڕەحمان کە ئەوکاتە کاری رۆژنامەنووسیی وەکو نووسەر لە رۆژنامەی رۆژانەی برایەتی دەکرد قسە خۆشەکانی تەواو ئەو کۆمەڵە بڵاوکراوەی خۆیی پێشکەش کردم.

لەنێوان ساڵانی (١٩٩٣-٢٠٠٠) کە ماوەی ئەو (٧) ساڵە سەرنووسەری برایەتی بووم (شێرزاد عەبدولڕەحمان) چالاکانە کارە رۆژنامەنووسییەکانی ئەنجام دەدا بەبێ وەستان، گوێڕایەڵ، ماندوونەناس.

لە قۆناغی دوای جێهێشتنی هەولێریش لە ئاکامی شەڕی نەگریسی ناوخۆ و گیرسانەوەمان لە هاوینەهەواری پیرمام، شێرزاد لە دەستەی یەکەمی ئەو کارمەند و رۆژنامەنووسانە بوو کە هەر زوو لە پیرمام پەیدا بوو، پاش گەڕانەوەشمان بۆ هەولێر، لەبەر لێهاتویی لە بواری رۆژنامەنووسیدا کرا بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی برایەتی.

بابەتی جیاجیا زۆرن، بەڵام لێرەدا بوار رێگا نادا بە درێژی باسی لێوە بکەم، بەڵام بە ویژدانەوە دەڵێم:-

شێرزاد رۆژنامەنووسێکی بەسەلیقە، راپەڕ، خەمخۆری کاری رۆژنامەنووسی، زۆر بە زوویی دەچووە دڵانەوە.

مرۆڤێکی بەوەفا و ناسك زیاتر لە هەموو ئەو کارمەند و رۆژنامەنووسانەی کاریان لەگەڵ کردووم لە قۆناغە جیاکاندا، بەندەی لەبیر نەچۆتەوە و هەفتانە، مانگانە، تەلەفۆنم بۆ دەکات و هەمیشە ئەو رستەی لەگەڵ من دووبارە دەکردەوە (مامۆستا گیان بەخوا دڵم لاتە).

لە رۆژە هەرە سەختەکان حزووری خۆی هەبوو و رۆژنامەی برایەتی وەکو (خۆشەویست)ێك خۆشدەویست.

**بەوپەڕی داخەوە پێش چەند مانگێك کاتێ (دکتۆر ڕێکان)ی کوڕم هەواڵی نەخۆشیی ڕۆژنامەنووس شێرزادی پێ ڕاگەیاندم هەر زوو لەگەڵ هاوکارم عەبدوڵڵا زەنگەنە لە ماڵەوەیان سەردانمان کرد و ڕێکانی کوڕیشم ڕاسپارد یەك وەکو دکتۆرێکی مرۆڤ دۆست.. دوو وەکو هاوکار و دۆستێکی نزیك گرنگیی پێ بدات و هەمیشە هەواڵم بە تەلەفۆن دەپرسی، زۆر جاریش تەلەفۆنەکەم بێ وەڵام دەمایەوە.**

**دواجار کاتێ زانیم نەشتەرگەری بۆ مێشکی کراوە و لە نەخۆشخانەیە یەکسەر لەگەڵ هاورێ و هاوکارم عەبدوڵڵا زەنگەنە ئێوارە بە چەپکە گوڵێکەوە بەرەو نەخۆشخانەی (ژین) چووین کاتێ پرسیاری شێرزادمان کرد گوتیان لە نەخۆشخانە دەرچووە، بەڵام بەوەش نەوەستاین یەکسەر بەرەو ماڵەوەیان چووین، بەڵام دیار نەبوو، کاتێ پرسیاری کاك شێرزادمان کرد، کوڕە گەنجەکان کە لەوێ دانیشتبوون گوتیان (نوستووە و هیلاکە) بەوپەڕی داخەوە زانیم نەخۆشییەکەی قورسە.**

**ڕۆژی ٢٠١٩/٩/١٢ لە پەڕەکەی خۆی لە تۆڕی ئینتەرنێت ئەم نامەیەی بڵاوکردۆتەوە، کە لێرەدا وەکو خۆی بڵاوی دەکەمەوە، لێرەدا تەنها ئەوە دەڵێم (خسڵەتی وەفا و ڕێزگرتن) نیشانەی ڕەوشت بەرزیی مرۆڤە.**

## نامە پیرۆزەکەی فەرهاد عەونی و دەرگای پرسیارێکی گەورە!

شێرزاد عەبدولڕەحمان

لەم ڕۆژانەدا، کە خەڵک هەمووی دەزانێت من بەدەست نەخۆشی دەناڵم (زۆر سوپاس خودایە)، بەڵام خۆشحاڵم کە ئێستاش هاوڕێ ئەمەکدارەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ هەمیشە لەسەر خەت بوون، من شەرمەزارم کە شەخسی سەرۆک لە نزیکەوە لێمی پرسی، دوێنێ کە گەڕامەوە ماڵ نامەیەک بە چەپکە گوڵەوە، لە ژووری میوان بوو، کە هی هاوڕێی پڕ لە ئەدەبم فەرهاد عەونی بوو...

ڕۆژانێکی زۆر سەخت پێکەوە کارمان کرد، پیاوێکی دەستپاک و داوێن پاک و بە ئەدەب بوو.

لە نێوان ٩٤ تا ٩٦ ئەزموونێکی زۆر تایبەت بوو لە میدیای پارتی دا، کە بەداخەوە حەقی خۆی پێنەدرا، زۆر بە ڕاشکاویش دەڵێم: کە پارتی ڕۆژێک لە ڕۆژان حیسابی بۆ ئەو هەموو قوربانیدان و شەونخونی برادەرانی نەگرت..

هەرچەند جار ئەو ناوانە دێنە بەرچاوم، شەرم دەکەم داوای حەقیان لە کوێ بکەم..

جارێ من خۆم بێجگە لە تالانی ماڵەکەم کە هەمووی بە قەرز پێکم هێنابوو نەمتوانی دروستی بکەمەوە...

)شیڤان)ی کوڕم کە ئەوکات قۆناغی سێیەمی بنەڕەتی بوو، لەسەر پارتی دەرکرا، ئەو ڕۆژەی هاتە ژوورەکەی ڕۆژنامەی برایەتی، خوالێخۆشبوو جەوهەر نامیق و فەرهاد عەونی لەوێ بوون، بۆ ئێمە شۆکێکی گەورە بوو، کە گەنجێکی وا پڕ لە خۆزگە سزایەکی وا قورسی بەسەردا بدرێت، ئێستاش نەیتوانی خوێندن تەواو بکات، وێڕای ئەوەی یەک لە ڕۆژنامەنووسە باشەکانی پارتیە.

لەبیرم ناچێتەوە کە بە کەبس و بە نهێنی ڕۆژنامەی برایەتیمان دەردەکرد خوالێخۆشبوو سەعید یەحیا و فەرهاد عەونی دەیانبردە دهۆک چاپیان دەکرد.

لەبیرمە بە نۆرە لە حەمامەکەی دەنگی کوردستانی عێراق، خاڵە ئاریانی گوڵ، جار جار نۆرەی خۆی دەدامێ، سەباح بەیتوڵا و خاڵە تەحسین و ئەسعەد عەدۆ  و سالار عوسمان و شاخەوان عومەر نموونەی بۆنی گوڵ و عەتربوون، ئای کە بە ئازارم کە دەڵێم: ئەدی کاکە هەڤاڵ نەورۆز و کەیفی شەمزینی و هێرۆ خان، کەس باسیان ناکات، ئای کە بە ئازارم کەس نیە یادی محەمەدی مەلا ئەسعەد و  فەرهاد ئیسماعیل و حەمکۆ و نیازی حەمە عەزیز و ڕزگار لەشکری و سەید محەمەد و ئەحمەد سەلام و ئیبراهیم حاجی ساڵح و دکتۆر محەمەد خدر مەولوودو  ئاشتی گەرمیانی و  ئەدی بۆ باسی کاکە فەرهاد محەمەد و ساسان دەروێش نەکەین، کە پڕبوون لە جوانی، ئەدی بۆ باسی برای ئازیز زاهیر ڕۆژبەیانی و ڕێبوار یەڵدا و زادوق ئادەم و محێدین قادر و وشیارجاف  نەکەین، کوڕە مەسیحیە جوانەکەی میدیای پارتی نەکەین بۆ باسی شکار نەقشبەندی و کوردۆ ئەنوەر و مامۆستا خالید و سەربازەکانی دیکە ناکەین، بۆ باسی هاوڕێ زادە ناکرێت.

قەد نامەوێ دەوری پەیمان فەرهاد و چیمەن ساڵح و سەیران سەڵاح لەبیر بکەم، قەد نامەوێ ڕۆڵی موخلیس خۆشناو و سڵاح خۆشناو و حەیدەر و مەسعود ساڵەیی و مام ئیسماعیل و سیروان چاوبەخاڵ.

لە کۆتایی دا حەقە پارتی حیسابێک بۆ ئەوە بکات کە ئەوسا و ئێستاش هەر بە پستە پستبە کادیرەکانی خۆی دەگوت خەمتان نەبێت و ماندووبوونتان بەلاش ناڕوات..

بڕوا بکەن وایە!!

کۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
نووسینگەی سەرۆک

جمهورية العراق
إقليم كوردستان
مكتب الرئيس

بەڕێز/ فەرهاد عەونی

سوپاسنامە

سڵاوو ڕێز...

هەردوو بەرگی کتێبی (ڕۆژگاری ژیانم ئاوا تێپەڕی) لەگەڵ هەردوو کتێبی (فەرهاد عەونی .. ژیانێک لە وێنەدا) و (المنظمات الجماهيرية الكوردستانية 1953-1991) بەدەستمان گەیشت، کە بە دیاری بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانتان ناردبوو.

سوپاست دەکەین.

بێگومان نووسینەوەی یاداشتی نیشتمانپەروەران مایەی دەوڵەمەندکردنی تۆماری فەرهەنگی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و ئەزموونی سێ دەیەی خۆحوکمڕانییە، بۆئەوەی نەوەکانی داهاتوو ئاگاداری تەواوی پێت و لایەنەکانی خەباتی گەلەکەیان بن لە ڕابردوودا، تاکو ببێتە مایەی پەند و وانە بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو، ئومێدی لەشساغی و بەخششی زیاترتان بۆ دەخوازین. لەگەڵ ڕێزماندا.

شفاء بارزانی

بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک

٢٠١٧/١٠/٢٩

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

THE PRIME MINISTER

حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆك وەزیران

٢٠١٨/٣/٤

بەڕێز فەرهاد عەونی،

سڵاو و ڕێز..

بە خۆشحاڵییەوە دیارییە بەنرخەکانتان، هەردوو بەرگی پەرتووکی "ڕۆژگارم ئاوا تێپەڕی" و "ژیانێك لە وێنەدا"، بە دەستم گەیشتن. زۆر سوپاس، پیرۆزبایی و دەستخۆشیتان لێدەکەم. هیوادارم ئەم بەرهەمانەتان ببنە سەرچاوەیەکی باش و سوود بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی بگەیەنن. هیوای بەردەوامی، بەرهەمی زیاتر و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

هەر شــاد بن.

نێچیرڤان بارزانی

## ژیاننامەی نووسەر:

⋆ لە ١٩٤٦/١١/٢٨ لە گەڕەکی بەفری قەندی لە شاری کۆیە لەدایك بووە و لە ساڵی ١٩٥٣ و لە تەمەنی حەفت ساڵیدا لە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی (مدرسة الابتدائیة الاولی) وەرگیراوە و ساڵی ١٩٥٨ بۆتە قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی و ساڵی ١٩٦٦ دواناوەندی هەر لە کۆیە تەواو کردووە و لە پایزی هەمان ساڵ لە کۆلێژی (ئابووری و زانستە سیاسییەکان) (کلیة الاقتصاد والعلوم السیاسیة) وەرگیراوە لە زانکۆی بەغدا وە ساڵی ١٩٧٠ کۆلێژی تەواوکردووە.

⋆ بەهۆی هەبوونی کتێبخانە لە ماڵەکەیان و سەرەڕای باوکێکی خوێندەوار و شاعیر لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە خولیای خوێندنەوە بووە و یەکەم کتێبیشی کە لەسەرەتای ژیانی خوێندوویەتییەوە (چیرۆکی زادیج) بووە کە لە کتێبخانەکەی ماڵەوەیان هەبووە وە یەکەم کتێبی کە بە زمانی عەرەبی خوێندۆتەوە کتێبەکەی (مەم و زین)ی محەمەد سەعید رەمەزان بۆتانی بووە کە ئەویش لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووە.

⋆ لەژێر کاریگەریی شاعیرییەتیی (عەونی) باوکی دەستی بە شیعر نووسین کردووە و پاش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ تاکو ساڵی ١٩٦٠ سێ پارچە شیعری لە رۆژنامەی پێشکەوتنی خوالێخۆشبوو محەمەد بریڤکانی کە لە بەغدا دەردەچوو بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و گۆڤاری دەنگی قوتابیان کە لە هەولێر دەردەچوو، بەڵام لەم بوارە بەردەوام نەبووە و بەهۆی چوونی بۆ ناو ریزی خەباتی سیاسییەوە.

⋆ ساڵی ١٩٦٠ وە لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا بووەتە ئەندام لە حزبی شیوعی عیراقی بۆ ماوەی نزیك سێ ساڵ لەم حزبە ماوەتەوە، پاشان لەژێر کاریگەرییەتی باوکی و مامی (خوالێخۆشبوو عمر حبیب) و پەرەسەندنی تەوژمی کوردایەتی و چاوپێکەوتنی بە بارزانی نەمر لە ساڵی ١٩٦٣ لە ماڵی کاکە زیاد ئاغای غەفووری لە کۆیە هۆکاری چوونە ریزی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان بووە و کە هەر لەم ساڵەدا و لە وەرزی هاوین چووەتە ریزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان وەکو پێشمەرگەیەك (لە دادگای بەرزی

شۆڕش لە ماوەت بووەتە نووسەر) هەر ئەو ساڵەش لە ماوەت لە شانەیەکی پارتی ڕێکخراوە.

* لە پایزی ساڵی ١٩٦٤ چووەتە ریزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ساڵ دوای ساڵ رۆڵی زیاتری لە یەکێتیی قوتابیان بینیوە و تاکو لە ساڵی ١٩٦٩ بووەتە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی ناوەندی لە یەکێتیی قوتابیان و لێپرسراوی ناوچەی بەغدا و دەوروبەری.

* پاش ڕێککەوتننامەی (١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠) لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بە سکرتێری گشتیی ئەم یەکێتییە هەرڵبژێردراوە تاکو کۆنگرەی حەوتەم کە لە ١٩٧٢/٤/٢٨ کە لە سلێمانی بەسترا لەم پۆستە ماوەتەوە پاشان لەسەر ئارەزووی خۆی لەم بوارە دەستی کێشاوەتەوە.

* لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ بووەتە (بەڕێوەبەری کارگێڕیی رۆژنامەی التآخي و برایەتی) لە بەغدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکرد سەرەڕای سەرپەرشتیکردنی بابەتەکانی رۆژنامەی برایەتی.

* ساڵی ١٩٧٤ جارێکی دیکە بووەتە پێشمەرگە و لە (ئەمانەتی گشتیی رۆشنبیری و راگەیاندن و لاوان پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی لاوانی وەرگرتووە) کە هەر لەم ساڵەدا (تیپی تۆپی پێی هەڵبژاردەی کوردستانی پێکهێناوە) و (دوو ژمارەشی لە گۆڤاری دیاریی لاوان دەرکردووە) لەگەڵ خوالێخۆشبوو دارای شێخ نووری شێخ ساڵح کە پۆستی جێگری بەڕێوەبەری گشتیی لاوان بوو.

* پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە کوردستان و لە ساڵی ١٩٧٦ لە دائیرە ئینحیساری تووتن بە (معاون ملاحظ نقل) دامەزراوە تاکو ساڵی ١٩٨٦ وە بەهۆی دواکەوتنی لە خزمەتی سەربازی لە هەمان ساڵ (فەسڵ) کراوە تا پاش راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ئەوسا گەڕاوەتەوە وەزیفە.

* پاش راپەڕین سەرەڕای چەندین جار لەملا و لەولا تەکلیفی پۆستی جۆراوجۆری لێکراوە بەڵام بەهۆی مانەوەی لە کۆیە کە نەیویستووە باوکی (عەونی) پیر و نەخۆشی بەجێ بهێڵێت ئەو پۆستانەی رەت کردۆتەوە بەڵام پاش مردنی باوکی بە ساڵێك لە ١٩٩٣/١٠/٢٦ بۆتە سەرنووسەری رۆژنامەی رۆژانەی (برایەتی) سەرەڕای لێپرسراوییەتیی کارگێڕیی دەزگای (برایەتی و خەبات) تاکو ٢٠٠٠/٢/٢٠ لەم پۆستەدا ماوەتەوە لە هەمان کاتدا

سەرنووسەری گۆڤاری (سەنتەری برایەتی و حەفتەنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر و رۆژنامەی وەرزشی برایەتی و گۆڤاری برایەتی وەرزش بووە).

* لە ساڵی ١٩٩٧ بووەتە سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە لەیەکەم کۆنگرەی ئەم سەندیکایەدا کە لە (٢٨-١٩٩٨/١٢/٣٠) لە هەولێر بەسترا وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵبژێردرا پاشانیش لە کۆنگرەی دووەمیشدا هەر بەنەقیبی رۆژنامەنووسان هەڵبژێردرایەوە.

* رۆڵێکی سەرەکی و بەرچاوی هەبووە لەگەڵ هاورێیانی هەردوو لا بە مەبەستی یەکگرتنەوەی هەردوو رێکخراوی رۆژنامەنووسان کە بریتیبوون لە (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتیی رۆژنامەنووسانی کوردستان) لە رێکخراوێکی سەرتاسەریدا بە ناوی (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان) وە لە کۆنگرەی گشتیی یەکەم و دووەمی ئەم ریکخراوە سەرتاسەرییە بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرایەوە بە نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان تاکو کۆنگرەی سێیەم کە لە هاوینی ٢٠١١ بەسترا.

* لەم سەندیکایە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری (رۆژنامەنووس) بە زمانی کوردی و سەرنووسەری گۆڤاری (الصحفي) بووە کە بەزمانی عەرەبی دەردەچوو.

*** لە بواری کاری رۆژنامەنووسیدا بەشداری و لێپرسراوییەتیی دەرچوونی ئەم رۆژنامەو گۆڤارانە بووە:**

١- گۆڤاری (نضال الطلبة/ ١٩٧٠-١٩٧٢) چوار ژمارە.

٢- (التآخي و برایەتی) ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٤,

٣- گۆڤاری (دیاریی لاوان) ساڵی ١٩٧٤ لە ناو شۆڕش.

٤- گۆڤاری (ژینۆ) کە لە لەندەن دەردەچوو لە گەڵ شێرکۆ حەبیب ی ئامۆزای.

٥- رۆژنامەی (کوردستان الیوم) دیسان لەگەڵ شێرکۆ حەبیب کە لە هەولێر دەریاندەچواند بە بەشداریی رۆژنامەنووس خوالێخۆشبوو تاریق ئیبراهیم شەریف.

*** لەم رێکخراوانەی خوارەوە کاری تێداکردوون و پۆستی دیاری تێدا هەبووە:**

١- یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ساڵانی نێوان ١٩٦٤-١٩٧٢,

٢- نوێنەرایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە (جمعية الاقتصاديين العراقيين/ المركز العام) کە ئەندامی دەستەی باڵا بووە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٢-,١٩٧٤

٣- ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە نێوان سالانی ١٩٧١ تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ کە لە کۆنگرەی دووەمی ئەم ڕێکخراوە کە لەساڵی ١٩٩٣ لە سلێمانی بەسترا بە ئەندامی لیژنەی باڵا هەڵبژێردراوە.

٤- کۆمەڵەی دۆستایەتیی کورد و عەرەب لە ساڵی ,١٩٩٨

٥- بۆ ماوەی ١٠ ساڵ ئەندامی هەردوو مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندن و مەکتەبی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بووە لە (پ.د.ك).

٧- ئەندامی فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ) لە ساڵی ٢٠٠٣ تاوەکو ئەمڕۆ.

٨- ئەندامی پەرلەمانی عیراق بووە (خولی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقی، الجمعية الوطنية العراقية) لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٥-٢٠٠٦).

٩- ڕاوێژکار لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان.

١٠- ئەندامی بۆردی مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان لە سەرەتای دروستبوونییەوە لە ٢٠١٤/٦/٧ تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ.

**★ بەرهەمە بڵاوکراوەکانی بریتین لە:**

١- نامیلکەیەك بەناوی (پێشەکییەك لە مێژووی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٣-١٩٩٢) بەزمانی عەرەبی چاپی یەکەم ١٩٩٦، بۆ جاری دووەمیش وەکو کتێبێك ساڵی ٢٠١٥ چاپکرایەوە.

٢- کتێبی (ئەزموونی ڕۆژنامەوانیم) بە زمانی کوردی ساڵی ٢٠١١ چاپکراوە و ساڵی ٢٠١٥ لە لایەن مامۆستا عبدالكريم شێخانی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی بەناوی (تجربتي الصحفية) ساڵی ٢٠١٥ چاپکراوە.

٣- (ذاكرة الأيام) بە زمانی عەرەبی ٢٠١١، پاشان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و لەژێر ناوی "لەگەڵ ڕووداوەکان" ساڵی ٢٠١٩ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

٤- کتێبی (من حقیبتي) بەزمانی عەرەبی چاپی یەکەم ٢٠١١ و چاپی دووەم ٢٠١٤. پاشان بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە و لەژێر ناوی "لە هەگبەم دا"، ساڵی ٢٠١٩ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

٥- رۆژگارم ئاوا تێپەڕی، دوو بەرگ، ٢٠١٧,

٦- ژیانێك لە وێنەدا (ئەلبوومێك بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی)، ٢٠١٧,

٧- (٣٦ نامە و چەند کەسایەتییەکی دیوانی من) بە زمانی کوردی، ٢٠١٩.

★ ئەو کتێبانەی کە لەسەر ئەرکی خۆی چاپکراون:

١- لەسەر ئەرکی خۆی دووجار (دیوانی عەونی) چاپکردووە لەگەڵ پیاداچوونەوە و پێشەکی نووسینی، چاپی یەکەم ١٩٩٧-چاپی دووەم ٢٠١١,

٢- بەچاپ گەیاندن و نووسینی پێشەکی بۆ چوارینەکانی خەییام کە لە لایەن عەونییەوە لە فارسییەوە بۆ کوردی وەرگێڕدراوە، کە نووسەر و وەرگێڕ جەلال زەنگابادی ئامادەی کردووە.

٣- ژیان و بەرهەمی عەونیی شاعیر-لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی وەسفی، کە نامەیەکی ماجستێری قوتابی (ئومێد عەزیز مستەفا)یە بە پلەی (زۆر باشەی باڵا)، ساڵی ٢٠١٤ پێشەکیی بۆ نووسیوە و لەسەر ئەرکی خۆی چاپکراوە.

٤- هونەری جوانکاری لە شیعری عەونی دا-نامەیەکی ماجستێری قوتابی (بەهار عەبدولجەبار جامی) ٢٠١٧ و پێشەکیی بۆ نووسیوە.

٥- دیوانی عەونی-بەرگی دووەم، چاپی یەکەم ٢٠١٨.

+ بە ئامادەبوونی کۆمەڵێك لە نووسەر و رۆشنبیران کتێبخانە تایبەتییەکەی کە بە ناوی (کتێبخانەی فەرهاد عەونی)یە لە هەولێر لە ٢٠١٤/٤/٢٢ کرایەوە. کە رۆژانە پێشوازیی لە دۆست و برادەر و میوانەکانی لێ دەکات و کاری نووسین و خوێندنەوەی تێدا ئەنجام دەدات.


★ ساڵی ١٩٧٤ ژیانی هاوسەریی لەگەڵ خاتوو پەروین عەبدوللا سەعید پێکهێناوە و ئێستا کوڕ و کچێکی هەیە بە ناوی (رێکان) کە ئێستا پزیشکە و بۆردی ئەوروپیی و عیراقیی لە دەمار و مێشك (الجملة العصبية) هەیە، (لانە)ی کچیشی دەرچووی کۆلێژی یاسایە و ئێستا فەرمانبەرە لە بەشی یاسایی وەزارەتی خوێندنی باڵا.

دیاری و پێشکەشە

لەگەڵ

سڵاو و ڕێزی نووسەردا

فەرهاد عەوف



له بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٩٩٧)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە